# واتە

29
کۆوارێکی ڕۆشنبیریی گشتییە
نیسان ٢٠١٣

هەواڵنامەی کتێب

کۆواری واتە
بەهاوبەشی لە نێوان
دەزگای شەفەق لە کەرکووک و
دەزگای ئاراس لە هەولێر
دەردەچێ

هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 00964 (0) 66 224 49 35

**واتە بۆ ئەوانەیە کە**
**دەیانەوێ واتەیەک بدەن بەژیان**

هەواڵنامەی کتێب

خاوەنی ئیمتیاز: بەدران ئەحمەد حەبیب
راوێژکار: ئەحمەد تاقانە
سەرنووسیار: عەوف عەبدورەحمان"مەلا شاخەوان"
نەخشاندن: ئاراس ئەکرەم

# هەڵەبجە و بۆنی سێو

عەبدلحوسێن شەعبان

بەر لە ١٦ و ١٧ی ئاداری ساڵی ١٩٨٨، شارۆکەی جوانی کوردان، هەڵەبجە، لە دنیادا ناسراو نەبوو، چونکە ئەم شارە دوورەدەستەی نێزیک لە سنووری عێراق – ئێران وەک چەندانی تر لە شار و شارۆکەکانی کوردستانی عێراق هەژار و پشتگوێخراو بوو، لە هەمان کاتیشدا دۆخی شەڕ ترسی تەناهیشی بۆ دۆخەکەی زیاد کرد لەڕێی نۆڕین و چاودێرییەوە لە هەردوو لایەنی عێراق و ئێرانەوە، وەک یەک، بەتایبەتی بەهۆی ئەوەیشەوە کە هەندێک لە پێشمەرگە لە هاموشۆدا بوون بۆ شارەکە.

شاری هەڵەبجە لەسەر لێواری دەشتی شارەزوور لێی ڕاکشاوە، نێزیک لە دەریاچەی دەربەندیخان، لە سەرەتاکانی وەرزی بەهار و هەڵماڵینی ئەو بەفرانەی لووتکەی چیاکان دەپۆشن، شارەکە دەست دەداتە لەبەرکردنی بەرگی ڕەنگاوڕەنگی و خۆی بە بۆنە خۆشەکانیەوە با دەدا کە لە باخچە پڕ میوەکانیەوە دێن، و لە چاوگەکانی لە چیاکانی ئەحمەدئاواوە دێنە خوارەوە، بەجۆرێک کە شاخەکانی هەورامان دەبنە پارێزەرێکی سرووشتی بۆی.

بەڵام ئەم شارۆکە بێوەیە لە ناکاو دەستی کرد بە سەرنجڕاکێشان بەرەو خۆی تا بووە شارۆکەیەکی "ناودەوڵەتی"، بەوەی ڕێکخراوگەلی مافەکانی مرۆڤ و لایەنگەلی سڤیل و میدیاییی بەخۆیەوە سەرقاڵ کرد، ئەمانە و دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکانیش! گێڕانەوەکە دەڵێ کە هەڵەبجە ئەو کاتە چووە ناو مێژووەوە کە دژ بە ویستی خۆی بووە گۆڕەپانی شەڕ، بەڵام ئەمە چۆن ڕووی دا؟ وەڵامەکە لە هەڵکەوتەی جوگرافیاییەوە دەست پێ دەکا، هەڵەبجە تەنیا ١٦ کیلۆمەتر لە سنووری عێراق–ئێرانەوە دوورە، و لە ماوەی شەڕدا و دوای کشانەوەی عێراق لە خاکی ئێران پاش شەڕی موحەممەرە (خورەمشەهر) ١٩٨٢، ئێران کەوتە هەوڵی چوونە ناو خاکی عێراقەوە

.................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عەوف عەبدوڕەحمان

ئەمە سەرباری فرەوانبوونی مەودای ئۆپۆزسیۆنی کوردی لە ناوچەکەدا.

شەوی قەسابخانەکە، ئێران کۆنترۆڵی شاخەکانی دەوری شارەکەی کردبوو، خەڵکی شارۆکە ئاشتیویستەکە هەستیان بەوە کردبوو کە دەبنە قوربانیی شەڕێک هیچی ئەوانی تێدا نییە، بۆیە پاش چەند بانگەوازێکی وریاکەرەوەی هێزە عێراقییەکان، هەوڵیان دا شارەکە بەجێ بهێڵن و هەندێکیان لە کاتی ئەو هەوڵەدا ڕێگرییان لێ کرا، پێش قەسابخانەکە پێکدادانێک لەنێوان هیزە عێراقی و ئێرانییەکان ڕووی دا، هێزەکانی عێراق لە ئاکامدا ناچار بوون بەرەو سلێمانی بکشێنەوە، لە نیوەڕۆی ئەو ڕۆژەدا و لە دەوروبەری (سەعات دوانزە چارەکێک کەم) ساتی تۆقێنەر هات، بەڵام شتێکی سەیری لەگەڵ خۆیدا هێنا، بۆنی سێوی بەهاری بەشێوەیەکی فرەوان بڵاو بووەوە.

لەو چرکەیەدا شارەکە درایە بەر چەکی کیمیایی و گازی خەردەل کە بۆنەکەی لەبۆنی سێو دەکا، و ئەوەی بۆنی دەکا حەز دەکا دووبارە بۆنەکەی هەڵمژێتەوە، ئەوە بوو تەنیا لە یەک چارەکە سەعاتێکدا گەلێک هەناسە بڕان و لێو وشک بوون وبۆنی مەرگ ئەو ناوەی تەنییەوە، بەتایبەتی لەگەڵ دەستپێکردنی بۆمبارانی باڵەفڕەکان (سەعات دوازدە و نیوی تەواو) بۆ وێرانکردنی گەڕەکەکانی شارۆکەکە و گوندەکانی دەوروبەری، ئینجا بۆنی سێوەکە بەبۆنێک گۆڕا کە هاوشێوەی بۆنی سیر و کەڕوو بوو، ئینجا سەتان کەس لە شەقام و کۆڵانەکاندا کەوتن و دەیان کەس دواتر تووشی کوێریی بەردەوام یان کاتی بوون، ئەمە سەرباری دۆخگەلی ڕشانەوە تا ڕادەی دڵ ڕۆیشتن. منداڵ و ژنەکان مردن، بەتایبەتی ژنە دووگیانەکان و پیرەکان، هەزاران ئاژەڵیش مردار بوونەوە، زۆر لە لاشەکان شی بوونەوە و چەندان خێزان دوایان بڕا و زۆر کەس بە جلی بەریانەوە نێژران.

بەری کارەساتەکە نێزیکەی پێنج هەزار قوربانی و نێزیکەی دە هەزار بریندار بوو، کە هەندێکیان تووشی کەمئەندامیی هەتاهەتایی بوون. نووسەری ئەم بابەتەیش بواری بۆ ڕێککەوت لە ماوەی چارەکە سەتەی ڕابردوودا چاوی بە زۆر لەوانە بکەوێ و لەوانەوە گوێی لە چیرۆککەلی تۆقێنەر ببێ و فیلمەکی دی و سەردانی مۆزەخانەیەکی کرد کە چیرۆکی قەسابخانەکەی دەگێڕایەوە. هەروەها لە نێزیک مۆنۆمێنتی شەهیدان لە گۆڕەپانی شارۆکە ستەملێکراوەکەوە وەستا.

ئەو ڕۆژەی کە قەسابخانەکە ڕووی دا، میدیای جیهانی زۆر گوێی پێ نەدا، بەتایبەتیش میدیای عارەبی، بگرە هەر گرینگییەکی ئەوتۆی پێ نەدا و تەنانەت هەندێک پاساویان بۆی هێنایەوە بەوەی بزاوی کوردی هاوکاریی لەگەڵ ئێراندا کردووە دژ بە عێراق لە شەڕەکەیدا، بەبۆچوونی ئەوانیش شەڕ ڕێ بە بەکارهێنانی گشت چەکێک دەدا "بۆ بەرگری" لە خۆ دژ بە دەستدرێژییەکانی لایەنەکەی تر، تەنانەت ئەگەر چەکی قەدەخەکراوی ناودەوڵەتیشی دژ بە گەلی خۆی بەکار هێنا!

تاوانی هەڵەبجە لە ناوەرۆکدا و لە ئامانجدا هیچ جیا نییە لە قەسابخانەکانی دژ بە هیندییە سوورەکان، و قەسابخانەکانی فرەنساییەکان لە جەزایر و قەسابخانە نازییەکان دژ بە جوولەکە و

ئەوانەی تر، و قەسابخانەکانی زایۆنیست لە دێریاسین و کەفرقاسم و قوتابخانەی بەحرلبەقەر و سەبرا و شاتیلا، و قەسابخانەکانی دژ بە ئەرمەنییان و قەسابخانەی حەما لە سووریا و قەسابخانەی سربرچینا دژ بە موسڵمانانی بۆسنیا و قەسابخانەکانی دژ بە موسڵمانان لە هیندستان و هی تریش، بەڵام بەداخەوە ئەو گرینگییەی بەدەست نەهێنا کە شیاوی بوو وەک تاوانێکی ناودەوڵەتی، کە یەکێکیشە لە تاوانگەلی شەڕ، جگە لەوەی تاوانی قڕکردنی ڕەگەزێکی مرۆڤانەیە، و تاوانێکە دژ بە مرۆڤایەتی، دەبێ بەگوێرە یاسای ناودەوڵەتی و ڕێککەوتنەکانی جنێڤی ١٩٤٩ و دوو پاشکۆیەکەی ساڵی ١٩٧٧ سزای ئەنجامدەرانی بدرێ.

ڕەنگە هۆیەکە ئەوە بێ کە ڕووناکیی پێویستە نەخرایە سەر تاوانەکە بەهۆی تێکچڕژانی هەندێ لە ڕۆڵەکان و تێکەڵبوونی هەندێک لە کارتەکان، ئەمەش ئەوە بوو کە زلهێزەکان مەبەستیان بوو، ئەوانەی مەبەستیان بوو شەڕەکە بەردەوام بێ و جۆرە هاوسەنگییەکی ناسەقامگیر لە نێوان هێزە بەشەڕهاتووەکاندا بپارێزن، بۆ ئەوەی نە سەرکەوتوو هەبێ و نە دۆڕاو، ئەوەش بە مەبەستی بەردەوامیی شەڕەکە، بگرە ویلایەتە یەکگرتووەکان زانیاری و وێنەی بە مانگی دەستکرد گیراوی بە هەردوو لا دەدا.

بە چاوپۆشیش لە هەڵوێستی بە بیرەبیری ناودەوڵەتی کە مەبەستەکەی دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیەتی و دوور لەو بەهایانەی بانگەشەی بۆ دەکا، هەر جارە و بەرپرسیاریەتییەکەی دەخستە سەر لایەکیان، بەڵام پرسەکە بۆ جاری یەکەم پاش وەستانی شەڕ لە ٨ی ئابی ١٩٨٨ هاتە جوولاندن، ئەویش لە کۆنگرەی پاریسی ١٩٨٩دا بوو کە بڕیاری سەرکۆنەکردنی بەکارهێنانی چەکە قەدەخەکراوە ناودەوڵەتییەکانی دا، بەتایبەتی کە بەغدا بەوەندە نەوەستابوو و هەر لەو کاتەدا گیانی دەیان هەزار هاوولاتیی کوردی دەرکرد و دەیان هازاری تری ڕاگواستە ناوچە عارەبنشینەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، لەو پرۆسەیەدا کە ناوی ئەنفالی لێ نرا و عەلی حەسەن مەجیدی ناسراو بە عەلی کیمیاوی و ئامۆزای سەرۆکی پێشوو سەرکردایەتیی دەکرد، ئامانجی هەڵمەتەکەیش جگە لە مرۆڤەکان، دار و بەردیش بوو، ئەوە بوو نێزیکەی ٣٠٠٠ گوند و شارۆکەی کورد ڕووخێنران و ژیگە تێک درا لەڕێی تێکدان و باخ و ڕەز و بێستانەکانەوە.

ڕەنگە فاکتەری یەکلاکەرەوە، کە دوایی بووە مایەی ئەوەی پرسی هەڵەبجە ڕەهەندێکی نوێ بەدەست بهێنێ، داگیرکردنی هێزە عێراقییەکان بێ بۆ کوەیت لە دووی ئابی ١٩٩٠دا، بە تایبەتی کە سیستمی دوو جەمسەری دنیا ڕووخابوو، و تەنگژەیەکی ناودەوڵەتی تەقییەوە بناخەکەی نەوت و چەک و ناوچەگەلی دەسەڵات بوون لە ناوەکەدا.

پاس چارەکە سەتەیەک، کورد بەشێوەیەکی شایستە یادی ئەم قەسابخانەیە دەکەنەوە لەژێر درووشمی ئەو وتە بەناوبانگەی دانیال میتیرانی خێزانی سەرۆکی فەڕەنسا فرانسوا میتیران: "لە فرمێسکەوە بەرەو هیوا "From Tears to hope کە وتەیەکی پڕ واتەیە. ئەدی چۆن قوربانییان و

کەسوکاریان و گشت دانیشتووان دەتوانن لە نەهامەتییەکەیان دەرچن و لێبووردەیی بکەنە جێگرەوەی کینە.

وانەیەکی نوێ بۆ ئازایەتی بوو، کە قوربانییان یان کەسوکاریان پێشوازیی سەرباز و ئەفسەرانی عێراقیان کرد پاش سەرهەڵدانەکەی ١٩٩١ و بەرپرسیارانە و بە گیانی لێبوردەییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا کردن، بەبێ ئەوەی ئەمە دەستبەردانی بێ لە مافەکانیان لە ئاشکراکردنی ڕاستییەکان و لێپێچینەوە و قەرەبووکردنەوەی زیانەکانیا، بەڵام دوور لە گیانی تۆڵەسێنی و ڕق و کینە، بەڵام بەهێشتنەوەی یادگە بەزیندوویی بۆ ئەوەی دنیا لەبیری نەکا وەک چۆن گشت پێوەندیداران بە مافەکانی مرۆڤ لەبیری ناکەن، ئەوەی لە هەڵەبجەدا ڕووی دا تاوان بوو بە گشت واتەیەک. سێ ئاماژەی تێدایە دەبێ لەسەریان بوەستین:

ئاماژەی یەکەم: گرینگیی بنەواکانی هاوسۆزی، کە ڕۆژبەڕۆژ هەڵوێست لە بەرامبەر هەڵەبجەدا هەنگاو بە هەنگاو بەهێز دەکا. ئەگەر کەم کەسێکی غەیرە کورد هەبن لە ڕۆژی لێقەوماندا پشتیانیان گرت، ئەوە ئەمڕۆ زۆرینەیەکی زۆریان لەگەڵە لە وڵات و ناسنامەی جۆرەوجۆر کە دەڕواننە ئەزموونەکەیان، بە وریایی و بەرپرسیاری و ڕەخنەوە، بەتایبەتی کە گەلی کورد توانیی قەوارەیەکی تایبەت لە هەرێمدا لە کۆتاکانی ساڵی ١٩٩١ەوە دروست بکا و بە دەستوور پاش ٢٠٠٣ چەسپا بەناوی "فیدرالیزمی هەرێمی کوردستان".

ئاماژەی دووەم: ئەوەی لە هەڵەبجەدا ڕووی دا دەچێتە ریزی تاوانەکانی جینۆسایدە، ئەم تاوانەش لەناوبردنی تەواو یان بەشەکیی کۆمەڵێکی نەتەوەیی یان ئیتنی یان ڕەگەزی یان ئاینی دەگرێتەوە بەهۆی ئەو سیفەتەیەوە، لەڕێی کوشتن و گەیاندنی زیانی جەستەیی یان گیانی و مل پێ کەچکردنی بەزۆر بۆ دۆخگەلی توند و سەپاندنی کردەوەگەلێک بۆ ڕێگری لە منداڵبوون یان گواستنەوەی منداڵان یان شتی تر، کە لەلایەن دادگەکانی نۆرمبێرگ و تۆکیۆی سەربازییەوە جەختیان لەسەر کرا و دواتر لە ڕواندا و بۆسنیا و شوێنانی تر، کە زۆر لایەن دەستیان کردووە بە قایلبوون و پابەندبوون پێیانەوە!

ئاماژەی سێیەم: ئەو پەیامەی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێک ئاراستەی کرد، کە لە دوو دیو پێک هاتووە، یەکەم لەسەر پێویستیی دەستگرتنی کورد بە ئەزموونەکەیان و بنیاتنان لەسەری وەستاوە، و دووەمیشیان گەڕانەی بەدوای هاوبەشییەکی ڕاتیەقینەدا، کە ئەم دوو بابەتەش پێویستیان بە وتووێژی فرەوان هەیە کە تەنیا بە عێراقەوە پێوەست نین، بگرە دەبێ لەنێوان ڕۆشنبیرانی چوار نەتەوەکەی ناوچەکەدا بن: عارەب و تورک و فارس و کورد، بۆ دیتنی ئاسۆیەکانی پێوەندیگەلی داهاتوو.

قەسابخانەی هەڵەبجە چارەکە سەتەیەکە چووەتە ناو گۆڕەپانی ئەدەبیاتی سیاسی و وەک سیخورمەیەک بۆ ویژدانی مرۆڤینی و گشت ئەوانەی، گەلان و مرۆڤەیل، مافەکان و ئازادییەکانی گەلانیان بەلاوە گرینگە دەمێنێتەوە.

# فاکتەری کورد لە سیاسەتی تورکیادا:
# ڕێگرە یان ڕێخۆشکەرە بۆ چاوەڕوانییە ئەوروپاییەکانی تورکیا؟

ماریانا خاروداکی*

"تورکیا بژارەی خۆی دیاری کردووە ئەم بژارەیەیش دیموکراسییە."

ڕەجەب تەیب ئەردۆگان

هەوالنامەی کتێب

### پوختە

ئەم بابەتە باس لە ڕۆڵی پرسی کورد لە کرانەوەی دیموکراسی و ئەوروپاییی تورکیادا دەکا. تورکیا. تورکیا کە ماوەیەکی درێژە وەک نموونەیەکی ڕۆڵ بۆ سیاسەتوانیی موسڵمان پێشان دراوە. نموونەی "سێگۆشەیەکی کارا" بەکار هێنراوە بۆ ئاشکراکردنی ڕاستیی سەختیی ئەوەی کە وێنەی ئەم نموونەی ڕۆڵە تا چەند پێوەستە بەهاوسەنگ-ڕاگرتنی دیموکراتیزە بوون و بەئەوروپایی بوون و پرسی کورد. ئەم بابەتە بۆچوونە باوەکان پێشان دەدا لەوەی کە هەر گۆڕینێک لە پرسی کوردا ئاکامی پاڵەپەستۆی چوونە ناو یەکەتیی ئەوروپایە. بە خستنە-ڕووی "دەستپێشخەرییە کوردییەکە"ی ئاکەپە و هەژموونی کورد خۆیان بەرەو گۆڕانکاری، شیکردنەوەکە پێشنیازی دەستپێخەرییەک دەکا بۆ بەدەنگەوەهاتنی داخوازییەکانی کوردانە لەناو چوارچێوەی سیاسیی تورکیاییدا.

### پێشەکی

چەقی ئەم بابەتە بریتییە لە پرسی کوردیی تورکیا لە میانەی سیاسەتی دواییی "کرانەوەی دیموکرات"ی[1] وڵاتەکەدا کە ڕەنگدانەوە "دەستپێشخەرییە کوردی"یەکەی[2] ئاکەپەیە. لە چوارچێوەی ئەم پرسەدا، من باس لە پرسیارێکی گرینگ دەکەم ئەویش بریتییە لەوەی کە ئایا فاکتەری کوردی

.....................................................................

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەوف عەبدوڕەحمان

چ ڕۆڵێک دەگێڕێ لە "بەدیموکراتبوون"ی تورکیادا و بەشێوەیەکی بەرفرەوانتر لە پرۆسەی "بەئەوروپاییبووندا"؟ ئامانجی ئەک تۆژینەوەیە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییییەیە کە لە ئەدەبیاتی پێوەست بە ڕۆڵی پرسی کوردا هەیە لە کرانەوەی دیموکراتی (ئەوروپایی)ی تورکیادا وەک ئامانجێکی کۆن و لە هەمان کاتدا نوێ کە پێشکەوتنی خێرای بابەتێکە کە ڕوونکردنەوەی ئاڵۆزە. ئەو بیرۆکەیانەی لەم بابەتەدا خراونەتە ڕوو درێژەدەرن بەو شیکردنەوە فرەوانەی سرووشتی پرسی کورد لە تورکیا و، پێوەندییەکانی ئەمەریکا–کورد[٣]. کە جەخت دەکاتە سەر تورکیا وەک بابەتێکی کۆڵینەوە بەبۆنەی هەلی ئەو وتووێژەی لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥دا دەستیان پێ کرد بۆ چوونە ناو یەکەتیی ئەوروپا، من باس لە "بەدیموکراتبوون" دەکەم لە هەمان کاتیشدا پێوەندیی "بەدیموکراتبوون" و "بەئەوروپاییبوون" لەگەڵ پرسی کوردا پێشان دەدەم[٤]. گەلێ کۆڵینەوە کراون لەسەر کورد و ڕۆڵی کەمالیزم بەرامبەر بە ڕۆڵی ئیسلام لە تورکیادا، هەروەها لەسەر کاریگەریی کەمالیزم لەسەر دەرکەوتنی بزاوگەلی ئیسلامی سیاسی، بە بەرجەستەکردنی دۆخی کورد لە ناو گوتاری ئیسلامیدا[٥]. بەڵام من ئەوەم هەڵبژارد کە لە ڕوانگەیەکەوە لە دۆخەکە بکۆڵمەوە کە زۆر پشتگوێ خراوە، ئەویش پرسی کوردە وەک فاکتەرێکی ناوەندی لە شیکردنەوەی "بەدیموکراتبوون"ی تورکیادا وەک بەشێک لە پرۆسەی لەرزۆکی بەئەندامبوونی وڵاتەکە لە یەکەتیی ئەوروپادا. بێگومان فاکتەری کوردی لە هەوڵەکانی "بەدیموکراتبوون"ی تورکیا، کە تیایدا پرۆسەی "بەئەوروپاییبوون"ـەکەی سیمایەکی دیاریەتی، دەکرێ وەک توخمێکی ئەرێ بێتە ژماردن لە پێشکەوتنی سیستمی کۆمەڵایەتی–سیاسیی تورکیادا.

تۆژینەوەکانی پێشتر لەبارەی پێوەندییەکانی کوردی–تورکی لەسایەی باسی ئەگەری چوونی ئەنقەرە بۆ ناو یەکەتیی ئەوروپا، زۆربەیان باسی ڕەهەندی یەکەتیی ئەوروپا–کورد دەکەن وە پێوەندییەکی یەک–ئاراستە کە تیایدا جەخت لەسەر ئەوەیە کە چۆن یەکەتیی ئەوروپا دەتوانێ دانپێدانانی یاسایی و ژیگەیەکی ئارامتر بۆ کورد دابین بکا[٦]. بەڵام من هەوڵ دەدەم ئەوە پێشان بدەم کە بابەتەکە لەڕاستیدا پرۆسەیەکی دوولایەنەیە تیایدا پرسی کوردیش داوایەک بۆ چالاکیی یەکەتیی ئەوروپا دەخولقێنێ. دەستپێشخەریی کوردیی ئاکەپە– سەرباری ئەو ڕاستییەی کە ئەنقەرە ڕێیەکی درێژی لەپێشدایە بۆ ئەوەی جێبەجێی بکا– ڕێخۆشکەرە و بەڵێنی چارەسەرێکی چاوەڕوانکراوی بۆ پرسی کورد پێیە. بەڵام هێشتا دەبێ سیاسەتێکی لەم جۆرە مەودای فرەوانتری زیادبوونی داواکارییە کوردییەکان باشتر پیشان بدا، بۆ گەیشتن بە کۆتایەک بۆ کردەوە سەربازییەکانی دژی کورد، لابردنی سنووری ١٠٪ی دەنگەکانی وڵات کە وەک مەرجێک بۆ لایەنە سیاسییەکان بۆ چوونە ناو پەرلەمان پێویستە، داواکاریی ئازادکردنی گرتییە سیاسییەکان، چوونی زوانی کوردی بۆ ناو پرۆگرامەکانی خوێندن و، بانگەوازەکانی یەکەتیی ئەوروپا بۆ تورکیا بۆ زیادکردنی هەنگاوەکانی لە بواری چاکسازییەکانی مافەکانی مرۆڤ. ئەگەر ئەمانە جێبەجێ نەبن، ئەوە دەبێتە مایەی تێکدانی زیاتری پێوەندییە کورد–تورکییەکانی کە خۆیان تێک چوونە[٧]

هەموو ئەم فاکتەرانە پێویستیان بە کارلێکە بۆ بەرهەمهێنانی دیموکراتیزەبوونی سیاسەتەکانی تورکیا ئەوەندەی پێوەندییان بە پرسی کوردەوە هەبێ. بنەوای ئەزموونگەرای ئەم تۆژینەوەیە لەسەر ئەدەبییاتی ناسەرەکیی ئێستا بنیات نراوە، لەگەڵ شیکردنەوەی وردی داپۆشینی پرسەکە لە نموونەیەکی نوێنەرایەتیکەری ڕۆژنامە ناوەخۆیی و ناودەوڵەتییەکان هاوشان لەگەڵ دیمانەگەلێک کە لە تورکیا (دیاربەکر) لەگەڵ خەڵکی کورد و تورکدا ئەنجام دراون.

بەشێوەیەکی تایبەت جەختم کردووەتە سەر ئەو ماوەیەی لە ساڵی ٢٠٠٢ بەسەرەوەیە، وەک ئەو ماوەیەی کە گۆڕینی ڕاستی لە گوتار و کرداری سیاسیی تورکیا دەست بەکار بوو. من دەڵێم کە خاڵی دەستپێکی ئەم پێکەوتنە گرینگە لە گۆڕەپانی سیاسیی تورکیادا بەرامبەر بە پابەندییەک کە پێوەی دیارە مەیلی چاکسازیی دیموکراسیی هەیە، لە ٣ی نۆڤێمبەری ٢٠٠٢دا بوو کاتێک کە حزبی سەرکەوتووی دادوەری و پێشکەوتن (ئەدالەت ڤو کالکینما پارتیسی) بەسەرۆکایەتیی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان ٣٤٪ی دەنگەکانی وڵاتی بەدەست هێنا. شیکردنەوەی دیمەنی سیاسیی ئێستە کە تیایدا گرووپە بەیەکداچووەکان ناکۆکن، لەبەر دوو هۆکار ڕوونە. بەرژەوەندییە جیاکان لەناو دەوڵەتدا لەسایەی هێزە عەلمانییەکان (وەک کەمالیستەکان) و پێکهاتەی سوپایی، سیاسەتەکانی گرووپە جیاوازە کوردەکان و ڕۆڵی ئیسلامییەکان، ئەمانە نەک تەنیا بناخەن بۆ گفتوگۆی گرژی کۆمەڵایەتی–سیاسی کە ماوەیەکی زۆر درێژ تورکیای سەرقاڵ کردبوو، بگرە چەقی گرەوی "بەئەوروپاییبوونی" تورکیایش پێک دێنن. ئەم جۆرە جیاوازییانە وا دەکەن شیکاریی پێکهاتەی تورکیا کارێکی تەواو مایەی سەرنج بێ. بەڵام هێشتا ئەوە پێکەوەبوونی ئاشتییانەی ئەم هێزە بزوێنەرانەیە کە گەرەنتین بۆ دیموکراسیەتێک لە تورکیادا. بۆ ئەم مەبەستە، چەندان گۆڕانکاری پێویستن، نەک تەنیا بۆ بەدەنگەوەچوونی پێوەرەکانی کۆپنهاگنی یەکەتیی ئەوروپا، بگرە لەوەیش گرینگتر، بۆ بەیەکەوە–بەستنەوەی ڕاستەوخۆی گۆڕانکارییە پێویستەکانی پێکهاتەی ناوەخۆیی تورکیا و چاکسازییە پێشنیازکراوەکان لە دەستووردا کە لای خۆیانەوە بێ ئەملا و ئەولا پێوەستن بە جێبەجێکردنی سیاسەتەکەی ئەردۆگانەوە بۆ "کرانەوەی کوردی".

سەرهەڵدانی دەسەڵاتی ئاکەپە (٢٠٠٢) نەک تەنیا ناوماڵی تورکیا و سیاسەتی دەرەوەی ڕێک خستەوە، بگرە سەلماندی کە گەڕانەوەی بۆ بیرێکی ئیسلامیی لێبوردەتر کە شانبەشانی داخوازییەکانی سەردەمەکان ڕێ بکا تێکهەڵکێشێکی سەرکەوتووە کە دەکرێ ئیسلام و دیموکراسی بەیەکەوە گرێ بدا. لەم ڕووەوە بەتەنیا، تایبەتمەندی و تازەگەریی تورکیا شایانی تۆژینەوەیە. بەڵام، کرانەوەی دیموکراتیی تورکیا هاوکات لەگەڵ کاری ئەوروپاییی تورکیا تەنیا بەرهەمی سیاسەتی ئەردۆگان نین، بگرە هی ئەو ڕۆڵە پاڵپشتیکەرەیشە کە ئەمەریکا گێڕاویەتی لە سەردەمی بوشەوە تا بە ئەمڕۆ دەگا[8]. لەم پرۆسە دوولایەنەیەدا، پرسی کورد ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەیە کە گەمەی بکا. من سەرەتا بە کورتی پێناسی خاڵی بەیەکگەیشتنی ئایدیۆلۆجیاییی بیرۆکەی دیموکراسی لەگەڵ ئیسلام دەکەم، ئینجا پێشانی دەدەم کە چۆن ئەم

چوارچێوە ئایدیۆلۆجییانە دەشێ بەیەکەوە بوونیان لە سیاسەتەکانی تورکیادا هەبێ لەبەر ڕۆشناییی باڵادەستیی ئاکەپە لە شانۆی سیاسیی ئەمڕۆی تورکیادا وەک هۆکاری سەرەکیی پشت دەستپێشخەرییە دیموکراتییەکانی وڵاتەکە و کاراکتەرە ئیسلامییەکەی. لەم پرۆسەیە، ئامانجم ئاشکراکردنی: أ) ڕۆڵی ئیسلام لە ئەجێندای ئاکەپە سەبارەت بە دیموکراسی، ب) تا چ ئاستێک ئەم چاکسازییانە واقعین و بە بەراورد لەگەڵ پێکهاتەی سیاسیی ئێستای تورکیا و، ج) ئایا و چۆن ئەم جۆرە گۆڕانکارییانە دەشێ بە شێوەیەکی یەکجارەکی بێنە دی.

٢- دیموکراسی و ئیسلام: هاوپەیمانییەکی سەخت؟

چاوخشاندنێکی خێرا بە پێوەندیی نێوان ئیسلام و دیموکراسیدا پێویستە بۆ تێگەیشتنێکی باشتر لە ڕۆڵی ئیسلام لە ناو سیاقی تورکیاییدا و ئەوەندەی پێوەستە بە سیاسەتەکانی ئاکەپە سەبارەت بە دیموکراسی و بە کورد. بەیەکەوە گونجان لە نێوان ئیسلام و دیموکراسیدا لە ڕابردوو و لە ئێستایشدا بابەتێکی سەرنجڕاکێشە لە ئەدەبیاتدا، بەڵام کێشەکان کاتێک دەردەکەون کە باس دێتە سەر تێگەیشتنی زێدە سادە لە "ئیسلام" خۆی وەک سیستمێکی "ڕەق"ی حوکمڕانی لەو وڵاتانەدا کە پابەندی ئاینی ئیسلامن، بەتایبەتی کاتێک کە ڕووبەڕووی شتی گشتیی ناڕوون دەکرێتەوە لەگەڵ ئەو بابەتانەی دیموکراسی لەسەریان دەوەستێ: ناجێگیریی سەرچاوەگرتوو لە ناکۆکیی قووڵی نێوان ڕووە "تایبەت و گشتی"یەکانی "باوەڕ و سیاسەت"دا و، ناساندنی شەرعییەت لەڕێی ئامرازی بنەوانگیری شەریعەت یان یاسای ئیسلامی کە ئیسلامی پێ دەناسرێتەوە. ئەمە زۆربەی جاران پرسەکە پێک دێنێ کاتێک ئەم بنەوایانە، کە جێگیرن لەناو سیستمە کۆمەڵایەتی-سیاسییەکانی ئەو وڵاتانەدا، بناخەیەکی ئایدیۆلۆجیایی پێک دەهێنن. ئەوەندەیشی بابەتەکە پێوەست بێ بە دیموکراتییەوە، بیرۆکەکە وێنا دەکرێ لەڕێی ژمارە و چەندان ڕوونکردنەوەوە وێنا دەکرێ، کە زۆربەی جاران لەنێوان ڕێژیمگەلی سیاسییەوە تا بیرۆکە میانڕۆکانی دیموکراسی وێنایان دەکەن[١٠]. بەمەیش دیموکراسی هانی چەند ڕێچکەیەکی بیرمەندیی جیاجیا دەدا، لەکاتێکدا کە جێبەجێکردنی دەکرێ لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر تێگەیشتنی جیای بۆ هەبێ، بەتایبەتی لە ناوچەی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا[١١]. کەواتە من جەخت ناکەمە سەر ئەو ڕێچکەیانەی کە وەک ئامراز دەیانژمێرم بۆ ڕێ خۆشکردن بۆ شێوازی جیاجیای بەدیهاتنی دیموکراسی کە دەبنە مایەی جێبەجێکردنی جیاواز بۆ دیموکراسی.

دوور لە لق و پۆی لاوەکی، ناسناوی هەڵەی وەک ڕۆئاوایی و، بێ سەروبەریی هاوشێوە، بنەوای زوانیی دیموکراسی لە زاراوەی "demokratia"ی گریکییەوە هاتووە کە لە دەوروبەری سەتەی چواری پێش زاین ناوی سیستمێک بوو کە کاری بۆ بەرژەوەندیی گشتی دەکرد و، نوێنەرایەتیی داناییەکی دەشتەجەمعیی دەکرد کە تیایدا "حوکمڕانی (Kratein) بەدەستی گشتێکی (خەڵک) زۆرەوە، نەک کەمەوە بوو"[١٢]. لەم ڕووەوە، ئیسلام وەک "سیستمێکی کۆمەڵایەتی-سیاسی"- کە تیایدا "ئوممە" باڵادەستە بەسەر تاکدا و، سەرکردە بەدرێژایی مێژوو "دەهاتە هەڵبژارد لەڕێی

پرۆسەیەکی ڕاوێژکاری، پاڵاوتن و هەڵبژاردنەوە"- زۆر دوور نییە لەو پاڵنەرە ئایدیۆلۆجیاییەی لە پشت دیموکراسییەوەیە وەک شێوازێک بۆ حوکمڕانی[١٣]. بەڵام بابەتەکە بەم شێوە سادەیە نییە. بازنە پارێزکارەکان (چ دنیاویستەکان یان ڕەتکەرەوەکان یاخۆ توندڕۆکان) گونجانی ئیسلام لەگەڵ دیموکراسیدا دەخەنە بەر گومان و پرسیارەوە، لەکاتێکدا هەندێ لە چاکسازیخوازانی هاوسەردەم وای دادەنێن کە ئیسلام پشتیوانی دیموکراسییە لەو ڕووەوە کە پاڵپشتی دادوەری و یەکسانییە[١٤]. ئەم جیاوازییە لە دیتندا پابەندە بەتێگەیشتن لەو ڕۆڵەی کە چاوەنوارِ دەکرێ ئاین بیگێڕێ. لە ئیسلامدا "یاسا ئەوەیە کە خوا داینەوە نەوەک ئەوەی مرۆڤ دایڕشتووە و، دەوڵەت و کۆمەڵگە بەپێی ئەو بنەوا ئایدیۆلۆجیاییە دادەمزرێن کە ئاین بۆ ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی داڕشتووە"، لە کاتێکدا کە لەدیموکراسیدا ئاین هەرچەندە گرینگە بەڵام ڕۆڵی کەمترە. بەم جۆرە، دیموکراسی وای دادەنێ کە دەسەڵات بەدەستی زۆرینەی ئەو هاوولاتییانەوەیە کە بڕیاربەدەستانی خۆیان هەڵدەبژێرن- ئەو بڕیاربەدەستانەیش بەرپرسیارن لەبەردەم هاوولاتییەتیدا- بەمەیش هاوولاتییان وەک حوکمڕانی خۆیان دێنە بەر چاو[١٥]، شانبەشانی ئەو ڕۆڵە ناواخنیەی ئاین لە کاروباری دەوڵەتدا دەیگێڕێ بەشێوەیەکی دیار بەڵام جیا نییە لە دەوڵەت، ئەمەیش بیرۆکەی سەرەکیی جیاوازیی دیموکراسییە لە ئیسلام. هەرچەندە لەوانەیە ئیسلام و دیموکراسی دوو ئایدیۆلۆجیای بەڕەنگ جیا بن، بەڵام پلەیەکی گونجاوی وەک دوو مۆدیلی حوکمڕانی لەنێوانیاندا هەیە، بەوەی کە هەردووکیان کار بۆ دڵنیابوون لەوە دەکەن کە دەوڵەت کار بۆ بەرژەوەندیی گشتی بکا. ئەوەندەی پێوەندیی بە دەوڵەتە موسڵمانەکەوە هەبێ، بڕیار لەسەر جێبەجێ کردنی دیموکراسی و ئەو جێبەجێ کردنە تا چ ڕادەیەکە، تا ڕادەیەکی زۆر پێوەستە بە دۆخ و پێویستیی هەر دەوڵەتێک بەتەنیا و بە ئاستی بوونی ئیسلام لە کاروباری ئەو دەوڵەتەدا. دەوڵەتە ئیسلامییەکان کاتێک دەتوانن لەگەڵ نەریتگەلی سەتەی بیست و یەکدا خۆیان بگونجێنن کە دەستبەرداری هەموو شێوازێکی فێڵکردنی ناوەخۆیی و دەرەکی ببن و، جۆرێ (یان جۆرگەلێکی) دیموکراسیی ڕاستەقینە پێشکێشی دنیای موسڵمان بکەن وەک دیموکراسییەکی ئیسلامی. بەپێی ئەمەش، چۆنیەتیی ڕەنگدانەوە و جێبەجێ کردنی ئیسلام لە سیاسەتەکانی تورکیادا کاریگەرییەکی مەزنی دەبێ لەسەر کرانەوەی دیموکراسیی تورکیا وەک لە بەشی دووەمدا ڕوون دەبێتەوە.

٢-١ ئیسلامی سیاسی: دیتنگەلێک بۆ ڕۆڵی لە دیموکراتیزەبوونی تورکیادا

لە پرسی تورکیادا، من پێشانی دەدەم کە چۆن ئیسلام تا ئێستا ڕۆڵێکی کەمی لە سیاسەتەکانی تورکیا گێڕاوە و لەبەر ئەوەیش ناکرێ ئەوەندەی پێوەندیی بە پرسی کوردەوە هەبێ و لە ڕوانگەی کەسێتیی ئیسلامیی ئاکەپەوە لۆمە بکرێ وەک ڕێگرێک لەبەردەم پرۆسەی بەلیبرالبوونی وڵاتەکەدا. ملکەچیی ئاین بۆ ئیدارەی وڵات و لە ئاکامدا زاڵبوونی دەوڵەت بەسەر ئایندا لە دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریای عوسمانییەوە (١٩٢٢-١٩٢٩)، شان بەشانی دانی

هەواڵی کتێب

یەکەمایەتی بە یەکەتیی ولات لە بەرامبەر جیاوازیی کۆمەلایەتی، کولتووری و ئیتنیدا، دەکرێ بەدرێژاییی مێژووی تورکیا وەک بەڵگە لەسەر ملکەچیی تورکیا بۆ حوکمی سەربازی، زیاتر لە ملکەچی بۆ حوکمی ئاینی، وەک کاراکتەری ئیمپریالیستی ولاتەکە بێتە ژماردن. دامەزراندنی کۆماری تورکیا (٢٤ی تەمموزی ١٩٢٣) بنیات نراوە لەسەر بیرۆکەی بەدیهێنانی یەکڕەنگیی دەوڵەت لەڕێی بنەواگەلێکی دیاریکراوەوە[١٦]. شەڕی سەربەخۆییی سەرکەوتووانەی مستەفا کەمال (١٩١٩-١٩٢٣) پاشماوەی ئیمپراتۆریای تورکی لە لەناوچوون پاراست. سوپای سەرکەوتوو، کە ئەو کاتە بە پارێزەری دەوڵەت دەهاتە دانان، هەر زوو جێ پێیەکی بەهێزی لە حکوومەتدا بەدەست هێنا، بەکردەنیش چەکێکی بەتاڵی بالادەستییان بەخۆیان دا.

تا ئەم دواییيەیش، گومان-نەکردن لەوەی کە چالاکییەکانی سوپا کارێکی شەرعین و بۆ خزمەتی بەرژەوەندیی دەوڵەتن سیاسەتی گشتیی ولات بوو، بە گوتە و بە کردەوەیش[١٧]. بۆیە دروستبوونی مۆدیلێکی گومان-هەڵنەگری حوکمڕانیی سوپا بەدرێژاییی مێژوو شێوەی سیستمی یاسادانانی تورکیای داڕشتووە. بێگومان، دەستوەردانی سوپا لە سێ کودەتای دوابەدوای یەکدا لە ١٩٦٠ (٢٧ی ئایار) و ١٩٧١ (١٢ی ئادار) و ١٩٨٠ (١٢ی ئەیلوول) لە ١٩٩٧دا گەیشتە ترۆپک لەڕێی کودەتای "ئاوریشمین"ی سوپاوە (پرۆسەکەی ٢٨ی شوبات)، هەرچەندە لەم نێزیکانەدا کودەتایەکی "ئیلیکترۆنی" لەلایەن سوپاوە (لە ٢٠٠٧دا) سەرکەوتوو نەبوو[١٨]. هەروەها تەنیا چوار لە دە سەرۆک کۆماری تورکیا خاوەن پشتینەی سەربازی نین[١٩]. بەڵگەی زیاتریش لەسەر پشتگیریی کەمالیزم بۆ عەسکەرتارییەت زیاتر لە ئیسلام ئەو کەیسە دادوەرییەی دادگەی بالای پێداچوونەوە بۆ داخستنی ئاکەپە (پارتی دادوەری و گەشەکردن) بەهۆی چالاکییە دژە-عەلمانییەتەکانیەوە کە لەلایەن داواکاری گشتیی تورکیاوە وەک "تەنیا بژارەیەکە کە پەنای بۆ ببەین"، شانبەشانی ئەوەی بە "بیرخەرەوەی نیوەشەو"ی سوپا هاتە ناسین (لە ٢٧ی ٤ی ٢٠٠٧) کە لە بنەڕەتدا هەڕەشەیەکی پەردەپۆش-کراو بوو بە ئەگەری دەستوەردانی سەربازی[٢٠]. سەرباری ئەمەیش، دامەزراندنی تورکیا لەسەر بناخەی بنەواکانی کەمال سەبارەت بە عەلمانییەت (لایکیلیک)- تا ئەمڕۆ وەک گومان-نەویست ماوەتەوە- ئەمەش هیچ بوارێکی نەهێشتووەتەوە بۆ دەستوەردانی ڕاستەوخۆی ئیسلام وەک ئاینی دەوڵەت لە سیاسەتدا و، بەم شێوەیە تورکیا بە "کەسێتییە ئیسلامییە"کەیەوە لە باقی ولاتانی ناوچە فرەوانترەکەی ڕۆهەلاتی ناوین جیا دەکاتەوە[٢١]. راباسا پێی وایە کە ئەو ناکۆکییەی سیاسەتی تورکیای ئەمڕۆی لەت کردووە ناکۆکیی نێوان عەلمانی و ئیسلامییەکان نییە، بگرە زیاتر ناکۆکیی نێوان نەتەوەپەرستەکان (یان دەوڵەتپەرستەکان) و چاکسازی-خوازەکانە. بە قسەی پەرلەمانتارە تورکەکە "ئێمە (پارتی ئاکەپە) دژی نەتەوەپەرستیی ئیتنیین، دژی نەتەوەپەرستیی ناوچەیی و شۆڤینیزمی ئاینیین..."[٢٢] و "تورکیا توانیویەتی هاوسەنگی دروست بکا لە نێوان ئیسلام و دیموکراسی و عەلمانییەت و هاوسەردەمێتیدا"[٢٣]. هەرچەندەیش کە تورکیا ڕێککەوتننامەی هاوبەشێتیی لەگەڵ کۆمەڵەی

ئابووریی ئەوروپاییدا (١٩٦٣) و، پەیماننامەی یەکێتیی گومرکی (لە ١ی کانوونی دووەمی ١٩٩٦دا) مۆر کردووە، هەڵبەت وەک وڵاتێکی نائەندام[٢٤]، سەر بە OECD ڕێکخراوی هاوئاهەنگی و گەشەکردنی ئابووری) لە ئەنجوومەنی ئەوروپاییدا و، هەروەها پێگەی وڵاتێکی کاندیدکراوی پێ درا لە ئەنجوومەنی ئەوروپاییی هیلسنکیدا (کانوونی یەکەمی ١٩٩٩)، سوپا تا ئەم دوادواییەیش ڕۆڵێکی باڵادەستانەی لە ژیانی سیاسیی تورکیادا هەبوو. زنجیرەیەک ڕووداوگەلی یەک لەدوای یەک تا کۆتاکانی ١٩٩٠ـەکان بە دەستوەردانی سوپاوە لە ژیانی سیاسی (کودەتای ١٩٩٧)، دزەکردنی پرۆتۆکۆلی نهێنیی EMASYA لە ١٩٩٧دا[٢٥]، ئابڕووچوونی گەندەڵیی جۆرەوجۆر کە بوونی مایەی تەنگژەی ئابووریی وڵات لە ٢٠٠١دا، هەرەسهێنانی حکوومەتی هاوپەیمانیی نێوان مەسعود ییلماز و بولونت ئەجەڤیت (شوباتی ٢٠٠١)[٢٦]، ئەمانە هەموویان ئاماژەن بۆ دیموکراسییەتێکی تورکی کە ڕواڵەتییە زیاتر لەوەی بە ناوەڕۆک بێ[٢٧]. نووچخواردنی تورکیا لە بەدیهێنانی دیموکراسییەتێکی جێگیر لەگەڵ کۆتای سەتەی بیستدا دەکرێ بگەڕێنرێتەوە بۆ ژمارەیەک هۆکار. لە ناو ئەم هۆکارانەدا، نایەکسانی و بەشداریی سنوورداری گرووپگەلی دیاریکراوی هاووڵاتییانی تورکیا لە سیاسەتدا دێ، هەروەها گەشەنەکردنی ئابووریی باشووری ڕۆهەڵات بە پێچەوانەی شوێنانی تری وڵاتەکە، لە کاتێکدا کە هۆکارێکی تری گرینگ بریتی بووە لە باڵادەستیی دەسەڵاتی سەربازی بەسەر بیرۆکراسیەتی مەدەنیدا وەک پارێزەری یەکێتیی دەوڵەت و یەکپارچەییی خاکەکەی[٢٨]. شتێکی تری گرینگ بریتییە لە سەرهەڵدانی دانیشتووانی سرووشتیی ڕەسەنی فرە–کولتووری تورکیایی، بەتایبەتی کوردەکان، کە لە بنەڕەتدا ناچاری بەتورکبوون کرابوون لەلایەن خێڵە تورکەکانەوە، بەڵام ئێستا دەیانەوێ دەنگی خۆیان هەبێ، ئەمەیش فاکتەرێکی سەرەکییە لە دەرکەوتنی پرسەگەلی باو لە شێوەی پرسی کوردیی تورکیادا[٢٩].

وا دەردەکەوێ کە مێژووی سیاسیی وڵاتەکە، بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر ڕۆڵی سوپا و چەقگرتنی هێزی دەوڵەت بە دەوریەوە بنیات نراوە، لەگەڵ سەپاندنی پێناسی تورکبوون لەلایەن دەوڵەتەوە بەسەر کۆمەڵگەیەکی هەمەجۆردا و، دروستکردنی میکانیزمگەلی سیاسی بۆ دوورخستنەوەی ئیسلام، ئەمانە هەموویان ڕێگر بوون لەپێش کرانەوەی دیموکراتییانەی تورکیادا. قسەی جیزرە لەبارەی چۆنێتیی ملکەچکردنی ئیسلام بۆ دەوڵەت– نەک جیاکردنەوەی لێی و– ئەو ڕێگەیانەی خۆش کران بۆ عەلمانیەتی تورکیا ئاماژەن بۆ ڕۆڵەکەی و، بەوەیش بۆ بەشی سنوورداری ئیسلام لە گۆڕەپانی سیاسیی تورکیادا[٣٠]. سەرکەوتنی ئاکەپە بۆ دەسەڵات لە دە ساڵی ڕابردوودا لە بەرامبەر دوایین هەڵبژاردنەکانی تورکیا (١٢ی حوزەیرانی ٢٠١١) بوونە مایەی دەرکەوتنی چەندانی قسەوباسی عەلمانییانە لەبارەی "گواستنەوەی تورکیا بۆ قۆناخێکی پاش نەتەوەپەرستی"[٣١]. ئەم بۆچوونە بنیات نراوە لەسەر ئەو گۆڕینانەی لە سیاسەتگەلی تورکیدا ڕوویان داوە لەسەر دەستی کەسایەتییە سیاسییە ئیسلامییەکانی پشتیوانیی گۆڕینی وەهایان کرد کە ڕەگیان لە بیروبۆچوونی لیبرالدایە نەک هەوڵیان دابێ دەوڵەتێکی ئیسلامی دروست بکەن

بەپێچەوانەی جەختکردنی کوردان– ئەم هەڵوێستە بەشێوەیەکی سەرەکی هی بەدەپەیە– کە باس لە سیاسەتی بەکارهێنانی ئیسلام لەلایەن حکوومەتەوە وەک ئامرازی سیاسی دەکەن بەمەبەستی "دروستکردنی مۆدیلێکی ئیسلامی–دیموکراتی کە لەلایەن ئەمەریکاوە پشتیوانی دەکرێ"[٣٢]. بەمەیش گوتار و کرداری سیاسیی ئاکەپە پێناس دەکەن، ئامانجی ئەم بابەتەیش برێتییە لە ئاشکراکردنی گونجاویی چاکسازییە دەستوورییەکانی کە حزبەکە بانگەشەیان بۆ دەکا بۆ ئەوەی بتوانرێ پێوەندییان لەگەڵ پرسی کوردا بدۆزێتەوە.

## ٢–٢ دیمەنێکی گشتیی ئاکەپە

ئاکەپە سەرکەوتنی بەدەست هێنا و کۆتای بە زنجیرەیەکی یەک لەدوای یەکی حکوومەتەیل هاوپەیمانی هێنا کە لە ١٩٩١ـەوە دەسەڵاتیان دەگرتە دەست، لەو کاتەدا کە توانیی لە هەڵبژاردنەکانی ٢٨ی ئاداری ٢٠٠٤دا ڕێژەی ئەو دەنگانەی بەدەستیانی هێنابوو بۆ ٤٢٪ بەرز بکاتەوە. ئەمە وای کرد ئاکەپە زۆرینەیەکی گشتگیر (٤٦,٦٪) لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی ٢٢ی تەمموزی ٢٠٠٧دا بەدەست بهێنێ[٣٣]، ئەم دەنگانە لە ٢٠٠١دا زیاد بوون بۆ ٥٠,٤٪. بە پێی راباسا، سەرکەوتنی ئاکەپە دەبێ بگەڕێندرێتەوە هۆکارەیل ئابووری و کۆمەڵایەتی زیاتر لەوەی کە بۆ پابەندی بە ئیسلام بگەڕێتەوە[٣٤]. زیادبوونی دەسەڵاتی ئاکەپە هاوشان بوو لەگەڵ پالەندیی ئەردۆگان بە ئامانجی بەئەندامبوونی تورکیا لە یەکەتیی ئەوروپا، نووسینەوەی دەستوورەکەی ١٩٨٢، پاراستنی بنەواکانی کەمالیزم لەبارەی عەلمانییەتەوە و، کۆتاهێنان بە سەردەمی کودەتاگەل لە تورکیادا[٣٥]. لەگەڵ ئەوەیشدا ئاراستەی جیاجیا لەپاڵ گرووپە ئیسلامییەکاندا لە تورکیا هەیە، وەک لایەنگرانی عەلمانییەت، دیموکراتە چەپەکان و هێزی تر کە بەشێوەی جیاجیا لەکاری سیاسیدا دەستیان هەیە[٣٦]، دەشکرێ سێ بزاوی ئایینیی سەرەکی دەستنیشان بکەین[٣٧]: "بناوانگیرانی دژ بە سەردەمیبوون"، "ئەو ئیسلامییانەی سوود لە ئیسلام دەبینن وەک ئایدیۆلۆجیایەکی سیاسیی سەردەمییانە"، و "بزاوی نوێکەرەوە کە هەوڵ دەدات ئیسلامی نەریتی لەگەڵ سەردەمیبووندا ئاشت بکەنەوە". لەم جۆرەی دواییدا، هەندێ گرووپ هەن وەک برایەتیی نەقشبەندی و کۆمەڵەی ئیسکەندەر پاشا[٣٨]. ئەگەر ئەوەمان لەبیر نەچێ کە ئیسلام لە پێشەوەدا پێک هاتووە لە هەردوو دیوی کۆمەڵایەتی و سیاسی، ئەوا ئاکەپە بەتەواوی لە جۆری سێیەمە[٣٩]. دەمیرچی دەڵێ "ئیسلامییە نوێکەرەوەکان زیاتر مەیلی بازاڕێکی ئابووری و یەکگرتن لەگەڵ سیستمێکی عەلمانیی دیموکراتیان هەیە".

گرینگیدانی ئاکەپە بە سیاسەت وەک "بەرپرسێتییەکی کۆمەڵایەتی" بزوێنەری "هەستی سیاسی لەڕێی بەشداری لە سیستمێکی دیموکرات"ـەوەیە و ئامانجەکەی "هەڵبژاردنی باشترین پاڵێوراوانی بەردەست"ـە. لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازیی سەرەکی لە ئامانجەکەیاندایە کە دەیانەوێ "پراکتیکە نەریتییەکانی ڕابردوو لەگەڵ کاروباری ئێستەدا ئاوێتەی یەکتر بکەن". بۆیە سازشێکی سەردەمییانە چەقی ئایدیۆلۆجیایەکەیان پێک دێنێ, ٤٠ لە هەمان کاتدا، کۆمەڵەی ئیسکەندەر

پاشا "هەڵوێستی عەلمانییەت- دوور لە هەڵوێستی دیموکرات- ڕێگە بە بەشداربوونی سیاسیی موسڵمان دەدا بەبێ ئەوەی کۆمەڵەکە بەسیاسی بکا" و تێگەیشتنی فرەوانتری خۆی لە سیاسەت دەردەخا[41]. لە کاتێکدا کە بەراورد لەنێوان بنەوا بنەڕەتییەکانی بەرجەستەکراو لەلای ئیسلامییانی نوێکەرەوە و بنەواکانی ئەردۆگاندا، دەکرێ وا ببینرێن کە هێڵێکی هاوشێوەیان گرتبێ. بەقسەی ئەردۆگان: "(حکوومەتەکەمان) ئەوە پێشان دەدا کە دەکرێ مرۆڤێکی دیندار بیرۆکەی عەلمانییەت بپارێزێ. لە خۆرئاوادا، بەردەوام ئاکەپە وا پێشان دەدرێ کە ڕەگی لەناو ئایندا داکوتاوە. ئەمە ڕاست نییە. ئێمە باس لە پێگەی موسڵمانان لە کۆمەڵگەی سەردەمیدا و بەشدارییان لە شێوازی سەردەمییانەی ژیاندا دەکەین". بۆیە "گونجاندنی دیموکراسی لەناو کاراکتەری ئیسلامییانەی ئاکەپەدا تەنیا لەگەڵ دیموکراتیزەبوونی وڵاتەکەدا گونجاو نییە بگرە چاکسازیگەلێکیش بەدوای خۆیدا دەهێنێ کە لە قازانجی ئەم جۆرە دیموکراتییەتەدان"[42]. هەرچەندە ئەردۆگان "بەرژەوەندیی گشتیی ئوممە"ی لە ئیسلامەوە وەرنەگرتووە و کردبێتیە بنەوای ڕێنیشاندەری خۆی، بەڵام بانگەشەی ئەوە دەکای کە ئەمەی گونجاندووە لەگەڵ خواستەکانی سەتەی بیست و یەکدا لەڕێی بەشداربوون لە کاروباری کۆمەڵایەتی و پاشان هی سیاسیشدا. لەم سیاقەدا، ئایدیۆلۆجیای ئیگالیتاریزم (یەکسانی لەنێوان مرۆڤاندا- و) پیادە دەکرێ. ئەم جۆرە بیرە نەک تەنیا پەیامی ئیسلامە، بگرە پێویستییەکی بنەڕەتیی مرۆڤانەیە بۆ مانەوەی گشت کۆمەڵگە شارستانییەکان. بەمەیش ڕوون دەبێ کە کاتێک باسی پارتی دادوەری و گەشەکردن (ئاکەپە) دەکرێ، ئاماژە بۆ بزاوێکی سیاسی دەکەین کە ڕەگی ئیسلامیی هەیە و لە چوارچێوەی سیستمێکی عەلمانیدا کار دەکا و ڕێز لە سنووری جیاکەرەوەی نێوان ئاین و دەوڵەت دەگرێ[43].

ئەمە جاری یەکەمە لە مێژووی وڵاتەکەدا، کە دژایەتیی سەرکردایەتیی سەربازی بۆ بڕیارگەلی حکوومەتیی لەم جۆرە سەرکەوتووانە بازی بەسەردا بدرێ، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێ کە تورکیا بەڕاستی نەخشەڕێگەیەکی بەرەو بەدیموکراتبوون داڕشتووە. ئەم هەوڵانەی بەدیموکراتبوون لەلایەن ئاکەپەوە پێناسێکیان دروست کرد کە بە "دیموکراسیی پارێزکارانە" دەناسرێ[44]. ئایدیۆلۆجیای دیموکراسیی پارێزکارانەی ئاکەپە لە کۆڕبەندێکی ناودەوڵەتیدا پێشکێش کراکە تیایدا ئەردۆگان جەختی کرد کە تێگەیشتنی ئاکەپە لە پارێزکاری ئەوە ناگەیەنێ کە دەست بگیرێ بە دەگە و پێوەندییە چەسپیوەکانەوە، بگرە پاراستنی بەها و بنەوا گرینگەکان لەخۆ دەکرێ شانبەشانی کارکردن بۆ بەرەو پێشەوە چوون. ئەو گوتی کە بەکارهێنانی ئاین وەک ئامرازێکی سیاسی زیانی گەیاند بە ئاشتیی کۆمەڵایەتی، جیاوازیی سیاسی و بەئاین خۆی. بەلای ئەوەوە، ئاکەپە کار دەکا بۆ پێکهێنانی بەهاگەلی ناوەخۆیی و جیهانی، نەرێت و سەردەمیبوون، و ئەخلاق و عەقلانییەت[45].

لایەنداریی ئاکەپە بۆ بنەوای عەلمانییەت زیاتر چەسپا لەڕێی ئەو بەئەنجامگەیشتنەی حزبەکەوە کە "مایەی قبووڵ نییە دین لە پێناوی سیاسەت، ئابووری و بەرژەوەندیگەلی تردا بێتە بەکارهێنان،

یاخۆ پاڵپەستۆ بخرێتە سەر خەڵک بۆ ئەوەی بەجۆرێکی جیاواز بژین لە ڕێی بەکارهێنانی ئاینەوە"[٤٦]. سەرباری ئەمەیش، حزبەکە بانگەشەی ئەوە دەکا کە پشتگیریی عەلمانییەتێک دەکا کە چەسپیوە لەناو هزری "بێلایەنیی دەوڵەت بەرامبەر بە گشت ئاین و مەزهەبەکان"دا بۆ ئەوەی "مافە ئاینی و ئازادییەکانی" تاکەکان مسۆگەر بکرێن[٤٧]. جیا لەو گوتارەی پێشینانی کە بزاوی ئاکەپە لەپاش ئەوان مایەوە، گوتاری ئەردۆگان سەردەمییانەتر دیارە[٤٨]، هەرچەندە ئەمە بەهیچ شێوەیەک ئاماژە نییە بۆ ئەوەی کە دەبێ تورکیا وەک "نموونەیەک بۆ دەوڵەتێکی موسڵمانی فرە پێشکەوتوو و دیموکرات"[٤٩] بێتە ژماردن، کە دەبێ لەلایەن باقی وڵاتانی تری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە لاسایی بکرێتەوە بە فەرمانی ویلایەتە یەککگرتووەکان[٥٠]. بنەوایەکی لۆجیکیی دوولایەنە هەیە کە پێشانی دەدا بۆچی تورکیا دێتە ژماردن وەک "نموونەی دەوڵەتێکی موسڵمانی سەردەمی" و، "باشترین مۆدیلی موسڵمانی دیموکرات وەک لە سەردەمی بوش پەسنی کرا، لەجێی خۆیدا نییە[٥١]. هەر وڵاتێک لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا سیفەتی جیاکەرەوەی خۆی هەیە کە وای لێ دەکا بێ هاوتا بێ. پرۆسەی بەعەلمانیبوونی تورکیا (کە ڕاستەوخۆ چوواندنی بە وڵاتانی تری خۆرهەڵاتی ناوین دەخاتە بەر گومانەوە) پاس سەردەمی عوسمانی دەستی پێ کرد، لە کاتێکدا کە لەڕووی جوگرافیاوە دەکەوێتە نێوان ئەوروپا و ڕۆهەڵاتی ناوینەوە. بۆیە ستراتیجێکی ئەمەریکایی کە خوازیاری گەشەکردنی دیموکراتییانەی و ئامانجی گواستنەوە ناوچەکەیە لەڕێی تورکیاوە، یان هەر دەوڵەتێکی ترەوە، تا ئاستێکی زۆر کەلێنی تێدایە. بێگومان هەر دەوڵەتێک دەبێ بتوانێ ڕێگەی گەشەکردنی خۆی بدۆزێتەوە لەڕێی میکانیزمگەل و چالاکیگەلی تایبەت بەخۆی نەک لەڕێی "کۆپی و پەیست"ی نموونەگەلەوە.

بۆیە ناکرێ بگوترێ کە تورکیا "نموونەیەک" پێک دەهێنێ بە گشت واتەی ئەم وشەیە,٥٢ ناشکرێ پۆلێن بکرێ وەک دیموکراسییەکی تەواو تاوەکو پرسگەلێک، لەوانە پرسی کورد، بە هەڵواسراوی مابێتەوە وەک لە ڕاپۆرتەکانی ٢٠٠٩ و ٢٠١٠ و ٢٠١١ی یەکەتیی ئەوروپادا لەبارەی تورکیاوە ڕوون کراوەتەوە، هەروەهایش لەبەرئەوەی هەر کۆمەڵگەیەک پێویستی بەوەیە ڕێگەی خۆی بدۆزێتەوە بۆ پێشڤەچوون بەرەو دیموکراسی[٥٣]. لەسەر ئەم بنەوایانە، پرۆژە دیموکراتییەکانی تورکیا لە باشترین دۆخدا دەکرێ بە تا ڕادەیەک نائارام بێنە وەسپ کردن. هەرچەندە کە لەگەڵ ئەوەشدا پرسی تورکیا هێشتا لە دۆخی پێگەیاندندایە، بەڵام هاندەرە بۆ کۆمەڵگەکانی تری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی فرەوانتر. چونکە لەڕێی نموونەکەی خۆیەوە هەوڵگەلێک دنە دەدا بۆ چارەسەرکردنی ناهاوسەنگیگەلی کۆمەڵایەتی و سیاسی و بەوەش پێشکەوتنی سیاسی و یەکسانییەکی زیاتر دێنێتە دی لەڕێی بەشدارییپێکردنی زیاتری هاووڵاتیبوونەوە[٥٤].

٣- پرۆسەی بەئەوروپاییبونی ئاکەپە و پرسی کورد

گەیشتنی ئاکەپە بە دەسەڵات هاوشان بوو لەگەڵ هەڵبژاردنی جۆرج دەبلیو بوش وەک سەرۆکی ئەمەریکا، لەو کاتەدا کە لە ٢٠٠٢ـەوە هاوکاریی دووسەرەیان زیاتر بەهێز بووبووە٥٥ لەگەڵ

ڕاگەیاندنی "پلانی دەستپێشخەریی ڕۆهەڵاتی ناوینی گەورەتر" (تشرینی دووەم ٢٠٠٣) لەلایەن بوشەوە کە ئامانجەکەی بەدیموکراتکردنی هەرێمی بوو[٥٦]. لەگەڵ ئەوەشدا، بەدیموکراتبوون بەتەواوی پرۆسەیەکی ڕاست و ورد نییە. پێشاندانی تورکیا، لەلایەن ئیدارەی بوشەوە، وەک "سەرکەوتووترین نموونەی دیموکراسیی عەلمانی لە وڵاتانی خاوەن زۆرینەی موسڵمان"[٥٧] لە بەرژەوەندییە گرینگەکانی ئەمەریکاوە لە ناوچەکە سەرچاوە دەگرێ و بەتایبەتی لە "ڕۆژهەڵاتێکی ناویندا (کە) جێی ئەوروپای گرتووەتەوە لە چەقی بەرژەوەندیگەلی تەناهیی نەتەوەییی ئەمەریکادا"[٥٨]. کاتێک کە مرۆڤ تێگەیشتنی ئەمەریکا بۆ ڕۆڵی تورکیا وەک "پردێکی (گرینگی) نێوان ڕۆئاوا و ڕۆهەڵاتی ناوینی سەرلێشێواو"[٥٩] لەبەر چاو دەگرێ، هەر خێرا ئەوەی بۆ ڕوون دەبێتەوە کە بۆچی "پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکانی دۆستی تورکیا بێ" وەک نیکۆلاس بێرنز دەڵێ[٦٠]. ڕاپۆرتەکانی ٢٠٠٨، ٢٠٠٩، ٢٠١٠ و ٢٠١١ی یەکەتیی ئەوروپا لەبارەی ڕێگرەکانی بەردەم پێشکەوتنی تورکیا، شانبەشانی ڕاپۆرتەکانی ١٩٩٢ی ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێ کە "پاڵپشتیی ئەمەریکا بۆ تورکیا ڕووبەڕووی شکستەکانی ئەنقەرە لە بواری مافی مرۆڤ دەبێتەوە لە پرسی کورد و لە توانی ئەمەریکا بۆ قایلکردنی تورکەکان بە ئازادیی زیاتری سیاسی و کولتووریی فرەیی... کە ساڵانێکی دەوێ بۆ ئەوەی پێش بکەوێ"[٦١]، پێشبینیی ئەوە دەکا کە تورکیا هێشتا ڕێگەیەکی درێژی لەپێشە بۆ ئەوەی بیگرێتە بەر پێش ئەوەی چاکسازییەکانی سەردەمیبوون کە تورکەکان و عوسمانییەکان پێش ١٥٠ تا ١٦٠ ساڵ هێنایانە ڕۆهەڵاتی ناوین" کاری خۆیان بکەن[٦٢].

بۆیە ئەو چاکسازییە مژدەبەخشانەی دیسانەوە لەلایەن ئاکەپە پێشنیاز کران، دوابەدوای نەخشەڕێی گوتاری داهێنەرانەی تورگوت ئۆزال لە سەرەتای ١٩٩٠ـەکاندا وەک خاڵی وەرچەرخان لە سیاسەتی تورکیای پێوەست بە کورد، دەکرێ ببێتە مایەی بەرهەمهێنانی گۆڕانکاریی ئەرێنی بۆ زۆرینەی کۆمەڵگە[٦٣].

مایەی سەرنجە کە ئەو دوو پرسەی ئەمڕۆ ڕووبەڕووی تورکیا دەبنەوە- پرسی کورد و ڕۆڵی ئیسلام- ئێستا ڕێک لەسەر لووتکەی ئەجێندای ناوخۆی تورکیادا خۆیان دەبیننەوە بەهۆی ئەوەوە کە ئاکەپە حوکمڕانە لەلایەکەوە[٦٤]، لەگەڵ زیادبوونی دەنگی کورد بۆ ڕێژەی ٥,٥٪ لە هەڵبژاردنە نەتەوەییەکانی ٢٠٠٧دا و دواتر بۆ ٦,٦٪ لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١١دا لەلایەکەی ترەوە. سەرباری ئەو پێشکەوتنەی بەدەست هاتووە، هێشتا لەوە دەچێ کە تورکیا ڕێگەیەکی درێژی لەبەر بیبڕێ بەپێی کۆمیسیۆنی یەکەتیی ئەوروپا و دادگەی ئەوروپایی بۆ مافەکانی مرۆڤ[٦٥]. ئەمەشە کە وای کردووە ڕۆڵ و ئەرکی بێسنووری سوپای تورک توخمێکی گرینگ بێ لە ژیانی سیاسیی تورکیادا[٦٦] و، پێویستیی "بەهێزکردنی سیستمگەلی لێپرسینەوە و دیوەدەری"[٦٧] شانبەشانی هەموارکردنگەلی بەپەلە بۆ ماددەی ٣٠١ی یاسای تاوانی تورکی کە پێوەستە بە ئازادیی دەربڕینەوە لە تورکیا، بەردەوام لەلایەن یەکەتیی ئەوروپاوە بە گرینگ دێنە ژماردن[٦٨].

هەروەها:

تورکیا هێشتا سێ پرۆتۆکۆلی تری پەیمانی ئەوروپاییی مافەکانی مرۆڤی (ECHR) پەسند نەکردووە لە بواری مافەکانی مرۆڤ و پاراستنی کەمینەکان، لە کاتێکدا کە ECHR لە ماوەی راپۆرتدانەکەدا ٢٦٦ حوکمی پێشکێش کردووە (لە ٢٠١٠دا زیاد بوون بۆ ٥٥٣) کە تیایاندا دەرکەوتووە تورکیا ECHRی پێشێل کردووە لەمەڕ مافەکانی دادگەییی دادوەرانە و پاراستنی موڵکداری[٦٩].

ئەوەندەیشی پێوەندیی بە ئازادیی گردبوونەوەوە هەیە، بە کردەنی سنووردارکردنی ستەمکارانە سەپێنراوە بەسەر مافی گردبوونەوەی ئاشتییانەدا"[٧٠]. بەتایبەتی، "ئەنجوومەنی نەتەوەییی باڵای تورکی رۆڵێکی سنووردار دەگێڕێ لە داڕشتن و جێبەجێکردنی ستراتیجی بەئەندامبوونی تورکیادا"، وەک راپۆرتی پێشکەوتنی تورکیا لە ٢٠١٠دا بۆی دەرکەوتووە[٧١]. کەیسەکانی داخستن کە سەرۆکی داواکاریی گشتی دژ بە ئاکەپە (١٤ی ئاداری ٢٠٠٨) پێشکێشی کرد لەو کاتەدا کە حزبەکە بە دژایەتیکردنی عەلمانییەت تاوانبار کرا و، دژ بە پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات (دەتەپە) بە تاوانی جیاخوازی (١٦ی تشرینی دووەم ٢٠٠٧) تەنیا نووکی چیا سەهۆڵینەکە بوون. هەڵبژاردنەکانی تورکیا لە ١٢ی حوزەیرانی ٢٠١١دا پێشێلکردنێکی هاوشێوەیان بۆ دادوەری بەخۆوە دی کاتێک کە دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی تورکیا (٢٢ی حوزەیرانی ٢٠١١) پەرلەمانتەرێکی بێلایەنی- پاڵپشتیکراو لەلایەن پارتی ئاشتی و دیموکراتییەوە کە لایەنگری کوردە- بەتۆمەتی تیرۆر لابرد[٧٢]. ئەم جۆرە بانگەشانە جەخت لە باڵادەستیی پێکهاتەگەلی سوپا (کەمالیست-عەلمانی) لە تورکیادا دەکەن- بەگرێدراوی لەگەڵ "دەوڵەتی ژێرەوە"دا[٧٣]- لە کاتێکدا کە "یاریکەرانی سیاسیی خاوەن ئاستێکی گونجاو لە پارێزگاری لە دەستوەردانی دەوڵەت لە ئازادیی دەربڕین" بێ بەش دەکرێن[٧٤]. بە هەمان شێوە، درزەکردنی پلانی دوو کودەتای سەربازی کە لەلایەن بەرپرسانی باڵای سوپاوە داڕێژرابوون دژ بە ئاکەپە (٢٠٠٤)[٧٥] و، هەوڵەکەی سوپا لەگەڵ حزبی سەرەکی ئۆپۆزسیۆن پارتی گەلی دیموکرات (جەهەپە) بۆ بایکۆتکردنی دەستنیشانکردنی عەبدوڵا گوڵ لەڕێی "کودەتایەکی ئیلیکترۆنی"یەوە (دەستوەردانی لەڕێی پێگەی ئیلیکترۆنییەوە) بۆ پۆستی سەرکۆمار (٢٠٠٧) لەبەر باکگراوندی ئیسلامیی گوڵ ئاماژەن بۆ ئەو کۆسپانەی لەلایەن باڵی سەربازیی دەوڵەتەوە دروست دەکرێن لەمیانی کۆششیان بۆ پاراستنی رۆڵی سەرەکیی نەگۆڕیان، لە کاتێکدا کە گرتنەکانی ئەم دواییەی کوردان رێگر دەبن لە بەردەم هەوڵەکانی ئاکەپە بە ئاراستەی بەدیموکراتیبووندا[٧٦].

لە کۆتادا، سنووردارکردنی زیاتر لەلایەن یەکەتیی ئەوروپاوە تۆمار کراون لە بارەی ئەو کۆت و بەندانەی دەخرێنە سەر بەکارهێنانی زوانەکانی تری غەیرە تورکی لە ژیانی سیاسی، خوێندن و پێوەندیکردن بە دەزگە گشتییەکاندا. هەڵبەت وەشانی کوردی رێگەی پێ درا (کردنەوەی کەناڵی رادیۆی ناوخۆی Muş FM، و تیلیڤزیۆنی کوردزوان TRT6 لە ٢٠٠٩دا)[٧٧]، بەڵام هێشتا



هەولێر الحمه دیکر

"گفتوگۆی سیاسی یان پرۆگرامی گشتیی کات بەسەربردن بە زوانی کوردی بە کردەنی لە کەناڵە تیلیڤزیۆنییە تایبەتەکاندا ئاستەمە"[٧٨] لە کاتێکدا کە هێشتا وتنەوەی زوانی کوردی وەک وانەیەکی بەئارەزوو لە سیستمی قوتابخانە فەرمییەکاندا چاوەڕێی بڕیاردانە لەسەری.[٧٩] ترسێکی تریش بریتییە لەوەی تورکیا نە پەیمانی چوارچێوەی ئەنجوومەنی ئەوروپایی بۆ پاراستنی کەمینە نەتەوەییەکان، یان پەیمانی ئەوروپاییی بۆ زوانی ناوچەیی یاخۆ هی کەمینەی ئیمزا نەکردووە[٨٠]. لەوەیش زیاتر، پاراستنی دەستووری ١٩٨٢ وەک بەرهەمێکی نادیموکراتترین دەیە لە مێژووی سیاسیی تورکیادا، هاوشانی ترسی کورد لە گۆڕینی چاوەڕوانکراوی ناکارا تێیدا لەباری مافەکانی کەمینەگەلەوە، ئەوە پێشان دەدەن کە هەر پێشکەوتنێک خاو و سەخت دەبێ[٨١]. ئەم جۆرە پێشهاتانە نەک تەنیا پێچەوانەی قبووڵکردنی کۆتای تورکیایە بۆ ماددەی ٣٩ی پەیمانی لۆزان (٢٤ی تەمموز ١٩٢٣) و پرسیارگەلێک قیت دەکاتەوە لەبارەی ئایا وڵاتەکە هیچ بەرەوپێشچوونێکی ئەنجام داوە لەمەڕ پرسەیل دیاریکراودا[٨٢]. ئەمە دەشێ زیاتر پشتئەستوور بکرێ لەڕێی خوێندنەوەیەکەوە بۆ راپۆرتەکانی ٢٠١١، ٢٠١٠ و ٢٠٠٩ی یەکەتیی ئەوروپا لەبارەی تورکیاوە کە پێ دەچێ پێشکەوتنێکی ئەوتۆی لە ٢٠٠٨ـەوە بەدی نەهێناوە، چونکە ئەو راپۆرتانە دەڵێن کە "دەزگەکانی هاوئاهەنگیی کارا، توانی کارگێڕی و جێبەجێکردنی یاساکان... هێشتا پێویستیان بەدامەزراندن (وەک) ئامادەکارییەک لەم بوارەدا لە قۆناخێکی زوودا"[٨٣].

تەواوکردنی پێوەرەکانی کۆپنهاگن لە داهاتوودا لەلایەن تورکیاوە و ئینجا چوونە ناو یەکەتیی ئەوروپایەوە– لەو لایەنەوە کە یەکەتیی ئەوروپا نوێنەرایەتیی ڕێکخراوێکی دیموکرات دەکا کە لە ئەندامانی دیموکرات پێک دێ– دەبێ پێشوازیی لێ بکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا، چارەسەرکردنی پرسی کورد پێش چوونە ناو یەکەتیی ئەوروپا خۆی لە خۆیدا گرینگییەکی تایبەتی بۆ کوردان هەیە هەروەها بۆ سیاسەتی تورکیایش بە هەمان شێوەیە. ئەوە تەنیا نابێتە فاکتەرێکی بەشدار لە وەرگرتنی تورکیا لەلایەن یەکەتیی ئەوروپاوە و تەواوی پرۆسەکە ئاسان دەکا، بگرە دەشێ ببێتە هۆی چارەسەرێکی باشتر و بەسوودتر لەنێوان کورد و ئەنقەرە بەوەی کە "کورد تەنیا بەوەندە دڵنیا نابن کە تورکیا پێوەرەکانی کۆپنهاگن جێبەجێ بکا لەبەرئەوەی یەکەتیی ئەوروپا دان بە تاک تاکی مافەکاندا دەنێ نەک هەموویان بەتێکڕایی"[٨٤]. لێرەوە، چوونی تورکیا بۆ ناو یەکەتیی ئەوروپا، لەوە دەچێ کە پێوەست بێ بە چارەسەرێکی پێشوەختەی سیاسی و ئاشتییانەی پرسی کوردەوە، بەڵام ئەمەیش تەنیا لەڕێی بەیەکگەیشتنی نێوان خواستە کوردی و تورکییەکانەوە دەبێ. هەرچەندیش بۆچوونەکانی سوپا بەشێوەیەکی نەرێتی دژی ئەندامێتیی تورکیان لە یەکەتیی ئەوروپادا، بەڵام گۆڕانکاریی بەرچاو هەن، ئەگەر چی هێشتا ناڕوونن، شانبەشانی بوونی پرسی کورد و، "جەختکردنی تورکیا لەسەر ناونانی پرسی کورد بە "کێشەی تیرۆریزمی پەکەکە (پارتی کرێکارانی کوردستان)" کە دەبێ شەڕی بکرێ نەک تەنیا ئەم پرۆژەیەی خستووەتە مەترسی بگرە وا دەردەکەوێ کە بیرۆکراسیەتی تورکیاشی بێبەش کردبێ لە هەلی گەیشتن بە چارەسەرێکی

کاتەکی لەڕێی بەکارهێنانی هۆکارەیل سیاسی و دیپلۆماسیی دیموکراتەوە"[٨٥]. هەرچەندە لەوە دەچێ کە بە گەیشتنی ئاکەپە بۆ دەسەڵات هەڕەشەی سوپای لەسەر سیاسەتەکانی ئەوڕۆی تورکیا سنووردار بووبن، بەڵام هێشتا چارەسەری پرسی کورد بە هەڵواسراوی ماوەتەوە.

٤- پرسی کورد لە کرانەوەی دیموکراتی تورکیادا

هەر وەک چۆن وا بووە، کرانەوەی دیموکراتیی تورکیاش پێوەستە بە چوونە ناو یەکەتیی ئەورووپاوە، بەڵام ئایا تورکیا لە "خێزانی" ئەورووپاییدا قبووڵ دەکرێ یان نا ئەوەش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەو ڕادەیەوە کە ئەنقەرە چاکسازی لە پێکهاتەکانی دەکا بۆ بەرەوپێش چوون لە پرسگەلی وەک چارەسەرکردنی پرسی کورد و سیاسەتە ناوخۆییەکانی. پرسیاری ئەوەی کە چەند کاتی دەوێ بۆ ئەوەی پرسی کورد چارەسەر بکرێ ڕاستەوخۆ پێوەستە بەڕادەی ویستی ئاکەپە بۆ پەرەپێدانی سیاسەتەکەی کرانەوەی دیموکراتی بەئاراستەی بەدیموکراتبوونی تەواو. بۆیە، پێوەندیی نێوان پرسی کوردی تورکیا لەگەڵ کرانەوەگەلی بەدیموکراتبوون و بەئەورووپاییبوون "سێگۆشەیەکی کارا" پێک دێنن.

ئەم سێگۆشەیە، کە پەرت بووە بەناو هەمان گۆڕاوە بەردەوامەکاندا، پشت دەبەستی بە پلەی هاوئاهەنگیی نێوان حکوومەت و بازنە دیموکراتییەکانی تورکیا، بەڵام لە هەموویان یەکلاکەرەوەتر حەزب ئاکەپەیە لە بەردەوامبوون لە کارکردن بۆ چاکسازییە پێویستەکانی دەستوور ە لە کۆتادا جێبەجێکردنی گوتارە دیموکراتەکەی بەرامبەر بە ڕاگەیاندنی دەستپێشخەرییە کوردییەکەی لە ٢٠٠٩دا ,٨٦ فاکتەرێکی سەرەکی لەمەدا سەرکەوتنی ئەردۆگان بوو لە پاشەکشەپێکردنی پێکهاتەی سەربازیی باڵادەستی وڵات بۆ دواوە، وەک لە دەستلەکارکێشانەوەی بەکۆمەڵی ئەم دواییانەی گەورە فەرماندەکانی سوپا ئاشکرایان کرد، کە ڕووداوێکە لە مێژووی تورکیادا پێشینەی نییە[٨٧]. لە هەمان کاتدا، ڕۆڵی هەستیاری پەکەکە لە تەنگژەی ئێستای سووریادا، لەگەڵ پێویستیی ئاکەپە بە پشتیوانیی کورد لە پلانەکەی بۆ بنیاتنانی واتەیەکی نوێ بۆ دەستوور کە ئەنقەرە ئێستا دەبێ گرینگیی بەدەستهێنانی هاوئاهەنگیی کورد بزانێ وەک فاکتەرێکی سەرەکی لە پرۆسەی بەدیموکراتبوونی وڵاتدا. هەنگاوە پێشکەوتنخوازەکانی پێشنیازکراو لە سایەی حوکمی ئاکەپەدا سەبارەت بە پرسی کوردیی تورکیا، نیشانەگەلێکی مژدەهێنن بۆ پێشکەوتنەیلێک کە هەرگیز وڵات بەخۆوەی نەدیون. ئەمە لە یەکەمین کۆبوونەوەی مێژووییی ئاکەپەدا لەگەڵ نوێنەرانی "دەتەپەی لایەنداری کورد (پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات) (١٣ی ئەیلوولی ٢٠٠٩) بۆ گفتوگۆ لەسەر دەستپێشخەریی کوردیی حکوومەت"دا هەستی پێ کرا[٨٨]، پاش ئەوەیش لەو سەردانە دوو ڕۆژییەی بەشیر ئەتالای، وەزیری ناوخۆ، بۆ دیاربەکر لە هەوڵێکدا بۆ "ژیان بە ئاشتی و برایەتی، هەموو مافەکانمان لەخۆ دەگرێ" لەگەڵ ئەو کۆبوونەوەیەی نێوان لەیلا زانا و ئەردۆگان (٢ی تەممووزی ٢٠١٢) و "وتووێژەکانی ئۆسلۆ" (٢٠٠٩-٢٠١١)[٨٩]. لەگەڵ ئەوەشدا، بەشداریی ئەردۆگان لە کۆبوونەوەی ئەیلوولی ٢٠٠٩دا وەک سەرۆکی ئاکەپە زیاتر لەوەی وەک

سەرۆک وەزیران واتەگەلی دوو-لایەنە لەخۆ دەگرێ. ئەوە نەک تەنیا پەردە لەسەر تەحەفزەکانی لە بەرامبەر کاردانەوە دەوڵەتی تورک/ بازنە عەلمانییەکان هەڵدەماڵێ، بگرە ئاماژەشە بۆ پێشڤەچوونی بەردەوامی پرسی کوردی تورکیا (کە هێشتا قەدەخەکراوە) بەرەو چارەسەر[٩٠].

سەرباری دڵەڕاوکە کوردییەکان لەبارەی کوژرانی ئەم دواییەی سی و پێنجساڵی کەسی مەدەنی لەڕێی هێرشە ئاسمانییەکانی سوپای تورکیاوە لە پارێزگەی شیرناخ (کانوونی دووەم ٢٠١٢)، ئەو نووسینانەی باس لە پلانی ئاکەپە بۆ دروستکردنی یەکەگەلی پیشەوەی سەربازی بۆ شەڕ لەگەڵ چەکدارانی کورد[٩١] و دروستکردنی ٨٦ گرتووخانە بە هاتنی ساڵی ٢٠١٥ لە ناوچە کوردییەکاندا[٩٢] و هەروەها بانگەشەکانی یاووز لەبارەی دەستبەتاڵیی ئاکەپە لە هیچ "پلانێکی گشتگیر بۆ مامەڵەکردن لەگەل پرسی کوردیدا"[٩٣] و "ئەجێندای شاراوەی" حکوومەت لە بەرامبەر ناسینی کورد وەک خەڵکێکی موسڵمان زیاتر لەوەی خاوەن پێناسێکی جیای ئیتنی بن، دەستپێشخەریی کوردیی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان هێشتا بە چرای سەوزی تاقانە دێتە بەر چاو لەسەر ڕێگەی کۆتاهێنان بە ماوەیەکی درێژی چاوەنواڕیی کوردی. ئەگەر بەم ڕێژانەی ئێستای پێشڤەچوون بەرەو پێشەوە بچێ بە لەبەرچاوگرتنی دۆچی سیاسیی ئێستای ناوچەیی کە بەهۆی گواستنەوەوە دروست بووە، ئەوە لەوانەیە چارەسەرێکی سیاسییانە بۆ پرسی کورد بێتە کایەوە لە ماوەی دەیەیەک یان نێزیکەی دەیەیەکی داهاتوودا[٩٤]. ئەو قسەیەی بەشێر ئەتالای کە گوتی پرۆسەی کرانەوە هەر بەردەوام دەبێ سەرباری سیاسەتی ئەنقەرە بەرامبەر بە پەکەکە، بەڵگەیە لەسەر مکوڕیی ئاکەپە لەسەر چارەسەری پرسی کورد[٩٥]. هەروەها، ئەمە دەخوازێ کە ئەنقەرە بزانی دروستبوونی پەکەکە کاردانەوەیکی کوردی بوو بۆ ڕێچکەی تەناهیی دەوڵەت بەرامبەر پرسی کورد و ئینجا وەدەری بنێ لە گوتاری تورکیا لەبارەی کێشەیەکی تیرۆریزمەوە. سەرهەڵدانی کێشەی کورد ئەجێندای ناوخۆیی تورکیای بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ داگیر کرد، بەڵام تەنیا لەگەڵ گرتنی سەرۆکی پەکەکە، عەبدوڵا ئۆجالان (لە کینیا ١٩٩٩) و تێوەگلانی ڕاستەخۆی ئەمەریکا بووە مەترسییەکی گەورە، چونکە پرسی کوردی خستە ناو بازنەی ڕووناکی ناودەوڵەتی لەبەرئەوەی سەرکردایەتیی بڕیاردەری تورکیایی ناچار بوو بەئاشکرا ڕووبەڕووی ببێتەوە. هەڕەشەیەکی تریش بۆ سیستمی کەمالیست برێتی بوو لە پشتیوانیی زیاتری کرانەوەی کوردی کە سەرکەوتنی ئاکەپە دەری خست (٤٦,٦٪ لە تەمموزی ٢٠٠٧دا)، کە بێگومان بەهۆی پێوەندیی باشی ئەردۆگان لەگەڵ ئەمەریکا شانبەشانی دیتنی دەستپێشخەریی خۆرهەلاتی ناوینی بوش بۆ بەدیموکراتبوون، بەهێزتریان کرد[٩٦].

سازشی دەوڵەتی تورک لەگەڵ هەڕەشەی ئیسلامی لەڕێی قبووڵکردنی دەرکەوتنی ئەردۆگان لە شانۆی سیاسیی ئێستای تورکیا لەگەل شەرعیەتی میللیی ئاکەپە بەهۆی هەڵبژاردنەوەی سەرکەوتووانەیەوە (٤٩,٩٪ لە حوزەیرانی ٢٠١١)، بە هەمان شێوە ڕێی خۆش کرد بۆ ئەگەری چارەسەرکردنی دووەم پرسی بنەڕەتی کە ڕووبەڕووی تورکیا دەبێتەوە لەم سەردەمەدا- پرسی

جەدەلیی کورد. هەرچەندە پرسی کورد بەردەوام کاری زۆری لە سیاسەتی تورکیا کردووە، بەڵام لەوە دەچێ تەنیا ئێستا حکوومەت ئامادە بێ هەنگاو بۆ باسکردنی بنێ[97]. بۆیە یاریچییە بنەڕەتییەکانی هەردوو گۆڕەپانی ناوەخۆیی و ناودەوڵەتی، چ کەمالیستەکان بن یان ئیسلامییەکان یاخۆ ئەمەریکا، بەڕوونی تازە دەستیان کردووە بە هەڵکردن لەگەڵ ئەوەی کە هەیە لەو کاتەدا هە هێشتا سیاسەتی کوردیی تورکیا تەنیا لە قاڵبی شەڕکردن لەگەڵ پەکەکەدا خۆی دەبینێتەوە. بێگومان، وەک ئەوەی یونوس ئۆروچ لە ٢٠٠٩دا ئاماژەی بۆ کردووە "... ئێستا گشت کەسێک لە هەڵەکانی ڕابردوو تێ گەیشتووە... بۆیە من لەو بڕوایەدام کە ئێستا گشت کەسێک نیازپاکە"[98]. تەنانەت سوپاش "ماندوو بووە بەدەستی پرسی کوردەوە و دەیەوێ چارە بکرێ"، لە کاتێکدا کە ئەردۆگان "ئامادەییی هەیە و دەستپێشخەری دەکا بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد وە بابەتێک (کە) بەڕوونی نادادوەریی کوردی پێشان دەدا"[99]. هەرچەندە لەوە دەچێ کە چارەسەرکردنەکەی بۆ ماوەی دەیەیەکی داهاتوو تەواوی سیاسەتی تورکیا داگیر دەکا، ئەگەر بێت و ئەو ناکۆکییە لەبەر چاو بگیرێ کە لەنێوان لایەنەکاندا لەبارەی چارەسەرییەکی هاوبەشەوە هەیە. هەڕەشەیەکی تر لە کاتێ خەملاندنی چارەسەرێکی سەرکەوتوودا ئەوەیە کە ئاکەپە (یان هەر دەسەڵاتێکی تری پشتیوانیکەری سیاسەتەیل دیموکراتی) دەبێ لە دەسەڵاتدا مابێ، و ئەردۆگان (یاخۆ جێگرەوەکەی یان جێگرەوەکانی) بەردەوام بێ لە زاڵبوون بەسەر سوپادا.

شتێکی تر کە جێگیرە ئەوەیە کە پرۆسەی بەدیموکراتبوونی تورکیا، لە کاتێکدا کە لەگەڵ دەرکەوتنی حکوومەتە ئیسلامییەکەی ئاکەپە شانبەشانی بەرەو پێشەوە چوونی لە بەئەورووپاییبووندا، هان دراوە، تا ڕادەیەکی زۆر لەلایەن ئیدارەی ئەمەریکاوە پشتیوانیی دەکرێ[100]. ئامانجی جۆرج دەبلیو بوش کە دڵنیابوون بوو لەوەی "دیموکراسی پتەوە" لە تورکیادا وەک هاوپەیمانێک لە ناتۆدا[101]، لەڕێی پابەندیی باراک ئۆباماوە (٤ی حوزەیران ٢٠٠٩) پشتیوانی دەکرێ بەمەبەستی بەردەوام بوون لە پشتیوانیی مافەکانی مرۆڤ و بنەوا دیموکراسییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا[102] هەروەهایش سەبارەت بە بەئەورووپاییبوونی تورکیا وەک "هاوپەیمانێکی گرینگ"[103]. پێشاندانی تورکیا وەک دیموکراسییەکی تەواو پێویستی بە کەمێک پێشڤەچوونی زیاتر هەیە بۆ بەدەستهێنانی ئەندامەتیی یەکەتیی ئەورووپا مانای ئەوەیە کە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا بە کردەنی و زارەکی وەک هابەشێکی بەردەوام نایەتە گۆڕین[104]. لەسەر ئەم بنەواگەلە، ڕووداوگەلی وەک ڕەتکردنەوەی مێژووییی پەرلەمانی تورکیا (یەکی ئادار ٢٠٠٣) بۆ ڕێگەدان بە ئەمەریکا کە سەربازەکانی لەڕێی تورکیاوە بۆ شەڕی عێراق بنێرێ ئاکامێکی نەرێی لەسەر هاوسەنگیی پێوەندییەکانی ئەمەریکا–تورکیاوە نەبووە. ئەگەر پرۆسەی بەئەورووپاییبوونی تورکیا کاریگەریی ئەرێنیی هەبووبێ لەسەر کرانەوەی تورکیا بەڕووی بەدیموکراتبووندا، کە لەلای خۆیەوە چاوەڕوانی پێشخستنی کرانەوەی تورکیای بەڕووی پرسی کوردا لێ دەکرێ، ئەوە سیاسەتەکانی ئەردۆگان و ئۆباما کە وا دەردەکەوێ هەردووکیان کەمتر لە پێشینانی خۆیان توند بن، دەشێ

بەپرسێتیی ئاراستەی زیاتر ئازادانەیان دەخرێتە ئەستۆوە. رووداوگەلی وەک ڕێککەوتنی هەردوو لایەنی ئەمەریکایی و کوردی لەبارەی "کردنەوەی نووسگەی دەتەپە لە واشنتن" لە میانی کۆبوونەوەیەک لە ئەنقەرە (ئاب ٢٠٠٩)١٠٥ شانبەشانی دزەکردنی "نەخشە ڕێگەی" حکوومەتەکەی ئەردۆگان بۆ پرسی کورد، وەک شیمانەی مژدەدەرن بۆ پێشڤەچوونی داهاتوو[١٠٦]. تەنیا پشتیوانیی ئیدارەی ئەمەریکایی نییە بۆ مافی ئۆجالان لە دادگەییەکی دادوەرانە و بۆ مافەکانی کورد لە تورکیا[١٠٧]، بگرە سیاسەتی ئەمەریکایش بۆ پشتیوانیی مافی کەمینەکان لە سەرتاسەری دنیادا ویستی ئەمەریکا ڕوون دەکاتەوە، هەرچەندە پلەی جەختکردنەکەی لەسەر چارەسەری پرسی کورد وا نییە[١٠٨]. لەم ڕۆژگارەدا، وا دەردەکەوێ کە ئەمەریکا سەرکۆنەی گرتنی بەرپرسە هەڵبژێردراوە کوردەکان و کەسایەتیی تری لایەنداری کورد بکا، ئەویش لە ترسی ئەوەی کە ئەم جۆرە سیاسەتانە باری دەستپێشخەریی کوردی گران بکەن و میسداقیەتی ئاکەپە لەناو کوردەکاندا بڕووخێنن[١٠٩]. لەگەڵ ئەوەشدا، هەر هەوڵێک بەرەو کرانەوەی تورکیا پێویستی بە پشتیوانیی جەماوەر هەیە، ئەو شتەی ئەمڕۆ لەوە دەچێ چالاک بووبێتەوە.بۆ جاری یەکەم لە مێژووی سیاسییدا، پێ دەچێ چیی تر سیاسەتی دەسەڵاتی تەواوی تورکیا ئەو شەرعییەتەی نەمابێ– هەر نەبێ بەو شێوەیە نەماوە کە هەبوو– کە بەهۆی هاووڵاتیبوونەوە پەیدا دەبوو[١١٠]. لە هەمان کاتدا، پێشنیازی چارەسەرکردنی پرسی کورد وەک فاکتەرێکی گرینگ دێتە بەر چاو لە سیاسەتی تورکیا و لە چوونی دەوڵەتەکەیش بۆ ناو یەکەتیی ئەوروپادا[١١١]. ئەو پێشکەوتنانەی وەک ڕێککەوتنەکانی تورکی–ئەرمەنی لەبارەی پێوەندییە دیپلۆماسییەکانی نێوان هەردوو لا، پاش دوژمنایەتییەکی درێژخایان و ئەو سەرهەڵدانە عارەبییانەی ئێستا لەئارادان هەموو هێمابوونی خۆیان لەناودا هەیە، هەروەها پاڵپەستۆی زیاتریش بۆ درووستبوونی ئاراستەیەکی تازە لە مێژووی دیموکراسیی تورکیا لەسایەی حوکمڕانیی ئەردۆگاندا.

ئەو زنجیرە ڕووداوانەی ئێستا ناوچەکەیان گرتووەتەوە، وەک دوژمنایەتیی نێوان ئیسرائیل و حیزبوڵا، ئاستی دەستوەردانی ئەمەریکا لە بەکارهێنانی توندوتیژی لەلایەن سووریاوە لە دژی هاووڵاتییانی خۆی، لە کۆتاییدا هەڵوێستی تورکیا (لەبەرامبەر گشت ئەمانەدا) هاوکار دەبن لە دیاریکردنی گفتوگۆی ناوخۆیی تورکیا لەسەر ڕەشنووسی دەستوورێکی نوێ کە لەلای خۆیەوە ڕاستەوخۆ پێوەستە بە چارەسەری پرسی کوردەوە. لەو کاتەدا کە زۆربەی وڵاتانی یەکەتیی ئەوروپا (وەک بریتانیا، یۆنان، ئیتالیا، بەلجیکا، سوید، و بە ڕێژەیەکی کەمتر ئەڵمانیا) لایەنگریی بەئەندامبوونی تورکیا دەکەن بەو مەجەی پێوەرەکانی کۆپنهاگن جێبەجێ بکا، فەرەنسا هێشتا دژی بەئەوروپاییبوونی تورکیایە لەبەر ئەوەی موسڵمانە و ڕەنگە لەبەر ئەوەش بێ کە ژمارەی دانیشتووانی زۆرە[١١٢]. دیتنی یونوس ئۆروچ کە دەڵێ "تورکیا لە ١٠ تا ١٢ ساڵی داهاتوودا بچێتە ناو یەکەتیی ئەوروپا، ئەگەر ئەو خێراییەی ئێستای زنجیرە پێشکەوتنەکان بەو گوڕوتینەی ئێستایەوە بەردەوام بێ"، لەکاتێکدا "ئەگەر ئەوروپا سیاسەتەکی ڕاستگۆیانە بگرێتە بەر لە

پشـتگیـریی بەئەندامـبـوونی تورکـیـادا، ئەوە دەتوانین زووتر ببین بە ئەندام"، سـرووشـتی پێوەندییەکانی ئێستای یەکەتیی ئەورووپا-تورکیا پێشان دەدا[١١٣]. ئەم جۆرە پێوەندییانە ڕەنگە و ئەگەریش هەیە تێک بدرێ لەلایەن سوپا و بازنە سیاسییەکانی تورکیاوە کە زۆربەیان "پاڵپشتی چوونی تورکیا بۆ ناو یەکەتیی ئەورووپا نین، (لەبەر ئەوەی) دژی یۆراسیا ئاراستە کراوە کە خاڵی چەقەکەی ئاسیای ناوەڕاستە"[١١٤] بەبێ گوێدان بەوەی کە "حکوومەت بەپەرۆشە" بۆ چوونە ناو یەکەتییەکە[١١٥]. بێگومان، ئۆپۆزسیۆنی تورکیا، نە تەنیا بۆ دەستپێشخەریگەلی بەئەورووپاییبوون و بەدیموکراتبوونی وڵاتەکە، بگرە بۆ چارەسەری پرسی کوردیش، زۆربەی هەرە زۆری و بەشێوەیەکی سەرەکەی سەرچاوەکەی ئەو سنووردارکردنانەن کە لەلایەن دەزگەی سەربازییەوە سەپێنراون کە خاوەنی دەسەڵاتێکی فرەوانە لە بواری سیاسەتدا. لەگەڵ ئەوەشدا، پێگەی تورکیا لە یەکەتیی ئەورووپادا دەشێ ڕێگریی لێ بکرێ لەلایەن ئەو گرووپانەوە کە تەنیا خوازیاری قازانجە ئابوورییەکانن کە دۆخی کاندیدبوونی وڵاتەکە دەیانسەپێنێ، یان سەرهەڵدانەوەی هەڵوێستی سوپا کە بە گومانە دەڕوانێتە هەر کرانەوەیەکی تورکیا لە دەرەوەی ئەو چوارچێوە تۆکمەیەی دەوڵەت کە پاش مستەفا کەمال لەلایەن سەرکردایەتیی سوپاوە داڕێژرا، لەبەر ئەوەی لەوانەیە مەترسی بێ یاخۆ ڕووخێنەر بێ بۆ پێکهاتەی نەریتیی تورکیا کە تیایدا سوپا پێگەیەکی باڵای هەیە وەک پارێزەری دەوڵەت. بۆیە لەوە دەچێ کە باشترین گرەوی ئاکەپە نابێ تەنیا لەسەر قایلکردن بێ لەڕێی سیاسەتە عەلمانییەکانیەوە، بگرە دەبێ بە جێبەجێکردنی چاکسازییە پێویستەکان و گۆڕانکاریی بنیاتیش بگرێتەوە تا بتوانێ بە ئامانجی خۆی بگا لە بەدیموکراتبوون لەڕێی تەواوکردنی پرۆسەی بەئەورووپاییبوونەوە. بەهەر حاڵ، ئەمەی دوایی گرێدراوە بە چارەسەری پرسی کوردی تورکیا وەک کێشەی پێناس. ئەمە سەرئێشەیەکە "نەک تەنیا بۆ تورکیا، بگرە بۆ ئەورووپایش، بەهۆی ئەو ژمارە زۆرەی کوردەوە کە لەوێ دەژین"[١١٦] و ڕەهەندگەلێک لەخۆ دەگرێ کە بوارەکانی ئابووری، کولتووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی دەخەنە بەر پرسیارەوە[١١٧]. لەسەر ئەم بنەواگەلە، ئەو بیرۆکەیەی دەڵێ کە "کاتێک بەدیموکراتبوون تەواو کرا، تەنیا لەو کاتەدا سوپا بۆ شوێنی خۆی دەگەڕێتەوە... بۆ سەربازگەکان"، لەم ڕۆژانەدا لەناو هێزە سیاسییەکانی تورکیادا باوە، بەڵام تا گشت میکانیزمەکانی دەوڵەت بەشدار نەبن لە چارەسەرکردنیدا "پرسی کورد چارەسەر ناکرێ"[١١٨]. تا ئێستا، پارێزبەندیی بەرچاو هەن، بەتایبەتی لەبەر ڕۆشنایی ڕاگەیاندنگەلی وەک ئەوەی بەرنامەکەی کامپبێڵ براون (سی ئێن ئێن لە ٢١ی ئاب ٢٠٠٩) کاتێک کە نەخشەیەک پێشان درا تیایدا ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا ناوی کوردستانیان لێ نرابوو. ئەم جۆرە ڕاگەیاندنانە کاریگەریی نەرێییان لەسەر هەوڵەکانی تورکیا بۆ چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد دەبێ لەبەر ئەوەی داواکانی ئێستای کورد بۆ ئۆتۆنۆمی دەشێوێنن و وەک هەوڵ بۆ سەربەخۆیی پێشانیان دەدەن.

هەواڵنامەی کتێب

## ٥ ئەجیندایەکی سیاسیی کوردی بۆ سەتەی ٢١: ڕێگە بەرەو ئۆزەرکلیک

بەپێچەوانەی داخوازییەکانی کورد بۆ سەربەخۆیی لە سەتەی بیستدا، کورد ئەمڕۆ "چیی تر کێشەکەیان نە بەپێی مەرجەکانی بیری چەپ لێک دەدەنەوە و نە لەسەر بنەوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی. بگرە "...(ئێمە) ئۆتۆنۆمی لێک دەدەینەوە بەو شێوەیەی کە گونجاوە لەگەڵ داخوازییەکانی سەتەی ٢١دا". بۆیە داواکانی کورد بۆ "مافە بنەڕەتییەکانی پێناس، خوێندن و کولتوور کە بە گەرەنتیی دەستووری مسۆگەر بکرێن بەبێ گۆڕینی سنوورەکان بۆ ئەوەی دۆخێکی پێکەوەژیانی ئاشتییانە بێتە ئاراوە"، چەقی پرسی کوردی تورکیا لە ئەمڕۆدا پێک دێنێ[١١٩]. بەڵام هێشتا هەندێ دەنگی کوردی هەن پشتیوانیی ئەو بیرۆکەیە دەکەن کە دەڵێ چیی تر ئۆتۆنۆمی بەس نییە. لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕێژەی دەنگی کورد بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە لەم هەڵبژاردنانەی دواییی تورکیادا، کە تیایاندا کورد وەک هێزێکی ڕێکخراوی سیاسی و کاریگەر دەرکەوت لەناو بەدەپە (پارتی ئاشتی و دیموکراسی)دا، بەڵام هێشتا بەشدارییان لە سیستەمی سیاسیدا کێشەدار هاوشانی ئەو حوکمانەی دژ بە ئەندامانی بەدەپە دراون، بەوەی کە باڵادەستیی پەکەکە بەسەر سیاسەتی کوردا بەگشتی جەختی لێ کراوە. لەگەڵ ئەوەشدا ڕێکخراوی جۆرەوجۆر هەن "کار دەکەن لە بوارەکانی کۆچ، هەژاری، مافەکانی مرۆڤ، هونەر و شارستانێتی... پێوەستن بە حزبگەلی سیاسییەوە"[١٢٠]. جیا لە حزبە سیاسییە کوردییەکانی هاک-پار (پارتی دادوەری و ئازادی) و کادەپ (پارتی بەشداریی دیموکراسی)، پشتیوانیی زۆرتر بۆ بەدەپەی جێگرەوەی دەتەپەیە (پارتی کۆمەڵەی دیموکرات، ٢٠٠٥)[١٢١]. بەشێوەیەکی نافەرمی، ڕۆڵی کۆنگرا-گەل (کادەکی پێشوو، پەکەکەی پێشوو) پێشەنگیی هەبووە لە سیاسەتی کوردیی تورکیادا. دەستپێشخەرییەکانی سەرکردایەتییەکەی بۆ پرسی کورد جێی بایەخن[١٢٢]. لەگەڵ ئەوەش کە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی باڵی سەربازیی کۆنگرا-گەل قوربانیی کوردیان خستووەتەوە و سیاسەتی کوردییان سەختتر کردووە، هەرچەندە هەموو جارەک کاریگەرییەکە نەرێیی نەبووە، چالاکییەکانی پەکەکە بەگشتی و نا ڕادەیەکی زۆر بەشدارییان هەبووە لە بەناودەوڵەتیکردنی پرسی کورد و لە هەستکردنی کورد بە پێناسی خۆیاندا[١٢٣]. هەرچەندە کە ئەمڕۆ ئاکەپە دڵنیایی پێشان دەدا بەرامبەر بەوەی "تورکیا بەبێ چارەسەرکردنی پرسی کورد ناتوانێ بچێتە ناو یەکەتیی ئەوروپا"[١٢٤]، کوردەکان لایەنداری ئەو دیتنەن کە دەڵێ ئەوان "نازانن ئایا ئاکەپە سیاسەتێکی کۆنکرێتی یان هەر سیاسەتێکی کوردیی هەیە، چونکە بە ئاشکرا هیچ ئاماژەیەک نییە جگە لە چەند وتارێک"[١٢٥]. هەستکردن بەوەی "کرانەوەی کوردیی ئاکەپە ڕاگەیاندنی کۆتای سیاسەتەکانی دەوڵەتە کە نکووڵییان لە پێناسی کورد دەکرد" ئەویش گشتیی گەشبینانەیە[١٢٦]. لە ئەم سیاقەدا، کۆتای گۆشەگیرکردنی عەبدوڵا ئۆجالان پاش دە ساڵ لە گرتنی لە جێی خۆیدایە[١٢٧]. سەبارەت بە یەکەتیی ئەوروپاش، ئەگەر حکوومەتی تورکیا بەڕاستی پێشنیازە کوردییەکە پەسند بکا وەک کە لە مۆدیلی "ئۆتۆنۆمیی دیموکرات"ی پێشنیازکراوی بەدەپەدا پێشان

دراوه و عەبدوڵا ئۆجالانیشی تێدا بێ، ئەوە نەک تەنیا دیاردەی ئەو پەکەکەیەی ٣٠ ساڵی ئەم دواییــیــە کــۆتای پێ دێ، بگرە چوونی تورکیــاش بۆ ناو یەکــەتیی ئەوروپا، لەگــەڵ ئەویش بەدیموکراتبوونی وڵات، لە کۆتادا ئاسان دەبن. ئەگەر نا، "تورکیا ئەگەر پابەندی پێوەرەکانی کۆپنهاگنیش ببێ، ئەوە پرسی کورد یەکلا نابێتەوە، لەبەر ئەوەی یەکەتیی ئەوروپا تاک تاکی مافەکانی مەبەستە نەک مافەکان بە گشتی" لەبارەی پرسی کوردەوە[١٢٨].

بەپێچەوانەی فیدرالیزمی عێراقەوە، نموونەی "دیموکراتیک ئۆزەرکلیک" و نا"ئۆتۆنۆمی" سیستمێکی حوکمڕانییە تایبەتمەندییەکانی سیاسیی تورکیا لەبەر چاو دەگرێ هەروەها مێژووە سیاسییەکەشی[١٢٩]. بەشێوەیەکی تایبەت، ڕەنگدانەوەی مۆدیلێکی کارگێڕییە کە بنیات نراوە لەسەر "دروستکردنی ٢٠ هەرێمی خۆ-بەڕێوەبەر کە تیایاندا یاسادانان، ئابووری و بەرگری لەژێر کۆنترۆڵی ئەنقەرەدا دەبن، لە کاتێکدا کە دەسەڵاتە سیاسی و کارگێڕییەکانی تر بەدەستی ئەو حکوومەتانە خۆیانەوە دەبن"[١٣٠]. بە مەرجی گەرەنتیگەلی دەستووری، ئامانجی مۆدیلەکە بریتییە لە "لامەرکەزییەت و مەرەخەسکردنی حکوومەتە ناوخۆییەکان لەڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە"[١٣١]. لەگەڵ ئەوەشدا، پێم وایە کە لە مەودای دووردا جۆرێک لە حوکمی فیدراڵ، بەهۆی فرەڕەنگیی کۆمەڵگەی تورکیاوە، چارەسەرێکی واقیعیتر و گونجاوتر دەبێ بۆ بەدیهێنانی سەرکەوتووانەی پێکەوەژیانێکی ئاشتییانە بۆ کوردەکان وەک هاووڵاتیی خاوەن پشتینەی ئیتنیی جیاواز لە تورکیادا. تەنانەت ئەو کاتەش، پاڵپەستۆی ئەمەریکا و یەکەتیی ئەوروپا لەبارەی پرسگەلی مافەکانی کەمینەکانی تورکیا و تەواوکردنی پرۆسەی بەدیموکراتبوونی تورکیا جیا لە باڵادەستبوونی سیاسەت بەسەر باڵی سەربازیی کەمالیست لەناو وڵاتەکەدا وەک تەنیا کۆکردنەوەی مەرجەکان دێتە بەر چاو کە بشێن ئاسانکاری بۆ چارەسەرکردنی سیاسییانەی پرسی کورد بکەن[١٣٢]. لەسایەی ئەم هەلومەرجانەدا، ئەگەر بتوانرێ گوتاری سیاسیی حکوومەتی و پێشنیازە کوردییەکان بگۆڕدرێن بۆ کاری کۆنکرێت، ئەو کاتە ئەگەر زۆرە کە لە دەیەی داهاتوودا یان لەو دەوروبەرەدا بوونی پرسێکی کورد لە تورکیادا باسیشی نەمابێ، و بێگومان ئەو پێکهاتە تورکییە دەست بەستراوە بۆ زیاتر لە ٨٠ ساڵ پیادە کرا ئەویش نامێنێ.

## ئەنجام

ناواخنی چاوەڕوانکراوی سیاسی بۆ ڕۆڵی کورد لە هەوڵەکانی تورکیا بۆ بەئەوروپاییبوون و بەدیموکراتبوون وەک لە دەقی سەرەوەدا پێشان دراون/ هەروەها بەشێوەیەکی سرووشتی بوونە هۆی هەندێ ناواخنی تیۆرییانە. ئەوەی ڕاستەوخۆ دیارە، ئەو ڕۆڵەیە کە یاریچییانی نا-دەوڵەتی وەک کورد یان پەکەکە بەتایبەتی گەمەی دەکەن لە سیاسەتی ناودەوڵەتیدا. بە شێوەیەکی چاودێریکراو، ئەم بابەتە ئەوە پێشان دەدا کە- جیا لە پرسی ئەوەی سەروەری لە کوێدایە- ئیسلام بەشدارە لە بنەوایەکی ئایدیۆلۆجیاییی هاوبەش لەگەڵ دیموکراسیدا لە شێوازەکانی

حوکمڕانییاندا، لە هەردوو بنەوای یەکسانی و پابەندبوونیان بە "بەرژەوەندیی گشتی" شانبەشانی باسکردنی زۆر– لە بنەوا و پراکتیکی شوورا. هۆی ئەوەی کە لە گەلێک ئەدەبیاتدا ئیسلام وەک کێبەرکێکەر لەگەڵ دیموکراسی پێشان دەدرێ، یان وەک ناکۆک لەگەڵ ئەو بنەوایەی جەماوەرییێتیی دیموکراسیی لە ئەمڕۆدا لەسەر بنیات نراوە، تەنانەت لەڕووی ئایدیۆلۆجیایشەوە، دەکرێ بگەڕێنرێتەوە بۆ یەکەمایەتیدان بە بەرژەوەندیی دەستەجەمعی بەسەر حوکمی کەمینەی کۆمەڵگەییدا[١٣٣]. لەسەر ئەم بنەوایە، دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین دەتوانن نەرمترین بەکارهێنانی دیموکراسی بەرپا بکەن وەک ڕێگەیەک بۆ خزمەتی حکوومەتێکی زیاتر گونجاو، لەگەڵ پێشخستنی بەپێی پێویست. ڕاستییەکە ئەوەیە کە لەڕاستیدا جێبەجێکردنی دیموکراسی تا ڕادەیەکی زۆر تێک دراوە، وەک لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا ڕووی داوە لە دوورکەوتنەوە لە بیرۆکەی ئوممە و واتەکانی. لە حاڵەتی تورکیاشدا ئەوە پیشان دراوە کە ئەگەر یەک فاکتەرێک هەبێ کە بشێ تاوانی مێژوویی ڕێگری لە کرانەوەی دیموکراتیی تورکیای بخرێتە ئەستۆ، ئەوە ئەو فاکتەرە ئاین نییە، بگرە پێکهاتەی سوپاییی دەوڵەتەکەیە. ئەمەش ڕوونی دەکاتەوە کە جیاوازییە پێکهاتەییەکانی تورکیا بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تر ڕۆژهەڵاتی ناوین، و بەتایبەتی ئەو جیاوازییانەی پێوەستن بە ئەسڵە مێژووییەکانی پێکهێنانی دەوڵەتەکانیانەوە. هەروەها جیاوازییە ئایدیۆلۆجیاییەکان ڕوون دەکاتەوە کە گومان دەخەنە سەر ئەوەی تورکیا بۆ ماوەیەکی درێژ بە دۆخێکی جیاواز دانراوە و بە شێوازێکی شایانی لاساییکردنەوە لەلایەن کۆمەڵگەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوینەوە، ئەمەش وا دەکا بەراورد لە نێوانیاندا جێگیر نەبێ. ئەگەر بڕیار بێ کە تورکیا بیرۆکە بە باقی دنیای خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بدا ئەوە دەبێ لەڕێی پیادەکردنی حوکمی فرەیی بێ کە ئیلهامبەخشی کۆمەڵگەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەبێ بۆ باشکردنی حکوومەتەکانیان. ئەمە بێگومان لەو کاتەدا دەبێ کە تورکیا دەبێتە دیموکراسییەکی تەواو، هەرچەندە هێشتا وڵاتەکە لە قۆناخێکی ناجێگیردایە لە پرۆسە بەردەوامەکەی بەرەو بەدیموکراتبوونیدا. گەیشتنی ئاکەپە بە دەسەڵات ئاماژەیە بە زنجیرەیەک پێشکەوتن کە وڵاتیان خستە سەر ڕێکەی چوونە ناو ئەوروپا، و لەوێشەوە بەدیموکراتبوون. لە بیرە زیندووکەرەوەکەیدا کە پشتیوانی سەردەمیبوون، کۆکردنەوەی ئیسلام و کەمالیزم بەیەکەوە لەوە دەچێ بەهێزترین باڵیۆزی بۆچوونی کەمال بێ سەبارەت بە ڕۆژئاواییبوون. جێی سەرنجە کە گەیشتنی ئاکەپە وەک حزبێکی ئیسلامی بە دەسەڵات لەلایەکەوە و لە لایەکەی ترەوە وەک ژیێنەرێکی چالاکی پرسی کورد لە سیاسەتدا، بووە هۆی بانگەوازێکی جەختکەر لە دەوڵەتی تورکی بۆ دانںان بە دوو هەستیارترین پرس لە مێژووی خۆیدا کە تا ئەم دواییانە وەک مەترسی دەهاتنە ژماردن. سەرکەوتنی ئاکەپە لە هەڵبژاردنندا لەوە دەچێ کە بەشداریی کردبێ لە چارەسەری بەشەکیی کێشەی تورکیادا. دانانی حزبێکی ئیسلامی لەسەر کورسیی هاژووتنی حوکمی دەوڵەتدا، کارێکی ئاماژەدارە. تەواو مایەی گاڵتەجاڕی دەبێ کە چارەسەری پرسی کورد لەڕێگەی دانانی ڕۆڵی ئیسلام بێ بە مەترسیی پلە یەک لە تورکیادا.

هەرچەندە هێزە ناوەخۆیی و دەرەکییەکان (کە گرینگترینیان پاڵپشتیی ئەمەریکایە) لەوە دەچێ کە لە بەرژەوەندیی هەردوو بابەتی گەڕانەوەی ئیسلام بۆ سەر شانۆی سیاسیی تورکیا و چارەسەری پرسی کورد بێ وەک بەرژەوەندییە ژیانییەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا دەیخوازێ و وا دیارە کە تورکیا حەزی لێیە و بە پەرۆشە بۆ خزمەتکردنی[١٣٤].

ئەو بەڵگەیەی لەم بابەتەدا دۆزرایەوە ئاماژەشی دا بە هەبوونی "سێگۆشەیەکی کارا (یان ئەگەری کاراییی هەیە)" لە نێوان پرۆسەی بەئەورووپاییبوونی تورکیا، پرسی کورد و هەوڵەکانی بەدیموکراتیبووندا. لە پێشاندانی ئەوەی کە چوونی تورکیا بۆ ناو یەکەتیی ئەورووپا پێوەستە بە چارەسەرکردنی زنجیرەیەک پرسەوە لەوانەش پرسی کورد- ئامانجە بۆ چاکسازییەکانی دەوڵەت لەپێناو گۆڕینی دیموکراتی- ئەوەشی پیشان داوە کە چۆن دەسکەوتەکانی تورکیا بۆ بەدیموکراتبوون بەندە بە تەواوکردنی پرۆسەی بەئەورووپاییبوونی تورکیاوە کە ئەویش لەلای خۆیەوە لەسەر چارەسەری پرسی کورد وەستاوە[١٣٥]. ئەمەش وا دەکا کە گۆڕینی پێکهاتەیی لە سێ ئامرازەکەی ئەم "سێگۆشە کارایە" پێک دەهێنن پێویست بن. ئەمڕۆ، وا دیارە کە پرسی کورد لە هەموو کاتێک زیاتر ئامادە بێ بۆ چارەسەر لەبەر ئەوەی ویستی پێکەوەژیانێکی ئاشتییانە وەک "چەکێکی دیموکراتی" باڵی بەسەر بەشە جیاجیاکانیدا کێشاوە. هەر کۆمەڵگەی تورکی نییە کە لێبوردەتر بووە بگرە وا دەردەکەوێ کە کوردەکانیش بەرچاوڕوونیی زیاتریان هەیە لەمەڕ ئامانج و خواستەکانیان. بەڵام هێشتا ماوە ئەوە بزانرێ کە ئایا هێزە جیاجیاکانی کارا لە تورکیادا هەستیان کردووە بە پێویستیی بەدیموکراتبوون یان نا. بەشێوەیەکی تایبەت، وا دەردەکەوێ کە ئاکەپە ڕێگەیەکی درێژی لەپێش بێ لە شەڕەکەیدا لەپێناو چاکسازیی زیاتر لە تورکیا، تا ئەو کاتەی سازش دەکرێ لەنێوان لایەنی کورد و ئەو بازنە تورکییانەی بەرگریی گۆڕین دەکەن، چ سوپا یان حکوومەت یان ئۆپۆزسیۆنی تورک، بۆ گەیشتن بە زەوینەیەکی ناوەڕاستینە پێش گەیشتن بە مافی چوونە ناو یەکەتیی ئەورووپا. ئەگەر ئەم ئاکامە هاتە دی، ئەوە نەک تەنیا دەبێتە ڕێخۆشکەر بۆ چارەسەری پرسی کورد، بگرە پرۆسەی یەکەتیی ئەورووپای تورکیا ئاسان دەبێ. دەرکەوتنی ڕێکخراوێکی توندڕۆی نهێنیی کەمالیست کە خەریکی چالاکیی نایاسایی بووە بەمەبەستی سەرەوبنکردنی ئەو دۆخەی کە هەیە، ئەر (ئەرگەنەکۆن) یەکێکە لە چەندان پێشهاتی وریاییدەر کە دەشێ ئەگەر دووبارە ببێتەوە داهاتووی دیموکراتیی تورکیا بخاتە مەترسییەوە و بەمەش هەڕەشە لە دەسەڵاتی ئاکەپە بەسەر سوپادا دەکا[١٣٦].

لەگەڵ ئەوەشدا، گرینگترین پێشکەوتن بریتییە لەوەی کە دەبێ ئەنقەرە لە کۆتادا سیاسەتێکی کردەنیی کوردی (نەک تەنیا زارەکی) جێبەجێ بکا، بزاوە کوردییەکانی تورکیا- بە پەکەکەشەوە کە پشکێکی گەورەی توندوتیژیی پاشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیای بەر دەکەوێ کە گران لەسەر هەموو لایەک دەکەوێ، بەڵام تەواو ڕوونە کە ڕۆڵی هەیە لە خستنە ڕووی پرسی کورد و ناسینی کورد بۆ پێناسی خۆیان- ئێستا زۆر زیاتر لە هەر کاتێک حەز لە ڕاگرتنی ئەو هاندانی یاخیبوون و

ناسەقامگیرییەی بەهۆی بوونی پڕ کێشەیانەوە هەیە، و قایلن بە چارەسەرێکی ئاشتییانە و دیموکرات. لە جیاتی بانگەشەی بەدەپە بۆ ئۆتۆنۆمیی دیموکرات وەک دیارترین شێوازی گونجاو بۆ حوکمڕانی، وا دەردەکەوێ کە لە مەودای دووردا ڕێچکەیەکی سەرکەوتووانەی دیموکراسیی تورکی لەڕێی ئەوەوە دەبێ کە بە شێوازی "میللەتی عوسمانی" لە حوکمڕانیدا ناو دەبرێ، کە ددان بە پێویستییەکانی هەردوو گرووپی ئیتنیدا دەنێ. شێوازێکی سەردەمییانەی تورکی بۆ ئەم حوکمڕانییە شێوە–فیدراڵە کە ئامانجەکەی لەخۆگرتنی تەواوی تورک و کورد بێ، پێوەرەکان زیاتر لەسەر بنەوای نەتەوە بنیات دەنرێن نەک ئاین، ئەوەیش وا دەکا کە ببێتە شیاوترین مۆدیلی بەڕێوەبردنی دەوڵەت. ئەگەر ئەم قەوارە دوو–نەتەوەییە پیادە بکرێ، چارەسەری پرسی کورد چیی تر نابێتە خەونێکی دوورەدەست، بگرە دەبێتە ڕاستییەکی کردەنی.

پەراوێزەکان:

* هاوڕێی پاش–دکتۆرا لە زانکۆی ریدینگ (شانشینی یەکگرتوو)

١– کرانەوەی دیموکراتیی تورکیا ڕەنگدانەوەی چاکسازییەکانی ئاکەپەیە، کە باسکردنی لە ئەنجوومەنی تورکیا دەستی پێ کرد (لە ١٠ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٩دا) سەبارەت بە باشکردنی دۆخی کورد لە وڵاتەکەدا بەمەبەستی "کۆتاهێنان بە تیرۆریزم و بەهێزکردنی دیموکراسی" بە قسەی بەشیر ئەتالای. ئەم گۆڕینانە پێوەندارن بە شلکردنەوەی ئەو کۆت و بەندانەی بەسەر زوانی کوردیدا سەپێنرابوون و چارەسەرکردنی دۆخی یاخییانی پەکەکە. ("نیا = هەواڵ"، ڕۆژنامەی یۆنانی لە ١١ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٩).

٢– سیاسەتەکەی ئاکەپە بەرامبەر بە کورد لە سەرەتادا ناوی "کرانەوەی کوردی"ی لێ نرا، بەڵام دواتر وەک "کرانەوەی دیموکراتی" باس دەکرا و لە کۆتادا بوو بە "دەستپێشخەریی یەکەتی و برایەتیی نیشتمانی".

٣– بڕوانە: ماریانا شاریۆنتاکی، کورد و سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا: پێوەندییە ناودەوڵەتییەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ١٩٤٥ـەوە (رۆوتلێدج، ئۆکتۆبەری ٢٠١٠)، ل , ٢٦٠

٤– هەروەها پرسی تری چارەسەر نەکراوی وەک قوبرس و کورد و ئەو کۆت و بەندانەی لەسەر ئازادیی دەربڕین هەن و ئەو پاڵەپەستۆیەی لەسەر میدیا هەیە– دوور لە هەڵگرتنی قەدەخەکردنی بەکارهێنانی زوانی کوردی لە ڕێکلامدا (لە ٩ی ئابی ٢٠١١)– هەروەها پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ وەک ئەوانەی ئافرەتان و مافەکانی تری کەمینە ئاینییەکان بەپێی راپۆرتی یەکەتیی ئەوروپا لەبارەی تورکیاوە (٢٠١١) لە یان کیلی "بەیاننامە لەسەر ئازادیی ڕاگەیاندن لە تورکیا (١٠ی ئاداری ٢٠١١) کە لە http://turkey.usembassy.gov/statements 031011.html دەست دەکەوێ (دوایین جار لە نیسانی ٢٠١١ چوومەتە سەری)، هەروەها لە ئەرهان ئوستونداغ "زیادبوونی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە باشووری ڕۆهەڵاتی تورکیادا" (٢٨ی کانوونی دووەمی ٢٠١١) کە لە " http://kadin.bianet.org/english/ english/127476-increase-of-rights-violations-in-south-eastern-turkey" دەست دەکەوێ (دوایین جار لە نیسانی ٢٠١١ چوومەتە سەری)، کە ئاماژەدەرن.

٥– خالد صالح، ڕانانی کتێب، "کریستۆفەر هۆستن: ئیسلام، کورد و دەوڵەتی نەتەوەییی تورک"،

(ئۆکسـفـۆرد، ۲۰۰۱)، لە کـۆواری تۆژینەوەگـەلی ئـیسـلامی، بەرگی ۱۳، ژمـارە ۲، ۲۰۰۲، ل ۲۱٤
سەرچاوەی تری پێوەندار:

Ümit Cizre, Secular and Islamic Politics in Turkey.The making of the justice and development party, (Routledge: 2008) and William Hale and Ergun Ozbudun, Islamism, Democracy and Liberalism in Turkey: The case of the AKP, (Routledge: Septermber 2009)and Arda Can Kumbaracibasi, Turkish Politics and the Rise of the AKP: Dilemmas of institutionalization and leadership strategy, (Routledge: October 2010)and Marlies Casier, and Joost Jongerden, Nationalism and Politics in Turkey: Political Islam, Kemalism and the Turkish issue, (Routledge: August 2010).

6. Fotios Moustakis, and Rudra Chaudhuri, "Turkish-Kurdish Relations and the European Union: An Unprecedented Shift in the Kemalist Paradigm?", Mediterranean Quarterly, (Fall 2005), p.85.

هەروەها یاووز و ئۆزجـان باس لە سـتـراتیجی ژەدەپە بـۆ "گواسـتنەوەی کێشـەی کورد بۆ یەکەتیی ئەوروپا" دەکەن چونکە "زیاتر لە پەرلەمـانتـارانی ژەدەپە، ئەوە ویـلایەتە یەکگرتووەکـان و یەکەتیی ئـەوروپان کـە سـیاسـەتەکانی ژەدەپە لە بـەرامـبـەر بە کـورد". لـەلای خـۆیەوە، نیکانین تـەنیـا جـەخت دەکـاتە سـەر ئەو ڕۆڵەی یەکەتیی ئەوروپا دەتوانێ لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ پرسی کورد لە تورکیا، بیگێڕێ، لە M. Hakan Yavuz, and Nihat Ali Özcan, in "The Kurdishquestion and Turkey_s Justice and Development party", Middle East Policy, Vol. XIII, No 1.(Spring 2006), p. 108 لە کـاتێکدا نیکانـین تەنیـا جـەخت دەکـاتە سـەر ئەو ڕۆڵەی دەشـێ یەکـەتیی ئەوروپا ببـینـێ لە دۆزینەوەی چارەسـەر بـۆ پرسی کـورد لە تورکیادا، لە Nykänen,

Briefing paper: One question, any answers? The EU_s role in solving the Kurdish question in Turkey, (11/ 01/ 2011).

7- Elitsa Vucheva."EU calls on Turkey to speed up reforms", Euobserver.com, available at http://euobserver.com/9/25768, (04/03/2008), (last accessed April 2011).

۸- پەیامـەکەی نەورۆزی وەزیری دەرەوە پڕ واتەیە: "ئێمـە پشـتـیـوانیی پێشـاندانی دەربڕینی ئاشـتـیـیـانەی مـافـەکـانی مـرۆڤ و ئـەو ڕێزە دەکـەین کـە لە زۆربەی ناوچەکـەدا بەدیمـان کـردووە. ئێمـە دەچینە پاڵ کۆمەڵگەی دنیـاوە لە قـۆستنەوەی هـەلی نەورۆز و لە تێکۆشـان بۆ بەرزڕاگرتنی بەهاکانیدا. هیـوادارین ئەم سـاڵە نوێیـە پڕ بێ لە هـەسـتی نـوێی هیـوا و پابەندبوونێکی نوێ بە مـافـەکـانی مـرۆڤ و ئازادییـە بنەڕەتییـەکانی کە هەر لە کـاتی لەدایکبوونمانـەوە مـافی جیـهـانیـی ئێمـەن"، هیـلاری ڕۆدهـام کلینتن، ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەوانی، "پەیامی نەورۆز"، دەست دەکەوێ لە: http://www.america.gov/st/texttrans-english/2011/March/20110320161834su0.6761678.html, (US Department of State, 20/03/ 2011), (last accessed April 2011).

9- Dahl, Tove Stang, The Muslim Family (Oxford 7 Oslo: Scandinavian University Press, 1997), pp5-7.

۱۰- ئێمـە پێنـج جـۆر سـیـسـتـمـی سیاسـی بـەدی دەکەین. سـێ جۆرە سـەرەکـییـەکە برێتین لە لیـبـراڵ، نیوە دیموکرات و فاشیست و، دووانەکەی تر برێتین لە دیوکراتی ڕاسـتەوخـۆ و هـاوبەشێتی. وەک لە David Potter, David Goldblatt, Margaret Kiloh and Paul Lewis, Democratization (Polity Press: The Open .S

University, 1997), p. 3 هاتووە. تیۆریستانی میانڕۆی دیموکرات وەک (Przeworski, Josè An- Adam
tonio Cheibus, Joseph Schumpeter, Karl Popper, William Riker, and Russel Hardin) بەشێوەیەکی
سەرەکی دیموکراسی لەسەر بنەوای سیستەمی حوکمڕانیی بەهەڵبژاردن دادەمەزرێنن. بەڵام بارۆ وا
باسی دیاردەکانی دیموکراسی دەکات کە بریتین لە "ستانداری باش بۆ ژیان، ئازادییە مەدەنییەکان،
ئاینداری، فرەڕەنگیی کۆمەڵگە، جیاوازییەکانی خوێندەواری و داهات، ئاوەدانی، مافگەلی هەڵبژاردن و
پێشکەوتنی ئابووری". بڕوانە: Robert J Barro, "Determinants of Democracy".The Journal of Political
Economy.Vol. 107 , No. 6.in Honor of Gary S. Becker,(The University of Chicago Press, December
1999).

١١- مەبەستمان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لێرەدا وڵاتانی عارەبە لە میسرەوە بەرەو ڕۆژهەڵات،
لەگەڵ ئیسرائیل و ئێران و تورکیا. بڕوانە: Marianna Charountaki, The Kurds and US foreign policy,
op.cit., p.53.

12- Barry Holden, Understanding liberal democracy, (2nd ed.) (London: Harvester Wheatsheaf, 1993),.
p7.; and Carl Cohen.Democracy, (University of Georgia Press, 1971), p.3.

13- Esposito, John L.Chapter 1:"Religion, Politics, and Society: Normative Ideal and Historical Reality",
Islam and Politics, (4th Ed), (Syracuse University Press, 1998), pp. 3 , 4 .10 لە قورئاندا بیرۆکەی
شوورا بەڕوونی ئاماژەی بۆ کراوە، بڕوانە: http://tanzil#net/. http://tanzil#net/.42:38 and 3:159.

14. John L. Esposito."Practice and Theory: A response to Islam and the Challenge of Democracy", Boston Review, (April/May 2003) and John L Esposito and John O.Voll, "Islam and Democracy", Oxford University Press, Vol.22.. No 6, (November/December 2001).

15- Esposito, Religion, Politics, and Society, op.cit, pp. 21. 25. 31-32.

١٦- ئامانجی نەتەوەپەرستی (میللییەتچیلیک) بریتی بوو لە بنیاتنانی سیستەمێکی یەکڕەنگ کە لەسەر
پێناسی تورکی بنیات نرابێ. بەگوێرەی عەلمانیەتیش (لایکیلیک) ئاین لە سیاسەت جیا کرایەوە وەک
پرسێکی تایبەت بە کەسەکان. بەکۆماربوونیش (جومهورییەتچیلیک) پێناسی دەوڵەتی لەگەڵ داننان بە
یەکەم دەستووردا لە ١٩٢١، وەک یەکێک لە دیموکراسییە دیموکراتەکان کرد. لێرەوە، دەسەڵاتی
عوسمانییانەی سوڵتان هاتە هەڵوەشاندنەوە. دوای ئەمە میللیبوون (هەلکچیلیک) هات کە گرینگیی بە
یەکسانیی هاووڵاتییانی تورک دا، لە کاتێکدا کە شۆڕشگێڕی/ ڕادیکالیزم (ئینقیلابچیلیک) پرۆسەی
گۆڕین/ چاکسازیی لە ناو ئەجێندای ناوەخۆییی وڵات لەخۆ گرت، بەبێ گوێدان بە ئامرازەکانی
جێبەجێکردنی- بەکارهێنان یان بەکارنەهێنانی هێز بۆ سەپاندنی. لەکۆتادا، بنەوای ئێتاتیزم
(دەڤلەتچیلیک) دێ کە پێوەستە بە باڵادەستیی دەوڵەت بەسەر ئابووریدا.

١٧- ئەمە بەم دواییە لەڕێی بەڵگەنامەی "نهێنی"ی ئەمەریکاییەوە ئاشکرا بوو، کە باڵیۆزی ئەوان لە
تورکیا ـو. ڕۆبەرت پیرسن- بۆ واشنتۆنی ناردبوو (١٨ی نیسانی ٢٠٠٣) و تیایدا گوتبووی "تا ئێستا
نووسینگەی سەرۆکی دەستەی گشتیی ئەرکان لە دەستووەردانی بەرفرەوان لە ژیانی سیاسیدا
بەردەوامە و، هەوڵ دەدا سیاسەتی نەتەوەیی دابڕێژێ" لە کاتێکدا کە "سەرچاوەگەلی تورک بە

بەردەوامی باس لە تەنانەت ئابڕووچوون لە ناو سوپادا دەکەن (وەک) دەستەوارەیەک لە ناو دامەزراوەی سەربازیدا بۆ فرۆشتنی پێداویستیی پزیشکی بە پەکەکە" لە وتارێکی دۆغو ئەرگیل لە "زەمان"ی ئەمڕۆدا باسی کردووە، "WikiLeaks on Turkey". available at http:// www.todayszaman.com/columnist-239614-wikileaks-on-turkey.html. (30/03/2011), (last accessed April 2011).

١٨- "بەداخەوە چەندان کودەتا پێشان دەدەین. دووەمینیان لە سەردەمی پۆست مۆدێرندا هات و لەڕێی تێکنۆلۆجیاوە بوو، بەبەیاننامەگەلی ئیلیکترۆنییەوە (٢٠٠٧)"، بڕوانە دیمانەیەکی توێژەر لەگەڵ یونس ئۆروچ، سەرکردەی هەرێمیی ئاکەپە لە قایەپینار، (دیاربەکر، ٣ی ٦ی ٢٠٠٩). لێرەدا ئەو پەیامەی لەخۆ گرتبوو کە ناونیشانەکەی "تیرۆریزم" بوو و لە حوزەیرانی ٢٠٠٧دا لەسەر پێگەی دەستەی گشتیی ئەرکان لە ئینتەرنێت دەرکەوت. پەیامەکە بەسادەیی هەڕەشەیەکی سەربازی بوو لە حکوومەتی ئاکەپە بۆ ئەوەی حکوومەتی ئەردۆگان ڕێگە بە سوپا بدا بۆ ئەنجامدانی کردەوەی سەربازی دژ بە یاخیبووانی پەکەکە لەناو خاکی باکوری عێراقدا. مەبەستی پەیامەکە لەلایەکەوە هەڕەشەکردنی ناڕاستەوخۆ بوو لە حکوومەت کە ئەگەر ڕەتی بکاتەوە شوێنپێی سوپا بکەوێ ئەوە "کاتی ئەنجامدانی هەندێک شت هاتووە" و، لەلایەکەی تریشەوە بۆ قایلکردنی ڕای گشتی بوو بە عەقلانییەتی ئەم سیاسەتەی.

١٩- سەرکۆماری یەکەم (مستەفا کەمال ئەتاتورک ١٩٢٣-١٩٣٨)، سەرکۆماری دووەم (مستەفا عیسمەت ئینۆنۆ ١٩٣٨-١٩٥٠)، سەرکۆماری سێیەم (محەمەد جەلال بەیار ١٩٥٠-١٩٦٠)، سەرکۆماری چوارەم (جەمال گورسەل ١٩٦١-١٩٦٦)، سەرکۆماری پێنجەم (جەودەت سونای ١٩٦٦-١٩٧٣)، سەرکۆماری شەشەم (فەهری کۆروتورک ١٩٧٣-١٩٨٠)، سەرکۆماری حەوتەم (کەنعان ئێڤرین ١٩٨٢-١٩٨٩)، سەرکۆماری هەشتەم (تۆرگوت ئۆزال ١٩٨٩-١٩٩٣)، سەرکۆماری نۆیەم (سولەیمان دەمیرەل ١٩٩٣-٢٠٠٠)، سەرکۆماری دەیەم (ئەحمەد نەجدەت سەزەر ٢٠٠٠-٢٠٠٩)، سەرچاوە:

– [Sunday Press].Greek newspaper, (5/10/2003).

20- Angel Rabasa, and Stephen F. Larrabee.The rise of political Islam in Turkey. (RAND, National Defense Research Istitute, 2008), p .50 and Abdurrahman,Yalcinkaya, "Political Islam in Turkey claims to change state rules", Hurriyet Daily News, available at: http:// www.hurriyet.com.tr/english/turkey/8470126.asp?gid=231andsz=85577, (20/05/2009), (last accessed October 2009).

٢١- "ئیسلام وەک ئاینی دەوڵەت لە دەستوور لابرا (١٩٢٩)، لە پاش ١٩٢٥یشەوە جلوبەرگ و شەپقەی ڕۆئاوایی کرانە بەر و خەڵک ناچار کران کە ناسناو بۆ خۆیان دەستنیشان بکەن (١٩٣٤)، یەکشەم لە جیاتی هەینی بووە ڕۆژی پشووی هەفتانە لە ناوەڕاستی ١٩٢٠ـەکاندا، ڕۆژژمێری مانگی لەکار خرا (١٩٢٥)، حەجکردن بۆ مەکە لە نێوان ١٩٣٤ و ١٩٤٧دا قەدەخە بوو، یاسای مەدەنیی سویسرا و یاسای سزادانی ئیتالیا و یاسای بازرگانیی ئەڵمانی پێڕۆ کران (١٩٢٦)، ئەمانەش دەبێ لەبەر چاو بگیرێن"، Metin Heper, "Islam and Democracy in Turkey: Toward a Reconciliation?", Middle East Journal, Vol.51 No1(Middle East Institute: Winter 1997), p.34.

٢٢- بەقسەی نووسەر، "دۆزینەوەیەکی سەرنجڕاکێش لە ڕووپێوی TESEVدا هەیە لەبارەی ئەو کارامەییانەی خەڵک حەز دەکەن لە سەرکۆمارەکەیاندا هەبێ دەڵێ کە ٧٥٪یان حەز دەکەن پارێزەری عەلمانییەت بێ و ٧٤٪یان حەز دەکەن موسڵمانێکی خواپەرست بێ"، لە Rabasa and Larrabee, The rise

in Turkey, op.cit..pp.24-25. and Charountaki, The Kurds and US foreign policy, of political Islam
op.cit., pp. 208-209دا هاتووە.

٢٣- رەجەب تەیب ئەردۆگان، "ئێمە لە ئایندا ڕۆ نەچووینە: پەرلەمانتار"، available at: http:// Yeni _afak,
yenisafak.com.tr/English/?i=115168, (4/05/2008), (last accessed April 2011).

24- Michael Lake, The EU and Turkey: a glittering prize or a millstone? (London, 2005), p 23.

٢٥- پرۆتۆکۆڵەکە ڕێگە بە سوپا دەدا لەپێناوی تەناهیی ناوخۆییدا کردەوەگەلی خۆی ئەنجام بدا لەژێر مەرجگەلی دیاریکراودا بەبێ ئەوەی داوای لێ کرابێ لەلایەن دەسەڵاتی مەدەنییەوە، لە کاتێکدا کە دەڵێ تەناهی و ئارامیی گشتی و یەکگەلی یاریدەر دەبێ وەک خۆیان و بەبێ دەسکاریکردن بمێننەوە.
بڕوانە: Commission, "Turkey 2008 Progress Report", Staff Working Document, SEC European
eu/enlargement/pdf/press_corner/key-documents/.europa.cited in http://ec (2008) 2699, p.9.
pdf, (Brussels, 5/11/2008), (last accessed December.reports_nov_2008/turkey_progress_report_en
2011).

26- Lake.The EUand Turkey.op.cit., p.24..

٢٧- یاخۆ دیموکراسییەکی لیبراڵ وەک ئەوەی هەندێک ناوی دەبەن: بڕوانە: and Potter, Goldblatt, Kiloh
Lewis, Democratization, (Polity Press: The Open University, 1997), p. 38 هەرچەندە من لەگەڵ ئەوەدا نیم لەبەرئەوەی وەک ئەندەرسن دەڵێ "دیموکراسیی لیبرال وەک بەگشتی لێی تێ گەیشتراوە تەنیا پێویستی بە بەشداری و کێبەرکێ نییە، بگرە پێویستی بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە پێویستی بە پاراستنی مافەکانی کەمینە و تاکەکانە"، کە ئەمەیش تا ئێستا لە تورکیا نەهاتووەتە دی. بڕوانە:
JOHN ANDERSON, "DOES GOD MATTER, AND IF SO WHOSE GOD? RELIGION AND DE-
,.DEMOCRATIZATION.VOL.14..NO 4.(ROUTLEDGE, AUGUST 2007),"MOCRATIZATION
P.210. بەگوێرەی هۆڵدن، "دیموکراسیی لیبرال سیستمێکی سیاسییە کە تیایدا خەڵک ئامادە دەکرێن بۆ ئەوەی بڕیار بدەن لە کەشێکی سنووردار‌دا بەو مەرجەی کەشی شەرعیی دەسەڵاتی گشتی سنووردار بێ"، بڕوانە: Understanding liberal democracy, op.cit.7: also Cohen.Democracy, Holden,
op.cit.p.17.

28- Charountaki.The Kurds and US foreign policy. op.cit..p.46.

٢٩- بەگوتەی ڕۆوسس، یەکێک لەو فاکتەرانەی هۆکار بوون بۆ سەرهەڵدانی دیموکراسیی ئەتینا ئەوە بوو کە گریکەکانی ئەتین دانیشتووانی سرووشتی بوون و لە خاکی خۆیاندا نیشتەجێ بوون لەبەرئەوەی گەلانی تریان داگیر نەکردبوو. بۆیە ئەوان نوێنەری خۆیان و خاکی خۆیان بوون. بڕوانە: George T.
Rousis, [Ancient Democracy: always new].(Govostis, Athens: 1999), p.18. ,

30- Ümit Cizre.Secular and Islamic politics in Turkey: The making of the Justice and Development Party. (London: Routlegde 2008), p 22.

31- Kieser Hans-Lukas.Turkey beyond nationalism: towards post-nationalists identities. (London I.B.Tauris: 2006).p.7.

" -32مەترسیدارترین حکوومەت لە ٢٠ ساڵی ڕابردوودا، حکوومەتە دووڕووەکەی ئاکەپەیە. ئەوان لەلایەکەوە وا دەردەکەون کە لە کێشەی کورد حاڵی بوونە، بەڵام لە ناخەوە سیاسەتگەلێک پیادە دەکەن کە لەگەڵ پێداویستییەکانی خۆیاندا دەگونجێ". ئەمە دۆخەکەیە لەو کاتەدا کە "ئاکەپە هەوڵ دەدا کوردەکان بگرێتە خۆی لەسایەی ئەو مۆدیلە ئیسلامییەی کە ئارەزوو دەکا لە داهاتوودا بیخوڵقێنێ... کوردەکان کۆسپێک پێک دەهێنن لەسەر ڕێگەی هەوڵی ئاکەپەدا بۆ دروستکردنی مۆدیلێکی ئیسلامیی– دیموکرات". دیمانەیەکی توێژەر لەگەڵ سەلاحەدین دەمیرتاش، پەلەمانتار و جێگری سەرۆکی بەدەپە (پارتی ئاشتی و دیموکراتی)دا، (دیاربەکر، ٤ی ٦ی ٢٠٠٩).

٣٣– زۆرینەی لە ١٢ شارەوانیی پایتەختئاسا لە کۆی ١٦دا بەدەست هێنا، هەروەها ٤٦ لە ٦٥ شارەوانیی مەڵبەندی پارێزگە و ٤٢٥ لە ٧٨٩ شارەوانیی قەزا و ١٢١٦ لە ٢٢٥٠ شاروەانیی ناحیەدا زۆرینەی بەدەست هێنا، بەمەیش ئاک پارتی سەرکەوتنێکی یەکلاکەرەوەی لە هەڵبژاردنە ناوخۆیییەکاندا بەدەست هێنا"، بڕوانە: http://eng.akparti.org..tr/english/index. html.(last accessed October 2009).

34- Rabasa and Larrabee.The rise of political Islam in Turkey.op.cit., pp.48-51

٣٥– "تورکیا ناچێتە مێژووەوە وەک وڵاتێکی پڕ کودەتا، لەوە دڵنیا بە"، بڕوانە: Erdo_an: era of coup d_états closed in Turkey", Today_s Zaman, (1/10/2007).

٣٦– "باڵادەستترین گرووپە ئیسلامییەکانی کە دەستیان لە پێکهێنانی ئەو پارتە سیاسیانەدا کە لە ناو کۆمەڵگەی تورکیاییدا وەک لۆبی کار دەکەن، لە کۆتاکانی ١٩٦٠ـەکانەوە بریتین لە نەقشبەندییەکان و نوورجوسەکانن. لەمەی دواییەوە گرووپی یەنی ئاسیای پشتیوانی دیموکراسی و فەتحوڵاچییەکان بەسەرۆکایەتیی فەتحوڵا گیلەن دەرکەوتن. هەروەها ئیسلامیی میانڕۆیش هەن، هەروەها ڕۆشنبیرانی پاڵپشتیکەری بەدیهێنانی سیستمێکی ئیسلامی لەڕێی خەباتی سیاسییەوە. لەلایەکی تریشەوە، عەلمانییە میانڕۆکان دردان بەگرینگیی ئایندا دەنێن بەلای خەڵکەوە"، لە کاتێکدا کە توندڕۆیەکان لایەنگری ئەوەن کە دەوڵەتی دەبێ بەسەر هاووڵاتییووندا زاڵ ببێ. بڕوانە: Heper, Islam and Democracy in Turkey, op. cit. pp.39-41 جیزرە ئەمانەیش بۆ گرووپە ئیسلامییەکانی تورکیا زیاد دەکا: "کۆمەڵەکانی کارسازی، یەکەتییە بازرگانییەکان، کۆمەڵگەلی مافەکانی مرۆڤ و هەندێ ڕێکخراوی سەربەخۆی بچووکی وەک کۆوار و دامەزراوەکان"، بڕوانە: Cizre, Secular and Islamic politics in Turkey, p.25.

٣٧– گۆلە پێی وایە کە "موسڵمان" هاوواتەی "ئیسلامی" نییە بەو پێیەی ئەوەی یەکەم دەربڕینی ناسنامەی ئاینییە و ئەوەی دواییش ئاماژەیە بۆ بیرێکی سیاسی"، بڕوانە: Nilüfer Göle, "Secularism and Islamism in Turkey: The Making of Elites and Counter-Elites", Middle East Journal, Vol.51.No1.(Middle East Institute: Winter 1997), p.47.

38- Emin Ya_ar Demirci, Modernisation Religion and Politics in Turkey: the case of The _skenderpa_a Community, (Istanbul: Insan publications 2008), p.14..

٣٩– شانبەشانی هێڵگەل هاوشێوەی دۆناڵد سمیت کە دەڵێ: "ئیسلام کاراکتەرێکی ئۆرگانیکە"، کە دەکرێ تیایدا "جیاوازی لەنێوان پێکهاتەی کۆمەڵگە و کڵێسادا بکرێ" ئەویش لەبەر "نەبوونی سیستمێکی

کڵێسایی" تیایدا ئەمەش وا دەکا کە "جیاکردنەوەی ئاین لە سیاسەت مەحاڵ بێ". بڕوانە: Demirci, ibid, p. ٣٣, هەروەها دەمیرچی پێی وایە کە "ئێمە خۆمان هەڵدەخەڵێتێنین ئەگە وا بزانین ئیسلام هەر لە بنەڕەتەوە ئاینێکی سیاسییە... ئەوەی ئیسلام دەکاتە ئاینێکی سیاسی ئەوەیە کە "جەخت دەکاتە سەر ڕەوشتی گشتی و ژیانی خێزان"، سەرچاوەی پێشوو ل, ٢٦

٤٠- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥، ٣٣، ١٤٥، ١٦٠-١٦١، ١٦٤ ,

٤١- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٩، ١٧٦، ١٧٨ ,

42- Recep Tayyip Erdo_an."We are not rooted in religion: PM", op.cit.

43-Rabasa and Larrabee, The rise of political Islam in Turkey,), op.cit..p.13.

44- “Los principios fundadores de nuestro Partido de Justicia y Desarrollo es que no se basa en la religión.Tiene una identidad conservadora y demócrata", in Recep Tayyip Erdo_an, Interview: "Si Turquía entra en la UE, el mundo musulmán cambiará su visión de Europa", El País, (19/10/2003), p.6.

45- Recep Tayyip Erdo_an, "Keynote Speech at International Symposium on Conservatism and Democracy" (N.p :.AK Parti 2004) cited in Ahmet Kuru, "From Islamism to Conservative Democracy: the Justice and Development Party in Turkey".Paper presentation at the Annual Meeting of the American Political Science Association, http://www.allacademic.com/meta/p151181_index.html, (31/08/2006) (last accessed October 2009).

٤٦- پرۆگرامی ئاک پارتی، ٢٠٠٢، سەرچاوەی پێشوو ئاماژەی بۆ کردووە.

47- Ahmet Kuru."From Islamism to Conservative Democracy: the Justice and Development Party in Turkey", ibid.

٤٨- حزبی ڕەفاه-ی نەجمەدین ئەربەکان یەکەمین حزبی ئیسلامی بوو کە بگاتە دەسەڵات (١٩٩٦) لە حکوومەتێکی هاوپەیمانیدا لەگەڵ حزبی ڕێگەی دروستی تانسو چیلەر، بەڵام حزبەکە بەبڕیارێکی دادگەی دەستووری هاتە داخستن (١٩٩٨). قەدەخەکردنەکەی (٢٠٠١)ی پارتی فەزیلە بووە هۆی دروستکردنی سەعادەت پارتیسی.

49- Radwan Masmoudi, "Political Islam and the future of democracy in the Middle East", paper for The American Muslim (TAM), Centre for the Study of Islam and Democracy in the Middle East, Washington DC available at http://www.theamericanmuslim.org/tam.php/features/articles/political_islam_and_the_future_of_democracy_in_the_middle_east/, (2004), (last accessed October 2009).

٥٠- بەقسەی یاریدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کاروباری سیاسی، نیکۆلاس بێرنز، "تورکیا هاوبەشێکی ستراتیجییە... هەڵبژاردنەکان پێشانیان داوە کە دیموکراسیی تورکیا نموونەیەکی بەهێز (و) سەرکەوتووە بۆ دیموکراسییەتێکی عەلمانی لە کۆمەڵگەیەکی موسڵماندا کە دەتوانێ ببێتە ئیلهامبەخشی چاکسازی لە باقیی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا"، لە "Burns says US should restore the primacy of Turkey", Yeni _afak, available at http://yenisafak.com. tr/English/?i=68792, (15/09/2007), (last accessed December 2011)دا هاتووە.

51- Associated Press, (June 25) cited in The Turkish times, http://www.theturkishtimes.com

/archive/02/07_01/bush.html, (last accessed April 2011) and David Morgan, Reuters (10/01/ 2008), cited in "US-Turkey Discuss Solution to PKK", The Muslim Observer, No.303.http:// muslimmedianetwork.com/mmn/?p=169 (1/07/2002), last accessed April 2011).

٥٢- بانگەشەکانی غانم بۆ ئەوەی کە "ئەزموونی تورکیایی بوونی ئیسلامییان لە حکوومەتدا دەتوانێ مۆدیلێک بەدەستەوە بدا بۆ گشت ناوچەکە" نەگونجاو دێتە بەر چاوان. بڕوانە: David Ghanim, "Turkish democracy and political Islam" in Middle East Policy, No1, Vol.16, (Blackwell: Spring 2009), p.76.

٥٣- دەکرێ ئاماژە بۆ پێشکەوتنی کەم بکرێ لەمەڕ جێبەجێکردنی کاریگەرانەی چاکسازییەکانی دەستووریدا"، بڕوانە: European Commission, "Turkey 2009, Progress Report", Commission Staff Working Document, SEC (2009)1334, p.9. Refer to http://ec.europa.eu/enlargement/pdf/key_documents/2009/tr_rapport_2009_en.pdf, (Brussels, 14/10/2009), (last accessed December 2011).

٥٤- ئالان ریچاردس ئاماژە دەکا بۆ "ئاستی نزمی پشتبەستنی ئەم وڵاتانەی (ڕۆژهەڵاتی ناوین) بە گەلانیان" و "بێکاری، هەژاری، نەبوونی پێکهاتەی بەرپرسی حکوومەتی و هەبوونی گەندەڵی" وەک ئەو فاکتەرە یەکلاکەرەوانە- لەگەڵ فاکتەری تردا- بۆ ڕێگری لە دیموکراسی لە ناوچەکەدا. بڕوانە:

Richards, Alan, "Democracy in the Arab region: getting there from here", Middle East Policy, Vol.12, No2, (June 2005), p.28 and "Modernity and Economic Development: the new American messianism" in ibid, Vol.10, No3, (Fall 2003), p.56, respectively.

٥٥- بڕوانە:

"American betrayal against Kurds _will the US win Ankara on its anti-Iran coalition?" cited in Kurdish Media.com, available at: http://kurdmedia.com/article.aspx?id=12215, (5/03/2006), (last accessed December 2011).

56- Garry C. Gambill, "Jumpstarting Arab Reform: the Bush administration_s Greater Middle East Initiative", Middle East Intelligence Bulletin, Vol6.) June/July 2004), pp .6-7; also National Endowment for Democracy, Transcript of Remarks, 20th Anniversary of the National Endowment for Democracy, (Washington DC, 6/11/2003).

٥٧- بەقسەی وەزیری کاروباری دەرەوە: "سەرۆک بوش بەم دواییە دیتنێکی نوێی بۆ ڕۆهەڵاتی ناوینە خستووەتە بەر چاوان. ئەم دیتنە بانگهێشتن دەکا بۆ دامەزراندنی ناوچەیەکی بازرگانیی ئازاد لەنێوان ئەمەریکا و وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا"، Abdullah Gül, "Turkey_s Role in a Changing Middle East Environment", Mediterranean Quarterly, (Winter 2004), p.5.

٥٨. بێرنز دەڵێ کە پێویستە ئەمەریکا یەکەمایەتی بە تورکیا بداتەوە" Yeni _afak, op. cit. هەروەها بڕوانە "تورکیا گرینگییەکی ستراتیجیی هەیە بەهۆی بنکەی ئاسمانیی ئینجیرلیکەوە و هەروەها بەهۆی دەروازەی خابوورەوە (لە ڕێی ئەم دەروازەیەوە ٢٥٪ی سووتەنیی پێویست بۆ هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراقدا دێ، لە کاتێکدا ٢٩٪ی ئەو خواردن و ئاوەی عێراقییەکان بەکاریان دەبەن بەو دەروازەیەدا تێپەڕ دەبێ)"، دیمانە لەگەڵ ماتیو ج. بریزا (جێگری یاریدەری وەزیر بۆ کاروباری ئەوروپا و یۆراسیا)،

Department of State, "US policy towards Turkey", Report, (11/05/2007), available at http:// US :لە
www.state.gov/p/eur/rls/rm/85595.htm.

59- Ümit Enginsoy, "US urges Turkey to take key policy steps", article in Turkish Daily News, available at http://hyelog.blogspot.com/2007/09/us-urges-turkey-to-take-key-policy.html, (15/09/2007) .(last accessed December 2011).

٦٠- بە گوتەی نیکۆلاس بێرنز (جێگری وەزیری دەرەوە بۆ کاروباری سیاسی) "ئەمەریکا دۆستی تورکیایە". لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکادا هاتووە، بێرنز: ئێمە ١٠٠٪ بە تورکیا لە شەڕی دژ بە پەکەکە دەدەین"، Hürriyet, (19/09/2007).

61- Director of Central Intelligence, National Intelligence Estimate, The Kurds: rising expectations, old frustrations, in http://www.foia.cia.gov/docs/DOC_0000469140/DOC_0000469140.pdf.(USA, September 1992), (last accessed December 2011), p.10

٦٢- "پێش ١٥٠-١٦٠ ساڵ، تورک و عوسمانییەکان چاکسازیگەلی سەردەمیبوونیان هێنایە دیمەشق و قاهیرە و شارە گەورەکانی تری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. بۆیە ئامرازێکی سەردەمیبوون هەیە کە برێتیی لە ئازادییەکی زیاتری ئابووری و سیاسی کە تورکیا ماوەیەکی زۆرە گەشەی پێ دەدا"، دیمانە لەگەڵ ماتیۆ ج. بریزا، سەرچاوەی پێشوو.

٦٣- ئۆزال زوو مرد، پێش ئەوەی هیچ یەکێک لە سیاسەتە پلان بۆ دانراوەکانی جێبەجێ بکرێ کاریگەریی هەبوو لەوەی کە ئێمە لەم کاتەدا جەخت لە ئاکامەکانیان بکەین. بەڵام بە گوتەی دەمیرتاش، "ئاناپ و ئۆزال لە پرسی کورد تێ گەیشتبون". دیمانە لەگەڵ سەلاحەدین دەمیرتاش، سەرچاوەیەکی پێشتر.

٦٤- "هاوسەرینییەک لەنێوان ئیسلام دیموکراسی لە تورکیادا دەکرێ بەئەنجام بگا ئەگەر عەلمانییە رادیکالە کان واز بهێنن لە هەوڵدان بۆ سەپاندنی ئەو شێوە-ژیانەی پەسندی دەکەن و بەهایەکانیان بەسەر ئیسلامییەکاندا و، ئەگەر ئەمانەی دوایی هەوڵ نەدەن بۆ ئەوەی بەقسە یان بەکردەوە بیروباوەڕەکانی دەوڵەتی عەلمانیی دیموکراتی تورکیا بڕووخێنن"، Metin Heper, "Islam and Democracy in Turkey: Toward a Reconciliation?", op. cit., p.45.

٦٥- لە ٢٠٠٧دا لە وڵاتەکەدا ٢٢٠ کوشتن لەسەر ناموس تۆمار کراون، زۆربەیان لە شارە گەورەکاندا ڕوویان داوە"، European Commission, "Turkey, 2008 Progress Report", op. cit. p.20, and European Court of Human Rights, Report, available at: http://ecohr.wordpress.com/2011/01/11/human-rights-violations-in-turkey/#more-267, (last accessed December 2011).

٦٦- "هیچ گۆڕینێک بەسەر یاسای ڕاژەی ناوەخۆیی هێزی چەکداری تورکدا و ئەو یاسایەی ماوەیەکی تەواو فرەوان دەخاتە پێش سوپاوە بۆ مانۆر و دەستوەردان لە سیاسەتدا، نەهاتووە"، سەرچاوەی پێشوو، ل٩ و، European Commission, "Turkey 2010 Progress Report", Commission Staff Working Document, SEC(2010) 1327, available at: http://ec.europa.eu/enlargement/pdf/key_documents/2010/package/tr_rapport_2010_en.pdf, (Brussels, 9/11/2010).(last accessed January 2012), p.11.

67- "Turkey 2008 Progress Report", p8
and "Turkey 2010 Progress Report", p.10.

٦٧- لەڕووی داڕشتنەوە هاتە گۆڕین لەگەڵ کەمکردنەوەی سنووری سزایەکە"، "Turkey 2008 Progress Re-port", p15,. "لەڕووی ئازادیی دەربڕینەوە، بەئازادی و فرەیی میدیاشەوە، پێشکەوتنێکی سنووردار هاتووەتە ئاراوە"، "Turkey 2010 68- Progress Report", p.

69- Turkey, 2008 Progress Report". p11. and "Turkey 2010 Progress Report", p.16.

70- "Turkey, 2008 Progress Report", p.16.

71- "Turkey, 2010 Progress Report", p.10.

72- "Turkey_s election board quashes BDP deputy_s right to enter Parliament".Hürriyet Daily News, available at: www.hurriyetdailynews.com/n.php?n=turkey8217s-election-board-cuts-off-pro-kurdish-bdp-deputy8217s-mandate-2011-06-22, (22/06/2011), (last accessed December 2011).

٧٣- "ئەم "دەوڵەتەی ژێرەوە"یە لەلایەن هێزەکانی ئەمنییەوە و، دەزگەی هەواڵگریی دەوڵەتەوە و، گرووپە پەرلەمانییە/ سەربازییەکانی نوێنەری ئایدیۆلۆجیای نەتەوەپەرستانەی ئەتاتورکەوە نوێنەرایەتی دەکرێ"، John Tirman, "The trouble with Turkey".The Boston Globe, (30/11/2005).

٧٤- بڕوانە:

"Turkey 2008 Progress Report", op.cit..p.17.

" 75- Turkey-escaped two coups in 2004-".Today_s Zaman, available at: http://www.todayszaman.com/tz-web/detaylar.do?load=detayandlink=106952, (30/03/2007). (last accessed December 2011).

76- Turkey parties urge snap election", article in Aljazeera, available t:http://english.aljazeera.net/news/europe/2007/04/2008525142630990352.html, (25/04/2007), (last accessed December 2011); see also "Gül withdraws from Turkey poll", article in Aljazeera available at: http://english.aljazeera.net/news/europe/2007/05/2008/525131424138594.html, (6/05/2007), (last accessed December 2011).

٧٧- لە یەکی کانوونی دووەمی ٢٠٠٩، TRT6 دەستی کرد بە پەخش بە زوانی کوردی، بڕوانە:

" TRT launches Kurdish channel in bid to reconcile with Kurds", Today_s Zaman, available at http://www.todayszaman.com/tz-web/news-163121-event-of-the-week-chartreuse-chartreuse-chartreusetrt-launches-aqua-aquakurdish-lime-limechannel-in-magenta-magentabid-to-green-greenreconcile-with-gold-goldkurds.html, (15/01/2009) (last accessed December 2011); cf .also "For the first time in Diyarbakir Kurdish language television programmes were launched on the Gun and Soz TV on 23/03/2006", as described in "Kurdish broadcasts for the first time on local TV stations", Hurriyet, available at :http://hurarsiv.hurriyet.com.tr/goster/haber.aspx?id=4138248andp=2, (24/03/2006), (last accessed December 2011) .Yavuz informs us that in November 1998 there were nine Kurdish newspapers and magazines in Turkey, and 17 radio and three TV stations were "broadcasting Kurdish songs", Hakan M .Yavuz, "Search for a New Social Contract in Turkey: Fethullah Gülen, the Virtue Party and the Kurds", SAIS Review, Vol.19, No .1 (The Johns Hopkins University Press, 1999), p. 136.On the other hand, Anna Bradbury (a British diplomat and member of the UK_s permanent representation in Brussels) expresses "a growing concern in Brussels with regard to the freedom of the press situation in Turkey"; this was due to the "unprecedented tax levy imposed on the Do_an Media

Group, Turkey_s largest media group", referred to in Serkan Dem_rta_, "EU_s concerns over press freedom in Turkey deepen", Hürriyet Daily News, available at: http://www.hurriyetdailynews.com php?n=eu8217s-concerns-over-press-freedom-in-turkey-deepen-2009-09-30, (30/09/2009). (last ac-./n In the same vein, the channel TRT, cut the live broadcast of a speech by .cessed December 2011) Ahmet Türk (head of the DTP) given in Kurdish to the DTP_s parliamentary group meeting (24/02/ .2009) with the excuse that it was a breach of the Constitution

٧٨- "لێكۆڵینەوە لە دژی كەناڵی GÜN TV- كە تەنیا كەناڵی تایبەتی تیلیڤزیۆنە كە بەزوانی كوردی وەشان دەكا- لەئارادایە، سەبارەت بەو گوتارانەی لە گۆرانییە كوردییەكاندا هەن، داپۆشینی هەڵمەتی هەڵبژاردنی شارەوانییەكان و پرۆگرامەیل تر"، Commission of the European Communities, "Turkey 2009 Progress Report", op.cit., p.29.

٧٩- "بەپێی یاسای ئێستا ئەم جۆرە فێركردنە تەنیا دەشێ لە دەزگەكانی تایبەتی خوێندندا... سەبارەت بەزوانی كوردیش ئەو كۆرسانەی پاش گۆڕینی یاسایەكە كرانەوە ئێستا داخراون"، Commission of the European Communities, "Turkey 2008 Progress Report", Commission of the European Communities, op.cit., p.25. هەروەها: بەشیر ئەتالای، وەزیری ناوەخۆ دوو داوای سەرەتایی دەتەپەی ڕەت كردەوە كە پێوەست بوون بە گۆڕینی دەستووریەوە و دانانی زوانی كوردی لە پرۆسەی خوێندندا. بڕوانە: Anna Andreou, TA NEA [The News], Greek newspaper, available at: http://www.tanea.gr/default. asp?pid=2andartid=4534738andct=2 (5/09/2009), (last accessed October 2009).

80- Turkey 2008 Progress Report".op.cit.pp.25.26-.

٨١- بەپێی دەستوور "ئەو بیر و بۆچوونانە ناپارێزرێن كە دژ بە بەرژەوەندییە نەتەوەییەكانی توركن، بنەوا بنچینەییەكانی... نەتەوەپەروەریی... ئەتاتوركن... (و) هەستە پیرۆزەكانی ئاینی تێكەڵ بە كاروباری دەوڵەت و سیاسەت ناكرێن". ماددەی ٤٢ ئەوە پەسند دەكا كە "هیچ زوانێك جگە لە توركی نابێ وەك زوانی دایك بە هاووڵاتییانی توركیایی بگوترێتەوە لە هیچ دەزگەیەكی فێركردن یان ڕاهێنان"، لە كاتێكدا كە بەپێی ماددەی ٨١، "حزبەكان بۆیان نییە بانگەشە بكەن كە كەمینە... لە كۆماری توركیادا بوونیان هەیە"، بڕوانە: Kerim Yildiz, and Georgina Fryer, The Kurds: Culture and Language Rights (Great Britain: Kurdish Human Rights Project, August 2004).

٨٢- بەپێی ئەو ماددەیە، "نابێ هیچ بەربەستێك بخرێتە ڕێی بەكارهێنانی ئازادانەی هەر وەڵاتییەكی توركیا لە بەكارهێنانی هەر زوانێك لە پێوەندیی تایبەت، لە بازرگانی، ئاین، لە ڕۆژنامەوانی یان لە وەشاندن بەگشت جۆرێكیەوە یان لە كۆبوونەوە گشتییەكاندا". هەروەها، "جگە لە بوونی زوانی فەرمی، دەبێ ئاسانكاریی گونجاو بكرێ بۆ وەڵاتییانی توركیایی كە توركزوان نین بۆ بەكارهێنانی زارەكیی زوانی خۆیاندا لە بەردەم دادگەكاندا". ئەمەی دوایی گرینگییەكی گەورەی هەیە، كاتێك كە مرۆڤ باس لە تاوانباركردنی دەتەپە بە جیاخوازی دەكا یان تاوانباركردنی ئاكەپە بەوەی كە دژ بە عەلمانییەتە لەسەر بنەوای وتارە كوردییەكانی ئەندامانیان و باسكردنی بەدیموكراتبوون.

٨٣- بەشێوەیەك تایبەت (١) "توركیا هێشتا پێویستی بەوەیە یاساكانی پێوەست بە حزبە سیاسییەكان

لەگەڵ ستاندارە ئەوروپاییەکاندا بگونجێنێ"، (٢) "هیچ پێشکەوتنێک نییە لە گواستنەوەی دەسەڵات بۆ حکوومەتە ناوەخۆییەکان، بەتایبەتی لە پێکهێنانی ئەنجوومەنەیل کارای شارەکان، کە وەک زەوینەیەک دێنە ژماردن بۆ هاندانی بەشداریی جەماوەر لە حکوومەتە ناوەخۆییەکاندا... (سەرباری ئەوەی کە) هێشتا گەندەڵی لە چەندان بواردا بەربڵاوە"، (٣) "هیچ هەنگاوێک هەڵنەنراوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی سیستمی پاسەوانانی گوند (لە کاتێکدا کە) پاڵەپەستۆی سیاسی لەسەر میدیا و ناڕوونیی یاسایی کار دەکەنە سەر ئازادیی ڕۆژنامەوانی لەڕووی کردەنییەوە"، Com- Commission of the European See also, "Turkey 2010 ,.7..8.9.13.18.31..8. 89.cit.munities, "Turkey 2009 Progress Report", op Progress Report", op. cit, pp.7.10.35respectively.

٨٤- دیمانەی توێژەر لەگەڵ سەلاحەدین دەمیرتاش، سەرچاوەی پێشوو.

85. Charountaki, The Kurds and US foreign policy, op.cit. p.18.

٨٥- بۆ ئەوەی بگوترێ کە شتی باش بەڕێوەن، پێکدادانی چەکدار دەگاتە کۆتا"، دیمانە لەگەڵ سەلاحەدین دەمیرتاش (دیاربەکر ٤ی ٦ی ٢٠٠٩). لێرەدا بەڕێز دەمیرتاش قسە لەسەر ڕاگەیاندنی عەبدوڵا گوڵ دەکا کە "شتی باش" سەبارەت بە پرسی کورد ڕوو دەدەن": بڕوانە: "Turkey should solve Kurd prob- php?n=turkey-.com/n.hurriyetdailynews.says president", in Hurriyet Daily News, http://www lem, .should-solve-kurd-problem-says-president-2009-07-27,(27/072009), (last accessed December 2011)

هەروەها دەمیرتاش ئەوەشی گوت کە "ئەمەریکا پرۆژەی بۆ پرسی کورد هەیە بەڵام حکوومەت پشتیوانی لە سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر بە کورد ناکا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد"، دیمانە لەگەڵ سەلاحەدین دەمیرتاش.

87-Top military brass resign from posts", Hürriyet Daily News, available at: http:// www.hurriyetdailynews.com/n.php?n=top-military-brass-resign-from-posts-2011-07-29, (29/07/2011), (last accessed December 2011).

٨٨- بڕوانە: "Govt overcomes psychological barrier to Kurdish initiative", Todays Zaman, http:// com/news-183124-govt-overcomes-psychological-barrier-to-kurdish-.todayszaman.www html,(14/09/2009).(last accessed December 2011)..initiative

89- Minister Atalay in Diyarbakir on democratic drive", available at: http://www. trtenglish.com/trtinternational/en/newsDetail.aspx?HaberKodu=a223f9c4-2d4b-4b35-98a0-42dcb24a3c1b, (09/10/2009), (last accessed October 2009).

٩٠- بە قسەی ئۆروچ، یونوس، "گرینگترین شت (ئەوەیە) لە گشت ئاستەکانی دەوڵەتدا، پێویستی بە ناسینی پرسی کورد دیارە"، دیمانەی توێژەر لەگەڵ ئۆروچ، یونوس، سەرۆکی ناوچەی ئاکەپە لە قاپاپینار، (دیاربەکر ٣ی ٦ی ٢٠٠٩).

91- Daren Butler, "Turkey plans professional army to fight PKK rebels", Reuters, cited in http:// arabnews.com/middleeast/article84123.ece.(24/07/2010).(last accessed December 2011).

92- Turkey to build 86 new prisons".ANF News Agency, http://firatnews.com/english/index.php?

rupel=articleandnuceID=285, (9/06/2010), (last accessed December2011).

93. Yavuz and Özcan, "The Kurdish question and Turkey_s Justice and Development party", op.cit., pp. 108. 112-113.

٩٤- سەرۆک وەزیرانی تورکیا ڕای دەگەیەنێ کە "ئێمە کۆتاییمان بە سیاسەتی کۆنی تورکیا هێنا کە نکوولّیی لە مرۆڤبوونی گەل دەکرد"، Shamal Aqrawi, "Turkey_s Erdogan in first visit to Iraq Kurd re- gion", Reuters, available at: http://www.reuters.com/article/2011/03/29/iraq-turkey-kurds-idUSLDE72S2CD20110329, (Erbil, 29/03/2011), (last accessed April 2011).

95- Haber monitor available at: http://www.habermonitor.com/en/haber/detay/31015/minister-atalay-said-that-terrorist-attacks-w, (14.08.2011), (last accessed January 2012).

٩٦- "گرتنی ئۆجالان بەشێکی پێک دەهێنا لە پلانی ئەمەریکا بۆ ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و قەوقازی مەزنتر. لەبەر ئەوەی ئەمەریکا ئۆجالانی بە مەترسییەکی ئایدیۆلۆجیایی-سیاسی دادەنا لەسەر بەرژەوەندییەکانی لە ناوچەکەدا، لەبەر ئەوە ڕادەستی تورکانیان کرد"، دیمانەی توێژەر لەگەڵ جەمال جۆشکون، ئەندامی کارگێڕیی ئەنجوومەنی ناوەندیی دەتەپە (دیاربەکر ٢ی ٦ی ٢٠٠٩).

٩٧- بە گوتەی نێچیرڤان بارزانی، "خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی خۆرهەلاتی ناوین ئەوە بەپێویست دەردەخەن کە ئەو پرسەی ڕووبەڕووی کورد دەبێتەوە دەبێ چارەسەر بکرێ"، Today_s Zaman, "Solu- tion to Kurdish issue might be found after elections", available at: http://www.todayszaman.com/news-238866-solution-to-kurdish-issue-might-be-found-after-elections.html, (22/03/2011), (last ac- cessed April 2011).

98- Oruç, Yunus, interview, op.cit.

99- Cemal Co_kun, interview, op.cit.

١٠٠- بانگهێشتکردنی فەرمیی کۆشکی سپی بۆ ئەردۆگان لە پێش هەموارکردنی دەستوور بە چوار مانگ ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ پشتگیریکردنی ئەمەریکا لە ئاکەپە و لە ئەردۆگان"، هەروەها وەسپکردنی ئاکەپە لەلایەن بوشەوە وەک نموونەیەکی گەشی هێزێکی پۆزەتیڤی دیموکرات و موسڵمانی میانڕۆ لە خۆرهەلاتی ناویندا"، Joshua W. Walker, "Re-examining the US-Turkish alliance", The Washington Quarterly (Winter 2007/2008), p.96.

101- Bush wants to be sure about democracy in Turkey", article in Hürriyet daily news, available at: http://www.hurriyet.com.tr/english/domestic/9354421.asp?scr=1, (last accessed December 2011).

١٠٢- بە پێچەوانەی پرۆژەی جۆرج دەبلیو بوش بۆ سەپاندنی بەدیموکراتبوون بەسەر خۆرهەلاتی ناویندا، ئۆباما وا لە دیموکراسی تێ دەگا کە بریتییە لە "باسکردنی ئەوەی لە مێشکتدا هەیە و قسەت لە شێوازی حوکمڕانیکردنتا هەبێ، هەبوونی بروا بە سەروەریی یاسا و یەکسانی لە بەڕێوەبردنی دادوەری و هەبوونی دیوەدەرییە و ئەوەیە کە حکوومەت دزی لە گەلەکەی نەکا، ئازادیی ژیانە بەو شێوەیەی کە هەڵی دەبژێری... ئێمە پێشوازی لە هەموو حکوومەتێک دەکەین کە بە ئاشتییانە هاتبێتە هەڵبژاردن- بەو مەرجە لە حوکمڕانیدا ڕێز لە گشت گەلەکەیان بگرن". بۆیە خەڵکی ڕۆژهەلاتی

ناوەڕاست "دەبێ بە ڕەزامەندی دەسەڵات بگرنە دەست، نەک بەزۆرەکی، دەبێ ڕێز لە مافەکانی کەمینەکان بگرن، و دەبێ بەگیانی پێکەوەژیان لێبوردەییەوە هاوبەشی بکەن، دەبێ بەرژەوەندییەکانی گەلەکەت و کارکردنی شەرعییانەی پرۆسەی سیاسی بخەیتە سەرووی حزب و لایەنەکانەوە. بەبێ ئەم پێکهێنەرانە، هەڵبژاردن بە تەنیا دیموکراسی دروست ناکا". وتاری سەرۆک باراک ئۆباما، "سەرەتایەکی نوێ"، لە: com/2009/06/04/obamas-middle-east-.huffingtonpost.http://www speech_n_211217.html, (Cairo, 4/06/2009) (last accessed December 2011)/

١٠٣- بە قسەی ئۆباما، "تورکیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان دەبێ پشتی یەکتری بگرن- و کار بەیەکەوە بکەن- بۆ زاڵبوون بەسەر ڕووبەڕووبوونەوەکانی سەردەمەکەمان... بەهۆی بەهێزیی هاوپەیمانییەکەمان و جێگیریی دۆستایەتیمانەوە، هەردووکمان ئەمەریکا و تورکیا بەهێزترین، و دنیا ئارامترە". باراک ئۆباما، وتارەکەی لە پەرلەمانی تورکیادا، uk/2/shared/bsp/hi/pdfs/.co.bbc.http://news 06_04_09_obamaspeech.pdf, (Ankara, 6/04/2009), (last accessed October 2009).

104- Turkeys democracy is your own achievement", in ibid

١٠٥- هەفتەی ڕابردوو، ئەحمەد تورک چاوی کەوت بە باڵیۆزی ئەمەریکا لە ئەنقەرە و ڕای گەیاند کە پێک هاتوون لەسەر کردنەوەی نووسگەی دەتەپە لە واشنتندا"، Zafer Yörük, "The history and the present of the 'Kurdish peace initiative' in Turkey", The Kurdish Globe, available at: http:// net/displayArticle.jsp?id=5C836EC12F8D0B1F8B652F456D8BADB8, (22/08/.kurdishglobe.www 2009), (last accessed December 2011).

١٠٦- ئەوەندەی پەیوەست بێ بەپلانی تورکیاوە، هەندێ لەو ئیجرائاتانەی کە دیارە حکوومەتەکان ئامادەن جێبەجێیان بکەن، بریتین لە: ڕێگەدان بە بەکارهێنانی سێ پیتە کوردییەکەی – x, q, w-، قورئان بە کوردی چاپ دەکری، زوانی کوردی لە قوتابخانە سەرەتاییەکان و لە کۆلیجەکاندا دەگوترێتەوە، بلاڤۆکی کوردی و ئاماژەگەلی ڕێگە لەسەر ڕێگە سەرەکییەکاندا دادەنرێن، "Kürt açlm basna szd", _nternet Haber, at http://www php?id=207517andpage=2,(16/09/.com/news_detail.internethaber. 2009), (last accessed December 2011). یونوس ئۆروچ دەڵێ "ئەمڕۆ "نەخشەی ڕێگەیەک" هەیە بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد بەڵام هێشتا ڕانەگەیەنراوە، ئەویش بۆ خۆ لادانە لە هەڵگیرساندنی هەندێک تووڕەیی"، دیمانە لەگەڵ ئۆروچ، سەرچاوەی پێشتر.

107- Savvas Kalederidis, " ", (How Apo was captured, The capture of Öcalan: the time of the truth) (Athens: Infognomon, 2007), p.212.

١٠٨- ئەمەریکا دەیەوێ دان بەمافی کوردا وەک کەمینە بنرێ"، دیمانە لەگەڵ سەلاحەدین دەمیرتاش. وەک پێشهاتێکی بەرچاوی لووتکەی یەکەتیی ئەورووپا- ئەمەریکا (٣-٤ی تشرینی دووەم ٢٠٠٩ لە واشنتن) سەرۆکی ئەمەریکا، باراک ئۆباما پشتیوانیی لە بەئەندامبوونی تورکیا کرد لە یەکەتیی ئەورووپا.

109 - US critical of arresting Kurdish politicians in Turkey", Wikileaks cables, http://www kurdsat. tv/ news.php?id=217andtype=kurdistan (22/09/2011), (last accessed December 2011).

١١٠- "لە ماوەی دواییدا وەزارەتی ناوەخۆ لەڕێی کۆمپانیاگەلی سەربەخۆوە سێ ڕاپرسیی جیا لە یەکی ئەنجام داوە، پێشانی دەدەن کە لەنێوان ٥٥٪ تا ٦٤٪ی تورکەکان پشتیوانیی دەستپێشخەریی کوردیی

حکوومـەت دەکـەن". بەهەمـان شـێوە، ٨٥٪ی دەنگدەرانی پارتی دادوەری و گەشـەپێـدان (ئاق پارتی)ی حوکمڕان پشتیوانیی پرۆسەی بەدیموکراتبوونی تورکیا دەکەن. ئەم ڕێژەیە لەناو پارتی گەلی دیموکرات (جەهەپە)ی ئۆپۆزسیـۆندا ٦٥٪ـە و لە پارتی بزاوی نەتەوەیی (مەهەپە)دا ٤٨٪ـە. بڕوانە: Ercan Yavuz, Turkish public supports Kurdish initiative, democratization", Today_s Zaman, available at: http://" www.todayszaman.com/tz-web/news-187128-turkish-public-supports-kurdish-initiative-democratization.html, (15/09/2009), (last accessed December 2011).

111-The resolution of the Kurdish Issue contributes to Turkeys accession"; See Interview with Selahattin Demirta, op.cit.

112-Günter Ferhoigen, "We need Turkey".Greek newspaper, (Athens, 29/02/2004), p.24.Also, "We want Turkey to exist in Europe, but not inside the EU" said Minister Pierre Lellouche who wants Turkey_s accession into the EU to be reconsidered so that a crisis to be avoided"; article in NEA [The News], Greek newspaper, (Athens, 27/08/2009).

١١٣- بڕوانە دیمانەی یونوس ئۆروچ، سەرچاوەی پێشتر.

١١٤- دیمانەی جەمال جۆشکون، سەرچاوەی پێشتر.

١١٥- دیمانەی یونوس ئۆروچ، سەرچاوەی پێشتر.

١١٦- بڕوانـە دیمانەی جـەمـال جـۆشکون، سـەرچاوەی پێـشـتـر. ئامـاژەکـانـی بەڕێز جـۆشکون تەواو یەکـلاکـەرەوەن لەبـەرئەوەی لەڕاسـتـیـدا "دەسـتـپـێـشـخـەرییـە نوێیـەکـەی حکوومـەتـی تورکـیـا بۆ بەدیموکـراتبـوون، کـە ئامـانجـەکـەی چارەسـەرکردنی کـێـەی کـوردی تـەمـەن چەندان دەیەیە، ڕەنگە هاوکاریش ببێ لە هێورکردنەوەی گرژیی نێوان هاوولاتییانی تورکی بەڕەگەز و ئەوانی تر لە نەمسـا و ولاتانی تری ئەندام لە یەکەتیی ئەورووپا". بەگوتـەی ئەکـمەن باغیش، سـەرۆکی وتوێژکارانی تورکـیا لەگـەڵ یەکـەتیی ئـەورووپا، "پرسـی کـورد ڕۆڵێکی دیاری هـەیە لە بزواندنی حکوومـەتـەکـانی یەکـەتیی ئەورووپا، لەوان نەمـسـا، بۆ دەسـتـوەردان، تەنیـا لەبـەرئەوەی کە نایانەوێ خـۆپێشـانـدان ببیـنن لە بەردەم باڵەخـانەکانی پـەرلەمانەکانیـان یان لە شەقامەکانی ناوجـەرگەی شـارەکانیاندا... ئەگەر ئێمە بتوانین سەرکەوتووانە چارەسەری پرسی کوردیی خۆمـان بکەین، ئەوە هاوکاریشمان دەبێ لە گۆڕینی بۆچوونە نەرێنییـەکـانی نەمـسـادا"، لە: "Austria signals policy changes for better relations with Turkey", Abdullah Bozkurt, Today_s Zaman, http://www.todayszaman.com/tz-web/news-186277-austria-signals-policy-changes-for-better-relations-with-turkey.html, (6/09/2009), (last accessed December 2011).

١١٧- "دڵی پرسی کـورد هـا لە ڕەخـەنەدە سـیـاسـیـیـەکـەیدا، هەرچەندە کـە دەبێ ئۆتۆنۆمـیـی ئیـداری، بەکارهێنانی زوانی کوردی، فێرکردنـی کوردی و نایەکسانیی کۆمەڵایەتی-ئابووریی کوردانیش لەبەر چاو بگیرێن"، Ahmet Içduygu, David Romano and Ibrahim Sirkeci, in "The ethnic question in an environment of insecurity: the Kurds in Turkey" Ethnic and Racial Studies.Vol.22. No.6(November 1999), p.992.

١١٨- بڕوانە دیمانە لەگەڵ یونوس ئۆروچ، سەرچاوەی پێشتر.

١١٩- بڕوانە دیمانە لەگەڵ جەمال جۆشکون، سەرچاوەی پێشتر.

١٢٠- سەرچاوەی پێشوو.

١٢١- دەتەپە، جێگرەوەی زنجیرەیەک حزبی داخراوە، کە هەموویان تاوانبار کراون بە کلکایەتی بۆ پەکەکە وەک بزاوگەلی جیاخواز. بۆیە دەتەپە لە دەهاپ (پارتی گەلی دیموکرات) سەرچاوەی گرتووە کە ئەویش جێگرەوە هادەپ (پارتی دیموکراتی گەل)ە کە لە ٢٠٠٣دا داخرا، دەپ (پارتی دیموکراسی) لە ١٩٩٤دا داخرا، و هەپ (پارتی کرێکارانی گەل) لە ١٩٩٣دا داخرا.

١٢٢- لە ٢٠ی ئاب ٢٠٠٩، عەبدوڵا ئۆجالان "نەخشەڕێگەیەکی" ئامادە کرد بۆ چارەسەریی پرسی کورد کە درایە دەست حکوومەتی قوبرسەوە.

١٢٣- پێکدادانی چەکدار لە نێوان سوپای تورک و پەکەکە لە پارێزگەکانی هەکاری و سیرت"، لە

do?haberno=889920andtitle=siirt-ve-cukurcada-.haber/tr.com.zaman.Zaman, available at: www Todays .catisma-7-asker-sehit, (8/09/2009), (last accessed October 2009)

١٢٤- بڕوانە: دیمانە لەگەڵ یونوس ئۆروچ، سەرچاوەی پێشتر.

١٢٥- بڕوانە: دیمانە لەگەڵ جەمال جۆشکون، سەرچاوەی پێشتر.

١٢٦- سەرچاوەی پێشوو.

١٢٧- "An end to the isolation for Öcalan", TO BHMA [To Vima], Greek newspaper, (Athens, 3/11/2009).

١٢٨- بڕوانە: دیمانە لەگەڵ سەلاحەدین دەمیرتاش، سەرچاوەی پێشتر.

١٢٩- بۆ ڕوونکردنەوە، جیاوازیی نێوان "ئۆزەرکلیک" و "ئۆتۆنۆمی" لێرەدا تەواو دیارە. پرۆگرامی دەتەپە باس لە (ڤەرەل ئۆزەرکلیک = خۆتێرکردنی ناوەخۆیی) دەکا وەک زاراوەیەکی فرەوانتر بۆ وەسپکردنی سیستمێکی حکوومەتگەلی خۆجێیی. بۆیە ئۆزەرکلیک (ئۆز = خۆ، ئێرک = دەسەلات) دۆخێکی پڕکردنەوەی خۆبەخۆی پێداویستییە ناوەخۆییەکانە کە ئامازەی تێدا نییە بۆ ڕێکخستنێکی ئۆتۆنۆمیی کوردیی تەواوی جیا دەوڵەت. بگرە پێشنیازی ئۆتۆنۆمییەکی سنووردار دەکا لە بواری مافەکانی کولتووری و ئابووریدا کە هاوکاری کوردان دەبێ لە کۆنترۆڵکردنی خوێندن، کولتوور و میدیای خۆیان لەسەر ئاستێکی ناوەخۆییدا. لەلایەکەی تریشەوە، ئۆتۆنۆمی وەک لە زانستە سیاسییەکاندا ناسێنراوە بریتییە لە بیرۆکەیەک کە بە پێویستی دەزانێ ئەنجوومەنێکی یاسادانەری جیا لەسەر ئاستێکی ناوەخۆیی هەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا، بیرۆکەی دروستکردنی حکوومەتگەلی ناوەخۆیی کە لە "دیموکراتیک ئۆزەرکلیک"دا باس کراوە هیچ جۆرە دەسەلاتێکی یاسادانان لەخۆ ناگرێ. بۆیە، ئەو بیرەی لەپشت مۆدیلی کوردییەوەیە ئۆتۆنۆمی نییە. لێرەشەوە، مۆدیلەکە باس لە خۆبەڕێوەبردن لە دەسەلاتە ناوەخۆییەکاندا دەکا لەسەر ئاستی شارەوانییەکان، گوندەکان و بەم شێوەیە، وەک ئیدارەگەلی نیوە-ناوەندی. ئەم زاراوانەی ئەوانەن دانەرگەلی وەک بەکر پارلاک، زاهید سۆباچی و مستەفا ئۆکمەن بەکاریان هێناوە لە "The evaluation of restructured local governments in Turkey within the context of the European charter on local self-government", Ankara Law Review, Vol ٥ .No .1.(Summer 2008), p. 27دا.

١٣٠- بڕوانە دیمانەکەی سەلاحەدین دەمیرتاش، سەرچاوەی پێشتر.

١٣١– جۆشكون لێرەدا ئاماژە بۆ كردارگەلی سیاسی دەكا كە لەبەر هۆكاری جوگرافیایی بوونە نەك جیاخوازی. بڕوانە دیمانە لەگەڵ جەمال جۆشكون، سەرچاوەی پێشتر.

١٣٣ -132 .Charountaki, The Kurds and US foreign policy, op.cit. p.260

لە نەریتی ئیسلامیدا لە سەردەمی زوودا ئەمە هەبووە– بەڵام دواتر باڵادەست بووە– كە دەڵێ: (أ) لێكدانەوەی ئیسلام لەلایەن زانیارانی تێگەیشتووەوە دەبێ و (ب) لەو كاتەدا كە ئەو زانیارانە ڕاوێژ پێشكێشی حاكم دەكەن، بەڵام لە كۆتادا حاكم ئەو كەسەیە كە بڕیار دەدا و دەبێ گوێی لێ بگیرێ. بێگومان لێكدانەوەی جێگرەوە هەبوون– كە بەلای كەمەوە تەنیا لای ئەو ئیسلامییانە نەبوون– كە دەیانویست حاكمەكانیان لە دەسەڵات لابدەن و ئینجا قبووڵی بنەوای سەروەریی میللیش ناكەن.

١٣٤– "ویلایەتە یەكگرتووەكان بەردەوام دەبێ لە پشتیوانیی مافەكانی مرۆڤ و بنەواكانی دیموكراسی لە ناوچەكەدا. ئەمەریكا و ئیسلام دژ بە یەكتری نین و پێویست نییە لە كێبەركێدا بن. بگرە ئەوان گونجاون و بنەواگەلی هاوبەشیان هەن– بنەواگەلی دادوەری و ڕێز لە گشت مرۆڤەكان"، وتاری سەرۆك باراك ئۆباما، "سەرەتایەكی نوێ"، سەرچاوەیەكی پێشوو.

١٣٥– ئەمە لەگەڵ ئەو هەواڵانەدا ئاشكرا بوو كە باسی دوایین لێبوردنی ئەنقەرە دەكەن بۆ ئاخییە كوردەكانی پەكەكە "گرووپی ئاشتی" لە كەمپی چیای قەندیل. گرووپەكە لە میانی دەستپێشخەرییەكی نیازپاكی لەلایەن حكوومەتەوە بۆ چارەسەریی ئاشتییانەی پرسی كورد، خۆیان بەدەستەوە دا. بڕوانە:
http://www.ekurd.net/mismas Kurd Net, in
/articles/misc2009/10/turkeykurdistan2303.htm (19/10/2009), (last accessed October 2009).

١٣٦– ئەرگەنەكۆن، ناوی هێمایی كۆمەڵێك بەهایە كە هەر كەسێك كە بڵێ "چەند دڵشادە ئەو كەسەی كە دەڵێ من توركم، هەست بە شانازیی پێوە دەكا" بەقسەی ئولوك تارجان–ی دامەزرێنەری. بڕوانە نووسینەكەی: "Ergenekon to become party name", in Today_s Zaman, available at: http://www.todayszaman.com/tz-web/news-190555-ergenekon-to-become-party-name.html , (22/10/2009), (last accessed December 2011).

## سەرچاوەكان

كتێبەیل:


Charountaki, Marianna, The Kurds and US foreign policy: International Relations in the Middle East since 1945, (Routledge: October 2010).

Cizre, Ümit, Secular and Islamic politics in Turkey: The making of the Justice and Development Party, (London: Routlegde, 2008).

Cohen, Carl, Democracy, (University of Georgia Press: 1971).

Dahl, Tove Stang, The Muslim Family (Oxford 7 Oslo: Scandinavian University Press, 1997).

Demirci, Emin Ya_ar, Modernisation Religion and Politics in Turkey: The Case of The _skenderpa_a Community, (Istanbul: Insan publications, 2008).

Esposito, L.John, Chapter 1:"Religion, Politics, and Society: Normative Ideal and Historical Reality", Is-

lam and Politics, (4th Ed), (Syracuse University Press: 1998).

Hans-Lukas, Kieser, Turkey beyond nationalism: towards post-nationalists identities, (London, I.B.Tauris: 2006).

Holden, Barry, Understanding liberal democracy, (2nd ed.) (London: Harvester Wheatsheaf, 1993).

Kalederidis, Savvas."".time of the truth) (Athens: Infognomon, 2007).

Lake, Michael, The EU and Turkey: a glittering prize or a millstone? (London: 2005).

Potter, S .David, Goldblatt, David, Kiloh, Margaret and Lewis, Paul, Democratization (Polity Press: The Open University, 1997).

Rousis.T.George [Ancient Democracy: Always new],(Govostis, Athens: 1999)/

Yildiz, Kerim and Fryer, Georgina, The Kurds: Culture and Language Rights (Great Britain: Kurdish Human Rights Project, August 2004).

گۆوارەکان:

Anderson, John,"Does God matter, and if so whose God? Religion and democratization".Democratization, Vol.14.No 4, (Routledge, August 2007).

Barro, J .Robert, "Determinants of Democracy", The Journal of Political Economy.Vol .107.No .6.in Honor of Gary S.Becker, (The University of Chicago Press, December 1999).

Esposito, L.John and Voll.O.John, "Islam and Democracy".Oxford University Press.Vol.22/Number 6, (November/December 2001).

Esposito.L.John, "Practice and Theory: A response to Islam and the Challenge of Democracy", Boston Review.(April/May 2003).

Ghanim.David, "Turkish democracy and political Islam", Middle East Policy.No1,Vol.16, (Blackwell, Spring 2009).

Göle, Nilüfer, "Secularism and Islamism in Turkey: The Making of Elites and Counter-Elites", Middle East Journal, Vol. 51.No1.(Middle East Institute: Winter, 1997).

Gül, Abdullah, "Turkey_s Role in a Changing Middle East Environment", Mediterranean Quarterly, (Winter 2004).

Hakan, M.Yavuz, "Search for a New Social Contract in Turkey: Fethullah Gülen, the Virtue Party and the Kurds", SAIS Review.Vol.19, No.1. (The Johns Hopkins University Press: 1999).

Hakan, M.Yavuz, and Özcan, Nihat Ali."The Kurdish question and Turkey_s Justice and Development party", Middle East Policy, Vol.XIII, No.1.(Spring 2006).

Heper, Metin, "Islam and Democracy in Turkey: Toward a Reconciliation?", Middle East Journal, Vol. 51..No1.) Middle East Institute: Winter, 1997).

Içduygu, Ahmet and Romano, David and Sirkeci. lbrahim, "The ethnic question in an environment of insecurity: the Kurds in Turkey", Ethnic and Racial Studies, Vol.22. No.6.(November 1999).

Moustakis, Fotios, and Chaudhuri, Rudra, "Turkish-Kurdish Relations and the European Union: An Un-

precedented Shift in the Kemalist Paradigm?", Mediterranean Quarterly, (Fall 2005).

Parlak, Bekir, Sobaci, Zahid and Ökmen, Mustafa, "The evaluation of restructured local governments in Turkey within the context of the European charter on local self-government", Ankara Law Review, Vol.5.No.1(Summer 2008).

Richards, Alan, "Modernity and Economic Development: the new American messianism", Vol.10, No3, (Fall 2003).

Richards, Alan, "Democracy in the Arab region: getting there from here", Middle East Policy, Vol.12, No2, (June 2005).

Salih, Khaled, Book Review, "Christopher Houston: Islam, Kurds and the Turkish Nation State" (Oxford: Berg, 2001), Journal of Islamic Studies, Vol.13.No 2, (2002).

Walker, W.Joshua." Re-examining the US-Turkish alliance". The Washington Quarterly (Winter 2007/ 2008).

ڕۆژنامەکان:

Burns, Nicholas, "US State Departments Burns: We are giving Turkey 100% in struggle against PKK", Hürriyet, Turkish newspaper, (19/09/2007).

NEA [The News], Greek newspaper, (Athens, 27/08/2009) and (11/11/2009).

TO BHMA [To Vima], Greek newspaper, (Athens, 3/11/2009).

Recep, Tayyip Erdoan, Interview, "Si Turquía entra en la UE, el mundo musulmán cambiará su visión de Europa", El País, Spanish newspaper, (19/10/2003).

Tirman, John, "The trouble with Turkey".The Boston Globe, (30/11/2005).

Todays Zaman, Turkish Newspaper, (1/10/2007).

ڕاپۆرتەیل:

Bryza, J.Matthew, "US policy towards Turkey", Report, http://www.state.gov/p/eur/rls/rm/85595.htm, (11/05/2007).(last accessed April 2011).

Director of Central Intelligence, National Intelligence Estimate, The Kurds: rising expectations, old frustrations, http://www.foia.cia.gov/docs/

DOC_0000469140/DOC_0000469140.pdf, (USA, September 1992), (last accessed December 2011).

European Commission, Turkey 2008 Progress Report, Staff Working Document SEC(2008) 2699, cited in http://ec.europa.eu/enlargement/

pdf/presscorner/key documents/reports nov 2008/turkey progress

reporten.pdf (Brussels, 5/11/2008) (last accessed December 2011).

European Commission.Turkey 2009 Progress Report, Commission Staff Working.Document, SEC (2009)1334, http://ec.europa.eu/enlargement/

pdf/key_documents/2009/tr_rapport_2009_en.pdf (Brussels, 14/10/2009).(last accessed December 2011).

European Commission, Turkey 2010 Progress Report, Commission Staff Working Document, SEC (2010) 1327, available at: http://ec.europa.

هەولێرنامەی کتێب

eu/enlargement/pdf/key_documents/2010/package/tr_rapport_2010_en.pdf, (Brussels, 9/11/2010), (last accessed January 2012).

European Court of Human Rights, Report, http://ecohr.wordpress.com/2011/
01/11/human-rights-violations-in-turkey/# more-267, (last accessed December 2011).

Nykänen, Johanna, Briefing paper.One question, any answers? The EU_s role in solving the Kurdish question in Turkey, (11/ 01/ 2011).

Rabasa, Angel and Larrabee, F.Stephen.The rise of political Islam in Turkey, (RAND, National Defense Research Institute, 2008).

دیمانەگەل:

– دیمانەی توێژەر لەگەڵ جەمال جۆشکون، ئەندامی کارای ئەنجوومەنی ناوەندیی دەتەپە (بەدەپە-ی ئێستا). دیاربەکر- ٢ی حوزەیرانی ,٢٠٠٩

– دیمانەی توێژەر لەگەڵ ئۆروچ، یونوس، سەرۆکی ناوچەییی ئاکەپە لە کایاپینار، (دیاربەکر- ٣ی حوزەیرانی ٢٠٠٩).

– دیمانەی توێژەر لەگەڵ سەلاحەدین دەمیرتاش، ئەندامی پەرلەمان و، جێگری سەرۆکی بەدەپە "پارتی ئاشتی و دیموکراسی"، (دیاربەکر- ٤ی حوزەیرانی ٢٠٠٩).

ئارشیڤگەلی حکوومەتی و سەرچاوەیل ئینتەرنێت:

Aljazeera, Arabic agency news (25/04/2007) http://english.aljazeera.net/news
/europe/2007/04/2008525142630990352.html.(last accessed December 2011).

Aljazeera Arabic News Agency, (6/05/2007), http://english.aljazeera.net/news.
europe/2007/05/2008525131424138594.html.(last accessed December 2011).

Andreou.Anna,TA NEA [The News], Greek newspaper, http://www.tanea.gr/
default.asp?pid=2andartid=4534738andct=2, (5/09/2009), (last accessed October 2009).

ANF News Agency, http://firatnews.com/english/index.php?rupel=articlean
dnuceID=285, (9/06/2010), (last accessed December2011).

Associated Press, cited in The Turkish times, (June 25), http://www.theturkishtimes.com/archive/02/07_01/bush.html, (last accessed April 2011).

Aqrawi, Shamal, "Turkey_s Erdogan in first visit to Iraq Kurd region". Reuters, (Erbil, 29/03/2011).http://www.reuters.com/article/2011/03/
29/iraq-turkey-kurds-idUSLDE72S2CD20110329, (last accessed April 2011).

Barzani, Nechirvan, "Solution to Kurdish issue might be found after elections".Todays Zaman. Turkish newspaper. http://www.todayszaman
.com/news-238866-solution-to-kurdish-issue-might-be-found-after-elections.html, (22/03/2011), (last ac-

cessed April 2011).

Bozkurt, Abdullah, Today_s Zaman, Turkish newspaper. http://www.todayszaman.com/tz-web/news-186277-austria-signals-policy-changes-for-better-relations-with-turkey.html, (6/09/2009).(last accessed December 2011).

Burns, Nicholas, "Burns says US should restore the primacy of Turkey" ,Yeni _afak, Turkish newspaper,http://yenisafak.com.tr/English/?i=68792, (15/09/2007). (last accessed January 2012).

Butler, Daren, "Turkey plans professional army to fight PKK rebels", Reuters, http://arabnews.com/middleeast/article84123.ece, (24/07/2010), (last accessed December 2011).

Clinton, R.Hillary.Press Statement, "Nowruz Message", http://www.america.gov/st/texttrans-english/2011/March/2011032016183

4su0.6761678.html, (US Department of State, 20/03/ 2011), (last accessed April 2011).

Demrta, Serkan."EU_s concerns over press freedom in Turkey deepen", Hürriyet Daily News, Turkish newspaper, http:///www.hurriyetdailynews.

com/n.php?n=eu8217s-concerns-over-press-freedom-in-turkey-deepen-2009-09-30, (30/09/2009).(last accessed December 2011).

Do_u, Ergil, "WikiLeaks on Turkey", Today_s Zaman, Turkish Newspaper, http://www.todayszaman.com/columnist-239614-wikileaks-on-turkey.html, (30/03/2011), (last accessed April 2011).

Enginsoy. Ümit. "US urges Turkey to take key policy steps, article in Turkish Daily News, http://hyelog.blogspot.com/2007/09/us-urges-turkey-to-take-key-policy.html, (15/09/2007), (last accessed December 2011).

Ercan.Yavuz, "Turkish public supports Kurdish initiative, democratization", Today_s Zaman, Turkish newspaper.http://www.todayszaman.com/tz-web/news-187128-turkish-public-supports-kurdish-initiative-democratization.html.(15/09/2009), (last accessed December 2011).

Ferhoigen, Günter."We need Turkey", Greek newspaper, (Athens, 29/02/2004).

Gambill, C.Garry."Jumpstarting Arab Reform: the Bush administration_s Greater Middle East Initiative".Middle East Intelligence Bulletin.Vol.6.(June/July 2004).

Haber monitor available at: http://www.habermonitor.com/en/haber/detay/

31015/minister-atalay-said-that-terrorist-attacks-w, (14.08.2011), (last accessed January 2012).

Hurriyet, Turkish newspaper, http://hurarsiv.hurriyet.com.tr/goster/haber.aspx?id=4138248andp=2.(24/03/2006). (last accessed December 2011).

Hürriyet Daily News (Turkish newspaper), www.hurriyetdailynews.com/n.php

?n=turkey8217s-election-board-cuts-off-pro-kurdish-bdp-deputy8217s-mandate-2011-06-22, (22/06/2011), (last accessed December 2011).

Hurriyet Daily News, Turkish newspaper, http://www.hurriyetdailynews.com/

n.php?n=turkey-should-solve-kurd-problem-says-president-2009-07-27, (27/07/2009), (last accessed December 2011).

Hürriyet Daily News, Turkish newspaper, http://www.hurriyetdailynews.
com/n.php?n=top-military-brass-resign-from-posts-2011-07-29, (29/07/2011), (last accessed December 2011).

Hürriyet daily news, Turkish newspaper, http://www.hurriyet.com.tr/
english/domestic/9354421.asp?scr=1, (4/07/2008), (last accessed ecember 2011).

_nternet Haber.Turkish newspaper http://www-internethaber.com/news
-detail.php?id=207517andpage=2, (16/09/2009), (last accessed December 2011).

Kelly, Ian, "Statement on Media Freedom in Turkey", http://turkey.usembassy.gov/statements_031011.html, (10/03/2011), (last accessed April 2011).

Kurd Net, http://www.ekurd.net/mismas/articles/amisc2009/10/turkeykurdistan
2303.htm (19/10/2009), (last accessed April 2011).

Kurdish Media.com, http://kurdmedia.com/article.aspx?id=12215, (5/03/2006), (last accessed December 2011).

Kuru, Ahmet, "From Islamism to Conservative Democracy: the Justice and Development Party in Turkey".Paper presentation at the Annual Meeting of the American Political Science Association, http://www.allacademic.com/meta/p151181-index.html, (31/08/2006) (last accessed October 2009).

Masmoudi, Radwan, "Political Islam and the future of democracy in the Middle East", Centre for the Study of Islam and Democracy in the Middle East, (Washington DC, 2004), http://www.theamericanmuslim.org/
tam.php/features/articles/political islam and the future of democracy in the middle east/, (last accessed October 2009).

Morgan, David, Reuters, cited in "US-Turkey Discuss Solution to PKK", The Muslim Observer, No. 1303/07/2002). (10/01/ 2008), http://muslimmedianetwork.com/mmn/?p=169 (last accessed April 2011).

National Endowment for Democracy, Transcript of Remarks, 20th Anniversary of the National Endowment for Democracy, (Washington DC, 6/11/2003).

Quran, Shura, http://tanzil.net/#42:38 and http://tanzil.net/#3:159..

Obama, Barack, Address to Turkish Parliament, http://news.bbc.co.uk/2/
shared/bsp/hi/pdfs/06_04_09_obamaspeech.pdf, (Ankara, 6/04/2009), (last accessed October 2009).

Obama, Barack, Speech, "A New Beginning", http://www.huffingtonpost.
com/2009/06/04/obamas-middle-east-speech_n_211217.html,(Cairo, 4/06/2009) (last accessed December 2011).

Recep, Tayyip, Erdo-an."We are not rooted in religion: PM", Yeni-afak, http://yenisafak.com.tr/English/?i=115168, (4/05/2008), (last accessed December 2011).

Tarcan, Ülük, Today-s Zaman, Turkish newspaper, http://www.todayszaman.
com/tz-web/news-190555-ergenekon-to-become-party-name.html, (22/10/2009), (last accessed December



هەولێرنامەی کتێب

2011).

Today-s Zaman, Turkish newspaper, http://www.todayszaman.com/tz-web/detaylar.do?load=detayandlink=106952, (30/03/2007), (last accessed December 2011).

Today_s Zaman, Turkish newspaper, http://www.todayszaman.com/tz-web/news-163121-event-of-the-week-chartreuse-chartreuse-chartreusetrt-launches-aqua-aquakurdish-lime-limechannel-in-magenta-magentabid-to-green-greenreconcile-with-gold-goldkurds.html, (15/01/2009) (last accessed December 2011).

Today_s Zaman, Turkish newspaper, www.zaman.com.tr/haber.do?

haberno=889920andtitle=siirt-ve-cukurcada-catisma-7-asker-sehit, (8/09/2009), (last accessed October 2009).

Today-s Zaman (Turkish newspaper), http://www.todayszaman.com/

news-183124-govt-overcomes-psychological-barrier-to-kurdish-initiative.html,(14/09/2009).(last accessed December 2011).

TRT, Turkish news agency, http://www.trtenglish.com/trtinternational

/en/newsDetail.aspx?HaberKodu=a223f9c4-2d4b-4b35-98a0-42dcb24a3c1b.(09/10/2009), (last accessed October 2009).

Üstünda-.Erhan."Increase of Rights Violations in South-Eastern Turkey", http://kadin.bianet.org/english/english/127476-increase-of-rights-violations-in-south-eastern-turkey (28/01/2011), (last accessed April 2011).

Vucheva, Elitsa, "EU calls on Turkey to speed up reforms".Euobserver.com, http://euobserver.com/9/25768, (04/03/2008), (last accessed April 2011).

Wikileaks cables. http://www.kurdsat.tv/news.php?id=217andtype=kurdistan, (22/09/2011), (last accessed December 2011) .

Yalcinkaya, Abdurrahman."Political Islam in Turkey claims to change state rules".Hurriyet Daily News,Turkish newspaper.(20/05/2009).http://www.hurriyet.com.tr/ english /turkey/8470126.asp?gid=231andsz=85577.(last accessed October 2009).

Yörük, Zafer,"The history and the present of the - Kurdish peace initiative - in Turkey".The Kurdish Globe, Kurdish newspaper, http://www.kurdishglobe.net/displayArticle.jsp?id=5C836EC12F8D0B1F8B652F456D8BADB8.

(22/08/2009). (last accessed December 2011.

هەواڵنامەی کتێب

# لە سەرهەڵدانی عەرەبەوە
# بۆ هەلی کورد

## ڕاپۆرتی ڕۆهەڵاتی ناوینی گرووپی تەنگژەیە

نێزیکەی ١٠ لە سەتی ٢٣ ملیۆن لە هاووڵاتییانی سووریا کوردن. بەشێوەیەکی سەرەکی کەوتوونەتە ناوچەی حەسەکە لە باکوری ڕۆهەڵات و لە ناوچەی بەیەکەوەنەلکاوەی فرەواندا بەدرێژاییی سنووری تورکیا کە دەگات بە عەفرین لە باکوری ڕۆئاوا، هەروەها شاری گەورەی وەک حەلەب و دیمەشق و بە شارۆکەی تر بەرەو باشوور وەک قونەیترە. جگە لەو دابڕاوییە جوگرافیاییە، کوردانی سووریا زۆر وەک کوردانی ڕۆهەڵاتی ناوین لە ڕووی سیاسییەوە دابەش بوونە، ئەوەش وای لە فراکسیۆنە جۆرەوجۆرەکان کردووە خۆیان بەلای هێزە ڕکابەرەکانی هەرێمەکەدا بدەن. لە دەسپێکی خۆپێشاندانەکانی سووریاوە لە ٢٠١١، ئەو گۆڕینکارییە ڕیشەییانەی ناو دیمەنی سیاسیی کورد کاردانەوەیە بۆ هەوڵی نوێی کوردان بۆ دووپاتکردنەوەی خۆیان وەک یاریکەرێکی گرینگی سیاسی لە چوارچێوەی مافەکانیاندا، ئەوەش ئەو هەوڵە بوو کە ڕووبەڕووی کۆسپی گەورە بووەوە.

أ– کۆماری عەرەبیی سووریا و کوردەکان

گرژی لە پێوەندیی نێوان دەوڵەتی سووریا و کەمینە کوردەکەی هەر هەبووە، تەنانەت پێش ئەوەی ڕێژیمی ئێستە بێتە دەسەڵات و لە دوای گرتنە دەسەڵاتی حیزبی بەعس لە ١٩٦٣دا. لەساڵی ١٩٦٢ ئەو دەزگەیانەی لە هەرێمی جەزیرە (ئەو ناوچەیەی کەوتووەتە نێوان ڕووباری دیجلە و فورات) لە باکوری ڕۆهەڵات سەرژمێرییان کرد، نێزیکەی ١٢٠ هەزار کوردیان لە ڕەگەزنامەی سووریایی داماڵی، گوایە ئەوان کۆچبەری نایاسایین و لە تورکیاوە هاتوون. ئەو هاووڵاتییە کوردانە و نەوەکانیان کە تا ئێستە ڕەگەزنامەیان نییە، ئەمڕۆ بەنێزیکەی ٣٠٠ هەزار کەس (١٥٪) لەو ٢ ملیۆن کوردەی لە وڵاتەکەدان، دەخەمڵێنرێن. ئەوان لە بۆشاییی یاساییدا

.................................................................................

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: هێمن هادی

دەژین، لە مافە سەرەکییەکان داماڵراون، وەک گەشتکردن بەناو سووریا و بۆ دەرەوە کە پێویستی بەپاسپۆرت یاخۆ ناسنامەی ترە، ناتوانن ببنە خاوەن موڵک، لە ئەنجامدانی هاوسەربەندیی دانپێنراو بەپێی یاسا بێ بەشن، هەروەها لە سوودوەرگرتن لە مادەی خۆراکی، بەشداریکردن لە هەڵبژاردن، و گرتنەدەستی بنکەکان (چا هەڵبژێردراو بن یاخۆ فەرمانبەر). هەندێکیان وەک بیانی (اجانب) تۆمار کراون، کە زۆربەیان بەتەواوی پشگوێ خراون.

پۆلینی دووەم ئاماژەی پێ کراوە بە "ناتۆمارکراو" کە لە ڕووی زوانەوانییەوە پێی دەڵێن شێردراوەکان (مکتومین) واتە چارەنووس نادیارەکان. بەگوێرەی خەمڵاندنێک، لە ٢٠٠٨دا سووریا ١٥٤ هەزار بیانی و ١٦٠ هەزار مەکتومی هەبووە. هەروەها مافی زوان بۆ کوردی سووریا ماوەیەکی درێژە ڕەتکراوەتەوە. بڕیاری ساڵی ١٩٥٨ بڵاوکردنەوەی بابەتی بەکوردی قەدەخە کرد، و هەتا قوتابخانەی تایبەتیش لە فێرکردنی ئەو زوانە هاتنە قەدەخەکردن. ڕێژیمەکە ناوە کوردییەکانی شارۆکە و گوندەکانی بۆ ناوی عەرەبی گۆڕی، بۆ نموونە ناوە کوردییەکەی شارۆکەی کۆبانی گۆڕی بۆ عەین ئەلعەرەب. لە ٢٠٠٨ حکوومەت ئازاری زۆری کوردی زیاد کرد بە یاسایەک کە تێیدا خاوەنداریەتیی موڵک، گواستنەوە و مافەکانی تری زەویی لە ناوچە سنوورییەکاندا سنووردار کرد، لە ڕاستیدا هەتا ئەو کوردانەی ڕەگەزنامەشیان هەیە لەو ناوچانە لە مافی خاوەنداریەتیی موڵک بێبەش کران. دۆخی کورد بەشێوەیەکی سەرەکی بەنەگۆڕاوی مایەوە لە ژێر فەرمانڕەوایی حافز ئەسەد و بەشاری کوڕی، سەرەڕای دانپێنان بەو کێشانەی پێوەنداربوون بە سەرژمێریی ١٩٦٢، بەشار بۆ چەند ساڵێک ڕەگەزنامەی بە بیانی و چارەنووس نادیارەکان نەدا. هەروەک پێشتر لەلایەن گرووپی تەنگژەوە پێناسە کراوە، کوردان بەدەست پشتگوێخستنی بەردەوام و ئاشکرای ڕێژیم لە باکوری ڕۆهەڵاتی وڵاتەکەدا ناڵاندوویانە، ئەو ناوچەیە لە ڕووی سەرچاوەوە دەوڵەمەندە، بەڵام وەک مانگای شیر لەلایەن دەسەڵاتەکانی ناوەند مامەڵەی لەگەڵدا کراوە. ئەو کاتەی سەرهەڵدانی ٢٠١١ دەستی پێ کرد، کوردانی سووریا دوودڵ بوون ئاخۆ پێوەندی بەشۆڕشەوە بکەن یاخۆ نا. سەرەڕای ئەوەی پاڵپشتییەکی کەمیان بۆ حکوومەت هەیە، یادەوەرییە دڕندانەکەی سەرکوتینی حکوومەت لە ٢٠٠٤دا لە قامیشلی وەک خۆی بەزیندووی مابووەوە، هۆیەکی تریش هەبوو لەپشت ئەو دوودڵییە ئەویش ئەو کاردانەوە ناخۆشەی لەناو ناکوردانی سوورییادا دروست بووە بەهۆی گومانی درێژخایەن لە هەستی جیاخوازیی کورد.

هەروەک گەنجێکی چالاک ڕوونی کردەوە: "لە سەرەتادا ترسێکی گەورە لەسەر شەقامەکاندا هەبوو. یەکەم، پارتە سیاسییەکان هانی ساردکردنەوەی خۆپێشاندانیان دەدا. دووەم، ئێمەش دەترساین کە لایەنەکانی تر وەک جیاخواز بمانبینن. ئێمە دەمانزانی کە ڕێژیم هەوڵ دەدا ئەو قسەیە لەسەر ئێمە بکا، هەر وەک لە ٢٠٠٤ لە ماوەی ڕووداوەکانی قامیشلی ئەنجامی دا".

کاردانەوەکان لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر جیاواز بوون. لە عامودا بۆ نموونە، لێژنەی ناوەخۆی لاوان پێوەندیی بە سەرهەڵدانەوە کرد و سوودیان لە ئەزموونی لاوە چالاکەکان وەرگرت کە لە

٢٠٠٤ خۆپێشاندانیان کردبوو. لە شوێنەکانی تر کە پارتە سیاسییەکانی کوردیان تێدا بەهێزترن، سەرانی پارتەکان لە سەرکوتینی ڕێژیمەکە دەترسان و هەموو ئارەزوو و هەوڵێکی خۆپێشاندانیان لەژێر پشکنین دانا بە قامیشلییەوە کە بارەگەی پارتەکانی تێدا هەیە. ڕێژیمەکە بەوریاییەوە هەوڵی دەدا خۆی لەبەرەنگاربوونەوەکانی باکوری ڕۆهەڵات بەدوور بگرێ، لە ڕێگەی بایەخدان بەوەی کە دەتوانێ سەرچاوەی گرانبەها بەکار بێنێ و هەروەها بەئەمەکیی کۆمەڵی کەمینەکان ڕابگرێ لە ڕێگەی پێناسەکردنی سەرهەڵدان وەک تەنیا یاخیبوونێکی تایفایەتیی عەرەبی سوننە. لە ئەنجامدا ڕێژیمەکە مامەڵەیەکی زۆر تاکتیکی لەگەڵ پشێوییەکانی ناوخۆ لە ناوچە کوردییەکاندا کرد بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی تر و بەپەلە پێشنیازی سیاسیی بۆ کورد کرد. لە ئەپریلی ٢٠١١دا دوای ئەوەی خۆپێشاندانەکانی دژ بە ڕێژیم لە زۆربەی شارە عەرەبییەکاندا دەستی پێ کرد، ڕێژیم ڕەگەزنامەی بە چەند هەزارێک کورد لە ناوچەی حەسەکە دا. ئەو مەبەستە نائاشکرایەی ئەو پێدانی مافە (پێدانی ڕەگەزنامە) بریتییە لە قایلکردنی بنکەکانی هەڵبژاردن و هەروەها بۆ ئەوەی دەمەوانەیەک (قەپاغ) لەسەر خۆپێشاندانەکانی کوردی دژ بە ڕێژیمەکە دابنێ. دیاریش نییە ئاخۆ ئەو تاکتیکە کاری خۆی دەکا. ژمارەیەک لە کورد گلەییان کرد کە ئەو هەنگاوە بەس نییە، بەڵام هەستیشیان کردووە کە ئەگەر خۆیان بەدووربگرن لە دژوەستانی ڕێژیم، ڕەنگە مافی زیاتری بەدوادا بێ. ئەوانی تر بەمە قایل نەبوون.

چالاکێکی لاو لە قامیشلی کە لە ٢٠١١دا ڕەگەزنامەی پێ درابوو، ناسنامەی نوێی خۆی لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٢ بە گرووپی تەنگژە پێشان دا و گوتی "ئەو کاتەی ئەو ناسنامەیەم لە ساڵی ڕابردوودا وەرگرت، هەر هەمان ڕۆژ دووبارە بۆ خۆپێشاندان چوومە دەرەوە".

هەروەها ڕێژیمەکە وەک بەشێک لەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ پەیەدە ئەنجامی دابوو لە ئۆکتۆبەری ٢٠١١ ژمارەیەک گرتیی سیاسیی کوردی ئازاد کرد.

ئەو ستراتیجە تا ڕادەیەک سەرکەوتوو بوو، کەسێکی نێزیک لە پەیەدە لە سەرەتای ٢٠١٢دا ڕوونی کردەوە: "ئێستە ڕێژیم لاوازە، بۆیە دەتوانین سازشکردنی ڕێژیم لەسەر مافی کورد بەدەست بێنین، هەروەک لە بابەتەکەی پێدانی ڕەگەزنامەدا بینیمان. سووریا لە ڕابردوودا وای لە کورد دەکرد خزمەتی سەربازی بکا، کارتی ڕەگەزنامەیانی پێ دەدا ئەو کاتەی پێوەندییان بە خزمەتەکەوە دەکرد و دواتر ناسنامەکەیانی لێ وەردەگرتەوە هەر کاتێک لە خزمەتەکە تەواو دەبوون. بەبێ ڕەگەزنامە، تۆ ناتوانی لەژێر ئەم یاسایە هاوسەربەندی بکەی، ناتوانی خانوو یاخۆ ئۆتۆمۆبێل بکری، تا دوایی. لە سەرەتادا پەیەدە بەئەندامانی گوت خۆپێشاندان نەکەن، بۆیە ڕۆڵی هەبوو لە پاراستنی ناوچە کوردییەکان بەهێمنی لە سەرەتای مانگەکانی شۆڕش و ئەوەش هۆیەکی بە ڕێژیم دا ڕەگەزنامەیان پێ بدا. لەوەش زیاتر، هەموو گرتییەکانی پەیەدە لە گرتیگەکانی سووریا سێ مانگ لەمەوبەر ئازاد کران".

ب- جووڵانەوەی ناوەخۆ

وەک وەڵامێک بۆ شۆڕش لە شوێنانی تری وڵاتەکە، ژمارەیەکی دیاریکراو لە بزاوی خۆپێشاندەری کوردی دژ بەڕێژیم لە دەروی گرووپی لاوانی پێشوو یاخۆ ئەو لێژنە ڕێکخەرانەی ناوەخۆ کە تازە دامەزراون LCCs هاتنە دروستبوون. لاوە چالاکەکان لەڕێگەی پەنابردن بۆ فەیسبوک و تۆڕی کۆمەڵایەتی ترەوە خۆیان ڕێک دەخست.

هەروەک یەکێک لە چالاکەکان گوتی" "ئێمە سەرەتا لە عامودا بڕیارمان دا دەستە دروست بکەین تا باشتر خۆپێشاندانەکان ڕێک بخەین. دوای عامودا، ڕەئسولعەین (سەری کانی) و دەرەک بەدوایدا هاتن. لە کۆتای ٢٠١١ هەموو کۆمیتە ڕێکخەرەکانی کورد یەکیان گرت و یەکەتیی هەڤرێزێن جوانی کوردیان YHXKS لە سووریا پێک هێنا. لە ٢٠١٢دا جیابوونەوە ڕووی دا و نۆ کۆمیتە پێوەندییان بە هاوپەیمانییەکی تر کرد بەناوی یەکەتیی ئاڤاهی".

دروشمی چالاکەکان لە شوێنەکانی تر دەنگی دایەوە، بە تایبەتی داوای ڕووخانی ڕێژیمیان دەکرد. زیاتر لەوەش ئەوان مەبەستی هاوبەشیان لەگەڵ توێژەکانی تری کۆمەڵ دروست کرد.

ڕۆژنامەوانێکی کوردی سووریا گوتی: "ئەو کاتەی دروشمەکانی خۆپێشاندانت لە حەما گوێ لێ دەبێ، ڕۆژی دواتر هەمان دروشم لە قامیشلی دەبیستی. ئەو خۆپێشاندەر و لێژنانە خۆیان وەک بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆن دەبینی و ئەو کاتەی حکوومەت لە سەرکوتینی خەڵک بوو لە حیمس و حەما، لێژنەکان لە هەوڵی پێشاندانی هاوخەمی و هاوسۆزی بوون بۆ ئەو ناوچانە".

خۆپێشاندانەکان زۆر جار ڕۆژانی هەینی دەستیان پێ دەکرد بۆ ئەوەی هاوسات و هەمان ریتمیان هەبێ لەگەڵ بزاوی خۆپێشاندەری سەراپای وڵات کە نوێژی حەوتانەیان وەک خاڵی گردبوونەوە بوو، بەو هۆیەوە زۆر لە کوردە سێکولارەکان دوودڵ بوون لەو بۆچوونەی ڕێژیمێکی ئیسلامی لە دیمەشق جێی ئەوەی ئێستە بگرێتەوە. لە سەرەتا لێژنە کوردییەکان ڕووبەڕووی دژایەتیی پارتە کوردە سیاسییەکان بوونەوە، کە زۆربەیان لە دژی پێوەندیکردن بوون بە خۆپێشاندانەکانی دژ بە ڕێژیم.

چالاکێکی کورد گوتی: پارتە سیاسییەکان خەڵکیان لە چوونە ناو شەقام سارد دەکردەوە. هۆ زۆر بوون. هەندێک پێیان وا بوو شۆڕش شکست دێنێ. هەروەها ئەوان دەترسان گوایە گەنجان بزاوی کوردی دادەمەزرێنن کە دواتر ڕکابەریی پارتە کلاسیکەکان دەکا. هەروەها زۆر کەس بژارەی گفتوگۆکردنی لەگەڵ ڕێژیم هەڵبژاردووە. لە عامودا ئێمە بەبێ ڕەزامەندیی پارتە سیاسییەکان خۆپێشاندانمان ڕێک خست. چالاکە لاوە سەربەخۆکان چوونە ناو شەقامەکان و زۆر لە لاوان بڕیاریان دا پارتە سیاسییەکان جێ بێڵن.

لەوەش زیاتر، بەهێندی ئەوەی خۆپێشاندانەکان داوای ڕووخانی ڕێژیم دەکەن و لەلایەن هیچ پارتێکی سیاسیشەوە نەوەستێنراون، لێژنەکان سەلماندیان زۆر ناسکن بەرامبەر هێرشەکانی

پەیەدە کە لە ناوچە کوردییەکاندا وەک بەشێک لە هەڵمەتەکانی دووپاتکردنەوەی کۆنترۆڵی خۆی سەری خۆپێشاندانەکانی کوتی. بۆیە لە ئەنجامدا زۆربەی لێژنەکان وردبوونە لە قامیشلی یاخۆ عامودا، لەو شوێنانەی پەیەدە تێیدا لاوازترینە.

کوشتنی مەشعەل تەمۆ دامەزرێنەری بزوتنەوەی دوارۆژ (مستقبل) لە ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١١، بووە هۆی گەورەترین خۆپێشاندان لەم ڕۆژەدا. دوارۆژ، پارتێکی سیاسیی کوردیی بچووکە و دژی ڕێژیمی سووریایە و پێوەندییەکی بەهێزیشی لەگەڵ چالاکانی لاو هەیە. تەمۆ یەکێک بوو لەو چەند کوردە سیاسییە کەمەی بەشداریی کرد لە خۆپێشاندانی دژ بە ڕێژیم و داواکردنی ڕووخانی ڕێژیمەکە و دواتر پێوەندیی بە ئەنجوومەنی نیشتمانیی سووریاوە SNC کرد کە هاوپەیمانییەکی ئۆپۆزیسۆنەوە و زۆرینەی عەرەبە. تەمۆ لەلایەن چەند هێرشبەرێکی جل و بەرگ مەدەنی لە کاتی ئامادەبوونی لە کۆبوونەوەیەکی سیاسی لە ماڵێکدا لە قامیشلی کوژرا، گوایە لەسەر داوای ڕێژیم بووە، هاوکات گومانێکی زۆر لە پەیەدە کرا کە لەم کارەدا تێوەگلابێ.

لێژنە کوردییەکان گوتیان ١٠ تا ١٥ هەزار خۆپێشاندەر لە دوای چەند نوێژی هەینییەک دوای کوژرانی تەمۆ دەهاتنە سەر شەقام، بەڵام هیچ بەڵگەیەکیش نییە ئەو شتە دووپات بکاتەوە. گرتییە ڤیدیۆییەکانی یوتیوب کە وێنەکەی ڕەحمەتە لێی وردبییەوە، نێزیکەی کەمتر لە هەزار خۆپێشاندەر لە دوای نوێژی هەینی پێشان دەدا. بێ گوێدانە ژمارەکە، ئەو خۆپێشاندانانەی بەهۆی کوژرانی تەمۆ ورووژان بەردەوام نەبوون. گرووپی لاوانی کورد سەرەڕای چالاکییەکانیان، کۆسپیان هاتووەتە پێش لە گەیشتن بە بۆشایی بۆ گەشەکردن لەناو شۆڕشی سووریادا یاخۆ لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردا. ئەوەش بەشێوەیەکی سەرەکی بەهۆی ئەوەی ئەو گرووپانە بەهۆی دابەشبوونەکانی ناوەوەی کورد سنووردار کراون کە زۆر جار لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە هان دەدرێن و هەروەها بەهۆی زیادبوونی کۆسپ و تەگەرە لە مامەڵەکردن لەگەڵ گرووپە ئۆپۆزیسیۆنە ناکوردییەکان لە شوێنەکانی تر و لەگەڵ نەتوانییان لە گۆڕینی پاڵدەرەکانیان بۆ پرۆژەیەکی سیاسیی ڕوون.

چالاکێک دەڵێ: "گرووپە گەنجەکانی کورد بەشێوەیەکی زۆر دابەش بوونە. لە سەرەتادا هەوڵمان داوە کار لەگەڵ لێژنەکانی لاوان لە پارچەکانی تری وڵاتەکەدا بکەین، بەڵام تا دێ سەختتر دەبێ. لە قامیشلییەوە بۆ دیمەشق نێزیکەی ٩ سەعاتە بە ئۆتۆمۆبێل. هەروەها پارتە سیاسییەکان هەوڵیان داوە هەندێک لێژنەی لاوان بۆ مەبەستی خۆیان بەکار بێنن، لە سەرەتادا کۆمەکی داراییان دەکردن و دواتر چەکیان پێیان دەدا. بەم شێوەیە ئەوان دابەشبوون و لێکترازانی هاوولاتییانیان زیاتر کرد".

بەشێوەیەکی ئاشکرا پەیەدە خۆپێشاندەرانی دژە ڕێژیمی سەرکوتی، هەروەها خۆپێشاندانەکانی زیاتر بۆ لایەنگریی خۆی بوو نەک وەستان دژی ڕێژیم. هەر کە کەنەکە KNC لە ئۆکتۆبەری ٢٠١١ دامەزرا، چەند خۆپێشاندانێکی ڕێکخراوی بۆ بەهێزکردنی پێگەکەی ئەنجام دا نەک بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕێژیمەکە.

ج- پارتە سیاسییەکان پێشەنگی دەکەن

شانبەشانی ڕێکخستنی خۆپێشاندانەکان لەلایەن لاوانی چالاک، خۆپێشاندانەکانی تری شەقام کە لەلایەن پارتە سیاسییەکان کۆنترۆڵ دەکران، خەسڵەتێکی جیاوازیان هەبوو کە ڕەنگدانەوەی ئەجێندای تایبەتیان بوو نەک هاوسۆزی لەگەڵ شۆڕشی سەراپای وڵاتەکە. کەنەکە و پەیەدە دروشمی نێوانرۆتریان لە دژی ڕێژیم بەکار دەهێنا لە خۆپێشاندانەکانیان، باوترینیان "نا بۆ بەعس و نا بۆ دەستوەردانی بیانی" بوو، ئەوەش لە کاتێکدا هەستی نەتەوەیی کورد زۆر باو و ڕاشکاو بوو. پەیەدە بەشێوەیەکی تایبەت تۆنێکی بەهێزی نەتەوەیی خستە ناو گردبوونەوەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی سیمبولی کوردایەتی و دەربڕینی پاڵپشتی بۆ عەبدوڵا ئۆجالان سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) کە ئێستە لە تورکیا لە گرتیگەدایە. هەروەک پێشتر تێبینی کراوە، پەیەدە پاساوی بۆ هەنگاوە نێوانرۆکەی هێناوە لە ڕێگەی گوتنی ئەوەی کە ئەو هەنگاوانە مافی دانپێنان بەکورد دەدا لەلایەن حکوومەتەوە. هاوشێوە کەنەکە خۆپێشاندانەکانی دژ بە ڕێژیمی سارد دەکردەوە لەبری دەنگهەڵبڕین بۆ هێنانەدیی داواکارییەکانی کورد.

بەرپرسێکی کەنەکە ڕوونی کردەوە: "لە سەرەتادا ئەو کاتەی شۆڕش دەستی پێ کرد، نەمانویست بەژمارەیەکی زۆر بەشداری بکەین. ئەوە هەنگاوێکی تاکتیکی بوو بۆ ئەوەی خەڵک نەکوژرێ. لە بەهاری عەرەبیدا زانراوە، عەرەبەکان خۆپێشاندان لە ڕۆژانی هەینی دەکەن. بۆیە ئێمە وەک کورد بڕیارمان داوە لە ڕۆژانی چوارشەم خۆپێشاندان بکەین بۆ ئەوەی خۆمان جیا بکەینەوە. پاش دامەزراندنی کەنەکە، خەڵک کەمتر خۆپێشاندانیان ئەنجام دا بۆ ڕووخانی ڕێژیم بە بەراورد بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی کورد تا مافی چارەنووس و گۆڕینی سیستەم بەتەواوەتی".

کەنەکە ڕایگەیاندووە پاڵپشتیی گواستنەوەی دیموکراتیی دەسەڵات دەکا. عەبدولحەکیم بەشار سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردی سووریا گوتی: "داواکاریی کەنەکە بۆ گۆڕینی ڕێژیمە نەک ڕووخاندنی ڕێژیم، چونکە ڕووخاندن وشەیەکە مانای توندتیژی هەیە، لە کاتێکدا زاراوەی گۆڕین پرۆسەی دیموکراتی دەگرێتەوە. ئێمە ڕێگە بە گەنجان دەدەین داوای ڕووخاندنی ڕێژیم بکەن، لە هەمان کاتدا ئارەزووی ئەوە دەکەین کێشەکە بەڕێگەی زیاتر دیپلۆماسی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ".

ئەندامێکی تری کەنەکە بەشێوەیەکی جیا گوتی: ئەوە نییە ئێمە نەمانەوێ ڕێژیم بڕووخێ. با هەزار جار بڕووخێ. بەڵام ئەگەر ژێرخانی سیاسی وەک خۆی بمێنێتەوە، بێ گوێدانە ئەوەی ڕێژیم دەمێنێتەوە یاخۆ دەڕووخێ، ئێمە وەک کورد بەمافی خۆمان ناگەین. بۆیە ئێمە پێویستمان بەگۆڕینی هەموو سیستەمەکەیە، چونکە ئەو ژێرخانە لە خودی بیرۆکەی دەوڵەتی ناوەندی (مرکزی)دایە". بەدەربڕینێکی تر، بەبێ ئۆتۆنۆمیی زیاتر بۆ کورد، کەنەکە هیچ چارەسەرییەک بۆ پرسی کورد لە سووریا نابینێت، بەبێ گوێدانە کەسایەتی و ناسنامەی ئەوانەی لە دەسەڵاتدان.

د- دەرکەوتنی پەیەدە

شانبەشانی سیاسەتە جیاخوازەکەی بەرامبەر کورد، ڕێژیمەکە لە هەندێک کاتدا هەوڵی داوە ئەندامان و لایەنگرانی پەکەکە وەک کارتێک لە گەمەی هێزەکاندا لەدژی تورکیا و عێراق بەکار بێنێ. لە سالانی ١٩٧٠دا ئەو کوردانەی لە باکوری ڕۆهەڵاتی سووریادا دەژیان بەچاوی دیمەشقەوە باشتر دەبینران بە بەراورد لەگەڵ ئەو تیرە عەرەبە سوونانەی بەیەکەوە دەژیان و ئەوانەی پێوەندیی خزمایەتییان لەگەڵ عێراق هەبوو کە ڕێژیمەکە زیاتر وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی تەماشای دەکردن. بەدرێژاییی سالانی ١٩٨٠ و ١٩٩٠ەکان، پێوەندیی تورکیا و سووریا باش نەبوو بەهۆی ناکۆکیی هەرێمی لەسەر پارێزگەی هاتای کە تورکیا لە ساڵی ١٩٣٩دا دەستی بەسەردا گرت، لە هەمان کاتدا پێوەندیی نێوان تورکیا و ئیسرائیل بەهێزتر بوو، هەروەها ئەنکەرە لە ساڵی ١٩٨٣دا بڕیاری دروستکردنی بەنداوێکی گەورەی (بەنداوی ئەتاتورک) لەسەر ڕووباری فورات دا کە زۆر نێزیکە لە باکوری ئەو شوێنەی ڕووبارەکە دێتە ناوەوەی سووریا. حافز ئەسەد سەرۆکی کۆچکردووی سووریا هەستی بەمەترسی کرد لە کۆنترۆڵکردنی تورکیا بۆ سەرچاوەی ئاوی فورات، بۆیە پاڵپشتیی خۆی بۆ پەکەکە زیاتر کرد و پەناگەی پێ دان لە خاکی سووریا و ئەو ناوچە لبنانییانەی لەژێر کۆنترۆڵی سووریا بوون. تەنیا ئەو کاتەی تورکیا هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزی سەربازیی کرد لە ١٩٩٨دا، سووریا فشاری خستە سەر پەکەکە تا وڵاتەکە بەجێ بێڵێ، دواتر پارتەکە بارەگەی خۆی لە بناری قەندیل لە باکوری عێراقدا دامەزراند. لەگەڵ بەهێزبوونی پێوەندیی نێوان تورکیا و سووریا، پێوەندیی ڕێژیمەکە لەگەڵ پەکەکە تێک چوو. لە ڕێککەوتنی ئەدەنەی ١٩٩٩ لە نێوان دیمەشق و ئەنکەرەدا هاتووە دەبێ هێزەکانی تەناهیی ڕێژیمی سووریا ڕێکاری توند لە دژی دوا ئەندامانی پەکەکە لە وڵاتەکە بگرێتە بەر. پەکەکە لە ٢٠٠٣دا وەڵامی ئەوەی دایەوە لە ڕێگەی بەنهێنی دروستکردنی پەیەدە وەک لقێکی سیاسیی خۆی لە سووریا، بەپشتبەستن بەو پاڵپشتییانەی دروستی کردبوو لە ماوەی ئەو سالانەی بە ئاشکرا لە وڵاتەکەدا بوو، هەروەها پشتی بەو خزمە شەڕوانە ئەندامانەی پارتەکە بەستووە کە بەڕەگەز سووریایین و لە شەڕکردن لە دژی تورکیادا کوژراون. سەرکوتینە دڕندانەکەی ڕێژیم بۆ ڕابوونەکەی ٢٠٠٤ لە قامیشلی بەشێوەیەکی سەخت لەسەر ئەندامانی پەیەدە ئەنجام درا، چونکە لەلایەن دەسەڵاتەوە گومان هەبوو کە ئەوان نووکی ڕمی پشێوییەکە بن (واتە سەرکردایەتیی شۆڕشەکە بکەن).

دۆخەکە لە سەرهەڵدانی ٢٠١١دا گۆڕینی بەسەردا هات. دوای شکستخواردنی هەوڵەکان بۆ قایلکردنی بەشار ئەسەد بە گۆڕینی ڕێڕەوەکەی، تورکیا پێوەندیی خۆی لەگەڵ ڕێژیمی سووریادا تێک دا و وەک یەکێک لە چالاکترین ئۆپۆزیسیۆنی چالاک دژ بە ڕێژیمەکە دەرکەوت. لە وەڵامدا بەشار هانای بۆ لاپەڕەیەکی تێنووسی تێبینیی باوکی برد و پەیەدەی بەکار هێنا بۆ کپکردنی

خۆپێشـاندانەکانی دژە ڕێژیم و لەوەش گرینگتر بۆ پتەوکردنـی دەسـتڕۆیی بەرامبـەر تـورکیا لە ڕێگەی زیادکردنی هـەڕەشـەی پەکەکە. گۆڕینی ئەو دیمەنە، هەلێکی بە پەیەدە دا بوونێکی بەهێز لە سووریا دابمەزرێنێ. ڕێکخـراوەکە ئەنجوومـەنی گەلی ڕۆژئاوای کوردسـتانی PCWKدامەزراند کە پارتـەکـە وەک دەسـتــەیەکی نـاوەخـۆی هـەڵبـژێردراو بەمــەبەسـتی دابینکردنـی خـزمــەتگوزاریی کۆمەڵایەتی پێناسەی دەکا.

بەگوێرەی کەسێک کە پێوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ پەیەدە هەیە "ئەنجوومـەنی گەلی ڕۆژئاوای کوردستان نوێنەری ناوەخۆی لە هەموو ناوچەکانی کوردستانی سووریا هەیە بە کۆبانی، قامیشلی و ناوچەی شێخ مـەقسـوود لە حەلـەب کە کوردی تێدا زۆرینەیە. ئەنجوومـەن پارێزگار و سـەرۆکی ناوەخـۆی هـەیە کـە کـاری شـارەوانی دەکـەن لەبری حکوومـەت. لە ١٢ی دیسـێـمـبـەری ٢٠١١دا دامـەزراوە و ٣٢٠ ئەندامی هەیە". مەبەسـتی چالاکییەکانی ئەنجوومەن دابینکردنی پاڵپشـتییە بۆ پەیەدە لـە ڕێگەی تۆڕێکی چاودێری کـە خـزمــەتی کـۆمـەڵایەتی و شـێـوەیەک لە بەڕێوەبردن دابین دەکەن لەو ناوچانەی بۆشاییی دەسەڵات هەیە. ئەنجوومەن هەوڵی داوە دژە مۆدێلێک (جێگرەوە) بۆ گەندەڵی و پشێوییە هەستپێکراوەکانی کەنەکە بدۆزێتەوە.

شیکەرەوەیەکی کوردی سـووریا گوتی "ئەنجوومـەنی گەل دامـەزرا تا پەیەدە بتوانی بڵێ: ئێمـە لەگەڵ گەل یەکین، و پێویسـتمان بە پارتە سیاسـییەکانی تر نییە. هەمـوو کاتێک کاری هاوشـێوەی ئەمـەیان ئەنجام داوە. لە ساڵی ١٩٩٢ ئەو کاتەی حکوومەتی هەرێمی کوردسـتان لە کوردسـتانی عـێـراق دامـەزرا، پەکـەکـە ئەنجـوومـەنی گـەلی ڕۆژئاوای کـوردسـتـانـی لە برۆکسل دامـەزراند لە وەڵامدانـەوەیەکدا، چونکە نەیتوانی بەشداری لە حکوومەتی هەرێم بکا. ئێستـە لەوەتەی کەنەکە لە سـووریادا دامـەزراوە، ئەنجوومـەنی گەل ڕێگەکە بۆ گوتنی: ئێمـە جەمـاوەرمـان هـەیە و لەگـەڵیـاندا تەباین و لەگەڵ پارتە کوردییەکانیشدا لەبەرەدا (ناکۆک) نین.

لە سەرەتای دامەزراندنی پەیەدەوە، هێزی پارتەکە لە شێوازی ڕێکخستنیـەوەیە. پارتەکە لێژنەی ناوەخۆی گـەلی پێک هێناوە، هەر یەکـەیانی بەرپرسیـار کردووە لە چالاکیی دیاریکراو لەو ناوچە کوردنشینانەی لەژێر کۆنترۆڵیدایە. ئەو لێژنـانە لەژێر یەک ئۆرگانی ناوەندی کۆ کراونەتەوە کە لە ٢٠٠٧دا پێک هێنراوە کە نـاسراوە بـە لێژنەی ڕێکخـەری ناوەندی CCC (المنسقیـة المرکزیة) کە لە سەرۆکی هەموو بەشەکان پێک دێ.

ئەندامێکی پەیـەدە کە بەرپرسی بەشی گەنجانە لە پارتەکەی گوتـی: "لە ئایدۆلۆجیـای ئۆجەلان وەرگـیـراوە، بڕوامـان وایە ڕێکخـسـتنی کـۆمـەڵ هەنگاوێکی پێویسـتـە بۆ ئەنجـامـدانی پڕۆژە سیاسییەکەی مافی چارەی خۆنووسینی ئێمە. پەیەدە تەنیا پارتێکی سیاسییە، بەشێکە لە پڕۆژەی گەورەتر کە پێی دەوترێ بزووتنەوەی گەلی دیموکرات DSM کە بزوتنەوەی لاوان (حرکة الشباب)، بزوتنەوەی ئافرەتان و دەزگەی زوانی کـوردی دەگرێتە خـۆی. لە خـۆپێـشـاندانەکانی سـووریاوە، پەیەدە بـەشـێکی تـەناهیی زیاد کـردووە کـە لێـژنەکـانی ناوەخـۆی پاراسـتنی گـەل بـەڕێوە دەبا و

سەرپەرشتیی کارەکانی هێزی تەناهیی ناوەخۆ دەکا. هێزەکە هاوشێوەی هێزی پۆلیسە و جێگرەوەی پۆلیسی دیمەشقە کە سەر بە وەزارەتی ناوەخۆیە. لە ڕێگەی پشتبەستن بە دامەزراوانی ناوەخۆ، هێزەکە بەرپرسە لە پاراستنی سەقامگیری لە ناوچە کوردییەکاندا. هەروەها پەیەدە میلیشیاشی پێک هێناوە کە ناسراوە بە هێزی پاراستنی گەل YPG. ڕێکخراوەکە پێش خۆپێشاندانەکان بوونی هەبوو، لە کاتی خۆپێشاندانەکانەوە وەک جێگرەوەیەکی هێزی سەربازی کارەکانی دەکا و کۆنترۆڵی سنوورەکانی زۆربەی ناوچە کوردنشینەکان دەکا، هەروەها ئەو ناوچە کوردییانەی کەوتوونەتە سنووری کوردستانی عێراق، لە هەمووشیان گرینگتر کۆنترۆڵی بەشێکی گەورە لە سنووری وڵاتەکە لەگەڵ تورکیا دەکا. یەپەگە بەهەمان شێوە لە شارەکاندا جێگیر کراون شانبەشانی هێزی پاراستنی گەل کە خاڵەکانی پشکنین بەڕێوە دەبەن، هاتوچۆی شەقامەکان دەپارێزن و تەناهی بۆ تەلارەکانی حکوومەت دابین دەکەن. لە هەموو لایەنەکان زیاتر لە ئامادەبوونی پەیەدە لە ناوچە کوردییەکان، ئەو نیوچە خەسڵەتەی پارتەکە بووەتە ئاڵای سوور بۆ ڕکابەریکردنی گرووپە کوردییەکانی تر و تورکیا. تا یۆلیۆی ۲۰۱۲ پێوەندیی نیوان پەیەدە و ڕێژیم ئاڵۆز و بەردەوام لە گۆڕیندا بوو. بەرژەوەندییەکانیان گونجاون لەگەڵ یەکدا بۆ ماوەیەکی کورت: ڕێژیم سوودی لە پشێوییەکانی کورد-تورکیا و کورد-عەرەب وەرگرتووە، هاوکات پەیەدە ئەو هەلەی قۆستەوە تا هەڵویست و پێگەی خۆی پتەو بکا. بەڵام خاڵی ناکۆکیشیان لە نێواندا هەبوو. لەلایەکدا زیادبوونی بەردەوامی کۆنترۆڵی پەیەدە لە ناوچە کوردنشینەکان، کۆنترۆڵی ڕێژیمی لە ناوچەکان لاواز کرد، لەلایەکی تردا هێندەی دانیشتووانی کوردی سووریا بێزاریی زۆریان بەرامبەر دەسەڵاتی ناوەند هەیە، بەردەوامبوونی تۆمەتەکانی بەیەکەوە کارکردنی پەیەدە و دیمەشق بێ گومان زیانی بە متمانەی پارتەکە گەیاندووە. لەگەڵ دەستپێکی ۲۰۱۲دا پارتەکە پێداگریی لەسەر نەهێشتنی ناسناوی شەبیحە دەکرد، هەروەها هانای بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بردووە بۆ ئەوەی ناسناوی دژایەتیکردنی ڕێژیم بەدەست بێنێ. پارتەکە دەستی بە بەکارهێنانی فەیسبوک کرد بە بەردەوامی بۆ ئەوەی دوا گۆڕینکارییەکان و هەواڵی دژە ڕێژیم بڵاو بکاتەوە، سەرەڕای ئەوە بەشە زۆرەکەی بابەتەکان لەسەر پەسنکردنی (مدح) پەکەکە بوون.

گرژییەکان لەگەڵ ڕێژیم لە مایۆی ۲۰۱۲دا ڕوونتر دەرکەوتن ئەو کاتەی هێزەکانی تەناهی ژمارەیەک ئەندامی خۆپێشاندەری پارتەکەی گرت، دێتە گوتن گوایە پشتیوانانی ڕێژیم ژمارەیەک لایەنگری پەیەدەیان لە حەلەبدا کوشتووە. لەم کاتەدا تۆنی پەیەدە (لە دروشم و ڕاگەیاندنەکان) بەشێوەیەکی ڕوو لە زیادبوون بەرەو خراپی چوو. ئالان شەمۆ نوێنەری کاروباری دەرەوەی پارتەکە گۆڕانی دۆخەکەی ڕوون کردەوە: "ئێمە سەرهەلدانمان بۆ پاڵپشتیکردنی دیموکراتی هەژمار کردووە، ئێمە چالاکانە بەشداریمان لە خۆپێشاندانی دیموکراتی کردووە لە چوار پێنج دەیەی دژ بە دیکتاتۆرییەت. ئەگەر ئێمە لەگەڵ ڕێژیم بووباین، لەبەرچی ئێمەیان دەکوشت لە حەلەب؟"

بەمەبەستی پتەوکردنی پرسەکەیان، بەرپرسانی پەیەدە بانگەوازی بەرەنگاربوونەوەی درێژخایەن

و توندتیژیان لە دژی ڕێژیم کرد. ساڵح موسلیم سەرۆکی پەیەدە گوتی: خەڵک دەستی تۆمەت بۆ ئێمە درێژ دەکەن کە لایەنگری ڕێژیمین. بەڵام ئێمە بەشێک بووین لە خەباتی دژی ڕێژیم بۆ ماوەی نێزیکەی دەیەیەک. ئێمە تەنیا پارت بووین پاڵپشتیمان لە گردبوونەوەکەی ٢٠٠٤ی قامیشلی کرد و ڕێژیم ئەندامانی پەیەدەشی بە بەردەوامی سەرکوتیوە و ئازار داوە. لەوەتەی شۆڕش دەستی پێ کردووە، ئێمە لایەنگری شۆڕش بووین و بووینە بەشێک لە هەیکەلی ئۆپۆزیسیۆن، نەجەبە NCB. لە ڕاستیدا ئێمە کوژراومان دا، بۆ نموونە لە حەلەبدا. ئەگەر ڕێژیم سەرمان نەکوتێ، ئەوە بەهۆی ئەوەیە زانیویەتی لە دوای ڕووداوەکانی ٢٠٠٤دا ئەوان لە ئێمە نابەنەوە".

هەلی ڕاستەقینەی پەیەدە بۆ بەرەوپێشچوون و بەلاوەنانی ڕێژیم لە یۆلیۆی ٢٠١٢دا بوو، ئەو کاتەی دەستی بەسەر تەلارە حکوومەتییەکاندا گرت لە ناوچە کوردییەکان لە خۆپێشاندانێکی بەهێز و ئازاددا.

کەسێک کە پێوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ پەیەدە هەیە گوتی: "ئێمە بەدەسەڵاتدارانی شارەکانمان گوت ٢٤ سەعاتیان هەیە بۆ ئەوەی چۆڵی بکەن یاخۆ بە هێز وایان لێ دەکەین بڕۆن. پۆلیس عەفرین و کۆبانی (عەینولعەرەب)ی بەبێ کێشە جێ هێشت، بەڵام لە دەرەک (ئەلمالیکییە) ئەوان تەنیا دوای شەڕێک جێیان هێشت، لیژنەیەکمان پێک هێنا تا ئاشووری، عەرەب و ئەوانی تر بپارێزێ. دەستمان بەسەر وێستگەی غازدا گرت و دەستمان بەفرۆشتنی غاز کرد و مووچەی ئەندازیارانیشمان دا. بۆیە سیستمەکە نەڕووخاوە، تەنیا پەیەدەیە لێپرسراویەتی".

سەرچاوەکانی دژە پەیەدە، بە بەرپرسانی تورک و سیاسەتوانانی کوردی سووریاوە ئەوانەی لایەنگریی پارتە ڕکابەرەکان دەکەن، بانگهێشتنی ئەوە دەکەن کە پەیەدە ئەو خۆپێشاندانانەی بەهاوکاری لەگەڵ ڕێژیمی سووریا ڕێک خستووە. بۆ نموونە ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆک وەزیرانی تورکیا گوتی کە بەشار ئەسەد سەرۆکی سووریا پێنج پارێزگەی داوەتە دەست پەیەدە. ڕاستە پەیەدە کۆنترۆڵی لە باکوری وڵاتەکە زیاد بووە کە شیمانە هەیە ئەو کارە سوودی بۆ ڕێژیم هەبێ، چونکە پەیەدە پارتە چەکدارە ئۆپۆزیسیۆنەکانی تری سنووردار کردووە و کۆسپ دەخاتە بەردەمیان لە هاتنیان بۆ ناوچە سنوورییەکان. هەروەها لەگەڵ زیادبوونی ناوبانگی پارتەکە، ئەو شتە ترسی خستووەتە دڵی زۆر لەو سووریاییانەی جیاخوازن (جا لەگەڵ ڕێژیم بن یاخۆ دژی بن)، ئەو شتە وزەی بە ستراتیجییەتی دابەشکردن و دەسەڵات بەسەرداشکاندن (التجزئة والسيطرة) داوە. هێشتا ڕوون نییە لەبەر چی ڕێژیم بەرژەوەندیی هەیە لە بەئەنقەست ڕێگەدانی پەیەدە لە گەیشتن بەکۆنترۆڵ بەو شێوەیەی شانازی بەخۆکردنەی پارتەکە لەسەر حسێبی پێشاندانی لاوازیی ڕێژیم و هەروەها ئاماژەکردنی ئەوەی کە هێشتا پارچەیەکی تری وڵاتەکەی لە دەست نەداوە کە پێشتر ئارام بوو. لەوەش زیاتر پەیەدە بەبەردەوامی هەوڵی دووپاتکردنەوەی لەسەر سەربەخۆییی خۆی داوە و خۆپێشاندانی دژە ڕێژیمیشی ڕێک خستووە. ئەوەی جێگەی سەرسڕمان نییە ئەوەیە پەیەدە تۆمەتی کارکردنی لەگەڵ ڕێژیم بەپاش دەدا و هاوکات لە

تورکیاشدا پڕۆپاگەندە بۆ لەکەدارکردنی متمانەی پارتەکە ڕێک دەخرێ. لە کۆتادا و بەبێ گوێدان ئاخۆ و تا چەند ڕێژیم و سووریا هاوکاریی یەکتریان کردووە، واقعییەتی پارتەکە و بەیەکداچوونی ڕێژەییی بەرژەوەندیی کاتی لە نێوان هەردوو لا، ڕێککەوتن لەسەر ڕێکنەکەوتن ڕوون دەکاتەوە (اتفقنا علی ان لا نتفق): پەیەدە دەستی بەسەر ژمارەیەک ناوچەی باکوری وڵاتدا گرتووە لە کاتێکدا ڕێژیم هیچ هەوڵێک نادا بۆ گرتنەویان.

## گرووپە ڕکابەرەکان

أ- لێژنەکانی لاوان

بزووتنەی لاوان کە بەڕوونی لە شێوەی شۆڕشێکی جەماوەری خۆی دەرخست، لە دژی پارتە کلاسیکە کوردییەکان وەستاوە کە بەشێوەیەکی سەرەکی لە کەنەکەدا کۆ بوونەتەوە. لە دیدی بزووتنەوەکە ئەو پارتانە لە ڕووی مێژووییەوە بەرژەوەندیی کوردیان بەرەوپێش نەبردووە، ژمارەیەک سازشکردنی ناقبوڵکراویان خستووەتە بەردەم دەسەڵاتی ناوەندی، بەپاشکۆخراوی ماونەتەوە ئەو کاتەی هاووڵاتییانی سووریا لە ٢٠١١دا ڕابوون، و لەوەش زیاتر نە نوێنەرایەتیی یاخیبوان نە هەموو کوردی سووریا دەکەن. ئەو بزووتنەوەیە هیچ زەوینەیەکی نەبوو و لە توێژی لاوانیش دابڕابوو لە کاتی کارکردنیدا لە سەردەمی ئەو ڕێژیمە درێژخایەنە بێمتمانەیەدا.

چالاکێکی لاو بێئومێدیی خۆی دەربڕی: "پارتە سیاسییەکان هەمان سەرکردایەتییان هەبووە بۆ ماوەی چەند دەیەیەک، و هەروەها شتێکی زۆریشیان بۆ کورد بەدەست نەهێناوە. ئێمە جیاوازین. ئێمە سەرکردەمان نییە، بەڵام حەوتانە چاومان بەیەکتر دەکەوێ، و هەروەها گفتوگۆ لەسەر چۆنییەتیی هەنگاونان بەرەوپێش دەکەین".

لێژنەی ناوخۆی لاوان بەدرێژی باسی لە جیاوازییەکانی خۆیانی لەگەڵ پارتە کلاسیکەکان کرد کە ئەوان بەرەو بنیاتنانی هەیکەلی ناهەرەمەکی بەڕێوەبردن دەچن کە لە بڕیارداندا دیموکراتی و گشتگیرە. بۆچوونی بزووتنەوەی لاوان لەسەر پەیەدە بەدەگمەن هەندێک جار ئەرێنی دەبێ. سەرەڕای ئەوەی پەیەدە متمانەی بە بزاوەکە داوە بەهۆی چالاکی و ئەنجامەکانی (زۆرن بەتایبەتی بەبەروارد لەگەڵ ئەو پارتانەی لایەنگری کەنەکەن)، چالاکان پەیەدە تۆمەتبار دەکەن کە شەقامی کوردی بەسیاسی کردووە هەروەک ڕێژیم پێشتر دەیکرد. ڕێکخراوەکە ڕێگرە لە بەردەم چالاکییەکانی گەنجان لە زۆربەی شارە کوردییەکاندا، و خۆشی بە سیاسەتێکی بیانیی بێجەماوەر (نەویستراو) پابەند کردووە، ئەویش خۆ لکاندنە بە سیاسەتی پەکەکەوە: "هەوڵەکانی پەکەکە ئاڕاستەکەیان ڕووەو تورکیایە".

زۆر لە کوردانی سووریا هەوڵیان داوە ناسنامەی تایفایەتیی خۆیان کەمتر دەربخەن، ناسنامە سووریاییەکەی خۆیان لەبری ئەمە دەرخستووە. بەپێی چالاکێک لە عامودا: "ئێمە چووینە ناو

شەقامەکان بە ئاڵای سووریا و کوردەوە، هاوارمان دەکرد: هاووڵاتییانی سووریا یەکن، بە زوانی کوردی و عەرەبی. بەڵام لەگەڵ بەردەوامبوونی شۆڕش، پێوەندیی نێوان لێژنەی لاوانی کوردی و عەرەبییەکان خراپتر بووە. ئەوەش بەشێوەیەکی تایبەتی بەهۆی خراپبوونی گواستنەوە و هاتوچۆ بووە لەناو سووریادا و هەروەها سنووداریی ئامرازەکانی گواستنەوەی ئێمە".

بەپێچەوانەی کەنەکە و پەیەدە، لێژنەی لاوان داوای ئۆتۆنۆمی بۆ کورد یاخۆ هەلومەرجێکی تایبەت بۆ ناوچە کوردنشینەکان ناکەن. ئەوان لەبری ئەوە داوای دەوڵەتێکی دیموکراتی و سێکولار دەکەن کە لەسەر پرەنسیپی ڕەگەزنامە دامەزرابێ بەجۆرێک مافی کورد دانی پێدا نرابێ لەپاڵ کەمینە نەتەوەکانی تر.

چالاکێک لە قامیشلی گوتی: "وڵاتێک هەیە بەناوی سووریا، و وەک گەنجێکی کورد ئێمە بەشێکین لەو وڵاتە. من کوردم و سوورياییشم لە هەمان کاتدا. ئەو چارەسەرییەی لە سووریا دەیبینم برێتییە لەوەی دەوڵەتێکی سێکولار و دیموکراتیمان هەبێ کە دان بە ناسنامەکەمدا بنێ وەک کورد".

ب– کەنەکە: کۆنفدرالییەکی دابەش

هەروەک دەبینرێ گەنجینە زۆر بەنرخەکەی کەنەکە برێتییە لە ڕەواییە ناودەوڵەتییەکەی کە بەهاوکاریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان KRG پێی دراوە و بەم پێیە هی تورکیاش. بەهاوەڵیی سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی سووریا، ئەحمەد داودئۆغلو وەزیری دەرەوەی تورکیا چاوی بە نوێنەرانی کەنەکە کەوت لە ئۆگستسی ٢٠١٢ لە هەولێر، بەسەرپەرشتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان KRG، مامەڵەی لەگەڵ کەنەکە وەک دەنگێ کوردی سووریا کرد، بەڵام بەپێچەوانەوە ڕەتی کردەوە چاوی بە پەیەدە بکەوێ.

لە هەمان کاتدا کەنەکە تەگەرەی تێ کەوتووە بەهۆی نەبوونی یەکگرتوویی پارتە ئەندامەکان، دابڕاوی لە لاوانی چالاک و هەروەها بەهۆی نەبوونی پێشبینی و پرۆگرامێکی یەکگرتوو.

سەرکردەیەکی یەکێک لە فراکسیۆنەکان گوتی: "ژمارەیەک پارتی کوردی هەیە ئامادە نین داوای زۆر بکەن، چونکە بڕوایان وایە ڕێژیم سزایان دەدا. ئەوان دەڵێن دەیانەوێ بەنێوانڕۆیی بمێننەوە تا زیانیان پێ نەگا. ڕاستییەکەی ئەوان هێشتا لە ڕێژیم دەترسن. هیوا دەخوازین ئەو پرسیارە نەبێتە هۆی لێکترازان".

شەڕی دەسەڵات لە نێوان هەندێک پارتە سیاسییەکانی ناو کەنەکە زۆر دووبارە دەبێتەوە، ئەوەش زیاتر بەهۆی کاریگەریی پتەوبوونی وێنەی کەسیی گرووپەکان و ڕۆڵی شیمانەکراویان، بۆ نموونە پارتی "یەسار" بەدەست دابەشبوونی ناوخۆوە دەناڵێ.

کەنەکە هەروەها ئامادەبوونێکی لاوازی ڕێژەیی لە ناوچە کوردنشینەکانی سووریادا هەیە. ئەوەش سەرەڕای دانانی پلان بەکردنەوەی بنکە لە زۆربەی شارۆکەکانی کورد، بەڵام هێشتا ئەو

کارەی ئەنجام نەداوە، چونکە هێزی سەربازی لە شارۆکەکاندا نییە.

بۆ ئەوەی خۆی ئامادە بکا بۆ ڕۆڵەکەی لە دوای نەمانی ڕێژیمی ئەسەد، کەنەکە بانگەوازی چاکسازی و بوون بە ڕێکخراوێکی زیاتر چالاک دەکا. ئەوەش دێتە ئەنجامدان لە ڕێگەی پشتبەستن بە ژمارەیەک کەس لە بڕیاردان، دانانی لیستێکی ڕوون لە داواکاری و دانانیان لەسەر مێزی گفتوگۆ لەگەڵ پەیەدە و ئۆپۆزیسیۆنی سووریا، و هەروەها زیادکردنی واقعیانەی ئامادەبوونی ڕێکخراوەکە لە ڕێگەی دروستکردنی لق لە تیرەکان و لیژنەکانی لاوان. بۆ ئەنجامدانی ئەوە، کەنەکە بیر لەوە دەکاتەوە کە مافی ڤیتۆ بە فراکسیۆنی گەورەتر بدرێ. ئەگەر لە کۆتادا دەسەڵاتی ناوەندی بەهێز ببێ، کە پێشبینیی زۆر دەکرێ کەنەکە بەهێزتر ببێ و دەستڕۆییشی بەسەر ناوچە کوردنشینەکانیشدا زیاتر بێ، بەڵام هێشتا ئەو چاکسازییانە نەکەوتوونەتە واری جێبەجێکردنەوە.

لە دیسێمبەری ٢٠١٢دا چوار سەرۆکی پارت لە سووریا کە پێوەندییەکی بەهێزیان بە حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە وەک عەبدولحەکیم بەشار، ئیسماعیل حەمە، مستەفا جومعە و مستەفا ئوسو، هەواڵی دامەزراندنی هاوپەیمانییەکی نوێیان ڕاگەیاند کە بریتییە لە یەکەتیی دیموکراتیی کوردی سووریا SKDU، ڕایان گەیاند کە ئەو هەنگاوە دەستڕۆییی سیاسیی کەنەکە زیاتر دەکا و هەروەها ئەو گفتوگۆیانەی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی سووریا لەبارەی کێشەی کوردەوە بەردەوام دەبێ بەهاوکاریی ئەندامانی تری کەنەکە و کۆمسیۆنی باڵای کورد.

ج- پەیەدە: پێوەندییە بارگرانەکەی لەگەڵ پەکەکە

پەیەدە پارتێکی ڕێکخراو، مەشق پێکراو و سیاسیی چەکدارە کە پتەو کراوە بە پرۆسەیەکی بڕیاردانی ناوەخۆ کە لە هەوڵی دانانی بیرۆکەیەکی یەکگرتووە. پەکەکە و پەیەدە هەردووکیان مێژووی هاوبەشیان هەیە، پەیەدە هەمان هەرەمی سەرکردایەتی و ئایدۆلۆجیای هەیە. پارتەکە سەربە کۆما جڤاکی کوردستانە KCK کە گوایە ڕێکخراوێکی چەترە بۆ بیرۆکەی یەکگرتنی هەموو کورد کە پەکەکە و پارتە لایەنگرەکانی دەگرێتەوە کە بریتین لە پارتی ژیانی ئازاد (پژاک) لە ئێران و پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان لە عێراق.

کەنەکە و پەکەکە هەمان پەیماننامە و سەرکردایەتییان هەیە: سێ ناوەکەی سەرکردایەتی لە کۆمیتەی جێبەجێکاری کەجەکە، سەرکردەی سەرەکین لە پەکەکە. پەیەدە بەئاشکرا هێما و وشەکاریی سیاسیی پەکەکەی تێدا ڕەنگ دەداتەوە و دەبینرێ. ڕێکخراوەکە بانگەوازی ئۆتۆنۆمییەکی دیموکرات دەکا کە پێک هاتووە لە بیرۆکەی نەخشەکێشانی گواستنەوەی دەسەڵات لەلایەن عەبدوڵا ئۆجەلان. وێنەی ئۆجەلان بەبەردەوامی لە خۆپێشاندانەکانی پەیەدەدا پێشان دەدرێ. لەوەش زیاتر هەروەک بینراوە، لقە سەربازییەکەی پەیەدە لەلایەن پەکەکەوە مەشقی پێ دەکرێ. چەندە پەیەدە سەربەخۆیە لە پەکەکە جێگەی گفتوگۆیە.

چالاکێکی کوردی سووریا گوتی "سەرانی پەیەدە ئەو کەسانە نین کە بڕیار بدەن، ئەوە پەکەکەیە بڕیار دەدا". هەروەها گەڕانەوەی ڕێکخراوەکە بۆ سووریا شیمانە هەیە ببێتە جیاوازی لە خواست و پێشەنگییەکان. بوونی لقێکی چالاکی پەکەکە و هاوپەیمانانی لە نێزیک ناوچە کوردییەکاندا، ستراتیجییەتێکی زیاتر و قووڵتر بە پارتەکە دەدا لە شەڕەکەیدا دژ بە تورکیا، بەڵام پەیەدە پێویستە بیر و بایەخی نوێ بخاتە ڕوو و ڕۆڵێکی سیاسی پێشان بدا کە زیاتر بگونجێ لەگەڵ ڕاستییەکانی ناوخۆ. ئەوەش پێویستی بە جەماوەری زیاتر هەیە لەناو کوردانی سووریا وەک پارتێکی کوردیی وڵاتەکە. هەروەها پێویستی بە دانانی ئەجێندای کورد-سووریا هەیە، پێویستە ببێتە گفتوگۆکەر لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنە ناکوردە سوورياييیەکان تا لە کۆتادا ڕەوايیی ناودەوڵەتیی زیاتر بەدەست بێنێ.

دێتە گوتن لە وەڵامدانەوەی هەڕەشەکانی تورکیا لە هاوینی ٢٠١٢دا بۆ سەر پارتەکە لە سووریا، سەرانی پارتەکە بەشێوەیەکی ئاشکرا پێوەندیی خۆیان بە پەکەکەوە بەپاش دا، ڕایان گەیاند کە تاکە پێوەندی تا ئێستە مابێتەوە برێتییە لە نێزیکیی ئایدۆلۆجیا.

ئیلهام ئەحمەد بەپرسێکی پەیەدە گوتی "بزووتنەوەکەمان سوودی لە ئایدۆلۆجیای ئۆجەلان وەرگرتووە، بەڵام لە ڕووی هەیکەل و ڕێکخراوەییەوە ئێمە سەربەخۆین لە پەکەکە".

هەموو هەوڵێک بۆ دەستکەوتنی ناسنامەیەکی زیاتر سەربەخۆ بۆ پەیەدە، شیمانە هەیە لەلایەن باڵە سەربازییەکەی ڕێکخراوەکە YPG کۆسپی بخرێتە بەر کە گوایە سەرکردایەتییەکەی بەشێوەیەکی زۆر پشت بە پەکەکە دەبەستێ.

ئەندامێکی پەیەدە گوتی، یەپەگە هەیکەلی فەرماندەییی سەربەخۆی هەیە. بەڵام ئەگەر بەیەکدادانی سەرسنوور لە نێوان سووریا و تورکیا دروست بێ و بەرەو دەستەوەردانی تەواوی سەربازیی تورکیا بچێ، ئەوە یەپەگە خۆی لە شەڕکردن لە دژی ئەنکەرە دەدۆزێتەوە تا ناوچەکانی ژێردەستی بپارێزێ کە ئەوەش وا دەکا لایەنگریی ڕاستەقینەی یەپەگە بۆ پەکەکە دەرکەوێ.

لەسەر پێوەندییە ئاڵۆزەکەی پەیەدە و پەکەکە، ئەندامێکی کەنەکە گوتی: پەیەدە پێویستی بەگۆڕینی ستراتیجییەکەیەتی ئەگەر بیەوێ بەزیندوویی بمێنێتەوە لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی سووریا. ئەوان دەبێ سوود لە پێوەندییەکانیان لەگەڵ پارتە کوردییەکانی تری سووریا وەربگرن کە لە کەنەکەدان. ڕێککەوتن سوود بە وێنەی پەیەدە دەگەیەنێ لەبەردەم ڕای گشتی، چونکە خەڵک هیچی تر بە هاوکاریکەری ڕێژیم نایانبینن. لەوەش زیاتر هیچی تر پەیەدە وەک جێبەجێکاری ئەجێندای پەکەکە لە سووریا نابینن. بەمەش لە کۆتادا پەیەدە وێنەی خۆی لەسەر ئاستی ناودەوڵەتی دووبارە دەکێشێ و هەروەها بەدەستهێنانی ڕەوايی کە نیەتی بەهۆی ئەو لایەنگرییە مێژووییەی لەگەڵ پەکەکە هەیەتی.

ئەگەر تۆ پرسیارت لە من بکردبا: "پەیەدە چییە؟ چ جۆرە پێوەندییەکیان لەگەڵ پەکەکەدا هەیە؟ نەمدەتوانی وەڵامت بدەمەوە، و شیمانە هەیە پەیەدەش نەتوانێ. بڕوام وایە گفتوگۆیەکی ناوەخۆ

لەناو پەیەدە هەیە کە چ ستراتیجییەتێک پێڕەو بکەن: پەیەدە بۆ بزووتنەوەیەکی سیاسیی سووریایی بگۆڕن یاخۆ بەردەوام بن لە لایەنگرییان بۆ کردەوەگەلە چەکدارییەکەی پەکەکە. بەگشتی پەیەدە لە هەوڵی ئەوەدایە وێنەی خۆی وەک سەربەخۆ لە پەکەکە دابڕێژێتەوە، تەنانەت ئەگەر پەکەکە لە واقیعیشدا بەردەوام بێ لە کۆنترۆڵکردنی بڕیاردانی پەیەدە. بەڵام ناتوانێ ئەو لێڵییە تاسەر ڕابگرێ، پەیەدە ناچارە لایەک هەڵبژێرێ لە نێوان بوون بە لقێکی پەکەکە لە سووریا یاخۆ ڕێکخراوێکی کوردی سووریا و پەکەکەش ببێتە ڕابردووی، هەروەها بەبێگومان پێویستە هەڵگری ئەجێندایەکی تایبەت بە سووریا بێ. بەپێچەوانەی کەنەکە، پەیەدە بوونی خۆی دروست کردووە لە ناوچە کوردنشینەکان و هێزێکی پۆلیسیشی لە لقە چەکدارەکەیدا پێک هێناوە. هێزەکە ڕێکخراوە، لەناوەوە یەکی گرتووە و چالاکە لە زیاتر پتەوکردنی بنکەکەی، هێزەکە کۆنترۆڵی ڕێگەکانی چوونە ناو شارۆکەکان و ناوەوەیانی کردووە لە کاتی دابینکردنی شتومەک و خزمەتگوزرایی سەرەتایی بۆ دانیشتووان وەک سووتەمەنی، غاز و ئارد.

کوردێکی سووریا لە هەولێر گوتی "ئەندامانی پەیەدە دەستیان دەگاتە تەواوی پێداویستییەکانی خەڵک. بۆ نموونە لە گەڕەکی شێخ مەقسوود و ئەشرەفییە لە حەلەب کە زۆرینەی کوردە، دەستیان بەسەر دەرمانخانە و کەلوپەلەکانی پزیشکیدا گرتووە. وەک دەبینرێ ئەوەی پەیەدە نیەتی برێتییە لەوەی ڕێکخراوەکە وەک هەیکەلێکی سیاسی پایەی ناودەوڵەتی نییە بۆ نوێنەرایەتیکردنی کوردی سووریا. وتەکانی ئەندامێکی کەنەکە کە لە کۆبوونەوەکەی ئۆگستسی ٢٠١٢ی هەولێر ئامادە بوو کە وەزیری دەرەوەی تورکیا ڕەتی کردەوە لەگەڵ پەیەدە دابنیشێ، برێتی بوو: "داودئۆغلو تەنیا داوای چاوپێکەوتنی لەگەڵ کەنەکە کرد، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هیچ لایەک ئامادەی دانیشتن نەبوون. تورکیا پەیەدە بەهەمان شێوەی پەکەکە دەبینێ و بڕوای وایە پێوەندیی لەگەڵ ڕژێمی سووریا هەبێ. لەلایەکەی تردا پەیەدە دەستوەردانی تورکیا بۆ ناو کاروباری سووریا دەبینێ و دژی وەستاوە".

ساڵح موسلیم سەرۆکی پەیەدە گوتی: "ئەو کاتەی داودئۆغلو هاتە هەولێر، ئێمە لەوێ بووین، بەڵام ڕەتی کردەوە چاوی بە ئێمە بکەوێ. لەلای ئێمەوە ئەگەر ئەوان ئامادەن دان بەئێمە و مافەکانی کورددا بنێن، ئەوە ئێمە لەگەڵیان دادەنیشین. بەڵام پێوەندیی بە پرەنسیپەوە هەیە، و دانپێنان بە مافەکانی کورد یەکێکە لە داوایە سەرەکییەکان".

موسلیم لە لێدوانێکدا بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانیی سووریا گوتی لە کاتێکدا پەیەدە ڕازییە گفتوگۆی لەگەڵدا بکرێ... دواتر ئاماژەی بە پەکەکە کرد وەک "ڕێکخراوێکی تیرۆریست"، ئەوەش ئەوەیە پەیەدە هەرگیز قبووڵی ناکا.

## ڕکابەرییە هەرێمییەکانی شەڕ

أ- بارزانی ئەندازیاری ڕێککەوتن

سەرۆک بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان KDP کاریان کردووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد و پاڵپشتیکردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد لە وڵاتەکە. لە فێبرایەری ٢٠١٢ سەرۆک مێواندارییی ئەنجوومەنی لە هەولێر کرد. یەکێک لە سەرکەوتنەکانی ئەم دواییەی سەرۆک بریتییە لە پێشکەوتنە بەرچاوەکەی هەرێمی کوردستان.

پەکەکە کردەوەگەلی سەربازیی بەردەوامی بەکار هێناوە بۆ ئەوەی وا لە ئەنکەرە بکا مافی کولتووری و سیاسیی زیاتر بە کورد بدا، بەپێچەوانەوە پارتی دیموکراتی کوردستان KDP دەستڕۆیی خۆی لە هەرێمەکەی بۆ گەیشتن بە سەربەخۆییی ئابووریی زیاتر و پێشخستنی پێوەندیی سیاسی و بازرگانی لەگەڵ تورکیا بەکار دێنێ تا کوردانی هەرێمەکە کەمتر پشت بە بەغدا ببەستن.

لە ڕوانگەی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، پێوەندیی بەهێز و ئاشتییانە لەگەڵ تورکیا یارمەتیی پارتەکە دەدا ڕۆڵی سەرکردایەتیی زیاتر ببینێ لە ناوچە کوردنشینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا، پایەی بارزانیش وەک سەرۆکی هەموو کورد پتەوتر دەکا.

پارتی دیموکراتی کوردستان وای دەبینێ، ڕووخانی ڕێژیمی ئەسەد ڕێگە بە سووریا دەدا نموونەی فیدراڵیی عێراق (مۆدێلی حکوومەتی هەرێم و عێراق) دووبارە بێتەوە، ئەوەش مانای سەرکەوتنی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە وەک نموونە یا خۆ وێنەیەک.

لەم بارەیەوە بەرپرسێکی پارتەکە گوتی: "بارزانی دەوڵەتێکی بە کورد بەخشی. ئێمە دەمانەوێ کێشەی کورد چارەسەر بکەین لە ڕێگەی ئاشتییەوە، و دەمانەوێ هەموو پارچەیەکی کوردستان مافەکانی بەڕێگەیەکی ئاشتییانە دانیان پێدا بنرێ. ئێمە دەمانەوێ ئەوانی تریش سوود لە ئەزموونی ئێمە وەربگرن. پەکەکە ناتوانێ هەمان دەستڕۆییی هەبێ لە تورکیا کە ئێمە لە عێراقدا هەمانە. ئێمە شتێکی نێزیکمان لە دەوڵەت هەیە، و ئەزموونی ئەرێنیی زۆریشمان کۆ کردووەتەوە. پەکەکە بەهۆی توندڕۆیییەکەی، هیچ ئەنجامێکی بەدەست نەهێناوە. دیپلۆماسی ستراتیجییەتی تەواوە بۆ بەدەستهێنانی شتەکان".

دێتە گوتن، سەرۆک بارزانی بیرۆکەی یەکگرتنی هەموو کوردی pan-Kurdish لە کۆنگرەی هەولێر ورووژاند کە لە مێژە سەرۆک کاری بۆ کردووە و ئەوەش وای کردووە پایەی پارتی دیموکراتی کوردستان بەهێزتر بکا وەک هەڵگری ئاڵای کورد.

لەوەش زیاتر بەکارکردن لەگەڵ ئەنکەرە، پارتی دیموکراتی کوردستان KDP دەیەوێ پاڵپشتیی کوردانی تورکیا بکا و چارەسەری کێشەی پرسی کورد بکا.

فەلاح مستەفا بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان KRG بەشدارییەکەی بارزانی لە کۆنگرەی پارتی ئەکەپە لە سێپتێمبەری ٢٠١٢ لە ئەنکەرە بە "هەنگاوێکی مێژوویی" پێناسە کرد. مستەفا گوتی: ئێمە بڕوامان وایە ئەردۆگان سیاسەتێکی ڕاستی بەرامبەر کێشەی کورد هەیە. ئەو ڕۆژانەی تورکیا نکووریی لە بوونی کورد دەکرد لە وڵاتەکە تێپەڕین".

ئەو گۆڕینکارییەی لە پێوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیادا هەیە هیچ شتێک لە گرینگیی پێوەندییەکە کەم ناکاتەوە. هەر پێنج ساڵ لەمەوبەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی تورکیا دۆستی یەکتر نەبوون، و کێشە هەبوو لە نێوانیاندا بۆ نموونە لەسەر: بنکەی پەکەکە لە هەرێمی کوردستان، چالاکیی ئابووری و سیاسییەکانی هەرێم کە بەبێ بەغدا ئەنجامیان دەدا و داواکەی تورکیا بۆ کەرکووک.

لەگەڵ تێپەڕبوونی کات ئەنکەرە بۆچوونی نوێی لە پێوەندییەکانی لەگەڵ دراوسێکانیدا پێڕەو کرد بە حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە. دروستبوون و زیادبوونی گرژی لە نێوان ئەنکەرە و بەغدا و هەروەها نێزکبوونەوەی خێرای نێوان تورکیا و حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەشێوەیەکی کردارییانە هەموو کێشە هەستیارەکانی داپۆشت، بەتایبەت وزە، ئەوانە بوونە هۆی دروستبوونی پێوەندییەکی ئابووریی واقعییانەی بەهێزی نێوان تورکیا و حکوومەتی هەرێم.

گۆڕینکارییەکانی ئەم دواییەی سووریا وایان کرد تورکیا و حکوومەتی هەرێم لە هەمان بەرە بمێننەوە: هەردوو لا لەگەڵ ڕووخانی ڕێژیمی سووریادان. بەڵام لە هەمان کاتدا ئەنکەرە و هەولێر دوو ڕێگەی جیاوازیان هەیە بەرامبەر پەیەدە.

لە ڕاستیدا سەرۆک بارزانی لە سیاسەتی بەشدارکردنی پەیەدە، هێزێکی زیاتری بە هەولێر دا لە بەرامبەر ئەنکەرەدا کە شیمانە هەیە لە داهاتوودا تورکیا و پەیەدە ڕاستەوخۆ بەیەکەوە دابنیشن، بۆ نموونە لەسەر تەناهیی سنوورەکان.

حەمید دەربەندی بەڕێوەبەری پێوەندییە گشتییەکانی سەرۆکایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان KRG بەم شێوەیە لەبارەی ئەم گریمانەیە گوتی: "ئەوەی ئێمە بیزانین وەزیری دەرەوی تورکیا ڕەتی کردووەتەوە ڕاستەوخۆ لەگەڵ پەیەدە دابنیشێ. من ئەو شتە زۆر بە ئاسایی دەبینم. ئەوان لە گۆڕینکاری و پێشکەوتنی پەکەکە لەم بوارانەدا دەترسن. هەر مەترسییەک لەسەر یەکپارچەییی خاکی تورکیا دژی بۆچوونی ئێمەیە. حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە توانیدایە ڕۆڵێکی ئەرێنیی هەبێ لە باشترکردنی پێوەندی لە نێوان تورکیا و کوردانی سووریادا".

پەیەدە ڕەتی کردەوە بچێتە ناو کەنەکە ئەو کاتەی لە ئۆکتۆبەری ٢٠١١دا دامەزرا، بانگەوازی هاوپەیمانییەکەی قبووڵ نەکرد کە برێتی بوو لە یەکسانی لە نوێنەرایەتیی هەموو پارتەکان. پەیەدە پێی لۆجیک نەبوو ببێتە یەکێک لەو ١٧ پارتەی لە هاوپەیمانییەکەدان سەرەڕای ئەوەی ئامرازی ئەوەی هەیە ئەجێندای خۆی لە سووریا جێبەجێ بکا. بەڵام لە دوای ئەوەدا سەرۆک بارزانی لە

یۆنیـۆی ۲۰۱۲دا ڕێککەوتنێکی حـەوت خـاڵیی لە نێـوان کـەنەکە و پـەیەدە بە ئیمـزاکردن گـەیاند. ڕێککەوتنەکـە پێک هـاتبـوو لە دامـەزراندنی لیژنـەی هـاوبەش بـۆ ڕێکخـستنی کـاری سـیاسی و چارەسـەرکـردنی کـێـشـەکـانی ناوچە کـوردنشـینـەکـانی سـووریا، کـۆتاهێنان بـە بوونی گـرووپە چەکدارەکان لەوێ و ڕاگرتنی پرۆپاگەندەی زیانبەخشی دوو لایەن. دوای مـانگێک سەرۆک بارزانی بەسەرکەوتنێکی گەورەترەوە هەوڵـەکانی خستەگەڕ. لە ١١ی یۆلیۆدا هـەردوو لا (پەیەدە و کـەنەکە) ڕێککەوتننامەی هەولێریان ئیمزا کرد بەشێوەیەک کە لایەنەکان ئەرکی دروستکردنی حکوومەت لە ناوچە کوردییەکان دەگرنە ئەستۆ لە ماوەی گواستنەوەی حکوومەتدا لە ڕێگەی لێژنەیەکی نوێوە بە ناوی لیـژنـەی باڵای کـوردی SKC. لیـژنەکـە لـە ١٠ ئەندام پێک هـاتووە، پێنج لـە هـەر گـرووپەک، و هـەروەها سێ کۆمیتـەی لاوەکیش لایەنی تەناهی، پێوەندییـەکـانی دەرەوە و خـزمـەتگوزاری بەڕێوە دەبەن.

دامەزراندنی لێژنە نوێیەکە هەنگاوێکی گرینگی نوێ بوو بۆ نەهێشتنی گومانی دوولایەن، بەڵام وا دەردەکەوێ هێـشتا ڕکابـەریی زەبەلاح هەبن. ئەو ڕکـابـەرییـانە لەسـەر ئاستی تەناهیـدا زیاتر دیارن. لە گفتوگۆکاندا هەروەها بە ئەوەشـەوە لە جنێڤ لە سێپتێمبەر هاتە ئەنجامدان، پرسە تەناهییەکان زۆر بوون.

بەپێی بەندەکانی ڕێککەوتنەکە پێویستە پەیەدە دەست لە کۆنترۆڵکردنی هێزی چەکداری کوردی سـووریا بێنێ و هـاوکـار بێ لە دامــەزراندنی لێژنەی تەنـاهیی هاوبـەش کـە پێک هاتووە لە پێنج ئەندامی پـەیەدە و پێنج ئەندامی کەنەکـە و هەروەها لە هێـزێکی هاوبەشـیش. پەیەدە لە نـاوەخۆدا بەهێـزە بەڵام لە ڕووی هەرێمـییـەوە دابڕاوە، هاوکـات کـەنەکـە پاڵشـتـیی جـەمـاوەری و هێـزی سـەربازیی نییـە. هەردوو لا ترسـێکیـان هەیە بەوەی ڕێکخستنەوەی وڵاتەکە لە دیمەشق لە کۆتادا شـیمانە هەیە بەزەیی بە داوایە ڕەواکەیان نەیەتەوە، ئەوەش بەهۆی ئەوەی ئۆپۆزیسیۆنی سـووریا هەر لە سەرەتاوە ناڕازییە دان بەمافی کوردا بنێ. هێشتا کۆسپێکی گەورە لە تێگەیشتنی کورددا هەیە ئەویش ئەوەیە یەپەگـە ڕەزامەندیی لەسـەر دامـەزراندنی هێـزێکی چەکداری هاوبەش بدا، و هەروەها بگاتە ئەو ئەنجامەی کە هێزەکە سـەکردایەتیی تایبـەت بەخـۆی هەیە و نابێ بەتەواوەتی پشت بە بڕیارەکانی پەیەدە ببەستێ.

پەیەدە دوو بژارەی پێشکێش کرد: یەپەگە دەتوانێ خـۆی بخـاتە ژێر فەرمـانی لێژنەی باڵا، بەڵام لە بەرامـبـەردا پێـویستـە لێژنەکـە دان بە یەپەگـەدا بنێ وەک هێـزی سـەرەکیی بەرپرس لە ناوچە کوردییەکانی سووریا، یاخۆ هێزە مەشق پێکراوەکانی کەنەکە بێنە ژێر ڕکێڤی یەپەگە. هیچ کامێک لەو پێشنیازانە لەلایەن کەنەکە قبووڵ نەکران.

بەرپرسـێکی کـەنەکە گوتی، تەنیـا ڕێگە بـۆ بەرەوپێشـبـردنی دۆخـەکە ئەوەیە یـەپـەگـە چـەک دانێ یاخۆ فەرماندەییی شەڕوانەکانی بداتە دەست لێژنەی باڵای کوردی.

گفتـوگـاکـان لەسـەر پرسی تەنـاهی چوونە بواری تریشـەوە لە پێوەندییـەکان. بـۆ نموونە پەیەدە

هەواڵنامەی کورد

داوای دامەزراندنی لێژنەی پێوەندییەکانی دەرەوەی کرد، چونکە ڕێکخراوەکە دووچاری نکووریی ناودەوڵەتی بووەتەوە و پێویستی بە بەرگی لێژنەی باڵای کوردی هەیە تا شەرعییەتی پێ بدا. کەنەکە وا دەردەکەوێ دوودڵ بێ لەسەر ئەمە هەتا پەیەدە سووربێ لەسەر داواکردنی باڵادەستیی سەربازی لەسەر یەپەگە.

بێمتمانەیییەکی زۆر لە نێوان ئەم دووەدا هەیە. لە چاوانی کەنەکەدا پەیەدە زۆر لە پەکەکە نێزیکە و هەروەها پێوەندییەکی گوماناویی لەگەڵ ڕێژیمی سووریا و ئێراندا هەیە. ئەندامێکی کەنەکە گوتی: "پەیەدە لە پێوەندیی تەلەفۆنیی بەردەوامدان لەگەڵ بەرپرسانی پلە بەرزی پەکەکە. دوا بڕیار هەر لە قەندیلەوە دەردەچێ".

سەرکردەیەکی تری کەنەکە گوتی: "ئەگەر پەیەدە پێوەندیی خۆی لەگەڵ پەکەکە بپچڕێنێ، ئەوە ئەندامانی پەیەدە بێ چەک و داهات دەبن و پەیەدە زۆر بەخێرایی دەبێتە پارتێکی بچووک".

هەروەها کەنەکە پەیەدە تۆمەتبار دەکا بەهەبوونی سیستەمێکی بڕیاردانی ناوەندی و باوەڕ-وشک کە کەمێک بوار هەیە بۆ گفتوگۆکردن، و ڕەتی دەکاتەوە لە دەسەڵاتدا هاوبەش بێ یاخۆ واز لە بیرۆکەی کۆنترۆڵکردنی تەناهی بێنێ.

"زۆر سەختە لێکتێگەیەشتنێکی هاوکاریکردن لەگەڵ ئەوان دروست بکەی"، سەرکردەیەکی کەنەکە گوتی. "زۆر جار بەس نییە ئەوانەی لە مێزی گفتوگۆدان قایلیان بکەی، چونکە بڕیار بەدەست ئەوان نییە. هەروەها ئاشکرایە ئەوان حەز دەکەن کارەکانیان بەتەنیا بکەن"، زیاتر گوتی.

پەیەدە دەبێژێ، کەنەکە بەدەست دابەشبوونی ناوخۆوە دەناڵێنێ، کارەکانی بەتەواوی پێ ئەنجام نادرێ و هەروەها بێ جەماوەرە لە ناوچە کوردییەکانی سووریا.

سەرکردەیەکی پەیەدە گوتی: "ئەو پارتانە زۆر جار ژمارەی ئەندامانیان لە ٤٠ کەس تێپەڕ ناکا و تەنیا دەستڕۆییییان لە یەک ناوچەی دیاریکراودا هەیە. ئێمە حەز دەکەین کاریان لەگەڵدا بکەین، بەڵام ئەوان ڕێکخراو نین".

لەوەش زیاتر پەیەدە و کەنەکە، بە پێکهاتەکانی ناوەوەی کەنەکەوە، بۆچوونێکی هاوبەشیان نییە لەسەر ڕۆڵی کورد لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی ئەسەد لە سووریا. لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستە هیچ کامێکیان داوای قەوارەیەکی سەربەخۆی کوردییان نەکردووە، ئەوەش تاکە لێکچوونیانە. پارتی دیموکراتیی سووریا داوای هەرێمێکی فیدراڵی هاوشێوەی ئەزموونی کوردی عێراق دەکا.

پارتی دیموکراتیی پێشکەوتنی سووریا لەبری ئەوە داوای سووریایەکی دیموکرات لەسەر بنەوای ڕەگەزنامە دەکا لەگەڵ هەبوونی نیوچە ئیدراەیەکی کوردی لە ناوچە کوردییەکاندا. پەیەدە لاسای ئۆجەلان دەکاتەوە و ئەویش داوای "ئۆتۆنۆمییەکی دیموکراتی" دەکا یاخۆ "ئیدارەکی سەربەخۆی دیموکراتی" بۆ ناوچە کوردنشینەکانی سووریا.

بەرپرسانی پارتی دیموکراتی کوردستان KDP لە گفتوگاندا داوایان لە ئەندامە نێوانرۆکانی

پەیەدە کردووە ڕێککەوتننامەی هەولێر جێبەجێ بکەن. بەرپرسێکی پارتەکە کە لە گفتوگۆکاندا بەشدار بوو گوتی: ئەگەر تۆ یەکگرتوو نەبی، ناتوانی ئەوەی دەتەوێ بەدەستی بێنی. ئێمە زیاتر قسە لەگەڵ ئەو ئەندامانەی پەیەدە دەکەین کە واقعین نەک ئەوانەی ڕادیکالن، و داوایان لێ دەکەین لە هەمان بەرەی کەنەکەدا بن. کات تەواو دەبێ. زۆر گرینگە کوردی سووریا یەکگرتوو بن و داوایەکی ڕوون دابڕێژن بەرامبەر ئۆپۆزیسیۆنی سووریا. کوردی سووریا پێویستە داواکانیان ڕوون و جێگیر بکەن هەتا درەنگ نەبووە.

بەرپرسێکی تری پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: هەندێک ئەندامی پەیەدە هەن دەکرێ قسەیان لەگەڵدا بکەین. ئەوەی پێویستە لە سەرەتا بیکەن بیرکردنەوەیە لە بەرژەوەندیی کوردی وڵاتەکەیان (سووریا). کاتی ئەوە هاتووە لە چیاکان بێنە خوارەوە و واز لە کردەوەگەلی سەربازی بێنن و خۆیان بە سیاسەت خەریک بکەن. بۆ کورد سەردەمی خەباتی چەکداری کۆتای پێ هاتووە.

لە ٢٢ی نۆڤێمبەردا سەرۆک بارزانی چاوی بە لێژنەی باڵای کوردی سووریا SKC کەوت لە هەولێر بۆ گفتوگۆکردن لەسەر دامەزراندنی سوپای یەکگرتووی کورد (جیش کوردی موحد) بۆ پاراستنی گیانی هاووڵاتییانی کوردی سووریا.

بەرپرسێکی پەیەدە گوتی: ئەو کوردانەی مەشقیان کردووە ڕێگەیان پێ دەدرێ بچنە ناوچە کوردییەکان تەنیا ئەگەر ڕەزامەندیی لێژنەی باڵای کوردیی سووریایان هەبێ (لە کاتێکدا پەیەدە نیوەی کورسییەکانی هەیە) و بەهاوکاریی هێزی پاراستنی گەل YPG.

زیاتر گوتی: "ئێستە ناتوانن بێنە ناوەوە، چونکە لێژنەی باڵا پەسندی نەکردووە، و هەروەها کێشەی گەورە ڕوو دەدا ئەگەر بیانەوێ لە خۆیانەوە کار بکەن".

بەرپرسێکی کەنەکە گوتی "ئەگەر یەک پێشمەرگەی سووریا ئەوانەی مەشقیان پێ کراوە بێنەوە ناو سووریا، ئەوە شەڕ لەگەڵ یەپەگە دروست دەبێ".

کلیلی هەموو سازشکردن و چارەسەری مەزن بریتییە لە ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کێ ڕۆڵی فەرماندەی ڕەسمی و کرداری لەسەر هێزە چەکدارەکان هەبێ، لە چ بەشێکی کوردستانی سووریا ڕێگەیان پێ بدرێ کار بکەن و چ دەسەڵاتێکیان هەبێ.

پارتی دیموکراتی کوردی سووریا داوای فیدرالیزم دەکا بۆ وڵاتەکە لە دوارۆژدا. لە کۆتاشدا شیمانە هەیە کۆدەنگی بەدەست بێنن لە دروستکردنی یەکەتییەکی فیدرالی لە ناوچە کوردییەکانی سووریا، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کامە پارێزگای کوردی خۆی بەڕێوە دەبا. ئەوەش فیدرالیزم لەگەڵ ئۆتۆنۆمییە دیموکراتییەکەی پەیەدە یەک دەخا و شیمانە هەیە بەرەو دابەشبوونی واقیعی کوردستانی سووریا ببا. عفرین لە باکوری ڕۆژئاوا لەلایەن پەیەدە بەڕێوە ببرێ و هەرێمی جەزیرەش کە نێزیکە لە سنووری عێراق بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی کەنەکە.

ب- تورکیا لایەنگری دەکا

سیاسەتی تورکیا بەرامبەر کوردی سووریا پێویستە لە سۆنگەی کێشەی سنوورەوە بەهۆی پشێوییەکانی سووریاوە بخوێنرێتەوە و هەروەها لەگەڵ بوونی چوار دەیە لە شەڕ لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) کە بووە هۆی کوژرانی زیاتر لە ٣٠ هەزار کەس و ٣٠٠ ملیار دۆلاری ئەمەریکایی لە زیانی مایەکی.

ئەنکەرە ڕۆڵێکی سەرەکیی هەبووە لە چاودێریکردن و پاڵپشتیکردنی ئۆپۆزیسیۆن، بەتایبەت ئەنجوومەنی نیشتمانیی سووریا (پێش ئەوەی هاوپەیمانی نیشتمانیی سووریا لە نۆڤێمبەری ٢٠١٢ جێگەی بگرێتەوە) کە لە ئیستانبوڵ دامەزرا و بارەگای سەرەکی لەوێیە، هەروەها سوپای سووریای ئازاد کە گرووپێکی چەکداری یاخییە و بەم شێوەیە ڕێکخراو نییە، بنکەی فەرماندە و بارەگاکەیان لە باشووری ڕۆهەڵاتی تورکیادایە. بەڵام ئەگەر تورکیا بەردەوام بێ لە هەوڵدان بۆ کارتێکردن لە ڕووداوەکانی سووریا، ئەوە ئەو ڕووداوانە دەپەڕنەوە بۆ وڵاتەکە: دەبێتە هۆی زیادبوونی چوونی پەنابەران، بۆردمانی سنووری، و هەروەها شیمانە هەیە پەکەکە ئەو هەلە بقۆستەوە تا چالاکییەکانی لە هەردوو وڵات (تورکیا و سووریا) زیاتر بکا.

ئەنکەرە پەیەدە کەمێک زیاتر لە لقێکی یاخۆ وێنەیەکی لەبەرگیراوەی پەکەکە دەبینێ کە هەوڵ دەدا جێپێیەک بۆ خۆی لە سووریا دابمەزرێنێ، لە ئەنجامیشدا تورکیا لە بەهێزبوونی کورد دەترسێ کە پێی وایە هەستی جیاخوازی زیاتر بکا لە وڵاتەکە.

بەرپرسێک گوتی: "پەیەدە و پەکەکە هەمان شتن. ئێمە بەڵگەمان هەیە کە وا بێ. تۆ ناتوانی بەری خۆر بگریت. ئێمە بڕوامان بە گۆڕینکاریی بچووک نییە. تەنیا بڕوامان بە گۆڕینکاریی ڕیشەییە".

بەرپرسێکی تری تورکیا گوتی: "ئەگەر هیچ پێوەندییەک لە نێوان پەیەدە و پەکەکە نییە، پێویستە ئەوان بیسەلمێنن. ئەگەر ئێمەیان دەوێ گفتوگۆیان لەگەڵ بکەین، پێویستە بیسەلمێنن کە ئەوان سەر بە پەکەکە نین، واز لە گواستنەوەی چەک بێنن لە نێوانیاندا و هەروەها بەڕوونی ئەو شتە ڕابگەیەنن".

یەکێک لە نائارامییە گەورەکانی بەرپرسانی تورکیا بریتییە لەوەی کە شیمانە هەیە پەیەدە زۆر بەهێز بێ لە داهاتوودا و بتوانێ بنکەیەکی کردەوەگەلی گەورە لە سووریا دابمەزرێنێ کە لەم ڕێگەیەوە پەکەکە شیمانە هەیە بپەڕێتەوە ئەوبەری سنوور و هێرشەکانی لەناو ناو خاکی تورکیا ئەنجام بدا.

دێتە گوتن بڵاوبوونەوەی هێزی سەربازیی تورکیا و مەشقەکانیان لە ناوچەی سنووری لەوبەری قامیشلی و کۆبانی لەگەڵ دەرکەوتنی هێزی پەیەدە لە یۆلیۆی ٢٠١٢دا دەستی پێ کرد. دوور لە پاڵدەرە ڕاگەیاندراوەکان کە بریتین لە کارکردن بەرامبەر خراپبوونی کێشەکانی پەنابەران کە لە

ئەنجامدا کارەساتی مرۆیی لێ دەکەوێتەوە، یەکەم بایەخی تورکیا برێتییە لە سنووردانان بۆ بوونی پەیەدە لە باشووری سنوورەکەی وەک بەشێک لە ستراتیجییەتی ئاسایشی نەتەوەیی. تورکیا دەیەوێ پەیەدە پاشکۆ بخا و بەر لە ڕێکخراوەکە بگرێ لە هەردوو ڕووی سەربازی و سیاسییەوە، ئێستە وڵاتەکە بژارەی دەستوەرنەدانی ڕاستەوخۆی هەڵبژاردووە تا نەکەوێتە ناو زەلکاوەکەوە. هەر دەستەوەردانێک دوور لە چارەسەرکردنی کێشەی پەکەکە، شیمانە هەیە کێشەکە گەورەتر بکاتەوە. لەوەش زیاتر کێشەی سووریا ئەنجامی سیاسی و تایفایەتیی دەبێ کە شیمانە هەیە پاڵ بە ئۆپۆزیسیۆنەوە بنێ کردەوەگەلی سەربازی ئەنجام بدا لەگەڵ ژمارەیەک لایەنی ناکورد لە ناوەوەی تورکیادا (بۆ نموونە عەلەوییەکان مەزەوێکی جیای عەلەویی سووریان، بەڵام هەڵگرانی ئەم مەزەوە متمانەیان بە سوونییە یاخیبووەکانی سووریا نییە)، و هەروەها لە ناوچەکە ئێران، عێراق و زۆر لە عەرەب نائارامن بەرامبەر ژیانەوەی داگیرکاریی تورکیا (ئمپریالیزم).

ژیریی سیاسیی ئەنکەرە لەوەدایە، هەوڵی داوە لە ڕێگرتنی زیادبوونی ڕووداوە هەرەمەکییەکان و کردەوەگەلی گەرماوگەرم، نایەوێ دەستوەردانی سەربازی لە سووریادا بکا، ئەوەش نەک تەنیا بەهۆی کاریگەریی ئەندامییەتییەکەی لە هاوپەیمانیی ئەتلەسی، بگرە هەروەها بەهۆی ئەوەوە کە بەتەنیا ناتوانێ بەشێوەیەکی جیا ئەو شتە بکا. لەبری ئەوە دەستی کرد بە پاڵپشتیکردنی هەندێک پارتی ناو کەنەکە و هەروەها کارکردن بۆ وەستاندنی فرەوانبوونی پەیەدە لە قامیشلی و دابڕینی ڕێکخراوەکە لە هەموو گفتوگۆیەکی سیاسی.

تورکیا ورد دەبێتەوە لەو مەترسییە خێرایانەی لەلایەن پەیەدەوە دێن و لە بەهێزکردنی کەنەکە لەسەر حیسابی پەیەدە، پێ دەچێ بابەتەکانی تر جێی وردبوونەوە و بایەخی تورکیا نەبن، وەک گریمانەی داواکردنی کوردی سووریا بۆ لەبەرگرتنەوەی مۆدێلی فیدرالیی عێراق.

داودئۆغلو وەزیری دەرەوەی تورکیا لە ماوەی گەشتەکەی ٢٠١٢ بۆ هەولێر لەوەش زیاتری تێپەڕاند بۆ دڵنیاکردنەوەی کەنەکە و وای دەربڕی وڵاتەکەی دژی ئۆتۆنۆمیی کوردی سووریا نییە ئەگەر لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانیی سووریا دانی پێدا بنرێ و گوتی: پێیانم گوت سەرۆکی لێژنەی باڵای کوردی سووریا سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردی سووریایە. هەروەها ئێوەی کەنەکە لێرە دانیشتوون وەک کوردی سووریا. بەیەکەوە دابنیشن و سازش بۆ یەکتر بکەن. ئەوەی ئێمە دژی دەوەستین برێتییە لە مەترسیی تیرۆریزم و گریمانەی یەکێک لە ئێوە لە ڕاگەیاندنی دەستبەسەرداگرتنی شوێنێک. پێویستە هەڵبژاردن لە سووریا بێتە ئەنجامدان، پەرلەمان پێویستە دابمەزرێ کە کورد، تورکمان و عەرەب بگرێتەوە. ئێوە پێکەوە ڕێک بکەون و بڵێن ئێمە ئۆتۆنۆمی دەدەین بە کورد. ئەوە پێوەندیی بەخۆتانەوە هەیە. ئێمە دژی ئەو شتە ناوەستین.

ئەمە بەشی دووەمی ڕاپۆرتی ڕۆژهەڵاتی ناوینی گرووپی تەنگژەیە کە لە ٢٢ی یەنایەری ٢٠١٣دا بڵاو کراوەتەوە.

# لە عەمانەوە بۆ ئامێدی
# یان
# گەشتێک لە کوردستانی باشووردا

عەلی سیدۆ گەورانی

ئەڵقەی کۆتایی

## ئافرەتی کورد

ئافرەتی کورد خوێندەوار نییە، لە ڕووناکیی فێربوون بێبەش بووە هەر وەک ئافرەتانی موسڵمان لەسەروبەندی بڵاوبوونەوەی دەسەڵاتی عوسمانیی تورکیدا بەسەر وڵاتە موسڵمانەکانی خۆرهەڵاتدا لێی بێ بەش بووبوون. مۆتەکەی تورکی ئەگەرچی لە دوای جەنگی جیهانی کشاوەتەوە و بەیەکدا چووە، هێشتا لە کوردستانی باکوردا هەن، ڕێ لە ڕۆشنبیرکردنی کوردان بە نێر و مێیانەوە دەگرێ، بەیەکجاریش بێبەشیان دەکا بەبێبەشبوونیان لە بەکارهێنانی زوانی خۆیان لە پەروەردە و تۆمار کردندا. فارسەکانیش لە کوردستانی خۆرهەڵاتدا شوێنپێی ئەوانیان هەڵگرتووە. ئەو ڕۆشنبیرییەش کە بەسەر گەلدا بە سەپاندن دەسەپێنرێ، بە زوانێک جگە لە زوانی خۆیان بێگومان ڕۆشنبیرییەکی ڕووخێنەرە و دڕک و عاگووڵ نەبێ هیچی لێ شین نابێت. ئەو ڕۆشنبیرییەی کوردەکان دەیانەوێ، ڕۆشنبیرییەکە بەر لە هەموو شتێک بە زوانی خۆیان دەیاندرێتێ و لەلایەن دەوڵەتێکیشەوە کە دەسەڵاتی لە خۆیان وەردەگرێ، بۆ ئەوەی بۆیان بڕەخسێ بە هەنگاوی فرەوان بەرەو پێش بەپێی ئەوانە بگا لە مەیدانی شارستانیدا ڕەتیان کردوون.

ئەگەر ئافرەتی کورد لەم لایەنەوە کەمترخەمیی کردبێ کەمترخەمییەک کە لێی ناپرسرێتەوە بەڵام لەلایەنە کۆمەڵایەتییەکانی کەدا هەنگاوی گەورەی ناوە، کە بەشداریی پیاو دەکا لە ژیانی ئابووریدا و ئەو بەرپرسیارییەتییەی خراوەتە ئەستۆی بەباشی ئەنجامی دەدا و بە ئازادییە مێیینەکەی پێش ئافرەتانی وڵاتە دراوسێکان کەوتووە و بێ سەرپۆش ئەرکەکانی بەجێ دەهێنێ بێ

........................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە

ئەوەی ژیانێکی دەستکرد بنوێنێ. کوردەکان ترسیان لەسەر ژنانیاندا نییە لە ڕاوچییە بەدڕەوشتە گەندەڵەکان، کە داوێنپیسی لە کوردستاندا نەزانراوە و نەریتی نەتەوە هانی ئەو تاوانە نادا. بۆ ئەوەی مافی خۆشی لەم لێکۆڵینەوەیەدا بدەمێ پەنام بردە بەر ئەو نووسینەی میر جەلادەت عالی بەدرخان لە کۆواری "هاوار"دا لەبارەی ئافرەتی کوردەوە بڵاوی کردووەتەوە لە قۆناخەکانی ژیانیدا هەر لە منداڵییەوە تا دەوری دایکایەتی.

دەوری منداڵی. کورد لە لەدایکبوونی کچانیاندا ناڕەزایی دەرنابڕن کە بە گوڵێکی دادەنێن دەبێ چاودێری بکرێ و دایکی دەست بە فێرکردنی دەکا و گۆرانییە میللییەکان و هەڵپەڕکێ و سواریی ئەسپ و کارە دەستییەکانی وەک دوورمان و بەڕە و مافوور چنین و پەروەردەکردنی زەوقی لە هەڵبژاردنی ڕەنگەکان و ڕێکخستنیان و ڕازاندنەوەیان و ڕێ بە باوک نادا دەست لە کاروباری کچەکەی وەربدا، نەخوازەڵا دوای ئەوەی دە ساڵی تەمەنی ڕەت دەکا.

دەوری دەزگیرانی. دوای ئەوەی ژیانی مێیینەییی کچ پێ دەگا، لە ڕێکخستنی کاروباری ناوماڵدا بەشداریی دایکی دەکا و دەچێتە ناو سووڕی شایی کە ژمارەیەک لە ژن و پیاوی تێدا بەشداری دەکەن و سواری ئەسپەکەی دەبێ و لەگەڵ دەستەخوشک و هاوڕێیانیدا دەچێتە سەیران و بەوەش دەتوانێ دەزگیرانی خۆی هەڵبژێرێ دوای تاقی کردنەوەیەکی زۆر کە لەم جۆرە هەلانەدا بۆیان دەڕەخسێ و هەروەها لەو ئاهەنگانەی هەڵپەڕکێدا کە بۆ شایی دەکرێن و لە سێ ڕۆژەوە تا حەوت ڕۆژ بە شەوانیشیانەوە درێژەیان دەبێ، هەر لە نوێژی شێوانەوە تا بەرەبەیان بوارێکی زۆر دەبێ بۆ یەکدی بینینی دەستگیرانەکان. ئەوەی شایەنی باسیشە ئەو ڕووداوە خەوشئاوەرانەی لە وڵاتانی دیکەدا، لەم جۆرە تێکەڵبوونانەدا لە نێو دەزگیراناندا ڕوو دەدا لە وڵاتی کورداندا دەگمەنە.

دەوری هاوسەرگیری. دوای ئەوەی یەکدی هەڵبژاردنی دەستگیرانان، دوای ئەوەی ماوەیەک لە یەکدی شارەزا دەبن شایی دەکەن بۆ پێکهێنانی خێزانێکی باش. لە ناو کوردانیشدا تەڵاق کەمتر ڕوو دەدا، کە بە چاوێکی سووک تەماشای ئەوانە دەکەن کە ئەنجامی دەدەن، هەروەها فرەژنییان لە نێودا کەمە. ژنیش دەبێ بایەخ بە خۆشیی ئەندامانی خێزان بدات و کاری ناوماڵ و کاتەکانی بەسەر ئەندامانی خێزان و بەردەستییاندا دابەش دەکات و پێویستییەکانی ماڵ دابین دەکا، پیاویش هەر ئەوەی لەسەرە بەرهەمی کارەکانی بداتە هاوسەرەکەی بۆ ئەوەی بۆ ماڵ بەکار بهێنرێن. خۆ ئەگەر مێردەکە پێویستیی بە پارە بوو ئەوا ئەگەر هەیبێ دەیداتێ. کورد دوو هۆکار هانی هاوسەرگیریی دەدا پیاوەتی و پیرۆزیی ژنهێنان. ئافرەتیش لەلای خۆیەوە ئەوەی لە توانستیدا بێ دەیکا بۆ شادیی مێردەکەی، کە لە جەنگدا هاوبەشیی دەکا و چەکیش هەڵدەگرێ، چونکە چێژی گەورە لەوەدا دەبینێ کە بە تەکیەوە بمرێ. کارەکانیشی لەجەنگدا ئامادەکردنی خۆراک و ئازووقەیە بۆ ئەوەی لەبەردەستی جەنگاوەراندا بێ و هەروەها برینیان تیمار دەکا و دەیانپێچێتەوە. کوڕانی ئەو ئافرەتانەی لە جەنگەکاندا دەردەکەون بۆیان هەیە ناوی دایکانیان هەڵبگرن و دەیانکەنە ناسناوی خۆیان و شانازیشی پێوە دەکەن. ژن دوای شووکردن دوورەپەرێز

نابن و خۆیان لە ئاهەنگەکانی هەڵپەڕکێ و هی دیکە بەدوور ناگرن، ڕێشیان لێ ناگیرێ لە هەر کاروبارێکی کۆمەڵایەتیدا بەشداری بکەن، گرینگترینی ئەو هۆکارانەی وا لە کورد دەکەن ئەم ئازادییە بە ژن ببەخشن سروشتی وڵاتە چیاییەکەیەتی کە ئەوینی ئازادی و ڕەتکردنەوەی سەرشۆڕیی تێدا چاندووە. بۆیە دەیبینی لەگەڵ نەتەوە و دەوڵەتە دراوسێکانی وڵاتەکەیدا هەر وا لە جەنگ و هێرشی بێئاماندایە. لەو سەردەمانەشدا کە کەنیزەک بە ڕەوە لە هەموو ڕەگەزەکانی خۆرهەڵاتەوە جگە لە ئەفغانستان، براونەتە بازاڕەکانی بەغدا و قاهیرە و دیمەشق و شوێنی دیکە لە پایەتەختەکان، ئەم ئازادییە ڕێی لە دەرکەوتنی کەنیزەکی کورد گرتووە.

## ئاین و بیروباوەڕەکان

بیروباوەڕە ئایینییەکانی کوردان لە سەردەمی گۆتی و کاشوو و لۆلۆ، لە کاریگەریی بیروباوەڕەکانی دەوڵەت و نەتەوەکانی میسۆپۆتامیا "نێوانی دوو زێ"- ئەکەدییەکان و بابلییەکان و سۆمەرییەکان- خاڵی نەبووە. بەڵکو شتێکی زۆری تێدا بوو (حەسەن پیرنیا). بەڵام لە سەردەمی دەوڵەتانی باکوردا ئارییانەی ڕووت بووە. تاکە ئاینیش کە بڕوایان پێ بووە و تا پەیدابوونی ئیسلامەتی پاراستوویانە، ئاینی "زەردەشت" بووە کە چاک و بەد و زیندووبوونەوە و لێپرسینەوەی ڕاگەیاندبوو "مێژووی فارس- سێر جۆن مالکۆلم". کە ئیسلام پەیدا بوو و موسڵمانان هێرشیان بردە سەر ئیمپراتۆرییەتی فارس بنەماڵەکانیان تێک دان کە کوردەکان لە ڕەگەزە هەرە بایەخدارەکانیان بوو، دوای ئەوەی عەرەب وڵاتی فارسیان داگیر کرد شۆڕشەکانیان بەدوای یەکدیدا هات، تا ئیسلامی تێدا چەسپا. ئەمڕۆ زۆرینەیان سوننی و لەسەر ڕێبازی شافیعین و هێشتا لەناویاندا هەن لەسەر بیروباوەڕی زەردەشتییەکی تێکدراون کە ئێزیدییەکانن. هەشیانە عەلی "خودا ڕووی سپی بکا" بەپیرۆز دەزانن "عەلی ئەللاهی"یان پێ دەگوترێ، کە لوڕەکانن و هەندێک لە عەشیرەتەکان لە ئییالەتی کرماشان.

"هبارد" سەرنجی ئەوەی دا، کە کوردەکان ڕێز لە شوێنە پیرۆزەکان دەگرن و ئەو عەشیرەتانەی لەسەر سنوورەکانی ئێرانن لە چیاکانی (هەورامان) جوانترینی شوێنەکان لە دارستانان هەڵدەبژێرن بۆ ناشتنی مردووەکانیان و نە ناوی مردووەکە و نە ناسناو و نە ئایەتی قورئان لەسەر کێلە قەبرەکانیاندا دەنووسن، بەڵکو وێنەی خۆرێکی هەڵهاتوو و هەندێک هێما کە بەڵگەی ژینی مردووەکە و ڕەگەزەکەی کە نێرە یان مێ دەکێشن و بۆ پیاو خەنجەرێک و بۆ ئافرەت شانەیەک هەڵدەکۆڵن. بەڵام ئەگەر پیاو لە سەرۆکە ئاینییەکان بێ دەستێکی ئاسن بۆ خەنجەرەکە زیاد دەکەن. باوەڕی کوردانیش بە گیانەکان و بە پڕوپووچ، بەپێی ئەوەی "فرازەر" لە لێکۆڵینەوەکانیدا پێی گەیشتووە لاوازە وەک نەبێ وایە.

*

## کۆمەڵە سیاسییەکان

یەکەمی کۆمەڵە سیاسییە کوردییەکان، کۆمەڵەی بەرزبوونەوە و پێشکەوتنە "جمعیە التعالی والترقی" ساڵی ١٩٠٨ی ز لە ئەستەمبوڵ دامەزراوە. دامەزرێنەرانیشی ئەمین عالی بەگی بەدرخان و فەریق شەریف پاشا و سەیید عەبدولقادر ئەفەندیی کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و موشیر ئەحمەد زولکیفل پاشا بوون. هەر لەو ساڵەشدا کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی خوێندەواری "نشر معارف"ی کوردی دامەزرا و قوتابخانەی "چەنبەرلی تاش" لە ئاستانە کرایەوە بۆ ڕۆشنبیرکردنی منداڵانی کورد لەو شارەدا.

کە ئیتتیحادییەکان دەستیان بەجڵەوەکانی حوکمدا گرت هەڵیان وەشاندنەوە و لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵەی یەکەم هەر بەردەوام بوو و بەنهێنی کاری دەکرد. ساڵی ١٩١٠ی زایینیش خوێنکارانی کورد لە ئاستانە کۆمەڵەی (هێڤی- هیوا)یان دامەزراند و ڕۆژنامەی (ڕۆژی کورد)یشیان کردە زمانحاڵی و تا بەرپابوونی جەنگی جیهانی بەردەوام بوو، دوای جەنگ کارەکانی دەست پێ کردەوە تا کەمالییەکان ئاستانەیان لە هاوپەیمانان سەندەوە. دوای ئاگربەسیش سورەییا بەگی بەدرخان کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردیی لە قاهیرە دامەزراند، هەروەها سەیید عەبدولقادر ئەفەندیش کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردستان (تەعالیی کوردستان)ی دامەزراند و ئەندامەکانی سەرانی کورد بوون. دواتر بەدرخانییەکان لێیان جودا بوونەوە و کۆمەڵەی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییە کوردستانییەکان (تشکیلاتی ئیجتیماعییەی کوردستان)یان دامەزراند هەر لەو کاتانەشدا پارتی نەتەوەی کورد (فیرقەی ئوممەتی کوردی) دامەزرا. ئەم کۆمەڵانە تا کەمالییەکان چوونە ئەستەمبووڵ بەردەوام بوون. دواتر کۆمەڵەی خۆییبوون (سەربەخۆیی) لە دەرەوەی تورکیا دامەزرا و تا ئێستا کار بۆ ئازادکردنەوەی کوردان و سەربەخۆییی کوردستان دەکا.

سەرژمێری. کوردەکان سەرژمێرییەکی وردی دانیشتووانیان نییە، بەڵکو لە خۆوە نێزیککردنەوەی هەندێک لە خۆرهەڵاتناسان هەیە. بەڵام ئەو دەوڵەتانەی دەستیان بەسەردا دەگرن، ئەم لایەنەیان پشتگوێ خستووە و دەخەن. هەروەها هیچ کاتێک لە توانستیدا نەبووە سەرژمێرییەکی ورد بکەن کوردەکانیش بگرێتەوە، ئەگەر هەر کاتێکیش ژمارە و داتای لەبارەی سەرژمێرییانەوە ڕاگەیاند بەزۆری لە ڕاستییانەوە دوور دەخەنەوە. بۆیە ناتوانرێ پشتیان پێ ببەسترێ، بۆ هەڵێنجانی سەرژمێرییەکی نێزیکیش لە ڕاستی چوومەتەوە سەر ئەو نووسینانەی خۆرهەڵاتناسان بەر لە جەنگی جیهانی نووسیویانە و بۆ ئەو نووسینانەی کوردەکان لەبارەی سەرژمێریی وڵاتەکەیانەوە نووسیویانە، بۆم دەرکەوت کە سەرژمێریی کوردان دەگاتە نێزیکەی شەش ملیۆن و سەت هەزار. نێزیکەی سێ ملیۆنیان لە تورکیا و نۆ سەد هەزار لە عێراقدا و دوو ملیۆن لە ئێران و دوو سەد هەزار لە سووریا و سەد هەزار لە قەفقاسیای باشوور.

## زوان و ئەدەبییات و ڕۆژنامەوانی

زوانی کوردی.- زوانێکی ئارییە (هیندۆ-ئەوروپی) لە تیپە ئێرانییەکان و نێزیکترینیشیانە لە تیپی جەرمانی هەر وەک لە خشتەی هاوپێچدا دیارە. لە لایەنی فیلۆلۆجییەوەش لە زوانە گەردانکراوە پێشکەوتووەکانە و دەکرێتە دوو پۆل:

(١) هیندیی جێرمانی.

(٢) سامی.

هەروەها لەو زمانە لێکدراوە بایەخدارانەیە کە ڕەگەکانیان پەرەیان سەندووە. ئەم ڕەگانەش و ئامرازە پێشکۆ Prefixو پاشگر Soffix و ئەو ئامرازە بنچینەییانەی بەپێی چەمکە گشتییەکەی لە زوانە لێکدراوانەی هەر لە بنیاتیدا هەیە- هەموو ئەمانە ڕێخۆشکەرن بۆ ئەفراندنی تاکە زوانییەکان بگونجێ لەگەڵ ئەو شمەکانەی هەموو ڕۆژێک دادەهێنرێ. بۆ یەکەم جار کوردانی گۆیان فڕۆکەیان دیوە ناوی (باڵافڕ)یان لێ ناوە، هەروەها تەلیفۆنیان ناوناوە (بهیستۆک) و بە پاسکیلیشیان گوتووە (هەسپێ هەسن) واتە ئەسپی ئاسنین.

تایبەتمەندییەکانی:

(١) بەردەوامیی درێژی و کورتی لە پیتە دەنگییەکاندا: کە پیتە درێژەکان بە درێژیی خۆیان دەمێننەوە بێ ئەوەی بزوێنیان بێتە سەر، کورتەکانیش کورتیی خۆیان دەپارێزن مەگەر بزوێنێک بێت و درێژ ببێتەوە. پیتەکانی درێژیش دووانن (a - o) و پیتەکانی کورتیش سێ پیتن (e _ i _ u) درێژیش ناکرێنەوە مەگەر ئەم نیشانەیەیان بخرێتە سەر (ˆ). بۆ نموونە: میچ (بان ban)، لووت (پۆز poz) (بن ben و بهوور buhur و بووکێن bukin).

(٢) پێکەوە هاتنی دوو پیتی دەنگی لەسەرەتای وشەدا: وەک ستاندن (standin) و ئەستێرە (ستێر (sterو (نەزۆک stewr).

(٣) ڕێکوپێکیی نێر و مێ و جیاوازیی نێوانیان: - لە بانگکردندا- (لۆ lo) بۆ نێری عاقڵ بەکار دێ، بۆ مێی عاقڵیش (لێ le) لە سەرەتای وشەدا کە دەبێ لە نێرەدا بە (ۆ o) کۆتاییی بێ، لە مێیینەدا بە (ێ e) بۆ نموونە هۆ پیاو (لۆ مێرۆ) و ئەی کچ (لێ کەچێ).. لە خستنەسەر- ئیزافە- دا (ێ) بۆ نێرینە و (ش) بۆ مێیینە بەکار دێ دەڵێی: ئەسپی من (هەسپێ من) وماینی من (مهینا من). لە- ڕاناوەکاندا (ێ) بۆ نێرینە و (ا) بۆ مێیینە بەکار دێ، وەک برای ئەو (برایێ وی) برای ئەو- بۆ مێیینە- (برایێ وێ) لە بەرکارەکاندا (ی) بۆ نێر و (ێ) بۆ مێ وەک: ئەسپ دەبینم (هەسپی دبینم) و ماین دەبینم (مهینێ دبینم): لە ڕەگەزدا- ئەم ناوانەی خوارەوە هەمیشە نێرینەن:

١ - پیاو و نێرینەی گیانلەبەران.

هەولێر بەر

٢ – ناوی کۆ.

٣ – ڕەنگەکان.

٤ – ژمارەکان.

٥ – ئەو کانزایانەی ڕەنگی سروشتییان دەگۆڕێ.

٦ – چوار لایە ڕەسەنەکان.

٧ – ئاوی بەخوڕ و وشەی ڕووبار.

٨ – گیان و دەروون.

ئەم ناوانەش هەمیشە مێیینەن:

١ – ئافرەت و مێیینەی گیانداران.

٢ – ناوەکانی گوزارە.

٣ – ناوەکانی کار و سەرچاوەکان.

٤ – پیتەکانی ئەلفەبێت.

٥ – ناوە جوگرافییەکان جگە لە ڕووبارەکان.

٦ – ناوی شوێن.

٧ – هۆیەکانی گواستنەوە.

٨ – وەرزەکان.

٩ – خۆراکە لێنراوەکان و ئامادە کراوەکان.

١٠ – تەنە ئاسمانییەکان و هەرچییەک لە ئاسمانەوە دێتە خوارێ.

١١ – نەخۆشییەکان و ئاوسان و برینەکان.

١٢ – کاغەز و هەموو پێویستییەکی نووسین.

١٣ – ئاو و مادده شلەکان جگە لە دەریاکان.

(٤) ڕێکوپێکیی زانراو و نەزانراو، دەڵێی: پیاو هات (مر هات) و پیاوێک هات (مرۆڤەک هات).

(٥) فرەوانیی پێکهاتەکانی پیتەکان و وردیی بەکارهێنانیان: کە پیتەکان لە کوردیدا دوو بەشن: بەشێکیان لە سەرەتای وشەدا و بەشێکیشیان لە کۆتاییدا ئەم بەشەش واتەیەکی ورد بە ڕستە دەبەخشێ بۆ نموونە: چرا د سەر مێزێ دایە (ئەگەر چرا لەسەر مێزدا بێ و پێوەی نووسابێ!)، چرا د سەر مێزێ رەیە (ئەگەر چرا لەسەر مێزدا بێ و لێی جودا بێ و لە ئاستی ڕووی دابێ)، ژ ڤر هەرن = لێرەوە بڕۆن (ئەگەر مەبەست جێهێشتنی شوێنەکە بێ) د ڤر هەرن = لێرەوە بڕۆن (ئگەر چەندرێیەک هەبێ بۆ ڕۆیشتن).

(٦) زۆریی وشەی هاوواتە، وەک:



هەواڵنامەی کتێب

ا) کوژاندنەوە: ڤەمراندن (بۆ چرا) ڤەکوشتن (بۆ ئاگر).

ب) قلّیشانی ڕووبەرەکان: شکووتاندن (بۆ بەرد و دەمـوچاو بە نینۆک) قەلەشتن (بۆ خاک) دەرزاندن (بۆ ڕووی گۆزە و شووشە و ڕووی لەش لەگەڵ سەلامەتیی دوو دەست و دوو لێو).

شێوەزارەکانی: لە زوانی کوردیدا چوار شێوەزاری سەرەکی هەن:

(١) کرمانجیی باکور.

(٢) باشوور: دەکرێتە دوو لق:

أ- گۆرانی "موکریانی": لە باشووری ورمێوە دەگرێتەوە تا باشووری سەقز.

ب- بابانی: لە باشووری زێی گەورەوە تا کۆتاییی کوردستانی باشوور لە عێراق.

(٣) باشووری خۆرهەلات: لقەکانی کوڕیی لە لوڕستانی گەورەدا و بەختیاری لە لوڕستانی گچکەدا.

(٤) باکوری خۆراوایی: کە شێوەی دوملی- دونبولی (زازا)یە و دەڤەری دێرسم "دەرسیم" و شارەکانی ئالۆو و گەنج و چەباقچوور و مەعدەن و پیران و ئاگیل و سیوەرەک و چەرموک. هەورامانی "هەورامی" لە چیاکانی هەورامان بە دەستەخوشکی دوملی دادەنرێ.

باکوری، یان کرمانجی: بە فرەوانترینی شێوەکانی دیکە دادەنرێ لەلایەن بڵاوبوونەوە کە کوردانی تورکیا و قەفقاس و خوراسان و بەشی باکوری خۆراوای ئازەربایجانی ئێران پێی دەدوێن و هەروەها لیوای مووسڵ تا سنووری زێی گەورە و سریان و ئاشوورییەکان. بە هۆکاری دراوسێییەوە هەندێک وشەی کلدانی و عەرەبی و تورکیی تێ خزاوە و زۆرتر لە لای ئەو عەشیرەتانەدا دەبینرێ کە هاوسێی ئەم نەتەوانەن، هەیانە گۆکردنە ڕەسەنەکەی خۆی پاراستووە و هەشیانە ڕەنگ و مۆرکی کوردیی لێ نیشتووە. زۆربەی ئەم وشە تێخزاوانەش هاوواتەیان هەیە لە شێوەکانی کەدا یان لەلای عەشیرەتە کرمانجییەکانی دیکەدا. خزانی وشەی بیانی بۆ ناو زوانێک لە زوانەکان شتێکی ئاساییە و بەڵگەی زیندووییی زوانەکە و بەریەک کەوتنی خەڵکەکەیەتی بەو ڕەگەزانەوە کە لە تەکیاندان و لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر ڕێژەی ئەوەی خزاوەتە ناو زوانی کوردییەوە بەراورد بکرێ بەو ڕێژەیە کە لە زوانی فارسیدا هەیە، لەم بوارەدا فارسی چەند هەنگاوێک بە پێش دەکەوێ. ئەمەش ئەوەیە کە مێجەر (سۆن) باسی لێوە کردووە کە یەکێکە لەوانەی دەستێکی باڵایان لە هەردوو زوانی فارسی و کوردی و شێوەزارەکانی و زانستی فەلسەفەی زواناندا هەیە، دەڵێ:

"کەمن ئەوانەی شتێک لەبارەی زوانی کوردییەوە دەزانن. ئەمەش وای کردووە ڕاوبۆچوونەکان لە ڕاستیاندا ناکۆکییان هەیە، هەندێکیان لەو باوەڕەدان شێوەیەکی فارسیی میللییانەیە تێکەڵی عەرەبی بووە، لە ڕاستیشدا زوانی فارسیی ئێستا، کە بە جوانی و خۆشیی وشەکانی، لە ڕیزی پێشەوەی زوانە ئارییەکاندا دانراوە، بەڵگە ڕوونەکانی کۆنیی لێ کەمە، بە پێچەوانەی کوردی. ئەم

زوانە ئارییە کۆنە تەواو و بە پێکهاتە گەردانکراوەکانی دەوڵەمەندە و تایبەتمەندیی بنەوا ڕێزمانی و خاوێنیی لەو تاک تاکە وشە تێخزاوانەی کە هەرچەند زوانی فارسییان دەوڵەمەند کردووە، بەڵام لەلایەنی دیکەوە ئەو تاک تاکە ئارییانەی وەک ئەوانەیان لە ناو بردووە. باشترینی شێوە کوردییەکانیش "موکری"یە، کە شێوەزارێکی شێوە ڕێکوپێک و دەستەواژە گەردانییەکانی تەواوە. لێرەدا بواری لێکچوونی بنچینەکانی کوردی و زەنداوێستایی نییە، ئێستاکە ئەوەندە بەسە ئاماژە بەوە بکەین کە ئەو موکریانییانەی هەر لەو وڵاتەدا دەژین کە (زۆرواستەر- زەردەشت) تێیدا ڕێنوێنییەکانی خستووەتە ڕوو بە نێزیکترینی ئەو شێوە کوردییانە دەدوێن لە زوانی زەنداڤێستای کۆن. لێکۆڵینەوە ئەوەی بۆ دەرخستووین کە زوانی کوردی خاوێنە تووشی تەنیا بە داخورانی شێوەکەی هەیە و ئەوەش ئەنجامێکی ئاساییی هەر زوانێکە ئەدەبییاتەکەی بە نووسراوی نەپارێزرابێ. ئەدەبییاتی کوردییش زۆرە، هەندێکیان نووسراوە و هەندێکیشی نەوە بە نەوە دەماودەم دەیانپارێزن".

لە دۆزی کورددا هاتووە: "زوانی کوردی پەهلەوییەکەیە، بەر لە ئیسلامەتی لە چەپەوە بۆ ڕاست بە ئەلفوبێتکەیەکی سەربەخۆ نووسراوە، لێکچوونێکی زۆری بە ئەلفەبێتکەی ئەرمەنی و ئاشوورییەوە هەیە. لە دیوانەکانی شاهە فارسەکانی پێش دەرکەوتنی زوانی فارسی لە هەرێمی فارس "شیرازی ئێستا"دا بەکار هێنراوە.

کرمانج ئەلفوبێی لاتینییان پەسند کردووە و نیشانەی (٨) یان بۆ زیاد کردووە بۆ ئەوەی بزاوی درێژی بە پیتە دەنگییەکان بدەن و بەرامبەر پیتی (خ) "x" و بۆ (غ)ی عەرەبی (x)ی خاڵداریان داناوە. بۆ (ح) ش "h"ی خاڵدار و (ژ) "j" و لەگەڵ تورکاندا ڕێککەوتن بۆ پەسندکردنی "_" بۆ (ش) و "ç" بۆ (چ) و " c"یش بۆ (ج). لە پیتەکانی دیکەدا لە گۆکردن و بەکارهێنانیاندا لەگەڵ نەتەوەکانی ئەورووپای نوێدا ڕێکن. دەبێ سەرنج بۆ ئەوەش ڕابکێشرێ کە دوو پیتی "o و a" هەمیشە درێژن و ئەم خشتەیەی خوارەوەش بەم پیتانە دەنووسم چونکە گۆی ڕاست بە وشەکان دەدەن. پیتە دەنگییە کوردییەکانیشم بە ئینگلیزی لێک داوەتەوە بۆ ئلسانکردنی خوێندنی خشتەکە: ( ee = i . bo = u□ . ai = (e

| English | Kurmanci | | عربی |
|---|---|---|---|
| **A** | | | |
| ache | és, | ئیش | الم |
| angry | ingiri | انگری | غضب |
| at | té | تی | فی |
| **B** | | | |
| ban | ban | بان | نداء |
| band | ben | بن | رباط |
| bear | bar | بار | حمل |
| be | bi | بی | یکون |
| bevy | ber | بر | نمر (صغیر) |
| billow | pél | پل | موج |
| boar | beraz | براز | خنزیر |
| brother | bira | برا | اخ |
| brow | birû | برو | حاجب |
| **C** | | | |
| can | kan | کان | القدرة |
| cape | kep | کپ | رأس جغرافی |
| care | kér | کیر | عنایة ، هم |
| check | çikya | چکیا | منع اوقف |
| chew | dicû | دجو | مضغ |
| child | çéli | چیل | ولد ، طفل |
| chin | çen | چن | ذقن |
| cock | kele | کله کوک | دیك |
| cow | ga | گا | ثور |
| cry | qirya | قیریا | صرخ |
| **D** | | | |
| dale | dol | دول | وادی |
| dark | tarik | تاریك | ظلام |
| daughter | dot | دوت | ابنة ، فتاة |
| door | der | در | باب |
| drop | dlop | دلوپ | نقطة ، قطرة |
| **E** | | | |
| earth | erd | عرد | أرض |
| egg | hék | هیك | بیضة |
| eve ning | évar | ایفار | مساء |
| **F** | | | |
| feather | per | پر | ریشة |
| feel | pel | پل | لمس |
| fly | firya | فری | طار |
| **G** | | | |
| gay | ges, | گش | ابتهاج |
| great | gird | گرد | عظیم ، جسیم |
| gray | gewr | گور | اشیب |
| gully | geli | گلی | وادضیق |
| **H** | | | |
| held | hilda | هیلدا | رفع |
| hope | hévi | هیڤ | امل |
| here | hir | هر | هنا |
| **I** | | | |
| I | ez | از | أنا |
| instant | ista | ایستا | الوقت |
| **K** | | | |
| clue | kilît | کلید | مفتاح |
| **L** | | | |
| [illegible]we | [illegible]ol | اول | شریعة |
| eg | ling | لنك | ساق ، رجل |
| lip | lêv | لیف | شفة |
| **M** | | | |
| me — my | min | من | ی (ضمیر) |
| mirth | mirûz | میروز | فرح |
| mist | mij | مژ | ضباب |
| month | mah | مه | شهر |
| **N** | | | |
| new | nû | نوه | جدید |
| no | na | نا | لا النافیة |
| now | nuha | نوها | الآن |
| **P** | | | |
| part | par | پار | قسم ، جزء |
| peer | pir | پیر | شیخ |
| pen | pin | پین | یت الدجاج |
| pet | pit | پیت | مدلل محبوب |
| pussy | pissik | پسك | قطة ، هرة |
| **Q** | | | |
| Quest | xwest | خواست | طلب |
| quoth | got | گوت | قال |
| **R** | | | |
| ray | réz | ریز | شعاع |
| river | rûbar | روبار | نهر |
| rood | rê | ری | طریق |
| root | riçi | ریچی | جذر ، اصل |
| **S** | | | |
| send | s,and | شاند | ارسل |
| shame | s,erm | شرم | عار ، خجل |
| sharp | s,erpin | شرپین | شدید ، حاد |
| short | Kurt | کورت | قصیر |
| soon | zû | زو | سریع |
| star | stêr | استیر | نجم |
| sterile | stewr | استور | عقیم ، اجدب |
| swan | sone | سون | اوزة عراقیة |
| **T** | | | |
| teartore | diri | دری | یمزق |
| ten | deh | ده | عشرة |
| thru | tû | تو | انت |
| time | dem | دم | وقت |
| tongue | teng | تنگ | مضیق |
| tree | dar | دار | شجرة |
| two | dû | دو | اثنین |
| **V** | | | |
| valley | ne wal | نوال | وادی |
| via | ve | وه | نحو |
| **W** | | | |
| warm | germ | گرم | حار سخن |
| wash | s,us,t | شوشت | غسل |
| way | awa | هاوا | سبیل اسلوب |
| will | vén | ڤن | ارادة |
| **Y** | | | |
| yau | we | وه | انتم |
| young | cuwan | جوان | فتی ، شاب |

## ئەدەب و ئەدیبان

لە سـەدەی هـەژدەیەمی زایینـدا، ئـەدەبی کـوردیی بـە گـۆرانی نووسـراو لە سنەی پایەتەخـتی ئەردەڵان-دا و بابانی لە سلێمانی و کۆیە لە سەردەمی میرنشینیی بابانیدا، بە کرمانجییش لە بایەزید و هەکاری و بۆتان لە کـوردسـتـانی باکـوردا لەسـەرەتای سـەدەی یازدەهەمی زایینـدا گەشەیان سەندووە. بەڵام لە چیا و دۆڵەکاندا کە عەشیرەتە ڕەوەند و نیوچە ڕەوەندی لێ نیشتەجێ بوون، هەروەک "سـۆن" باسی لێوە دەکا، ئەو شیعرە باڵادەستەکان ئەگەرچی سادە بوون خـاوەنی واتەگەلی ناسک بوون و بە هەزاران دادەنرێن. لە ئەدیبانی سنە "زەینولعابیدین پاڵانچی و شێخ ئەحـمـەدی تەخـتی" و هەردووکیـان شـیـعـری ناسکیـان هەیە لە (١٧٥٠ _ ١٧٧٠ی ز) نووسـراون. بەناوبانگترینی ئەدیبانی بابان (نالی)یە لە سلێمانی و (حاجی قادری کۆیی) لە کۆیە و ئەوەی شاعیرانی سلێمانی بایەخیان پێ داوە، غەزەل و گەمە بە وشە وەک ئەوەی لە فارسیدا. کۆنترینی شـاعـیـرانی باشـوور (عـەلی حـەریری)یە سـاڵی ١٠٠٩ی ز لە شـاری حـەریر-ی سـەر بە کـۆیەی هەولێرە و دیوانێکی بەناوبـانگ و شیعری جوان و زۆری هەیە. گۆڕەکەی لە شـاریدا بەناوبانگە و سـەری لێ دەدرێ و ئەدیبانی باکـور زۆرن. ئەمەش کورتەیەکی مێژووی ژیانیـانە هـەر وەک لە دۆزی کورددا هاتووە.

مـەلای جـزیری- شـێخ ئەحـمـەدی جـزیری-ی خـەڵکی بۆتانە و دیوانی هـەیە و لە نێـو خـەڵکدا

خۆشەویستە و بە "دیوانی مەلای جزیری" دەناسرێ. ساڵی ١١٦٠ی زایین لە جزیری بۆتاندا "جزیره ابن عمر"دا مردووە و بە خاک سپێرراوە.

فەقێ تەیران- ناوی مەحمووده و خەڵکی شارۆچکەی میکس-ە، ساڵی ١٣٠٢ی زایین لەدایک بووە، دوو هۆنراوەی گەورەی هەیە بە ناوی شێخی سەنعان و بەرسیسی عابید و هۆنراوەیەکی بەناوبانگی بەناوی "قەولی ئەسپی ڕەش"ی ئەسپی پێغەمبەر "د.خ." کە بە بوراق ناسراوە. ئەم بەرهەمەش لەناو خەڵکدا زۆر بڵاوە. هەروەها کتێبێکی هۆنراوشی بە ناوی (م،هـ) وە لەبارەی سۆفیگەری و یەکیەتیی بوون "وحده الوجود"ەوە. ساڵی ١٣٧٦ی زایین لە شاری میکس-دا مردووە و تێیدا نێژراوە.

مەلای باتەیی- مەلا ئەحمەدی بە باتە ناسراوە بەناوی گوندی باتەی یەک لە گوندەکانی هەکاری، لە دایک بوونی ساڵی ١٤١٧ی زایین بووە. هۆنراوەیەکی لە چیرۆکی لەدایکبوونی پێغەمبەرەوە (د.خ.) و دیوانێکی لەبەر دەستی خەڵکدا هەیە و مردنی ساڵی ١٤٩٢ی زایین بووە.

ئەحمەدی خانی- شێخی فرەدانا و شاعیری هەڵکەوتووی عاشقی سەر بە عەشیرەتی خانییانە. خاوەنی دیوانی "مەم و زین"ی بەناوبانگە. شیعری چیرۆکئامێزە و لە بابەتی خۆیدا، ئیلیادەی هۆمیرۆس نەبێ وێنەی نییە. ئەم کتێبەی لە شاری بایەزیدا ساڵی ١٥٩١ی زایین داناوە و کتێبێکی لە زمانی عەرەبی و کوردیدا هەیە بەناوی "نەوبەهار" و بەرهەمی دیکەی بە عەرەبی و تورکییش هەیە. هەوەسی تەواوی لە هونەرە جوانەکانی جگە لە شیعر هۆنینەوە و گۆرانی، لە شارۆچکەیدا مزگەوتێکی بنیات نا و بە نایابترین چامە و وتاری ئاینی و شیعری و فەلسەفی بە زوانی کوردی نەخشاند و قوتابخانە "مەدرەسە"یەکی دامەزراند زوانی خوێندنی تێدا کردە کوردی و خوداڵێخۆشبوو ساڵی ١٦٥٢ی زایین کۆچی دوایی کرد و لە تەک ئەو مزگەوتەدا نێژرا کە بنیاتی نابوو.

ئیسماعیل- خەڵکی بایەزیدە و ساڵی ١٦٥٤ی زایین لەدایک بووە. ئەمەش لە شاعیرانی غەزەل و چیرۆکئامێزەکانە و فەرهەنگێکی گچکەی لە زوانانی کوردی و فارسی و عەرەبیی هەیە ناوی (گوڵعوزار)ە. چامەگەلی بە ئاوازە و شیعری ناسکی زۆری هەیە و لە قوتابییانی ئەحمەدی خانییە. ساڵی ١٧٠٩ی زایین مردووە و گۆڕەکەی لە بایەزیددا بەناوبانگە.

شەریف خان- میر شەریف خان لە میرانی هەکارییە و ساڵی ١٦٨٩ی زایین لە شارۆچکەی چۆلێرگی ناوەندی هەکاریدا لەدایک بووە، بەرهەمی پەخشان و شیعری زۆرە و دیوانێکی ئێجگار نایابی هەیە، دەستێکی باڵای لە هۆنینەوەی شیعردا بە فارسیش هەیە. ساڵی ١٧٤٨ی زایین لە شاری چۆلێرگ مردووە و هەر لەوێش نێژراوە.

موراد خان- خەڵکی بایەزیدە و ساڵی ١٧٣٧ی زایین لەدایک بووە. بەرهەمی زۆر و شیعری ناسکی لە سۆفیگەری و شیعری عەرەبیدا هەیە. ساڵی ١٧٨٤ی زایین مردووە.

عەلی تەرمۆکی- لە زانا بەڕێزەکان و مامۆستا "وانەبێژە" گەورەکانە. ١٠٠٠ی کۆچی، ساڵی

لەدایکبوونی بووە لە گوندی نێوانی هەکاری و میکس-دا بووە. دەستێکی باڵای لە زانستەکان و هونەردا بووە بەتایبەتی لە هونەرە جوانەکان و مەراقی وانە وتنەوەدا. دانەری کتێبی گەردان کردن و ڕێزمانی کوردی-یە. گەشتنامەی بەهادار و زۆری هەیە بۆ وڵاتە دراوسێکان و باسی شتی بەسوود و تێبینیی زیرەکانەی کردووە و گۆڕەکەی لەو گوندەیە لێی لەدایک بووە.

مەلا یوونسی هەلکاتینی- خاوەنی سێ نامە بەناوبانگە کوردییەکەیە لە فێرکردنی زوانی عەرەبی (گەردان کردن- تصریف) و (ڕاناوەکان- ڤرف) و (لێکدانەوە- ترکیب). گۆڕیشی لە گوندی هەلکاتین-ە کە لێی لەدایک بووە.

میر شەرەفەددینی بتلیسی- خاوەنی شەرەفنامەیە: مێژووی دەوڵەتگەل و میرنشینییە کوردییەکان. کتێبێکە بە فارسی نووسراوەتەوە و لەبەر ئەوە بە ئەدەبی کوردی دانەنراوە.

ئەفسانەکان- ئەفسانەی کوردی دەکرێنە دوو بەشەوە:

(١) چیرۆک.

(٢) چیرچیرۆک "کورتە چیرۆک". ئەمەش بە پەخشان و کێشدار دەبێ کەسێک دەیگێڕێتەوە پێی دەڵێن: چیرۆکبێژ و دەنگبێژ یانیش سترانڤان دەیڵێتەوە.

مۆسیقا و گۆرانی- گۆرانیی کوردی بەسەر ئەم بەشانەدا دابەش دەبن:

١) لاوک- گۆرانیی دڵداری و سۆزداری.

٢) شەڕ- گۆرانیی هاندان.

٣) دیلۆک- گۆرانیی هەڵپەڕکێ.

٤) لاڤێژ، لاڤیژۆک، لاژە- سروود یان سروودی ئاینی.

٥) پیریتی یان پیلیتی- گۆرانیی بەکۆمەڵ.

گۆرانیبێژان- (دەنگبێژ) یان (سترانڤان) کە گۆرانیبێژی ناودارە، (چیرۆکبێژ) کە گۆرانیبێژی سادەیە، لە دوای (دەنگبێژ)ەوە دێ، جارجار گۆرانی دەڵێ و جارجاریش دەگێڕێتەوە و ئەوەش بە زۆری لە گێڕانەوەی چیرچیرۆک-دا دەبێ. "موتریب" یش قەرەجی گۆرانیبێژ و سەماکەرەیە و "سازبەند" کە "هونەرمەندی- مۆسیقارە" کە لەگەڵ دەنگبێژدا ڕێ دەکا و "بلوورڤان" کە نایژەنە.

کۆوار و ڕۆژنامە- مدحەت بەگی بەدرخان یەکەم ڕۆژنامەی کوردیی لە ساڵی ١٣١٥ی کۆچیدا لە ئەستەمبووڵ بە ناوی (کوردستان)ەوە دەرکرد و ئینجا لە کاتی نەخۆشییدا عەبدولڕەحمان بەگی برای، لە قاهیرە و جەنەوە و فۆلکستن و لەندەندا درێژەی بە دەرکردنی دا. دوای ڕاگەیاندنی دەستووری عوسمانی لە ئەستەمبووڵ، سورەییا بەگی بەدرخان لە ئاستانە بڵاوی کردەوە، ئینجا لە سەروبەندی جەنگی جیهانیدا لە قاهیرە. ئێستاکە ژمارەکانی لە کتێبخانەی بڕووسیا هەیە. ئەم ڕۆژنامەیەش ئەو کۆوارە نییە شاندە موژدەبەرەکان لە ورمێ بەناوی "کوردستان"ەوە دەریان دەکرد. کۆمەڵەی (هێڤی)ی کوردییش دوای ڕاگەیاندنی دەستوور کۆوارێکی هەفتانەی بە ناوی "ڕۆژی

کورد"ەوە لە ئاستانە دەرکرد و ئینجا ناوەکەی بە (هەتاوی کورد) گۆڕرا. دوای جەنگی جیهانییش لاوانی کورد چالاکییان پتر بوو و دەستییان بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامان کرد لە قاهیرە و ئەستەمبووڵدا، مامۆستایان حەمزە و مەمدووح سەلیم و کەمال فەوزی ساڵی ١٩١٩ی زایین لە ئاستانە کۆواری (ژین)ی هەفتانەیان دەرکرد. هەروەها ئەحمەد عەزیز بەگی بەدرخان (خودالێخۆشبوو ئەحمەد سورەییا بەدرخان) کۆواری کوردستان–ی نیو مانگیی ساڵی ١٣٣٥ی کۆچی لە قاهیرە دەرکرد و لە سلێمانی بۆ یەکەم جار ڕۆژنامەی "پێشکەوتن " دەرچوو و کە ئینگلیز چووە ناو شارەوە ڕاگیرا. لە ٢ی ئەغستۆسی ساڵی ١٩٢٢ی زاییندا حاجی مستەفا پاشا (بانگی کوردستان)ی دەرکرد و لە تەنیا ١٣ ژمارە پتری لێ دەرنەچوو و ئینجا لە کار خرا و محەمەد نووری ئەفەندی ڕۆژنامەیەکی حەفتانەی بە ناوی (ڕۆژی کوردستان) دەرکرد کە زمانحاڵی حکوومەتی شێخ مەحموود بووە. ١٥ ژمارەی لێ دەرچوو و وەستا و دوای ئەو ڕۆژنامەی (بانگی حەق) دەرچوو و تا ساڵی ١٩٢٣ی زایین درێژەی هەبوو. ٣٠ ژمارەی لێ دەرچوو و دوای ئەو ڕۆژنامەی (ئومێدی ئیستیقلال) دەرچوو بەڵام زۆری نەخایاند. کە دوای ئەوە حکوومەت ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی بەناوی (ژیان)ەوە دەرکرد تا ئەمڕۆ لە دەرچووندا بەردەوامە.

ساڵی ١٩٢٥ی زایین ساڵح زەکی بەگی ساحیبقیران لە بەغدا کۆوارێکی هەفتانەی بە ناوی (دیاریی کوردستان)ی بە سێ زمانی کوردی و عەرەبی و تورکی دەرکرد تا مایسی ساڵی ١٩٢٦ی زایین بەردەوام بوو. هەروەها حاجی مستەفا پاشا (بانگی کوردستان)ی ساڵی ١٩٢٥ی زایین لە بەغدا دەرکرد و بەڵام سەرکەوتنی بۆ نەنووسرا و دوای دوو ژمارە لە بڵاوکردنەوە وەستا. ساڵی ١٣٤٤ی کۆچی سەید حوسێن حوزنیی موکریانی لە ڕواندز ڕۆژنامەیەکی بە زاری کرمانجی دەرکرد ناوی (زاری کرمانجی) بوو و ساڵی ١٩٣٢ی زایینیش جەلادەت بەگی بەدرخان کۆوارێکی نیو مانگیی بە شێوەزاری کرمانجی دەرکرد ناوی (هاوار) بوو بە دوو ئەلفوبێی عەرەبی و لاتینی دەنووسرا و دواتر تەنیا بە لاتینی دەرچوو و ساڵێک بەردەوام بوو و وەستا. لە ساڵی ١٩٣٧ی زایینیشدا لە سلێمانی ڕۆژنامەی (زبان) دەرچوو و تا ئێستا بەردەوامە.

کۆتایی

# چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی میرنشینیی بابان لە (مێژووی جەودەت)دا

ئەحمەد جەودت پاشا

## بەشی یەکەم

### پێشەکی

مێژووی جەودەت- بەرهەمی ئەحمەد جەودەت پاشای مێژوونووسی گەورەی عوسمانییە، وەک لەمەودواش باسێکی کورتی لەبارەوە دەکەین. بەرهەمەکە لە دوانزە بەرگی گەورە پێک هاتووە و مێژوویەکی فرەوان و پڕ لە زانیاریی گشتگیری ئەو خاکە بەرینەی لەژێر دەستی دەوڵەتی عوسمانییەوە بووە یان جەنگی تێیاندا بەرپا کردووە و لەدەست دەرباز بوون و ئەو نەتەوانەی پێوەندییان بەم مێژووە ترش و شیرینەوە هەیە.

وەک گەلێک لەو سەرچاوە عوسمانییانەی نەتەوە ژێردەستەکانی بیانەوێ و نەیانەوێ دەبێ مێژووی پەرت و بڵاوی ناو ئەو مێژووە گشتییەدا، لە شوێنەوار و جێپەنجە و کاریگەریی خۆیان بگەڕێن. جا ئەو نووسراوانە بە گیانێکی خۆبەزلزانانە یان نیمچە بێلایەنانە نووسرابێ، دەبێ بە چاک و خراپیاندا بگەڕێن و بپشکنن و شەن و کەویان بکەن و لە بێژنگیان بدەن. ئەمەی لەبەر دەستی خوێنەری بەڕێزدایە، یەکێکە لەو مێژووە دەوڵەمەندانە، حەزم کرد نووسینەکە وەک خۆی بکەمە کوردی و بیخەمە بەردەستی خوێنەری ئاسایی و مێژوونووسانەوە. ئومێدەوارم کارێکی باشم کردبێ، هەرچەندە لە بنەڕەتەوە من لەگەڵ ئەوەدام ئەو سەرچاوانە بەهەموویەوە بکرێنە کوردی و وەک سەرچاوەیەکی گشتی لەبەردەستاندا بێت و بەگشتی لە ڕەوتە مێژووییەکە بگەین و شیی بکەینەوە.

با هێشتا لەبارەی نووسەرەوە هەندێک زانیاری بە کورتی بخەینە پێش چاوان.

دانەری کتێب

.................................................

وەرگێڕانی لە تورکیی عوسمانییەوە: ئەحمەد تاقانە

## ئەحمەد جەودەت پاشا

ئەحمەد جەودەت پاشا (١٨٢٢–١٨٩٥): دیارترین زانایەکی تورکە، کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا پێ گەیشتووە. لە شاری (لۆفچە) لەدایک بووە کە ئەمڕۆ دەکەوێتە ناو سنوورەکانی بولگاریا. کوڕی حاجی ئیسماعیل ئەفەندییە. دوای ئەوەی لە شارەکەی خۆیدا خوێندنی سەرەتایی و بەشێک لە خوێندنی ئاینیی (مەدرەسە)دا خوێندووە، دوای ساڵی ١٨٣٩ بە حەڤدە ساڵی چووەتە ئەستەمبووڵ و لەلای زانا گەورەکانی ئەو دەمەدا خوێندنی کۆتایی پێ هێناوە و "ئیجازە"ی وەرگرتووە. لەدەرەوەی مەدرەسەشدا جگە لە فارسی، فرەنسیی ئەوەندەی لێی تێ بگا خوێندووە و لە ماتماتیک و فەلسەفە و کۆزمۆگرافیا و زانستە سروشتییەکاندا خۆی خەریک کردووە.

هەر لەتافی لاوییەوە زیرەکی و چالاکیی لەلایەن زانایان و پیاوانی دەوڵەتەوە ڕێزی لێ گیراوە و پشتگیریی مستەفا ڕەشید پاشای سەدر ئەعزەم (سەرەک وەزیرانی دەوڵەتی عوسمان)ی بەدەست هێناوە. ماوەیەکی کەم قازیێتیی کردووە، دواتر بووەتە مامۆستای وانە گوتنەوە، لە ١٨٥٠دا کراوەتە ئەندامی ئەنجوومەنی مەعارف "پەروەرد" و بەڕێوەبەرێتیی خانەی مامۆستایان. لە ١٨٥١دا ئەندامێتیی ئەنجوومەنی دانش کراوەتە سەرباری ئەرکەکانی. لەگەڵ فوئاد پاشا چووەتە میسر. ساڵی ١٨٥٣ سێ بەرگی "تاریخی جەودەت"ی تەواو کردووە و پێشکەشی سوڵتانی عوسمانیی کردووە.

ئەم بەرهەمەی تەواوی دوازدە بەرگی گرتووەتەوە، ڕووداوەکانی لە پەیماننامەی قاینارجە–وە تا لابردنی یەنیچەری، ڕووداوەکانی نێوان ساڵانی (١٧٧٤–١٨٥٢)ی زایین بەخۆوە گرتووە. ساڵی ١٨٦٥ پایەی زانستیی بۆ وەزیری گوازراوەتەوە و کراوەتە والیی حەڵەب، ١٨٦٨ بووەتە سەرۆکی "دیوانی ئەحکامی عەدلییە"، سەرۆکایەتیی ئەو "کۆمەڵەی زانستی"یەی ئەو ڕۆژگارە لە بابی عالیدا پێک هێنراوە، دراوەتە جەودەت پاشا، ئەو بەرهەمە بەبایەخەی بەناوی "گۆواری ئەحکامی عەدلییە"وە کە ئەو حوکمانەی سەربە موعامەلەکانی فیقهـ– و حوکمەکانی تێدایە لەلایەن ئەم کۆمەڵەیەوە دانراوە کە جەودەت پاشا لەم بەرهەمانەدا بەتایبەتی لەبەشی بنەما گشتگیرەکان "قەواعیدی کوللییە"دا مۆرکی بەهێزی خۆی پێوە ناون. گۆوار دواتر گوێزراوەتە دائیرەی مەشیەخەت (واتە: دائیرەی شەیخولئیسلام) و دیسان سەرۆکایەتیی دراوەتە جەودەت پاشا کاتێک ناونیشانی سەرۆکایەتیی دیوانی ئەحکامی عەدلییە بە وەزیر گۆڕا، یەکەمین وەزیر جەودەت پاشا بووە، ئەگەرچی دوو ساڵ دواتریش بووەتە والیی بورسە و دواتر والیی مەراش، دیسان هێنراوەتە ئەستەمبووڵ، لەسەر گەلێک پۆستی زانستی و دەوڵەت دانراوە. لە ١٨٧٣دا وەزیری ئەوقاف و کەمێک دواتر بووە وەزیری مەعارف "پەروەردە". لەوساوە تا مردن لە والیێتیی جودا جودا و وەزیریدا بووە. پێنج جار عەدلییە و سێ جار مەعاریف و دوو جار ئەوقاف و جارێک داخلییە "ناوەخۆ" و جارێکیش بووەتە وەزیری بازرگانی و کشتوکاڵ. چەند جارێک لە ئەندامێتیی شوورای

دەوڵەت و سەرۆکایەتی و والیێتیی یانەشی کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا جەودەت پاشا لە کاروبارە بایەخدارەکانی دەوڵەتدا بووە. ژیانی سیاسیی لە ئاستی کەسێتیی زانستییدا بەبێ ڕووناکی دەبینرێ.

مێژووی جەودەت چ لەلایەن زانیارییەکانی ناوی و چ لەبارەی شێوەی نووسینییەوە لە ئاستی مـێژوونووس- ڕووداونووس "وەقعە نووس"ـانی پێش خۆی بەرزترە. لەلایەن سەرچاوە و بنەماکانیشییەوە نوێترە.

ئەو تورکیی پەتییەی لە دوو بەرگی چیرۆکگەلی پێغەمبەرانیدا بەکاری هێناوە بۆ ئەدەبییاتی میللی پەخشانی خاوێن و بەهێزە و تەنانەت ئەمڕۆش بە نموونە دەهێنرێتەوە. جەودەت پاشا جگە لەم بەرهەمانە بەرهەمی وەک وەرگێڕانی پێشەکییەکەی ئیبن خەلدوون و بەلاغەتی عوسمانییە (ڕەوانبێژیی زمانی عوسمانی)، تەقویمولئەدوار، ئادابی سادات، میعیاروسسادات و هەروەها کتێبی دیکەشی هەیە لە قوتابخانان دەخوێنرێن.

---

بڕوانە: ناودارانی تورک "بە تورکیی لاتینی" ل/ ١٩ - ٢١ کە ئەمەیە:

Türk Meşhurlari Ansiklopedisi

Ibrahim Alaettin Gövsa. Yedigün NeşriyatI. s.19 _ 20.

هەولێرنامەی پێنج

***

## شتێک لەبارەی مێژووی جەودەت-ەوە

مێژووی جەودەت (جودت تاریخی)، ئەحمەد جەودەت پاشای سیاسەتمەداری دەوڵەتی عوسمانی، لە نووسینەوەی یەکەم بەرگی ئەم مێژووە دوانزە بەرگییەی لە ١٨٥٤ی ز بووەتەوە و ساڵی ١٨٨٤ی ز کۆتایی پێ هێناوە.

بەرهەمەکە، باسی مێژووی عوسمانیی نێوانی ١٧٧٤-١٨٢٥ دەکا، وەک نموونەی بەهادارترینی دەقەکانی دواییی سەردەمەکانی زمانی (تورکی)ی عوسمانی دانراوە.[١]

مێژووی جەودەت کە بەرهەمی کۆششی سی ساڵە، لەسەر بڕیاری "ئەنجوومەنی دانش"، بۆ نووسینی مێژوویەکی دەوڵەتی عوسمانی نووسراوە.

"جۆزێف ڤۆن هاممەر"ی نووسەری مێژووی عوسمانی کە ئەندامی شانازیی ئەنجوومەنی دانش بووە، لە نێوانی (١٨٢٧-١٨٣٢)دا کتێبی "مێژووی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی"ی دە بەرگیی بڵاو کردووەتەوە (ئەو ڕوونووسە بۆ تورکی وەرگێڕاوەکەی بەر دەستم لە دوانزە بەرگدایە- ئـ. تاقانە)، لەم شاکارەیدا لە دامەزرانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییەوە تا ١٧٧٤ی گرتووەتەوە. ئەرکی ڕوونکردنەوەی مێژووی نێوانی (١٧٧٤-١٨٢٥)یش کەوتووەتە سەر ئەستۆی ئەحمەد جەودەت پاشا.

بۆ نووسینی مێژووی جەودەت، لە (٩ی موحەررەمی ١٢٧٠ = ١٢ی تشرینی یەکەمی ١٨٥٣)دا فەرمانی سوڵتانی بۆ وەرگیراوە.

جەودەت پاشا یەکەم سێ بەرگی یەکسەر دەست پێ کردووە و لە ١٨٥٣ پێکەوە ڕاگەیاند.

سوڵتان کە لەسەر ئەم کارە سوپاسگۆی بووە، پلەی وانەگوتنەوەی نووسەری بەرزکردووەتەوە و لە ١٨٥٥دا کاری فەرمیی مێژوونووسیی دەوڵەتی دراوەتێ. جەودەت پاشایەک کە لە نووسینی مێژووەکەیدا بەردەوام دەبێ، ٦ بەرگی یەکەم سێ یەکی تەواوێک بۆ مێژووی ئەوروپای لە سەردەمی ئانتیکەوە تا شۆڕشی فرەنسی تەرخان کردووە و لەسەر کاریگەریی شۆڕش بەسەر دەوڵەتی عوسمانیدا وەستاوە. ئەرکی ئامادەکردنی کتێبی بەناوی "مەجەللە"وە، کە پێوەندیی بە مێژووی مافەکانەوە هەیە کە بە نووسەر دراوە، نووسینی ٦ بەرگی دوایی مێژووی جەودەت دوادەخا، لە ١٨٨٤دا توانیویەتی تەواوی بکا.

جەودەت پاشا، کە دەستی بەنووسینی بەرهەمەکە کردووە مێژووەکانی وەقعەنووسەکان و گۆڤارەکان و لائیحەکان و سەفەرنامە و بەڵگەنامەکانی ئەرشیفەکان بە وردی لێکۆڵیونەتەوە، کەسانێکی شارەزای ڕووداوەکانی بەسەر کردووەتەوە و هەموو ئەمانەی بە بێژنگێکی بتەوی پاڵاوتنەوە ڕەت کردووە و دوایی بەکاری هێناون. بەڵگە فەرمییەکان و فەرمانەکان و دەقەکانی پەیماننامەکانی کردووەتە سەرباری کۆتاییەکانی هەر بەرگێک.[٢]

هەواڵنامەی پێشڕەو

چاوگەکان:


1. ^ Araç Tarih, Amaç Tanzimat: Tarih-i Cevdet'in Siyasi Anlami, Tarih Vakfi Yurt Yayinlari, istanbul, 1999

2. ^ a b Edip Uzundal, Christoph K. Neumann, Araç Tarih Amaç Tanzimat Tarih-i Cevdet'in Siyasi Anlami, (çev: Meltem Arun), Tarih Vakfi Yurt Yayinlari, istanbul 1999, History Studies: International Journal of History, Cilt 4 , Say_ 2, Temmuz 2012


سەرچاوەی ئەم وتارە:

http://tr.wikipedia.org/wiki/Tarih-i_Cevdet

### هەڵبژاردە لە مێژووی جەودەت

## ئەحواڵی عێراق

شاری بەغدا بەوەی کە بنیات نراوەی جێنشینان "خولەفا"ی عەباسی و پایتەختی حکوومەتەکەیان بووە، کە ناوەندی کارگێڕیی عێراقی لە کۆنەوە کانگەی دووبەرەکی و دووڕوویییە، دوای ئەوەی کەوتە ناو موڵکی حکوومەتی دەوڵەتی عەلییە "باڵا _ مەبەست لە دەوڵەتی عوسمانییە"، ناوچەی کوردستان کە لەژێر چاودێریی والییێتیی بەغدا بووە، ئەگەرچی لەکار لابردن و دامەزراندنی

میرەکانیان بەپێی فەرموودەی والییانی بەغدا بووە، وەک بۆماوەیی (ویراسی) بە دەست چەند خانەدانێک بووە بەتایبەتی خانەدانی بابان کە پتر توانا و خاوەن هێز بوون، لەبەر ئەوەی سەنجەقی بابانیان بەدەستەوە بووە، بە زۆری دەسەلات و حکوومەتییان بە ناوچەکانی دیکەی کوردستاندا ڕاگەییوە، لەبەر ئەوەی جار جارە لە دژی یەکدی شیر و نووکەڕمیان خستووەتە کار و جاروبارێکیش بەرامبەر والییانی بەغدا یاخیبوونیان ڕاگەیاندووە و ئەگەر زۆریش سەریان لە تەنگژەدا بووبێ جڵەویان بۆ لای ئێران باداوەتەوە، ئەم ناوە لە ئاژاوە و پشێوی خاڵی نەبووە. لەلایەکیشەوە تیرە عەرەبەکانیش نەوەستاون و ناوە ناوە یاخی بوونەتەوە و دەوروبەری بەسرە لە خەمی ئاژاوە ڕزگاری نەبووە و لەبەر دووریی دەرسەعادەت "واتە: ئەستەمبووڵ"ی بارەگای سەڵتەنەتی پایە بەرز "سەنییە"، لە بەڕێوەبەرایەتیی ئییالەتی بەغدا لەکۆنەوە گیروگرفت بەرچاو کەوتووە.

ئەحمەد پاشای کوڕی حەسەن پاشا کە بە داگیرکەری هەمەدان بەناوبانگە، ماوەیەکی دوورودرێژ لە بەچاکی بەڕێوەبردنی ئەم ناوەدا سەرکەوتووە، دوای ئەوەی ساڵی هەزار و سەت و شەست مردووە، والییە نێرراوەکان لە لایەنگیران و دەستنیشانکراوانی وەزیران بووە، کەسێکیان لە بەڕێوەبردندا سەرکەوتوو نەبوو بێ، دەبوو بدرێتە دەست یەکێک لەو زاتانەی لەوێ پەروەردە بووبێ و شارەزای دەرەوە و ناوەوەی بەغدا بووبێ و زانیاریی پەیدا کردبێ، ساڵی ١١٦٣ (١٧٤٩–١٧٥٠ی ز) کە ئییالەتی بەغدا بە پلەی وەزیری ئاراستەی سلێمان پاشای یەک لە میری میرانەکان کە لە بنەچەدا یەک لە کۆیلەکانی ئەحمەد پاشا بووە و ماوەیەکی زۆر لە خزمەتیدا کەتخودا بووە و دواتریش بووەتە زاوای، کۆیلەیەکی زۆر کڕراون و فێری سەربازی و چەکداری کراون و چ لە گەدک–ەکانی دائیرەیدا و چ لە کارە بەبایەخەکانی دیکەدا بە خستنە بەرخزمەتیان، بە هەڵکوتانە سەریان و دەرگا لەسەر دەسەڵاتی سەربەخۆیانە داخستنی ئەو خانەدانانەی ئەو دەوروبەرانە چ عەشیرەتە عەرەبەکان بن یان میرانی کورد، نەیهێشتووە چاو بکەنەوە، تەنانەت چونکە هێرش و شەبەیخوونی نیوە شەوانی ئاسایی بووە، لە نێو عەرەبدا بە "ئەبولێلە" ناسراوە.

ئەگەرچی ماوەی دوازدە ساڵ لەسەر بەدەستەوە گرتن و توند کردنی بەغدادا سەرکەوتوو بووە، بەزۆرتر بایەخ بە کۆیلەکان دان لە بەغدادا دەرگەی بۆ پەیدابوونی بۆماوەیی کۆیلەکان والا کردووە. ل/ ٣٣٩.

بەم جۆرە کە لە ساڵی حەفتا و پێنجدا هەواڵی مردنی بە ئەستەمبووڵ دەگا، ئەگەرچی دەمودەست ئییالەتی بەغدا ئاراستەی سەعدەددین پاشای والیی ڕەققە کراوە، دوابەدوای ئەوە ڕوونکردنەوە و نووسراو گەیشتووە کە سلێمان پاشا لە بەغدا یەکێکی لە حەوت کەتخودایانی پێشتر و پاشتری دەستنیشان و دامەزراندووە، فەرمووونی دانان و دامەزراندنی داوا کراوە و لە نێویاندا عەلیی کەتخودا بە هەڵبژاردن بە پلەی وەزیری ئییالەتی بەغدای ئاراستە کرابوو. ئەویش کە زاتێکی بەبەها و پەسن چاک ئەگەرچی ماوەیەک بەباشی لە بەڕێوەبردنی ئیالەتدا سەرکەوتبێ،

بە هەستی ئێرەیی و ڕەقیبایەتی کەتخودایانی دیکەی بەغدا یاریدەدەرانی و هەندێک بێ مێشکیان دژی عەلی پاشا خستە جووڵە و ئەویش وەک هەستی بەوە کردبێ هەر کە بۆ تەمێ کردنیان کەوتووەتە جووڵە کەتخوداکان ئاگری ئاژاوەیان خۆش کردووەتەوە و بە دەوری عومەری کەتخوداوە کۆبوونەتەوە و لە کۆتاییدا ساڵ ١٧٧ (عەلی پاشایان کوشتووە و لەناویان بردووە، بەپێی سەرنجی ئەوەی گوایە عەلی پاشا چونکە لە بنەڕەتدا قزڵباش بووە خەریک بووە بەغدا بداتە دەست عەجەمان (ئێرانییان)، ئەگەر ئەمە بۆ ئەستەمبووڵ بنووسرابا دەبووە هۆی دواخستنی بەرژەوەندی، بۆیە بە کوشتنی مەترسییەکە لابراوە و ئییالەتی بەغدا بە پلەی وەزیری دراوەتە عومەری کەتخودا، ئیدی بەم جۆرە بە خواست گەیشتنی کەتخوداکان بواری بۆ ڕەخساندوون کە بخرێتە شێوەی بۆماوەیی کۆیلەمەند و بەلاسایی میرانی میسر کە توانیویانە بە مەبەستی خۆیان بگەن ئیدی لەمەودوا لە بەغداش خەمی مەمالیک "کۆیلەمەندان" دەستی پێ کردووە. والییەکانیش لایەنگیرانی ئەوانیان کردوویاننە زاوا و کەتخودا، جڵەوی کاروباری وڵاتیان داوەتە دەست ئەوان و وردە وردە گرێدان و کردنەوەی کاروباری بەغدا کەوتووەتە دەست ئەوانەوە.

ئیدی عومەر پاشا بەم شێوەیە والیێتیی بەغدای کەوتووەتە دەست و خوداوڕاستانیش بەخۆشی زاتێکی ئازا و توانای کاروبار بەڕێوەبەر و هەر لە سەرەتاوە هەندێک لە عەشایەری، کە ڕێی یاخیبوونیان گرتبووە بەر تەمێ کرد و ترساندنی و هەموو کەسێک لە توندی و ئازایەتیی هەراسان بوون و کەوتنە لەرزە. ئیدی زۆربەی ڕۆژانی بە ئاسایش بەسەر چوو و تەنانەت لە جەنگی ساڵی هەشتا و دوو (١٧٦٨–١٧٦٩ی ز)دا هەموو لایەک لە ئاسایش بێبەش بوو، لە بەغدا هیچ جۆرە نارەحەتی هەست پێ نەکرا و بەڕاستی شایانی ئەوە بوو خانووی ئاشتی (دارولسەلام)ی پێ بگوترێ.

بەڵام بە بڵاوبوونەوەی (تاعوون) لە ساڵی هەشتا و شەش (١٧٧٢–١٧٧٣ی ز)دا بارودۆخی گۆڕاوە و بەجۆرێک کە لە ماوەیەکی کورتدا خەڵکێکی زۆر کۆچی دواییان کرد و گەلێکیش لە سەرسامییان کۆچیان بۆ وڵاتانی دیکە کردووە، چەندین ماڵ داخراوە و خانەوادە کوژاوەتەوە و شاری شیرینی بەغدا بووەتە کەلاوەیەک.

دوای شەش مانگ ئەم ئاگرە کوژاوەتەوە و بڕاوەتەوە و ترس و بیمی خەڵکی ڕەویوەتەوە و دوور کەوتووەتەوە و هەرکەسەو گەڕاوەتەوە شوێنی خۆی و بەغداشی لەگەڵدا ئەگەرچی ئاوەدانیی تێ کەوتووە، لەبەرئەوەی گەڕانەوەی بۆ دۆخی جارانی پێویستی بە کات هەبووە و هەروەها ئەوانەی لەسەر کارەکاندا بوون و لە شوێنەکانی هاتنە ژوورەوە و چوونە دەرەوە شارەزا و ڕەوشت تاقی کراو بوون نەمابوون، عومەر پاشا ناچار بووە تاقمێک نەزانی لە عەرەب و کوردان بەکار هێناوە و کارەکان کەوتوونەتە دەستێلێکی ناشایستە وڵاتەکە بەهیچ ڕوویەک سامان و ڕێکوپێکیی بەدەست نەهێناوە و بەرژەوەندییە گشتییەکان پێویستی بە وەک خۆی مانەوە کردووە، ئەو عەرەب و عەشیرەتانەی چاوەڕوانی هەل بوون لە هەر لاوە دەستیان بە سەربەرز کردنەوە کردووە.

لەم ماوەیەدا لەبەر ئەو کێشانەی لە نێو میرانی باباندا خۆی نواندووە دەوروبەری لای کوردستانیش ئاژاوە و پشێویی تێ کەوتووە.

..............................................................................

لاپەڕە / ٣٣٩-٣٤١ – مێژووی جەودەت- بەرگی یەکەم.

## خانەدانی بابان*

لە (قەزای پژدەر)دا کەسێک بەناوی فەقێ ئەحمەد-ەوە وەک بنچینە خانەوادەی بابان-ی هێناوەتە گۆڕێ و کوڕەکەی، دەستی بەسەر ماوەد "ماوەت" و شارپازار "شارباژێڕ" و هەموو ئەو قەزایانەی ئەو دەوروبەرەدا گرتووە و ساڵی ١٠٨٠ (١٦٦٩-١٦٧٠ی ز) فەرمانڕەواییی ئەو زەوییانە، بەناوی سەنجەقی قەرە چۆلان "قەڵاچوالان"ەوە* دراوە بە سلێمان بەگی کوڕی ئەو. ئەم سلێمان بەگە لەگەڵ ئۆردووی هومایۆن پێکەوە لە گەڕانەوەدا هاتووەتە ئەم ناوە، کە لە "ئەدرنە" کۆچی دوایی دەکا بەشێکی کەمی ئەو شوێنانەی بەدەستیەوە بوون (موتەسەرریفیان بووە) دەکەوێتە بەردەستی بەکر بەگی کوڕی و ئەوەی دیکە بەدەست عەشیرەتی زەنگنەوە دەمێنێتەوە کە موتەسەرریفی کۆنیان بوون، ماوەیەک لە دوای ئەوەوە لە دەمی جەنگی ئێراندا بەخستنە سەری زەوییەکانی ئەردەڵان، واتە سنە و سابڵاخ (صوغوق بولاق) سەنجەقی قەڵاچوالان دراوەتە (خانەک پاشا)ی کوڕی دیکەی سلێمان بەگ و لە پاش ئەویش دراوەتە خالید پاشای برای و سلێمان پاشای کوڕی بووەتە فەرمانڕەوا، لە کاتی ئەمدا سەنجەقی کۆیە و حەریریش خراونەتە سەر قەڵاچوالان. لە سەردەمی ئەم دووانەشدا نادر شا کە دەسەڵاتی لەو ناوەدا پەیدا دەبوو، ئەگەرچی یەکێکی بەناوی سەلیم بەگەوە کە برازای خالید پاشا بووە لەلایەن ئێرانییانەوە بەسەر ئەو ناوەدا سەپێنراوە، لە زنجیرەی (موتەسەرریفانی) سەنجەقەکە دانانرێ و ئەگەرچی بە زۆریی ئێرانییان چەند کەسێکی دیکەش ویستوویانە دەست بۆ جڵەوی بەڕێوەبەرێتی درێژ کردبێ فەرمانڕەواییی ئەوان بەلای مێژووەوە دانیان پێدا نانرێ.

دوای سلێمان پاشا دەسەڵات (موتەسەرریفێتی) لە نێوان پاشایان محەمەد و ئەحمەد و مەحموودا کە براکانین ئاڵوگۆڕ کراوە و هەر یەکەیان بە نۆرە بوونەتە موتەسەرریفی سەنجەقەکە.

ئەوانەی لەم خانەدانی بابانە کە خوازیاری موتەسەرریفێتی بوون، بە زۆری بۆ پەیدا کردنی لایەنگیر لە بەغدا نیشتەجێ بوون و جاروبارێکیش لە نێو خۆیاندا هەندێکیان بۆ بەرژەوەندییەک بەرامبەر موتەسەرریف هێنراوە و دابین کراوە، هەمیشە میوانخانەیەکی تایبەت بەم خانەدانە لە بەغدا هەبووە. هەر کامێکیش لەم خانەدانە دەبووە موتەسەرریف، خوازیاری جێیەکەی هەرچۆنێک بێ دەبووە ڕەقیبی و یەکێکیان ئەگەر بەدڵسۆزی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا گوزەرانی بکردایە لایەکەی دی دەبووە لایەنگیری ئێران.

بەم شێوەیە پاشایان ئەحمەد و مەحموود پێکەوە بوونەتە گوێرایەڵی والیی بەغدا، کەچی لەبەر

ئەوەی مەحموود پاشای براگەورەیان پشتی بە ئێران بەستبوو ئەو جەنگ و پێکدانەی لە نێویاندا ڕووی دەدا کارەساتی زۆری دەنایەوە و وەک لە کۆتاییی بەشی داهاتوودا ڕوون دەکرێتەوە بووبووە هۆی جەنگی ئێران.

دواتر محەمەد پاشا بووەتە لایەنگری بەغدا و ئەحمەد پاشا بە پێچەوانەوە لای ئێرانی گرتبوو، لەمەشەوە کارەساتێکی زۆر پەیدا بوو بوو و لە کۆتاییدا موتەسەرریفێتیی بابان لە سەر مەحموود پاشادا گیرسابووەوە و تا ساڵی هەزار و سەت و نەوەت و حەوت (١٧٨٢-١٧٨٣ی ز) مەحموود پاشا لە موتەسەرریفێتیدا ماوەتەوە.

لەدوای ئەوە ئیبراهیم پاشا و خالید پاشای کوڕانی ئەحمەد پاشا و دواتریش عوسمان پاشا و عەبدولڕەحمان پاشای کوڕانی مەحموود پاشا و دوای ئەوانیش سلێمان پاشای کوڕی ئیبراهیم پاشا و محەمەد پاشای کوڕی خالید پاشا بە سەرە بوونەتە موتەسەرریفی سەنجەق.

لە نێو میرانی باباندا ڕەقابەت و کێشمەکێش هەمیشە لە سوودی ئێراندا بووە، ویلایەتی بەغدا لە کارەسات بێبەش نەبووە و لە کۆتاییدا بە لابردنی ئەم بنەماڵەیە میرانی بابان پەرت بوونەتەوە. لەم سەردەمەماندا سلێمان پاشا و مەحموود پاشا و عەزیز بەگ کە ناوبانگیان هەیە کوڕانی عەبدولڕەحمان پاشان و ئەحمەد پاشا و عەبدەڵڵا پاشا و قادر بەگ و محەمەد بەگ ئێستا لە ژیاندان.

لە کاتێکدا ناوەندی ئەم سەنجەقە قەڵاچوالان بووە شارۆچکەی سلێمانی کە لەم دواییانەدا ئیبراهیم پاشای ناوبراو سەرلەنوێ دایمەزراندووەتەوە و بنیاتی ناوە بووەتە ناوەندی لیوا (سەنجەق).

هەولنامەی کتێب

---

لاپەڕە/ ٣٤٤ - مێژووی جەودەت- بەرگی یەکەم.

سەرچاوە:

تاریخ جودت- جلد اول- ایکنجی طبعی- معارف جلیلەسنک رخصتنامەسیلە- درسعادت/ مطبعەء عثمانیە ١٣٠٩.

پەراوێزی وەرگێڕ:

١. لە کتێبەکەدا (بابان اوجاقلغی): کە واتەی تەواوی: بارەگای بابانەکان لە بەغدا، جێی حەسانەوە و تێدا دابەزینی تایبەت بە بنەماڵەکە.

٢. لە کتێبە تورکییەکەدا ناوەکە لە هەموو شوێنەکاندا کراوەتە "قەرە چۆلان" من لە هەموو شوێنەکانی دیکەدا کردمە قەڵاچوالان، کە ناوە ڕاستەکەیە.

## ڕووداوەکانی عێراق و ڕاگەیاندنی جەنگی ئێران

وەک لە بەرگی یەکەمدا ڕوون کرایەوە، لە کاتێکدا بەدەرکەوتنی تاعوون لە عێراقدا بارودۆخی بەغدا ڕەنگێکی دیکەی بە خۆوە دەبینی، ساردی کەوتبووە نێوانی محەمەد پاشای موتەسەرریفی سەنجەقی بابان و ئەحمەد پاشای براگچکەیدا کە موتەسەرریفی سەنجەقی کۆیە بووە و کە خۆیان بۆ جەنگ ئامادە کردووە، ئەگەرچی سەیدەکان و زانایانی کوردستان کەوتوونەتە نێوانیان و ئاشتیان کردوونەتەوە، لەبەر ئەوەی هەمدیسان محەمەد پاشا لە ئەحمەد پاشا دڵنیا نەبووەتەوە، بە جۆرێک بانگی لای خۆی کردووە و بەندی کردووە و ویستوویەتی مەحموود پاشای برا هەرە بچووکیشی کە لایەنگیری ئەحمەد پاشا بووە، بگرێ و بەندی بکا، مەحموود پاشا کە هەڵدێ و دەچێتە بەغدا، عومەر پاشا هەندێک زەویوزاری بۆ دەبڕێتەوە و هەوڵی ڕاگرتنی دڵی دەدا، محەمەد پاشا کە هەر پێشتریش لە عومەر پاشا نیگەران بووە، کە ئەو ئاژاوەیەی ناو بەغدایەی بەهۆی هێرشی پەتای تاعوونەوە پەیدا بووبوو و باری لاوازی عومەر پاشا دەبینێ بە تەواوی گوێڕایەڵی دەپسێنێ و بەدزییەوە دەچێتە پاڵ کەریم خانی زەند-ی جێگری ئێران و پشتی پێ دەبەستێ و گوێ بەو فەرمانانە نادا کە لە بەغداوە هاتبوون و بەهەندێ هەڵنەگرتبوون، عومەر ئاغا یەکسەر لەسەر کاری لادەبات و مەحموود پاشا بە موتەسەرریفی بابان دادەمەزرێنێ و لەگەڵ سوپایەکی پێویست دەینێرێتەوە، محەمەد پاشا کە سوور دەزانێ بەرگریی پێ ناکرێ و هەڵدێ، مەحموود پاشا کە دێتە قەڵاچوالانی تەختی "پایتەختی" لیوا، لەبەر ئەوەی ئەحمەد پاشای براگەورەی ئەم جارە لە بەندیخانە ئازاد بوو بوو، مەحموود پاشا بە ڕەزامەندیی خۆی موتەسەرریفێتییەکە بۆ ئەو واز لێ دەهێنێ و دەست هەڵدەگرێ، ئەحمەد پاشا لە پۆستەکەی دادەنیشێ.

محەمەد پاشاش بەو شێوەیەی سەرەوە کە لە قەڵاچوالانەوە هەڵدێ دەچێتە سنە و داوای یارمەتیی کەریم خانی کردبوو و ئەویش ئەگەرچی، لەگەڵ دۆستایەتیی ئەودا هێشتنەوەکەی بە عومەر پاشا ڕاگەیاندبوو، عومەر پاشا ڕێی نەدابوو و کەریم خان تووڕە بووبوو و بۆ ئەوەی بەزۆر محەمەد پاشا لەپۆستەکەی دابنێتەوە سەربازی تەواوی دابووە تەک و بەرەو قەڵاچوالان کەوتبووە ڕێ.

محەمەد پاشا کە لەگەڵ سەربازی ئێرانی هاتبووە شوێنێکی سێ سەعاتەڕێی نزیکی قەڵاچوالان، ئەحمەد پاشاش بەو سەربازە عوسمانی و کوردانەوە کە لەگەڵیدا بوون بەرەو ڕووی هاتبوو و ئەگەرچی سەربازانی ئێران چەن جارێک ئەوەندەی ئەو سەربازانە بوون کە لەگەڵ ئەحمەد پاشادا بوون شەماڵی سەرکەوتن بەلای ئەحمەد پاشا هەڵیکردووە و چونکە سەربازەیلی ئێران پەرێشان بوون، محەمەد پاشا دیسان بە دەستوپێوەند و لایەنگیرانییەوە هەڵهاتوونەتەوە و لە سنەدا سەقامگیر بوون.

لەسەر ئەمە کەریم خان تووڕە دەبێت و سادق خانی برای بە سوپایەکی بیست هەزار سەربازی

دەنێــرێتــە لای بەســرە و بیــست هەزار ســەربـازیشی بۆ لای کــوردســتــان ناردبوو و لەســەرەتای موحەڕڕەمی ساڵی هەشتا و نۆی ڕابوردوودا سادق خان بەسرەی گەماروو دابوو و سەربازەکانی دیکەشی سنووریان بەزاندبوو و هێرشیان بردبووە سەر زۆر لایەنی کوردستان.

کە موتەسەللیمی بەسرە داوای یارمەتیی لە عومەر پاشا کردبوو ئەو سەربازانەی ناردبوونی بە بەزیوی گەڕابوونەوە بەهـۆی ئەوەوە کە وا دیار بوو ئێرانییان هێرش دەکەنە سەر بەغداش و بەو هۆیەوە کە بە خـۆی جـمـوجـووڵی پێ نـاکـرێ، بارەکـەی خـسـتـبـووە بەرچاوی دەرسـەعـادەت "ئەستەمبـووڵ" و داوای یارمەتیی کردبوو، یان هێرش کردنە سەر کەریم خانی زەند، یانیش بە تاوان خستنە سەر کەمترخەمیی فەرمانبەران کارەکە بخرێتە پشت گوێ، بەپەسند کردنی یەک لەم دوو بۆچوونە سەرنجی ئەوە دراوە کە کەریم خان لە دژی دەوڵەتی عەلییە "عوسمانی" جموجووڵێکی نەبووە. بە پێچەوانەوە نووسراوی سکاڵای لە عومەر پاشا گەیشتبووە ئەستەمبووڵ.

ئیدی لەو دەمانەدا وەهبی–ی سونبولزادەی شاعیری باودتار بە باڵیۆزی نێررابووە تاران، کە گەیشتبووە شیراز بێ سڵ کردنەوە یەکدییان دیتبوو و بەخۆشی و لە ئامێزگرتن لێک نزیک بوونەوە و ئەگەرچی کەریم خـانیش خۆشەویستی و ئارەزووی پێکهاتنی نێوان هەردوو دەوڵەتی دەربڕی بوو. لەبەر ئەوەی حکوومەتەکەی وەک دەرەبەگـایەتییـەکی عەشـیـرەتی وابووە و هێشـتـا نەگەیشـتـووەتە شێوەی ڕێکخراوی دەوڵەت وەربگرێ. چوون و هاتنەوەی ئێرانی وەهبی ئەفەندی سوودی لێ وەرنەگیراوە.

ئیـدی لەم ســەروبەندەدا لـەو نووســراوانەدا لەلایەن عـومــەر پاشــای والیی بەغـدا و وەهـبی ئەفەندییەوە گەیشتووە، دوای لەناوچوونی سوڵتانێتیی شا تەهماسپ جۆرە ئاشووب و ئاژاوەیەک ئێرانی پڕاوپڕ کردووە، عەبدولکەریم خانی زەند کە لەم سەردەمە نزیکانەدا "جێگرێتیی" کردووە، لە دەوروبەری شـیــرازدا ئاڵای ســەربـەخـۆیی هەڵگرتووە و هەندێکی لە شــارانی ئێــرانی گــرتووە و خستووەتە ژێر دەسەڵات و ئەوانەی بەرگرییان کردووە زنجیربەندی کردوون و بەڵام دوژمنایەتیی کۆنی ئێرانییان بەرامبەر دەوڵەتی باڵا "عەلییە– عوسمانی" هەروەها زۆر دڵنیا نەبوونی جێگری ناوبراو لەو خانانەی بەدەوری خۆیدا کۆی کردبوونەوە، بەپێی خواستی دابین کردنی ئاسایش و ئارامی، کاتێک بەو خانانە ڕادەگەیەنێ کە بەشێک بوون لە ئەنجوومەنەکەی، کە دەوروبەری بەغدا و بەسـرە لە بنچـینەدا بەشـێک بوون لە ئێران و لەبەر ئەوەی لەم بار و دۆخـەدا لەو دەوروبەرانەدا کـەسـی وا نەمـاوە ڕێمـان لێ بگرێ و ملمـلانێمـان لەگـەڵدا بکا، ئەگـەر ئەوانەش بەچنگ بخـرێن واتەیەکی خۆشی دەبێ، ئەو خانانەی پشتی پێیان دەبەست لە ناو خۆیاندا ڕاوێژ دەکەن، ئەگەرچی پێی دەڵێن لەبەر ئەوەی ئێستاکە دەوڵەتی عوسمانی بە شەڕ و شووری دوژمنانی ئاینەوە خەریکن، لەم بارەیەوە ئەوە گونجاو نییە، جێگری ناوبراو دوای دەمکوت کردنی پشت پێ بەستووانی بەوەی کە، بەر لەوە کە ئێرانییان لەگەڵ ئەفغانییاندا لە جەنگدا بوون گوایە دەوڵەتی عوسمانی بەبێ هیچ هۆیەک وڵاتی ئێرانی تێکداوە، بەپێچەوانەی مەرجەکانی ئەو پەیماننامەیەی لە نێوانی دەوڵەتی

کتێبخانەی هەولێر

عوسمانی و ئێرانییاندا بەسترابوو ڕێی گرتبووە بەر و لە چەند قۆڵێکەوە، بەناردنی سەرباز بۆ سەر خاکە پارێزراوەکان "واتە: ئەو زەوییانەی لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا بوون"، دەستدرێژیی بۆ سەر سامانی موسڵمانان کردووە، تەنانەت لە سەرەتاکانی موحەڕڕەمولحەرامی هەشتا و نۆ-وە بە سەرکردایەتیی سادق خانی برای جگە لە گەماروو دانی بەسرە، لەلایەکی کەشەوە ناردنی پاشماوەی سەربازانی بۆ دەوروبەرەکانی بەغدا و بەتایبەتیش کە نەزەر خانی لایەنگرە تایبەتەکانی هاتووەتە سنوورەکانی ناوچەکانی دەرنە و ماهڕوود و مەندلجین و بەدرە و ئەو ناوەیان بە کۆمەڵ خستووەتە بەر هێرش و سووتاندن و دانیشتووانی کوشتووە و ماڵ و منداڵی بە دیل بردووە و کۆیلەی کردوون، هەروەها محەمەد شەفیع خانی یەک لە خانە سەنگین و پەسندەکان لە سەنجەقەکانی کوردستان تا پێنج سەعاتە ڕێ لە کەرکووکەوە گرتووە و دەستی بەسەردا گرتووە و لە خودی شارەزوور بە خۆیدا جێگیر بووە، ڕۆژ بە ڕۆژ کۆمەڵەکەیان لە زیاد بووندا بووە و لەم ڕووەوە کە ئازووقە لە ناو بەغداشدا کەم بووەتەوە بۆ بەرەنگار بوونەوەی هەر یەکەیان سەربازی تەواو ڕێکخراوە و نێرراوە و جگە لەوەی کە، دوای داگیر کردنی بەسرە ئەگەری گەمارووەدانی بەغداش لە ئارادا بووە، بوونی پێوەندیی ئەرکلی خانی، خانی تفلیس بە ڕووسیاوە و بەپێی بوونی خزمایەتیی لەگەڵ خانی ئاچق باشدا و لەبارەی دۆستایەتی و یەکگرتن لەگەڵ ئێرانییان و ئەو خانانەدا کە لەهەموو لایەکی ئێراندان و هەروەها بەهۆی دەرکەوتنی کان لە خاکەکەیدا زیاد بوونی هێز و توانستی و بە کێش کردنی دوژمنێکی بەهێزەوە، بە ڕێککەوتن و تێکەڵ بوون لەگەڵ کەریم خانی زەندا، هێرش بردنی ئەویش لەلایەکی دیکەوە بە بڕاوە دانرابوو، خرابووە بەرچاو و ڕاگەیەنرابوو، بۆ کۆتایی هێنانەوە بە گەمارووی بەسرە و پاراستنی بەغدا سەعاتێک پێشتر ناردنی پێداویستی و ئازووقەی تەواو نیاز و داوا کرابوو.

بەپێی ئەوەی دۆزی ئێران لە کاروبارە مەزنەکانە، بۆ زانینی شایستەی ڕاستیی کاروبارەکە لەلایەن "سولەیمان پاشا"ی والیی شارەزوورەوە داوای زانیاری لە "ئەحمەدعیززەت پاشا"ی وەزیر و پارێزگاری قارس و "عەبدولجەلیل زادە" داوا کرا. ئەو نووسراوانەی لەلایەن پارێزگاری ناوبراوی قارسەوە هاتبوو، ئەگەرچی پەسند کردنی کۆتایی بە کاری عومەر پاشا هێنانی تێدابوو، ئەو نووسراوانەی لەلایەن والیی ناوبراوی شارەزوورەوە هاتبوو پێچەوانەی ئەمە بوو.

کورتەکەی بەم جۆرەیە، سەنجەقی دەرنە کە لە نزیک کرماشان "کرمانشاهان"ەوەیە، کاتێک تایەفەی عەجەم بە دەرنەدا ڕەت دەبن و بۆ زیارەتی ئیمام حوسێن "خودا لێی ڕازی بێ" دەچن و دێنەوە لەلایەن موتەسەرریفانی سەنجەقی دەرنەوە ڕووبەڕووی هێرش و تاڵان و ستەمی جۆراوجۆر دەبن، لەم بارەیەوە بۆ ڕێگرتن و دوور خستنەوەی ئەم کارانە لەلایەن عەبدولکەریم خان-ی زەندەوە جارێکیان بۆ عومەر پاشای والیی بەغدای ئاماژە پێ کراو نووسراوە و لەبەر ئەوەی یارمەتیی ئەم تکایەی نەدراوە و بەدەرکەوتنی پەتای تاعوون لە خودی بەغدا و بەسرەدا و لەناوچوونی پتر لە حەوت سەت خانەوادەی عەجەم و داوای سامان و کەلوپەلیان بۆ ئەو کەسوکارانەی ئەوانەیان کە

ناسـراون بەپێـی شـەریعـەتی ڕاست و پشت گـوێ خـسـتنی ئـەم داواکـارییـەش و لەلایەن خـۆیەوە دەسـتـیـان بـەسـەردا گـرتووە و وەریـانی گـرتووە و هـەروەهـا تکای ئەوە کـراوە ئەو نـزیکی سـەد خـانەوادەی سەربەئێران لە تایەفـەی زیمـی "ژمـی= سـەر بە ئاینی غـەیرە مـوسڵـمـان" کە لە بەسـرە نیشتـەجێ بوون و "جورفـەلی"یان پێ وتراوە، بنێررێنەوە نیشتیمـانی ڕەسـەنی خۆیان، ئەمـەشیان پەسند نەکراوە. لەلایەکی کەوە مەحموود پاشای موتەسەرریفی بابان کە بە، لەکارخراوی دەچێتە دەڤـەری نـاوچـەی سنە و لە پیـسـتـەکـەیدا هێـشـتنەوەی بە تکاکـاریی عـەبدولکەریم خـانی زەند، بە شـێـوەی ڕواڵـەتی بـە دڵڕاگـرتـن و لەڕاسـتـیی کـاردا بە لێ سـەندنەوەی هەمـوو پارە و نووانـدنی هێشتنەوەی و دوای بۆ ناردنی خەڵات و بە هاندانی خەڵکی بن دەستی، کاتێک دووبارە دەرکردن و دوورخستنەوەی ئاماژە پێ کراو لە پۆستەکەی، لەلای عەبدولکەریم خانی زەند-ەوە ڕوون دەبێتەوە، یەکسـەر بە دامـەزراندنی سـەرباز، بە لە جـێـی خـۆیان جـێگیـر کـرن و جـێنشـین کـردنی ئەو هاووڵاتییانەی پەرێشان کرابوون و محەمەد پاشا میریان بوو، جەنگ و شەڕ لە نێویاندا پەیدا بوو، بە مـحـەمـەد پاشـا بەخشـینی حکوومـوت لەلایەن خـانی ئامـاژە بۆ کراوەوە و پێوە پابەند بوونی ناوبراو و ئەنجـامـدانی دامـەزراندن و جێگیر کردنی ئەحـمـەد پاشاوەش لەلایەن والیی بـەغداوە، ئەنجام چەندین جار لەناوچەکانی سنە و کرمانشاهان (کرماشان) و باباندا، لە نێوانی ئێرانییان و والیی ئاماژە بۆ کراودا جەنگ بەرپا بووە و چەندین شارۆچکە و گوند کە ڕێگوزەری سـەربازان بووە تێکدراوە و لـەم دەمـانەدا کە ئۆردووی ئێران لەلای بەسـرەدا بووە، ڕۆژ بەڕۆژ زیادی کـردووە، سـلێـمـان پاشـای ناوبراو ئەوەی خسـتـووەتە بەرچاوان کـە هۆی وروژاندنی ئەم ئاژاوەیە والیی بەغدایە و داوای کۆتایی پێ هێنانی کردووە، تەنانەت بۆ پاشەکشێ کردنی ئەو سەربازانەی نزیکی سنوورن لەلایەن کەریم خـانی زەندەوە دەبێ فەرمان نێرراوە، جگە لە پشتڕاست کردنی ئەو قسانە لە لایەن ئەمـین پاشـای والیی مـووسـڵـەوە کە باوکـیـەتی، ئەو نووسـراوانەی لەگـەڵ گێـڕانـەوەکـەدا نێرراون وەکیلی ناوبراو پیر و نەخۆشە و لە وڵاتی ئێراندا شای ڕەسەن نییە و بەلافی جێگرییەوە لە وڵاتی ئێراندا بە بڵاوکردنەوەی دادوەری هەندێک شوێنی دەست بەسـەردا گرتووە و لە سـەرەتای دەرکـەوتنیـەوە تا ئـەم سـاتە بەرامـبـەر دەوڵـەتـی عـەلیـیـە "عـوسـمـانی" ڕاسـتگۆیی و ڕێی بەندیێتیی گرتووەتە بەر و جـمـوجـووڵی ئەمـجـارەیان بارودۆخێک بوو بۆ تۆڵەسـەندنەوە لە عومـەر پاشـا ئەوەی کردبوو و لەم بارەیەوە هەواڵ لەو بازرگانانە وەرگیراوە کە هات و چووی لایەنی ئێرانی دەکەن ئەوە سەلمابوو.

بابی عـالی کـە بەم وتارانە هـەڵخـەڵەتابوو جـەنگی ئێـرانی وەلا نابوو و لـە چوارچێـوەی لابردنی بەرەی کۆیلەمەندان کە لە بەغدا هێزیان پەیدا کردبوو، لە بارەی لابردنی عومـەر پاشا و لە شـوێن دانانی مـستـەفـا پاشـای ئسـپێناخـچیی والیی "ڕەقە" بڕیار درابـوو و لەکاتێکدا بەوەی کە، عومـەر پاشا لە مەزنانی کۆیلەمەندان و سەرکەوتووان بوو کە بەو تێبینییەی کە ئەگەری بە جێ نەهێتنی بەغدای لێ دەکرا، پێشـەکی بۆ کۆتایی پێ هێنان و یارمەتی و فریا کەوتن، ئوزون عەبدەڵڵا پاشـا

"عەبدوڵڵا پاشای درێژ–ی والیی دیاربەکر و سولەیمان پاشای عەبدولجەلیل زادە (واتە کوڕی عەبدولجەلیل) کە والیی کەرکوک بوو بە فەرمان ڕاسپێررا و هەر لەو سەروبەندانەدا مستەفا پاشا وەک دیار بوو بەم شێوەیە بەفەرمان نێررابووە والیێتیی بەغدا و عومەر پاشا بۆ والیێتیی دیاربەکر دوو پارچە فەرمانی باڵا دەرچوو بوو و فەرمان و پێ ڕاگەیاندن بە فەرمووده نێررابوو، ئەگەر عومەر پاشا لە بەغدا دەرنەچێ بکوژرێ و هەموو ئەو سەرباز و پێویستییانەی بەشی ئەوە بکا وەک بۆ یاوەریی عومەر پاشا بچێ بە پەلە بچێتە بەغدا.

ئەو وەزیرە ئاماژە بۆ کراوانە بە ڕوو لە بەغدا کردن سەرەتا ئۆزون عەبدوڵڵا پاشا بە سێ هەزار و دوای ئەویش مستەفا پاشا بە دوو هەزار سەربازەوە و دوای ئەوانیش سلێمان پاشا بە نزیکەی هەزار کەسی بەر بارەگاکەی گەیشتنە بەغدا و لە دەرەوەی شاردا لەشکریان دامەزراند.

عومەر پاشا هەرچەند دەیویست ئەوانە بۆ بەهاناوە چوونی بەسرە بنێرێ هەریەکە بە شێوەیەک بیانووی دەدیتەوە، لەو دەمانەدا مستەفا پاشا ڕاوێژی بەوانە کرد کە پێویست بوون، ئەنجام لە سەرەتای ئەم ساڵی نەوەتەدا کە فەرمانی باڵای بە والیی دیاربەکر دامەزرانی عومەر پاشا خرایە ڕوو عومەر پاشا دەڵێ بەگوێ دەکەم و گوێرایەڵ دەبم و پێویستیی ئەو دەمەی ئامادە کردووە و چووەتە دەرەوەی شار و ئیدی مستەفا پاشا چووەتە ناو شار و لە پۆستەکەی دادەنیشێ.

لەبەر ئەوەی لابردنی عومەر پاشا لەپڕ بووە ئامادەکاریی بۆ پێویستییەکانی ڕاگوزاری چەند ڕۆژێک دواکەوتووە، خاوەن مەبەستەکان بە واتەی دیکەیان لێک دابووەوە. لەبەر ئەوەی دڵی مستەفا پاشایان کرمێ کردووە و لەبەر ئەوەی مستەفا پاشاش چاوی لە سامانی عومەر پاشا بڕیوە، بە فەرمانی ئەو بە شەو بە هەموو سەربازانی بەغداوە چووەتە دەرەوە و هێرشیان بردووەتە سەر لەشکری عومەر پاشا، عومەر پاشا بۆ خۆ ڕزگار کردن کە هەڵدێ لە ئەسپ دەگلێ و ملی دەشکێ و یەکێک لەوانەی بەدوایەوە بوون دەیگاتێ و سەری دەبڕێ و بۆ مستەفا پاشای دەبا و ئەویش دەینێرێتە ئەستەمبووڵ.

بەم شێوەیە ئەو غەدرەی پێشتر عومەر پاشا لەگەڵ عەلی پاشای کردبوو هەر بەو شێوەیەش بە چاوی خۆی بینییەوە. بەڵام تەرازووی دادوەریی خودایی مافی کەس بزر ناکا، لە ژێرەوە هاتنە سەر ڕێی بەو شێوەیەی لەخوارەوە ڕوون دەکرێتەوە مستەفا پاشاش هەر لەو ساڵەدا سزای ئەوەی بە عومەر پاشای کردووە بینیوە.

---

لاپەڕە/ ٥٢–٥٧ی مێژووی جەودەت.

سەرچاوە:

تاریخ جودت– جلد ثانی– ایکنجی طبعی– معارف جلیلەسنک رخصتنامەسیلە– درسعادت/ مطبعەء عصمانیە ١٣٠٩.

كتێبی ئاراس

# ڕیشەکێشکردن و دیکتاتۆریی تاکباوەڕی لە عێراقدا

## لە هەزارەی سێیەمی پێش زاینەوە تا هەزارەی سێیەمی پاش زاین

باقر یاسین

### ئەڵقەی شەشەم

لەناو بەندیخانەشدا فەریق تاهیر یەحیای سەرۆک وەزیران لە سەردەمی عەبدولسەلام عارفدا کوژرا، هەروەها لیوا عەبدولعەزیز ئەلعوقەیلیی وەزیری بەرگریی پێشوو، دوای ئەوەی بەشێوەیەک ئەشکەنجە دران و ڕیسوا کران لە وەسفکردن نایەت، هەروەها مورتەزا ئەلحەدیسیی وەزیری دەرەوەی پێشتری عێراقیش تیرۆر کرا.

هەروەها عەمید ڕوکن عەبدولکەریم مستەفا نەسرەتی بەرپرسی سەربازیی باڵی چەپی حزبی بەعسی سەر بە سوریا ساڵی ١٩٧٢ تیرۆر کرا، پاشتریش خەباتگێڕی دیار و سەرکردەی سیاسیی ناسراو ئەحمەد ئەلعەزاویی ئەندامی سەرکردایەتیی نەتەوەیی لە سوریادا کوژرا و بێ بەزەییانە ئەو ڕێکخستنانەی سەر بەم باڵە چەپە بوون لێ دران، کە ڕژیم سوور بوو لەسەر ئەوەی بەباڵی جیابووەوە ناوی ببات، ئەوەبوو لە کەرکووک عەلی عەبدولا کەنوون و کۆمەڵێک چالاکی ئەم ڕێکخراوەی لەدار دا، هەروەها هەریەک لە عەبدولخالق عەبدولکەریم و عەبدولجەبار عیسا و قاسم حەیدەر حوسێنی ئەندامانی چالاکی ئەم ڕێکخراوە لە بەسرەدا، هەروەها ڕژیم مەجدی جیهادی ئەندامی سەرکردایەتیی ئەم ڕێکخراوەی لە ڕێگەی ژاری سالیۆمەوە کوشت، پاش ئەوەی بەر لە بەردانی ناچاریان کرد پەرداخێک لە خۆشاوی ژاراوی بخواتەوە، دواتریش محەمەد عەبد ئەلتائی و محەمەد ئەیووب و محەمەد قاسم حەمودی و پانزە لەوانەی سەر بەو ڕێکخستنە بوون لە سێدارە دران، لە کاتێکی درەنگیشدا ئەفسەری فڕۆکەوان عەبدولحوسێن عەبدولئەمیر و کازم جابری پارێزەر و هی تریش لەدار دران.

........................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل

له ٢٩ی ئەیلوولی ١٩٧١دا هەوڵێکی سەیر بۆ تیرۆرکردنی مەلا مستەفا بارزانی درا، ئەوە بوو بەشێوەیەکی سەرسووڕهێنەر لە مردن ڕزگاری بوو، هەوڵی تیرۆرکردنەکە دوای ماوەیەکی کەم لە واژۆکردنی ڕێککەوتننامەکەی نێوان حکوومەت و کورد لە ١١ی ئاداری ١٩٧٠دا بوو.

هەروەها عەبدولخالق ئەلسامەڕایی ئەندامی سەرکردایەتیی هەرێمایەتی و نەتەوەییی حزبی دەسەڵاتدار لە سێدارە درا، هەروەها محەمەد مەحجوب ئەندامی سەرکردایەتیی هەرێمایەتی و وەزیری پەروەردە و محەمەد عایش سەرۆکی سەندیکای کرێکاران لەدار دران، هەروەها عەدنان ئەلحەمدانیی ئەندامی سەرکردایەتیی هەرێمایەتی و جێگری سەرۆک وەزیران بۆ کاروباری ئابووری لە حزبی دەسەڵاتداردا لە سێدارە دران، هەروەها محەمەد فازڵ لێپرسراوی نووسینگەی سەربازیی حزبی دەسەڵاتداریش لەدار درا، کە لە دێرینترین بەعسییەکانی عێراق بوو، هەروەها نازم گزار بەڕێوەبەری گشتیی ئەمن و ژمارەیەک ئەفسەری هەواڵگریی سەر بە دەسەڵات لە سێدارە دران، هەروەها محێدین عەبدلحوسێن ئەلشمەریی فەرمانبەر لە کاروباری سەرکردایەتی لەگەڵ ژمارەیەک لە حزبییەکان لەدار دران، بەر لەوە حوکمی لە سێدارەدان هەموو ئەو گیراوانەی گرتبووەوە کە لە تاقمی عەبدولغەنی ئەلڕاوی، ئەو نەتەوەپەرستە ئیسلامییانەی ڕیژیم خستنییە بۆسەیەکی بەرچاوەوە، کە هەواڵگریی ڕیژیم لە سەرەتاوە بەدوایانەوە بوو.

لە دۆخێکی پەنهانیشدا بەعسیی ناسراو فەریق ڕوکنساڵح مەهدی عەماش جێگری سەرۆک کۆماری پێشوو و باڵیۆزی عێراق لە فنلەندە، مردن، دەیانگوت گوایا بەژار مردووە، هەروەها عەبدولکەریم ئەلشێخلی ئەندامی سەرکردایەتیی هەرێمایەتی و وەزیری دەرەوەی ڕیژیم بۆ ماوەیەکی زۆر، تیرۆر کرا. هەروەها فەریق حەماد شەهاب وەزیری بەرگری بەدەستی هاوڕێی خۆی لە حزب و دەسەڵاتدا نازم گزار بەڕێوەبەری ئەمن تیرۆر کرا، کە ئەویش دواتر وەکو پێشتر ناومان بردووە لە سێدارە درا.

هەروەها ژمارەیەک لەو بەعسییانەی پایەی حکوومییان بەڕێوە دەبرد لەدار دران، وەکو وەلید ئەلئەعزەمی پارێزگاری ئەنبار و خالد عەبد عوسمان ئەلکوبەیسی و تاهیر ئەحمەد ئەمین بەڕێوەبەری دەزگەی گشتیی پەین و نافع ئەلکوبەیسی ڕازگری ڕێکخستنی سەربازی لە بەسرە.

هەروەها وەزیری تەندروستیی پێشتر ڕیاز ئیبراهیم ئەندامی سەرکردایەتیی هەرێمایەتی لە حزبی دەسەڵاتدار لەدار درا، هەرچی لە قەنارەدانە مەیدانییەکان بوون لە یەکە سەربازییە جەنگاوەرەکان و کەرتەکانی سوپای میللی (جەیش شەعبی)، لەبەر زۆرییان ناکرێت کورت بکرێنەوە، ڕەنگە باسی دوو دۆخی ناشیرین بکەین، ئەویش لە سێدارەدانی لیوا بارق عەبدوڵا حونتە فەرماندەی لیوای ڕۆکێتەکان، وەکو دەڵێن سەرۆک سەدام بەدەمانچەکەی خۆی کوشتی، هەروەها لەداردانی جابر موتەشەر ئەندامی سەرکردایەتیی لقی حزب و فەرماندەی سوپای میللی لە پارێزگەی عیمارە، وەک دەگێڕنەوە سەرۆک سەدام بەدەمانچەکەی خۆی کوشتی، دوای ئەوەی

بەستەزمانە ویستی (بەڕۆحی هەڤالانە) وەک لە بڵاوکراوە و نامیلکەکانی حزبەوە فێر بووبوو گفتوگۆ لەگەڵ سەدامدا بکات!

هەروەها عەمید یەحیا ئەلئەمارە لەگەڵ ژمارەیەکی تر لە ئەفسەرانی فەرماندەدا لە سێدارە درا، لەوانەی سەر بە هۆزی ئەلئەمارەن لە بەسرە.

کوشتارێکی خوێناوی دژ بە کەژاوەی شیعەکان لە خان ئەلنەس لە ساڵی ١٩٧٥دا ئەنجام درا، جگە لە دەزگەی هەواڵگری فرۆکەش تێیدا بەشدار بوو.

هەروەها ئیمام محەمەد باقر ئەلسەدر و (بنت الهدی)ی خوشکی لە فەرمانگەی هەواڵگری لەدار دران، پێشتریش محەمەد عارف ئەلبەسریی موجاهیدی ناسراوی ئیسلامی و ژمارەیەک لە چالاکە ئیسلامییەکان لە سێدارە دران، هەروەها ئیمام سەید مەهدی ئەلحەکیمیش لە سوودان بەدەستی تاقمێک لە هەواڵگریی ڕیژیم تیرۆر کرا.

هەروەها پتر لە بیست چالاکی ئیسلامی لە ماڵی ئەلحەکیم بە لەداردان و کوشتن لەناو دران.

ئیمام محەمەد باقر ئەلسەدر و کوڕە گەورەکەی لە نوێژکردنێکی ملیۆنیدا، کە هەموو هەینیانێک دەیگێڕا، تیرۆر کرا. پێشتریش هەر زوو بانگەوازخوازی ناسراوی ئیسلامی شێخ بەدری لەدار درا.

لە پلەدارە سەربازەکانیش فەریق کامل ساجت و سەرهەنگ محەمەد مەزلوم ئەلدلێمی لە سێدارە دران، هەروەها شێخ کەنعان ئەلتمیمیی شێخی هۆزی بەنی تەمیم لە بەسرە، لەدار درا.

لە ماوەی جیاجیاشدا پرۆسەی بەردەوامی لەداردان و تیرۆرکردن لە ڕیزەکانی حزبی شیوعیدا ئەنجام درا، ئەوە بوو هەر زوو ژمارەیەک کەسی ناو سوپا، کە شیوعی بوون لە سێدارە دران، لە نێویاندا بەرپرسی سەربازیی حزبی شیوعی بەتۆمەتی دامەزراندنی ڕێکخستنی شیوعی لەناو سوپادا، ئەمەش بۆ هەر حزبێک کارێکی ڕێگە پێ نەدراو بوو، تەنیا حزبی دەسەڵاتدار نەبێت، پتر لە بیست شیوعی لە لایەنگرانی عەزیز ئەلحاج لەژێر ئەشکەنجەداندا لە (قصر النهاية) گیانیان لەدەست دا، لە نێویاندا ئەندامێکی نووسینگەی سیاسی (مەتی هندی هندۆ) و ئەحمەد مەحموود ئەلحەلاق، هەرچی عەزیز ئەلحاج بوو، ئەوا ورەی بەردا و دانی نا و لە شاشەی تەلەفزیۆنەوە داوای لە لایەنگرانی کرد توندوتیژی وەلا بنێن و واز لە خەباتی چەکدار بهێنن و هاوکاریی دەسەڵاتی حزبی بەعس لە بەغدا بکەن، هەروەها شیوعیی سەرکردە محەمەد ئەحمەد ئەلخەزرەجی ئەندامی لیژنەی بەغدا لە شەقامدا بەکوژراوی دۆزییانەوە، ئەوەبوو هەژدە گوللەی بەرکەوتبوو، هەروەها لەژێر ئەشکەنجەدا هەردوو شیوعی کازم جاسم ئەندامی باڵا لە لیژنەی فوراتی ناوەند و عەزیز حەمید حزبیی لێبڕاو گیانیان لەدەست دا.

مرۆڤ ئارامیی لەبەر دەبڕێت ئەو دەمی ئەم لەداردان و تیرۆرکردنانە دەخاتە بەر چاو، کە بێ

بەزەییانە بەسەر عێراقییەکاندا جێبەجێ کران، نە ڕێژیم دەست لە لە سێدارەدان و کوشتن هەڵدەگرێت، نە عێراقییەکانیش لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێژیمێک دەوەستنەوە، نە بەزەیی دەزانێت و نە سڵیش لە گیان سەندن دەکاتەوە.

هەروەها هونەرمەند عەزیز عەلیی بە ساڵاچوو لەدار درا، جگە لە ژمارەیەک بازرگانی ناسیاسی لەبەر هۆیەلێکی پێوەند بە پارەگۆڕینەوە.

هەروەها پزیشکی ناودار ڕاجی ئەلتکریتی بەڕێوەبەری خزمەتگوزاریی پزیشکی لەدار درا، ئەوە بوو سەگی پۆلیسییان بەردایە گیانی و تامردن سەریان تێ ژەندبوو، هەروەها لیوا بەشیر ئەلتالِب فەرماندەی پێشتری گاردی کۆماری لە سێدارە درا، هەروەها باوکی جاسم مەولوود موخلیس دامەزرێنەری سوپای عێراق لە سێدارە درا، هەروەها شێخ تالیب ئەلسوهەیل لە گەورە شێخە ناسراوەکانی بەنی تەمیم تیرۆر کرا، ئەمەش بە فەرمانی هەواڵگریی عێراق لە بەیرووت.

کوردەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە پتر لە ١٧٠٠٠٠ (سەد و حەفتا هەزار) شەهیدیان بەدەست دەسەڵات و ڕێژیم لەدەست داوە. هەرچی ئەو پاکتاوە خوێنڕێژییە تۆقێنەرانەن، کە ژمارەیەک لە کادیرە حزبییەکانی حزبی دەسەڵاتدار و سەرکردەکانی گرتەوە، کە بەشێوەی جیاجیا لە بەرابەر کۆمەڵێکی گەورەی حزبی دەسەڵاتداردا لە سەرجەم ناوچەکانی عێراق ئەنجام دران، دیمەنێک بوون لە دیمەنە خوێناوییە کارەساتبارەکان، کەسێک لە حزبدا قوتاری نەبوو ئەگەر ڕایەکی گوتبێت، یاخۆ قسەیەکی بەدەر لە تاقە ڕای باوی داواکراو و دیار و سەپێنراو بەهێزی تۆقاندن و دڵەڕاوکێ و هێزی زەندەقبردن و سزای چاوەڕوانکراو کردبێت.

ئەگەر بمانەوێت بڕوا بەگشت ئەو گێڕانەوانە بهێنین سەبارەت بەچۆنیەتیی لابردنی ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر لە پۆستی سەرۆکایەتی، ئەوا دەتوانین بڵێین ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر (گەورەیییەکە بۆ ئەو دەگەڕێتەوە لە گەیاندنی هەموو ئەوانە بۆ دەسەڵات) ئەو خۆی یەکێک لە قوربانییەکانی ئەم میتۆدە پاکتاوییە بوو، کە بەشدار بوو لە دامەزراندن و نەخشاندن و پلاندانانی و دەستکردن بەجێبەجێ کردنی.

ڕەنگە پرسیارێکی سەرسووڕهێن و پێویست، بێ هەڵاواردن لە بیری هەمووواندا بمێنێت، بەتایبەت ئەوانەی بەشێوەیەک لە شێوەکان لەسەر ڕێژیم دەژمێران: ئەو پرۆژە سیاسییە، یاخۆ باوەڕمەندییە چییە، کە وا دەخوازێت ئەو هەموو عێراقییە بکوژرێن بەهەموو جۆرە نەتەوە، ئاین، ڕەگەز، تایفە، چین، باوەڕ، هزر و حزبەکان بە ئەندامانی حزبی دەسەڵاتداریشەوە، لە گشت تەمەن، کار، پیشە، پایە و دەڤەرێکدا؟

پاشان ئەوە چ دۆزێک، یاخۆ پرۆژەیەکە کە کەس، یا تاقە توێژێکی کۆمەڵگە لەمپەڕی ڕاستەوە بۆ ئەوپەڕی چەپ لە کوشتن، لە لەداردان و تیرۆر جیا ناکاتەوە؟

ڕێژیمی دیکتاتۆریی دەسەڵاتخوازی باوەڕمەندی تاقە پرۆژەیەکە کە کوشتنی سەرجەم مرۆڤەکان

ئەودەمی دەبنە کۆسپێک لە بەرابەر ئەنجامدانی هەژموونی ڕەها لە بەڕێوەبردنی چارەنووسی وڵات و خەڵکەکەی بێ دوودڵی و دوور لە هەڵاواردەیی ڕێگە پێ دەدات و بەپێویستی دەزانێت. ئاکاری دەسەڵاتخوازیی باوەڕمەندی سیفەتێکی بەرجەستەیە، هەر لە ڕۆژی سەرهەڵدانییەوە تا ڕووخانی هاوشان بووە لەگەڵ ئەم ڕێژیمەدا.

هەرچی ئەو کارەیە ئەم ئاکارەی لە دەسەڵاتخوازیی باوەڕمەندی بەشێوەیەکی بەرچاو بەدەرخست، ئەو یاسایەیە کە ڕێژیم بەناوی یاسای پاراستنی هزرییەوە داینا، ئەم یاسایەش ئەوە لەسەر هەمووان بەپێویست دەزانێت پێڕەوی میکانیزمێکی تایبەت بکەن بۆ دیارکردنی هاوتایی، یاخۆ گونجانی هەر توێژینەوەیەک، دانراوێک، لێکۆڵینەوەیەک، نامەیەکی دکتۆرا، تێزێکی زانستی، وانەیەک، کۆڕێکی هزری، ڕۆشنبیری، وتارێک، کتێبێک، ڕۆژنامەیەک، گۆڤارێک، وەرزنامەیەکی ئەدەبی، زانستی، پیشەسازی، یاخۆ هەر کارێکی داهێنەرانە... لەگەڵ هزری حزب و ڕایەکانی سەرۆک و گوتەکانیدا... نابێت شتێک چاپ بکرێت، یاخۆ بڵاو بکرێتەوە و بازاڕگەرمی لە دژی ئەوانە بکرێت.

ئەزموونی سێ دەیەی دوایی سەدەی بیست و ئەوی تێیدا فێر بووین هەمبەر ستەمی تاکڕاییی فەرمانڕەوای تاکڕەو و ئەوی لە دیکتاتۆریی تاکڕاییی ڕەها بەرهەم هات، کە باو بوو و لە عێراقدا پێڕەو کرا لەگەڵ ئەوی هاوشانی بوو لە تیرۆری هزری و کوشتاری خوێناوی و مەرگی بەزۆری تاک و کۆی بێ پاساو، ڕەنگە وا لە مرۆڤ بکەن بیر لەوە بکاتەوە و بەراوردی ئەو ڕەوشە بکات، کە بوونە هۆ و هانی ژمارەیەک پاشا و ئیمپراتۆر و فەرمانڕەوای ستەمکار لە وڵاتی ڕافیدەین لە سەدەکانی بەر لە مێژوو دا و قەناعەتی پێ هێنان وەرچەرخانیان ڕووەو ئەو خوداوەندانە ڕابگەیەنن کە گەمە بە ئیرادە و ویستی مرۆڤەکان دەکەن و بەسەر خەڵکەکەیدا دەسەپێنن بیانپەرستن و خۆیان بدەنە دەستیانەوە و گوێڕایەڵیی ڕەهایان بۆیان هەبێت.

ئەم ڕەفتارە دیکتاتۆرییە خۆبەزلزانی و هەڵسوکەوتی پڕن لە کەشوفش و ستەمکاری و بێباکی لە بەرابەر چارەنووسی خەڵک و هاووڵاتییاندا تەنیا لای سەرۆکەوە نەبوون، بەڵکو لای ئەندامانی سەرکردایەتیش، کە حوکمی وڵاتیان بەڕێوە دەبرد، بگرە ئەو ڕەفتارە لە بەرزخوازی و دڵڕەقی و ستەمکاری لای زۆرێک لە ئەندامانی حزبی دەسەڵاتدار و فەرمانبەران و گەلێک لە بەرپرسانی دەوڵەتدا هەبوون، بۆ دڵنیابوون لەمە ئەم چیرۆکە دەگێڕینەوە، کە یەکێک لە هەزاران لەو چیرۆکە دووبارەبوو و لەیەکچووانەس، کە لەو دەمەدا ڕۆژانە لە عێراقدا ڕوویان دەدا:

بەڕێز مەهدی ساڵح ژمێریاری شارەوانیی شاری بەسرە بوو، بەرپرسی لێژنەی فرۆشتن بوو، دەسەڵاتی پێشنیازی کردنی پرۆژەکانی هەبوو، کە شارەوانی پێشکێشی دەکردن، جا ئیتر زیادکرنەکان بێت، یاخۆ کەمکردنەکان، کە بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی بەشارەوانی بەخشراون دەجووڵێنەوە.

لە یەکێک لە کەمکردنەوەکان (مناقصـة)دا هەندێک لە بەرپرسانی دەسەڵات بە سەرۆک شارەوانییان ڕاگەیاند کەمکردنەوەکە بە کەسێک لە بنەماڵەی ئەلسەعدون بدات، کە سەر بە حزبی دەسەڵاتدار بوو، کەچی کەمگرییەکە لەسەر بەڵێندەرانی تری خەڵکی بەسرە گیرسایەوە، نرخەکەیان باشتر و گونجاوتر بوو لەوانی تر... ئەوەبوو ژمێریاری بەستەزمانی شارەوانی دەستگیر کرا و بۆ بەغدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی وەزیری ناوەخۆ (محەمەد زمام عەبدلڕەزاق ئەلسەعدون) ڕەوانە کرا، وەزیر فەرمانی دا (بەپێی گێڕانەوەکان) محەمەد ساڵحی سەرۆک شارەوانی گل بدرێتەوە...

ئەوی لەم بابەتەدا مایەی سەیر و جێی سەرسووڕمانە (ئەگەر ئەوی گێڕابێتیانەوە ڕاست بێت) وەزیر لەسەر فەرمانی گلدانەوەکەی ئەو فەرمانبەرە عێراقییە بەستەزمانە نووسیبووی دەستەواژەیەکی سەیر و چاوەڕوان نەکراو بوو، نووسیبووی (تاکو دەرکەوتنی مەهدی گل دەدرێتەوە...) هەڵبەت تەنیا ئیمپراتۆرە ستەمکارەکانی ڕێژیمە کۆیلەدارییەکان دەیانتوانی بڕیاری وەک ئەمە تژی لە ڕق و قین و گەمەکردن بە چارەنووسی مرۆڤ دەربکەن، ئەمە ئەگەر بمانەوێت مانای دەمارگیریی تایفیی بێ پاساو لە حیساب دەربکەین، کە دەستەواژەکەی ئەو وەزیرە بالادەستە لەخۆی گرتبوو...

ماوەی بەکردەنی گلدانەوەکە لە بەرابەر ئەو فەرمانبەرەدا لە چەند مانگێک پتری نەخایاند، پاشان بەرەڵا کرا، هۆیەکەی نازانین چی وای لە وەزیر کرد ئەو پەراوێزە دوژمنکارانەیە جێبەجێ نەکات...

ئەگەر بمانەوێت بگوازینەوە بۆ لایەکی تری ئاکاری دەسەڵات لە بەرابەر هێز و حزب و لایەنە سیاسییەکانی وڵاتدا، ئەوا دەتوانین قسە لەسەر پلانی تەکتیکی پاکتاوی بکەین، کە ڕێژیم لە بەرابەر حزبی شیوعیی عێراق لە سەرەتای حەفتاکاندا گرتیە بەر، کە پلانێکی ئاڵۆز بوو ماوەیەکی زۆری خایاند و لە میانەیدا تەکتیکی شارەزایانە ئەنجام دران، سەرکەوتنیان مسۆگەر کرد، ئەنجامەکەشی لاوازکردنی ڕۆڵی حزبی شیوعی و لێدانی بوونە سیاسییەکەی بەکردەنی بوو بەشێوەیەکی نیوچە کامڵ لە عێراقدا.

هەموومان دەزانین پێشتر حزبی شیوعیی عێراق لە ساڵی ١٩٦٣دا بەدەستی حەرەس قەومی و بەعسییەکان گرفتاری پرۆسەی لەناودانی خوێناویی دڵڕەقانە هات، لەبەر ئەمە بڕوا بەیەک کردن لەنێوان هەردوو لادا نەمابوو و تێک درابوو. پێشتر بەهۆی کەسە ناسراوەکانیەوە بەهەڵوێستی دوژمنکارانە و خوێنڕێژییان لە بەرابەر شیوعییەکان و باقی هێزە سیاسییەکاندا ئابڕووی ئەو ڕێژیمە وەلاخراو و خراپ بووبوو، ئەمەش بووە هۆی دوورەپەرێزیی ڕێژیمەکە و دابڕانی لە یەکەتیی سۆڤیەت، کە لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا قورساییەکی جیهانیی لەسەر ئاستی سەربازی و ئابووری و سیاسیدا هەبوو.

لەبەر ئەمە ئەلبەکر و سەدام ویستیان خۆیان لە یەکەتیی سۆڤیەت نێزیک بکەنەوە، کە لەگەڵ عێراقدا بەرژەوەندیی زۆر گەورەی ئابووری و سەربازی کۆی دەکردنەوە، کە ساڵی ١٩٥٨ دوای ڕووخانی پاشایەتی دامەزرا، کەچی ئەو بەرژەوەندییانە تا ڕادەیەکی زۆر وەستێنرابوون و تێک درابوون، ڕەنگە بەهۆی ئەو پێوەندییە خراپەوە بێت لەگەڵ حزبی شیوعیی عێراقدا وەکو سەرکردەکانی ڕیژیم بۆی دەچوون، لەبەر ئەوە بۆچوونی ئەلبەکر و سەدام وا بوو، ڕێگە بۆ چاکردنەوەی پێوەندییەکە و پێشخستنی لەگەڵ سۆڤیەتدا پێویست بە پێوەندییەکی دۆستانە و سازان لەگەڵ حزبی شیوعیی عێراق لەناو وڵاتدا دەخوازێت، کەواتە مادامەکی کارەکە وایە و بەهۆی دەسەڵاتی بەردەوامی تیۆریی تاکباوەڕی بەسەر ئاوەزی بەرپرسانی عێراقەوە، ئەوا پێویست دەکات حزبی شیوعیی عێراق سوود لەو مافە وەرنەگرێت، کە بەحوکمی باری داسەپاو دەبێتە شتێکی سەپێنراو بەسەر ڕیژیمەکەدا.

ئا لێرەوە ڕیژیم دەستی بە پلاندانان کرد بۆ سیاسەتە دووفاقییەکەی لەگەڵ حزبی شیوعیی عێراقدا، کە دەکرێت لە دوو وشەدا کورتی بکەینەوە (نێزیککردنەوەی و تێکدانی) لە لایەکەوە هەندێک لە سەرکردە شیوعییەکانی لە خۆی نێزیک کردەوە و هەندێک مافی تایبەتی ڕووکەش و بەدیمەنی بە حزب بەخشی، وەکو ڕێگەدان بە دەرکردنی وەرزنامەی بەناوبانگی (الثقافة الجديدة) و هاوکاریکردن لە نێوان شیوعی و بەعسییەکاندا لەناو کۆمەڵەی دۆستایەتیی عێراق-سۆڤیەتدا، هەروەها هاوکاریکردن لە چوارچێوەی لێژنەی عێراقی بۆ پاڵپشتی لەگەڵ گەلانی ئاقرو-ئاسیاویدا، هەروەها هەردوو حزب ساڵی ١٩٦٩ شاندی هاوبەشیان بۆ کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئاشتیی جیهانی نارد و ساڵی ١٩٧٠ بەیەک لیست لە هەڵبژاردنەکانی سەندیکای پارێزەراندا دابەزین، ئەوە بوو عەزیز شەریف بەوەزیری داد دامەزرا... هتد.

لە لایەکی ترەوە حزبی شیوعی لە ڕۆشنبیر و داهێنەران لە گشت بوارەکاندا بە تاڵ کرا، تەماحی گەورەیان نرایە بەر بۆ ڕاکێشانی نووسەر، ڕۆژنامەنووس، ئاوازدانەر، سترانبێژ، شانۆکار، شێوەکار و پەیکەرتاشانی شیوعی لەمیانەی دامەزراندنیان لە کارێلێک پارووی ژیانی بۆ دابین کردبوون و هەستیان بەخۆشیی سەقامگیری کرد، بەڵام زۆربەی ئەمانە پابەند کران بەواژۆکردنی بەڵێننامەی کەسێنیی تایبەت بە دڵسۆزی بۆ شۆڕش و حزبی دەسەڵاتدار، ئەمەش لەژێر ترسی لەداردان لەکاتی پاشگەزبوونەوە لە مەرجەکانی بەڵێننامەکە، هەروەها ژمارەیەکی تریان لە شیوعییەکان قایل کرد بە هەمان مەرج بێنە ناو ڕێکخستنەکانی حزبی دەسەڵاتدارەوە، بەهەمان ترس و سزاش، بەگشتی پرۆسەیەکی میتۆدیی درێژماوە کرا بۆ مژینی زۆربەی زۆری کادیرانی حزبی شیوعی، لە داهێنەر و ڕووناکبیران، ئیدی وای لێ هات وەزارەتی ڕۆشنبیری و وەزارەتی ڕاگەیاندن پڕ بوون لەم جۆرە شیوعییە دەستەمۆکراوانەی داهێنانیان لە بوارەکانی سترانبێژی و ئاواز و شانۆگەریی پڕ لە گوزارشت و تابلۆی مەزن و شێوەکاری و پەیکەرتاشی و دیواربەندیدا کرد، کە زۆربەیان ئاراستەبوون بەرەو شکۆمەندیی فەرمانڕەوا و دەسەڵات و حزبی



هەواڵنامەی کەنەد

ڕابەر و سەرکردایەتی...

یەکێک لەو شیوعییانەی لە ڕێکخستنەکانی حزب دەرچووبوو بێزاری و گاڵتەجاڕیی خۆی بەو دۆخە دەربڕی بوو و گوتبووی: "ئێمەیان کرد بەدەهۆڵژەن". لە کاتێکدا لە لایەکی ترەوە (شاراوە و نادیار) مەبەستمان لایەنی تەناهی و هەواڵگرییە، ئەوا کاری تیرۆر و لەداردان و ئەشکەنجەدانی درندانە دژ بەشیوعییەکان لە گرتیگە و ژێرزەوینەکانی هەواڵگری نەوەستابوون، بەڵام بەشێوەیەکی سووکتر و لەسەرخۆتر، بەڵکو بەجیاجیا و بێ هەرا بەردەوامییان هەبوو، هەمووشیان لە چوارچێوەی کەتنی ناسیاسی ئەنجام دەدران، هەندێک جاریش شیوعییە ناسراوە گەورەکانیان نەدەگرتەوە، نموونەی ئەمەش دۆزینەوەی تەرمی محەمەد ئەحمەد ئەلخدر ئەندامی لیژنەی بەغدای حزبی شیوعی بەکوژراوی لە شەقامدا، ئەوەبوو هەژدە گوللەی لێ درابوو، ڕێژیمیش پرۆتستۆی ڕووداوەکەی کرد.

بەسەدان شیوعی لە گەلێک شوێنی جیاجیای عێراقدا بەبێدەنگی دەستگیر کران، ئەو کارەی حزبی شیوعی کاتی خۆی ناوی نا هێرشی بەرفرەوان لەسەر حزبەکەیان، کاتێک کرێکارانی کارگەی ڕۆنی ڕووەکی لە بەغدا مانیان گرت، بێگومان شیوعییەکان لەپشت ئەو مانگرتنەوە بوون، ئەوەبوو تەقەیان لێ کرا و دوو شیوعی زامدار و چەند کەسێکیش بریندار بوون، پاش دوو ڕۆژ سێ شیوعی لە ڕێکردنێکی ئاشتییانەدا کوژران، کە لە بەغداوە دەستی پێ کرد بەبۆنەی یادی پەنجا و یەک ساڵەی شۆڕشی بەڵشەوی، دوای ماوەیەکی تر دوو شیوعیی تر لەژێر ئەشکەنجەداندا لە بەندیخانەی بەغدادا گیانیان لەدەست دا، ئەوانیش: کازم ئەلجاسم و عەزیز حەمید بوون، هەروەها سابت حەبیب ئەلعانی ئەندامی لیژنەی ناوەندی لە لایەن پیاوانی ئەمنەوە گیرا و بۆ شوێنێکی نەزانراویان برد، هەروەها لە ژووری ئەشکەنجەداندا لە قەسری ئەلنیهایە سەرکردەی شیوعی عەلی بەرزنجی مرد... هتد.

لەپێناو بەتەواوی چوونە ناو ڕۆڵەکەوە لە ئەنجامدانی ئەو پلانە تەکتیکییە نەفرەتییە لە ئاست حزبی شیوعیدا، سەدام وای نواند بەتاسەوەیە بۆ گوێگرتن لە شیکردنەوەی سەرکردە شیوعییە عێراقییەکان و گوێگرتن لە ڕا و ئامۆژگارییە باوەڕمەندی و سیاسییەکانیان و دەکۆشێت بەقووڵی لێیان بگات و وەریان بگرێت، یاخۆ پابەند بێت پێیانەوە و خەمخۆری لە بەردەوامیی پێشوازی کردنی ئەو سەرکردە شیوعییانەدا و گوێگرتن لە ڕاڤە و وانەکانیان لە کۆبوونەوە درێژەکانیاندا لەناو کۆشکی کۆماریدا لە کەشوهەوای جوامێری و مەزنی و دیمەنی خۆشگوزەرانیی ئەفسانەییدا، تا وای لەو سەرکردە دڵ و دەروون باشانە، یاخۆ (قەشمەرانە) کرد، وەکو هەندێک لە شیوعییە بۆڵەبۆڵکەرەکان ناویان لێ نان، وا بزانن ڕەنگە بتوانن سەدام حوسێن بەرەو پێشەوە ببەن و بیکەنە مارکسی لینینییەک، یاخۆ شیوعییەکی ناڕێکخراو... لە کاتێکدا سەدام چاوەڕێی پێگەیشتنی ڕەوشەکەی دەکرد بۆ تێپەڕاندنی ڕێککەوتننامەی هاوکاریی ئابووری و سەربازی لەگەڵ یەکەتیی سۆڤیەتدا بۆ بەهێزکردنی کۆڵەکەکانی ڕێژیمە تاقمگەراییەکەی و دەرکردنی لەو

دوورەپەرێزییە.

بەهەر حاڵ ئەو پلانەی ڕیژیمەکە بۆ جێبەجێکردنی پێویستی بە بیندرێژی و قەبارەیەکی گەورە لە تەڵەکەبازی و مانۆر و تێپەڕاندنی کات هەبوو، ئامانجی کۆتایی پێهێنانی حزبێکی دێرینی عێراق بوو، شانازیی بەجەماوەری بوون و باوەڕە زانستی و پێشینەی خەباتگێڕییەوە دەکرد، ئەویش حزبی شیوعیی عێراق بوو.

دوای واژۆکردنی پەیماننامەی هاوکاریی سەربازی و ئابووری و هونەری لەنێوان عێراق و یەکەتیی سۆڤیەتدا ئیدی ڕیژیمەکە پێویستیی بەئاگالێبوون لە حزبی شیوعیی عێراق و ڕەزامەندی وەرگرتنی نەبوو، پێ دەچێ ڕیژیم لەمیانەی دانوستان و نێزیکبوونەوەی ڕاستەوخۆوە لە سۆڤیەت بۆی دەرکەوتبێت شیوعییەکانی عێراق ئەو کارتی فشارە نەبوون کاتێک سۆڤیەت ئامادەی پێ بدات، لەسەر نەخشەی جووڵانەوەکانی سۆڤیەت نەبوون لە بەرابەر وڵاتانی عەرەبی و بەشێوەیەکی فرەوانتر وڵاتانی جیهانی سێیەمدا، پێ دەچێ ڕیژیمەکە بۆی دەرکەوتبێت شیوعییەکانی عێراق هیچ مەرجێکیان بەهیچ جۆرێک لە پێوەندیی لەگەڵ یەکەتیی سۆڤیەتدا پێک نەهێنابێت.

شتێکی سرووشتی بوو ڕەوشەکە لەنێوان حزبی شیوعی و حزبی دەسەڵاتداردا تێک بچێت، لەوەش ئاسانتر نەبوو هۆیەلێک بۆ جیابوونەوە بخولقێنرێن. تەنانەت کاتێک دوای ئەو قۆناخە بەماوەیەک دۆخەکە ئاڵۆز بوو و ڕیژیم بەپێی ئەو پێوەرانەی حزبی دەسەڵاتدار حەزی لێ بوو حزبی شیوعیی عێراقی بەسەرکردایەتیی داود ئەلسایغ دروست کرد، کەواتە سەپاندنی دیکتاتۆریی تاکڕایی ئەو تیۆرییە بوو، کە باو و قابیلی جێبەجێکردن بوو بێ بەرابەر، تەنانەت ئەو نوکتە بەناوبانگەی لەناو عێراقییەکاندا بڵاو بووەوە، کە قسە لەسەر کەسانێک دەکات بەشەو بوێرییان کرد و بڕگەی (لصاحبه حزب البعث العربي الاشتراكي- خاوەنەکەی حزبی بەعسی عەرەبیی سۆشیالیستە)یان لەسەر لافیتەی حزبی شیوعیی عێراق نووسی، کە لە بارەگەی حزب لە بەغدا کوترابوو، وەکو چۆن لەسەر ناوی چێشتخانە و شوێنە بازرگانییەکاندا دەنووسرێت، ئەمەش نیشانە و بەڵگەی دەستبەسەرداگرتنی تیۆریی تاکڕاییە لە سەرجەم جۆری ئەو چالاکییانەی دەسەڵات لەگشت ئاستەکاندا ئەنجامی دابوو.

ئاوەزی عێراقی ناتوانێت دەرفەتێک بۆ دوورکەوتنەوە تەنانەت کەمیش بێت جێهێڵێت سەبارەت بە پێڕەوکردنی ئەو تیۆرییە دۆزەخییە، تیۆریی دەسەڵاتخوازیی باوەڕمەندی لە هەموو دۆخ و کاتەکاندا. ڕەنگە وتنەوەی ئەو نوکتە سیاسییە توندە گوزارشت بووبێت لە ماڵوێرانی و تاڵیی سیاسی، کە شەقامی عێراق لە بەرابەر سووربوون لەسەر دامەزراندنی دیکتاتۆریی دەسەڵاتخوازیی تاکڕایی لە وڵاتدا هەستی پێ کردبوو.

بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش ژمارە ١٣٥٧ی ڕێکەوتی ١٩٧١/١١/٢٠ بەگرتنەوەی سزای لەسێدارەدان بەسەر هەر سەربازێکدا کە بەدەر لە چالاکیی سیاسی بۆ حزبی

بەعس چالاکیی سیاسی بکات. هەروەها بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش ژمارە ٤٦١ ڕێکەوتی ١٩٨٠/٣/٣١ سەبارەت بە لەداردانی هەر یەکێک لایەنگیریی بۆ حزبی دەعوە دەربکەوێت، وێنەیەکی ئابڕووبەری ڕێبازی ڕیشەکێشکردن و دەسەڵاتی باوەڕمەندییە، کە ڕیژیم لە بەڕێوەبردنی حوکم لە عێراقدا پابەندی بوو.

بەهەر حاڵ گەڕانەوەی ململانێی تایفی لەنێوان ڕیژیم و حزبی شیوعیی عێراقدا ئاماژەی زۆر گرینگ سەبارەت بە بابەتەکەمان لەخۆ دەگرن هەمبەر دیکتاتۆریی تاکڕایی لە ئاوەزی عێراقییەکاندا، ئەمەش دیاردەیەکە لە سەرجەم قۆناخەکانی مێژووی نوێی عێراقدا هاوشان بووە.

بەعسییەکانی عێراق پێشتر ساڵی ١٩٦٣ دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرتووە و کۆشاون بە تاکڕەوی حوکم بەڕێوە ببەن و زیادەڕەوییان کرد لە هەڵگیرسانی جەنگی خوێناوی دژ بە شیوعییەکان و هەوڵیان دا لەناویان ببەن، ئەم تاکڕەوییەشیان لە حوکمدا و لەو کاتەدا پەراوێزخستنی لایەنەکانی تر، بۆ دەرکردنی دەسەڵات لە دەستیان بەیەکەمین هۆ لێک درایەوە، دوای نێزیکەی پێنج ساڵی پڕ لە نوشست و تاڵی و شکست گەڕانەوە دەسەڵات، باشتر وا بوو بۆیان پەند لەو ئەزموونە خوێناوییەی ڕابردوو وەربگرن، کەچی گەڕانەوە سەر هەمان ڕێگە و بەشێوازێکی زۆر دڵڕەقانە و دڕندانە و خوێناویتر و پتر پابەندبوون بە حوکمی تاک حزبی، تاکڕایی و تاکباوەڕی.

هەڵبەت ئەم جارەیان لە ئەنجامدان و دووبارە کردنەوەی ئەو چەشنە هەڵە لێکچووانە لە میتۆد و ئاراستەدا مایەی لێبوردن نەبوو. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت سەرلەبەری کارەکە میتۆدێکی ئاکاری زۆرەملێیە و تاکی عێراقی لێی دەرباز نابێت، ئەگەر وا نەبووایە ئەوا ڕیژیمەکە پەندی لەوەی لە پێشوودا ڕووی دا وەردەگرت و خۆی لە دووبارەبوونەوەی ئەم چارەسەرە ماڵوێرانکەرە دەپاراست. هەروەها ئەوی ڕاست و دروستیی ئەم شیکردنەوەیە لەلایەکی تر دووپات دەکاتەوە، لای زۆرێک لە سیاسەتمەدار و لێکۆڵەران وا باو بوو، کە شیوعییەکان بەهەڵەدا چوون ئەو دەمی بەیاننامە ئاگرینە خوێناوییەکەیان دەرکرد و بانگی هاوولاتییانیان کرد بۆ داپڵۆسینی کودەتاکەی شوباتی ١٩٦٣ چەک هەڵگرن، هەڵبەت پێشتر وردەکارییەکانیمان لە شوێنێکی تری ئەم کتێبەدا باس کرد، کە مەزندە دەکرا ئەگەر چەکیان هەڵنەگرتایە و دژایەتیی کودەتاچییەکانیان نەکردایە، ئەوا زۆر شت دەگۆڕان و لاپەڕەیەکی نوێ لە هاوکاری و هۆگریی نیشتمانی و ژیانی دیموکراسیی پڕ لە سەقامگیری هەڵدەدرایەوە.

ئەوەتا شیوعییەکان ساڵی ١٩٦٨ و دواتریش توخن و ڕووبەڕووی هێزەکانی کودەتا نەبوونەوە، یاخۆ دژایەتیی دەسەڵاتیان نەکرد و هیچ کارێکی دوژمنکارانەی چەکدار و ناچەکداریان ئەنجام نەدا، لەوانەش پتر حزبی شیوعی ڕۆڵی ئامۆژگاریکەر و ئاراستەکەری بۆ ڕیژیم بینی، ئەمەش زیاتر لە ئەرێنییەوە نێزیکتر بوو لە مامەڵەکردن لەگەڵ دەسەڵاتدا، وێڕای ئەمەش ئەوانی حوکمیان

بەدەستەوە بوو پلانی درێژماوەیان بۆ حوکمی تازە دارِشتبوو بۆ بەتاڵکردنەوەی حزبی شیوعی و لەناودان و نەهێشتنی ڕۆڵی ئەو حزبە، وەکو بینیمان کەسی لێ نەبوێرا و خرانە لیستی لەناودانەوە، هەرچەندە دۆخی حزبە عێراقییەکانی تر، ئەوانی لەناودران یاخۆ هەڵوەشێنرانەوە لە شیوعییەکان چاکتر نەبوو.

هەرچی ئەو حزبە ئیسلامییانە بوون، کە ئەستێرەیان لە کاتێکی درەنگدا بەدەرکەوت دڵڕەقانە لێدران و بەپێی ئەو یاسایەی ڕێی دا هەر کەسێک ئەندامبوونی لە حزبی دەعوەدا دەربکەوێت لەدار دەدرێت، نەک هەر ئەمە بەڵکو خزمەکانیشی، ئیتر بەم یاسایە دەمودەست دەکوژران، یا لە سێدارە دەدران... ئەم مادە یاساییە[٤٩] دەکرێت بەخراپترین خۆتێهەڵقورتاندنی ئابرووبەر بۆ مافی مرۆڤ و ئازادی لە ژیانی مەدەنیدا دابنرێت، کەچی عێراق بەردەوام شانازی بەوەوە دەکات کە زێدی یەکەمین ئەو یاسایانەیە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دەرکەوتن!!

لە کۆتاییدا چیرۆکی پلانی پاکتاوکردن دژ بەحزبی شیوعی سیماکانی ڕوونن، ئەوە بوو لە سەرەتادا سەرکردایەتیی حزبی شیوعی بۆ کوردستانی عێراق هەڵات، دوای ئەوەش سەرکردە شیوعییەکانی عێراق یەک لە دوای یەک ناچار بوون بۆ دەرەوەی وڵات هەڵبێن، تاکو پاشان خۆیان بە ئۆپۆزسیۆنی عێراق لە دەرەوە بگەیەنن، بۆ ئەوەی ژمارەیەکی تر بخەنە سەر ئەو هێزە ڕیزبەستووانەی ساڵانێک بوو لە تاقمێکی خەمۆک بە ئۆپۆزسیۆنی عێراقیان ناو دەبرد. لە کاتێکدا ڕژیم بەردەوام بوو لە هەوڵ و کۆششی بۆ ئەنجامدانی کاری نەکردە، ئەویش بەدیهێنانی سەقامگیرییە لەژێر سایەی دیکتاتۆریی تاکڕایی، ئەو کارەی بەدیهێنانی ئەستەمە لەگەڵ میللەتێکی لاملدا کە لە زیان ناترسێ و وێنای ئەنجامەکانی ناکات، ڕەنگە توخنی مەرگ ببێتەوە و چێژ لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسی و بەڕوودا وەستانەوە وەربگرێت... پشێوییەکان سەریان کرد و لەگەڵیشیدا ئامرازەکانی ڕژیم لە لەناوبردنیشدا سەریان کرد، ڕژیم وەکو هەموو جارەکانی تر مکوڕ بوو لەسەر لێکنەدانەوەی مەترسییەکان و بەردەوامبوون لەسەر ڕێگەی توندکردنەوە و دژوەستانەوە و بەکەم زانینی ئۆپۆزسیۆن و ئەو سوپا بێ شومارەی خەریک بوو بۆ شەڕی عێراق کۆ دەبووەوە، بێ ئەوەی پلانێکی میتۆدیی ڕاستەقینەی جێگرەوەی هەبێت (وەکو دوایی بەدەرکەوت) مسۆگەری ڕزگارکردنی میللەت و وڵات لە مەترسییە نوێیەکان بکات، کە هەندێک بەرپرسی ڕۆژئاوایی ئاماژەیان پێ دەدان، بەتایبەت ئەمەریکا، ئەوە بوو هەڵەکان دوابەدوای یەک گەورە بوونەوە و دۆزی عێراق بەناودەوڵەتی کرا.

کاتێک سەعاتی کۆتایی نێزیک بووەوە خودان یەکڕایەکان تاقە ڕایەکیان نەدۆزییەوە لەگەڵیاندا ڕیز ببێت، یاخۆ بەرگرییان لێ بکات، هەمووان بەوەندە وازیان هێنا تەماشای ئەو ئاگرە بکەن، کە حزبی دەسەڵاتدار و میللەت و عێراقی شوێن بەشوێن تا کۆتایی هەڵدەلووشی.

وێڕای ئەوەی نامانەوێت و حەز ناکەین پاساو بۆ تاوانەکانی کوشتن، ئەشکەنجەدان، تیرۆر،

لەداردانی خێرا و ستەمە ناشیرینەکان بێنینەوە، کە ڕێژیمی پێشوو و سەرکردایەتیی حزبەکەی لە ساڵی ١٩٦٨ـەوە تا ساڵی ٢٠٠٣ ئەنجامی دەدان، بەڵام ڕاستی وامان لێ دەکات بڵێین: ئەم ستەمکارییە بێ پاساوە و هەموو ئەو تاوان و ئەنجامدانە خوێناوییە دوژمنکارانە نایاساییانەی لە بەرابەر هەزاران هاووڵاتیی عێراقدا لە ماوەی فەرمانڕەواییی سەرۆک ئەلبەکر و سەدام حوسەین و سەکردایەتیی حزبەکەیدا ئەنجام دران، کارەیلی دوورن لە پرانسیپ و هزر و باوەڕی حزبی بەعسەوە، هیچ نەبێت لە لایەنی تیۆری و ڕاگەیاندن و بڵاڤۆکی ڕۆشنبیریی باوەوە سەبارەت بە حزب، لەبەر ئەمە هەندێک وای دەبینن ئەوی ئەنجام درا و پێڕەو کرا لەو تاوانانە، بڕیار و هەڵوێست و حەزی خودی و هەڵسوکەوتی تاکەکەسین، ژمارەیەک سەرکردەی بەعسیی عێراق لەوانەی لەو دەمەدا بالادەست بوون بەسەر سەرکردایەتیی حزبی دەسەڵاتدار و هەژموونی بەسەر بەرپرسیارێتیی کەسێتی و تاکەکەسییاندا، پاش ئەوەی توانییان دەسەڵات بەسەر سەرکردایەتیی حزبی بەعسدا بگرن و قۆرخی بڕیارەکانی بکەن و حزب بڕفێنن و بۆ پتر لە سی ساڵ بەدەستی خۆیانەوە دیلی بکەن، تاکو بەناویەوە ئەو کارە تاوانکارییە خوێناوییە نەفرەتییانە ئەنجام بدەن.

بەڵگەشیان بۆ ئەمە ژمارەیەک لە بەعسییەکانی عێراق (کەم نەبوون) لە حزبی دەسەڵاتدار لەو کاتەدا ویستیان حزب ڕزگار بکەن و لەم میتۆدە خوێناوییە دووری بخەنەوە و لە حەزی دیکتاتۆریی پاکتاوییی قوتار بکەن، کەچی شکستیان هێنا و ژیانیان لەدەست دا، لە سێدارە دران و تێداچوون و بوونە قوربانیی ئەو سیاسەتە خوێنڕێژە دەسەڵاتخوازە بەزۆر سەپێنراوە بەسەر گەلی عێراقدا.

بەهەر حاڵ هیچ سەرکردەیەک لە حزبدا و هیچ کۆمەڵەیەک لە سەرکردە حزبییەکان نەیانتوانی ئەو کاروانە دۆزەخییەی لە کۆتاییدا بووە هۆی ڕووخانی فەرمانڕەواییی حزب و کوشتنی سەدان ئەندام و کادیر و دەربەدەرکردنی هەزاران ئەندامی خێزانەکانیان و وێرانکردنی دەوڵەتی عێراق و کوشتنی دەیان هەزار لە گەلی عێراق بوەستێنن، لەوەش خراپتر و لەسەرووی گشت ئەمانەوە داگیرکردنی عێراق و لەدەستدانی سەربەخۆییی نیشتمانی بوو، ئەمەش بەرپرسیارێتییەکی مێژووییە بەهیچ شێوەیەک مایەی لێبوردن نییە.

ئێستاش دوای تێپەڕبوونی ئەم هەموو ساڵە، کە بەسەر ڕووخانی ڕێژیمدا (ساڵی ٢٠٠٣) تێپەڕیون، ئەوی جێی سەیر و سەرسوورمان و پرسیارە ئەوەیە حزبی بەعس لە عێراقدا تاکو ئێستا نەتوانێت ئەو قۆناخە پڕ لە ڕووداوە کارەساتبارە بەدروستی و بوێری و واقعی و تێگەیشتووانە هەڵسەنگێنێ و بیداتە بەر ڕەخنە و سەبارەت بەو تاوانانەی لە ماوەی فەرمانڕەواییدا بەناوی ئەوەوە ئەنجام دراون داوای لێبوردن لە گەلی عێراق بکات.

ڕەنگە تاقە پاساو کە بکرێت مێژوونووس یاخۆ توێژەر لە لێکدانەوەی ئەو ناتەواوییەدا پەنای بۆ ببات ئەوەیە ئەم حزبە بە هەموو ئاستە سەرکردایەتییەکانیەوە هێشتا لە دۆخی ترس و گومان و خۆدانەدەستی هێرشی تیرۆری هزریی ناوەخۆیی و سەنترالیزمی ئەو سزا یەکلاکەرەوانەیە، کە

هەژموونی تاکڕایی لەناو هۆش و ئاکار و ڕۆشنبیری و ترادیسیۆنە ناوەخۆییەکانیدا چاندوویەتی.

تاقە ڕێگە بکرێت ڕێ لە دەرچوونی یەکجارەکیی ئەم حزبە لە مێژوودا بگرێت، ئەوەیە:

– دوورکەوتنەوە لە میتۆدی توندوتیژی، یاخۆ بەکارهێنانی چەک لە کاری سیاسیدا بەگشت ئاستەکانەوە و وەرچەرخان (شێلگیری و ڕاستەقینە) بۆ حزبێکی سڤیلی نیشتمانیی دیموکراسی و وازهێنان لە هەوڵی کودەتاکردن، کە هەموو جارێک بێ سوود ڕۆحی پتری لە هاووڵاتییان و ئەندامانی حزب تێ دەچێت.

– وەلانانی تیۆریی حزبی ڕابەر لە بەرنامە و ستراتیجە سیاسییەکەی و گۆڕان بۆ تیۆریی دیموکراسیی ئازاد و فرەییی سیاسی.

– چاوخشاندن بەتێزە باوەڕمەندییە بنیاتنراوەکەی لەسەر گرتنە خۆی پرۆژەی نەتەوەیی بەچەمکەکانی سەدەی ڕابردوو، ئەو پرۆژەیەی پێ دەچێ لە ساتەوەختی مێژوویی و بابەتیی ئێستادا نێزیکترە لە خەیاڵ و، وەرچەرخانی ئازایانە بۆ گرتنە خۆی تێزی خواستراو و واقعیی نێزیک لە خەمی ڕاستەقینەی خەڵک.

## دیکتاتۆریی تاکباوەڕ ئاکاری تاکی عێراقیی شێواند

لەبەر ڕۆشنایی ئەم کاروانە تراجیدییەی ڕێژیمە دەسەڵاتخوازە باوەڕمەندییەکان، کە هەندێک لاپەڕەی مێژووی درێژی ستەمکارییانمان خستە بەرچاو، کە لە هەزارەی سێیەمی بەر لە زاینەوە، تاکو بەراییەکانی هەزارەی سێیەمی دوای زاین دەکشێت، ئەوا دەتوانین بڵێین ئەو ڕێژیمە دەسەڵاتخوازە باوەڕمەندییانەی دوابەدوای یەک حوکم و دەسەڵاتی عێراقیان تاڕادیەک بەشێوەی بەردەوام گرتە دەست، بەشدار بوون لە وێرانکردنی ئاکاری گەل و تاکی عێراقی، هەروەها ڕەنگە بتوانین بڵێین بەخۆی هانی دا لەسەر ئاکاری ئاڵوگۆڕ و وەرچەرخان لە زۆربەی کێشەکانی ژیانی ڕۆژانەدا بەتایبەت ئەو دیکتاتۆرییە باوەڕمەند و ستەمکارانەی لە سەدەی بیستدا سەریان هەڵدا.

کۆتوبەند و ئەو مەرجانەی ئەو ڕێژیمە دەستەگەراییە لایەنگر و باڵادەستانە بەسەر چارەنووسی وڵات و کاروباری خەڵک و هاووڵاتییاندا دەیسەپێن، کە هەموو کێشە پێوەندارەکانی تایبەت بەخەڵک و گوزەران و ژیانیانی لەدەست خۆ گرتوون، وای لە تاکی عێراقی کرد بەزۆر و ناچاری سیفەتی درۆ، ڕیایی، تەڵەکەبازی، هەلپەرستی، ئاکاری ژێراوژێر و دووفاقی بگرێتە بەر، ئەمەش وای لێ کرد ئاکاری دووڕوویی لە پابەندبوون بەهەڵوێستە سیاسییەکاندا بگرێتە بەر.

مادامەکی دامەزراندن لە پۆست و کارە جیاجیاکاندا، هەروەها پلەپێدان (ترفیع) و پێشکەوتن لە پەیژەی پۆست و ڕاسپێری بۆ کار و پۆست و بەدەستهێنانی دەسکەوت و هەلی بەدیهێنانی دەسکەوتی مادی و شکۆمەندی و سامان و ناوبانگ لەسەر ئاستی فەرمی لە سەرجەم شوێن و

پۆستەکانی دەوڵەتدا، دەڵێین مادامەکی کارەکان وان ئەوا دەبێت دیاردەی دووفاقی بەرجەستە ببێت و بڵاو بێتەوە و بنەڕێنێت، خۆ ئەگەر گشت ئەم دەسکەوتانە و سەرجەم هەلەکانی بەدیهێنانی دەسکەوت بەدەست نایەن تەنیا لە ڕێگەی ڕاگەیاندنی متمانەوە بۆ تاقمی فەرمانڕەوا، یاخۆ بالادەست لە حوکم و پایەکانی دەسەڵاتدا، ئەوا لە بەرابەر تاکی عێراقیدا هیچ نامێنێتەوە تەنیا خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو دەستەیە، یاخۆ وا نیشان بدات متمانەی داوەتێ (جا بەڕاست بێت، یا درۆ، یاخۆ بۆ مەرایکردن)، خۆ ئەگەر زۆریی عێراقییەکان ئامادە بن لەسەر ئاکاری لەڕووداوەستانەوە و بەرگریکردنی فشارەکان، کەچی ڕێژەیەک (کەم نین) لە هاووڵاتییانی ناچار، خۆیان لەگەڵ ئەو شەپۆلەدا دەسازێنن، جار دوای جاریش ژمارەیەکی تر لە هاووڵاتییان ناچاری ملکەچیی خۆ گونجاندن لەگەڵ ئەو فەرمانانە دەبن، کە لەلایەن پیاوانی دەسەڵاتەوە دەردەچن، گەلێک جاریش ئەمە لەسەر حسێبی زیانگەیاندنە بەنەریتی پابەندبوون بە شەرەف و لێهاتووییەوە.

هەڵکردن لەگەڵ دەسەڵاتدارە زۆردارەکاندا لە هەموو کاروبارەکانی ژیان و کارگێڕی بۆ ماوەیەکی زۆر وای لە کەسێتیی عێراقی کرد سەربەخۆیی و شانازی کردنی بە بنەواکانی ئابڕوو لەدەست بدات و بەناچاری وای لێ بکات دووفاق بێت، لە سۆنگەی ئەمەشەوە هەر لە سەرەتای سەدەی بیستدا بینیمان زۆرێک لە عێراقییەکان دڵسۆزییان بۆ عوسمانییەکان ڕاگەیاند و گڕوتینیان بۆ هەموو شتێک هەبوو عوسمانییەکان بیانکردایە، تا ئەو ڕادەیەی هەندێکیان ستایشی والیی عوسمانی بکەن ئەودەمی تۆپبارانی مەزاری ئیمام عەباسی لە کەربەلادا کرد و کوشتارێکی تۆقێنەری لەناو مەزارەکەدا ئەنجام دا.

لەبەر هەمان هۆ لە سالانی چلەکان و پەنجاکاندا عێراقییەکان هەزاران قوربانییان لە بەردەم کاروانی پاشادا بەزەویدا دا و ئۆتۆمبیلەکەی شا فەیسەڵیان بەدەست و بازوویان بەرز کردەوە. بەم هۆیەوە گشتیان بوون بەیەکەتیخواز و چەپڵەیان بۆ عەبدولسەلام عارف لێ دا و داوایان لێ دەکرد دەمودەست یەکەتی بەدی بهێنێت، ئەودەمی بەسەدان هەزار لە گشت پارێزگەکانەوە هوتافی (الوحدة الوحدة یاسلام)یان دەکێشا.

لە سۆنگەی ئەمەوە بەسەدان هەزاریان گۆڕان بۆ شیوعی و هوتافیان بۆ یەکەتیی فیدراڵی و دۆستایەتیی سۆڤیەت دەکێشا و چەپڵەیان بۆ سەرۆک عەبدولکەریم قاسم لێ دەدا و داوای لەداردانی عەبدولسەلام عارفیان دەکرد، لە دواییدا بەهەمان هۆ بۆ پتر لە سی ساڵ و دوای ساڵی ١٩٦٨ بە ملیۆنان چەپڵەیان بۆ سەدام حوسێنی سەرۆک دەکوتی و گۆرانییان بەبالا و شێوە و وشە و قسەکانیدا دەگوت، تەنانەت بۆ ئەو لە سێدارە سیاسییانەشی کە دژ بە نەیارەکانی ئەنجامی دان.

بڵاوبوونەوەی تیۆریی دەسەڵاتخوازیی باوەڕمەند و فەرمانڕەواییی دیکتاتۆریی تاکباوەڕ پەیتا

پەیتا یادەوەریی میللەت دەسڕنەوە و دەیکەنە ڕووکەش و مرۆڤەکان لە وڵاتدا دەکەن بە کۆمەڵێک ژێردەستە و چەپڵەکوت و هەلپەرست، لەوانەی لەگەڵ هەر قەیرەیەکدا دەقیرێنن و یەکتر دەپلیشێننەوە و ململانێ و پێشبڕکێ دەکەن لە ڕاکێشانی ڕازیبوونی فەرمانڕەوا و پێشکێشکردنی متمانەی ملکەچی بۆ دەسەڵات و شەڕیانە لەسەر پێشکێشکردنی جۆرەکانی ستایش و پیاهەڵدانی هەلپەرستی لە هۆنراوە، گۆرانی، هەڵپەڕکێ، وشە، وتار، هۆنراوەی میللی و دیواربەند، لەکاتێکدا ڕاستی ونبووە و چاو کوێر دەکات لەو وێرانییەی لە وڵاتدا ڕووی داوە، تاکو کارەسات ڕوودان و ڕوودانی هێدمە، ئەوا گشت ئەمانە دەبنە سەراب.

ئەم ئاکارە هەلپەرستەی ئەمبەر و ئەوبەر کردنە ناڕاسگۆیە و سەرجەم دیاردە نەرێنییەکانی تر، کە لەکاتی ئێستادا وەکو عێراقی لە ئاکارماندا بەدەستیانەوە دەناڵێنین، دەگەڕێنەوە بۆ ئەو وێرانکارییەی پێنج دیکتاتۆرییە دەسەڵاتخوازە باوەڕمەندییەکە بەسەر گەلی عێراقیاندا سەپاند، کە لە سەدەی بیست لە عێراقدا حوکمی دەسەڵاتی سیاسییان کرد. بۆیە ئەم گەلە ئەمڕۆ ئاتاجی بەرنامەیەکی میتۆدیی ڕۆشنبیرکردن و پەروەردەیی سەرلەنوێیە، بنیاتنانەوەی ڕۆشنبیریی تاکی عێراقی و دووبارە پێکهێنانەوەی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی بگرێتە ئەستۆ و شووراپەندی دژ بە سەرجەم نموونەکانی نەخۆشیی دەروونی و ئاکاریی بۆ بکات، کە لەم دۆخە مێژووییەدا بەدەستیانەوە دەناڵێنێت.

## ڕێژیمی ئاشووبی دروست بوو لە عێراقدا دوای ساڵی ۲۰۰۳ز

## (ڕێژیمی تەنتەڵ)*

ئۆپۆزسیۆنی عێراق بەر لە ساڵی ۲۰۰۳ نێزیکی خۆدانە دەستەوە بوو و لە بێ ئومێدیی تەواو لە توانای ڕووخاندنی ڕێژیمی سەرۆک سەدام حوسێن نێزیک بووەوە، هەینێ لەپڕ لە ئاسۆدا توانای بەشداربوون یاخۆ تێوەگلانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە پرۆسەی سەربەخۆی ڕووخانی ڕێژیم لە بەغدادا بەدەرکەوت، بۆ لێکدانەوەیلێک هیچ پێوەندییان بە ئامانجەکانی ئۆپۆزسیۆن، یاخۆ بەکۆژانەکانی گەلی عێراقەوە نییە، ئەوە بوو ڕووخانی ڕێژیمەکە لە لێکدانەوەکانی ئۆپۆزسیۆندا کارێکی دوور و نەبینراو بوو، کە بەدەست لاوازی، پارچە پارچەبوون و ململانێی دژەکانەوە دەیناڵاند، کاتێکیش دەرکەوت وڵاتە یەکگرتووەکان شێلگیرە لە ڕەوتی ڕووخاندنی ڕێژیم لە عێراقدا، ئۆپۆزسیۆن خۆی بەم بابەتەوە گرت و هانی لێپرسراوانی لە ئەمەریکا دا بەهەر نرخێک بێت ئەم ئامانجە بەدەست بهێنێت.

کاتێکیش بۆ ئۆپۆزسیۆنی عێراق دەرکەوت وڵاتە یەکگرتووەکان پێویستی بە بەڵگە هەیە تا بیسەلمێنێت، یا جەخت لەسەر بوونی چەکی ئەتۆمی، یا کیمیایی، یاخۆ هەر جۆرە چەکێکی کۆکوژ لای ڕێژیمی عێراق هەیە و ئەمەریکا ئامادەیە بۆ دانی پاداشتی پارە هەمبەر ئەم بابەتە، ئیتر

شەپۆلی نەبڕاوە لە زانیاریی سەیر بەگێڕانەوەکانی کەسانی عێراقی گەیشتنە ئەمەریکا، کە هەموویان لە عێراقەوە دەهاتن، ڕێک دەخران و گێڕانەوەکانیان بەشێوەیەکی شیاو بەر لە ڕێگەدانیان بەبینینی ئەمەریکاییەکان دروست دەکران... کە پاشان دەرکەوت زۆربەی زۆریان گێڕانەوەی هەڵبەستراون.

داوودەزگەی ئەمەریکایی پشتیان بەزۆرێک لەو زانیاری و گێڕانەوە پڕ لە درۆ و ئاراستەکراو و دروستکراوانە بەستبوو، کە هەندێک لە عێراقییەکان پێشکێشیان دەکرد، ئەوانەی ڕێکخستنی ئەو گێڕانەوانەیان گرتە ئەستۆ ژمارەیەک سەرکردەی ئۆپۆزسیۆن بوون، کە هێندەی نەمابوو دوای ئەوە بەهۆی ئەم زانیارییە ساختانەوە لەناو بەڕێوەبردنی ئەمەریکاییدا قەیرانێک بێننە کایەوە، (پێ دەچێ) لە ئەنجامەکانی دەست لە کارکێشانەوەی کۆڵن پاوڵ وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمەریکا بوو. ئەودەمی لە دانیشتنێکی فەرمیی ئەنجوومەنی ئاسایشدا بەو زانیارییە ساختە و دروستکراو و وەهمییانە دەیویست دنیا قایل بکات، بۆی دەرکەوت هەڵخەڵەتێنراوە.

ئەم خووە لای عێراقییەکان لە زێدەڕۆیی و گەورەکردنەوە و دڵنیابوون و بەڵێندانی ناتەواو و گۆڕین لە قەناعەت و خۆگونجاندن لەگەڵ کەسانی بەدەسەڵات بەمتمانەی لاوازی لەرزۆک، سیفەتێکی کۆنە عەلی کوڕی ئەبو تالیب و حەسەن و حوسێن و زۆربەی ئالولبەیت و ئەمەوی و عوسمانی و ئینگلیزەکان سەدە لەدوای سەدە بەدەستیەوە دەیانناڵاند، ئیتر چۆن عێراقییەکان لەم گەمە هەمیشەیییەی تا ڕۆژی ئەمڕۆ دەیگێڕن دەتوانن سوود بەئەمەریکاییەکان بگەیەنن، ئەگەرچی نرخەکەی لە هەر جارێکدا گەورە و کارەساتبارە؟

لە چوارچێوەی ئەم واقیعەدا بۆ ئۆپۆزسیۆنی عێراقی ئاسان بوو خۆی بخاتە ژێر دەستی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە، کە جدیتر بوو لەوەی یارمەتیی ماڵی و کارگێڕی پێشکێش بەوانە بکات کە یارمەتیی دەدەن، بەتایبەت دوای یانزەی سیپتەمبەر، بۆ دەستکردن بەپرۆژەی ڕووخاندنی ڕژێمی عێراق، کە ئەویش بەهۆی ئابڵووقەی درێژ و تۆکمەی ئابوورییەوە هیلاک و ماندوو دیار بوو، دوای داگیرکردنی کوێت و پاش قوتاربوونی بەزەحمەتی لە ڕووخان لە جەنگی پێشووی لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامیی ئێراندا.

دوور لە شیکردنەوەی سیاسی و ڕاگەیاندنی وەهمیی گریمانکراو، کە هەوڵی دەدا ئەوەمان بۆ وێنا بکات، وڵاتانی گەورە و مەزن لە جیهاندا هیچ کارێکیان نەبوو جگە لە پیلانگێڕی دژ بە عێراقی مەزن و ڕژێمە جەماوەرییە نەتەوەیییە شۆڕشگێڕە خۆڕاگرەکەی بەڕووی پیلانە ناودەوڵەتییە داگیرکارییەکاندا، ئیدی تا دوایی ئەو قەوانە سواو و دووبارەیە. دوور لەم شیکردنەوە ڕووکەشە ئاراستەکراوە دەڵێین، ڕژێم لە عێراقدا بەهەڵسوکەوتە هەڵە و نمایشکارانە و حیساب بۆ نەکراوەکەی، گومانی دژ بەخۆی هاورد و بە ئەنقەست خۆی خستە شوێنی تۆمەت، بێ هەڵسەنگاندنی ئەنجامە مەترسیدارەکەی، کاتێک وای نیشان دا خودان هێزی مەزنی سەربازی و

چەکی پێشکەوتووە بەچەکی کۆکوژیشەوە، یاخۆ نێزیکبوونەوە لە بەدەستهێنانی، هەروەها هەڕەشەی ئاشکرا بەسووتاندنی نیوەی ئیسرائیل... هتد.

وەکو پاشان دەرکەوت گەمەی تۆقاندنی دژ بە وڵاتە گەورە کەڵبە ئەتۆمییەکان دەکرد لە پرۆسەی ڕووبەڕووبوونەوەی حسێب بۆ نەکراو و وا دەرخستن کە هێزی هەیە و کەشوفش و گوێ پێ نەدان و کەمتەرخەمی لەو وریاکردنەوە ناودەوڵەتی و ئامۆژگاریی وڵاتانی دۆست، درکی بەوە نەدەکرد یارییەکی کوشندە دەکات و بەواقعی و زانستی و سەربازی هیچ ئامرازێکی سەرکەوتن یاخۆ ڕزگاربوون یا خۆدەربازکردنی نەبوو، هەروەها خەملاندنی ڕاستەقینە و واقعیی تەرازووی هێزە سەربازییەکانی نەبوو... یاخۆ (سەرەڕای گشت ئەمانە) هەڵخەڵەتانی بەهەرای پشتگیریی عێراقییەکان و بروسکە ئاگرین و خۆپیشاندانە ملیۆنییەکانیان، هەروەها ئەو هەڵپەڕکێیانەی زەوییان دەهێنایە لەرزین لەو دەمی چەکی خۆیان بەشانەوە بوو بۆ گوزارشتکردن لە سووربوونیان لەسەر مردن، تاکو دوا کەسیان، هەمان ئەو وادە و بەڵێنانەی کارەساتی بۆ سەرکردەکانی تر لە مێژووی عێراقدا دروست کرد...!!! کە پاشان دەرکەوت (جگە لە هەندێک هەڵاوارەدی دەگمەن) ئەوی لە تۆڕەکەدایە با و تراویلکەن، تەنیا کەسی تینوو بە ئاوی دەزانێت...

پێویستمان بەقسەکردن نییە لەسەر ئەوەی چۆن ڕیژیم کەوتە ژێر بەزەیی زانیارییە هەڵخەڵەتێنە وەهمییە درۆ و ئاراستەکراوەکانەوە لەلایەن هەواڵگریی ناودەوڵەتییەوە و فێڵ و تەڵەکە و کەمینی بۆ مافیا و کۆمپانیا ناودەوڵەتییەکانی چەک نەخشە کێشا، هۆیەکەشی ونیی ئەو داوودەزگەیانە بوون، کە وڵاتیان بەڕێوە دەبرد و حوکمیان دەکرد. هەروەها ڕیژیم بەوردی حیسابی ئەو سنوور و دوورییانەی نەدەزانی، کە دەکرێت ئەو وڵاتە ڕۆئاواییانە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕیژیمێکی تۆتالیتاریدا بۆی برۆن، کە ڕۆژانە مکوڕ دەبێت لەسەر قەناعەت پێهێنانی جیهان بەوەی دەتوانێت لە میانەی هێزە سەربازییە بێ شومارەکەیەوە شتی سەیروسەمەرە بکات، بە هەڕەشەکردن لە بوونی ئیسرائیلیش.

بەم ئاوایە (ئەوی خۆی بخاتە شوێنی تۆمەتەوە، ئەوا تەنیا گلەیی لە خۆی دەکات). تاکو ئەم ڕۆژەش کەس ناتوانێت بەوردی ئەو هۆ ڕاستەقینانەمان بۆ لێک بداتەوە، کە وایان لە ڕیژیمەکە کرد تاکو کۆتایی بچێتە ئەو ڕووبەڕووبوونەوە خۆکوژییەی تەنانەت ئەو شێوازانەشی نەبوو بەساخی لێیان دەربچێت.

لەمیانەی ئەوەی لە ڕێزدار سامان عەبدولەجیدەوە وەرگیراوە، کە دوا دیمانەی وەرگێڕاوە لە نێوان سەدام حوسێن و گەورە پەیامنێری تۆڕی CBSی ئەمەریکایی ڕێزدار دان ڕازەر، وا دەردەکەوێت سەدام حوسێن قەناعەتی بەبوونی بڕیاری ئەمەریکایی نەبوو بەهەڵگیرسانی شەڕ، یاخۆ بە کردەنی ڕووخاندنی ڕیژیمەکەی، دوور نییە گاڵتەی بەهەر ئاماژەیەک لەم بارەیەوە کردبێت: با سەرنجی ئەم زانیارییە بدەین:

"ئەو ڕێکەوتەی سەیر بوو ئەوە بوو، کە دوا ڕۆژنامەنووس بەر لە شەڕی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق لە سەرەتای ئاداری ٢٠٠٣دا چاوی بە سەرۆک سەدام کەوت، ئەو بەخۆی یەکەمین ڕۆژنامەنووسی تەلەڤزیۆنی بوو لە سەرەتای قەیرانەکە لە ئابی ١٩٩٠دا چاوی پێ کەوت، ئەویش دان ڕازەری گەورە پەیامنێری تۆڕی CBSی ئەمەریکایی بوو، کاتیک ماڵئاواییی لە سەرۆک سەدام حوسێن دەکرد، ئەم گفتوگۆیەیان لەنێواندا هاتە بەرهەم:

دان ڕازەر: ڕەنگە ئەمە دوا دیمانە بێت لەنێوانماندا.

سەدام حوسێن: بیرمە ساڵی ١٩٩٠ هەمان شتت پێ گوتم، وەلێ وێڕای دیسانەوە دەستدرێژی کردنە سەرمان، ئەوەتا من جارێکی تر لێرەم و خوا یار بێت دوای ئەم هێرشەش هەر پێک دەگەینەوە، چونکە ئێمە لە خۆمان و ڕەوایی دۆزەکەمان دڵنیاین.

دان ڕازەر: بەڵام گەورەم ئەم جاریان هەڵوێستەکە جیایە و بوشی کوڕ وەکو باوکی نییە، هەروەها ئەو هێز و سوپایەی ئەم جار بۆتان ئامادە کراون زۆر لەسەرووی ئەوی پێشووەوەیە.

سەدام حوسێن: (بەبزەخەنە و شێوە گاڵتەجارییەکەوە) خاترجەم بە، هەر لێرەدا بەیەک دەگەینەوە و پاشان باسی هەموو ئەمانە دەکەین.

وەرگێڕی تایبەتی سەرۆک سەدام حوسێن، دکتۆر سامان عەبدولمەجید دەڵێت:

دوای تەواوبوونی چاوپێکەوتنەکە و لەکاتی بەڕێکردنی میوانەکە بۆ ئۆتۆمبیلەکەی، سکرتێرە تایبەتەکەی سەرۆک سەدام فەریق عەبد حمودیش لەوێ بوو، دان ڕازەر هەمان وریاکردنەوەی پێ گوتەوە، سەبارەت بەوەی ئەم جاریان کارەکە بەهێزتر و دڵڕەقانەترە:

– خۆتان لەم شەڕە بپارێزن.

فەریق عەبد حمودیش بەزەردەخەنەوە وەڵامی دایەوە:

– "نەخێر، دەبینیت دوای تەواوبوونی لێرەدا پێک دەگەینەوە".[٥٠]

وا دیار بوو وێڕای گشت بەڵگە و ئاماژە ئاشکراکان وەک ڕۆژی ڕووناک، ڕیژیم قەناعەتی بەوە نەبوو، کە وڵاتە یەکگرتووەکان جەنگ بەسەر عێراقدا دەکات، یاخۆ بڕیاری بەکردەنی داوە بۆ ڕووخاندنی ڕیژیمەکە. کاتێکیش خەریک بوو قەناعەت بە شیمانەی ڕوودانی بکات، کات بەسەر چوو بوو و هەلی ڕزگاربوون، یاخۆ خۆ دەربازکردن لە ڕووخان لەدەست چوو بوو.[٥١]

دوای بەکەم زانینی ڕیژیم بەئاگەدارکردنەوە ناودەوڵەتییەکان و بەتایبەت لەلایەن ڕووسیاوە، کە سەرۆک سەدام حوسێن هیچ بایەخێکی پێ نەدان، زۆرێک باوەڕیان وا بوو ڕیژیمی عێراق یا خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کتوپڕی سەربازیی نهێنیی ئەوپەڕی مەترسیدار و هەرگیز چاوەڕوان نەکراو ساز و ئامادە کردووە و ڕێڕەوی شەڕەکە دەگۆڕێت و دنیا سەراسیمە دەکات... یاخۆ بە جووڵەیەکی خۆکوژ بەرەو دۆزەخ مل دەنێ و بەدڵنیاییەوە لەناو دەچێت.

لەسەر بنەوای ئەو ئەنجامانەی دوای جەنگ ڕوون بوونەوە، دەرکەوت سەدام حوسێن هیچ لەناکاوێکی نەبوو و تەنیا دەیویست لە ڕێگەی ترساندن و وەهم و چاندنی کەڵکەڵەی جدییەوە بەرپەرچی وڵاتانی ڕۆئاوا بداتەوە، کە نەهێڵن دەست لە ڕێژیمەکەی بوەشێنن.

ئیدی بڕوایان بەو ترس و کەڵکەڵانە کرد (یاخۆ ویستیان بەم شێوەیە وا نیشان بدەن بڕوایان پێ کردووە)، ئەوە بوو لێدانە وێرانکارییەکەیان توندتر کرد، بەشێوەیەک بایی ئەوەندە بێت پشتی عێراق و سوپاکەی بشکێنێت، لە ئاسماندا بەدرێژیی چەندان هەفتەی جەنگ نەیانهێشت بۆ خولەکێک چییە تا کۆتایی سەر هەڵبڕێ. هەرچی لەسەر زەویش بوو شەپۆلی یەکەمی ئەو تانکانەی هاتنە عێراقەوە لەو جۆرە بوون کە لە جەنگی ئەتۆمیدا بەکار دێن، ئەمەش لە ترسی هەر لە ناکاوێک ڕێژیم بۆی هەڵگرتبن، لەبەر ئەمە گۆشت و ئێسکی سەربازە عێراقییەکان لەناو تانکەکانیاندا بوونە هەویر، کە بەهۆی گوللەی ئەو تانکە ئەتۆمییانەی بە یۆرانیۆم بارگاوی بوون توانەوە و بوون بەهەڵم.

نیازی ڕێژیم و ئاواتەکانی لە ڕێگەی ترساندن و تۆقاندنەوە بەدیهێنانی قەڵغان بوو، ئەمەش هۆ بوو بۆ توندکردنەوەی لێدانە پشتشکێنەکان دژ بەسوپای عێراق و دژ بەعێراق بەگشتی. بەم شێوەیە (على نياتكم ترزقون).

لەلایەکی ترەوە دەبوو ئەو ئەزموونە سیاسییە سەرنەکەوتوو و تاڵانەی ڕابردوو، کە بەدەستیانەوە دەیناڵاند و بزاڤی نیشتمانیی عێراق لە ماوەی دەیەکانی سەدەی بیستدا تێیاندا دەژیا، بایی ئەوەندە وانە و پەندی بەئۆپۆزسیۆنی عێراقی دا و پاراستی، تاکو جارێکی تر نەکەوێتە هەڵەی گەورەوە و خۆی دوور بخات لە کەوتنە ناو هەڵەکانی ڕابردوو و کاری مەترسیداری پێشووەوە، کە هۆیەک بوون بۆ وێرانکردن و لەناوچوونی ژمارەیەک فەرمانڕەوا و حزب و ڕێژیمی سیاسیی پێشوو لە عێراقدا هەر لە هەڵقوڵینی حوکمی نیشتمانی لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا تا ڕووخانی ڕێژیم لە ساڵی ٢٠٠٣دا، بەتایبەت کێشەی تاکڕەوی بەدەسەڵات و دامەزراندنی حوکمی دیکتاتۆریی تاکڕا لە وڵاتدا، کەچی ئەمە ڕووی نەدا و دەرکەوت ئۆپۆزسیۆنی عێراقی هیچ وانەیەک لە وانەکانی ڕابردوو فێر نەبووبوو و هیچ پەندێکی لە ئەزموون و ڕووداوەکانی پێشوو وەرنەگرتبوو، هەروەها سوودی لە هەڵەی ئەوانی تر نەبینیبوو و دیلی هەمان بۆچوون و نەریت و نەخۆشی بوو، کە ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆرییە تاکڕایانەی گرتەوە لە سەرەتای سەدەی بیست لە عێراقدا دامەزران، ڕەنگە بەرجەستەترین هەڵە ئۆپۆزسیۆن دوای داگیرکردن و پاش ڕووخانی ڕێژیم تێی کەوتبێت مکوڕبوونی بوو لەسەر جێبەجێکردنی میتۆدی پاکتاو لە تۆڵەسەندنەوە و دوورخستنەوەی سیاسی و ڕیشەکێشکردن دژ بە بەعسییەکان بەگشتی بێ جیاوازی و دژ بە لایەنگرانی ڕێژیمی پێشوو بەشێوەی گشتی، لە کاتێکدا زۆربەی بەعسییەکان لە حزبی دەسەڵاتداردا پرتە و بۆڵەیان دەهات و وەڕس و بێزار بوون لەوەی لە حزب و دەسەڵاتدا ڕووی دەدا، ئەوەش هەمان سیاسەتی پاکتاو بوو، کە ڕێژیمی پێشوو بەخۆی بە سەرکردایەتیی سەدام حوسێن دژ بە نەیارە سیاسییەکانی پیادەی

کرد، کە بە خاپووربوونی ڕێژیمەکە و سەرلەبەری عێراق دوایی هات.

ڕەنگە ئەم کارە مایەی سەرسووڕمان نەبێت، چونکە زۆر جار هیچ لایەنێکی سیاسی لە عێراقدا ئامادەیی تێدا نییە پەند لە ڕابردوو وەربگرێت، یاخۆ وانە لە ئەزموونە سەرنەکەوتووەکانی پێشوو وەربگرێت، هەروەها بەهیچ جۆرێک (ئەگەر لایەنی کوردیی تێدا هەڵاواردە بکەین) دووربینیی هێمنانە یاخۆ ستراتیجیی نە بۆ ڕووداوەکانی ڕابردوو و نەیش بۆ لێکدانەوەکانی ئایندە نەبووە، هەر لایەنێکیش لە لایەنەکان وا هەڵسوکەوت دەکات وەک ئەوەی مێژوو لەوەوە دەست پێ دەکات و لای ئەو کۆتایی دێت و لە گەردوونیشدا ڕاستییەکی تەواو نییە تەنیا قەناعەت و هزر و بۆچوونەکانی ئەو نەبن.

پەراوێز:

٤٩. ئەو مادەیەی ڕێی دابوو بەلەداردانی هەر کەسێک لایەنگریی بۆ حزبی دەعوە هەبێت، لە بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی ژمارە ٤٦١ی ٣١/ئاداری/١٩٨٠دا بوو، کە سەبارەت لەسێدارەدانی هەر کەسێک بوو ئەندامی حزبی دەعوەی ئیسلامی بێت، لەگەڵ دەقەکەدا بڕیارەکەی بەگەڕانەوە (اپر رجعی) پێڕەو دەکرد.

* تەنتەڵ: جنۆکە، خێو.

٥٠. سعدون الجنابی، تحت لهیب الحرب، مؤکرات صحفی عراقی، الگبعە الاولی، ٢٠١٢، ص٥٦-٥٧، دار الادیب، عمان-الاردن.

٥١. لە گفتوگۆیەکی تایبەتدا لەگەڵ مامۆستا (صلاح عمر العلی)ی ئەندامی ئەنجوومەنی پێشووتری سەرکردایەتیی شۆڕش و وەزیری پێشووی ڕۆشنبیریی عێراق، باسی ئەوەی کرد (وێڕای ساڵانێکی زۆر لە دابڕان لە نێوان هەردووکیان و چوونی مامۆستا سەلاح عومەر ئەلعەلی بۆ کارکردن لەناو ڕیزەکانی ئۆپۆزسیۆندا) سەرۆک سەدام حوسێن بەر لە چەند ڕۆژێکی زۆر کەم لە هێرشەکە بەتەلەفۆن پێوەندیی پێوە کردووە لەو پێوەندییەدا سەرۆک سەدام حوسێن پرسیاری ئەو شێواز و کار و چۆنێتیی جووڵانەوانەی لێ کردووە، کە دەبێت بۆ پاراستنی وڵات و نیشتمان بگیرێنە بەر، ئەگەر ئەوانە سووربوون لەسەر جێبەجێکردنی هێرشەکە...هتد.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەو تاکو ئەو ڕۆژەش قەناعەتی بەوە نەبوو هێرش دەکەنە سەر عێراق!! ڕەنگە سەدام حوسێنیش ئەم پێوەندییەی لەگەڵ سەلاح عومەر ئەلعەلی بۆیە کردبێت بڕوای وا بووبێت (بەپێی ئەو زانیارییە تەناهییە وەهمی و درۆیانەی لای هەن) ڕەنگە عەلی بتوانێت کار لە بڕیاری ئەمەریکایی بکات لە بابەتی ڕووخاندنی ڕێژیم و جەنگ هەڵگیرسان، بەوەی نەدەزانی بەهەموو ئۆپۆزسیۆنی عێراقییەوە ئەوکات نەیاندەتوانی هیچ کاریگەرییەک لەسەر بڕیاری ئەمەریکایی دابنێن.

سەدام دوای بەسەرچوونی شتەکان قەناعەتی هێنا، ئەو کاتیش هیچ سوودێکی نەبوو...

# پیاوە پیجاما شینەکە

## بیرەوەریی گرتییەک

جەلال بەرزنجی

ئەڵقەی دووەم

---

### هەواڵگەلی سەرسڕکەر

بەهۆی هێنانی ژمارەیەکی تر لە گرتییانی نوێ، لە ناو ژوورەکەماندا جێیەکی زۆر کەم مایەوە. خەوتن و دانیشتن بەسەر قنەوە یان ڕاکشان لەسەر یەک لا لەسەر زەوی هەرگیز شتێکی خۆش نەبوو. سەرباری چەندان جۆر پەڵەی پێست، خەوتن لەسەر زەوی بەو هەموو ڕۆژگارەی دەهاتن و دەچوون و بەردەوام لەسەر لا و، بەبێ ئەوەی هیچ هەبێ لەسەری بخەوی جگە لە جووتێک بەتانیی چڵکنی کۆن، ئێمەیان تووشی چەندان جۆرە ئێش و ژان کرد و وایان کرد زۆربەی کات هەست بە نائومێدییەکی خراپ بکەین.

هەر لەو لای منەوە کابرایەک هەبوو بەناوی عەبدوڵا، بەڵام هەموومان بەناوی شەربەت بانگمان دەکرد چونکە ئەو کاتەی کە ئازاد بوو، لەسەر شەقامەکانی کۆیە شەربەتی دەفرۆشت بۆ دابینکردنی بژێوی. شەربەت بەزوانی کوردی ئاوی میوەیە و، شەربەت شەربەتەکەی خۆی لە مێوژ دروست دەکرد کە زۆر باو بوو. زیاد لە هەر شتێک، شەربەت زۆر باسی بۆنی ئەو بەتانییانەی بۆمان دەکرد کە ئەو توانی خۆڕاگرتنی لەبەردەمیدا نەبوو. لەوەشدا ڕاستی دەگوت، بەتانییەکان پیس بوون و بۆنی گەنیویان لێ دەهات.

"جارێکی تر چوونە ناو پێخەفێکی خاوێن وەک خەونێک دەبێ"، شەربەت ڕۆژێک ئەمەی بە من گوت. "بۆ من، پێخەفێکی خاوێن و خواردنێکی باش لە پێش گشت شتێکی ترەوە دێن. هەر کە منداڵیش بووم گەلێک حەزم لەم شتانە هەبوو- هەموو کەسێک لە خێزانەکەم ئەمە دەزانێ. لەوانەیە کچەکەم هەستی کردبێ کە ڕۆژێک دێ و دێمە گرتن، چونکە مانگەک پێش گرتنم، دەستی پێ کرد

..............................

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەوف عەبدوڕەحمان

هەمـوو هەفتـەیەک دۆڵمـە و کـەباب و کـفتـەی دروست دەکرد. ئـەو گوێی بـەپاڵەپەسـتۆی بەرزی خـوێنەکـەم نەدەدا. ئەو تەنیـا حـەزی دەکـرد لەوە قـەڵەوترم بکا هە هەبووم"، شـەربەت گـاڵتـەی بە کـێشی خـۆی دەهات. "هـەروەها دۆشـەکـێکی لۆکـەی خـاوێنی خـسـتبـووە لاوە لەگـەڵ بالیفـەک و بەتانییـەک و هـەموویانی بەجوانی پێچابووەوە، بۆ من بۆ ئەوەی کە ئەو ڕۆژەی لێی دەترسایین هات لەگەڵ خـۆمیـاندا ببـەم. بۆ ئەوەی مـاوەیەکی زیاتریش بۆنی خـۆشیـان پـێوە بمێنێ گـولاوڕێژیانی کردبوو بەو بۆنەی کە خۆی حەزی لێ دەکرد.

"بەردەوام بۆنەکـەی ئەو ئێـوارەیەی بە بیـرم دەهێنایەوە لە سـاڵی ۱۹۸۳دا، کـاتێک کـە لاشـەی دکـتـۆر ئازادیـان هێنایەوە بۆ کـۆیە. ئەویش قـوربانیـیـەکی تری شـەڕی ئێران-عـێـراق بوو. چەند هەفتـەیەک، لاشەکەیان لە فریزەرێک لە نەخۆشخـانە دانابوو، بەڵام بۆ ئەوەی بیهێننەوە کۆیە دەبوو لەو فـریزەرەی بهـێننە دەر. خـێزانەکـەی تابووتەکـەیان خـسـتبـووە سـەر تۆیۆتایەک و مـاوەی ۱۰ سـەعات لە باشـووری عێـراقـەوە تا کۆیە ئۆتـۆمـۆبیلـەکە ڕێی بڕیبـوو، لاشـەکەیش بـەبەر هەتاوی گەرمەوە بوو. لە مزگەوتەکەدا، تابووتەکەیان کردەوە و هـەموومـان دەستمان خستە سەر کەپوومان. بێگومـان ئەمـە شـتـێک بوو کـردنی مـایەی سـەخڵـەتی بوو، بەڵام بۆنـەکە زۆر بەتینتـر بوو لەوەی بەرگـەی بگیـرێ- بـەڕاسـتی ناخـۆش بوو. تا ئەو کـاتە من نەمـدەزانـی کە لاشـەی مـرۆڤ دەشێ چ بۆنێکی پیسی لێوە بێ. ئەو هەڵوێستە بۆمی ئاشکرا کرد کە چەند بە ئاسانی دەکرێ هەموومان بە شـتی پووچ بخـەڵەتێین و وا بیـر بکەینەوە کـە دەتوانین بە بـەردەوامی بە باشـتـرین شـێـوە و لە باشترین دۆخدا دیار بین.

"پیـاوەکانـی مزگـەوتەکـە بەبێ دواکـەوتـن خـەریکی کـاری خـۆیان بوون. لاشـەکـەیان دەرهێنا و بەتەواوی شوشتیان، لە گولاودا خوسـاندیان، ئینجا بەجوانی لە قومـاشێکی سپیی سادەیان پێچا و خستیانە ناو دارەمـەیت بۆ ئەوەی پیاوەکان بیبەن بەرەو گۆڕستـان. بەڵام هێشتا بۆنی ناخـۆش بوو. ئێسـتـا کـە بۆنی بەتانیـیـەکـان دەکـەم، تەنیـا دەتـوانم بیـر لـە دکـتـۆر ئـازاد بکەمـەوە، نەک لە میهرەبانیی کچەکەم."

شەربەت هەڵوەستەیەکی کرد لەو کاتەدا کە گشتمانی بەوەی بۆمای باس دەکرد بەکێش کردبوو. مەرگ شتێکی نامـۆ نەبوو بۆ خەڵکی کورد، بەڵام کاریگەر دەبێ لە کاتێکدا کە کەسێک بەم شێوەیە باسی لێـوە بکا. لەم حـاڵەتـەدا بوو بەشـتـێکی کـەسی. پاش کـەمـێک، شـەربـەت دەسـتی کـردەوە بە باسکردنی زیاتر لـەبارەی گرتنەکەیـەوە. "کوڕەکـەم، ئازا، چووە ناو پێشـمـەرگە. ئەو لە تیپی ۲۱ی کەرکووک بوو، بۆیە دەمزانی کە مەسەلەکە تەنیا مەسەلەی کـاتە پێش ئەوەی بێمە گرتن. من توانی ئەوەم نەبوو جارێکی تر بچـمەوە ناو ڕیزەکانی پێشـمەرگەوە. وەک دەزانن، منیش پێشـمەرگە بووم، لە ۱۹٦٥ـەوە تا ۱۹۷۰، ئەو ساڵەی کە شۆڕشەکەمان لەناکاو هەڵوەشا. بۆ هەمووما‌ن ئەوە شتێکی گرانتـر بوو لـەوەی بەرگـەی بگرین. بۆیە تفـەنگەکـەم فڕێ دایە ڕووباری چۆمـانـەوە و وەک پیـاوێکی تێکشکاو گـەڕامـەوە شـارەکـە. ئیـتـر پاش ئـەوە، حکوومـەت منی گـرت و شـانبـەشـانی هـەزاران

هاوولاتیی تری کورد ڕەوانەی باشوور کرام بۆ ڕومادی. لە کوردستانەوە دوور بخرێیتەوە بۆ ناوجەرگەی عێراقە وەهابییەکە زۆر خراپ بوو، بەڵام دواتر ئێمەیان دایە دەست دەسەڵاتی ناوەخۆیی و ئەوانیش ئێمەیان بۆ ماوەی دوو ساڵان لە سەنتەرێکی دەستبەسەریدا گلدایەوە پێش ئەوەی ڕێگەمان بدەن بگەڕێینەوە بۆ کوردستان. پاش ئازادکردنمان لەو کۆمەڵگەیەی ئەو ماوەیە تێیدا ژیاین، هەندێ لە هاوڕێیانم هەوڵی بەدەستهێنانی پەناگەیان دا لە ئەوروپا و کەنەدا و ئەمەریکا، بەڵام من پێم وا بوو کە بێهوودەیە مرۆڤ بچێتە تاراوگە لە وڵاتێکی ڕۆئاواییدا.

"وەک دەزانن، تۆ ناتوانی تەنیا بەتفەنگێکەوە شەڕی حکوومەتێک بکەی کە سەری گەلەکەت دەکوتێتەوە. تۆ پێویستیت بەوەیە پاڵپشتیی ناوەدەوڵەتیشت هەبێ، نەک تەنیا پاڵپشتیی هەر وڵاتێک. بەلای کەمەوە پێویستە وڵاتێکی بەهێز هەبێ لە پشتت بێ، ئەوەیش نابێ تەنیا لەبەر هۆکاری تاکتیک بێ، وەک ئەوەی لە دۆخی ئێمەدا ڕووی دا، بگرە دەبێ لەبەر هۆکاری ڕاستەقینە بێ. دۆخەکەی ئێمە دۆخێکی پڕ ژانە: ئەمڕۆ وڵاتێک پێمان دەڵێ کە لەگەڵ ئێمەیە و ئێمەیش بڕوای پێ دەکەین، بەڵام سبەی لە پشتەوە زەبرمان تێ دەسرەوێنێ. مەگەر ئێران و عێراق لە ١٩٧٥دا بەهاوکاریی هینری کیسنجەر وایان لە ئێمە نەکرد؟"

بێگومان شەربەت بەمە ئاماژەی بۆ ڕێککەوتنی جەزائیر دەکرد کە لە ٦ی ئاداری ١٩٧٥دا ئیمزا کرا. ئەو ڕێککەوتنە دەستپێشخەرییەک بوو بەسەرۆکایەتیی سەرۆکی جەزائیر، هەواری بومەدیەن و، شای ئێران و، سەدام حوسێن. بەپێی ئەم ڕێککەوتنەیش، شا گشت پشتگیرییەکی ئێرانی لە شۆڕشی کورد دەکێشێتەوە. لە ئاکامیشدا بەرگری هەرەسی هێنا.

شەربەت هەڵوەستەیەکی کرد بۆ ئەوەی بەسەر تووڕەیی خۆیدا زاڵ بێ پێش ئەوەی بگەڕێتەوە سەر چیرۆکەکەی.

"ئازا و من خەریکی هەندێ نوێکاری بووین لە خانووەکەدا پاش ئەوەی ژنەکەم مرد. ڕۆژێک بڕیارمان دا کە کاتی ئەوە هاتووە چاکسازییەکی سەرەکیی تێدا بکەین. ئەو نوێکردنەوەیە تەواو بۆ ماوەیەک ئێمەی سەرقاڵ کردبوو، دراوسێیەکەیشمان بە میهرەبانییەوە پێشنیازی هاوکاریکردنمانی کرد بە دروستکردنی ساوار بۆمان لەو هاوینەدا تا بتوانین کار لە ماڵەکەدا بکەین. وەک هەر خێزانێکی تر، لە هاویندا ئەوەندە ساوارمان دروست دەکرد کە بەشی زستان و بەهارمان بکا.

"بەردەوام هیوای ئەوەم دەخواست کە ماوەیەکی کەمێک زیاتر لە دەرەوەی گرتووخانەدا بم، بۆ ئەوەی دوو جار لە هەمان خانوودا بە یەک ڕیز نەخەوم. بە شەو لە هەر جێیەک بم زمناکۆ، کە نەوەمە، لەپاڵ منەوە دەبێ و خێرا دەچێ و ئەو پێخەفە دێنێ کە کچەکەم بۆ منی خستووەتە لاوە. هیوام وا بوو کە بهێڵن پێخەفەکە لەگەڵ خۆمدا بهێنم بەڵام ئەو شەوەی کە بۆم هاتن و دەستیان کرد بە تێهەڵدانم، زانیم کە ئەوەم پێ ناکرێ. بەڵام توانیم پێش ئەوەی لە ماڵ بمبەنە دەرەوە حەبی پاڵەپەستۆی خوێن و ژانی گەدەکەم بخەمە گیرفانمەوە. بەختیارانە، گیرفانەکانم نەگەڕان."

کاتەکە تەواو درەنگ بوو و، ئاکۆ، کە یەکێکی تر بوو لەو گیراوانەی نێزیکمان، لە ژێر

بەتانییەکەوە ملی قیت کردەوە و پرسیی، "ئەرێ ئەو دووانەتان باسی چی دەکەن؟ وا بزانم گوێم لێتان بوو باسی ئەوەتان دەکرد کە دێینە ئازادکردن، دەی، ڕەنگە خەونم دیبێ یان شت بەگوێمدا هاتبن. بەڵکە ئەم جارەیان ئەو دەنگۆیانەی کە هەن شتێکیان لە ڕاستی تێدا هەبێ. بەڵکو بەربوونمان نێزیک بووبێتەوە."

لەم کاتانەدا ژمارەیەکی زیاتر خەڵک بەخەبەر هاتبوون. هەرچەندە مام شەربەت ماندوو بووبوو و چاوەکانی نووقاندبوو، یەکێ لە جەماعەتەکە کە ناویم بەبیر نایەتەوە گوتی، "زوو بێ یان درەنگ، ئەو هەر دێ کە تیایدا دەتوانین هەموو ئەمانە لە پشت خۆمانەوە بەجێ بهێڵین. ئەوان ناتوانن هەتاهەتایە ئێمە لێرەدا بهێڵنەوە".

وتەکانی ئەو پیاوە ئاکۆیان دڵخۆش کرد و کەمێک ڕووی گەش بووەوە. ئینجا گوتی، "قسەی خۆش لە بەهەشتەوە هاتووە".

ئازادبوون لە گرتیگە بەردەوام لە مێشکماندا بوو، هەرگیز لە باسکردنی ماندوو نەدەبووین. دەگمەن بوون ئەو جارانەی کە لە خەونەکانماندا بەربوونمان لە گرتووخانە نەدەدی. تەنانەت جاری وا هەبوو کە پێمان وا بوو بەڕاستی بەردەبین تەنیا بەهۆی باسکردنی ئەو بابەتەوە. ئەمەش وای دەکرد نائومێدبوونمان تەواوەک تاڵتر بێ. شەربەت و من بەردەوام بووین لە قسەکردن بە دەنگێکی نزمەوە و دوو جاری تریش ئاکۆ سەری لە ژێر بەتانییەکانەوە دەرهێنا. لە کۆتادا، وەلی کە گرتییەکی تر بوو لە تەنیشتمانەوە، پێی گوت ئەرێ کاکە تۆ بەتەما هەی بخەوی.

لە وەڵامدا ئاکۆ زۆر بەنەرمی گوتی: "بەدرێژایی ڕۆژ بیری منداڵەکانم دەکەم، بەڵام بە شەو تەنیا بیر لە ژنەکەم دەکەمەوە. بەڕاستی سەختە بۆ من کە بەبێ ئەو بم. من دەتوانم بەرگەی ڕۆژ بگرم بەڵام ناتوانم بەرگەی شەوگار بگرم".

کات تەواو درەنگ بوو ئەو کاتەی کە ئاکۆ تەواو بێدەنگ بوو. ئاکۆ لە گوندێکەوە هاتبوو کە نە کارەبای پێ گەیشتبوو نە ئاوی بۆرییی هەبوو، ماوەی سی ساڵ بوو ژنەکەی خۆی هێنابوو. بەڵام سەرباری ئەو هەموو ساڵانەی بەیەکەوە بەسەریان بردبوون، هێشتا سۆزی ئەم بۆ ژنەکەی تەواوێک بەهێز بوو و زۆر بیری دەکرد. ئەو حەزی دەکرد وردەکاریی ژیانی تایبەتی خۆیمان بۆ باس بکا. گەورەترین گلەییشی لەوە بوو کە بە دەگمەن بەخت لای ئەو بووە. لە کوردستاندا، زۆر کەمە کە ژن و مێرد بە یەکەوە لەناو یەک پێخەفدا بخەون. لە ساڵی ٢٠٠٣دا، کاتێک کچە گەورەکەم لە سەردانێک بۆ کوردستان گەڕایەوە، لە دایکی پرسیبوو: "کەی تۆ و باوکم لە پێخەفی جیادا دەخەون؟" بۆیە بەلامانەوە نامۆ نەبوو کە ببیستین چۆن ئاکۆ و ژنەکەی لە پێخەفی جیاجیادا دەنووستن.

ئاکۆ باسی ئەوەی بۆمان دەکرد کە چۆن کاتێک کە ژنی هێنا بوو، خۆی و ژنەکەی ناچار بوون لە هەمان ئەو ژوورەدا بخەون کە دایک و باوکی تیایدا دەنووستن، هەروەها دوو برا بچووکەکەی و خوشکە ١٢ ساڵانەکەی. تەنیا یەک پەردەیەک بووک زاوای تازەی لە باقی خێزانەکە جیا دەکردەوە. هەموو ڕۆژێکیش، دایکی پرسیاری ڕووداوەکانی شەوی ڕابردووی دەکرد. "ئێ چی بوو؟" ئەو

دەیگوت. "کوا ئەو پارچە پەڕۆکە سپییەی دام پێت؟ هێشتا خوێنی پێوە نییە؟"، ئاکۆ بۆمانی دەگێڕایەوە کە تا چ ئاستێک ئەو پرسیارانەی دایکی شپرزەیان دەکرد و چۆن هەموو جارێک دەیگوت، "دایکە، ئارام بگرە. سبەی شەو، بەڵێن بێ". مەسەلەکە تەنیا ئەوەندە بوو کە ئەو بە هەبوونی ئەو هەموو خەڵکە بەدەورییەوە نەیدەتوانی کارەکە بکا.

ئاکۆ جارێکی تر بەخەبەر هات. منیش چونکە هەر بیرم بە چیرۆکی ژنهێنانەکەی دەکردەوە، داوام لێی کرد کە جارێکی تر بۆمانی بگێڕێتەوە. "لەوێوە کە گوتت "سبەی شەو"،" من بۆیم دیاری کرد.

ئاکۆ هەستا و دانیشت و دەموچاوی خەماوی دیار بوو و دەستی بەگێڕانەوەی چیرۆکەکەی کرد. "لە ڕۆژی چوارەمدا، بەیانییە زووەکەی، هەلیکم بەدی کرد. برایەکانم چووبوون بۆ قوتابخانە، خوشکە بچکۆلەکەیشم لە دەرەوە بوو لەگەڵ کچۆڵەکانی تردا یاریی دەکرد و، باوکم خۆی دابووە بەر هەتاوی بەیانی. دایکیشم لە دەرەوە بوو نازانم لە کوێ- لەبیرم نەماوە. بەپەلە پاڵم بە ژنەکەمەوە نا بۆ ناو ژوورەکە، شتێکم ڕاکێشا و ڕام خست و کەوتمە دەستەگەمە لەگەڵی. ئەو شەرمی دەکرد و دەترسا و لەوە نەدەچوو حەزی لێ بێ. ئەو لەوە دەترسا یەکێک لێمان بەژوور بکەوێ. منیش گەیشتبوومە ئەو خاڵەی کە گەڕانەوەی لێوە نییە. بەزۆر لاقەکانیم لەیەک کردنەوە و دەرپێکەیم داکەند و شەرواڵەکەی خۆم هێنایە خوارەوە. هەموو لەشم دەلەرزی.

"بەڵام پێویستە دان بەوەدا بنێم کە ئەمە بەهیچ شێوەیەک ئەوەندە مەترسیدار نەبوو وەک ئەو کاتەی کە ڕواڵ بووم و ئەوەم لەگەڵ کەرێکدا کرد. هەندێ بەردم خستە ژێر پێیەکانم بۆ ئەوەی بەکونەکە بگەم، بەڵام هەر پێی نەگەیشتم، لەگەڵ ئەوەیشدا گەیشتمە ئۆرگازمێکی بەهێز. ئیتر لەو کاتەدا کە دەمویست شەرواڵەکەم هەڵبکێشم، بالانسی خۆم لەدەست دا و بەردەکان لەژێرمەوە ڕمان و کەوتم بەسەریانا. بەدەستێکی شکاوەوە چوومەماڵەوە. بەڵام ئەم جارەیان دۆخەکە بەتەواوی باشترە."

لێرەدا، خاڵە شەربەت لەناکاو لە خەو ڕاپەڕی. وا دیار بوو کە وەزعی باش بوو. "دەزانن حەزم لە چییە؟"، پرسیاری کرد.

"چی"، من پرسیم.

"حەزم لێیە بچمەوە گوندەکەمان، نازەنین. خەیاڵم وایە لەسەر پێخەفێکی خاوێن پاڵم دابێتەوە لە سەربانی خانووە قوڕە بچووکەکەمدا، ئەو خانووەی بنەماڵەکەمان لە ناوەڕاستی باخچەی هەنارەکەماندا دروستیان کردووە و، ئینجا داڵغەی ئەوە لێ دەدەم دەست ببەم بۆ یەکێک لە دارەکان و کە گێڕامەوە هەنارێکی مزری پڕ ئاوی تێدا بێ. بەبیرم دێ کاتێک کە منداڵ بووم خێزانەکەمان و خۆم هەموو هاوینمان لە ناو باخچەکەدا بەسەر دەبرد. هەر لەو شوێنەوە کە لێی دەنووستین دەستمان بە هەنار و هەنجیرەکان دەگەیشت."

"سوپاس مام شەربەت، جارەکی تر قسەکانت منیان بردەوە ناو هەورێک"، بەچپەوە ئەمە گوت.

دەتوانم بڵێم کە سەعات لە دەوروبەری چواری بەیانی دەبوو، چونکە لە دەرەوە موئەزینەک بانگی باوەڕدارانی دەکرد بۆ نوێژ. زەویی ژووری گرتووخانەکەمان وەک مەیدانێکی چۆڵکراوی شەڕ پاش

بەجێ هێشتنی لاشەی مردووان و بریندارانی دەهاتە بەر چاو. خۆم ناچار کرد بۆ ئەوەی بچمە ژێر بەتانییەکەمەوە. ئەوە وەک ئەوە وا بوو کە لە ژێر خەرمانێک لە زبڵ نێژرابی.

ئەو بۆنەی لە بەتانییەکان دەهات زۆر پیس بووبوو، بەشێوەیەک کە ئەو بەیانییە یەکێک لە پاسەوانەکانمان، عەریف حەسەن، هەستی بەوە کرد کە پێویست دەکا کارێک بۆ چارەسەرکردنی ئەوە بکا. "بەپەلە بەتانییەکانتان ببەنە سەربان"، ئەو گوتی. "با لەوێ لەبەر هەتاو بمێنن و بەدرێژاییی ئەمرۆ با لێیان بدا- ئینجا یەکسەر وەرنە خوارەوە".

تەنیا چوونمان بۆ سەربان گۆڕانکارییەکی سەرنجراکێش بوو بۆ ئێمە، چونکە هەرچەندە بۆمان نەبوو کە لەوێدا هەڵوەستە بکەین، بەڵام تەنیا بینینی ئاسمانی بەرین بۆ ماوەی یەک یان دوو خولەک دڵخۆشکەر بوو. یەکێک گوتی کە کاروانێکی ئۆتۆمۆبیلی بەسەر شەقامە سەرەکییەکەوە دیوە، کە ئاماژەیە بۆ بەڕێوەچوونی ئاهەنگێکی بووک گواستنەوە، "مەگەر چاوەڕوانی چی دەکەی؟ بۆ پێت وایە کە دنیا لە جێیەک وەستاوە بەهۆی ئێمەوە؟"

زرار وەڵامی دایەوە، "من گومان دەکەم کە کەسێک هەبێ جگە لە خێزانەکانمان بیرمان لێ بکاتەوە".

"بەڵام تۆ پێت وایە ئێمە بۆ چی لێرەین؟" پیاوێکی تر بە توورەییەوە پرسیاری کرد. "ئێمە لێرەین لەبەرئەوەی دەمانەوێ گەلەکەمان لە سەرکوتینەوە ڕزگار بکەین! هەر یەکێک لەوانە کە لە خوارەوەن قەرزێکی گەورەی ئێمەی لەسەرە و دەبێ سوپاسمان بکا".

بەڵام بۆ من، دڵخۆشکەرترین شت لە گەشتەکەمان بۆ سەربان ئەوە بوو کە توانیم بە جوانی سەیرێکی چیای سەفین بکەم. لە دوورەوە و لە پشت تەپوتۆزی هاوینەوە وەک وێنەیەکی بەنرخی نایاب دەردەکەوت، شینێکی تۆخ بوو. من نووسەرم و تەنانەت لە گرتووخانەیشدا شیعر لە مێشکی مندا دروست دەبن. ئەو دێرانە لەبەر دەکەم بەنیازی ئەوەی کە جارێکی تر بە گرتنە دەستی قەڵەم شاد بوومەوە لەبیرم مابن. ئەو شەوە، ئەو دێرە شیعرانەی لە مێشکمدا بوون ئەمانە بوون:

دیواری زیندان بڵند
یادەوەریی نزیک
دەتوانم ژیان بە ناو ئەو دیوارەنەدا بێنمە ژوورەوە
لێرە،
پۆلیس زوو زوو دێت،
تۆپەکلیلێکی بە دەستەوەیە،
هەر بەڕێوە کلیلی ژووری زیندانی ئێمە دەدۆزێتەوە،
بێ دواکەوتن،
دەرگەمان لە پشتەوە لە سەر دادەخات.

لێرە،
میللەتێک, دەخەنە زیندان بۆ ئەوەی لە سەرەخۆ بمرێ
بە کوێدا هاتی؟
بە ناو دیوار؟
بە ناو یادەوەرییەکانمدا؟
یان بەناو ڕوحمدا؟

لە گرتووخانەدا وەک خەونێک وا بوو گەر بهاتنایە و بانگمانیان بکردایە بۆ فڕێدانی زبڵ. هەر کاتێک پۆلیسەکان پێویستییان بە زبڵ فڕێدان هەبووایە، چوار گرتییان بانگ دەکردن بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە. گرتییەکان بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە شەڕیان دەکرد، چونکە واتەی ئەوە بوو کە دەتوانن ماوەیەکی کەمێک زیاتر لە دەرەوەدا بمێننەوە.

دوو یان سێ ڕۆژ پاش سەردانیکردنی سەربانەکە، پۆلیسێک هاتە ژوورەکەمان و بەسادەیی گوتی: "بۆ دوو سەعاتی تر، هەمووتان ئێرە بەجێ دەهێڵن. ئەم فەرمانە لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی ئەمنەوە هاتووە". ئێمە هەموومان لە بێدەنگییەکی سڕیدا چەقمان بەستبوو ئەو کاتەی پۆلیسەکە فەرمانی دا هەر یەکێکمان کە لە ژوورەکەدایە چی وردەواڵەی هەیە کۆی بکاتەوە و بەتانییەکان بپێچینەوە و چاوەڕوان بین. ئێمە لە ترس و سەرسامی دامانی گرتبوو. لەگەڵ پێچانەوەی بەتانییەکەمدا، ئەوەم بەبیر هاتەوە کە پێشتر ئەم بەتانییە هی پیاوێک بوو لەلایەن پۆلیسەکانەوە بانگ کرا. کاتێک کە پۆلیسەکان گەڕانەوە، ئێمەیان دایە پێش خۆیان بەرەو دەرگەی پشتەوە، کە لەوێدا ئۆتۆمۆبیلێکی گەورەی داپۆشراو چاوەڕێمان بوو تا پێمان کرا بەپەلە سوار بووین. ئەوەی خاو بووایە دەدرایە بەر شەق و پاڵنان و دووان لەوان بەهۆی کەوتن بەسەر دەمدا لووتیان شکا.

هەر کە دوا گرتی چووە ناو ئۆتۆمۆبیلەکە، شۆفێرەکە بۆی دەرچوو. توانی ئەوەمان نەبوو بەوردی ڕووگەی ئۆتۆمۆبیلەکە دیاری بکەین.

## گرتیگەی ژمارە پێنج

بەگشتی، هەستێک بە ترس لەناو هەموماندا هەبوو، بەتایبەتی کاتێک کە ئۆتۆمۆبیلەکە خۆی کرد بە شوێنێکدا کە بە باڵەخانەیەک دەچوو تازە بە بلۆکی بۆر دروست کرابێ. ڕێڕەوێکی تەسک بەرەو گۆڕاییییەکی تەواو بەرین دەچوو، بەڵام دیوارەکانی دەوری تەواوێک بڵند بوون و بە تێلی دڕکاوی دەورە درابوو، ئەمەش وای دەکرد شوێنەکە سامناک بێ. ئەو پەلەپەل و پەرۆشییەی گیراوەکان پێیانەوە لە ئۆتۆمۆبیلەکە هاتنە دەر وایان لە شەربەت کرد کە ماوەیەکی برد تا دابەزی، بیر لەوە بکاتەوە کە دەبێ گرتییەکان بەڕاستییان بێ وا تێگەیشتبن کە خەریکە ئازاد دەکرێن. "ئەم پەلەپەلەتان لە چی جەماعەت؟" ئەو پرسیی. "ئەمە تەنیا گرتووخانەیەکی ترە و هیچی تر نییە".

"سوپاسگوزار بن. هەر هیچ نەبێ بۆ لەداردانمان نابەن"، یەکێک لە دوامانەوە هاواری کرد.

دوای ڕیزبەستنێکی کورت لە گۆڕەپانەکەدا، ئێمەیان بردە ژوورێک کە دەرگەکەی تەواو بچووک بوو. لەوێ پێمانیان گوت کە لەپاڵ دیوار بوەستین و بەتانییەکانمان لەپێش خۆمان دابنێین. هەر ئەوەندە بوو. دوای ئەوەی تەواو بوون لە ڕێنوێنی کردنمان، پاسەوانەکان لەناکاو دەرگەکەیان داخست و ڕۆیشتن. کاتێکیش کە بەتانییەکانمان پان کردەوە بۆمان دەرکەوت کە ژوورەکە ئەوەندە فرەوانە بەشی ئەوە دەکا هەموومان بتوانین لەسەر پشت لێی بخەوین، ئەوەیش شتێک بوو لە گرتیگەی پێشوودا توانی کردنیمان نەبوو. ئەم ڕووبەرە زیادەیە وەک جۆرێک لە خۆشگوزەرانی بوو بۆ ئێمە.

یەکێک لە گیراوەکان، زاهیر، کاتێک لەسەر پشت لێی ڕاکشابوو گوتی کە شتەکە هەمووی وەک خەونێک وایە. "من ناتوانم بڕوا بکەم کە ئەمە منم"، ئەو گوتی. ئێمەیش گشتمان هەمان هەستمان هەبوو. ماوەیەکی برد تا ڕاهاتینەوە جارێکی تر لەسەر پشت بخەوین. بەڵام ئەم کەمە خۆشگوزەرانییە هەتاهەتایی نەبوو. وردەوردە گیراوی زیاتر و زیاتر دەهێنرانە ژوورەوە، تا وای لێ هات شوێنەکە ئەوەندە پڕ بوو وەک ئەوەی تری لێ هات. بۆیە جارێکی تر ناچار بووین شێوازی خەوتنمان ڕێک بخەینەوە.

تا ئەمڕۆش، بیست ساڵ لەدوای ئەوەوە و لێرە لە کەنەدا، خۆم دەبینمەوە لەسەر لێواری سیسەمە دوو نەفەرییەکەمان نووستووم. وا دەزانم کە ئەمەیە هۆکاری ئەو ژانە بەهێزەی لە لاقی ڕاستمدا هەیە، دوکتۆرەکان پێمیان گوتووە کە چارێکی نییە، پشتم بە ئازارشکێنەکان قایمە.

پێداویستییە سەرەکییەکان، بە پێداویستییە تەندروستییەکانەوە، لە گشت گرتووخانەکانی عێراقدا بەشێوازێکی گەلێک خراپ بوون. ئەمەشیان هەرچەندە نوێ بوو بەڵام لەوانی تر باشتر نەبوو. هیچ سیستمێکی گەرمکردنەوە یاخۆ فێنککردنەوە نەبوو کە شیاوی باسکردن بێ، تەنیا یەک پەنجەرەی بچووکی بەرز لەسەر دەرگەکەوە هەبوو. لە ناوەوە، بەهاوین وەک تەنوور گەرم بوو و بەزستانیش وەک سەهۆڵ. ئەو پانکەیەی بە بنمیچی ژوورەکەوە هەڵواسرابوو شەو و ڕۆژ کاری دەکرد، بەڵام کاریگەرییەکەی هەر ئەوەندە بوو کە دەنگێکی بێزارکەری دەردەکرد و هەمان هەوای پیسی کۆنی ناو ژوورەکەی دەسووڕاندەوە. ئەم گرتووخانە نوێیە، لە بنمیچەکەیدا کونێک نەبوو وەک ئەوەی پێشوو و، جار نا جارێک بیری ئەو هەوا خاوێنە دەکەم کە لەو کونەوە دەهاتە ژوورەوە، هەروەها بیری توانی زانینی هاتنی بەیان بەهۆی کونەکەوە دەکەم. لە گرتووخانە نوێیەکەدا ئاسان نەبوو بزانی چ کاتێکی ڕۆژە. بەشەو، گوێمان لە دەنگی تەقەی سوپا دەکرد لە نێزیکمانەوە، بۆیە زانیم کە لە شوێنێکداین لە ڕۆژئاوای هەولێر لەو ناوچەیەی کە لەلایەن حکوومەتەوە کۆنترۆڵ کراوە. ئەو ناوچەیە پڕ کرابوو لە باڵەخانەگەلی تایبەت بە ئەمن، کەمپی مەشق و گرتووخانە. لەم گرتووخانەیەدا، ڕۆژانە ڕێگەمان پێ دەدرا بچینە حەوشەکەوە. هەندێ ئێوارانیش کە ئەفسەری بەرپرس، عەقید ریاز، لەوێ نەدەبوو عەریف حەسەن ڕێگەی پێمان دەدا کەمێک زیاتر لە دەرەوە بمێنینەوە. ئەو کاتە کاتێکی تەواو گونجاو بوو بۆ چاودێریکردنی بزربوونی هەتاو لە پشت ئەو دارەوە

کە لە گۆڕەپانەکەدا بوو. من بەردەوام لە چاوەنوارِیی ئەوەدا بووم و هەروەها بۆ بینینی ڕەوە مەلێک بە تاقی ئاسمانەوە. ئەوە هەستێکی بەهێزی دڵئارامیی بە من دەدا بە بینینی دنیای دەرەوە و وای لێم دەکرد لە هەموو کاتێک زیاتر حەز لە دەرچوون لە گرتووخانە بکەم. جوانیی ئاسمانی شەو تێکەڵ دەبوو لەگەڵ ئەو خەمبارییەی بەرامبەر ئەوانەی دەوروبەرم هەستم پێ دەکرد. بەڵام لە دەرەوەبوون هەر هیچ نەبێ ڕێی بە خەیاڵم دەدا بەرەو ئەودیوی دیوارەکانی گرتووخانە لەگەڵ مەلەکاندا بفرێ. فیکەی عەریف حەسەن مانای ئەوە بوو کە ڕۆژ ئاوا بووە و کاتی ئەوە هاتووە بۆ ئێمە کە بچینە ژوورەوە. وا ڕا هاتبووین کە لە دەوروبەری ئەم کاتەدا حەیدەر شتێکی هەبێ بۆ گوتن.

"مامۆستا جەلال"، هەر لەگەڵ چوونە ژوورەوەمان بە خەمبارییەو پێمی گوت، "خەریکە شێت دەبم– شێتی تەواو. خەریکە سوێم دەبێتەوە بۆ منداڵەکانم. ئەوان یەکێک و دووان نین، ئەوان دە منداڵن و زۆربەیان گەلێک لەوە بچووکترن کە تێ بگەن بابەیان چیی بەسەردا دێ. من شایانی ئەمە نیم من هیچی هەڵەم نەکردووە.

"تۆ دەزانی، باوکم بەدرێژاییی تەمەنی شوان بوو– هەر ئەمەش وای کرد من ببم بەم کەسەی کە هەم. هەروەها لەوەوە فێری شمشاڵ لێدان بووم. جارێک پێمی گوت "تا نەبی بە شوان قەت فێری شمشاڵ لێدان نابی. کەی بووی بە شوان، دەست دەکەی بەوەی زیاتر بەهای سرووشت بزانی. مانگ و ئاشتی و ئارامی کە بەهۆی بەتەنیا بوونت بۆ سەعاتگەلێک لە کۆتادا پێوەندییەکی تایبەت لەنێوان تۆ و سرووشتدل درووست دەکەن".

"تەمەنم شازدە ساڵان دەبوو کە باوکم بڕیاری دا کە ئیتر دەتوانێ پشتم پێ ببەستێ لە ئەرکی ئاگەداربوون لە ڕانەمەڕەکە و، وەک نیشانەیەک بۆ منەتباریی بۆ کارەکەم ڕۆژێک کەونە شمشاڵەکەی خۆی پێم دا، کە ماوەیەک بوو چاوم تێ بڕیبوو. مەڕەکانم دەبردە سەر گردەکان، کە زۆر لە گوندەکەمانەوە دوور نەبوون و لەوێ دادەنیشتم و خەریک دەبووم بە شمشاڵ ژەنین. بە خەیاڵی خۆم وا دەهاتە بەر چاوم کە گشت ئاژەڵەکان سەما دەکەن. شەوێک، هەموومان کەوتینە بەر سێلاوێکی بەهێز. منیش لەسەر گابەردێک دانیشتم، شمشاڵەکەم بە پشتێنەکەمدا چەقاند و بە ساقۆیەکەم خۆم داپۆشی. لەوە دەترسام کە برووسکە لێم بدا. بارانەکە وەستانی نەبوو و، منیش بیرم دەکردەوە بژارەکانی بەر دەستم کامانەن، لەو کاتەدا گوێم لە باوکم بوو بانگمی دەکرد. بەسەر پشتی ئەسپێکەوە بوو و چرایەکی بەدەستەوە بوو. منی سواری ئەسپەکە کرد و بردمیەوە ماڵەوە. "ئەی ڕانە مەڕەکە" لێم پرسی. "خەمی ئەوانت نەبێ" وەڵامی دایەوە. "سەگەکەیان لەگەڵ. سەلامەت دەبن".

"کە گەڕاینەوە ماڵەوە دایکم سۆبە دارەکەی ئامادە کردبوو. منیش لە پێش ئاگرەکە پاڵم دایەوە و ئەوەندەی نەبرد خەوم لێ کەوت. وا بزانم بەهۆی ماندوویەتییەکەوە بوو. ڕۆژی دواتر ڕانەکەمان لای گۆڕستانی گوندەکە دۆزییەوە هێشتا وشک نەبووبوونەوە.

"مامۆستا جەلال، نازانم چۆن بۆتی باس بکەم چەند بیری ئەو ڕۆژە دەکەم. دەزانم، دەزانم کە هەرگیز ناگەڕێتەوە. بەڵام هەر بیری دەکەم."

## پرسەی نهێنی

نەماندەزانی کەی، ئەگەر بشێ و ڕوو بدا، خێزانەکانمان دەتوانن بزانن ئێمە بۆ کوێ بردراوین، ئەمە خەمێکی گەورە بوو بۆمان. هیوامان دەخواست بە هەر شێوەیەک بێ هەواڵەکەیان پێ بگا، لەو خەڵکانەوەی کە گرتووخانەکەی پێشوو بەجێمان هێشتن.

زیرەک، گیراوێکی بچکۆلانەی لاو بوو کە لە گرتووخانەی ژمارە چوارەوە لەگەڵ ئێمەدا هاتبوو، ئەو کاتەی کە هاتبووە گرتن تی-شێرتەکی سووری لەبەردا بوو و لە بازاڕی سیروان پیاسەی دەکرد لەو هیوایەی کچێک ببینێ. "ئەوەندە بەس نییە بۆ ئەوان کە بزانن ئێمە لەوێ گواستراوینەتەوە"، ئەو گوتی، "پێویستیان بەوەش هەیە کە بزانن بۆ کوێ هاتووینەتە بردن".

هیمداد، کە بەدەگمەن لەو کاتانەی لە ژوورەکەدا دەبووین قسەی دەکرد، گوتی، "ئەوان تا ڕادەیەکی ئەوە دەزانن کە لەبەر ئەوەی ئێمە گرتیی ئەمنین ئەوە لە کۆتادا هەر دەگوازرێینەوە. ئەوە ماوەیەکی دەوێ، بەڵام دوایی هەر دەبێ بزانن کە ئێمە لە کوێین. ئەمن پسپۆڕن لە شاردنەوەی ئەو شوێنانەی گیراوانی دەستی ئەوانی تێدا زیندانی کراون، بەڵام وا دەزانم دۆخی ئێمە ڕێگە نادا بە کارێکی لەو جۆرە توند".

بەم دواییانە، حەیدەر زۆر بیری لە لەدەستدانی کوڕە پێشمەرگەکەی دەکردەوە.

"تەنیا دوو ڕۆژ پاش ئەوەی ئازاد کوژرا"، ڕۆژێک بۆ منی گێڕایەوە، "هاتن و منیان گرت. تەنانەت ڕێگەی ئەوەشیان پێم نەدا پرسەیەکی نهێنیی بۆ دابنێم. قسەمان بۆ گەڕایەوە لە ڕێی هەندێ لە ناسیاوانمانەوە لە گوند، دەیانگوت کە ئەو بەگوللەی هێلیکۆپتەرێک لەتوپەت بووبوو و، لەگەڵ ئەوەشدا ناوچەکە ڕێگە پێ نەدراو بوو بۆ ئەوەی خەڵکی مەدەنی بچن بۆی، ئەوان بەجۆرێک لە جۆرەکان توانییان بچن و ئەوەی کە لێی مابوو هێنایانەوە و ناشتیان. لەو کاتەدا کە بۆم هاتن، خەڵک هاتبوون بۆ ئەوەی سەرخۆشیمان لێ بکەن.

"هەندێ لە خزمانم بیریان لەوە دەکردەوە کە دەشێ ڕێگەیەک هەبێ بۆ ئازادکردنم چونکە کوڕەکەم لە ژیاندا نەماوە. ئەوان چووبوونە لای سەرۆک جاشەک، کە لە پێشمەرگە هەڵگەڕابووەوە و لەگەڵ حکوومەتدا کاری دەکرد. بێگومان دەبوو بەرتیلێکی باشی بدەنێ. بەڵام ئەو پێشنیازی بۆیان کرد کە بچن گۆڕی کوڕەکەم هەڵکەنن و هەندێ وێنەی بگرن و پێشانی ئەمنیان بدەن. ئەوانیش بە دڵنیابوون لەوەی کە کوڕەکەم نەماوە ئازادم دەکەن."

سەپان، گرتییەکی بێدەنگ بوو و لە هەولێر دەژیا، قسەکەی بە حەیدەر بڕی. "ئەمە شتێکی بێ واتەیە"، ئەو گوتی. "ئەمن فایلیان لەسەر هەموو کەسێک هەیە، زیندوو و مردوو. مەعقوول نییە کە ئەوان هێشتا نەزانن کوڕەکەت چیی لێ هاتووە. ئەگەر پێچەوانەی ئەوە پێشان بدەن، ئەوە تەنیا بۆ ئەوەیە کە ئازادت نەکەن".

حەیدەر سەری خۆی داخست و دەستی پێ کرد بە دەنگێکی نزم لەگەڵ خۆیدا قسە بکا. "ئەوان

تەنانەت نەیانهێشت پرسەی بۆ دابنێم یان خۆڵ بکەم بەسەر گۆڕەکەیدا بۆ ئەوەی لە زستاندا ئاو دزە نەکاتە ناوی. زستانی ڕابردوو یەکجار تەڕ بوو و، هیچ نەکرابوو بۆ ڕێگرتن لەوەی ئاو بچێتە ناوی. ئازاد بەردەوام زۆر وریا بوو و خۆی نەدەخستە بەر مەترسی، ئەو بە منی گوت کە هاتن بۆ سەردان جێی مەترسییە. ئەو هەرگیز ماڵی خۆی نەبینییەوە".

ئەوەی لە حەیدەر قەوما بوو شتێکی ناوازە نەبوو. کە سەدام حوسێن لە دەسەڵاتدا بوو، پرسەگرتن بۆ ئەوانەی لەژێر ئەشکەنجە لە گرتووخانەدا دەمردن یان پێشمەرگە بوون، قەدەخە بوو. کەسوکاری ئەو جۆرە مردووانە بە دزییەوە لە ژوورێکی نهێنیدا شینیان بۆیان دەگێڕا.

کاتێک کە کەمێک زیاتر هەستمان بە دڵنیایی لە عەریف حەسەن کرد، لێی پاڕاینەوە بۆ ئەوەی هەندێ دەرمان بۆ ئەو لەش خوران و لیرەی کە بەردەوام هەمان بوو، بۆمانی پەیدا بکا. لە هەر کاتێکدا هەر هەموومان خۆمان هەڵدەکڕان، ئەمەش بێگومان سەیر نییە ئەگەر ئەوە بزانین کە چەندان مانگ بوو خۆمان نەشوشتبوو. دیار بوو هەندێک کریمی بۆمان هێنا، بەڵام کاریگەرییەکەی یان کەم بوو یان هەر نەبوو. ڕۆژێک کە عەریف حەسەن لەلای دەرگەکەوە بوو داوام لێ کرد ئەگەر لوتف بنوێنێ قەڵەمێک و هەندێک پارچە کاغەزم بۆ دابین بکا. کە گوتی "هەوڵێکت بۆ دەدەم"، خەریک نەبوو بڕوای پێ بکەم: قەڵەم و کاغەز قەدەخەکراو بوون. بەڵام عەریف حەسەن قسەی خۆی هێنایە دی و ئەوەی داوام کردبوو بۆمی هێنا. زۆر بە ئاسانی بەهۆی ئەو کارەوە تووشی کێشەیەکی گەورە دەبووەوە. دەمزانی کە ئاکامی ئەوە بۆ منیش زۆر سەخت دەبێ، بەڵام ئیتر ئەمەیە نووسەر: زۆر بە کەمی بیر لە ئاکامی ئەوە دەکەنەوە کە دەیکەن یاخۆ دەینووسن.

## ٢ سەرەتاکانی منداڵی لە سەردەمی لادێدا

## مێژووی نەزانراوی لەدایکبوون

سەختترین سەردەمی ژیانم و، تراجیدیاییترینی بۆ من لەو ڕۆژەوە دەستی پێ کرد کە منی تێدا گیرام. بۆیە یەکەمایەتیم بەو ڕووداوە دا و کردمە بەشی یەکەم لە کتێبەکەم، لە چیرۆکی ژیانمدا. ئینجا تەنیا دوای ئەوە دەتوانم بگەڕێمەوە سەر مێژووی نەزانراوی لەدایکبوونم و سێبەری منداڵیم و دووبارە لەوێوە بێمەوە سەر ئەوەی کە لەبیرم ماوە، لە گەشتی ژیانم.

پێش ئەوەی بێم بۆ کەنەدا، زۆر بە کەمی بیرم لە ڕۆژی لەدایکبوونم کردووەتەوە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە لە عێراق و لە کوردستان کەم کەس هەن کە ئاهەنگی یادی لەدایکبوونی خۆیان بگێڕن. بێگومان جگە لە سەدام، کە لەجیاتی هەمووان ئاهەنگی دەگێڕا، هەموو حەڤدە ملیۆنەکەمان. هەموو ساڵێک حکوومەت بەملیۆن دۆلاری بۆ یادی لەدایکبوونی سەدام خەرج دەکرد. ئەو ڕۆژە یادێکی نەتەوەیی بوو. ئاهەنگی فەرمی دەگەڕا لە سەرتاسەری وڵاتدا و یک گۆرانیی بۆ یەک بیرۆکە لە پێشەوەی هەموواندا بوو. دێری یەکەمی دەیگوت، "بە گیان و بە خوێن خۆمان بەقوربانت دەکەین، ئەی سەرۆکی فەرماندە"، کە لە سروودی نیشتمانی بە بەهاتر بوو. بۆ چەندان ڕۆژ

تەلەفزیۆن هیچی پێشان نەدەدا جگە لە ئاهەنگەکانی ئەو یادە، کە لە زۆربەیاندا سەدام بە جلی سپییەوە دەردەکەوت و دیاریی وەردەگرت و گوێی لە ماستاوچێتی دەبوو لەلایەن دڵسۆزانی حزبی حوکمڕان و منداڵانی قوتابخانەکانەوە. هەموو هاووڵاتییەک دەیزانی کە ئەوە ڕۆژێکە نابێ پشتگوێ بخرێ. لەپاش ڕووخانی ڕیژیمی سەدام، هەندێ لە لایەنەکانی ژیانی تایبەتیی کەوتنە بەر چاوی خەڵک، لەوانە ئەوە بوو کە هەندێک جاران لە یەک ڕۆژدا پێنج جار ئەو قاتەی دەگۆڕی کە لەبەری دەکرد. یان ئەو بەرپرسە باڵایانەی دەچوونە لای بۆ ئەوەی پیرۆزباییی ڕۆژی لەدایکبوونی لێ بکەن دەترسان زۆر لێی نێزیک ببنەوە یان دەستی بگووشن. ئەوان یان دەبوو سکی ماچ بکەن یان ئەو هەوایە ماچ بکەن کە لە نێوان ئەوان و ئەودا هەبوو. بەڵام بەدەگمەن بەری دەکەوتن.

هەر کاتێک کە سەدام سەردانیی گوندێکی بکردایە، خەڵکەکە دەکەوتنە دڵەڕاوکێیەکی زۆرەوە و چەندان مەڕیان لەبەر پێیانی دەکردە قوربانی بۆ ئەوەی پێشانی بدەن چەند بە هاتنی خۆشحاڵن. نانیان بە تەنوور بۆی دەکرد و ئەویش بە شیشە گۆشتی برژاوی تایبەتی درێژەوە ناکەکەی دەخوارد. بۆ باقیی ساڵەکە و لە ماوەی شەڕدا، ژیانی گەلی عێراق تەواوێک سەخت بوو. بەڵام سەرباری ئەو هەموو هەژاری و نەبوونی گشت جۆرەکانی خۆراک، خەڵکەکە خەویان بەو شیشە گۆشتە درێژانەوە دەبینی کە بوون بە مۆدەیەک. دوای ڕووخانی ڕیژیمەکەی خەڵک لە کوردستاندا دەچوونە خواردنگە و دەیانگوت "زەحمەت نەبێ شیشێکی سەدامیمان بۆ لێ بدە!"

ئەوەی یادی لەدایکبوونی سەدامی سەیرتریش کردبوو ئەوە بوو کە لە هەموو عێراقدا زۆربەی ڕۆژی لەدایکبوونەکان بە هەڵە تۆمار کرابوون. دۆخی خێزانەکەی ئێمە لەم ڕووەوە ئەمە ڕوون دەکاتەوە. هەر کاتێک لە دایکم پرسیبا کەی لەدایک بووم، تەنیا پێی دەکرا پێم بڵێ کە برا گەورەکەم، جەمال، سێ ساڵ لە من گەورەترە و ئەو لە پاییز لەدایک بووە و من لە بەهاری ١٩٥٣دا لەدایک بوومە. ژنەکەم، سەباح، دوو ساڵ لە من مناڵترە، بە قسەی دایکی بێ ئەو کاتێک لەدایک بووە کە هێشتا بەفر بەزەوییەوە بووە. ئینجا لە بەڵگەنامە فەرمییەکاندا هەموومان هەمان ڕۆژی لەدایکبوونمان هەیە: یەکی تەمموز. ئەمەش حاڵی ملیۆنانی ترە لە خەڵکی عێراق. ئەو مێژووە مێژوویەکە حکوومەت دایناوە و هیچ پێوەندییەکی نییە بەڕۆژی ڕاستەقینەی لەدایکبوونی ئێمە یاخۆ کەسانی ترەوە نییە. ئەوەی وا دەکا کە دۆخی ئێمە هەموومان ناجۆر بێ ئەوەیە کە ئێمە ئێستا لە کەنەداین و لێرە خەڵک هەمووی دەزانن کەی لەدایک بوونە و ڕۆژی لەدایکبوون گرینگە، ئێمەش گیرمان خواردووە بەدەستی مێژووی هەڵەی لەدایکبوونمانەوە، لەوەش دەچێ تا ژیانمان مابێ هەر وا بین. لە ئەشکەفتسەقا تۆمارێکی لەدایکبووان نەبوو، بۆیە کەس لە گوندەکە لەو جۆرە بەڵگەنامەیەی نییە. ئەگەر هەشبووایە هیچ کاریگەرییەکی نەدەبوو. دایکم، وەک زۆربەی دایکانی هاوتەمەنی خۆی، خوێندن و نووسینیان نەدەزانی. ئەوان تەنیا ئەو کاتانەیان دەزانی کە سرووشت ڕەنگی زەویی دەگۆڕی و ژیانی سادەیان دەزانی. لەوانەیە ئەوە یەکێک بێ لەو هۆکارانەی کە وایان کرد کاتێکی سەخت بەسەر ببا بۆ ئەوەی لەگەڵ ژیانی شاردا خۆی بگونجێنێ. ناتوانم تێبینیی ئەوە نەکەم چەند ئارام و پڕ وزە و دڵخۆش دەبوو لەو کاتانەدا کە بە سەردان دەچووینە

ئەشکەفتسەقا، ئەو لەوێ لەدایک بوو بوو و باپیرم هێشتا لەوێ دەژیا. کەسێتیی ئەو گۆڕینێکی تەواوی بەسەردا دەهات. من وا دەزانم ئەوە لەبەر ئەوە بوو کە ئەو هەستی دەکرد هی ئەو شوێنەیە. ئەو شوێنەی لەگەڵ ڕابردووی خۆیدا بەیەکیان دەگەیاند، بۆی سانا دەکرد کە ببێ بە خۆی و هاوبەشیی چەندان چیرۆکی سەرنجڕاکێشی بکا لەگەڵ ئێمەدا.

لەبیرمە کە بەسەر یەکدا دەچرژاین لەناو لاندرۆڤەرەکەی جەمالدت بۆ ئەوەی بچینە ئەشکەفتسەقا بۆ ناشتنەوەی مام زێندین، پاش دوازدە ساڵ لە بەجێ هێشتنی گوندەکە. کە لە ئەشکەفتسەقا نێزیک کەوتین، ڕەنگ و ئاماژەکانی ڕووی دایکم هاتنە گۆڕین لە ئاڵۆزییەوە بۆ ئیسراحەت بەوەی دەوروبەرەکەی ئاشناتر دەهاتە بەر چاو. ئەو ئاسمانەکەی دەناسی و ناوی هەموو چیایەکانی دەزانی و دەیزانی زۆربەی ڕێگەکان بەرەو کوێ دەچن. ئەوە جاری یەکەم بوو کە ببینم دایکم ڕێگەمان پێشان دەدا. کە گەیشتینە پێچێک لە ڕێیەکەدا ئۆتۆمۆبیلەکەی بە جەمال ڕاگرت.

"وەرن"، ئەو گوتی، ئینجا پێشڕەویمانی کرد لەسەر ڕۆخی نشێوەکە لە پاڵ ڕێیەکەوە بۆ ناو دۆڵەکە. لەوێ دوور لە ڕێگەکە مێرگێکی بەرینی پڕ گوڵی کێوی هەبوو. پاش کەمێک، گەڕاینەوە بۆ لای ئۆتۆمۆبیلەکە و دووبارە ڕێگەمان گرتەوە بەر بۆ ئەشکەفتسەقا. کەمێک لەولاترەوە دار هەنارە کۆنەکانی پێشانمان دا کە لە چەمێکی دابڕاودا بوون. لەوێوە، بردمانی بۆ ئەو گردەی کە هەواری هاوینەیان لێ دەخست. لە مانگەکانی هاویندا، کاتێک کە خانووەکانی ئەشکەفتسەقا زۆر گەرم دەبن، لادێییەکان دەچنە هەوار بۆ لای کانییەکی لە بن ئەو گردە. لە شوێنێک کە زۆر دوور نییە لەو هەوارە، گردۆلکەیەک لە دەوەنگەلی تووترک هەبوو و ئێمەش تا پێمان کرا لێمان ڕنی و خواردمان.

بەڵام هەرچەندە دایکم ئەوەندە شارەزای شوێنە ناوخۆییەکان و نەریتەکان بوو، نەیدەزانی لە چ ڕۆژێکدا لەدایک بووە، ئەوەی منیش و هی هیچ کەسێکی تریشی نەدەزانی. لە هەموو بەڵگەکانی لەدایکبوونماندا نووسراوە یەکی تەمموز. کە لە تەمەنی چل و پێنج ساڵیدا چوومە کەنەدا، زوو هەستم کرد کە هیچ شتێک وەک مێژووی لەدایکبوون بۆ پێناسی مرۆڤ گرینگ نییە. کە لێرە لە کەنەدا بوومە پەنجا ساڵان، هاوکارانم لە شوێنی کارەکەمدا کێکێکیان کڕی و ئاهەنگێکی بچووکی یادی لەدایکبوونیان بۆم کردە دیاری. هەروەها کارتی پیرۆزباییی یادی لەدایکبوونم بۆ هات. ئەوە جاری یەکەم بوو لە تەمەنمدا کە کەسێک ئاهەنگ بۆ یادی لەدایکبوونم ساز بکا. پاش ئەو ئەزموونە- هەوڵێکی چڕم دا بۆ ئەوەی بزانم ئایا دەتوانم خۆم لەم درۆیە ڕزگار بکەم بە دەستنیشانکردنی ڕۆژی دروستی لەدایکبوونم. من دەمزانی کە دایەم نازانی خۆی- یان من- کەی لەدایک بووین، بەڵام هەر ڕۆژێک پێوەندیم پێیەوە کرد لە هەولێر و داوام لێی کرد بەڵکو هەوڵ بدا و بزانێ کە بەوردی لەدایک بووم.

ئەو گوتی، "کوڕم، هەموو ئەوەی لەبیرمە ئەوەیە کاتێک تۆ لەدایک بووی، گیا کەسک بوو و ئاژەڵەکان ئامادە بوون بچن بۆ لەوەڕگە. ئەوان دەزان و هەموو ئێوارەیەک شوانەکەمان، عەلی پوچەل، بەرخەکانی لەناو توورەکەکەی خۆی دەنا و دەیهێنانەوە. بۆ چەند ڕۆژێک، شیری تازەمان

هەبوو. تۆ حەزت لە شیر نەبوو بەڵام جەمالی برات حەزی لێ دەکرد".

من ئێستاش حەزم لە شیر نییە. لەبیرمە کە لە پۆلی چواردا بووم،قوتابخانە پرۆگرامێکیان هەبوو کە ڕۆژانە لە کاتێکی پشوودا شیریان بە قوتابییەکان دەدا. هەموو قوتابییەک دەبوو کوپێک بۆ قوتابخانە ببا. هەندێ لە مامۆستایان بەزۆر دەرخواردی قوتابییەکانیان دەدا. منیش کوپی خۆم هەبوو و دەمبرد بۆ قوتابخانە و لە ڕیز دەوەستام بۆ بەشە شیرەکەم. بەڵام کە مامۆستایەکەمان پشتی تێمان دەکرد، من شیرەکەم دەڕشتە سەر زەوی و بە خۆڵ دەمپۆشی.

"تۆ کەمێک پاش بەیان لەدایک بووی، ئەمە دەزانم"، دایکم گوتی، "پلە نەخشین ئەو مامانە بوو کە ناوکتی بڕی".

چیرۆکەکانی دایکم بەردەوام ڕێگەیەکی دووریان دەگرتە بەر بۆ گەیشتن بە مەبەست، و دەستی کرد بەباسی ئەوەی کە باوکم گەلێک حەزی لە ئاهەنگ هەبوو. "پێش ئەوەی تۆ لەدایک ببی، مامەند ئاغا هەموو ساڵێک دوو گۆرانیبێژی دەهێنا بۆ قەڵاتەکە. یەکێ لەو گۆرانیبێژانە ناوی جەلال بوو. کە گۆرانیی دەگوت دەنگی گەلێک بەهێز بوو و لە هەموو ماڵێکی دێیەکەدا دەبیسترا. باوکت حەزی لێ بوو گوێ لە گۆرانییەکانی بگرێ. باوکت زۆر حەزی لە دەنگی دەکرد و بڕیاری دا ناوی تۆ بەناوی ئەوەوە بنێ.

"شەوی بەر لە لەدایکبوونت، باوکت چووە شایییەکی ڕەوەندان. داپیرت بۆمی گێڕایەوە کە باپیرەت تفەنگەکی بۆ کڕیبوو بە پەنجا دینار، و ئەویش بە بیست و پێنج دینارانی فرۆشتبووەوە بۆ ئەوەی پارەکە بکاتە شاباش و لە کاتی ئاهەنگەکەدا بەسەری گۆرانیبێژانیدا هەڵڕێژێ. حەزی لە بووک گواستنەوەی ڕەوەندان و ئاهەنگ بوو. پلکت کەژێ پێش ئەوەی من بهێنێ، ئەوەی پێم گوتبوو. کە لە زەماوەندەکە هاتەوە و دیی کە تۆ لەدایک بووی، زۆر دڵی خۆش بوو و بەرخێکی دا بەزەویدا لە خۆشییا. لەبەر ئەوەش کە شەوی بە گوێگرتن لە گۆرانی بەسەر بردبوو، بڕیاری دا ناوت بنێ جەلال، بەناوی گۆرانیبێژە خۆشەویستەکەیەوە".

بۆیە من دەزانم کە ناوەکەم لە چییەوە هاتووە، بەڵام ناچار بووم بەردەوام بم لەگەڵ ئەو درۆیەی کە ڕیژیمی عێراق ئەو ناوەی بەسەرمدا سەپاندووە. هەرچەندە تەنیا لە یەک شت دڵنیام: لە وەرزی بەهاردا لەدایک بوومە و خۆشە مرۆڤ لە بەهاردا بێتە دنیاوە.

## ئاگرێک لە ئاواییدا

کاتێک کە منداڵ بووم، گوندی ئەشکەفتسەقا لە نێزیکەی پەنجا ماڵ پێک دەهات کە بە قوڕ و خشت درووست کرابوون. تەمەنی گوندەکە نێزیکەی هەشت سەد ساڵێک دەبوو و لەلایەن حەوت سەرکردەوە سەرکردایەتیی کرابوو. ئەشکەفتسەقا دەکەوێتە ناوچەیەکی فرە جوان، بەڵام تەلاسازیی خانووەکانی ئەو جوانە نەبوو. لەو سەردەمەدا، ئەگەر یەکێک خانووی بکردایە، ئەوە گشت گوندەکە لە دانانی بنمیچەکەیدا هاوکاری دەبوون و پاش ئەوە خاوەنی خانووەکە خوانێکی

نایابی ساز دەکرد بۆ دەستەواییکەران. ئەو خوانە کاتێک بوو بۆ کەیف و خۆشیی منداڵانی گوند، بەڵام بەداخەوە گەورەکان هەموو گۆشتەکەیان دەخوارد و منداڵان تەنیا بەرماوەکەیان پێ دەدرا.

من لەو کاتەدا هێشتا منداڵ بووم و کاتی ئەوەم نەهاتبوو بچمە قوتابخانەوە، بەڵام لەبیرمە کە یەکەم قوتابخانە لە گوندەکەماندا کرایەوە. تەمەنم حەوت ساڵ بوو کە پاش نیوەڕۆیەک بارهەڵگرێک لە ڕێگەی سەرەکیی لادا و بەرەو گوندەکەمان هات. کە بارهەڵگرەکە وەستا، خەڵکی گوندە لە دەوری دەستیان کرد بە کۆبوونەوە. لە ناوەوەدا، توانیم شۆفێرەکە ببینم لەگەڵ پیاوێک کە چاکەتێکی لەبەردا بوو لە تەنیشتیەوە دانیشتبوو. هەردووکیان لە ئۆتۆمۆبیلەکەوە خۆیان هەڵدایە خوارەوە و پیاوەکە خۆی ناساند کە مامۆستای نوێی گوندەکەیە. ئەو گوتی: "قوتابخانەیەک لە ئەشکەفتسەقا دەکرێتەوە". ئەم هەواڵە شتێکی چاوەڕواننەکراو بوو بۆ گوندەکییەکان. زۆربەیان ئاگایان لەوە نەبوو کە شیمادی خەزال، پیاوە داناکەی گوند، چەندان جار چووبوو بۆ هەولێر و داوای قوتابخانەیەکی بۆ گوندەکەمان کردبوو. قوتابخانە نوێیەکە هێشتا باڵەخانەیەکی نەبوو و بۆیە من بیرم لەوە دەکردەوە کە دەبێ مامۆستایەکە بۆ ئەم مەبەستە چی بکا. خۆشبەختانە باوکم دوو ژووری زیادەی هەبوو لە گوندەکەدا، بۆیە پێشکێشی قوتابخانەکەیانی کرد. یەکێک لەو دوو ژوورە بوو بە ژووری پۆل و ئەوەی تریشیان بووە ژووری نووستنی مامۆستا نوێیەکە. دیوارەکانی بە پەڕە کاغەزی گەورە داپۆشی بۆ ئەوەی خاوێن دیار بن. پاش دوو ڕۆژ لە گەیشتنی، خەڵک دەستیان کرد بەناردنی منداڵەکانیان بۆ تۆمارکردن لە قوتابخانەدا. باوکیشم من و جەمالی برد. کاتێک کە بەڕێوە بووین، هەر دەیگوت، "پێ هەڵگرن. دەبێ بچن بۆ قوتابخانە بۆ ئەوەی تۆ و برایەکەت وەک ئێمە کوێر نەبن".

لەو ڕۆژەیدا کە قوتابخانە دەستی پێ کرد، ژمارەی کورسی کەمتر بوو لە ژمارەی قوتابییانی پۆلەکە. مامۆستاکە، مامۆستا موشیر، داوای لەو قوتابییانە کرد کە وەستابوون و ئەوانەی لەسەر زەوی دانیشتبوون کە ڕۆژی پاشتر تەنەکەی بەتاڵ بهێنن بۆ ئەوەی لەسەر دابنیشن. ڕۆژی دواتر قوتابییان تەنەکەی خۆیان هێنا، بەڵام مێزیان هەر نەبوو. من بەبەخت بووم: جێیەکم لە ناوەڕاستی پۆلەکەدا هەبوو. هەموو بەیانییانەک، کە دایک و باوکەکان منداڵەکانی خۆیان ڕەوانەی قوتابخانە دەکرد دەهاتن و هەڵوەستەیەکی کورتیان دەکرد. ئەوان سەرسام بوون بە جلوبەرگی مامۆستا نێرینەکان (کراسێکی سپی و پانتۆڵی فەرمی، کە تەواو جیا بوون لە جلوبەرگی نەریتیی پیاوانی گوند) و بڕینی پرچەکانیان لەسەر شێوازی ئیلڤس. ئەوان هەرگیز شتی وایان نەدیبوو. هەروەها هەرگیز گوێیان لە سروودی نیشتمانی نەبووبوو کە هەموو ڕۆژێک پێش دەستپێکردنی وانەکانمان دەبووایە بیخوێنین. گوندەکییەکان ڕێزێکی زۆریان لە مامۆستا دەنا و نۆرەیان دەگرت بۆ بانگهێشتکردنی بۆ سەر خوانەکانیان. ئەوان بەردەوام لێی بەئاگا بوون و نەیاندەهێشت بێ هێلکەی تازە و ماست بێ. ڕۆژێک لەناو پۆلدا، مامۆستا گوتی، "هێلکە و ماست لە ژێر قەرەویلەکەمدا کەڵەکە بوونە! تکایە سوپاسی کەسوکارتان بکەن بەناوی منەوە و پێیان بڵێن با

چیی تر بۆم نەنێرن، هەر هیچ نەبێ با ماوەیەک نەینێرن. من نامەوێ خەسار ببن و فڕێیان بدەم".

لە سەرەتادا زۆر کەیفم بە چوونە قوتابخانە نەدەهات. حەزم نەدەکرد بە یەک جار ماوەی چل خولەک لەناو پۆلدا بمێنمەوە. دەمویست لەدەرەوە بم و ئازاد بم. بەڵام کاتێک کە فێری ئەلفبێ و هەندێ چیرۆک بووم دۆخەکە گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەردا هات. ئێستا هەموو ڕۆژێکی نوێ لە قوتابخانەدا بوو بە گەشتێکی نوێ خەریکە مەراق دەکەم بۆ ئەوەی بگەمە ڕۆژەکەی دوای ئەو.

مامۆستا نوێیەکە شتی سەیری تریشی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو جگە لە جلوبەرگەکەی، وەک تۆپێکی نوێی تۆپێن. کەس لە گوندەکەدا پێشتر تۆپێنی نەکردبوو، بەڵام ئێستا، بەهۆی حەزی مامۆستایەکە لەو یارییە، گەلێک لە پیاوە گەنجەکان خولیای تۆپێن کەوتە سەریان. هەموو پاش نیوەڕوانێک پیاوەکان شەرواڵەکانی خۆیان هەڵدەکرد، پێڵاوە لاستیکە هەرزانباییەکانیان لەپێ دەکردەوە و بەپێی پەتی تا کاتی شێوان گەمەیان دەکرد. منداڵان و ژنانیش وەک هاندەر هەڵسوکەوتیان دەکرد، گەورەکان وا دەردەکەوت کە گوێی پێ نەدەن. منیش لەلای خۆمەوە وا تێ دەگەیشتم کە یارییەکە گەڵێک توندوتیژیی تێدایە، ئەوەیش لەبەر ئەوە بوو کە من منداڵێکی بچووک بووم و نەمدەتوانی بەسەر تۆپەکەدا زاڵ ببم و وەک گەورەکان بیدەمە بەر و یاریی پێ بکەم. ئازارخواردن ئەگەرێکی ڕاستەقینە بوو و منیش حەزم لێی نەدەکرد. کوڕانی تریش هەبوون کە هەمان ئەو هەستەیان هەبوو. ئێمە دەچووین و لە دوورییەکی کەمەوە لە پشت گۆڵچییەوە دەوەستاین و، وەک هێڵێکی تری بەرگری دەبووین، زۆر سەرنجڕاکێش بوو کە تەماشای پیاو و منداڵانی گوند بکەی بەیەکەوە یاری دەکەن. لەلای ڕۆئاوای ئەشکەفتسەقادا ڕووبارێک هەبوو کە لەگەڵ توانەوەی بەفردا ئاوی پێدا دەهات، بەڵام کە هاوین بەرەو پێش دەچوو ئاوەکەی وردەوردە وشکی دەکرد و خەڵکی گوند کاتی سەختیان بەسەر دەبرد لە ئاودانی ئەو شینایییەی کردبوویان. هەرچەندە گیا زەرد هەڵدەگەڕا و گوند وشک دەبووەوە، بەڵام لە کاتی هاویندا، دەنگی ئەو ئاوەی لە ڕووبارەکەوە دەهات هەستێکی خۆشی بە جووتیارەکان دەبەخشی.

دەبوو خەڵکەکە ڕیز ببەستن بۆ ئەوەی هەندێک ئاویان چنگ بکەوێ. گوندەکییەکان دوو بیریان لەسەر ڕۆخی ڕووبارەکە لێ دابوو- یەکێک بۆ پیاوان و یەکێک بۆ ژنان. لەبەر ئەوەی لەماڵەکاندا جێی خۆشۆرین نەبوو، لادێییەکان دەبوو بچن لە ڕووبارەکە خۆیان بشۆن. کە منداڵ بووم، بەیانییان زوو بەرەو ڕووبارەکە بەغار دەچووم، هێشتا تەم بە لێواری دۆڵەکەوە مابوو. لەسەر لێوی ڕووبارەکە دادەنیشتم لە پاڵ ئەو دیوارە بەردینەی سنووری بیرەکەی دیاری دەکرد و چاودێریی پۆلە ماسییەکانم دەکرد کە لە ناو تەنکاوە ڕوونەکەی دەوری بیرەکەدا گەمەیان دەکرد. هەر جار نا جارێک بۆقێک کە خۆی دابووە بەر هەتاو لەسەر کەنارەکە خۆی هەڵ دەدایەوە ناو ئاوەکەوە. لە شوێنەکەی خۆمەوە سەیرم دەکرد و دەمبینی پیاوەکان دەموچاوی خۆیان لە ئاوە ساردەکە وەر دەدا. کە هاتوچۆی بەیانی زیاتر دەبوو، ئاوەکە لێڵ دەبوو و ڕەوە ماسییەکە ئەو شوێنەی بەجێ دەهێشت و بەرەو سەلامەتی بۆ ناو پامیشەڵانەکە دەچوو. ئەمە ئاماژەی من بوو بۆ ئەوەی کاتی

چوونەوەیە بۆ ماڵەوە، لەبەر ئەوەی چیی تر ئاوەکە ئەو روونی و گەشییەی نەدەما وەک ئەوەی کە کەسی لەسەر نەبوو. لەسەر بیری ژنان، چالاکییەکە برێتی بوو لە شوشتنی جلوبەرگ. هەر کەسێک لە گوندەکەدا تەنیا یەک دەستە جلی هەبوو، بۆیە کە ژنەکان جلەکانیان دەشوشت، لەسەر لقی دارەکان هەڵیان دەخست بۆ ئەوەی وشک ببنەوە. لەو رۆژانەشدا کە جلی پیاوەکانیان دەشوشت، پیاوەکان لەماڵ دەمانەوە و خۆیان بە بەتانی دەپێچایەوە.

ئێوارەیەکی هاوین، کاتێ کە لەسەر بیرەکە دەگەڕاینەوە، ئاگرێکمان بە قەدپاڵەکانی چیای کۆرەدەرەوە دی، لەلای خۆرهەڵاتی ئەشکەوتسەقاوە. چیای کۆرەدەر بەشێکە لە زنجیرە چیایەک کە لە دەربەندی گۆمەسپانەوە دەست پێ دەکا. ئەو زنجیرەیە لە چیای کۆرەدەرەوە بەرەو باشوور بەرز دەبێتەوە تا لووتکەی چیای باواجی پێک دێنێ. لە کۆیە، هەر لووتکەیەکی چیا ناوی خۆی هەیە و هەر ناوێک چیرۆکێکی وەک پشتینە هەیە. ئەو لووتکەیەی بەرامبەر بە ئەشکەفتسەقایە پێی دەڵێن گەلی وەسمان کوژرای– کە لەو شوێنەدا وەسمان ئاغا هاتبووە کوشتن.

چیرۆکی گەلی وەسمان کوژرایم لە زاری داپیرمەوە بیستووە، کە چیرۆک–گێڕەوەیەکی باش بوو. "ئەو چیرۆکەی لە پشت ئەم ناوەوەیە"، ئەو گوتی، "لە زەمانێکی کۆنەوە دەست پێ دەکا لە سەردەمی ئیمپراتۆریای عوسمانییەوە. وەسمان ئاغا برای ئیسماعیل بەگ بوو و گەورەی ئەشکەفتسەقا بوو بەو کاتەدا. رۆژەک، جەنەراڵەک بەناوی سەلیم سێ تەنگە بنکەیەکی لەسەر تەنگەبەری کۆتای چیایەکە دامەزراند و خەڵکەکەیش یەکسەر و لە خۆیانەوە وا تێ گەیشتن کە ئەو گرووپە سەر بە سوپای عوسمانییە. کە وەسمان ئاغا مرد، ئیسماعیلی برای ژنەکەی ئەوی مارە کرد و بووە گەورەی گوندەکە. پوشۆ، کە کوڕی وەسمان ئاغا بوو، ئەوەی پێ قبووڵ نەبوو کە مامی ببێ بە باوکی و ڕەتی کردەوە لە ماڵەکەدا بژی. ڕۆژێک، شمشێرەکەی باوکی برد و لە کاتی ڕاودا لە چیاکان ئیسماعیل ئاغای کوشت. پوشۆ چیی کردبوو بۆ دایکی گێڕایەوە، و ئینجا بەرەو بنکەکەی سوپا هەڵهات. ئەو بۆ ماوەی سێ مانگ لەوێ مایەوە لەبەر ئەوەی نەیدەوێرا بێتەوە ماڵەوە لە ترسی ئەوەی مامی، کاتۆ، کە بووبووە گەورەی گوند تۆڵەی لێ بکاتەوە. کاتێک لە کۆتادا، سوپا ئەو شوێنەی بەجێ هێشت، پوشۆیان لەگەڵ خۆیاندا برد. پاش ئەوەی مێردەکەی مرد و کوڕەکەی شوێنبزر بوو، دایکی پوشۆ هەموو کاتی خۆی بە ماتی لە بەردەم دەرگەی قەڵاکەدا بەسەر دەبرد، چاوی بڕیبووە شاخەکەی مێردە تازەکەی و کوڕەکەی لێ لەدەست دا".

هەر کاتێک کە تەماشای شاخەکەم دەکرد، پەڵەیەکی سوورم بەسەریەوە دەبینی. وام دەزانی کە ئەو سووریی چیایە ئەو خوێنەیە کە لەسەر شاخەکە وشک بووەتەوە. حەزم نەدەکرد تەماشای چیایەکە بکەم، بەڵام ماڵمان ڕێک بەرامبەری بوو و دەرگەی ماڵەوەمان بەردەوام کراوە بوو. بۆیە هیچ چارم نەبوو و هەر دەبوو ببینم.

ئاگرەکەی قەد چیای کۆرەدەر ئاژاوەی خستە ناو دانیشتووانەوە. لە کوردستاندا، ئاگر وەک ئامرازێکی پەیوەندیکردن بەکار دەهات، ئەوە لەو کاتەوە بوو کە کاوەی ئاسنگەر ئاگری هەڵکرد بۆ

گەیاندنی هەواڵی سەرکەوتنەکەی بەسەر زوحاکی پاشای بەدکاردا. لەم سەردەمەدا، ئاگر بەواتەی ئەوە دەهات کە کەسێک تووشی گرفت بووە. پیاوانی گوند زۆر جار دەچوون بۆ کۆکردنەوەی داری سووتەنی لە قەدپاڵەکانی چیای کۆرەدەر و بۆیە ئاگرێک لەوێ هۆکار بوو بۆ دڵەڕاوکێ. هەر کاتێک کە ڕووداویک ڕووی بدایە، وا باو بوو کە دارکەران ئاگرێکی بچووک بکەنەوە بۆ ئەوەی خەڵکی گوند لە خوارەوە ئاگەدار بکەنەوە لەوەی پێویستیان بە فریاکەوتنە. زوو بۆمان دەرکەوت کە کەسی گوندی خۆمان بزر نییە و بۆیە ترس لە ناو خەڵکی گوند ڕەوییەوە. ئاگر بە دەگمەن هەواڵی باشی دەهێنا.

ئێوارانی هاوین لە دێیەکەماندا ڕەسمێکی تایبەتی خۆی هەبوو. هەر پێش ڕۆژ ئاوابوون، کە کەش فێنک دەبوو، دەچووینە سەربانەکانەوە بۆ خواردنی نانی شێوان و دەستکردن بە خۆئامادەکردن بۆ نووستن. لەبەر ئەوەشی کە کارەبا نەبوو، دەبووایە گشت ئەمانە پێش ئەوەی تاریکی دابێ ئەنجام بدرێن. دایک بەلای کەمەوە دە جاران بە پەیژە دارەکەدا سەردەکەوت و دادەبەزی، شتومەکی سەردەخست، منیش تەنیا ئەو کاتە بەسەر دەکەوتم کە شێو ئامادە دەبوو چونکە زۆر لە سەرکەوتن بەسەر پەیژەکەدا دەترسام. پاش نانخواردن، دایکم دەچووە خوارەوە و چایەکەی دەهێنا، کە لەسەر خۆ لەسەر پاشماوەی پشکۆی ئاگری چێشت لێنانەکە دەمی دەکێشا. باوکم چایەکەی تێ دەکرد، بۆنی چایە ئەو ناوەی دەگرتەوە. ڕاکشان لەسەر دۆشەکەکانمان لە ژێر ئاسمانێکی بەرینی پڕ ئەستێرەدا هەموومانی دڵخۆش دەکرد. هەموو شتێک بۆنی سرووشتی لێ دەهات. یەک چایە، دایکم بەردەوام ئەوەی بە بیری من و جەمالدا دەهێنایەوە کە تەنیا یەک پیاڵە چایە بخۆینەوە، لەبەر ئەوەی نەیدەویست لەناو جێ میز بەژێر خۆماندا بکەین.

بەڵام لەو ئێوارەیەدا، ئاگرەکە هەموو کەسێکی ناڕەحەت کردبوو، بۆیە یەک لەدوای یەک، خێزانەکان بڕیاریان دا سەربانەکانیان بەجێ بهێڵن– تەنیا وەک وریاییەک نەوەکا ئاگرەکە بگاتە گوندەوە. ئەمە هەمووی سەرسامکەر بوو بۆ من. نەمدەتوانی تێ بگەم کە بۆچی ناتوانین شەوێکی خۆشی تر لە سەربان بەسەر بەرین. ئەو کاتە، ئەشکەفتسەقا تەنیا دنیایەک بوو کە من دەمناسی، بە باشیش دەمناسی. هەموو ئەو ڕێگەیانەم دەزانی کە دەهاتنە ناو گوندەکە، هەروەها ڕێچکەکانیشم دەناسی، گشت خەڵکەکە، و هەموو پشیلە و سەگ و مانگاکانیش. تەنانەت دارەکانیشم دەناسی. باشترین ئەو جێیانەم پێ دەزانی کە برادەرەکانمی لێیە، و ئەوانەشی کە دەتوانم تیایاندا بەتەنیا بم. هەروەها دەمزانی مریشکەکانمان لە ژێر کام دیوارانەدا هێلکە دەکەن. هەندێ جار ڕام دەکرد و هێلکەیەکم دەدۆزییەوە لەو کاتەدا کە دایکم نانی دەکرد. ئەویش هێلکەکەی بۆم دەخستە ناو ئاگرەکەوە و دواییش هێلکە برژاوەکەم بە پارچە نانێکی گەرمەوە دەخوارد. لەو کاتەدا بیرم بۆ ژەمە نانی لەوە باشتر نەدەچوو. ئەشکەفتسەقا چێیەکی ئارام و هێمن بوو و ئەو هەرایەی ئاگرەکە نایەوە من خەمبار کرد.

ئەو شەوە لەبەر ئاگرەکە لە خوارەوە نووستین. بەیانییەکەی بەوە دڵخۆش بووم کە گوێم لێ بوو باوکم بە دایکمی گوت، "ئاگرەکە دامرکاوە. بەڵام بۆ پاراستنیان نایەڵین شوانەکان ئەمڕۆ مەڕەکان

ببەنە دەرەوە". من تەنیا گوێم لە بڕگەی یەکەم بوو. لە کۆتادا دەتوانم بچمە دەرەوە و بە ئارامی دەست بەئاو بگەیەنم. بۆیە گوتم بچمە دەرەوە، لەبەر ئەوەی لە ماڵەوە هیچ جۆرە ئاودەستێکمان نەبوو. کانییەکی نێزیک هەبوو، لە جێیەکی تا ڕادەیەک شاراوەدا، ژنان بۆ ئەنجامدانی کاری پێویستی ڕۆژانەیان دەچوونە ئەوێ. کەمێک لەولاترەوە و لە سەرەوەتری ڕووبارەکە کانییەکی تر هەبوو، کە پیاوان دەچوونە سەری. منداڵانی وەک منیش دەچوونە پەنای نێزیکترین دیوار. من حەزم لەوە نەدەکرد، شتێک بوو دیمەنی گوندەکەی دەشێواند، بەڵام کارەکە گشتی بوو. پاش ئەوەی لێ بوومەوە، چوومە شوێنێکی نێزیکی ماڵی خۆمان کە دەمتوانی لێیەوە باشتر چیایەکە ببینم. تەماشام کرد تا بزانم ئاگرەکە هیچ تەڕاییەکی لەپاش خۆی جێ هێشتووە، بەڵام تیشکی بەتینی هەتاو نەیهێشت هیچ ببینم. هەموو شتێک لێڵ دیار بوو.

پەرۆشیی من لەبارەی ئاگرەکەوە بەهۆی ئەو ئەفسانەیەوە زیاتر بوو کە لای خۆمان باو بوو و دەیگوت ئاگر لەسەر چیا ئاماژەیە بۆ هاتنی کارەساتێک. لەنێو چەندا چیرۆکی تر لەبارەی ئاگرەوە یەکێکیان باسی ئافرەتێکی دەکرد بەناوی فاتمە کە برایەکانی ڕۆژانە دەچوونە ڕاو و ئێواران کە لە ڕاو دەگەڕانەوە ماڵەوە، فاتمە ئاگرێکی هەڵ دەکرد. ڕۆژێک فاتمە نەیتوانی ئاگرەکە بکاتەوە، بەڵام ئاگرێکی لە دوورەوە لەبەرامبەر خۆی لە قەدپاڵی چیایەکە بەدی کرد و بڕیاری دا بچێ و بزانی ئەو ڕووناکییە چییە. کە گەیشتە نێزیکی ڕووناکییەکە تەماشا دەکا دێوێک لە پێش دەرگەی ئەو ئەشکەوتەیە کە تیشکەکەی لێ دەهاتە دەرەوە. دێوەکە فاتمەی گرت و بردیە ژوورەوە و لەوێ ناچاری کرد پەنجەیەکی خۆی بداتێ و دێوەکە پەنجەی فاتمەی مژی تا تەواو وشکی کردەوە و کوشتی. خەڵکی گوندی ئەشکەفتسەقا لەبەر ئەوەی زۆر باوەڕیان بە ئەفسانە و چیرۆکی لەو بابەتانە هەبوو، بۆیە ئەوەیان بەباش نەدەزانی بڕۆن و بزانن ئاگرێکی دوور لەبەر چی داگیرساوە و چیرۆکەکەی چییە. بەلای زۆربەی ئەو خەڵکەوە چوونە سەر چیای کۆرەدەر شتێک نەبوو کە بوێرن باسیشی بکەن. بەهۆی ئاگرەکەوە، ئەو ڕۆژە وەک ڕۆژێکی پشووی گشتیی لێ هات. خەڵکەکە لە هەموو شوێنێک بوون لەسەر کار نەبێ. هێشتا قسەی زۆر هەبوو لەسەر ئاگرەکە بکرێ، بەڵام هەندێ خەڵکیش هەبوون لەو قسانە بێزار بوون، یان هەر نەبێ بەلایانەوە قسەی بێ واتە بوون. هەندێ لە کوڕانی هاوتەمەنم گوریسێکیان برد و چوون بەرەو دارتووە گەورەکە کە زۆر لە کانیی پیاوان دوور نەبوو. منیش لەگەڵیاندا کەوتمە ڕێ. هەندێ لەو تووە شیرین و بەشیلەیەمان خوارد کە کەوتبووە سەر زەوی، ئینجا گوریسەکەمان بە لقێکی ئەستووردا شۆڕ کردەوە و بەنۆرە جۆلانەمان لەسەر دەکرد. هەتا کاتی نیوەڕۆژەیش نەهات و لە توو تێر نەبووین– تامی تووەکە خۆشتر بوو کە ڕاستەوخۆ لەدارەکەمان دەکردەوە– بەرەو ماڵ نەچووینەوە.

ئەو ئێوارەیە، دووبارە تێبینیی ئاگرەکەمان کردەوە. دیسانەوەش لە ماڵەوە خەوتین. زێندینی شوان، زۆر تێک چووبوو بەوەی کە بۆ ڕۆژی دووەمیش نەتوانێ ئاژەڵەکانی بباتە دەرەوە. مامەم زێندین، ماوەی بیست پێنج ساڵ بوو شوان بوو و، پێی وا بوو کە ئەوە زوڵمە لەو ئاژەڵانە و لە خۆیشی دەکرێ. ئەو لەبەر ئەوەی ساڵانێکی زۆر بوو هەر بە تەنیا لەو گرد و تەپۆلکانەدا بوو،

مانەوە لەناو خەڵکدا سەخڵەتی دەکرد. لەگەڵ ئاوابوونی ڕۆژدا، دووبارە ئاگرەکە بینرایەوە و خەڵکی گوندیش کەمێک زووتر شێویان خوارد وەک خۆ ئامادەکرنێکی بۆ هەر ئەگەرێکی خراپ.

ئەو شەوە، خەوتن لە خوارەوە وای کرد کە کەمێک زیاتر هەست بە پارێزراوی بکەم بەڵام هەر دەترسام. دەموچاوی خۆم داپۆشی بەڵام تا نیوەشەو هەر بەئاگا بووم، تا ئەو کاتەی کە باوکم گەڕایەوەماڵەوە پاش گفتوگۆ و قسە لەگەڵ پیاوانی تری گوند. کە گوێم لێ بوو بۆ دایکمی دەگێڕایەوە و دەیگوت ئاگرەکە دووبارە کوژاوەتەوە، هەستم بە باشبوونەوەیەکی زیاتر کرد. بیرم لە دارتووەکە و جۆلانەکە دەکردەوە. جەمالی برام لە گەرمەی خەودا بوو، بەڵام من گوێم لەدایکم بوو مەمکی بە خوشکەکەم، ڕوقیە، دەدا. لەبارەی ئەو شەوەوە هیچی ترم لەبیر نییە، بۆیە وا دەزانم کە منیش هەر لەو چرکەساتەوە خەوم لێ کەوتووە. بەیانی هەستێکی باشم هەبوو. بە هیچ جۆرێک بیرم لە ئاگرەکە نەدەکردەوە. ئامادە بووم بچمە دەرەوە بۆ گەمان.

ئەو کاتەی کە چوومە دەرەوە، ڕۆژی سێیەمی ئاگرەکە بوو، خەڵک هەر قسەیان دەکرد. بەڵام ئێستا بە پەرۆشەوە بوون بزانن ئەو مەتەڵە چییە و چۆن بزانن هۆکاری ئاگرەکە چییە. ئەوان دەیانویست بگەڕێنەوە سەر ژیانی ئاساییی ڕۆژانەی خۆیان. کوڕە هەرزەکارەکانی گوند بەشێوەیەکی تایبەت حەزیان دەکرد ئافرەتە چەقۆ بەدەستەکە، کە بە فاتە ناسرابوو، ببینن دەگەڕێتەوە سەر کراکەی خۆی کە خەتەنەکردنی کچان بوو. خەتەنەکردنی کچان زۆر لەمێژ بوو و کۆنتر لەوەی کەس لە بیری مابێ لە کوردستاندا بەربڵاو بووە. ئەمڕۆ، خەڵکانێک هەوڵ دەدەن کە ئەم کارە ڕاگرن، بەڵام نەریت بەئاسانی لەناو ناچێ، بەتایبەتی لە گوندە بچووکەکاندا. فاتە لە گوندێکی نێزیکدا دەژیا، باقلین، ساڵانەش دو یان سێ جاران، بەپێی پێویست، دەهاتە ئەشکەفتسەقا بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە. فاتە چەقۆی خۆی لەگەڵ کچانی تەمەن خوار دە ساڵانەوە بەبێ بەزەیی بەکار دەهێنا و پارچەیەکی باشی لە میتکەیان دەبڕی. کە کارەکەشی تەواو دەکرد، ئەو پارچەیەی لێی کردبووەوە فڕێی دەدا وەک ئەوەی هیچ نەبێ. کوڕە هەرزەکارەکان دەچوون ئەو پارچانەیان کۆ دەکردەوە و بۆ دەسپەڕکردن بەکاریان دەهێنان پێش ئەوەی بیاننێژن.

هەتاوی ڕۆژی سێیەم ئاوا بوو، پیاوێک کە بە باڵدار ناومان دەبرد زۆر دڵخۆش بوو بەوەی ئاگرەکە لە شەوی پێشوو باشتر دیار بوو. باڵدار یەکێک بوو لەو کەم کەسانەی کە حەزیان دەکرد بڕۆن و لە ڕاستی و هۆکاری ئەو ئاگرە بکۆڵنەوە. زێندین پێکەنی و پێشنیازی کرد لەگەڵیدا بڕوا. خەڵکی گوند بەوە خۆشحاڵ بوون کە باڵدار دەیویست بڕوا .هەرچەندە باڵدار لە گوندێکی تردا ژیابوو، بەڵام خەڵکی ئەشکەفتسەقا زیاتر بڕوایان پێی کرد پاش ئەوەی کچێکی گوندەکەی مارە کرد. ناوی ڕاستیی باڵدار ئەحمەد بوو، بەڵام ئەو ناسناوەی هەڵگرتبوو، چونکە جارێکیان توانیبووی لە یەک ڕۆژدا بچێتە کۆیە و بگەڕێتەوە ئەشکەفتسەقا– ڕێگەکە نێزیکەی پەنجا کیلۆمەترێک دەبێ. لەبیرمە کە باوکم بەردەوام ئەو کارە سەیرەی دەگێڕایەوە: "هەموو خەڵکی ئەشکەفتسەقا سەرسام بوون و چووینە ماڵیان بۆ بەخێر هێنانەوەی. ئەو لەگەڵ خۆیدا جووتێک

پێڵاو و هەندێ ئارووی هێنابوو، کە خۆی و ژنەکەی بۆ میوانەکانی ئەو شەوەیان دانا".

بەڵام وەک پێشتر ئاماژەم پێی دا، خەڵکی ئەشکەفتسەقا بڕوایان بە ئەفسانە هەبوو. لە کاتی گەڕانەوەمان بۆ ماڵەوە مام سمایل ئێمەی ڕاگرت و پەنجەر وریاکردنەوەی لێما ڕاوەشاند. "ئێوە گوێتان لە دەنگی بایەقوش نییە؟ ئەمە ئاماژەیەکی خراپە. باوانی ئێمە دەیانزانی ئەم باڵندەیە چەند بەدیوومە. دەنگی ئەو نەگبەتی بۆ هەر ئاوەدانییەک دێنێ کە ئەو باڵندەیە بیکاتە ئامانج. ئەمە تەنیا ماڵوێرانی بۆ ئێمە دەگەیەنێ". مام سمایل زۆربەمانی تۆقاند. ئەگەر ئەو لەو کاتەدا دەیزانی چەند ئەو قسانەی کە دەیکار ڕاستن.

خەڵکی گوند، دڵەڕاوکەی خۆیان لەبارەی ئاگرەکە بە گەورەی گوند، مامەند ئاغا، گەیاند بۆ ئەوەی بڕیار بدا چی بکەن. هاوڕایی هەبوو لەناو دانیشتووانی گوند کە پێویستە چاوەڕێی هاتنی ڕۆژێکی تر بکەین پێش ئەوەی تیمێک بۆ چیا بنێرین، بەڵام پێویستیان بەوە بوو کە ئاغا پلانەکەیان پەسند بکا. مامەند ئاغا لە قەڵایەکی کۆندا دەژیا کە دەرگە سەرەکییەکەی ڕووی لە دوو کانییەکە بوو کە خەڵک بۆ دەستنوێژگرتن دەچوونە سەریان. ئاغا حەزی لە گۆرانیی میللی بوو و نێزیکەی هەموو شەوێک چەند پیاوێکی گوندی دەبردە لای خۆی و تا درەنگانی شەو گۆرانییان بۆ دەگوت. ئێوارانێک باوکم لەگەڵ خۆیدا بردمی و هێشتاش وردەکارییەکانی خانووەکەیم لەبیرە. ژووری پێشوازییەکە قاڵیی عەجەمی تێدا ڕاخرابوو و بالیفی خڕی تێدا هەبوو، تەواوەک خۆش و دڵگیر بوو. سەماوەرێکی گەورەش لای دەرگەکەوە بوو.

بەلامەوە سەیر بوو کە ئاغا سمێڵی خۆی تاشیبوو، لە کاتێکدا کە زۆربەی پیاوانی گوند شانازییان بە سمێڵەکانیانەوە دەکرد، بەڵام من بەو شێوەیەی خۆی خۆشم ویست. تێبینیی ئەوەم کرد کە قوتووی جگەرەکەی بەبریقە بوو و حەزم دەکرد کە جگەرەکانی تەواو کرد قوتووەکە بۆ خۆم ببەم. هەرگیز شتی وەهام نەدیبوو. ئاغا لە پشتێنەی بەخوارەوە ئیفلیج بوو، بەقسەی خزمەتکارەکانی بێ ئەوە وای لێ کردبوو خوو بداتە عارەق. کە لە کۆیەوە بۆی دەهات.

هەواڵی ئەوەی کە مامەند ئاغا خەریکە لە کۆتاییدا بڕیار بدا زێندینی تەواو ورووژاندبوو. ئەو وای دەزانی کە ئیتر میحنەتی خۆی و ئاژەڵەکانی بەکۆتا دەگا. "سبەی دەبێتە چوار ڕۆژ کە ئەو ئاژەڵانەم نەبردووەتە دەرەوە"، ئەو گوتی، "ئەوە کاری خۆی لە مەڕ و بزنەکان کردووە. ئەوان خواردنیان زۆر کەم بووە. پێویستیان بەوەیە ببرێنە شەر گردەکان بۆ لەوەڕ و بەزووترین کات". دڵەڕاوکێی زێندین تەواو کردەنی بوو: هێشتا زۆر زوو بوو بۆ ئەوەی ئاژەڵەکان خواردنی وشک بخۆن، کە بە زۆری لە کا و جۆ پێک دێ. ئەو دەبێ سوود لە ئەو لەوەرگە باشە وەربگرێ کە هێشتا خۆراکی زۆری تێدایە. ئیتر ئەوە بوو گەڕاینەوە بەرەو ماڵەوە و چاوەڕوانی بڕیاری ئاغا بووین.

# کورتە باسێک لەسەر شانامە کوردییەکان


## چاوپێکەوتنێک لە گەڵ بێهرووز چەمەنئارا شانامەناسی کورد لە زانکۆی گێئورگ ئاگوست گوتینگ لە ئاڵمانیا


ئا: سیاوەش گۆدەرزی

* ئێوە لە ئاستی دوکتۆرادا لە زانکۆی گێئورگ ئاگوست گوتینگ لە ئاڵمانیا لێکۆڵینەوەتان لە سەر شانامە کوردییەکان کردووە و ئێستا لێکۆڵینەوەکەتان لە نامەی دوکتۆرادا تەواو بووە. لەو پرسیارەوە دەست پێ بکەین کە شانامەی کوردی کە هاوکات ڕەزمنامە یان شەڕنامەشی پێ دەگوترێ، چییە؟ لای ئێوە شانامەی کوردی چ پێناسەیەکی هەیە و ناوەڕۆکەکەی باسی چ دەکا؟

– من دەمەوێ پێش ئەوەی باسی ئەوە بکەم شانامەی کوردی چییە، دەمەوێ باسی ئەوە بکەم کە شانامە چییە؟ بۆ ناساندی شانامە دەبێ زۆر بۆ دواوە بۆ ئێرانی کۆن بگەڕێینەوە. ئێمە ژانرێکمان هەیە بە ناوی شانامە کە لەودا باسی داستانی شەڕی شایەکان و پاڵەوانەکانی ئێرانی لەگەڵ دوژمنان و دێوەکان دەکا. ئەو دێوانەی کە هێرش دەکەنە سەر ئێران و دەیانەوێ ئێران داگیر بکەن. ئەم جانرە لە قۆناخ و سەردەمە جیاوازە مێژووییەکاندا شکڵ و شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە. لە هەر قۆناخێکی مێژوودا ئاماژە بە سەردەمێکی تایبەت دەکا. بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە سەردەمی مادەکان بکەین. بەشێک لە لێکۆڵەرەوەکان لەو باوەڕەدان کە بەشێک لە چیرۆکەکانی شانامە لە سەردەمی ماددا ڕوویان داوە. وەک نموونە چیرۆکی "بیژەن و مەنیژە" کە لە کوردیدا "مەنیجە و بێژەن"ی پێ دەگوترێ. گۆیا ئەم چیرۆکە هی سەردەمی مادە و لایەنی کەم لە دەورەی پارتییەکانەوە لە ناو خەڵکدا باوی هەبووە. بەشێک لە شانامە هی ئەو سەردەمەن، بەشێکیان هی قۆناخێکی مێژوویی نوێتر و بەشێکیشان بەتەواوەتی سەردەمەکەیان دەستنیشان کراوە. ئەگەر ئێمە ئاماژە بە شانامەی فیردەوسی وەک تێکستێک کە هەموو کەس دەیناسێ، بکەین. دەبێ ئەوە بزانین کە شانامەی فیردەوسی خۆی لە چی پێک هاتووە؟ بەشێکی زۆر لە شانامەی فیردەوسی لە داستان و چیرۆکەکانی نەتەوەگەلی ئێرانی و بەشێکی دیکەشی لە داستان یان مێژووی حکوومەتی لە دەورەی ساسانی لە چەند سەدەدا پێک هاتووە. لێرەدا ساسانییەکان






بۆ خـــۆیان چۆنیـــان پێ خـــۆش بـووە باسـی دیرۆکی خـــۆیان کـــردووە. بۆ نموونـە دەورەی ئەشکانییەکانیان سڕیوەتەوە و خۆیان گرێ داوە بە هەخەمانشییەکان. ئەمە بە ڕوونی لە شانامەدا دەبیندرێ.

* دیارە لێرەدا مەبەستت ئەوەیە کە بڵێی لە شانامەدا مێژووی شاکانی ئێرانی لە شێوازی کرۆنۆلۆجیکدا نووسراوە و بەشێکەی دیکە سەربەخۆیە کە پێوەندیی بە شاکانەوە نییە بەڵکوو کۆمەڵێک چیرۆکی گەلەری و چیرۆکی پاڵەوانەکانە کە لە ناو خەڵکی ئاساییدا باو بووە؟

– شانامەی فیردەوسی لەسەر هەمان بناخەی "خوداینامە"، کە لە ڕاستیدا شێوەی خوێندنەوەی پادشاکانی ساسانی لە مێژوو و لە جیهان و ڕووداوەکان لە سەردەمی خۆیان و لە سەردەمی هەخامەنیشیدا بووە، داندراوە. ئەمە لە شانامەی فیردەوسیدا بە شێوەی کرۆنۆلۆجیک لە دەستپێکی دروستبوونی جیهان دەست پێ دەکا هەتا کۆتایی حکوومەتی ساسانی لە سەردەمی "یەزدگردی سێهەم". ئەم جانرە دوو نموونەی دیکەی هەیە کە ئەم دوو نموونەیە هەر کامەیان تایبەتمەندیی خۆی هەیە و بە پێچەوانەی ئەوەی کە ڕەوتی نەریتی حکوومەتی یان دینیی سەردەمی ساسانیی لەسەر نەبووە، شێوەی تایبەتی ئەدەبی نەتەوایەتیی ئێرانیی خۆی پاراستووە. یەکیان بە ناوی حەڵقەی سیستانی ناسراوە کە ئەمە تایبەتە بە سیستان یان سیستمی سکاهەکان کە لەگەڵ مادەکان زۆر نێزیکن. نموونەیەکی دیکە شانامەی کوردییە کە دەستنووسەکانی لە بەراورد لەگەڵ شانامەی فردەوسیدا تازەترە و هەتا ئێستا چەند نموونەیەکی لە ئێران و لە هەرێمی کوردستاندا بڵاو کراوەتەوە. شانامەی فیردەوسی باسی مێژوو و بەسەرهاتی ساسانیی تێدایە کە لە

شانامەکانی دیکەدا نییە. لە شانامەی کوردی و لە حەڵقەی سیستانیدا وەک شانامەی فیردەوسی باسی پاڵەوانەکان دەکرێ نەک شاکان. هەر بۆیە بە پێچەوانەی شانامەی فیردەوسی بە "جەنگنامە" یان "ڕەزمنامە"، کە لە هەر چیرۆکێک بە ناوی پاڵەوانێکەوە کراوە نەک پادشاکانی ئێرانی. بۆ نموونە ئێمە "ڕوستەمنامە"، "جەهانگیرنامە" و "بەرزوونامە"مان هەیە بەڵام بە ناوی شاکانی ئێرانییەوە "کەیخوسرەونامە"، یان "کەیکاوسنامە"مان نییە. بێجگە لەوە شانامەی کوردی بە هیچ شێوەیەک باسی مێژووی تێدا نییە بەڵکوو باسی ئەستوورەیی و قارەمانەتیی پاڵەوانەکانی تێدایە. لەم پێوەندییەدا حەڵقەی سیستانی و شانامەی کوردی لێک نێزیکن و هەر دوو بە پێچەوانەی شانامەی فیردەوسی باسی مێژووی شاکانی ساسانی تێدا نییە.

* باشە دەکرێ برێک زیاتر باسی حەڵقەی سیستانی بکەی، حەڵقەی سیستانی چییە و باسی چی دەکا؟

– حەڵقەی سیستانی لە کومەڵە داستانگەلێکی جیاواز پێک هاتووە. هەر کام لەم چیرۆکانە بەشێک لە شەڕی پاڵەوانگەل بەرامبەر بە توورانییەکان و دێوەکان دەگێڕنەوە. کۆنترین دەستنووسەکانی حەڵقەی سیستانی زۆر لەگەڵ سەردەمی ژیانی فیردەوسیدا نێزیکن وەک "گەرشاسپ نامە"ی "ئەسەدی تووسی" و "جەهانگیر نامە"، "بانوو گوشەسپ نامە" و چیرۆکی دیکە. ئەوەی کە بە دڵنیاییەوە دەتوانین باسی بکەین ئەوەیە کە حەڵقەی سیستانی بنەمای تایبەت و ئورجیناڵی خۆی هەیە و لە ڕەوتی زارەکییەوە تاکوو سەردەمی هاتنی ئیسلام پارێزراوە. دواتر ئەو داستانانە بە شێوەی دەسنووس ماونەتەوە. بە شێک لە داستانەکانی حەڵقەی سیستانی لەگەڵ شانامەی کوردیدا هاوبەشن و وەک گێڕانەوەی فیردەوسی دەچن وەک ڕوستەم و زوراب، مەنیجە و بێژەن و برێک داستانی دیکە. بە کورتی دەتوانم ئەوە بێژم کە حەڵقەی سیستانی و شانامەی کوردی لە فورم و لە بنەماکانی نەریتی داستانییدا لێک نێزیکن و لە چوارچێوەی سەردەمی ئەستوورە و پاڵەوانەتیدا ماونەتەوە.

* تۆ ئاماژەت بە هێندێک تایبەتمەندیی شانامەی کوردی کرد. ئەڵبەت دواتر دێینە سەر جیاوازییەکانی شانامەی کوردی لەگەڵ شانامەی فیردەوسی بەڵام پێم باشە بزانم پێناسەی تۆ وەک شانامەناسێک بۆ شانامەی کوردی چییە؟

– دەتوانین لە چەند بارەوە باسی شانامەی کوردی و تایبەتمەندییەکانی بکەین. پێش هەموو شتێک لە فورمی دەرەوەدا یەکەم جیاوازی زمانە، شانامە کوردییەکان بە کوردی نووسراون بەڵام شانامەی فیردەوسی بە فارسی نووسراوە. لە فۆرمی شێعریشدا لێکجیان. لە بارەی جوانناسی شێعرەوە فۆرمی شانامەی فیردەوسی عرووزی عەرەبییە بەڵام شانامەی کوردی فۆرمی هیجایی کۆنی ئێرانی یان گۆرانی هەیە. واتە لە باری داڕشتنی شێعرییەوە شانامەی کوردی فۆرمی

ئێرانی هەیە بەڵام شانامەی فیردەوسی فۆرمی عەرەبی هەیە. ئەمەش لە خۆیدا دوو شتی بە تەواوی لێکجیان. ئەگەر لە بارەی مەتن و کانتێکستی ناوەوە چاو لە شانامەکان بکەین، دەبینین لە نێو داستان و چیرۆکەکانی شانامەی کوردیدا ڕەگەزی وای تێدایە کە لە نەریتێکی کۆن و زارەکییەوە سەرچاوە دەگرن.

ئەم نەریتە و ئەم ڕەگەزانە لە باری ئەستوورەناسییەوە دەردەکەوێ کە لە جۆری ئەستوورەی بەدەویی یان سەرەتایین. واتە ئەو سەردەمەی کە هێشتا ڕووانینی ئینسان بۆ جیهان ڕێئاڵ و ڕاستی نییە. وەک نموونە داستانی دێوەکان یان شەڕی پاڵەوانەکان و دێوەکان، ئێمە ئەو جۆرە ئەستورانە تەنیا لە سەردەمی سانسکریت، مەتنە ئەوێستاییەکان و داستانە جێرمەنییەکان کە هی سەردەمی زۆر کۆنن دەبینینەوە. وەک نموونە لە سەردەمی نوێدا ئەگەر باسی شانامەی فیردەوسی بکەین بۆ نموونە لە داستانی ڕۆستەم و ئەکوانی دێودا پێشەکییەکی درێژ لە سەر ئەوە هەیە کە وەرگری داستان بۆ ئەوە ئامادە دەکرێ کە چیرۆکەکە هەتا ڕادەیەک لە گەڵ ڕاستیدا یەک ناگرێتەوە. واتە لێرەدا لە سەردەمی ڕێئاڵدا سەردەمێکە کە ئیتر خەڵک بە شێوەی عاقڵانی بیر دەکەنەوە هەتا ڕادەیەک باوەڕیان بە بوونی دێو و جن نییە.

بەڵام شانامەی کوردییەکان زۆربەیان لە سەر شەڕی شاکانی ئێرانی و پاڵەوانەکانە لە دژی دێوەکان. یانێ ئەوەندە کە شەڕ لە نێوان ڕۆستەمی پاڵەوان و کوڕەکانی لە گەڵ دێوەکان هەیە هەمان شەڕ لە گەڵ پاڵەوانەکانی وەک خۆی نییە. ئەمە تایبەتمەندییەکی بەرچاوی شانامەی کوردییە. تایبەتمەندی دووەم ئەوەیە، بڕێک ئاماژەی وا لە چیرۆکەکاندا هەیە کە تایبەتە بە هەرێمەکانی زاگرۆس.

هەواڵنامەی کتێب

* وەک ئاماژەی ئاینی یارسان؟

– بەڵێ و هەروەها ئاماژەی دیکەش کە حەوجێ ناکات یارسانی بێت. بۆ نموونە چەمکێک بە ناوی چەمەر کە ئەمە تەنیا تایبەت بە یارسان نییە، لە شانامەی کوردیدا هەیە. چەمەر لە خۆیدا لە نەریتی ئەستوورە بۆ نەریتی میزۆپۆتامیایی گوازراوەتەوە.

* دیار مەبەست لە چەمەری نەریتی شیوەن و لاواندنەوەی مردوویە؟

– بەڵێ، دەزانین کە چەمەری نەریت و شێوازی بەڕێوەچوونی تایبەت بە خۆی هەیە، بە ساز و دهۆڵ و دەنگبێژ کە "بێوویش"ی پێدەگوترێ بەڕێوە دەچێ. ئەم نەریتە لە شانامەی کوردی زۆر بەرچاوە. بۆ نموونە کاتێک زۆراب دەکوژرێ چەمەری بۆ دەگرن. واتە دەیلاوێننەوە و لەودا دایکی زۆراب تەهمینە شێعر بە باڵای کوڕە کوژراوەکەیدا دەڵێ. ئەمانە هەموو لە شێوازی چەمەریدا بەڕێوە دەچێ. بێجگە لەمە ئێمە لە شانامەی کوردیدا هەژمارێک ڕەگەزی دیکەمان هەیە کە لە شانامەی فیردەوسی و تەنانەت لە حەڵقەی سیستانیشدا نین. وەک نموونە "زەڕعەلی" و دوو

کوڕەکانی "زەڕداد" و "زەڕپوش" کە ئەمانە فۆرمێکی سیانین. ئەمە فۆرمە سیانییە ئێمە تەنیا لە سەردەمی سەرەتایی زەردەشتی ئێرانی دەتوانین ببینین. یانێ بۆ سەردەمێک کە بۆ "وەهومەن"، "ئەشی" و ئیزەدەکانی دیکە سێ خزمەتکار هەیە. ئێستاش لێرەدا ڕۆستەم وەک نموونەی ئیزەدێک یان سەرۆک پاڵەوانێک کە نیوەی ئیزەدە و نیوەی ئینسانە سێ خزمەتکاری هەیە کە ئەو سێ خزمەتکارە نە دێون نە مرۆڤن. وەکوو دێو شەڕ دەکەن بەڵام شێوەی ئینسانیشیان هەیە. لە یەک چرکەدا دەچن بۆ ئەو پەڕی جیهان بۆ نموونە بۆ چین و ماچین یان بۆ تورکستان یان بۆ بوخاراو لە هەمان چرکەشدا دەگەڕینەوە.

* تۆ لێرە ئاماژەت بە چەمەری وەک ڕەگەز و تایبەتمەندییەکی شانامەی کوردی کرد، دەکرێ چەند بەیت لە چەمەری بە نموونە باس بکەی؟

– بەڵێ، ئەمە چەند بەیتێک لە چەمەری تەهمینە، لە کاتی کوژرانی کوڕەکەی زۆراب و لاواندنەوەی:

دایەش چوون ژنەفت بەی تەور هەواڵان
وە ناخون هەورکەند قەترانی خاڵان

پڵاسێ چوون قیر قەترانی بێ ڕەنگ
پووشا وە باڵاش زیز خاتر تەنگ

خرووشا بە قار وە ناڵەێ خەزین
سەرتاپای باڵاش شێ نە قار و قین

ڕووڵەی نازەنین سەهمگینم ڕوو
جە نوای شێران دڵ پەسێنم ڕوو

ڕووڵەی گوڵ دەماخ گوڵ باخانم ڕوو
سنەوبەر قامەت لێلاخانم ڕوو

زوراو زەڕ مێشت نەوەی سامم ڕوو
عەرعەر قامەتان شێر مەیدانم ڕوو

فدای زرەێ شەوق کەمانت بوو(؟)
دایە فدای هاێ وهووێ مەیدانت بوو

رووحم وە قوروان رووح شیرینت
سەدای بەزم و ڕەزم مەیدان کینت

دایە وە فـــدای تاج خـــوســـرەویت
بـابوو وە فـــدای بازووی پەهڵـــەویت

فـــــدای بـاڵات بـام نـەو نـەمـــــام نوو
ئـەمــرم نـەمــانوو دمــای مــەرگ توو

فــدای دو گـــوونای شــەو چراخت بام
فـــدای زام ســـەخت دڵ پڕ داخت بـام

فـــدای نەورەسـی بـاڵای ســـەوڵت بـام
فـدای گـوڵ خـونچـەی هـەر دو لاڵت بام

* هەر لە پێوەندی لە گەڵ شانامەی کوردی و پێناسەکردنی و جیاوازی لە گەڵ شانامەی فیردەوسی، ئێمە کاریگەری ئاینینیش دەبینین بۆ نموونە دەستپێکی چیرۆکەکان بە مناجات دەستپێدەکا یان بە مناجات کۆتایی پێ دێت یان لە ناوئاخنی چیرۆکەکاندا مناجات هەیە کە بە زۆری مناجاتی ئیسلامین و هاوکات کاریگەری ئاینی یارسانیش هەیە بۆ نموونە لە خودی نێوەرۆکی شانامەکاندا بۆ نموونە لە هێندێک داستاندا مەسەلەی تەناسوخ زۆر بەرچاوە. ئێوە فاکتەری ئاینی لە شانامەی کوردیدا کە خۆی لە فیردەوسی جیادەکاتەوە چۆن دەبینن؟

– ئەمەش لە خۆیدا باسێکی زۆر دوور و درێژە بەڵام بە کورتی ئاماژە بە چەند شتێک دەکەم. ئێمە دەبێ لە پێشدا ڕۆڵی "ڕاوی" واتە بێژەر یان ئەوەی کە شانامە دەخوێنێتەوە لە خودی تێکست یان مەتنی شانامە جیا بکەینەوە. پێشەکی یان دیباچە کە پێش لە داستان دێت و ئەوەش کە لە کۆتایی وەک قسەی کۆتایی دێت ئەمانە قسەی ڕاوی و بێژەری شانامەن. کە زۆرجار مناجات و پاڕانەوە لە خودایە و وەک دۆعا و داوای لێبووردن و بەخشین کە هەم لە لایەن بێژەرانی شیعە و بێژەرانی سوننەوە لە دەسپێک و کۆتایی شانامەدا دەگوترێ. لە نێوان ئەم دەسپێک و کۆتاییەدا دەقێک هەیە کە دەقی سەرەکی شانامەی کوردییە. من لە پڕۆژەی دوکتۆراکەم باسی ئەمە بە درێژی دەکەم و هێندێک نموونەی تایبەتمان هەیە. ئەم بەشانە لە دەقی بنەمایی شانامە جیاوازن و لێکوڵەوەر دەبێ لەم چەمکانە بۆ ناسینی بنەماکانی ئاینی شانامەی کوردی کەڵک وەر بگرێت؛ بۆ نموونە چەمکێک یان تێرمێک بە ناوی "زەڕ" هەیە.

زەڕ لە سیستمی یارسانیدا بابەتێکی زۆر گرینگە و بەشێکە لە سەردەمێک پێش لە خەڵقەت. کە پێم باش نییە لێرە باسی بکەم چوونکە بۆ من پێبەندی ئەخلاقی ڕێگەی باس کردنیم نادا. یانێ من مافی باس کردنی ئەوانەم نییە. بێجگە لەوە هێندێک چەمکی دیکە هەیە وەک ئاسن، خاک، مس و زێر. کە ئەمانە تێرمێکی جیهانین کە بەشێک لە شارستانییەتی مرۆڤ نیشان دەدا. سەرەتای

مرۆڤایەتی لە خاک و ئاسن هەتا دەگاتە مس و زێر کە ئەمانە جۆری پێشوەچوونی مرۆڤایەتی نیشان دەدەن و سەمبوڵی سەردەمی زێڕینی مروڤ لە سەردەمی پێش لە مێژوو وە کوو "ئوتوپیا"ی ئەستوورەیین. ئەمە لە خۆیدا لە سیستمی ئاینی جولەکە، مەسیحی و لە دینەکانی دیکە و ئەدیانی ئێرانی و لە ئەوێستاشدا هەیە. ئەمەش بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو لە شانامەی کوردی لە یەکێک لە پەردەکان لە کۆتایی چیرۆکی "بەهمەن و فەرامەرز" ئاماژەی پێکراوە. شانامەی کوردی لە خۆیدا زۆر نموونەی دیکەی لەم چەشنە تێدایە. ئەمە لە خۆیدا باسێکی درێژە بەڵام بە کورتی خاڵێکی هاوبەش ئەوەیە کە دینی هەرێمی یان شێوازی بیر و بۆچوونی هەرێمی لە شانامەی کوردیدا دیارە کە من پێموایە بە شێوەیەکی گشتی لە ژێر کاریگەری بیری یارسانیدا بووە و بە شێوازی "ڕاز" تاکوو ئەمڕۆ ماوە.

* دیارە نەک تەنیا لە قسەی ڕاوی وەک پێشەکی یان کۆتایی چیرۆکەکان بەڵکوو لە ناوەڕۆکی خودی چیرۆکەکەشدا دەتوانین لە دەیان نموونەی ئاماژەی مەزهەبی بێنینەوە. بۆ نموونە لە چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابی شانامەی کوردی دەتوانین ئاماژە بەم ئاماژە ئاینییانە خوارەوە بکەین. بۆچوونی تۆ لەم پێوەندییەدا چییە؟

نوسخەی گۆدەرزی:

نام حەق بەردەن ئەلاهوئەکبەر<br>
جە هەردوو تەرەف گرتشان کەمەر

نوسخەی بەهرامی:

هەر دوو واتشان ئەلاهوئەکبەر<br>
گێرتشان بە چەنگ کەمەربەند یەکدگەر

نوسخەی ئەمینی:

بە تەوفیق حەق ئەلاهوئەکبەر<br>
بازهەم وە کوشتی گرتشان کەمەر

یان:

زاڵ زەڕ نەوەد، شاد بی وە جەمین<br>
کەردش شوکرانەی ڕەبەلعالەمین

نوسخەی گۆدەرزی:

بە یاڕەب یاڕەب هەر شەو بێداران<br>
بە سەدای ئەکبەر سوبح و ئێواران

– لە درێژەی وەڵامی پرسیاری پێشووترا دەتوانم بێژم کە بێجگە لە دەستپێک و کۆتایی داستانەکان، بڕێک چەمکی دینی و ئاینی وەکوو ئەمانەی کە وەک نموونە لە شانامەی کوردییدا

هەن. ئەمانە لە ڕەوتی زارەکییەوە سەرچاوەدەگرن و یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی سوننەتی نەریتی زارەکی، هەبوونی چەمکگەلێکە کە لە چاوی خەڵکەوە برەویان هەبووە. بۆ نموونە دوای هاتنی دینی ئیسلام و ڕێز گرتنی خەڵک لە حەزرەتی عەلی، داستانگەلێک پێکهات لە شەڕی "ڕوستەم و ئیمامی عەلی"، هەروەها چیروکی "ڕوستەم و حەزرەتی سولەیمان" کە ئەم شێوە چیروکانە هەموو بە سەرکەوتنی پیاوە گەورەکانی دینی کوتایی دێن. چوونکە ڕەوتی زارەکی بێژەری تایبەتی نییە، لە بابەتی شێوازی جوانکاری شێعری و زمان و فورمی چیروکەوە زۆر قەرزاری کومەڵگایە و زۆر لە ژێر کاریگەری سەردەمە جیاوازەکاندایە.

* لە دەقی فیردەوسی شانامەدا هێشتا کاریگەری ئاینی زەردەشتی هەیە لانیکەم لە هێندێک تێرمینۆلۆجیدا بەڵام ئەو کاریگەرییە لە شانامەی کوردیدا نییە و شوێندانەری سەردەمی پێوەدیارە. بۆ نموونە لە شانامەی کوردیدا لە باتی مۆبدێکی زەردەشتی کە لە شانامەی فیردەوسیدا هەیە، وەزیرێک هاتووە. بۆچوونی ئێوە لەو بارەوە چییە؟

– من پێمـوایە ناوی موبەدی زەردەشتی و ناوی ئاوا هی بەر لە سەردەمی ساسانییە کە ئەم ناوانە لە چیرۆک یان بەسەرهاتی حکوومەتی ساسانییەوە سەرچاوە دەگرن. بەسەرهاتە حکوومەتییەکانیش دوو لایەنیان هەیە. یەکەم، بەسەرهاتی پادشاکان و دووەم، بەسەرهاتی ئاینی حکوومەتی. یانێ موبەدەکان بۆ خۆیان چینێک بوون هەتا ئاستی پادشاهی و هەروەها خودی پادشاکان. بەسەرهاتە پادشاییەکان باسی ڕێورەسمی تاج لەسەرنان و شەر دەکەن و بەسەرهاتە ئاینییەکان باسی تەقویم، ساڵ و مانگ و ڕێورەسمە ئاینییەکان دەکەن. دەزانین کە کتێبگەلێک بە ناوی "تاج نامەگ"، "ئاین نامەگ" لە سەردەمی ساسانیەکاندا هەبووە و مێژوی تایبەتی پادشاکان و ڕێورەسمە ئاینیەکانی لە نێودا نووسرابوو. لە ڕاستییدا لە شانامەی فیردەوسیدا بەشێک لە چیرۆکەکان کە چیرۆکی گەلەری و خەڵکی ئەو دەم بوون، گۆڕدراون. واتە ئەو چیرۆکانە کە هی نەتەوەکانی ئێرانی بوون بە ناوی مۆبد و پادشاکانەوە گۆڕدران. بۆ نموونە ئێمە ئەمە لە حەڵقەی سیستانیدا وە هەروەها لە شانامە کوردییەکانیشدا نابینین. من پێم وایە نابێ ئێمە وا بڵێین کە بۆ نموونە شانامەی کوردی ئەمەی لە شانامەی فیردەوسی وەرگرت و موبدەکەی بە وەزیر گۆڕی. ئەمە وانییە. چوونکە بەسەرهاتەکان لە شانامەی فیردەوسی و شانامە کوردییەکاندا لێکجیان و هەرکامە تایبەتمەندی تایبەت بە خۆیان هەیە.

* دیارە لێرەدا مەبەست ئەوە نییە کە ئەو ئاماژانە لە شانامەی فیردەوسی وەرگیرابن. بەڵکوو بە پێچەوانە ئەوەیە کە لە شانامەی فیردەوسیدا هێندێک ڕەنگی ئاینی زەردەشتی پێوە دیارە وەک هێندێک تێرمی وەک موبد و شتی ئاوا، ئەمە لە کوردییەکەدا نییە. یانێ لێرەدا کاریگەریی ئاینی ئیسلامی زیاترە لە شانامەی کوردی هەتا شانامەی فیردەوسی بەتایبەت لە تێرمینۆلۆجی و بەکارهێنانی چەمکدا،

ڕوانگەی تۆ چییە؟

– لە شانامەی فیردەوسیدا بە بۆنەی لایەنگری لە دەزگای حکوومەتی ساسانی لە ئاینی زەردەشت و بەهێز بوونی دەزگای حکوومەتی مووبدەکان، بەشێکی بەرچاو لە نەریتی حکوومەتی لە ڕێگەی "خوداینامە"وە هاتووەتە نێو شانامەی فیردەوسی بەڵام هەر لە شانامەی فیردەوسیشدا ڕەنگی ئاینی ئیسلام زۆر بەهێزە و ئەمەش بەرچاوە. ئاینی ئیسلام بە بێ شک کاریگەریی هەبووە لە سەر شانامەی کوردی و ئەمە نابێ لە بەرچاو نەگیردرێت بەڵام من پێم وایە کە ڕەنگی ئەستوورە و ئاینە هەرێمییەکان بەهێزتر و دیاریترە.

* بە گشتی بە پێی ئەو لێکۆڵینەوەی کە ئێوە کردووتانە، شێست هەزار یان زیاتر بەیت شانامەی کوردی هەیە، ئێستا چەند نوسخەی جیاوازی شانامەی کوردی هەیە، بە چەند شێوەزار گوتراون؟ هەر پێوەست بەم پرسیارەوە دەزانین دوو جۆری شانامە هەیە یەک دەسنووس و دوو زارەکی، تایبەتمەندییەکانی ئەوان چین؟

– ئەوەی بە دەستی منەوەیە و ئێستا لەبەر دەستمدان ٦٤ نوسخەیە. کە دیارە بەو نوسخەیەش کە لای ئێوە هەیە و من نەمدیووە ئەوە دەبێتە ٦٥ نوسخە. ئێستا تەواو باوەڕم وایە ئەگەر بێتوو چەند مانگێکی دیکە لە کوردستان بە دوای شانامەی کوردیدا بگەڕێم ئەوە بە ئیتمینانەوە لیستی دەسنووسەکان دوو جار لەوەی ئێستا بە لامەوە هەیە زیاتر دەبێ. لیستی ئەوانە هەمووی لای من هەن و لە پرۆژەی لێکۆڵینەوەکەمدا کەڵکم لێ وەرگرتوون و هەروەها لە سەر ئەو دەسنووسانەش هەتا ئێستا چەند وتارم بڵاوکردووەتەوە.

دیارە بێگومان شانامەکانی سەرزار زۆر لە دەسنووسەکان زیاترن. شانامەکانی سەر زار لەگەڵ دەسنووسەکان لەو بارەوە جیاوازن کە ئەوان فۆرمی تایبەتی خۆیان هەیە، ئەو شتەی کە کەسێک لە بەری کردووە و دواتر دەیڵێ لەگەڵ ئەوەی نووسراوە، جیاوازە. لە شانامەی سەرزاردا ئازادیی زیاتر یان بە پێچەوانە بەربەست هەیە لە کاتی گوتندا. بۆ نموونە کاتێک ڕاوی یان شانامەخوێن لە شەونشینییەکدا شانامە دەخوێنێ ئەگەر لەو دانیشتنەدا بۆ نموونە ژن و منداڵ هەبێت ئەوە شیانی ئەوە هەیە شانامەخوێن بەشێک یان چەند بەشێکی ئیرۆتیک لە چیرۆکەکە سانسۆر بکا و نەیخوێنێتەوە. بەڵام ئەگەر ڕاوییەک دەیهەوێ چیرۆکی شانامە بنووسێتەوە، ئەو دەم ئەو بەتەنیا خۆیەوە و چی پێ خۆش بوو دەینووسێتەوە، واتە بەربەستی نییە بەڵکوو بەپێچەوانە ئازادیی زۆرتری لە گێڕانەوەی چیرۆکەکاندا هەیە. بە هەر حاڵ ئەمانە ئەو لایەنانەن کە دەبێ لە لێکۆڵینەوە و گەڕان لە نێو شانامەی کوردیدا لەبەرچاو بگیردرێن. دیارە لە سەر ئەمەش شێواز و میتۆدی تایبەتی هەیە کە چۆن چیرۆکەکان لە گێڕانەوە و سەرزارەوە دەنووسرێنەوە و چۆن لە پرۆسێسێکی دوورودرێژدا ئاڵۆگۆڕیان بەسەردا دێت. من پێم وایە نەریتی گێڕانەوەی سەرزار کە لە کوردستان هەبووە، نەریتێکی زۆر بەهێز بووە. من بۆ خۆم لەو نوسخانەی کە لەزارەوە ڕێکۆردم کردووە ئەوە

تێگەیشتم کە ئەگەرچی ڕاوی و بێژەری شانامەکان زۆر دوور لە یەک ژیاون بەڵام لە گێڕانەوەدا زۆر وەک یەک دەچن. بۆ نموونە زۆر جار تووشی ئەوە دەبووم کە بێژەرێک ڕاست سەد بەیت هەروەک بێژەرێکی زۆر دوورتر لە خۆی بە بێ جیاوازی و وەک خۆی دەڵێتەوە. ئەو بێژەرانە کەسانێک بوون کە زۆر بەتەمەن بوون و لە بنەڕەتدا خوێندەوارییان هەر نەبوو. ئەمە بۆ من جێگەی سەرسوڕمان بوو کەسێک کە خوێندەواریی نییە چۆن لە تەمەنی بۆ نموونە ٩٠ ساڵیدا ئەو چیرۆکانەی لە بیر و زەیندا ماوە. ئەوەی لێرەدا بۆ من جێگەی ڕامان بوو ئەوە چ نەریت و هێزێکە ئەم چیرۆکە دوور و درێژە دەخاتە مێشکی خەڵکەوە و لە درێژاییی ژیاندا لەگەڵ ئەو چیرۆک و بەسەرهاتانەدا دەژین و لە بیریان ناچێت؟ دیارە پێویستە ئاماژە بەوەش بکەم کە من لە لێکۆڵینەوەکانمدا بۆ نیشاندانی تایبەتمەندییەکانی شێوازی زارەکیی ئەدەبی حەماسی و پاڵەوانی کوردی، لە تیوریی پروفیسور "لورد" و "پری" کەڵکم وەر گرتووە.

* لە سەر ئەو شێوەزارانەی کە شانامە کوردییەکانی پێ نووسراون، هێندێک قسە بکە. من دەزانم کە تۆ تەنیا دەسنووسە گۆرانییەکانت کۆ نەکردووەتەوە بەڵکوو بە شێوەزاری دیکەش شانامەتان کۆ کردووەتەوە. ئەوەی ئێستا دەزانین ئەوەیە کە شانامە کوردی گۆرانی، لەکی، لۆڕی، سۆرانی و کرمانجیمان هەیە. بۆ نموونە لە کرمانجی سەروودا هەردوو داستانی هەفتخوانی ڕۆستەم و ڕۆستەم و زۆراب لە چیرۆکێکدا بە ناوی ڕۆستەمێ زاڵ بە کرمانجیی سەروو چاپ کراوە. هەژمارێکی بەیتی ڕۆستەمی زاڵ لە دەنگبێژێک، لە کەسێک ناسراو بە عەبدولقادری دەنگبێژ تۆمار کراوە. هەروەها چیرۆکی "ڕوستەمێ زاڵ" لە کۆکردنەوەی "ئوردووخانی جەلیل" لە ئەرمەنستان هەیە. ئێستا زانیارییەکانی ئێوە لە سەر شانامە جیاوازەکان بە شێوەزارە جیاوازەکان هەم لە دەسنووس و هەم لە سەرزاردا چین؟

– سپاس بۆ زانیارییەکانتان. من پێم وایە بنەمای سەرەکیی شانامەی کوردی بە کوردیی خوارین بە گۆرانییە. هەم بە گۆرانی نووسراوە و هەم بە گۆرانیش گوتراوە و جیل بە جیل هەتا ئێستا هاتووە. من بێجگە لە گۆرانی چەند نوسخەیەکی سۆرانیم لا هەیە کە ئەمانە بەشێکیان وەرگێڕانن بۆ نموونە وەرگێڕانی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابی شانامەی فیردەوسی کە وەرگێڕانەکانیشیان باش نین. بێجگە لەوە دەزانم شانامەی کوردی بەشێوەی بەیتبێژی لە سۆرانی و کرمانجی گوتراون کە بەداخەوە نوسخەیەکیان وەدەستی من نەکەوت، تەنانەت هەر بۆ ئەو مەبەستەش سەردانێکی ئەرمەنستانم کرد بەڵام شتێکم وەدەست نەکەوت. دیارە دەگوترێ هەیە بەڵام هەتا ئێستا بە دەستی من نەکەوتوون. ئەوانەی کە باس لە شانامەی لەکی، شانامەی لوڕی یان هەورامی دەکەن هەموویان مەبەستیان یەک شێواز و یەک زمانە کە گورانی بێت بەڵام چونکە شێوازی گورانی لە هەموو پارچەکانی زاگروس برەوی هەبووە ئەوان ئەم شێوازەیان بە زمانی

دایکی خویان زانیوە و ناوی خویان لەسەر داناوە. هەموو ئەوانە شانامەی کوردین و لە شێوازی گورانیدا نووسراون. هەر بۆیە من بۆ خۆم لە ڕوانگەیەکی زمانناسانەوە تێرمینۆلۆجی شانامەی لەکی و لوڕی و هەورامی بەکار نابەم و پێم هەڵەیە، بەڵکوو هەموو ئەو شانامانە بە گۆرانی نووسراون و بە گۆرانییان دەزانم.


* دەزانین شانامە کوردییەکان هەمووی چەند ساڵێکە کەوتوونەتە بەر باس، تەنانەت ئێستاش تێگەیشتنێکی تەواو و یەکدەست لە سەر ئەوە نییە کە شانامە کوردییەکان چین و شانامە کوردییەکان لەگەڵ شانامەی فیردەوسی وەک یەک دادەندرێ. ئێستا ئێوە یەکێک لە دەستپێشخەرانی ناساندنی شانامەی کوردین. ئەویش لە مەجالێکی ئەکادیمی و لێکۆڵینەوەدا. پێم باشە ئەوە بپرسم کە شانامەی کوردی لە بارەی میتۆلۆجیا و ناسنامەی کوردەوە چ گرنگییەکی هەیە؟


– من پێم باشە ئەوە بڵێم زۆر کەمن ئەو نەتەوانە لە جیهان کە تێکستی بەم شێوەیە و بەم جانرە وەک شانامەی کوردیان هەیە. ئێمە دەبێ وەک کورد شانازی بکەین وەک نەتەوەیەکی کۆن و گەورە کە تێکستێکی بەرزی وەک شانامەی کوردیمان هەیە. ئەمەش بۆ ناسنامەی ئێمە زۆر گرینگە. زۆر گرینگە بۆ ناسنامە و بۆ زمانی کوردی و دەبێ بیانپارێزین. هاوکات لەسەر شانامە کوردییەکان لێکۆڵینەوە و لێگەڕانی ئەکادیمی بکەین. ئەمەش لەبەر ئەوەیە یەکەم خۆمان باش بناسین و دووەم ئەوانەی لە نێزیک و دەوروبەری ئێمە دەژین، ئەوانیش باشتر بناسین. ئەگەر ئێمە باسی ئەوە دەکەین کە نێزیکایەتی یان دووریی شانامەی کوردی لەگەڵ شانامەی فیردەوسی چییە مەبەست ئەوە نییە کە حەتمەن دەبێ ئێمە لەوان جیاواز بین. نەخێر مەبەست ئەوەیە کە بزانین ئێمە وەکوو کورد بۆ خۆمان پێناسەیەکمان هەیە یان لانی کەم ئێستا لێکۆڵینەوەی لە سەر دەکەین، ئەمە هەتا چ ڕادەیەک باس لە مێژووی ئێمە دەکا. باس لە کولتووری ئێمە دەکا، باس لە ژیان، زمان و هەستی کوردیی خۆمان دەکا. من سەبارەت بە گرینگیی ئەمە دڵنیام کە شانامە کوردییەکان کە زۆر زۆر زیاتر لە ٦٠ هەزار بەیتن پێناسەیەکن بۆ خەڵکی کورد و دەتوانن ببن بە سەرچاوەیەکی زۆر گرینگ بۆ لێکۆڵینەوە و پشکنینی جۆراوجۆر لە بواری کۆمەڵایەتی، زمانناسی، ئەستورەناسی، کولتوور ناسی و ئایینناسی و زۆر بواری دیکەش...

* کاک بێهرووز تۆ وەک خۆت چۆن سەرەنجت بۆ لای شانامە ڕاکێشرا، چۆن وەدوای شانامە کەوتی؟ هۆکارەکان چی بوون؟

– دەزانین کە شانامەی فیردەوسی زۆر ناسراوە، منیش هەروەک هەموو کەسی دیکە زانیم کە هەیە و ناسیم. هاوکات شانامەی کوردی بە شێوەی سەرزار هەر لە منداڵییەوە لە دانیشتنەکانی ماڵەوە و لە خزم و کەس و کارمان بیستبووم. دواتر لە سەردەمی خوێندن لە زانکۆ کاتێک من

شانامەی فیردەوسیم دەخوێند، بیرم بۆ لای ئەوە چوو کە ئێمەش هەمان شانامەمان بە کوردی و بە شێوەی زارگوتن هەیە. بۆیە کاتێک هەوڵی ئەوەم دا کە شێوازە دەمییەکان یان سەرزار بۆ لێکۆڵینەوەی خۆم لە داهاتوودا ڕێکورد بکەم، دیتم کە شانامەی کوردی دەسنووسیشی هەیە. کەسانێک هەڵکەوتن کە بەڕاستی لەم بارەوە زۆریان یارمەتی دام. هەر لێرەدا پێویستە سپاسی ئەوانە بکەم کە ئەو دەسنووسانەیان لە هەوێڵی من خستووە چ لە ئێران و چ لە هەرێمی کوردستان وەک کاک عرفان پارسا، زاهد ئارمی و کاک سەلاح مەنووچهری لە سەقز، مامۆستا مەحمەد عەلی قەرەداغی، مامۆستا مەحمەد عەلی سوڵتانی، کاک حەیدەر لوتفینیا، فەرهاد شاهمورادیان لە ئیلام، بنکەی ژین لە سلێمانی، و چەند پەرتووکخانەیەکی دیکە لە ئاڵمان و تاران. هەر لێرەوەدا دەبێ سپاسی ئێوەی خوشەویست کەم کە بە گیان و دڵ بۆ ئەدەب و فەرهەنگی کوردی تێ دەکوشین و کات و سەرمایەی خۆتان بۆ ئەم باسە تەرخان کرد.





# نهێنییەکانی نوری پاشا سەعید

ئا: دکتۆر مەیسون ئەلبەیاتی

کەسایەتیی نوری سەعید، ئەو کەسەی لە سەردەمی پاشایەتیی عێراقدا چواردە جار پۆستی سەرۆکایەتیی وەزیرانی وەرگرتووە، یەکێکە لەو کەسایەتییانەی کە قسە و هەڵوەستەی زۆری لەسەر کراوە، سەرنجی زۆری لەسەر هەبووە، وتوویانە کەوا ئەو کەسێکی نۆکەر و داردەستی بێگانە و داگیرکەرەکانی وڵاتەکە بووە، هەروەها ڕامانی ئەوەش هەیە، ئەو یەکێک بووە، لە کەسایەتییە وڵاتپارێزەکان و زۆریش دڵسۆزی نیشتمانەکەی بووە.



بۆ قسەکردن لەسەر ئەو کەسایەتییە و دۆزینەوەی چەند لاپەڕەیەک لە ژیانی سیاسیی عێراقی سەردەمی پاشایەتی، بۆ زۆرتر زانیاری لەسەر ئەوەی ئەو میللەتە، چەند و چۆن داردەستی بریتانییەکان و ئەمەریکاییەکان بووە، چۆن بە دەست و پلانی ئەوان، چەند یەکتریان کوشتووە، وا لە خوارەوە نمایشی کتێبەکەی بووکی نوری پاشا دەکەین، کە لە کتێبەکەی بەناوی (نوری سەعید... پیاوی دەوڵەت و مرۆڤ) باسی کردووە، تێیدا دکتۆر عسمەت ئەلسەعید، بووکی نوری سەعیدی هاوسەری سەباحی کوڕی، باسی پاشای خەزووری کردووە.

.........................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی

## دوورگەی بیوک ئاژە

دکتۆر عسمەت کە بەرەگەز میسرییە، دەڵێت:

من لەگەڵ باوکم (عەلی پاشا فەهمی) لە دوورگەی بیوک ئاژە بووین، ئەو دوورگە تورکییە دەکەوێتە ناو دەریای مەڕمەڕە، لەوێ بەڕێکەوت نوری سەعید لەگەڵ نەعیمە عەسکەریی هاوسەری (کە خوشکی جەعفەر عەسکەری بوو) و سەباحی کوڕی، لە ڕێگەی گەڕانەوەیان لە لەندەنەوە بەرەو عێراق سەردانی کردین. سەباحی نوری سەعید بڕوانامەی ئەندازەی فڕۆکەوانیی لە زانکۆی کەمبریدج هەبوو، ڕۆژێکیان لە بەغدا تووشی ڕووداوێکی فڕۆکەوانی دەبێت، خۆشبەختانە لە مردن دەربازی دەبێت، بۆیەش ئەو لەگەڵ ماڵباتەکەی بۆ چارەسەری ڕوو لە لەندەن دەکەن، لە ڕێگەی گەڕانەوەیاندا لە دوورگەی بیوک ئاژە لادەدەن، لەوێ پاش ئەوەی خێزانەکە بۆ پشوودان دەمیننێنەوە، سەباح ڕیخۆڵەکوێرەی هەو دەکات، بۆیە لەوێ دەیبەنە نەخۆشخانە و نەشتەرگەریی بۆ دەکەن، بەڵام نەشتەرگەرییەکە ئاسان و ئاسایی نابێت، بەناچاری ماوەیەکی زۆر لە نەخۆشخانەکە دەمینێتەوە، بۆیە باوکی عسمەت بۆ دڵنیایی سەردانی دەکات، کە دەچن، لەوێ کەمال ئەتاتورکیش سەردانی دەکرد، هەر لەو سەردانەدا، لە نەخۆشخانەکەدا نوری سەعید داوای دەستی عسمەتی کیژی بۆ سەباحی کوڕی دەکات، کە لە نەخۆشخانە کەوتبوو، لەو ڕازیبوون و پیرۆزباییەش ئەتاتورک بەشدارییان دەکات. هەر لەو ڕەوشەدا، بە پرۆسەیەکی ئاسایی سادە داخوازییەکە و ئاهەنگەکە دەکرێت، بۆ تەواوکردنی قۆناخەکانی هاوسەرگیری و زەماوەندەکەش، کیژەکە دەگاتە بەغدا و لەناو ماڵەکەیان لە وەزیریە ڕاغبە خاتوون لە شەوی ٢٢ی ئۆکتوبەر ٦٣٩١ زەماوەندەکە دەکەن.

## جەعفەر عەسکەری

ئاهەنگ و زەماوەندەکە دەکرێت، بەڵام خۆشییەکە زۆر ناخایەنێت، شەش ڕۆژ پاش ئاهەنگەکە، بەکر سدقی کودەتایەکی سەربازی بەسەر حکوومەتدا دەکات، تێیدا جەعفەر عەسکەرییش دەکوژرێت، کە دەکاتە خاڵی زاوا. کە عەسکەری دەکوژرێت، هێزەکانی هاوپەیمان و هەوادارانی بەکر سدقی دەوڵەتە عێراقییەکە دەگرن، بە فەرمانی مەلیک غازی، تا ژیانیان سەلامەت بێت و لە گێژاوەکە دوور بن، هەر یەک لە یاسین ئەلهاشمی و ڕەشید عالی ئەلگەیلانی لە وڵات دەردەچن و دەگەنە لبنان، بەڵام نوری سەعید بە فڕۆکەیەکی سەربازی لە بنکەی هندیەوە، کە بنکەیەکی بریتانی بووە، دەگاتە لبنان، لەوێشەوە لەگەڵ کوڕەکەی سەباح، دەگاتە ماڵی باوانی بووکەکەی لە میسر، مانگانەش مووچەی خانەنشینییان لە قاهیرە وەردەگرن.

مەلیک غازی، حیکمەت سولێمان دەکاتە سەرۆک وەزیران، ئەوەش لەسەر داوای سەرکردەکانی کودەتاکە بووە، ئەگەرچی ئەوەی جێگەی سەرسامییە، کەوا حیکمەت سولێمان، ئەویش زاوای

عەسکەری بووە، واتە نوری سەعید و حیکمەت سلێمان ژنیان خوشک بووە. ئەو ڕەوشەش هەشت مانگ دەخایەنێت، پاش ئەوەی ڕۆژێکیان سەرکردەی کودەتاکە بەکر سدقی، لە بنکەی هێزە ئاسمانییەکان لە ڕێستورانتێکی فڕۆکەخانەی موسڵ دانیشتبوو، لەناکاو عەریفێکی سەربازی لە پەنجەرەیەکی نێزیکەوە تەقە لە بەکر سدقی دەکات، لەگەڵ سەرۆکی هێزە ئاسمانییەکە دەکوژرێن، پاش ئەوەی سەرۆکەکە دەیویست عەریفەکە بگرێت کە بەکر سدقی دەکوژێت، ئەویش تەقەی لێ دەکات و گوللەیەک بە گەدەی دەکەوێت و دەمرێت، پاش ئەوەی بەکر سدقی دەنێژن ڕەوشەکە بەئارامی نامینێتەوە، ڕەوشی وەزاەتەکەی حیکمەت سولێمان ئاڵۆز دەبێت، بۆیە مەلیک وەزارەتەکە هەڵدەوەشێنێتەوە و وەزارەتێک بە سەرۆکایەتیی جەمیل ئەلمەدفعی دادەمەزرێنێت. ئەو ڕەوشە نوێیەش بوار ئاسان دەکات، کەوا سەباح نوری سەعید لە تاراوگە بگەڕێتەوە بەغدا و بکرێتە بەڕێوەبەری شەمەندەفەری عێراق، لە ڕۆژی ٠٢ ئۆگستی ٧٣٩١ کوڕێکیان دەبێت، ناوی دەنێن فەلاح.

پاش کودەتاکەی بەکر سدقی و کوشتنەکەی، سەربازەکان بەزۆری دەست لەناو کاروباری دەسەلات وەردەدەن، حکوومەتیش ناتوانێت بەتوندی ڕووبەڕوویان ببێتەوە، ئەوانیش بێ ترس و بێ دوودڵی دەستیان لەوە وەردەدەن، بۆیەش کۆشش دەکەن وەزارەت و حکوومەتەکەی جەمیل ئەلمەدفعی بڕووخێنن، بۆیەش ئەفسەرەکانی (چوارگۆشە زێڕینەکە) سەلاحەدین ئەلسەباغ و فەهمی سەعید و کامیل شبیب و مەحمود سەلمان هوشداری دەدەنە ئەلمەدفعی کە واز لە دەسەلات بهێنێت، دیارە کەوا ئەو گوێڕایەلی گەف و داواکەیان دەبێت، دەست لەکارکێشانەوەکەی لە حکوومەت پێشکێشی مەلیک دەکات، دووبارە نوری سەعید بۆ جاری سێیەم لە ڕۆژی ٢٥ی دیسەمبەری ٨٣٩١ دەکرێتەوە سەرۆک وەزیران.

## مەلیک غازی

مەلیک غازی دەست دەکات بە پشتیوانیکردن لەوانەی دژایەتیی بریتانیایان دەکرد، بۆیەش بریتانییەکان کۆششیان دەکرد مەلیک غازی لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە، ئەویشیان بە کارەساتی ئۆتوموبێلێک لەناو برد، دکتۆر عسمەتی بووکی نوری سەعید لە کتێبەکەیدا نووسیویەتی کەوا خەزووری لەو کارەساتەدا هیچ دەست و پلانی نەبوو.

کە مەلیک دەکوژرێت جەماوەری عێراق هەڵدەچێت و ناڕەزاییەکی توند نیشان دەدەن، تێیدا قونسڵی بریتانیا لە موسڵ دەکوژن، شاژن عالیە لەسەر ڕووداوەکە گەواهی دەدات و بەبێ ئەوەی سوێندی لەسەر شاهیدییەکەی خواردبێت، کەوا مەلیکە کۆچکردووەکە حەزی دەکرد عەبدولئیلا ببێتە جێگر و لەسەر تاجەکەی مەملەکەت بێت، ئەگەر ئەو دووچاری هەر کارەساتێکی لەناکاو هات، بۆیەش عێراق دەکەوێتە بن دەست و کۆنترۆڵی سەفارەتی بریتانیا و نوری سەعید، کە زۆر

دەسەڵاتیان بەسەر عەبدولئیلاوە هەبوو.

کە مەلیک غازی دەکوژرێت، وەزارەتی سێیەمی نوری سەعید دەست لەکار دەکێشێتەوە، بەڵام هەر زوو نوری سەعید وەزارەتێکی نوێ لەبن وەسایەتی عەبدولئیلا پێک دەهێنێت، بۆیەش لە ڕۆژی ٦ی نیسانی ۹۳۹۱ نوری سەعید دەبێتەوە سەرۆک وەزیران.

## ڕەشید عالی ئەلگەیلانی

شەڕەکانی جەنگی دووەمی جیهان گەرم بوون، تازە پۆلۆنیا و هۆلەندا و بەلجیکا گیرابوون، گیران و ڕووخانی پاریس نێزیک بوو، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش چەک دەفرۆشێت و بەپارە یارمەتیی هەردوو لای شەڕکەر، بەرەی میحور و هاوپەیمانەکان دەدات، هێشتا ئەمەریکا بەڕەسمی بەشداریی شەڕەکەی نەکردبوو، زۆرتر شەڕەکەی بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکار دەهێنا، کارگەکانی چەکی بەرهەمی زۆریان هەبوو، بە گیرانی هەر وڵاتێکی ئەورووپی، لەلایەن بەرەی میحورەوە ئەوان زۆرتر چەکیان لە بازاڕەکاندا سەرف دەبوو، ئەوەش ئابووریی گەشەدار و باشتر دەکرد.

وەزیرەکانی مەملەکەتی عێراقیش، لەو دەمانە لەبەر ئاڵۆزی و دیارنەبوونی ڕامان و هەڵوێستە سیاسییەکانیان، وایان دەزانی پشتیوانیکردنی وڵاتانی میحور باشترین بەرنامە و هەنگاوە، بۆ دەربازبوونی وڵاتەکەیان لە دەسەڵات و کۆلۆنیزمی بریتانیا، دیارە بیریان لەوە نەدەکردوە کە ئەڵمانەکان وڵاتێکی ئەوروپایان دەگرت، وڵاتەکەو دەکەوتە بن کۆلۆنیی ئەوانەوە، کە ئەڵمانەکان هۆڵەندا دەگرن، ژاپۆنی هاوپەیمانەکەی، بەتەنگاوییەوە ئەندونیسیا دەگرێت، کە زووتر کۆلۆنیی هۆڵەندایی بووە.

کە وەزیرەکانی حکوومەتی عێراقی لەسەر پشتیوانی و دژایەتیی ئەڵمانیا دەبنە دوو بەش و دوو بۆچوونیان دەبێت، وەزارەتەکەی ئەلگەیلانی لە ڕۆژی ١٣ی یەنایەری ١٤٩١دا دەڕووخێت، بۆیەش وەسی، داوا لە تەها ئەلهاشمی دەکات وەزارەتێکی نوێ پێک بهێنێت، دیارە زووتر هەر چوار ئەفسەرە عەقیدەکە، لەگەڵ ئەلگەیلانی هاوسۆز دەبن، کە پشتیوانیی ئەڵمانیای دەکرد، تەها ئەلهاشمی ناچار دەکەن و زۆری لێ دەکەن حکوومەتەکەی هەڵوەشێنێتەوە و دەست لەکار بکێشێتەوە، پاشان بە فەرمانی سەربازی وەسی ناچار دەکەن ئەلگەیلانی بگەڕێتەوە وەزارەت.

ئێوارەی ١ی فێبرایەری ساڵی ١٤٩١ ئەلگەیلانی لە ئیستگەوە حکوومەتە سەربازییەکەی ڕادەگەیێنێت، هەر لەبن فەرمان و داواکانی ئەو، سوپا ڕوو لە دەزگەکانی پۆست و تەلگراف دەکەن و پێوەندییەکانی وڵاتەکە دەبڕن، ئۆتومبێلێکی سەربازییش دەچێتە ماڵەکەی نوری سەعید و لەوێ سەباحی کوری دەگرن، بەڵام لەو دەمانە باوکی لە ئوردن بوو، بەڵام ژنەکەی ئەلگەیلانی لەبەر ئەوەی دۆستایەتیی گەرمی لەگەڵ دایکی سەباح هەبووە، داوا دەکات ئەلگەیلانی سەباح ئازاد بکات. وەسی عەبدولئیلایش، بەخۆگۆڕینەوە لەناو کۆشکەوە دەردەچێت و دەگاتە ماڵی شازادە

سالحە لە ڕەسافە، لەوێشەوە دەگاتە بنکە سەربازییەکەی بریتانیا لە بەسرا.

کە ئەلگەیلانی عەبدولئیلا لەسەر تاج لادەبات و ئەلشەریف شەرەف لە جێگەکەی دادەنێت، لە کاروبارەکانیدا سیاسەتێک پەیڕەو دەکات زۆر لە بەرژەوەندیی ئەڵمانەکان دەبێت، ئەلگەیلانی کار دەکات ڕێگە و گەیاندنی سوپای بریتانیا بۆ هیند ئاستەنگ بکات، بەوەش بوار زەحمەت دەبێت، سوپای بریتانیا بگاتە بەرەکانی شەڕ، تا ڕۆژێکیان حکومەتی عێراقی چاوەڕوان بوو، بارێک چەکی ئەڵمانی لە فڕۆکەخانەی ئەلحبانییە دابەزێنێت، بریتانییەکان ڕێگەیان پێ دەگرن، دەرئەنجام بریتانییەکان بەغداش بۆردومان دەکەن، بۆیەش حکومەتی عێراقی لە بەغدا ڕادەکەن و بەرەو ئێران دەرباز دەبن.

## وەسی و پاشا

کە فەرمان بە مەلیکی ئوردنی بە مەلیک عەبدوڵا دەکرێت، دەستبەرداری ئەلشەریف شەرەف بکات و عەبدولئیلای وەسی و جێگر بگێڕێتەوە بەغدا، لەسەر ئەو ڕووداوە دکتۆر عسمەت نووسیویەتی:

کە مەلیک عەبدوڵا لە پلانەکە تێدەگات و دەزانێت حکومەتە نوێیەکەی بەغدا نیازی چییە، کۆششێکی باش دەکات بۆ هەڵوەشاندنەوەی پلانەکەی ولاتانی میحوەر و ئەڵمانیا، بۆیە پەنا دەباتە بەر سوپای عەرەبی و بەرەو عێراق بەڕێ دەکەوێت، هاوشانی خۆشی عەبدولئیلا دەباتەوە کە ئەلگەیلانی دەری کردبوو، کە لەناو بەغداش دەزانن سوپا عەرەبییەکە بەرەو بەغدا بەڕێوەیە، ئەلگەیلانی و هەر چوار ئەفسەرەکە بەرەو ئێران ڕادەکەن، لەگەڵ خۆیان حاجی ئەمین ئەلحوسێنییش دەبەنە ئێران. بەڵام ئەوەش مانای ئەوە نییە کەوا هەموو ئاریشەکان کۆتاییان هات و مەسەلەکان بەئاسایی کۆتاییان هات، خەڵکێکی زۆر گیران، لەوانە ئەو فەلەستینییانەی لە بەغدا دەژیان و پشتیوانیی ئەلگەیلانییان کردبوو، لەوانە دەرویش ئەلمقدادی ڕاگری خانەی باڵای مامۆستایان، کە زۆر هیوایان بە ئەڵمانەکان و ئەلگەیلانی هەبوو، بۆیە ئەوانە دەگیرێن و ڕەوانەی دادگەیان دەکەن و سزا دەدرێن، لە بنکە سەربازییە بریتانییەکەی بەسرا دەگیرێن.

## ناوچەی مانگی بەپیت

عەرەبەکان لەبن قەڵەمڕەویی دەوڵەتی عوسمانی هەستیان بە نەژادپەرستی و جیاوازییەکان نەدەکرد، هەتا حزبی ئیتحاد و تەرەقیی تورکی دامەزرا، کە ئەوان ڕەگەزی تورکیان لەسەرووی ڕەگەز و میللەتانی تری ناو سنووری دەوڵەتی عوسمانی دەبینی، ئەوەش لەبەر ئەوە بوو، کە زۆر لە ئەندامانی ئەو حزبە، ئەو جوولەکانە بوون کە لە ولاتانی ئەوروپاوە لەبن ستەم و زۆرداریی ئەو دەوڵەتانە، بەرەو سنووری دەوڵەتی عوسمانی ڕایان کردبوو، کە لەو سنوورەش دەژیان خۆیان وا نیشان دابوو، کەوا بوونەتە موسڵمان و جوولەکەییی خۆیان شاردبووەوە، بەو جوولەکانەیان

دەووت، جووڵەکەی دۆنمە.

کە ئەلشەریف حوسێنی کوڕی عەلی شەریفی مەککە، لەناو سنوور و دەسەڵاتی عوسمانی یاخی دەبێت، کە پشتیوانیی بریتانییەکان وەردەگرێت، ئەوەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئەمەریکاییەکان پێش بریتانییەکان، خۆیان وا نیشان دەدا کەوا پشتیوانی بزاڤی ڕزگاریخوازی عەرەب دەکەن، تێیدا سەرۆکی ئەمەریکایی وودرو ویلسۆن لەساڵی ٩١٩١ پڕۆژەیەکی چواردە خاڵ ڕادەگەیێنێت، کە لەناو بەندەکانی ڕێککەوتننامەی ڤێرسای باس کرابوو تێیدا (دەبێ بەشە تورکییەکە، لەناو سنووری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، هەموو دەسەڵات و سەرەوەرییەکانی هەبێت، سەبارەت بە نەتەوەکانی تری ئەو سنوورەش، دەبێ ئەمیرەکان بواری حوکمی سەربەخۆیان پێ ڕەوا ببینرێت).

کە پاریس دەکەوێتە بن دەسەڵات و هێزەکانی ئەڵمانیا، بریتانییەکان دەیانەوێت فڕەنسییەکان لە سوریا و لە لبنان بکشێنەوە، لەجیاتی فڕەنسییەکان ئەوان فەرمانڕەواییان بکەن، بریتانییەکان بیانووی ئەوەشیان هەبوو کەوا دەیانەوێت، بۆ ڕەوانەکردنی پترۆلی عێراق پێگە و دەروازەیەکیان لەسەر دەریای سپیدا هەبێت، یان لە فەلەستین ئەو مەرامە جێبەجێ بکەن، بۆیەش بریتانییەکان داوا لە نوری سەعید دەکەن پڕۆژەی ناوچەی (مانگی بەپیت) بورووژێنێت، کە تێیدا بەو پڕۆژەیە سوریا و لبنان و فەلەستین و خۆرهەڵاتی ئوردن لەناو یەک دەوڵەت بەناوی وڵاتی سوریا پێک بهێنن، دواییش، ئەو قەوارە سیاسییە نوێیە لەگەڵ عێراق بەشێوەی کۆمەڵەی عەرەبی ساز بکەن.

لەبن فشاری زۆری ئەمەریکاییەکان، فڕەنسا لە سوریا و خۆرهەڵاتی ئوردن و کوێت دەکشێنەوە، بەوەش ناکۆکی و ململانێ دەکەوێتە نێوان ئەمەریکاییەکان و بریتانییەکان، کە دەسەڵاتیان بەسەر سوریا و لبناندا هەبوو، بەوەش پڕۆژەی ناوچەی مانگی بەپیت هەرەس دەهێنێت.

بریتانیا کە هەست دەکات پڕۆژەکەی هەرەس دەهێنێت، بیر دەکاتەوە کۆمکاری عەرەبی لە میسر دامەزرێنێت، بەوەش دەتوانن ڕووبەڕووی گەورەیی و دەسەڵاتی ئەمەریکا لە ناوچەکە بوەستنەوە، تا عەرەبەکان هاوشان و یەکدەست، لەجیاتی بریتانیا ڕووبەڕووی دەسەڵاتی ئەمەریکا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بوەستن، چونکە عەرەبەکان لەو دەمانە زۆر پەرۆشی سەربەخۆیی و ئازادییەکان بوون، بەوەش ڕەنگە بکرێت ڕووبەڕووی گەشەی هەژموونی ئەمەریکایی ببنەوە.

کە کۆمکاری عەرەبی لەساڵی ٥٤٩١ لە میسر دادەمەزرێت، نوری سەعید دەستی باڵای دەبێت لە دانانی عەبدولرەحمان عەزام-ی ڕەگەز میسری بۆ پۆستی سکرتێری کۆمکارەکە، کە دەرئەنجام دەردەکەوێت کۆمکارەکە ناتوانن بەرنامە و پلانەکانیان جێبەجێ بکەن، ناتوانن پێوەندییەکانی ئابووری و زمان و کولتوور و جوگرافیا و مێژووی عەرەبەکان توند گرێ بدەن، نوری سەعید داوا دەکات هەندێ لە ڕێسا و بەرنامەکانی ئیداری و ڕێکخستنەکانی بگۆڕن، تێدا داواکاریشە

سکرتێرەکەشی بگۆڕن، بۆیە عەزام نامەیەکی خۆش و تەنزئامێز بۆ نوری سەعید دەنووسێت، کە بووکەکەی دکتۆر عسمەت لە لاپەرەی ٨٩ی کتێبەکەیدا بڵاوی کردیتەوە، ئەوەش دەقی نامەکەیە:

### ئەزیزم نوری پاشا ئەلسەعید

سەلامی خوداتان لێ بێت، من زۆر هاوشان و پشتیوانی تۆ بووم، بەڵام تۆ کەم هاوشانی و پشتیوانیی منت کرد، من خۆشەویستیم بۆ تۆ هەر زۆر بووە، بەڵام تۆ چاودێریی خۆشەویستییەکەت نەکرد، خودا ئاگەدارە کە من زۆر پەرۆش و چاوەڕوانی خۆشەویستی و وەفای نانونمەکی تۆ بووم، هیواخواز بووم هاوکارم بیت بۆ خزمەتکردنی نەتەوەکەمان، من چاوەڕوان بووم بەڵام! تۆ هەموو ئەوانەت فەرامۆش کرد. دیارە هەر ئەوەمان لە دەست ماوە، کە یەکتری نەبینین، ئەوەش داوای تۆ بووە، کە مەردایەتی ئەوەی قبوول نییە. هەردووکمان ژیانی یەکترمان بە پیرۆز زانیوە و ئەگەر مردین ئەو حەسرەتمان لەدوا دەمینێتەوە.

دڵسۆزتان عەبدولرەحمان عەزام ٤١ی ٥ی ٩٤٩١.

### پەیمانی بەغدا

لەکۆتایی چلەکاندا بڕیاری دابەشکردنی فەلەستین دەردەچێت، بۆیەش شەڕی یەکەمی عەرەبی ئیسرائیلی بەرپا دەبێت، ئەگەرچی کۆمکاری عەرەبیش هەبوو بەڵام نەیانتوانی عەرەبەکان ئیش بۆ ئەوە بکەن بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ بریتانیا هاوبەش بکەن، بۆیەش دەوڵەتی عیبری بەپێچەوانەی داوا و بەرژەوەندیی بریتانیا دامەزرا، بەوەش دەبوایە بریتانییەکان لە تاکە بەندەری ئاویی لە حەیفا بڕۆن و وڵاتەکە چۆڵ بکەن، بەوەش دەروازەیەکی باشی دەریایی لەبن دەستی بریتانییەکان نامینێت.

بۆ دەرکردنی بریتانی و فرەنسییەکان لەساڵی ٢٥٩١ کودەتایەکی سەربازیی ئەمەریکایی لە میسر دەکرێت، بەوەش بریتانیا دواپێگە و سەرچاوەی بەرژەوەندییەکانی لە ناوچەی عەرەبی دەدۆڕێنێت و چیتر کۆمکاری عەرەبی ناتوانێت بەرژەوەندییەکانی بپارێزێت، بۆیە بریتانییەکان بۆ پاراستن و ڕاگرتنی بەرژەوەندییەکان دەبوایە هاوسەنگییەکە ڕابگرن، لەجیاتی کۆمکاری عەرەبی پێگەیەکی نوێ بدۆزنەوە، بەوەش بیر لە دامەزراندنی پەیمانی بەغدا دەکەنەوە، ئەوەش وەڵامدانەوەی پرۆژەکەی ئایزنهاوەر بوو، دژ بە بوون و مەترسیی شیوعییەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیا.

ئەگەرچی نوری سەعید بەوە دەناسرا، کەوا پیاو و دۆستی بەوەفای بریتانییەکانە، بەڵام ئەویش وەک حکوومەتەکەی ئەلگەیلانی کە دەچێتە پاڵ ئەڵمانەکان بۆ دوورخستنەوەی بریتانییەکان، ئەوەش دەبێتە فاکتەری سەرەکیی ڕووخانی حکوومەتەکەی، نوری سەعیدیش کە پشتیوانیی

بەرنامە ئەمەریکاییەکە دەکات، پشتیوانی پەیمانەکە دەکات، کە بە ڕێنمایی ئەمەریکاییەکان جێبەجێ دەبوو.

دکتۆر عسمەت ئەلسەعید لە کتێبەکەی لە لاپەرە ٥٧١دا دەنووسێت:

ئەو هێرشە دژوار و کوشندەیەی ئیستگەی دەنگی عەرەب و هەموو ڕاگەیاندنی میسری، لەسەر پەیمانی بەغدا دەکرا، گومان لەوە پەیدا دەکات، ڕەنگە هەندێ لە بەندەکانی ئەو پەیمانە لە بەرژەوەندیی داگیرکەران و ئیسرائیل بێت، بۆیەش کە کودەتاکەی ٤١ی گەلاوێژی ساڵی ٨٥٩١ دەکرێت، چەند لایەنێک کۆشش دەکەن، بەوریاییەوە بەڵگەنامەکانی ناو خانەی بەڵگەنامەی بەغدا بدزن، هەموو کەرەستەکانی ببەنە قاهیرە، لەوێ بەوردی سەیری دەقەکانی بکەن بۆ دۆزینەوەی برگە نهێنییەکانی پەیمانەکە، بەڵام پاش پشکنین و خوێندنەوەیەکی زۆر، هیچ برگەیەکیان لەو جۆرە دەست ناکەوێت، هەموو گومان و ئەگەرەکانیان پووچەڵ دەبێتەوە.

## یەکگرتنی میسر و سوریا

لەڕۆژی ١ی فێبرایەری ساڵی ٨٥٩١ پەیمانی یەکێتیی نێوان سەرۆکی سوریا شوکری ئەلقووەتلی و سەرۆکی میسر جەمال عەبدولناسر ڕادەگەیەندرێت، دیارە کەوا پرۆژەی یەکبوونەکەی نێوان ئەو دوو وڵاتە، بەرنامەیەکی ئەمەریکایی بووە بۆ سۆزی عەرەبەکان، بەمەرجێک لەگەڵ ڕامان و بۆچوونە عەرەبییەکان هاوسۆز بێت، بۆیەش بریتانییەکان بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە و بوونی خۆیان لەو ڕەوشە ڕابگەیێنن، ئەوانیش پرۆژەیەکی یەکێتی و یەکبوون ڕادەگەیێنن، تا ببێتە بەدیلی یەکێتییەکەی مانگی فێبرایەری ٨٥٩١.

هەر پاش هەفتەیەک لە ڕۆژی ٤١ی فێبرایەری ساڵی ٨٥٩١ بەڕەسمی یەکێتیی عەرەبی کە دوایی بەناوی یەکێتیی هاشمی، لەنێوان مەملەکەتی عێراقی و مەملەکەتی ئوردنی هاشمی ڕاگەیاندرا، تێیدا مەلیکی عێراق ببێتە سەرۆکی یەکێتییەکە، یەکێتییەکەش ئارەزوومەندانە بێت، بۆ هەموو وڵاتانی تر، ئەگەر حەز بکەن ببنە ئەندام لەو یەکێتییەدا، کە پایتەختی یەکێتییەکەش دەوری دەبێت، هەر شەش مانگ جارێک لەنێوان بەغدا و عەمان دەبێت.

## مەلیک فەیسەڵی دووەم و حوسێن

نوری سەعید زۆر بەپەرۆشەوە، لەگەڵ هاتنەوەی کوێت بوو بۆ ناو یەکێتییەکە، بۆ ئەوەش بەرنامەی دانابوو تا ئەوان بێنە ناو یەکێتییەکە، داواکار بووە حیمایەی بریتانی لەسەر کوێت هەڵگیرێت و بە هەموو مەرجەکانەوە بێنە ناو یەکێتییەکە، بۆیەش حاکمی کوێت شێخ عەبدوڵا ئەلسالم داوەتی بەغدا دەکەن، هەردوو لا ئاخاوتن دەکەن کوێت لەبن دەسەڵاتی بریتانییەکان ڕزگاری بێت و سەربەخۆیی وەربگرن، ئینجا بێنە ناو یەکێتییەکە. پاش مۆرکردنی ڕێککەوتننامەکە ڕۆڵی بریتانیا

لەساڵی ٥٥٩١ پەراوێز دەکرێت، بۆیەش بەردەوام چاویان لەسەر سیاسەتی ئەمەریکاییەکان بوو، کە زۆر بەئاشکرا ئەوانیان لە گۆڕەپانەکە پاڵ دەدا و دوور دەکەوتنەوە، هەموو ئاماژەکانیش وا دیاربوو، کەوا نوری سەعید هەموو ئامانج و بەرنامەکانی لەبەرژەوەندیی ئەمەریکاییەکان دەکردەوە و پشتی لە بریتانیا کردبوو.

کە فەرەنسییەکان لە سوریا و لبنان دەکشێنەوە، هەردوو وڵات بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، دەکەونە بن هەژموونی ئەمەریکاییەکان، هەروەها نەجد و حیجاز کە کۆمپانیای ئارامکۆی پترۆلی دەیانکاتە مەملەکەتێکی عەرەبیی سەعودی، هەر لەساڵی ٨٤٩١ ئەمەریکاییەکان دەوڵەتی ئیسرائیلیان دامەزراندبوو، لەساڵی ٢٥٩١ دەسەڵاتی میسری دەڕووخێنن و دەست بەسەر کەناڵی ئەلسویس-دا دەگرن، لەساڵی ٥٥٩١ەوە بریتانییەکان و ئەمەریکاییەکان، لەسەر دەسەڵاتی عێراق دەکەونە ململانێ، هەر لەساڵی ٣٥٩١ەوە لە وڵاتی جەزائیر شەڕێکی دژوار هەڵدەگیرسێنن و دژایەتیی فەرەنسییەکان دەکەن، لە مەراکش بەئاشکرا لەگەڵ فەرەنسییەکان لەسەر کێشەی گەڕانەوەی محەمەدی پێنجەم کە فەرەنسییەکان دووری دەخەنەوە دەکەونە ململانێ و ناکۆکییەوە، بۆیە هەڵچوون و تەقینەوەکان لەنێوان بریتانییەکان و ئەمەریکاییەکان لە باشووری عەرەبی گەرم دەبێت، بۆ دەرکردنی بریتانییەکان لە یەمەن و حەزرەمۆت و بنکەی عەدەن و سەلتەنەی عومان، بەوەش بریتانییەکان تەنیا لە ئوردن پێگەیەکی بەرتەسکیان لەبن دەستدا دەمینێت، کە دواپێگەیان کوێت بوو.

پاش ئەوەی نوری سەعید دەیەوێت لەسەر پەتی ململانێی بریتانیا-ئەمەریکا یاری بکات، دەیەوێ گەشەیەک بە وڵاتەکەش بکات، لەساڵی ٥٤٩١ کە بریتانییەکان کۆمکاری عەرەبی دادەمەزرێنن، عێراق دەبێتە ئەندامێکی کارای ئەو کۆمکارە، هەر لەسەردەمی نوری سەعیدیش عێراق سەرکردایەتیی پەیمانی سنتۆی ساڵی ٥٥٩١ دەکات، کە دوایی ناوی دەبێتە پەیمانی بەغدا، ئەمەریکاییەکان لەساڵی ٥٥٩١ بریتانییەکان ناچار دەکەن ڕێککەوتنی پەیمانی ٠٣٩١ لەگەڵ عێراق هەڵوەشێننەوە، بۆیەش بریتانییەکان باش دەیانزانی نوری سەعید لەو سیاسەتە چ گەمەیەک دەکات، بەڵام چاوەڕوان دەکات و هیچ جوولەیەک ناکات. هەر لەسەردەمی نوری سەعید لەساڵی ٨٥٩١ وەک نموونەیەکی بریتانیی پێشنیازکراو یەکێتیی عەرەبی ڕادەگەیێندرێت، کە پێشنیازێک بوو بۆ بەرنامەیەکی یەکێتیی عەرەبی، مەبەستی بریتانییەکان لە هاندان و کۆشش، بۆ ئەو یەکێتییە ئەوە بوو، کەوا نوری سەعید پشتیوانی لە ئوردن بکات، کە لەبن دەسەڵاتی بریتانییەکان بوو، بەڵام لەبەر هەژموونی ئەمەریکاییەکان پەڵەقاژەی بووە، کە دەیویست بەیەک هەنگاوی گەورەکردنی ئیسرائیل ئوردن قووت بدات، ئەمەریکاییەکانیش هەژموونیان لەسەر نوری سەعید زۆر بوو، تا پەلە بکەن لەوەی کوێت ببێتە ئەندام لەناو یەکێتییە عەرەبییەکەدا، چونکە دوا ساتەکانی بڕیارەکەی بریتانیا نێزیک بوو بۆ:

کە لە مانگی ئاداری ساڵی ٨٥٩١ وەزیری دەرەوەی بریتانیا سلوین لوید سەردانی بەغدا

دەکات، لەوێ لەگەڵ مەلیک فەیسەلی دووەم کۆ دەبێتەوە، کە تێدا جێگری شانشین عەبدولئیلا و سەرۆک وەزیران نوری سەعید و وەزیری دەرەوە توفیق ئەلسویدی و دکتۆر فازل ئەلجەمالی بەشداری دەکەن، تێیدا داوا دەکرێت بریتانیا پەلە بکات لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوێت، تا بێتە ناو یەکێتیی عەرەبی، بیانووە ئەمەریکاییەکەش بۆ ئەو پرۆسەیە، هەموو لەسەر داوا و زاری نوری سەعید ڕادەگەیەندرا کە بریتی بوون لە:

فرەوانکردنی یەکێتییە عەرەبییەکە، تا ئەندامێکیان لەناو بنەماڵەی هاشمی نەبێت، لەوەش یارمەتیی ئوردن بدەن لە هەڕەشەکانی ئیسرائیل سنوورەکانی بپارێزێت. هەروەها ئەوەش بەدرۆ بخەنەوە کەوا کوێت مەبەستیەتی سوود لە ئاوەکانی عێراقی وەربگرێت، بەوەش دەتوانن کوێت لە هەر دەستتێوەردانێک بپارێزن، لە مەترسیی دەرەکی دووری ڕابگرن، بۆیەش وەزیری دەرەوەی بریتانی سلوین لوید، نایەوێ چیتر قسە لەسەر ئەو بابەتە بکات و دەڵێت: بڕیاری سەربەخۆیی کوێت بڕیارێکی باڵای لە ئەنجوومەنی وەزیران دەوێت. ئەوەیان دەسەڵاتی من نییە. ئیتر لە کۆبوونەوەکەدا چیتر قسە ناکات و هیچ بڕیارێک دەر ناکات. پاش ماوەیەک و دوای گەڕانەوەی وەزیری دەرەوەی بریتانیا بۆ وڵاتەکەی، بریتانیا و ئەمەریکا کۆک دەبن لەسەر ئەوەی:

هەردوو وڵات ئەرک و بوونیان لەناو وڵاتی ئوردن بەش بکەن، بۆیەش هەست دەکرا کەوا مەلیک حوسێن پێوەندییەکی گەرم لەگەڵ ئەمەریکاییەکان دەبەستێت، بەوەش بریتانیا دەست لە عێراق بکێشێتەوە بەمەرجێک ئەمەریکاییەکانیش، خۆیان لە کوێت دوور ڕاگرن و دەست لەو وڵاتە وەرنەدەن. ئەمەریکاییەکان دەیانەوێ لە دەوڵەتەکە حوکمێکی سەربازی، وەک حوکمی میسری هەبێت، کە لەساڵی ٢٥٩١ هاتبوونە سەر حوکم، ئەوەش وەک بڕیار و سەلماندنێکی ڕەها بووە، کەوا دەسەڵات و پێوەندییەکانی بریتانی–عێراقی کۆتایی دێت و دووبارە نابێتەوە، دووەمیش وڵاتەکە کەوتووەتە بەر هەڕەشە و مەترسیی شیوعییەکان و لەبەر ئەوەی ئەو وڵاتە کەوتووەتە بەر ڕێگەی دەشتی نێوان ئاسیا و ئەوروپا و ئەفریقیا، بۆیە ڕووخاندنی نێزیکە و ئارام نابێت، بەردەوام هەموو دۆز و بیردۆزێکی تێدا گەشە دەکات و کاریگەریی لەسەر سیاسەتی هەموو وڵاتەکانی ناوچەکە دەبێت.

لە ڕۆژنامەی المدی ٨١ی گلاوێژی ٠١٠٢ بڵاو کراوەتەوە.

# مێژووی جوولەکەکانی عێراق
# لە کتێبێکی ئەڵمانیدا

رۆژنامەی ڤێڵتی ئەڵمانی

هەتاوەکو ساڵانی پەنجا، لە عێراقدا نیزیکەی ١٥٠ هەزار جوولەکە دەژیان، بەڵام ئەمڕۆ تەنیا ٢٠ کەسیان لێ ماوە. ڕقی عەرەبەکان لە جوولەکەکان، ناچاری کردن کە لە وڵاتەکەیان دەرپەڕن و بەجێی بهێڵن. کتێبێکی نوێ لەبارەی ئەوانەوە، باسی مێژووی ئەوان دەکات، کە لە نووسینی (نەجم الوالی) یە.

بۆ ماوەی زیاتر لە ٢٥٠٠ ساڵ جوولەکەکان لە عێراقدا دەژیان. لەسەروو هەمووو ئەو



هەواڵنامەی کتێب

وەرگێرانی لەئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا

چەوساندنەوەیە و ڕەوشی خراپی سیاسی، شەڕ و تاعوون، بەڵام جوولەکەکان توانییان بەرگری لە بوون و کولتوور و نەریتی خۆیان بکەن. لەهەمان کاتیشدا ئەوان لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە، زۆر باش لەناو کۆمەڵگەی عێراقیدا تێکەڵ بووبوون، هەروەها لە ڕووی زمان و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و ڕووی ستیلی ژیانیشە، زۆر بەکەمی لە عەرەبە هاونیشتمانەکانیان جیا دەکرانەوە. جوولەکەکان کۆمەڵەیەکی گەشەسەندوو و چالاک بوون. بەپێی هەندێک ئامار ژمارەیان لە ساڵی ١٩٤٠دا گەیشتووبووە نێزیکەی ١٥٠ هەزار کەس. (ڕاپۆرتێکی کۆنی بەریتانی، باری گوزەرانی جوولەکەکانی بەم شێوەیە دابەش کردووە: ٠٥٪یان خەڵکی دەوڵەمەند بوون، ٣٠٪یان سەر بە چینی مامناوەند بوون، ٦٠٪یان هەژار و دەستکورت بوون، ٠٥٪یشیان سواڵکەر بوون.)

لەو ساڵەدا لە بەغدادی پێیەتەختی عێراقدا، ژمارەی جوولەکەکان دەگەیشتە نێزیکەی ١٥٠ هەزار کەس، بەم شێوەیەش ئەوان چارەکی دانیشتووانی بەغدای ئەوسایان پێک دەهێنا. بەڵام کاتێک ساڵی ٢٠٠٣ تانکەکانی ئەمەریکا بەغدایان داگیر کرد، تەنیا ٢٠! کەس لە جوولەکەکانی عێراق مابوون و لەبەغداد دەژیان.

هەتاوەکو ساڵی ١٩٥١ کە بە زۆرەملێ لە عێراق دەرکران، جوولەکەکان خۆیان بە بەشێک لە عێراق و مێژوویی ئەو وڵاتە دەزانی، ئەوان زۆر شانازییان بەوەوە دەکرد، کە بەشدار بوون لە دروستکردنی مێژووی شارستانیی عێراق و لە مێژووی ئەم وڵاتەدا بەشدارییان کردووە. بۆ نموونە تالمودی بابل (کە بە یاسا سەرەکییەکانی تەشریعی جوولەکە دێتە ژماردن) کە لە زمانی عبریدا پێی دەڵێن "قۆناخی جاعونیوم". کە لەم قۆناخەدا کۆمەڵێک "ڕابی" و ڕووناکبیری جوولەکەی مەزن دەرکەوتن.


هەولێرنامەی کتێب

## ڕق لێبوونەوە لە جوولەکە لە عێراقدا

ئەوە شتێکی سەرسوورهێنەر بوو، کاتێک کە جوولەکەکان بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیک، لەکاتی دروستکردنی دەوڵەتی مۆدێرنی عێراقدا لەساڵی ١٩٢١دا، ئەوان وەکو هاونیشتمانییەکی ئاسایی بێنە ژماردن. ئەمەش یەکەم جار بوو لە مێژووی دێرینی جوولەکەکان لە ژێر حوکمی موسڵمانەکاندا ئەم مافەیان هەبێت، لەبەر ئەوە بۆ جوولەکەکان ئەزموونێکی نوێ بوو، کە وەکو هەموو هاووڵاتییانی تری عێراق سەیر بکرێن و لەڕووی ماف و ئەرکەوە یەکسان بن و لەناو دەوڵەتێکی سیکولاردا (علمانی) بژین.

جێگەی گوتنە ئەوان لەپاش ئەم قۆناخەوە، ڕۆڵێکی ئێجگار مەزنیان لەناو کۆمەڵگەی عێراقیدا گێڕا، لەڕووی فەرهەنگی و (موزیک) لە ڕووی سیاسی و تەکنیکی و بازرگانیشەوە ڕۆڵیان هەبوو. هەروەها یەکەمین وەزیری بازرگانیی عێراق لە حکوومەتەکەی مەلیک فەیسەڵدا، جوولەکە بوو ناوی ساسۆن ئیسکەل بوو.

بەداخەوە ئەم فەزا خۆشە و سەردەمە ئاڵتونییە زۆری نەخایاند. لێ کۆنترین کەمینە لە عێراق




دەبوایە ڕووبەڕوی ئەو ڕەوشە خراپەی ناوەڕاستی سەدەی بیستەم ببێتەوە، کە تێیدا هەوادارانی نازیی هەموو جیهانی گرتەوە، سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل دژ بە بوونی جوولەکەکانی عێراق وەستایەوە و ئەمانی تووشی جۆرە هەستێکی نائارامی و نائاسایشی کردەوە.

لە ٦ی مایۆی ١٩٤١دا فەرهوودێکی گەورە ڕووی دا، کە ماوەی دوو ڕۆژی ڕەبەقی خایاند، ئەمەش لەپاش ئەوەی کە کودەتایەکی سەربازی فەشەلی هێنا، کاتێک کۆڵۆنێل ڕەشید عالی گەیلانی، کە یەکێک بوو لە هەوادارانی هیتلەر، کودەتایەکی فاشیلی کرد و پاشان ناچار بوو هەڵبێت بۆ بەرلین و لەوێش خودی شەخسی پێشەوا "مەبەستی هیتلەرە. و.ک" پێشوازیی لێ کرد. لەم ڕۆژانەدا بەشێکی زۆری جوولەکەکان ڕێیانکرد و ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێ هێشت. لەپاش چەند ساڵێکی تریش، کۆچڕەویی جوولەکە لە عێراق دەستی پێ کرد و بەشێکی زۆریان وڵاتیان بەجێ هێشت.

## چی تر وڵاتی ئێمە نییە

ئەوە شتێکی سەیرە کاتێک کە لە تازەترین کتێبی دەزگەی پەخش و بڵاوکردنەوەی ڤالشتیان -Wall stein بەناوی (دوایین جوولەکەکانی عێراق) چاپ کراوە، سەیریی ئەو هەڵوێستە جیاوازانە کە لە چاوپێکەوتنی ئەو جوولەکانەی کە لە عێراق بوون دەکەیت. ئەم کتێبە بریتییە لە بیۆگرافیایەکی کۆنترین کەمینەی عێراق. لەم کتێبەدا چاوپێکەوتن لەگەڵ چەندان چین و توێژی جوولەکەکانی ئەم وڵاتە کراوە. تێیدا باسی قۆناخە ناخۆش و تراجیدییەکان، هەروەها کاتە خۆشەکانی خۆیان دەکەن. لەم کتێبەدا ئێمە بۆچوونی خەڵکانێک دەخوێنینەوە کە هێندە هەستێکی "پاتریۆتی = نیشتمان پەرست"یان بۆ ئەم وڵاتە نییە، بەڵکە لە هەموو حاڵەتێکدا، ئەمان زیاتر چارەنووس و داهاتووی خۆیان لەدەرەوەی سنووری ئەم وڵاتەدا بینیوەتەوە.

لەم کتێبەدا ئەوانەی چیرۆکەکان دەگێڕنەوە بە ئامرازی "من" قسە دەکەن، وەکو هەموو جوولەکەکانی تر، کەمتر هەستی خۆسەپێنەرانەیان تێدا بەدی دەکرێت. دەتوانین ئەم کتێبە بەسێ جۆردا دابەش بکەین: یەکەم گرووپیان بەسەر ئەوانەدا دابەش بکەین کە دەڵێن "عێراق وڵاتی ئێمەیە". ئەو کەسانە لێرەدا دەڵێن خۆیان یان "باوک و دایکیان" عێراقیان بە وڵاتی خۆیان زانیوە و بیر لەوە دەکەنەوە کە تێیدا بژین.

گرووپەکەی تر "بێزارەکان" ئەوانەی کە لە لایەن عێراقییەکانەوە وەکو زایۆنیست لە بەغداد سەیر کراون یان وەکو سیخوری دەزگەی هەواڵگریی ئیسرائیلی دانراون، ئەمانە بەتایبەتی ئەو گرووپانە دەگرێتەوە، کە بەر هەڵمەتی ڕاونانی جوولەکەکان لە نێوان ساڵانی (١٩٤٦ تا ١٩٥١) کەوتن.

گرووپەکەی تریش ئەوانەن کە دەڵێن "چی تر عێراق وڵاتی ئێمە نییە"، ئەوانەی کە لە سەرووی هەموو ئەو هەڵمەت و پەلاماردانەی کە دژیان کراوە، لە عێراق مانەوە هەتاوەکو لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٢ بۆ دواجار عێراقیان بەجێ هێشتووە.

هەموو ئەمانە چیرۆکی هەمەجۆری خۆیان دەگێڕنەوە. جێگەی گوتنە لەناو کەمینەی جوولەکەکاندا خەڵکانی "بازرگان، کۆمۆنیست، موزیکژەنی نێودار، هەروەها نووسەر، ناسیۆنالیزمی عێراقی، هەروەها هەواداری زایۆنیزمیشیان تێدایە."

## کولتووری مەزنی جوولەکە

ئێمە لەو کەسانەی کە لە عێراق دەژین یان لە ئیسرائیل، یان لە ئەمەریکا و بەریتانیا دەژین و پاشان مێژوویان نووسیوەتەوە، تێ دەگەین کە: کەسانی ناوداری وەکو براکانی "کووەیتی، سەلاح و داود"یان تێدا بووە کە ناودارترین و مەزنترین موزیکژەنی عێراق بوون کە لە نێوان ساڵە خوێناوییەکانی ١٩٢٠ و ١٩٤٠دا دەژیان، هەتاوەکو ئێستاش گۆرانییەکانیان لەناو عێراق و کووەیتدا، لەناو خەڵکیدا دەگووترێتەوە و ماوە. هەروەها باس لە کوڕەکانی "قەدوری عەبودی زیلخا" دەکرێت، کە یەکەمین سیستمی بانکییان لە گێتیی عەرەبیدا دروست کردووە، جێگەی گوتنە Bank Zilkha بانکی زیلخا، لە ساڵی ١٩٥١دا لە نیۆرک، ناوەکەی گۆڕا بۆ Zilkha & Sonsزیلخا و کوڕەکانی.

Shlomo Hillelشلۆمۆ هیلال کە بۆ ماوەی پێنج ساڵی ڕەبەق لە ساڵی ١٩٤٦ سیخوری دەزگەی موسادی ئیسرائیلی بووە، ئەو بەرنامەی کۆچپێکردنی جوولەکەکانی عێراقیی ڕێک خستووە. هەروەها "ڕیتشارد عوبادی" کوڕی "عبداللە عوبادی"ی دوایین بەڕێوەبەری قوتابخانەی "فرانک- ئینی" بووە، ئەمەش دوایین قووتابخانەی بەجێماوی جوولەکەکان بووە لە عێراق. عبدللە هەتاوەکو ساڵی ١٩٨٠ لە عێراقدا ژیاوە، هەروەها یەکێک بووە لە ناودارترین پرۆفیسۆری ماتماتیکی عێراقی.

## کۆچڕەویی جوولەکە

ئەم پیاوە "مەبەستی ڕیتشارد عوبادییە. و.ک" لەژێر دەستی خۆیدا کۆمەڵێک خوێندکاری پێ گەیاندووە، کە دوایی بەشێکی زۆریان بوونە بەرپرسی گەورە لە حکوومەتی عێراقیدا، بۆ نموونە سەدام یان بەڕێوەبەریی دەزگەی هەواڵگریی حیزبی بەعس "نازم کزار". کە پاشتر خەڵکی ناویان

لێ نابوو "جزار، واتە قەساب". ڕیتشارد لەلایەن ئەم پیاوە پاسپۆرتی بۆ دەردەچێت و دەردەکرێت.

هەروەها لەم کتێبەدا باس لە سەلیم فەتال و سامی میخائیل دەکرێت، کە کۆمۆنیست بوون. فەتال لە ساڵی ١٩٣٠ لە بەغدا، لە گەڕەکێکی هەژارنشینی جوولەکە کە ناوی "تەتران"ـە لەدایک بووە. ئەو دەڵێت: "هەژاری و کۆمۆنیستی، دوو قۆناخی شاراوەی مێژووی جوولەکەکانی عێراق پێک دەهێنن."

سامی میخائیل لە ساڵی ١٩٢٦ لە بەغداد لەدایک بووە، ئەمڕۆ ناسراوترین نووسەری ئیسرائیلییە. ئەو ڕەخنە لە زۆربەی جوولەکە عێراقییەکان دەگرێت، کە پاشتر کتێبیان لەبارەی ژیان و گوزەرانیان لەعێراقدا نووسیوە. سامی میخائیل دەڵێت: "ئەوان سەربوردەکانی ژیانیان بەجۆرێک نووسیوە، ڕێک وەکو هەمان حکایەتی زاینۆستەکان وایە، کە تێیدا دەڵێن: "تەنیا شرۆڤەی زانیۆنیزم بۆ کۆچی جوولەکەکان ڕاستی دەڵێت"."

بۆ ئەوان عەقڵیەتی "پاکیزەبوونی ڕەگەزی جوولەکە" هەمان شتە. جێگەی ئاماژەیە، جوولەکە عێراقییەکانیش وەکو جوولەکە ئەمەریکاییەکانی ئەمڕۆ، هەمان بۆچوونیان بەرامبەر فەلەستینییەکان هەیە. میخائیل دەڵێت: "خۆشگوزەرانیی جوولەکەکان لە فەلەستین بۆ ئێمە گرینگ بوو، بەڵام ئێمە لەو وڵاتی خۆمان "مەبەستی عێراقە. و.ک" باش دەژیاین و نەشمان دەویست بەجێی بهێڵین".

بەداخەوە ژمارەیەکی زۆر کەم لە نووسەرەکان وەکو چیا ء خاجی قسە دەکەن، کە لە ساڵی ١٩٥٢ لە بەغداد لەدایک بوو، ئەو بەداخە کە ئەمڕۆ لە عێراق هیچ کەمینەیەکی جوولەکە نەماوە. بەپێی تێڕوانینی زایۆنیستەکان، دەبێت بێ ئەملا و ئەولا هەموو جوولەکەکان لە ئیسرائیل بژین. لەلایەکی تریشەوە، ناسیۆنالیستە عەرەبەکانیش سیاسەتی ئەنتی سیمیتیزم "دژایەتیی جوولەکە"، بەرنامەی سەرەکییانە.

بەشێکی زۆر لە نەوەی جوولەکەکانی عێراق، لەمانای ئەو ئازادییە تێ دەگەن کە ئەمڕۆ لەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژین (مەبەستی ئیسرائیلە. و.ک) فەراهەم کراوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین:


(مێژووی جوولەکەکانی عێراق بریتییە لە ڕاکردن لە دەست چەوساندنەوە، پێش ئەوەی چەوسێنەرەکانیان بگەنە سەریان).

تێبینی: ناونیشانی ئەم وتارە بەئەڵمانی شتێکی تر بوو، پێمان باش بوو ئەم ناونیشانەی بۆ دابنێین، چونکە باشتر لەگەڵ ناوەڕۆکی وتارەکەدا دێتەوە. و.ک

سەرچاوە: ڕۆژنامەی ڤێلتی ئەڵمانی

# چاوپێکەوتنێک لەگەڵ
# شانۆکاری عێراقی یوسف ئەلعانی

سازدانی: عبدولجەبار ئەلعتابی



بەغداد: ڕۆژی ٢٤ ڤێبراوەر ڕۆژێکی ئێجگار تایبەتە لە ژیانی هونەرمەندەی گەورەی عێراقی (یوسف ئەلعانی). ئەو هەموو کاتێک ئەم ڕۆژەی لەبیرە و ئاهەنگی بۆ دەگێڕێت. بەشێوەیەکی ئێجگار تایبەت یادی ئەم ڕۆژە دەکاتەوە و ئاهەنگێک لەگەڵ هاوڕێکانیدا ساز دەکات، یان گەر کەسی دەست نەکەوت، ئەوا تەنیا لەگەڵ خۆیدا ئاهەنگ دەگێڕێت. هەموو ساڵێک لەم ڕۆژەدا ئەلعانی، بەشێوەیەکی تر بیر دەکاتەوە و، خەریکی تێرامانێکی قووڵ دەبێت و بۆ دوارۆژێکی دوور دەڕوانێت. بۆ ڕۆژێک کە تێیدا گەنجێکی تازەپێگەیشتوو و چالاک بوو. ئەو ڕۆژەی یەکەم جار چووە سەر تەختی شانۆ.

لەو ڕۆژەوە لە هەموو لایەکەوە تیشکی ڕووناکی ژیانی گرتەوە. ئەم تیشکەش ساڵ لە دوای ساڵ پرشنگدارتر دەبێت، چونکە ئەو ڕێگە هونەرییەی کە دەستی پێ کرد، لێرەوە یەکەم هەنگاوی بۆ پێشەوە نا، هەرچەندە ئەو لەپاش ئەوەی خوێندنی تەواو کرد، بوو بە پارێزەر. لێ هونەر بوویە ئەو پیشەیەی کە تێیدا شارەزاییی پەیدا کرد و خۆشترین کاتەکانی ژیانی لەگەڵدا بەسەر برد.

هەروەک خۆی دەڵێت: "ئەوەی لە ڕێگەی هونەرەوە دەستم کەوت، ناتوانم لەڕێگەی پیشەی

............................................................

وەرگێرانی لە عەرەبییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا

پارێزەری و پارەوە دەستم بکەوێت."

هەرچەندە ئێستا هونەرمەند "ئەلعانی" لە پایەتەختی ئوردون "عەمان"دا دەژی، ئەویش لەبەر هۆکاری تەندروستی، بەڵام ئەو هەمیشە حەز دەکات سەردانی بەغداد بکات، هەر وەختێک هەلێکی بۆ دەر بکەوێت یەکسەر دێتە بەغداد. من هەر وەختێک بیبینم، هەولّی ئەوە دەدەم لەگەڵیدا باسی پرسگەلی شانۆ و شتی تری هونەری بکەم. ئەم چاوپێکەوتنەشمان ڕۆژگارێکی خۆش دەبێت بەلایەوە، چونکە ئێستا تەمەنی خەریکە دەگاتە ٨٦ ساڵ، ئەو لەدایکبووی ساڵی ١٩٢٧ـە. جێگەی خۆیەتی لێرەدا یادی ئەو ڕۆژەی لەگەڵدا بکەینەوە، بەو ڕۆژەی کە خۆی حەزی پێ دەکات. لەم ڕۆژەدا مۆمێکی خۆشەویستیی بۆ دادەگیرسێنین، کە بەهیچ شێوەیەک نەتوانێت بکوژێتەوە و بەشداریی ئەم ئاهەنگەی لەگەڵدا بکەین، هەرچەندە ئەو ئێستا لێمانەوە دوورە، لێ ئەمە لە زاکیرەیدا دەمێنێتەوە.

* با بگەڕێینەوە بۆ ٢٤ی شوبات "ڤێبراوەر"ی ساڵی ١٩٤٤، چۆن ئێستا دەڕوانیتە ئەو ڕۆژە؟

– من تا ئێستاش، ئەم ڕۆژە هۆکار و نهێنیی مانەوەمە لە ژیانمدا، لە ڕۆژی ٢٤ شوباتی ٢٠١٣دا، تەمەنی شانۆییم دەگاتە ٦٩ ساڵ، بەڵام، لەوانەبێت هەندێک کەسیش پێیان وا بێت لەم قسەیەمدا "موبالەغە "بکەم، من چەندە ژمارەی تەمەنی شانۆییم زیاتر بێت، هێندە هەست دەکەم کە من هێشتا دوورم لەوەی کە بتوانم شتێک پێشکێشی شانۆ بکەم.

* چ وردەکارییەک هێشتا لە زاکیرەتدا وەکو خۆی ماوەتەوە؟

– هەموو وردەکارییەکان هێشتا لە زاکیرەمدا ماون، بەدڵنیاییەوە لەو ڕۆژەدا شانۆم پێشکێش کرد و، بۆ یەکەم جاریش لە ژیانمدا لەسەر تەختەی شانۆ ڕاوەستام. کارم لە دەقێک کرد کە خۆم نووسی بووم، هەر خۆشم ڕۆڵم تێیدا دەبینی، هەر خۆشم دەرهێنەری شانۆکە بووم، لەکاتێکدا کە من لەو کاتەدا هیچ زانیاریم لەبارەی هونەری دەرهێنانی شانۆوە نەبوو، بەڵکە تەنیا چەند وشەیەکم دەزانی، بۆ نموونە: "دابنیشە، هەڵسە" تەنانەت کاتێکیش کە لەسەر شانۆکە ڕۆڵم دەبینی، لاسایی ئەکتەرێکی سینەماییم دەکردەوە و، دووریش بوو لەو کەسایەتییەی کە دەبوایە ڕۆڵی ئەو ببینم، ئەو کەسایەتییەش (مەجید ئەبولچایخانە/ مەجیدی چایەچی.)

ئەمەش سوودێکی گەورەی بۆ من هەبوو، کاتێک لە شانۆگەرییەکە تەواو بووم، خەڵکی دەستیان کرد بە چەپڵە لێدان و پێکەنین. پاشان مامۆستای وانەی "ڕووەکزانی" بانگی کردم، ئەو مامۆستای چاودێرمان بوو، پێی گوتم: "یوسف، چیت دەویست لەڕێگەی ئەم تەمسیلییەوە بیڵێیت؟" منیش وەڵامم دایەوە: "مامۆستا، ئەمە پێی ناڵێن تەمسیلی، بەڵکە مامۆستا "صادق ئەلئەعرەجی" پێی

دەڵێت: "شانۆگەری"." ئەو هیچ گوێی بەو قسەیەی من نەدا و گوتی: "چیت دەویست بیڵێیت؟" منیش وەڵامم دایەوە: "ئەوەی بینیت ئەوە بوو، کۆمەڵێک پۆلیس هاتنە ناو چایەخانەکەوە، بەبیانووی ئەوەی کە ئێرە خەڵکی تێیدا قوومار دەکەن، خەڵکەکەش کاتێک پۆلیسەکانیان بینی هاتنە ژوورەوە، یەکسەر وەستان وەکو ئەوەی بڵێیت خەریکی نوێژکردن بن، بەڵام لەکاتێدا کە پۆلیسەکان خەریک بوو بچنە دەرەوە، یەکێک لە پۆلیسەکان سەرنجی شتێکی دا، بە عەریفەکی گوت: "گەورەم ئەوان نوێژ بەرەو ئەم شوێنە دەکەن، لەکاتێکدا قیبلە ئاڕاستەکەی شوێنێکی ترە". بەڵام "مەجید" کە من ڕۆڵی ئەوم دەبینی، کاتێک گوێی لە قسەی کابرا بوو، یەکسەر ئاراستەکەی خۆی گۆڕی، کاتێک بۆ جاری دووەم پۆلیسەکە هاتەوە ژوورەوە، بینیی کە ئەوان بەئاراستەی قیبلە نوێژ دەکەن.

من گوتم "الله أكبر"، لە کاتێکدا کارتی قوومارەکان لە دەستمدا بوون، کە ویستم سوجدە بەرم، کارتەکان کەوتنە خوارەوە. لەبەر ئەوە کاتێک پۆلیسەکان ئەمەیان بینی، ئینجا دەستیان کرد بە مفاوەزات هەتاوەکو "روبع، چارەکە دینارێکیان" وەکو بەرتیل بدەمێ.

منیش پێم گوتن: "من تەنیا دەتوانم یەک درهەمتان بدەمێ". من و عەریفەکە کەوتنیە نیقاشەوە، پاشان من گوتم: "باشە من روبعە دینارەکە دەدەم بە گەورەکەتان. بەڵام چۆن بتاندەمێ، لە خوارەوە یان لەسەرەوە؟!" لەوکاتەدا هەموو هۆڵەکە دەستیان کرد بە چەپڵە لێدان و پێکەنین، لەناو ئەو خەڵکەی کە لە هۆڵەکەدا دانیشتبوون، وەزیرێکیشی تێدا بوو، ئەویش چەپڵەی بۆ لێدام و پێکەنی.

بەڵام بۆ ڕۆژی دوایی بەڕێوەبەرەکەمان (مونیر ئەلقازی) ناردی بەدوامدا و پاشان پێی گوتم: "بابە یوسف، بۆچی وات کرد بابە؟! ئایا کاتێک ئێمە میوانێک بانگ دەکەین بۆ ماڵەوە، دەبێت ئیهانەی بکەین؟!" منیش وەڵامم دایەوە: "نەخێر". ئەویش گوتی: "چۆن، دوێنێ شانۆگەرییەکت نمایش کردووە، لەناو شانۆگەرییەکەدا دەڵێیت لەسەرەوە تا خوارەوە". منیش گوتم: "ئێمە لە دەستووردا خوێندوومانە، کە خاوەن شکۆ، مەلیک لە کاروباری ئیداری هیچ مەسئول نییە". ئەویش وەڵامی دامەوە و گوتی: "ئەی کەواتە کێ مەسئولە؟".

جێگەی گوتنە لەو کاتەدا یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەی مەلەکی شەوێکیان سەرخۆش بووبوو، هەستا بوو کودەتایەکی سەربازیی فشەڵی کردبوو، پاشان گرتیان. ئەو پیاوە ناوی "عەلی ئەلحیجازی" بوو بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیس بوو. منیش وەڵامی بەڕێوەبەرم دایەوە و گوتم: "ئەوەتا ئەلحیجازی، ئایا دەکرێت پشت بەکەسانی وا ببەسترێت؟". بەڕێوەبەریش وەڵامی دامەوە: "بابە، هەندێک گومان، تاوانە "ان بعض الظن ايم"،" پاشان لە ژوورەکەی چوومە دەرەوە، کاتێک هاتمە دەرەوە، زۆربەی هاوڕێکانم لەو باوەڕەدا بوون، کە بەڕێوەبەر لە قوتابخانە فەسڵم دەکات.

* ئاخۆ لەو کاتەدا هیچ جۆرە چاودێری و سانسۆرێکی حکوومەتی هەبوو.



– دیارە لەو کاتەدا ئێمە خۆشییەکی زۆرمان بەخەڵکی دەبەخشی، بیرۆکەی زۆر گەورەمان هەبوو، لەم ڕووەوە ئەوەی کە ئێمە دەمانکرد لەسەری "دە ساڵ" حوکم دەدراین، بەڵام ئێمە لەوان زیرەکتر بووین، ئێمە دەچووین لەناو باخ و بێستانە دوورەکاندا شانۆگەریمان نمایش دەکرد، لەوێ شانۆکەمان پێشکێش دەکرد و پاشانیش بە هێمنییەوە دەگەڕاینەوە بۆ ماڵی خۆمان، ئەوەی پێمان بکرایە دەمانکرد، هەر ئەمەش وای کرد کە خەڵکی ڕێز و خۆشەویستییەکی زۆریان بۆمان هەبێت.

* لەدوایین سەردارنت بۆ بەغداد، لەڕووی هونەرییەوە هەستت بە چ شتێکی خراپ کرد؟

– پێش ساڵێک هاتم بۆ بەغداد، لە دووەم ڕۆژدا سەردانی دائیرەی "سینەما و شانۆ"م کرد، دەمویست بزانم دەنگوباسیان چییە. کاتێک چوومە ژوورەوە سەیرم کرد کۆمەڵێک دانیشتوون قسە دەکەن. من یەکەم جار لەو باوەڕەدا بووم کە ئەوان لێم بپرسن، ئاخۆ چی تازەم نووسیوە؟ یان بەتەمام چ شتێکی نوێ پێشکێش بکەم. بەڵام چیم بینی! سەیرم کرد هەر کۆمەڵە و بە جیا لەشوێنێک کۆ بوونەتەوە و باس لەوە دەکەن کە ئاخۆ کامیان شایەنی ئەوەیە ببێتە بەڕێوەبەری دائیرەی "سینەما و شانۆ"، شانۆشیان لەبیر چووبوویەوە، ئەوەی کە بەهۆیەوە هاتوونەتە ئەم شوێنە و جێگەی ڕاستەقینەی خۆیانە. ئەوان نازانن کە ئیدارە لەڕووی شانۆوە، هیچیان پێ نابەخشێت.

* بەڵام پێشتر بەڕێزتان بەڕێوەبەری گشتیی ئەم دائیرەیە بوویت؟

– سوێندت بۆ دەخۆم، من ساڵی ١٩٥٩ یاسای سینەما و شانۆم پێشکێشی حکومەت کرد. هاوڕێم "فەیسەڵ ئەلقاسم " بردی بۆ سەرۆک "عەبدولکەریم قاسم". ئەویش یەکسەر ڕازی بوو کە دائیرەی "سینەما و شانۆ" دابمەزرێت. لە خوارووی ئەو لاپەڕەیەی کە فەرمانەکەی تێدا نووسیبوو، ئەمەی نووسیبوو: "بەو مەرجەی کە هونەرمەند یوسف ئەلعانی، ببێتە بەڕێوەبەری گشتیی ئەم دائیرەیە". من لەو کاتەوە هەستم بەوە کردووە، کە سینەما و شانۆ، بەرپرسیاریەتییەکی گەورەیە.

لەبەر ئەوە من هەمیشە دەمگوت: "کێ لەپاش منەوە دەبێتە بەڕێوەبەری گشتی. بەڵام من لەپاش

سێ ساڵ لەوەی کە بووم بە بەڕێوەبەری گشتی، هەستم کرد کە من شتێکم دۆڕاندووە. لەبەر ئەوە لەپاش مانگێک هاتمە سەر شانۆ، شانۆگەریی " تونمور بێگ". لەو شانۆگەرییەدا ڕۆڵی کەسێکم بینی کە لە دیمەنێکدا دکتۆرە کە پرسیارم لێ دەکات: "کارت چییە؟" منیش وەستابووم، لەو کاتەدا پشتم لە دکتۆرەکە کرد، قنگم هەڵتەکاند و گوتم من "دەرزی لەخەڵک دەدەم." من بۆیە ئەو ڕۆڵەم گێرا، بۆئەوەی خەڵکی وا هەست نەکەن کە من کاتێک بووم بە بەڕێوەبەری شانۆ، ئیتر لەخۆم گۆڕاوم و ئامادە نیم لەم جۆرە ڕۆڵانە لە شانۆگەرییەکدا بەشداری بکەم.

* چۆن دەڕوانیتە شانۆکارە گەنجەکانی ئێستا؟

– جارێکیان ئامادەی بڕۆڤەی شانۆیەک بووم، کە لەلایەن کۆمەڵێک گەنجەوە نمایش دەکرا، چووم و لەتەنیشت دەرهێنەرەکەوە دانیشتم. وا بزانم شانزە گەنج بوون کە خوێندکاری "پەیمانگەی هونەرە جوانەکان" بوون. ئەوان دەبوایە شانۆ بکەن. دەرهێنەرەکە گوتی: "یەڵا بڕۆڤە بکەن". ئەوانیش بە ترسەوە دەستیان بە بڕۆڤە کرد.

لەگەڵ یەکەم دیمەندا پێیانم گوت: "من نەهاتووم بۆ ئەوەی سەیری شانۆکەتان بکەم، بەڵکە دەمەوێت ئێوە یاری بکەن، چونکە شانۆ مانای "یاری" دەگەیەنێت". باسی سەربوردەی دەرهێنەرێکی فڕەنسیم بۆ کردن، کە جارێکیان شانۆیەکی بەرهەم هێنا، کە هەموو پاڵەوانەکانی لە "منداڵ" پێک هاتبوو. منیش زۆر بەلاوە سەیر بوو، بەدەرهێنەرەکەم گوت: چۆن دەتوانیت کۆنترۆڵی ئەو منداڵانە بکەیت؟. ئەویش سەربوردەکەی بۆ گێڕامەوە، دیارە ئەو بۆ خۆشی شانۆکار بوو.

ئەو گوتی: جارێکیان دەمویست بچمە دەرەوە، منداڵەکان لێیان پرسیم: "بۆ کوێ دەچیت؟". منیش وەکو ئینگلیزەکان دەڵێن (I am going to play من دەچم بۆ یاریکردن)، ئەوانیش پێیان گوتم: دەبا ئێمەش لەگەڵتا بێین و یاری بکەین. پاشان بیرم کردەوە و بە خۆمم گوت: "بۆچی بیانبەم شانۆ بکەن، با بێن یاری بکەن." بەم شێوەیە فیلمەکە هەمووی بوو بە یاری. پاشان ئەم فیلمە لەو کاتەدا باشترین خەڵاتی وەرگرت.

منیش ئەمەم بۆ ئەو شانۆکارە گەنجانە گێڕایەوە، بەم شێوەیەش هەموو دیوارەکان ڕووخان و دەستیان کرد بە یاریکردن و تێکەڵاوبوون. ئەوەی کە تێ دەگات ئەو کەسەیە کە دەتوانێت هەڵەکان ڕاست بکاتەوە، بەڵام ئەو کەسەی کە نەتوانێت هەڵەکانی ڕاست بکاتەوە، ئەوە دەبێتە خەوشێکی گەورە بۆی. لەپاش ئەمە گەنجەکان ڕۆڵەکەی خۆیان بە جوانترین شێوە نمایش کرد.

* ئاخۆ ئەمە مانای ئەوەیە کە تۆ کەسێکی گەشبینیت؟

– من بە کۆلیجی هونەر گەشبینم، چونکە من دەزانم کێ بەرهەمهێنەرە، کێش لەپشت ئەو

گەنجانەوەیە کە لە کۆلیج یان پەیمانگەدا کار دەکەن. زۆر عەیبیشە بۆ کەسێکی شانۆکار گەر بێت دەستپێشخەرییەکی شانۆیی بە بەها ببینێت و، هیچ پاڵپشتیی نەکات و بەرەو ئەو ئاستەی نەبات کە پێویستە بڕوات.

* ئایا چ ئامۆژگارییەکت هەیە بۆ شانۆکارە گەورەکان و گەنجەکانی ئێستا؟

– ئامۆژگارییان دەکەم بەوەی کە واز لە "من" بهێنن. پێیان دەڵێم، واز لە "من" بهێنن و لە مێشکتان بیسڕنەوە، بەم شێوەیەش سەرکەوتوو دەبن. جارێکیان لە "عەمان" خەڵات کرام، چوومە سەر شانۆکە و لەبەردەم مایکرۆفۆنەکەدا گوتم:

"من دەمەوێت ئەوە بڵێم، کە ئەم ڕێزلێنانە تەنیا بۆ من نییە بەڵکە: یەکەم: بۆ ئەو کەسەی کە شانۆی فێر کردم، دووەم: بۆ ئەو کەسەی کە هانی دام، سێیەم: بۆ ئەو کەسانەی کە لەگەڵمدا کاریان کردووە، ئەم ڕێزلێنانە بۆ هەموویانە، چونکە بەبێ ئەوان من نەمدەتوانی بگەمە ئەم شوێنەی کە هەمە و شایانی ئەم خەڵاتکردنەش نەدەبووم."

بەڕاستی من چیم دەتوانی بیکەم، گەر "ئیبراهیم جلال یان عەبدولجەبار عەباس"م لەگەڵدا نەبوونایە، چیم دەتوانی بکەم، گەر فلان و فلانی ترم لەگەڵدا نەبووایە، من کاتێک کە دەچوومە ناو شانۆیەکەوە، دەمبینی کە پیسە، دەستم دەکرد بە پاککردنەوەی شانۆیەکە، لە کانگەی دڵیشمەوە زۆر مورتاح دەبووم، چونکە حەزم دەکرد شوێنەکەمان پاک بێت. ئەمەش هیچ عەیب نییە، کێ بەڕێوەبەری گشتییە یان کێ وەکیلی وەزیرە؟ ئەمانە گرینگ نین.

ئێمە شانۆکارین، کاتێک کە بەسەر شەقامەکانی عەماندا تێ دەپەڕم و هاووڵاتییە عێراقییەکان دەبینم، هەواڵیان دەپرسم، ئەوان پێم دەڵێن: "گەر ئێوە باش بن، ئەوا عێراقیش باشە". من عێراقی دەبینم کە هەژار و دەستکورتن، بەڵام کاتێک من دەبینن، دێن لەپەنا گوێمەوە دەڵێن: "مامۆستا خۆ پێویستیت بە هیچ نییە." ئەمە وام لێ دەکات کە من کەسێکی گەشبین بم. هەر ئەمەش ئەو ڕێگەیەیە کە ئێمە گرتمانە بەر و، هیواداریشین کە خەڵکانی تر بیگرنە بەر، چونکە شانۆی عێراقی پێش ناکەوێت، گەر ئەو کەسانەی کە شانۆ دەکەن پێش نەکەون.

* جاران (شانۆی بەغداد) شانۆی سەرەکیی کارەکانت بوو، ئەی ئێستا چۆنی دەبینیت؟

– ئەوانەی لەمەڕ "شانۆی بەغداد" پرسیارم لێ دەکەن، پێیان دەڵێم: ڕاوەستن، چۆن دەکرێت لەناو بەغدادا شانۆگەری بکەم، گەر بێت و من ١٠٠ تا ١٥٠ کەسێک بهێنم و بیانخەمە ناو هۆڵی شانۆیەکەوە، لەپڕێکدا یەکێک بێت و خۆی بتەقێنێتەوە و هەموویان بکوژێت. من بەمە ڕازی نابم. شانۆ ناتوانێت ڕۆڵی خۆی بگێڕێت و کاریگەر بێت، گەر بێت و ئاسایش نەبێت. دیارە شانۆ خۆی

لەخۆیدا جەوێکی ئاهەنگئامێزی هەیە. تۆ ناتوانیت لە کاتژمێر ١٢ نیوەڕۆدا شانۆ پێشکێش بکەیت، چونکە ژن لەماڵەوەیە، خوێندکاران لە قوتابخانەن، فەرمانبەر لە دائیرەیە، ئەی کەواتە بۆ کێی پێشکێش بکەین؟

جاران خەڵکی بە سەیارەی خۆیان لە کەرکووک و حیلە و بەعقووبەوە دەهاتن بۆ بینینی شانۆکانمان. کاتێک دەهاتن یەکسەر چل بیتاقەی تریان بۆ هەفتەی داهاتوو دەبڕی. کاتێکیش دەگەڕانەوە، لەڕێگەدا لەنێوان خۆیاندا نیقاشی گەورەیان لەبارەی شانۆکەوە دەکرد، ئەمەیە شانۆ، شانۆ دەبێت ئاوا بێت.

* بەوە تاوانبارت دەکەن، دەڵێن تۆ لەکاتی کاری شانۆییدا، کەسێکی دیکتاتۆر بوویت؟

– بەڵێ، من کەسێکی دیکتاتۆر بووم و، ئیعترافیش بەم ڕاستییە دەکەم، دیارە من لەگەڵ ڕەخنەگرەکان بۆچوونی جیاوازم هەبوو، یا الله، بەڵام چ جۆرە جیاوازییەک، بەڵام لە کۆتاییدا یەکترمان دەبینییەوە و لەگەڵ یەک ئاشت دەبووینەوە. من دەزانم لەوانەبێت کەسێکی تر لەمن جیاوازتر بیر بکاتەوە، دەبێت ڕێزیش لەو بۆچوونە جیاوازە بگرم. پێ دەچێت سیاسەت منی کردبێتە کەسێکی دیکتاتۆر، من کەسێکی زۆر نیزامیم و توندم.

ئێمە لە تیپی هونەری نوێ، کە یەکەمین تیپی شانۆیی بوو لە ئاستی عێراقدا کە پشت بە ژمارە ببەستێت، ئەو یەکەمین تیپی شانۆ بوو کە ئیلتزامی بە کاتەکانیەوە هەبووو لەکاتی خۆیدا شانۆکە پێشکێش دەکرا. واتە گەر شانۆگەرییەکە لە کاتژمێر حەوت و نیوی شەو پێشکێش بکرایە، ئەوا لە حەوت و نیودا پەردە لەسەر شانۆکە لادەبرا. لەبیرم دێت جارێکیان لەیەکێک لەشانۆکانماندا کە ئەکتەری بەڕێز خاتوو "زەکییە خەلیفە" ڕۆڵی سەرەکیی تێدا دەگێڕا، دیارە ئەو ژنێک بوو کە بە مەوعدەکانی خۆیەوە مولتەزم بوو، ژنێکی جددیش بوو، بەڵام لەو ڕۆژەدا دواکەوت. ئێمەش دەبوایە لەو کاتەدا شانۆگەرییەکە پێشکێش بکەین.



بە ڕێکەوت لەو کاتەدا ژنە هونەرمەندی بەڕێز "عەواتیف نەعیم" لەوێندەر بوو، لەپشت پەردەی شانۆکەوە. منیش پێم گوت: عەواتیف بچۆرە سەر شانۆکە و ئەوە دەقەکەیە بیگرە بەدەستەوە و لەسەر شانۆکە بیخوێنەوە. ئەویش حەپەسا و گوتی: مامۆستا چۆن شتی وا

دەبێت؟ منیش گوتم: بچۆرە سەر شانۆکە مەترسە، خەڵکی کاتێک کە ئەمە دەبینن، وا هەست دەکەن کە ئەمە شتێکی نوێیە، ئەکتەرێک دەقەکە بەدەستییەوەیەتی و ڕۆڵەکە دەبینێت. ئەمەش شتێکی سەیرە بۆ خەڵکی، خەڵکیش بەمە دڵی خۆش دەبێت. کاتێک شانۆکە دەستی پێ کرد، لەپڕ زەکییە پەیدا بوو، زەکیە گوتی "نا، نا، ئەوە پەیدا بووم."

منیش پێم گوت. وەرە زەکییە با ئەمڕۆ یارییەکی گەورە بکەین. گوتی: چۆن. من بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ تۆم لە شانۆکردن سزا داوە و ناهێڵم شانۆ بکەیت، بەم شێوەیەش ئەکتەرەکانی تر لەنێو خۆیاندا دەڵێن، ئەگەر زەکییە خەلیفە، کە جێگەیەکی گەورەی ڕێز و پێزانینی یوسف ئەلعانی بوو، ئێستا وا لەسەر پێنج دەقیقە دواکەوتن سزای دابێت، ئەی دەبێت لەگەڵ ئێمە چی بکات. بەم شێوەیە ناچار دەبن کە ئیلتزام بە مەوعدەکانەوە بکەن و لەکاتی خۆی دوا نەکەون. زەکییەش سەیرێکی کردم و ماچێکی کردم، گوتی: وەڵا مامۆستا ڕاست دەکەیت. کاتێک شانۆکە تەواو بوو، عەواتیف لە شانۆکە تەواو بوو، زەکیە چوو بۆ لای و سوپاسی کرد، کە لە جیاتی ئەو ڕۆڵەکەی گێراوە.

* ئاخۆ خۆشی زیاتر لەسەر تەختەی شانۆ دەبینیت، یان وەکو بینەرێک لەگەڵ خەڵکی لەناو هۆڵی شانۆ دا دابنیشیت؟

– ئێمەی شانۆکار لەسەر تەختی شانۆکە، زیاتر لەبینەرانی ناو هۆڵەکە جێژ وەردەگرین، چونکە ئێمە کارێکی خۆش و جێژبەخش دەکەین و، چەندان شتی خۆشی تێدا ڕوو دەدات، ئێمە داوا لە شانۆکارەکانی هاوڕێمان دەکەین، هەر ڕۆژەی باسی یادگاری و ئەزمونی خۆیان لەو ڕۆژەدا بکەن، کە ڕۆڵەکەی تێدا گێراوە. جیهانی شانۆمان، جیهانێکی عەجیب و نامۆ و خۆشە.

* ئایا لە عەمانیش بەهەمان شێوەی بەغداد مامەڵە لەگەڵ شانۆکارەکاندا دەکەیت؟

– من لە عەمان بۆ زۆربەی تیپە شانۆ ئوردونییەکان وەکو ڕاوێژکارێک "بەبێ بەرامبەر، بەلاش" کار دەکەم، بەڵام کاتێک لەگەڵیان دادەنیشم، تەنانەت گەر کاتێکیش وەزیر یان وەزیرەش دانیشتبێت، من ئابڕوویان دەبەم و پێیان دەڵێم کە هیچ شتێک نییە ناوی شانۆی ئوردونیی لێ بنێین، هەروەها هیچ تیپێکی شانۆکاریش بوونی نییە. لێرە خەڵکی یەکتری دەکوژن، بۆ نموونە کاتێک تیپێک "فلان" شانۆیەک نمایش دەکات، تیپەکانی تر نایەن بۆ سەیرکردنی بەڵکە بە پێچەوانەوە، جارێکیان بە وەزیرەیەکم گوت:

"دەبێت تیپە شانۆکانی ئوردون، بچن سەیری شانۆی یەکتری بکەن، بۆ ئەوەی بزانێت ئاخۆ ئەو تیپە دەقێکی شانۆیی باش و چاکی لەو نمایش کردووە یان نا، بۆ ئەوەی سوودی لێ وەربگرێت، هەروەها بۆ ئەوەی لەهەڵەکانی یەکتری سوود وەربگرین". بۆ نموونە من باشم لەیادە کاتێک من و

هاوڕێکانم دەچووین سەیری کاری شانۆیەکی شەعبیمان دەکرد، وەخت بوو دڵم دەتەقی، کاتێک هەڵەیەکم دەبینی، کاتێکیش کارێکی جوانم دەبینی، وەخت بوو لە خۆشیدا بفڕم. کاتێکیش کە ئەندامانی ئەو تیپە دەهاتن بۆ سەیرکردنی شانۆکانی ئێمە هەر هەمان هەڵوێست و هەستیان هەبوو. ئەمەش لەبەرئەوەی ئێمە سەرەتاکانی شانۆ لە عێراقدا، بەشێوەیەکی برایانە و دۆستانە دەستمان پێ کرد، هەر ئەمەش وای لێ کردین کە بەرەو سەرکەوتن بچین.

* دەڵێن سەرگوزشتەیەکی خۆشت لەگەڵ بیرمەندی گەورە دکتۆر "عەلی ئەلوەردی" هەیە، دەتوانیت بۆمانی بگێڕیتەوە؟

– ئەلوەردی خودا لێی خۆش بێت، یەکێک بوو لەو مامۆستایانەی کە کاریگەریی گەورەی هەبووە، ئەو لەهەموو مامۆستاکانی تری ناو قوتابخانەکەمان جیاواز بوو. لەبەرئەوەی ئەو مەسەلەی گرینگی دەورووژاند.

لەڕاستیدا جارێکیان لێی پرسیم: تۆ بۆچی هاتوویەتە بەشی زانستی؟ چونکە ئەو منی دەبینی کە شیعری زۆرم لەبەرە. منیش لەوەڵامدا پێم گوت: من دەمەوێت ببمە دکتۆر. ئەویش پێی گوتم: بەڵام تۆ پێش دوو هەفتە شانۆگەرییەکت پێشکێش کرد. جێگەی گوتنە ئەم شانۆگەرییە لە ٢٤ ڤێبراوەری ١٩٤٤ پێشکێش کرا، ئەلوەردی پێی گوتم:

"تۆ خوێندکاری بەشی زانستیت، ئەی چۆن دەتوانیت شانۆ بکەیت. منیش پێم گوت: بەڵام زۆرێک هەن شانۆ دەکەن و لە بەشی زانستیشن."

پاش چەندان ساڵی تر بینیمەوە، ئەم جارەیان نەک وەکو مامۆستا و خوێندکار، بەڵکە ئەو هاتبوو بۆ سەیرکردنی شانۆگەریی "(طال حزني وسروري في مقامات الحريري) پاش تەواوبوون لە شانۆگەرییەکە، لەسەر تەختی شانۆکە دابەزیم سوپاسی بەشداربوونیانم کرد. لەو کاتەدا "نوری جەعفەر"یشی لەگەڵدا بوو. ئەویش پێی گوت: مامۆستا ئەم خوێندکارە دەناسیتەوە. ئەویش گوتی: بەڵێ، من لەبیرم بێت و هەرچەندە زۆر دڵنیاش نیم، تۆ ئەو خوێندکارە نەبوویت کە دەتویست ببیت بە دکتۆر؟ منیش گوتم: بەڵێ، ئەوم، نەبوومە دکتۆر، بەڵکە بوومە ئەکتەر. ئەویش گوتی: ئەوە بەهرەیە.

سەرچاوە: سایتی ئیلافی عەرەبی

کتێبخانەی هەولێر

# مێژوویەکی ئافرەتان

## جێندەر، لە مەشێ و مەشیانێوە

ئەحمەد میراودەلی

بەشی شەشەم

### ئاین و جێندەر

بۆ بڕوابوون بەمەزنیی، مرۆڤ پێویستی بەبڕوای لێ تێپەڕاندن هەیە، بڕوای ئەوەی کە هێندێک کەس دەتوانن بگەنە سەرووی مرۆڤایێتیی خۆیان، ئەوە ئەو جۆرە پێشنیازە نامۆڕاڵییەیە کە هەموو کات بڕوای خودابوونی لەگەڵدا بووە. بەواتەی ئەوەی ئەو کەسە خۆی بەخودا دەزانێت و لە مرۆڤەکانی دیکە مەزنترە و ڕووداوەکانی سەر زەوین لەژێر دەست و ویستی ئەودان. لەسەرەتاوە و پێش خۆبەستنەوە بە هاوخوێنی لەگەڵ خودادا و دواتر خۆ بەخودا کردن، مرۆڤ سرووشت و دیاردە سرووشتییەکانی پەرستووە، هەنگاوی دووەمی بیرکردنەوە بووە لە هێزێکی نادیار وەک خودا، بەڵام بۆ هەر هۆکارێک بووبێت لەسەرەتای ئەو سەردەمەدا زۆربەی خوداکان مێیینەیەکی بەتوانا بوون، وەلێ تونایان بێ ئەندازە و بێ سنوور نەبووە، ئەو خودا مێیینانە، خودای بەروبوومی کشتوکاڵ و پیتی ئافرەت و زەوی بوون، ئەگەر داواکاریی مرۆڤەکان هاتبنە دی، پەرستراون ئەگەر نەشهاتبێتە دی، پشتیان تێ کراوە و وەل کراون. خودا تازەکان کە نێرینە بوون و وردەوردە جێگەی خودا مێیینەکانیان گرتووەتەوە، ئەگەر هیچ ئاواتێکی خەڵکیشیان نەهێنابێتە دی، کەس نەیوێراوە پشتیان تێ بکات. ئێستاش زۆرینەی مرۆڤ، تاکە ئیزدانێک وەک ئافرێنەر و هەڵسووڕێنەری ئەم گەردوونە دەناسێت.

### جوولەکایێتی/ جوودایی‌یزم Judaism

بەگوێرەی گەوهەرەکەی: جوولەکایێتی، ئاینێکی مێژوویییە. مێژووی مرۆڤایێتی وەک ئاوێنەی

فەرمانەکانی یەهوا/ خودا دەبینێت. وایشی دەردەخات کە پێش نێزیکەی ٣٢٠٠ ساڵان لە کێوی سینا پەیامێک لە ئێزدانەوە و لەڕێگەی مووساوە بۆ نەوەی ئیسرائیل نێردرابێت. ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ خودادا کە لە سینا مۆر کرا، کۆمەڵێک نەریتی پەرستن و مۆراڵی جێگیر کردووە کە ئەمڕۆ حوکمی جوودێییزم/ جووداییزم دەکات[1]. ناوەڕۆکی کۆنسێپتی ڕێکخستنی جوولەکایێتی وەک ئاین "کۆڤێنانت covenant"ە کە لەزمانی هیبرووودا بە واتەی "زاین" دێت. کۆڤینانت، ڕێککەوتنێک/ پەیمانێکە، کە نەخشەی ئەو هەڵسوکەوتانەی مرۆڤی کێشاوە خودا پەسندی کردووە و وەک یاسایەک داوێتییە نەتەوەی جوولەکە لەسەری بڕوات. کۆڤێنانتی یەکەم لەگەڵ ئیبڕاهیمدا بووە کە خودا بەڵێنی پێ داوە وڵاتی کەنعان بەنەوەکانی ببەخشێت[2].

ئەو بەرپرسیارییانەی لەڕێگەی موساوە بەجوولەکە دراون، هەموو ڕۆژانێکی شەممان جەختی لەسەر دەکرێتەوە و ئاهەنگی گەیشتن بەتەمەنی سیازدە ساڵیشی تێدا دەگێڕدرێت. لەو تەمەنەدا کەسەکان دەبنە "بار میتزڤا bar mitzvah" ڕۆژی شەممە بۆ جوولەکە ڕۆژی پشوودانە و ناونراوە "ساباپ" ڕۆژی پەرستن و کۆبوونەوەی کۆمەڵگەیە لە سیناگۆگەکاندا. بار میتزڤا ئەو ئاهەنگەیە کە بۆ یەکەم جار مێرمنداڵێک لەبەردەم جەماوەرێکدا تەورات دەخوێنێتەوە. دواتر، وی/ وێ، هێندێک ڕستە لەسەر بەها پیرۆزەکانی کۆمەڵگە دەڵێتەوە و ئامادەبوونیش بۆی دەسەلمێنن. ئەوجا، وێ/ وی، سوپاسی نووسراوە پیرۆزەکان دەکات کە ڕێنوێنیکەری نەتەوی ئیسرائیلە. ئەمە نەریتی فێرکردن و ڕاهێنانی منداڵانە لەسەر ئاینەکە. ئێستا لە باکوری ئەمەریکا هێندێک جار داوا لە کیژێک دەکرێ وەک بار میتزڤا تەورات بخوێنێتەوە، وەلێ لە شێوە ترادیسیۆنالەکەیدا، هەر کوڕ بانگ دەکەن. لە ئاراستەی گۆڕانکاری و پێشکەوتنی خۆیدا، جوولەکایێتی بووەتە هۆی سەرهەڵدانی دوو ئاینی گەورە، مەسیحایێتی و ئیسلام. هەرچەندە ئەو ئاینە بەسەرژمێر زۆر لە دوو ئاینەکەی دوای خۆی بچووکترە وەلێ کاریگەرییەکەی لەسەریان زۆر لە قەوارەی خۆی گەورەترە.

سەرگورشتەکانی ئینجیل دەربارەی پاتریارک- ئیبڕاهیم، ئیسحاق، یەعقووب و یوسف، مێژوویی نین، ئەوانە تێکەڵێکن لە چیرۆکی هەڵبەستراوی ڕۆمانسی، مێژوو و ئەفسانەی دانیشتووانی ناوچەکە. لە سەتەی پێنجەمی پێش سەردەمدا BCE- کۆمەڵێک مالم/ مالووم/ ڕابای جوولەکە لەسەر ئایدیۆلۆجیایەکی نوێ ڕێکیان خستووەتەوە. دواتر دانا عارەبەکانیش بەهەمان شێوە مێژوویەکیان بۆ عارەب داڕشت. ئەو مالوومانە ناوی کتێبەکانیان لە "جێنێسز هەتا کینگ" ناونا تەورات، بەو شێوەیەی کە ئێستا هەیە و لەو ڕێگەیەوە پێناسەیەکیان بەجووداییزم/ جوولەکایێتی دا. بەرنامەی ئەو ڕابایانە برێتی بوو لە گوتنەوە/ فێرکردنی پاتریارکی و بێگومانکردنی پێوەندییەکی دێرین لەنێوان خواکەیان و هێندێک پیاوی هەڵبژێردراو کە گوایە کۆمەڵگەی هیبروو/ جوولەکەیان پێک هێناوە. ئەو چیرۆک و سەرگورشتانە وا دەگێڕنەوە کە بۆ هەزاران ساڵ جوولەکەکان کۆمەڵێک خەڵکی هاوخوێن بوون و جەهۆڤا/ یەهوا یان پەرستووە کە

سەرپەرشتیی نیشتەجێبوونیانی لەسەر زەوین کردووە.

بەڵام لەڕاستیدا هیچ گرووپێکی ئێتنی نەبووە بە ناوی هیبرو بەخەسڵەتی فیزیکی، کولتووری و زمانەوە جیاواز بوو‌بێت لە گەلە سامییەکانی ڕۆهەڵاتی نێزیک. تێکستەکانی ئینجیلیش وشەگەلێکی زۆری تێدایە کە ڕیشاڵیان دەگەڕێتەوە بۆ زمانی جیاواز. ئەی کەواتە جوولەکەکان کێن؟

جۆرج مێندێنهەڵ George Mendenhall: سکۆلارێکی جوولەکەی بەناوبانگە، وەڵامێکی بۆ ئەو پرسیارە هەیە کە ڕەزامەندییەکی زۆری لەسەرە. ئەو دەڵێ (لە سەردەمێکی زووی مسیندا، ٢٣٠٠-٢٠٠٠ی پێش سەردەم. تیرەیەکی ئەمووری خزمی بابلی و ئاسووری لە ڕەوێکی گەورەدا باکوری سووریای ئێستایان جێ هێشتووە و ڕەنگە بەشێکیان چووبنە میسر، سەردەمانێک دواتر کە ڕەنگە چەند نەوەیەک دواتر بێت، نێزیکەی حەفتا خێزانی کۆیلەی سامیی ژێردەستەی میسرییەکان، بەسەرکردایەتیی خێزانێک - مووسا، مریەم و هارۆون، ڕێیان کردبێت، لەسەر ئەو پێشنیازەی کە خودایەک دەیانپارێزێ بەو مەرجەی بەتەواوی ملکەچی بن.) وەک دەزانین ئینجیل پڕە لە سەرگورشتەی نائاسایی "خورافی" کە چۆن ڕاکردووان لە میسرەوە لە بیاباندا بۆ چەندان ساڵ سووڕاونەوە و هەر لە سەردەمی ژیانی مووسادا، دوو دەوڵەتی ناوچەی ئوردونیان ڕووخاندووە و لەو ناوچەیەدا نیشتەجێ بوون و دوای نەوەیەکیش/ جیل، فەلەستینیان لە بێرشیباوە هەتا باکوری گالیلێ داگیر کردووە. دوای نیو سەتەش ژمارەیان گەیشتووەتە چارەکە ملیۆنێک. دیارە ئەمە ناچێتە ئەقڵەوە. بەبڕوای مێندنهەڵ، لەژێر کۆدێکی یاسای حامۆرابیدا کە دەڵێ "ئەو کەسەی بڵێت ڕقم لە پادشا و شارەکەمە" دەتوانێ پێوەندیی خۆی لەگەڵ شارەکەدا بپچڕێنی- بەواتەی ئەوەی بەجێی بهێڵێت. ئەوانەی بابلیان بەجێ هێشتووە و ڕوویان کردووەتە ناوچەی فەلەستین و ئوردون ناونراون، هاپ-پیروو، یان ئابیروو "هەبیروو" و دواتر" هیبڕوو" مێندێنهەڵ لەو بڕوایەدایە کە ئیسرائیل لەسەر ڕەتکردنەوەی سیستەمە ڕامیارییەکانی ئەو سەردەمەی ناوچەکە هاتووەتە ئاراوە.

خێڵەئەمموورییەکانی ناوچەکە هەر یەکە و خودایەکی تایبەتییان پەرستووە، مێندێنهەڵ، لەو بڕوایەدایە بۆ یەکخستنی هەموو خێڵەکان، مووسا "جێهۆڤا"ی کردووەتە خودایەکی یونیڤێرساڵ.[٣]

ئەفسانە و داستانەکانی جێنێسس، بەشێوەیەکی گشتی ئاوێنەی خوو و نەریتی کۆنە دانیشتووانی ڕۆهەڵاتی نێزیکن. بەشێک سکۆلار لەو بڕوایەدان پێش ئەوەی داوود پادشانشینییەکەی پێک بهێنێت، خەڵکی ئیسرائیل، ماتریلینی بوون و پاتریارک لەئارادا نەبووە بەڵکوو چوار ماتریارک هەبوون- سارا، ڕیبێکە، ڕاشێڵ و لێها. زۆر لە سەرگورشتە کۆنەکان پێشنیازی ڕێکخستنی ماتریارکی دەکەن، هەتا ئەو ئاستەی کە گوایە ئیبڕاهیم و سارا خوشک و برا بوون بەڵام لە دایکەوە نا لەبەر ئەوەش شیاو بووە هاوسەری پێک بهێنن، سامسوون و

یەعقووبیش لەگەڵ خێزانی ژنەکانیاندا. ئەم سەرگورشتانە ئەگەر شتێکمان پێ بڵێن ئەوەمان پێ دەڵێن کە لە ڕۆهەڵاتی نێزیکیشدا وەک هەموو ناوچەکانی ئەمەریکا، ماتریلینی هەبووە و باو بووە پێش سەرهەڵدانی پاتریلینی و پاتریارکی. وشەگەلێکی زمانی جوولەکە دوای ئەوەی بەتەواویش گەشەی کردووە، جەخت لەسەر ماتریلینی دەکەنەوە. لەو زمانەدا بەخزم و کەس دەڵێن "ڕەحم" بەواتەی منداڵدان، بەبەشێک لەخێڵ دەڵێن "بەتن" بەواتەی زگ، ناوی خێڵێش بەتەواوی هاوتای ناوی دایکە. هێندێک سکۆلاری ئینجیل لەو بڕوایەدان کە "یاهۆڤا/ جێهۆڤا" لەسەرتاوە نێرەمووک بووە، بەڵام نەو جێهۆڤایەی سەردەمی هەڵاتن لە میسر، نەک هەر نێرینە بووە، پاتریارکیش بووە. دیارە مەبەست لەم نووسینە بەدواداچوونی مێژووی جوولەکە نییە، ئەو تۆزە باسەم پێویست زانی چوونکە دڵنیام مێژووی جوولەکە کە پێوەندیی بە ئاینەکەیانەوە هەیە زۆری پێوە نراوە. ئەوەی لەم نووسینەدا مەبەستە بۆچوونی ئاینەکەیە بەرامبەر جێندەر، ئەوجا بابزانین چۆن تێی دەڕوانێ.

مووسا، کە ژنە ئەتیوپییەکەی هێنا، ڕاستەوخۆ دژی یاسای خواکەی خۆی وەستایەوە، خوشک و براکەی- مێری و هاڕوون سەرزەنشتیان کرد، پرسییان ئایا مووسا تاکە پەیامبەرە یان ئەگەری ئەوە هەیە خودا لەڕێی ئەوانیشەوە بدوێ؟ خوا کە گوێی لەقسەکانیان بوو سزای مووسا و هاڕوونی نەدا، بەڵام مریەمی "گول"کرد. کاتێک مووساش هاواری ئەو نارەوایییەی لێ هەستا، خودا فەرمووی "ئەگەر باوکی تفی لەچاری بکردایە، نەدەبوو بۆ حەوت ڕۆژ شەرمەزار بێت؟ با بۆ حەوت ڕۆژ لەئاوایی دوور بخرێتەوە و دوای حەوت ڕۆژەکە وەربگیرێتەوە" خوا سزای مووسای نەدا کە یاسای ئەوی پێشێل کردووە. ئەم سەرگورشتەیە ئەوەمان پێ دەڵێ کە خودای جوولەکە، جگە لەوەی پیاوی زۆر خۆش دەوێ و دڵی نایەت ئازاری بدات، کینە لەدڵیشە بەرامبەر ئافرەت. ئەوەشمان پێ دەڵێت کە، لەو سەردەمەدا ئافرەت بەڕووی پیاودا نەوەستاوەتەوە[٤].

شارەکانی کەنعان، لەلایەن شەڕکەرانێکەوە پارێزرا بوون کە عەرەبانەسوار و تیروکەوانیان بەکار هێناوە. جوولەکە خاوەنی شتێکی لەو بابەتە نەبوو- لە سەرەتاوە کە نیشتەجێی کەنعان بوون، نە دەوڵەت، نە شوێنی گشتی و نە کڵێسەشیان هەبوو. بۆ پێوەندیی سۆشیالی خەڵکی چوونەتە سەرەڕێی ناوشار، ئەو شوێنەی پیاوە پیرەکان دانیشتوون و بازاڕی ئاڵوگۆڕی و کڕین فرۆشتن بوون. گەورەترین پێکهاتەی سیاسی خێڵ بووە، هەر خێڵێک نێزیکەی پەنجا خێزانی نێزیک یەک بوون، گوندەکانیان بەپێی گەورە و بچووکی، جێگەی خێڵێک، یان کەمتر و زیاتر بووە. خێزان بەردی بناخەی کۆمەڵگەیان بووە. لەبەر نەبوونی دەوڵەتی ناوەندی و سیستمی میلیتاری، دانیشتووی گوندەکان ناچار بوون بەشێوەیەکی هەرەوەزی بەرگری لەخۆیان بکەن، ئافرەتانیش بەشداریی بەرگریکردنیان کردووە. جگە لەوەش لەبەرئەوەی ناوچەکە کەم ئاوە، پیاوان هاریکاریی یەکدییان کردووە بۆ ڕاکێشانی جۆگە و دروستکردنی هەستێرک- بەنداوی بچووکی ئاو. زۆربەی کاری بەرهەمهێنان و نۆژەنکردنەوە ئافرەتان پێی هەستاون. دیارە هەتا بڵێیت ژیانێکی سەختیان بەسەر بردووە. تەمەنی ئافرەتان نێزیکەی سی ساڵ و پیاوانیش چل، ئەوەش ئەوپەڕی سەختیی

ژیان و نەداری دەگەیەنێت. نیوەی منداڵانیان پێش تەمەنی پێنج ساڵان مردوون، ئەوەش وای کردووە کەماڵەکان بڕیاری هاوسەرگیریی کیژی دوازدە ساڵ و کوڕی سێزدە ساڵ بدەن. کارۆڵ مایەر، لەو بڕوایەدایە کە ئەو "دووعا"یەی لە "جێنێسس"دا لە مرۆڤ کراوە، ڕەنگدانەوەی ئەو سەردەمەیە کە پیاو ناچار بووە خاکێکی بێ پیت بە ئێشێکی زۆرەوە بکێڵێت و ئافرەتانیش ناچاری کاری قورس بن.

لە سەردەمی کۆندا لە ناوچەی فەلەستین، نەریتی پەرستنی مێینەخودای پیت "فێرتیلیتی fertil-ity" باو بووە، لە هێندێک پەیکەری قوڕینی سەردەمی ئاسنی ناچەکەدا کە دۆزراونەوە بەشی سەرەوەی لەشی ئافرەت ڕووت یان نیوەڕووتن، ئەوەش بەڵگەیە بۆ پەرستنی خودایەکی مێ و ئەگەر یەهوا/ جێهۆڤا پەرستن ئاینی سەرەکیش بووبێت دیارە هەتا ئەو کاتەش زۆر کەس هەر مێیەخودایان پەرستووە. لەسەرانسەری تەوراتیشدا پاشەکشێ لەپەرستنی مێینەخودا بەئاشکرا دیارە. بەشێوەیەکی گشتی کاتێک خێزان یەکەی سەرەکیی بەرهەمە، بەتایبەتیش کە پیاوان زۆر کات دوورن لە ماڵ، ئافرەت، پێیەیەکی بڵندی هەیە، وەلێ وەک سکۆلارەکان بۆی دەچن لە ئەتین وەها نەبووە و پێیان وایە ئیسرائیلیش وەک ئەتین بووبێت- بەواتەی ئەوەی لەو کاتەشدا ئافرەت ڕیزی لێ نەگیراوە. لەڕاستیدا ئینجیل پڕە لە سەرگورشتەی دەستدرێژیی سێکسیی سەر ئافرەتان، بۆ نموونە چیرۆکی لیڤای و دۆستە ئافرەتەکانی کە هاوشێوەی سەرگورشتەی "پێغەمبەر لوگ/ لوت Lot" و دراوسێکانیێتیە، لە هەردووک چیرۆکەکەدا پیاوەکانی گوندەکە دەرگەی خانەخوێ دەگرن و داوای دەستدرێژیی سێکسیی سەر میوانە نێرەکان دەکەن، لە هەردووک سەرگورشتەکەشدا خانەخوێ لەجیاتی میوانەنێرەکانی ئافرەتیان دەداتێ- لوت/ لوگ، کچەکانی و لیڤایش دۆستەکانی. ئەوجا دوای دەستدرێژیی سێکسی و کوشتنی قەپاتمەکانی لیڤای، تیرەکان هێرش دەبەنە سەر تیرەی "بنیامین" کە پەنای دەستدرێژکارەکانیان داوە. زۆرینەی پیاوەکانی تیرەی بنیامین دەکوژن و هەموو ئافرەت و سامانیان بەتاڵان دەبەن. ئەو چیرۆکانە ئەوەمان پێ دەڵێن کە لەو دنیایەدا، ئافرەت بەنیوە-مرۆڤیش سەیر نەکراوە.

لە ساڵی ١٠٠٠ی پێش سەردەمدا، فەلەستینییەکان لەلایەن سوپای جوولەکەیەکی ڕەسەنی بیابانەوە "داوودی یاخیبوو" شکێندران، داوود ئیسرائیلییەکانی یەک خست، خۆی کردە پاشایان و "ئۆڕشەلیم"ی کردە پێیەتەخت. لەپێوەندییەکانی داوودەوە لەگەڵ ئافرەتاندا هێندێک زانیاری لەسەر ئاستی سیاسی و سۆشیالییان زانراوە. بۆ پەیداکردنی پێوەندی لەگەڵ پادشا "ساووڵ"دا، داوود کچەکەی ساووڵ "میشێل" مارە دەکات و بەرامبەریش شیربایی دەدات. هەرچەندە میشێل داوودی خۆش ویستووە و لە باوکە شێتەکەشی "ساووڵ" پاراستوویێتی بەڵام داوود وازی لێ دەهێنێت. داوود بەدزییەوە سەیری باتشیبا دەکات بەڕووتی و دوایی بانگی دەکات. کاتێک سۆلۆمۆن/ سولێمان لەدایک دەبێت، بۆ شوێن ونکردنی داوێنپیسییەکەی، داوود مێردی باتشیبا کە دڵسۆزیش بوو بۆی، دەکوژێت. کوڕی داوود "ئابسەلۆم Absalom" دەستدرێژیی سێکسی لە هەموو

دۆستەکانی باوکی دەکات. سەرگورشتەی "تەمار و ئامنون"یش ئەوە دەردەخات کە هاوسەرگیری لەنێوان خوشک و برای باوکی لەو سەردەمەشدا باو بووە.. سولێمان دوای باوکی هات و لە ئۆرشەلیم دەستی دایە دروستکردنی کڵێسە و کۆشکی گەورە بۆ حەوسەت ژنەکەی و سێسەت دۆستی و تەویلەی گەورەش بۆ چوار هەزار ئەسپەکەی، بەم کارەش وڵاتەکەی نابووت کرد و بۆ دانەوەی بەهای ئەو کەرسەیەی کڕیبووی ٣٠٠٠٠ هیبرووی نارد کار بۆ پادشا "هیرام"ی "تایر" بکەن. دوای مردنی سولێمان، وڵاتەکە بوو بەدوو بەشەوە بەشی باکور دە تیرە بوون و دواتر لەلایەن ئاسوورییەکانەوە داگیر کران و بەدیل بران، بەشی باشووریش "جودێیا Judah" لە سەردەمێکی درەنگتردا لەلایەن بابلییەکانەوە داگیر کرا و دوو تیرەی ئەو پادشانشینەش بەدیل بران بۆ بابل[٦] .

لەسەتەی حەوتەمی پێش سەردەمدا "BCE" پارێزەرێک لە ئۆرشەلیم کۆمەڵێک یاسا دادەڕێژێت و لەلایەن پادشاوە پەسند دەکرێت کە بەشی هەرەزۆری "دیوتێرۆنۆمی ١٢–٢٦ و ٢٨ "یش دەگرێتەوە ئەمەش بەکاکڵی جووڵانەوەی دیوتێرۆنۆمی دانراوە. لەو یاسایانەدا وا هاتووە کە نەزر بۆ یەهۆڤا تەنیا دەبێت لە ئۆرشەلیم بکرێت. وەلێ لە سەردەمی دیلییاندا لە بابل، جوولەکە شێوەیەکی نوێی پەرستنی بێ نەزریان داهێناوە کە تەنیا شوێنێکی کۆبوونەوەی پێویست بوو "سیناگۆگ" ئەم ئاسانکارییە وردەوردە بووە ڕەفتاری جوودایزم.

دوای گەڕانەوەیان لەبابل جوولەکەکان وردەوردە پەرستگەکانیان بنیات نایەوە و یاساکانیشیان بەسوود وەرگرتن لە کۆدەکانی حامۆڕابی و کەنعانییەکان و زەردەشتاییێتییەوە هەموار کردەوە. لەو یاسا نوێیانەدا، کۆیلایێتیان بۆ پیاوی هیبڕوو سنووردار کرد، وەلێ ئافرەت لەبرێتی قەرزی باوک و مێرد، تەنیا لەڕێگەی شووکردن، بوون بەدۆستی پیاوێک یان سۆزانی بوونەوە ڕزگاری بووە، بەشێوەیەکی گشتی لە لایەنی یاسایی و کۆمەڵایێتییەوە ئافرەت دەنگی نەبووە و وەک کارەکەری سێکس پێناسە کراوە. لەڕوانگەی ئینجیلەوە هێندێک پیاوی تایبەت زۆر بایەخدارن و نوێنەری مەبەست و ویستی خودان لەسەر زەوین– پیاو بوونەوەرێکی خاوەن ویستی ئازادەکاریشی ئەوەیە فەرمانی خودا جێبەجێ بکات لەسەر ڕۆشنایی نووسراوەکان کە قەشەیەکی پیاو ڕوونی کردووەتەوە.

بەشێکی گرینگی سێیەم کتێبی تەورات Leviticus باسی ئەوە دەکات کە جەستەی پیاو دەکەوێتە ژێر مەترسییەوە کاتێک پێوەندی لەگەڵ ئافرەتدا دەکات یان نانی دەستی دەخوات. بەشی یازدەهەمی ئەو کتێبە باسی خواردن دەکات "ئەوەی نابێت بخرێتە سەر لێو" بەشی دوازدەش باسی پاکبوونەوە دوای زان/ منداڵبون دەکات، "تێپەڕین لە لێوێکی دیکەوە passage through other lips" لەو بەشانەدا جێندەری منداڵەکە، کراوەتە ئاستی پیسی دایک. ئەگەر منداڵەکە کوڕ بوو ئەوا دایک بۆ ماوەی حەوتوویەک پیسە و دەبێ سی ڕۆژ خەریکی خۆپاککرنەوە بێت، ئەگەر کچ بوو، بۆ دوو حەوتە پیسە و پێویستە شەست و شەش ڕۆژ خۆی پاک بکاتەوە بەواتەی دوو ئەوەندەی زاینی

کوڕ. لە جووداییزمدا جووتبوون شتێکی پاک نییە بەڵام پیسییەکە هەر ڕۆژێک دەخایەنێ و بەخۆشوشتن پاک دەبێتەوە. بەربوونی خوێنی مانگانە/ عوزر، پیسە و پیسی بڵاوکەرەوەیە con-tagious polluting هەر شتێک ئافرەتی عوزردار دەستی لێ بدات پیس دەبێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئافرەت مانگی دوو حەوتە پیسە، کە هەرچۆنێک لێکی بدەینەوە دەکاتە نیوەی ژیانی. یاسای پاکوپیسی جوولوکایێتی نیوەی ژیانی ژن و مێردایێتی لە سێکس بێبەری دەکات. لە جووداییزمدا، کەسی جووتبوو لەگەڵ ئافرەت و ئاژەڵی عوزرداردا، بەدوورخستنەوە لە کۆمەڵگە سزا دەدرێت. جگە لەوانەش، بەپێی یاسای جووداییزم، ئافرەتی مێرددداریش، مافی خاوەنێتی، واژووکردنی پەیمان، شاهێدی دان و میراتیشی نییە. لەبواری پاک و پیسیدا لە هێندێک ڕووەوە، یاسای پاکوپیسیی جوولەکایێتی و زەردەشتایێتیی سەردەمی ساسانییان وەک یەک دەبینم. ئەو یاسایانە لە هەردووک ئاینی مەسیحایێتی و ئیسلامدا ڕەنگیان داوەتەوە. بەلای منەوە هەتا بڵێیت یاسایەکی ناجوانن و، بۆم هەرس ناکرێت، ئاخر دایکێک هێندە میهرەبان بێت بۆ کوڕکەی، چۆن دەبێ کوڕەکەی بەو چاوە سووکە سەیری بکات.

پەیمانی هاوسەرگیری لە جوولەکایێتیدا، تۆزێک دڵنیاییی داوەتە ئافرەت کە لە کولتوورەکانی دەوروبەردا باو نەبوون. جووداییزم، جیابوونەوەی ژن و مێرد بەکردارێکی ئاسایی و لێگاڵ/ یاسایی سەیر دەکات و چەند جارێکیش لە تەوراتدا باس کراوە. بەتایبەتیش، دیۆتێرۆنۆمی ٤– ١: ٢٤, ئەوەش بۆ چارەسەری کێشەی ناو خێزانە. بەڵام تەنیا لەلایەن پیاوەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت بەو مەرجەی پیاوەکە بەهای مارەییەکە بداتە ژنەکەی.

لەجووداییزمدا یەکەم جار خودا "ئادەم"ی دروووست کردووە، دوای ئەوەی ئادەم وەڕس دەبێت داوای هاوەڵێک دەکات، خوداش لە پەراسووی ئادەم خۆیەوە، دایە "حەووا" دروووست دەکات. بەپێی ئەو بڕگەیەی تەورات پیاو بەرپرسیاریی سەرەکیی پێ دراوە، ئافرەتیش بۆ یارمەتیی پیاو ئافرێندراوە، کەواتە ئافرەت "وەک ئاژەڵ و کۆیلە سامانی پیاون" باوک دەتوانێت کچەکەی بداتە جیاتی قەرز. ئافرەت ملکی باوکیەتی هەتا دەدرێت بەشوو، دوای ئەوە دەبێتە ملکی مێردەکەی.[٧]

## ئاینی گریک و ڕۆم

لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی شاردەوڵەتانی گریک و کۆمار و ئیمپراتۆریای ڕۆم، نەئاینی و نە عەلمانییەکی تەواو بوون، بەلامەوە دژوار بوو باسی جێندەر لە سایەی ئەو دەسەڵاتانەدا، لەکوێ جێگە بکەمەوە لە باسی دەوڵەتان، یان لە باسی ئایندا؟ دواتر بڕیارم دا بیخەمە ژێر بەشی ئاینەوە، ئەویش زیاتر لەبەر ئەوەی لەکولتوور و یاسای هەردووک کۆمەڵگەکەدا ئاین دەستێکی باڵای هەبووە.

### ئاینی گریک

کۆنترین ئاینی گریک/ یۆنان، کە زانیاریی لەسەر هەبێت، کەڵتی "دیمیتر"ە. دیمیتر، دایەخاکە- بانووخودای کشتوکاڵە. لەدابەشکردنی دەسەلاتدا لەنێوان "هادێس و زیوس/ زوس"ی برایدا، هادێس، خواوەندی ژێرخاکی بەر دەکەوێت- ژێرخاک مانای سزادان نییە. هادێس پێرسێفۆنی کچی دیمیتر دەڕفێنێت و دەستدرێژیی لێ دەکات. دیمیتر بەدوای کچەکەیدا دنیا تەی دەکات و ناوەستێ هەتا، ڕۆژ، ڕاستییەکەی بۆ دەدرکێنێت، دیمیتر، بەتووڕەییەوە پەنا دەبات بۆ "ئیلیۆسیس" و لەوێ پێشوازیی لێ دەکرێت. دیمیتر لەتووڕەییدا لە خواوەند زیوس Zeus کە ڕێگەی داوە دەستدرێژی بکرێتە سەر کچەکەی، دنیا ڕووت دەکات و زستان دەئافرێنێ. لەترسی لەناوچوونی زەوین، زیوس، بەڵێنی ئازادکردنی پێرسێفۆن دەدات بەو مەرجەی هیچی نەخواردبێت، وەلێ وێ هێندێک دەنکە هەناری خواردبوو. لەبەر ئەوە دەبوو تەنیا نیوەی هەر ساڵێک لەگەڵ دایکیدا بێت نیوەکەی دیکە لای هادێس. کەڵتی دیمیتر کراوە بووە بۆ هەموو گریکێک بێ جیاوازیی چین و سێکس.

## شێواوی و دەرهاویشتەکانی

یۆنانییەکان زۆر خوایان پەرستووە، ئەوجا پرسیار ئەوەیە کامانە یەکەم خودا بوون؟ جگە لەپەیکەر و شوێنە ئارکیۆلۆجییەکان، میتۆلۆجیای گریک/ یۆنان، سەرچاوەی سەرەکیی ئاینی گریکن بەزۆریش نووسینەکانی هیسیۆد و هۆمێر/ هۆمەر. بەپێی ئەو دوو سەرچاوەیە کە جیاوازییەکی کەمیشیان هەیە، لەسەرەتاوە تەنیا بەتاڵاییەکی گەورەی بێ شێوە/ شێواو هەبووە. هیسیۆد ئەو بەتاڵییە شێواوەی ناو ناوە کایۆس Chaos، کایۆس پرنسیپێکی ئەبستراک بووە وەک تەنیا سەرچاوەی ئافراندن و بەهیچ شێوەیەک کەسایێتیی یەکەم خودا یان خودای هەرەگەورە نەبووە. هیسیۆد هیچ ڕوونکردنەوەیەکی دەربارەی هاتنەکایەی شێواوییەکە نەداوە، باسی ئەوەشی نەکردووە چۆن پێنج گەوهەرە سەرەکییەکانی: گایا، بەواتەی زەوین، تارتەروس، شوێنێکە کەوتووەتە قووڵاییی زەوین، ئێریبوس، تاریکاییی تارتەروس، ئیرۆس، هێزی ئەڤین/ خۆشویستن و نایت Nyx هێزی تاریکی، درووست کراون. بەهەر حاڵ، نایت، لە میتۆلۆجیای گریک و ڕۆمدا، ڕۆڵێکی زۆر گرینگی هەبووە، لەبنەچەنامەی خواکاندا، وێ، یەکەم منداڵی کایۆس بووە یەکەی دیکەی گەردوونی لێ بکەوێتەوە. بەجووتبوون لەگەڵ ئێریبووسدا ڕۆژ و ئیسەر، هەوای بێگەردی بەرزاییی لێ کەوتۆتەوە، دواتریش زۆر وەچەی بەد کە بوونەتە هەوری سەر سەری خواکان و مرۆڤیش[٨].

## یەکەمین دوو پیرۆز و نەوەکانیان

گایە/ زەوین، دووەم دەرهاویتەی کایۆسە وەچەی نابێتەوە، ئەوەشی بەتەنیا و بێ هیچ

پێوەندییەکی سێکسی ئەنجام داوە. ئەو "ئورانوس/ ئورانۆس، بەواتەی ئاسمان"ی[9] پڕ ئەستێرەی دروست کردووە بۆ ئەوەی دایپۆشێت و ببێتە ماڵی ئەو خودایانەی کە لەوەدوا دەئافرێندرێن. وێ چیا و دەریاکانیشی هێناوەتە بوون کە دەکاتە شێوە فیزیکییەکەی زەوین.

هەرچەندە ئورانوس لە گایە لەدایک بووە وەلێ لەژێر دەستی وێدا نەبووە، وی سەربەخۆ و هاوتای وێ بووە. ئورانوس دۆست و هاوسەری گایا بووە. یەکگرتنی گایا و ئورانوس هاوسەرگیرییەکی پیرۆز بووە کە ئاسمان و زەوینی پێک گەیاندووە، بەواتەی یەکگرتنی بانوخودای پیت و خودای ئاسمان. نەوەی ئورانوس و گایا دوازدە بوونەوەری زل و بەهێز بوون کە بە "تایتان" ناو براون. دوازدە خوشک و برا، شەش کچ و شەش کوڕ "ئۆقیانوس، کۆیۆس، کریۆس، هیپیریۆن، لاپیتوس و کرۆنوس، شەش کچەکانیش، تێیا، ڕییا، تێمیس، منیمۆسین، فۆیب و تیسیس" [10] ئەوانیش لەنێو خۆیاندا هاوسەرگیری دەکەن و وەچەیەکی زۆریان لێ دەکەوێتەوە کە خوداکانی گریکن. وەلێ ئەوەی بەلای ئەم نووسینەوە گرینگە، زیاتر هاوسەرگیریی "کرۆنوس و ڕیبا Rhea"یە چوونکە دایک و باوکی "زوس/ زیوس Zeus"ن، زیوسیش لە شەڕی نێوان تایتانەکاندا سەر دەکەوێت و دەبێتە گەورەترین خودا و لە ئۆلیمپیای مەڵبەندی خوداکان جێنشین دەبێت. زیوس لەناو هەموو کەڵتە ئاینییەکانی یۆناندا پەرستراوە و لە ئیمپراتۆریای "ڕۆم"دا ناوەکەی گۆڕاوە بەجوپیتەر.

## کرۆنوس و ڕیبا

گایە، زۆر دڵخۆش نەبوو لەبەر ئەوەی کرۆنوس بەڵێنی ئازادکردنی برا و نیوەبراکانی نەبردووەتە سەر. گایە بە کرۆنوس دەڵێت کە دوارۆژی بەتەواوی وەک ئەوەی باوکی دەبێت، بەواتەی ئەوەی یەکێک لە کوڕەکانی لایدەدا و جێگەی دەگرێتەوە. بێ پەروا لە پێشبینییەکەی گایە، کرۆنوس ئارەزووی هاوسەرگیریی لا دەبزوێت و ڕیبای خوشکی مارە دەکات. کرۆنوس و ڕیبا، شەش منداڵیان دەبێت، سێ کچ: هیستیا، دیمیتر، هێرا و سێ کوڕ: هادێس/ هادیس، پۆسیدۆن و زیوس. بۆ خۆپاراستن لە پێشبینییەکەی گایە، کرۆنوس منداڵەکانی قووت دەدات. ڕیبا لەتاوا خەریک دەبێت دیق بکات بۆیە پێش لەدایکبوونی زیوس بڕیار دەدات مێردەکەی بخەڵەتێنێت و لەجیاتی زیوس بەردێک دەپێچێتەوە و دەیداتە دەست کرۆنوس و ئەویش قووتی دەدات. بەو شێوەیە زیوس ڕزگاری دەبێت. زیوس دوور لەدەستی باوکی زوو گەورە دەبێت و دەگاتە تەمەنێک خوشک و براکانی لەبەندیی سکی باوکیان ئازاد دەکات[11]. لێرەوە شەڕی تایتانەکان لەنێوان لایەنگرانی کرۆنوس و زیوسەوە دەست پێ دەکات. هەرچەندە براکانی زیوس خودایێتیی ئەو دەسەلمێنن وەلێ لەشەڕەکەدا لایەنی باوکیان دەگرن (دیارە ئەم لایەنگرتنی باوکە ئاماژەیەکی تایبەتی تێدایە... نووسەر.) و لە کۆتاییدا زیوس سەردەکەوێت و دەبێتە گەورەخودا.

## خوداکانی ئۆلیمپیا

خـوداکانی ئۆلیـمـپـیـا، دوازده خـودای گـەورەن، وەلێ پەیڕەوی نـووسـینەکـانی هۆمـێر/ هۆمـەر و هیـسیـۆد، هێندێک جیـاوازییـان هەیە، بەڵام هەردووکیـان، هۆمەر و هـیسیـۆد کۆکن لەسـەر ئەوەی بڕێتـین لەدوو نەوە. بەبڕوای هیـسـیـۆد نەوەی یەکـەم بڕێتین لە زیوس و دوو بـراکەی، پۆسـیـدۆن و هـادێس، هەروەهـا خـوشکەکـانیـان، دیمـیـتر، هێـسـتـیـا و هـارا. نەوەی دووەم، منداڵەکـانی زیوس: ئەسینا، ئاریس، ئەپۆڵۆ، هێرمیەس، ئەرتەمیس و هیفیستۆسی کوڕی هاران. بەلای ئەم نووسینەوە زیوس گرینگە چونکە کردارەکانی ئەو بوونەتە سەچاوەی تێڕوانینی کۆمەڵگەی سەردەمە زووەکانی شاردەوڵەتییە جیاوازەکانی یۆنان.

## زیوس

لەگەڵ جێگیربوونی خـوداکـانی ئۆلیمـپـیـا، خـوو و نەرێتی دنـیـای گریکیش دەگۆڕدرێت، تایتـانە شێوە ناسرووشـتـییـەکان پشتگوێ دەخـرێن، خـواگەلێکی شـێوە و ڕەوشـت مـرۆڤ، دێنە ئاراوە. ئەریسـتـۆتل/ ئەریسـتـۆتاڵ، لەمێتافیزیکدا دەڵێت ڕووی مـرۆڤ بەزیـوس دراوە، ئەو دەڵێت "ئەوان (شاعیرە کۆنەکان) پێمان دەڵێن شکۆ و ئاڵێتی ڕەوشتی خوداکانی پێشووی وەک نایت، ئاسمان، کایۆس و ئۆچیان نەبوون، بەڵام ئەوەی زیوسە".

وەک پێـشـتـر باسـمـان کـرد سـەروەری داهـاتووی دنیـا "زیوس"، کـە لە شـەڕی تایتـانەکـاندا سـەرکەوت، دەسـەڵاتی خـۆی سەپاند و دنیـاش ناچار بوو ملکەچی بێت. هەڵبەت زۆر بەشـانوباڵیـدا هەڵدراوە. بەڵام ئەوەی ئەفسـانـەکان بەشـێـوەیەکی سـەرەکی باسـی لێـوە دەکـەن، ئارەزووی منداڵ خـسـتنەوەیە، بەواتـەیەکی تر، ئاڵۆشـیـی جووتبـوونـەکەی زیوسـە. گـرینگـتـرین کـرداری زیوس لە شارسـتانیی گریکدا ڕێکخستنی گەردوونە، ئەو لەبەرزاییی ئۆلیـمپۆسـەوە هەموو شتێک دەبینێت، کێـشـەکـان چارەسـەر دەکـات، ئافـرەتانیش دەبینێت و تەفرەیان دەدات. لەپاکـیـزە و ئـافـرەتی مێـرددارەوە هەتا دەگاتە قـەشـە مێـیـینەکانیش. ئەو تـەنیـا[١٢] بەتەفرەدان و زۆرەملێی سێکسـیی بانووخـوداکـانەوە نەوەسـتـاوە بەڵکو دەسـتدرێژیی سـێکسـی دەکاتە سـەر مێیینەی مـرۆڤیش، یەک لەوانەش شابانووی سپارتا "لیدا"یە کە دوو جـووت جمکی لێ دەکەوێتەوە زیوس خۆی جۆش دەدات و دەسـەڵاتە ئاسـمانییەکەی دەسەپێنێت. ئەمجا ئەگەر بەڕێکەوت خافڵ بوویێت و تێکەڵوپێکەڵییەک ڕووی دابێت، ئەوا بەبـرووسکەیەک ڕاسـتی کـردووەتەوە. زۆر جاریش، بە توندوتـیـژی و لایەنگـیریی ئەوەی کردووە. لەهاندانی سێکسدا زۆر بلیمـەت بووە، دەتوانێت خوی بکاتە پەپوو، سۆنە، جوانەگا و... هتد.

هاوسـەری یەکەمی زیوس "مـیتیس"ی کچی ئۆچیان بووە. زیوس "تێمیس"یشی خۆش ویستووە و بووەتە ڕاوێژکـار لەچیـای ئۆلیـمـپۆس و تەنیـا مێـینەش بووە هـێـرای خـوشک و هـاوسـەری فـەرمـیی

زیوس، نەرمیی بەرامبەر نواندبێت. زیوس دوازدە منداڵی هەبووە لە مێینەی جیاواز. زیوس قەت چاوی تێر نەبووە و هەر خەریکی هەڵفریواندنی مێینە بووە. ئەو هەرچەندە نادڵسۆز و دڵ ڕەق بووە بەرامبەر بەهاوسەر و دۆستەکانی، وەلێ ڕێزی خێزانی خۆی گرتووە، ئەوەش بێ گومان ئاوێنەی کۆمەڵگەیەکی کلاسیکە، هەردووک کۆمەڵگەی گریک و ڕۆمان پەرەیان بە ڕێزی خێزان داوە. بەلام نێرینەی گریک هیچ کێشەیەکی نەبووە لە سێکسکردندا لەگەڵ مێینەی ناهاوسەر و کوڕی لاویشدا.

زیوس و هێرا، خوشک و برا بوون، وەک پێشینانی خۆیان، گایە و یورانوس، ڕییا و کرۆنوس، هاوسەرگیرییەکەیان پیرۆز بووە. وەلێ هاوسەرگیریی ئەم جووتە، لەئەنجامی فێڵبازی و فریواندنەوە بووە. زیوس کە حەزی لەخوشکەکەی خۆی کردووە، خۆی دەکاتە پەپوویەکی سەرمابردەڵە و خوی دەهاوێتە سەر سینگی هێرای خوشکی، ئەویش بەزەیی پێیدا دێتەوە و لەسەر سینەی گەرمی دەکاتەوە. زۆری پێ ناچێت دەبێتە نێچیری ئەو خۆشەویستییە.

وەک هاوسەری زێیوس، هێرا شاژنی خواکانی ئۆلیمپیا بووە، پەرستنیشی بەربلاو بووە، لەیەکەم ڕۆژی هەموو مانگێکدا بەرخێکی بۆ نەزر کراوە، ئەو سەرپەرشتکاری مارەبڕین بووە و بەتوندی سزای داوێنپیسانی داوە و پاداشتی داوێنپاکانی داوەتەوە. وەک بەشێک لەخواکانی ئۆلیمپیا، پارێزەری منداڵانیش بووە. بەلام لەگەڵ ئەو پلەبەرزەشدا کە هەیبووە، هاوسەرگیرییەکەی هەتا بڵێیت شێواو بووە. هەتا ئاستی شێت بوون ئێرەبەر بووە بەدۆستانی مێردەکەی، بێبەزەییانە سزای خۆیان و نەوەکانیشیانی داوە. زیوسیش کاردانەوەی هەبووە و تۆڵەی دۆستەکانی/ قەپاتمەکانی، لێ کردووەتەوە، جارێکیان لە ڕاڕەوێکی ئۆلیمپیادا هەڵی دەواسێت و دەیکاتە جێی پێکەنینی خوداکانی دیکە. جارێکیش هێرا دەڕوا و زێیوس بەجێ دەهێڵێت، وەلێ زێیوس بەپەرۆشەوە بەرەوپیری دەچێت و ئاشتی دەکاتەوە. لەگەڵ ئەو هەموو نادڵسۆزی و ئیرەبەرییەی نێوان زێیوس و هێرادا، مانەوە و درێژخایەنیی هاوسەرگیرییەکەیان، ئاماژەیەکە بۆ پتەویی هاوسەریێتی لەکۆمەڵگەی گریکدا.[١٣] وەلێ پرس ئەوەیە کێ بەهای ئەو پتەوییەی داوە، مێرد یان ژنەکەی؟ لێرەدا سەرنجی خوێنەرەوەی بەڕێز بۆ ئەوە ڕادەکێشم کە خوداکانی گریک و ڕۆم، زۆر شێوەمرۆڤ بوون، بێ خەوش نەبوون، وەک مرۆڤ باش و خراپیشیان کردووە.

ئەوەی سەرەوەباسی کۆمەڵگە و خێزانی خوداکانی گریک بوو، ئێستا با بزانین کۆمەڵگە ڕاستەقینەکە چۆن لەئافرەتی ڕوانیوە.

## کۆمەڵگەی گریک

سەردەمی زووی گریک لە مێلێنێۆمی سێی پێش سەردەمەوە، هەتا سەردەمی داگیرکاریی ڕۆم دەگرێتەوە. یەکەمین شارستانیی یۆنانیی ڕەسەن ئەوەی مایسینی بووە لە دەوروبەری ١٦٠٠-

١٢٠٠ی پێش سەردەمدا کە جێگرەوەی شارستانی نایۆنانی "مینۆوان" بووە لە دوورگەی کریت. لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین یەکەمین دانیشتووانی ناسراوی نیوەدوورگەی یۆنان، هیندۆ- ئەوروپایی بوون، کە لە نزیکەی ١٩٠٠ ساڵ پێش سەردەم لێی نیشتەجێ بوون و شێوەزمانێکی سەرەتایی یۆنانی دوواون. شوانکارە و وەرزێڕ بوون و کۆمەڵگەکەیان خێڵەکیی هاوسان/ ئیگالیتاری بووە. سەرکردە نێزیکەکانیان- بەواتەی سەرکردەی خێڵ، سەرۆکی ئاینیش بوون. دادگە، سەربەخۆ بەڕێوە چووە. لە ساڵی ١١٣٠ی پێش سەردەمدا، خێڵێکی گریک کە بەدۆریان- Dorian's Greek ناسراون و چەکی ئاسنینیان بەکار هێناوە، مایسینییەکانیان قەڵاچۆ کردووە.

جیاواز لەوەی کە ئاماژەیەکی زۆر هەیە بۆ پەرستنی بانووخودا، لە کۆنترین تۆمارکراوەکانی گریکدا ئافرەت کارەکەرێکی ئاسایی ناوماڵ و سێکس بووە. لە هەڵبەستەکانی هۆمێردا کە وا دیارە لە سەتەی نۆهەمی پێش سەردەمدا بەو شێوەیەی ئێستا ڕێک خرابن و لە سێزدەی پێش سەردەمدا نووسراون، باسی ئافرەتە خانەدانەکانیان دەکات کە چۆن جێگەیان بۆ پیاوەکانیان چاک کردووە، جلیان شوشتووە، تەشییان ڕستووە، جلیان چنیوە، خۆراکیان ئامادە کردووە و خستوویانەتە بەردەمی خێزان. لە کێشانی وێنەی "هێراکلیس"دا کە پاڵەوانێکی "دۆریی" بوو، بانووخودا ئەسینا/ ئەتینا، شەرابی بۆ تێ دەکا و خواردنی بۆ دادەنێ. شارنشینی لە گریک لە سەروبەندی ٨٠٠ی پێش سەردەمدا دەستی پێ کردووە، بۆ خۆپاراستن شوورایان بۆ شار درووست کردووە و ناوەڕاستی شاریش بازاڕی ئاڵوگۆڕکردن بووە. هەر شارێکیش دەوڵەتێکی سەربەخۆ بووە وەک شاردەوڵەتەکانی سۆمەر. شاردەوڵەت "پۆلی" بەزمانی خۆیان، پاشایەک لەگەڵ چەند ڕاوێژکارێکدا حوکمڕانیی کردووە. بەشێوەیەکی گشتی حوکمڕانیی گرووپێکی پیاوی ناخزم- ئۆلیگەرچی، کەمتر لە حوکمی پیاوێک ئەگەر پاشا، ئیمپراتۆر و هەرچییەک بێت. گوێ بەدەنگی ئافرەت دەدات. لەحوکمی بنەماڵەدا زۆر جار ئافرەت دەستی دەڕوا و هێندێک جار دەستبەکاریش دەبێت لە بەڕێوەبردندا. بەڵام حوکمی گرووپێک پیاوی ناخزم، دەبێتە هۆی هاوکاریی پیاوان لەناو خۆیاندا، لەبەرئەوەی، ئەوەی ئەو پیاوانە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، تەنیا جیاوازییەکەیانە لە ئافرەت، لەئۆلیگەرچیدا پیاو دەبێ بیسەلمێنێ کە سەربەخۆیە و بەڕاستی پیاوە.

### سپارتا

لەسەتەی نۆهەمی پێش سەردەمدا، تیرەی دۆریان ناوچەی لۆکانیا، پیلۆپۆنیس ومیسینیا داگیر دەکەن و دەوڵەتی سپارتا دادەمەزرێنن. سپارتاییاکان کە نەوەی دۆریانەکان بوون، لەشێوەی شاردەوڵەتە دیمۆکراتەکانی یۆناندا، حوکمڕانییەک بەسەرۆکایەتیی پاشایەک و چەند ڕاوێژکارێک دادەمەزرێنن، بەڵام پادشا و ڕاوێژکارەکانی تەنیا شتێکی سیمبۆڵی بوون. لەڕاستیدا حوکمڕانییەکە لە دەستی ئەنجوومەنێکی پێنج کەسیدا بووە کە دەستڕۆیو بوون و لەسەر بڕیاری ئەوان زۆر لایەنەکانی ژیانی سپارتاییاکان ئاڕاستە کراوە. سپارتاییەکان کە پێنج یەکی

دانیشتووان بوون هەموو دەسەڵاتی سیاسییان لەدەستدا بووە، لۆکانییاکان- چینی ناوەند، ژێردەستەی سپارتاییاکان بوون ڕێگەی بازرگانی و پیشەسازییان پێ دراوە، وەلێ دەبوو بەشداری لەسوپای سپارتادا بکەن. ئەوانی دیکە کە باقییی دانیشتووان بوون، لە بەرهەمەکانیان هەر ئەوەیان بۆ ماوەتەوە کە سپارتاییاکان نەیان بردووە. ئەوانە ئازاد بوون بار بکەن و بڕۆن، وەلێ ئەگەر گەڕابنەوە زۆر بەسووکی سەیریان کراوە و کراونەتە کۆیلە.

سپارتا: ژیانی هاووڵاتیانی کردووەتە کۆیلایێتی - تەنیا سپارتاکان هاووڵاتی بوون، ڕێگەی کشتوکاڵ و بازرگانی و پیشەسازییان پێ نەدراوە و تەنیا وەک چینێکی میلیتار پەروەردە کراون. کوڕان لەتەمەنی حەوت ساڵییەوە مەشقی سەربازییان پێ کراوە و لەدوازدە ساڵیدا، لەماڵ دوور خراونەوە بەو نیازەی قەت نەگەڕێنەوە. یاسا و سروودی جەنگیان فێر کردوون، زۆر جار لەسەر ڕاهێنانیان بۆ گوێڕایەڵی و شکاندنەوەی کەسایێتییان، دڵڕەقانە قامچیکاری کراون. کاتێکیش هەراش "بالغ/ باڵق" بوون، بوونەتە سەرباز و هەموو ژیانیان لە ئۆردوگایەکی پڕ توندوتیژی و هۆمۆسێکسواڵیدا بردووەتە سەر. لێهاتووەکانیان پاداشتیان بەڕەوانەکردنیان بۆ بەرەکانی پێشەوەی شەڕ، دراوەتەوە.

کۆمەڵگەی سپارتا، کۆمەڵگەی لێکدابڕاو/ جیاکراوەی نێر و مێ بووە. لەو جۆرە کۆمەڵگەیانەشدا ئافرەت پێش دەکەوێت چونکە جیهانێکی سەربەخۆی هەیە. لەکۆمەڵگەی تێکەڵدا پیاو لەهەوڵی ئەوەدایە دەستبالاییی خۆی بسەپێنێ، بۆ ئەوەش پێویستیی بەدەستە یان جێنێک هەیە بیخاتە ژێر فەرمانییەوە کە بە زۆری ئافرەتان. بەڵام پیاوی سپاراتا دەبوو هەموو توانا و وزەی لە جڵەوکردن "کۆنترۆڵ"ی ٨٠٪ی دانیشتووە بەکۆیلەکراوەکانی وڵاتەکەدا بەکار بهێنێت. لەبەر ئەوە نەتوانایان ماوە بۆ زەوتکردنی ئافرەت و نە مەرامیشیان بووە. لەبەر ئەوەشە لەو کۆمەڵگەیەدا ئافرەت ئازادییەکی زۆری هەبووە..بەپێچەوانەی زۆربەی کۆمەڵگە دێرینەکانەوە لە سپارتا، ساواکوژیی کوڕ male infanticide هەبووە، هەموو کچێک لە سپارتا، هەتا تەمەنی هەراشبوون بەخێو کراوە. بەڵام کوڕەکان لە لەدایکبوونەوە لەژێر چاودێریدا بوون هەر دیاردەیەکی نەخۆشی یان لاوازی ژیانیانی خستووەتە مەترسییەوە. بەپێچەوانەی شاردەوڵەتییەکانی دیکەی کریکەوە کچانی سپارتا خواردنی باشیان دراوەتێ، خراونەتە بەر خوێندن، فێری فیلۆسۆفیاش کراون، مەشقیان لەسەر ڕاکردن، زۆرانگرتن و باقیمەندی یارییەکانی ئولیمپی پێ کراوە. کوڕ مەشقی ئەوەی پێ کراوە ببێتە سەرباز، کچانیش بۆ ئەوەی ببنە دایکێکی بەتوانا. کچ و کوڕ، لە یارییە ئۆلیمپییەکان و بۆنەی تایبەتی کۆمەڵگەدا بەڕووتی یان بەجارۆکەیەکی بچووک، کە یەک لای شانی داپۆشیوە بەشدارییان کردووە. نەریتێک کە لە شاردەوڵەتییەکانی دیکەی گریکدا، ڕێگەنەدراو بووە.

هەڵکەوتەی کۆمەڵگەی سپارتا، بووەتە هۆی لەباوەشگرتنی هۆمۆسێکسواڵییێتی و خۆدزینەوەی پیاوان لە ژنهێنان، وەلێ شاردەوڵەتەکە پێویستی بەشەڕکەر هەبووە، لەبەر ئەوە یاسایەکی

دەرکردووە کە ئەو پیاوەی ژن نەهێنێت، مافی هاووڵاتیبوونی نییە. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئافرەت لەو شاردەوڵەتییەدا ئازادییەکی زۆری هەبووە، وەلێ هاوسەرگیری برێتی بووە لە زۆرەملێیی و دەستدریژیی سەر مافی ئافرەت. پیاو لە تاریکیی شەودا ئافرەتی ڕفاندووە و کردوویەتیە هاوسەری خۆی، وەلێ پیاو کەم کاتی لە ماڵەوە بەسەر بردووە. پلوتارچ نووسیویێتی کە "سپارتاییەکان، پێش ئەوەی لەڕۆژی ڕووناکدا ڕوخساری ژنەکانیان ببینن، منداڵیان هەبووە"[١٤] هەرچەندە سەرچاوەکانی بەردەستم باسی هۆمۆسێکسواڵیێتیی ئافرەتان ناکەن، وەلی بە مەحاڵی دەزانم لە کۆمەڵگەیەکی وەهادا، هۆمۆسیکسواڵیێتی لەناو ئافرەتانیشدا باو نەبوویێت. گزیکردنی ژن و مێرد لەیەکدی سزای لەسەر نەبووە، باوکایێتیش کێشەی لەسەر نەبووە. سپارتا سەربازی گەرەک بووە، گرینگیش نەبووە چۆن دەستی دەکەوێت. وەک ئاستیکەکان، سپارتاکانیش بەخێوکردنی منداڵیان بەئەرکی دەوڵەت زانیوە. ئەو گۆڕانەی لە سپارتا ناویان لەسەر نووسراوە، هی ئەو سەربازانە بوون کە لە شەڕدا کوژراون یان هی ئەو ژنانەن بەسەر منداڵەوە چوون. ئەوەی زۆر ئاشکرایە ئافرەتی سپارتا ئازادیی زۆر زێتر بووە لە شاردەوڵەتییەکانی دیکەی گریک. دوای ئەوەی زەویوزار کە پێشتر هی دەوڵەت بوو، کەوتە بازاڕی کڕین و فرۆشتنەوە، ئافرەتی سپارتا توانی کڕین و فرۆشتنی هەبوو و دەوڵەمەند بوون، لەسەتەی چواری پێش سەردەمدا خاوەنی دوو لەسەر پێنجی زەویی سپارتا بوون. ئافرەتی سپارتا هێندە دەستڕۆیو بوون کە، ئەریستۆتڵ لۆمەی ڕووخانی شاردەوڵەتییەکەیان دەخاتە ئەستۆ. شاردەوڵەتییەکانی دیکەی گریک، لاسایی سپارتایان نەکردووەتەوە، لەبەرئەوەی نەزمی ڕێکوپێکی بەڕێوەبردنەکەیانیان بەهۆی ئازادیی ئافرەتانەوە بینیوە، بەڵام ئەوان ئامادە نەبوون ئەو ئازادییە بدەن.

**ئەتین**

زیاتر لەهەر شاردەوڵەتییەکانی دیکەی گریک دەربارەی ئەتین دەزانین، ئەویش بەهۆی گەشەی کولتووری، شانۆگەری، هۆزان، مێژوو، زانست و فیلۆسۆفیاوە. سەتەی پێنجەمی پێش سەردەم بەسەردەمی زێڕینی ئەتین ناسراوە کە مرۆڤ تێیدا گەیشتووەتە تۆپەڵاکی بەرهەم/ بەدەستهێنان. بیر و بەهاکانی ئەو سەردەمەی گریک، هەتا ئێستاش، زانیاریی فیلۆسۆفی، ڕامیاری و فەرهەنگیمان پێ دەبەخشن. لەڕاستیدا هەتا ئیستاش زۆر بیرمەند و ڕۆشنبیری ڕۆئاوایی لەو بڕوایەدان ئەگەر گریک لەشەڕی "سەلامیس"دا هێرشی ئیرانی نەشکاندایە، ڕۆئاوا، وەک ئێستای ڕۆهەڵات لەتاریکاییدا دەمایەوە و پێش نەدەکەوت. بەبڕاوی من ئەو بۆچوونە هەڵەیەکی گەورە و لووتبەرزیی ئەو ئەوروپاییانەیە کە وەها بیر دەکەنەوە، چوونکە فیلۆسۆفیا و نجوومگەری و ماتماتیک، لە ڕۆهەڵاتەوە گەیشتنە ڕۆئاوا. خۆ هەر نەبێت، سەردەمی فیلۆسۆفی کورد "زەردەشت" چەند سەتەیەک پیش فیلۆسۆفانی گریک، سوکرات، پلێتۆ و ئەڕیستۆ و... ئەوانی دیکە بووە. بوودای فیلۆسۆفی هیندستانیش، هەر نەبێت سەتەیەک پێش سوکرات بووە، ئیدی من تێ ناگەم

بیریار و ڕۆشنبیرانی ڕۆئاوا ئەو لووتبەرزییەیان لەچییە. بەهەرحال ئەمە مەبەستی ئێمە نییە. مەبەستی ئێمە ئەوەیە کە لەگەڵ ئەو هەموو گەشەکردنە کولتوورییەی ئەتیندا، ئەو کولتووره، دیمۆکراسیێتیەکەشی بەشی زۆری توخمی مرۆڤی وەلاوە ناوە، هەر لەسەرەتاوە پیاوەکانیان هەستێکی دژەمێینە لەناخدا چەسپاوە. هێندێک شارەزایانی مێژووی گریک، لەو بڕوایەدان کە بنەوای کولتووری ئەتین میتۆلۆجیای شەڕی پاڵەوانانی گریک و کۆمەڵگە ئافرەتە شەڕکەرەکەی ئامەزۆنە، ڕێی تێ دەچێ ئامەزۆنەکان هەبووبن.[15] مێژوونووس هیرۆدۆت لەسەتەی پێنجەمی پێش سەردەمدا، دەربارەی شەڕێکی نێوان گریک و ئامەزۆنەکانی نووسیوە، هەروەها هەڵدانەوەی چەند ئاسەوارێک لەم بەینانەدا لە کازاخستان بەڵگەی ئافرەتی شەڕکەری سەلماندووە، لەو ئاسەوارانەدا ئافرەتەکان بەچەکەوە نێژراون. لەمیتۆلۆجیای گریکدا بۆمان دەردەکەوێ کە ڕەنگە لە سەردەمێکی کۆندا گریکەکان لەژێر هەڕەشەی سەربازی ئافرەتدا بووبن. میتۆلۆجیی خوداکانی پارنیزی، زۆر دەوڵەمەندن لەسەر دەستدرێژیکردنە سەر ئافرەت، بەتایبەتیش، زۆرەملێی سێکسی. جگە لەوەش لەناوبردنی وەچە لەمیتۆلۆجیای گریکدا تەریبی میتۆلۆجیای ئاینی ئیبراهیمییە "وەک لەتەورات و ئینجیلدا هاتووە لەناوبردنی منداڵ لەمیتۆلۆجیای گریکدا وەک ئامادەیی ئیبراهیمە بۆ سەربڕینی ئیسحاق." دوای ئەوەی زیوس ژنەکەی خۆی، مێتیس، قووت دەدات، دەبێتە خودای گەورە و، ئەتین، لەمێشکی خۆیدا بەرهەم دەهێنێ- "ئەتینا"ی خاوەنی ئەتین، ئافرەتێکی هاوکارە، پاکیزەیە، هەردەم پشتیوانیی نێرینە دەکات و لە میتۆلۆجیای سەردەمێکی دواتردا بۆچوونێکی نێرینەی هەیە. ئەو بووەتە نوێنەری بالادەستیی نێرینە، جەنگ، ئارداری/ دادوەریش. هەڵلووشینی دەسەڵاتی ئافرەت لە لیتێراتووری کۆنی گریکیشدا ڕەنگی داوەتەوە. زیوس مێتیس قووت دەدات بۆ ئەوەی دەسەڵاتەکەی وەربگرێت، زکی "سیمیل"یش پڕ دەکات و بە برووسکەیەک دەیکوژێ، ئاوڵەمەکەی دەردێنێ و لە ڕانی خۆی دەپێچێت و "دایۆنایسوس"ی لێ دەبێت.

بەبڕوای بەشێک لە لێکۆڵەرەوان "مێرلین ئاڕسەر بەنموونە" ئەفسانەی مافی باوکایێتی لەگەڵ سەرهەڵدانی چینی ئەریستۆکراس کە فیودالیزمی ڕووخاند، سەری هەڵداوە، لە گریک چینی ناوەند دوای دۆزینەوەی ئاسن کە کاریگەرییەکی گەورەی لەئاسانکاری و زۆربوونی بەرهەمی کشتوکاڵدا هەبوو پێشکەوتنێکی باش و گەشەیەکی هێنایە ئاراوە. وەلێ گەشەکردن ئاستێکی هەڵخەڵەتێنەرە لەبەرئەوەی زۆر کات جیاوازیی نێوان چینەکان قووڵ دەکاتەوە، هێندێک زۆر دەوڵەمەند دەکات و زۆرینەش هەژار دەکات. لەو سەردەمەی ئەتیندا زۆر خاوەن کێڵگەی بچووک هەموو شتێکیان لەدەست داوە و بوونەتە کۆیلە. یاخیبوونەکەیان بووە هۆی ڕێکخستنەوەیەکی نوێی ڕامیاری، ئەوە بوو "سۆلۆن" کە ئەریستۆکراتێک بوو و بەباوکی دیمۆکراسی ناسراوە دەستنیشان کرا بۆ هەمووارکردنی یاساکان. سۆلۆن یاساکانی هەموار کرد و دواتریش گۆڕانکاریی بەسەردا هات کە خاوەنداریێتیی زەویی سنووردار کرد و بەکۆیلەکردنیشی لەجیاتی قەرزدا یاساخ کرد، مافی دایە هەموو هاوولاتییەکیش بەشداری لە لیژنەی بەڕێوەبردندا بکات،

"سۆلۆن" مافی هاووڵاتیبوونی دایە پیشەسازانی شاردەوڵەتییەکانی دیکەش. بەبەراورد لەگەڵ شاردەوڵەتەکانی دیکەدا، ئەتین ڕەنگە جێگەی پەسندی بێت، بەڵام لەوێش تەنیا لەسەتا شەشی دانیشتووان هاووڵاتی بوون. ئافرەت و کۆیلە مافی هاووڵاتیبوونیان نەبووە، ئافرەت زۆر زۆر و بەتوندی سنووردار کراوە. زاراوەی فەرمی بۆ هاوسەر کە لەزمانی گریکدا "دامار damar"ە واتەی سەرکز و ژێردەست دەبەخشێت، ئاهەنگی پێشوازیکردن لەبووکیش هەمان ئاهەنگی پێشوازیکردن لەکۆیلە بووە، سەتڵێک گوێزیان بەسەردا ڕشتوون!! یاسا بەرگریی لەکۆیلە و ئافرەت نەکردووە، بەڵام وەک ناوچەی دوو ئاوان/ مێزوپۆتێمیا، باوک یان مێرد نەیانتوانیوە ئافرەتی پێگەیشتوو/ باڵق بکوژن. سۆلۆن بەپێی یاسا، ئافرەتی باش و خراپی لێک جیا کردووەتەوە، سنووری داناوە بۆ ئەو شوێنانەی ئافرەتی باش بۆیان هەیە بۆی بچن، چەند لەماڵ دوور بکەونەوە، چی بخۆن و بخۆنەوە، لەبۆنەکاندا چی پێشکێش بکەن و لەشیوەنیشدا چی لەبەر بکەن، ئەو پۆلیسی تایبەتیشی ڕێک خستووە بۆ سووسەکردن/ سیخوڕیکردن بەسەر ئافرەتانەوە.

لەناوبردنی مێینەی ساوا لە ئەتیندا کردارێکی زۆر ئاسایی بووە، خێزان بۆی هەبووە زیاتر لە کوڕێکی هەبێت وەلێ بەپێویست نەزانراوە لە یەک کچ زیاتر بەخێو بکات، هێندێکیان هەموو کچەکانیان کوشتووە، هێندێکیش وەک کارەکەری ناوماڵی خۆیان بەخێویان کردوون. بەشێوەیەکی گشتی کچان بەنانەزگی بەخێو کراون. لەبەر ئەوەی هۆمۆسێکسواڵێتی لەناو پیاواندا زۆر بەربڵاو بووە، ئەو وڵاتە ڕێژەی مێینەی بەلاوە گرینگ نەبووە، ئافرەت بەرەو دوا شووی کردووە، کچی دوازدە و پازدە ساڵ بەپیاوی سەروو سی ساڵی بەشوو دراون، کە لەو کاتەی ئەتیندا بەهۆی شەڕوشۆڕی زۆرەوە پیاو نێزیکەی چل ساڵ ژیاوە (لێرەدا وشەی بەشوودانم بەکار هێناوە چونکە هاوسەرگیرییەکە ئارەزوومەندانە نەبووە... نووسەر.) ئیدی ئەو ژنە لە تەمەنێکی خوار سی ساڵیدا بێ مێرد ماوەتەوە و زۆر جاران ناچار بووە شووێکی دیکە بکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە پیاوی ئەتین وەک باسمان کرد نێزیکەی چل و پێنج ساڵان ژیاوە، هێشتان ئافرەت بەهۆی ناتەواویی خواردنیانەوە کەمتر ژیاون. وەک پیاوی سپارتا ئەتینییەکانیش ئارەزووی هاوسەرگیرییان نەبووە، وەلێ ناوی خێزان تەنیا لەڕێگەی پیاوەوە پارێزراوە، لەبەر ئەوە دەوڵەت بۆ کوێرنەبوونەوەی ناوی خێزان، هاوسەرگیرییان لەسەر پیاو کردووەتە کارێکی فەرمی. لێرەوە دەردەکەوێت کە هاوسەرگیریش لەمەبەستە سەرەکییەکەی دەرچووە و ئافرەت بووەتە کێڵگەی وەچەخستنەوە– بێگومان کوڕ خستنەوە. لەهاوسەرگیریدا، چێژ وەرگرتن لەسێکس مەبەست نەبووە و بێ بایەخ سەیر کراوە، ئەوان تێکەڵکردنی هاوسەرگیری و چێژوەرگرتنی سێکسییان بەسووکی و شەرمەزاری سەیر کردووە. بەڵام ئافرەت دەبوو پاکیزە بێت هەتا دەچێتە لای مێردی و بۆشی دڵسۆز بێت.

ڕەنگە ئافرەت بۆی نەبووبێت لەبەر چاوی مێردەکەشی خۆی ڕووت بکاتەوە چونکە ڕووتێتیی ئافرەت لەگەڵ سۆزانی و دیل و دۆستدا پێکەوە بەسترابوو. (وەک کۆرتیزانی ئێستای هیندستان و

جێشای یابان... نووسەر) کە پیاوان بۆ ئێوارەخوان بەکرێیان دەگرن، ئێوارەخوانێک کە هیچ کات هاوسەرەکانیانی تێدا بەشدار نییە. جووتبوون لەیەکەم شەوی هاوسەرگیریدا بریتی بووە لە زۆرەملێیی، لەو شەوەدا پاسەوانێک لەبەر دەرگەی ژووری نووستنی بووک و زاوادا وەستاوە بۆ ئەوەی نەهێڵێت کەس بەدەنگی قیژە و هاواری بووکێوە بچێت. لەڕاستیدا هەتا سەردەمێکی نێزیکیش لەکوردستانی خۆمان زۆر هاوسەرگیری و شەوی زاوا و بووکێنی وەک ئەوەی گریک بریتی بوو لە زەوتکردن، بۆ خۆم شایەتحاڵی ڕووداوێکی وەهام (سەرەتای شەستەکانی سەتەی پێشوو بوو لە هاوینەهەواری باژار لەسەر سنووری و ئێران/ ئێراق. ژنیان بۆ کوڕێک هێنا، هەتا چەند ڕۆژێک کوڕەکە نەبوو بەزاوا لەبەرئەوەی کچەکە ڕێگەی پێ نەدەدا. ئیدی دەمڕاستانی خێڵ بڕیاریان دا گیژەکە ببەستنەوە بۆ ئەوەی زاوا کاری خۆی بکات.) ئەوە ئەگەر نەریتێکی بەربڵاویش نەبێت لە کوردەواریدا گومان لەوەدا نییە کە لەهێندێک ناوچە و خێڵدا ڕەوایە و نازانین چۆن و لەکوێوە گەیشتووەتە ناو کوردەواری، چوونکە نەریتی زۆر کۆنی کوردەواری بێبەرییە لە زەوتکردن.

لەلایەنی یاساییەوە، هاوسەرگیری لەئەتین مایەی خۆشحاڵی نەبووە، بەپێی یاسای ئەتین، بڕیاری پیاو لەکاتی نەخۆشی، بەزۆردارەکی، خەرەفاوی یان لەژێر کاریگەریی ئێلیمێنتێک/ ماددەیەکی بێهۆشکەر یان ئافرەتدا بووایە. یاسایی نەبووە. هاوسەرەکان– ئافرەتەکان، بەپێی تەمەن، ئەزموون و پەروەردەیان لێکتری جیا کراونەوە. کچان لەیەکتر دابڕێندراون بەڵام کوڕەکان نا. ژنی ماڵ نەک هەر لەناو ماڵەکانیاندا، بەڵکوو لەبەشێکی ناو ماڵەکانیاندا بەدرێژاییی ژیانیان قەتیس کراون. پۆلیسی تایبەتی هەبووە بۆ چاودێریی هەڵسوکەوتیان. شەوان کۆیلەمێیەکان لەبەشی ئافرەتانی ماڵدا دەرگەیان لەسەر داخراوە. بەبێ بڕیاری خاوەنەکانیان بۆیان نەبووە منداڵیشیان ببێت.. بەبەراورد لەگەڵ شاردەوڵەتەکانی دیکەی گریکدا، ئەتین، شارێکی کەم دەرامەت بووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئافرەتان، لەناو کۆڵانە تەسک و خانووە تاریکەکاندا و لەژێر گوشاری "نەکەی بتبیستن و بتبینن"دا، خەریکی سەرپەرشتیی کۆیلەی پیاوەکانیان بوون. نووسەرێکی ئەو سەردەمەی گریک دەڵێ کە "ئافرەتی باش بەلایەوە شەرم بووە لەلایەن کەسانی ناو ماڵەکەشیەوە ببیندرێت" نووسراوێکی دیکەی سەتەی چوارەمی پێش سەردەم، دووپاتی دەکاتەوە کە ("ئافرەتی بەحورمەت" کەسەری لەدەرگە دەرهێناوە و پرسیاری هەواڵی کردووە دوای تێشکانی ئەتین لەشەڕدا، لەبەرئەوەی لێگەڕاوە ببیندرێت، شەرمەزاریی بەسەر خۆیدا هێناوە.) نووسەرێکی ئەو سەردەمە نووسیویێتی (ئافرەتێک کە لە ماڵ دەربچێت دەبێ لەتەمەنێکدا بێت کە ئەوانەی دەیبینن لێی نەپرسن ژنی کێیە، بەڵکو لێی بپرسن، دایکی کێیە.)[16]

لەهەموو شتێک سەیرتر ئەوەیە لە ئەتین ئافرەت بێ ناو بووە. تەنیا منداڵی نێر ناوی لەناو خێڵدا تۆمار کراوە. بۆ بەهاووڵاتیبوون، کوڕ دەبوو لەنەوەی دوو هاووڵاتی بووایە، بەڵام ئەوەی نووسراوە ناوی باوک و باوکی دایکی بووە– بەواتەی باپیرەی لایەنی دایکی.[17] پیاوی گریک هۆگری زۆرەملێی جنسیی ئافرەت بووە، میتۆلۆجییەکەشیان بەباشی زۆرەملێی خوداکانیانی باس

کردووه، لەڕاستیدا تەنیا زۆرەملێکانی زیوس و ئەپۆڵۆ جێگەی سەرسامی نین. خۆشەویستی لە هونەری نەخش و پەیکەری سەتەی پێنجەمی پێش سەردەمدا، لیستی ٣٩٥ دەستدرێژیی خۆدا نێرینە سەرەکییەکانیانی ئۆلیمپیای تێدایە١٨ , کۆمەڵگەی ئەتین بەشێوەیەک ڕێک خراوە کە هەموو ئاسانکاری و ئاسوودەیی و خۆشی بۆ پیاوە ئازادەکان دەستەبەر بکات. پیاو زۆر بەکەمی کاتیان لەناو ماڵە تاریکەکانیاندا بردووەتە سەر، بەزۆری کاتیان بەمشتومڕی سیاسی لە شوێنە گشتییەکاندا بەسەر بردووە. بەبۆچوونی ئەریستۆتال "ئاسوودەیی مەرجێکی سەرەکیی هاوولاتیبوونە. ئەو چالاکییانەی گونجاون بۆ پیاو بریتین لە مشتومڕی فیلۆسۆفی، وەرزش و شەڕ" کوڕ لە تەمەنی شەش ساڵانەوە لەمێینەی ماڵ جیا کراوەتەوە، دوای نانخواردن لەگەڵ پیاوەکاندا براون بۆ وەرزش، فێری کاری سەربازی کراون، لەسەروو ئەوانەشەوە فێری کێبەرکێ کراون، پیاوی ئەتین کێبەرکێی لەسەر هەموو شتێک کردووە. بەلای پیاوی ئەتینەوە هیچ شتێک مانابەخش نەبووە ئەگەر بەزاندنی کەسێکی دیکەی تێدا نەبووبێت. لەمێژووی ئۆلیمپیادا دەردەکەوێت کە کچە لاوەکانیشیان بەشداریی کێبەرکێی وەرزشییان کردووە، بەڵام ژنی مێرددار، لەهەموو شتێک دابڕێندراوە کە پیاو بەشداریی تێدا کردبێت. پیاوی ئەتین بۆی هەبووە حەزەهۆشەکی و فیزیکییەکانی تێر بکات. لەمەیخانەکاندا خۆی مەست کردووە لەقەحبەخانە و لەشوێنی تایبەت لەگەڵ دۆستەکانیدا وتووێژی کردووە و ئالۆشی جینسیی خۆی دامرکاندووەتەوە بەزۆریش لەگەڵ کوڕی منداڵدا. چینێکی نزمی هەژار و کۆیلە هەبوون بۆ کۆڕی تایبەتی خواردنەوە و ڕابواردن لەماڵی تایبەتیدا، لەو ماڵانەدا سێکسیان بەکوڕان کردووە لەگەڵ ئافرەتی سۆزانی یان لەگەڵ پیاودا. منداڵبازی نەریتێکی پەسند بووە. پیاوی بەتەمەن بەزۆر سواری کوڕی منداڵ بوون. گاینی منداڵ بۆ سووککردنی بووە بۆ ئەوە بووە پیاو زاڵێتیی خۆی بەسەردا بسەپێنێ، هەرچەندە منداڵبازی دیاردەیەکی بڵاو بووە بەڵام چووتبوونی ئارەزوومەندانەی دوو پیاو ناپەسند بووە، ئەو جۆرە جووتبوونە هێراڕکییەی نێرینەیە پێشنیازی ئەوە دەکات کە ئەتینییەکان جنسکردنێکیان بەدڵ نەبووە زۆرەملێی تێدا نەبێت. نەخشونیگاری سەر ئەو دەفرانەی لەشوێنی ڕابواردنە تایبەتییەکاندا بەکار هاتوون، زۆریان زۆرەملێی جنسی لە دواوە لەگەڵ دۆست یان سۆزانییەکاندا پیشان دەدەن. پیاوە کڕیارەکان بەسەر ئافرەتەوە دەستیان بەتوورەکەیەک دراوەوە بەرز کردووەتەوە. بەشێک لەوێنەکانیش پیشانی دەدەن کە پیاوەکان لە سۆزانییەکان دەدەن، وێنەش هەن کە دۆستەکان ناچاری... مژین کراون کە زیاتر لە ڕقلێبوونەوە و سووکایێتی پێکردن دەچێت نەک جنسکردن[١٩].

لەگەڵ ئەوانەشدا ئافرەت هێندێک مافی هەبووە، باوک یان مێرد نەیانتوانیوە بەئارەزووی خۆیان بیانکوژن. توانی بازرگانی و ئاڵوگۆڕێکی سنووردایان هەبووە. کچی خاوەن زەوی و ملکوماڵ مافی جیازی بووکێنیی هەبووە، بەڵام مێردەکەی وەریگرتووە و کچەکان مافی بەکارهێنان یان ڕازیبوونی بەکارهێنانیان نەبووە، وەلێ ئەگەر مێردەکەی تەلاقی بدایە، دەبوایە بەقازانجەوە بۆی

بگێڕێتەوە. پیاوان خاوەنی هەموو شتێک بوون، بەپێی یاساش دەبوو ژنەکانیان بەخێو بکەن، بەڵام لەڕاستیدا ژنەکان پیاوەکانیانیان بەخێو کردووە، بەئیشی ناوماڵیان و ئەو کاڵایانەی لە ماڵەوە بەرهەم هێندراون. بەپێی یاسا، ئافرەت ژێردەستەی باوک، مێرد یان کوڕەکەی بووە، لەبەر ئەوە هیچ کات ئازاد نەبووە. مێیینە تەنیا لەکاتێکدا میراتگر بووە کە تاقانەی خێزان بووبێت، بەڵام لەو کاتەشدا دەبوو شوو بەنێزیکترین خزمی باوکی بکات بۆ ئەوەی گەرەنتیی مانەوەی مڵک و ماڵەکە لەناو خێزاندا بکات. ئەگەر پێش مردنی باوکیشی بەشوو بدرایە، دەبوو خێزانەکەی بەجێ بهێڵێت و شوو بەمامی یان ئامۆزایەکی بکات کە لە باوکی بچووکتر بێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئافرەت ئەگەر تاقانەش بووبێت و سامان/ زەوی و زارێکی بۆ مابێتەوە، قەت خاوەنی نەبووە، هەر خزمە نێزیکەکانی خاوەنی بوون.

ئەگەر ئافرەتێکی هاووڵاتی "ئەو ئافرەتەی باوکی هاووڵاتی بووە" داوێن پیسیی کردبێت، تەڵاق دراوە و لەهەموو ئاهەنگ و بۆنە ئاینییەکانیش بێبەش کراوە، ئەوەش مانای بێبەریکردن لەهەموو ئازادییەک بووە. ئەگەر پیاوێک لەگەڵ ئافرەتێکی مێرددداردا جووت بووبێت، سزاکەی کوشتنی پیاوەکە بووە، هەرچەندە ئەو یاسایە پێچەوانەی زۆر شتی دیکەیە، وەلێ مەبەست لەو یاسایە لە ئەتین، پاراستنی سەربەرزیی خێزان بووە- بەواتەیەکی دی، پاراستنی شەرعیەتی کوڕ بووە. تاوانێکی گەورە بووە پیاوێک خیانەت لەکۆدێک بکات نێراییتی دایڕشتبێت. بەڵام ئەگەر پیاوێک ئافرەتێکی بێ مێردی هەڵفریواندبێت یان زۆرەملێشی لێ کردبێت، پیاوەکە تەنیا پارەی لێ سەندراوە، وەلێ ئافرەتەکە کراوەتە کۆیلە و لەبازاڕدا فرۆشراوە.

وەک لەبەڵگەنامەکاندا دەردەکەوێت، ئافرەتی چینی خوارروو زیاتر لە ئافرەتی چینە دەوڵەمەند و ئەرستۆکراتەکان ئازادیی هەبووە، ئافرەتی چینی هەژار خەریکی کاری مامانی، ترێ چنینەوە، بەڕێوەبردنی کاروان سەراکان، قاوەخانەکان بووە، لە بازاڕەکانیشدا خەریکی کڕین و فرۆشتن بوون و کاری ڕستن و چنینی خوریش هەر ئەوان کردوویانە. هێندێک ئافرەتی ئازادی ئەتین کاری دۆستایێتییان کردووە "هاوشێوەی جێشای یابان" لەناو هەموو ئافرەتانی ئەتیندا، تەنیا سۆزانییەکان توانیویانە دارایییەکی باشیان لەبەر دەستدا بێت و کاری پێ بکەن.

بەپێچەوانەی یاساوە کە هۆمۆسێکسوالێتیی یاساخ کردبوو، هۆمۆسێکسوالێتی لەناو پیاواندا زۆر بەربڵاو و پەسند بووە. باسی هۆمۆسیکسوالێتیی ئافرەتان نەکراوە. ئافرەت لەناو ماڵەکاندا دوورەپەرێز کراون، تەنیا لەئاهەنگ و بۆنە ئاینییەکاندا ڕێگەی دەرەوەیان پێ دراوە. لە ئاهەنگی "تێسمۆفۆریا"دا، بەجلی پیاوانەوە چوونەتە دەرەوە و کۆبوونەوەیەکی گاڵتەجاڕیی سیاسییان بەستووە. هەروەها بەشداریی نەریتی کەڵتی شێتانەی "مەینداس/ مایندلس" و ئادۆنیا- شیوەنی مردنی ئادۆنیسیان کردووە (بەپێی میتۆلۆجیای گریک، ئادۆنیس لاوێکی جوان بووە و بەپێچەوانەی پیاوی گریکەوە ئافرەتی گەیاندووەتە ئۆرگازم- وەرگرتنی چێژی جنسی. ئادۆنیس، جێگرەوەیەکی ڕاستەقینەی پیاوی گریکە. لە ڕاودا بەراز شفرەی لێداوە و مردووە، مردنیش

بەشـفرەی بەراز، سیـمبـۆڵی درندایێتـیی نێرینەیە... نووسـەر.) لـە شـیـوەنی ئـادۆنیـسدا بـۆمـان دەردەکەوێت کـە ئافرەتی گـریک چەند ناڕازی بوون لـەپیـاوەکـانیـان، من وەهـای تێ دەگـەم کـە ئەو ئاهەنگە بۆ خاوکردنەوەی هەڵچوونی هەست بووبێت.

کولـتووری ئەتین لەداتـاشـینی پیـاو و بۆ پیـاو بووە، ژمـارەیەکـی زۆر کـەم لەئاسـتـی پەنجـەکـانی دەسـتـێکدا وەک پاڕاسـاید لەسـەر ئارەق و ئێـشـوئازاری هـەمـوو ئەوانی دیکە زەلاونەوە، نووسـین و دراما و هـەڵبـەست و هەموو شـتێکی دیکەی ئەتین پێمان دەڵێت کە پیـاوی ئەتین ئاگەداری کلۆڵی و ئازاری ئافـرەتەکـانیـان بوون. سیـسـتـمی ئەتین، توانی ئافـرەت و کـۆیلەی بەکـار هێناوە لـەپێناو دابینکردنی کاتی زۆر بۆ خواردنەوە و ئاهەنگ گێڕان و شەڕەچەقەی فیلۆسۆفیی ژمارەیەکی کەمی پیـاو. وەک پاتریارکی هیبرِوو کە پێشـتر باسـمـان کردن، ڕۆژ تا ئێـوارە خـەریکی دەمـەتەقێ بوون لەکاتێکدا ئافرەتەکانیـان هـەر لەبەیانییەکی زووەوە هـەتا تاریک داهـاتووە خـەریکی کاری ناومـاڵ و پەیداکردنی بژێوی خێزانەکانیـان بوون. سیـسـتـمی هـاوشـێـوەی گـریک کـەم نەبوون، وەلێ ئەوەی گرینگیی بەو سیـسـتـمـە داوە ئەوەیە کە وەهـایـان لێ کـردووە بەجـێیی بنوێنـێ و ڕەواییـان بەبەردا کـردووە. هـیچ فـەرهـەنگێکی سـەر ئەم زەوینە هێندەی فـەرهـەنگی گـریک دڕندانە ناوی ئافـرەتی نەزڕاندووە، یان وەک شـەڕەنگێز، بەربەری، دڕنج، یان وەک ئەریسـتـۆ بە پیـاوی "شێـوەتێکچـوو -de formed " و توخـمی نزم، پێناسـەی نەکردووە. بیر و باوەڕی ئینجیل و ئەتین، کولتووری ڕۆژئاوی داڕشت. ئەو پێنـاسـە هەڵەیەی بەجنسـەکـان/ نێـر و مـێـیـان داوە هـەتا ئەمـڕۆش لەبڕەودایە. پێناسـەکـردنی ئافـرەت لەخـوار مـر ۆڤـەوە. ئاسـتی ژیانی ئافـرەت لەگـریکدا هـیچ پێـشکەوتـنێکی بەخۆوە نەدی هەتا سـەردەمی لەشکرکێشییەکەی ئەسکەندەر. ئەسکەندەری مەکدۆنی/ مەسەدۆنی هەموو بەڵکانی داگیر کرد و پیاوەکانی ڕاپێچی بەرەی شەڕ کرد لە میسر و ئاسیای نێزیک و ئێـران. لەو مـاوەیە بەدواوە بەهـۆی کـەمـیی پیـاوەوە وردەوردە ڕێگەی ئازادی لـەبەردەم ئافـرەتی گریکدا کرایەوە.

ڕەنگە زیاتر گرینگیم بـەئاسـتی ئـافرەت لە کـۆمـەلگەی کریکدا دابێت، ئەویش زیاتر لەبەر ئەوەیە کـە هـەتا ئێـسـتـاش زۆر نـووسـەر و مـێژوونووس و ڕۆشـنبـیـرانی ڕۆئاوایی شـانازی بەکولـتـوور و زانستی یۆنانەوە دەکەن، زۆریان لەو بڕوایەدان ئەگەر ئێران لە لەشکرکێشییەکەیدا بۆ سەر یۆنان سـەرکـەوتوو بووایە، ئێـسـتـا دنیـا تـاریکسـتـان دەبوو، دنیـا ئەم پێـشکەوتنەی بەخـۆوە نـەدەبینی. هـەرچەندە ڕاسـتـە سـەرجـەم دنیـا سـوودی لەزانسـت و فـیلـۆسـۆفـیـای یۆنانی وەرگـرتووە وەلێ ئەو بۆچوونە زۆر ناتەواوە، شارستـانیی پێشکەوتوو لەڕۆهەڵاتدا زۆر پێش یۆنان سـەری هەڵداوە. ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە لە لووتبەرزی زیاتر هیچیکە نییە. ڕەنگە زۆر کەس لای خۆشمان هـەر وەها بیر بکەنەوە، نـووسـەری گـەورە و ناوداری کـوردم دیوە کە وەها بیـری کردووەتەوە، ئەوجـا ئێـسـتـا لەو کەسـانە دەپرسم، چ شـانازییەک بەو کـولتووره دواکەوتووەی یۆنانەوە دەکـەن کە هـەتا ئێـسـتـاش– با هـەر بڵێین دنیای ڕۆئاوا پێوەی دەناڵێنێت.

ڕۆم کولتووری ئەتینیای هەڵلووشی، خودا و پەرستگەکانی گریکی دزی، هونەری گریک، بەتایبەتیش پەیکەرتاشییەکەیانی لێیان وەرگرت. لە هەمان کاتیشدا خوو و ڕەوشتی ئەتینییەکانیان دەربارەی نێرینەیی و ئافرەتەوە هەڵگرتەوە کە ڕەنگە پێشتریش هاوبەشییەکیان هەبووبێت. ئەفسانە ڕەسەنەکانی ئەوانیش ڕقبوونەوەیان لە ئافرەت تێدا بەدی دەکرێت. بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا، ڕۆم، لە کولتوورەکەیدا هێندێک لە مافەکانی ئافرەتی پاراستووە. دوو ئەفسانەی جیاواز دەربارەی سەرهەڵدانی دەسەڵاتی ڕۆم هەیە، یەکێکیان دۆزینەوەی شاری ڕۆم دەگێڕێتەوە بۆ برایانی، ڕۆمولوس و ڕیموس، وەلێ پاڵەوانی سەرەکیی داستانەکە، ئیلیای دایکیانە. ئەفسانەکەی دیکەشیان هاوشێوەی "سایکۆماچیا/ نەخۆشیی دەروونیی پیاوێتی"یەکەی گریکە کە بنەوای دۆزینەوەی ڕۆم دەگێڕێتەوە بۆ زەوتکردنی ئافرەت. بەپێی ئەو ئەفسانەیە کۆمەڵێک چەتەی نێر لە ناوچەی ئالبا هێرش دەبەنە سەر سابینییەکانی هاوسێیان و ئافرەتەکانیان دەڕفێنن و بە پێی یاسای "کۆنفەڕێیاتیۆ" کە مانای هاوبەشی نمەک دەگەێنێت مارەیان دەکەن. دواتر وشەکە، کۆنفەڕێیاتیۆ، گۆڕاوە و بووەتە مارەبڕین.

وەک دەرکەوتووە لە نیوە دوورگەی ئیتالیادا لە سەردەمی بەردینەوە و بۆ هەزاران ساڵ خەڵکی لە ئەوروپا، باکوری ئافریکا و دەوروبەری دەریای سپی نیشتەجێ بوون. بەهۆی ئەو کەلوپەلانەی دۆزراونەوە و سەردەمیان دەگەڕێتەوە بۆ سەتەی شەشەمی پێش سەردەم، جۆرە خواوەندێکی مێینەیان پەرستووە. لە سەتەی هەشتەمی پێش سەردەمەوە لە توسکانیا "ئیترووسکان"ەکان نیشتەجێ بوون و بازرگانییان لەگەڵ ڕۆهەلاتدا کردووە. کۆمەڵگەکەیان ماتریلینی بووە و هەموو منداڵەکانیان هاوتای یەک پەروەردە کردووە، ژن و مێرد هاوبەشی ژیانی سۆشیالی یەکدی بوون. خەڵکی ئیتالی لە سەتەی هەشتەمی پێش سەردەمەوە لە شاری ڕۆم و دەوروبەری نیشتەجێ بوون، دوو سەتە دواتر ئیترووسکانەکانیان لاداوە و ڕیژیمێکی کۆمارییان پێک هێناوە، پاساوی ئەو شەڕەشیان بۆ زەوتکردنی ژنێکی داوێن-پاکی ڕۆم بە ناوی "لوکرێتیا" لەلایەن ئیترووسکانەکانەوە داوەتەوە.[٢٠]

سەردەمی ڕۆم دەکرێت بە دوو بەشەوە، سەردەمی کۆماری لە نێزیکەی ٣٠٠-٣٠ پێش سەردەم و، سەردەمی ئیمپڕاتۆری لە ٣٠ پێش سەردەمەوە هەتا ٥٠٠ی سەردەم.

## کۆماری ڕۆم

لە سەردەمی زووی خۆیدا، ڕۆم، ڕیژیمێکی ئەریستۆکراتی بووە، دەسەڵات لە دەستی سیناتۆرە خاوەن زەوییەکاندا بووە کە دوای دامەزراندنی کۆمار پێک هات. بە بیانووی ئەوەی کە باجیان لێ وەرناگرن خەڵکە هەژارەکەیان لە دەسەڵات بێبەری کردووە. لە خوار چینی خانەدانانەوە، چینی

ناوەند لە بازرگان، خاوەن زەویی بچووک و پیشەساز، بەتایبەتی درووستکەری چەک، ڕیزەکانی سوپایان پڕ کردووەتەوە. بەشە زۆرە هەژار و کۆیلەکانی کارکەری خاوەن زەوییە گەورەکان، زۆر نامرۆڤانە مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە. هەتا ئەو کاتەی برشتیان هەبووبێت بەکار هێنراون و دواتریش فرۆشراون بە خاوەن چاڵە کانزاکان کە بارودۆخ تێیاندا لە کێڵگەکان زۆر خراپتر بووە. ڕۆمەکان وڵاتە داگیرکراوەکانیان کردووەتە کۆلۆنی و هەموو مافێکیان لە دانیشتووەکانی زەوت کردووە و یاسای ڕۆمیان بەسەردا سەپاندوون. بەڵام بە پێچەوانەی گریکەکانەوە، لە ڕۆمدا، خێزان کرۆکی کۆمەڵگە بووە و لەناو خێزاندا ئافرەت توانیویێتی دەسترۆ بێت. مێژووی هەرە دێرینی ڕۆم باسی دلێریی ئافرەتی ئەریستۆکراتی ڕۆم دەکات کە چۆن شاری خوداکانیان پاراستووە. زۆر جاران نەریتی "پاکیزەکانی ڤێستا" دەگێڕنەوە بۆ "ڕێها سیلڤیا"[٢١] کە پێشنیازی ئەوەمان بۆ دەکات پاشتر کۆمەڵگەکەیان زیاتر ماتریلینی بووبێت. خێزانی ڕۆم، باوک و باپیرانی خۆیانیان پەرستووە، لەبەر ئەوە دامەزراندنی پەرستگەی ڤێستا و پەرستنی بە کۆمەڵ، وەک هەنگاوێکی سەرەتایی بۆ دڵسۆزی بۆ دەوڵەت لێکدانەوەی بۆ کراوە. بۆ ئاگەداریی ئاگرە پیرۆزکەی پەرستگەی ڤێستا شەش کچی لاو هەڵبژێردراون هەتا تەمەنی سی ساڵی خزمەت بکەن و مەرجیش بووە داوێن پاک بن، دوای ئەو تەمەنە خانەنشین کراون و ژیانی ئاساییان بردووەتە سەر، وەک هێندێک پەرستگەی شوێنی تر نەکراونەتە قوربانی. بەڵام ڕۆمەکانیش وەک گریکەکان پێناسەی ئافرەتیان بە-بێ مێشک، لاواز، مێشک پووتی چێژی سێکس سەیر کردووە و بە درێژاییی ژیانیان لەژێر چاودێریدا بوون. لە ڕۆمیش باوک بڕیاری لەسەر مانەوەی کچی ساوا داوە، باوک دەسەڵاتی ڕەهای بەسەر خێزانەکەیدا هەبووە، دەسەڵاتی مردن و ژیان، دەسەڵاتی سزادان بە کوشتن و بە کۆیلەکردنیشەوە. ئافرەتی مێردار، لە ژێر دەسەڵاتی مێردەکەیدا بووە، ئەگەر ئافرەتێک باوک یان مێردی نەبووبێت، چاودێرێکی بۆ دیار کراوە، لەم ڕووەوە ئافرەتی ڕۆم لە ئافرەتی ئەتین زیاتر ژیانی لە مەترسیدا بووە لەبەرئەوەی پیاوی ئەتین مافی کوشتنی ئافرەتی نەبووە. لە تۆمارکراوەکانی ئەتیندا، ناوی ئافرەت ناکەوێتە بەرچاو، وەلێ ئافرەتی ڕۆم بە هیچ شێوەیەک ناوی نەبووە، بەڵکو تەنیا ئاماژەی بۆ کراوە. بۆ نموونە "جولیا" ئافرەتێکە کە "جولیۆس" خاوەنیەتی، کۆڕنیلیا ئافرەتێکە کە کۆڕنیلۆس خاوەنیەتی. ئەگەر پیاوێک جولیۆس بە نموونە دوو کچی هەبوایە ئەوا وەک جولیای یەکەم و دووەم و...هتد ناویان براوە. کوڕیش لە ژێر دەسەڵاتی باوکیدا بووە، ئەگەر باوکێک مردبێت، کچەکانی و کوڕە لاوەکەی بوونەتە موڵکی بە تەمەنترین مام یان برایان کە توانیوێتی بیانکوژێت یان بیانفرۆشێت. ئەوەی ئاشکرایە لە سەردەمی کۆماریی ڕۆمدا ئافرەت بە هیچ شێوەیەک ئازادیی نەدیوە، وەلێ بە پێی کات، یاساکان گۆڕانیان تێدا کراوە و لە سەتەی سێیەمی پێش سەردەمدا هێندێک کچە دەوڵەمەند فێری خوێندن کراون سەتەیەکیش دواتر کچانی هاووڵاتیی سادەش دەستیان داوەتە خوێندن. لە ڕاستیدا زانیارییەکی ئەوتۆ لەسەر ژیانی ئافرەتی ڕۆمی سەردەمی کۆماری لەبەردەستدا نییە، ئەوەی باسمان کرد، شتێکی ئەوتۆ نییە و زیاتر لە

ژیانی چینی دەوڵەمەندەوە وەگیراوە.

هەتا دەست پێکردنی سەردەمی نوێ، ڕۆم هەر لە شەڕوشۆڕ و داگیرکاریدا بوو، ڕۆم، گریک، ئاسیای بچووک، میسر، بەشێکی زۆری ئەوروپا و پەریتانیاشی داگیر کرد. ئەو داگیرکاری و شەڕانە پێویستیان بە داهاتێکی گەورە بوو هەتا دەهات باج زیاد دەکرا، لە سەرەتاوە ئەوانەی دەبوونە سەرباز خاوەن زەویی بچووک و نێوەنجییەکان بوون کە زەوییەکانیان بەسەر کۆیلەکانیاندا بەجێ دەهێشت و دواتر دەگەڕانەوە سەر وێرانەیەک و لە ناچاریدا دەیانفرۆشتە خاوەن زەوییە گەورەکان و ڕوویان دەکردە ناو شار بۆ پەیداکردنی بژێوی، ئیتر حاڵ گەیشتە سەرهەڵدانی کۆمەڵێ چەتە و ڕێگر و شەڕی ناوخۆ. لە کۆتاییدا هێندێک جەنەڕاڵی سوپای وەک سولا، پۆمپێی و سیزەر، دەستیان بەسەر حکوومەتدا گرت، لە سەرەتاوە سیزەر بۆ دە ساڵ جاڕی دیکتاتۆریەتی خۆی دا و دوای دە ساڵەکەش بۆ درێژاییی ژیانی.

### ئیمپراتۆریای ڕۆم و جێندەر

دوای تیرۆرکردنی سیزەر/ قەیسەر، لەسەر دەسەڵات سەرکردەکانی سوپا کەوتنە پێکدادان و لە ئەنجامدا ئۆکتێڤیۆس خۆی سەپاند، بەڵام وێ، پێویستیی بە ڕەواییی پێگەکەی هەبوو، لە پێشەوە سیناتۆرەکانی ناچار کرد بەجێیی بە دەسەڵاتی بدەن و ساڵی ٤٢ی سەردەم جاڕی خودایەتیی خۆی دا، قەیسەر بوو بە کوڕی خودا. ئەو یاساکانی نەگۆڕی، بەڵام گوێشی بە یاسا نەدەدا و بە ویستی خۆی حوکمڕانیی دەکرد. بۆ دڵدانەوەی هاووڵاتییان بەخشینەوەی بەسەریاندا زیاد کرد، بۆ ڕاکێشانی دڵی چینی بۆرژوا و لەناوبردنی سیستمی ئەریستۆکراسی، ڕێگەی بە فرۆشتنی موڵک دا بۆ دانەوەی قەرز، بۆ ئەوەی لە دەسەڵاتی هێزی سەربازیش کەم بکاتەوە، چوار ڕێکخراوی پۆلیسی جیاوازی دامەزراند بۆ سیخوڕیکردن لەسەر یەک و بەسەر هاووڵاتییانیشەوە. هەرچەندە ئۆکتێڤیۆس دەیگوت لە هەوڵی پاککردنەوەی کۆمەڵگە و گێڕانەوەی مۆڕاڵە جوانەکانی ڕۆژانی کۆنە، وەلێ کۆمەڵگەکە بەهۆی شەڕ و نەداری و دوودڵیی پیاوان لە هاوسەرگیری کە بەشێکی بە هۆی بەربڵاویی هۆمۆسێکسوالێتییەوە بوو، وزەیان لێ بڕابوو. لەو بڕوایەوە کە کرۆکی خێزانداری لەگەڵ مانەوەی سیستمی ئەریستۆکراسیدا نییە، ئۆکتێڤیۆس، چەند یاسایەکی نوێی خێزانی دەرکرد، لەو یاسایانەدا ژنهێنانی سەپاندووە بەسەر پیاواندا، خەڵاتی ئەوانەی کردووە سێ منداڵیان بووە، ئەو ئافرەتە کۆیلانەی ئازاد کردووە کە چوار منداڵیان بووە، هاوسەرگیریی نێوان چینەکانی کۆمەڵگەی یاساخ کردووە و گزی جنسیی ئافرەتیش لە هاوسەرەکەی/ زینا، کراوەتە تاوان بەرامبەر دەوڵەت. هەر بە پێی ئەو یاسا نوێیانە ئافرەت بۆی نەبووە لەسەر هەمان گزی شکات لە مێردەکەی بکات، بەڵام ئەگەر مێرد هاوسەرەکەی نەدابێتە دادگە، ئەوا بۆ خۆی بە تاوانی گەوادی دراوەتە دادگە و سزا دراوە.

ئۆکتێڤیۆس، فەرمانی داوە بە هەردووک هۆزانڤانی سەردەمی خۆی "ڤیرجیل و هۆرەیس" کە بەئاستی ژیانی ڕۆم و بە شانوبالّی ئەویشدا وەک ئیمپراتۆرێکی پالّەوانی ئافرەت شکێن "کلیۆپاترا" هەلّ بدەن. ئەو پێگە بەهێزەی ئافرەتی ڕۆم هەیبوو، وردە وردە لەگەلّ گۆڕانی تێڕوانینی پیاوی ڕۆمدا بۆ ئافرەت لە وێناکردنیەوە وەک خانزادەیەکی پالّەوان گۆڕا بۆ، ژن، ژنێکی نموونەیی/ ئیدیالّ، بەلاّم بە پێوانەی پاتریارکی- بێدەنگێکی دلّسۆز بۆ مێرد و دەولّەت. بایۆگرافیای ئافرەتانی ئەو سەردەمانە، ئەوانە بە ئافرەتی ئیدیالّ دەزانن کە بۆ کەسانی تر ژیابن. ئافرەتی وەک "پۆرشیا Portia" کە لە سەرەمەرگی مێردەکەیدا بڕوتوس Brutus، پشکۆی قووت دا، ئافرەتی وەک ئۆکتاڤیا کە ڕێگەی دا ئۆکتێڤیۆسی برای بۆ بەرژەوەندیی خۆی لە ئەنتۆنیی مارە بکات کە دواییش ئەو بۆ خاتری کلیۆپاترا بەجێی هێشت. نووسەرانی ڕۆم ڕێزیان ناوە لە ئافرەتی "یونیڤیرا univira" بە واتەی ئەو ئافرەتەی کە تەنیا دلّسۆزی یەک پیاو بووە و لە سەرەمەرگی مێردەکەیدا خۆی کوشتووە. ئافرەتێکیش ویستبێتی کەسایەتیی خۆی بپارێزێت، پێیان گوتووە دەم پیس و دوژمنی دەولّەت.[٢٢]

گومان لەوەدا نییە کە لە ڕۆمدا ناوبەناو ئافرەتی خاوەن دەسەلاّت و بە توانا هەبوون وەک "لیڤیا"ی ژنی ئۆکتێڤیۆس، وەلێ دەسەلاّتەکەیان هەر لە ڕێگەی پیاوێکەوە بووە، لەگەلّ ئەوەشدا کە لیڤیا لە پشت پەردەوە لەگەلّ مێردەکەی هاوبەشی حوکمڕانیی ڕۆم بوو، وەلێ هیچ کات ڕێگەی پێ نەدراوە بچێتە ناو دیوانی سیناتۆرەکانەوە. جگە لەوەش ئۆکتێڤیۆس هەتا نەگەیشتە سەرەمەرگ وەک ئەندامێکی خێزانەکەی قبوولّی نەکردبوو. دواتر تایبیریۆسی کوڕی نازناوی "ماتەر پاتریا"ی لە دیوانی پیران/ سێنات بۆ وەرگرت و کورەزاکەشی ناوی نا "بانوخودا".

ڕاستییەکی مێژوویی بەرچاو و ئاشکرا هەیە دەربارەی ئافرەتی ڕۆم کە جێگەی پرسیارە، ئەویش ئەوەیە کە لە کاتێکدا لە کۆمەلّگەکانی چین، ژاپۆن، ئەتین، بەپێی یاسا و ڕەوشتی پیاوانەوە، ئافرەت تەواو ژێر دەستە بووە، وەلێ لە سەتاکانی دواتریشدا ئافرەتی ڕۆم یاریدەی بەڕێوەبردنی دەولّەتی داوە و جاریش هەبووە بەڕێیانەوە بردووە. لەبەرئەوەی هیچ یاسایەک نەبووە سنوورێک بۆ حوکمڕانەکان دابنێت، زۆریان بەرەلاّ و حولحولی بوون، هەشیان بوو، شێت بوو. بۆ نموونە، نیرۆ، شەوان لاشەی هەلّواسراوی مەسیحییەکانی لە باخچەکەیدا سووتاندووە بۆ ئەوەی ڕووناکی بکاتەوە، ئافرەتی مەسیحیی ناچار کردووە دیمەنی سەرنجڕاکێشی بێ ئابڕووی سادیی پیشان بدەن. کەچی لەگەلّ ئەوەشدا مێژوونووسانی ڕۆم لە سەردەمی "تاسیتوس وسویتۆنیوس"ەوە ئۆبالّی دڕندەیی و دلّڕەقیی حوکمڕان و داڕووخانی ئیمپراتۆرییەکە دەخەنە ملی ئافرەتانی وەک لیڤیا کە گوایە بۆ خاتری ئەوەی کوڕەکەی ببێتە ئیمپراتۆر، هەموو خزمەکانی تری لەناو بردووە، هەریەک لە ئافرەتە ناودارەکانی وەک ئاگریپینا، کالیگولا و مێسالینای ژنی سێیەمی کلاودیۆس بەشێوەیەک تاوانبار دەکەن.

ئیمپراتۆرەکانی ڕۆم، یەک لە دوای یەک ویستوویانە لە ڕێگەی زیادکردنی دەسەلاّتی پیاوەوە

بەسەر ئافرەتدا ئیمپراتۆرییەکە بەهێز بکەن. یاسا دەسەڵاتی باوکی بەسەر کچەکەیدا گواستووەتەوە بۆ مێردەکەی و هانی نەوە خستنەوەی داوە، کەچی ڕێگر نەبووە لەوەی باوک منداڵە ساواکەی لەسەرە ڕێگە بەجێ بهێڵێت. ڕێگەی بە پیاو داوە دۆستی لە چینێکی خوارتر لەوەی خۆی هەبێت، بەڵام ئافرەت تاوانبار کراوە بەوەی کە سووکایەتیی بە ملی چینەکەیدا دێنێت ئەگەر پێوەندیی لەگەڵ پیاوێکی خوار چینی خۆی بەستبێت، سزاشی ئەگەر نەکرابێتە کۆیلە زەوتکردنی ئازادییەکەی بووە. وەلێ مێژوونووسان ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە بۆ ماوەی سەتەیەک "سەتەی دووەمی سەردەم" کە پێنج ئیمپراتۆر حوکمیان کردووە و ئافرەت باڵادەست بووە لە حوکمڕانیدا ئیمپراتۆریای ڕۆمیان لە ئاشتیدا هێشتووەتەوە، ئافرەتی وەک پلۆتینای هاوسەری تڕێیان، هەروەها مارسینای خوشکی و ماتیدیای پووری کە یاریدەیان داوە لە بەڕێوەبەرایەتیی دەوڵەتدا.

پلۆتینا، فەیلەسوفێکی ئیپیکووری بوو، دوای مردنی تڕێیان فەرمانێکی شاهانەی بەناوی خۆیەوە دەرکردووە و بەپێی ئەو فەرمانە "هێدریەن"ی هەڵگرتووەتە و- تەبەننیی کردووە. هێدریەنیش سابینای کچی ماتیدیاسی مارە کردووە و بۆ هەموو شوێنێک وەک ڕاوێژکارێک نەک وەک هاوسەرێک، لەگەڵ خۆیدا بردوویەتی "لەبەرئەوەی زۆرینەی ئیمپراتۆرەکانی ڕۆم هۆمۆسێکسوال بوون". جێگەی سەرسووڕمانە کە لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵانەی پیاوی ڕۆم داویەتی بۆ ملکەچکردنی ئافرەت، کەچی ئافرەتی ڕۆم توانیویەتی لە پێگەیەکی باشدا خۆی ڕاگرێت و ملکەچی هەموو شتێکی پیاو نەبێت.

لە سەتەی سێیەمی سەردەمدا، لە ململانێ ناوەخۆکاندا، میلیتار، سێپتیمیوس سەرکەوتنی بەدەست هێنا. سێپتیمیوس، پشت ئەستوور بوو بە چەند ئافرەتێکی خزمی بەهێزی وەک جولیای هاوسەری، مایسای خۆشکی و سۆیمیاسی خوشکەزای کە لەو سەردەمەدا بەتەواوی باڵادەست بوون. جولیا کە فیلۆسۆفیش بووە هەموو ئەوانەی لەناو بردووە کە ململانێی دەسەڵاتیان لەگەڵدا کردووە، کوڕێکی خۆیشی کوشتووە کە هەوڵی دەست بەسەرداگرتنی دەسەڵاتی داوە و کوڕێکی تری لە کاڕاکالا فەرمانڕەوایی کردووە. کاتێکیش کاڕاکالا مردووە. مایسا لە جیاتی "ئیلاگابولوس"ی کچەزای سەرکردایەتیی سوپای گرتووەتە دەست. لە کاتی شەڕەکانیشدا کاتێک سوپای ڕۆم ڕووی لە هەڵاتن بووە، مایسا و سۆیمیاس بە کاریۆتەکانیانەوە/ عەرەبانەی شەڕکردن، لە بەردەمیاندا وەستاون و پێشیان کەوتوون بۆ سەرکەوتن. ئەوە بوو سۆیمیاس بۆ یەکەم جار بوو بە ئەندامی دیوانی پیرانی ڕۆم بە توانای دەرکردنی بڕیاریشەوە. بەڵام دەسەڵاتی ئەم ئافرەتانە دەسەڵاتی کەسی بووە، دەسەڵاتێک نەبووە وەک ئەوەی پیاوان بگوازرێتەوە بۆ نەوەکانیان. ئەو ئافرەتانەی لە سەرەوە باسمان کردن دەبێ زۆر لێهاتوو و بلیمەت بووبن بۆ ئەوەی دەسەڵات بگرنە دەست، وەلێ دەستکەوتەکانیان نەبووە هۆی بەشداریی ئافرەت لە دەزگەی حکمڕانیی ڕۆمدا. ئافرەتە دەسەڵاتدارەکانی ڕۆم بایەخیان بە مافی ئافرەت نەداوە وەک توێژێکی کۆمەڵگە، ئافرەتی ئاسایی ڕۆم ڕێگەی نەدراوە دەنگ بدات، بیرۆیەک بەڕێوە بەرێت، دادوەر بێت،

بگرە مافی سەرپەرشتکاریی منداڵەکانی خۆیشی نەبووە هەتا سەتەی شەشەمی سەردەم کە بە سەردەمی جوستینی ناسراوە لە مێژووی ڕۆمدا. بەڵام ئافرەتی ئاسایی و کۆیلە و چینی هەژار، لە کاتی شەڕ و خۆشیشدا هەموو جۆرە ئیشێکیان ڕەچاو کردووە بۆ ئەوەی بژێوی خۆیان و منداڵەکانیان دابین بکەن.

## مەسیحاییێتی

یەکێک لەو ناوچانەی ئیمپڕاتۆریای ڕۆم داگیری کرد ناوچەی جودێیا بوو کە "ئۆرشەلیم"یش بەشێک بوو لێی. ناوچەیەکی پڕ کێشەی سیاسی و ئاینی لە نێوان دوو بەرەی جوولەکەدا. بەرەی سادووسی کە دەستەی ئاینی بوون، سەقامگیری و تەبایییان بە هەند وەردەگرت و هاوکاری ڕۆمەکان بوون، لە سەروو هەموو شتێکیشەوە دەیانویست لە دەسەڵاتدا بمێننەوە. بەرەی دووەمیش"فاریسی Pharisees"یەکان بوون کە دژی داگیرکاریی بیانی بوون، بەرەنگاری ڕۆم بوونەوە و لەو بڕوایەدا بوون کە ڕزگارکەرێک/ مەسایا messiah، دێت و ڕزگاریان دەکات. هەردووک لایەنیش بڕوایان وا بوو کە نەریتی ئاینی ڕێگەی ڕزگاربوونە. وەلێ فیلۆسۆفیایەکی جیاوازیان هەبوو.

دوای مردنی ئیمپڕاتۆری ڕۆم، ئۆکتاڤیوس، تابیریوس جێگەی گرتەوە، هەر لەو سەردەمەشدا نامەبەرێکی جوولەکەی ناوچەی "گالیلێ" بەناوی عیسا/ ئیسوس– Jesus ناوبانگی دەرکرد و خەڵکێکی زۆری شوێن کەوت. عیسا نەیدەویست دەسەڵات بورووژێنێت، ئەو دەیگوت دەوڵەت و ئاین دوو شتی جیاوازن و نابێت تێکەڵ بکرێن، بەڵام بەڵێنی ڕزگاریی هەموو کەسی دەدا بێ جیاوازیی پلەوپێیە و سامان. لەو سەردەمەدا تەنیا پیاوە دەوڵەمەندەکان هاتوچۆی کڵێسایان دەکرد و پەلەوەر و ئاژەڵی بچووکیان دەکڕی و دەیانکردە نەزر. مالوومەکانیش دەیانگوت ئەو نەریتە دەبێ بمێنێتەوە، نەریتەکەش تەنیا ڕزگارکردنی دەوڵەمەندەکانی دەگرتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە عیسا لەگەڵ مانەوەی نەریتی فارسییەکاندا نەبوو وەلێ وەک ئەوان بڕوای بە زیندووبوونەوە، فریشتە و ڕەوان هەبوو. ئیلیتی ئاینکار "سادووسی Sadducees"یەکان دژی ئەو بۆچوونانە دەوەستانەوە و مەسیحیان بە هەڕەشەیەکی گەورە دەزانی لەسەر خۆیان، وەک دەشزانین زوو بەکوشتیان دا.

به بڕوای خودی مەسیح ئافرەت و هەژار و کۆیلەش گرینگن و شایانی ڕزگاربوونن، ئەمەش بڕوایەک بووە کە کڵێسا و دەوڵەت هەمیشە بەرەنگاری دەبوونەوە. زۆر جار پڕوپاگەندەی ئەوە بۆ مەسیح کراوە کە خۆی نزم کردووەتەوە ئاستی ئافرەتێکی بێ ڕەوشت، وەلێ ئەو هەمیشە مامەڵەی هەردووک جنسەکەی وەک یەک کردووە، وەک کەسانێک کە شایانی ڕزگاربوونن. لە ڕاستیشدا یەکەمین جار باسی سرووش بۆ هاتنی لەلای ئافرەتێک باس کردووە. ئافرەتێکی لە بەردباران ڕزگار کردووە کە تاوانبار کرابوو بە سۆزانێتی. پێنج ئافرەتیش (مێری، مێری مەگدەلە، جۆئانا،

هەوالنامەی کتێب

سوزانا و سالۆمی) هەموو کات لەگەڵی بوون. زۆر ئافرەتی دەوڵەمەندیش یاریدەی دارایی موریدە نێزیکەکانیان داوە. کاتێکیش لە خاچیان دا، ئەو پیاوانەی دوای کەوتبوون هەڵاتن، بەڵام ئافرەتە بڕوادارەکانی مانەوە و لەبەر خاچەکەیدا نوێژیان بۆ دەکرد. ئافرەتان دەورێکی گەورەیان هەبوو لە بڵاوکردنەوەی نامەکەی مەسیحدا، لە کۆی ٣٦ کەسدا کە کڵێسایان لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا پێک هێنا و پێوەندییان بە "پاوڵ"ەوە هەبووە شازدەیان ئافرەت بوون. پاوڵ نووسیویەتی (نە جوولەکە هەیە نە یۆنانی، نە ئازاد هەیە نە کۆیلە، نە نێر هەیە نە مێ، لەبەرئەوەی ئێوە هەمووتان لە بەرچاوی مەسیحدا یەکن). وەلێ ئەوانەی دوای نامەکەی کەوتبوون و گوتە و ژیانی مەسیحیان نووسییەوە "٧٥-١٠٠"ی سەردەم، وەک ئەو ئافرەتیان قبووڵ نەبووە.

لە سەردەمە زۆر زووەکانیدا کۆمەڵگە مەسیحایەتییەکان ئازاد و سەربەخۆ بوون، ئاینەکە هێشتان دەزگەی دامەزراو و بیرۆکەی هێراڕکی "بەرپرسیارێتی لە سەرەوە بۆ خوارەوە"ی نەبوو، لە کاتێکدا کەسایەتیی ئاینی "ئایرینیوس ١٣٠-٢٠٢" دەیگوت ئەرکی سەرشانی مەسیحییان لە خواترسان و گوێڕایەڵیی قەشەکانە، گرووپ و کۆمەڵی تر مشتومڕیان بوو لەسەر فیلۆسۆفیای ئاینەکە. ڕوانگەی جیاواز هەبوون وەلێ هیچیان باڵادەست نەبوون. قەشە پریسکا لە کۆڕینس لەو بڕوایەدا بووە کە مەسیح جاری دووەم وەک ئافرەتێک دەگەڕێتەوە. کلیمێنت لە ئەسکەندەرییە "١٥٠-٢١٥" کە تیۆلۆجیست/ سیۆلۆجیستێکی بەناوبانگ بووە گوتوویەتی (توانا و قەوارەی بڕوابوون/ سپیریتوالێتیی ئافرەتان، هیچ جیاوازیی لەگەڵ ئەوەی پیاواندا نییە). جێگرەوەکەشی "ئۆڕیجێن" خۆی خەساندووە بۆ ئەوەی ئافرەتانیش بچنە فێرگەکەی. لە سەتەی دووەم و سێیەمی سەردەمیشدا، ئافرەتی قەشە و نامەبەریش هەبوون. دواتر ئەو کڵێسایانە ناونران گنۆستیک Gnosticو وەک بێ بڕوا و مولحید ناوزەد کران.. مێرلن فرێنچ، بەرگی یەکەم، ل٢٠٨.

وەک دەرکەوتووە لەو سەردەمەدا زۆر ئافرەت هەبوون بە پاکیزەیی خۆیان ڕاگرتووە و نەیان ویستووە شوو بکەن، هەتا ئێستاش وەلێ بەشێوەیەکی کەمتر ئەو دیاردەیە ماوە. هەڵبەت ئەمە جێگەی تێڕامانە و ڕەنگە بەلای خوێنەرەوەیەکی سەتەی بیست و یەکەوە مەتەڵێک بێت، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لەو سەردەمەدا، شووکردن، ئافرەتی بە تەواوەتی خستووەتە ژێر دەسەڵاتی مێردەکەیەوە، دەسەڵاتێکی ڕەهای وەها کە وەک ئامرازێکی جنسی یان چۆن ویستبێتی ئاوا ژێر دەستەکەی خۆی بینیوە. لەو سەردەمەی دنیای مەسیحایەتیدا- ئافرەتان لە تەمەنێکی بچووکدا بەشوو دراون و منداڵیان بووە، بوونەتە ژێردەستەی پیاوی سەرکێش و بێ بەزەیی. لەولاشەوە پاکیزەیی، وای کردووە ئافرەت جاڕی پیرۆزی و نێزیکیی لە خوداوە بدات، ئەوەش سەرکێشییەک بووە لەو سنوورەی پیاو وەک "خوشک، دایک، ژن" بۆی کێشاوە. لەبەرئەوەش ئەو پاکیزانە خاوەنی ژیان و بڕوا و تەنی خۆیان بوون. ئا لێرەوە دەتوانین بڵێین لەو سەردەمەوە کە سیستمی "نادیتو" لە ئیمپڕاتۆریای بابلیدا لە ناوەندی مەلێنیۆمی دووەمی پێش سەردەمدا هاتە ئاراوە، بۆ یەکەم جار لە سەتەی سێیەمی سەردەمدا بەواتەی دوای دوو هەزار ساڵان، ئافرەتان پشکی شوونەکردنیان

هەبووە. توانیویانە کۆمەڵەی تایبەتی- پاکیزە، بێوەژن، ئازاد و کۆیلە پێک بهێنن. (سیستمی نادیتو لە سەردەمی بابلییەکاندا بەکار هاتووە و لە باسی ئیمپراتۆریای بابلیدا ڕوونمان کردووەتەوە. وشەی نادیتو مانای بوورە/ نەکێڵدراو دەبەخشێت.. نووسەر).

پێڕەوکردنی مەسیحایەتی لەلایەن ئافرەتانەوە لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئاینەکەدا، قارەمانییەتی بووە، لەبەرئەوەی شوونەکردن سەرکێشی بووە لە فەرمانی باوک و دەوڵەت و سزایەکی قورسی لەسەر بووە. زۆر باسی قارەمانییەتی ئافرەتان لە سەرگورشتەکانی "ئەپۆکریفاڵ –Apocryphal Gospels"دا هاتوون. سەرگورشتەکان باسی هاوکاریی ئافرەتان دەکەن لەگەڵ یەکدی بۆ بەرەنگاربوونەوەی مێرد، خێزان، سەربازەکانی دەوڵەت، بەندکردن و بەرەوپیرچوونی مردن لەگەڵ کۆیلەکانی خۆیاندا. (ئەپۆکریفاڵ بەشێکە لە سەرگورشتەکانی ئینجیل، بەشێک لە مەسیحییەکانیش بە ڕاستی نازانن و بڕوایان پێی نییە... نووسەر).

مەسیحایەتی لەناو جوولەکە و لە ناوچەیەکی ژێردەستەی ئیمپراتۆریای ڕۆمدا بڵاو بووەوە. ئاینی ڕۆمیش برێتی بوو لە دەوڵەت: نەرێتی ملکەچی بۆ خوداکانی ڕۆم، ئاماژەیەک بوو بۆ دڵسۆزی بۆ دەوڵەت، ئەوجا لەبەرئەوەی مەسیحییەکان خوداکانی ڕۆمیان بە خودای ڕاستەقینە نەزانیوە و سەریان بۆ دانەواندووە، ڕۆمەکان هەوڵیان داوە بە سزا و ئەشکەنجەدانی مەسیحییەکان ئاینەکە خامۆش بکەن. لەو هەوڵەشدا دەیان هەزار مەسیحییان کوشتووە کە زۆرینەیان ئافرەت بوون، بەزۆرییش لە گۆڕەپانی تایبەتی یەکدی کوشتندا "ئەرێنا"دا بەرەڵایان کردوون و سەیریان کردوون چۆن ئاژەڵی دڕندە دەیانکوژن.

ئافرەتی سەر بە کۆمەڵگە ئاینییەکان بە ئازادی ژیاون و دوور بوون لەو کۆدانەی پیاوان بەسەر ئافرەتانی دیکەیاندا سەپاندووە. ئەو ئازادییەش دڵخۆشکەر نەبووە بۆ ئەو سیستمە هێراڕکییەی کڵێسەی کە تازە لە سەرهەڵدانیدا بوو. ئەوەی بەزۆری لێی ترساون بزواندنی ئارەزووی جنسی بووە، پیاوە ئاینییەکان لە ئافرەت ترساون.. پاشەکشێشیان بۆ دنیایەکی بێ پیاو تۆقێنتر بووە. بەڵام دوای ئەوەی کڵێسە وەک دەزگەیەک خۆی دامەزراندوە، بەشێوەیەکی گشتی ئافرەت و ئیشوکاری و هەموو ئەو قوربانییانەی داویەتی پشتگوێ خستووە. کڵێسە تیۆلۆجیا/ سیۆلۆجیایەکی ئۆرتۆدۆکسی هێراڕکی نێرینەیی گرتووەتە بەر. لە داڕشتنی تیۆلۆجیاکەیدا، کڵێسە شارەزایی و لێهاتوویی ئافرەتان و هەر بیرکردنەوە و ئاواتێک کە لە ناخی ئافرەتەوە هەڵقوڵابێت وەلای ناوە. نووسەرە ئۆرتۆدۆکسەکان ڕەخنەیان لەو گرووپ و کۆمەڵانە گرتووە کە تێیاندا ئافرەت ڕۆڵی ئاینییان بینیوە. سیستمی هێراڕکی- لە سەرەوە بۆ خوارەوەی، بیتشۆپ و قەشە و بەردەستکاری قەشە، لە سەروو خەڵکە سادەکەوە کە پێیان دەگوتن بۆرەپیاو دامەزرا و بە بیانووی دەستەیەک بەهای پیرۆزەوە دەسەڵاتێکی ڕەهایان وەرگرت و ئافرەتیان لە هەموو ماف و پلە و کارێک جگە لە بەردەستایەتیی قەشە بێبەری کرد، وردەوردە ئەوەش "بەردەستایەتیی قەشە"شیان پێ ڕەوا نەبینین. دواتر ئافرەت لە نێو چوار دیواریماڵدا قەتیس کرا.

کۆنستانتین کە بوو بە ئیمپڕاتۆری ڕۆم ساڵی ٣٠٦ کۆتای بە کوشتوبڕی مەسیحییەکان هێنا، ئەویش لەبەر دوو هۆکار، یەکەمیان ئەوە بوو کە ژمارەی مەسیحییەکان زۆر زۆر بووبوو، دووەمیشیان ئەوە بوو کە "هێلێنا"ی دایکیشی بووبووە مەسیحی. کۆنستانتینی دووەمیش هەرچەندە لە سەرەمەرگدا بوو بە مەسیحی وەلێ پێش مردنی هێندێک هەنگاوی ئۆرتۆدۆکسییانەی نا، وەک یاساخکردنی یارییە خوێناوییەکان و قوربانیی ئاژەڵ، بنیاتنانی کڵێسا، گیروگرفت خستنە بەر جیابوونەوەی ژن و مێرد، یاساخکردنی کاری سۆزانی و دۆستایەتی بۆ سێکس/ ڕاگرتنی قەپاتمە. سزا لەسەر بوونی منداڵی ناشەرعی. هەرچەندە یاساکانی کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەبوو، بەڵام کڵێشەیەکی مەسیحییانەی بە ئیمپڕاتۆرییەکە دا و دوای چەند سەتەیەک بیروبۆچوونی مەسیحایەتی دزەی کردە ناو یاساکانی ڕۆم و ئازادیی پیاوی لە بەجێهێشتنی ژندا سنووردار کرد، مافی سۆشیالی و ئابووریی "جگە لە مافی سیاسیی" هاووڵاتیی بە ئافرەتان بەخشی.

هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئاینەکەوە، لە بڵاوبوونەوە و جێگیربوونیدا، ئافرەتان ڕۆڵێکی گرینگیان بینیوە. هێلێنای دایکی کۆنستانتین، زۆر کڵێاسی بنیات نا، شاری "کۆنستانتینۆپۆل/ ئیستانبووڵی ئێستا"ی دروست کرد کە دوایی بوو بە پێیەتەختی ڕۆهەڵاتی ئیمپڕاتۆریای ڕۆم. لە بێت لەحم ژمارەیەک کڵێسەی بنیات نا و یەکەمین نزرگەی بۆ "مریەم"ی دایکی مەسیح لە نەزارێت دروست کرد. ژمارەیەکی زۆریش لە ئافرەتان لە تەکیدا چوونە سەردانی خاکی پیرۆز- خاکی لەدایکبوونی مەسیح و بەشدارییان لە لێکدانەوەی بیرۆکەی مەسیحایەتی کرد، خەڵکیان فێری خێرخوازیی ئاینەکە کرد. زۆر ئافرەتی دەوڵەمەند سامانەکانیان پێشکێشی کڵێسە کرد و خێزانەکانیشیان هێنایە سەر ئاینەکە. ئافرەتانی مەسیحی ڕێکخراوی تایبەتییان پێک هێنا بۆ بڵاوکردنەوە و پێشخستنی ئاینەکە. "ماکرینا" ناوێک کۆمەڵەیەکی لە دایک و برا و خزمەتکارەکانی خۆی و خەڵکی تر پێک هێنا، براکەی کە ناوی باسیل بوو، ڕێبازی "تاکانە پەرستی گریکی/ یۆنانی" پیادە کرد، ئێستاش وەک "سانت باسیل" ناسراوە، بەواتەی ئەوەی پیرۆزییەکی ئاسمانیی پێ دراوە. وەلێ پرسیار ئەوەیە، ئایا مەسیحایەتی چۆن پاداشتی ئافرەتانی داوەتەوە؟

## سەردەمی تاکپەرستی

دوای سەتەی یەکەمی سەردەم، هێرشی جێرمانەکان تینی بۆ ئیمپڕاتۆریای ڕۆم هێنا، چینی ناوەند دووچاری باجێکی زۆر بووبوون، لەبەر ئەوە ژمارەیەکی زۆری چینی ناوەند ڕووی کردە کڵێسە و بوون بە قەشە و مەنک/ فەقێ، بۆ ئەوەی باج نەدەن و باش بژین. لادانی ئەو باجە لەسەر ژمارەیەکی زۆری چینی ناوەند پەستێوێکی زێدەتری خستە سەر کشتوکاڵکار/ جووتیارەکان، ئەوانیش لە ناچاریدا بوون بە ئاینکار، سەرباز، دز، کرێکاری ڕۆژانە. کێڵگەکان بوونە چۆڵەوانی. ئیتر ئیمپڕاتۆریایەکە بەرەو ڕمان دەچوو، بۆیە کۆنستانتین ناچار بوو پێیەتەختەکەی لە ساڵی

٣٣٠دا بگوازێتەوە بۆ "کۆنستانتینۆپۆل/ ئیستانبوول". دواتر جێرمانەکان لە ساڵی ٤٧٦دا شاری ڕۆمایان تاڵان کرد، ئەوە ڕۆژەش وەک ڕۆژی کەوتنی ڕۆم ناسراوە. لە ساڵی ٥٢٧دا، جوستینیان، بوو بە ئیمپڕاتۆری ڕۆم و یاسای ڕۆمی داڕشتەوە، بۆ ئەوەی تیۆدۆرا کە ئافرەتێکی سۆزانی بوو مارە بکات یاسای گۆڕی و تیۆدۆرای لە بەڕێوەبردنی ئیمپڕاتۆریاکەدا کردە هاودەسەڵاتی خۆی. بەشدار لە هەموو فەرمانگە فەرمییەکاندا. پێکەوە هەمواری یاساکانی "ڕۆم"یان کردەوە بەشێوەیەک لەگەڵ بنەوا سەرکییەکانی مەسیحایەتیدا بگونجێت. پێکەوە زۆر مافیان بە ئافرەت ڕەوا بینی، وەک مافی مامەڵەکردن بە سامان و موڵکایەتیی خۆیانەوە کە تەمەنیان گەیشتە بیست و پێنج ساڵ و بەجێی بهێڵن بۆ هەر کەسێک بیانەوێت، هەروەها مافی کەسێکی پێگەیشتوو/ بالغ یان هەبێت ئەگەر بە تەنیاش بژین. هاوسەرگیری بوو بە گرێبەست لە نێوان دوو کەسی هۆشیاردا. تیۆدۆرا ویستوویەتی یاریدەی ئافرەتان بدات بەشداری لە چارەنووسی خۆیاندا بکەن، وەلێ شتەکان وا نەڕۆیشتن وەک ئەو دەیویست.

لە ساڵی ٣٨١وە "تیۆدۆسیۆس"ی یەکەم ئەنجوومەنی "کۆنستانتین"ی پێک هێنابوو، ئەو ئەنجوومەنەش جاڕی بیریاری "ترینیتی/ سێلایەنی"ی دابوو کە بریتییە لە "باوک و کوڕ و ڕەوانی پیرۆز"، لە ڕوانگەی ئەو بیریارییەوە باوک و کوڕ و ڕەوانی پیرۆز لە یەک مادەن، هاوسرووشتن، یەک شتن کە ئەویش خودایە. لە ڕاستیدا ئەم بیریارییە، لە ڕەتکردنەوەی مێیە خودا و دوورخستنەوەی ئافرەت لە پیرۆزی، لە میتیۆلۆجیای یۆنانیشی تێپەڕاندووە، میتیۆلۆجیای یۆنانی خودایەکی نێرینەی خستە سەروو هەموو خوداکانەوە، وەلێ هێشان جێگەیەکیشی بۆ مێ خوداش هێشتبووەوە. باوک- خودای مەسیحایێتی وشەی "کوڕەکەی" بەدەمدا دێت و لە ڕێگەی زمانەوە بەبێ بەشداریی مێینە دروستی دەکات. ڕەوانی پیرۆز لە خۆشەویستییەکی دوولایەنەی باوک و کوڕ لە دایک بووە. ئەم دروستکردنە جووتبوونی تێدا نییە، چونکە جەستە بەشداریی تێدا نەکردووە. لە ڕاستیدا بیریاریی ترینیتی شتێکی زۆر لێڵە لە مەسیحایەتیدا، بەڵام دوو مەبەستی سەرەکیی پێکاوە، یەکەمیان: ئەوەیە کە دنیای فیزیکی تێپەڕاندووە، ئەوجا کە بوونی فیزیکی کاڵ دەبێتەوە یان ڕەت دەکرێتەوە ئەوەی دەمێنێتەوە تەنیا پاکی و دڵسۆزییە. دووەمیان: ترینیتی: دروستکەرە بەبێ ئافرەت، بەبێ جەستە، بەبێ خوێن بەربوون، بەبێ سرووشت و لە سەروو سرووشتیشەوەیە. ئەوجا جێگەی سەرماسین نییە کە لەدوای سەرهەڵدانی ئەو بیریارییەوە نەوەیەکی زۆری نووسەرانی ئاینەکە خۆزگەیان بوو کە ئافرەت هەر نەبووایە، کڵێسە شێوەی پادشانشینی ئاسمانی پێچەوانەی ئەوەی زەوین کێشابوو- شایی بۆ ژیانی دوای مردن، مردن وەک ژیانە، وەلادانی جنس و جەستە و هەروەها دەسەڵات و ئارداری/ عەدالەت یەکن - بەواتەی ئەوەی پیرۆزیشی دا بە دەسەڵات.

لێرەوە وردە وردە لەلای خەڵکی بووە نەرێت کە خواوەند بە هێزێکی نێرینەوە ببەستنەوە بێ ئەوەی هەست بەو "سیمبۆلیزم/ هێماگەریی"یە بکەن کە هێناویەتی و وایان لێک داوەتەوە کە

مەسیحایەتی وەک ئاینێک، ئازادی و هاوتایی پێشکێش دەکات. بەتایبەتیش ئافرەتان کە تینووی ئازادی و هاوتایی بوون. لەبەر ئەوەش بوو ئافرەتان چاکیان لەپێناو بڵاوکردنەوەی مەسیحایەتیدا کرد بەلادا. کلۆتیدا/ کلوسیدای شاژنی فڕانسا وازی لە مێردەکەی نەهێنا هەتا کردیە مەسیحی. وێنەی ئەو جۆرە ئافرەتانە زۆرن، شاژن بیرتا/ بێرسا، شاژنی ناوچەی کێنت بە نموونە، هەمیشە لە گەڵ پاپا گریگۆری لە پێوەندیدا بووە و لەسەر ئاینەکە پرسیاری لێ کردووە، هەتا گەیشتووەتە ئەوەی لەسەر بەربوونی خوێنی مانگانەی ئافرەتانیش پرسیاری لێ کردووە. وەلێ ئایا پاپا، وەڵامێکی ڕاستی هەبووە؟

لە کۆتایی سەتەی چوارەمدا، ئیمپڕاتۆر سیۆدۆسیوس مەسیحایەتیی کردە ئاینی فەرمیی ئیمپڕاتۆریای ڕۆم، هەتا ئەو کاتە مەسیحییەکان دوور خرابوون لە کاری سیڤیل، سەربازی و فێرکردن. لەساڵی ٥٢٩دا جگە لە کڵێسەی مەسیحییان بڕیاری ڕووخاندنی هەموو جۆرە کڵێسەیەک درا. هەرچەندە یاسای ڕۆم جووەکانی دەپاراست، کەچی هەر لەو سەتەیەدا ڕۆم بڕیاری یاساخکردنی دروستکردنی سیناگۆگ و مارەبڕیی نێوان جوولەکە و ناجوولەکەی دا و دواتریش کاری سیڤیل، سەربازی، کاری یاسایی و.. هتد-یان لێ یاساخ کردن. بەڵێ دنیا گۆڕا، ئەوانەی پێشتر نێچیر بوون، بوون بە ڕاوکەر.

بە گەیشتنی سەتەی شەشەم، ژیان لە ڕۆئاوای ئیمپڕاتۆریای ڕۆمدا زۆر دژوار بوو بە تایبەتیش بۆ ئافرەتان، ناوچەکە بووبووە پادشاگەریی خێڵە جێرمانیکەکان، پیاوان فرەژنییان ڕەچاو دەکرد و زۆر جارانیش لەگەڵ خزمی نەشیاودا. لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕفاندنی ئافرەت نایاسایی بوو، پیاوان ڕەچاوی زۆرەملێ لێکردن، کوشتن، یان کوشتنی مێرد و داگیرکردنی ئافرەتان لە بەرەی شەڕدا و بەزۆر مارەکردنیان کردووە. ئاژاوەکان و ئەم کردارە ناڕەوایانەی پیاوان پاڵنەر بوون کەسانێکی زۆر ڕوو بکەنە چۆڵەوانی بۆ ئەوەی لەسەر ڕێبازی ئاینەکە بڕۆنە ڕێوە، لەو بوارەشدا ئافرەتان زیاتر لە پیاوان هاندەر بوون. لە ئەنجامدا لە سەرتاپای ڕۆئاوای کۆنە ئیمپڕاتۆریای ڕۆمدا، لە ئیتالیاوە هەتا باشووری ڕۆهەڵاتی ئینگلستان، کۆمەڵگەی ئاینیی مەسیحیی گەورە و مۆنستێری خاوەن دەسەڵات پەیدا بوون کە لەلایەن سەرەک پەرستگەیەکی ئافرەتەوە "ئابێس "abbessدەبرانە ڕێوە. زۆر لەو مۆنستێرانە بوونە خاوەنی زەویوزارێکی زۆر کە هەزاران کەس کاریان تێدا دەکرد و بەو هۆیەشەوە زۆر لە ئابێسەکان بوونە کەسایەتی و خاوەن دەسەڵاتی سیاسی،[٢٣] لەلایەکی دیکەشەوە مۆنستێرەکان، بوونە ناوەندی خوێندن و هۆی پێگەیاندنی سکۆلار و هۆزانڤان و مێژوونووسی سەردەمی ڕۆم. ئەو دەسەڵاتەی کە لەو سەردەمەدا هێندێک ئافرەت بە توانای خۆیان بەدەسیان هێنابوو، لە دنیای مەسیحایەتیدا لە ناخی پیاواندا ڕقبوونەوەی لە ئافرەت خەست کردەوە. بەڵام لە ڕاستیدا ئەو ڕقبوونەوە درندەیە لە ئافرەت ڕیشاڵەکەی دەگەڕێتەوە بۆ جودێیا و یۆنان. لە جوودیزمدا ئافرەت پیاو فریو دەدات بۆ بێ تاعەتی، هەر ئەوەش لە مەسیحایەتیدا بە تاوانی گەورە ناوبراوە، لە نەریتی یۆنانیشدا ئافرەت بوونەوەرێکی نزمە و نێرینەیەکی شێواوە. ئەو

ڕقبوونەوەیەی بەناوی "پاوڵ"وە لە تێستامێنتی نوێ "ئینجیل"دا لە ئافرەتان هاتووە. بە ئافرەت دەڵێ: بەبێدەنگی فێری ملکەچی بن ڕێگە پێشاندەر و دەسەڵاتدار نەبن بەسەر پیاوەوە. هەروەها "پیتەر"یش دەیەوێت ئافرەت ملکەچ و سادە بن و خۆیان نەڕازێننەوە. (پیتەر و پاوڵ، دوو هاوەڵی مەسیح و دواتر نامەبەری مەسیحایەتی بوون... نووسەر). بەپێی بۆچوونەکانی "تیمۆسی و تیتوس" کە لە تێستامێنتی نوێدا هاتوون، تەنیا پیاو بۆی هەیە ببێتە سەرەک قەشە/ بیشۆپ. هێندێکی دیکەش پیاو لە پلەیەکی بەرزتر و کارادا دەبین و ئافرەتیش بە نزمتر و ناکارا/ پاسیڤ). تێرتولیان – Tertullian ١٦٠–٢٢٠) کە سیۆلۆجیستێکی گەورەی مەسیحایەتییە و دۆزرەوەی مەسیحایەتیی ڕۆئاوای ئیمپراتۆریای ڕۆمی ئەو کاتەیە، نووسیویەتی (تۆ دەرگەی هاتنەژوورەوەی شەیتانی، تۆ کلیلی کردنەوەی ئەو دارە حەرامکراوەی. تۆ یەکەم پشتگوێخەری یاسای ئاسمانی. تۆ ئەوەی کە ئەوەت ڕازی کرد کە شەیتان نەیدەوێرا هێرشی بکاتە سەر. تۆ وا بە ئاسانی هێمای خودا– پیاوت، شکاند. لەسەر سزادانی تۆ، کە شایستی، کوڕی خواش پێویست بوو بمرێت)...A History of their own p 79

هەرچەندە تێرتولیان، لە سەرەتاوە وەک زەندیق و لادەر لە ئاینەکە سەیر دەکرا، وەلێ لە دواییدا بوو بە باوکی مەسیحایەتیی دنیای لاتینی. وەک دەزانین مەسیحایەتی لە ڕۆئاواوە گەڕییەوە ڕۆهەڵات و بە دنیادا بڵاو بووەوە. تۆ سەیرکە ئەو باوەڕە چۆن هەمو تاوانێک کە پیاو کردویەتی هەتا دەگاتە دەرکردنیشی لە بەهەشت، لە ملی ئافرەت دەئاڵێنێت؟ ئەوجا هەموو قەشە و فەقێکان لەو کاتەوە چلێسیی جنسی و گەندەڵییەکانی خۆیان لە ملی ئافرەت دەئاڵێنن. ئیدی نەک دایە حەوا، هەموو ئافرت بوو بە شتێکی پیس، هەتا کار گەیشتە ئەوەی کە ئافرەت کە خوێنی مانگانەی هات لە کۆمەڵگە دوور بخرێتەوە.

لە وەڵامی گریگۆریدا، کە دەڵێ "چونکە خوێنی مانگانە کارێکی بێتاوانی سرووشتییە، پێویست نییە ئافرەت لەو کاتەدا لە کۆمەڵ دوور بخرێتەوە"، جێرۆمی دەڵێ "هیچ شتێک لە ئافرەتی بە عوزر پیستر نییە.. دەست لە هەر شتێک بدات، پیسی دەکات". بە گەیشتنی سەتەی سێیەم ئافرەت بۆی نەبووە لە میحراب نێزیک ببێتەوە. لە کۆتایی سەتەی شەشدا، مەسیحایەتیش، ئەو باوەڕەی جوودایزمی هەڵگرتەوە کە پێی وایە زان پیسی لەخۆ دەگرێت و دەبێت لە لایەن قەشەیەکەوە پاک بکرێتەوە. ئەو بڕوایە جێگیر بوو کە پیاو گەورەی ئافرەتە، ئافرەت دەبێ بە ئارام بێت، بێ دەنگ، نەرم، تووڕە نەبێت و لەماڵەوە دانیشێت.

کڵێسەی یۆنانی/ ڕۆهەڵاتی و لاتینی/ ڕۆئاوایی، لێکدی جیا بوونەوە. پاپێیەکی ڕۆم پێویستی بە یاریدەی میلیتاری هەبوو. لەبەر ئەوە لە ساڵی ٨٠٠دا، "شارلمان"ی ئەفسەری فەرەنسایی کردە ئیمپراتۆری ئیمپراتۆریای پیرۆزی ڕۆم و سەرلەنوێ کڵێسەی لە ناوچەی دەسەڵاتی خۆیدا ڕێک خستەوە، بەڵام ئافرەتی لێ وەدەر نا.

پیاوە ئاینییەکان دووپاتی گوتەکانی "پاوڵ"یان دەکردەوە کە ئافرەت نابێت ڕینوێنیی پیاو بکات یان دەستی بەسەریدا زاڵ بێت. شارلمان، نێزیکبوونەوەی جنسیی نێر و مێی لە مۆناستێرەکاندا سنووردار کرد، فەرمانی دا ڕاهیب و خوشکان بەجیا بژین. ڕێگەی لە خوشکانی ئاینی گرت ببنە فێرکاری منداڵان. ئیتر هەموو ئیش و کاری کڵێسە درایە دەست "بیشۆپ"ەکان. لە ناوەڕاستی سەتەی یازدەدا، کڵێسە هەوڵی دا چۆک بە فەرمانڕەوا عەلمانییەکان دابدات بەو نیازەی ئەوروپا بخاتە ژێر دەستی خۆی. پاپا "گریگۆری"ی حەوتەم و "ئوربان"ی دووەم، هەموو ئەو سەرۆک کڵێسە و دەسەڵاتدارانەی سەر بەوان نەبوون پاک کردەوە و ئەو ناوچەیەی ناو نرابوو "ئیمپراتۆریای پیرۆزی ڕۆم" بە تەواوی کەوتە ژێر دەستی پاپا. پاپا گریگۆری لە هەوڵەکەیدا بەڵێنی گۆڕانکاریی دابوو، بەتایبەتیش لە ژیانی هاوسەرگیریی پیاوە ئاینییەکان/ قەشەکاندا. قەشەکان ژیانی ڕەبەنییان لا پەسند نەبوو.

لە سەتەی دەیەمدا کە داوایان لێ کرا واز لە هاوسەرگیری بهێنن، قەشەکان بیانوویان ئەوە بوو کە بەبێ هاوسەر برسی و ڕووت و قووت دەبن. ڕاستییەکەشی هەر وەها بوو، لەو سەردەمەدا ژنە قەشەکان بە ڕەنجی شانی خۆیان مێردە بێ بەرهەمەکانیان بەخێو دەکرد. کەچی سەرباری ئەوەش کڵێسە ژنی قەشەکانی بەوە تاوانبار دەکرد کە پارەی کڵێسە بەفیڕۆ دەدەن. لە کۆتاییدا قەشەی کاتۆلیک هاوسەرگیریی لێ یاساخ کرا.

لە ڕاستیدا ڕێگەگرتن لە هاوسەرگیریی قەشەکان، کارێک نەبوو دژی خودی قەشەکان، بەڵکو هەنگاوێک بوو بۆ دوورخستنەوەی ئافرەت لە کاروباری کڵێسە. چونکە قەشەکان دەستیان دایە پێوەندیی لابەلایی لەگەڵ ئافرەتاندا و ئەو ئافرەتانەش وەک هاوسەرێک قەشەکانیان بەخێو کردووە و منداڵیشیان لێیان بووە، بەڵام لەلایەن یاساوە وەک هاوسەر نەناسراون. هەنگاوی دووەمی پاککردنەوەی کڵێسە لە ئافرەتان ئەوە بووە کە ڕێگەی خێرکردن بە پیاوی ئاینی و کڵێسە لە ئافرەتان یاساخ کراوە. سەیر لەوەدایە کە ئافرەتی دەسەڵاتدار هەبوون وەک "بیترس Beatrice"ی توسکانی و "ماتیلدا Matilda"ی کچی پشتگیریی پاپایان کردووە. بۆ خۆیان کاریان لەسەر کپکردنی دەنگی ئافرەت کردووە لە کڵێسەدا.

ئەو کڵێسایەی ئافرەتان کارێکی زۆریان لە بنیاتنانیدا کردووە و خۆیشیان لەسەر بەکوشت داوە، ڕێگەی لێ گرتن ببنە ئەندامێکی کارا تێیدا، هەر ئەو کڵێسایەی لە سەرەتاوە دەیگوت نێر و مێ هاوتان، دواتر گوتی، مەبەست دوای مردنە– ئەوە دنیا.

پەراوێز:

1. The Jewish Tradition, World Religion p 61 Alan F. Segal

2- A Concise introduction to World Religions p 67

٣. ئەز لەگەڵ ئەو بۆچوونەی "مێندنهەڵ"دا نیم، چونکە جوولەکەکان زۆر دوای سەردەمی موسا و

لەسەردەمی کۆیلایێتییان لە بابل و تێکەڵبوونیان لەگەڵ زەردەشتییەکاندا بیری خودای یونیڤێرساڵیان پەسند کرد– بەواتەی ئەوەی، یونیڤێرساڵیێتیی خودا لە زەردەشتییانەوە فێربوون.

٤– مێرلن فرێنچ، بەرگی یەکەم، ل١٨٤.

٥– لیڤای/ لیڤیاتی، ناوی تیرەی مووسا پێغەمبەرە، لەو چیرۆکەدا مەبەست لە سەرۆکی ئەودەمی تیرەکەیە.

٦– مێرلین فرێنچ، بەرگی یەکەم، ل١٨٨.

7. World Religions Today p 95

8- Mythology, the illustrated Anthology of world myth and story telling pp 136,137,138

٩. لە سەرچاوەکاندا ناوی ئەو خواوەندە بە هەردووک شێوەی ئۆرانوس و ئورانۆس Uranus, Ouranus هاتووە، لەبەر ئەوە دەشێت هەرکامیان بەکار بهێنین.

10. Greek Mythology p 44

١١. سەرچاوەی پێشتر، ل٤٦.

12. Encyclopedia of the ancient Greek world p 374

13- Mythology, the illustratedìpp 157,158

١٤. مێرلن فرێنچ، بەرگی یەکەم، ل,١٩٦

١٥– ئامەزۆنەکان، گوایە کۆمەڵگەیەکی ئافرەتانی شەرکەر بوون، مەمکی ڕاستی خۆیان بڕیوە بۆ ئەوەی بتوانن ژێی کەوان زۆرتر ڕاکێشن. ناوبەناو میوانداریی پیاوانیان کردووە بۆ بەرهەمهێنانی منداڵ، کچەکانیان بەخێو کردووە و کوڕەکانیشیان داوە بە خەڵکی دیکە، یان کوشتوویانن.

١٦– مێرلن فرێنچ، بەرگی یەکەم، ل ٢٠١، ,٢٠٢

١٧– مێرد بە ناوی "گاینی gyne" بانگی ژنەکەی کردووە کە بەمانای وشە "منداڵ هەڵگر" دەگەیەنێ، ئافەرتێکیش تەمەنی منداڵبوونی تێپەڕاندبێت بانگیان کردووە "گراوس" بەواتەی پیرەژن.

١٨– مێرلن فرێنچ، بەرگی یەکەم، ل,٢٠٢

١٩– لەم کتێبەدا جێگەی ئەو وێنانە نابێتەوە، بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەو بابەتە بڕوانە:

New Yoek: Harper & Row,.The Reign of the Phallus: Sexual politics in Ancient Athens.Keuls Eva C 1986

سەرچاوە سەرەکییەکان:

A History of their own by, Bonnie S. Anderson and Judith P. Zinsser. New York: Harper& Row,...1988

Ancient Civilizations, general editor, professor Greg Woolf. First publishing... 2005

A brief guide to Islam. History, faith and politics: The complete introduction, by Paul Grieve. 2006

Big history, from the BIG BANG to the present, by Cynthia Stokes Brown. New York,, NY 2008

Barbara Lesko, the remarkable women of ancient Egypt...1987

Bernard Batto. Studies on women at Mari (Baltimor,Md: Johns Hopkins University press 1974

Buddhism: The Dhammapada.Edited by, Jaroslav Pelikan. Translated by John RossCartter and Mahinda Palihawadana 1992

Carol Baker and Angela Fisher, African ceremonies II. New York, Harry N. Abraham Inc...1999

Chinese women: pest & present, by Easter S. Lee Yao... 1983

Hinduism: The Rig Veda. Edited by, Jaroslav Pelikan. Translated by, Ralph T.H. Griffith 1976

Irene Silver blat, Moon, Sun, and Witches... 1987

In defense of Atheism, by Michel Onfray, Translated from French by Jeremy Leggatt... 2007

Women in early imperial China, by Bret Hinsch... 2002

Women and Hindu Right. A collection of Essays, edited by, Tanika Sarkar and Urvashi Butalia 1995

Sir William Tarn, Cambridge ancient history vol 10 1970

Smith, Jane I, " Women, Religion, and Social Chang in Early Islam, ed , Y. Haddad and E. Findly.

Albany: State University of New York press, 1985

Sex, Time, and Power, by, Leonard Shlain. How women's sexuality shaped human evolution. 2003

Sarah B. Pomery, women in Hellenistic Egypt. From Alexander to Cleopatra... 1984

Stern, Gertrude." The first Women Converts in Early Islam" Islamic Culture 1939

The creation of patriarchy, by Gerda Lerner. Oxford University press... 1986

The secret history of Mongol Queens, by Jack Weatherford... 2010

Grassroots by Jennifer Baumgartner and Amy Richards… 2005

George Dorsey, Man's One Sho: Civilization (New York: Harper & Brothers, 1931

Gernot Wilhelm, the Hurrians, translated from German by, Jennifer Barnes 1989

Greek Mythology, by Frederique Viver, Translated by Derek Johnston... 2004

Richard A. Gold, Yiwara: Foragers of Australian Desert…1969

Georg Bancroft, History of the United States of America, From the Discovery of the Continent vol. 1...1967

Catal Huyuk: A Neolithic Town in Anatolia, by, James Mellart (New York: McGraw-

Hill,…1967)

Marija Gimbutas, Gods and Goddesses of Old Europe (Berkeley: University of California press

…1974

Michal Dames, the Silbury Treasure (London: Thames and Hudson.…1976)

Marilyn French, from Eave to Dawn: a history of women…2002 vol. 1. 2.

Anton, Ferdinand, Women in pre-Colombian American.…1973

Anderson, Karen. Commodity Exchange and Subordination: Montagnais-Naskapi and Huron Women, 1600-1650,"…1986

-Simone De Beauvoir. Second Sex, copyright Alfred, A, Knopf Vintage Book Edition, 1989

Richard B. Lee, Population growth and beginning of sedentary, life among the Kung Bushmen 1972

Marjorie Shustak, Nisa: The life and world of Kung women. Harvard University press 1981

Carol Beckwith and Angela Fisher, African Ceremonies II (New York: Harry N. Abraham Inc. 1999

Robert.S.McElvaine. Eve's Seed…2001

Mythology, the illustrated anthology of world myth and storytelling, general editor, C Scott Littleton… 2002.

Encyclopedia of the ancient Greek world, David Sacks, revised edition by Lisa R. Brody…2005

On becoming human. Nancy Makepeace Tanner, Cambridge University Press... 1981

Political and social life in the great age of Athens, edited by John and Kitty Chisholm. Open Univerty.1978.

All you need to know, from Zeus's Throne to the Fall of Rome, by Caroline Taggart.Michael O' Mara Books Limited 2010.

Keuls Eva C.The reign of the phallus: Sexual politics in Ancient Athens. New York: Harper & Row, 1986

– بنەچەی خێزان و خاوەندارێتیی تایبەت و دەوڵەت، نووسینی فردریک ئەنگڵس، وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە، کەریم مەلا ڕەش.

# کۆنفیوشیەس (کۆنگ فو تسی)

سەلاح بابان

### کۆنفیوشیەس

بەپێی گەلێک لە ڕۆشنبیرەکان، کەس ئەوەندەی ئەم فەیلەسووفە مەزنەی چین کاریگەریی باشی لەسەر مێژووی مرۆڤایەتی* نەبووە.

کۆنفیوشیەس Confucius، ناوە لاتینییەکەیەتی. ناوە چینییە ڕەسەنەکەی "کۆ نگ فو تسی K'ung FuTze"یە. ساڵی ١٥٥ پ. ز. لە چین لە ناوچەی لو Lu لەدایک بووە. ئەمە دوو هەزار و پێنج سەد ساڵ زیاترە فەلسەفە و بیروباوەڕەکانی، زەوییەکی بەپێت بوونە بۆ پەروەردەکردنی کولتووری گەلی چینی و گەلەکانی تری ئەو ناوچانە وەکو جاپانی، کۆری، ڤێتنامی و گەلانی تریش. باوکی کۆنفیوشیەس، "شوو لیانگ هەی"، یەکێک لە کاربەدەستە پایەبەرزەکانی ناوچەی " لو" بووە. ئەو کوڕەی بەپیری لەبانوویارێک بووە[1].



کۆنفیوشیەس تازە پێی خستبووە سێهەمین ساڵی ژیانیەوە کە باوکی دەمرێت. لەبەرئەوەی کە دایکی لە باوکی مارە نەکرابوو، نە خۆی میراتی بۆ دەمێنێتەوە نە دایکەکەی. لەبەر ئەوە، بەمنداڵی، زۆر هەژاری و سەختی دەبینێت.

کۆنفیوشیەس، هەر لە منداڵییەوە زۆر حەزی

لەهونەر و خوێندن و فێربوون دەکرد. بەگەنجی کە ستایش دەکرا بۆ ئەو هەموو زانیارییەی کە هەیبووە، بەردەوام دەیگوت "هۆی ئەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ژیانە هەژارییەی منداڵیم".

لە تەمەنی نۆزدەساڵیدا ژن دەهێنێت. بۆ ساڵی دوایی کوڕێکی دەبێت. دوای ئەو، دوو کچ.

لەتەمەنی بیست و دوو ساڵیدا خوێندنگەیەک دادەمەزرێنت[٢] بۆ ئەو گەنجانەی کە ئارەزووی فێربوون دەکەن. بەتایبەتی فێربوونی ئەو پەیڕەوانەی کە مرۆڤ دەگەیەنن بەژیانێکی شادمان و بەسوود. لەهەموو تەلەبەکانی ئابوونەی وەردەگرت. هەموو جۆرە یارمەتییەکیشی لە هەموو کەسێک وەردەگرت بۆ بەڕێوەبردنی خوێندنگەکەی. بەڵام، قەت نەیدەهێشت تەلەبەی ڕەنجنەدەر و تەمەڵ لە خوێندنگەکەیدا بمێننەوە.

ساڵی ٧١٥ پ.ز. بەهۆی یەکێک لەتەلەبەکانی خۆیەوە، کە لە بنەماڵەیەکی دەستڕۆیشتوو و پایەبەرز دەبێت، دەچێت بۆ پایەتەختی مەملەکەتەکەیان و پێی دەکرێت بچێت بۆ کتێبخانەی کۆشکی شا. لەوێدا، جگە لەوەی کە گەلێک کتێبی بەنرخ دەبینێت و زۆر دەخوێنێتەوە، "مۆسیقا"ش دەخوێنێت. هەر لەوێشدا، ناسیاوی لەگەڵ "لاو تزو[٣]"دا پەیدا دەکات. لاو تزو، یەکێک بووە لە فەیلەسووفە هەرە بەناوبانگەکانی ئەوساکەی چین.

کە دەگەڕێتەوە بۆ "لو" سەیر دەکات لەوێدا کوودیتا بووەو "سان[٤]"ی ناوچەکەیان ڕایکردووە بۆ "تزئی" Ts'iناوچەکەی تەنیشتیان. ئەو کردەوەیەی زۆر پێ ناخۆش دەبێت. خۆی و هەندێک لە تەلەبەکانی، بۆ ئەوەی ناڕەزاییی خۆیان بەرامبەر ئەو کردەوەیە دەرببڕن، بڕیار دەدەن نەگەڕێنەوە بۆ "لو" و خۆشیان بچن بۆ تزئی.

کە بەڕێگەوە دەبن، ژنێک دەبینن زۆر بەتاڵییەوە بەسەر گۆڕێکدا دەگریا. کە لە ژنەکە دەپرسن بەسەر گۆڕی کێدا دەگری، ژنەکە سەری هەڵدەبڕێت و دەڵێت ئەمەیان گۆڕی کوڕەکەمە، پێش چەند ڕۆژێک پڵنگ کوشتی. ئەوەشیان گۆڕی مێردەکەمە، ئەویش هەر لەم ناوچەیەدا پڵنگ کوشتی. ئەو گۆڕەی ئەولاوە، گۆڕی باوکی مێردەکەمە ئەویش هەر لەم ناوچەیەدا پلنگ کوشتی. کۆنفیوشیەس زۆر سەیری لێ دێت. لێی دەپرسێت خوشکم، باشە ئێوە بۆچی لەناوچەیەکدا دەژین ئەوەندە مەترسیی پڵنگی هەبێت. ژنەکە، هەناسەیەکی سارد هەڵدەکێشێت و دەڵێت ئاخر حکوومەتی ئەم ناوچەیە بەرەحمترە و غەدرمان لێ ناکات.

کۆنفیوشیەس، ڕوو دەکاتە تەلەبەکانی و دەڵێت ڕۆڵەکانم وتەکانی ئەم ژنەتان لەبیر نەچێت "حکوومەتی غەدار لەپڵنگی دڕندە بەدترە و مەترسیی زۆرترە".

کە دەگاتە "تزئی"، سانی ئەو ناوچەیە گەلێک ڕێزی دەگرێت و موچەیەکی باشی بۆ دەبڕێتەوە. بەڵام، لەدوای ماوەیەک، کە سەیر دەکات سانی تزئی گوێ ناداتە ئامۆژگارییەکانی، بڕیار دەدات بگەڕێتەوە بۆ "لو". لە "لو" دیسانەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەر پیشەکەی خۆی، خوێندنەوەی ئەدەب و فەلسەفەی دێرینی چین و وانەوتنەوە بەتەلەبەکانی.

لەتەمەنی پەنجا و دوو ساڵیدا، دەکرێت بەحاکمی شاری "چەنگ تو". لەماوەیەکی کەمدا زۆر شت

دەگۆڕێت بەرەو باشی. لەبەر ئەوە سانی وڵاتەکە، کە برا پچکۆلەی ئەو سانە دەبێت کە کاتی خۆی کودیتا کرا لە دژی و ڕایکرد بۆ تزئی و لەوێشدا مرد، پایەیەکی بەرزی دەداتێ لە حکومەتەکەیدا و لەدای ماوەیەک دەیکات بەوەزیری تیمارکردنی تاوانباری. لەدوای ماوەیەکی کەم لە "لو" تاوانباری نامێنێت.

کۆنفیوشیەس، لەو باوەڕەدا دەبێت کە مرۆڤ بەجۆرێکی گشتی، دەروونێکی پاک و دڵسۆزی هەیە چاکە بۆ خۆی و هەموو کەسانی تر دەخوازێت. ئەگەر سەرۆکی وڵاتەکە خۆی کەسێکی دڵسۆز و دادپەروەر و ئیشکەر و دەستپاک بێت و خزمەتی گەلەکەی خۆی بکات وەزیری تێگەیشوو و ئێشکەر و دڵسۆز هەڵدەبژێرێت بۆ حکوومەتەکەی. ئەوسا گەلەکە هەست بەدادوەری و تەناهی دەکات و وڵاتەکە پێش دەکەوێت. ئەو پێشکەوتنە دەبێت بەهۆی کەمبوونەوەی تاوانباری.

## وتە بەناوبانگەکانی کۆنفیوشیەس**

– ئەو کەسەی کە دڵی ناشکێت بەوەی کە گوێی نادرێتێ و نرخی کەم دەگیرێت، ئایا مرۆڤێکی پایەبەرز نییە؟

– ئەوەی کە ناتەوێت لەخۆت بکرێت، لەکەسانی تری مەکە. بەو جۆرەی حەز دەکەیت مامەڵە بکرێیت بەو جۆرەش مامەڵەی کەسانی تر بکە.

– ئەوەی لە ڕابوردوو دەکۆڵێتەوە بۆ ئەوەی بزانێت چۆن کار بۆ داهاتوو بکات گەیشتووەتە ئەو پایەیەی کە ببێت بەمامۆستا.

– پیاوی پایەبەرز، مێشکی کراوەتەوە لایەنگریی کەس ناکات لەدانایی خۆی بەولاوە. پیاوی پایەنزم، لایەنگرە، مێشکی نەکراوەتەوە و دانایی خۆی بەکار ناهێنێت[٥].

– پیاوی پایەبەرز، مامەڵەی ژیان بەجۆرێک دەکات کە نە دژی هیچ بێت نە دۆستی هیچ بێت و، دانایی خۆی ئاراستەی ڕەوای پیشان دەدات.

– ڕێگەی خوایەکەمان دەبێت هەر یەک ڕێگە بێت، ڕێگەی گوێڕایەڵی لەویژدان و چاکەخواستن بۆ هەموو کەسێک.

– پیاوی پایەبەرز، دادپەروەرە. پیاوی پایەنزم، سوودپەروەرە.

– پیاو، بەویژدانێکی پاکەوە دێتە دنیاوە. ئەگەر پیسی بکات، ژیانی شادمانی لە کیس دەچێت.

– پیاوی پایەبەرز، بیر لەوە دەکاتەوە کە دنیا خۆش بکات و لەزەتی لێ ببینێت. پیاوی پایەنزم هەر بیر لەتەمەن درێژی دەکاتەوە.

– پیاوی پایەبەرز ئەدەبی هەموو گەلێک دەخوێنێتەوە و ڕێزی دەگرێت.

– ئەگەر ئێمە نەتوانین خزمەتی مرۆڤ بکەین چۆن دەتوانین خزمەتی خوا بکەین.

– تەنیا هەرە زیرەک (خوا) و هەرە بێمێشک، ڕا و ڕەوشتی خۆیان ناگۆڕن.

پەراوێز:

* ئەم زانیارییانەم لە ئێنسایکلۆپێدیای بەریتانییەوە Encyclopaedia Britannica وەرگرتووە.

١. بانوویار ژنێکی دۆستی مارە نەکراوە.

٢. ٥٠١ ساڵێک پێش ئەوەی ئیفلاتوون خوێندنگەی فەلسەفە لەئەتینا دابمەزرێنێت.

٣. لاو تزو Lao Tzu فەیلەسووفێکی چینییە. لەسەدەی شەشەمی پێش زایندا ژیاوە. کە کۆنفیوشەس هێشتا گەنج بووە، ئەو پیاوێکی پیر بووە. لاو تزو، بەدانەری ئاین و فەلسەفەی "تاوزم Taoism" ناسراوە. تاوزم، لە وشەی "تاو"ەوە هاتووە. جاران وایان دەزانی ئاسمان، بەو هەموو ڕۆژ و ئەستێرانەیەوە، بەدەوری زەویدا دەخولێتەوە. ئەو هێزەی یاخود وزە (تین، تاو، توانا)یەی کە ئاسمان بەدەوری زەویدا دەخولێنێتەوە، بەزمانی چینی کۆن، پێیان گوتووە "تاو". (دوور نییە وشەی "تاو" لە چینییەوە هاتبێتە زمانی کوردییەوە).

– ئینجا بەپێی ئاینی تاوزم، هەموو شتێک لە "تاو"ەوەپەیا بووە. ئەو تاوە هێزی مێیەتی "یین yin"، و هێزی نێرێتی "یانگ yang"ی دروست کرووە. "یین و یانگ"یش، زەوی و ئاسمانیان درووست کردووە. زەوی و ئاسمانیش، هەموو شتێکی تریان درووست کردووە. یین و یانگ، دژی یەکترین: یین، هێمای زەوی و تاریکی و ساردێتییە. یانگ، هێمای ئاسمان و ڕووناکی و گەرماییە. بەکورتی و بەجۆرێکی گشتی تاوزم:

– دژی هەموو جۆرە بەندێتییەکە. وەکو ئاینی مەسیحی، دژی گوژم و هێز بەکارهێنانە و لەپێناوی هیچ شتێکدا پەسندیان ناکات. تەنیا هەر خەباتی ئاشتی پەسند دەکات.

– پەسندی ژیانی سادە و ساکاری دەکات، کە هەموو کەسێک بەسەربەستی لەسەر خاکی خۆیدا کار بکات و ئەو خاکەی کە بەخێوی دەکات، وەکو دایکی خۆی، خۆش بوێت.

– دژی ئەوەیە کە حکوومەتی تەوەرەیی (مەرکەزی) بەهێز هەبێت و دژی بەکارهێنانی هێزی سوپایە. پەسندی ئەوە دەکات کە هەموو دێیەک جۆرە حوکمێکی ئۆتۆنۆمیی خۆیی هەبێت.

– دژی " کۆنفیوشیانزم Confucianism"ە لەوەدا کە کۆنفیوشیانزم پەسندی حوکمی تەوەرەیی بەهێز و پڕ بەدەسەڵات دەکات.

(٤) کودیتا ئینقلاب. سان وەکو میر وایە حوکمی ناوچەیەک دەکات.

** ئەم وتانەم لە "فەرهەنگی ئۆکسفۆرد بۆ وتەی بەناوبانگ Oxford Dictionary of Quotations" وەرگرتووە.

(٥) وشەی پیاو، بەزۆر زمان "مرۆڤ"یش دەگرێتەوە. لێرەدا کە کۆنفیوشەس دەڵێت پیاو، مەبەستی مرۆڤە.

# فەرهاد پیربالّ
# ناسراوترین شێوەکاری مۆدێرنی سەرشەقام
# لە هەرێمی کوردستان

ئاغالە

تێنەگەیشتن لە مرۆڤ وای کردووە مرۆڤەکان چاودێریی یەکتر بکەن و سیخوڕی و دووزمانی و پەلار و ئاخاوتن ببێتە شێوازی پەلاماردان. هونەر و فەلسەفە کە هاتە ناو ژیانی کۆمەڵەوە بۆ تێگەیشتن بوو لە ئیستاتیکا و هزری شاراوە و لێکدانەوەی شیکاری بۆ ئاسانکاریی کرانەوەی عەقڵ بوو.

گوزارشت دەکەین لە خوا و مرۆڤ و سروشت و ئاژەڵ و دار و زیندەوەران تێیان ناگەین و پێیان ناگەین، تێیان نەگەیشتووین بۆیە زانیاری لەسەر بوون و کاریگەرییەکانیان لێک دەدەینەوە. تێنەگەیشتنی مرۆڤ بۆ دەوروبەری بەکۆتا نایەت و هەر شتی نوێ دێتە ئاراوە. لە ئێستە تێ ناگەین تا کۆن دەبێت تا دەبێتە رابردوو، بە خێرا دێت و مرۆڤی تازە قوت دەبێتەوە، مرۆڤێکی سادە یا برسی یا کورتەبنە یا مرۆڤێکی نیشتمانپەروەری کرمانج دەبێتە سەرقافڵەی نیشتمان و مرۆڤایەتی، تێنەگەیشتنی مرۆڤ بۆ مرۆڤ وای کردووە تووشی سەرسوڕمان و هەڵە ببین بەرانبەر بە یەکتر و ڕەفتار و گفتارمان بە ئاسان لەیەک تێ نەگەین.



پالێتەکەی پیربالّ ٢٠١٣

هەرچەندە لە کوردەواری دەرکەوتنی کەسە نائاساییەکان درەنگ، درەنگ قوت دەبێتەوە، تێگەیشتن لێیان زەحمەت و ئاڵۆزی

دەنێتەوە و کورد و کۆمەڵگەی ئیسلام بەردەوام بیری ڕۆئاوایی بە دەرنگەوە وەردەگیرێ. تا بیرۆکەیەک، لاسایەک لە بیر و هونەر و شوێنی خۆی دەکاتەوە خوێنی بۆ دەڕێژێ.

ئەو مرۆڤە هاوچەرخە ناودارەی زۆرترین کلیکی لەسەر کراوە بە ڕەفتارە سەیر و نائاساییەکانی "فەرهاد پیربال"ە تێگەیشتن لە هونەرەکەی ڕێگە بۆ من ئاسان دەکات تا کەسایەتیشی شرۆڤە بکەم، هەروەها نامەوێ لەسەر بواری وێژە و مۆسیقا و ڤیدیۆکانی شت بورووژێنم کە بابەتی من نین. نەدەبوو من یەکەم کەسی شارەزای بوارەکە بم لەسەر بزاوی هونەری کاک فەرهاد بێمە گۆ، کە هاتیشم درەنگ هاتووم. نایشارمەوە ئەو پیاوە سەرکێشە و نائاسایە، هەولێری وتەنی عەنتیکەیە، چییە زوومی خەڵکی خستووەتە سەر خۆی.

کتوپڕ دەرکەوتنی نووسەرێکی بواری بزاوی هونەری شێوەکاری و شاعیر و چیرۆکنووس... خۆنمایشکردنی وەک هونەرمەند و نیگارکێشێ، پرسیارێکی زۆری دروست کردووە لەناو کۆمەڵگە و ڕۆشنبیر و هاووڵاتییانی ئاسایی. ئەو پیاوە بۆ ملی لە نیگارکێشان ناوە؟ شێت بووە یان خۆی شێت دەکات؟ بیر و ئەندێشەکانی ئەوەندە زۆرن کەف دەکەن؟

به چیرۆک و شیعر خوێندنەوە و لێدوانی تیڤییەکان تینیووەتیی نەشکا؟

کاکە... هەبێ و نەبێ لایەنێک و پارتێک دەیجووڵێنێ!

لە وێژەکارانی کورد زۆرن لە نیگاریان کێشاوە لە شەرەفخانی بەتلیسی تا ئەمین زەکی بەگ و حوسێن حوزنی موکریانی و عومەر عەلی ئەمین و نووری شێخ ساڵح و محەمەد موکری و عەبدوڵلا سەراج و خەسرەو جاف و سمکۆ ناکام و فەرهاد پیربال دیارترینیان لەورۆکەدا.

خەڵکێکی زۆر ناسیاو و نەناسیاو ڕاگەیاندنەکانیش ڕاستەوخۆ پرسیاریان ئاراستە کردووم لەبارەی ئەو کار و جموجۆڵەی پیربالەوە، بەڵام بێدەنگیم هەڵبژاردووە.

ئێستە کاتی شکاندنی بێدەنگیمە. چی راست و رەوان بێ لە تێگەیشتنم لە دنیای هونەری شێوەکاری بە بواری مێژوویەکەی و چیرۆکی هونەری دنیا و کوردستانەوە و بە وەرگرتنی نموونەی فەرهاد پیربال دەیخەمە روو بەو ئومێدەی کاک فەرهاد نیگەران نەبێت و جەماوەریش خۆی بە هۆشمەندتر و کەسایەتیی خۆی لەو مرۆڤە بەرزتر و پاکتر نەبینێت. کە ئەوە ڕەفتاری جەماوەر بووە بەرانبەر کەسانی پێشەنگ.

ئەو شێوازەی ئەو نیگاری پێ دەکێشێت یەک سەدە بەر لە ئێستە لە ئەورووپا کاری پێ کراوە گفتوگۆی لەسەر کراوە و وەک قوتابخانەی هونەری ئەبستراکت ناسراوە چەند بەشی لێ بووەتەوە و چەند ڕێبازی هونەریی بە ناوی (هونەری مۆدێرنە) و (پۆست مۆدێرنە) هاتنە مەیدان و کۆن بوون شێوازی دەربڕینی تر هاتووەتە ئاراوە بە کاری ڤیدیۆی هونەری کورت و شێوازی ئستلیشن و کاری ڕاستەوخۆ لە کەرەستە و لە سروشت و تێکدان و شێواندن بە نموونەی کاری (هیرمان نیتشە) و کەوڵکردنی مانگا و پارچە پارچەکردنی و گەزاندنی مرۆڤ لە خوێندا.

لەبەرئەوەی لە کوردستان رۆشنبیری شێوەکاری ئەوەندە نزمە تەنانەت زۆر لە شاعیر و چیرۆکنووس و هونەرمەند و رۆژنامەنووس ناتوانن زانیارییەکی کورت باس بکەن لەسەر مێژوو و تێگەیشتنیان و چێژوەرگرتنیان لە هونەری شێوەکاری، هەر بۆیە شارەزاترین کەسانی نووسەر و رەخنەگر و شیکاری بواری شێوەکاری ئێمەی شێوەکاران خۆمانین.



تابلۆیەکەی پیربال ٢٠١٣

ئەگەر لە ناوچەکە خەڵکی تر لە مەیدانەکە هەبێ من ئەو وتارەم نەدەنووسی. وە یەکەم کتێب لەبارەی رێچکەی ئەو هونەرەوە نووسرابێ کتێبەکەی فەرهاد پیربالە (مێژووی هونەری شێوەکاری لە کوردستاندا) کە توانیویەتی خزمەتێکی جوان پێشکێش بەو هونەرە بکات. ئەو هەر لە سەرەتای بەدەرکەوتنی لە ساڵی ١٩٩٤وە لە فەرەنسا کەراوە و کۆرای "وێران"ی دەردەکرد بابەتی شێوەکاری زۆرترین رووپۆشی کۆوارەکەی گرتبوو بە نووسین و وێنەوە. مێژووی ئەو هونەرە زۆر تازەیە و شتێکی وا نهێنیی تێدا نییە لێمان شاراوە بێ. هەروەک نووسین بە کوردی لە شیعر و چیرۆک زۆر تازەیە، بە بەراوردی مێژووی نووسین وێژە لە یۆنان و ئیتالیاوە لە دانتییەوە تا شکسپیر. هەروەک مەسعوود محەمەدی بیرمەندی گەورەی کورد وتەنی "بەرز لە حەفتا بۆ نەوەت ساڵێک دەبێت نووسین بە کوردی لێرە و لەوێ لە شاری سلێمانی و کۆیە دەستی پێ کردووە" کەواتە نیگارکێشان دوێنێ دەستی پێ کردووە. وشەکانم بە رەق وەرمەگرن... بیست و پێنج بۆ سی ساڵ بەر لە فەرهاد پیربال بەو شێوازە نیگاریان کێشاوە لە سلێمانی و هەولێر و پەنجا ساڵ بەر لە ئێستە لە بەغدا بە شێوازی ئەبستراکتی ئاواز و فۆرمی و ئەبستراکتی گوزارشتی نیگاریان کێشاوە لەپێش هەموویانەوە (شاکر ئالسەعید)ە.

وە ئێستە لە کوردستان نیوەی شێوەکاران بە شێوازی ئەبستراکت نیگار دەکێشن تەنانەت لە چوار بەشی شێوەکاران بەشێکیان شێوازی نیگارکێشان بە رەنگ و فڵچە رەت دەکەنەوە بە گوزاشتی کلاسیک ناو دەبن... ئاخۆ؟ شێوازی نوێتر لە ئارادایە وەک فیدۆ ئارت ئەستلیشن و ئەوان شێوازی تریان گرتووە وەک ئەو براوەی حەفتا ساڵێکە لە دنیا بووەتە هۆی دەربڕین؟

تابلۆکانی فەرهاد کە خەڵک تێ ناگات و تێ دەگات بووەتە کێشەی بێ مانایی و واتە... خۆ سەدان شێوەکاری کوردی تریش و هەزاران و ملیۆنانی تر کە پەراوەی هونەر دەکەن هەر تێیان ناگەن و نەبووەتە کێشەی هزز و پچرانی زنجیرەی ئەندێشە و ژیان و کوردایەتییان ئەوە زۆر لە

جەماوەری کوردە بۆ تابلۆ و پەیکەری واقیعییە خواستی پێدانی زانیاری و پرسیار دەکات لە پۆرترێتێک و گوڵێک و سروشتێک کە تێی ناگات... لە شێوازی سریالی و گوزارشتی لەسەر یەک داوای روونکردنەوەمان لێ دەکرێت. کەیْ ەو جۆرە تێنەگەیشتنانە گرینگییان لەوەدایە جەماوەر بخەیتە خەیاڵ و ئەندێشەی بابەتەکەت... گرینگ نییە لە پاشان لەو گەڕانە بماندۆزێتەوە. یا چێژی لێ بکات، هونەرمەندیش چێژ لەو تێنەگەیشتنەی جەماوەر دەبینێت. کەواتە ئێمە چیمان بەنهێنی بۆ حیکمەتی هونەرەکە هێشتەوە. ئەی نەمانتوانی وا بکەین بیرکردنەوەی بینەر بجووڵێنم و تێگەیشتنی چەندان کاژێری دوا بخەین و بیری تیژ بکەینەوە؟ ئەو لە خۆمان زیاتر بیخەینە قووڵاییی کارە هونەرییەکەوە.

ئەگەر بەشێکی باش لە بینەر و جەماوەری کورد ئاشنای هونەری شێوەکاری بووبوونایە کارەکانی پیربال ئەوە نین کە تووشی پرسیار و ناتێگەیشتن بن و تاوان و هۆکاری تێنەگەیشتن بۆ شێوەکار بگێڕنەوە، یان ئەوە کەسایەتییەکەیەتی سەرلێشێواوی خولقاندووە؟



نیگارکێشان لە شەوێکی شەقامێک لە سلێمانی

کەواتە پیربال کارەکتەرێکی بەهێزە و نواندنی سەرکەوتووە لە نواندنی رۆڵی چ نیگارکێش بێت یا شیعر خوێندنەوە بێت ئەو پشت بە دیکۆمێنتی کاردانەکەی دەبەستێت بە فۆتۆ بێ یا بە ڤیدیۆ تا ئەو هێز و خێراییی بڵاوبوونەوەیە بگەیەنێتە ناو جەماوەر و کۆد دوای کۆدی یوتوب بشکێنێ. کە مافی ئاساییی خۆیەتی ئەو وەک شاعیر و نیگارکێش تاکە کەسە لە و بوارە توانیبێتی زۆرترین خەڵکی ئاسایی و رۆشنبیر وا لێ بکات زۆرترین کلیکی لە سایت و پەیج و یوتوب و فایلی مۆبیل و تەنانەت لە کاتی نیگارکێشانیش حەشامەتێک لە دەوریەتی و کاک فەرهاد خۆشی زۆر بەو کەشە خۆشحاڵە و هێز و وزەی پێ وەردەگرێت.... بە جارێ وەک دەروێش حاڵ دەیگرێ و زیادەڕۆییش دەنوێنێ وەک خۆی کەسایەتییە دادائی و سریالییەکانی ساڵانی سی و چلەکانی سەدەی رابردوو. ساڵانی هەشتاکان و تا نەوەت و سێش من لە کەسایەتیی ئەو دەچووم کە سەرکێشییەکانم کەمتر نین لە هی ئەو بەڵام ئەو رۆژگارەی من لەو کەشەدا بووم نە ئینتەرنێت و نە میدیای وا نەبوو هەموو خەڵک دەستی پێ بگات.

لە سەرەتای مانگی سێی ئەو ساڵ بوو شەو سات نۆ بوو شەوێکی زۆر سارد بوو پیربالّ بە مۆبایل ئاگەداری کردمەوە کە دەیەوێ نیگار بکێشێ لە بەردەم زانکۆی ئەمەریکایی کە لەسەر شەقامە سەرەکییەکە دەکات بۆ بانگهێشتنکردنەکەی چووم بەو شەوە ئەو کەشێکی هونەریی وای دروست کردبوو لە دەستپێکردنی شانۆیەک دەچوو خۆی کارەکتەری سەرەکی بێ و خۆشی هەر دەرهێنەر بێ و ئێمەمانانیش لە هاورێ و ڕێبوارانی ناو زانکۆکە و شۆفێری تاکسی و ئاسایش و پۆلیس و خەڵکی شاران و شار و گەڕەکچییان بووینە بینەر و ئەکتەر و کۆمبارس. ئەوە پەیام و هونەری پۆست مۆدێرنە ئەوە بەشێکە لە پەڕاوەی و نواندن و نمایشی هونەری مۆدێرن لە دنیا.

هەتا ئێرە ئەوە خۆنمایش و کاری شێوەکارێکی کوردی وەک فەرهاد پیربالّە و زۆریش وشەی (تحدا) بەکار دەهێنێت لە بەرامبەر نیگارکێشان و خەڵکی گێلکاران و هەندێ جار بە بەرانبەر بە سیاسەتوانانیش. ئەوەی پیربالّ لە نواندنی شیعر و نیگارکێشان بە بەرهەم و نواندنەکانیەوە تازە نییە و زۆر کۆنە و لە سییەکانی سەدەی بیستەم دادائییەکان سریالییەکان و زۆر کاری نەشیاویان کردووە کە لەناو کۆمەڵگایەکەیان نائاسایی و نارەوشتی بووە. ئەو جووڵە شێتانەیە هەتا ئێستە کە بەردەوامە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان لە پێشانگەدا هەیە هونەرمەند دەچێ یەک شەپڵە گوو لەناو هۆڵەکە لە بەرچاوی ئامادەبووان دەکات و بەبێ ئەوەی خۆی شێلو بکات دەڕوات هەرایەک دەنێتەوە. لە سالانی چلەکاندا سلفادۆر دالی زۆر رەفتاری نائاسایی و شێتانەی لە ئیسپانیا کرد تا سەرنجی زیاتر و خۆنمایشێکی جیاوازتر بکات بە رۆبێکی حەمامەوە دێتە بازاڕ و خۆی هەڕاج دەکات و نرخ لەسەر خۆی دادەنێت و کەس نایکرێت.

بیکاسۆ لەسەر قەراغ دەریا لەسەر پشت و شوێنی سکی خەڵکی رووت و گەشتیار چەندان سکێچی کردووە. زۆر لە هونەرمەندان کار و شارەزای و توانای ئەکادیمییان نەبووەتە ناوبانگیان، بگرە رەفتاری نائاسایی و خۆیان کارەکتەرێکی درامی یا کۆمیدی بەهێز بوون، ئەو هێزە نادیارەی دەسەڵاتی دەوڵەت و مافیا ئەوەندە کاریگەر نەبووە تا بیناسێنێت و هەڵیترۆقێنێ، هەرچەندە نابێ فەرامۆشی مەبەستی دەزگاکان بین بۆ گەورەکردنی کەسایەتییەکی سیاسی یا هونەری یا زۆری تر. خۆ زۆر نووسەر و هونەرمەند هەیە هەر لە گوڵی سەرمێزی پیاوانی دەسەڵات دەچن بەڵام وا ناسراو و خۆشەویست و لەبەر رقی تێنەگەیشتنی جەماوەر نین. کەی کێشەی فەرهادە خەڵک بە راست و چەپ تێ بگات، لە پاشان کێ دەتوانێ بڵێت فەرهاد خۆی لە هونەرەکەی و کردارەکانی خۆی تێ دەگات، بەڵام ئەو لە ناخەوە دەکوڵێت و هەڵچوونێکی زۆر بە تینی تێدا کۆ بووەتەوە نە شیعر نە چیرۆک نە گۆرانیی دنیا دای نامرکێنێتەوە لە نیگارکێشان زیاتر، خۆ لەوانەیە خۆشی سەری لە خۆی سوڕمابێ بۆ وا نووساوە بە رەنگ و هێڵەوە!

ئەو شێوەکار نییە بەڵام دەیەوێ ببێتە شێوەکار و بە نیگارکێش خۆی بناسێنیت و لە پاشان بە هونەرمەندێکی دیار و داهێنەر خۆی بسەپێنی. زۆرلەخۆکردنێکی نائاسایی بە کرداری نیگارکێشانی ئەو دیارە و خۆی زۆر ئازار دەدات و نواندن و هەرا و میدیایەکی زۆر

دەورووژێنێت.... کە لە ڕاستیدا زۆر لە شاکارەکانی دنیا لە ژوورێکی بچووکی تاریک ئەو دوور لە چاوی خەڵک بەرهەم هاتون، مەبەستم نییە بڵێم ئەو شێوازەی ئەو نامەعقولە و هونەری نییە، نەخێر هونەریە و پڕە لە جورئەت و چاونەترسی و سەرنج ڕاکێشان. کارەکانی ئەو هونەرێکی بەرز و پڕ لە مانا و فۆرمی تازە و ناوەڕۆکی نەتەوەیی و ئەکادیمی و بابەتی تێدا نییە، بەقەد ئەوەی (هەڵچوونێکی سۆزداری و خودی و گیانین) کە ئەوەش سەرچاوەی هەوێنی گوزارشتن بۆ هونەرێکی ئەبستراکت. کە کارەکانی ئەو ئەبستراکتی ئەندازەیی نین، ئەبستراکتی ئاوازین و هەندێ جار ڤیوگەر دەکێشێ و دەبێتە ئەبستراکتی گوزارشتی، لە شێوازی کاری ئەرشیل گورگی و میرۆ و کاندنسکی دەچن وا بۆشی دەچم لەژێر کاریگەریی ئەواندا بێت ئەو کارانەی ئەو پڕن لە هێڵی چەماوە و نیوە خڕ و لوولاوی و سوود لە یەک رووبەری تەختی ماتریالەکە وەردەگرێت زۆر نەشارەزایانە ڕەنگ دادەنێت و نازانێت فڵچە بگرێت و شارەزایەکی سەرەتاییشی نییە لەسەر تەکنەلۆجیای ڕەنگ و کانفاس و کەرەستەکان. هێزی ڕەنگ و تەمەن و درێژیی کەرەستەکان.



تابلۆیەکی خوان میرۆ ١٩٤٥

تابلۆ و ڕەنگ و زۆر شتی تری نیگارکێشانی ئەو لە مناڵێک و شێتێ دەچێ کە زۆربەمان لە کاتی دوور لە چاوی کەسانی تر ئەو دوو خاسیەتەمان تێدایە کە نیگار دەکێشم لە مناڵ مناڵتر و لە شێت شێتر و ترسنۆک و وەک مردووم. کاتێ کارەکانی ئەو لە رووی ئەکادیمییەوە هەڵسەنگێنین لاوازن هیچ پێوەندییان بە هونەری نیگارکێشانی ئەکادیمی یان ئیمریشینزم و ئەوانی تریش نییە، تەنیا ئەبستراکتی (رووت و پەت)ی ستۆدیۆ نەبێ، کەچی ئەو بەرانبەر بە سروشتیش دابنیشێ هەر خەیاڵی خۆی بە سریالی و ڕووت و پەتی دەکێشێت.

نیگارێک بەئاستی نزم کێشرابێ مانای ئەوە نییە ئەو کارانە دوورن لە هەستی مرۆڤانە و هەڵچوونی کەسێکی پر لە ئازاری خێزان و خود و و میللەت و گرێی کەسایەتی و کۆمەڵگەیەکی پاشکەوتوو. شاکارە هونەرییەکان لە هونەری شێوەکاری هەر برێتی نییە لە کاری داهێنانی یەک



تابلۆیەكی كاننسكی ١٩٤٢

شێوەكار و یەک وڵات و یەک شێواز و یەک مرۆڤ. كاتێ سەیری فەرهەنگێكی هونەری شێوەكاری دنیا دەكەین چەندان كار لە تەنیشت یەک دەبینین كە یەک سەردەم بەرهەم هاتوون و هونەرمەندەكان سووكایەتییان بە كاری یەكتر كردووە وە خەڵكیش بەشداریی ئەو بەعەرزدادانە و هەڵبژاردنەی كردووە كەچی لە پاشان هەردووكیان بوونەتە بەشێک لە داهێنانی سەرجەم مرۆڤایەتی. ئەو زۆر زوو نیگاركێشانی خۆی هێنایە سەر شەقام دیواری دەزگاكان، ئەو زانیارییە رۆشنبیرییە شێوەكاریی ئەوە هەیەتی لەسەر مێژووی بزاوی هونەری شێوەكاری بەگشتی وای كردووە بەهۆی خۆ خۆشەویستكردن بە هونەری سەر شەقام تێكەڵ بوون بە خەڵک و بینەر بكەیتە بەشێک لە كرداری سەرەتا و كۆتای كارێكت و دروستكردنی چیرۆک بۆ تابلۆیەک تا بە داهێنان و شاكار لێی بروانین. لەپاش ئەوەی هەڵچوونەكانی رۆحی و هەڵچوونەكانی خۆی لەناو كێشەی سۆزداری دابڕان لە خێزانەكەی لەناو ژوورێكی ماڵەكەی كرد... كۆتاییی پێ نەهاتووە دەیهێنێتە ناو بازاڕ و شەقام و دەزگاكان تا خۆی و ئەو رۆحەی نمایش بكات.

بۆ ئەوەی بتوانی لەو كێڵگە هێمنە و پڕ لە ئسوڵیە تێک بشكێنیت و جلی رۆژانەی خۆی لە رەنگ بگرێ و گوێ بە سەرما و خەڵكیش نەدات كە شەڕفرۆشانە هاتن بە نووكە شەق خستیان و خەریک بوو تابلۆكەی و خۆی ببنە قوربانی، ئەوە هەندێ لە خەڵک و جەماوەری كوردن ئەوەش زۆرینەی خەڵكی كوردن هەوڵ دەدەن دێنە پێش تا وێنەیەكی لەگەڵ بگرن.

حەسەن زیرەک دراوەتە بەر شەق لە سلێمانی و بەغدا و خانەقین و هەولێر و كرماشان و خانە و تاران ماران واران. لە هەمووی خەڵات كراوە.

حاجی قادر ملی لە دۆڵی باڵەكایەتی نا ئەستەمبۆڵ شارەزا بوو؟

پیرەمێرد هەڵنەهات لۆ بەغدا!

سەید عەلی ئەسغەری هەڵنەهات لۆ هەورامان!

عەزیز سەلیم لەوبەر بۆ ئەوبەر هەڵنەهات!

بێكەس لە ترسی تانەی خەڵكی زۆرترین كاتی لە ژووروە نەبووە !

ئەحەی خولە سنەیی زۆرترین كات سەروملی خوێناویی نەبووە!

شەریف پاشا لە بێکەسی و برسیەتی لە میترۆ ساردەکانی پاریس نەمردووە!

ئەحلام مەنسوور لە بێکەسی و فرامۆشی نەمرد!.

فەرهاد و نموونەی فەرهادەکان لەو کۆمەڵگەیە هەر وا بە بێکەسی دەمرن و بە ناوزڕاندنی شێت و ئاژاوەگێڕ و بەکرێگیراو و سەرخۆش و بێ ڕەوشت و شارچییەتی و شتی تر تاوانبار دەکرێن. کە ئەوانەش بەشێکن بۆ بەرزکردنەوەی ناو کەسایەتییەکە. ئەوەی دەبێت نەیشارمەوە و بە روونی لەسەر ئەو هاوڕێیەم و جەماوەرکەشم بێژم.




تابلۆیەکی پیرباڵ –٢٠١٣– هەولێر

نە فەرهاد شێوەکارێکی ئەوەندە پێشکەوتوو و ئەکادیمییە و قووڵە، نە جەماوەری کوردستانیش ئەوەندە پڕن لە سەرخان و ژێرخانی رۆشنبیری هاوچەرخ.

ئەو ناتوانێ رەوتی هونەری شێوەکاری کوردی بگۆڕێ، کە خۆی وا دەبێژی سەراوژێری دەکات، چونکە دنیا وا گۆڕاوە رۆژگاری سەد ساڵ و رۆژگاری پیکاسۆ نەماوە کەسایەتیی تاک دروست بێت بۆ سەدە و بیست ساڵ بلیمەتێ هەڵکەوتوو لەسەر تەختی شانۆی بێت. لەو رۆژگارە هەر چوار بۆ شەش ساڵ بیر و هونەری بلیمەتێ بڕ دەکات، لە پاشان هونەرمەندی کورد نابێت بێتە جیهانی خەڵک پێیان ناخۆشە مەلا پێیان ناخۆشە ئەوروپا و ئەمەریکا پێیان ناخۆشە، شکاندنی سنوور بڤەیە کاکی برا و خوشکی ئازیز. ئەوروپا و ئەمەریکا بیست و پێنج ساڵ بەر لە ئێستە گازی کیمیاییان بە ئێمە دانەکرد! ئێستەکەش کاریان تێکشکاندنی کەسایەتیی کولتووری و دیاری میللەتی بێ ناسنامەکانە.... فەرهاد پیرباڵ کێیە؟ چییە؟ تا کوێ بڕ دەکات؟ بەنزینی تا کوێ پێیە؟ ماڵیان لە کوێیە؟ شێتی کام کیشوەرە؟ رەگەزی کوردە یا جووە یا ...............؟ لە کون و کەلەبەری هەولێرێ یا لەبن قەلاتێ، یا لە یوتوب بۆ فەرهاد دەگەڕێن! تا تابلۆکانی کڕین و فرۆشتنی پێوە بکەن لە بۆرسەکانی دنیا؟ ئەمەریکا و ئەوروپا لە کوردستان لە نەوت دەگەڕێن نەک هونەر و کولتوور. نەک فەرهاد و شیرین.

# جۆن دیو
## فەیلەسووف و پسپۆڕێکی پەروەردە و فێرکردن

محەمەد زەکەریا تۆفیق



فەیلەسووف و زانای سایکۆلۆجی "دەروونزانی" و پسپۆڕی بواری پەروەردە و فێرکردن "john dewey جۆن دیو" لە ساڵی ١٨٥٩ لە شاری "برلنگتن" لە ویلایەتی فیرمونت، لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە دایک بووە. ساڵی ١٩٥٢ش کۆچی دوایی کردووە. جۆن دیو، لەو ساڵەدا لەدایک بووە کە کارەکانی (جۆن ستیوارت میل و داروین و کارل مارکس*) بڵاو بوونەوە.

گرینگیی جۆن دیو لە ڕووی مێژوویییەوە بۆ هزری مرۆڤایەتی لەو سۆنگەیەوەیە کە ئەو کەسێک بوو توانیی خۆی و خەڵکی تریش لە هزرە باوەکانی ناو کۆمەڵگە ڕزگار بکات، هەروەها هیچ خۆی پابەند نەکرد بە کولتووری پێش خۆیەوە، هەروەها پشتیشی لەو نەریتە باوەی ناو کۆمەڵگە کرد. بەڵکە ئەو توانیی ئەو بەها باوانەی کە لە سەردەمەکەیدا هەبوون، بخاتە ژێر پرسیار و ئەزموونیان لەبارەوە بکات و هەڵیانسەنگێنێت. هەروەها پشکنینی بۆ ئەو بەهایانە کرد، بۆ ئەوەی بزانێت ئاخۆ کام لەو بەهایانە سوودداون بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناو کۆمەڵگە. دیارە بۆ ئەم کارەش تەنیا پشتی بە چەکێک بەست، ئەویش چەکی

.......................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا

مەنتیق و شێوازی زانستی بوو.

جۆن دیوی یەکێکە لە هۆگرانی مەزهەبی "Pragmatism پراگماتیزم"، کە پشت بە مومارەسە و ڕاهێنان دەبەستێت. جێگەی گوتنە ئەم مەزهەبە فکرییە لەلایەن هەردوو بیرمەند "چارلز ساندرز بیرس، ولیەم جیمس" کە هەردووکیان ئەمەریکایی بوون. لەلایەکی تریشەوە جۆن دیو، مەزهەبی فکری " Empiricism ئەزموونگەرایی" زۆر کاری تێی کرد.

ئەم مەزهەبە فکرییە پێی وایە کە مەعریفە تەنیا لە ڕێگەی هەستەکانەوە دەستمان دەکەوێت. هەروەها مەزهەبی فکری "Utilitarianism ئوتیلیتارانیزم" کە پێی وایە هەموو تیۆرییەک یان چەمکێک یان هزرێک، بەو مەرجە وەریدەگرین یان ڕەتی دەکەینەوە، بەوەی ئاخۆ ئەو هزرە یان ئەو تیۆرییە چەندە سوودی بۆ بەرژەوەندیی کۆمەڵگە هەیە بە شێوەیەکی گشتی.

جۆن دیوی سەردەمی منداڵیی خۆی لە ویلایەتی فیرمونت بەسەر برد. ئەم ویلایەتەش سیمایەکی سادەی گوند و بێ دەنگی و ئارامییەکی زۆری پێوە دیارە. لەلایەکی تریشەوە ئەم ویلایەتە سروشتێکی جوان و دڵرفێنی هەیە. لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە، خەلکی ئەم ناوچەیە بەگشتی عەشقێکی زۆریان بۆ خاک و نیشتمانەکەیان هەیە و ڕێزێکی زۆر لە ئازادیی تاک و مافە سروشتییەکانی لە ژیان دەگرن، هەروەها باوەڕیشان بە یەکسانیی کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانی هەیە. جۆن دیو پاشخانێکی ئایینی هەبوو کە زیاتر سیمایەکی لیبراڵ-ئامێزی هەبوو، لەبەر ئەوە لە پشت بەستن بە عەقلانییەت و بوونی وەکو ڕێچکەیەکی تێفکرین، زۆر زەحمەت نەبوو بۆی. لەلایەکی ترەوە هەر ئەم پاشخانەش وای لێ کرد، کە دژی هەموو هزرێکی خورافی و ئەفسانەیی بووەستێتەوە کە زیاتر لەو کاتەدا بووبوونە سیمای فکری ئایینی.

جۆن دیو لە ساڵێ ١٨٧٩ خوێندنی لە زانکۆی "فیرمونت" تەواو کرد. پاش تەواوکردنی زانکۆ، بۆ ماوەی دوو ساڵ وەکو مامۆستا لە یەکێک لە قوتابخانەکانی ویلایەتی "پەنسلفانیا" کاری دەکرد. پاشانیش بۆ ماوەی ساڵێک لە ویلایەتی فیرمونت، وەکو مامۆستا کاری دەکرد. لێ حەزی زۆری بۆ فەلسەفە، وای لێ کرد کە دیسانەوە بگەڕێتەوە بۆ خوێندن. لە ساڵی ١٨٨٤ شەهادەی دکتۆرای لە زانکۆی جۆن هۆبکنز وەرگرت. تێزی دکتۆراکەی لە سەر فەیلەسووفی ناوداری ئەڵمانی "ئیمانوێل کانت" بوو.

پاشتر دەبێتە سەرۆکی بەشی فەلسەفە و پەروەردە لە زانکۆی "شیکاگۆ". لە ڕووی خێزانیشەوە دوو جار خێزانی پێکەوە ناوە. لە ژنی یەکەمی کە ناوی "ئەلیس تشیبمان" بووە و ژنی دووەمی ناوی "روبرتا گرانت" بووە، خاوەنی شەش منداڵ بووە.

لە ڕووی هزرەوە، داروین و کارەکانی زۆر کاریان لە جۆن دیو کردووە. زۆر بە قووڵی لە مانا و چەمکی "گۆڕان"ی دەکۆڵییەوە. هەروەها زۆر بەوردیش کاری بە چەمکی "شێوازی زانستی" لە چارەسەرکردنی کێشەکان دەکرد. جۆن دیو پێی وا بوو "مرۆڤ"، کائینێکی زیندووە و دەکەوێتە ژێر کاریگەریی کۆمەڵگەوە. لەبەر ئەوە دەتوانرێت جارێکی تر کەسایەتیی تاک دروست بکرێتەوە،

ئەویش لەڕێگەی پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگەیەی کە تێیدا دەژی. لەڕووی سیاسیشەوە پێی وا بوو کە پێویستە دەسەڵاتی یاسادانان "السلطة التشريعية" کاری ئەوەیە دژی بەهاکانی ئەمڕۆ بوەستێتەوە و پێشنیازی بەهای نوێ بکات، بە جۆرێک کە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانە بێتەوە کە کۆمەڵگە پێیدا تێ دەپەڕێت.

لێرەوە گرینگیی زانستی "کۆمەڵناسی، سۆسیۆلۆجی" دەردەکەوێت. چونکە لەڕێگەی ئەم زانستەوە دەتوانین لە چەمکی کۆمەڵگە و تاکەکان بگەین، لەلایەکی تریشەوە دەتوانین هەژمونی خۆمانیان بەسەردا بسەپێنین "واتە کۆمەڵگە و تاک. وەرگێر". ڕێک وەکو چۆن لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە و زانستی فیزیاوە دەتوانین بەسەر دیاردە سروشتییەکاندا سەربکەوین و لە ماناکانی بگەین و هەژموونی خۆمانیان بەسەردا بسەپێنین.

جۆن دیو پێی وا بوو، هیچ شتێک نییە ناوی (ڕاستیی ڕەها، یان هەڵەی ڕەها "مطلق") بێ، لەبەر ئەوە ئەو پێی وا بوو هەموو شتێک ڕێژەییە "نسبی". تەنیا ئەزموون دەسەڵاتی باڵای هەیە و دەتوانین پشتی پێ ببەستین. لەلایەکی ترەوە ئەو پێی وا بوو کە کۆمەڵگە تەنیا لە ڕێگەی سیستمێکی پەروەردەی باشەوە پێش دەکەوێت. سیستمی پەروەردە، کلیلی پێشکەوتن و شارستانیبوونی کۆمەڵگەیە و، تەنیا لە ڕێگەی سیستمی پەروەردەشەوە دەتوانین ژیری ناو کۆمەڵگە ڕێک بخەین.

تێڕوانینی زانستی سەرەتا بە سەپاندن دەست پێ دەکات نەک بە دەرئەنجامەکانی، لێ تێڕوانینی دینی بە دەرئەنجامەکان دەست پێ دەکات و پاشان بە سەپاندن. جۆن دیو پێی وا بوو، کە سیستمی دیموکراسی چارەنووسی مرۆڤایەتییە. یارمەتیی هەموو تاکێک دەدات تاوەکو بتوانێت یارمەتیی خۆی بدات. لەڕووی ئیدارەی حکوومەتیشەوە پێی وا بوو کە کێشەکانی دەوڵەت تەنیا لەڕێگەی ئەزموونی زانستییەوە چارەسەر دەکرێن، نەک لە ڕێگەی "هزر و بۆچوونی گشتگیرانە و بەباق و بریق."

پاش ماوەیەکی تر، جۆن دیو دەستی کرد بە لێکۆڵینەوە لە بارەی هزری فەیلەسووفی ناوداری ئەڵمانی "هیگل" و بۆچوونەکانی هیگل زۆر کاریگەرییان لەسەری کرد، بەتایبەت فەلسەفەکەی هیگل لەبارەی "مێژوو، یەکبوونی مرۆڤ لەگەڵ سروشت."

هەر لەژێر کاریگەریی فەلسەفەی هیگلدا، پاش ماوەیەک باوەڕی بە فکرەی ئیزدواجییەت "بیرکردنەوەی دوو لایەنانە" نەما. واتە هزری "چاکە و خراپە، خودا و شەیتان." لەبەر ئەوە پاشان گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە مرۆڤ یەکەتییەکی پێکەوە بەستراوە کە کۆمەڵێک وزەی زۆر باشی تێدایە.

کاتێک جۆن دیو شوێنی ژیانی گواستەوە و چوو بۆ ویلایەتەکانی "مینیسوتا و میشیگن" بۆی دەرکەوت کە ژیانی تاک لە ڕۆئاوا، هەروا بە ئاسانی ئەو ژیانە نییە کە پێشتر ئولفەتی پێوە گرتبوو. چونکە تاکی ڕۆئاوایی بەدەست کۆمەڵێک کێشەوە دەناڵێنێت و شەڕی مانەوە لەژیان،

کارێکی زەحمەتە بتوانیت تێی بگەیت و دانی پێدا بنێیت. لەبەر ئەوە دەبێت پشت بە لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان ببەستیت، کە پشت بە ئەزموون دەبەستن، بۆ ئەوەی لە سلوکیاتی کۆمەڵگە بگەین. هەر بۆیە جۆن دیو گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە تیۆرییەکان بەبێ ئەوەی بخرێنە ژێر بواری ئەزموون و پراکتیزەکردنەوە، هیچ ناتوانێت یارمەتیمان بدات و لە کێشەکان ڕزگارمان بکات.

جۆن دیو لە بواری سیستمی پەروەردەییدا، لە ساڵانی ١٨٩٤ تاوەکو ١٩٠٤ پشتی بە تێزەکانی فەلسەفەی پراگماتیزمی "ولیەم جیمس" بەست، بەشێوەیەکی عەمەلی پراکتیزەی کرد. سەرەتا لە قوتابخانەیەک لە شاری شیکاگۆوە دەستی پێ کرد، کە لەو کاتەدا خۆی بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانەیە بوو. دیارە شێوازی لە بواری پەروەردەدا، تەنیا پشتی بە "لەبەرکردن، الحفظ" نەدەبەست، بەڵکە پشتی بە تێگەیشتن و گەیشتن بە ڕاستییەکان لەڕێگەی ئەزموونەوە. دیارە تەنیا لە وانە زانستییەکان ئەمەی پراکتیزە نەکرد، بەڵکە لە وانەکانی مەعریفە و فەرهەنگ و ئەدەب و هونەریشدا، ئەم تیۆرییەی خۆی پراکتیزە کرد.

جێگەی گوتنە لەپاش ئەمە، جۆن دیو شۆرەت و ناوبانگێکی گەورەی پەیدا کرد، نەک تەنیا لە ئەمەریکا، بەڵکە لە تەواوی ڕۆژئاوا و ڕووسیا و وڵاتانی ڕۆهەڵاتی دووریش "مەبەست ژاپۆن و چین و کۆریایە. وەرگێر" ناوبانگی پەیدا کرد. کتێبە بەناوبانگەکەی "مامۆستا و کۆمەڵ" کە لە ساڵی ١٨٩٩دا نووسیی، بە درێژی و بە وردی باس لە چیرۆکی ئەم سیستمە نوێیەی پەروەردە دەکات و ئەزموونی خۆی لەم بوارەدا بە جوانی باس دەکات.

هەر لەپاش ئەمەش، بەهۆی چالاکییەکانی لە بواری سیستمی پەروەردە و فێرکردن و داهێنانەکانی لە بواری زانستی "دەروونناسیی ئەزموونگەرایی"، ساڵی ١٩٠٤ کرایە سەرۆکی بەشی فەلسەفە لە زانکۆی "کۆڵۆمبیا" لە شاری نیۆرک. لەم کارەیشی مایەوە هەتاوەکو ساڵی ١٩٣٠، کە بە یەکجاری خۆی خانەنشین کرد.

پاش ئەوەی شۆرەتی لە جیهاندا پەیدا کرد، لە هەموو وڵاتێکی جیهانەوە بانگهێشتیان دەکرد و بۆ ئەوەی سیستمی پەروەردە و فێرکردن لەو وڵاتانە بەڕێوە بەرێت. بۆ نموونە لە وڵاتانی "ژاپۆن، چین، مەکسیک، ڕووسیا، تەنانەت لە باشووری ئەفریکاشەوە" بانگهێشت کراوە. ساڵی ١٩٢٩ش بۆ زانکۆی "ئەدینبرا"ی بەریتانیا بانگهێشت کرا، بۆ ئەوەی کۆڕێک لە بارەی سیستمی پەروەردەوە پێشکێش بکات.

جۆن دیو، خاوەنی کەسایەتییەکی خاکی و سادە و ساکاری زانا بوو. لەگەڵ هەموو کەسێکدا گفتوگۆی دەکرد و قسەوباسی دەگۆڕییەوە و، ئاستی خۆی دەهێنایە سەر ئاستی مەعریفیی ئەو کەسەی کە قسەی لەگەڵدا دەکرد، ئەویش بۆ ئەوەی بۆچوونەکانی خۆی بگەیەنێتە لایەنی بەرامبەر. جا ئەوەی بەرامبەری کەسێکی جووتیار بێت یان مامۆستا یان دوکاندار یان سەرۆکی بەشێک بێت لە زانکۆ.

لەگەڵ ئەوەی کە کەسێکی خاکی و سادە بوو، لێ هیچ وەختێک ئامادە نەبوو لە مافی خۆی

خۆشبـێت و سـازش لە بۆچوونەکـانی خـۆی بکات و بـە دوای ڕێگەچارەی ناوەڕاسـتـدا بگەڕێت. لەلایەکی تریشـەوە هـیچ وەختـێک مـوجـامـەلە و مـاسـتـاوی بۆ ئەو کـەسـانە نەدەکـرد کـە دژی دەوەسـتنـەوە، جـا ئەو کـەسـە ڕۆژنامـەنووس بـوایە یان سـەفـیـر یان وەزیر. کـاتێک بەرگـریی لە کەسێکی مەزڵوم دەکرد، ڕێک وەکو شێرێکی تووڕە دەهاتە پێش و هیچ سازشی لە عەدالەت و هەق نەدەکرد.

جۆن دیو خـاوەنی زیاتر لە ٢٥ کتێبە لە بوارەکـانی سیسـتـمی پەروەردە و فـەلسەفـە و زانسـتی دەروونناسـیدا نووسـیونی. لە ڕووی هزریشـەوە کەسێکی لیبراڵ بوو، باوەڕی تـەواوی بە چەمکی لیبراڵی بوو، لەهەمان کاتیشدا لە ڕووی هەڵسوکەوت و ڕەفتارەوە کەسێکی دیموکراسی بوو. ئەو پێی وا بوو کـە دیموکـراسی ڕەوشـێکی کۆمـەڵایەتییـە، تەنیـا لەڕێگەی خـەباتکردنی بەردەوامـەوە دەتوانێت بگاتە ئارمانجەکانی خۆی.

گـەورەترین کـێـشـە کـە ڕووبـەڕووی هزری فـەلسـەفی بووەتـەوە لە مـێـژوودا زانینی بنـەچە و سـەرچاوەی فکر و بـۆچوونەکانە. ئاخـۆ ئەو مـەعریفـەیەی کـە دەسـتـمـان دەکـەوێت، تەنیـا لەڕێگەی باوەڕهێنانەوە دەبێت، یاخـود لە ڕێگەی تێـرامـان و قـووڵبـوونەوە لە دەرئەنجـامـەکـان دەسـتـمـان دەکـەوێت. بە واتەیەکی تر واتە بەکارهێنانی عـەقڵ؟ یاخـو ئەو مـەعـریفـەیەوە لە ڕێگەی بینیـەوە دەستمان دەکەوێت؟

جـۆن دیو ڕێگەی ئەزمـوونگەرایی و بینینی کـردە سـەرچاوەی هەمـوو مـەعـریفـەیەک. ئەو ئەم ڕێگەیەی لە بواری ئاین و ئەخلاقەوە پراکتیزە کرد. ئەم دووانەش هیچ کامیان خاوەنی ڕاستییەکی ڕەها و کامڵبوونی ڕەها نین. جۆن دیو پێی وا بوو قبووڵکردنی بیری ڕەها و میتافیزیک لە بواری مەعریفە و ئەخـلاقەوە هۆکاری سەرەکی بووە لە فەشـەل هێنانیان لە چارەسەرکردنی کێشـەکان و نەگەیشتن بە هیچ دەرئەنجامێکی باش.

جۆن دیو لە بواری ئابووریشدا، پێی وا بوو کە ئەزموون و بینینی شـتە زەروورییەکان گرینگن بۆ تێگەیشـتن لە هۆکـارەکـانی بەرهەمــهـێنان و بیناسـازی و بـاشکردنی زەویی کـشـتــوکـاڵی و پیشـەسازی... هتد. لێ بەنیسبـەت عەقیدە و ڕەها "مگلق"ەوە، پێی وا بوو کە شـتێک نییـە ناوی "ڕەها" بێت. بەڵکە مـرۆڤـەکـان بۆیە پشت بە عـەقـڵـیـەتی ڕەها دەبەستن، بۆ ئەوەی "ئاسـایش، الامان"یان دەست بکەوێت. لەبەر ئەوە جۆن دیو پێی وایە ئەم جـۆرە تێفکرینەش، جۆرێکە لە لاوازی و بێدەسەڵاتیی کەسێک پیشان دەدات و هیچ گوزارشت لە بەهێزیی ئەو کەسە ناکات.

ئەو پێی وا بوو بوونی چەندین ئاین و عەقیدەی جیـاواز، لە هـەمەڕەنگی و جۆراجـۆریی مرۆڤـەوە سـەری هەڵداوە. هەر یـەکـەش لەئێـمـە پێی وایە کـە خـۆی ڕاسـتـە و ئەوانی تـر هەڵەن. لێ هـیچ شتێکیشمان لەبەر دەستدا نییە، بۆ ئەوەی ڕاستیی ئەم بۆچوونەمان بسەلمێنین. تەنیا لەو حاڵەتەدا نەبێت، کـە هـەمـوومـان باوەڕمـان بـەیەک شت هەبێت. لەم حـالەتەشـدا ناچارین کـە ئەم ڕێگـەیە هەڵبژێرین، ئەویش بە پشت بـەستن بە ئیمان و ئومێدبەخشین بەوەی کە بەڵکو ئەم بۆچوونەی ئێمە

ڕاست دەربچێت. "خودا" لەلای جۆن دیو یەکەتییەکی گەورەیە کە هەموو ئەو بەها مەزنانە لە خۆ دەگرێت، کە مرۆڤ خەونیان پێوە دەبینێت.

جۆن دیو پێی وا بوو کە دەسەڵاتی ئاینی نابێت پشت بە خورافات و عەقڵیەتی ئەفسانەیی ببەستێت، کە زۆر دوورە لە واقعەوە و لەگەڵ ژیانی ئەمڕۆمان ناگونجێت، بەڵکە ئەو پێی وا بوو پێویستە دەسەڵاتی ئاینی پشت بە ئەزموونی کۆمەڵگە ببەستێت لەو سەردەمەی کە تێیدا دەژی، بۆ ئەوەی سوود بە کۆمەڵگە بگەیەنێت و یارمەتیی بدات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی. دین تەنیا بریتی نییە لە عیبادات و ملکەچکردن بۆ فەرمانەکان و ڕاکردن لە کێشەکان، بەڵکە ئاین زیاتر بریتییە لە پێکەوەگونجاندنی مرۆڤ لەگەڵ کۆمەڵگەکەی و ئەو دەورووبەرەی کە تێیدا دەژی.

ئەگەر مرۆڤ تێگەیشتنی بۆ بەهاکان "القیم"، لەجیاتی ئەوەی پشت بە بۆچوونە باوە و چەقبەستووەکانی پێش خۆی ببەستێت، پشت بە ئاکار و چالاکییە عەمەلییەکانی ببەستێت، هیچ کێشەی نابێت لە وەرگرتن و بەرگەگرتنی تیۆرییە زانستییە نوێیەکان. هیچ کاتێکیش دژایەتی ناکەوێتە نێوان تێڕوانینی ئاینی و زانستییەوە.

جێگەی گوتنە جۆن دیو دژی ئیماندار نەبوو، لێ ئەو لە بڕوایەدا بوو کە ئاین ڕێگەیەکە بۆ ئەوەی هزری مرۆڤایەتی لەگەڵ تەعالیمە ڕەبانییەکان و سرووشتدا تێکەڵ و ئاوێتەی یەکتری ببن، بۆ ئەوەی مرۆڤ لەسەر ڕووی زەوین پێش بکەوێت. دین لای جۆن دیو، گوزارشت بوو لە چالاکی و کارکردن و بەشداریکردن لە ژیان. هەروەها مانای دۆزینەوەی ڕێگەچارەی بۆ کێشەکانی دەگەیاند. دین لای جۆن دیو تەنیا ملکەچکردن بۆ فەرمانە ئاینییەکان و جێبەجێکردنی توقوساتە دینییەکانی نەدەگەیاند. هەموو ئاینەکان ڕێگەی جیاواز و تایبەت بۆ خۆیان هەیە بۆ ئەوەی بگەنە ڕاستیی ڕەها "الحقیقة المطلقة".

جۆن دیوی دژی سیستەمە تەقلیدییە کۆنەکان بوو، کە لە زانکۆ و قوتابخانەکاندا پێڕەوی دەکران. کە بەپێی ئەو سیستەمە کۆنە، هەموو زانیارییەک وەکو شێوەیەکی ئامادەکراو و حازردەست دانرابوو.

ئەو پێی وا بوو خوێندنی ڕاستی، تەنیا لە ڕێگەی مومارەسە و پراکتیزەکردنەوە دەست دەکەوێت، بە مانایەکی تر واتە ئەزموونگەرایی و هەڵەکردن. لێرەشەوە گرینگیی خوێندن و ڕاهێنان لە کاتی کارێکدا دەردەکەوێت.

جۆن دیو لە کتێبە ناودارەکەیدا "چۆن بیردەکەینەوە و چارەسەری کێشەکان دەکەین"، باس لەم هەنگاوانە دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەک:

١- هەستکردن بە کێشەکە.

٢- پێناسەکردن و دیاریکردنی کێشەکە.

٣- دانانی پێشبینی و پێشنیاز بۆ کێشەکە.

٤- لێکۆڵینەوە لە ڕێگەی ئەزموونگەراییەوە، واتە تاقیکردنەوەی پێشنیازەکان.

٥- گەیشتن بە تیۆرییەک و پاشان گشتگیرکردنی "التعمیم".

ئارمانجی خوێندن تەنیا نەمانی نەخوێندەواری نییە. بەڵکە خوێندن ئارمانجێکە کە مرۆڤ هەتا تەواوی ژیانی پێویستییەتی. وەڵامدانەوەی پرسیاری "بۆچی؟" گرینگترە لە وەڵامدانەوەی پرسیاری "چۆن؟". خوێندن لەلای جۆن دیو، تەنیا مانای کۆکردنەوەی زانیاری ناگەیەنێت، پاشانیش مرۆڤ واز لە خوێندن بهێنێت و بەوە قەناعەت بکات کە شتی زۆری خوێندوە و بەسە. بەڵکە خوێندن کارێکی بەردەوامە، لە ڕۆژی لەدایکبوونەوە دەست پێ دەکات، هەتاوەکو ئەو ڕۆژەی دەتخەنە قەبرەوە. واتە پرۆسەیەکی بەردەوامە.

کاری قوتابخانەکان بریتییە لە دابیکردنی کتێب و ئامێر و ئامۆژگاری، ئەوی تر لە دەرەوەی قوتابخانەوە دابین دەکرێت. ئارمانج لە پرۆسەی خوێندن بریتییە لە دەستکەوتنی ئەزموون و توانا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. بەپێی تێڕوانینی خوێندن لەبەر خوێندن، هیچ مانایەکی نییە، بەڵکە خوێندن بریتییە لە ڕێکخستنی ئەزموونەکان بە ڕێگەیەک کە بتوانێت توانا و ئەزموونەکانی خوێندکار زیاد بکات. خوێندن پێویستە بۆ هەمووان بێت، بچووک و گەورە، ژن و پیاو و دەبێت هەموو شێوەیەک پێڕەو بکرێت: قوتابخانە، زانکۆ، پەیمانگە، سەنتەری لێکۆڵینەوە و میدیا، گەشتوگوزار و سەردانی مۆزەخانە و بینینی شانۆ و ئۆپێرا و... هتد.

دەبێت ئارمانجی خوێندن بە نیسبەت منداڵانەوە ئەوە بێت کە منداڵ ئامادە بکات کە بتوانێت لەناو کۆمەڵگەدا بژی، ئارمانجی خوێندن ئەوە نییە کە مێشکی منداڵ پڕ بکات لە زانیاریی لەتاقەت بەدەر و نادیار و قورس. خوێندن دەبێت بەو ئاراستەیە کار بکات، کە تاک ڕابهێنێت لەناو خراپترین ڕەوشدا، لەناو کۆمەڵگەدا بژی. پاشان سەرکەوتنی پرۆسەی خوێندن بەوە هەڵدەسەنگێنرێت، کە ئاخۆ تا چەندە توانیویەتی سلوکیات و کەسایەتیی تاک بگۆڕێت، نەک بەوە پێوانە بکرێت، ئاخۆ چەندە زانیاریی لەبەر کردووە و دەزانێت.

جۆن دیو پێی وایە کە وانەکانی خوێندن دەبێت لەگەڵ ئەو سەردەمەدا بگونجێن کە خوێندکار تێیدا دەژی. پێویستە منداڵ حەز و عیشقی بۆ خوێندن هەبێت. پێویستە وانەکانی خوێندن عەمەلی بن و بە شێوەیەک هاوکاری و بەشداریکردن بۆ خوێندکار بگوازرێتەوە، نابێت لەڕێگەی لێدان و دەرکردنی فەرمانەوە خوێندکار فێری خوێندن بکرێت.

ئارمانجی جۆن دیو بریتی بوو لە بونیاتنانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی، هەروەها دۆزینەوەی جۆرە پاڵانسێک لە نێوان بەهاکانی تاک و بەهاکانی کۆمەڵگە، ئەویش لە ڕێگەی پرۆسەی خوێندن و پەروەردەوە. جۆن دیو پێی وا بوو کە پێوەندییەکی بەتین لە نێوان پێشکەوتنی زانست و سیستمی دیموکراسیدا هەیە.

دیموکراسی لای جۆن دیو، تەنیا مانای سندووقەکانی هەڵبژاردنی نەدەگەیاند، بەڵکە دیموکراسیەت لە ڕێگەی دروستکردنی ڕایەکی گشتی کامڵبووەوە دەست دەکەوێت، کە ئەمەش لە دەرئەنجامی پردی پێوەندی لە نێوان هاووڵاتییان و ڕووناکبیران و سیاسییەکانەوە دێتە دی.

جێگەی گوتنە جۆن دیو کاریگەریی گەورەی لەسەر سیستمی پەروەردە و فێرکردنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دانا. ئەمەریکا سوودێکی زۆری لە بۆچوون و هزرەکانی جۆن دیو لە بواری پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن وەرگرت. بەم شێوەیە هەرچی عەقڵ و زاناکانی جیهان هەبوون، هەموویانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و هێنایانی بۆ ئەمەریکا.

لەبارەی جۆن دیو، هیلدا نیتبای لە ساڵی ١٩٥٣دا گوتی: (دیو بە نیسبەت ئەم سەردەمەی ئێستامان، وەکو ئەرستۆ وایە بۆ سەدەکانی ناڤین.)

جێگەی گوتنە جۆن دیو جگە لەوەی داهێنانی گەورەی لە بواری پەروەردە و فێرکردندا کرد، لە بوارەکانی تریشدا ڕۆڵی گەورەی گێڕا، بەتایبەتی لە بواری: (ژینگەپارێزی، هونەر، مەنتیق، دیموکراسی، ئاکار "ئەخلاق" و یاسا.)

دیارە من کاتێک خەریکی نووسینی ئەم وتارە بووم، بیستم کە بەڕێز "خیرت الشاگر" جێگری ڕابەری "ئیخوان موسلمین" دەیەوێت حکوومەتی ئیئتلافی دروست بکات، لەم حکوومەتەشدا پۆستی وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنی داوە بە حیزبی نوری سەلەفی. پاشتر زانیم کە بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا ڕێگەی داوە کە ئەو کچانەی کە "نیقاب"یان لەسەرە بەو نیقابەوە ئامادەی تاقیکردنەوەکانی قوتابخانە بن. کاتێکیش بینیم کە ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانی "پەرلەمان"، کار بۆ ئەوە دەکەن کە سوێندی یاسایی ئەندامبوون لە پەرلەمان بگۆڕن، کە ماددەیەکی تری دەستووری بۆ زیاد بکەن، کە ئەویش ئەوەیە کە دەبێت ئەندام لەکاتی بوون بەئەندامی پەرلەمان، دەبێت سوێند بخوات کە شەریعەتی ئیسلام جێبەجێ دەکات.

لەم کاتەدا پرسیم: ئاخۆ حیزبی نوری سەلەفی، دەتوانێت بەرنامەیەک بۆ پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن دابنێت کە وا لە مرۆڤ بکات بگاتە سەر مانگ، هەر وەک چۆن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا توانی، لەڕێگەی ئەو بەرنامانەی کە پێشتر جۆن دیو لە بواری پەروەردە و فێرکردن دایناǃ، بگاتە سەر مانگ؟

لە کۆتاییدا دەڵێم: خودای گەورە بمانپارێزە و بە ڕەحمەتی گەورەی خۆت، ڕەحممان پێ بکە.

سەرچاوە: سایتی الحوار المتمدن.

پەراوێز:

* داروین وەکو بایلۆجییەک لە کتێبی ڕەگەزی جۆرەکان باس لە بنەچەی مرۆڤ دەکات، جۆن ستیوارت میل فەیلەسووف و بیرمەندی ناوداری ئینگلز، کە لە بواری "ئازادی، ئازادیی تاک بەتایبەتی" داهێنانێکی گەورەی کردووە. کارل مارکس، دامەزرێنەری بیری کۆمۆنیست و چەپ، کتێبە نایابەکەی "کەپیتال، سەرمایە" بە مەزنترین کار لە بواری ئابووری بەگشتی و ئابووریی سەرمایەداری بەتایبەتی، دێتە ژماردن. ئەم سێ فەیلەسووفەش شۆڕشێکی گەورەیان لە بواری مەعریفەی مرۆڤایەتیدا کردووە. وەرگێڕ.

# پەسند نەکردنی ئەوی تر
# لە نێوان ڕیتوالی خۆدەرخستن و خۆشاردنەوەدا

ماجید نووری

١

### بۆ ئەوەی لە پەیژەی دیالکتیکەوە چەند پلەیەک نەیەنە خوارەوە..
### ئۆپۆزسیۆن بە کامە ڕێگە دەگاتە دەسەڵات

ئەگەر ئامادەگی و سەنگ و قورسایی ئەبستیم بە لای بیریارێکی وەک میشێل فۆکۆوە برێتی بووبێت لە دروستکردنی فەزایەک بۆ نوێبوونەوەی هزر، ئەوا کایەی گشتیی سیاسەت لە واقیعی ژیارمەندیدا بە لای لێکۆڵیاران و لایەنگرانی مەعریفەوە شادەمارێکە بۆ جومگەکانی تری فەزای دەستەبەری ماف و بەجێگەیاندنی ئەرکەکان، پارادیگمێک یان زانینێک لە دووتوێی پێواژۆی تیۆریزیشنەکاندا هەیە و زۆر پێداگیریشی لەسەر دەکرێت: بە پێی دیدگە ڕیاڵیتی و مێژووییەکە، سیاسەتکردن لە دنیابینیی باودا، دوور لە سێ کوچکەی "ئیلتیزام و ئەخلاق و بەرپرسیارێتی" ژینگەی پێکەوەژیان دەخەسێنێت و بە توندی ململانێی لێ دەکەوێتەوە، بە هەڵەشەییەوە دەست بردن بۆ سیاسەت بە بێ هیچ حیساب کردنێک بۆ ئەو سێ پرەنسیپەی تیرۆژە ڕۆشناییم ئاڕاستە کردن، وا لە مرۆڤی سیاسەتکار دەکات ببێتە ماشینێکی ڕۆبۆتی بێ گیان و پێبەملی کۆیلەی وارِسکە ئاژەڵییەکان..

ڕەنگە کەسێکی کودەتاچی ئانارشیزم، فەندەمینتالیزمانە کاریگەرییەکی ئەکتیڤانەی لە نێو کەلتووری کۆمەڵگەیەکی تەقلیدی مەزهەبگەرا و تایەفەگەردا هەبێت، یان شۆڕشگێڕێکی قەڵەمبازدەری نائەقڵانی کاتێک بە بێ بەرنامەیەکی فکریی ڕۆشنگەری و بە باکگراوەندێکی ئەفلاتۆنی یان بە دیزداشەیەکی ئیخوانی مۆڕاڵییانەی پارادۆکسەوە پلان بۆ تێرمی دابڕان و پچڕانی هەموو ئەو ڕایەڵانە بچنێت کە پێشوەختە بە پێی زەڕوورەتێکی مێژوویی واقیعییەوە بونیادی سیستمێکی حوکمداری ئەم هەرێمەی کوردستانی لەسەر بینا کراوە، ئەو جۆرە کەسانە

له پێناوی درێژەدان بە ناکۆکییەکانی کە ساڵانێک شەڕی تراجیدیی براکوژیی ئابڕووبەری لێ کردینە میراتی خوێن، لە دیدێکی کینەلەدڵی سیاسی و بە هەستێکی بێزلێبوونەوە و بە پەنجەڕاکێشی تۆمەتبارانیی ئەوی ترەوە و وەک موراهیقێکی سیاسی تەماشای کەسانێک بکەن کە لە هاوپەیمانێتییەکی نیشتمانیدا ڕێککەوتنی ستراتیجییان کردووە و تا ڕادەیەک بەو سێ چەمکەی ئیلتیزام و مۆراڵ و بەرپرسیارێتییەوە سەرقاڵی پیادەکردنی فۆرمی سیاسەتێکی واقیعبینن، دووریش نییە ئەو دوو هێزەی دەسەڵات بە کۆنسەرڤاتیڤ و هێمای کۆنباو نەزانن، بە لانی کەمەوە لە ڕێی سەلماندنە زمانەوانییەکانەوە، هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن خۆیان بە گەنجێکی مۆدێرن و بەرانبەریشیان پێ پیری فریوخواردوو بێت، واتە ئەوانەی لایەنگری بزاوتەکەی خۆیانن، بە ڕوانگەی خۆیەکی و خۆبەسەنتەرزانەوە، دەیانخەنە خانەی دۆستە عەزیزەکانی شۆڕشی بەهاری عەرەبییەوە، ئەوەش لە کۆمەڵگەیەکی نەریتخوازدا کە لە مێژووی سەد ساڵی ڕابردوویدا تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە لە لایەن عەرەب و فارس و تورکەوە بواریان پێ نەدراوە خاوەنی هزرکردنێکی ئەقڵانییانەی مۆدێرنیزم بن بۆ حاڵیبوون لە دیموکراتیەت، نە هەڵکۆڵینی ئیبستمۆلۆجییان بۆ فیکری ئەوروپایی پێ کراوە و نە لە سەدەکانی ناوەڕاستی فیکری ئیسلامی دەرهاتونەتە دەرەوە، لە موقابیلدا ئەو تاکانەشی پەندیان لە بێهوودەیی شەڕەکانی پێشووی براکوژیی ئابڕووبەر وەرگرتووە کە لە سەردەمانی پێشوودا جەماوەر ژیانی دۆزەخئامێزیان لەگەڵدا گوزەراندووە و ئەمڕۆ بە پێی پێوەرە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کوردستان، هێزەکانی ناو دەسەڵاتی سیاسی مکوڕبوونی سۆسیۆلۆجییان بۆ داڕشتنەوەی قەوارەیەکی دیموکراسی هەیە و پیادەکاری سێکوچکە باوەکەی سیاسەتێکی واقیعبینن، گەرچی ناکاملانەش هەنگاو بۆ جێهێشتنی قۆناغەکەی پێشوو بهاوێژن، کەچی ئۆپۆزسیۆنگەرانێ کە بە وەکالەت هەرێمی کوردستانیان لە فۆرمێکی ئیدیۆلۆجیکراوی باڵادا بە دەستەوە گرتووە، نەیارانیان لە دەسەڵاتدا دەخزێننە خانەی دوژمنانی جەماوەرێکی سیڤیلی ناکامڵبوو لە ڕووی دیالەکتیکی ڕۆشنگەرییەوە، جەماوەرێک کە مەعریفەیەکی باوی ڕووکەشیان لەسەر دیاردە و ڕووداوو و شتەکان و پیلانە شاراوەکانی وڵاتانی داگیرکەر هەبێت و لە چراوگی زانستی سیاسەتکردن بێئاگا بن، جەماوەرێکی بەسەرخۆدا داخراو و بێئاگا لە بونیادی فکریی ئەو دەوڵەتە شۆڤینستانەی کە جێکەوتی کارەساتی ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کورد لە ژێر شەرعیەتی دەقی قورئانی پیرۆزدا بە ڕەوا دەزانن.

بۆیە گرووپەکانی ئۆپۆزسیۆنیش زۆر بە ئاسانی دەتوانن ئایدیۆلۆجیایەکی زاڵمانەی دۆگماتیسم فەرز بکەن بەسەر ئەو چەشنە جەماوەرە سادە و ساکارە و دروشمگەلێکی مژدەهێن کە ئامانج لێی مۆبیلیزەکردنی ڕای گشتیە، بۆ نامۆ کردن و فریودانیان هەڵبرن، نەک ئامانجەکەیان گەڕان و سۆراخ بێت بە شوێن هەقیقەتێکدا لە ناو هەڵوێستە سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی و مەعریفییەکاندا کە سانا نییە بە ئامرازی کلاسیکیەوە لە سەردەمی پێش خۆیان دابڕێن، ناشتوانن بەرهەمی فیکرێک گرێ بدەنەوە بەو ڕووداوانەی ڕۆژانە لە دەوروبەریان دەقەومێن،

تەنانەت دەستەبژێری ئۆپۆزسیۆن بە لۆجیکانە مێژووی قەیرانە توند و بەریەککەوتووەکانی ساڵانی پێشووی ناوچەکە لە مەحەک نادەنەوە، دوای هەموو ئەمانە هەر بانگەشەکردنێکیان بۆ وتەزای (حەقیقەت هەمووی لای ماسمیدیاکانی ئێمەیە نەک لای ئەوانی تر) وتەزایەکە مێژووەکەی بۆ سەردەمانی بیریارانی بەر لە نیچەی فەیلەسوف دەگەڕێتەوە، وتەزایەکە بۆ لێک دوورخستنەوەی دال و مەدلوولە، بەلاّم ئەگەر ئۆپۆزسیۆن لەم سەردەمەدا بە ڕێزەوە گوێ شل نەکات بۆ چەمکی ئەوی تری جیاواز لەسەر دیاردە و شت و حەقیقەتەکان و، پێی وا بێت خۆی سەنتەری گەردوونە و جەماوەر پەپوولەئاسا بە دەوریدا دەسووڕێنەوە، ئەوا ناتوانێ بڵێت منیش وەک دەسەڵات بەتڵیمۆسانە سیاسەت ناکەم، ناتوانێت ئەوە بسەلمێنێت هێشتا لەو سەردەمەدا دەژیێت کە جەماوەر قەناعەتی گشتییان هەیە بەوەی ئەوە خۆرە بە دەوری گۆی زەویدا لە سوڕانەوەدایە نەک پێچەوانەکەی..

بۆ ئەوەی ئۆپۆزسیۆن دەمارگیریی هزریی تووشی زەینیەتی جەماوەری هەرێمی کوردستان نەکات، پێویستە هەمیشە کتێبە نایابەکەی (جۆن لۆک) لە بارەی لێبوردنەوە، لەسەر ئەو مێزەیان دانرابێت کە بۆ گەیشتنیان بە دەسەڵات نەخشەی لەسەر دادەڕێژن، نەک تیۆریاکانی مارکۆزە لە بن سەرینەکەی سەرکردەکانیان دابنێن و وەک فاکتێکی سیاسییانە مێشکیانی پێوە وابەستە بکەن، کە ڕەنگە بتوانن دابڕانی سیاسی بەدی بێنن نەک دابڕانی ئەبستمۆلۆجی..

٢

## ڕیتواڵی خۆدەرخستن و خۆشاردنەوە لە نێوان هەست و نەستدا

ئەوانەی لە پێناوی گەیشتن بە دەسەڵات و بە ئاڕاستەی تەریبی بەرژەوەندییەکانەوە تێ دەکۆشن، چ لە ناو پایەکانی دەوڵەت یان نێزیک بە سەرمایەگوزارکارانی بازاڕ یان لە تەک پۆستەکانی دامودەزگە و ڕێکخراوەکانی حکوومیدا یان بۆ گەیشتنیان بە ژێر قوبەی شەرعیی پەرلەمان، خوێنی تازە دەبەخشنە شادەمارەکانی بزاوتەکەیان و بە بێ ڕەچاوکردنی ئەو سێکوچکەیەی پێشتر لەسەر "ئیلتیزام و ئەخلاق و بەرپرسیارێتی" لە بەشی یەکەمی ئەم بابەتە باسم کردن، ئەوانە شێلگیرانە قولاپی خۆیان دەهاوێژنە ڕووباری ژیانەوە، کەسانێکن زلە قەبارەی خەفەبووی پۆرنۆگرافیی مەرام و ئامانجی ژێراوژێریان کە لە نەستیاندا مۆڵی خواردووە و، بە دەرناخەن، بەڵکو پاش ململانێی فۆندەمینتاڵیانەی سەخت و بێئامان کە لە ڕێی مۆدەخوازیی نێرسیسی دەوڵەتانی پۆرنۆگرافیی خۆرئاواییەوە یان بە چاولێکەریی دەسەڵاتە میتۆلۆجپەرستەکانی خۆرهەڵاتییەوە کە بە پێی ئەزموونی ژیاریی کۆنسێرڤاتیڤانەی ئەوان سەردەمانێک بە کودەتای دەمارگیرانە دابڕانیان لە مێژوودا دروست کردووە، متمانە و لێک حاڵی بوون لە نێوان تاکەکان و خەڵکیدا ناهێڵن و کۆمەڵە بۆچوونێکی هەڵەوگێڕی پڕ ئاژاوە دەنێنەوە، بەو شێوەیە تایتڵ و ڕوویەکی بچووکی جەنتلمانی خۆیان نیشانی جەماوەر دەدەن کە بۆ وروژاندنی سۆزێکی

وشکەڕۆی ساکارانە و قەناعەت پێکردنی کاتییانەی ڕای گشتییە یان بۆ بەئەفسانەکردنی میتافیزیکییانەی خودیان لەبەرهەستیانە..

ئەوانە لەو جۆرە کەسانەن کە لە نەزاهەتی خۆیان زیاتر ددان بە خاوێنیی کەسی تردا نانێن و لە هەوادارانی خۆیان بترازێت هەموو ئەوانی تر پێشوەخت بە چاک و خراپەوە بایکۆت دەکەن و هەموو دنیاش لە فۆرمی ئیدیۆلۆجیایەکی تاکرەهەندا دەخەنە ناو جووت کەوانەوە کە سەرەنجامی ئەم تێفکرینە ماکیاجکراوە ئیدیۆلۆجیاوییە، هێنانی گەورەترین توندوتیژییە و لەگەڵ خۆیدا تەڕ و وشک پێکەوە دەسووتێنێت، ڕەنگە بەهۆی نەبوونی هەستی ئیدیاڵیانەی مێژوویی یان بەهۆی خاوبوونەوەی هەستی لێبوردەیی بێت، کە لە بنەڕەتدا نایانەوێت پێناسی چەمکە تەقلیدییەکانی نەتەوەخوازیی کوردانە و نیشتمانپەروەریی کوردستانییانە بگۆڕن بۆ پێناسی چەمکی وڵاتپارێزانی دەستووری یان بونیادگەریی پۆست نەتەوەیی یان هاووڵاتیانی فرە دەنگ و فرە ڕەنگی دەستووری، بەڵکو دەیانەوێت گەندەڵی و چەتەیی چەند کەسانێکی کارای دەستڕۆیشتووی ناو دەزگەکان کە پێخلیسکاون بەناو لینجاوی پارە و زەوی و ڤێلا و پۆستی باڵادا، بکەنە پاساوێک بۆ دوورخستنەوەی بەشداریی سیاسی هەموو ئەوانەی ڕۆژانێک لە خەباتی شاخ و پارتیزانیدا نەیاریان بوون، بەشێوەیەک هیچ بەشدارییەکی سیاسی بۆ ئەندام و لایەنگرانی ئەوانی تر نەهێڵنەوە تا بە تەواوی کاریگەرییان لە هاوپەندییە کۆمەڵایەتی و کارگێڕی و ئابوورییەکاندا نەمێنێت، تەنانەت مافی دەربڕینی ڕای ئازادیشیان لەسەر تەسک بکەنەوە، واتە بۆ زیاتر دابەزینی ئاستی عەقڵییەتی تۆڵەسەندنەوەکەیان ڕسکانی قەوارەیەکی سیاسی یان کاریگەرییەکی جڤاکییان ناوێت لەسەر چەمکی سەروەریی دابەشمەند هەڵتراپێت، بەڵکو قەوارەیەکیان مەبەستە دەمارگیرانە هەموو فەزای سیستمی حوکمداری بۆ خۆیان قۆرخ بکات و ئەوانی تری تێدا بسڕدرێتەوە، دەیانەوێت کارەساتی ڕووداوی چەند شەهید و برینداریکی خۆپیشاندانەکانی ١٧ شوبات کە بۆ پشتگیری لە خەونی ڕۆمانسییانەی ئیخوانەکانی بەهاری عەرەبی لە بەردەرکی سەرای سلێمانی تەشەنەی پێ سەندرا، بکەنە ئامرازێک بۆ هەرمێنکردنی بازاڕی تاکرەهەندێتیی سیاسی دژ بەو حزبە باڵادەستانەی زۆرینەی پەرلەمانی لە هەرێمی کوردستان پێک دەهێنن، بەوەی گوایە ئەو حزبانە هیچیان پارێزەری خوێنی ئەو سەدان هەزار شەهیدە کادر و پێشمەرگانەش نین کە لە پێناوی ئازادی و سەرفرازیی کوردستاندا بە درێژایی هەشتا ساڵی پێشوو خوێن لە جەستەیان چۆڕاوە.

بەو شێوەیە ئەو حزبانەی سەر بە دەسەڵات لە ڕووی مەجازەوە بە مگێزی خێڵەکیی بێماڵ یان بە چینێکی سەرمایەداری قۆقز ناو دەبەن و خۆیشیان بە خاوەنی ڕەسەنی ماڵی نەزاهەت و هەقیقەت، تەنانەت ئەو لۆجیکە هەقیقەتدارەش لە بیر خۆیان دەبەنەوە کە سیاسەت لە سادەترین واتەیدا برێتییە لە بەراوکردنی زەوینەی جڤاکێکی ئاسوودەی دادپەروەر تا هەموو ڕەنگەکان تێیدا پێکڤە بژین، بەڵام ئەوان بەم شێوازە ئەو تەڵزگە و تخووبە ترسناکەی لە نەستیاندایە بەدەری

ناخـــەن و بەگــۆی نـاهێن و پێـیــان وایـە لەبەردەم جــەمـــاوەریشـــدا ئـەم خــەون بینینەیان بۆ دەسبـەسـەراگـرتنی هـەمـوو شت نابینرێت، بۆیە هـەر ڕووداو و قەومـان و کەمـوکورتی و گـەندەڵـیـەک لە کـاروچالاکییەکانی فەرمـانڕەوایانی ئێـستـادا هـەبێت، دەیقۆزنەوە تـا لە بەرژەوەندیی بەفریشتـە ناساندنی خۆیاندا بەکاری بهێننەوە، کەواتە مەتریاڵێکی هاوبەش لە نێوان خۆیان و دەسەڵاتدا لەم ڕووەوە هەیە، بۆیە پشت لەیەکتر کردن و ڕک و کین تەنیا زمانی هاوبەشی ناوەندەکەیە..

لە ناسـاندنی هـەست و نەسـتی مـرۆڤدا، (فـرۆید) وێنای چیایەکی سەهۆڵبەندمان بۆ دەکێشێت، پێی وایە دەرکەوتنی بەشـە کەمـەکەی چیاکە برێتـیـە لە (هـەست)، هەروەها دیار نـەبوونی بەشـە زۆرەکـەی برێتـیـیـە لە (نەست)، لەو بڕوایەدام سـیـاسـەتکردن بۆ گـەیشتن بـە دەسـەڵات لە لایەن کـەسـانێکەوە کـە بەو ڕوانگە پێکەوە نەگونجـانـەی لەســەرەوە باسـم کـرد کـۆی سـەرچاوەکـەی لە نەستەوەیە..

## ٣
## ماڵئاوایی کردن لە ڕەوتی ئۆپۆزسیۆن و گەیشتن بە ڕووگەی دەسەڵات..
## هەوڵێک بۆ گۆڕینەوەی دەمامکەکان

کــەس ناتوانێت نکۆڵی بکات لەوەی وتەزای (گـەیشـتن بە دەســەڵات) مــەزەندەیەکی ڕێژەییــە و هەبوونی ئەو وتەزایە لە نەسـتی هەمـوو خەڵقەندەیەکی سـەر زەویدا بە ئۆبژەیەکی شاراوەی سـادی سیمبولاریزە کراوە، گەرچی پەیڤینێکی وەها مانای ئەوە ناگەیەنێت هەر کەسێک چاوی لە گەیشتن بە دەســەڵات بێت، ئەوە بێگومـان ڕۆحی لە پۆخـڵـەواتیـدا بزر دەبێت، بەڵکو بە پێی بیـرتیـژی و هۆشیاری و زانیارییە هەڵچنراو و کۆنترۆڵە عەقڵییەکانی هەر خەڵقەندەیەک بۆ گەیشتنەکە، بە شـێـوازێک لە شـێوازەکـان سـیـاسـەت دەکرێت، هـەیە بە پاشـخـانێکی کـۆنکرێتـیی مـەعـریفـیی زانستییانەی ڤۆڵتێرئاسا دەیەوێت واقیع وەک خۆی کە هەیە، دادپەروەرانە باس بکات و پلە بە پلە و لە ڕێی کەڵەکەبوونی ئەزموونەوە بۆ جوانکردنی ماڵ و باشترکردنی دنیا تێکۆشان بکرێت و بەو جـۆرە ببێـتـە جـێی باوەڕی هـەمـوان، نەک لە ڕێی بەرپاکـردنی شـۆڕشـێکی بێ پەروا لەســەر داروپەردووی یەکەم، ماڵێکی تر لە جەبەرووت بینا بکات.

هەیشە بە باکگراوەندێکی شاعیرانەی میتافۆری و فانتازیاییەوە بۆ شکۆداریی کۆمەڵایەتی یان بە خـەونی دامـەزرانی قـەوارەیەکی نەتەوەیی بۆ ڕیاڵیزەبوونی ئامـانجێکی سـتراتیجی بونیادنانی نەتەوە، یان لەژێر کاریگەریی خـڵـتەی ئیدیۆلۆجیایەکی ڕەنگاڵەیی دیاریکراو بۆ بەرگریکردن لە چین و تـوێژێکی دیاریکراو یان بـە تەلیـســمـی ئاینێکەوە باس لە هـاتنی دنیــایەکی دادپەروەر و ئازادانەی ڕەها دەکـات، بێ ئەوەی لە پشـتـەوەی دیاردەکانەوە هیچ ویسـتـێکی ڕۆحیی هـەبێت بۆ دابڕان لە تەنگژەکـانی ڕۆژانەی خــەڵک، بەڵکو پەلەیەتی تا بە قـەڵەمـبـازێکی کـتـوپڕ و لەناکـاو

کۆئاگاییی هەمووان بکاتە قوربانی کۆدێتایەکی عەدەمیی سەرلەبەر و سەرتاسەریی لێوانلێو بە دەمارگیری..

هەردوو جەمسەریشیان هەر لە پێناوی گەیشتن بە دەسەڵات لە تێکۆشاندان، هەر یەکەیان بۆ ئەو گەیشتنە بە جۆرێکی جیاواز ڕووناکایی لە کۆتایی تونێلەکەدا دەبینێت، لەوانەشە هەمان ئەو کەسەی تاکڕەهەندیانە وێنەکانی هەر یەک لەو دوو تێفکرینانە لە نەستیدا ڕەگی داکوتی بێت، وێنەکان بووبێتنە دنەدان و میکانیزمێک بۆ زاراوەی گوتاربێژانە و بۆ فەرمان و بیرکردنەوە و کار و خەباتی ئەپستراکتی ڕۆژانەی لە پێناوی گرتنەدەستی کۆنترۆڵدا، کەچی لەسەر ئاستی هەست، وێنەی خۆی بگۆڕێت و ڕەهەندێکی پاک و ئەمین و بێگەردی ئایدیال یان سیمایەکی دەروێشانەی بێ غەل و غەش بۆ بۆچوونەکانی خۆی دابتاشێت، وەک ئەوەی لە ئاسمانەوە سرووشی بۆ دابەزیبێت وا وێنایان بکاتەوە، کە تێیدا بانگەشە بۆ جیهانێکی دادپەروەری میتۆلۆجیکراوی عەیار بیست و چوار دەکات..

لە ئاقار زڕەی زەنگی ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگری وەک ئەوەی مرۆڤ بە نەست ئاڕاستە دەکرێت، دەتوانم بێژم: دۆخەکانی مرۆڤ پێیدا دەگوزەرێن بە وەستاوی و نەگۆڕاوی نامێننەوە و هاوکات بەردەوام لە ڕێگەی سیاسەتکردنەوە مرۆڤەکان گاف گاف هەوڵی بەدەست هێنانی ناسنامەیەکی مەدەنی یان پایەیەکی ڕەمزی دەدەن، لەوانەشە لە پێناوی خۆسەلماندن و مانەوەی مرۆڤ و دیاریکردنی چارەنووسێکی باش و سەلامەتدا تاک تاکەکانی مرۆڤەکان کۆ ببنەوە و بەم گردبوونەوەیەیان لە تەک یەکدا سیاسەت بکەن، ئەمە بە تەنیا لە ژێر فشاری کاریگەریی غەریزەیی نییە، بەڵکو زۆربەی جاران ژینگەی دەوروبەر هاندەری دەستەبەرکردنی ئەو مافانەیە کە بە شەرعی دەزانرێن یان بۆ ڕزگاربوونی مرۆڤ لە تەوق و دیلێتییەک ئەگەر بوونی هەبێت ئەوەیان لێ بخوازێت، بە گونجاوی پراکسیسی سیاسەت بکەن..

کاتێ تاکەکان بۆ دیاریکردنی شێوازێکی تایبەتی دەسەڵات لە شوێنێک یان لە ئۆرگانێکدا کۆ دەبنەوە، لەوێوە خواستە تایبەتیەکانی هەر تاکێک وەک وتم کە (مۆڵخواردووی نەست) بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتە، دەجووڵێتەوە و بەریەککەوتن لە بەرژەوەندییەکاندا ڕوو دەدەن، خۆ ئەگەر فکری پێکەوەژیان و هۆشیاریی مرۆڤخوازانەی واقیعبینی تاکەکان پاوانی ڕووبەری میتافۆریانەی دەسەڵاتخوازییان نەکات، یان ئاوێزانێکی ستراکتۆری لە نێوان گەشەکردنی عەقڵی مرۆڤەکە بۆ جڵەوگیرکردنی دەسەڵات لە لایەک و فکری پێکەوەژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە تیۆراندنی سیاسیی هزری مرۆڤەکە لە لاکەی ترەوە دروست نەبێت، ئەوە هەر کردە و بارێکی پێکدادان و بەریەککەوتن ئەگەری دروست بوونی ناکۆکی و نەگونجان و ململانێ و توندوتیژی و ڕووداو و کارەساتی نەخوازراوی لێ دەکەوێتەوە، کەواتە مرۆڤی سیاسەتوان بۆ ئەوەی لە مرۆڤایەتی دانەڕووخێت موتوربەکردنێکی پێویستە لە نێوان هزری ئەکادیمی و گەیشتن بە ئاستی باڵای نوخبەوێتیی سیاسیی کە دەرئەنجام سیاسەت بۆ ئاڕاستەکردنی کار و چالاکییەکانی مرۆڤە و لە

پێناوی بەدەستهێنانی ستراتیجە گشتی و ئامانجە تایبەتییە ڕەواکەدا پەلکێش دەکرێت، لەو ناوکۆییەوە وا دەردەکەوێت پێداویستیی هەرە گرینگ لە کۆمەڵگەدا کە مەزنترین شەرعیەت بۆ خۆی وەربگرێت، ڕێکخستنی دەسەڵاتی سیاسیە وەک دیفاکتۆیەکی مەعریفی..!!

٤

## ڕێکخستنی دەسەڵات بە مەعریفەوە

بۆ ئەوەی ڕوونتری بکەمەوە ئەمە نە تیۆریی گەردیلەیە لە فیزیادا، نە پێکهاتنی خانەیە لە بواری بیۆلۆجیادا، نە گەڕانەوەی سرووشتە بۆ سەر ژمارە و ڕەگەزە ماددی و ڕواڵەتە هەستپێکراوەکانی خۆی، بەڵکو ڕێکخستنی دەسەڵات بە مەعریفەوە بۆ ئەوەیە لە سەرێکەوە غەریزەکان نەبنە تەنیا پاڵنەری ئامانجە هزرییەکان بۆ مرۆڤی دەسەڵاتخواز و، لە سەرێکی تریشەوە بیرکردنەوە لە تۆڵە و نواندنی دڵڕەقیێتی و دنەدانی مافخوراوان بۆ توندوتیژی یان فریودانیان بۆ تێکشکانی یاسا مەدەنییەکان نەبنە هاندەری کەسانێکی تر بۆ گرتنەبەری ڕێگەکانی ئۆپۆزسیۆنگەری.

ئەوە مەعریفەیە کە دەتوانێت وا لە دەسەڵاتدارێک بکات لە گرێی خۆبەزلزانی و گرگنی قوتاری بێت و لە ژێر چنگی گوتاری نۆستالجیایانەی ڕەها کە بە ناوی هەقیقەتەوە دەدوێت دەرباز بێت و خاکڕاییانە و بە کردەی سیاسییەوە کار بۆ خۆشگوزەرانیی دنیای ڕێک و هاوئاهەنگیی بێدەسەڵاتێکیش بکات، هەر مەعریفەشە ڕێگە خۆش دەکات تا بە ئاشتییانە میکانیسم و دەرفەتی خاوەن شکۆیی و گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسی بۆ هەمووان بەو پێوانە دیکارتییەی کە جوانی و مۆراڵ و ئەقڵ لێک دەبەستێ فەراهەم بێت. هەمان شت هەر ڕێکخستنی دەسەڵاتە بە مەعریفەوە وا لە کەسێکی ئۆپۆزسیۆنگەریش دەکات لە گرێی خۆبەکەمزانی کەویکراو و قەبارەی وەهمیی گزگلێتی و سیناریۆ خەیاڵکراوەکانی نائومێدی ڕزگاری بێت و بۆ بارودۆخێکی لەبار و گونجاوی مەدەنییانە بگەڕێت کە لەسەرووی واقیعەوە نەبێت بەڵکو بە تواناکانی خۆیەوە بێتە ناو بازنەی گەمەی خۆسەلماندنی سیاسی و وەرگرتنەوەی هێز و وزەی وردەکارانەی ئەکتیڤبووی کایەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی ڕەوای خۆی..

کەواتە ئەمە حەقیقەتێکی حاشا هەڵنەگرە کە بەکارهێنانی تەکنیکی ڕێکخستنی دەسەڵاتی سیاسی بە هۆشیارییەوە وەک ڕەچەتەیەکی دەروونشیکاری لێ دێت و ئەو گرێ دەروونییانە یەکاڵا دەکاتەوە کە لای مرۆڤەکان کراونەتە کەلتوورێکی پیادەکراوی ڕۆژانەی کۆمەڵگەیەکی مەتریاڵ و شمەکخۆر، کەلتووری ئەوەی دەسەڵاتداری و فەرمانڕەوایی لای هەر مرۆڤێک کە بەهۆی بارودۆخێکەوە پێی گەیشتبێت ئەزەلی بێت، هەروەها کەلتووری ئەوەش کە کەسی بێ دەرەتان و ژێردەستە و فەرمانڕەواییکراو هەمیشە بە میرات نەوەی کۆیلە و ژێردەستە بخاتەوە، ئەم بیرکردنەوە ترادیسیۆنێلە دوالیزمەی ناو کۆمەڵگە لە هەردوو جەمسەرەوە بەشێک لە ڕاستی و بەشێک لە ساختەی تێدایە، دیوێک لە خەیاڵ و دیوێکی تری ڕاستەقینەبوونیان هەیە، بەڵام بە

شـێوەی جـۆرەوجـۆری وەهمی کـەناڵەکـانی ڕاگـەیـاندنەوە دەلکێنـرێن و دواتر بۆ ویست و مـەرامی نەسـتییـانەی بکەرەکانی هەردوو جەمسـەر ئاڕاسـتە و دیمەنی ڕاسـتەقینـەی شتـەکان دەشێوێنن، تەنانەت ڕاگەیاندنەکان لە توانایاندایە بـە جۆرێ دەلالەتەکان نغرۆ بکەن کە لە هەمـوو بارگـەیەکی دەلالیی پەیوەست بوو بە جیهانی ڕاستەقینەی بەتاڵ بکەنەوە.

لە حـاڵەتی وەهـادا هـاووڵاتیـیـان وەک بینەر و وەرگـرێک دەکـەونە بەردەم نمایش و نوانـدنی بەردەوامی کەرنەڤاڵیانەی گەمـەی نێوان ئۆپۆزسیـۆن و دەسـەڵاتی سیـاسی، لەو گەمـەیەدا عەقڵی ڕۆشنگەری لەبار دەبرێت و بینەر دەخرێتە ناو فەلەکی ئەو وێنانـەی لە ڕوانگەی ئەپسـتـمـۆلۆجی و سیـاسـی و کۆمـەڵایەتیـیـەوە گوتەزاری حـەقیـقـەت دەشـێوێنن، بکەرانی ڕاگەیاندن لەو گـەمـەیەدا دەتوانن گـریمانە وەهمـییـەکان بخـەنە قـاڵبی ڕاسـتـییـەوە و یان گریمانەی ڕاسـتی و بەهاکـانی حەقیقەت بە وەهم بکەن، تا دەگاتە ئەو ئاستەی بینەرەکان وزە و توانای ئەوەیان نەمێنێت هـەردوو وێنەکە لە یەکتری جودا بکەنـەوە، ئیـتر لە ناوەندەکـەدا وەڕسـبـوونی جەمـاوەر دەگـاتە ترۆپک، بە ڕادەیەک لە سایەی هەڵوێستی ڕەخنەیی ئاڵوودە بە دوای حەقیقـەتدا کەسێک نامێنێتەوە خۆی بە دۆزینەوەی وێنە ڕاستەقینەکانەوە ماندوو بکات.

ئەوەی ئێسـتا لە هەرێمی کـوردستـان دەبینـرێت ڕێکاوڕێک ئەو پەتا ترسناکەیە کە ڕاگـەیاندن بووەتە مـەیدانێکی ئەکتیـڤکراو بۆ کۆمـەڵێک گوتاری ئیـدیۆلۆجی و ئایینیی ناکۆکی دژ بـە یەکتر بۆ هـەرەسـهێنانی کۆی سیـستـمی بیرکردنـەوە، دیاردەی گوتاربێژیی ئەکرۆباتیک و گەمەی زمانەوانی و پێداچوونەوەی ڕادیکالانە پەراوێزێکی فراوانی بۆ زۆربلێییی گشـتێنراو و چەنەبازێتیی ڕۆژانەی سـەر شـاشـەکـان کـردووەتەوە، کـە تیـایدا کـەس نابینێـتـەوە بە پێـوەری ئەنگێـزەیی بـوونی بەرپرسیارێتیی ئەخلاقییەوە وا بە سـانایی کەسی بەرانبەری پەسند بکات، زۆربلێییی هەمووان لە دژی هەمـووان لە خۆیدا کۆت و بەندی دروست کردووە بۆ دیالۆگ و لێک حـاڵیـبوون، چەنەبازێتیی ڕۆژانەی خـەڵک بە شێـوازی نەیارانە لە بەرانبەر قـەیران و کێشـەکان بەربەستیان دروست کردووە لەسـەر پراکسیس کردنی هزری ڕەخنەیی و داهێنـان و چاکسـازی، چەنەبازێتی بە پێچـەوانەی ئەو تێگەیشـتنەی ئۆکتـاڤیـۆبـازەوەیە کە پێی وایە ئاخـاوتن وا لە مرۆڤ دەکات لە پلۆرالیـیـەت نێـزیک ببێتـەوە یان لەو تەنیاییەی تێیدا گیری خـواردووە ڕزگاری بێت، توڕەبوون و جنێودانی بێـهودەی ئاشکرای سـەر مـایکەکـان زۆربەی تاکەکـانی کۆمـەڵگەی کوردیی گەیـاندووەتە ئاسـتێکی بەرزی خۆبـەزلزانیی وا کە هیـچ ڕۆڵی ئاسـاییی بۆ دیالۆگی ڕەگـەزی مرۆڤـانە و لۆجیکی یەکتر خـوێندنەوە بەجێ نەهێڵاوە، ئەمە ناو دەنێم پەتای نائومێدکردن..

## ٥
## ڕێکخستنی فۆرمی دەسەڵات بە یاسا

ڕێکخستنی فۆرمی دەسەڵاتی سیاسی بەیاساوە وا دەکات ئاکارە کەلتوورییە باوەکانی ناو کۆمەڵگە کە وەرچەرخێنراون بۆ ئەخلاقیاتێکی مۆمیاکراوی دیاردەگەرای تێکشکێن، هەتا نە خەسڵەتی میتۆلۆجیی هەمیشەیی بۆ ڕەفتاری مرۆڤەکان دیارخەر بێت و نە فاکتەری دیاریکراوی چەپاندنی دەروونی درێژەی هەبێت، پێویستە ڕەنجێکی زۆر لەگەڵ کەلتووره چەقبەستووەکاندا بدرێت تا لە پەروەردە و هۆشیاریی ناخەکییانەی تاکەکانی کۆمەڵدا دەربهێنرێن، پەیبردن بە گرێ دەروونیەکان لە ناخودئاگای نەخۆشدا هەڵکۆڵینی ئارکیۆلۆجیی دەوێت تا بزانرێت سەرەتاکانی چۆن دروست بوونە و دواتر بۆ لادانی ئەو کەلتوورە باوەی نێو کۆمەڵ چ پرۆسەیەک پیادە بکرێت، خۆ ئەگەر هەر خەسڵەت و فاکتەرەکانی کەلتوورەکە تێک نەشکێن، ناوەکانی سەرلەنوێ ناولێنرێنەوە، دەرئەنجام ماکەکانی سەرلەنوێ لک و پۆ دەردەهێننەوە و دەشبنەوە بە کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم پرۆسەی پیادەکردنی سیاسەتی واقیعیی دروستدا.

لەم بارەیەوە لە خۆرئاوا کەسێکی سەرقافڵەچیی وەک دیکارت دەروونشیکارانە ڕەگ و ڕیشەی گرێ دەروونییەکانی کۆمەڵگەی خۆیانی تاووتوێ کردەوە نەک فرۆید، دەکرێت ئەزموونی فکری وی بۆ تێرامان لە ژیان بگوازرێتەوە بۆ ژینگەکانی تری مرۆڤایەتیش، کەواتە ئەوە دیکارت بوو کە باسی لە ڕزگاربوونی مرۆڤ دەکرد و لە بڕیارە پێشوەختەکانی میتافیزیک دووری دەخستەوە، ئەوجا پاش سێ سەدە دواتر باشلار دێت و هەمان پرانسیپی دیکارت سەرلەنوێ شیتەڵ دەکاتەوە، کە چۆن بەر لەوەی خۆمان بونیاد بنێین، بە چ شێوەیەک خۆمان لە دەست خۆمان ڕزگار بکەین، واتە ئەگەر بەم پرەنسیپانەی ئەوان، مارتن لۆتەریانە کار بکەین، نەک سەلەفییانە نەقڵ بکەین، ئەو کاتە ترس وەک دیاردەیەک لای هەردوو لای دەسەڵاتی سیاسی و ئۆپۆزسیۆن دروست نابێت وەک ئەوەی ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستاندا دروست کراوە، لە شێوەی ئەم ترسەی ئێستای کە هەردوو بەرەی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنی هەرێمی کوردستان لە یەکترییان هەیە و لە کایە سیاسی و ئۆرگانە کۆمەڵایەتییەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە.

مانەوەی ئەم ترسە دەگاتە ئەو حەتمیەتەی هەر لایەک قەڵەمباز بۆ سڕینەوەی لایەکەی تر بە بڕیار و حوکمی پێشوەختەوە بدات، یان لانی کەم لایەک هەوڵی بەرگری کردن و پاراستنی دەسکەوتە مێژووییەکانی بە ڕەوا بزانێت کە بەهۆی خەباتکردنی تاکەکانیەوە بۆ گەیشتنە دەسەڵات هەلی زێڕینی دەسکەوتوون و بە هەڵبژاردنی شەرعی و دەنگدانی جەماوەرەوە وەدەستی خستوون و لە مەیدانێکی بێ ڕێکخەری خرت و خاڵی گەمەی زمانەوانیدا بە موقەدەسی داناون، لایەکەی تریش پەرچەکردارییانە یان کۆنسرڤاتیزمانە یان بەوپەڕی ئەبستراکتیانەوە بە میتۆدی ئاینییەوە یان بە فۆرمی ئایدیۆلۆجیی ڕووتەوە بە گژ ئەو دەسکەوتانەدا دەچێتەوە و تەنانەت زۆر

جار لە مێژووی سەروەرییە گشتییەکانی نەتەوەیی و نیشتمانیی گەلە ستەمدیدەکەی خۆیشیان یاخی دەبن، ڕەنگە دەرئەنجامی ئەم ترسە بگاتە ئەو ئاستەی ئۆرگانەکانی هەردوو لا دەسبەرداری ئەو پرەنسیپانە بن کە ئەخلاق و بەرپرسیارێتی و ئیلتیزامی بۆ مرۆڤایەتی تێدا بەرجەستەیە، بە تایبەتی ئەگەر هەلومەرجەکانی فشاری دەرەکی و هەوڵی دوژمنکارانەی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان هەندێ کاراکتەری ناو ئەو دوو بەرەیە لە دژی یەکتر ببزوێنن، کەواتە لێرەوە دەکرێت بڵێم مەبەست لە ڕێکخستنی دەسەڵات بە یاسا ئەوەیە: ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتییانەی تێدا کۆنترۆڵ کرابێت، کۆنترۆڵێک بۆ ئەوەی مرۆڤەکان بە مەرامی سەرخستنی هاندەرە غەریزەیییەکانیانەوە ماف و ژیان و بەرژەوەندییەکانی یەکتر نەلەوتێنن، هزری پەتیی سیاسیانەی خۆشیان نەکەنە سەیوان بۆ هەمووان، نە دەسەڵاتدار لە پێناوی پاراستنی ئاسایشی دەسەڵاتەکەیدا ئاسایشی کۆمەڵایەتی تێک بدات، نە ئۆپۆزسیۆن لە پێناوی ئارایشتکردنی ڕووخساری خۆیدا ئارایشتی ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە بشێوێنێت، ڕێکخستنەکە زیاتر بۆ زەوینەسازانی هاوتاکردنەوەی ئاسایشی دەسەڵاتی سیاسی و ئارامیی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی بێت، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی ڕێ لە هەر هەنجەتێکی نالۆگیکیانەی ئۆپۆزسیۆن بگرێت کە ڕەنگە بۆ تەنگ پێهەڵچنینی سیستمی دەسەڵاتی نیشتمانی و لەبەریەک هەڵوەشانی کۆی بینای حوکم هەیبێت، بۆ ئەوەی ئۆپۆزسیۆنیش بە ململانێی قیسکەتەنگەوە کاتی خۆی بە فیڕۆ نەدات و بە پێی هەلومەرجی کۆمەڵگەکەی خۆی و بە ئامانجی سەربەخۆیی عەقڵ و ئازادکردنی ناخەکییانەی مرۆڤەوە هەنگاو بنێت تا نەبێتە ئەو وێڵگەردەی لە توناوتونەکانی پەرێزی خاک و دەوڵەتانی ترەوە ڕسکی وەها ڕابکێشێتە لای شەقامی هەرێمی کوردستان، ماڵی ئارام و ئاسوودەیی و ئازادییەک کە ئێستا جێی ئومێدی دنیایە و بەرەو پێشەوە دەچێت، لە هەمووان بکاتە قەقنەس..

٦

## گۆڕینی چارەی ئەفسانەیی بە چارەی واقیعی

سەرەتا بۆ ڕامالینی کۆسپەکان و جێهێشتنی دۆخی توناوتوناویی ئەم هەرێمەی کە لەسەر سوتماکی ئەنفال و کیمیابارانی پێش ڕاپەڕین دروست بووە کە لە بەشی پێشووشدا ئاماژەم پێ دان و لە پێناوی گەیشتن بە ڕۆشناییی فیکری ئۆپۆزسیۆنگەری لە یەکلاکردنەوەی مەسەلە گرینگ و چارەنووسسازەکانی گەلی کوردستان، باشتر وایە ئەو خێر و بێرەی کە لە بندەستی سیستمی بەڕێوەبەرانی فەرمانڕەوایدایە نەخرێنە ناو میکانیسمە سادیزمێتیەکانەوە، بەڵکو وای لێ بکرێت لە خەزێنەی گشتیدا تاکە تاکەی ئەندامانی کۆمەڵگە لێی سوودمەند بن و دەرفەتی وەدەستکەوتنی کار و سامان و خۆشگوزەرانی بۆ هەمووان وەک یەک و بە پێی تواناکانیان و بە یاسا فەراهەم بکرێت، لەگەڵ دەست نەخستنە ناو ئەو پرەنسیپانەی کە کبریا و کەرامەت و سەند و شۆڕەتی

خەڵک دەرووشـێنێت و ئازادییان لێ زەوت دەکات، ئۆپۆزسیۆنیش بە ئەقڵیەت و لۆجیکی سـەرکردە میانڕەوەکانیەوە هەنجەتی ئەوە لای دەسەڵاتی سیاسی نەهێڵێت کە بە حوکمدانی پێشوەختەوە وەک هێزێکی مەترسیدار و هەڕەشەیەکی ترسناک بە شێوەکان وا ڕۆچنە بکرێت کە بۆ تێکدانی ئارامی و ئاسایشی نەتەوەیی و سیاسی و نیشتمانیی هەرێمێک لە پیلان و پلاندایە و تەنیا ئامانجی ئۆپۆزسیۆنگەرایی لەم هەرێمەدا لە مەرگی دەسەڵاتی سیاسیی ئێستادا ببینرێتەوە و دەسـەڵاتداران بە لۆجیکی ناوەخۆییـیەوە بگەیەنێـتە بەدحاڵیبـوونێکی وەها تا ئەو ئاسـتەی ئەحکامی عورفی لە دژی کەسانی ئۆپۆزسیۆنگەر بەکار بهێنرێت..

باشتر وایە ئۆپۆزسیۆن پاکێجەکانی خۆی لە بەرگی ئایدیۆلۆجی و وێنەی کاریکاتێری نەئاڵێنێت و نەیانکاتە پانتاییەک بۆ سفرکردنەوەی هەموو دەسکەوتێکی کە لە واقیعدا بەدەست هاتوون و ئەندامـانیشی نەخاتە بورجێکی عاجی و بە نۆرمێکی پیاوسـالارانەی وەهاوە وا بزانن بە تەنیا خۆیان یاریزانی کارای پانتاییەکانن و لە خۆیان زیاتر کەسی تر بەسەر سەکۆ و مینبەرەکانەوە بڵقاسم نییە، چونکە پێشکێشکردنی پاکێج ئەگەر نیەتی ئەوەی لێ نرا بێت کە وەک سیستمێک لە ئاماژە دەربکەوێت تا بە دەسەڵاتی سیاسیی فەرمانڕەوای ئێستای جێبەجێ بکەن، لەو حاڵەتەدا پێویستـە پاکێجـەکان یەکانگیرییەکی ناوکۆیی بە هەلومەرجە ناوەکی و دەرەکییەکانی هەرێمی کوردسـتـانـەوە هەبێت و پڕاوپڕی ڕسـتـێک بیـروبۆچوونی پێکەوە گـرێدراوی تایبەتمەند بێ بە سیستمی حوکمڕانیی باش و نۆرمی مرۆڤخوازانەوە بۆ دروستکردنی بڕیار، بە پێچەوانەی ئەمەوە ناکرێت بە تۆبزی واقیعێکی گەندەڵکار بگرین و لە بەرگی چەند پاکێجێکی حساباتی ماتماتیکی بئاڵێنین و بیخەینە ژێربار و فرمان و جەبری خۆمانەوە.

مادەم پێویستت بە ئیرادەی دەسەڵاتێکی سیاسی هەیە تا لە ڕێیەوە تاوتوێی واقیعەکە بکرێت و قسە و باسیش لە نادادییەکان ببەستیتەوە بەوەوە، کەواتە ناکرێت تەنیا بە زمانی خۆت ئاینییانە لەسەر ئەو گرفتانە بدوێیت، بەڵکو پێویستـە بۆ کێشـەکان کۆمپرۆمایزانە بە شوێن ڕێگەچارە جیاوازەکاندا بگەڕێیت تا لە داڕشـتنی بڕیـاری سیـاسـیدا و لە چنینەوەی بەرهەم و دەسکەوتە نیشتمانییەکانیشدا مۆرەپەنجەی خۆت بناسرێتەوە و گوتاری ڕیفۆرمخوازیت کاریگەری بەجێ بهێڵێت، وەک چۆنیش ناکرێت کۆمەڵێک وشە و وتەزا لەسەر زاری کەسانی سەر بە زۆنی خۆت دەرخ بکەیت و شـەو و ڕۆژ لە مـاسـمـیدیاکانـتـەوە گشـتگیـرانە بە گـوێی جـەماوەرێکی وەرگـردا بیـڵـێـیـتـەوە و بەسـەر زەین و خـەیاڵدانی هەمـوواندا زاڵی بکەیت، لە کـاتێکدا ئەم کـارەت پێ کـاسـەلێسی بێ بـۆ کـەسـانێک کـە هاوشـێـوە بە شـان و باڵی زۆنێکی تردا هەڵبـدەن، ڕەچەتەی چارەسەری بێدادییەکان بەو شێوەیە نابێت بە تۆبزی کۆمەڵگە وا لێ بکەیت بۆ گەیشتنی خۆت بە پایەکانی دەسەڵات هەمووان بکەیتە کۆرسی پشتەوەی گۆڕانکارییە فۆرمالیستەکانت، خـەڵکێکی سـاکار و خـۆش باوەڕیش بە دروشـمی خـۆشگوزەرانکردنی ژیانیـان بکەیتـە جـەنگاوەری پێـشـی ئایدیۆلۆجیـا کلۆمـدراوەکانت و سـەرجـەم چاکە و خـراپەی کایە و مـایەی داوودەزگـە ئابووری و

خزمەتگوزاری و کارگێڕی و ڕاگەیاندن و پەروەردەیی و زانستییەکان بخەیتە بەر یەک زەبری ئاگر و ڕاستییە شاراوەکانی نەستی خۆتیان لێ وەشاریتەوە و مل بە شیکار و لێکدانەوەیەک بدەیت کە دوور بن لە سیاقی مێژوویی ئەو ژینگەیەی کە گرفتەکانی تێدا ڕسکاون، خۆشگوزەرانیی خەڵکی وەک نەمامێکە لە کەشوهەوای نامناوەند و سەقامگیریدا بە خێرایی و ڕێک و پێکی شین دەبێت، ئەو کەسەی خۆی بە باخەوانی ئەو نەمامە بزانێت نە هەموو سەعاتێک بە ئاودانی زۆر ڕەگ و قەد و گەڵاکانی دەرزێنێت، نە بێ ئاو جێی دەهێڵێت و دەیخاتە لێواری وشکبوونەوەوە.

٧

## گرتنەبەری ڕێگە داخراوەکان

بۆ ئەوەی ئۆپۆزسیۆن دەسەڵاتی خۆی لەسەر قەناعەتی تاکەکانی کۆمەڵ بینا بکات هەرگیز نابێتە مقاشی پیلانی دەستی یەکێک لە جەمسەرە دۆگماییيە دەوڵەتییە هەرێمایەتییەکانی دەوروبەر کە پارچەکانی تری کوردستانیان وەک بارمتە لەلایە و بەخێوکەری چەمکەکانی جیهاد و شەهادەتن و دژ بە ئامانجەکانی ئازادی و قەوارەی سەربەخۆی گەلی کوردستانن لەم هەرێمەدا و بە ئومێدەوە چاوەڕوانی دروستبوونی ڕووداوی تراجیدیایی لێ دەکەن تا شلۆقی لە کایەی گشتیی سیاسەتی دەسەڵاتەکەی دروست بێت، دواتر بە هۆی ئەو ڕووداوەوە ئەزموونی کایە گشتییە سیاسییەکەی هەرێم لەسەر ئاستی دنیای دەرەوە بخەنە ژێر پرسیارەوە و خەباتی سیاسیی پارچەکانی تری کوردستانیش سارد بکەنەوە.

بەڵام گەیشتن بە دەسەڵات لە دنیای هاوچەرخدا بەهۆی سندووقەکانی دەنگدانەوە شتێکی حەتمی و لۆجیکییە و ڕێگەکەشی کراوەیە و زۆر سەخت و دژواریش نییە، گرتنبەری ڕێبازی عەقڵانیی بابەتییانە لەوەدایە قۆناغبەندیی ئایدیۆلۆجی تێپەڕێنرێت بەرەو قۆناغی ئەبستمۆلۆجی هەنگاو هەڵبگیرێت و وێنەی کورد وەک وێنەی مرۆڤێکی واقیعبینی ژیاندۆست نیشان بدرێت نەک وەک وێنەیەکی ترسناک کە نامۆیە بە دنیایەک خەونی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیی ئومێدبەخش، کەواتە مادەمەکێ دەسەڵاتی سیاسیی هەرێمی کوردستان بە هەموو هەڵەیەکی کەڵەکەبووشیەوە، دەسەڵاتێکی سەپێنراوی ڕەوایە و لە لایەن زۆرینەی خەڵکەوە هەڵبژێردراوە و چەسپێنراویشە، ناکرێت ئۆپۆزسیۆن دەسەڵاتێکی سەپێنراوی ناڕەوا بۆ خۆی قبووڵ بکات کە بەهۆی قەومانی ڕووداوێکی بە ئەنقەست دروستکراو یان نەخوازراو یان سروشتییەوە، حوکمڕانی بۆ ئۆرگانەکانی خۆی وەدەست بخات.

لە حاڵەتێکیشدا ئەگەر ئۆپۆزسیۆن سەرلەبەری چۆنیەتیی حوکمڕانیی ئێستای هەرێم بە حوکمێکی نەخۆشی زۆرەملێ زانی و لە ڕێی ئەندام پەرلەمانەکانیانەوە گێچەڵی بەو یاسایانەش کرد کە بە شەرعی و واقیعی لە کابینەکانی پێشووی دەسەڵاتەوە داڕێژراونەتەوە، کە لە داڕشتنەوەیاندا سەرکردەکانی حزب و بزووتنەوەکانی خۆیشیان پێشتر دەستیان لە دانانی ئەو

یاسایانەدا هەبووە، کەچی ئێستا قوتابییەکانیان بە تەنز و تەپڵکوتانی سەرمێزەکانەوە کۆسپ بۆ هەموارکردنەوەی یاساکان دادەنێن، گومانیش دەخەنە سەرلەبەری پرۆژەکان بە پرۆژەی کوردبوونیشەوە، نەک لەو پێناوەی پرۆژەی باشتر هەبن، بەڵکو لەو پێناوەدا نەهلیسیزمانە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پرۆژەیەک بەتاڵ بکەنەوە کە ڕەهەندی نیشتمانی و نەتەوەیی لەپشت بێت، تا دینامیکیەتێک بخوڵقێنن بەهۆیەوە شەزراتی جڵەوگیربوونی دەسەڵات بۆ ئۆرگانەکانی خۆیان مسۆگەر بێت، باشتر وایە ئۆپۆزسیۆن عاقڵانە جۆری تر لە ئامرازی کێبەرکێ بەکار بهێنێ تا لایەنگرانی سەر بە زۆنی خۆیان بۆ گۆڕینی سیستمی سیاسیی حوکمڕان مەدەنییانە ئاڕاستە بکەن، هەروەها نێزیک بە نەفەسی شەڕی نەگریسی براکوژییەوە و بە ناوی ڕای گشتییەوە قسەکانیان گشتگیر نەکەن، یان بێ ئەوەی هەوڵ بدەن پێکهاتەی فرە ئەدگاری کۆمەڵگە لەسەر ڕایەڵ و ستوونی ئایدیۆلۆجیای تاک ڕەهەندیانەی ئەو وێنانە داڕێژنەوە کە لە مێشکی خۆیاندا هەیە و ڕەنگە هەموو کات لەگەڵ وێنە ڕاستەقینەکەدا هاوچوون نەبێت.

واتە، ناکرێت ئۆپۆزسیۆن بە ناوی هەموو کۆمەڵگەوە تێز و ڕەخنەکانی ئاڕاستە بکات و بڵێت ئێمەین هەموو کۆمەڵگە و هەموو کۆمەڵگەش ئێمەن، ئەمە دەرەنجامێکی گاڵتەجاڕانەی پۆپۆلیستانەی لە دوایە، چونکە تاک تاکەی جەماوەر ڕوانینی جیاوازیان بۆ چارەسەری هەر گرفتێک هەیە و ئەو ڕوانینانە یەک جۆر کاڵای بازرگانی نین تا لە یەک ئامێرەوە هەمووی بە یەک ڕەنگ و یەک شێوە دەربچن، ناکرێت ئۆپۆزسیۆن لە لایەکەوە ڕەخنە لە دەسەڵاتی سیاسی بگرێت و بەوە تۆمەتباری بکات لە پێناوی بە حزباندنی کەرتەکانی کۆمەڵگەدا ناسنامە و ئینتیمای کۆمەڵایەتیی تاکەکان دەسڕێتەوە کەچی خۆیان هەمان تاکەکانی سەر بەو کەرتانە بکەنەوە بە کەسانی ملکەچی ئاڕاستەکراو بۆ ئیدیۆلۆجیای ئەو بڕاقەی بە ناوی جەماوەرەوە بۆ هاتنە سەر حوکمی خۆیان تێ دەکۆشێت، نەک بۆ گۆڕینی دنیابینی و ڕوانینی پۆست هیومانیزمانەی مرۆڤەکان، یان بە دروشمی خوازەیی گشتیکراوەوە یان بە کردنەوەی گرێچنە سەردییەکانی کە لە ڕابردوودا زامیان خستووەتە جەستەی کۆمەڵگەوە، تا هەنووکەش هەوڵ بۆ لێکترازانی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە و گومڕاکردنی ئەندامانی ناو خێزانێک بدرێت و تا لە ئاکامدا بیر و بڕوای پۆپۆلیستی سەنتراڵیزە بکرێت..

٨

## بە سەلەفیکردنی بونیادەکانی هەقیقەت

بێبونیادکردنی پێکهاتەی کۆمەڵگە لەوەدایە هەمیشە تاکەکانی بە ئەندامانی جەستەی میکانیکی کاراکتەرەکانی خۆت بچوێنیت، ئیتر ئەمە لە لایەن حزبەکانی سەر بەدەسەڵات یان ئۆپۆزسیۆنەوە هەر چۆنێک بیری لێ بکرێتەوە، جۆرێکە لە قەباحەتی سیاسی، خۆ ئەگەر بۆشایی لە نێوان سەردار و فەرمانڕەوایانی دەسەڵاتی سیاسی و ئەندامانی توێژەکانی جەماوەریش دروست بووبێت

و کارلێککردن لاواز بێت، ئەرکی ئۆپۆزسیۆن ئاگەدارکردنەوەی دەسەلاتە تا بە شێوازێکی مەدەنییانەی دروست، ئەو بۆشاییە نەهێڵێت و فەرمانڕەوایان و هەموو پێکهاتەی حوکمڕانی لە مەترسییەکانی دوورکەوتنەوەیان لە خەڵکی وریا بکەنەوە و تێیان بگەیەنن کە پرۆسەی حوکم لەگەڵ پرۆسەی نێزیک بوون لە داخوازییەکانی گەل پرۆسەیەکی یەکتەواوکارە، نەک وا لە جەماوەر بکرێت بە بێ متمانەیی و نادڵنیایی تووشی دڕدۆنگی و ترس و گومان بن و لەو بۆشاییەوە هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەیان پێ وەربگرن و وەک دوژمنێکی دەرەکی لە سەروەرییەکانی مێژوو و دەسکەوت و شێوازی ئەو سیستمەش بڕوانن کە لە بونیادنانی ماڵی خۆیاندا بە قوربانیدان پێکهێنەری بوون.

ئەم دژاودژ و لەبەریەک وەستانەوەیە زیاتر کاری چەپە دۆگمائیە توندڕۆ و گرووپە سەلەفی و ئیخوانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانە کە وا دەکەن هەموو واتەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی مانای ڕاستەقینەی خۆی ون بکات، دەردی خۆ بەپەراوێز زان و خۆ بەکۆیلە بینین تووشی کۆمەڵگە بێت، تاکەکانیش خۆیان بێ سیمبۆلی خەباتگێڕی و بێ پشت و پەنا و بێ سەروەری بێتە بەرچاو و هیچ شکۆ و هەیبەتێک لە ژیانیاندا بۆ ئایندەش بوونی نەمێنێت، دواجار نەمانی هەیبەت و شکۆ و ئیرادە لەناو خەیاڵدانی مرۆڤ وا بکات چەند پلەیەک لە پەیژەی دیالکتیک بێنە خوارەوە..

لە کاتێکدا ئەزموونەکانی سەرجەم قۆناغەکانی فکری مرۆڤایەتی دەری خستووە هیچ ڕەخنەیەکی زانستانەی بونیادنەر و هیچ شۆڕشێکی گۆڕانخواز، بە قسەی حەماسی بێ ئەرگیومێنت و گریمانەی نەسەلمێنراوەوە نەیتوانیوە ڕایەڵە بونیادییەکانی کۆمەڵگە بجووڵێنێت و هەر هەڵکشانێکی کتوپڕ کە لە هەناوی کۆمەڵگەوە سەرچاوەی نەگرتبێت، داکشانێکی زیاتری لە دوا بووە و لە قۆزاخەیی و متبوونی بێ بەرهەمدا تاکەکانی کۆمەڵی بۆ زۆرترین کات و لە فرەوانترین شوێندا جاڕس و چەقبەستوو کردووە، ئەوانەی بە ئامانجی بەرژەوەندخوازی پەتی بە مەرامی کۆنەستی ڕۆبۆتییانەوە ئەزموونی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان لای خەڵکەکەی لە بناخەوە مایەپووچ و کوێر دەکەنەوە، یان کێشەکانی کورد دەبەستنەوە بە کێشەگەلێکی میتۆلۆجی و وەهمییەوە، لە دڵسۆزییانەوە نییە، هەموو دروشم و بەرنامە دیماگۆگییەکانی کە لە ماسمیدیا ئازادەکانیانەوە ئیدیعای بۆ دەکەن بەدەر لە بیرکردنەوەی ئەبستمۆلۆجین، تەنانەت وایان کردووە هەموو کەسێک بتوانێت لە مایکی ئازادەوە هەر چی بوێت مەرجە هەر بیڵێت، گەر بە هەڕەشە و جنێو و تانە و تەشەریشەوە بووبێت، بێ ئەوەی فێر بکرێن لە کۆمەڵگەیەکی موحافزکارانەی کۆنەستی کوردیدا چ بەرپرسیارێتییەک لەو قسانەدایە کە دەیڵێن و هەست و کەرامەتی کێی پێ زامدار دەکرێت، هێندەی مەبەستیانە کارەسات بنێنەوە و دۆزی باشووری کوردستان لە دەزگە شەرعییەکانیەوە بگێڕنەوە بۆ ناو مانیفێستی چەپە دۆگما توندڕۆکان و دیوەخانی سەلەفییەکان و ناوجەرگەی تیۆلۆجیا جیهادییەکانی ئەودیوی سنووری نیشتمان، ئەوەندە مەبەستیان نییە هیچ کردارێکی کۆپەرنیکۆسی بۆ دابڕان بخەنەوە ناو سیاقە زانستی و سروشتییەکەی خۆی، تا گەشەکردن لە سەرجەم سێکتەر و کایەکاندا بێتە ئاراوە..

# تیۆرییەکانی بەکۆمەڵایەتیبوون

عادل شاسواری[١]

**پێشەکی:**

تیۆریی زانستی برێتییە لە: کۆمەڵێک بنەما و پێناسەی پێوەندار بەیەکەوە دەیەوێت -بەوێناکردن- لە ڕێکخستنی چەند بوارێکی هەڵبژێراو لە جیهانی ئەمبریکیدا[٢] کار بکات لەسەر ڕێکخستنیان و دۆزینەوەی پێوەندییان[٣]. واتە: کۆمەڵێک بیر و ڕاستیی ئەقڵانی و ڕێک خراوە کە ڕاستییەکەی سەلمێنراوە دوای توێژینەوەی ئەکادیمی و گۆڕەپانی، بەکورتی: برێتییە لە گریماندن دوای سەلماندنی ڕاستییەکەی[٤]. ناتوانرێ تیۆری بە شێوەیەکی دروست بەکار بهێنرێ لەگەڵ ئەوەشدا توێژەرەکان ناچارن بەکاری بێنن بۆ لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی توێژینەوەکانیان هەرچەندە چوارچێوەی توێژینەوەکە ئەوە دیاری دەکات کە چ تیۆرییەک بەکار ببات ئەمەش بواری کار بۆ توێژەر کۆ دەکاتەوە و ئەو ڕێگە و شێوازانەی بۆ دیاری دەکات کە دەبێت بیگرێتە بەر لە توێژینەوەکەدا، جۆری ئەو زانیارییانەشی بۆ دیاری دەکات کە پێویستی دەبێ بۆ تەواوکردنی توێژینەوەکەی، ئەمە لە لایەک لە لایەکی ترەوە بەهۆی ئەوەی کە تیۆریی کۆمەڵایەتی دەبێت لە واقیعی کۆمەڵگە بکرێت و توێژینەوەی دیاردەیەکی ڕاستەقینە بکات کە لەناو کۆمەڵگەدا بوونی هەبێ لەو کاتەدا، کەواتە زیاتر یارمەتی دەدات بۆ توێژینەوەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و چارەسەرکردنیان بە بەکارهێنانی ڕێگە و شێوازی زانستیی ورد[٥].

**پێناسەی بەکۆمەڵایەتیبوون:**

بەکۆمەڵایەتیبوون یان پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی یان گەشەکردنی کۆمەڵایەتی، چەندان پێناسەی جۆرەوجۆری بۆ کراوە لەلای هەریەک لە زانا و شارەزاکانی ئەو بوارانەی ڕیشاڵەکانی دەچنە ناو زانستەکانی وەک دەروونناسیی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسی و پەروەردە و ڕاگەیاندن، کە دەکرێت بەکورتی ئاماژە بە چەند پێناسەیەکیان بکەین:

– لە فەرهەنگی (زاراوەکانی زانستی کۆمەڵایەتی)دا هاتووە، بریتییە: "لەو پرۆسەیەی، کە کولتووری پێ دەگوازرێتەوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر. ئەو شێوازەی کە تاکەکانی پێوە دروست دەکرێت هەر لە منداڵییەوە بۆ ئەوەی بتوانن لە کۆمەڵگەیەکی خاوەن رۆشنبیرییەکی دیاریکراودا بژین. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ باوان و قوتابخانە و کۆمەڵگە لە زمان و ئاین و دابونەریت و بەها و زانیاری و کارامەییەکانی فێری تاکەکانی دەکەن"[٦]...

– توێژەری بواری ڕاگەیاندن (ولبرشرام) وای دەبینێت، ڕاگەیاندن سێ ئەرکی گشتیی هەیە، کە یەکێکیان (بەکۆمەڵایەتیبوونە)، سەبارەت بەو ئەرکە نووسیویەتی: ئەرکی بەکۆمەڵایەتیبوون (مامۆستا یان فێرکردنیشی پێ دەوترێت): ئەوەش لە ڕێگەی فێرکردنی تاکە نوێیەکانی کۆمەڵگەوە دەبێت بەکارامەییەکان و ئەو بیروباوەڕانەی، کە یارمەتیی پێگەیاندنی دەدەن[٧]. لە ڕێگەی پێگەیاندنی تاکەکانی کۆمەڵ ئەویش بەپێی گرینگیدان بە توان و لێهاتنەکانیان و ئەو بیروباوەڕانەی کە کۆمەڵ بڕوای پێیانە. لێرەوە هۆکاری ڕاگەیاندن وا دەبینرێت کە گرینگی پێدەرێکی بەرەواجە بۆ فرۆش و ساخکردنەوەی کاڵا و ڕاژە بازرگانییەکان لەنێو تاکەکانی کۆمەڵدا، کە ئەمە جێی ئاماژە و ڕەزای ئەوانە وەک ئەرکێکی پڕوپاگەندە. ئەویش جەخت لەسەر ئەم پەرەسەندنە بەردەوامە دەکاتەوە بۆ ئەرکەکانی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگە نوێیەکاندا، جەخت لەوە دەکەنەوە ئەمڕۆ ئامرازی ڕاگەیاندن بووەتە "دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی، کە مومارەسەی ڕۆڵێکی تەواو دەکات لە ژیانی تاکەکاندا وەک دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی تر"[٨].

– (لیزلی مۆیلەر – Leislie moeller)ی شارەزای ئەرکەکانی ڕاگەیاندن (بەکۆمەڵایەتیبوون) بەیەکێک لە نۆ ئەرکەکانی ڕاگەیاندن دەناسێنێت و دەڵێت: بەکۆمەڵایەتیبوون ئامانجی یارمەتیدانە بۆ یەکخستنی کۆمەڵگە، لە ڕێگەی دەستەبەرکردنی بنەوای هاوبەش بۆ پێوەرەکان و شارەزاییە کۆمەڵەییەکان و ڕێسایەکی هاوبەش لە بەهاکان[٩].

– (دینس ماکوێڵ)یش پێنج ئەرک بۆ ڕاگەیاندن دەستنیشان دەکات، ئەرکێکیان بە بەکۆمەڵایەتیبوون ڕاڤە دەکات لە ڕێی ئەرکی پێکەوە بەستنی بەشەکانی کۆمەڵگە (تحقیق التماسك الاجتماعي)، ئەویش لەم ڕێگەیانەوە بەدی دێت: ڕاڤە و شرۆڤە و لێدوان و بەکۆمەڵایەتیبوون دەستەبەر دەکرێت، پاشان پشتیوانیکردنی کۆڕێی بۆچوونەکان سەبارەت بەدۆز و هەڵوێستە جیاوازەکان. هەروەها لە ئەرکێکی تریشدا بەناونیشانی بەدیهاتنی پێوەندارییی کۆمەڵایەتی (تحقیق التواصل الاجتماعي) (کارکردن بۆ هێشتنەوەی کولتووری کۆمەڵایەتی و پارێزگاریکردن لێی) بەناڕاستەوخۆ باس لە ئەرکی بەکۆمەڵایەتیبوون دەکات لەناو ڕاگەیاندندا، بەدۆزینەوەی هەلێک بۆ گوزارشتکردن لە ڕۆشنبیریی باو و جیاواز و هاندانی داهێنانە ڕۆشنبیرییە نوێیەکان، کارکردن لەسەر دروستکردنی بەهایەکی کۆمەڵایەتیی هاوبەش و پارێزگاریکردن لێی[١٠].

– یونسکۆ بەکۆمەڵایەتیبوون وەک یەکێک لە ئەرکەکانی ڕاگەیاندن دەناسێنێت و بەوە پێناسەی دەکات کە بریتییە لە: فەراهەمکردنی پشتیوانییەکی هاوبەش لە زانین و مەعریفە، کە بتوانرێت

خەڵک وەک ئەندامانێکی چالاک و کاریگەر کار بکەن لەو کۆمەڵگەیەدا کە تێیدا دەژین و پاڵپشتیی نواندن و هوشیاریی کۆمەڵایەتی و ئەوەی کە بەشداریکردن لە ژیانی ڕۆژانەدا دەستەبەر دەکات[11]. (ئەمەش یەکێکە لە ئەرکەکانی گەیاندنی جەماوەری بەدانپیانانی لیژنەی یونسکۆ)[12].

– بەکۆمەڵایەتیبوون لە لای (پۆل لازرسفیلد و میرتۆن): ئەرکی بەهێزکردنی نەریتە کۆمەڵایەتییەکانە و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بەدیی دەهێنن لە ڕێگەی ئاشکراکردنی کەتن و ئابڕووچوونەکان و لادانە کۆمەڵایەتییەکانەوە[13]. ئەوەش بە خستنەڕووی ئەم لادانانە لە بەردەم ڕای گشتیدا[14]. کەوا کار دەکات لەسەر پێوەرەکان یان بەها گشتییەکان و خستنەڕووی لادانەکان ڕوو دەدەن، ئەمەش بۆ پاراستنی کۆمەڵگە لەوەرگەڕان و شڵەژانەکان[15].

ئێستا توێژەر دەگاتە ئەوەی پێناسەیەکی کارپێیی بۆ بکات، کە بەکۆمەڵایەتیبوون پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و لە ناوەخۆیدا واتەکانی کۆمەڵایەتی و دەروونی و پەروەردەیی کۆ دەکاتەوە، پاشان دەڕژێنەوە چوارچێوەی کولتووری کۆمەڵگەوە، کەواتە ڕۆڵی هەیە لە گواستنەوەی توخمەکانی ڕۆشنبیری بەهەموو مانا مادی و واتەییەکانییەوە بۆ نەوەی نوی، منداڵان بەم شێوە ڕادەهێنرێن لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵایەتیی باوی کۆمەڵگەدا بتوانن هەڵ بکەن.. کەواتە دەکرێت لێرەوە توێژەر بەپێناسەیەکی گشتگیر بۆ بەکۆمەڵایەتیبوون بگات، کە بریتییە لەو پرۆسەیەی کە:

– ئاوێتەیەکە لە کۆمەڵە ڕەهەندێکی پەروەردەیی و ژیاری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی ئەوتۆ کە لە ڕابردووی ئەو کۆمەڵگەیەوە تان و پۆی چنراوە و هەموو ژیانی تاک دەگرێتەوە و دەبێتە هۆی گەشە و دروستبوونی کەسێتیی گونجاو بۆ تاک و بەهۆی ڕەچاوکردنی بەها و پێوەرە گشتی و خوازراوەکانی کۆمەڵگەوە هەڵسوکەوت و ڕەفتار و ئاکاری خۆی ڕەنگرێژ دەکات و بونیاد دەنێت تا پەسندیدەی ئەو دەوروبەر و کۆمەڵگەیە بێت، کە تێیدا دەژی و یارمەتیی تاک دەدات بۆ تێرکردنی پێداویستی و پاڵنەرە ئەندامی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی.

**تیۆرییەکانی بەکۆمەڵایەتیبوون:**

کۆی گشتیی ئەو سەرچاوانەی کە باسی تیۆرییەکانی بەکۆمەڵایەتیبوون یان پێوەندار یان نێزیک بەوەوە دەکەن ٢٤ تیۆرە، کە بەلای توێژەرەوە هەموویان جێگەی باسکردن نەبوون چونکە پێویست نەبوون، بەڵام دەکرێت ئەوانەیان کە زۆرتر نێزیکن لە ئامانجەکانی توێژینەکەوە لەسەریان بوەستین، ئەو تیۆرییانەش (کە ١٤ تیۆرین) ئەم توێژینەوانە ئاماژەیان پێ کردوون:

* توێژینەوەکەی "د. صالح محمد علی ابو جادو" ئاماژەی کردووە بە:

١- تیۆریی شیکاریی دەروونی.

٢- تیۆریی فێرکردنی کۆمەڵایەتی.

٣- تیۆریی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی.

٤- تیۆریی کارلێکی هێمایی.
٥- تیۆریی پەیمانی کۆمەڵایەتی.

* توێژینەوەی ال مراد[١٦] ئاماژەی کردووە بە:
١- تیۆریی فێرکردنی کۆمەڵایەتی.
٢- تیۆریی قەرەبووکردنەوە.
٣- تیۆریی خستنەپاڵ یان گەڕاندنەوە بۆ.

* توێژینەوەی المعشی[١٧] ئاماژەی کردووە بە:
١- بیردۆزی شیکردنەوەی دەروونی.
٢- تیۆریی پێکهێنەری منداڵ.
٣- بیردۆزی فێربوونی کۆمەڵایەتی.
٤- بیردۆزی گەشەی دەروونیی کۆمەڵایەتی لە لای ئەریکسۆن.
٥- تیۆریی گەشەی ئاوەزی مەعریفی لای جان بیاجی.
٦- تیۆریی قۆناخەکانی بەکۆمەڵایەتیبوون لە لای (سیرز).
٧- بیردۆزی مۆرر.
٨- ئاراستەی سەرنجی ئیسلام بۆ بەکۆمەڵایەتی بوون.

* توێژینەوەکەی ژیا[١٨] ئاماژەی کردووە بە:
* تیۆرییە دەروونییەکان:
١- تیۆری شیکاری دەروونی.
٢- تیۆریی فێرکردنی کۆمەڵایەتی.
* تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان:
١- تیۆریی پەیمانی کۆمەڵایەتی.
٢- تیۆری کارلێکی هێمایی.
٣- تیۆری ڕۆڵی کۆمەڵایەتی.

* چەند توێژینەوەیەکی ئینتەرنێت ئاماژەیان کردووە بە:
یەکەم[١٩]:
١- تیۆریی بونیادی ئەرکی.
٢- تیۆریی شیکاریی دەروونی.
٣- تیۆریی ململانێ.
٤- تیۆریی فێرکردنی کۆمەڵایەتی.

هەواڵنامەی کتێب

٥- تیۆریی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی.
٦- تیۆریی کارلێکی هێمایی.

دووەم[٢٠]:

١. تیۆریی شیکاری دەروونی.
٢. تیۆریی فێرکردنی کۆمەڵایەتی.
٣. تیۆریی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی.
٤. تیۆریی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی.
٥. تیۆریی کارلێکی هێمایی.

سێیەم[٢١]:

١- تیۆریی ئەریکسۆن لە گەشەی دەروونیی کۆمەڵایەتی.
٢- تیۆریی گەشەی ئاوەزی مەعریفی لای جان بیاجی.
٣- تیۆریی قۆناخەکانی بەکۆمەڵایەتیبوون لەلای (سیرز).
٤- بیردۆزی مۆرر.

چوارەم[٢٢]:

١- تیۆریی ڕامیاریی نێوکارینەکردن.
٢- تیۆریی ململانێ.
٣- تیۆریی پێکهێنانی منداڵ.

وەک لە ڕابردوودا باسمان کرد بۆ تیۆرییەکانی بەکۆمەڵایەتیبوون توێژەر دەبینێت هەر یەک لەم تیۆرییانە هەوڵی لێکدانەوەی کرداری بەکۆمەڵایەتیبوون و کرداری سرووشتیی بوونی کۆمەڵایەتی دەدەن لە ڕوانگەی سەرنجە جیاوازەکانیانەوە، بەڵام وا دەبینرێ باشتر وا بێ سەیری ئەو تیۆرییانە بکرێت لەلایەن خێزان و کۆمەڵگە و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی ترەوە لەسەر منداڵان کراون، تا کرداری بەکۆمەڵایەتیبوون لە باشترین باردا بێت بۆ ئەوەی دەرهێنانێکی کۆمەڵایەتیی بۆ منداڵەکان و هەرزەکارەکان بەشێوەی پێویست و پڕاوپڕ بێت بۆ ئەوەی نموونەیەکی کۆمەڵایەتیی وا بێت بکرێتە پێشەنگ بۆ کۆمەڵگەکانی تر[٢٣] . بۆیە توێژەر بەباشی زانی بەپێی نێزیکیی ناوەڕۆکی تیۆرییەکانی بەکۆمەڵایەتیبوون لە ئامانجەکانی توێژینەکەیەوە، بەکورتی باسێکی ئەم تیۆرییانە بکات:

* تیۆرییە دەروونییەکان (النظريات النفسية):

١- تیۆریی شیکاریی دەرونی (نظرية التحليل النفسي).
٢- تیۆریی فێرکردنی کۆمەڵایەتی (نظرية التعلم الاجتماعي).
٣- تیۆریی ئاکاری. تیۆریی پێکهێنەری منداڵ (النظرية السلوكية. نقرية تشكيل الطفل).
٤- تیۆریی گەشەکردنی عەقڵی مەعریفی (نظرية النمو العقلي المعرفي عند بياجيه).

* تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان (النظريات الاجتماعية):

١- تیۆریی پەیمانی کۆمەڵایەتی (نظرية التعاهد الاجتماعي).
٢- تیۆریی کارلێکی هێمایی (نظرية التفاعل الرمزي).
٣- تیۆریی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی (نظرية الدور الاجتماعي).
٤- تیۆریی ڕامیاریی نێوکارینەکردن (نظرية سياسة عدم التدخل).
٥- تیۆریی ململانێ (نظرية الصراع).
٦- تیۆریی قەرەبووکردنەوە (نظرية التعويض).
٧- تیۆریی خستنەپاڵ یان گەڕاندنەوە بۆ (نظرية العزو).
٨- تیۆریی گەشەی دەروونیی کۆمەڵایەتی (نظرية النمو النفسي الاجتماعي عند اركسون).
٩- تیۆریی سیرز (نظرية سيرز).
١٠- تیۆریی مۆرر (نظرية مور).

**تیۆریی شیکاریی دەروونی** Psychlogyic analysis theory :

بەڕێی ئەم تیۆرییە هەموو ئەو قۆناخانەی، کە تاک لە ژیانیدا پێیدا تێپەڕ دەبێت کاریگەریی خۆیان هەیە لەسەر گەشەی کەسێتیی تاک هەروەک چۆن زۆر لەلایەنگرانی (فرۆید)، کە بە (خوێندنگەی فرۆیدی تازە) دەناسرێن، باس لە ڕۆڵی بەکۆمەڵایەتیبوون دەکەن لە ژیانی مرۆڤدا ئەگەرچی ئەم زانا دەروونییانە گرینگی بەلایەنی دەروونیی تاک دەدەن بەڵام لە گرینگیی لایەنی کۆمەڵایەتی کەم ناکەنەوە و باس لەو ڕۆڵە گرینگە دەکەن کە بەکۆمەڵایەتیبوون لە ژیانی تاکدا دەیگێڕێ. لەوانە: (هاری ستان سالیڤان) "١٨٩٢-١٩٤٩" پزیشکی دەروونیی ئەمەریکی، کە باس لە گرینگیی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە گەشەی کەسێتیی مرۆڤدا دەکات. پێی وایە هەموو ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی تاک لە ڕێگەی کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە دروست دەبێت، کە ئەمەش دەرەنجامی پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوونە و جەخت دەکاتە سەر بوونی دوو پێداویستیی گرینگ لە مرۆڤدا، ئەوانیش: (پێداویستیی ئاسایش و پێداویستیی بایۆلۆجین) و تێرکردنی ئەم دوو پێداویستییەش لە ڕێگەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەبێت، کە لە بەکۆمەڵایەتیبووندا ڕوو دەدات[٢٤].

هەروەها زانای ئەڵمانی (کارل هورنی) جەخت لەسەر ڕۆڵی شوێنکەوتنی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە لە گەشەی تاکدا و باس لە گرینگیی ڕۆڵی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، کە لەنێوان خێزان و منداڵدا ڕوو دەدات و ڕۆڵی لە گەشەی کۆمەڵایەتیی تاکدا، کە ئەمەش بەهەمان شێوە لە ئەنجامی بەکۆمەڵایەتیبوون دەبێت و لە یەکەمین دامەزراوەکانی گەشەپێدانە، کە خێزانە[٢٥].

هەروەها زانای بەناوبانگ (الفريد ادلد "١٨٧٠-١٩٣٧") باس لە گرینگیی ڕۆڵی ڕۆشنبیری و کاریگەریی لەسەر ڕەفتاری تاک دەکات، کە ئەمەش لە ڕێگەی بەکۆمەڵایەتیبوونەوە دەگوازرێتەوە لە نەوە کۆنەکانەوە بۆ نەوە تازەکان و پێی وایە کە کەسێتی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و ئەم کەسێتییە بە زگماکی لەتاکدا هەیە[٢٦].

زانای نەمساوی سیگمۆند فرۆید Sigmund Freud (1856-1939) لەگەڵ مکدوکل Macdocil، وەک دامەزرێنەرانی ئەم تیۆرییە ناسراون، کە لە ڕوانگەیەکەوە بۆ مرۆڤ دەڕوانێت وەک ئاژەڵ چەند غەریزەیەک بەسەریدا زاڵە (وەک شەڕانگێزی)، کە دەکۆشێت بۆ تێرکردنی ئەو ئارەزووەی جۆرێک لە ئاکاری دوژمنایەتی و خوێنڕێژیی پێوە دەردەکەوێت[٢٧]. (فرۆید) سەبارەت بە مرۆڤ ئاماژە دەکات بۆ دوو غەریزەی سەرەکی (مەرگ و ژیان) کە پێکەوە وزەی زیندوویی بە مرۆڤ دەدەن[٢٨]، کە غەریزەی ژیان یان ئەوەی کە پێی دەوترێت (غەریزەی ڕەگەز sex) بەرپرسە لە کۆی پێوەندییە ئیجابی و بەیەکەوە هەڵکردن و نێزیکبوونەوەکانی پێکهاتن و پێکەوە گونجان[٢٩]. بەڵام غەریزەی مەرگ لە لای فرۆید دەگەڕێتەوە بۆ پاڵنەرە دوژمنکارییەکانی وەک ڕووخان و وێرانکردن و دوژمنایەتیی ڕاستەوخۆ بەرامبەر بە ئەوانی تر بەمەبەستی گێڕانەوەی تاک بۆ حاڵەتی پەککەوتن و لە ژیان خستن[٣٠]. بەڕاستی وزەی شەڕانگێزی Aggression Engrgy لە مرۆڤدا بەردەوام ئامادەبوونی هەیە، ئامانجی ئاکاری دوژمنکارانە خەرجکردنی ئەو وزە شەڕەنگێزییەیە چ لەگەڵ دەروونی خۆی یان ئەوانی تر[٣١].

(فرۆید) بە بنیادنەری قوتابخانەی شیکاریی دەروونی دادەنرێت ئەگەر چی لەکاتی خۆیدا بەهۆی بیروبۆچونەکانییەوە ڕەخنەی زۆری لێ دەگیرا بەتایبەت کە سێکس بەهێزی سەرەکی لە ڕەفتاری مرۆڤدا دادەنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بیروبۆچوونەکانی بەردەوام جێگەی سەرنج و بایەخی زۆر لە زاناکان بوون, ٣٢ ئەم تیۆرییە بڕوای بەوە هەیە مرۆڤ بوونێکی هەندێک مەترسیداری هەیە دەبێت کۆنترۆڵ بکرێت، بۆ ئەوەی تاکەکانی کۆمەڵ ئیشەکانیان لە ژینگەیەکی جێگیردا بەسەر بەرن. (فرۆید) پێی وایە کە بناخەی بەکۆمەڵایەتیبوون لای مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ "منی باڵا"، پێشی وایە کە مرۆڤ لە کۆمەڵێک ئارەزوو و پێداویستی پێک دێت و لە گەڕانی بەردەوامدا دەژی بەدوای ئەو ڕیسا و ئامرازانەدا کە ڕووبەڕووی ئەم ئارەزوو و پێداویستییانە دەبنەوە. (فرۆید) وای دەبینێت پێنج ساڵی یەکەمی منداڵ گرینگترین ساتەکانی ژیانی منداڵە، واتە: خێزان و باوان ڕۆڵێکی گەورەیان لەسەر کەسێتیی منداڵ هەیە، پاشان منداڵ فێربوونی سەرەکی لە مامۆستادا دەبینێتەوە و دەکۆشێت بۆ لاسایکردنەوەی، ئەم تێگەیشتنە (تێگەیشتنی منی باڵا) زۆرترین تێگەیشتنی شیکردنەوەی دەروونییە و گرینگە بۆ کرداری بەکۆمەڵایەتیبوون[٣٣]، هەروەها (فرۆید) ئامێری دەماری مرۆڤی دابەشکردووە بۆ سێ بەش[٣٤]، ئەوانیش:

أ) ئەو (الهو) Id: زیاتر ئاکاری ڕەگەزی و شەڕفرۆشتن دەگرێتەوە. فرۆید ئەم قۆناخە بە قۆناخی ئاژاوە و بێ یاسایی دادەنێت. بنەوای بەدەستهێنانی خۆشی و شادی بەڕێوەی دەبات[٣٥]. حەز و ئارەزووەکانی ڕەگەز دوژمنایەتی لەلای منداڵان دروست دەکات، کە فرۆید ناوی دەنێت (ئەو)[٣٦]، هەروەها (فرۆید) پێی وایە ئەم قۆناخە واتە (ئەو = الهو) توانای مرۆڤ تەنیا هەستکردنە بە ژینگە و چواردەورەکەی بێ ئەوەی بتوانێت کاریگەریی هەبێت لەسەری، هەروەها مرۆڤ لەم قۆناخەدا توانی نییە بگاتە خۆشی و شادی بۆیە بەهەموو شێوەیەک پشت بە کەسانی چواردەوری دەبەستێ تا ئەم خۆشییەی بۆ دەستەبەر بکەن، بەتایبەت منداڵ، کە پشت بە دایکی دەبەستێت لەیەکەم

ساتەکانی ژیانی هەتا قۆناخی هەرزەکاری بۆ تێرکردنی پێداویستییە فسیۆلۆجی و کۆمەڵایەتییەکانی هەر لە (خواردن و خەو و بەدەستهێنانی خۆشەویستی و هێمنی و ئاسایش) کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا سەرەتای دەست پێ کردنی پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوونە[٣٧].

ب) من (الأنا) Ego:، بریتییە لەو ڕێژیم و یاسایانەی کە کۆمەڵگە دایدەنێت لێرەوە گەشە بە توانەکانی تاک دەدرێت و دەگۆڕێت لە هەستکردن بە ژینگەی چواردەور بۆ توانی تێبینی و کۆنترۆڵکردن و ڕێکخستنی ڕەفتاری تاک بە شێوەیەکی تا ڕادەیەک کەم. لەم قۆناخەدا بەڕێی (فرۆید) تاک هەوڵ دەدات بۆ گەیشتن بە ڕەوشتی گشتی و بەها باڵاکان بۆیە لێرەدا (من) وەک چاودێر دەبێ بەسەر (ئەو)دا و تێرکردنی سرووشتەکانی دوا دەخات بۆ کاتێک کە بگونجێت لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لەناو کۆمەڵگەدا. هەروەها لەم قۆناخەدا مرۆڤ دەتوانێ کاریگەر بێت لەسەر ژینگەی چواردەوری و تا ڕادەیەک پشت بە خۆی دەبەستێ لە بەدیهێنانی خۆشییەکان، ئەمەش بریتییە لەلایەنی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ کاتێک کە وەک وەڵامدەرێک دەبێ بۆ جیهانی دەرەکی و لەگەڵ ژینگەی دەرەوەی خێزاندا ڕەفتار دەکات، ئەمەش بریتییە لە قۆناخی دووەمی پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون کە دەچێتە دەرەوەی خێزان و درێژ دەبێتەوە بۆ دامەزراوەکانی تری بەکۆمەڵایەتیبوون. هەروەها (فرۆید) پێی وایە کە (من) وەک (ئەو) نییە بەڵکو ڕێکخراو و ڕاستەقینە و ژیربێژانەیە، لێرەدا مرۆڤ کاتێک شێوازی ڕاستەقینە هەڵدەبژێرێ لە تێرکردنی پاڵنەرەکانی (ئەو)دا پرۆسەی بیرکردنەوەی لاوەکی بەکار دێنێت,٣٨ لێرەوە خود دروست دەبێت، کە پێوەندییەکانی تاک لەگەڵ ژینگەی دەرەکی کۆنترۆڵ دەکات و ئەم خودە بەشێکە لە ئەو، کە بەهۆی نێزیکبوونەوەی لە جیهانی دەرەکی گۆڕانی بەسەردا هاتووە. هەروەها بەڕێی (فرۆید) خود ئەو و واقیع ڕێک دەخات[٣٩].

جـ) منی باڵا (الأنا العليا) Super ego. (فرۆید) وا دەبینێت کە ڕەگەکانی بەکۆمەڵایەتیبوون لە ناونانی "منی باڵا" لە لای منداڵ گەشە دەکەن و ئامانجی نێزیکبوونەوەیە بۆ ڕۆڵی دایباب، بۆ کردنەوەی گرێی (ئۆدیب) لە لای ڕەگەزی نێر و گرێی (ئەلێکترا) لە لای مێ. باوانیان (واتە: دایباب) هەوڵ دەدەن لەدژی حەزەکانیان بووەستن، بۆ بەسرووشتیکردن و وەرگرتنی یاساکانی کۆمەڵ و یارمەتیدانیان بۆ تێگەیشتنیان، بەو شێوەیە ڕق لە لای منداڵەکان دژی باوانیان پەیدا دەبێت. بەڵام ئەو ڕقە لە ناخی خۆیاندا هەڵدەگرن لە ترسی سزادانیان و بەدوورگرتنیان لە خۆشەویستی، لەپاش تێپەڕبوونی کات منداڵەکان تێ دەگەن بەو شتانەی قەدەخەکراون، کە باوانیان بۆیان دیاری دەکات، دەزانن کە ئەمانە بەهای کۆمەڵایەتین[٤٠] بەتایبەت دوای هەستکردنیان بەوەی کە ئەو کەسانەی تر، کە کارلێکیان لەگەڵدا دەکەن توانی ئەوەیان هەیە خۆشی و شادییان لێ بسەننەوە بەهۆی داب و نەریت و بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان و بەهۆی ئامرازەکانی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی، کە دەبێتە ڕێگر لە بەردەم تێرکردنی پێداویستییەکانی تاک لەو کاتەدا، کە دەیەوێ[٤١]. لەم قۆناخەدا لەڕووی جەستەییەوە گەیشتووەتە ئەوەی کە بۆ تێرکردنی ئارەزووە ڕەگەزییەکانی لەگەڵ کەسی بەرامبەردا هەڵسوکەوت بکات[٤٢]. پرۆسەی

بەکۆمەڵایەتیبوون لە ڕێگەی ئەو قۆناخانەی کە فرۆید دایناون، کە تاک پیایدا تێپەڕ دەبێت لە ژیانیدا بریتین لە پێنج قۆناخی سەرەکی لەبەرئەوەی شوناسیان زۆر بیستراو و ڕوونە تەنیا ئاماژەپێکردنیان بەپێویست دەزانرێت و لەسەریان ناوەستین:

١- قۆناخی زارەکی (المرحلة الفمية) oral stage.

٢- قۆناخی شەرجی (المرحلة الشرجية) Anal stage.

٣- قۆناخی توڵی (المرحلة القضيبية) Phallic stage.

٤- قۆناخی متبوون (مرحلة الكمون) Latency stage.

٥- قۆناخی ڕەگەزیی زاووزێ (المرحلة الجنسية التناسلية) Hetro'sexuality stage.

تیۆریی فێرکردنی کۆمەڵایەتی (نظرية التعلم الاجتماعي- النمذجة) Social education theory:

ئەلبێرت باندورا Albert Bandoura و ولترز Walters و ئیدموندز Edmondez و ئیڤان بتروفیتش پافلۆڤ (١٨٤٩-١٩٣٦) لە ڕووسیا و واتسون لە ئەمەریکا لە دیارترین کەسایەتیە ناسراوەکانی ئەم تیۆرییەن. تیۆریی فێرکردنی کۆمەڵایەتی ناوێکی تری هەیە (فێربوون بە تێبینی) یان (خۆ بەو چواندن) ئەم تیۆرییە بۆ فێربوونە کۆمەڵایەتییەکان جەخت دەکاتە سەر گرینگیی تێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتی[43]، پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان، بارودۆخی کۆمەڵایەتی لە ڕوودانی پرۆسەی فێربووندا، چونکە فێربوون لەناو دەوروبەرێکی کۆمەڵایەتیدا ڕوو دەدات[44].

کورتەی تیۆرییەکەی (باندۆرا) ئەوەیە کە هەموو تاکێک کۆمەڵێک گریمانە دادەنێ لەبارەی جۆری ئەو ڕەفتارانەی کە لە بارودۆخە جیاجیاکاندا ئەنجامی دەدات و دەیگەیەنێتە ئامانجەکانی و دەرئەنجامی ئەم گریمانانەش دەکەوێتە سەر دەرئەنجامی ڕەفتارەکانی و تا چ ڕادەیەک لەسەریان پاداشت و سزای دەست دەکەوێت و، پێی وایە زۆرترین فێرکردن لەلای تاک لە ڕێگەی تێبینیکردنی ڕەفتاری کەسانی ترەوە دەبێت و دەرئەنجامی ڕەفتارەکانیان بە تایبەت، کە مرۆڤ بەردەوام کاریگەرە بە بیروبۆچوون و ئاراستەکان و فەرمان و هەڵسەنگاندنی کەسانی تر. بەمە تاک فێری ڕەفتاری قبووڵکراو دەبێت لە کۆمەڵگەدا و لە بارێکی تایبەتدا و دووبارەی دەکاتەوە، کاتێک خۆی ڕووبەڕووی ئەو بارە دەبێتەوە، کە ئاکاری شەڕانگێزی ئاکاری کۆمەڵایەتیی فێرکراوە لە ڕێگەی نموونەی پێشڕەو و لاسایکراوی پێشەنگەوە، منداڵان لە خوێندنگە و لە دایباب و هاوڕێوە فێر دەبن، لەگەڵ سەرقاڵبوونیان بە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن وەرگرتنی شێوازی ژیان و زانیاریی ئاسانتر جێبەجێ دەکرێت[45]. کاتێک سزا دەدرێت بەهۆی ئەوەوە کە کارێکی شەڕەنگێزی کردووە، کە گۆڕانی بەسەردا هێناوە، ئەوانی تر مەیلی ئەوە دەکەن کە لاسایی ئەو ئاکارانەی بکەنەوە، کە پێی گەیشتووە[46].

(پافلۆڤ) دەروونناسی ڕووسیی ناسراو، بنەوای شێوازی وروژاندن و وەڵامدانەوەی دۆزییەوە، کە دەکاتە بنەوای سەرەکیی ئەم تیۆرییە، و لەئەمەریکا (واتسون) بەباوکی فێرکردنی کۆمەڵایەتی دەناسرێت، وروژێنەکان پێشەکین بۆ بەرهەمهێنانی وەڵامێکی دڵنیاکەر هەروەک چۆن بەسەر

ئاژەڵدا هەمان ئاکام دەدات بەدەستەوە. لەڕێگەی ئەم کارە هاوشێوانەی پافلۆڤ و واتسۆنەوە کە کردیان بوو بە ڕچەشکێنییەک بۆ چەندان زانای تری وەک: (هل، سبنسر، دولارد، میللر، دوس)[٤٧].
(پافلۆڤ) پێی وایە بەهۆی بوونی هۆکاری بۆماوە هەموو بوونەوەرەکان وەڵامدانەوەیەکی میکانیکییان هەیە بۆ فێربوونی شتەکان، کە ئەمەش پێی دەوترێ (ڕەفتاری وەڵامدەر) ئەمەش بریتییە لەو هەڵسوکەوتانەی کە ڕاستەخۆ کاریگەر دەبێ بەهۆی ڕووداوێکی پێشوەخت، واتە: وەڵامدانەوەیە بۆ کاریگەرکەرێک ئەمەش شتێکی نائارەزووە واتە بێ هەستە، کە لە تاکدا دەردەکەوێ هەروەها ئەم ڕەفتارە وەڵامدەرە بە فێرکردنی لەناو ڕۆڵی هەموو تاکێکدا هەیە بۆ پارێزگاریکردنی مانەوەی لە ژیاندا و زۆر جار ئەم وەڵامدەرە مەرجییە دەگوازرێتەوە لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر، بەتایبەت کاتێک کاریگەرێکی تازە دروست دەبێ و توانی هەیە بۆ دروستبوونی ئەو وەڵامدەرە و کاریگەرە کۆنەکەش بەهەمان توانی جاران هەروەک خۆی دەمێنێ[٤٨].

وەک دەوترێت بەکۆمەڵایەتیبوون خۆی پرۆسەی فێرکردن و پەروەردەکردنە، دامەزرێنەرانی جیاوازی بەکۆمەڵایەتیبوون لەکاتی کاری بەکۆمەڵایەتیبووندا هەندێک شێوازی ناسراو بۆ گەیشتن بە فێربوون پەیڕەو دەکەن، هەر چەندە ئەو کارە بەمەبەست بێت یان بێ مەبەست[٤٩]. تەوەری گشتی دەربارەی تیۆریی فێرکردنی کۆمەڵایەتی لەسەر دوو بیرۆکەی سەرەکی وەستاوە:

یەکەم: گێڕانەوە و لاساییکردنەوە و نموونەی کۆمەڵایەتی. ئەرستۆ دەڵێت: لاساییکردنەوە لە منداڵیەوە تیایدا چێنراوە[٥٠].

دووەم: بنەوای فێربوونی گشتیی وەک: پاداشت و سزا و گشتاندن و جیاکردنەوە، کە ئەوانە ڕۆڵێکی گرینگیان هەیە لەپرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبووندا[٥١]. ئەم فێرکردنەش بریتییە لە گۆڕانێکی هەمیشەیی و بەردەوام لە ڕەفتاری تاکدا، کە ئەمەش لەئەنجامی بەسەرهات و تاقی کردنەوەکانەوە ڕوو دەدات، کە تاک دەیبینێ لەژیانیدا، هەروەها دادەنرێت بەو چالاکییە ناوەکییانەی، کە لە ناوەڕۆکی تاکدا ڕوو دەدەن و ناتوانرێت تێبینی بکرێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ئەگەر سەیری منداڵ بکەین هەر لە سەرەتای لەدایکبوونییەوە وەک پەڕەیەکی سپی وایە، کە هیچ شتێک نازانێت و هەموو پشتبەستنێکی بە کەسانی دەوروبەریەتی، بەتایبەت دایک و باوک و خەمی سەرەکیی تێرکردنی پێدوایستییە فسیۆلۆجییەکانیەتی[٥٢]. لێرەدا کارە دیار و بەرچاوەکانی بەکۆمەڵایەتیبوون ئەمانەن[٥٣]:

١- بەسرووشتیکردن: چاندنی پێکهێنەرەکانی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی لەلای تاک لە سەرەتاوە هەتا کۆتای ژیانی.
٢- پەروەردەکردن: فێرکردنی بەها باڵا و ڕەفتارە دانپیانراوەکان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە کۆمەڵگەدا وەک: چۆنێتیی هەڵسوکەوتکردن بەگوێرەی ئەو پێوەرە بەرزانەی کە ڕۆشنبیریی کۆمەڵگە پێی قبووڵە.
٣- دروستکردنی کەسێتیی ڕاست، کە بتوانێت لە کۆمەڵگەیەکی ئاڵۆزدا بژی و خۆی بگونجێنێت لەگەڵ هەموو ئەو بارودۆخانەی کە ڕووبەڕووی دەبنەوە و گەشە بە کەسێتیی خۆی بدات.

پرۆسەی فێرکردن لەژیانی هەموو مرۆڤێکدا بەدرێژایی ژیانی بەردەوام دەبێ و هەرچەندە شێوازی ئەم فێرکردنە و ئامانجەکانیشی بەگوێرەی ئەو قۆناخانەی تاک تیایدا دەژی دەگۆڕێن و بەگوێرەی دامەزراوەکانی بەکۆمەڵایەتیبوون بۆ نموونە فێرکردن بە چالاکیی جووڵەیی دەست پێ دەکات، کە لە خێزانەوە فێری دەبێ وەک (پێگرتن و ڕاکردن) پاشان دەگۆڕێ بۆ چالاکیی زارەکی، کە لە خوێندنگە فێری دەبێت لەوانە فێربوونی زمان و ڕێزمان بەڵام لەگەڵ گەورەبوونی تاک و بەهۆی ڕووکردنە ژمارەیەکی زۆر و جیا لە دامەزراوەکانی تری بەکۆمەڵایەتیبوون ئەم چالاکییە دەگۆڕێت بۆ چالاکیی ئەقڵی و کۆمەڵایەتی هەر لە فێربوونی چۆنیەتیی هەڵسوکەوتکردن بە گوێرەی بارە جیاجیاکان و گونجاندنی ڕەفتاری لەگەڵ دۆخەکاندا و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو تەنگژانەی دێنە ڕێگەی و چارەسەرکردنی کێشە و گیروگرفتەکانی و بەدەستهێنانی پێوەر و بەهای کۆمەڵایەتی و سوودوەرگرتن لەو خزمەتگوزارییانەی پێی دەبەخشرێن و ئەم فێرکردنەش لە چەندان سەرچاوەوە وەردەگیرێت، لەوانە شارەزاییی کەسێتیی تاک و ئەو ڕووداوانەی کە دێنە ڕێگەی و هەروەها لە ڕێگەی ئاگەداریکردنی بەردەوامی تاک بۆ هەڵسوکەوت و قسەکردن و شێوازی بیرکردنەوەی کەسانی تر و ئاگەداربوونی لەبارەی هەڵسوکەوتی ڕاست، کە پاداشت دەکرێت و ئەوەی کە هەڵەیە سزا دەدرێت لەسەری[٥٤].

خاوەن تیۆریی فێربوون لەڕێگەی لاسایکردنەوەوە، بەتایبەت زانایان (دولارد، میللر) گرینگیەکی زۆر دەدەن بەپاڵپشتی کاری فێربوون، وا دەزانن هەڵسوکەوت گۆڕانکاریی تێدا دەبێت بەپێی پشتگیریی شێوازی بەکارهێنراو یان سزاکەی، ئەو هەڵسوکەوتەی بە پاداشت تەواو دەبێت دەشێت دووبارە بکرێتەوە، لە کارێک یان لە کاتێکی تری هاوشێوەدا، کە پاداشتی لێ وەرگیراوە، لەکاتێکدا هەر هەڵسوکەوتێک کۆتایی بێت بە سزا، وا لەو کەسە دەکات، کە واز بهێنێت لەو کارە، بەڵام (باندۆرا و ولترز) ئاماژە بەوە دەکەن، کە بەتەنیا پشتگیری ناتوانێت شیکردنەوەی ڕووداوەکانی هەڵسوکەوتی منداڵمان بۆ بکات، کە بە کتوپڕی دەیکات، لەکاتێکدا کەس ناتوانێت بڵێت ئەو تەرزە ڕەفتارانەیان کە دروست بوون بەهۆکاری پلەبەپلە و لەڕێگەیی پشتگیریکردنەوە بەدی هاتوون, ٥٥ لێرەدا پێویستە ئاماژە بە سێ پرۆسەی سەرەکیی فێرکردن بکرێت:

أ) مەرجی بەقسەکردن (الاشتراط الاستجابي).

ب) مەرجداری دژ (الاشتراط المضاد).

جـ) مەرجداری بەجێهێنان (الاشتراط الاجرائي).

زۆربەی لایەنگرانی ئەم قوتابخانەیە جەخت دەکەنە سەر چەند بنەوایەک بۆ پرۆسەی فێربوون ئەوانیش٥٦:

١- نموونەی باڵێ و تایبەتمەندییەکانی (خوێندنگە، باوک، هاوڕێ، پاڵەوانی فیلمەکان).

٢- ئەوەی تێبینییەکان دەکات (خوێندکار).

٣- ئاکار و تایبەتمەندییەکانی (نوێ، پاتبووە، کۆمەڵ حەزی لێی بێت).

٤- ئاکامی ئاکار (پاداشت و سزا).

هۆكارەكانی ڕاگەیاندن ڕۆژانە ئاكاری كۆمەڵایەتی و شێواز و تەرزی كۆمەڵایەتی لە ڕێی نواندن و كارە دراماییە واقیعیەكانیانەوە نیشان دەدەن، كە ئەمە دەبێتە هۆكاری هاتنە پێشەوەی ڕۆڵی ڕاگەیاندن بەسەر ڕۆڵی دایباب و... هتد لە ڕێی چاولێكردن و تێبینیكردنی هەڵسوكەوت و جۆری ژیان و پاشان لاساییكردنەوەی ئەو جۆرە ئاكارانەی، كە ئەوان دەیكەن[٥٧]. ئەم تیۆرییە بە گونجاو دادەنرێت بۆ لێكۆڵینەوەی هۆكانی ڕاگەیاندنی جەماوەری، چونكە وێنەكێشان یان وەسفی ژیانی كۆمەڵایەتی زۆر كات بە بابەتێك دادەنرێت لە ناوەڕۆكی ڕاگەیاندندا، ئەو ئەكتەرەی ڕۆڵێك دەگێڕێت ئەوە وێنەی كەسانێكی واقیعی دەكات لەهۆكانی ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراودا، یان ئەوەی كە وەسفی هەڵسوكەوتەكانی دەكات لە ڕۆژنامەی چاپكراودا ئەوە دەتوانێت ببێتە نموونەیەك بۆ كەسانی تر كە چاوی لێ بكەن[٥٨]. هۆكانی ڕاگەیاندن ڕۆژانە شێوازی ڕەفتاری كۆمەڵایەتیمان پێشكێش دەكەن لە شانۆكان و كارە دراماتیكە واقیعیەكاندا، ئەكتەرەكان ڕۆڵی دایباب و دكتۆر و...هتد دەگێڕن، لە ڕێگەی تێبینیكردنی ئەم تێڕوانینەوە مرۆڤ بە لاساییكردنەوە شێوازەكانی ڕەفتاریی پێوەست بەم ڕۆڵێنەوە فێر دەبێت[٥٩].

باندۆرا لەم تیۆرییەدا ڕۆڵی گۆڤاری منداڵێن لە بەكۆمەڵێیەتیكردندا بەم شێوەیە ڕوون دەكاتەوە:

ئەو منداڵێنەی كە گۆڤارەكان دەخوێننەوە و ئەو وێنانەی بلێو كراوەتەوە لەناویدا دەبینن شتی زۆری لێوە فێر دەبن، بەتایبەتی ڕۆڵە كۆمەڵێ یەتییەكان و یەك دەگرن لەگەڵ كەسێتیی ئەو پاڵەوانەی پێشكێشیان كراوە، لێرەدا ڕۆڵی ئەوانەی كە لە ڕۆژنامەوانیی منداڵاندا كاری گەیاندن دەكەن دەردەكەوێت، ئەوەش لە هەڵبژاردنی وێنەی پاڵەوانەكان و هەڵبژاردنی ئەو ڕۆڵە كۆمەڵایەتییانەی كە پێشكێشی منداڵان دەكرێت، چونكە منداڵان چاوی لێ دەكەن و لاساییی ئەو نموونانە دەكەنەوە كە لە ژیاندا پێشكێشیان دەكرێت، ئەمەش بەندە لەسەر بەئاگابوونی منداڵەكە و توانای وەرگرتن و عەقڵی وجەستەیی و جۆری ئەو پاداشتەی كە لەسەر ئەم ڕەفتارە لەلایەن خێزان و كۆمەڵگەوە پێشكێشیان دەكرێت، كە ئەمەش دەوەستێتە سەر ئاستی ئاگاییی منداڵ و توانای وەرگرتنی لەڕووی عەقڵ و ئاوەز و لەشولار و جۆری ئەو خەڵات و پاداشتكردنەی لەناو خێزان و كۆمەڵگەدا لەسەر ئەو ئاكارەی كە پێی هەڵدەستی. ئەمەش ئەو بابەتەیە كە هەردوو زانا (دولارد و میللر) بایەخیان پێی داوە، كە باس لەگرینگیی ئەم پاداشت و سزایە دەكەن لەژیانی مرۆڤدا و لە بارودۆخە جیاجیاكاندا بەتایبەت پاداشت كە دەبێتە پاڵنەرێك لای تاك بۆ دووبارەكردنەوەی ئەو ڕەفتارە، بەڵام لەهەمان كاتدا لەگرینگی سزاش كەم ناكەنەوە[٦٠].

**تیۆریی ڕەفتاری (پێكهێنانی منداڵ): النظریة السلوكیة (نظریة تشكیل الطفل):**

بیرۆكەی ئەم تیۆرییە دەگەڕێتەوە بۆ (جۆن لوك)، كە منداڵی بە كاغەزێكی سپی چواند بەپێی ئەم مانایە منداڵ خاڵیە لە عەقڵ و ئاوەز و دەكرێ بەهەر ناوەڕۆكێكی ژیریی و بیری دەوڵەمەند بكرێت و، دەكرێت پڕ بكرێت لە بیر و هزری وەرگیراو لە ئەزموون بەتەنیا. مەبەست لە بەكۆمەڵایەتیبوون لەم تیۆرییەدا ئەوەیە، منداڵ فێری ڕەوشتی كۆمەڵایەتیی گونجاو بكرێت لەڕێی ڕێبەریكردنیەوە

لەپێناو ئەوەی بەرەو کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتیی تەندروستی ببات، ئەمەش لەبەرئەوەی توانای بشکێت بەسەر ڕۆڵی خۆیدا لەکۆمەڵگەکەیدا و ببێتە ئەندامێکی چالاک و ویستراو[٦١].

خاوەنانی ئەم تیۆرییە وای دەبینن بەکۆمەڵایەتیبوون بریتییە لە کرداری دامەزراندن و پێکهێنانی منداڵ،، کاتێک دێتە جیهانەوە بەسروشتی زگماک خۆی کۆمەڵایەتییە و کێشەی نییە. ئامادەییشی تیایە بۆ پێکهێنان بەشێوەیەکی ڕەها. ئەمە (واتسون) دووپاتی دەکاتەوە لە وتە بەناوبانگەکەیدا (دوانزە منداڵم بدەنێ من بەڵێنتان پێ دەدەم بەو شێوەی خۆم بمەوێت باریان بهێنم، من گەرەنتیتان دەدەمێ، خۆم حەز بکەم بیانکەم بەچی دەیانکەم: یاریزان، بازرگان، پزیشک، زانا، دەرۆزەکار، یان دز).

بنچینەی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەوای ئەم تیۆرییە بریتییە لە (لاساییکردنەوە) لەلای هەریەک لە (میللر و دولارد) و تەرزی وەڵامدانەوەی فێرکراویش بەپێی ژینگە و مەرجی فێربوونە، خەڵاتی گونجاوی پێ بدرێت لە بەرامبەر ئەوەدا کردەوەکانی ئەوانی تر دووبارە دەکاتەوە. بۆیە لاساییکردنەوە لای ئەم دوو زانایە بابەتێکی ناوەرۆکدارە بۆ لێکدانەوەی کرداری بەکۆمەڵایەتیبوون. واتە فێربوونی ڕەوشتی کۆمەڵایەتیی گونجاو لای منداڵ لە ڕێگەی ئاراستەکردن و ڕیبەریکردنی گەشەی کەسێتیی خۆی بۆ ئەوەی بەتوانا بێت لە ڕۆڵگێڕانی لە کۆمەڵگەدا.

کایەکانی جەختکردن لە پێوەندیی ئەم تیۆرییە بە کرداری بەکۆمەڵایەتیبوونەوە پشت دەبەستن بە هۆکارەکانی ژینگە و شارەزایی، نەک لەسەر گەورەبوونی بایۆلۆجیی منداڵ، بەرپرسیارییەتیی بەکۆمەڵایەتیبوون بەتەواوەتی دەکەوێتە سەرشانی بریکارەکانی: باوان و مامۆستاکان و ئەوانی تر بە بەکارهێنانی هۆکاری دیاریکراوی پاداشت و خەڵات پێویستە لێرەدا جەخت بکرێتەوە لە بەکۆمەڵایەتیبوونی تەندروست، کە پابەندە بەپێدانی پاداشت بەشێوەیەکی کارا لەگەڵ ڕوودانی کاتی کردارەکەدا و لەگەڵ سرووشتی هەڵسوکەوتی تاکەکاندا گونجاو بێت[٦٢].

### تیۆریی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی (نظرية الدور الاجتماعي) Social Role:

ئەم تیۆرییە پێوەندارە بە زانای کۆمەڵناس جورج هیربرت مید George Herbert mead ئەو پێی وایە: هەر کۆمەڵگەیەک لە جیهاندا لەبەرەنجامی کۆبوونەوەی ژمارەیەک تاک پێک هاتووە ئەمانەش کارلێک دەکەن لەگەڵ یەکتری و پێوەندیی کۆمەڵایەتی بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە، مەبەستی لە ڕۆڵیش ئەوەیە، کە تاک پێی هەڵدەستێت بریتییە لە بەشێک لەکۆی هەموو کۆمەڵ. ئەم تیۆرییە جەخت دەکاتە سەر بایەخی پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون، کاتێک هەڵدەستی بەدیاریکردنی تایبەتمەندیی ڕۆڵی هەرکەس لە هەر جۆر و ڕەگەزێکی جیاواز، پابەندیان دەکات پێیەوە بۆ ژیانی داهاتوویان، ئەمەش لەم دوو ڕێگەیەوە:

١- کارلێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ تاکەکانی تردا لەسەر بنەمای گرینگی و پێشکێشکردنی تاکی گرینگ بەکۆمەڵگە وەک نیشاندانی بەڵگە بۆ شوێنهەڵگرتنی لەلایەن منداڵانەوە، کە لە دوو شێوەدا

دەردەکەوێت: ڕەفتار چۆن دەکەن؟ گوفتار و قسە چۆن دەردەبڕن؟

دایک دەتوانێت ئەم ڕۆڵە بۆ کۆرپەکەی بەرجەستە بکات، کاتێک خۆراکی دەداتێ یان جلوبەرگی پێ لەبەر دەکات یان بەکارهێنانی هەر وشەیەکی ئەویندازی و...[٦٣] منداڵ ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی جۆرەوجۆر وەردەگرێت لە پێوەندییەکانیدا لەگەڵ خوشک و برا و ئەندامەکانی تری وەک باوک بۆ نموونە، ڕۆڵی هەر دەزگەیەکی بەکۆمەڵایەتیبوونیش هەر وایە هەر داوودەزگەیەک لە کۆمەڵێک پێگەی کۆمەڵایەتی پێک دێت و هەر پێگەیەکیش پێوەستە بە ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتییەوە، کە وەک ئامرازێکی کۆنترۆڵکردنی پێوەندییەکانی نێوان تاکەکان کار دەکات و هەر پێگەیەکی کۆمەڵایەتیش بریتییە لە ڕۆڵی تاک و ڕەفتاری ڕۆڵ و پێشبینیی ڕۆڵ، کە ئەمیش لە ئەنجامی پرۆسەی پێگەیاندنی تاک، لە ڕێگەی (فێرکردنی خواستی یان ئەنقەست) و (فێرکردنی ڕێکەوت) فێری دەبێ[٦٤]، ئەمەش لە تەمەنی منداڵییەوە دەست پێ دەکات بەهۆی کارلێکردنی تاک لەگەڵ ژینگەی چواردەوری لەناو خێزاندا لە بینینی ئەو ڕۆڵەدا بەشێوەیەکی دیار لە دوو ڕوانگەوە ئەوانیش: کارلێکی کۆمەڵایەتیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ منداڵەکەدا. لەگەڵ نواندنی لە قۆناخە جیاوازەکانی گەشەپێدان لەلای منداڵەکە[٦٥]. لە ڕێگەی ئەو کارلێکە کۆمەڵایەتییەوە، کە ئەو منداڵە لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەیدا پێی هەڵدەستی، فێری چۆنیەتیی ڕۆڵ بینین دەبێ لەکاتی بوونی لە بارودۆخە جیاوازەکاندا و چۆنیەتیی بەدەنگەوە چوون بۆ چواردەور و بۆ پێشبینییەکانیان لە بارودۆخە جیاکاندا و فێری ڕێکخستن و نواندنی ڕەوشتی جیاواز دەبێت، کە ئەمەش یارمەتیی دەدات بۆ باشتر ئاراستە بوونی لەهەڵویستە جیاوازەکاندا[٦٦]. ئەوەش ئەوەی فێر دەکات، کە ئەو وەک منداڵێک پێویستە چی بکات و چی لێ چاوەڕێ دەکرێت و چۆن پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەوانی تر، کە لەخۆی گەورەترن لەڕووی تەمەنەوە ڕێک بخات، فێر دەبێت چۆن ڕۆڵی کوڕێک یان برایەک بگێڕێت[٦٧] یان ڕۆڵی کچێک یان خوشکێک چۆن بگێرێت تا دەگاتە ئەوەی، کە لە ڕۆڵگێڕاندا بتوانێت بەسەرکەوتوویی هاوڕێیەکی گونجاو و خوێندکارێکی زیرەک و...ببێت.

٢- ڕۆڵی گەشەکردنی خود self consciousness و پێوەندی بە ئەوانی ترەوە.. جۆرج هربرت مید پێی وایە گەشەکردنی خود بەرەنجامی بنەرەتیی بەکۆمەڵایەتیبوونە و کارێک کە ئەگەری کردنی هەیە ڕێکخستنی خودە و ئامادەکردنی خود بەڕێی (مید) پێوەستە بەبڕی پێوەندیی منداڵ بە ئەوانی ترەوە[٦٨].

بەڕێی (مید) منداڵ تا گەشە دەکات بە سێ قۆناخدا دەڕوات:

١- قۆناخی تێبینیکردنی نامەبەست یا قۆناخی ئامادەبوون (مرحله الملاحقه غیر المقصوده او مرحله الاعداد) prepatory، لەم قۆناخەدا منداڵ لاسایی ئەوانی تر دەکاتەوە، بەبێ ئەوەی دەرک بەوە بکات ئەوان چی دەکەن، وەک داگیرساندن و کوژاندنەوەی پلاک و کردنەوە و داخستنی دەرگە و پەنجەرە و... هتد.

٢- قۆناخی یاری (مرحله اللعب play): لەم قۆناخەدا منداڵ ڕۆڵی دایک دەگێڕێت (ئەگەر کچ بێت)

هەواڵنامەی کتێب

وەک جل شۆردن، جلشۆر پێکردن و بووکەڵە خەواندن و لایلایە کردن و...هتد ڕۆڵی باوک دەگێڕێت (ئەگەر کوڕ بێت) بۆ نموونە: خۆی کۆ دەکاتەوە و بەرەو لای دەرگەکە دەڕوات و دەڵێت: (خواتان لەگەڵ) یان... هتد[٦٩].

٣- قۆناخی گەمەکردن (مرحلە اللعبە game): لەم قۆناخەدا هەر بەڕاستی یاری دەکات و ڕۆڵی هەموو ئەوانە دەگێڕێت، کە لە کایەیەکی هاوبەشی وەک (یاریی تۆپی پێ)دا ڕۆڵیان هەیە، ئەمیش هەوڵ دەدات ئەو ڕۆڵە ببینێت، چ وەک هێرشبەر یان گۆڵچی یان یاریکەری هێڵی بەرگری...هتد، کە ئەم هەستی دەرککردنەی بناخەیەکی پێویستە بۆی هەرچەندە دووریش نەبێت لە کەموکوڕی بەڵام بۆ گەشەی منداڵ زۆر گرینگە[٧٠].

زانا (رالف لینتون) باس لە سێ زاراوەی سەرەکی دەکات لەم بیردۆزەدا ئەوانیش:

١- پێشبینییەکان (التوقعات): و ئەم پێشبینییانەش بەڕێی (لینتون) سێ جۆرن[٧١]:

أ) پێشبینییەکانی پێشینان و باپیران: کە پێش لەدایکبوونی تاک دادەنرێت و دەبێت پابەند بێت پێوەی چونکە وەک بنکەیەکی کۆمەڵایەتی وایە دەبێت تاک جێبەجێی بکات.

ب) پێشبینییەکانی چواردەور و کەسانی تر: ئەم جۆرە لەکاتی کارلێکردنی تاک لەگەڵ کەسانی چواردەوری دەردەکەوێت.

جـ) پێشبینییەکانی کۆمەڵگە: ئەم جۆرەیان بەهۆی ژیانی تاک لەناو کۆمەڵگەدا دروست دەبێ، کە وەک چوارچێوەیەکی شوێن گەڕانەوە کار دەکات، کە تاک دەگەڕێتەوە بۆی لەکاتی هەڵسەنگاندنی ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی.

٢- لەیەکچوون یان وەک یەک بوون (التماپل).

٣- پشگیریکردنی کەسانی تر (تأیید الآخرین).

پوختەی وتە، بۆ هەموو تاکێ ناوەندێکی کۆمەڵایەتیی گونجاو لەگەڵ ڕۆڵ بینینی خۆی هەیە، ناوەندی فێربوونی منداڵ بۆ ڕۆڵ بینینی خۆی لەڕێگەی کارلێکردنی لەگەڵ خەڵکی ترە، بەتایبەتی کەسە گرینگەکان لەژیانیاندا ئەوانەی پێوەندییەکی سۆزدارییان هەیە، بەڵام وەرگرتنی تیۆریی ڕۆڵبینینی کۆمەڵایەتی، تێگەیشتنی ڕۆڵبینین دیاری نەکراوە بەشێوەیەکی ئاشکرا بەتایبەتی لە کۆمەڵگە ئاڵۆزەکاندا، بێئاگەیی لە پێکهاتەی کەسایەتیی بەتایبەتی لەکاتی ڕۆڵبینینی کۆمەڵایەتی، لە کۆتاییدا تەرکیز دەخەینە سەر لایەکی کۆمەڵایەتی لە کرداری بەکۆمەڵایەتیبوون، لەو کاتەی بێئاگەیی لە ڕۆڵەکانی تر، بەتایبەتی لەلای دەروونی[٧٢].

### تیۆریی پەیمانی کۆمەڵایەتی- نظریة التعاهد الاجتماعي Social agreement theory

سید (احمد عثمان) پێشڕەوی ئەم تیۆرییەیە، پێی وایە کە تیۆرییەکانی پێشوو (تیۆرییەکانی شیکردنەوەی دەروونی، فێربوون، ڕۆڵی کۆمەڵایەتی) شیکردنەوەیەکی گشتگیر نادەن بەدەستەوە

هەواڵنامەی کتێب

دەربارەی پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیبوون و پێی وایە کە پەیمانبەستنی کۆمەڵایەتیی ئاڵوگۆڕ بنەوای سەرەکی کارلێکردنی کۆمەڵایەتییە لەنێوان تاکەکاندا بەو پێیەی ئەو تاکەی شتێک دەبەخشێ چاوەڕێی بەرامبەرە.

جگە لەوەی کە لە هەموو ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتیدا ئەم پەیمانبەستنە کۆمەڵایەتییە ئاڕاستەی ئەندامەکانی دەکات بەرەو پێشبینیی کەسانی چواردەوری واتە: ڕەفتار و هەڵس و کەوتی تاک بەگوێرەی پێشبینیی کەسانی تر دەبێ و ڕەفتاری کەسانی تریش بەگوێرەی پێشبینییەکانی تاک دەبێ ئەمەش دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی هەردوو لا لە چوارچێوەی ئەو بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتییانەی کە تاک تیایاندا دەژی و بە پێچەوانەشەوە.

ئەم تیۆرییە لەسەر ئەم بنەوا سەرەکییانەی خوارەوە پێک هاتووە[٧٣]:

١- پەیمانی کۆمەڵایەتیی ئاڵوگۆڕکراو بنەوای کارلێکردنی کۆمەڵایەتییە. بە واتەی ئەو کەسەی دەبەخشێت بەجۆرێک چاوەڕوانی وەرگرتنی شتێک دەکات لە بەرامبەر ئەو شتەی داویتی.

٢- لە ڕێکخستنی هەر کۆمەڵێکی تەواودا، دەبێت ئاراستەی ئەندامەکانی ئەو ڕێکخستنە لەئاستی پێشبینییەکانیاندا بێت، واتە: هەموو تاکێک لەو ڕێکخستنە دیاریکردنی هەڵسوکەوتی بەپێی پێشبینییەکانی کەسانی تر چاوەڕوان کراو بێت. بەجۆرێک پێشبینیی ئەندامەکانی ئەو کۆمەڵەیە بۆ یەکتر هاوتایە.

٣- هاوجووتبوونی هەڵسوکەوتی ئەندامەکانی کۆمەڵەکە بۆ پێشبینییەکانی ئەندامەکان بەرامبەر یەک دەبێتە هۆی ڕازیبوون بەیەکتر. کاروانی پێشبینییەکان و بەها و بنچینەکانی کۆمەڵ، بە پێچەوانەوە هەر کاتێک وەک یەکبوون لە هەڵسوکەوتی ئەندامەکانی کۆمەڵ لەگەڵ پێشبینیی هەر یەکێک بۆ ئەوی تریان، ئەم پێچەوانەیە لە پێشبینیکردن دەبێتە هۆی قایل نەبوون و پەرۆشی، ئەمەش دەبێتە هۆی جۆرێک لە سزادان، جۆری ئاستی سزاکە دەگۆڕێت بەپێی سرووشتی کۆمەڵەکە.

بوونی خاڵی بەهێزی لەم تیۆرییەدا دەگەڕێتەوە بۆ قوڵی و گشتگیریی لێکدانەوەی بەکۆمەڵایەتیبوون تیایدا.

### تیۆریی کارلێکی هێمایی (نظرية التفاعل الرمزي) Symdolic Interaction Theory

ڕەگ و ڕیشەی ئەم فیکرە دەگەڕێتەوە بۆ پەیڕەوی پراگماتی (الڤرائعی)، دیارترینی مەشخەڵ بەدەستانی بریتین لە (جورج هربرت مید ١٨٦٣-١٩٣١)، جون دیوی، (جۆرج زمل ١٨٥٨-١٩١٨)، جورج هربرت بلومر، تشارلز کولی ١٨٦٤-١٩٢٩) و (سی ڕێیت میلز ١٩١٦-١٩٢٩). کارلێکی هێمایی ئەو چالاکییەیە کە لە ڕێگەیەوە ڕاڤەی کار و کردەوە و هەڵسوکەوت و ئاماژەکانی خەڵکی پێ دەکرێت، لەسەر بنەوای مانا کە ڕاڤەی هەڵسوکەوتەکە وەری دەگرێت[٧٤]. (چونکە مانای ئەم هێمایانە دەگۆڕێ لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر و لە ڕۆشنبیرییەکەوە بۆ ڕۆشنبیرییەکی

تر)[٧٥]. (ئەم تیۆرییە وای دەبینێ کە ڕەوشت و کۆمەڵەکان هیچ نین تەنیا بەرجەستەکردنی هێما و نیشانەگەلێک نەبن کە پیشانی تاک دەدرێن و ئەویش چ بە چاک یان خراپ بەشێوەی ڕاستەوخۆ پێیان کاریگەر دەبێت)[٧٦].

(ئەرفنک کوفمان) لە زاناکانی پێش خۆی بەوە جیا دەکرێتەوە کە ئەوان تەنیا باسیان لە کاریگەریی کەسانی دەوروبەر کردووە لەسەر تاک بەڵام (کوفمان) باسی لە کاریگەریی تاکیش کردووە لەسەر کەسانی دەوروبەری. ئەو باس لە دوو جۆر ڕەفتار دەکات کە تاک ئەنجامی دەدات لەکاتی کارلێکی لەگەڵ کەسانی دەوروبەری، ئەوانیش:

أ) خۆ هەڵکێشراو (المختل): واتە لێرەدا کاتێک تاک ڕەفتار دەکات لەو ڕەفتارەدا تەنیا چەند لایەنێکی کەسێتیی خۆی پیشان دەدات و ئەوانی تر دەشارێتەوە بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانی.

ب) دروستکراو (المتصنع): واتە تاک ڕەفتارێک دەکات کە زۆر جیایە لە خۆی و کەسێتیی خۆی[٧٧].

بەپێی سەرچاوەکانی دامەزرێنەرانی ئەم تیۆرییە بەتایبەت (تشارلز کولی و جورج هیربرت و رێیت ملیز)، ئەم خاڵانە لە گرینگترین بنەواکانی تیۆرییەکەن:

* ڕاستیی کۆمەڵایەتی، ڕاستییەکی ئاوەزی و عەقڵییە هەڵدەستێت بە خەیاڵکردنەوە و وێناکردن.

* جەخت لەمەزنیی تواناکانی مرۆڤ دەکاتەوە لە پرۆسەی پێوەندیکردندا لە ڕێگەی ئاماژەکان و تواناکانەوە لەسەر ئارامگرتن و هزرەکان و زانیاری کە دەتوانێ بیگوازێتەوە بۆ کەسانی تر[٧٨].

چەند خاڵێکی تریش هەن کە گرینگیی ناوەرۆکی ئەم تیۆرییە نیشان دەدەن:

١- کۆمەڵگە ئەم پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوونە و بەکارهێنانی زمان وەک ئامرازێک بۆ گونجاندنی تاکەکان و پارێزگاری کردنیان و پارێزگاری کردنی کەلتووری بەکار دێنێ.

٢- بنەوای سەرەکیی ئەم بیردۆزەیە برێتییە لە گرینگیدان بە لێکۆڵینەوەی مرۆڤ و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی بایەخدان بە پرۆسەی کارلێکردنی کۆمەڵایەتیی نێوان تاکەکان بەپشت بەستن بە بەکارهێنانی زمان وەک ئامرازێکی لە یەک گەیشتنی نێوان مرۆڤەکان، ئەم زمانەش برێتییە لە کۆمەڵێک هێما کە مانای جیاواز و دانپیانراو لەخۆ دەگرێت لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە کە تاکەکانی کۆمەڵگە دایان ناوە بۆ ڕوونکردنەوەی پاڵنەر و حەز و ئارەزووەکانیان و تێرکردنیان. ئەمەش بۆماوە نییە بەڵکو بەدەست هێنراوە لە ڕێگەی دامەزراوەکانی بەکۆمەڵایەتیبوونەوە[٧٩].

٣- (جۆرج هربرت مید) وای دەبینێ کە دەرکەوتنی نیشانەکان مانای سەرەتای ڕەوشتی کۆمەڵایەتی بەدەستەوە دەدەن و ئەوانە بەڵگەی کۆمەڵایەتین وەک جووڵاندنی دەست و پەنجەکان کە ئەوانە تێگەیشتنێکی هاوبەشیان لەسەرە لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگە[٨٠].

٤- (چارلس هرتن کولی) پێی وایە دەروونی ئادەمیزاد لە نەبوون و گۆشەگیرییەوە دروست نابێ بەڵکو لەناو کۆمەڵگەدا لە ئەنجامی کارلێکردنی کۆمەڵایەتییەوە دروست دەبێ[٨١]. کۆمەڵگەی

مرۆڤایەتی لە تێکەڵەیەک پێوەندی و هێنانە پێشچاو و فەرمانڕەوایی و ئەقڵی تاک لەگەڵ ئەقڵی کەسانی تر پێکدێ کە خود هیچ ڕۆڵێکی نییە چونکە مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا دەژی و ملکەچە بۆ فەرمانڕەوایی و هێنانە پێش چاوی کەسانی تر، دەروونی ئادەمیزاد بریتییە لە بیر و بۆچوون کە کارلێک دەکات لەگەڵ بیر و بۆچوونی کەسانی تر لە ڕێگەی پێوەندییەکانەوە، لەلایەکی ترەوە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاک ملکەچە بۆ بینینی کەسانی تر و هەڵسەنگاندنیان بۆی. تاک دەتوانێ خۆی بناسێ بە شێوەیەکی بابەتی لە دەرەوەی خۆی بەگوێرەی بینینی کەسانی تر[٨٢].
ئەو ڕەخنەیەی کە لە (کولی) دەگیرێ ئەوەیە ئەگەر خودی تاک لە کۆمەڵگەیەکی داخراوی دیکتاتۆریدا بتوێتەوە و ملکەچ بێت بۆ هەڵسەنگاندن و حوکمی کەسانی تر ئایا لە کۆمەڵگەیەکی کراوەی دیموکراتیدا بەهەمان شێوە دەبێ؟[٨٣]

٥- (جۆرج زمل) پێی وایە کارلێکی ڕەگەزە ئادەمییەکان ملکەچە بۆ ڕۆڵ و شوێن و پابەندبوونەکان و ئەرک و ماف بە پێچەوانەی کارلێکی ڕەگەزە نائادەمییەکان، هەروەها باس لە جۆری کۆمەڵەگەش دەکات کە داخراو بێت یان کراوە و ڕۆڵی لەم بارەیەوە[٨٤].

٦- تیۆریی کارلێکی هێمایی بەو شێوەیە سەیری بەکۆمەڵایەتیبوون دەکات کە پرۆسەیەکی بەردەوامە بەدرێژاییی ژیان، پێگەیاندن و ڕەوشت دەربڕی ئەو پرۆسەیەن، نەک پشت ببەستن بە لایەنەکانی پاڵنەر یا پێویستییەکان یا پرۆسەی نەست یا تایبەتمەندییە زگماکیەکان یان بایۆلۆجییەکان، بەڵکو پشت دەبەستن بە پرۆسەی کارلێککردن و لەسەر پێک بەستنی مانا دەوەستن لەڕوانگەی خود و ئەوانی ترەوە[٨٥].

**تیۆریی ململانێ (نظرية الصراع):**

یەکێک لە ڕەهەندە گرینگەکانی (تیۆریی ململانێ) کارکردنە لەسەر سیستمی پێوەندی، کە لە (تیۆریی سیستم)دا ئیشی لەسەر دەکرێت. بەمانایەکی دی قسەکردن لە ململانێ بە مانای کارکردن دێت لەسەر کایەکانی پێوەندی (کۆمۆنیکاسیۆن) و چاوەڕوانی و ئاسایش لەناو سیستمێک یان چەند سیستمێکی ناکۆک بەیەکتر لەناو کۆمەڵگەیەکدا. ململانێ سێبەری فۆرم و چەشنی پێوەندییەکانمانە. ئامادەبوونی پێوەندی زەمانەتی بەردەوامیی سیستمی کۆمەڵایەتیمانە[٨٦]، چەمکی ململانێی کۆمەڵایەتی لە دەرەنجامی نەگونجان و نەبوونی هاوسەنگی و سیستم و کۆک نەبوون لە چێوەی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا... سەر هەڵدەدا، بیرۆکەی سەرەکی لە ململانێ لەنێوان کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی بە دیاردەیەکی لایەنگیر لە ژیانی مرۆڤایەتی و پێوەندییە باوەکانی نێوانیان دەرکەوت[٨٧]، بونیادی ئەم تیۆرییە دەگەڕێتەوە بۆ هەڵەکردن کە زۆربەی فەیلەسوف و ڕینوینیکاران پشتگیریی دەکەن، لەوانە (تۆماس هۆبز) بەو شێوەیە ڕاڤەی دەکات کە منداڵ کاتێ دێتە جیهانەوە سرووشتێکی گەندەڵی هەیە، بەسرووشتی خۆی دڕندە هەڵکەوتووە، هەوڵ بۆ تێرکردنی مەیل و ئارەزوو و پێداویستییە ماڵاتییە (ئاژەڵییە) خۆڕسکەکانی دەدات، وروژاندنی ئەو ئارەزووانە لەلایەک بەرەو هەڵدێری دەبات و لە لایەکی تریش پێچەوانەیە و هەردەم

له ململانێدایه لەگەڵ خواست و چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵ و ئەو پێگەیاندنەی کە لە چاوی دایک و باوک و بەکۆمەڵایەتیبوونی ئەوانەوە بۆ ئەم دەستەبەر دەکرێت، هەر لە یەکەم ساتی کۆرپەیی و بەخشینی یەکەم دڵۆپی شیری دایکەوە کە پێشکێشی دەکرێت، هەوڵ بۆ ڕاگرتنی ئەو ئیرادە و ئارەزووە ماڵاتییەی دەدرێت و پاڵنەر و ئیرادەی سرووشتی ڕێک دەخری بەجۆرێ کە مەجبوور دەکرێت بنەوای ئاکاری لەسەر بناخەی خۆڕسکی نەبێت بەڵکو بەجۆرێ بێت کە بگونجێت لەگەڵ خواستەکانی کۆمەڵدا[88].

لویس کوزر-کۆمەڵناسێکی ئەمەریکاییی نوێخوازە دەڵێ: ململانێ بریتییە لە (ڕووبەڕووبوونەوەی بەها و ئارەزووەکان کە خاوەن سامان و دەسەڵاتەکان هەیانە)[89]. ڕالف داهرندوف R.Dahrendof- کە کۆمەڵناسێکی ئەڵمانییە لەسەر ئەم تیۆرییە دەڵێ: (ململانێ لە بوونی پێوەندییەکانی نێوان تاکەکان سەر هەڵدەدات کە گومانی جیاجیا لە ڕوودانەکان پەیدا دەکەن)[90].

پشتگیریکەرانی ئەم تیۆرییە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە ئەو جیاوازییەی کە لە کۆمەڵدا دەبینرێت سەبارەت بە ژن و پیاو لەو ئارەزووە ماڵاتییەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە خۆڕسکی مرۆڤەکاندا هەیە و هەر بەخۆڕسک کوڕان خۆیان بەدڕندەتر و بەباشتر دێتە بەرچاو و ئەو شێوازانەی کە لەلایەن دایکانەوە بەتایبەت دەگرێتە بەر لە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیکردنی کچەکانیاندا هەڵەیە چونکە جەخت لەسەر کەم توانایی کچ و بڕوا نەبوون بەخۆی و ئەو حاڵەتە نێگەتیڤانە دەکاتەوە کە پاشان بەسوودی کوڕ و زیانی کچ کۆتایی دێت و بنەوای ململانێکەش هەر ئەمەیە[91].

بە کوشتنی ململانێ ڕەهەندێکی گرینگی ئازادی و بەرهەمهێنانی شوناس دەکوژرێت. گەر ئەم هاوکێشەیەی سەرەوە لەسەر یەکە کۆمەڵایەتییەکان پیادە بکەین، ئەوا لەناو خێزان شەڕ دەبێت، دەبێتە هۆکاری زویربوون، یان بێدەنگکردنی لایەنێک لە قسەکردن (کە بە شێوەیەکی گشتی ژن یان منداڵ دەگرێتەوە)، کە پێ دەنێتە فۆرمی دووەم ئەوا بە سزادان و لێدان و ئازاری جەستەیی و هەندێک جار کوشتن کۆتایی پێ دێت[92].

### تیۆریی سیرز:

بە پێشنیازی (ڕوبرت سیرز) سێ قۆناخی گەشەکردن هەیە لەڕێی پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبووندا:

أ- قۆناخی هەڵسوکەوتی خۆڕسکی: ئەم قۆناخە جەخت دەکاتە سەر پێداویستییە یەکەمەکانی بایۆلۆجیی منداڵ و فێربوونە سەرەتاییەکانی کۆرپە بەزۆری لە مانگەکانی یەکەمی تەمەنیدا "تەنیا گرینگی بە خۆراک و پاک و خاوێنی دەدرێت".

ب- قۆناخی سیستمی بەرگریی ناوەندی: جەخت لەسەر فێربوونی ناو خێزان دەکاتەوە، زۆرینەی کاریگەریی بەکۆمەڵایەتیبوون لەسەر منداڵ سەرەتاکانی تەمەنێتی تاکو ساتەکانی چوونە بەر خوێندنی[93].

ت- قۆناخی سیستمی پاڵنەری ناوەندی کە جەخت لەسەر فێرکردنی دوور لە خێزان دەکاتەوە

"دەرەوەی خـێـزان"، ئەویش بابەتی گـەشـەی دوای سـەرەتاکـانی منداڵـیـیـە، لێرەدا جـۆری هەڵسوکەوتی کـۆمـەڵایەتیی تازە فێر دەبێت، بەپێی سرووشـتی کارلێکردنی لەگەڵ کەسانی تردا. ئەوەی دیار و ڕوونە لە تیۆریی (سیزر)دا باس لە بنچینەی فێربوونە ئایا لەسەر ڕێژەی گەشەیە یان ڕێژەی بەکۆمەڵایەتیبوونە[٩٤].

### تیۆریی ڕامیاریی نێوکارینەکردن (نظرية سياسة عدم التدخل):

بیرۆکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زانایان (جان جاک رۆسۆ- بستالۆزی- فرۆبل- گیزوێل) ئەم تیۆرییە جـەخت لەتوانـای خـۆڕسکی تـاک دەکـاتەوە، کـە بەڕاسـتی تـاک توانایەکی خـۆڕسکی هەیە لە سـرووشـتی خـۆیەوە هەڵقـوڵاوە هەر لە کـاتی لەدایکبـوونیـەوە ئامـادەییی ئەوەی تیـایە بەتـەنیـا بەکرداری گەشەکردن هەستێت. بەڵام نێوکاریکردن و دەس تێخستنی دایک و باوک و مامۆستا و ئەوانی تر ئـەم سـرووشـتـەیان پـێ ون کـردووە و بـەپێـچـەوانەوە بەسـەر گـەشـەکـردن و سـەرپەرشـتـیکردنیدا شکاوەتەوە، نێوکارینەکردن یان بەمـەبەست دروستنەکردنی بارودۆخێکی ناچارەکی بۆی یان ئامادەکردنی ژینگەیەکی گونجاو دەبێتە هۆی گەشـەکردنی منداڵێکی ئازاد لە ئاراستـەکردن بۆ چالاکییەکان، منداڵ دەروازەی پێویستییەکانی دەدۆزێتەوە چونکە گەشـە دەکات بەگەشەکردنێکی تەندروست[٩٥].

### تیۆریی گەڕاندنەوە بۆ (بردنەوە بۆ) نظرية العزو:

لە دوو پەیمانـەکـەی کـۆتاییـەوە کـۆمـەڵێک تیـۆریی (گـەڕاندنەوە بۆ) دەرکـەوتن، لە نوێتـرینی ئەو تیـۆرییانـەی بەخت یاوەری بوو بووە جـێگەی گـرینگی پێدانی توێژەران و پاڵپشـتی کـرا لە لایەن ئەزمـوونکاران و پیشـەوەران و پەروەردەکاران و چارەسـەرکـەرانەوە لەگەڵ توێژەرانی ئاکارناسی (یاری) ئەم تیـۆرییـە بـوو، پێگەی ڕێکخـسـتنی ناوەوە-دەرەوە کـە (جـولیـان ڕوتر) سـاڵی ١٩٦٦ پێـشکێـشی کـرد. ئەم تیـۆرییـە وای دەبینی کـە (یاری) یەککگرتنێکی شـێوازە کـە دەگـەڕێتـەوە بۆ هاوردە و نێردەی ڕەوشتی تاکەکان، یان بە دەربڕینێکی تر ڕەوشتی یاری پێگەی ڕێکخستن لە لای تاک دیاری دەکات[٩٦].

### تیۆریی گەشەکردنی زانیاری لای بیاجی (نظرية النمو المعرفي عند بياجيه):

جان بیاجی چوار قۆناخ پێشنیاز دەکات بۆ گەشەی زانیاری لە بەکۆمەڵایەتیبووندا کە ئەمانەن٩٧:

١- قۆناخی هەستی جووڵە، کە لە لەدایکبوونەوە دەست پێ دەکات تا تەمەنی ١٨ مانگی.

٢- قـۆناخی پێش بیرکردنەوەی بەجێگەیاندن، کە لـە تەمـەنی ١٨ مـانگیـەوە دەست پێ دەکات تا ٧ ساڵی.

٣- قۆناخی بیرکردنەوە لە بینراو، کە لە تەمەنی ٧ ساڵیەوە دەست پێ دەکات تا تەمەنی ١١ ساڵی.

٤- قۆناخی پرۆسێسە وێناکراوەکان، کە لە تەمەنی ١١ ساڵیەوە درێژ دەبێتەوە تا قۆناخی گەنجیەتی.

جان بیاجی دانی بەوەدا ناوە کە ڕیزبەندیی ساڵەکان دەکرێ گۆڕانیان تێدا ڕوو بدات و تەواو جێگیر نەبن، بەڵام ڕیزبەندیی قۆناخەکان بەتەواوی جێگیرن.

جان بیاجی، وا سەیری بەکۆمەڵایەتیبوون دەکات سەبارەت بە تاک یان منداڵ کە لەو چوار قۆناخەوە و لە ڕێی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیەوە منداڵ لەگەڵ خێزانەکەیدا دەتوانێت قۆناخەکانی گەشەکردنی ئاوەزی ببڕێت کە ئەمەش دەکاتە پرۆسێسی هەنگاو بەهەنگاوی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی.

**تیۆریی گەشەکردنی دەروونیی کۆمەڵایەتی لای ئەریکسون- نظرية النمو النفسي الاجتماعي عند اركسون:**

ئەریکسۆن لە ساڵی ١٩٥٦ دەڵێت کرداری بەکۆمەڵایەتیبوون بە هەشت قۆناخدا تێ دەپەڕێت٩٨:

١- فێربوونی متمانە بەرامبەر بە بێمتمانەیی.

٢- فێربوونی خودناسی یان سەربەخۆیی بەرامبەر هەستکردن بەشەرم.

٣- فێربوونی دەسپێشخەری لەبەرامبەر هەستکردن بەگوناە.

٤- فێربوونی دەربڕینی بۆچوون بەرامبەر بە خۆ بەکەمزانین.

٥- فێربوونی ناسینی شوناسی خۆ بەرامبەر بە شێواویی شوناس.

٦- فێربوونی هاوڕێیەتیی گەرم بەرامبەر بە گۆشەگیری.

٧- فێربوونی بەرهەمهێنان بەرامبەر بە خەریکبوون بەخود.

٨- فێربوونی تەواوی بەرامبەر بە بێهیوایی.

هەولێرنامەی کتێب

**تیۆریی موور** Mowrer:

ئەم تیۆرییە (Mowrer 1960) بڕبڕەی پشتی بەکۆمەڵایەتیبوونە، چونکە موور وا دەبینێت هەڵسوکەوتی بوونەوەری زیندوو دابەش دەبێت بەسەر دوو جۆردا:

هەڵچوون یان فسیۆلۆجی: ئەم جۆرە وەڵامدانەوەیە ملکەچی ئامێری دەماری سەربەخۆیە بەو مانایەی لەژێر فەرمانی ئەودایە، ئەم وەڵامدانەوانە بۆ خۆپارێزییە هەڵچوونە، مەبەست لێی دوورکەوتنەوەیە لە ئێش و ئازارێک کە ئەگەری ئەوەی هەیە تووشی بوونەوەری زیندوو ببێت[٩٩].

وەڵامدانەوەی ڕوون و دیار یان بەجێگەیاندن (الادائية): ئامانج لێی کۆنترۆڵکردنی ئەو هەڵوێستانەیە کە تیایدا هەن و ڕێکخستن و زاڵبوونە بەسەر ئەو باردۆخە دیاریکراوەدا کە هەیە، پاشان بەو شێوەیە دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی ئامێری دەماری ناوەندی، چونکە لەناوەرۆکدا دەروونناسیی هەڵچوون جیاوازە لە دەروونناسیی بەجێگەیاندن[١٠٠]. موور لەنێوان تیۆرییەکانی ئاکار و تیۆرییەکانی دەرککردندا بۆ فێربوون گرینگیی زیاتری بە ڕۆڵی هەڵچوون داوە لە فێرکردندا[١٠١].

### تیۆریی قەرەبووکردنەوە (نظرية التعويض):

بەکورتی ئەم تیۆرییە هەوڵدانێکی زانایانی دەروون بوو لەپێناو ڕوونکردنەوەی: مرۆڤ چۆن فێر دەبێت؟ چۆن مامەڵە و هەڵسوکەوت لەگەڵ ململانێی بەردەوام و پاتبوونەوەی نائومێدیدا دەکات؟ ئەم تیۆرییە وای بۆ دەچێت تاک دەگەڕێتەوە بۆ یاریکردن لەپێناو قەرەبووکردنەوەی هەستی نەتوانایی لەهەر شتێکدا بەسەری هاتبێت، لەپێناو هێنانە دیی سەرکەوتن لەهەر بوارێکی ژیاندا[١٠٢].

پەراوێزەکان:

١- ماستەر لە ڕاگەیاندن/ مامۆستای زانکۆی سلێمانی/ بەشی ڕاگەیاندن/ ئەم بابەتەش بەشێکە لە نامەی ماستەرەکەی کە سەبارەت بە پێوەندیی بەکۆمەڵایەتیبوون بە ڕاگەیاندنەوەیە کە هێشتا چاپ نەکراوە.

٢- الامبيريقي : يشير المصطلح إلي كل ما يقوم والذي يعتمد علي الخبرة الحسية، والخبرات التي تم التوصل إليها عن طريق الاستقراء وبالاعتماد علي التجربة، أو الملاحظة أو التجريب الرياضيات والإحصاء. (د. محمد عاطف غيث، ص٥٧).

٣- د. محمد عاطف غيث، قاموس علم الاجتماع، مصدر سابق، ص,٤٨٦

٤- احسان محمد الحسن، مناهج البحث الأجتماعي، ص,٨٢

٥- باسم محمد ولي ومحمد جاسم محمد، المدخل الي علم النفس الاجتماعي، مكتبة دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٤، ص,٣٣

٦- بدوي، أحمد زكي، معجم مصطلحات العلوم الاجتماعية، ١٩٨٢، بيروت، مكتبة بيروت، ص,٦٨

٧- ولبرشرام، وسائل الاعلام والتنمية القومية، مترجم، دمشق: د.م، ١٩٦٩ ص ٦٦- ,٦٧

8- http://www.samtah.net,vb,showthread.php?t=877426 /1/2010

9- Leslie Moeller.The Big Four Mass Media: Actualities and Expectations Rochelle Park, N.T:.Hayden Book Co.1979.p 19 - 24

١٠- ماكويل، دينس، الاعلام وتأثيراته دراسة في بناء النظرية الاعلامية، ت: عثمان العربي، الرياض، دار الشبل للنشر والتوزيع، ,١٩٩٢ ص ٥٢- ,٥٤

١١- بدوي، أحمد زكي، معجم مصطلحات العلوم الاجتماعية، ١٩٨٢، بيروت، مكتبة بيروت، ص,٦٨

١٢- ولبرشرام، وسائل الاعلام والتنمية القومية، مترجم، دمشق: د.م، ١٩٦٩، ص ٦٦- ,٦٧

١٣- مشارقة، تيسير، مدخل الي الدراسات الاعلامية، منشورات بيت المقدس، رام الله، ٢٠٠٢، ص,٤٦

١٤- صالح خليل أبو أصبع، المدخل إلي الاتصال الجماهيري، مصدر سابق، ص,١٥٥

١٥- محمد، مني حجاب، الإعلام والتنمية الشاملة، القاهرة: دار الفجر للنشر والتوزيع، ط٣، ٢٠٠٣، ص ١٣٣- ,١٣٤

١٦- ال مراد، نبراس يونس محمد، أثر استخدام برامج الالعاب الحركية والالعاب الاجتماعية والمختلطة في تنمية التفاعل الاجتماعي لدي اطفال الرياض بعمر (٥-٦) سنوات، جامعة الموصل، كلية التربية الرياضية، أطروحة دكتوراه، ٢٠٠٤، ص,٢٨

١٧- المعشي، محمد بن علي بن مساوي، التنشئة الاجتماعية وعلاقتها بتقدير الشخصية لدي عينة من الجانحين وغير الجانحين بمنطقة جازان، رسالة دكتوراه، جامعة أم القري، ١٤٣٠، ص٤٣-, ٥٠

١٨- ژيا عەباس قادر، ڕۆڵی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لەسەر گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکانی هەرزەکار، توێژینەوەیەکی کۆمەڵایەتیی مەیدانییە لە شاری سلێمانی، نامەی ماستەر لە بەشی کۆمەڵناسی، بڵاو نەکراوەتەوە، کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، ٢٠٠٨، ل, ٤٠ بە سەرپەرشتیی پرۆفیسۆری یاریدەر دوکتۆر: ئاسۆ ابراهيم عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨.

19-http://ktaby.com,vb,t1807,22/2/2010.

20- http://doaa-wwwgirlcom.blogspot.com,2009,04,blog-post.html22 2/2010

21- http://alsarab.coolbb.net,t8766-topic22 2/2010.http://www.ejtemay.com,showthread.php?t=15558&page=222 2/2010

22-http://techinfo.bloguez.com.techinfo,490581.

سايتي الجديد، التنشئة الاجتماعية والاسرة، ٢٢/٢/, ٢٠١٠

٢٣- المعشي، محمد بن علي بن مساوي، التنشئة الاجتماعية وعلاقتها بتقدير الشخصية لدي عينة من الجانحين وغير الجانحين بمنطقة جازان، رسالة دكتوراه، جامعة أم القري، ١٤٣٠، ص, ٤٨

٢٤- محمد جميل و...، النمو من الطفولة الي المراهقة، مصدر سابق _، ص, ٥١

٢٥- ليندا. ل. دافيدوف، ترجمة د. سيد الطواب وآخرون، مصدر سابق _، ص, ٥٨٩

٢٦- محمد جاسم محمد، المدخل الي علم النفس العام، عمان، دار الثقافة للنشر والتوزيع، ٢٠٠٤، ص, ٨٣

٢٧- د. مصطفي احمد تركي، دراسات في علم النفس والجريمة، الكويت، دار القلم للنشر والتوزيع، ١٩٩٦، ص, ٦٢

٢٨- ملكية، كامل لويس، سايكولوجية الجامعات والقيادة، الجزء الاول، القاهرة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨٩، ص ٣٣-٣٤.

29- Kelly shaver , principles of social psychology , Cambridge , Winthrop Publishers , Inc,1977 ,p.449.

30- John Wfoul scott, Aggeressiom chicige, the university of Chicago press, 1967 , p.440

31- S.Frued , Why , the standard Edition of the complete psychological works of sigmond frued vol.22.,new york , clarkevin, 1964, p268.

٣٢. لندا. ل. دافيدوف، مدخل علم النفس، ترجمة، د. سيد الطواب وآخرون، الطبعة الرابعة، دار ماكجروهيل للنشر والدار الدولية للنشر، الولايات المتحدة الأمريكية والقاهرة، ١٩٨٠، ص, ٥٨٢

٣٣- المعشي، محمد بن علي بن مساوي، التنشئة الاجتماعية وعلاقتها بتقدير الشخصية، مصدر سابق، ص, ٤٣

٣٤- ابراهيم عثمان، مقدمة في علم الاجتماع، المصدر السابق، ص, ١٨٤

٣٥- لندا. ل. دافيدوف، ترجمة: د. سيد الطواب وآخرون، مصدر سابق _، ص, ٥٨٤

٣٦- د. صالح محمد علي جاد، سايكولوجية التنشئة الاجتماعية، المصدر السابق، ص, ٤٥

٣٧- احمد عزت راجح، اصول علم النفس، الطبعة العاشرة، مكتب المصري الحديث، الأسكندرية، ١٩٧٦، ص, ٤٧٥

٣٨- ژیـــا عـەباس قـــادر، ڕۆڵی پێگەیاندنی کۆمـەڵایەتی لەسـەر گیروگرفـتـە کۆمـەڵایەتییەکانی هـەرزەکار، توێژینەوەیەکی کۆمەڵایەتیی مەیدانییە لە شاری سلێمانی، نامەی ماستەر لە بەشی کۆمەڵناسی، بڵاو نەکراوەتەوە، کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، ٢٠٠٨، ل, ٤٠

٣٩- كامل محمد المغربي، السلوك التنظيمي، عمان، دار الفكر للنشر والتوزيع، ط٢ ٢٠٠٤، ص, ١٠٧

٤٠- د. أبو جادو، صالح محمد علي، سايكولوجية التنشئة الاجتماعية، مصدر سابق، ص, ٤٥

٤١- فاخر عاقل، علم النفس، الطبعة الخامسة، دار العلم للملايين، بيروت، ١٩٧٧، ص ٧٢١-٧٢٢,

42- Millie Almy, child Development" N.Y19055.p337.

٤٣- خلود احمد يحيي، الاضطرابات السلوكية والانفعالية، عمان، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، ١٩٩٥، ص, ٥٣

٤٤- د. أبو جادو، صالح محمد علي، علم النفس التربوي، عمان، دار المسيرة، ط٢ ٢٠٠٠، ص, ٢٢١

45- Bandura,Principles of behoavior Modification ,holt rein hart and Winston , New York, 1969, p.p.95-96.

46- Bandura , Aggress Asocial Learning Analysis , Prentic Hall , N.y, 1973,p.18.

٤٧- ال مراد، نبراس يونس محمد، أثر استخدام برامج الالعاب الحركية والالعاب الاجتماعية، مصدر سابق، ص, ٢٨

٤٨- عبد علي الجسماني، علم النفس و تطبيقاته التربوية والاجتماعية، مكتبة الفكر العربي، بغداد، ١٩٨٤، ص ١٥٨-١٦٠,

٤٩- د. أبو جادو، صالح محمد علي، سايكولوجية التنشئة الاجتماعية، مصدر سابقـ، ص, ٤٧

٥٠- محمد سعيد أبو طالب وآخرون، عوامل التربية الجسمية والنفسية والاجتماعية، ط١، دار النهضة العربية، بيروت، ٢٠٠١، ص, ١٩٩

٥١- المعشي، محمد بن علي بن مساوي، التنشئة الاجتماعية وعلاقتها بتقدير الشخصية لدي عينة من الجانحين، مصدر سابقـ، ص, ٤٥

٥٢- د.أبو جادو، صالح محمد علي، سايكولوجية التنشئة الاجتماعية، مصدر سابق ـ، ص, ٤٧

٥٣- ژیـــا عـەباس قـــادر، ڕۆڵی پێگەیاندنی کۆمـەڵایەتی لەسـەر گیروگرفـتـە کۆمـەڵایەتییەکانی هـەرزەکار، سەرچاوەی پێشوو، ل, ٤٣

٥٤- ليندا. ل. دافيدوف، ترجمة، د. سيد الطواف وآخرون، المصدر السابق، ص, ١٩٤

٥٥- د. أبو جادو، صالح محمد علي، التنشئة الاجتماعية، المصدر السابق، ص, ٤٨

٥٦- جودت عزت، مصدر سابق، ص, ٢٦٠

٥٧- جمال المنيس، الأسلوب العلمي لدراسة الإعلام، المصدر السابق، ص ٤٥٣-٤٥٤,

٥٨- ملفين ديفلير، ساندرا بول روكتش، نظريات الإعلام، المصدر السابق، ص, ٢٩٨

٥٩- جمال المنيس: الأسلوب العلمي لدراسة الإعلام، المصدر السابق، ص ٤٥٣-٤٥٤,

٦٠- د. أسامة عبدالرحيم علي، القيم التربوية في صحافة الاطفال، المصدر السابق، ص٨٦-٩٥,

٦١- لەم چەند پێگەیەی ئینتەرنێتدا ئەم تیۆرییە بەکورتی باس کراوە:

هەولێر

.1.http://techinfo.bloguez.com,techinfo490581.6/2/2011

2.http://bafree.net,forums,showthread.php?t=25305 6/2/2011

3.http://www.majalisna.com,bulletin,index.php?ubb=showflat&Number=511347. 6/2/2011

٦٢. المعشي، محمد بن علي بن مساوي، التنشئة الاجتماعية وعلاقتها بتقدير الشخصية مصدر سابق، ص, ٤٤

٦٣- فريدريك الكين وجيرالد هاندل، المصدر نفسه، ص,٥٨

٦٤- د. معن خليل عمر، التنشئة الاجتماعية، الطبعة الأولي، عمان، دار الشروق للنشر والتوزيع، ٢٠٠٤، ص, ٣٩

٦٥- د.أبو جادو، صالح محمد علي، سايكولوجية التنشئة الاجتماعية، ص٤٣-٥٨,

٦٦- د. معن خليل عمر، التنشئة الاجتماعية، مصدر سابق، ص, ٣٩

67- R.J.Havioghurst and Neuatrtn, B.society and Education.Boston: Allen and Bacon, 1962, p.101.

٦٨- فريدريك الكين وجيرالد هاندل، مصدر سابق، ص, ٥٩

٦٩- فريدريك الكين وجيرالد هاندل، مصدر سابق، ص, ٦٠

70- George H. Mead, Mindself and society (Chicago : university of chicagopress, 1934) p.151

٧١- د. معن خليل عمر وآخرون، علم اجتماع الأسرة، عمان، دار الشروق للنشر والتوزيع، ١٩٩٤، ص, ١٩٣

٧٢- د. أبو جادو، صالح محمد علي، سايكولوجية التنشئة الاجتماعية، مصدر سابق، ص,٥٨

٧٣- صالح محمد علي ابو جادو، سايكولوجية التنشئة الاجتماعية، المصدر السابق، ص,٥٨

٧٤- د. محمد علي محمد، علم الاجتماع السياسي، مصدر سابق، ص, ٣١٧

٧٥- احسان محمد حسن، النظريات الاجتماعية المتقدمة، الطبعة الأولي، دار الوائل للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٥، ص,٨٦

٧٦- د. احسان محمد الحسن، مصدر سابق، ص, ٥٧٥

٧٧- د. معن خليل عمر، علم الاجتماع المعرفي، الطبعة الأولي، مطبعة جامعة الموصل، بغداد، ١٩٩١، ص ٢٠٦,

٧٨- صالح محمد علي ابو جادو (الدكتور)، سايكولوجية التنشئة الاجتماعية، المصدر السابق، ص, ٥٤

٧٩- سناء الخولي، الأسرة والحياة العائلية، مركز الكتب الثقافية، القاهرة ١٩٨٤، ص,٢٣٦

٨٠- د. احسان محمد الحسن، مصدر سابق، ص, ٥٧٥

٨١- معن خليل عمر، علم الاجتماع المعرفي، الطبعة الأولي، مطبعة جامعة الموصل، بغداد، ١٩٩١، ص٢٣١-٢٣٣,

٨٢- صلاح مصطفي الفوال، علم الاجتماع و العلوم الاجتماعية، عالم الكتب، القاهرة، ١٩٨٢، ص ١٣٨-١٣٩,

٨٣- معن خليل عمر، نقد الفكر الاجتماعي المعاصر، المصدر السابق، ص ,١٩٨
٨٤- سناء الخولي، الأسرة والحياة العائلية، بيروت: دار النهضة العربية، (ب.ت)، ص,٢٣٦
٨٥- سناء الخولي، الأسرة والحياة العائلية، بيروت: دار النهضة العربية، (ب.ت)، ص,٢٣٦
٨٦- http://www.awene.com,DirejeyGoshe.aspx?Jimare=460 – ئاراس فەتاح، ململانێ ٦٠ ٢٠١١/٢/
٨٧- http://ezmar.blogfa.com,post-93.aspx – فاتیح یاسین مودەریس، تیۆری ململانێی کۆمەڵایەتی ٦ ٢٠١١/٢/
٨٨- http://techinfo.bloguez.com,techinfo,490581, – سایت الجدید، التنشئة الاجتماعیة والاسرة ٦ ٢٠١١/٢/

89- www.eitemay.net 6 /2/2011

90- www.eitemay.net 6 /2/2011

91- http://www.ktaby.com,vb,t1807,6/2/2011

92.http://www.awene.com,DirejeyGoshe.aspx?Jimare= 460,6/2/2011

ئاراس فەتاح، ململانێ

٩٣- المعشي، محمد بن علي بن مساوي، التنشئة الاجتماعية وعلاقتها بتقدير الشخصية لدي عينة من الجانحين وغير الجانحين بمنطقة جازان، رسالة دكتوراه، جامعة أم القري، ١٤٣٠، ص,٤٧

94- http://www.ejtemay.com,showthread.php?t=15558&page=2 /62/2011

٩٥. لەم چەند پێگەیەی ئینتەرنێتدا ئەم تیۆرییە بەکورتی باس کراوە:

1.http://techinfo.bloguez.com,techinfo,490581 62/2011

2.http://bafree.net,forums,showthread.php?t=25305 62/2011

3.http://www.majalisna.com.bulletin,index.php?ubb=showflat&Number=51134762/2011

٩٦. ال مراد، نبراس يونس محمد، أثر استخدام برامج الالعاب الحركية والالعاب الاجتماعية والمختلطة في تنمية التفاعل الاجتماعي لدي اطفال الرياض بعمر (٥-٦) سنوات، جامعة الموصل، كلية التربية الرياضية، أطروحة دكتوراه، ٢٠٠٤، ص,٢٨

٩٧- المعشي، محمد بن علي بن مساوي، التنشئة الاجتماعية وعلاقتها بتقدير الشخصية لدي عينة من الجانحين وغير الجانحين بمنطقة جازان، رسالة دكتوراه، جامعة أم القري، ١٤٣٠، ص,٤٧

٩٨- المعشي، محمد بن علي بن مساوي، التنشئة الاجتماعية وعلاقتها بتقدير الشخصية لدي عينة... ص,٤٦

99- http://alsarab.coolbb.net/t8766-topic 12 /6/2010

١٠٠- المعشي، محمد بن علي بن مساوي، التنشئة الاجتماعية وعلاقتها بتقدير الشخصية لدي عينة من الجانحين وغير الجانحين بمنطقة جازان، رسالة دكتوراه، جامعة أم القري، ١٤٣٠، ص,٤٨

101- http://alsarab.coolbb.net/t8766-topic 12 /6 /2010

١٠٢- ال مراد، نبراس يونس محمد، أثر استخدام برامج الالعاب الحركية و الالعاب الاجتماعية والمختلطة في تنمية التفاعل الاجتماعي لدي اطفال الرياض بعمر (٥-٦) سنوات، جامعة الموصل، كلية التربية الرياضية، أطروحة دكتوراه، ٢٠٠٤، ص٢٨.

# ئەوانەی گەڕانەوە ئاسمان

ئەنیس مەنسوور

## بەشی شەشەم (کۆتایی)

### لە مەریخەوە کۆچیان بۆ ئەستێرەگەلێکی دیکە کرد

ئایا ئەو شتەی پێشتر لەسەر ڕووی ئەم زەوییەدا ڕووی دا لەسەر ڕووی مەریخیشدا ڕووی داوە؟ ئایا لەوێ ژیانێکی زۆر پێشکەوتوو هەبووە و ئینجا لەبەر هۆگەلێک کە ئێستاکە ئێمە بە ڕوونی نایانزانین لەناو چووە؟

ئایا لەسەر مەریخدا شارستانیی زۆر بەرز هەبووە و ئینجا لە کەشتیی زۆر زلدا لەم ئەستێرەیەوە هەڵاتوونەتە ناخی ئاسمانی گەردوونی؟ دەبێ... شتێکە بەلای ئاوەزیشەوە پەسندە.

(ساڵی ١٩٦٨ ڕووسیا بە فەرمی ڕایگەیاند، یەک لە ڕوانگەکانی بەر لەوە بە ساڵێک، لە تەمووز/یۆلیۆی ١٩٦٧دا کەشتییەکی بە جووڵەی بینیوە درێژییەکەی نیو کیلۆمەتر و تیژڕەوییەکەی ١٨ هەزار میل بووە لە سەعاتێکدا. هەروەها ڕوانگەیەک لە باشووری ڕووسیادا هەر ئەو ڕووداوە گەورەیەی تۆمار کردووە).

هەسارەیەکی دیکە لە کۆمەڵەی خۆردا، لە ئەدەب و شیعر و ئەفسانە و زانستەکاندا ئەو بایەخەی پێ نەدراوە کە بە هەسارەی مەریخ دراوە. (تێبینی: مانگ هەسارە نییە.. سەر بە هەسارەی زەوییە). کۆنەکان بینییان ئەم ئەستێرەیە ڕەنگی سوورە، ناوی ئەستێرەی سووریان لێ نا و.. ناوی ئەستێرەی مەریخ یان ئەستێرەی مارس-ی خوداوەندی جەنگی لای گریکیان لێ نا و.. کە مرۆ هاوێنەی داهێنا ئاڕاستەی ئەم ئەستێرەیەی کرد، ئەم ئەستێرەیە لە دووریی ٢٢٨ ملیۆن کیلۆمەتر دوور لە خۆر بەدەوریدا دەخولێتەوە (زەوی ١٤٨ ملیۆن کیلۆمەتر لە خۆرەوە دوورە).

..........................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە

چاودێریی مەریخیشیان کرد کە لە خولگەی زەوی نێزیک دەبووەوە لە دووریی ٣٥ ملیۆن کیلۆمەتری لێ دەبێ لە ماوەی هەر پازدەساڵدا کە دواییینیان ساڵی ١٩٧١ بوو... گەردووناسەکان تێبینیی ئەوەیان کرد کە پەڵەی ڕەشی لەسەرە، بەوە لێکیان دایەوە کە ڕووبەری ئاوین و.. تێبینیی ڕووبەرگەلێکی سپییان کرد، بەوە لێکیان دایەوە کە هەور بێ. ئینجا هاوێنەکان لەبەر چاویاندا گەورە بوونەوە و بینییان شێوەی مەریخ دەگۆڕێ.. جارێک سەوز دەبێ جارێک سپی یان شین یان سوور دەبێ.. لێکدانەوەی ئەوەش ئەوە بوو کە دەبێ ئاوی لێ بێ و کێڵگە و وەرزی دروێنە هەبێ.. واتە ژیانی ژیرانەی لێیە. واتە مەریخ بوونەوەرەیلی وەک ئێمەی لێیە، ژیر یان ژیرتر و پێشکەوتووتر. هەستی زانایانیش وا بوو کە دانیشتووانی مەریخ دەبێ مەزنتر و داناتر بن، بۆچی؟ کەس لێکدانەوەیەکی زانستییانەی ڕوونی پێشکێش نەکرد. پێ دەچێ زاناکان- ئێستاشی لەگەڵدا بێ- ئەوەندەیان بەسە بوونەوەرێکی زیندوو لەسەر هەسارەیەکی کە هەبێ جگە لە زەوی بۆ ئەوەی بە مەزنتر و داناتری ببینن!

لە ڕاستییە مێژووییە زۆر سەیرەکانیشە کە مرۆ تا پێش ئەوەی هاوێنەکان و ڕوانگەکان دابهێنێ، ئەفسانە کۆنەکان لە هەزاران ساڵەوە دەیانگوت دوو مانگ بەدەوری مەریخدا دەسووڕێنەوە. ئەمەش ڕاستییەک بوو ساڵی ١٨٧٧ نەبێ پێمان نەزانی کە یەک لە گەردووناسە ئەمەریکاییەکان دۆزییەوە کە ناوی هال-ە... ئێمە بینیمان کیبلۆ-ی گەردووناسی گەورە لە سەدەی حەڤدەدا ڕایگەیاند کە دوو مانگ لە دەوری مەریخدا هەن. بەڵام ئەم گەردووناسە گەورەیە بەڵگەیەکی کردەوەییی قایلکەرەوەی نەدا بەدەستەوە، بەڵکو لە هەندێک تێبینی لەسەر بزاوتی مەریخ بەخۆی بەو ئەنجامە گەیشتبوو..

بەڵام دوای ئەوە سویفت-ی نووسەری تیزامێزی ئینگلیز لە کتێبی بەناوبانگی "گەشتەکانی گلڤەر "دا باس لەم دوو مانگە دەکات و بەر لە دۆزینەوەشیان، بەڵکو بۆ ئەوەش چووە زۆر بە وردی پەسنی تیرکانیانی کردووە!! ئەوەی چۆن زانی؟ بەڵکو پەسنی یەک لەو دوڕگەیانەی کردووە کە ڕووپێوەکەی بیست کیلۆمەترە و بەدەوری زەویدا دەخولێتەوە و خەڵکەکەی لە کامەرانییەکی تەواودا دەژین و دادوەریی ڕەها و یەکسانیی تەواو لە نێو هەمووواندا هەیە.

ئینجا بە دووری دەزانێ دوڕگەی شادی وەک ئەمە یان هەسارەی شادمانیی ئارام لەم شوێنە و لە دەوری ئەستێرەکانی دیکەدا هەبێ.

بەڵکو فۆلتێری فەیلەسووفی گاڵتەجاڕی فرەنسی باسی لە زۆر درێژانێک کردووە، لە هەسارەگەلی دیکەوە هاتوون و لەبان ئەم زەوییە دابەزیون، هەر یەکەیان درێژیی بیست کیلۆمەتر و کورتەباڵاشیان لەگەڵدایە بەژنیان یەک کیلۆمەتر بووە.. هەروەها کەشتیگەلی ئێجگار گەورە هەیە لەوانەیە لە ئەستێرەگەلی دیکەوە دەیانگوازنەوە بۆ ئەوەی سەیری ئەم "مێروووە ژیرانە" بکەن- واتە سەیری ئێمەی مرۆ بکەن!

دۆزینەوەی ئەو دوو مانگە بچووکەی بە دەوری مەریخدا دەخولێنەوە ڕووداوێکی گەورە بوو،

هەواڵنامەی کتێب

نێزیکترینیان لە مەریخەوە ناوی فۆبوی-ی لێ نرا واتە ترس و ناوی دیمۆس واتە تۆقین لە دووەمیان نرا. فۆبیۆس و دیمۆس ئەو ئەسپانە بوون کە پەیتوونی خوداوەندی جەنگیان ڕادەکێشا، لە ئەفسانە دێرینەکاندا!

بەڵام دۆزینەوەیەکی دیکە هەموو جیهانی هەژاندەوە، ڕووی هەموو چاوەکانی لە مەریخ کرد و دڵانیش هەروەها.. سکباریللی-ی زانای گەردووناسی ئیتالیایی تێبینیی بوونی "کەناڵگەلێک"ی کرد لەسەر ڕووی مەریخدا، جەختیشی بۆ جیهان کرد کە ئەم کەناڵانە دەستکردی بوونەوەرانی ژیرن، واتە نە ڕووبارن و نە دەریاچەگەل، بەڵکو هێڵگەلێکی ئەندازیاریی ورد و زۆر ڕێکوپێکن.. و ئاڕاستەیانی دەستنیشان کرد و ستوونی بوونیان لەسەر هێڵی یەکسانیی مەریخ و لەسەر هێڵی تەوەرەکەی. دۆزینەوە بووە بەڵگەیەکی نوێی قایلکەر کە مەریخ ژیانی ژیری لێیە و ژیانێکە مرۆ پێی نەگەیشتووە و زەحمەتیشە ئەوە بکا..

ئاساییە پیاوە ئاینییەکان ڕاپەڕن و گومان لەو زانستە بکەن کە پێیان دەڵێ بوونەوەرەیلی دیکە و جیهانەیلێکی بێ ڕادە هەن و مرۆ ئەو شایە نییە کە لەسەر تەختی گەردووندا دانیشتبێ... یانیش ئەو منداڵە نازدارە لەسەر سینگی دایەدا نووستووە- کە دایەکە گەردوونە یان ئەو توانستە خوداییەیە کە سنووری نییە لە جۆراوجۆر کردنی شێوەکانی بوونەوەرە ژیرەکان و بوونەوەرە توانست سەراسا و بوونەوەرە گیانلەبەرانە و ڕووەکییانە و بچووک و زیندەوەرە میکرۆسکۆپییەکان!

ڕۆژی ٤ی یۆلیۆی ساڵی ١٩٦٥ کەشتییەکی ئاسمانیی ئەمەریکایی "مارینەری چوارەم" بەنێزیک مەریخەوە تێپەڕی و ئەنجامەکان سەرسامییەکی زانستی و گەردووناسی بوون. مەریخ لە بیابانێکی وشک و برگ بەولاوە هیچی کە نییە.. نە کەناڵ و نە ئەندازە و نە بلیمەتی.. ئەمیش وەک مانگ و بیابانەکانی سەر زەوی چۆڵ و هۆڵە. ئەم کەشتییە ئاسمانییە ١٪ی ڕووی سەر مەریخی تۆمار نەکردبوو کە تیرەکەی ٦٧٩٠ کیلۆمەترە (زەوی تیرەکەی ١٢٧٤٢ کیلۆمەترە).

هەروەها مارینەری نۆیەمیش لە دوو ساڵی ١٩٧١ و ١٩٧٢دا تێپەڕی و وێنەگەلێکی مانگی فۆیۆس-ی گرت...

فایکینگ-ی یەکەمیش هەواڵی داینێ کەشی مەریخ ڕێژەیەکی زۆر کەمی لە ئۆکسجین و نیترۆجین تێدایە، پلەی گەرماییشی لە هەموو کاتەکانی ڕۆژ و بێگومان شەویش ساردە. کەشی مەریخ ٣٪ی لە نیترۆجینی بۆ ژیان پێویستی تێدایە لەگەڵ کاربۆن. واتە لەگەڵ هەر دوو گەردیلە نیترۆجیندا گەردیلەیەکی کاربۆن و گازەیلێکی کەی تێدایە...

کەشی زەویش (٧٥٪ی ئۆکسجین و ٢٣٪ی نترۆجین تێدایە) بەڵام داخۆ کەمیی نترۆجین یا ئۆکسجین لە ئاسمانی مەریخ-دا ئەوە دەگەیەنێ کە هیچ جۆرە ژیانێکی لێ نییە؟

ئایا نیترۆجین و ئۆکسجین پێویستن بۆ ئەوەی لەوێ ژیان هەبێ؟

ئایا گەرمایی بەخۆی پێویستە بۆ ژیان؟ کە بوونەوەری زیندووی بێ ئەژمار هەن پێویستیان بە ئۆکسجین نییە... بەکتریا پێویستی پێی نییە.. هەروەها هەندێک گژوگیا و قەوزە بە چڕی لە ژێر شەختە و بە دەیان پلە لە ژێر سفرەوە دەڕوێن.

ئەمەش لە تەوەری باکور و لووتکەی چیاکاندا دیارە. زانایانیش ئەزموونگەلێکیان لەسەر بەکتریا ئەنجام دا لە کەشی چون کەشی مەریخ بە تەنکیی بەرگی گاز و بێهێزیی کێشانی زەوی و دابەزینی پلەی گەرما و کەمیی ڕێژەی نترۆجین و گازەکانی دیکەوە، ڕووانەکەی ترسناک بوو. ئەم ڕووانە بەڕاستی جێی مەترسییە، چونکە ئەم بەکتریایە ئەگەر لە دواڕۆژدا بە کەشتییە ئاسمانییەکاندا یان لەگەڵ پێشەنگەکانی ئاسماندا گوازرایەوە، بڵاوبوونەوە تۆقێنەرەکە، دەبێتە کارەساتێکی گەردوونی! کە ئەگەر ئەم بوونەوەرە میکرۆسکۆپییانە چوونە مەریخ یان لێیەوە گوازرانەوە، لە بەردەمیدا هیچمان لە دەسەڵاتدا نییە بیکەین، لەوانەشە ژیان لەسەر مەریخدا یان لەسەر هەسارەگەلی دی کۆتایی بێ، دەیزانین، بەهۆی ئەم پەتایانەی بەر لە ملیۆنان ساڵ ڕوویان داوە!

ئینجا، بۆچی کەشی مەریخ بۆ ژیانێکی پەرەسەندوو لە هەر جۆرێک بێ دەست نادا؟ گومانی تێدا نییە مەریخ تیشکگەلی گەردوونیی چڕی وەرگرتووە. ئینجا بەرگی گازیی مەریخ وەک بەرگی زەوی مەتاڵێکی پارێزەر نییە بۆ زیندەوەران... ئینجا بێهێزیی کێشی زەویی مەریخ، زەحمەتە بە شلی ئاو لە بەخۆیەوە بگرێ، بۆیە دەبێ شەختە لە ژێر بەرگی مەریخدا هەبێ...

ئەم تەقینەوانەی لە ناو خۆریشدا ڕوو دەدەن، یەک لە بیست هەزاری ئەوەی لێی دەگاتە مەریخ ناگاتە زەوی... ئەمەش ژیان لەسەر مەریخدا زەحمەت دەکا یان هەر شیاو نابێ!

بەڵام دەستەواژەی لەم شێوەیە نە وردە و نە زانستیشە- بۆچی؟ چونکە ئێمە شیانی ژیان و نەشیانی بە پێودانگەکانی مرۆیانە دەپێوین- واتە ئەوەی بۆ ئێمە دەست دەدا و ئەوەی بۆ ئێمە دەست نادا.

ئەدی کێ گوتوویەتی ئەوەی بۆ مرۆ دەست دەدا هەر ئەوەیە بۆ هەموو بوونەوەرانی دیکە دەست دەدا؟

ئەی کێ دەڵێ مرۆ ئەو تاکە بوونەوەرەیە لەم گەردوونە و ئەوەی پێی دەژیین و بەو دەمرین، هەر ئەوەیە کە بوونەوەرانی دیکە پێی دەژین و بەویش دەمرن، ئەوەی دەیزانین و ئەوەی ناشیزانین؟

دوو نموونەی زۆر بچووک: ئەمیبا کە بچووکترینی پێکهاتووە نەرمەلیقەییە زیندووە هەمیشەیییە- واتە هەرگیز نامرێ لە کاتێکدا سەرەتای ئافەریدەکان و نزمترینیشیانە؟

ئینجا، بەرازەکان ئەو تیشکە ئەتۆمییانەی لە تەقینەوەکانی بۆمبا ئەتۆمییە بچووکەکان لە دورگەی پەککینی نەیکوشتوون!

دێرنمات-ی ئەدیبی سویسری چیرۆکێکی هەیە بابەتەکەی ئەوەیە لیژنەیەکی تەندروستیی

جیهانی دڵگران بوو کە زانیی کۆمەڵە خەڵکێک لە شارستانی دوور کەوتوونەتەوە و گۆماوێکیان هەڵبژاردووە و لە دەوروبەریدا نیشتەجێ بوون. لیژنە تەندروستییە جیهانییەکە، لەو نەخۆشییە تەندروستی و مێشکی و بۆماوەییانەی کۆڵییەوە کە دەبێ تووشی ئەم خەڵکە بووبێ و خشتەگەلێکیان بە ڕێژەکانی مردن و کەمییە زگماکییەکان تۆمار کرد و کە لە ئەنجامی هاوسەرگیری لە خزمانەوە دێن کە دەبێ لەنێویاندا بڵاو بووبێتەوە... لەتەک ڕاپۆرتێکی زۆر گەورە بە ناوی ئەو مێروو و کرم و میکرۆبانەی لەسەر ئەم ناوچە بۆگەنییەدا دەژین و دەخولێنەوە و نیشتەجێ دەبن. شاندەکە ڕۆیشت و هەر یەکەیان دەمامکێکی بە لووتیدا پێچایەوە و دەستەکانی لە جوانتی "دەستکێشی تایبەتی"دا شاردەوە و بە ئاگەدارییەوە بەرەو ئەم بوونەوەرە لە ڕیز بەدەرە دوورپەرێزە چوون. یەکەم شتیشیان کە بینی: منداڵێکی شپس و مووزەردی تەندروستی زۆر باش و لێوەی بە دوور وەستان و وایانزانی قرێنراوە. لە پڕێکدا لە ژێر ئاوەوە یایەیەک (خانمێک)ی سپیی مووزەرد دەرکەوت... کە دایکی بوو لەوپەڕی تەندروستی و جوانیدا.. ئینجا پیاوێکی قژزەردیان دۆزییەوە لەسەر دارێکەوە بازدەدا و خۆی هەڵدەداتە ناو ئاوی دەریاچەکە و دەموچاوی دەشۆرێ و لە ئاوەکە دەخواتەوە.. ئینجا ئاو بۆ دەمی سەگە تینووەکەی دەگوازێتەوە... تاد.

دەستەی تەندروستیی جیهانی بۆی دەرکەوت کە هەموو زانیارییەکانی بێ بنەمان.. و ئەم خەڵکە لە تەندروستییەکی باشدان، سەرەڕای ئەوەی هەموو بارودۆخەکە- بە پێودانگی تەندروستیی جیهانی- بەرەو نەخۆشیی پیس و مردنی گومان لێ نەکراویان دەبا، بەڵام هیچێکیان لەوانە نەبینی!

ئیدی چوزانین ئەوەی بینیمان بۆ ئێمە باشە، بۆ خەڵکی دیکە نا، و ئەوەی بۆ ئێمەی بە کوشندەی دەبینین خۆشی و ژینبەخشە بۆ ئەوانی دی!

ساڵی ١٩٥٩، زانایەکی پایە بەرزی سۆڤییێتی کە ناوی شکۆڵۆفسکی بوو تیۆرییەکی نوێی ڕاگەیاند. ئەم تیۆرییەی لەسەر بنەمای سەرنجەیلێکی لۆجیکی و لێکدانەوەی فەلەکناسی دامەزراندبوو..

ئەو سەرنجی ئەوەی دا بوو مانگی "فۆبوس" سەیرترینی ئەو مانگانەن کە لەم کۆمەڵە خۆرەتاوییەدا کە نایناسین و ژمارەیان سی و یەک مانگن. ئەم مانگی فۆبوس-ە لە هەر حەوت سەعاتدا جارێک بەدەوری مەریخدا دەخولێتەوە، واتە ڕۆژی سێ جار. بەوەش لە خولانەوەی مەریخ بەدەوری تەوەرەکەیدا خێراترە و لە ڕۆژێکدا دوو جار هەڵدێ و ئاوا دەبێتەوە...

لەوەش سەمەرەتر ئەوەیە خولگەکەی تەواوێک بازنەییە. ئەمەش ڕەوشتێکە لە هەموو هەسارە و مانگە شوێنکەوتووەکانیدا هاوتای نییە... ئینجا ئەم خولانەوەیە زۆر پەلەیە.. و لەوەش مەترسیدارتر ئەوەیە زۆر لە مەریخ-ەوە نێزیکە.

زانای ڕووسی وای دەبینێ کە ئەم هەسارەیە، لەبەرئەوەی لە مەریخەوە نێزیکە خولانەوەکەی بەپەلەیە. یانیش لەبەر ئەوەی تا دێ لێی نێزیکتر دەبێتەوە.. کوتومت وەک ئەوەی کەشتییە

ئاسمانییەکان بەسەریان دێ کە لە زەوی نێزیک دەبنەوە. کێشی زەوی ڕایدەکێشێ.. کە ئەم مانگەی فۆبوس-ە کە تیرەکەی دە کیلۆمەترە بە تیژی لە مەریخ نێزیک دەبێتەوە.. و لەوەش مەترسیدارتر ئەوەیە شیکردنەوەی شکانەوەی ڕووناکی لەسەر ئەم مانگەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکا کە ناوەکەی بۆشە.

بۆیە زانای سۆڤیێتی وای بۆ دەچێ ئەم دوو مانگانە دوو کەشتیی ئاسمانی بەولاوە چیی دیکە نین و لە ملیۆنان ساڵەوە هەڵدراون و بەدەوری مەریخدا هەر خولاونەتەوە و ئەم دوو کەشتییە هەر یەکەیان چەند ملیۆن تۆنێک سەنگین و ئەمەش کێشێکی قورس نییە ئەگەر ئەوە بزانین هێزی بۆ خۆ ڕاکێشانی مەریخ یەک لە سەتی هێزی زەوییە و هەروەها ئەگەر زانیمان کە دانیشتوانی مەریخ لە ملیۆنان ساڵەوە پێشکەوتووتر بوون.

شکۆلۆفسکی دەڵێ: فیرعەونەکان لە یەک وەچەدا بە دەستی خۆیان و بە بەکارهێنانی هۆیەلێکی سادە، یان هۆگەلێکی نەزانراو بۆ هەڵگرتنی بەردەکان و زۆر بە وردی لە جێی خۆیاندا دانانیان، توانیویانە گەورەترین بنیاتی ئەندازیاری بنیات بنێن قورساییی هەزار هەزار ملیۆن تۆنە.

هەروەها دەڵێ: ئەگەر تا ئەمڕۆ هەرەمەکان مەتەڵێک بن، ئەم مانگانە لە هەرەمەکان ڕوونترن... و گومانیشی تێدا نییە ئیستگەگەلێکی خولگەیین و خاڵگەلی لێیانەوە بازدانن بەرەو هەسارەگەلی دیکە!

هەروەها دەڵێ: ئەو هەرەمانەی بە گەرما و سەرما و با کاریگەر دەبن توانیویانە هەزاران ساڵ وەک خۆیان بمێننەوە و هەزاران ساڵی دیکە لە جێی خۆیاندا دەمێننەوە... دووریش نییە ئەو دوو کەشتییەی بە دەوری مەریخدا دەسووڕێنەوە و هەزاران ساڵ و تووشی ئەوانەش نایەن کە هەرەمەکان تووشی دەبن!

ئەم دوو کەشتییانەی دەوری مەریخ، لە شوێنپێی سەر ڕێیەکی درێژی ئاسایی بەولاوە هیچی دیکە نین.

کۆنیش کاتێک هەندێک لە زانایان گەمەیان بە فەیلەسووفان کردووە گوتوویانە: فەیلەسووف ئەو پیاوەیە کە لە ژوورێکی تاریکدا لە پارچەیەکی ڕەش دەگەڕێ.. کە دەیبینێ و نایبینێ..

بەڵام ئێمە ئێستاکە دەبینین بەڵام نابینین هەرچەندە هەندێک لە زانایان جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە ڕوانگەگەلێک هەن "میاواندنی" ئەم پشیلەیە دەبیستن کە هەزاران ملیۆن ساڵی تیشکی لە ئێمە دوورە. ئێمەش هەوڵ دەدەین پێوەندیی پێوە بکەین یان پێی ڕاگەیەنین ئێمە لێرەین، یان ئێمە لەوێین بەڵکو شتێک ڕوو دەدات یان یارمەتیی ئەوەمان دەدا گرفتە سەر زەوییەکانمان بە لەناوبردنیان چارەسەریان بکەین، واتە گرفتەکان یان خۆمان یان زەوی لە ناو ببەین- وەک دەبینین!

## نامەیەک لە ئەلەمنیۆم بۆ دانیشتووانی هەسارەکانی دیکە

ئەفسەرێکی لاو هەموو بەیانییانێک لەسەر باریجەیەکی ئەمەریکاییدا بە ئاگەی دەهێننەوە و دەڵێن: پەسلان "قیامەت" بەرپا بوو! دڵگیر نەدەبوو بەڵکو دەیگوت: بە ئاواتەوەم دواکەس بم لەسەر ئەم زەوییەدا بمرم دا بزانم مرۆ بەدرێژاییی ملیۆنان ساڵ چیی بەدی هێناوە!

بەڵام ئەوەی ئەم لاوە "فرانک دریک" ئاواتەخوازی بوو ئەوە بوو پێوەندی لە نێوانی خەڵکی سەرزەوی و خەڵکی زەوییەکانی دیکە ئەنجام بدرێ. ئەم لاوە گەردووناسێکی گەورە بوو و خەونی بەو ڕۆژەوە دەبینی کە دەتوانێ پێوەندی بە خەڵکی ئاسمانەوە بکات و بڵێ: ئێمە لێرەین.

ئەو ناشزانێ چۆنی بڵێ، تەنانەت سوودەکەشی نازانێ.. بەڵام ئەم زانا لاوە ڕاژەی سەربازیی تەواو کرد و لە ڕوانگەیەکدا لە ویلایەتی ڤرجینیادا کاری کرد.. و ویلایەتەکە قانوونێکی دەرکرد کە یەکەم قانوونی لەو جۆرە بوو: بە هەموو شێوەیەک لە ڕووپێوێکی هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەی دەوروبەری ڕوانگەکاندا بە کارهێنانی ڕادیۆ و ئامێرەکانی پەخش کردن و ناردن قەدەغەیە.. بۆ ئەوەی ئەم ئامێرانە لە ڕوانگە ڕادارییەکانی ناوچەکە تێک نەدەن.

دریک فێری-ی لاویش پێی وایە گومان لەوەدا نییە کە بوونەوەرانێک لە هەسارەکانی دیکەدا هەن. ئەمە قسەی ناوێ. ئەم بوونەوەرانەش پێشکەوتووترن و نە بە مێشکدا دەچێ و نە پەسندیشە دانیشتووانی هەسارەی زەوی تاکە ئاقڵگەلێک بن لەم گەردوونەدا. هەروەها ناشچێتە مێشکەوە بوونەوەرە ژیرەکان کوتومت شێوەی مرۆیان هەبێ.. هەر وەک گیانلەبەران و مێروو و ڕووەک و میکرۆبەکان لێک جودان، دەبێ هەموو بوونەوەرە ژیرەکان یان بوونەوەرە بلیمەتەکانیش لەیەک جودا بن.. و هەموو بوونەوەرانیش بەشێکن لە مێژووی ئەو ژینگەیەی تێیدا ژیاون و بەرەنگاری بوون و لێیەوە پەرەیان سەند و بەسەر دژوارییەکانیدا زاڵ بوون..

لە چواری سەرلەبەیانیی ڕۆژی ١٨ی ئەپریلی ساڵی ١٩٦٠ دریک-ی زانای گەردووناس بڕیاری دا بە دانیشتووانی هەسارەکانی دیکە ڕابگەیەنێ شارستانییەک لەسەر هەسارەی زەویدا هەیە. بۆیە بڕیاری دا هەردوو گوێی بۆ نێزیکترین ئەستێرەیەک لێمانەوە ڕاخست: ئەستێرەیەک ناوی گەردوونیی "تاوستی"یە و یازدە ساڵی تیشکی لێمانەوە دوورە. (ساڵی تیشکی بە میل دەکا: ١٨٦ هەزار میل _ ٣٦٥ ڕۆژ _ ٢٤ سەعات _ ٦٠ خولەک _ ٦٠ چرکە).

ئامانجی دریک ئەوە بوو لەڕێی ئەم ڕوانگەیەوە گوێ لە نامە بێتەلەکانی نێوانی دانیشتووانی ئەم هەسارانەی دیکە بگرێ..

ڕۆژانێکی تەواو هەر گوێی دەگرت، بەڵام هیچی گوێ لێ نەبوو.. بۆیە ڕووی لە ئەستێرەیەکی کە کرد ناوی ئەبسیلۆن-ە و لە ناکاوێکدا لەرەیەکی بەرزی ڕێکی بیست، کە ئەمە سەرسامی کرد و گەڕایەوە و سینیی ڕوانگەکەی ئاراستەی ئەم ئەستێرەیە کردەوە کە نێزیکەی دە ساڵی تیشکیمان لێ دوورە و هەر ئەو لەرە بەرزە ڕێکوپێکەی بیستەوە... و دوای ئەوە بۆی دەرکەوت کە ئەمەی پێی

گەیشتبوو لە ئاسمانەکانەوە نەبووە بەڵکو لە هەسارەی زەوییەوە بووە.. کە هەواڵگریی دەریاییی ئەمەریکایی نامەگەلێکی بۆ کەشتییەکانی لە ئۆقیانووسە دوورەکاندا دەنارد!

پرۆژەکە وەستا، کە ناوی پرۆژەی ئۆزما–ی لێ نابوو– کە ناوی میربانوویەکی قارەمانی رۆمانێکی ئەمەریکاییە– و دریک و کەسانێکی دیکە سەرلە نوێ دەستیان بە توێژینەوە و سیمینار پێشکێش کردن لە زانکۆ ئەمەریکاییەکاندا کرد.

ساڵی ١٩٦٤ رووسەکان رایانگەیاند، روانگەکانیان ئەوەیان تۆمار کردووە کە لە پڕ وزەیەکی ئێجگار گەورە لە ئەستێرەیەکی زانراوەوە دەرپەڕی، ناوی: (س. ت ١٠٢)ە و ئەم بارگەیە زۆر گەورە بووە و بێگومان ئەم وزەیە گەورەترین بەڵگەیە بۆ بوونی پێوەندیگەلێکی بێتەلی دووربووار و لەوپەڕی هێزیشدا، دوای سەت رۆژ ئەم وزەیە دەرپەڕییەوە، ئینجا لەپڕ دامرکایەوە.

زاناکان بەوردی کانگەی ئەم وزەیەیان دەستنیشان کرد، بینییان کانگەکە نێزیکەی دە هەزار ملیۆن ساڵی تیشکی لە زەوییەوە دوورە.

ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ ئەم وزەیەی کە ساڵی ١٩٦٤ گەیشتووەتە زەوی بە هەزاران ملیۆن ساڵ لەمەوبەرەوە دەرپەڕیوە، واتە بەر لەوەی هەسارەی زەوی بوونی هەبووبێ.

دریک–ی زانای ئەمەریکایی بێئومێد نەبووە و سەر لەنوێ گەڕاوەتەوە سەر پرۆژەی "ئۆزما"..

ئەوەی زانراویشە ئەوەیە کە دریک ئەگەر وەڵامێکی راستەوخۆی لە هەر هەسارەیەکەوە بگاتێ، کە بە دەوری ئەستێرەی "ئەبسیلۆن"دا دەخولێنەوە ئەو ماوەیەی نێوانمان بە بیست و دوو ساڵ دەبڕێ!

دریک بڕیاری دا بە دانیشتووانی ئەم هەسارانە بڵێ ئێمە کێین و بۆ چی کار دەکەین و شێوەمان چییە و ئێمە لە کوێین. هەر وەها بڕیاریشی دا نامەیەک بە بێتەل بنێرێ لە تیلمە (شرگە) و بازنە پێک هاتبێ، تەواوێک وەک ئەوەی لە مێشکە ئیلیکترۆنیکەکاندا بەکار دەهێنرێ و وای هەڵبژاردن کە لە ٤١ تیلمە و بازنەیەک لە ٣١ دێردا بێ. هەروەها شێوەیەکی دیاریش بەم دەستنووسە کورت و بازنانەش بدا. پیاوێک و ژنێک، واتە ئێمە لە نێر و مێیەین و ئێمە گیانلەبەری مەمەدار "شیردەر"ین و بازنەیەکیشی تێدا بێ بەڵگەی خۆر بێ و بازنەیەکی دیکە بەڵگەی هەسارەی زەوی بێ... و هێڵێکی خواروخێچیش بەڵگەی بوونی ئاو بێ و لە ژێر ئاویشدا ماسی هەن.. واتە ژیانی دەریاییی لێیە... هەروەها هێماگەلێکی گەردیلەکانی هایدرۆجین و کاربۆن و ئۆکسجین بۆ ئەوەی روونی بکاتەوە ئەمە بنەما کیمیاییەکەی ژیانی سەر زەوییە.

هەروەها دریک بۆی دەرکەوت کە گرفتەکە گەورەیە، کە چۆن هەوڵی لەیەکگەیشتن دەدا لەگەڵ شارستانیگەلی دیکە و هیچ زمانێک یان هێماگەلێک لە نێو ئێمە و ئەواندا نییە بشێ بەپێی ئەوە لە یەکدی بگەین. بەڵام ئەو ویستوویەتی لە رێگەی رێکوپێکیی شێوەکان و رێکوپێکیی پێلەکانی ناردنەوە ئەوە دەر بخا کە مێشکێک هەیە و ئەم مێشکە توانستی ناردن و پێوەندیکردنی هەیە..

هەروەها دریک گوتی: ئەو کارەساتەی لەبەردەمماندایە ئەوەیە ئەم گەردوونە "بەردی ڕەشید"ێکی نییە تاکتاکەی وشەی بە زمانگەلی جوداجودای لەسەر نەقش کرابێ.. کە شامپلیۆن–ی زانای فرەنسی لە ڕێی خوێندنەوەی ئەم بەردەوە توانیی نهێنییەکانی زمانی فیرعەونەکان بزانێ. کە هیچ شتێک لەم گەردوونەدا نییە ڕێنوێنیمان بکا بۆ ئەم شتەی گومانمان لە بوونی دوور لە ئێمەیدا نییە، بەڵام نازانین چۆن دەستی لێ بدەین.. و هاوێنەکانی یان شەپۆلەکانی گەیشتە بوونمان لە زەویدا.. و ئەم زەوییەش یەکێکە لە نۆ هەسارە بە دەوری ئەستێرەیەکدا دەخولێنەوە ناوی خۆرە.. و ئەم گەردوونەش ملیار ملیار ملیار ئەستێرەی وەک ئەوی تێدایە!

دریکی زانای گەردوونناس خاوەنی یەکەم هەوڵی زانستیی پێوەندییە بە دانیشتووانی هەسارەکانی دی. بۆ ئەوەی کیس–ی زانای ڕەوانی (ڕووحی) بۆی گێڕاینەوە، ئەوە یەک لە گرفتەکانی سەدەی بیست و سەدەکانی دواترن.. ئەم پیاوە، لە بەردەمی ژمارەیەک لە زانایانی نۆشداری و گەردوونناسیدا، توانیی پەسنی هەسارەی مەریخ بکا و پەسنی خاکەکەی و پلەی گەرماییەکەی و بوونەوەرە بچووک و گەورەکانی بکات و پەیتیی خاکەکەی و ڕاکێشانی خاکی مەریخ و سروشتی ئەو دوو مانگەی بە دەوریدا دەسووڕێنەوە بکا..

(خودا یار بێ دواتر لە زنجیرەیەکی دیکەدا چیرۆکی ئەم پیاوە دەگێڕینەوە).

ئەم پیاوەش، کیس، تاکە هاوولاتییەکی ئەمەریکاییە کە سەندیکای پزیشکان ڕێی چارەسەرکردنی نەخۆشان و دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکانیان و پێکهێنانی داوودەرمانەکانیانی پێ دا و نۆشداریش نەبوو. هۆی ئەوەش ئەوە بوو کە توانستێکی سەراسای دەستنیشانکردن و چارەسەری هەبوو و– وەک ڕاپۆرتی سەندیکای پزیشکان دەڵێ– "پێوەندییەکی" سەیری بە پزیشکگەلێکی مەزنەوە هەیە نایانناسین و دەڵێ لە هەسارەگەلی دیکەدان.. و تەنیا هەر خۆی دەتوانێ پێوەندییان لەگەڵدا بکا.. ئێمە لە بەردەمی پزیشتکێکی زۆر بەهرەمەنددایین.

ناشزانین چۆن؟

بەر لەوەش لە "کتێبی ئەخنووخ"دا هاتووە کە چۆن ئەخنووخ لە کاتی نووستنیدا دوو کەس هاتوون، هەر یەکەیان ڕوویەکی وەک مرۆڤ و دوو چاوی لە ئاگریان هەبووە و لێوەکانیان گڕگرتوو و جلوبەرگیان لە پەڕ یان وەک پەڕ بووە. پێیەکانیان سوور و باڵی درەوشاوەیان لە زێڕ بووە و دەستەکانیان لە بەفر سپیتر بووە.. و داوایان لێ کردووە هەڵسێ خودا بۆی ناردوون.

لەگەڵیاندا هەڵسا و سواری هەورێک بوو و زەویی بە بچووکی بینی و هەسارەکانی دیکە و حەوت ئاسمانەکانی بینی و بوونەوەرەیلێکی بینی تێکەڵەیەکی گەورەن لە مرۆڤ و ئاژەڵ و ڕووەک.

کارڵ ساگانی زانای گەورەی گەردووناسییش دەگێڕێتەوە کە چیرۆکێکی کۆنی لەبیرە برسبۆس بۆی گێڕاوەتەوە کە ساڵی ٢٨٠ی بەر لە زایین مردووە، دەڵێ: خەڵکی نێوانی دیجلە و فورات تەواوێک دواکەوتوو بوون، تا ماسییەکیان هاتە لا لە ئاو دەرچوو و کلکی هەبووە و دوو پێی هەبوون! سەری ماسییەکی بووە و لە ژێریدا سەری مرۆیەکی بووە و قسەی کردووە و خەڵکی فێرە

کشتوکاڵ و ئەندازیاری و بنیاتنان و خانوو و بە ئاسماندا نۆڕین کردووە و.. ئەم ماسییە لە ئاودا بزر بووەوە و ئیدی کەس پێی نەزانی!

لە هەموو مێژووودا هەزاران بەڵگە هەن کە دانیشتووانی هەسارەکانی دی هەوڵیان داوە و هاتوونەتە خوارێ و شوێنەواریان لەسەر بەردان و لە ژیانی خەڵکدا جێ هێشتووە...

زانایانی ڕەوان هەوڵیان داوە بزانن چی لە ئاسمان و لە پشت ئەستێرەکاندا هەیە..

گەردووناسەکانیش هەوڵیان داوە. بە چوونە ناو سەردەمی ئاسمان بەردەوامی بە هەوڵەکانمان دەدەین.

کارڵ یۆنگ–ی زانای دەروونزانیی گەورە لێکۆڵینەوەیەکی بڵاو کردووەتەوە تێیدا داوا لە پیاوانی گەردووناس دەکا دەست لە پێوەندی بە شارستانییەکانی دیکە هەڵبگرن. بۆچی؟

کارڵ یۆنگی زانای دەروونزان دەڵێ: دەترسم مرۆ گیانی سەرەڕۆیی لەدەست بدا. بەتەمابوونەکانی لە دەست بدا، شتێکی بەبەها لەدەست بدا کە هیوایە.. چونکە ئەگەر زانیمان شارستانیی دیکەی گەورەتر و مەزنتر و پێشکەوتووتر هەیە و ئێمە دواکەوتووین نائومێدیمان تێ دەخزێ. ئەمەش ئەوەیە کە تووشی گەلە پەرەسەندووەکان دەبێ کە بەراورد لە نێوان ئەوەی پێی گەیشتوون و ئەوەی ئەمەریکا و دەوڵەتە پیشەسازییە هەرە گەورەکانی دیکە پێی گەیشتوون بکەن.. دەسا زانایینە مرۆڤایەتی لە هیوا دامەماڵن!

لە کۆنگرەیەکیشدا کە ساڵی ١٩٦٨ لە لەندەن گیراوە زانایان پرسییان ئەگەر ئەم پێوەندی کردنە سوودێکی بۆ مرۆ دەبێ... داخۆ لەلایەن شارستانییەکانی دیکە مەترسیمان لەسەر نییە؟ هەر شارستانییەکی پێشکەوتوو لە توانستیدایە تیشکگەلی مەرگ ئاڕاستەی زەویمان بکات و زەوییەکەمان و ئەوەی لەسەریشیدایە لەناو دەبەن.. داخۆ ڕێی تێ ناچێ شارستانییەکەی دی بەو چاوەوە لێمان بڕوانێ کە بوونەوەرانی ئاژەڵگەلی دواکەوتووین؟ تەواوێک وەک ئێمە کە سەیری مشک یان قالۆنچەکان دەکەین؟ داگیرکەرە سپییەکان هەر ئەو شتەیان لەگەڵ زنجییە بەراییەکاندا دەکرد.. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئادەمزاد بوون لەناویان دەبردن و هەموو ئەو جوداوازییانەش هەر ئەوەیە کە سپییەکان هەلیان لە ژینگە و داهات و یەکیەتیی مێژوو بۆ ڕەخساوە و ئەمەش ڕێک ئەوەیە کە ڕەشەکان نەیانزانیون!

لەوانەشە بنیامین فرانکلن–ی زانای ئەمەریکایی لە زانا هەرە گەشبین و بڕوا بە توانستی ئاوەزی مرۆییەکان بووبێ.. کە ساڵی ١٧٨٠ نامەیەکی بۆ یووسف بریستلی–ی دۆزەرەوەی ئۆکسجین نارد و پێی دەڵێ: مرۆ وای لێ دێ بەسەر هێزی ڕاکێشانی زەویدا زاڵ بێ.. بەوەش جموجووڵی سووک دەبێ و گرفتەکانی لە کشتوکاڵ و پیشەسازیدا کەم دەبێتەوە و بۆ جموجووڵ لەلایەکانی ئاسماندا توانستی پتر دەبێ، کێ چوزانێ، لەوانەیە مرۆ بە شارستانیگەلێکی دیکەی مەزنتر و ڕێکوپێکتر دەگا.. و تەنیا لێرەش مرۆ درک بە ڕوونیی واتەی ئەم بوونەوەرە دەکا کە پێی دەڵێین مرۆ. مرۆ بلیمەتە بەڵام تاکە بلیمەت نییە. دەشێ مرۆ بەڵگەی مەزنیی خودا بێ، بەڵام

مەزنیی خودا هەرگیز لە لای سنووری مرۆدا ناوەستێ!

ئەدیب و شاعیرانیش لە گریمانەی ژیانی سەر هەسارەکانی دیکەدا پێش زانایان کەوتوون.. بەڵام گریمانەی ئەدیبان لە تەماکاریی ئاوەزی مرۆیانەوە بووە و پشتی بەوانەوە بەستووە لە کتێبە ئاینی و ئەفسانە کۆنەکانیشدا هاتوون.

لە گشت کتێبە کۆنەکاندا لاپەڕەگەلێک هەن لە بارەی ئەو کەشتییە ئاسمانییانە و ئەو هەلیکۆپتەرە فیشکەدارانەی هێشتا مرۆڤ داینەهێناون.. و لەبارەی ئەو گۆیە ئاگرینانەی بە ئاسماندا لەسەر هەرەمەکانی جیزە و پاریسی کۆندا سووڕاونەتەوە.. و لە بان دارستانەکاندا لە ناوەڕاستەکانی ئەفریقیادا و خەڵکانێکیان لێ دابەزین و لە ئەشکەوتەکاندا نەقشەیلێکیان بە ڕەنگەکانیانەوە جێ هێشتوون.. ویستوویانە شتێکمان پێ بڵێن.. و گوتیان و زۆر درەنگ نەبێ لێیان نەگەیشتین..

لە نێو ئەدیبانی ئێستاماندا جیل فین–ی نووسەری فرەنسی کە بە زیرەکی و ڕوونبینیی خۆی توانیی بە وردی و پێش سەت ساڵ شێوەی کەشتییە ئاسمانییەکان و درێژییان و پانییان و شوێنی هاویشتنیان دەستنیشان بکات!

سێ کەسم لە پێشەنگانی گەشتی "ئەپۆڵلۆ- سیووز" بینی لێرە لە قاهیرە و سەرسامیی خۆیان بۆ باس کردم کە ڕۆمانەکانی جیل فین–یان خوێندووەتەوە. یەکێکیان پێمی گوت: دەڵێی لەگەڵماندا بوو.. هەموو شتێک پەسن دەدا ڕێک وەک یەکێک لە ئێمە.

ه. ج. وێڵز–ی نووسەری ئینگلیزیش بوو لە ڕۆمانی "جەنگی جیهانەکان"یدا هەموو دانیشتووانی زەویی تۆقاند. ئەو وای بۆ دەچێ دانیشتووانی مەریخ دڕندە کێویگەلێکی زۆر زلن و ڕقیان لە دانیشتووانی زەوییە، ئەوان دابەزیونەتە سەری! یانیش ئەوە دەکەن و زەوی و شارستانییەکەی لەناو دەبەن و دەیان فیلم بەپێی ئەم واتە تۆقێنەرە دامەزراوە!

لە ٣٠ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٣٨دا ترس دانیشتووانی نیوویۆرکی داگرت و دەستیان بە خۆ هەڵدان لە پەنجەرەکانەوە کرد و بەردەبوونە سەر ئۆتۆمبێلەکانیان بۆ ئەوەی لە دانیشتووانی مەریخ هەڵێن کە پەلاماری ئەمەریکایان دا.

سەرچاوەی ئەم ترسەش لە نوواندنێک پتر نەبوو لە ئامادەکردنی ئۆرسون وێڵزی هونەرمەندی گەورە، ئەم نوواندنە لە "جەنگی جیهانەکان" وەرگیرا بوو.

ئۆرسون وێڵز هەستی کرد کە سەرکەوتنێکی بێ وێنە سەرکەوتووە، کە خەڵکی باوەڕیان پێی کرد، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوە بوو ترسێکی قووڵ لە ویژدانی خەڵکدایە. کە مرۆ دوژمنی هەر شتێکە نایزانێ و ئێمە بە تەواوی نازانین بواری توانستی ژیرانی شارستانییەکانی دیکە چییە، ئایا واز لە پێوەندی پێوە کردنیان یان لەو هەوڵانە بهێنین؟! دوو سەت کەس لە زانایانی گەردوون و فیزیا داواکارییان پێشکێش بە دەستەی ئاسمانیی ئەمەریکایی کرد داوای پێویستیی لێکۆڵینەوەی

بەردەوامیان دەکرد لە پێناوی پێوەندی کردن بە هەسارەکانی دیکەوە.. دەسا کێ دەزانێ بەڵکو بۆ پێشەوە پاڵیان پێوە نابن، یان بەڵکو ئێمەیان بۆ خۆمان لێکدایەوە و بەڵکو مرۆڤایەتییان کورت کردەوە.

بۆیە لە ساڵی ١٩٧٢دا زانایان بیرۆکەی فرانک دریک–ی گەردوونناسیان دووبارە کردەوە، لە کەشتییە ئاسمانیی "پایۆنیر دە"دا، کە ڕووی لە هەسارەی موشتەری بوو، تابلۆیەکی مس–یان دانا وێنەی پیاوێک و ژنێک و خۆرێک و نەخشەیەکی شوێنی هەسارەکان لە کۆمەڵەی خۆری ئێمە و وێنەیەکی سادەی ڕۆژژمێرێکی جیهانیی لەسەر بوو.. بەڵکو کەسێک لە دووریی ٣٠٠ ساڵی تیشکی بزانێ ئێمە لە کوێین و ئێمە کێین.. و ئەم کەشتییەش تیژڕەوی و بەردەوامیی بە هۆی ڕاکێشانە جوداکان لە دەوریدا لە ئاسمان بەدەست دەهێنێ.

ئەمڕۆش لە جیهاندا کۆمەڵەگەلانێکی گەردوونناسی و ڕەوانی (گیانی) هەن ناوی "مەریخ"یان کردووەتە هێمای خۆیان.. ئەم کۆمەڵەگەلە ژمارەیەکی زۆر لە زانایان بە خۆیانەوە دەگرن جەخت لەسەر ئەوە دەکەن پێوەندییان بە هەسارەگەلی دیکەوە هەیە.. و ئەوانەیان بینیوە کە دابەزیونەتە لامان و ئینجا گەڕاونەتەوە هەسارەکانیان.. ژمارەیەکیشیان لە ناوماندا دەژین.. و هۆگەلی پەسندیشیان هەیە بۆ ئەوەی بە شاراوەیی بمێننەوە.

هەفتەی ڕابوردووش ڕۆژنامەکانی جیهان هەموویان بەیانێکی دەنگ بەرزیان لە "کۆمەڵەگەلانی مەریخ" لە ئەمەریکادا بڵاو کردەوە دەستەی ئاسمانیی ئەمەریکای بە درۆکردن بەرامبەر جیهان تاوانبار کرد.. چونکە ئەم دەستەیە دەزانێ ژیانێکی پێشکەوتوو لە مەریخدا هەیە، یانیش شارستانییەکی زۆر پەرەسەندووی لێ بووە.. و ئەو دوو مانگەی لە دەوری مەریخدان، لە دوو کەشتیی ئاسمانی بەولاوە چیی دی نین... و ئەوانە دوو خاڵی بازدان و دەرپەڕینن بەرەو هەسارەگەلی دیکە.

هیچی دی نەماوە ئەوە نەبێ وەڵامی پرسیارەیلی ژمارەیەک لە خوێنەرە بەڕێزەکان بدەمەوە– هەر وەک دەبینین.

## بەرەو هەرەم.. لەڕێی مەریخەوە

ئەگەر ئەم وتارانە خەیاڵیان نەورووژاندبی و وایان لێ کردبی بیر لە شتگەلێکی زۆری دیکە بکەیتەوە کە بەبیرتدا نەهاتوون، جارێکی کە هەوڵ دەدەم لە زنجیرە وتارێکی لە جۆرێکی دیکەدا.. بەڵام دوور ناکەونەوە لە واتەی گشتیی ئەم زنجیرەیە کە مرۆ بە گەردوونەوە دەبەستێ.. و زەوی بە هەسارەکانی دیکە دەبەستێ.. و شارستانییەکەمان لە ناو زنجیرەیەک دادەنێ نە سەرەتای هەیە نە بنەتا لە شارستانیگەلێکی یەک لە دوای یەکدیدا.. هەندێکیان لە زەوی.. و هەندێکیشیان دابەزیوەتە سەر زەوی.

مرۆ ئێستاکە هەوڵ دەدا بچێتە هەسارە کۆنەکان بەڵکو ئەم هەسارەیەی خۆی بناسێ.. دەچێتە مەریخ دا بزانێ ژیان بە چ شێوەیەکی لە ئێمە نامۆ دەبێ.. ئەوەش فرەوان کردنی بواری دیدی

مرۆڤایەتیی تێدایە.. کە هێشتا هەموو شتێک لەم گەردوونەدا تەنیا بە پێودانگی مرۆ دەپێوین.. وەک بڵێی پێودانگەکانی مرۆ پێودانگگەلی بوونەوەرانی دیکەی لە ئێمە ئاقڵتر بن..

یەکێک لە نهێنییەکانی ئەم گەردوونەش: مرۆ بەخۆیەتی. کە نەمانزانیوە هەموو ئەو شتانەی لە ژێر پێستی مرۆدایە چین.. ڕاستە ئێمە لەگەڵ ژینگەدا دەگونجێین.. ڕاستە ئێمە دەستمان بەسەردا گرتووە.. بەڵام ئایا ڕاستە ئێمە زانیومانە بە چی شتێک دەست بەسەر هی دیدا دەگرین؟؟ ئینجا چۆن دەست بەسەر هی دیکەدا دەگرین و دەست بەسەر خۆماندا نەگرین؟..

مرۆ گیاندارێکە بەخۆنازینی تێدایە.. کە ژیرتر و زیرەکتر و خەیاڵ گەورەتر و داهێنەرترە لە گیاندارانی دیکە.. بەڵام زیرەکترین و چاکترین و تواناترینی ئافەریدەکانی خودا نییە.. کێ دەزانێ؟

مرۆ گیانلەبەرێکی تاکە لەسەر ئەم زەوییەدا، چونکە مرۆ کۆمەڵە بەهرەیەک و توانستی داهێنانی دوا نەهاتووە..

ئیسپانییەکان- بۆ نموونە- ساڵی ١٧٦٩ کە لە کالیفۆرنیا دابەزین، هیندیگەلی سووریان بینی چاوەڕوانی مانگەشەو دەکەن بۆ ئەوەی ماسییەکان خۆیان هەڵبدەنە سەر کەنارە لماوییەکان.. کە خۆیان هەڵدایە سەر کەنارەکان مێیەکانیان لە کلکیانەوە تا سەریان بە لمدا دەچن و گەرایان دادەنێن، نێرەکانیان دێن و هەموو گەراکان دەپیتێنن.. و بەهۆی دەرکەوتنی مانگیشەوە، ئاوی ئۆقیانووسەکان بەرز دەبێتەوە و بۆ کەنار دەکشێ بۆ ئەوەی ملیۆنان ملیۆن گەراماسی بباتەوە و ژین سووڕی خۆی تەواو دەکا.

ئەم ماسییانە و هی دیکە لە گیانلەبەرانی کە، لە ملیۆنان ساڵەوە فێر بوون لەسەر یەک شێوە بڕۆن و نایگۆڕن. ئەم شێوەیە خودماک (غریزە)یە.. یانیش دانایی سروشتە. یان ئەوە ویستی خودایە.

بەڵام مرۆ نە بەندی ژینگەیەتی و نە بەندەی خودماکەکان. دەتوانێ بگونجێ و یاخی ببێتەوە و بەسەر هەموو بارودۆخەکاندا و لە هەموو پلەکانی گەرمادا زاڵ بێ.. لە دۆڵ و چیا و بیاباناندا و لەسەر ڕووی مانگیشدا..

مێژووی مرۆڤیش مووزەخانەیەکی کارگەلێکی بەستوو نییە پەرەی سەندبێت و وەستا بێ.. بەڵام زنجیرەیەک لە کارەیلی داهێنانی یەکدی تەواوکەرە.. یان مێژووی مرۆ ڕووبارێکی ئاوی نوێ بووەوەیە.. و لەسەر کەنارەکانی ڕووباردا کێڵگە و کارگە و قوتابخانە و نەخۆشخانە و شەڕوشوور هەیە.. یانیش مێژووی مرۆڤایەتی لە شانۆیەکی ئازادی بەولاوە چیی کە نییە.. واتە ڕزگاربوون لە ترس و برسێتی و بەزین.. شارستانیی مرۆڤ مێژووی ڕزگارییەتی لە مرۆڤ و لە هۆکارەکانی سروشت و لە ڕاکێشانی زەوی..

بەڵام خوێندنەوەی مرۆڤ و گیانلەبەر و ڕووەک و چاودێریی گەردوونەکان، وای لێ کردووین ڕوانینمان بۆ خودی مرۆ بگۆڕین..

نە زەوی چەقی گەردوونە و نە مرۆڤیش گەورەی گەردوونە.. و زەویش تنۆکێکە لە ئۆقیانووسێک، هەروەها مرۆڤیش تنۆکێکە لەسەر ئەو زەوییەی خۆی تنۆکێکە لە گەردووندا.. سەرباریی مەزنیی هیچ و پووچە، ئەمەش جەخت لەسەر مەزنیی خودای توانا بەسەر گەلێک شت کە کەمێکی لێ نەبێ نایانزانین..

مرۆڤ چیی دی شای لەسەر تەختی کەون نییە، تەنانەت لەسەر تەختی زەویشدا نییە و لەسەر تەختی گیانلەبەر و مرۆڤیشدا نییە...

***

لەم دواییانەدا کتێبێکم بەناوی "نهێنییەکانی گیانلەبەران" خوێندەوە لە نووسینی لۆرس میلن و مارگری–ی هاوسەری بوو، کتێبەکە لە دێرە سەرەتاییەکانیدا دەڵێ: تەنیا لە بیست ساڵ لەمەو بەرەوە، بڕوامان بەوە دەکرد شێر شای بیشەڵانە و گەورە و ئەفسەری سەر سەریشیەتی و ئەوە ژیان بەو گیاندارانە دەبەخشێ کە دەیەوێ و سووک و بەڕێز دەکا.. و ئەگەر نەڕاندی گیاندارەکان دەکەونە لەرزە و خشۆکەکان دەپلیشێنەوە و مێرووەکان تەفروتوونا دەبن.. و ئەو.. ئەو گیاندارە میهرەبان و سەربەرزەیە کە خۆشترینی مامزان دەخوات و پاشماوەکەی بۆ هیچ و پووچەکانی ئاژەڵ و مەلەکانی دیکە بەجێ دەهێڵێ.

ئەم تێڕوانینە گۆڕرا، ئیدی شێر ئاژەڵێکی قەرەجە.. بەردەوام لە دارستاندا هات و چۆ دەکا، بەدوای خواردندا دەگەڕێ، ئەگەر گەنیو ببینێ باز و سیسارکەی بەسەردا کۆ بوونەتەوە دەیانترسێنێ و پاشماوەکەیان دەخوا.. ئەوجا.. مێیینەکەیە ڕاو دەکا و ئەو دەخوا.. لەو پیاوە قەرەجانە دەچێ کە لەبەردەمی خێوەتەکانیاندا گەمە دەکەن، لە کاتێکدا ژنەکانیان سەما دەکەن و دەدزن و خۆراکیان بۆ دەهێنن.. و هەر ئەوەش بۆ غۆریللا دەگوترا: کێوییەکی دڕندەیە.. بەڵام زاناکان بۆیان دەرکەوت گیاندارێکی دەستەمۆیە و گۆشت ناخوا، بەڵکو میوە و گەڵادار کۆ دەکاتەوە و چۆلەکەیەکیش یان پەپوولەیەکیش ئازار نادا!

شتێکی کەش لەم کتێبەدا هەیە: مرۆڤ هەمیشە وای گریمانە کردووە ئاژەڵەکان بوونەوەرانێکی نزمن، یان کە خودا ئافەریدەکانی ئافراندن ئاژەڵان و مێرووەکانی دروست کرد.. و ئەوانە وەک ڕەشنووس بوون پێش ئەفراندنی مرۆ کەوتوون.. بەڵام زانستی نوێ، جەخت لەسەر ئەوە دەکا کە مێرووەکان لە مرۆ کەمتر نین.. و مرۆ گەلێک لە مێرووەکان و ئاژەڵەکان بێهێزترە.. و لە توانستیدا نییە لەناویان بەرێ.. بەڵکو ئەم ئاژەڵانە بەخۆیان دەبنە میراتگری زەوی و هەرکێیەکی لەسەردایە و لەسەریەتی.. و لەسەرەتادا مێروو هەبووە و لە کۆتاییشدا دەمێنێ..

کورتەی ئەوەی زانایانی گیانەوەران پێی گەیشتوون ئەوەیە کە: مرۆ لەوە پتر نییە کە گیانەوەرێک بێ "لەناو" گیانەوەراندا. نە پتر و نە کەمتر! وەک هەموو گیانەوەران و ڕووەکەکان و مێرووەکان– ململانێ لە پێناوی مانەوەدا دەکا. هەر لەم ململانێیەدا و لە پێناویدا، مرۆ هەموو هۆگەلێکی بەرگری و هێرش بردن و خۆپاراستن و بەردەوام بوونی داهێناوە.. و ئەم ململانێیەیە کە

شارستانیی پێ دەڵێین! کە ئادەمزاد گیانەوەرێکە مێژووی هەیە..

مێرووەکانیش و گیانەوەرانیش مێژوویان نییە، چونکە نە ڕابوردوو و نە ئێستا و نە داهاتوویان هەیە، بەڵکو لە ملیۆنان ساڵەوە وەک خۆیانن وەک بوون و هەر وەهاش دەمێنن. کە لە بارێکی بەردەوامیی سستدان!

***

کاتێک مرۆ ئەوەی زانی کە تەنیا نییە و لە گەردوون دووڕپەرێز نەبووە.. و لە دەمە دێرینەکانەوە پێوەندیگەلێک لە نێو ئەم زەوییە و جیهانەکانی دیکەدا هەبووە.. و لە بیست ساڵی ڕابوردوودا دەوریگەلە فڕیوەکان بە دەوری پێنج کیشوەرەکەدا خولاونەتەوە.. مرۆ درکی بەوە کرد کە نە تاکە ئاوەزە.. و نە تاکە داهێنەرە لەم گەردوونەدا..

کە مرۆ چووە ناو سەردەمی بۆشاییی ئاسمان.. و فڕین بە دەوری زەویدا و بۆ مانگ و هەسارەکانی دیکە.. سەرلەنوێ لەبەر تیشکگەلێکی نوێدا دەستی بەلێکدانەوەی چیرۆکگەلی پێشینان کردەوە... بۆ نموونە:

ئەوەی لە "کتێبی مردووان"ی فیرعەونیدا هەیە و ئەوەی لە کتێبی "حزقیال"ی تەوراتدا هەیە..

ئەوەش کە لە کتێبی "ئەخنووخ"دا هەیە و ئەوەی لە داستانی "گلگامش"دا هەیە.

هەروەها لە چیرۆکگەلی "هەزار و یەک شەو- ألف ليلە وليلە"دا هەیە و.. لە گەشتەکانی ئیبن بەتتووتە و ئیبن جوبەیر و مارکۆپۆللۆدا هەیە..

بەڵکو ئەوەی لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەردا هەیە "ئایەتگەل"ێکن لە هەموو ئەوانەی لە ناو ئەم کتێبە کۆنەدا هەن جوانتر و وردترن. بەڵام.. بەڵام هەندێک لە پیاوە ئاینییەکان نەرمی لەگەڵ لێتۆژینەوەدا نانوێنن.

شتی ئەوتۆ لە کتێبە کۆنەکان و ئەفسانەکاندا هەیە بەڵگەی یەکلاکەرەوەی ئەوەن کە بوونەوەرانێک لە هەسارەگەلێکی دیکەوە دابەزیون بۆ زەوی.. و ئەوەی بە خەڵک و لەگەڵ خەڵک و بۆ خەڵکیان ئەنجام داوە کە هیرۆدۆت-ی مێژوونووس و ئەفلاتوونی فەیلەسووف گێڕاویانەتەوە..

هەروەها ئەشکەوتەیل و دیوارەکانی باشووری فەرەنسا و ڤیێننا و شکەفتەکانی ئوستورالیا و باشووری هیندستان و ناوەڕاستەکانی ئەفریقیا و لە پیرۆ و لە دورگەکانی هەڵسانەوە "فصح" و "دابەزین" و چیان بۆ بوونەوەرانی دیکەی جودا جودا لەئێمە و زلتر و ڕێکترن، هاتوون و نیشتەجێ بوون و لەبەر هۆگەلی گەردوونیی نەزانراو گەڕاونەتەوە بۆ شوێنە دوورەکانیان لە بۆشاییی ئاسمان...

لە هەفتەی ڕابوردوودا دەزگەی مۆندا دووریی ئیتالیایی کتێبێکی لە دوو بەرگدا دەرکرد بە ناونیشانی "سەت ڕووداو مێژوویان گۆڕی" و لە پێشەکیی ئەم ڕووداوانەدا دەڵێ: دۆزینەوەی ئەشکەوتەکانی تسیلی لە دەڤەری جەبارین. زانا فەرەنسییەکان لەم ئەشکەوتانەوە پتر لە پێن

جهەزار وێنە و نەقشیان وێنە گرت و گوازتەوە و ڕەنگەکانیان وێنە کێشایەوە.. ئینجا هەنری لۆت-ی نووسەری فرەنسی بە ناوی "تابلۆکانی تسیلی- چیرۆکی تابلۆکانی بەر لە مێژووی ئەشکەوتەیلی بیابانی هەرە گەورە"وە لە کتێبێکدا بڵاوی کردنەوە. ئەنیس زەکی حەسەن-ی ئەدیبی عێراقی وەریگێڕایە سەر عەرەبی و ساڵی ١٩٦٧ بڵاوی کردەوە. ئەم تابلۆیانە لە ڕێیە دوورەکەی نێوانی ڕابوردووی دوورمان و داهاتووی زۆر نێزیکماندا بە زناکێک "علامە"یەکی بەبایەخ دادەنرێن، کە لەسەر ئەشکەوتەکاندا وێنەگەلی خانمانێک بە مایۆوە و وێنەی خانمێکی سوور و سپیی زۆر درێژ هەیە.. و وێنەی زۆر درێژێکیش خوودەی ئاویی لەسەر ناوە، تەواو وەک پێشەنگانی بۆشاییی ئاسمانی.

ئەم نەقشانە جەخت لەوە دەکەن کە بیابانی خۆراوایی بە دارستان داپۆشراو بووە و پڕ بووە لە ئاژەڵە کێوی و ئاو و کار و پیشەسازی و بەتایبەتیش پیشەسازیی مادده کیمیاییەکان. کە ئەم وێنە ڕەنگاوڕەنگانە سەرباری ئەو گەرماییەی بیابانەی وا نە مرۆڤ و نە گیانداری دیکە خۆیان پێ ڕاناگیرێ زۆر جوانن. ئینجا شیکردنەوەی ئەم نەقشانە جەخت لەسەر ئەوە دەکا، بەر لەم شارستانیی مرۆڤە بە بیست هەزار ساڵ.. و ئەم بوونەوەرە مرۆییانە یان بوونەوەرە ژیرانە و هەروەها گیاندارەکان و ماسییەکان ئەمێستاکە لەلامان نەناسراون..

بەڵام ئەم ئەشکەوتانەی تسیلییە، خاڵێکی وەرچەرخانی گەورەیە لە ڕەوتی شارستانیی مرۆڤدا و بەستنەوەی بە شارستانییەکانی دی دا.. زانایانیش بە گەورەترین بەڵگەیان داناوە بۆ بوونی بوونەوەرانی دیکە لەسەر زەویدا.. ئینجا دواتر لەناوچوونی، هەرچەندێک لە فرەنسا و ئەمەریکا و بەریتانیا دەستەگەلی زانستی و ئاینی هەن جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە ئەم بوونەوەرانە لەناو نەچوون و بەڵگو وێنە و شێوەی مرۆیانە و گیانەوەرانە و ڕووەکانەیان پۆشیوە و لە یەکدی گەیشتن شیاوە لەگەڵیاندا؟!

لە کتێبێکدا مانگی ڕابوردوو بڵاو کراوەتەوە بە ناونیشانی: "میوانێکی بێ گەڕانەوە"ی جێمس بیلووک-ی ئەمەریکایی لە بەشێکدا بە ناوونیشانی "... تەنیا هەرەمی گەورە نەبێ"دا دەڵێ: نهێنییەکی زۆرمان بۆ دەرکەوت، بەڵام مەزنیی هەرەمی گەورە هێشتا مەتەڵێکی سەرسوڕمێنە. دانایانی میسر لە هەموو سەردەمەکاندا ترۆپکی زانستن و کەسیش نازانێ زانیارییەکانیان چۆن لە سروشت و کیمیا و نۆژداری و گەردووناسیدا فرەوان بووەتەوە.. نۆڕین لە پەرستگەی ئەبی سمبل گەورەترینی مەزنیی مێشکەکان لە بەردەمی ئەم بەرزییە خاکی دەکا، کە مەیدانخوازیی لەگەڵ ڕۆژگاردا کردووە و هێشتاش دەیکا..

(لە زمانی عەرەبیی پاراودا بەو میوانەی کە بانگهێشت نەکراوە دەڵێن (چیفن): بەپێی ئەوە ناوونیشانی کتێبەکە- ئەگەر وردی و لەهەمان کاتدا تەماوی بوونت گەرەک بێ- (چیفن-زەیفەن)ە، مەبەستیش بێگومان ئەوانەی دابەزیونەتە سەر زەوی میوانگەلێک بوون بێ ئەوەی کەسێک بانگهێشتیان بکا).

کولیک لە بەشێکی دیکەدا دەڵێ: چاوم بە ڕووبێر شارۆ-ی نووسەری فرەنسی کەوت، کە دە کتێبی لەبارەی ئەوانەوە دەرکردووە دابەزیون و ئینجا گەڕاونەتەوە ئاسمان.. شارۆ پێمی گوت: گەیشتمە سەرەتایەکی سەیر، هەموویان بەرەو هەرەمی جیزە دەچن.. وەک بڵێی دانایانی میسری دێرین لە هەموو لقەکانی زانست و زانیاریدا ئامادەیییەکی هەمیشەییان بۆ خۆیان و بۆ میسر ویستبێ.

کولیک هەروەها دەڵێ:... هەروەها ئیریش فۆن دینکن-ی نووسەری ئەڵمانم چاو پێ کەوت کە لە چل و حەوت کتێبەکانی ملیۆن دانەی فرۆشتووە و لێم پرسی ئەگەر شتێکی بۆ گوتن هەبێ. گوتی: کتێبێک لەبارەی ئەخناتوون-ەوە دادەنێم، ئەو شایە پەیامبەرە..

ئەو بلیمەتە نەخۆشەی وا پزیشکە میسرییەکان چارەسەریان کرد و تووشی گرفتێکیان لە لوو (گلاند)ەکانیدا کرد و لە ئەنجامدا دوو مەمک و دوو سمت و سوورین-ی بۆ پەیدا بوو و ئەم گرفتە گەورەترین بەڵگە بوو بە هۆرمۆنەکان زانینی پزیشکانی میسر.. و بۆ پیلانگێڕیشیان دژی شا، چونکە ئەم شایە زانست و داناییەکی هەبووە کەس نەیزانیوە.. و بەڵگەشە بۆ ئەوەی ئەم شایە پێوەندیی بە دانیشتووانی هەسارەکانی دیکەوە هەیە، گومانم لەوەدا نییە و ئەوەش دەسەلمێنم!

***

ئایا ئەگەر ژیانمان لەسەر مەریخدا نەدۆزییەوە، ئەوە سەرنەکەوتنی هەموو هەوڵەکانی زاناکان دەگەیەنێ؟ ئایا پێویست بوو شێوەی ژیان لەسەر هەسارەکانی دیکەدا هەر ئەم شێوە ژیانەی سەر ئەم هەسارەیە بێ؟ ئایا توانستی خودا تەنیا لە تەک شێوەی مرۆدا وەستاوە؟ ئەستەغفیروڵڵا.

ئایا ڕاستە ئەو دوو مانگەی بە دەوری مەریخدا دەخولێنەوە، دوو کەشتیی بۆشاییی خولگەیین و خەڵکی مەریخ بە هۆی کارەساتێکی گەردوونییەوە لێی دوور کەوتوونەتەوە و بۆ هەسارەگەلی دیکە کۆچیان کردووە؟ - تیۆرییەکی ڕووسیی نوێ.

ئایا ئەگەر مەریخ چۆڵ کرابێ و هەروەها هەسارەی زوهرە و موشتەری و عەتاریدیش...

دوای ئەوەش هەسارەی زەوییش، بەهۆی کەڵەکەبوونی ئەتۆمی و پیسبوونی هەوا و کەش و ژاراوییبوونی ئاوی و پەتاگەل لەهەموو شوێنێکدا، ئایا دەشێ بگوترێ دانیشتووانی ئەم کۆمەڵەی خۆرە بەڕێوەن بەرەو لەناوچوون یان بەرەو کۆچکردن دەچن؟ ئایا دەشێ بگوترێ دەورییە فڕۆکەکان کە لە بیست ساڵی ڕابوردوودا بڵاوبوونەوە و زۆر بوون، جۆرە هۆشداریدانێک بوون بۆ ئێمە، دا خۆمان بە زانستی خۆمان لەناو نەبەین؟ ئایا دانیشتووانی هەسارەکانی دیکە ویستوویانە و- بەڵام ئێمە تێی نەگەیشتووین- هۆشداریمان بدەنێ لەو چارەنووسەی بەسەر شاری سەددووم و عامووڕەدا هاتووە، بەو شێوەیەی لە تەورات و قورئانی پیرۆزدا باس کراوە؟

خودای مەزن ڕاستی فەرمووە: (وما أوتيتم من العلم إلا قليلا)!

کۆتایی

# مێژوو کۆمەڵێک کەڵبە و چڕنووکە!

ئەنیس مەنسوور

### ئەم ئاژەڵانە... خوداوەندگەلێک بوون ڕۆژگار پشتی تێ کردوون!

ئەمە جۆرێکی کەیە لە مێژوو. کۆمەڵە ئێسکێکە. واتە ئەو ئاژەڵانەی لە ملیۆنان ساڵێکەوە لە ژیاندا بوون و لە بارودۆخێکدا مردوون نایانزانین و پاشماوەی خۆیان بەجێ هێشتووە و زانستی نوێ هاتووە و ئێسکەکانی کردووەتە خەڵوز و خەڵووزیان خوێندووەتەوە و شیی کردووەتەوە وردیلەکانی ژماردوون تا بزانێ چەند دانە لەم وردیلانە مردوون.. و لەڕێی ئەو وردیلانەی ماون تەمەنی ئەم ئاژەڵانە دەزانێ.

دەشێ بگوترێ مێژوو: کۆمەڵە خۆڵێکە زانایەک لە ئەشکەوتانی دۆزیوەتەوە. کە لە ئەشکەوتەکاندا مرۆڤی کۆن هاتووە و چڵەدارێکی بەدەستەوە گرتووە و بە خوێنیدا کردووە و ئینجا لەسەر دیوارەکاندا وێنەگەلێکی ئەم ئاژەڵانەی کێشاوە.. و ئینجا ئامێرە تازەکان هاتوون و لە خوێنەکەوە گەواهیی لەدایک بوونی مرۆڤ و گەواهیی ناشتنی ئەم ئاژەڵانەی دەرهێناوە.

ئینجا مرۆ جارێکی دیکە هاتووە و خۆڵ و ئێسکەکانی کۆ کردووەتەوە و واتەی تازەی بۆ هەموو ڕووداوەکان ڕێک خستووە.. کە مێژوو کارێکی پێکهێنانە.. یان بابەتێکی پێکهێنانە.. کە، گەلێکی درۆی جوان تێدایە.

مێژوو دووکانێکی ماسییە.. یان مۆڵگەیەکی چێڵانە.. چونکە مێژووی ئاژەڵە لەسەر ئەم زەوییەدا.. بەڵام ئەم مێژووەی ئەم ئاژەڵانە و بەم واتەیەش زوڵمێکە لە هەموویان. چونکە ئاژەڵەکان ملیۆنەها ساڵ خۆیان ڕاگرتووە و ئەزموونیان بووە و پەلەپۆیان بتەو بووە و ملیان بەرز بووەتەوە و تووک و پەڕەکەیان لێ ڕواوە و بەرگریی هێزە سروشتییەکانیان کردووە و بەرگریی مرۆیان کردووە.. و توانیویانە فرە جۆرتر و فرە ژمارەتر و تەمەن درێژتر بمێننەوە.. و ژیانی مرۆڤایەتی

.................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە

لەسەر ئەم زەوییەدا کۆتایی دێ یان دەگوازێتەوە بۆ هەسارەگەلی دیکە. بەڵام ئاژەڵەکان ئەوانن زەوی و هەرچییەکی لەسەرە بۆیان دەمێنێتەوە.

هەموو ئەو ئاژەڵانەی ئێستا لە ژیاندان و لە مرۆ بێهێزترن خوداوەند بوون. مرۆ پەرستوونی و بە دوای فەڕیاندا گەڕاوە و پەرستگای بۆیان دروست کردووە و جەنگگەلی لەپێناویاندا بەرپا کردووە.

لە ئەشکەوتانیش و لە پەرستگە کۆنەکانیشدا شوێنەوار ماونەتەوە و بەڵگەی بەپیرۆز زانیی گەورەی سەگان و پشیلە و مەلان و ماران و ئاژەڵانی دیکەیە. وەک بڵێی ئەم ئاژەڵانە لە سەرەوە بوون، لەسەر چاو و لەسەر سەر، دواتر ژێر پێڵاوی مرۆ کەوتوون.. خوداوەنگەل بوون و بوونە بەندە و دەیانڕانێ و سەریان دەبڕێ. یان بەندیان دەکا و سەیریان دەکا.. هەموو ئەم ئاژەڵانە خوداوەندن و ڕۆژگار پشتی تێ کردووە!

مرۆ پەرستوونی.. ئینجا ڕاوی ناون و کوشتوونی. ئینجا ڕاوی ناون و ڕاوی کردوون و هەوڵی داوە دەستەمۆیان بکا و ئەوەی بۆ هاتە دی و بەخێویانی کرد بۆ ئەوەی سەریان ببڕێ و بیانخوا. ئینجا هەندێکی لەم ئاژەڵانە لە ڕاکێشانی گالیسکەکان و گالیسکەکانی مێژوو لە کیشوەرێکەوە بۆ کیشوەرێکی دی بەکاری هێناون، لە قۆناخێکەوە بۆ قۆناخێکی دێکە.. هەر لەو ساڵەدا کە پەیامبەر دروودی لێ بێ لەدایک بووە، فیلگەل هێرشیان کردووەتە سەر کابە. ئەوەش ساڵێکی یەکلاکەرەوە بووە.. و ناوی ساڵی فیل–ی لێ نراوە..

هەروەها هانیبال–ی سەرکردە بەرەو ئەورووپا کشاوە و ترسی تێدا درووژاندووە و هەموو هێزەکانی لە پێشیدا پاشەکشێیان کردووە چونکە فیلی بۆ یەکەم جار بەکار هێناوە... ئەسپیش لەگەڵ هیکسۆس–ەکاندا چوونەتە میسر.. و بە چوونە ناو میسرەوەی ئەسپەکانیش ڕووی مێژوو گۆڕا.. و ڕواڵەتی پەرستگەکان و دیوارەکانیان گۆڕان.

ئاژەڵی دیکەی جگە لەمانە، بەشدارییان لە داستانی ژیان و دان بەخۆدا گرتن و خۆڕاگریدا کرد لەپێناوی ئەوەی بۆ خۆی و بەچکەکانی باشترن.

مێژووی مرۆڤ و ئاژەڵیش داستانی ئازارچێژییە لەپێناوی مانەوەدا. شەڕگەلی دۆستایەتی و دوژمنایەتییە. شەڕگەلی سەروەرییە.. و ئاساییش بووە مرۆی بە ئاوەز ببێتە سەروەر. هەموو ئەمانەشی لە گۆرانییەکانی و کارە هونەرییەکانی و ئەفسانەکانیدا تۆمار کردووە. سەرەتاکەش زۆر کۆنە. کە ژین لە سێ هەزار ملیۆن ساڵەوە لەسەر ئەم زەوییەدا دەستی پێ کردووە. شێوەی ژیان سادە و سەرەتایی بووە، لە شانەیەکی زیندوو پێکهاتووە. ئەم شانەیە لە ناو ئاودا پەیدا بووە. ژیانیش لەسەر هەموو زەویدا لە ئاوەوە دەرچووە. قورئانی پیرۆز دەڵێ: "وجعلنا من الماء كل شيء حي" واتە: هەموو شتێکی زیندوومان لە ئاوەوە دروست کر. کە زەوی لەسەرەتادا بەهاڵاو بووە و لە ملیۆنان ساڵدا دەستی بە سارد بوونەوە کردووە و هەوری بەدەوردا پێکهاتووە و لەم هەورانەشەوە کە هەموو توخمەکانی ژیانی تێدایە: هایدرۆجین و ئۆکسیجین و دووانە ئۆکسیدی کاربۆن و لە پشتیشیەوە و لە دەوروبەریشیدا ئەو تیشکە سەرووی وەنەوشەییەی لە خۆرەوە دەجۆشێ ژیان

دەرهاتووە. یانیش ئەو "کــەش" یان "ژینگە" یان "دایەنگە"یەی هەر دەبێ ژیانی لێ دەربچێ و دەرچوو و ئەوەش لەناو ئاودا بووە.

ملیۆنەها ساڵی دیکەش ڕەت بوو کە ئاو داکشا و ئۆقیانووس و ڕۆخگەلی لە قوڕاو پەیدا بوو.. و قـوڕاویش ئاو و گـڵـە پێکەوە. یانیش "چارەی ناوەندییە" لەنێوانی وشکانی و دەریادا و هەزاران ساڵ تێپەڕی تا ژیان ئاڵۆز بێت و شێوەیەکی ببێ و ئەم بوونەوەرانە لە دەریاوە بگوازنەوە وشکانی و لێرە و لەوێدا بژین. کە هێشتا لە ئۆقیانووسەکاندا بوونەوەری نامۆ و سەیر هەن. ئەم بوونەوەرانە وەچەی لە سەتان ملیۆنان ساڵەوە بەردەوامن.

هەندێک شوێنەواریش لە باکوری ئەمریکا و باکوری ئەوروپادا هەن ئاماژە بەم جۆرە ژیانە دەدەن کە لە دەریادا دەرکەوتوون و بەرەو وشکانی خزاون و ئینجا گەڕاونەتەوە دەریا..

لەو ململانێیە بەردەوامەشدا لەپێناوی مانەوەدا، هەندێک لە بوونەوەرە دەریاییەکان خۆیان بە ئێسقان و کەڵبە زرێپۆش کردووە تا لەناو نەچن و شێوەکانی ئیسک و کەڵبەکانیان پەرەیان سەند و جووڵە شیاوتر بوون، بەڵکو هەندێک لە بوونەوەری دەریاییمان بینی شەویلاکی جووڵە نەرمتری بۆ پەیدا بووە و توانستی گرتن وگاز پێگرتنی پتر بووە و ئەمەش هەنگاوێکی زۆر گەورەیە لە پەرەسەندنی بوونەوەرە دەریاییەکان.. یان ماسییەکان.. و هێشتاکەش هەندێک ماسی لە قەفەزی ئێسکیاندا بەندن و ئەم قەفەزانەش تۆمارێکی مێژوویین بەوەی ئەم ئاژەڵانە لە سەتان ملیۆنان ساڵەوە چۆن بوون.

هەر لەو دەمانەشدا کە ماسی لە دەریادا پەیدا بوون، گژوگیا لە ڕۆخدا دەرکەوت.. و دەوەن و دارە چڕەکان... و ماسیگەل لە دەریاوە گوازتیانە بەسەر ڕۆخ. ئەم گوازتنەوەیەش وەک ئەم دەستەواژەیە کورت نەبووە. بەڵکو بەدرێژایی ملیۆنان ساڵ بوو. بەبایەخترین ڕووداویش ئەوەیە: کە ئەم ئاژەڵانە توانیویانە ڕاستەوخۆ بە هەناسە هەوا هەڵبمژن– واتە هەوای دەرەوە نەک ئەوەی لە ناو ئاودا هەیە!

لە ٣٠٠ هەزار ساڵ لەمەو بەرەوە بەرزبوونەوەیەک لە گەرمایی زەویدا بوو. ڕووبەرانی بەرینی شەختە تاوانەوە و تۆفان ڕووی دا. زەوی ژێر ئاو کەوت و دەریا بەسەر زەویدا کشایەوە. هەموو شتێک بووە دەریا و زۆربەی دارستانەکان خنکان و بەسەر یەکدا کەڵەکە بوون و هەزاران ساڵی بەسەردا چوو و ئاوی گەرم پاشەکشەی کرد. یان ئەو ئاوەی دەکوڵی و ئەوەی وشک بووەوە و هەموو شتێک لەسەر زەویدا سووتا و درەختە سووتاوەکان بوونە ڕەژوو.. بوونە ئەو کانە ڕەژووانەی شارستانیی پیشەسازی دوو سەت ساڵە وەک سووتەمەنی بەکاریان دەهێنێ..

ژیان لەسەر زەویدا لەناو نەچوو... بەڵکو ئەم ژیانە ئەزموونی نوێی پەیدا کردبوو و شێوەگەلێکی جیاجیای وەرگرتبوو و مێرووەکانیش فێر بوون لە زەوییەوە بفڕنە سەر درەختان و لە درەختەوە بۆ درەخت و هەندێک لە ماسییەکانیش دەفڕین و ئێستاش هەندێکیان لە ئاوەوە بۆ ڕۆخ بەرز دەبنەوە. یان لە دەریاوە بۆ ڕووبار. یان لە ڕووبارەوە بۆ دەریا.. و هەندێکیان پەڕەکەی کوتومت وەک باڵیان

هەیە.. یانیش باڵن.

زاناکان تێکۆشان لە ڕاڤە کردنی ئەوەی بەسەر ئەم ئاژەڵانەدا هاتووە، بە چوون و هاتنەوە لە وشکانییەوە بۆ دەریا.

لە دوو سەدەی هەژدەهەم و نۆزدەهەم و لە ڕۆژگاری ناپلیۆندا زاناکان پێیان وابوو پەرەسەندنی ژیان لە پەرەسەندنە سیاسییەکان دەچێ. لە ڕۆژگاری ناپلیۆندا تەختگەلی پاتشایەتی دادەمەزرا و تەختگەلێکیش دەڕمان و سنوورگەلێک مرۆ دەیانسڕێتەوە و سنوورگەلێکی تازە، مرۆ دەیانخاتە سەر.. و زانایان پێیان وابوو ژیان بە شێوەیەک بوو ئینجا شتی وا ڕووی دا ئەم شێوەیەی بە توندی گۆڕی.. و ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە پەرەسەندنی ژیان چون پەرەسەندنە سیاسییەکانە، زەویلەرزە توندەکان و نووچەکان و شۆڕشەکان. کە مێژووی ژین لە توندوتیژییەکەوە بۆ توندوتیژییەکی دیکە دەچێ.

تیۆرییەکیش پەیدا بوو دەیگوت خشۆکەکان تەمەن درێژترن. چونکە خشۆکەکان لە ئاوەوە دەردەچنە سەر وشکانی و دەشگەڕێنەوە ناو ئاو. ئەم نەرمیی جووڵەیە و فرەوان بوونی بواری جووڵان و ژیان هەلێکی گەورەتری دا پێی بۆ مانەوە چونکە هێلکەکانی "گەراکانی" لە ڕۆخ دادەنێ دوور لە خشۆکەکان یان لە ماسییە ڕاوکەرەکان.

هێلکە لەسەر ڕۆخ یان لەناو قوڕدا دەمێنێ تا بێچووەکان لە هێلکە دەردەچن. خۆ ئەگەر هێلکە بێچووەکان بپارێزن تا دەردەچن، ئەم ئاژەڵانە دوای دەرچوونیان دیسان پێویستییان بە پارێزگاری هەیە. یەک لە کێشەکانی ئێستای تیمساحەکان ئەوەیە کە لە دەریاچەکانی ناوەڕاستەکانی ئەفریقیا هێلکەکانیان لەسەر ڕۆخ دادەنێن و کە تیمساحە بچووکەکان لە هێلکە دەردەچن مەیموونەکان بە کوشتن چاریان دەکەن.. یانیش مەیموونەکان بەر لە هەڵهێنان هێلکەکان دەشکێنن.. و بۆیە مەیموونەکان مەترسین بۆ سەر ئەم تیمساحانە!

ئاژەڵانی زل زل پەیدا بوون. ئەم ئاژەڵە زلانە لە توانیدا هەبوو بەرەنگاری ئاژەڵە بچووکەکان بکا. بەڵام ئەم ئاژەڵانە خۆشیان لەناوبرد. زلیی قەوارەیان سەنگیانی قورستر کرد. چالاکییانی کەمتر کرد. وای لێ کردن کە دەکەوتن نەیاندەتوانی هەڵبستنەوە. ئەگەر هەڵیشبسانایە لە ناو داران و کێواندا حەشار دەدران و بەو جۆرە دەمانەوە تا دەمردن.. زانستی نوێ ژمارەیەک بڕە دیناسۆری زۆر زلی بۆ دۆزیوینەتەوە شێوێک بەندی کردوون تا مردوون.. لەگەڵ ئەوەشدا کە بچووکترین ئاژەڵ دەتوانێ بە درەختدا هەڵزنێ و بەچیادا سەربکەوێ لەوێوە بۆ شیو یان ئەشکەوت کە ژیانی دەست پێ دەکاتەوە. گەورەیی لەشیان دەردی ئەم ئاژەڵانە بووە.. گەورەکانیان شتی بچووکی پێ نەدەکرا ڕزگاری بکا لە مردن یان لەناوچوون! ئەم ئاژەڵە گەورانە لەناوچوون، چونکە گەورە بوون. فیل و پڵنگیش باشترین نموونەی ئەوەن. فیل گەورەتر و بەهێزترە. بەڵام کەم جووڵەترە. بۆیە "بواری زیندەکاری"ی بەرتەسک بوو.. واتە ئەو ڕووبەرەی دەتوانێ تێیدا بجووڵێتەوە تەسکترە لەو ڕووبەرەی پڵنگی تێدا دەجووڵێتەوە، بۆیە فیلێکی زۆر لەناوچوون و پڵنگگەلێکی زۆر مانەوە.. واتە

هێز ماسوولکەکان نین، بەڵام توانستی بەرەنگار بوونەوەی گیروگرفت و خۆ لێ دەرباز کردنە، بە بە دەوریدا خولانەوە یان خۆ لێ نەدان، یان لەناو بردنی- بڕوانە ژیانی خۆت و هەڵوێستێکی دەستنیشان کراو بهێنەوە یاد و بپرسە، چۆن بەزاندتی؟ یان چۆنت شکست پێ خوارد؟ لەگەڵ یەک جیاوازی: کە تۆ ئاوەزت هەیە و ئاژەڵەکان نوخان و کەڵبەیان هەیە و ئەو بە کەڵبەکانی و سمەکانی و نینۆکەکانی مێژووی خۆی لەسەر پاشماوەکانی و پاشماوەکانماندا نەقشاندووە و مایەوە و ماینەوە بەڵام تواناتر و باشترین!

دەبێ لێرەدا، ئێستا و بەپەلە سەرنج ڕاکێشین:

بۆ ئەوەی وا نەزانین ژیان خۆی لە ئاوەوە دەرکردە سەر زەوی. خشایەوە و فڕی و هەڵسا و هەر لە خۆیەوە بەرگریی کرد، دەبێ ئەوە لەبیر نەکەین "خواستێکی ژیر" هەیە.. "دانایییەکی وشیار" هەیە یان "ئاوەزێکی گەردوونی" هەیە، واتە: خودا..

بۆ نموونە ئێمە ناڵێین ئوتێلی شیراتۆن لە کۆمەڵە قاڵبێک لە خشت پێکهاتووە.. یان لە کۆمەڵە تەختێکی شووشە یان دارین پێک هاتووە.. لەگەڵ ئەوەدا کە ئەم ئوتێلە کۆمەڵە قاڵبێک و تەختە و تەلە. بەڵام ئوتێل کۆمەڵێک لە ماددەی جیاجیا نییە. بەڵکو شێوەیەکی ئەندازەییی تەلارسازییە. ئەم شێوەیە کۆمەڵە قانوون و تیووریگەلێکن لە تەلارسازی و کارەبا و میکانیک و ئابووری و سیاسەتیش. وێنەیەکی ئاوەزانەیە. وێنەیەکی دانا. واتە ئاوەزێک یان پتر لە ئاوەزێک خشتی کردووەتە ژوورەیل و تەختەکان بە پەنجەرە و تەلەکان بە کارەبا و تەلیفۆن و تەلگراف.. و بنەما و قانوونگەلێک هەن کارمەندان و مشتەرییەکانی بەیەکەوە بەستووە.. و ئەوەی لە ئوتێلەکەش ڕوودەدا لە هەزاران ملیۆن لە بوونەوەران ڕوودەدا، کە لە شانەگەلێکەوە بوونەتە بوونەوەرەیلی زیندوو... بۆ بوونەوەرەیلی پەرەسەندوو.. بۆ هەڵکشانێکی توند بەرەو ژیان و مانەوە، سەرەڕای هەموو بارودۆخێکی سروشتی و مرۆیانەی دژەکاری..

کەواتە دانایی ژیان.. هەیە، کە خواستی ئەم گەردوونەیە.. خواستی خودا. کە زۆر کەم نەبێ هیچی لێ نازانین. چونکە هۆیەکانی زانیاری بچووکن، کە هۆیەکەمان ئاوەزە. ئاوەزیش هێشتا دەستەوسانە لە زۆر شتی (هەزار جار زۆر) لەوەی لەم گەردوونەدا هەیە.. لەوەی لەم زەوییەدا هەیە.. یان لەوەی لە لەشی مرۆ، یان ئاژەڵدا هەیە.. یان لەم شانە زیندووانەی لە گیانەوەر یان مرۆڤ یان ڕووەکدا هەیە!- سەرنج ڕاکێشانەکە کۆتایی هات!

نەقشەکانیش لە ناو ئەشکەوتەکاندا وێنەی ئاژەڵان دەکێشن لەسەر دیوارەکانیاندا. ئاژەڵەکان غار دەدەن. هەندێک لەم ئاژەڵانە خوێنیان لەبەرەوە دەڕوا. کەواتە مرۆ وێنەی کێشاون کە ڕاویان دەنێ. چونکە لەوان بەهێزترە. وێنەی خوێناوییان دەکێشێ دا پیشانی بەهێزیی خۆی بکا. کە خوێنی بەبەرەوە بڕوا بەڵگەی ئەوەیە کە کوشتوویەتی و لێی ناترسێ. بەڵکو ئەوە هانی دەدا ئەوە جارێک و هەزار جار دووبارەی بکاتەوە. ئێمە بە وردی نازانین مرۆ لە سەرەتادا ئاژەڵی کەوی کردووە، ئینجا خواردوویەتی، یان بەر لەوەی کەویی بکا خواردوویەتی. هەرچۆنێک بێ هەندێک لە

نەقشەکان ئەم ئاژەڵانەمان هێمن و ئارام وێنە بۆ دەکێشن، وەک بڵێی بە فەرمانی مرۆ قایل بووبێ و فەرمانەکەشی ئەوەیە کە بەندی کردووە و سەری پێ شۆڕ کردووە یان ژێردەستەی کردووە تا بۆی بووەتە کلک*.. ڕێک وەک سەگی خۆی. مرۆ سەگی لە ڕاودا بەکار دەهێنا. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە سەگی دەستەمۆ کردووە و بۆ سەر ئاژەڵانی بەرداوەتەوە. کە سەگ یەکەم ئاژەڵە مرۆ دەستەمۆی کردبێ. کاتێک مرۆ کە زانییشی چۆن ئەم ئاژەڵانە دەستەمۆ بکا. ئەوەشی زانی شوورەیەک بنیات بنێ بۆ ئەوەی لە پشتیدا بیانپارێزێ. شوورەکانیش لە دار و درەخت بووە ئینجا لە بەرد و گوریسیشی ناسیوە کە ئاژەڵانی پێ بگرێ.. و دەبێ گوریس بەپێ یان بە ملی ئاژەڵاندا بپێچرێتەوە.

گوریسیش ناکرێ بپێچرێتەوە ئەگەر مرۆ نەزانێ چۆن بە گوریس "گرێ" دروست بکا. کە مرۆ شارەزای "گرێ" بوو شتێکی زۆر گەورەی دۆزیبووەوە. کە ئەم گرێیە پێوەندێک بوو بۆ داو و چنراوەکان و گوریسەکان. لەوانەشە گرێ کارێکی هیچ دیار بێ. کە ئێستاکە هەر وەهاشە. بەڵام لە سەتان هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە دۆزینەوەی، لە کارەبا خستنە ناو پاترییی وشک لە ئۆتۆمبیلەکاندا و لە پاترییەکان و ڕادیۆکان و کەشتییە ئاسمانییەکان کەمتر نەبووە!

ئەو شوێنەوارانەی زانایان لە بەرازیل دۆزیویاننەوە ئەوە دەگەیەنێ کە هیندییە سوورەکان بەرازەکانیان بەند کردووە بێ ئەوەی بزانن کە خواردنێکە دەتوانن پێی بژین.. هەر مرۆڤێک هەندێک ئاژەڵی هەبووە نەک کە خواردنە، بەڵکو تەنیا لەبەر ئەوە کە جوانن. واتە مرۆ مامز و بزن و ئەسپی لەبەر ئەوە ڕاو کردووە چونکە شێوەیەکی جوانیان هەیە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ مرۆ هونەرمەند بووە و جوانیی خۆشویستووە. ئەم خۆشویستنی جوانییەش ئەوە دەگەیەنێ کە شتی بۆ خواردن هەیە و شتی بۆ سەیر کردنیش هەیە و مرۆ ناتوانێ سوودی ماددی و چێژی جوانکاری بەدەست بخا تەنیا لە ڕێی هێزەوە نەبێ.. هێزی ڕاو و توانستی پاراستنی ئەوەی ڕاوی دەکا... دەست بەم ئاژەڵانەوە گرتن، بەڵگەی توانست و بەڵگەی زەوقیەتی.

ساڵی ١٨٧٩ قەشە برۆیل لە ئیسپانیا نەقشێلێکی لە ئەشکەوتاندا دۆزییەوە. ئەم نەقشانە هێز و جوانین. ئاژەڵەکان بە تیژڕەوییەکی زۆر دەڕۆن و مرۆ ئەم جووڵەیەی تۆمار کردووە. کە بە دەستی هێناون و چاودێریی جووڵەیانی کردووە. چێژی لێ وەرگرتووە. ئینجا تەنیا لە سەرسام بوونەوە کەوتووەتە تۆمار کردنی ئەوانە و کچی ئەم زانایە هاتووە، بەڕێکەوت چووەتە ئەشکەوتێکەوە و بە ئیسپانی دەستی بە هاوار کردووە: تۆروس.. تۆروس.. واتە گاگەل. ئەوەی کە بینینیشی تەنیا گاگەل نەبوون، بەڵکو ئەسپیشی لێ بوون. ڕەنگەکانیان زیندوو و بەهێز و جوان بوون. ئەم ئەسپ و گایانە بیست هەزار ساڵ لەمەوبەر لەسەر سنووری ئیسپانیا و فرەنسا دەژیان.

دوای ١٦ ساڵ زانایان لە شوێنی جوداجودای گۆی زەویدا نەقشەیلی هاوشێوەیان دۆزییەوە ئەوانەیان تۆمار کردووە کە هەر لەو ماوەدەمەدا لە جیهان ڕوویان داوە.

دەبێ بیرۆکەی "سەرمایە"ش لەم کاتەدا دەرکەوتبێ. چونکە ئەم وشەی "سەر"ە، لە سەرە مامز و

چێل و ئەسپەوە هاتووە. ئەوەی ژمارەیەکی زۆریشیان لێ هەبێ ئەو دەوڵەمەندترین و ئەو بەهێزترین و ئەو تواناترە ڕاویان بکات و بیانپارێزێ و خۆراکیان بدا و پێیانەوە بنازێ. کە ئەم ئاژەڵانە سامانن و هێزیشن. ئێستاش هێشتا سەرمایە هێزە و هێشتا هەندێک تیرەی سەرەتایی زۆریی ئاژەڵ بە سەرچاوەی هێز و دەسەڵات دەزانێ. هێشتا "مارەیی" ژمارەیەک مەڕ یان مانگایە. ڕانێک لەمانە پیشاندانێکی ڕوون و دیاری جووڵاوەی سامانی باوک و بایەخی بووک و زاوایە لەلای خزم و خوێش و تیرەدا.

دوای ئەوە مرۆ زانیی، ئاژەڵەکان خۆراکێکی کۆکراوەیە و هیچی کە.. خۆراکێکە لەسەر چوار پێدا ڕێ دەکا... و ئاژەڵ پاسەوانی گۆشتی خۆی بەولاوە هیچی کە نییە تا مرۆ دێ و سەری دەبڕێ بۆ ئەوەی بیخوا یان سەری دەبڕێ گۆشتەکەی بفرۆشێ. یان بیفرۆشێتە خەڵکی دیکە..

چیرۆکەکەش درێژ و جۆراوجۆرە و ورووژێن و خۆشە و گەلێک ئاماژە و هێمای بۆ مرۆڤ تێدایە وەک لەمەودوا دەبینین.

ئەگەر خۆ ئاژەڵەکان یەکدی لە برسان دەکوژن، واتە لە پێناوی خۆراک و مانەوەدا دوای ئەوە: مرۆ تاکە گیانلەبەرێکە ئاژەڵ یان مرۆڤی دیکە بە هۆگەلی دیکەی جگە لە برسییێتی دەکوژێ. مرۆ هەوڵی داوە خۆی بە واز لە کوشتن هێنان قایل بکا. بەڵام ئەم هەوڵانە هێشتا سەرنەکەوتوون، لەکاتێکدا گیانلەبەرێکی زۆر زۆر دەمێکە وازیان لەوە هاوردووە!

## چۆن ئاژەڵ
## وەک لە تاریکیدا لەدایک دەبن لە تاریکیشدا دەمرن!

مرۆ هەوڵی داوە هەموو شتێکی دەوروبەری خۆی مرۆڤانە لێکبداتەوە. بە ڕەوشتی ئاژەڵاندا دەڕوانێ هەر وەک سەیری ڕەوشتی خۆی دەکا. کە ئاژەڵەکان دەترسن و تووڕە دەبن و ژیانێکی کۆمەڵایەتی دەژین و هەر کۆمەڵەش سەرکردەیەکیان هەیە و سەرکردەی ڕەوە (ڕان)ش ئەوە بە ڕاست و چەپیاندا دەبا...

ئەگەر سەری ڕەوەش مرد کۆمەڵ دەشڵەژێ تا سەرێکی نوێ بۆ خۆی پەیدا دەکا. مرۆڤیش ئاژەڵانی یان بۆ خواردنی کوشتووە یان لێی ترساوە. بۆیە مرۆ لەم ئاژەڵانە ترساوە تۆڵەی لێ بکەنەوە.

ئەم ترس لە تۆڵە سەندنەوەیە وای لێ کردووە واز لە کوشتنی بەهەزارانیان بهێنێ. کە ترس لە تۆڵە سەندنەوە دەشێ ببێتە سەرەتای پەیدا بوونی بیرۆکەی ویژدان لەلای مرۆدا. کە ویژدان پێی دەڵێ: وا مەکە تا وات بەسەر نەیێ.

بۆیە دەبینین مرۆ لە سەتان هەزاران ساڵەوە ڕادەگەیەنێ کە هەندێک لە ئاژەڵان نابێ بە بەدکاری دەستیان لێ بدرێ.. یان دەستیان لێ بدرێ.. کە شتێکن دەست لێ دانیان قەدەغەیە.

دەست لێ دان بە بۆنەیەکەوە. ئینجا مرۆ هەندێک لە گیانلەبەرانی کردە هێمای خۆی. یان بە هێمایەکی پیرۆز. یان بە شتێکی پیرۆز لەکاتی فەڕ لێ وەرگرتن و خۆ پاراستن لە ئاژەڵی دیکە و لە هاوکارە مرۆڤەکانیدا دەستیان لێ دەدرێ.

گەلێک جاران مرۆ تووشی هەموو کارەساتەکانی جیهان بووە، بەڵام سەرباری ئەوەش پشتی لەم ئاژەڵە پیرۆزانە نەکردووە. تەواوێک وەک ئەو سەربازەی لە ژێر ئاڵادا دەجەنگێ و سەرباری ئەو بەزینەوانەی تووشیان بووە ئاڵا نادڕێنێ. بەڵکو هەر دەستی پێوە دەگرێ، لەو بڕوایەوە کە ئاڵا ئابڕوو و شانازییەتی.. و دەبێ جارێکی دیکە سەربکەوێ!

بیرۆکەیەکی دیکە لەلای مرۆ پەیدا بوو دەڵێ: دوای مردنی وەردەگەڕێ و دەبێتە ئاژەڵ.. یان لە کەوڵی مرۆیانەوە دەچێتە ناو پێستی سەتان ئاژەل. ئەم گوێزرانەوەی بۆ ناو لەشی ئاژەڵانی دیکە بە جۆرە تۆڵە لێ کردنەوەیەک دەژمێررێ.. سا بۆ ئەوەی دوای مردن نەبێتە ئاژەڵ، باشتر ئەوەیە ئاژەڵ بە کوشتن یان بە خواردنی ئازاری نەدا!

لەوانەشە ئەم بیرۆکەیە بێ کە دواتر لە ئەنجامدا بگوترێ مرۆ بە ڕەسەن ئاژەڵە... و لە ئاژەڵێتییەوە بۆ مرۆڤایەتی دەگوازێتەوە و لەویشەوە جارێکی کە بۆ ئاژەڵێتی- ئەمەش ئەو (بازنە ئاژەڵانە)یەیە مرۆڤی تێدا بە زیندوویی بە مردوویی تێیدا دەجووڵێتەوە.

لەلای فیرعەونەکانیشدا وای بۆ دەچوون کە مرۆڤ دوای مردنی دەبێتە ئاژەڵ. دوای ئەوەی سێ هەزار ساڵیش بە ئاژەڵی دەمێنێتەوە جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە و دەبێتەوە مرۆڤ. دوای ماوەیەکی کورتیش لە مرۆڤایەتییەوە سەر لەنوێ بۆ ئاژەڵێتی دەگەڕێتەوە... و میسرییە کۆنەکان وای بۆ دەچن کە هەموو شتێک جێگیرە مرۆڤ نەبێ...

نیل کاتی تایبەتی هەڵچوونی هەیە و خۆر هەڵدێ و ئاوا دەبێتەوە.. و مانگ بچووک دەبێ و گەورە دەبێ.. هەموو ئەمانە لە کاتی جێگیردا دەبێ.. تەنیا مرۆ نەبێ کە ژیانی لە گۆڕاندایە.. بەبایەخترینی دیاردەکانی ئەم گۆڕانەش: چوونی مرۆڤە لە تەنی مرۆڤەوە بۆ تەنی ئاژەڵ. ئەم گوازرانەوەیەش بە گیانە. کە ئەمە یەکەمینی تیۆرییەکانی دۆناودۆنە (پێست گۆڕینەوە). ئەم تیۆرییەش لەبەر هۆگەلێکی بڵاوبووەتەوە ئێستاکە لەلای ئێمە ڕوون نییە. لە خۆرهەڵات و خۆراوادا. لە سەدەی شەشەمی پێش زاییندا، بۆ نموونە لای فیساغۆرس-ی فەیلەسووفی یۆنانیدا و دوای خۆشی لای شاگردانی. هەروەها لەلای بوودای ڕەبەنی گەورە لە هیندستان و چیندا. بەڵام بوودا بە پەرۆشەوە بوو بۆ شاگردانی جەخت لەوە بکاتەوە کە قسەکانی لەبارەی ئاژەڵانەوە هێما نەبێ چیی کە نین.. و ئاژەڵەکانی لە پەنددادانەکانیدا بۆ ئەوە بەکار هێناوە، بۆ ئەوەی بیرەکانی بەرجەستە بکا و لەلای ئەوانەی کەمترین توانستی تێگەیشتنیان هەبێ ڕوون ببنەوە. بەڵام شاگردەکانی پەندەکانیان دەقاودەق وەرگرت..

بوودا دەڵێ... ڕەبەنینە، خەڵکێک هەن وەک ئاژەڵانن. یان ئاژەڵانێکن بە گژ و گیا دەژین. ڕەبەنینە.. ئەوانە ئەسپەکان و مەڕەکان و چێلەکان و گوێدرێژەکانن و هەر کەسێک خواردنی خۆش

دەوێ ژیانەکە بە خۆراک دەبینێ و لە پێناوی خواردندا دەژی ئا ئەمانە ئاژەڵانن. ئەگەر بۆی نووسرا لە پاش مردن بژی ئەوە جارێکی دی دەبێتەوە ئاژەڵ... ڕەبەنینە ئاژەڵانێک هەن خاشاک دەخۆن وەک سەگگەل و جووجەڵە و بەرازەکان. خاشاک دەیانگەشێنێتەوە و ژیانیان پێ دەبەخشێ. ئەگەر مردیش ئاوات دەخوازێ بگەڕێتەوە بۆ خاشاک... ڕەبەنینە مرۆگەلی وەها هەن. تێمبگەن. ڕەبەنینە: ئاژەڵانێک هەن لە تاریکیدا لەدایک بوون و لە تاریکیشدا دەمرن. ڕووناکی ئازاریان دەدا و وێڵی دەکا و دەیتۆقێنێ. ئەم بوونەوەرانە کێچەکان و سیسارک و شەمشەمە کوێرە و کوندەبووەکانن.. ئاژەڵانێک هەن لە ناو ئاودا لەدایک بوون و تێیشیدا مردن وەک ماسییەکان و کیسەڵەکان و تیمساحەکان.. بەدکارەکان؟ ڕەبەنینە، ئەوانەن کە دوای مردنیان ژیانی دنیا پەسند دەکەن ئەوانە.. پێیەوە پەیوەستن، ئەوانە توانستی داماڵرانیان نییە لە تەن و لە ماددە، لە ئارەزوو.. ئەوانە ئاژەڵن ".

شاگردانی سەتان ساڵ لێی نەگەیشتن مەبەست ئاژەڵ نییە، بەڵکو ژیانی ئاژەڵانەیە..

لەلای گریکدا خوداوەندانێکمان بینی مرۆ بەوە سزا دەدەن کە دەیانکەنە ئاژەڵ. یانیش مرۆ لە شێوەی ئاژەڵدا دەفرێنن... زۆریش سانایە مرۆ ببێتە ئاژەڵ ئینجا بگەڕێتەوە سەر مرۆڤایەتییەکەی خۆی. گریکەکان لە گێڕانەوەی ئەم پڕوپووچانە (خورافە) و بە فەلسەفە کردنیان و قووڵ کردنەوەیاندا بلیمەتن. ئۆفین-ی شاعیر لە لە کتێبی "وەرگێڕانەکان یان مەسخی بوونەوەرەکان" بە وەرگێڕانی د. سەروەت عوکاشە جوانترینی چیرۆک و سەرەڕۆیی و گەنجینەیەک لە واتەی ئێجگار جوانمان پێشکەش دەکا. بەڵام گریک مرۆ لە خوداوەندان بە بەرزترینی بوونەوەران دەبینن. بەڵکو مرۆ لە خوداوەندان بە مەزنتر دەبینن و دەتوانن بەسەریاندا زاڵ بن، بەڵکو خوداوەندان ڕقیان لە مرۆ دەبێتەوە و هەندێک خوداوەند ئاواتەخوازن ببنە مرۆ بەڵام ناتوانن... بۆیە خوداوەند ئەگەر ویستی بەسەر مرۆڤدا سەربکەوێ پێویستە خۆی بکاتە مرۆڤ.. ئەگەر ئەوەش بکا مرۆڤ بەسەریدا زاڵ دەبێ. بۆیە خوداوەندەکان هاوکاریی یەکدی دژی ئەو مرۆڤەی توانستی یاخی بوونی هەیە لە هەموو خوداوەندان!

فرەیزەری زانای گەورە دەڵێ/ دەبێ بەراز لە هەزاران ساڵەوە لەلای جوولەکاندا ئاژەڵێکی پیرۆز بووبێ. کە جوو خواردنی بەراز حەرام دەکەن، هەروەها خواردنی حوشتریش. وای دەبینن کە حوشتر کانگەی گەلێ لە نەخۆشییەکانە. بەڵام هۆیە ڕاستەقینەکەی ئەوەیە کە بەراز بۆ ئەو ژیانەی ڕەوەندەکان ناشێ کە لە ناوچە گەرمەکاندا دەژی. ئەو جموجووڵە گرانە و پێویستی بە خۆراکی زۆرە و توانستی بەرگە گرتنی برسییێتیی نییە بۆیە دزێوە و بە بارێکی گرانیان زانیوە. زانستی نوێش سەلماندوویەتی گۆشتی بەراز کانگەی ماندوویەتییەکانی گەدە و ڕیخۆڵەکانە و حەرام کردنی گۆشتەکەی تەندروستییشە (لە تەوراتیشدا لە ڕێی گۆشتی مەلانەوە دەرمانگەلێکی چارەسەری دەبینین. پێغەمبەرانی جوو گۆشتی مەلەکانیان بۆ چارەسەرکردنی گەلێک لەو نەخۆشییانەی پێست کە چارەسەرییان زەحمەت بووە ڕاسپاردووە).

شتێکی بە ڕاستی سەیرە فیرعەونەکان لە بوارەکانی زانیاریدا پێشبکەون و پێش سەردەمی خۆیان بکەون و ئەوان ئێستاشی لەگەڵدا بێ پێشکەوتووترینی گەلانی جیهانن لە گەردووناسی و مۆمیا کردندا، لەگەڵ ئەوەشدا ئاژەڵان بە پیرۆز دادەنێن!

ئەو ئاژەڵانەش زۆرن کە بە پیرۆزیان دەزانن و ئەمەش وامان لێ دەکا لەو بڕوایەدا بین فیرعەونەکان ڕووەکی بوون. ئەوان مانگا بەپیرۆز دەزانن و ئابیس–ی گوێرەکە ماربێت–ی زانای شوێنەوارناسی لە سەقارەی دۆزیوەتەوە، ئەم گوێرەکەیەش لە درێژایی و پانیی شارستانێتیی میسریدا بوونی هەیە. پەیکەرەکانیشی ئاشکرا و ڕوونن کە خەپلەی خۆری لە نێو شاخەکانیدا هەڵگرتووە. ئاهەنگگەلی بۆ دەگێڕرا و کە دەمرد چەمەریگەلی بۆ ڕێکدەخرا.. دوای مردنیشی یەکسەر زێوانەکان بەنێو ڕانەکاندا دەگەڕان بە دوای پەرستراوێکدا دەگەڕان کە نیشانەی تایبەتیی لە سەری یان لە ملیدا یان لە لەشیدا هەبێ– ئەگەر بشیاندۆزیبا ئاهەنگەیلیان دەگێڕا و پەرستراوی نوێیان بەرز ڕادەگرت. خەڵکەکە دەحەسانەوە چونکە خوداوەندێکیان بۆ خۆیان دۆزییەوە، یان پاسەوانێک لە ئاژەڵانی دیکەیان بپارێزێ.. و بۆیە خواردنی تایبەت و مێیینەیان بۆ دابین دەکرد!

هەروەها فیرعەونەکان مەلی "ئیبیس"یان پەرستووە، ئەم مەلەش لە (ابو قردان) دەچێ بەڵام هەو نییە. دەڵێن گوایە (ئەبو مینجەل)ە.. هەروەها دەڵێن ئەم مەلە لەناوچووە و ئیدی کەس نایبینێ. مەگەر لە بەشی سەرووی نیل و مووزەخانەی میسریدا نەبێ. مل و کلکی قاوەییە و قەوارە مامناوەندییە.

ئەو تیمساحەی هیرۆدۆتیش پەسنی کردووە کە نیلیان پڕ کردووە و گوایە دانیشتووانی پایتەختی میسری بە هۆی گریانی ئەو تیمساحانەوە تامی خەو نازانن چییە. هەموو جیهان هەر وایان زانیوە نیل هەر پڕە لە تیمساح تەنانەت سەرکردەیەکی جیهانیی گەورە لە سەرۆک عەبدونناسری پرسیوە داخۆ لەلای قاهیرە نیل هێشتا تیمساحی تێدایە؟!

ئاژەڵێکی پیرۆزیش نەبووە لەلای میسرییان. خەڵکەکە لە "ئەسوان" ڕێزی شایستەیان لێ نەگرتووە. دەیانخوارد. لە یەکێک لە گۆرانییە میسرییە کۆنەکاندا بەم واتەیەوە کە دەیگوت: لە خەو هەڵدەستم دەڵێ خودایە چاکی بکەی، شاری خۆشەویستم لەبەر چاومدایە و پێم ناکرێ بچمێ.. میسریی کۆنیش دەیگوت: شاری خۆشەویستم لە پێش چاومدایە بەڵام ناتوانم بچمە لای خۆشەویستم. تیمساحەکان لەناو ئاودان بەڵام یارم تیمساحەکانی کردووەتە بۆق.. ئینجا بۆقەکانیشی کردووەتە بڵقی سەر ئاو. هەر دەشبێ بچمە لای خۆشەویستم".

میسریی کۆنیش، ئازاتر و ڕاستگۆتر بووە و پتر ئامادەی خۆبەخت کردن بووە. بەڵام میسریی تازە زەحمەتیی پەڕینەوەی هەڵبەستووە بۆ ئەوەی سکاڵا لەلای خۆشەویستیدا بکا. دەتوانێ بچێتە لای یارەکەی– ئەگەر خۆشەویستی بێ– نە گرفتی هاتوچوو و بە تیمساحگەلی ناو نیل...

لە "کتێبی مردووان"ی فیرعەونیدا قسەیەکی زۆر لەبارەی ئەو "پشیلەگەلە"وە دەبینم کە ماران لە

ژێر درەختە پیرۆزەکاندا پارچە پارچە دەکەن. ئەوەی سەیریشە ئەوەیە کە وێنەی زۆری پشیلەمان لەسەر سەکۆ کۆنەکاندا بەرچاو ناکەوێ. لەوانەیە یەکەم باسی پشیلەکان بەر لە زایین بە بیست سەدەیەک بووبێ کە زانیمان هاوسەری یەک لە پیاوانی دەرباری شا مەنحووتەب-ی یەکەم ناوی "بووسی" بووە. ئەم پشیلەیەش لە خۆراوا و باشوورەوە هاتووەتە میسر. هەروەها وێنەیەکی زۆری کاریکاتێر هەیە هونەرمەندی میسری پیشان دەدا کە خۆی خەریک دەکا یان هەوڵ دەدا پەندی ڕەوشتچاکی ببینێتەوە. وێنەی کەلاکی مشکگەلێک دەبینین هێرش دەکەنە سەر پشیلەیەک لە قەڵایەکدا گەمارۆ دراوە. مشکێکی زۆر زلیش هەیە لە بەر دەمی پشیلەیەکی بە گوریس بەستراودا!

بەڵام سەگ، دڵسۆزترینی ئاژەڵانە بۆ مرۆ، بۆیە بەلای مرۆڤەوە بووەتە شایەنی بە سووک لێ ڕوانینێکی زۆر. نامەیەکیش دۆزراوەتەوە کارمەندێکی میسریی کۆن ناردوویەتی لە دەوروبەری دۆڵدا دەچی: هەر کە دەرگای ماڵەکەی دەکاتەوە، ناکاتەوە یەکسەر ٢٠٠ پشیلە و ٣٠٠ سەگی دڕندە و ١٠٠ گورگ لێی دێنە پێش. هەموویان لە بەردەمی دەرگایدا ڕادەوەستن. نە دەتوانێ دەرچێتە دەرەوە و نە دەشتوانێ مەڕ و ماڵاتەکەی پەروەردە بکا و نە دەشتوانێ خۆراک بخوا.. بۆ نووستنیش ئەوە گرفتی گرفتانە.

کەریش بەڕەسەن ئەفریقییە. هێشتاکەش لە میسر وەک هەزاران ساڵ لەمەوبەر وایە. یەکەم جاریش وێنەی کەرمان بینیبێ ئەمە بوو دوو کەر بە دوای یەکدا دەڕۆیشتن و جاشکێکی بچووکیش لە پێش هەردووکیانەوە دەڕۆیشت. کورسییەکیشمان لەسەر پشتی کەری یەکەمەوە بوو. وێنەکێشەکە نەیویستبوو بزانین چی لەسەر پشتی کەری دووەمەوە بوو.. بەڵام دەبێ شتێکی هەر بەو شێوەیە هەڵگرتبێ.

گوایە میسرییەکان شایەکی فارسیان وەها پەسن کردووە: شا کەر. ئارتەکسەرکەس-ی شای فارسیش هیچی نەکرد، ئاهەنگێکی بۆ ئیبیس-ی گوێرەکە کرد و لەجیاتی ئەم گوێرەکەیە گوێدرێژێکی دانا و میسرییەکان تووڕە بوون و هەڵچوون!!

گوایە میسرییە کۆنەکان ئەوەندەی نەمابوو شاری ئەسکەندەرییەی مۆرک گریکی کە پەیکەرەیلی ئەدۆلیس و ئەفرۆدێت بسووتێنن، چونکە ڕۆماییەک قەتییەکی بەهەڵە کوشتبوو!

بەڵام ئەسپ، میسرییەکان لە ڕۆژگاری بنەماڵەی هەژدەهەمەوە ناسیویانەتەوە و دەڵێن گوایە هیکسۆسەکان ئەسپیان هاوردووە- کە شای شوانکارەکان بوون. بەڵام ئەمە ڕاستییەکی جەخت لەسەر کراوە نییە. کە ئەوەی زانراوە ئەوەیە، زۆر بەر لەوە بابلییەکان ئەسپیان بەکارهێناوە، کاتێک هیکسۆسەکانیش چوونەتە ناو میسر ئەسپ بەر لەوان لەوێ بووە و هێشتاکە ئەسپ ناوە عەرەبییە کۆنەکەی خۆی پاراستووە: سووسیم- واتە ئەسپگەل و گالیسکەکانیش ناویان: مەرکەبووت-ە.

بەڵام حوشتر تا سەردەمی ڕۆمانەکان نەبێ نەگەیشتووەتە میسر..

میسرییەکان بەر لەوەی بە سواربوونی ئەسپ خۆی بـبن، ئەو ئەسپانەیان زانیوە کە گالیسکەکان ڕادەکێشن. مووزەخانەی لووڤەر تابلۆیەکی بەناوبانگی لێیە ناوی تابلۆی بازەکانە. لەم تابلۆیەدا هەندێک باز بە دەوری لاشەی کوژراوانێکدا دەخولێنەوە لەولاشەوە شایەکی سۆمەر دەبینین سواری گالیسکەیەک بووە ئەسپێک ڕایدەکێشێ. ئەوەش بیست سەدە بەر لە ئێستا واتە لەسەردەمی حەمووڕابی-دا.

هەروەها ئەسپەیل لەلای گریکیشدا پەسند بووە. وای دەبینن کە ئەسپ: ئاژەڵێکی پایە بەرز و جوانە و دەبێ خوداوەندەکان ڕاستەوخۆ بە دەستی خۆیان ئەسپیان دروست کردبێ.

واتە کەسیان لە خوداوەنە گچکەکان ڕانەسپاردووە دروستی بکەن... گریکەکان ئەسپیان لەبەر ئەوە لەلا پەسند بووە چونکە یاخی بوونێکی تێدابووە، واتە حەز لە ئازادی. کە جوان و پایەبەرز و ئازادە و ئەسپ چەندێک دڕندەتر بووایە ئەوە بوار و مەیدانخوازی لە مرۆڤ بووە بۆ ئەوەی دەستەمۆی بکا، ئەگەر ئەوەی کرد پاڵەوانە. ئەسکەندەری هەرە مەزن بۆ نموونە بۆسیفانس-ی ئەسپە بەناوبانگەکەی هەبووە. کەسێکیش نەیدەتوانی سواری بێ، بەڵام ئەسکەندەر توانیی کە ڕووی ئەسپەکەی ڕووە و خۆر وەرگێڕا. خۆریش بوو، لە تیژڕەویی ئەسپەکەی کەم کردەوە. بەلای ئەسکەندەرەوە هیچ شتێکیش نەبوو هێندەی ئەم ئاژەڵە جوانە ئازیزتر بێ. کە ئەسپەکەی مرد شارگەلێکی بەناوەوە بنیات نا و شارێکیشی وەک نیشانەی وەفاداری هەر لەو شوێنەدا بنیات نا کە لێی نێژرا. کە ئەم ئەسپە تا هیندستانی بردا.

شاعیران و هونەرمەندانیش گەلێک لە ئاژەڵانیان کردووەتە بابەتی کارە هونەرییەکانیان. ئەوان لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی مرۆڤاندا دەور بۆ ئاژەڵان هەڵدەبژێرن و ژیانێکیش بۆ ئاژەڵان دروست دەکەن ژیانی مرۆ ڕزگار دەکا. ئەریستۆفانیسی نووسەر و شانۆکاری مەزنیش کاری شانۆیی هەن: قەلەڕەشکەکان و بۆقەکان و مەلەکان... و ئەم ئاژەڵانەی بۆ تیز بە مرۆ کردن بەکار هاوردووە. گەلێکیش لە ئەدیبان لە هەموو سەردەمەکاندا ئەوەیان کردووە.

سیمۆنیدسی نووسەری یۆنانیش کە لەبارەی ڕەسەنی ئافرەتەوە دەدوێ دەڵێ: چوار جۆرە ئافرەت هەن: جۆرێکی جوان و پایەبەرز لە ڕەسەنی ئەسپەوە هاتووەتە خوارێ. دووەمیش ئەوەیە کە دەست لە کار هەڵناگرێ و دەبێ لە مێشهەنگەوە هاتبێتە خوارێ. جۆری سێیەم ئەوەیە کە خۆی لە زاوزێدا دەنێژێ و ئەوەیە لە دەنکە گەنمەوە هاتبێتە خوارێ. جۆری چوارەمیش پیسی دەروون نزم کە هەر دەبێ لە سەگەوە هاتبێتە خوارێ... ئێستاشی لەگەڵدابێ وشەی "دێڵە سەگ" لە زمانی ئینگلیزیدا پیسترینی جۆرەکانی جوێنە.

ئیسۆپ-ی هونەرمەندی یۆنانیش هەیە، کۆیلە بووە و ئازاد کراوە. هەر لە بەرزبوونەوەدا بووە تا بووەتە باڵیۆز. چیرۆکگەلێکی ئاژەڵان و دانسقەکانی گێڕاونەتەوە و چاوی لە مرۆڤ و نزمی و داهێزرانی ڕەوشتی بەرز ناکاتەوە.

گوایە ئەم ئیسۆپە هێرشی بردووەتە سەر پیاوانی ئاین و پیاوانی ئاینیش گۆبەنێکیان بۆ

ناوەتەوە. کاتێک کە پەرستگەی هونەری بەسەر کردووەتەوە پیاوانی ئاین پێیان کراوە کووپێکی زێر لەناو جلکەکانیدا دابنێن و پێیەوە بگیرێ و حوکم بدرێ و بڕیار دەدرێ لەسەر بەردێکەوە فڕێ بدرێ و بە خنکان لە ناو ئاودا مرد!

– مرۆ لە هەزاران ساڵەوە وەک بوونەوەرگەلێکی پێکهاتە ناتەواو سەیری ئاژەڵانی کردووە و نازانێ چۆن دەرببڕێ. یانیش ئەگەر دەریبڕی بەبێدەنگی دەیکا. مرۆ هەڵسوکەوتی ئەم ئاژەڵانە هەر بەو جۆرە لێکدەداتەوە کە هەڵسوکەوتی خۆی لێکدەداتەوە. بەڵام پیاوێکی بلیمەتی هەڵکەوتوو ناوی ئەرستۆیە تەواوی ڕێساکانی زانستەکانی بە ئاوەزی ئێجگار گەورەی خۆی چەسپاندووە. ئەو دەستی بە چاودێریی ئاژەڵان کرد و تێبینیی هەڵسوکەوتیانی کردووە و بە یەکیانی بەراورد کردوون.. ئەوە کە درکی بەوە کردووە ئاژەڵانێک خوێنیان هەیە و ئاژەڵانێکیش هەن خوێنیان نییە.. ئاژەڵانێک بڕبڕەیان هەیە و ئاژەڵانێک بێ بڕبڕەن... ئاژەڵانێک بێچوویان دەبێ و ئاژەڵانێک هێلکە دەکەن.. ئەو یەکەم کەس بووە ئاماژەی بەوە کردووە کە پێوەندی لە نێوانی هێلکەی مریشک و کەڵەشێردا هەیە. ئەمەش زۆری بەسە کە لە ٢٥ سەدە لەمەوبەر ئەمە بڵێ. ئەرستۆ لە کتێبی "مێژووی سروشتی"یدا نزیکەی ٥٠٠ ئاژەڵی سەرژمێر کردووە.

هەروەکو دەڵێن ئەسکەندەری هەرەمەزن بووە ئاژەڵگەل و ڕووەکگەلی سەیری لە هەموو شوێنێکەوە بۆ دەنارد کە دەچووە ئەوێیانە. بەڵام ئەم ئاژەڵانە ژمارەیان هەرچەند بووبێ ئەو هۆیە نەبوو کە ئەرستۆ لە ڕێیانەوە بگاتە ئەم ڕاستییە زیندووە. ئەرستۆ گەلێکی لە هەڵهێنجاندا هەڵە کردووە. بەڵام ئەم هەڵانە بە زۆر کەم دادەنرێن ئەگەر بە دۆزینەوە مەزنەکانی لە زانستەکانی ژیان و ئەرکەکانی ئەندامانی ئەنجامیانی داوە بەراورد بکرێتەوە. ئەو لە ژمارەی دانەکان و ژمارەی پەراسووەکان و ژمارەی بڕبڕەکاندا بە هەڵەدا چووە.. بەڵام ئاماژەکانی بۆ ژیانی ناو زگی دایک، هەنگاوە سەرەتاییە ورشەدارەکانە لە زانستدا کە دواتر بەناوی "زانستی کۆرپەلەکان"وە دەردەکەوێ.

کە جارێکیان لە ئەرستۆیان پرسیوە: بە تەواوی لەگەڵ ئەم ئاژەڵ و ڕووەکانەدا چی دەکەی؟

گوتی: هیچ. من تەنیا فێریان دەکەم چۆن بە زمانی یۆنانی گۆ بکەن بەڵکوو شتێک لە قسەکانیان تێ بگەم. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شتێکی زۆر ناڵێن!

دواتر پتر دەڵێن!

پەراوێزی وەرگێڕ:

* نووسەر لە عەرەبییەکەیدا وەک گەمە بە وشەوە بکا وای کردووە کە وشەگەلی: أذلها وذللها و ذیل–ی بە دوای یەکدا هێناوە کە بە سەرە واتەی: (سەرپێ شۆڕکردن و گوێرایەڵ کردن و کلک) دەگەیەنن.

# بەرەنگاریی ناتوندوتیژانە

چەند توێژینەوەیەک لەبارەی خەباتکردن
بە ئامرازەکانی ناتوندوتیژی

جین شارپ

ئەڵقەی دووەم

## توێژینەوەی دووەم

## جێگرەوە ڕاستەقینەکان

### پەرەپێدانی جێگرەوەیەکی ڕاستەقینە بۆ شەڕ و شێوەکانی تری توندوتیژی

ئاشکرایە بەکارهێنانی توندوتیژی لەنێو کۆمەڵگە و هەموو شێوەکانی توندوتیژیی سیاسی، چ شەڕ بێ یان تیرۆر یان دیکتاتۆرییەت یان لەڕێی سەرکوتینەوە یاخۆ زەوتکردنی دەسەڵات یان کۆمەڵکوژی، خۆی لەخۆیدا کێشەیەکی ترسناکە. هەموو ئەو پرۆژانەی بۆ چارەسەری کێشەی توندوتیژی و دەرەنجامەکانی خراونەتە ڕوو شکستیان هێناوە، لێرەشەوە پرسی توندوتیژی هەر لە چاوەڕوانیی چارەسەردا ماوەتەوە، چونکە ئەو چارەسەرانەی بۆی دانراون لەسەر بنچینەی نەبوونی تێگەیشتنێکی تەواو لە سرووشتی توندوتیژی دامەزراون. تێنەگەیشتن لە کێشەکە چارەسەرکردنیشی ئاستەم و بگرە مەحاڵ دەکا.

لەم ڕوانگەوە ئامانج لەم بابەتە گەڕانە بەدوای تێگەیشتنێکی بەدیلدا بۆ سرووشتی کێشەی توندوتیژی کە لە نێو کۆمەڵگە و ناوەندە سیاسییەکاندا تەشەنەی سەندووە و ئەنجا پێشکێشکردنی ژمارەیەک پێشنیاز بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە.[1]

سەرەتا پێویستمان بەوەیە تێگەیشتن و لێکدانەوەیەک بۆ ئەو هەلومەرجە بکەین کە یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی پشتبەستن بە ڕێگەچارەی سەربازی یاخۆ ئامرازەکانی تری توندوتیژی بۆ چارەسەری هەر کێشەیەک، تا ڕادەیەکی زۆر بەرتەسک بکەینەوە. دەبێ تێ بگەین بۆچی دەبێ توندوتیژی بە

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور

کارێکی پێویست دابنرێ جا چ پاساوەکان دروست بن یان نادروست، هەروەها چۆن چۆنی دەکرێ بەبێ پەنابردن بۆ توندوتیژی گۆڕانی ڕیشەیی بەدی بێ.

ئەو بیرۆکەیەی ئەم وتارە دەیخاتە ڕوو بیرۆکەیەکی سادەیە، بەڵام بۆ چارەسەرکردنی کێشەی توندوتیژی لە کێشمەکێشەیلی سیاسی و ناودەوڵەتیدا بیرۆکەیەکی گرینگە. گرینگە تێ بگەین لەوەی بوونی ململانە لەنێو کۆمەڵگە و لە کێشە سیاسییەکاندا شتێکی حەتمییە و لە زۆر حاڵەتیشدا بوونی ئەو ململانەیە شتێکی باشە. هەندێ ناکۆکی بە پشتبەستن بە شێوازە ئاشتییەکانی وەک دانوستاندن و گفتوگۆ و ڕەزامەندیی دووسەرە، چارەسەر دەکرێن. ئەم شێوازانە کاتێ دەبن ئەو پرسانەی ناکۆکییان لەسەرە ناسەرەکی بن، تەنانەت لەم حاڵەتانەیشدا چارەسەرەکە زیاتر دەکەوێتە ژێر کاریگەریی تەرازووی هێزی لایەنەکانی ناکۆکییەکە، تا ئەوەی بکەوێتە ژێر کاریگەریی هەڵسەنگاندنێکی هاوبەش بۆ چارەسەرێکی دادپەروەرانە.

پرسە بنچینەییەکان لە چەندان ململانەدا لەبەر هەڕەشەدان، یاخۆ وا دەزانرێ بەو شێوەیە بن، ئەمانە پێیان دەگوترێ "ململانەی توند" کە ئەو ڕێگەچارانەی پێوستیان بە دەستبەردان (تنازل)ی گەورە هەیە گونجاو نین بۆیان، چونکە دەبینین لانی کەم یەکێک لە دوو لایەنە ناکۆکەکە بە پێویستی دەزانێ شەڕێک لەدژی دژبەرەکانی بەرپا بکا، کە نیازیان بەرامبەری خراپە. زۆر جار خەڵک پێیان وایە ململانە توندەکان لەپێناو بەدیهێنانی ئازادی یان دادپەروەری یان بۆ بەرگریکردن لە ئاین یاخۆ بڵاوکردنەوەی شارستانێتی یان لەپێناو بەرەنگاریکردن و بەزاندنی توندوتیژیی دوژمنکارانە کە چەوساندنەوە و نادادی و تەنانەت دیکتاتۆرییەتیش دەسەپێنن، دێنە کایە. توندوتیژیی دوژمنکارانە بۆ دەستدرێژیکردنە سەر بنەوا ئەخلاقی یان ئاینی یاخۆ کەرامەتی مرۆیی ئەنجام دەدرێن، تەنانەت هەڕەشە لە مانەوەی گەلێک لەسەر تەختی ژیان دەکا.

وا باوە لایەنەکانی ناکۆکیی توند هەر دەستبەردان یان ملکەچکردن یان شکستێک بە کارەساتێک دەبینن کە لە بنەوا و بیروباوەڕ و کۆمەڵگەکەیان و تەنانەت ژیانیان قەوماوە. لایەنە ناکۆکەکان لەم جۆرە حاڵەتانەدا بڕوایان وایە پێویستە شەڕێکی بێئامان دژ بە دوژمن بەرپا بکەن.

## پێویستی بە ئامراز بۆ بەرپاکردنی ململانە

شەڕ و شێوەی تری توندوتیژی بۆ خزمەتکردنی مەرامی جۆرەوجۆر بەکار هاتوون، بەڵام توندوتیژیی ناودەوڵەتی و سیاسی لە ململانە توندەکاندا بۆ بەرپاکردنی شەڕێک بۆ بەرگریکردن لە هەندێ پرس کە بڕوا وایە چاک و دروستن بەکار دێن. توندوتیژی بووەتە جێگرەوەیەکی پێویست بۆ سەرکزکردنی نەرێنی بۆ شەڕە گەورەترەکە.

زۆربەی سیستمە سیاسییەکان شەڕ و شێوەکانی تری توندوتیژی بە "دوایین بژارە" لەقەڵەم دەدەن، واتە شێوەکانی توندوتیژی پاش بێسوودبوونی سەرجەم بژارەکانی تر دێن، بەشێوەیەک

دەبێتە بەهێزترین چالاکی کە دەکرێ جێبەجێ بکرێ و دواین ئامراز بۆ دروستکردنی گوشار، یان سزادان یاخۆ هێز لەکاتی نوشستهێنانی باقیی بژارەکانی تر. لەم حاڵەتەدا، وەک خەڵک بڕوایان وایە، توندوتیژی بۆ بەرگریکردنە لە هەموو شتێکی باش و شایستەی مانەوەیە.

ناتوانرێ پشتبەستن بە شەڕ و شێوەکانی تری توندوتیژی لە ململانە توندەکاندا تا ڕادەیەکی زۆر کەم بکرێتەوە، تا لە سرووشتی ئەو ڕۆڵە تێ نەگەین کە توندوتیژی دەیبینێ.

نەزانییە پێمان وابێ دانوستاندن و دیالۆگ وەڵامی گونجاون بۆ چارەسەری ئەو کێشانەی پرسە بنچینەیییەکان تیایاندا لە مەترسیدان، چونکە دژبەرەکان بەبێ شەڕ دەستبەرداری ئامانج و شێوازەکانیان نابن، ناشکرێ بگەینە چارەسەرێک کە هەردوو لایەنی کێشەکە تێیدا براوە بن، چونکە لایەنە دیکتاتۆرەکە و ئەنجامدەرانی تاوانەیلی کۆمەڵکوژی شایستەی ئەوە نین هیچ ببەنەوە.

ئێمە بە ئەزموونی دەیان ساڵمان ئەوە دەزانین کە ناتوانین، لەڕێی بەرهەڵستیکردنیەوە، لەکاتی کێشەکاندا بەسەر توندوتیژیدا زاڵ بین، چونکە لە ململانە توندەکاندا دەبینین زۆرینە شەڕ و شێوەکانی تری توندوتیژی ڕەت ناکەنەوە، لەبەرئەوەی باوەڕیان وایە یاخۆ پێیان دەگوترێ کە بەرهەڵستیکردنی توندوتیژی بەزاندنی بنەوا ئەخلاقی و ئاینییەکانە، هەر بیروباوەڕێک پێچەوانەی ئەمە بێ لەڕاستیدا ناواقیعییە.

نێزیکەی چل ساڵ تێپەڕ بووە بەسەر ئەو قسەیەی پزیشکی دەروونی جیرۆم د. فرانک کردی کە دەڵێ، زۆربەی خەڵک سەیری ئاشتی ناکەن وەک ئەوەی بالاترین بەها بێ[2]. خەڵک و گرووپ و حکوومەتەکان توندوتیژی ڕەت ناکەنەوە ئەگەر ئەو کارە بەو واتەیە بێ کە بێهێز بن و لە بەرامبەر هەر کێشەیەکدا دووچاری کۆمەڵگە و بیروباوەڕە بنچینەیییەکانیان ببێتەوە، لاواز بن.

جا بۆ دوورگرتن لەوەی شەڕ و شێوەکانی تری توندوتیژی لە کێشە توندەکاندا نەبنە کۆتا ڕێگەچارە بۆ بەرگریکردن لە پرنسیپ و بیروباوەڕەکان و کۆمەڵگە و بوون، دەبێ بەدیلێکی بەهێز دەستەبەر بکەین بۆ جڵەوکردنی کێشەکە بەشێوەیەک ئەو جێگرەوەیە دەرفەتێک بێ بۆ سەرکەوتن، کە بارتەقای بژارەی توندوتیژییەکە بێ، یان پێشیشی بداتەوە.

پێویستە ئەم بەدیلە کردارییە بۆ چارەسەری کێشەکە توانی چارەسەرکردنی کێشە درێژخایەنەکانی هەبێ، وەک ململانە دژ بە دیکتاتۆرەکان و بەرەنگاریکردنی داگیرکردن و دەستدرێژیی بیانی و کودەتا ناوەخۆیییەکان و سەرکوتینەوە و کوشتن و ڕاگواستنی بەکۆمەڵ، کە وا دەزانرا بەبێ پەنابردن بۆ توندوتیژی چارەسەر ناکرێن. بەڵگەی بەهێزیی ئەم جێگرەوەیە لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێ کە سەرچاوەی هێز تەنانەت ئەگەر سەرچاوەی هێز بێ بۆ دیکتاتۆرەکانیش، لە بنەڕەتدا لە سەرچاوەکانی هێزی ناو کۆمەڵگەوە سەرچاوە دەگرێ، کە ئەویش بە نۆرەی خۆی پشت بە هاوکاریی نێوان دامەزراوەکان و گەل دەبەستێ ئەگەرچی لەوانەیە ئەم هاوکارییە بەردەوام نەبێ. لاپەڕەکانی داهاتوو بە وردەکارییەکی زیاتر لەم بابەتە دەدوێن.

## تەکنیکێکی تر هەیە بۆ خەبات

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە ئەم جێگرەوە (ئەلتەرناتیڤ)ەی توندوتیژی جێگرەوەیەکی واقیعییە، چونکە دەبینین پەنابردن بۆ شەڕ و شێوەکانی تری توندوتیژی بەردەوام شێوازی گشتیی ململانە توندەکان نەبووە، شێوەی تری ململانەیش لە زۆر شوێنی دنیا بەکار هاتووە، بەشێوەیەک ئەم شێوەیە لەسەر بنەوای سپاردن بە واقیع دانەمەزراوە، بگرە لەسەر کەللەڕەقی و بەرەنگاریکردنی توندی دژبەرەکە دامەزراوە.

مێژووی مرۆڤایەتی چەندان ململانەی بەخۆوە دیوە کە تێیاندا خەبات شێوەی تری جیاواز لە شێوەکانی توندوتیژیی وەرگرتووە، وەک شێوەکانی خەباتکردن بە ڕێگەیلی دەروونی یان کۆمەڵایەتی یان ئابووری یاخۆ سیاسی، هەندێ جاریش زیاتر لە شێوەیەک لەم شێوانەی وەرگرتووە. ئەم جۆرە خەباتە بۆ چارەسەرکردنی کێشە بچووکەکان یان وەک ڕێگەیەکی مامەڵەکردن لەنێوان هاوشانانی بەنەزاکەت نەهاتووە، بگرە لە چەندان حاڵەتدا کاتێ بەکار دێ کە پرسە جەوهەرییەکان لە مەحەکدا بن و دژبەرەکان ئامادە بن بۆ بەکارهێنانی توندترین ڕێوشوێنەکانی سەرکوتینەوە وەک لەداردان و ڕەشبگیری و بەندکردن و ڕامالینی بەکۆمەڵ. وێڕای بوونی ئەم شێوانەی سەرکوتینەوە، بەرهەڵستان سوور بوون لەسەر خەباتکردن بە ڕێگەی ناتوندوتیژ کە هەندێ جار بووەتە هۆی سەرکەوتنیان.

ئەم جۆرانەی خەبات پێیان دەگوترێ "کاری ناتوندوتیژانە" یاخۆ "خەباتی ناتوندوتیژ" کە ئەلتەرناتیڤێکە بۆ شەڕ و شێوەکانی تری توندوتیژی لە چارەسەرکردنی ململانە توندەکاندا.

## نموونە لەسەر خەباتی ناتوندوتیژ

چەندان نموونەی خەباتی ناتوندوتیژ لە کولتوور و قۆناخی مێژوویی و هەلومەرج و سیاسەتگەلی جۆرەوجۆردا بەدی دەکرێن، چ لە ڕۆژهەلات یان لە ڕۆئاوای دنیا، یاخۆ لە وڵاتانی پیشەسازی یان ناپیشەسازی. ئامرازەکانی ناتوندوتیژی لە وڵاتانی دیموکرات و هەروەها لەو وڵاتانەی لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەکاندا بوون بەکار براوە، هەروەها بۆ بەرگریکردن لە هەزاران کێشە و گرووپ و تەنانەت بەدیهێنانی ئامانجگەلی ئەوتۆ بەکار هاتوون کە خەڵکێکی زۆر دژی وەستاون. هەروەک ناتوندوتیژی بۆ ڕێگرتن لە، یاخۆ ئەنجامدانی گۆڕانکارییەکی دیاریکراو بەکار هاتووە، بەڵام هەندێ جار توندوتیژیی سنووردار لەم جۆرە کارانەدا بەکار هاتووە. ئەو کێشانەی شێوازەکانی ناتوندوتیژییان تێدا بەکار هاتووە جۆرەوجۆرن، لەوانە کێشە کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئەتنیکی و نیشتمانی و مرۆیی و سیاسییەکان، جا چ پرسی بنچینەیی بن یاخۆ نابنچینەیی. زۆر جار مێژوونووسان بەسەر ئەم جۆرە خەباتەدا، کە لە ڕاستیدا دیاردەیەکی زۆر کۆنە، باز دەدەن، ئەوەیش بووەتە مایەی ئەوەی زۆربەی جار بپووکێتەوە و لەبەین بچێ.

زۆر لەو حاڵەتانەی کاری ناتوندوتیژییان تێدا بەکار هاتووە پێوەندییان بە حکوومەتەکانەوە نەبووە، ئەگەر پێوەندیشیان هەبووبێ شایانی باس نەبووە وەک: ناکۆکییە سەندیکاییەکان یان هەوڵی سەپاندن یان بەرەنگاریکردنی پاڵەپەستۆکان بۆ بەدیهێنانی هاوکاریی کۆمەڵایەتی.

هەروەها کارەیلی ناتوندوتیژ لەپێناو چارەسەرکردنی جیاوازیی ئەتنیکی و ئاینی و هەروەها لەپێناو چەندان جۆری تری جیاوازیدا بەکار هاتوون، وەک جیاوازیی بۆچوون لەنێوان قوتابییان و بەڕێوەبەرایەتیی زانکۆکاندا.

دیاردەی چارەسەرکردنی جیاوازییە گرینگەکانیش لەنێوان کۆمەڵگە مەدەنییەکان و حکوومەتەکان کە یەکێک لە دوو لایەنە ناکۆکەکە شێوازەکانی ناتوندوتیژییان بەکار هێناوە، ئەمیش دیاردەیەکی بەربڵاوە. نموونە لەسەر ئەم دیاردەیە بەکارهێنانی ئامرازەکانی ناتوندوتیژی بووە بۆ چارەسەری ئەو تەنگژانەی لە کۆتاکانی سەدەی هەژدەیەم و تا سەدەی بیستەم ڕوویان داوە، وەک بەرەنگاریکردنی ئیمپریالیزم و کێشە سیاسی و ئابوورییە جیهانییەکان و کێشە ئاینییەکان و بەرەنگاریکردنی کۆیلایەتی. هەروەها شێوازەکانی ناتوندوتیژی بۆ پارێزگاریکردن لە مافی کرێکاران و ئافرەتان و لەپێناو مافی دەنگدانی پیاوان و ئافرەتاندا بەکار هاتووە. ئەم شێوە خەباتە بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی نیشتمانی و بەرەنگاریکردنی تاوانەکانی کۆمەڵکوژی و ڕێژیمگەلی دیکتاتۆری و کۆتاهێنان بە جیاکاریی ڕەگەزی و ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکردنی بیانی و ڕووخاندنی ڕێژیمەکان بەکار هاتووە.

شۆڕشی ڕووسی لەساڵی ١٩٠٥ یەکێکە لەو حاڵەتانەی ئەم جۆرە خەباتەی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا تێدا بەکار هاتووە. سەندیکاکان لە چەندان وڵات مانگرتن و بایکۆتکردنی ئابوورییان بەکار هێناوە: چینییەکان لە ساڵانی ١٩٠٨ و ١٩١٥ و ١٩١٩دا بایکۆتی کاڵاکانی ژاپۆنیان کرد. ئەڵمانەکان شێوازی ناتوندوتیژییان دژ بە کاب بوچ لە ساڵی ١٩٢٠ و هەروەها دژ بە داگیرکردنی ڕوهەر لەلایەن فەرەنسا و بەلجیکا بەکار هێنا. ساڵی ١٩٢٠ و ١٩٣٠ موهەنداس ک. گاندی ڕابەرایەتیی هندییە نیشتمانپەروەرەکانی کرد لە خەباتیان دژی حوکمی بەریتانیا و لەو خەباتەیشدا شێوازەکانی ناتوندوتیژییان بەکار هێنا.

چەندان وڵاتی ئەوروپایی وەک نەرویج و دانیمارک و هۆڵەندا شێوازەکانی ناتوندوتیژییان لەدژی داگیرکەری نازی لەنێوان ساڵانی ١٩٤٠ و ١٩٤٥ بەکار هێنا. هەروەها ئەم شێوازە بۆ ڕزگارکردنی جوولەکە لە کوورەکانی سووتاندنی نازییەکان لە بەرلین و بولگاریا و دانیمارک و شوێنانی تر بەکار برا.

هەمان شێواز بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمە سەربازییە دیکتاتۆرەکان لە سلڤادۆر و گواتیمالا لە بەهاری ١٩٤٤ بەکار هات، شێوازەکانی ناتوندوتیژی کە خەباتکارانی مافە مەدەنییەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دژ بە جیاکاریی ڕەگەزی بە تایبەت لە پەنجاکان و شەستەکاندا ئەو یاسا

و سیاسەتانەی گۆڕی کە ماوەیەکی زۆر بوو لە باشووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کاریان پێ دەکرا. لە ساڵی ١٩٦١ سەربازانی فرەنسایی لە جەزائیر -کە کۆلۆنیی فرەنسا بوو- ڕەتیان کردەوە هاوکاریی حکوومەتەکەیان بکەن، شانبەشانی ئەم ڕەتکردنەوەیە خۆپیشاندانی گەورە لە فرەنسا ئەنجام درا، حکوومەتەکەی دیگۆلیش هاوکاریکردنی ڕەت کردەوە، ئەمەیش بووە مایەی نوشستهێنانی ئەو کودەتایەی لە جەزائیری پایەتەخت ڕووی دا، پێش لەوەی کودەتایەکی هاوشێوە لە پاریسیش ڕوو بدا.

چیکی و سلۆڤاکییەکان لە ساڵی ١٩٦٨ و ١٩٦٩ بە بەکارهێنانی شێوازەکانی ناتوندوتیژی و هاوکارینەکردن توانییان بۆ ماوەی هەشت مانگ، دەسەڵاتی سۆڤیەت بە تەواوی ڕابگرن کاتێ پەیمانی وارسۆ پەلاماری وڵاتەکانیانی دا. لە ساڵی ١٩٥٣ تا ساڵی ١٩٩٠ نەیارانی ڕیژیمەیلی کۆمۆنیست لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات بەتایبەت لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و پۆڵەندا و هەنگاریا و دەوڵەتانی بەڵتیق، شێوازەکانی ناتوندوتیژیی خەباتیان لە پێناو بەدەستهێنانی ئازادیی زیاتر بەکار دەهێنا. خەباتی بزاڤی هاوکاری لە پۆلەندا لە ساڵی ١٩٨٠ بە ئەنجامدانی کۆمەڵی مانگرتن لە پێناو دامەزراندنی چەند سەندیکایەکی کرێکاریی یاساییی ئازاد دەستی پێ کرد و خەباتی ئەم بزاڤە ساڵی ١٩٨٩ بە کەوتنی ڕیژیمی کۆمۆنیستی پۆڵەندا کۆتای هات. شێوازەکانی ناتوندوتیژی هەروەها توانییان لە ساڵی ١٩٨٩ دیکتاتۆرییەتی کۆمۆنیست لە چیکۆسلۆڤاکیا بڕووخێنن و لە ساڵی ١٩٩١یش لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و ئیستۆنیا و لاتڤیا و لیتوانیا.

کاتێ لە ١٩٩١دا کۆمەڵی توندڕەو هەوڵیان دا ڕیژیم لە مۆسکۆ بڕووخێنن هەوڵەکەیان بە هۆی هاوکارینەکردن و نەبوونی گژبەرییەوە شکستی هێنا.

خۆپیشاندانە ئاشتییەکان و بەرگریی میللی ڕۆڵێکی گرینگیان بینی لە تێکشکاندنی سیاسەتەکانی دەسەڵاتی ڕەگەزپەرستی باڵادەست لە باشووری ئەفریقا، نەخاسمە لە نێوان ساڵانی ١٩٥٠ و ، ١٩٩٠ هەروەها ڕاپەرینی ئاشتییانە لە فلیپین لە ساڵی ١٩٨٦دا دیکتاتۆرییەتی مارکۆسی ڕووخاند.

لە تەمووز و ئابی ١٩٨٨دا هێزە دیموکراتەکانی بۆرما لەڕێی زنجیرەیەک ڕێپێوانەوە بەرهەڵستیی دیکتاتۆرییەتی سەربازییان کرد و توانییان سێ حکوومەت بخەن، تا لە کۆتاییدا کودەتایەکی سەربازی ڕووی دا و بە بەکارهێنانی شێوازەکانی سەربڕینی بەکۆمەڵ ڕێپێوانە ئاشتییەکانی کپ کردەوە. لە ساڵی ١٩٩٨یش قوتابییانی چینی لە زیاتر لە ٣٠٠ شاری ئەو وڵاتە (گرینگترینیان لە گۆڕەپانی تیانانمینی پەکینی پایەخت بوو) خۆپیشاندانی ناڕەزاییان دژ بە خراپەکاری و سەرکوتینەوەی حکوومەت ئەنجام دا، بەڵام سوپا بەتوندی وەڵامی دانەوە و زۆر لە خۆپیشاندەران کوژران.

هاووڵاتییانی ئەلبانی لە کۆسۆڤۆ لەنێوان ساڵانی ١٩٩٠ و ١٩٩٩دا هەڵمەتێکیان ئەنجام دا،

تێیدا هەموو شێوەیەکی هاوکاریکردن لەگەڵ ڕێژیمی سەرکوتکەری سربی ڕاگیرا، کاتێ حکوومەتی کۆسۆڤۆ نەیتوانی شێوازێکی ئاشتییانە بۆ بەدیهێنانی سەربەخۆیی بدۆزێتەوە، سوپای ڕزگاریی کۆسۆڤۆ پەنای بۆ توندوتیژی برد، سربیاش زۆر بە ڕەقی وەڵامی دایەوە و چەندان کۆمەڵکوژییان دەرهەق بە خەڵکی کۆسۆڤۆ ئەنجام دا و سیاسەتی پاکتاوکردنی ڕەگەزییان سەپاند، سەرەنجام سەری کێشا بۆ دەستوەردانی سەربازیی پەیمانی باکوری ئەتڵەسی.

لە تشرینی دووەمی ١٩٩٦ەوە سربەکان دەستیان دایە ڕێپێوانی ڕۆژانە بۆ دەربڕینی ناڕەزایی لە دەسەڵاتی سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ و توانییان گەمەکردن بە هەڵبژاردنەکانی ناوەڕاستی کانوونی دووەمی ١٩٩٧ ڕابگرن. بەڵام لەو کاتەدا دیموکراتە سربییەکان نوشستیان هێنا لە بوونی ستراتیجی پێویست بۆ بەردەوامبوون لە خەبات و نەیانتوانی هەڵمەتێک بۆ خستنی ڕێژیمی دیکتاتۆری میلۆسۆڤیچ بەرپا بکەن. لە سەرەتاکانی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٠دا بزاڤی بەرەنگاری و دیموکراتەکانی سرب ڕاپەڕینێکی ئاشتییان ئەنجام دا کە بووە مایەی کەوتنی دەسەڵاتەکەی میلۆسۆڤیچ.

لە سەرەتاکانیساڵی ٢٠٠١یشدا هەڵمەتێکی میللی ڕێژیمی سەرۆک ئاسترادای لە فیلیپین خست.

بۆ ئەوەی لە سرووشتی ئەم ململانانە و ئەو ئەنجامانەی پێیان گەیشتوون تێ بگەین، پێویستە یەکەم جار لە سرووشتی ئەم شێوازانە تێ بگەین.

## سیفەت و ڕێگەکانی شێوازی خەباتی ناتوندوتیژ

خەڵک وا باوە لەم جۆرە خەباتانەدا سێ جۆرە ڕەفتار بەکار دێنن، ئەوانیش:

یەکەم: خۆپیشاندانە ڕەمزییەکان وەک ڕێپێوانەکان و پەناگیرییەکان و دابەشکردنی بڵاوکراوە یاخۆ دانانی هەندێ ڕەنگی دیاریکراو کە نیشانەی یار یاخۆ نەیارین بۆ پرسێکی دیاریکراو.

دووەم: ڕەتکردنەوەی هاوکاریکردن، خۆپیشاندەران ڕەتی دەکەنەوە لە هاوکاری یان مامەڵەکردن لەگەڵ هەندێ کەس یاخۆ لایەنی دیاریکراو بەردەوام بن، جا ئەو هاوکاری و مامەڵەکردنە چ سیاسی بێ یان ئابووری یان کۆمەڵایەتی. بۆ وێنە کاتێ ناڕازییان بایکۆتی کۆمەڵایەتی بەسەر دژبەرەکانیاندا دەسەپێنن، یان ڕەتی دەکەنەوە بەشداری لە هەندێ ئاهەنگ یاخۆ دیداردا بکەن یان بچنە هەندێ قوتابخانە کە پێیان وایە پشتگیریی دژبەرەکانیان دەکا، یان کاتێ ناڕازییان ڕەتی دەکەنەوە لە ڕووی ئابوورییەوە هاوکاریی دژبەرەکانیان بکەن لەڕێی ڕاگرتنی دابینکردنی کاڵا و خزمەتگوزاری بۆیان، یاخۆ ڕاگرتنی مامەڵەکردنی بازرگانی لەگەڵیان. هەندێ جار بە بڕیارێکی حکوومەت پێوەندییەلی ئابووری لەنێوان وڵاتان ڕادەگیرێ، کە ئەوەیش پێی دەگوترێ بایکۆتکردنی ئابووری.

مانگرتن لە کار چەندان شێوە وەردەگرێ، لەوانە ڕاگرتنی کار بۆ ماوەیەکی کورت یان مانگرتن لە کارگەیەکی دیارکراودا، یاخۆ ئەنجامدانی مانگرتنێکی سەرتاسەری یاخۆ داخستنی شار یان وڵاتێک لە ڕووی ئابوورییەوە.

بڕینی پێوەندییە سیاسییەکانیش بایکۆتکردنی هەڵبژاردنە بەگەردەکان و ڕەتکردنەوەی شەرعییەتی ڕێژیم و ملکەچنەکردن بۆ فەرمانەکان بەبێ چاودێریی ڕاستەوخۆ و یاخیبوونی مەدەنیی یاسا نائەخلاقییەکان دەگرێتەوە.

سێیەم: بەکارهێنانی ڕێگە ئاشتییەکان بۆ دەستوەردانی کارا و پەکخستنی کارە ئاساییەکانی ڕێژیم، کە شێوەی جۆرەوجۆری وەرگرتووە، لەوانە شێوەی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و مادی و سیاسی. ئەم شێوانەی ناتوندوتیژی لە داگیرکردنی نووسینگەکان و پەناگیریکردن لە شەقامەکان و مانگرتن لە خواردن و پێکهێنانی دامەزراوەی ئابووریی نوێ و بەسەرردادانی دامەزراوە کارگێڕییەکان و پێکهێنانی حکوومەتێکی هاوشاندا، خۆ دەنوێنن.

کارەکانی ناتوندوتیژی بە گوێرەی جۆری ئەو کارەی جێبەجێی دەکەن پێناسە و پۆلبەند دەکرێن، نەک لەسەر بنەوای بیروباوەڕ یان پاڵنەرەکان یان ئەو کەسانەی ئەنجامیان دەدەن.

شایانی گوتنە کەسانێکی زۆر لە کولتوور و ئاینی جیاواز ئەم کارەیان ئەنجام داوە، ئەوەیش دەیسەلمێنێ کارەکانی ناتوندوتیژی پێویستیان بە باوەڕهێنان بە ناتوندوتیژیی ئەخلاقی یاخۆ ئاینی نییە، کە دیاردەیەکی تەواو جودایە. لە زۆربەی ئەو جارانەی بەکارهێنانی توندوتیژی دەخرێتە لاوە، سەرکردەکان و بەشداران دەرک بەوە دەکەن کە بەکارهێنانی توندوتیژی پێویست نییە، یاخۆ بەکارهێنانی ئەنجامی نەرێنیی لێ دەکەوێتەوە.

## چەمکی هەڵە

چەندان چەمکی هەڵە لەبارەی شێوازەکانی ناتوندوتیژی لە خەباتدا بەشێوەیەکی بەرفرەوان بڵاو بوونەتەوە، وەک:

* توندوتیژی بەزوویی ئامانجەکان بەدی دێنێ و ناتوندوتیژی کاتێکی زۆر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی دەبا، هەردوو شتەکەیش ناڕاستن.
* وا دەزانرێ خەباتکردن بە بەکارهێنانی شێوازەکانی ناتوندوتیژی نیشانەی لاوازییە، لەکاتێکدا نیشانەی هێزە، چونکە دەتوانێ ڕێژیمە سەرکوتکەرەکان فەلەج بکا یان لەبەریەکیان هەڵوەشێنێ.
* شێوەکانی خەباتی ناتوندوتیژ پێویستی بە سەرکردەیەک نییە جەماوەر تووشی سەراسیمە بکا.
* دیاردەی ناتوندوتیژی لەنێو کولتوورەکاندا بڵاوە.
* دیاردەی ناتوندوتیژی پێویستی بە بیروباوەڕی ئاینی نییە ئەگەرچی هەندێ جار بە پاڵنەری

ئاینی دەکرێ.

ناتوندوتیژی خۆی لە خۆیدا دیاردەیەکە جیایە لە ناتوندوتیژیی ئاینی یاخۆ ئەخلاقی، ئەم جیاییە زۆر گرینگە و دەبێ ڕوون بکرێتەوە و بە سووک سەیر نەکرێ.

باوەڕێکی بڵاو هەیە دەڵێ خەباتی ناتوندوتیژ تەنیا کاتێ سەرکەوتن بەدەست دێنێ کە لە خەبات دژ بە سیستەمێکی دیموکراسی و دژبەرانێک بەکار بێ کە باوەڕیان بە مافەکانی مرۆڤ هەبێ، ئەمەیش باوەڕێکی هەڵەیە، چونکە شێوازەکانی ناتوندوتیژی لەبەرامبەر دڕندەترین و دیکتاتۆریترین ڕژێمدا سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە، وەک نازیزم و فاشیزم.

* هەندێ کەس و کۆمەڵ دەڵێن شێوازەکانی ناتوندوتیژی کاتێ سەرکەوتوو دەبێ کە دڵی ڕژێمە سەرکوتکەرەکانیان بۆ نەرم ببێ، بەڵام ئێمە دەزانین ئەم شێوازانە هەندێ ڕژێمی دیکتاتۆریی سەرکوتکەریان ڕووخاندووە.

## پێداویستییەکانی سەرکەوتن

وەک چۆن بەکارهێنانی توندوتیژی گەرەنتیی سەرکەوتنی نییە، بە هەمان شێوە بەکارهێنانی ناتوندوتیژیش گەرەنتیی سەرکەوتنی نییە. هەروەها وەک حاڵەتی توندوتیژییەکە، سەرکەوتن لە حاڵەتی بەکارهێنانی ناتوندوتیژیش ژمارەیەک پێداویستیی پێویستە. تەنیا بەکارنەهێنانی وشەی "توندوتیژی" و گوتنەوەی وشەی "ناتوندوتیژی" هیچ لە بەدیهێنانی ئەنجامە خوازراوەکان پێش یان پاش ناخا. چەندان ئەزموونی ناتوندوتیژی هەن کە لە بەدیهێنانی ئامانجەکانیاندا شکستیان هێناوە، هەندێکیشیان سەرکەوتنی سنوورداریان بەدەست هێناوە کە ماوەیەکی کەم بەردەوام بووە و بەهۆی بەکارنەهێنانی لە بەهێزکردنی دامەزراوەکان یان بەرەنگاریکردنی هەڕشەی نوێوە دوابڕاو بووە. نموونەی تریش هەن هەندێ دەستبەردانیان بەدەست هێناوە، بەڵام هەموو ئامانجەکانیان بەدی نەهێناوە.

لە بەرامبەردا حاڵەتی تریش هەن سەرکەوتنی گەورەیان بەدەست هێناوە کە ئەو سەرکەوتنانە بەدەست نەدەهاتن ئەگەر شێوەکانی توندوتیژی بەکار هاتبان. بۆ تێگەیشتنی باشتری ئەو ئەنجامانە پێویستە لە سرووشتی شێوازەکانی خەباتی ناتوندوتیژ تێ بگەین.

ئەگەرچی شێوازەیلی ناتوندوتیژی بە ڕێگەی جیاواز ئەنجام بەدەست دێنێ، دەبێ دەرک بە گرینگیی بوونی دوو ڕەگەز بکەین کە لەوانەیە لەکاتی بەکارهێنانی هەندێ لە شێوەکانی ناتوندوتیژی لە خەباتدا ڕووبەڕوویان ببینەوە، ئەوانیش:

١- توانی بەرەنگاریکردن و پەرچکردنەوەی کاریگەرییەکانی سەرکوتینەوە.

٢- توانی لەباربردنی سەرچاوەکانی هێزی دژبەر.

ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکان سرووشتیان وایە بە هەر کارێک ختوکەیان دێ کە هێز و دەسەڵاتیان لاواز بکا و لە چاوسوورکردنەوە و سەرکوتینەوەی هەر کەسێک بە ڕوویاندا بوەستێ یان بەرهەڵستییان بکا، یاخۆ هاوکارییان نەکا، وەڵام دەدەنەوە. بەڵام سەرکوتینەوە و وەحشیگەری بەردەوام بەردەوامبوون و ملکەچکردنیان لێ ناکەوێتەوە، کە توانی مانەوە بە ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکان دەدەن.

هەندێ جار بارودۆخێکی تایبەت کە لە سەرکوتکێن دەکەوێتەوە دەبێتە مایەی ئەوەی پێی دەگوترێ دیاردەی "سیاسەتی زۆرانبازیی ژاپۆنی". ئەو زەحمەتییانەی دژبەرەکە لە مامەڵەکردن لەگەڵ شێوەکانی ناتوندوتیژی لە خەباتدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە پێوەندییان بە دینامیکیەت و ڕێڕەوی ئەم شێوانەوە هەیە کە هەوڵ دەدا بەرەنگاریی توانا و ئارەزووی دژبەرەکە بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی ببێتەوە. بەڵام خەباتی سیاسی دژ بە توندوتیژی و سەرکوتینەوە بەبەکارهێنانی شێوەکانی ناتوندوتیژی، دۆخی شێوە ململانەیەکی تایبەت دەخولقێنێ کە گونجان و هاوئاهەنگیی تێدا نییە. لێرەوەیە بەرهەڵستان دەتوانن ناهاوئاهەنگی لەنێوان بەکارهێنانی شێوەکانی ناتوندوتیژی بەکار بێنن بۆ بەرەنگاریکردنی کارە توندوتیژەکان تا دژبەرەکەیان بخەنە هەڵوێستێکی سیاسی کە هاوشێوەی ئەوەیە لەکاتی زۆرانبازیی ژاپۆنیدا ڕوو دەدا. ئەو دژیەکیەی بەکارهێنانی شێوەکانی ناتوندوتیژی لەبەرامبەر کارە توندوتیژەکان بەرهەمی دێنێ، لایەنی دژبەر دەخاتە دۆخێکی سیاسیی ناهاوسەنگ کە هێزی لاواز دەکات و هێزی بەرهەڵستەکانی زیاد دەکا، ئەمەیە پێی دەگوترێ سیاسەتی زۆرانبازیی ژاپۆنی.

سیاسەتی زۆرانبازیی ژاپۆنی دەبێتە مایەی زیادکردنی لاتەریکبوونی دژبەر لە سێ گرووپ، کە بریتین لە ئەندامانی گرووپەکەی خۆی + هاووڵاتییان کە دۆخەکە کاریان تێ دەکا + ئەو لایەنانەی ڕاستەوخۆ لە کێشەکەوە گلاون. لەوانەیە ئەو گۆشەگیرییەی ببێتە هۆی زیادبوونی نەیاریی ناوخۆیی لەنێو سەربازگەکەی دژبەردا، کە ئەوەیش وا دەکا لایەنەکانی تریش دژ بە دژبەرەکە و پاڵپشتیکردنی بەرهەڵستان با بدەنەوە.

## تێکشکاندنی هێزی دژبەر

بەڵام سیاسەتی زۆرانبازیی ژاپۆنی لە هەموو دۆخەکان یان لە هەموو حاڵەتەکانی خەباتکردن بە بەکارهێنانی شێوازەکانی ناتوندوتیژی کار ناکا، هەر بۆیە ڕێگەیەکی سەرەکیی تر دەمێنێ بۆ بەکارهێنانی شێوەکانی ناتوندوتیژی کە ئەویش تێکشکاندنی سەرچاوەیلی هێزی دژبەرە. ئەم ڕێگەیە ڕێگەیەکی بەکارە، نەخاسمە کاتێ ئامانجی دروستکردنی گوشار بێ لەسەر حکوومەتێک تا کارێک ئەنجام بدا یاخۆ دەستبەرداری کردنی کارێک ببێ، ئەویش لەو کاتەی ئامانج لەبەریەک هەڵوەشاندنی ڕێژیم بێ.

لە ڕاستیدا بنەوای تێکشکاندنی سەرچاوەکانی هێزی دژبەر شتێکی سانایە، چونکە ڕیژیمە دیکتاتۆرەکانیش پێویستیان بە یارمەتیی ئەو گەلانە هەیە کە حوکمڕانییان دەکەن و بەبێ ئەوە ناتوانن سەرچاوەکانی هێزی سیاسییان بپارێزن.

سەرچاوەکانی هێزی سیاسیش بریتین لە:

* دەسەڵات و شەرعییەت.

* سەرچاوە مرۆییەکان: ئەو کەس و گرووپانەی ملکەچی حوکمڕانەکانن و هاوکاری و پاڵپشتییان دەکەن.

* لێهاتنەکان و مەعریفە کە ڕیژیمی دەسەڵاتدار پێویستی پێیانە و تاک و گرووپە هاوکارەکان پێشکێشی دەکەن.

* هۆکارە نابەرچاوەکان: وەک هۆکارە دەروونی و هزرییەکان کە لەوانەیە ئەو کەسانە بگرێتەوە گوێڕایەڵیی دەسەڵاتداران دەکەن و یارمەتییان دەدەن.

* سەرچاوە ماددییەکان: موڵکەکان و سەرچاوە سرووشتییەکان و سەرچاوە داراییەکان و سیستمی ئابووری و ئامرازەکانی پێوەندیکردن و گەیاندن دەگرێتەوە.

* سزاکان: ئەو سزایانەن دەسەڵاتداران هەڕەشەی بەکارهێنانیان دەکەن بۆ گەرەنتیکردنی ملکەچی و هاوکاریکردنی خەڵک، کە دوو شتی پێویستن و ڕیژیم بۆ مانەوە و بەردەوامیی سیاسەتەکانی پێویستی پێیانە.

هەموو ئەم سەرچاوانە پشت بە قبووڵکردنی جەماوەر بۆ سیستمی حوکمڕانی و ملکەچی و گوێڕایەڵیی ئەو جەماوەرە و ئەو هاوکارییەی کۆمەڵگە و دامەزراوەکانی پێشکێشیان دەکەن. لێرەیشەوە بەردەوام هێزی سیاسی لە بوون و هێزی خۆیدا پشت بە کۆمەڵێ سەرچاوە دەبەستێ کە پشت ئەستوورن بەو هاوکاریکردنەی جەماوەر و دامەزراوەکان پێشکێشی دەکەن، ئەم هاوکاریکردنە دەکرێ بەردەوام بێ و دەشکرێ بەردەوام نەبێ.

کەواتە هێزی سیاسی بەردەوام لەرزۆکە و پشت بە کۆمەڵگە دەبەستێ، بەڵام ناتوانرێ ملکەچ و هاوکاریکردنی پێویست بۆ بەردەوامبوونی ڕیژیم مسۆگەر بکرێ، هەروەها هەر سەرچاوەیەکی هێز مەترسیی کەوتن یان لەدەستدانی هەیە. کارەکانی ناتوندوتیژی دەتوانن تیرەکانیان ئاراستەی ئەو سەرچاوانە بکەن و بەوەیش ئەو هێزەی ڕیژیم وزەی لێ وەردەگرێ لاواز بکرێ، یاخۆ تەنانەت بڕینی هێزەکە بەتەواوی، بەڵام ئەمە پشت بە کۆمەڵێ هۆکار دەبەستێ.

ڕەتکردنەوەی هاوکاریکردن لەگەڵ ڕیژیمەکان و گژبەریکردنیان هاوکاری و گوێڕایەڵیکردنە پێویستەکە قڵپ دەکاتەوە کە سەرچاوەی پێویستی هێز دەستەبەر دەکەن. بۆ نموونە کاتێ جەماوەر شەرعییەتی ڕیژیم ڕەت دەکاتەوە، دەبینی ئیدی ئەو دەسەڵاتدارانە گوێڕایەڵیکردنی خەڵک

لەدەست دەدەن، ئەمەیش کێشەی زۆریان بۆ دروست دەکا، چونکە مانگرتنە سەرتاسەرییەکان ئابووریی وڵات فەلەج دەکەن، هاوکارینەکردنی ئیداریش کارەکانی حکوومەت پەک دەخا. لە حاڵەتێکیشدا پۆلیس و سوپا لە ڕیژیم یاخی بېن، ئیدی توانی نابێ لەپێناو مانەوەی ڕیژیمەکەدا بەرهەڵستکارانی سەرکوت بکا.

هێزی دژبەر کاتێ سەرچاوەکانی هێزی لەدەست دەدا، لاوازی ڕووی تێ دەکا و هەرەس دێنێ و سەرەنجام بەهۆی لاوازیی سیاسییەوە دەکەوێ. ئەمە ڕاستیی تێبینییەکەی زانای سیاسی کارل دویچ دەردەخا کە لە ساڵی ١٩٥٣دا گوتی "تەنانەت دیکتاتۆرییەتە ملهوڕەکانیش بۆ مانەوەیان لە دەسەڵاتدا پێویستیان بە پاڵپشتیی جەماوەر و کۆمەڵگەکان هەیە".[٣]

## چوار ڕێگە بۆ سەرکەوتن

خەباتی ناتوندوتیژ لە چوار ڕێگەی سەرەکیدا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، کە تا ڕادەیەکی زۆر پشتی بەم هۆکارانەی خوارەوە بەستووە: سرووشتی ناکۆکییەکە و پرسە جێناکۆکەکان، پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی جەماوەرە ناڕازییەکە و سرووشتی دژبەرەکە، ئەمە جگە لە ستراتیجی سەرەکی (ئەگەر هەبوو) و میکانیزمی گۆڕان و شێوازە بەکارهاتووەکان و لێهاتنەکان و خۆگری و دامەزراویی خەڵکە ناڕازییەکە. ئەو پاڵپەستۆیەش کە ئەو شێوازانە توانیویانە بیسەپێنن، هەمەجۆر و جیاوازن لەنێوان گوشاری دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیدا.

ئەمە جگە لەوەی خەباتکردن بە بەرکاهێنانی شێوازەکانی ناتوندوتیژی کار لە سەقامگیریی سیستمی کۆمەڵایەتی یان سیستمی سیاسی دەکا و کارنامەی ئەو سیستمە دەگۆڕێ و کار لە توانی دژبەر بۆ بەردەوامبوون لە سەپاندنی سیاسەتگەلێکی دیاریکراو دەکا، لە هەندێ قەیراندا ڕەتکردنەوەی هاوکاری و گژبەریکردنی ڕیژیم بووەتە مایەی تێکشکاندنی توانی دژبەر لەسەر حوکمکردن و هەروەها ڕووخانی.

جیاوازیی زۆر لە ڕێگەکانی خەباتکردن بەشێوازی ناتوندوتیژی لە قەیرانە جیاوازەکاندا هەیە، بۆ نموونە دینامیکیەتی مانگرتن لە کارکردن لە ناوچەیەکی دیاریکراو لەپێناو زیادکردنی مووچەدا جیاوازە لەو مانگرتنانەی هەندێ کەمینە بۆ بەدەستهێنانی مافی زیاتر، یان لەپێناو ڕووخاندنی ڕیژیمێکی دیکتاتۆری لە ناوچەیەکی دنیا ئەنجامیان دەدەن.

لە ئەنجامی یەکێک لەو چوار میکانیزمەی خوارەوە، لە حاڵەتەکانی ئەو خەباتەی بەرهەمی بووە گۆڕانکاری بەسەر ئەنجامە ویستراوەکاندا دێ: بە دەگمەن دەبینین گۆڕانکاری لە هەڵوێستی دژبەردا وای لێبکا دەستبەردانی خۆویستانە پێشکێش بکا وەک بەرەنجامێکی بەکارهێنانی ناتوندوتیژی (گۆڕان)، بەڵام زۆربەی جار دەبینین کێشانەوەی هاوکاریی ئابووری و سیاسی، دژبەر ناچاری دەستبەردان دەکا (خۆگونجاندن). لە هەندێ حاڵەتدا هاوکارینەکردن و گژبەریکردن

زۆر بەهێز و لەژێر سەرکردایەتیەکی هەڵکەوتوودا دەبن، سەرچاوەکانی هێزی دژبەر سفر دەکەن بەشێوەیەک هیچ چارەیەکی لەبەردەمدا نامێنێ جگە لە خۆ بەدەستەوەدان (ناچارکردن بە ناتوندوتیژی). هەندێ نموونەی دەگمەنیش هەن تێیاندا هاوکارینەکردن و گژبەریکردن زۆر گەورەن و سەرچاوەکانی هێزی دژبەر لاتەریک دەکرێن بەشێوەیەک تووشی کەوتنی دەکا (لەبەریەک هەڵوەشان).

## بەکارهێنانی تەکنیکێکی ورد

بەکارهێنانی شێوازی خەباتی ناتوندوتیژ بۆ چارەسەری کێشەکانی توندوتیژی لە کۆمەڵگە و کێشەکانی توندوتیژیی سیاسی، پشت بە توانی ئەم شێوازە دەبەستێ بۆ بەرتەسککردنەوەی پشتبەستن بە توندوتیژی لە چارەسەرکردنی تەنگژە توندەکاندا. ئاخۆ ناتوندوتیژی دەتوانێ جێگەی توندوتیژی بگرێتەوە لە چارەسەرکردنی تەنگژەی تونددا؟ هەندێ کەس بە "بەڵێ" لە هەندێ حاڵەت و بە "لەوانەیە" و "نەخێر" لە هەندێ حاڵەتی تردا، وەڵام دەدەنەوە. وەڵامەکە پشت دەبەستێ بە ڕادەی تێگەیشتنمان لەم شێوازە و ڕادەی حوکمدان لەسەر توانی شێوازی ناتوندوتیژی لەوەی ببێتە جێگرەوەیەکی کارا لە چارەسەرکردنی تەنگژە توندەکاندا.

دەبێ بزانین چۆن چۆنی کاریگەریی ئەم شێوازە لە خەبات زیاد بکەین، ئەویش لەڕێی زیادکرنی زانیاریمان لەبارەی پێداویستییەکانی و ئەنجا بڵاوکردنەوەی ئەو زانیارییە بەشێوەیەکی فرەوان، هەروەها زیادکردنی پلاندانانی تایبەت و گشتی و ستراتیجیەتی بەکارهێنانی ئەم شێوازە لە چارەسەرکردنی تەنگژە توندەکان لە داهاتوودا.

پەرەپێدانی چارەسەرێکی پەسند بۆ کێشەی توندوتیژی و زانینی پەرەسەندنی سیاسیی خەبات لە داهاتوودا، بەبەکارهێنانی شێوازەکانی ناتوندوتیژی، پێویستیان بە ناسینی واقیع و ئەو ڕۆڵەی دەکرێ شێوازی ناتوندوتیژی لە داهاتوودا بیگێڕێ، هەیە، نەخاسمە لە چارەسەرکردنی تەنگژە توندەکاندا کە زۆرینەی خەڵک و حکومەتەکان لەو باوەڕەدان ڕێگەچارەی سەربازی و شێوەکانی تری توندوتیژی تاکە شێوازن بۆ چارەسەرکردنیان. لێرەدا خۆمان لەبەردەم ئەم پرسیارانەدا دەبینینەوە: تا چ ڕادەیەک دەتوانین لەم شێوازە تێ بگەین و گەشەی پێبدەین و تا چ ڕادەیەک ئەم شێوازە دەتوانێ جێگرەوەیەکی بەکاری توندوتیژی بێ؟

پەرەسەندنی شێوازی خەباتی ناتوندوتیژ لە داهاتوودا دەخوازێ جێگرەوەی ناتوندوتیژ لە چارەسەرکردنی جۆرەکانی ئەم تەنگژانەی خوارەوەدا بەکار بێنین:

* خستنی ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکان.

* وەستان بەڕووی هەر کودەتایەک بەسەر دەسەڵاتدا و ڕێگرتن لە دروستبوونی هەر دیکتاتۆرییەتێکی نوێ.

* بەرەنگاریکردنی هەر دەستدرێژی یاخۆ داگیرکردنێکی بیانی.

* پارێزگاریکردن لە بوون و شێوازەکانی ژیانی گەلانی ڕەسەن.

* وەستان بە ڕووی نادادیی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا.

* بڵاوکردنەوەی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و بەردەوامیی مانەوەیان.

* هێناکایەی ئامرازی نوێ بۆ خەباتکردن بە بەکارهێنانی ناتوندوتیژی لە کۆمەڵگە دیموکراسیەکاندا.

## سنووردارکردنی پشتبەستن بە شەڕ و شێوەکانی تری توندوتیژی

بەکارهێنانی جێگرەوەکانی ناتوندوتیژی بۆ چارەسەری ئەو تەنگژانەی سەرەوە، پێویستی بە پەرەپێدانی پلانگەلێکی ستراتیجیی کرداری هەیە، کە دەرفەت بۆ ئەو جێگرەوانە بڕەخسێنێ تا بەشێوەیەکی کارا جێبەجێ بکرێن. لەبەرئەوەی ئەو پەرەپێدانەیش پلەبەپلە دەکرێ، ئەوا دەکرێ شێوازەکانی ناتوندوتیژی جار دوای جار بەکار بێن، ئەوەیش وردە وردە مشتومالّی دەدا و دەیکاتە بەدیلی بەکارهێنانی توندوتیژی لە چارەسەرکردنی تەنگژە توندەکاندا.

ئەم گرفتە -واتە دۆزینەوە و پەرەپێدانی توانی بەکارهێنانی شێوازی ناتوندوتیژی بۆ چارەسەری تەنگژەیلی توند- پێویستی بە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە و توێژینەوەی ستراتیجی و پەرەپێدانی سیاسی و پلاندانان و ئازایەتی هەیە. هەروەها پێویستی بە بەکارهێنانی ئەو کەرەستانە هەیە کە مێژوونووسان و پزیشکانی دەروونی و کۆمەڵناسان و تیۆریزانە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و زانایانی سیاسی و هی تر بەکاریان دێن.

ئەم گرفتە هەروەها پێویستی بە لێکۆڵینەوە لە خاڵە لاوازەکانی ڕژێمە دیکتاتۆری و سەرکوتکەرەکان هەیە، ئەمە جگە لە لێکۆڵینەوە لە شێوازەکانی خەباتکردن بە ڕێگەی ناتوندوتیژی.

هەروەها پێویستە فێر بین چۆن چۆنی توانی بیرکردنەوەی ستراتیجی پەرە پێبدەین و بڵاوی بکەینەوە و چۆن چۆنی لە داهاتوودا ستراتیجی هەر خەباتێک بە بەکارهێنانی شێوازەکانی ناتوندوتیژی، دابنێین. ئەم کۆششانە بۆ بەکارهێنانی ئامرازەکانی ناتوندوتیژی پێویستیان بە ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردە باوەکانی ناو کۆمەڵگە نوێیەکان و هەروەها ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەیلی نیشتمانی و ناودەوڵەتی و ناوەندیبوونی دەسەڵات و سەربازاندنی پێوەندیی سیاسیی نێوان دەوڵەتان و باڵادەستیی ڕێگە کلاسیکییەکان بۆ چارەسەری کێشەکان، هەیە. ئەمە جگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەندێ شتی تر.

هەروەها دەکرێ باس لە پرسی کاریگەریی هەڵبژاردنی توندوتیژی یاخۆ شێوازەکانی ناتوندوتیژی بۆ چارەسەری تەنگژە توندەکان لەسەر ژینگەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کۆمەڵگە بۆ

بەدیهێنانی ئامانجەکەمان بکەین، چونکە توندوتیژی بەردەوام ڕیژیمگەلێکی سیاسیی مەرکەزی لێ دەکەوێتەوە کە پەنا بۆ سەرکوتینەوە دەبەن، لەکاتێکدا ناتوندوتیژی سیستمگەلێکی سیاسیی لامەرکەزیتر و میللیتری لێ دەکەوێتەوە. ئەمە جگە لەوەی زۆر جار توانا سەربازییەکان بۆ سەرکوتینەوەی گەل بەکار دەبرێن لەکاتێکدا جەماوەر شێوازی ناتوندوتیژی بەکار دێنێ لەپێناو بەدەستهێنانی ئازادییەکان و بەرگری لێکردنیان و هەروەها لەپێناو بەرەنگاریکردنی ڕیژیمە سەرکوتکەرە مەرکەزیەکان.

هۆشیارکردنەوەی باش لەبارەی گرینگیی خەبات بە بەکارهێنانی شێوازەکانی ناتوندوتیژی، دەردی دەخا بژارەی واقیعی تر هەن کە پێشتر ئاشکرا نەکراون، لێرەشەوە ئێمە بە بەکارهێنانی ئەم ڕێبازە و لەڕێی بەرتەسککردنەوەی پشتبەستن بە توندوتیژی، دەرگە لە بەردەم هێنانەکایەی گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە سیاسەتەیلی هاوچەرخ و پێوەندییە ناودەوڵەتییەکان دەکەینەوە.

ڕادەی سەرکەوتنمان لە گۆڕینی شێوەکانی توندوتیژی لە خەباتدا بە شێوەی ناتوندوتیژ و لەوێشەوە تا ڕادەیەکی زۆر بەرتەسککردنەوەی بازنەی پشتبەستن بە ڕێگەچارە سەربازییەکان، پشت بە ڕادەی پەرەپێدانمان بە جێگرەوەی بەهێز لە شێوازەکانی ناتوندونیژی بەمەبەستی چارەسەرکردنی تەنگژەکان، دەبەستێ.

بەڵام لێرەدا ئەو پرسیارە دەمێنێ: ئایا هەوڵ دەدەین مشتومالّی ئەم شێوازە بکەین و بیگونجێنین، تا شێوازێکی کاریگەر بێ و بە مەبەستی گۆڕبەریکردن و گۆڕین و ڕامالّینی شێوەکانی توندوتیژی لە چارەسەرکردنی تەنگژەکاندا، بەکاری بێنین؟

## گرینگیی پلاندانی ستراتیجی لە خەباتدا بە بەکارهێنانی شێوازی ناتوندوتیژانە

وا باوە چەمکی "ستراتیج" لە کێشمەکێشە سەربازییەکاندا بەکار دێ، چونکە ئەفسەرانی سەربازی لە چەندان سەدەوە لە هەڵمەتە سەربازییەکانیاندا پلانی ستراتیجییان بەکار هێناوە. سەن تزو وکلاوزڤیچ و لیدڵ هارت لەو بیرمەندانەن ستراتیجی سەربازییان پەرە پێدا. بەکارهێنانی ستراتیجی ئاڵۆز یەکێک لە پێداویستییە بنچینەییەکانی کاری بەهێزە لە شەڕ و شەڕەکاندا.

ململانەی سەربازیی کاریگەر پێویستی بە ستراتیجێکی زیرەکانە و پلاندان و جێبەجێکردن هەیە. کارکردن بە بەکارهێنانی ناتوندوتیژیش بەهەمان شێوەیە، کارایی ئەم کارە پێویستی بە ستراتیجێکی دروست هەیە، چونکە پێڕەوکردنی ستراتجێکی دروست هێزی خەباتی ناتوندوتیژانە زیاد دەکا.

## بایەخی بوونی ستراتیج

بەکارهێنانی باشترمان بۆ سەرچاوەکان توانا بەردەستەکان هەلی بەدیهێنانی ئامانجەکانی پشت ئەنجامدانی کارێکی دیاریکراو چەند بەرامبەر دەکا، ئەوەیش بەو واتەیە دێ کە بوونی پلانێکی ستراتیجی لە ئێستەوە (کە ئامانجەکانمان بەدی نەهێناوە) دەگوازێتەوە بۆ داهاتوو (کە تێیدا دەتوانین ئامانجەکانمان بەدی بێنین). ستراتیجیش پلاندانانە بۆ ڕێڕەوی ئەو کارەی لە ئێستەوە دەمانگوێزێتەوە بۆ ئەو داهاتوویەی دەمانەوێ پێی بگەین.

بۆ نموونە، ئەگەر کەسێک بیەوێ لە شوێنێکەوە گەشت بۆ شوێنێکی تر بکا، پێویستی بەوەیە پێشوەخت پلانێک بۆ ئەو سەفەرەی دابنێ، ئامرازێک بۆ سەفەرکردنەکەی هەڵبژێرێ، لەوە دڵنیا ببێ کە پارەی پێویستی بۆ خەرجی گەشتەکەی و خەرجەکانی تری وەک مانەوە هەیە، هەروەها دڵنیابوون لەوەی پاسپۆرتی پێیە، ئاخۆ پێویستی بە ڤیزا هەیە و چۆنیەتیی بەدەستهێنانی و دیاریکردنی ئەو کەسەی لەجێی ئەو لە شوێنی کارەکەی ئیش دەکا.

ئەم جۆرە بیرکردنەوە و پلاندانانە کە لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجگەلێکی دیاریکراو پێیاندا گوزەر دەکەین، ئەو بیرکردنەوەیەیە سەرکردەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان پێویستیان پێیە، کە ناخۆشبەختانە بەکەمی گرینگیی پلاندانانی ستراتیجی لەبەرچاو دەگرن.

ساویلکەییە هەندێ کەس پێیان وابێ پێداگرتن لەسەر ئامانجەکان بۆ ماوەیەکی زۆر واتەی بەدیهاتنی ئەو ئامانجانە دەگەیەنێ، هەندێ وا گریمانە دەکەن دڵسۆزی بۆ پرنسیپ و بەهاکان و دەست پێوەگرتنیان لە بەردەم هەڵبەز و دابەزی دۆخ و تەنگژەکاندا، واتەی خەرجکردنی ئەوپەڕی کۆششە لەپێناو بەدیهێنانیاندا، بەڵام ئەمە بەس نییە بۆ گۆڕینی دۆخی ئارا و بەدیهێنانی ئامانجە خوازراوەکان.

هەوڵدان لەپێناو گۆڕینی کۆمەڵگە یان هەوڵدان لەپێناو ڕوونەدانی هەندێ گۆڕان لە کۆمەڵگەدا، یان خەباتکردن لەپێناو ڕزگاربوون لە داگیرکردنی بیانی، یاخۆ پاراستنی کۆمەڵگە لە هێرش، ئەرکێکی ئاڵۆزترە لە پلاندانان بۆ گەشتێک. بەڵام کەسەکان بەکەمی بایەخی هەرە گرینگی ئامادەکاری بۆ پلانێکی ستراتیجی لەبەرچاو دەگرن بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکان بەر لە دەست بەکار کردن.

ئەوانەی لە بزاڤە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا کار دەکەن، بەزۆری ڕەچاوی گرینگیی پلاندانان بۆ چۆنیەتیی کارکردن دەکەن، بەڵام زۆر جار ئەم پلاندانانە تاکتیک یان سنووردار یاخۆ کورتمەودا دەبێ.

هەوڵ نادەن پلانکارێکی ستراتیجیی پان و بەرین و دوورمەودا دابنێن، یان لەوانەیە بە گرینگی نەزانن،

یاخۆ لەوانەیە نەتوانن بە بەکارهێنانی ئەم زاراوانە بیر بکەنەوە و شرۆڤە بکەن، یان لەوانەیە ڕێگە بە خۆیان بدەن بە چڕکردنەسەری بەردەوام لەسەر پرسی بچووک بچووک و هەستان بە پەرچەکرداری لەدوای یەک بۆ بەرەنگاریکردنی ئەو کردارانەی دژبەر دەستیان پێدەکا و زیاتر کارکردن لەسەر چالاکییە کورتمەوداکان، لە ئامانجە گەورەکەیان دوور بکەونەوە. لەوانەیشە کات و وزە تەرخان نەکەن بۆ پلاندانان و ستراتیجیەت، یاخۆ دۆزینەوەی ستراتیجگەلی بەدیل کە بتوانێ ڕابەریی هەوڵەکانیان بکا بەرەو بەدیهێنانی ئامانجەکانیان.

هەندێ جار دەبێ بزانین خەڵک زۆر جار هەوڵ نادەن ستراتیجێک بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان دابنێن، لەبەرئەوەی لە ناخی خۆیاندا بڕوایان نییە کە دەکرێ ئەو ئامانجانە بەدی بێن. ئەوان خۆیان بە لاواز و قوربانیی دەست و پێ سپی دەبینن لەبەرامبەر هێزێکی دڕدا و بە بڕوای ئەوان، باشترین شت بیکەن برێتییە لە پێداگری یاخۆ مردن لەگەڵ ئەو بڕوایەی ئەوان لەسەر هەقن. هەر بۆیە هەوڵ نادەن بیر بکەنەوە و پلانی ستراتیجی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان دابنێن. شکستهێنانی پلانی ستراتیجی لاوازکردن و لەناوبردنی دەرفەتی سەرکەوتن و شپرزەکردنی هێزە و کارەکان کاریگەری لەدەست دەدەن و قوربانییەکان بە ئاو و ئاو دەچن بەشێوەیەک خزمەتی بەرژەوەندییەکانی پرسەکە بە باشی ناکەن. ئەگەریش زۆرە نوشستهێنان لە پلاندان بە ڕێگەی ستراتیجی، ببێتە هۆی نوشست لە بەدیهێنانی ئامانجەکاندا.

نەبوونی داڕشتەیەک بۆ پلانکارێکی ستراتیجیی ورد دەبێتە هۆی:

* خزانی وزەکە بەرەو هەندێ پرسی پلەدوو و بەکارهێنانی بەشێوەیەکی ناکارا.

* نەقۆستنەوەی ئەو هەلانەی پرسەکە پێش دەخەن.

* دەستپێشخەریی دژبەر هێڵی ڕێڕەوی ڕووداوەکان دیاری دەکا.

* لاوازیی لایەنی خەباتکار زیاد دەکا و کاریگەریی چارەنووسسازی لەسەر کارکردن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان دەبێ.

* هەلی سەرکەوتنی ئەو هەوڵانەی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان دەدرێن لاواز دەکا.

لە بەرامبەردا داڕشتن و پێڕەوکردنی ستراتجێکی زیرەکانە دەرفەتی سەرکەوتن زیاتر دەکەن. کارکردن بەپێی پلانی ستراتیجی توانی چڕکردنەوەی هێز و کارەکانمان دەداتێ بۆ پێشڕەویکردن بە ئاراستەیەکی دیاریکراو بەرەو بەدیهێنانی ئامانجە خوازراوەکە و چڕکردنەوەی لە خزمەتکردنی ئامانجی سەرەکی و زیادکردنی تەنگژەکە کە لە خاڵەکانی لاوازیی لایەنی دژبەر دەکەوێتەوە. دەتوانین ژمارەی بەرکەوتووەکان و زیانەکانی تر کەم بکەینەوە و قوربانییەکان بە شێوەیەکی باشتر بۆ خزمەتکردنی ئامانجە سەرەکییەکە تەرخان بکەین، بەو شێوەیەش بە بەکارهێنانی ناتوندوتیژی دەرفەتی سەرکەوتنی کارەکە زیاتر دەبێ.

## دارِشتنی ستراتیجگەلی دانایانە

هەڵبژاردن و دارِشتنی ستراتجێکی دانایانە پێویستی بەمانە هەیە:

* تێگەیشتنێکی ورد و تەواو لە ناواخنی خەبات.
* زانینی سرووشتی جیاوازی لەنێوان دۆخی ئێستە و ئەو دۆخەی دەویستریّ پێی بگەین.
* هەڵسەنگاندنی ئەو کۆسپانەی رِێگرن لەبەردەم گەیشتن بەو ئامانج و رِەگەزانەی ئەرکی بەدیهێنانی ئامانجەکان ئاسان دەکەن.
* هەڵسەنگاندنی خاڵەکانی هێز و خاڵەکانی لاوازیی دژبەر و لای ئەو گرووپەی کەسە تێیدا ئەندامە، هەروەها هی لایەنێکی سێیەم کە لەوانەیە یارمەتیی هەڵمەتەکە بدا، یاخۆ کۆسپی بخاتە بەردەم.
* هەڵسەنگاندنی واقیع و سنووری ژمارەیەک لە بژارەیلی کار کە دەکریّ کاریان پێبکریّ.
* هەڵبژاردنی رِێرِەوی کار لە بژارەگەلێکی هەبوو، یاخۆ رِەسمکردنی رِێرِەوێکی تەواو نویّ بۆ کار.
* زانینی پلانێکی هەمەگیر بۆ کار کە پلانە بچووکترەکان (تاکتیکی) و رِێگە دیاریکراوەکانی کار دیاری دەکا، لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە سەرەکیەکە (چالاکیە کورتمەوداکان یان ئەو هەنگاوانەی پێویستە، لەپێناو جێبەجێکردنی پلانە ستراتیجییە هەمەگیرەکەدا بنرێن، چین).

## ئاستەکانی پلاندانان و کارکردن

پلاندانانی ستراتیجی چەند ئاستێکی جیاواز لە پلاندانان و کار لەخۆ دەگریّ، کە ستراتیجە مەزنەکە بەرزترین ئاستی گرتووە، هەروەها هەمان ستراتیج خۆیشی هەیە کە کۆمەڵیّ تاکتیک و شێوازی لەگەڵدایە. ستراتیجی مەزن ئەو چەمکە هەمەگیرەیە کە هەوڵ دەدا هاوئاهەنگی لەنێوان هەموو سەرچاوە گونجاو و بەردەستە (ئابووری و مرۆیی و ئەخلاقی و سیاسی و رِێکخستن و...هتد)کانی نەتەوە یان گرووپێکی تردا بکا و ئاراستەیان بکا، لەپێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی لە ململانەکەدا. ستراتیجی مەزن پێوەندی بە چەند بابەتێکەوە هەیە لەوانە دروستیی پرسەکە و هەڵسەنگاندنی کاریگەرییەکانی تر لە دۆخەکەدا و هەڵبژاردنی شێوازی کار (بۆ نموونە خەباتی ناتوندوتیژ یان سیاسەتە کلاسیکیەکان یان شەرِی پارتیزانی یاخۆ شەرِی کلاسیکی) و چۆنیەتیی بەدیهێنانی ئامانجە دوورمەوداکان.

ستراتیجی مەزن چوارچێوەی بنچینەیی بۆ هەڵبژاردنی ستراتیجگەلی دیاریکراو بۆ خەبات دادەنیّ، ئەم ئاستەیش لە پلاندانان دابەشکردنی ئەرکە گشتییەکان بەسەر چەند گرووپێکی دیاریکراو و دابەشکردنی سەرچاوەکان بەسەریاندا لەخۆ دەگریّ تا لە خەباتدا بەکاریان بێنن. ئەم ئاستە هەروەها هەندیّ تایبەتمەندی لەخۆ دەگریّ لەبارەی چییەتیی پێوەندیی خەبات بە

بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە ململانەکە لەپێناویدا دروست بووە.

ستراتیج چەمکێکە ڕەنگدانەوەی باشترین ڕێگەیە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ململانەکە (جا ململانەکە چ توندوتیژ بێ یان ناتوندوتیژ)، کە پێوەندی بەوەوە هەیە چۆن و کەی زۆرترین کاریگەری بەدی بێنین بۆ گەیشتن بە ئامانجگەلێکی دیاریکراو. ستراتیج هەروەها پلانی دابەشکردنی کردەیی و خۆگونجاندن و جێبەجێکردنی ئامرازە بەردەستەکانە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە خوازراوەکان.

لەوانەیە ستراتیج ئەو کۆششانەیش بگرێتەوە کە لەپێناو پەرەپێدانی دۆخێکی ستراتیجیی تایبەت دەدرێن، بە ڕادەیەک دوور نییە بەبێ ململانەیەکی کراوەیش سەرکەوتن بەدەست بێنێ. ستراتیجەکەیش لەکاتی جێبەجێکردنی بەسەر هەمان ململانەدا هەمان بیرۆکەی بنچینەییی چۆنیەتیی پەرەپێدانی هەڵمەتەکە و چۆنیەتیی جەموجۆرکردنی ناواخنە پەرش و بڵاوەکانی دەبێ، بەشێوەیەک ئامانجەکانی بێنێتە دی.

ستراتیج هەروەها لەبەرچاوگرتنی ئەو ئەنجامانەیش بگرێتەوە کە لەوانەیە بەدوای هەندێ کاردا بێن، هەروەها پەرەپێدانی پلانکارێکی پان و بەرین و بڵاوکردنەوەی گرووپەکانی ململانەکە لە چەند کارێکی بچووکتردا پێداویستییەکانی سەرکەوتن ببەسترێنەوە بە شێوەی هەڵبژێردراوی کارکردن و بەکارهێنانی سەرکەوتن بە باشترین شێوە.

ستراتیج لە چوارچێوەی دیدگەی ستراتیجە باڵاکەدا بەکار دێ و تاکتیک و شێوازەکانی کارکردن بۆ جێبەجێکردنی ستراتیج بەکار دێن، پێویستە تاکتیک و شێوازی گونجاو بەکار بێنین بۆ گەیشتن بە باشترین کاریگەری و بەشێوەیەک جێبەجێیان بکەیت کە یارمەتیی جێبەجێکردنی ستراتیجەکە بدا و بەشداریی لە بەدیهێنانی پێداویستییەکانی سەرکەوتن بکا.

لەکاتی داڕشتنی ستراتیج لەخەباتی ناتوندوتیژدا پێویستە ئەم لایەنانەی خوارەوە لەبەرچاو بگیرێن:

ئامانجەکانی گرووپە تێکۆشەرەکە، سەرچاوەکان و خاڵەکانی هێزی گرووپەکە، ئامانجەکانی لایەنی دژبەر و سەرچاوەکان و خاڵەکانی هێزی، هەروەها ئەگەری دەستوەردانی لایەنێکی سێیەم و ڕێگە و شێوازەکانی کارکردنی لایەنی دژبەر (بەرگری و هێرش) و پێداویستییەکانی سەرکەوتن کە ئەو شێوازەی هەڵمان بژاردووە دەستەبەری دەکا و دینامیکیەتی کارکردن و میکانیزمەکانی گۆڕانکاری، لەبەرچاو بگیرێن.

تاکتیک پلانکارێکی سنووردارە لەسەر بنەوای تێگەیشتن لە باشترین ڕێگە بۆ بەکار هێنانی ئامرازە بەردەستەکانی تێکۆشان بۆ بەدیهێنانی چەند ئامانجێکی دیاریکراو دامەزراوە وەک بەشێک لە ستراتیجێکی پان و بەرین. تاکتیک چڕ دەکاتە سەر ڕێڕەوێکی دیاریکراوی کارکردن و شوێنێکی گونجاو لەنێو ستراتیجە باڵاکەدا دەدۆزێتەوە هەروەک چۆن ستراتیج شوێنێکی گونجاو

لەنێو ستراتیجە باڵاکەدا دەدۆزێتەوە. دەکرێ تەنیا وەک بەشێک لە ستراتیجێکی تەواو بۆ شەڕ یاخۆ هەڵمەتەکە لە تاکتیک تێ بگەین.

تاکتیک مامەڵە لەگەڵ چۆنیەتیی جێبەجێکردنی شێوازگەلێکی دیاریکراو یان چۆنیەتیی مامەڵەکردنی چەند گرووپێکی دیاریکراو لە شەڕاوەران لە دۆخێکی دیاریکراودا دەکا.

تاکتیک بەسەر ماوەیەکی زەمەنیی کورتتر و ناوچەیەکی بچووکتر (چ ناوچەی جوگرافی بێ یاخۆ دامەزراوەیی) لەو ماوەیەی ستراتیجی تێدا جێبەجێ دەکرێ دێتە جێبەجێکردن، یان لەڕێی ژمارەیەکی دیاریکراو خەڵک، یان ئامانجگەلێکی سنووردارتر، یان لەڕێی کۆکردنەوەی زیاتر لە یەکێک لەمانەی پێشەوە جێبەجێ دەکرێ.

شێوازەکان ئاماژەن بۆ ئامرازە دیاریکراوەکانی کار لەچوار چێوەی تەکنیکی خەباتی ناتوندوتیژدا، کە دەیان نموونە لەکار کردنی دیاریکراو دەگرێتەوە وەک مانگرتنەکان، بایکۆتکردن، هاوکارینەکردنی سیاسی و... هیتر.

پەرەپێدانی پلانێکی ستراتیجی بەرپرس و کاریگەر بۆ خەباتی ناتوندوتیژ پشت بە داڕشتەیەکی بەوریایی هەڵبژێردراو هەڵبژاردنی ستراتیجێکی باڵا و چەند ستراتیج و تاکتیک و شێواز، دەبەستێ.

### هەندێ لە ڕەگەزە بنچینەییەکانی خەباتی ناتوندوتیژ

ستراتیجێکی دیاریکراو نییە بۆ بەکارهێنانی خەباتی ناتوندوتیژ کەلەگەڵ هەموو دۆخەکاندا بگونجێ. تەکنیکی کارەکانی ناتوندوتیژی دەرفەت بۆ پەرەپێدانی ستراتیجی جۆرەوجۆر بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ حاڵەتی جیاوازی ململانە دەرەخسێنێ، ئەمە جگە لەوەی لەوانەیە هەندێ جار خەباتی ناتوندوتیژ پێویستی بە ئامێتەکردنی ستراتیجێکی باڵا و بەکارهێنانی هەندێ شێوازی تری کارکردن هەبێ، ئەمەش بەو واتەیە نییە کە خەباتی ناتوندوتیژ لەگەڵ هەموو تەکنیکەکانی تری کارکردندا دەگونجێ، بۆ نموونە بەکارهێنانی توندوتیژی شان بەشانی بەکارهێنانی خەباتی ناتوندوتیژ دەبێتەهۆی وێرانکردنی ئەو کارە جۆرەوجۆرانەی ناتوندوتیژی لەرێیانەوە کار دەکا، ئەمەیش لە خراپترین باردا دەبێتە مایەی کاریگەرنەبوون و دارمان و تێکشکان یاخۆ شکستهێنانی خەباتە ناتوندوتیژیەکە.

بەڵام گومانی تێدا نییە ئامرازەکانی وەک دۆزینەوەی ڕاستییەکان و میدیا و فێرکردنی میللی و تکاکردن لە دژبەران و دانوستاندن و پرسە هاوشێوەکانی تر، دەکرێ بەبەشداری لەگەڵ بەکارهێنانی خەباتی ناتوندوتیژ لە چەندان دۆخدا بەکار بێن. زۆر جار ئەم ئامرازانە پێوەندییان بە بایکۆتکردنی ئابووری و مانگرتن لە کارکردنەوە هەیە.

یەکێک لە ڕەگەزە گرینگەکان لە پلاندانان بۆ هەڵمەتەکانی خەباتی ناتوندوتیژ بوونی بنەوایەکی

بنچینەییە کە برێتییە لەوەی: ستراتیجەکەت بەشێوەیەک دابڕێژە کە بکرێ تەنیا بەپشت بەستن بەخۆت سەرکەوتن بەدەست بهێنی. ئەمە پوختەی پەیامی چارلس ستیوەرد بارنل بوو بۆ جووتیارانی ئێرلەندایی لەکاتی مانگرتنیان لە کرێدان لەساڵی ١٨٧٩-١٨٨٠: (پشت بەخۆتان ببەستن) و پشت بەکەسی تر مەبەستن.

با وا دابنێین پلانمان دانا و هەڵمەتێکی بەهێزمان لە خەباتی ناتوندوتیژ دەست پێ کرد، لەم حاڵەتەدا بەدەستهێنانی یارمەتییەکی ناتوندوتیژیانەی دیاریکراو لە کەسانی ترەوە شتێکی ئاساییە، بەڵام سەرکەوتن لەسەر دەستی گرووپە خەباتکارەکە خۆی دەبێ. لە حاڵەتی نەبوونی یارمەتیش لە لایەنی سێیەمەوە، لە بارێکدا وا دابنێین پلانە ستراتیجیەکەیش دروست بووە، ئەوا هێشتا دەرفەتێک هەیە بۆ سەرکەوتن، بەڵام کاتێ بەرپرسیاریەتیی سەرکەوتن یان شکستهێنان بدرێتە دەست کەسانی تر ئەوا لەکاتی شکستهێنانی ئەو کەسانەدا بۆ دەستوەردان، ئەوا خەباتەکەش شکست دێنێ. بەهەرحاڵ پاڵپشتیی دەرەکی شتێکی باشە کاتێ گەلانی ستەمبار خەباتی ناتوندوتیژ بەکار دێنن و بەشێوەیەکی دروست ڕەفتار دەکەن، بەشێوەیەک سەرکەوتن و نوشستهێنانی تەنیا پشت بە کۆششەکانی خۆی دەبەستێ.

دارشتنی ستراتیج و تاکتیکەکانی خەباتی ژیرانە پێویستی بە تێگەیشتنێکی ڕوون هەیە بۆ دینامیکیەت و میکانیزمەکانی خەباتی ناتوندوتیژ (بڕوانە The Politics of Nonviolent Action). گرینگە ڕەچاوی پەرەسەندنی ئەم پلانانە و ئەو کارانەی پێشکەوتنیان ئاسان دەکا بکرێ و، ئەو کارانە ڕەت بکرێنەوە کە جێبەجێکردنیان دەبێتە لەمپەر لەبەردەم ئەو هۆکارانەی کاریگەری دروست دەکەن.

هەروەها پێویستە ڕەچاوی زێدە هۆکارەکانیش بکرێ، وەک هۆکارە دەروونی و ئەخلاقی و ماددی و جوگرافیەکان و کاتبەندی و ژمارەکان و هێز و پێوەندیی نێوان کێشەکە و چڕکردنەوەی هێز و پارێزگاریکردن و دەستپێشخەری و هەڵبژاردنی چەند شێوازێکی کارکردنی دیاریکراو، کە لە بەدیهێنانی ئامانجە ستراتیجی و تاکتیکیەکاندا ڕۆڵیان هەیە.

گرینگیی پلاندانانی ستراتیجی لە خەباتی ناتوندوتیژ لەوەدایە کە کلیلی کاراکردنی بزاوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانە، لەوانەیە بزاڤێکی دیاریکراو ئامانجەکانی بەدی نەهێنێ، بەڵام دەرفەتی سەرکەوتن زاڵ دەکا[٤].

هەنگاوەکانی پلاندانانی ستراتیجی بۆ خەباتی ناتوندوتیژ دژ بە ڕێژیمە سەرکوتکارەکان.

خەباتی ناتوندوتیژ تەکنیکێکە بۆ ئاراستەکردنی ململانەکان بە شێوازی ناڕەزایی دەربڕینی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابووری و سیاسی و بە هاوکارینەکردن و بە دەستوەردانی پەککەر. تەکنیکێکە لەسەر بنەوای بەکارهێنانێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیانەی کەڵەڕەقیی مرۆییە- پێداگرتن و توانی بەرهەڵستیکردن و ڕەتکردنەوەی هاوکاریکردن و گژبەریکردن و پەکخستن، بەو

واتەیەی خەڵک ئەو شتانە ڕەت بکەنەوە کە لەسەریانە جێبەجێیان بکەن، یاخۆ ئەنجامدانی هەندێ شت کە لێیان قەدەخەیە.

هەموو حکوومەتەکان پشت بە هاوکاریکردن و گوێڕایەڵی دەبەستن بۆ ئەوەی بمێننەوە، کاتێ خەڵک هاوکاری نەکەن، ئەوا حکوومەتەکان هەموو ئەو دنگانە لەدەست دەدەن کە لەسەریان وەستاون.

خەباتی ناتوندوتیژ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا لە چەندان شێوەی ململانەی جۆرەوجۆردا بەکار هاتووە بۆ بەرەنگاریکردنی سەرکوتینەوە و تێکشکاندنی دیکتاتۆرییەتەکان و بەرەنگاریکردنی داگیرکردنی بیانی و بەرگریکردن لە کەمینە گۆشەگیرکراوەکان و هەروەها لەپێناو زیادکردنی ئازادیدا.

ئەم شێوانەی خەبات لە ڕابردوودا تا ڕادەیەکی زۆر زادەی بەڵگەنەویستی و ڕەفتاری سەرپێیی بوون. هەروەها بەرەنجامی هەڵسوکەوتکردنی خەڵک بوون بەبێ دیاریکردنی ئامانجەکانیان، یاخۆ بەبێ تێگەیشتن لەوەی لەسەریانە بەدیی بێنن.

هەندێ لەم خەباتانە ڕەنگدانەوەی پلەیەک لە تاکتیک یاخۆ پلاندانانی کورت مەودا بوون، بەڵام ژمارەیەکی زۆر کەمیان بەپێی پلانگەلێکی ستراتیجیی مەزن، کە پەرەسەندن و ڕێنوێنیکردنی ئەو خەباتە بەگشتی بگرێتە ئەستۆ، کاریان کردووە.

بەڵام ئێستە، ئەو کۆمەڵانەی خەباتی ناتوندوتیژ دەگرنەبەر پێویستیان بەوە نییە سەرلەنوێ پەلەپەلی دابهێنن، چونکە لەڕێی تێگەیشتنی قووڵتر لەم تەکنیکە و دابەشکردنی ئەم زانینە لەگەڵ پلاندانی ستراتیجی یاخۆ پلاندانانی درێژمەودادا، خەباتی ناتوندوتیژ کاریگەرتر دەبێ.

## ڕەگەزەکانی پلاندانانی ستراتیجی

ئەمانەی خوارەوە هەندێ لەو ڕەگەزە سەرەکییانەن کە پێویستە لەکاتی پلاندانان بۆ خەباتی ناتوندوتیژ لەبەرچاو بگیرێن:

قۆناخی یەکەم: هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی بەرایی

* پشکنینی ئەو پرسانەی خراونەتە مەحەک، وەک هەردوو لا دەیانبینن.

* ئامادەکردنی شیکردنەوەیەک بۆ سیستەمە ڕۆشنبیری و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکەی ناو کۆمەڵگە یاخۆ وڵاتەکە. ئەمە جگە لە دابەشبوونی دانیشتووان.

* ئامادەکردنی مەزەندەکردنێکی ستراتیجی، واتە دیاریکردنی خاڵەکانی هێز و لاوازیی هەردوو لایەنی ناکۆک، ئەمەیش زانینی سەرچاوەکانی هێزی هەردوو لایەن و ئەو دامەزراوانەی دەبنە کۆڵەگەی پاڵپشتیکردنەکە دەگرێتەوە، هەروەها شیکردنەوەی سەرچاوەکانی بەردەستی هەر لایەنێک و تاقیکردنەوەی ڕادەی پشتبەستنی هەر لایەک لەسەر لاکەی تر بۆ گەیشتن بە هەندێ

پێداویستیی دیاریکراو. ئەمە جگە لە هێزی ململانەکردنی هەریەکەیان لەچاو ئەوی تردا.

* زانینی چۆنیەتیی سێرە لێگرتن و لاوازکردن یان لەناوبردنی هەر سەرچاوەیەک لە سەرچاوەکانی هێزی دژبەر.
* زانین و تاقیکردنەوەی هەر ڕۆڵێکی چاوەڕوانکراو یاخۆ هەر بۆچوونێکی لایەنێکی سێیەم لە ململانەکەدا، ئەمەیش ئەو خەڵکە دەگرێتەوە کە خۆیان بۆ خەبات تەرخان نەکردووە.
* زانینی هۆکارە دەرەکییەکانی تر کە کار لە ڕێڕەوی کارکردن دەکەن، وەک هۆکارگەلی جوگرافی و ئاسمانی و ئاووهەوا و ژێرخان و هتد.
* زانینی جۆرەکانی تری پاڵپەستۆ کە لەوانەیە ببنە مایەی بەدیهێنانی ئامانجەکانی بەرگری.
* ئەزموونکردنی ئەو ڕەگەزانەی لە سەرەوە باس کران، بۆ زانینی ئەوەی ئاخۆ بارودۆخی هەنووکەیی لەبار یاخۆ نالەبارە بۆ ئەنجامدانی هەڵمەتێکی خەباتی ناتوندوتیژ لە چوارچێوەیەکی زەمەنیی دیاریکراودا، کام لەم بارودۆخانە جێگیرن و کامیان گۆڕاون و کامیان دەتوانرێ بە کارەکانی بەرگریکاران یاخۆ دژبەرەکانیان کاریان تێ بکرێ.

قۆناخی دووەم: پەرەپێدانی ستراتیج

* پەرەپێدانی ستراتیجێکی مەزن بەگشتی ناساندنی ئامانجەکانی خەبات بە چەمکگەلێکی ڕوون و دیاریکراو. وردکردنەوەی چۆنیەتیی ئەنجامدانی خەباتی ناتوندوتیژ لەپێناو بەدیهێنانی ئەو ئامانجەدا. ئەمەیە چەمکی سەرەکیی پان و پۆڕ و درێژمەودا بۆ ڕەوتی خەبات و هاوئاهەنگی و ئاراستەکردنی هەموو سەرچاوەیلی بەردەست و گونجاو کە گرووپە خەباتکارەکە هەیەتی.
* ئاخۆ دەکرێ لە هەڵمەتێکی سەرتاپاگیری دیاریکراودا ئامانجی سەرەکیی ململانەکە بەدی بێ؟ ئەگەر ئەوە دەکرێ، ئەوا دەبێ پلان بۆ چۆنیەتیی بەدیهێنانی دابنرێ. ئەگەر وایش نییە ئەوا ململانەکە پێویستی بە لەخۆگرتنی ژمارەیەک هەڵمەتی تری سنووردار هەیە بۆ ژمارەیەک ئامانجی تری پلە دوو.
* پەرەپێدانی چەند ستراتیجێک بۆ چەند هەڵمەتێکی تاکەکەسی بۆ بەدیهێنانی ژمارەیەکی زیاتری ئامانجی سنووردار لە ماوەی خەباتەکەدا. لێرەدا چوارچێوە پان و پۆڕەکەی ستراتیجە باڵاکە وردتر دەبێتەوە و وەڵامی پرسیارەکانی وەک: کێ؟ چی؟ لەکوێ؟ و چۆن؟ دەداتەوە لە پلاندانان بۆ هەڵمەتێکی دیاریکراو لە ململانەکەدا.
* هەڵبژاردنی تاکتیکێکی دیاریکراوی کورتمەودا و ژمارەیەک شێوازی کارکردنی تاکەکەسی تا کار بۆ جێبەجێکردنی ستراتیجە هەڵبژێردراوەکە بکەن. زۆر گرینگە تاکتیک و شێوازەکانی کارکردن لە چوارچێوەی هەڵمەتێکی ستراتیجیی دیاریکراودا بە وریایی بێنە هەڵبژاردن، تەنیا و تەنیاش پاش پەرەپێدانی ستراتیجە باڵاکە.

لەو شێوازانەی ناتوندوتیژی کە دەکرێ هەڵبژێرین شێوازەکانی دەربڕینی نارەزایی، قایلکردن، هاوکارینەکردن و دەستوەردانن. هەندێ لەمانە لە بارودۆخی جیاوازدا لە هەندێکی تریان باشتر کار دەکەن. بە پشتبەستن بەشێوەیەکی سەرەکی بە ستراتیجە باڵاکە و ئامانجە گشتییەکە، مەزەندەکردنی ستراتیج و ئامانجی هەڵمەتی تاکەکەسی، توانی هەندێ لە شێوازەکان لە هەندێکی تریان زیاترە لە ڕووی بەستنەوە و بڕینی سەرچاوەکانی هێزی ڕژێمی دەسەلاتدار.

* دڵنیابوون لەوەی پلانە ستراتیجییە پەسندکراوەکە لە ڕووی ئامانجەکانی و گوشارە سەپاوەکان و تاکتیک و شێوازە هەڵبژێردراوەکانەوە گونجاوە.

قۆناخی سێیەم: بنیاتنانی توانا

* مسۆگەرکردنی ئەوەی ستراتیجە هەڵبژێردراوەکانی خەبات لە سنووری توانی گەلدان بۆ جێبەجێکردنیان، ئەگەر وا نەبوو پێویست بەوە دەکا توانی گەل زیاد بکەین، یاخۆ ستراتیجەکە دەستکاری بکەین.
* بەهێزکردنی ئەو ڕێکخراو و دامەزراوانەی لە دەرەوەی بازنەی کۆنترۆڵی دژبەرەوەن، بەتایبەت ئەگەر ستراتیجە باڵاکە داوای بەکارهێنانی ئەم تەنە سەربەخۆیانە بکا لەکاتی خەبات بۆ جێبەجێکردنی هاوکارینەکردن و گژبەری.
* پلاندانان بۆ یارمەتیدانی تیمێکی سێیەم، بەڵام بەبێ پشتبەستن بەو یارمەتییە.

قۆناخی چوارەم: خەباتی کراوە

* چڕکردنە سەر خاڵەکانی هێزی بەرگریکاران لە بەرامبەر خاڵەکانی لاوازیی دژبەرەکەیان بۆ بەدیهێنانی چەند ئامانجێکی دیاریکراو بەپێی ستراتیجە باڵاکە و ستراتیج و شێوازە هەڵبژاردەکان بەتایبەت لە بەستنەوە و بڕینی سەرچاوەکانی هێزی دژبەر.
* مسۆگەرکردنی ئەوەی پلانە ستراتیجییەکە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و بەبێ پەنابردن بۆ توندوتیژی، کە بزاڤی بەرگری لاواز دەکا، پیادە دەکرێ.
* مسۆگەرکردنی ئەوەی چالاکییەکانی خەبات یارمەتیی بەهێزکردنی بەرگریکاران دەدا.
* مسۆگەرکردنی گەیشتنی بەرگریکاران بە سەرچاوە مۆڵەقەکان.
* هێنانەکایەی حاڵەتێکی ناهاوسەنگ لای گژبەر و پارێزگاریکردن لە بەردەوامبوونی.
* گژبەریی سەرکوتینەوەی دژبەر لەگەڵ بەردەوامیی دەستگرتن بە شێوەکانی ململانەکەوە.
* ئەنجامدانی کار لەبری کاردانەوە و پارێزگاریکردن لە دەستپێشخەری و گوڕ و تین. دەبێ خەباتکردنەکە بەپێی مەرجەکانی گرووپە بەرگریکارەکە ئاراستە بکرێ، نەک بەپێی مەرجەکانی گژبەر.

* هەڵسەنگاندنەوەی بەردەوامی ڕێڕەوی خەبات بەپێی پلانە ستراتیجیەکە.

قۆناخی پێنجەم: کۆتای ململانەکە

* سەرکەوتن یان ژێرکەوتن یاخۆ تێکەڵەیەک لە ئەنجام.

* قۆناخی پاش ململانەکە بێتە هەڵسەنگاندن و پلان بۆ داهاتوو دابنرێ.

ئەمانە تەنیا هەندێ تێبینیی سەرەتایین بۆ پیادەکردنی بنەوایەلی ستراتیجی خەباتی ناتوندوتیژ.[٥]

پاشکۆ: ئەو زاراوە گرینگانەی لە خەباتکردن بە ئامرازەکانی ناتوندوتیژیدا بەکار دێن:

– خۆگونجاندن: میکانیزمێکە بۆ گۆڕین لە کارەکانی ناتوندوتیژیدا بەکار دێ، تێیدا دژبەران هەندێ دەستبەردان (تنازلات) پێشکێش دەکەن و ملکەچی هەندێ داواکاریی ناڕازییان دەبن وێڕای بوونی بژارەیلی تر لە بەردەمیاندا. خۆگونجاندن کاتێ ڕوو دەدا دژبەران هەڵوێستی خۆیان ناگۆڕن، یاخۆ بە ناتوندوتیژی ناچاری دەستبەردان دەکرێن، ئەویش پاش ئەوەی دەگەنە ئەو دەرەنجامەی، وا باشترە لەپێناو گەیشتن بە چارەسەرێک ئەوە بکەن. لەوانەیە پەنابردن بۆ خۆگونجاندن لەبەر ئەو کاریگەرییانە بێ کە ئەگەر درێژە بکێشن حاڵەتێک لە گۆڕانکاری یاخۆ ناچارکردن بە توندوتیژی، یان لەبەریەک هەڵوەشانی حوکمڕانیی دژبەری لێ دەکەوێتەوە.

– دەسەڵات: ئەو جەستەیەیە کە حوکم و بڕیار و ئامۆژگاری و فەرمان دەردەکات و تاک و دامەزراوەکان خۆویستانە ـوەک ئەوەی مافێک بێ لە مافەکان- قبووڵی دەکەن و لەڕێی گوێڕایەڵی و هاوکاریکردنەوە پیادە دەکرێ. دەسەڵات سەرچاوەی سەرەکیی هێزی سیاسییە، بەڵام بەبێ ئەوەی یەک شت بن.

– بایکۆتکردن: هاوکارینەکردنی کۆمەڵایەتی یان ئابووری یاخۆ سیاسی.

– گتکردنی مەدەنی: کارەکانی هاوکارینەکردنی سیاسی.

– ڕێوشوێنێکی مەدەنی: کارەکانی ناتوندوتیژی کە ئامانجی بەدیهێنانی ئامانجی سیاسییە.

– گژبەریکردنی سیاسی: ناڕەزایی و بەربەرەکانیکردنە بە بەکارهێنانی ناتوندوتیژی لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجگەلێکی سیاسیدا.

– بەرەنگاریی مەدەنی: بەرەنگاریکردن بە بەکارهێنانی شێوازەکانی ناتوندوتیژی بە بوونی ئامانجێکی سیاسی.

– مانگرتنی مەدەنی: دەست هەڵگرتن لە کار لەبەر هۆیەلی سیاسی. ئەم مانگرتنە تەنیا کرێکاران ناگرێتەوە، بگرە لەوانەیە قوتابییان و خاوەن پیشەکان و خاوەن شوێنە بازرگانیەکان و فەرمانبەرانی حکوومی و کەسانێک لە کۆمەڵگەی پێشکەوتوو بگرێتەوە.

– یاخیبوونی مەدەنی: پێشێلکردنی مەدەنی و ئاشتییانەی هەندێ یاسای دیاریکراو یان فەرمان

یان ڕێوشوێن یان ڕێوڕەسم یان فەرمانی سەربازی یاخۆ پۆلیس و شتی لەم شێوەیە دەگرێتەوە. ئەم یاسایانە سرووشتێکی نائەخلاقی و بێویژدانانە و ستەمکارانەیان هەیە. هەندێ جار بەرهەڵستیی هەندێ یاسا دەکرێ کە هەندێ لایەنی ڕێکخەر یان بێلایەن لە ڕووی ئەخلاقییەوە دایاندەنێن، بەشێوەیەک ئەو نەیارییە دەبێتە هێما بۆ بەرهەڵستیکردنێکی فرەوانتر بۆ سیاسەتەکانی حکوومەت.

– بادانەوە (التحول): گۆڕانێکە لە هەڵوێستی دژبەردا کە کارەکانی ناتوندوتیژی ئاراستەی ئەو دەکرێن، بەشێوەیەک ئەو دژبەرە باوەڕ بە ڕاستیی قبووڵکردنی ئامانجەکانی گرووپەکانی ناتوندوتیژ دێنێ. بادانەوەی هەڵوێست یەکێکە لە چوار میکانیزمەکە بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری بە شێوازەکانی ناتوندوتیژی.

– لەبەریەک هەڵوەشان: چوارەم میکانیزمە بۆ هێنانەکایەی گۆڕانکاری بە بەکارهێنانی شێوازەیلی ناتوندوتیژ، تێیدا ڕیژیمی دەسەڵاتدار شەقوپەق دەبێ و هەرەس دێنێ، ئەویش بەهۆی هاوکارینەکردن و گژبەریکردنی جەماوەریی گەورەوە کە دەبێتەهۆی لەقاڵبدان یاخۆ بڕینی سەرچاوەکانی هێز لەڕێی هاوکارینەکردن لەگەڵ ڕیژیمی دەسەڵاتدار، ئەوەیش دەبێتە هۆی هەرەسهێنانی.

– داخستنی ئابووری: بریتییە لە هەڵپەساردنی چالاکییە ئابوورییەکان لە شار یان ناوچە یاخۆ دەوڵەتیکی دیاریکراودا بە پاڵنەری سیاسی، بە ڕادەیەک دەبێتە هۆی فەلەجبوونێکی ئابووری. ئەم دەسکەوتە بەهۆی مانگرتنێکی سەرتاسەرییەوە دەبێ لە کارکردن کە کرێکاران و خاوەن شوێنە بازرگانیەکان و کارەکان و دامەزراوە ئابوورییەکان دەگرێتەوە.

– ئازادی (سیاسی): دۆخێکی سیاسییە ئازادیی هەڵبژاردن بۆ بەشداریکردن لە هەندێ کار و بڕیاری کۆمەڵایەتی و سیاسی دەداتە تاک و گرووپەکان.

– ستراتیجی باڵا: فرەوانترین تێگەیشتنە لە چۆنیەتیی بەدیهێنانی ئامانجەکانی ململانەکە لەڕێی بەکارهێنانی ڕێکارێکی تایبەتەوە. ستراتیجی باڵا بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ململانەکە سەرچاوە بەردەستەکان هاوئاهەنگ و ئاراستە دەکا، جا ئەو سەرچاوانە چ مرۆیی بن یان ئابووری یان ئەخلاقی یاخۆ هی تر. لە چوارچێوەی ستراتیجە باڵاکەدا ژمارەیەک ستراتیجی سنووردااریش بۆ بەدیهێنانی هەندێ ئامانجی لاوەکیی دیاریکراو لە قۆناخەکانی خەباتی هەمەلایەنەدا جێبەجێ دەکرێن.

– کۆمەڵێکی ستەمبار: کۆمەڵێ کەسی ستەمبارن کە بەشێکن لە نەتەوە، کەسانێکی ناڕەزا ڕابەرایەتییان دەکەن و شێوازی ناتوندوتیژ بەکار دێنن.

– سەرچاوەیلی مرۆیی: ئەم زاراوەیە ئەم کەس و کۆمەڵانە دەگرێتەوە کە گوێڕایەڵیی "فەرمانڕەوا" (یان تاقمی دەسەڵاتدار کە بکە و مەکە-یان لە دەوڵەتدا لەدەستدایە) دەکەن،

هاوکاری دەکەن و یارمەتی دەدەن بۆ جێبەجێکردنی ئەوەی دەیانەوێ. هەروەها ڕادە و شێوەی سەربەخۆیی دامەزراوەکانیشیان دەگرێتەوە، بەشێوەیەک بوونیان کار لە توانی گرووپە دەسەڵاتدارەکە لەسەر بەردەوامبوون دەکا و بەشێکن لە سەرچاوەی هێزی سیاسییان.

– سەرچاوەی مادی: سەرچاوەیەکی ترە لە سەرچاوەکانی هێز، ئەم زاراوەیە موڵک و سەرچاوە سرووشتیەکان و سەرچاوە داراییەکان و سیستمی ئابووری و ئامرازەکانی پێوەندی و گەیاندن دەگرێتەوە، کە ڕادەی دەسەڵاتداریی دەسەڵات دیاری دەکەن.

– میکانیزمەکانی گۆڕانکاری: ئەو پرۆسانەن ئەگەر سەرکەوتن بەدەست بێنن، ئەوا بە بەکارهێنانی شێوازەیلی ناتوندوتیژ گۆڕانکاری دێتە کایە، کە چوار میکانیزم دەگرێتەوە و بریتین لە: بادانەوە، خۆگونجاندن، ناچارکردن بە ناتوندوتیژی و لەبەریەک هەڵوەشان.

– شێوازەکان: ژمارەیەک شێوازی دیاریکراون لە چوارچێوەی کارکردن بە بەکارهێنانی ناتوندوتیژی. نێزیکەی دووسەد شێوازی لەم جۆرە هەن کە لە سێ گرووپەدا ڕیزبەند کراون، کە بریتین لە: نارەزایی و قایلکردن بە بەرکاهێنانی ناتوندوتیژی، هاوکارینەکردنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی، لەگەڵ دەستوەردان بە بەکارهێنانی ناتوندوتیژی.

– هاوکارینەکردن: یەکێکە لە شێوازەکانی کارکردن بە بەکارهێنانی ناتوندوتیژی، ڕاگرتنی هاوکاریکردنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی لەگەڵ کەس یاخۆ دامەزراوە یان ڕیژیمێکی دیاریکراو دەگرێتەوە. شێوازەکانی هاوکارینەکردن لە بەشەکانی هاوکارینەکردنی کۆمەڵایەتی و ئابووری (بایکۆتکردنی ئابووری و مانگرتن لە خواردن) و هاوکارینەکردنی سیاسیدا ڕیزبەند کراون.

– ناتوندوتیژی (ئاینی و ئەخلاقی): بریتییە لە چەندان جۆر لە بیرو باوەڕ و هەڵسوکەوت کە تیایاندا لەبەر هۆیەلی ئاینی یان ئەخلاقی بەکارهێنانی توندوتیژی قەدەخەیە، لە هەندێ بیروباوەڕی ئاینیدا تەنانەت بیرکردنەوەی شەڕەنگێزانە یاخۆ بەکارهێنانی وشەی دەستدرێژیکارانە قەدەخەیە، هەندێ بیرباوەڕ هانی مرۆڤ دەدەن بۆ ئەوەی هەڵوێست و ڕەفتاری ئەرێنییان بەرامبەر بە دژبەر هەبێ، بگرە تەنانەت دژ بە بەکارهێنانی زاراوەی (دژبەر)ە. لەوانەیە خاوەنی ئەم بیروباوەڕانە لەگەڵ کەسانێک کە لە ڕوانگەیەکی براگماتیەوە ناتوندوتیژی بەکار دێنن، بەشداری لە کارەکانی ناتوندوتیژیدا بکەن یان نەکەن.

– کاری ناتوندوتژی: بریتییە لە کۆمەڵێ نارەزایی و بەرەنگاری و دەستوەردان بەبێ پەنابردن بۆ توندوتیژیی جەستەیی. ئەم کارانە لەم ڕێگەیانەوە جێبەجێ دەکرێن:

أ) ڕەتکردنەوەی ئەنجامدانی هەندێ کار کە یاسا یاخۆ نەرێت دەیان سەپێنن.

ب) ئەنجامدانی هەندێ کار کە بەشداران عادەتیان نییە ئەنجامیان بدەن، یاخۆ یاسا ئەنجامدانیان قەدەخە دەکا.

ج) یان هەردوو کارەکە پێکەوە.

کارەکانی ناتوندوتیژی چەندان شێوازی دیاریکراو دەگرێتەوە لە چوارچێوەی سێ گرووپی سەرەکیدا، ئەوانیش: نارەزایی و قایل کردن بە بەکارهێنانی ناتوندوتیژی، هاوکارینەکردن، هەروەها دەستوەردان بە بەکارهێنانی ناتوندوتیژی.

- ناچارکردن بە ناتوندوتیژی: میکانیزمێکی گۆڕانکارییە بە بەکارهێنانی کارەکانی ناتوندوتیژی، تێیدا نارازیان بەکۆیرایی چاوی دژبەران داواکاریەکانیان بەدی دێن، لەبەرئەوەی دژبەران بەهۆی هاوکارینەکردن و دژبەرییەکی بەرفرەوانەوە کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە لە دەست دەدەن. لەم حاڵەتەدا ڕیژیمی دەسەڵاتدار هێشتا لە پێگەی خۆیدایە و لەبەریەک هەڵنەوەشاوە.

- یاخیبوون بە بەکارهێنانی ناتوندوتیژی: برێتییە لە بەرپاکردنی ڕاپەڕینێکی جەماوەریی سیاسی دژ بە ڕیژیمێکی دەسەڵاتداری سەرکوتکەر بە بەکارهێنانی چەند هەڵمەتێکی فرەوان لە هاوکارینەکردن و دژبەریکردن.

- دەستوەردان بە بەکارهێنانی ناتوندوتیژی: برێتییە لە ژمارەیەکی زۆر شێوازی ناتوندوتیژیانە کە ڕاستەوخۆ لە قووڵایی چالاکییەکان و شێوەی بەڕێوەبردنی لایەنی دژبەر بۆ ڕیژیمەکەی دەدا.

ئەم شێوازانە جیاوازن لە نارەزایی دەربڕینی ڕەمزی و هاوکارینەکردن، چونکە دەستوەردان بە بەکارهێنانی ناتوندوتیژی بەزۆری فیزیکی دەبێ (وەک پەناگیری) بەڵام لەوانەیشە دەروونی یان کۆمەڵایەتی یان ئابووری یان سیاسی بێ.

- نارەزایی و قایکردن بە بەکارهێنانی ناتوندوتیژی: کۆمەڵێکی زۆر لە شێوازی ناتوندوتیژین کە هەندێ کرای ڕەمزین، گوزارشت لە جیاوازیی بیروڕا یاخۆ هەوڵی قایلکردن دەکەن وەک ئەنجامدانی پەناگیری و ڕێپێوانی ئەوتۆ کە سنووری دەربڕینی زارەکییانەی بیروڕا تێ دەپەڕێنێ و لە ئاستی هاوکارینەکردن (وەک مانگرتن) و دەستوەردان بە بەکارهێنانی ناتوندوتیژی (وەک پەناگیری) نێزیک دەبێتەوە.

- خەباتی ناتوندوتیژ: خەباتکردنە بە بەکارهێنانی شێوە بەهێزەکانی ناتوندوتیژی، نەخاسمە لەبەرامبەر دژبەرێکی کەللەڕەق کە لەوانەیە پەنا بۆ شێوازەکانی سەرکوتینەوە ببا.

- چەکەکانی ناتوندوتیژی: ئەو شێوازە دیاریکراوانەن کە لە کارەکانی ناتوندوتیژیدا بەکار دێن.

- کۆڵەکەکانی پاڵپشتی: برێتین لە دەزگە و لایەنەکانی کۆمەڵگە کە سەرچاوەکانی هێزی پێویست بۆ مانەوە و بەردەوامی و فرەوانبوونی دەسەڵاتی ڕیژیم دەستەبەر دەکەن وەک پۆلیس و گرتووخانەکان و سوپا کە هێز دەدەنە ڕیژیم بۆ سەپاندنی سزا، هەروەها ڕابەرە ئاینی و ئەخلاقییەکان کە شەرعییەت بە ڕیژیم دەدەن، ئەمە جگە لە سەندیکا کرێکاریەکان و کۆمپانیاکان و گرووپە وەبەرهێنەکان کە سەرچاوەی مانەوەی ئابووری و سەرچاوەکانی تری هێزی سیاسی بۆ ڕیژیم دابین دەکەن.

– دژبەرییەکی سیاسی: بریتییە لە جێبەجێکردنی ستراتیجیەتی خەبات بە بەکارهێنانی ناتوندوتیژی لە پێناو کارکردن لەسەر شەقوپەقکردنی ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکان و گۆڕینیان بە سیستمگەلێکی دیموکراسی. بەرەنگاریکردن بە بەکارهێنانی هاوکارینەکردن و دژبەریکردن هێزە شاراوەکانی نێو گەلە سەرکوتکراوەکان دەبزوێنێ بۆ کارکردن لەسەر لەبەینبردنی ئەو سەرچاوانەی کە ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکە هێزی خۆیی لێیانەوە وەر دەگرێ (کۆڵەگەکانی پاڵپشتی). بەکارهێنانی گژبەریکردنی سیاسی بەشێوەیەکی باش توانی ڕیژیمی دیکتاتۆری بۆ حوکمکردنی گەل لەبەین دەبا، هەروەها هەر ڕیژیمێکی تریش لە داهاتوودا.

– سیاسەتی زۆرانبازی ژاپۆنی (جۆدۆی سیاسی): ئەم سیاسەتە بەتایبەتی لە حاڵەتەکانی خەباتدا دەخرێتە کار بە بەکارهێنانی شێوازەیلی ناتوندوتیژ بەمەبەستی هێنانەکایەی گۆڕانکارییەک لە ترازووی هێزەکاندا، بەشێوەیەک کاردانەوە نەرێنیەکان بەرامبەر ئەو شێوازانەی سەرکوتینەوە کە دوژمن دژی ئەو خەڵکە نارازییەی ئامرازەکانی ناتوندوتیژی بەکاردێنن، بەکاریان دێنێ، دەقۆزرێتەوە تا لە ڕووی سیاسیەوە لەدژی دژبەرەکە بەکار بێ، ئەوەیش هەڵوێستی ڕیژیم لاواز و هەڵوێستی نارازییان بەهێز دەکا. سیاسەتی زۆرانبازیی ژاپۆنی کاتێ کار دەکا کە سەرکوتینەوە بە گژبەرییەکی ئاشتییانە وەڵام بدرێتەوە، ئەوەیش دوژمن لە خراپترین وێنەدا پیشان دەدا.

لەوانەیە گۆڕانکاری لە هەڵوێستەکانی لایەنێکی سێیەم و گرووپە ستەمبارەکان و تەنانەت ئەو لایەنانەیش کە پاڵپشتی بۆ دژبەرەکە دەستەبەر دەکەن ڕوو بدا. ئەم گۆڕانکارییانە دەبنە مایەی ئەوەی لایەنی دژبەر ئەو پاڵپشتییەی دەستی دەکەوێ لەدەستی بدا و ئەو پاڵپشتیەی پێشکێشی نارازییان دەکرێ کە شێوازەکانی ناتوندوتیژی لە خەباتدا بەکار دێنن، زیاد بکا.

یەکێک لە ئەنجامەکانی سیاسەتی زۆرانبازیی ژاپۆنی سەرهەڵدانی سەرکۆنەکردنێکی فرەوانی سیاسەتی دژبەر و ڕوودانی بەرهەڵستیی ناوخۆیی لەنێو دژبەران خۆیانە و بەرگریکردن بەگوڕتر دەکا. ئەم پەرەسەندنانە گۆڕانکاریی گەورە لە پارسەنگی هێزەکان لە بەرژەوەندیی ئەو گرووپانەی بە بەکارهێنانی شێوازەیلی ناتوندوتیژی خەبات دەکەن، دێنێتە کایە.

ڕەنگە سیاسەتی زۆرانبازیی ژاپۆنی لە هەموو حاڵەتەکانی خەباتکردن بە بەرکاهێنانی شێوازەکانی ناتوندوتیژی نەکا، لەو کاتەدا گۆڕانکاری لە پارسەنگی هێزەکان پشت بە ڕادەی تەشەسەندنی "هاوکارینەکردن" دەبەستێ.

– هێزی سیاسەت: کاریگەریی تەواو و ئەو گوشارانەی کار لەسەر جێبەجێکردنی سیاسەتە ڕەسمییەکانی کۆمەڵگە دەکەن. دامەزراوە حکومییەکان دەتوانن هێزی سیاسی بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان، یان گرووپە بەرهەڵستەکان ئەو هێزە دژی حکوومەت بەکار بێنن. دەکرێ هێزی سیاسی لە ململانەدا بەکار بێ یان دەستی پێوە بگیرێ و لە قۆناخی دواتردا بەکار بێ.

– سزاکان: سەپاندنی سزا یان کاردانەوەی تۆڵەسێنەرانە بە بەکارهێنانی توندوتیژی یاخۆ

ناتوندوتیژی بەسەر ئەوەی ڕێوشوێنی قەدەخەکراو دەگرێتە بەر یان هەنگاوی چاوەڕواننەکراو دەنێ. زۆر بەکەمی بۆ بەرپەرچدانەوەی یاخیبوونێک یاخۆ بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان پەنا بۆ سەپاندنی سزا لەڕێی ناتوندوتیژیەوە دەبرێ. سەپاندنی سزا یەکێکە لە سەرچاوەکانی هێزی سیاسی.

– پشت بەخۆبەستن: توانی بەڕێوەبردنی لایەنە کەسیەکان و بڕیاردان لەسەر شتەکان و توانی خۆ بەخێوکردن و سەربەخۆیی و بڕیردانی چارەنووس و خۆژێنی.

– لێهاتن و زانیاری: سەرچاوەیەکە لە سەرچاوەکانی هێزی سیاسی و حاکم لە حوکمدانەکەیدا پشت بە لێهاتنەکان و زانیاری و توانی کەس و گرووپەکانی کۆمەڵگە (سەرچاوە مرۆییەکان) و توانی نێوان ئەم لێهاتنانە و زانیاری و توانا بەردەستەکان لەلایەک و پێویستی حاکمەکە پێیان لەلایەکی تر، دەبەستێ.

– سەرچاوەیلی هێز: بریتییە لە چاوگەکانی هێزی سیاسی، کە: دەسەڵات، سەرچاوە مرۆییەکان، لێهاتنەکان و زانیاری، هۆکارە نابەرهەستەکان، سەرچاوە مادیەکان، سزاکان، دەگرێتەوە کە هەموویان لە کۆمەڵگەوە هەڵدەقوڵێن. ئەم سەرچاوانە پشت بە قبووڵ و گوێڕایەڵیکردنی جەماوەر و دامەزراوەکانی کۆمەڵگە بۆ حوکمڕان دەبەستێ. حوکمڕان بەهێز دەبێ کاتێ ئەو سەرچاوانە پاڵپشتیەکی بەهێزی بۆ دەستەبەر دەکەن، کاتێکیش ئەم سەرچاوانە لاواز دەبن یاخۆ وشک دەکەن، حوکمڕانەکەیش لاواز دەبێ و ئەنجا دەکەوێ.

– خەباتی ستراتیجی بە بەکارهێنانی ناتوندوتیژی: بریتییە لە خەباتکردن بە بەکارهێنانی ناتوندوتیژی کە لەسەر پلانێکی ستراتیجی دامەزرابێ بناغەکەی شیکردنەوەی سرووشتی تەنگژەکە و خاڵی هێز و خاڵی لاوازی گرووپە ڕکابەرەکان، هەروەها سرووشت و توانا و پێداویستییەکانی میکانیزمی کارەکانی ناتوندوتیژی، بەتایبەت بنەوا ستراتیجیەکانی ئەو جۆرە ململانەیە.

– ستراتیج: پلانکاری قۆناخێکی دیاریکراو یاخۆ هەڵمەتێک لە هەڵمەتەکانی خەباتە، بەشێوەیەک ببێتە بەشێک لە ستراتیجیەتێکی باڵا کە لە ململانەکەدا بەگشتی بەکار دێ. ستراتیج ئەو بیرۆکە سەرەکییەیە کە بڕیار لەبارەی چۆنیەتیی پەرەسەندنی خەباتکردن لە هەڵمەتێکی دیاریکراودا و چۆنیەتیی کۆکردنەوەی بەشە جیاوازەکانی پێکەوە، بۆ بەشداریکردن لە بەدیهێنانی ئامانجەکاندا، دەدا.

ستراتیج لە چوارچێوەی ستراتیجێکی باڵادا کار دەکا و تاکتیک و شێوازە سنووردارەکانی کار لە هەندێ پرۆسە لە چوارچێوەیەکی بچووکتردا بۆ جێبەجێکردنی ستراتیجی هەڵمەتێکی دیاریکراو، بەکار دێن.

– مانگرتن: هەڵپەساردنی کار، کە بەزۆری کاتییە، بۆ پاڵەپەستۆ خستنە سەر خاوەنکارەکان لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەیلی ئابووری یاخۆ پاڵەپەستۆ خستنە سەر حکوومەت بۆ بەدیهێنانی ئامانجگەلێکی سیاسی.

– تاکـتـیک: پلانکارییـەکی سنووردارە کـە پشت بە چۆنیـەتیی بەرکـاهێنانێکی کـارای ئامرازگەلێکی دیاریکراو لە قۆناخێکی دیاریکراوی خەبات، بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو دەبەستێ.

– توندوتیژی: توندوتیژیی جەستەیی دژ بە مرۆڤ کە دەبێتە هۆی برینداربوون یان مردن، یاخۆ هەڕەشەکردن بە بریندارکردن یان کوشتن، یاخۆ هەر کردارێک ببێتە مایەی ڕوودانیان.

ئەوانەی باوەڕیان بە ناتوندوتیژیی ئاینی و ئەخلاقی هەیە، ئامادەییان تێدایە بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ ئەو کەس و گرووپانەی لە ڕوانگەیەکی براگماتییەوە پێڕەوی لە ناتوندوتیژی دەکەن.

پەراوێزەکانی توێژینەوەی دووەم:

١. ئەو زاراوەی (توندوتیژی)یەی لێرەدا بەکار هاتووە تەنیا مەبەست توندتیژیی جەستەییە دژ بە تاکەکان بەمەبەستی بریندارکردن یان کوشتن یان هەر کارێکی تر ئەو ئەنجامانەی لێ بکەوێتەوە، نەک لە ڕوانگەیەکی ئەخلاقی یاخۆ سیاسییەوە.

2. Jerome D. Frank, "Psychological Problems in the Elimination of War", in Preventing World War III: Some Proposals (New York: Simon and Shuster, 1962).

3. Karl W. Deutsch, "Cracks in Monolith: Possibilities and Patterns of Disintegration in Totalitarian Systems," in Carl J .Friedrich, ed., Totalitarianism (Cambridge, MA: Harvard University Press, 1954), pp. 308-313

4. Gene Sharp, Waging Nonviolent Struggle: 20th century Practice and 21st century Potential (Westport, CT: Porter Sargent Pub. 2005

٥. هەمان سەرچاوە.

### توێژینەوەی سێیەم

## ڕۆڵی هێز لە تێکۆشانی ناتوندوتیژدا

### پێشەکی

تێکۆشانی ناتوندوتیژ پشت بە سرووشتی هێز لە کۆمەڵگە و سیاسەتدا دەبەستێ، چونکە ئەنجامدان و میکانیزم و ئەنجامەکانی ئەم تێکۆشانە پێوەندیی پتەوی بە بوون و مومارەسەکردنی هێز و کاریگەریی ئەوە لەسەر هێزی دژبەر هەیە. بە دەربڕینێکی تر ناتوانین لە ناتوندوتیژی تێ بگەین بەبێ ئەوەی ڕەگەزی هێز وەک یەکێک لە ڕەگەزەکانی لەبەرچاو بگرین.

ئەم چەمکە لەگەڵ ئەو تێگەیشتە هەڵە باوەدا تێک دەگیرێ کە پێی وایە ناتوندوتیژی هیچ

هێزێکی نییە و سرووشتی هێز لە سیاسەتدا فەرامۆش دەکا و ناتوندوتیژی-خوازان وەک کەسانی ساویلکە سەیر دەکا بەهۆی ملنەدانیان بەوەی "لاوازی" سەرچاوەی ڕاستەقینەی هێزە لە سیاسەتدا.

لەڕاستیدا ئەم تێگەیشتنە هەڵەیە خۆی لەسەر بناخەی پشتگوێخستنی سرووشتی هێز لە سیاسەت و ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی هێز لە تێکۆشانی ناتوندوتیژدا دامەزراوە.

تێکۆشانی ناتوندوتیژ شێوازێکی سیاسییە پێویستە بە گوێرەی لۆجیکی تایبەتی خۆی فام بکرێ و بێتە هەڵسەنگاندن و نابێ بە بەراوردکردنی بە هەندێ دیاردەی تری تەواو جیاواز لەو، پەردەپۆش بکرێ. شێوازی ناتوندوتیژی ئامرازگەلی کۆمەلایەتی و دەروونی و ئابووری و سیاسی بۆ دروستکردنی پاڵەپەستۆ و سەپاندنی سزایەل بەکار دێنێ و پەنا بۆ ئامرازە توندوتیژەکان نابا[1]، ئەم شێوازەیش نێزیکەی ٢٠٠ ئامرازی نارەزایی دەربڕینی ڕەمزی و هاوکارینەکردنی کۆمەلایەتی و بایکۆتکردنی ئابووری و مانگرتنی کرێکاری و هاوکارینەکردنی سیاسی و دەستوەردانی ناتوندوتیژ (لەنێوان پەناگیری تا پێکهێنانی حکومەتی سێبەر) دەگرێتەوە. ئەم ئامرازانە پێشیان دەگوترێ "چەک"ەکانی ناتوندوتیژی.

نابێ ناتوندوتیژی لەگەڵ دیاردەی ئەو بیروباوەڕە ئاینی و ئەخلاقییانەدا تێکەڵ بکرێ کە هانی ناتوندوتیژی دەدەن[2]. ئەگەرچی لەوانەیە ئەو کەس و بزاڤانەی پێڕەوی لە ناتوندوتیژی دەکەن شوێن ئەو بیروباوەڕانە بکەون، بەلام لە زۆر حاڵەتدا تێکۆشانی ناتوندوتیژانە سەرکردایەتیی کەس و بزاڤگەلێکی کردووە کە پابەندبوونی بنەواییان بە شێوازە ناتوندوتیژانەکانەوە نەبووە. ڕەنگە ئەوانە لە ڕابردوودا توندوتیژییان بەکار هێنابێ و لەوانەیە ئامادەییشیان تێدا بێ لە داهاتووشدا لە چوارچێوەی هەلومەرجێکی دیاریکراودا پەنای بۆ ببەنەوە، بەلام لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراودا شوێن ستراتیجی تێکۆشانی ناتوندوتیژ دەکەون.

زۆر جاریش هۆی سەرەکی ئەوەی وا لە خەڵکێک دەکا پەنا بۆ تێکۆشانی ناتوندوتیژ ببەن ئەوەیە کە باوەڕیان وا بووە ئەو جۆرە خەباتە هەلی سەرکەوتنیان لەو ململانەیەی لەئارادایە زیاتر دەکا.

تێکۆشانی ناتوندوتیژ شێوازێکە بۆ جەمکردنی هێز لەبەرامبەر دژبەردا و بەگشتیش ئەو دژبەرە توانی کارگێڕی و ئابووری و سیاسی و پۆلیسی و سەربازیی هەیە، چونکە ئەو دژبەرە بەزۆری خۆی دەبێتە دەزگەی دەوڵەت کاتێ دەستەبژێرێکی دژ بە بەرژەوەندییەکانی زۆرینەی هەرەزۆری گەل دەستی بەسەردا دەگرن. لەوانەیشە لایەنی دژبەر دەزگەیەکی ناحکوومی بێ بەلام دەوڵەت پشتگیریی بکا.

دەتوانین بەو زۆرینە ڕەهایەی دانیشتووان کە سیاسەتەکانی دژبەر بە نەرێنی کاریان تێ دەکا ناو بنێین "کۆمەڵە ستەمبارەکە" (المجموعة المظلومة)، لەوانەیە ئەم کۆمەڵەیە بایەخ بە ژمارەیەک پرسی دیاریکراو یاخۆ بە سیاسەتێکی گشتی بدا و لەوانەیشە سەرلەبەری ڕێژیمەکە ڕەت

بکاتەوە. بەزۆریش ئەو گرووپەی بەشداری لە تێکۆشانی ناتوندوتیژدا دەکا بچووکترە لە "کۆمەڵە ستەمبارەکە".

هێز بەشێکی بنچینەییە لە تێکۆشانی ناتوندوتیژ و ناتوانین لەم جۆرە تێکۆشانە تێ بگەین یان بە باشی ئاشکرای بکەین بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەزی هێز و پێوەندییەکانی هێزەکان. مەبەست لە هێز لێرەدا هەموو ڕواڵەتەکانی هەژموون و ئامرازەکانی پاڵەپەستۆیە، بەو سزایانەیش کە لەبەردەست کۆمەڵ یاخۆ کۆمەڵگەیەکدان و بۆ بەرگری لەخۆ کردن و پێڕەوکردنی سیاسەتەکانی و بەڕێوەبردنی ململانە ناوەخۆیی و دەرەکییەکان بەکاریان دێنێ.

دەتوانرێ هێز بە توانی ڕێژەیی بۆ کۆنترۆڵکردنی هەڵوێستێکی دیاریکراو و گەل و دامەزراوەکان، یاخۆ توانی جۆشدانی جەماوەر و دامەزراوەکان بۆ ئەنجامدای چالاکییەکی دیاریکراو، پێوانە بکرێ. ئەم هێزە بەکار دێ بۆ ئەوەی کۆمەڵێک بتوانێ ئامانجێکی دیاریکراو بەدی بێنێ وەک جێبەجێکردن یان گۆڕینی هەندێ سیاسەت، یاخۆ قایلکردنی کەسانی تر تا بەو شێوەیە ڕەفتار بکەن کە خاوەنانی هێزەکە دەیانەوێ، وەک قایلکردنیان بۆ بەشداریکردن لە بەرهەڵستیکردن یاخۆ پاڵپشتیکردنی ڕێژیمی ئارا و سیاسەت و پێوەندییەکانی، یان بۆ گۆڕین و تێکشکاندنی شێوازی ئارای دابەشکردنی هێز. لەوانەیشە هێز بۆ بەدیهێنانی تێکەڵەیەک لەو ئامانجانە بەکار بێ.

لەوانەیە حکوومەتەکان هێزی سیاسییان هەبێ، هەروەک لەوانەیە دامەزراوە و بزاوەکانی ئۆپۆزسیۆن و گرووپەکانی تریش هەیانبێ. لەوانەیە ئەم هێزە ڕاستەوخۆ بخرێتە کار، هەروەک لەوانەیە تەنیا بوونی هێزەکە هۆکارێک بێ بۆ پەیداکردنی هەژموون. بۆ نموونە هێز وەک چۆن لە شەڕدا هەیە لە دانوستاندنەکانیشدا هەیە. بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵی هێز لە تێکۆشانی ناتوندوتیژدا، پێویستە سرووشت و میکانیزمەکانی هێزی بەردەستی هەریەک لە دژبەر و ئەو کۆمەڵەیەی سەرکردایەتیی ئەم تێکۆشانە دەکا، تاوتوێ بکرێ.

### حوکمڕانە شوێنکەوتەکان

یەکێک لەو ڕاستییانەی بایەخێکی تیۆری و پراکتیکی هەیە ئەوەیە، ئەو هێزەی ئەو کەسانەی نوێنەرایەتیی پۆستە باڵاکان لە حکوومەتدا دەکەن و بڕیار دەدەن (واتە دەسەڵاتداران) هەیانە، لە خۆیانەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بگرە پێویستە لە دەرەوەیانەوە بێ. ئەو هێزە سیاسییەی ئەوان وەک حوکمڕان هەیانە لەو کۆمەڵگەیەوە سەرچاوە دەگرێ کە حوکمڕانیی دەکەن. ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر کەسانێک توانییان هێز بگرنە دەست و بەکاری بێنن، ئەوا دەتوانن جڵەوی هەڵسوکەوتی کەسەکانی تر بگرنە دەست و ببنە خاوەنی سەرچاوەیلی مرۆیی و مادیی گەورە و بوونی دەزگەیەک بۆ سەپاندنی سزا.

بە دەربڕینێکی تر، دەتوانین بڵێین حوکمڕانەکان دەسەڵاتی ڕەها، هەروەها هێزێکی خۆییان نییە، بەپێچەوانەوە حوکمڕان و دەستەبژێرە باڵادەستەکە لە سەرچاوەکانی هێزیاندا پشت بە هاوکاریکردنی گەل و دامەزراوەکانی ئەو کۆمەڵگەیەی حوکمڕانیی دەکەن، دەبەستن. ڕادەی بوونی ئەم سەرچاوانەیش پشت بە هاوکاری و گوێڕایەڵیکردنی گرووپ و دامەزراوە و تاک تاکەی خەڵک و گەل بەگشتی دەبەستێ.

دەتوانین بڵێین هێزی سیاسی بەرەنجامی کارلێکی هەموو یان زۆربەی ئەم سەرچاوانەی خوارەوەیە:

١- دەسەڵات: بە واتەی ڕادە و چڕیی ئەو دەسەڵاتەی حوکمڕانەکان هەیانە یان ڕادەی شەرعییەتیان لەناو ڕەعیەتەکانیاندا.

٢- سەرچاوەگەلی مرۆیی: ژمارەی ئەو کەسانەی گوێڕایەڵیی حوکمڕانەکان دەکەن، هاوکاریانن و یارمەتیی تایبەتیان دەدەن و ڕێژەی ئەوانە لەناو دانیشتووان و شێوەی ڕێکخستنیان.

٣- زانیاری و لێهاتنەکان: بە واتەی ئەو لێهاتن و توانا و زانیارییانەی ئەو کەسانە هەیانە و توانیان بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی دەسەڵات.

٤- هۆکارە نادیارەکان: بریتین لە هۆکارە ئایدیۆلۆجی و دەروونییەکان، وەک دابونەریت و هەڵوێستەکان بەرامبەر گوێڕایەڵی و ملکەچکردن، هەروەها بوون یاخۆ نەبوونی عەقیدە یان ئایدیۆلۆجیای گشتی.

٥- سەرچاوە ماددییەکان: کە موڵکایەتی و سەرچاوە سرووشتی و ماڵیەکان و سیستمی ئابووری و ئامرازەکانی پەیوەندی و گواستنەوە دەگرێتەوە.

٦- سزاکان: بە واتەی جۆر و سنووری شێوەکانی گوشار و سزا کە حوکمڕانەکان دەتوانن بەرامبەر بە ژێردەستەکانی خۆیان و لە ململانە لەگەڵ حوکمڕانەکانی تردا پێڕەوی بکەن.

لە زۆربەی حاڵەتەکاندا هەندێ لەم سەرچاوانەی هێز بەم یان بەو ڕادە هەن و بە دەگمەن -ئەگەر مەحاڵ نەبێ- ڕێک دەکەوێ هەموو ئەم سەرچاوانە بۆ دەسەڵاتداران کۆ ببنەوە، یاخۆ هیچیان نەبن، دەستەبەربوونی ئەم سەرچاوانەیش لە هەڵبەز و دابەزێکی بەردەوامدایە، ئەوەیش دەبێتە مایەی زیاد و کەمکردنی هێزی حوکمڕانەکان.

شیکردنەوەی وردی سەرچاوەکانی هێزی حوکمڕانەکان نیشانی دەدا کە ئەوان بەشێوەیەکی بنچینەیی پشت بە گوێڕایەڵی و هاوکاریی ژێردەستەکانیان دەبەستن. کاتێ حوکمبارەکان مافی حوکمڕانەکان لە دەسەڵاتداریکردن و باڵادەستی ڕەت دەکەنەوە، بەو کارەیان ئەو ڕەزامەندی و ڕێکەوتنە گشتییە ڕەت دەکەنەوە، کە وا دەکا بوونی حکوومەت مەحاڵ بێ.

بەم زیانەی لە دەسەڵات دەکەوێ هێزی حوکمڕانەکان دەست بە هەڵوەشان دەکا، لەوانەیە ئەم پرۆسەیە بەردەوام درێژە بکێشێ تا ئەو ڕادەیەی حوکمڕانەکان دەسەڵات لە دەست بدەن،

کاتێکیش زیانەکە زۆر گەورە بێ، بوونی حکوومەت دەکەوێتە مەترسی.

ڕەتکردنەوەی هاوکاریکردن لەگەڵ دەسەڵاتداران بە کارێکی زۆر مەترسیدار دێتە ژماردن لەبەرئەوەی ئەو هاوکارییە زۆر پێویستە تا ڕیژیمی ئارا بتوانێ کار بکا و بەردەوام بێ، چونکە سیستەمە ئابووری و سیاسییەکان بەهۆی بەشداریکردنی تاکەکان و ڕێکخراوەکان و گرووپە لاوەکییەکانەوە کار دەکەن. هەروەها حوکمڕانەکان بەشێوەیەکی بنەڕەتی پشت بەم هاوکاری و پاڵپشتیە دەبەستن، چەندە لایەنەکانی بالادەستی حوکمڕانەکان پەلوپۆدار بێ پێویستیان بە پاڵپشتیی زیاتری تاکەکان و ڕێکخراوەکان هەیە.

هێزی حوکمڕانەکان تەنیا پشت بە بەردەوامیی پاڵپشتی جۆرەوجۆری تاکەکان و فەرمانبەران و بەرپرسان نابەستآ، بگرە پێویستی بە پاڵپشتی ئەو ڕێکخراو و دامەزراوانەیش هەیە کە ڕیژیمیان لی پێک دێ، دەگونجێ ئەم لایەنانە هاوکاریکردن لەگەڵ دەسەڵاتداران ڕەت بکەنەوە و پاڵپشتی پێویستیان نەکەن بۆ درێژەدان بە جێبەجێکردنی سیاسەتەکانیان.

## سنوورەکانی زۆرلێکردن

ئەگەر دەسەڵاتداران دەستبەردانی بەرچاو نەکەن لە بەرامبەر هاوکارینەکردن و یاخیبوون، ئەوا دەبێ زیاتر پشت بە ئامرازەکانی زۆرلێکردن ببەستن. حوکمڕانەکان بۆ دەستەبەرکردنی ڕادەی پێویست لە پاڵپشتی و هاوکاریی خەڵک لەوانەیە پەنا بۆ سەپاندنی سزا ببەن، ئەمەش کارێکە ڕێی تێ دەچێ لەبەرئەوەی ئەگەر بەشێک لە میللەت دەسەڵاتی حوکمڕانەکان ڕەت بکاتەوە ئەوا بەشێکی تری خەڵک هەر دەمێنێ کە لایەندی بۆ دەسەڵاتداران هەیە و ئامادەیە سیاسەتەکانیان جێبەجێ بکا، هەر بۆیە دەگونجێ پۆلیس و سوپا بۆ سزادانی باقیی میللەت بەکار بهێنرێن.

جگە لەمە تاقمی دەسەڵاتدار جگە لە سەپاندنی سزا هەندێ شتی تریش هەیە یەکان دەخا، هەر بۆیە بەردەوام ملکەچی پاڵەپەستۆ و ئەگەری کارتێ کردنن.

زیاد لەمەش توانی دەسەڵاتداران بۆ سەپاندنی سزا خۆی لەخۆیدا پشت بە بوونی ئاستێک لە یارمەتیدان هەیە لەلایەن حوکمبارەکانەوە کە دەتوانن پێشکێشی نەکەن. بەشێوەیەکی گشتی هەوڵەکانی بەدەستهێنانی پاڵپشتی لە ڕێگەی زۆر لێکردنەوە کەم و کورت دەبن مادام دەسەڵاتی حوکمڕانەکان سنووردار و بەستراوە بێ.

سەپاندنی سزا ڕەگەزێکی گرینگە بۆ مانەوەی هێزی سیاسیی دەسەڵاتداران نەخاسمە لەکاتی تەنگژەکاندا، بەڵام ڕادەی کاریگەربوونی ئەم سزایانە لەسەر جۆری کاردانەوەی ئەو گەلە دەوەستێ کە ئەو سزایانەی بەسەردا دێنە سەپاندن. گەل لە چەندان هەڵوێستدا خۆڕاگر بووە و پاشەکشەی لەبەردەم مەترسییەکاندا نەکردووە. هەمیشەش فاکتەری ئیرادە ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە تەنانەت لە حاڵەتی جێبەجێکردنی سزاشدا. جا بۆ ئەوەی سزادان کاریگەر بێ، دەبێ خەڵک لێی بترسن و

پاش سزادرانیان، جارێکی تر ئامادەییان تێدا دروست بێتەوە بۆ هاوکاری و گوێڕایەڵیکردن.

بەڵام لەوانەیشە گژبەریی ئەم سەختییانە بکەن و سوور بن لەسەر درێژەدان بە هاوکارینەکردن، ئەگەر ئەمەیشیان کرد ئەوا هێزی حوکمڕانەکان دەکەوێتە بەر هەڕەشەیەکی مەترسیدار.

## بەرەنگاریکردنی یەکگرتوو

کەواتە دەستەبەربوونی سەرچاوەکانی هێزی حوکمڕانان بەشێوەیەکی بنەڕەتی و ڕاستەوخۆ پشت بە ڕادەی هاوکاری و ملکەچی و گوێڕایەڵیکردنی حوکمبارەکان و دامەزراوەکانی کۆمەڵگە دەبەستێ، ئەم حاڵەتەیش، لەسایەی هەندێ هەلومەرجی دیاریکراودا، دەرفەت دەداتە ئەمانەی دوایی بۆ ئەگەری بەستنەوە یاخۆ گرتنەوەی ئەم سەرچاوانەی هێز، ئەویش بە کەمکردنەوە یان کێشانەوەی پاڵپشتی و هاوکارییان.

پێویستە هاوکارینەکردن سەرتاپاگیر بێ تا بتوانرێ هێزی دەسەڵاتداران بەرتەسک بکرێتەوە و کۆنترۆڵ بکرێ. پێویستە هاوکارینەکردن لەڕووی ئەو سەرکوتەی هەڵ دەدا حوکمباران هاوکاری و ملکەچکردن بکاتەوە، بەردەوام بێ. کاتێ حوکمباران ترسیان کەم دەبێتەوە یاخۆ دەشکێ، هەروەها کاتێ ئامادەییان تێدا دروست دەبێ بۆ بەرگەگرتنی ناهەمواریيەکانی سزا سەپێنراوەکان وەک باجی گۆڕانکاری، ئەوکاتە توانی یاخیبوونی بەرفرەوان و هاوکارینەکردنی سەرتاپاگیر دێتە کایە.

ئەم پەرەسەندنە گرینگیەکی سیاسی هەیە چونکە ئەوکاتە ئیرادە و توانی جموجووڵکردنی دەسەڵات بەپێی ژمارەی ئەو خەڵکەی بەشداریی یاخیبوونەکەیان کردووە، هەروەها بەپێی ڕادەی هاوکارینەکردنی دامەزراوەکان و ڕادەی پشتبەستنی دەسەڵات بەو دەزگەیانە، بەرتەسک دەبێتەوە. لێرەشەوە چارەسەرکردنی کێشەی هێزی دەسەڵات -کە بە ڕەها دێتە پێش چاو- لە فێربوونی چۆنیەتیی جێبەجێکردنی هاوکارینەکردن و درێژەپێدانیدایە.

کاتێ بزاڤی بەرگری دەتوانێ درێژە بە هاوکارینەکردن و گوێڕایەڵکردن بدا لەبەرامبەر ئەو سزایانەی دەسەڵات دەیان سەپێنێ، ئەوکاتە کۆتای ڕیژیم زۆر نێزیک دەکەوێتەوە.

بەم شێوەیە هەموو دەسەڵاتداران لە هەڵوێست و هێزی سیاسیاندا پشت بە هاوکاریی خەڵک دەبەستن، هەروەها ڕوون دەبێتەوە ئەو تیۆرەی پێی وایە هێز لە توندوتیژیەوە وەردەگیرێ و سەرکەوتن یاوەری ئەو لایەنە دەبێ کە دەتوانێ زۆرترین توندوتیژی بەکار بێنێ، تیۆرێکی هەڵەیە، بەپێچەوانەوە ئیرادە و توانی بەرەنگاریکردن ڕۆڵێکی ناوەندییان هەیە.

بەڵگەنەویستە جێبەجێکردنی ئەم دیدگایە بۆ سرووشتی سەربەخۆی هێزی سیاسی پێویست دەکا وەڵامی پرسیاری: چۆن؟ بدرێتەوە، چونکە نەزانینی ئەوەی پێویستە بکرێ، بەردەوام یەکێک بووە لەو هۆیانەی گەلانی زۆر سڵەماندووەتەوە لەوەی بەپێی ئەم دیدگایە کارایانە دژ بە ستەم و ستەمکاری خەبات بکەن.

دوو ڕەهەندی بنچینەیی هەیە بۆ جێبەجێکردنی ئەم تێڕوانینە:

یەکەمیان، پێویستە ڕەتکردنەوەی هاووڵاتییان بۆ حکومەتی ستەمکار بگۆڕدرێ بۆ هاوکارینەکردن لەگەڵ ئەو حکوومەتە، ئەم ڕەتکردنەوەی هاوکارییەش "وەک دواتر دەیبینین" چەندان شێوە وەردەگرێ.

دووەمیان، پێویستە کارکردن بەکۆمەڵ یاخۆ جەماوەری بێ، کاتێ کەمینەی دەسەڵاتدار یەکگرتوو بێ و زۆرینەی دەسەڵاتبار ڕێکخستنێکی سەربەخۆی نەبێ، هاووڵاتییان ناتوانن بەرهەڵستیەکی یەکگرتوو بکەن، حوکمڕانانیش دەتوانن تاک تاک زەفەریان پێ ببەن. بەکورتی ئەو بزاڤە بەکارەی پشت بەم تیۆرەی هێز دەبەستێ، پێویستی بە بوونی بەرەنگاریەکی یەکگرتوو هەیە.

## بنەوا بنیاتییەکان

دۆخە بنیاتیەکانی کۆمەڵگە بایەخێکی گەورەیان هەیە لە دیاریکردنی توانی گشتیی ئەو کۆمەڵگەیە بۆ بەرەنگاریکردنی حوکمڕانەکانی. مەبەست لە دۆخە بنیاتیەکان لێرەدا بوونی دامەزراوە جیاوازەکانە "یاخۆ ئەوانەی دەکرێ ناویان بنێین شوێنەکانی هێز (مواضع القوة). ئەم دامەزراوە و دەزگەیانە بە "شوێنگەل"ێک دادەنرێن کە هێز تێیاندا چڕ دەبێتەوە، یان هێز بەرجەستە دەکەن.

شێوە و سرووشتی شوێنەکانی هێز لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکێکی تر و لە هەڵوێستێکەوە بۆ هەڵوێستێکی تر دەگۆڕێ، بەڵام بەگشتی کۆمەڵ و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی وەک خێزان، چینە کۆمەڵایەتییەکان، گرووپەیلی ئاینی و ڕۆشنبیری و پیشەیی و ئابووری، گوند و شار، هەرێم و ناوچەکان، دەزگە حکوومییە بچووکەکان، ڕێکخراوە خۆبەخشەکان و حزبە سیاسییەکان دەگرێتەوە. بەزۆریش ئەو شوێنانەی هێز، گرووپ و دامەزراوەی ڕەسمیی کلاسیکیی ڕیشەداکوتاو دەگرێتەوە. بەڵام لە هەندێ حاڵەتدا لەوانەیە شوێنەکانی هێز کەمتر ڕێکخراو بن، بگرە لەوانەیە تازە بەتازە لە گەرمەی پەرەسەندنی پرۆسەی بەرهەڵستیکردنی دەسەڵاتدا سەریان هەڵدابێ.

دۆخی ئەو شوێنانەی هێز لەسەر بناخەی توانی جووڵەکردنی سەربەخۆیان و هەروەها لەسەر بوونی هێز و بەکارهێنانی و ڕێکخستنی هێزی ئەوانی تر دەوەستێ، هەروەها –وەک حوکمڕانەکان یان شوێنەکانی تری هێز– لە ڕوانگەی مەرکەزی یان نامەرکەزیبوونیان و پرۆسەکانی دروستکردنی بڕیار لەناو خۆیدا و پلەی تۆکمەیی ناوخۆیی.

بنیاتی هێز لە کۆمەڵگەدا لە مەودای دووردا بوار و پلەی هەرەباڵای هێزی حوکمڕانان دیاری دەکا. کاتێ شوێنەکانی هێز لە کۆمەڵگەدا بڵاو بن، هێزی دەسەڵاتداریش ملکەچی دەست بەسەرداگرتن و کۆت و بەند دەبێ، چونکە ئەم شوێنانە توانی بەرەنگاریکردنی باڵادەستیی حکوومەت دەستەبەر دەکا، بەڵام بەدیهاتنی ئەمە بەندە بە ڕادەی بوونی ئازادیی سیاسی. بەڵام کاتێ ئەو شوێنانە لاواز بن، یاخۆ کاتێ بەهۆی سەپاندنی کۆت و بەندی توند بەسەریاندا،

سەربەخۆیی و توانیان تێک بشکێنرێ، ئەو کاتە ئاستەمە بتوانرێ هێزی دەسەڵاتداران جڵەو بکرێ. لەم حاڵەتەدا توانی بەرەنگاریکردنی یەکگرتوو لاواز دەبێ یاخۆ تێک دەشکێنرێ. وا باوە ئەم دۆخە بەندە بە بالادەستیی زۆرداریەوە.

ڕادەی توانی کۆمەڵگە بۆ زاڵبوون بەسەر هێزی حوکمڕاندا، تا ڕادەیەکی زۆر دۆخی شوێنەکانی هێز لە کۆمەڵگەدا دیاری دەکا. ئەو کۆمەڵگەیەی گرووپ و دامەزراوەی ئەوتۆی تێدا بێ کە هێزی کۆمەڵایەتییان هەبێ و توانی کارکردنی سەربەخۆیان هەبێ، توانی زیاتر بەسەر هێزی حوکمڕان و بەرەنگاریکردنی زۆرداریدا دەشکێ لەو کۆمەڵگەیەی ئەو جۆرە گرووپ و دامەزراوانەی تێدا نین، کە بەهۆیانەوە کۆمەڵگە دەتوانێ بەگەل ببزوێ و بەرەنگاریی دەسەڵات بکا.

سەرچاوەکانی هێزی حوکمڕان دەکەوێتە بەر هەڕەشەیەکی مەترسیدار کاتێ ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتییان لە یەک کاتدا گت بکەن لە هاوکاری و پاڵپشتیکردنی، ئەمەیش لەڕێی کۆمەڵ و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە دێتە دی، واتە توانی ئەو دەزگەیانە بۆ بڕینی ئەو سەرچاوانەی هێز، کە بۆ دەسەڵاتی دابین دەکەن، کارێکی یەکلاکەرەوەیە. ئەم توانیەش لای خۆیەوە لەسەر زۆر هۆکار وەستاوە لەوانە زرنگیی هاووڵاتییان بۆ جێبەجێکردنی شێوازی تێکۆشان بە هاوکارینەکردن، هەروەها ئاتاچی ڕێژەیی دەسەڵات بۆ سەرچاوەیلی هێز، کە دەکرێ هاووڵاتییان و دامەزراوەکان دەستەبەری بکەن.

هەروەها لەو هۆکارە گرینگانەی تر ڕادەی توانی ئەو گرووپانەیە بۆ جموجووڵکردن سەربەخۆ لە دەسەڵات.

بە تێکڕایی دەتوانین بڵێین توانی دامەزراوە ناحکومییەکان بۆ دەستگرتن بەسەر ڕەفتارەکانی دەسەڵاتدا لەسەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە دەوەستێ:

١- ئارەزووی ڕێژەیی هاووڵاتییان بۆ ڕێکخستنی هێزی خۆیان.

٢- ژمارەی ڕێکخراو و دامەزراوە سەربەخۆکان.

٣- هێزی ڕێژەیی ئەم ڕێکخراو و دامەزراوانە و ڕادەی سەربەخۆییان لە جموجووڵدا.

٤- ئەو سەرچاوانەی هێز کە هەیانە و لەژێر دەستیاندایە.

٥- قەبارەی ئەو هێزە کۆمەڵایەتییەی هەیانە و دەتوانرێ بەکار بێ.

٦- توانی ڕێژەیی هاووڵاتییان بۆ گرتنەوەی ڕازیبوونیان لە دەسەڵات و پشتگیریکردنی.

کاتێ هەموو ئەم هۆکارانە بە پلەیەکی بالا بەردەست بن، شوێنەکانی هێز دەتوانن لەنێوان دابینکردنی سەرچاوەیلی هێزی پێویست بۆ دەسەڵات و سنووردارکردن یاخۆ بڕینی ئەو سەرچاوانەدا، یەکێکیان هەڵبژێرێ.

هەر بۆیە، هەڵبەز و دابەزی هێزی دەسەڵات بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەندە بە

ڕادەی ئامادەییی هاووڵاتییان بۆ قبووڵکردنی حوکمڕانەکە و گوێڕایەڵی و هاوکاریکردن و جێبەجێکردنی ویستەکانی.

## پووکانەوەی هێزی حوکمڕانان

کاتێ گەل ڕەتی هاوکاریکردن دەکاتەوە و یارمەتییەکانی دەبڕێ و پێداگری لەسەر یاخیبوون و بەرەنگاری دەکا، دژبەرەکەی لەو پاڵپشتی و هاوکارییە بنچینەیییەی کە هەر حکوومەت یان ڕیژیمێک پێویستیەتی بێبەش دەکا. لەم بوارەدا هاووڵاتییان دەتوانن لەو یاساییانە یاخی بن کە نەیاریانن، کرێکاران دەتوانن دەست لە کارکردن هەڵگرن کە لەوانەیە ببێتە هۆی فەلەجکردنی ئابووری. بێرۆکراسییەت دەتوانێ ڕێنوێنییەکان جێبەجێ نەکا، هەروەها سەرباز و پۆلیسەکان دەتوانن سستی بنوێنن لە جێبەجێکردنی ڕێوشوێنە سەرکوتکارییەکاندا، بگرە دەکرێ یاخیبوونی خۆیان ڕابگەیەنن. ئەگەر ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتییان و دامەزراوەکان ئەم ڕێوشوێنانە بۆ ماوەیەکی درێژ جێبەجێ بکەن، ئەوا حکوومەت یاخۆ ڕیژیم ئەو هێزی هەیانە لەدەستی دەدەن، بەو شێوەیەش دەسەڵاتدارەکان دەبنە کەسانی ئاسایی. هەموو شتێک بە سادەیی دەگۆڕێ لەبەرئەوەی ئەو پاڵپشتییە مرۆییەی هێزی ڕیژیمەکەی دروست و بەهێز کردبوو گیراوەتەوە، هەر بۆیە هێزی ئەو ڕیژیمە دەپووکێتەوە.

بەڵام تەنیا ویستی بەرەنگاریکردن و پێداگیریکردنی گشتی لەسەری، بەس نین بۆ بوونی هێزێکی کاریگەر و بەکار هێنانی دژ بە دەسەڵاتداران، چونکە پێویستە نەیاریی گشتی بگۆڕدرێ بۆ ستراتیجێکی کارکردن. لەم ڕووەوە پێویستە گەل لەم شێوازە تێکۆشانە تێبگا کە لەسەر ئەم تیۆری هێزە دامەزراوە، واتە تێگەیشتن لە ئامرازەکانی ئەم شێوازی تێکۆشانە و میکانیزمەکانی بۆ گۆڕانکاری، پێداویستییەکانی سەرکەوتن و بنەواکانی ستراتیج و تاکتیک. هەروەها پێویستە جێبەجێکردنی ئەم شێوازی تێکۆشانە زیرەکانە ئەنجام بدرێ، واتە بزانین چۆن چۆنی لەگەڵ بوونی سەرکوتینەوەیشدا درێژە بە خەبات بدەین.

هەر بۆیە پێویستە بە درێژی لە شێوازی تێکۆشانی ناتوندوتیژ، کە لەسەر ئەم تێڕوانینە بۆ هێز دامەزراوە، بدوێین.

## چەکی ناتوندوتیژی

تێکۆشانی ناتوندوتیژ لە ڕاستیدا شەڕە ڕێک وەک شەڕ. هەروەها هەروەک پەلاماردان لە شەڕدا، پێویستی بە کۆکردنەوەی هێز و بوونی ستراتیجێکی ڕوون و شێوازگەلێکی دیاریکراو هەیە بۆ جێبەجێکردنی. هەروەها پێویستی بە قارەمانی (سەربازەکان) و ڕێکخستن و ئامادەیی بۆ قوربانیدان هەیە.

ئەو گەلەی دەیەوێ لەڕێی تێکۆشانی ناتوندوتیژەوە سەرکەوتن بەدەست بێنا پێویستی بە زیادکردنی هێزی خۆی، هەروەها جێبەجێکردنی زیرەکانەی ئەو شێوازی تێکۆشانەی هەڵیبژاردووە، هەروەها دابینکردنی پێداویستییەکانی سەرکەوتن و جەمکردنی هەموو وزەکانی بۆ ئەو ئامانجە، هەیە. ئەگەرچی بڕوایەکی باو هەیە کە تێکۆشانی ناتوندوتیژ کاتێکی زیاتر دەبا بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بێنێ لەوەی تێکۆشانی توندوتیژ دەیەوێ، بەڵام مەرج نییە ئەمە ڕاست بێ، چونکە لە هەندێ کاتدا خەباتی ناتوندوتیژ لە ماوەی چەند هەفتەیەک بگرە چەند ڕۆژێکدا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە.

دەتوانین بڵێین ئامرازەکانی تێکۆشانی ناتوندوتیژ وەک جێبەجێکردنێکی سنووردارە بۆ ئەو تیۆری هێزەی کە باسمان کرد. لە چوار چێوەی تێکۆشانی ناتوندوتیژدا چەکەکانی ناتوندوتیژی سێ ئاستیان هەیە کە بریتین لە: نارەزایی ناتوندوتیژ و قایلکردن + هاوکارینەکردن + دەستوەردانی ناتوندوتیژیانە. دەگونجێ ئەم چەکانەی ناتوندوتیژی جۆری پێوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکان بگۆڕن، بگرە دەکرێ گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە تەرازووی هێزەکانیشدا بێننە کایە. نارەزایی ناتوندوتیژ و قایلکردن لە بنەڕەتدا کارە ڕەمزییەکانی بەرهەڵستیکردنی ئاشتیانە یاخۆ هەوڵی قایلکردن دەگرێتەوە. ئەم کارانەیش سنووری نارەزایی دەربڕینی زارەکی تێ دەپەڕێنن، بەڵام ناگەنە ئاستی هاوکارینەکردن یان دەستوەردانی ناتوندوتیژ، لەنێو ئەم کارانەیش: کەژاوە کۆمەڵایەتییەکان، نوێژکردن، پۆستەرات، پرسەگێڕان و کۆبوونەوە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە.

هەرچی پێوەندی بە هاوکارینەکردن لەگەڵ دژبەر هەیە ئەوا دابڕانی بە ئەنقەست یان هەڵپەساردن یان گژبەریکردنی پێوەندیەکی دیاریکراوی ئارا دەگرێتەوە، چ کۆمەڵایەتی بێ یان ئابووری یاخۆ سیاسی. دەکرێ هاوکارینەکردن خۆبەخۆ (عفوي) یان بەپلان بێ، هەروەها دەکرێ یاسایی یاخۆ نایاسایی بێ.

شێوازەکانی هاوکارینەکردن بەسەر سێ ئاستدا دابەش دەبن:

١- شێوازەکانی هاوکارینەکردنی کۆمەڵایەتی (بایکۆتکردنە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە).

٢- شێوازەکانی هاوکارینەکردنی ئابووری (بایکۆتکردنە ئابووری و مانگرتنەکان دەگرێتەوە).

٣- شێوازەکانی هاوکارینەکردنی سیاسی (دەتوانرێ پێشی بوترێ بایکۆتکردنی سیاسی).

توانای ئەو گرووپەی سەرکردایەتیی تێکۆشانی ناتوندوتیژ دەکا بۆ بوونی چەکەکانی هاوکارینەکردنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی، بایەخێکی هەرە مەزنی لە خەباتدا هەیە.

ئاستی سێیەمی شێوازەکانی ناتوندوتیژی بریتییە لە دەستوەردانی ناتوندوتیژ بەواتەی دەست خستنە ناو هەڵوێستەکە و لەقکردنی یاخۆ گۆڕینی بەشێوەیەکی ڕیشەیی بەم یان بەو ڕێگە. شێوازەکانی دەستوەردان هەندآ شتی تری وەک مانگرتن و پەناگیری لە شوێنەکانی کار،

دامەزراوە ئابووری و جێگرەوەکان، گەڕان بەدوای گیراوان و هەروەها حکوومەتە جێگرەوەکان دەگرێتەوە.

## خاوەندارێتیی هێز

کاری ناتوندوتیژ هێزی ئەوتۆی هەیە کە دەستەبەری ڕووبەڕووبوونەوەی هێزی دژبەرەکە و بەدیهێنانی ئامانجەکانی تێکۆشانی ناتوندوتیژ دەکا. دەتوانین بڵێین ناتوندوتیژی زیاتر لە توندوتیژیی سیاسی ڕاستەوخۆ کار لە هێزی دژبەر دەکا، بۆ نموونە ئەگەر بابەتە ورووژێنراوەکان بەزۆری ئابووری بن، ئەوا لەوانەیە بەرەنگارییەکەیش ئابووری بێ، ئەگەر بابەتە ورووژێنراوەکان سیاسی بن و دژبەر پێویستی بە هاوکاریی هاوولاتییان هەبێ، ئەوا دەکرێ بەرەنگارییەکەیش سیاسی بێ. بە دەربڕینێکی تر لەبری پێکدادانی ناڕاستەوخۆ لەگەڵ هێزە سەربازییەکانی دژبەردا کە بەرجەستەکردنی ئاشکرای هێزی دژبەرە، ئەوا ناتوندوتیژی ڕاستەوخۆ لە سەرچاوەکانی ئەو هێزە دەدا کە ئەویش هاوکاری و گوێڕایەڵیکردنە بۆ دژبەر. بۆ نموونە، مانگرتنە جەماوەرییەکان لەوانەیە ئابووری بەتەواوی فەلەج بکەن، هەروەک لەوانەیە ڕزگاربوونی بەرفرەوان ببێتە مایەی هەرەسهێنانی سوپا.

هەروەها دەتوانین بڵێین کاری ناتوندوتیژ بە ناڕاستەوخۆ زیاتر لە توندوتیژی کار لە هێزی دژبەر دەکا. لەبری ئەوەی بە هێزی هاوشێوە ڕووبەڕووی هێزی دژبەر ببێتەوە، ئەوا تێکۆشانی ناتوندوتیژ بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی ئەو هێزانە دەبێتەوە، ئەمەیش بە لاوازکردنی دژبەر و هاوکات یارمەتیدانی تێکۆشەران بۆ جەموجۆڵکردنی هێزەکانیان بەمەبەستی بەرگریکردن لە پرسەکەیان. بۆ نموونە لەڕێی وەڵامدانەوەی سەرکوتینەوە بە ناتوندوتیژی لەبری بەکارهێنانی دژە-توندوتیژی، بزاڤی ناتوندوتیژی دەتوانێ بیسەلمێنێ کە سیاسەتی سەرکوتینەوەی دژبەر ناتوانێ هاوولاتییان چاوترسێن بکا. بەردەوامبوونی بەرەنگاریکردن و پارێزگاریکردن لە ڕێکخستنی ناتوندوتیژی، لەوانەیە وردە وردە لە لایەنگرە کلاسیکیەکانی بێبەش بکا و بێهێزی بکا. لە بەرامبەر ئەمەدا، لەوانەیە ژمارەی تێکۆشەران بە بەردەوامی زیاد بکا و ئەو پاڵپشتیەیش لێیان دەکرێ زیاد بکا. هەموو ئەمانە بەهۆی ڕووبەڕووبوونەوەی ناڕاستەوخۆی دژبەر لەبری ڕووبەڕووبوونەوەی بە دژەتوندوتیژی دێتە دی.

ڕێڕەوی ململانەکە لە بەشێکی بنچینەییی خۆیدا پشت بە ستراتیج و ئەو شێوازەی تێکۆشان دەبەستێ کە ئەو گرووپەی سەرکردایەتیی تێکۆشانە ناتوندوتیژەکە دەکا، پێڕەوی لێ دەکا. هەر بۆیە زۆر پێویستە ستراتیجی ناتوندوتیژی بە وریاییەکی زۆرەوە بێتە داڕشتن و پشت بە سەرچاوەیلی بەردەست و تێگەیشتنی قووڵ لە تێکۆشانی ناتوندوتیژ و دوورخستنەوەی هەڵوێستی ئارا ببەستێ.[٣]

### سەرکوتینەوە

لەوانەیە ئەو گژبەرییەی ناتوندوتیژی بەرجەستەی دەکا گژبەرییەکی سنووردار بێ و تەنیا کەمێکی کەم دۆخەکە بلەقێنێ، بەڵام لە هەندێ حاڵەتدا لەوانەیە ببێتە مایەی ئەوەی دۆخەکە بەتوندی بهەژێنێ.

ئەو زەحمەتیانەی دژبەر لە مامەڵەکردن لەگەڵ تێکۆشانی ناتوندوتیژدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لە بزۆزی یاخۆ دینامیکیەتی ئەم شێوازەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەم بزۆزییە کار بۆ گەورەکردنی کاریگەری و هێزی ئەو گرووپە دەکا کە تێکۆشانی ناتوندوتیژ ئەنجام دەدا، هەروەها کار بۆ لاوازکردنی کاریگەری و هێزی دژبەر دەکا.

زۆر جار دژبەر لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ دژبەردا پەنا بۆ سەرکوتینەوە دەبا، کە جێبەجێکردنی ئەم شێوازی سەرکوتینەوەیش چەندان شێوە و شێواز وەردەگرێ وەک سەپاندنی سانسۆر و دەست بەسەرداگرتنی ماڵ و موڵک، بڕینی ئامرازەیلی پێوەندیکردن، هەڕەشەکردن بە سزادان لە داهاتوودا، لێدان، تەقەکردن، ئەشکەنجەدان، یاسای باری نائاسایی و لەسێدارەدان و هتد. قەبارە و جۆری ئەو سەرکوتینەوەیش بەکار دێ، پشت بە زۆر هۆکار دەبەستێ.

شایانی باسە لەبەرئەوەی ئەو سەرکوتینەوەە لەوانەیە ئاسەواری پێچەوانەی هەبێ لەوەی دژبەر مەبەستیەتی، ئەو توندوتیژیەی دژ بە بزاڤە ناتوندوتیژەکە بەکار دێ بەزۆری سنووردارترە لەو سەرکوتینەوەی دژ بە ئازادیخوازیی توندوتیژ یاخۆ شەڕی پارتیزانی یان شەڕی نیزامی بەکار دێ. پەنابردن بۆ سەرکوتینەوەی توندوتیژ لە ڕاستیدا بەڵگەیەکی بەهێزە لەسەر ئەوەی کاری ناتوندوتیژانە دەکرێ ببێتە مەترسییەکی گەورە بۆ ڕێژیمی ئارا، کە ئەوە جەخت لە هێزی "ناتوندوتیژی" دەکاتەوە. سەرکوتینەوەیش هۆیەک نییە بۆ دەستبەردار بوون لە تێکۆشانی ناتوندوتیژ، چونکە لە ڕاستیدا ناتوندوتیژی نموونەییترین شێوازە بۆ بەرووڕووبوونەوەی ئەو دژبەرەی لەتوانیدایە و ئامادەیە سزا توندوتیژەکان بەکار بێنێ.

### ڕێکخستنی بەرەنگاریکەری ناتوندوتیژی

مەرج نییە سەرکوتینەوە ببێتە مایەی ملکەچکردنی هاووڵاتییان، چونکە سزا بۆ ئەوەی بەکار بێ پێویستە کار لە عەقڵی هاووڵاتییان بکا و ببێتە مایەی ترس و ئامادەیی بۆ گوێڕایەڵی. هەروەک لە حاڵەتی شەڕدا، ئەگەری ئەوە هەیە -بە چاوپۆشین لە مەترسییەکان- پلاندانانی دروست و ڕێکخستنی تۆکمە و باوەڕی قووڵ بە پرسەکە، ببنە مایەی بەردەوامیی تێکۆشانی ناتوندوتیژ. لەم جۆرە هەڵوێستەدا، پێویستە ئەو گرووپەی سەرکردایەتیی تێکۆشانە ناتوندوتیژەکە دەکا ڕێکخستنێکی زۆر وردی هەبێ بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە بەرامبەر دژبەر و کەمکردنەوەی ئەو توندوتیژەی لەدژی بەکار دێ و زیادکردنی هەلی سەرکەوتنی.

ئەگەری ئەوە هەیە جێبەجێکردنی چڕ و لێبڕوانە و زیرەکانەی ناتوندوتیژی کێشە خۆییەکانی دژبەر بتەقێنێتەوە و بەو شێوەیەش توانی بەکارهێنانی هێزەکانی سنووردار بکا. لەو کاتەیشدا تێکۆشانی ناتوندوتیژ دەتوانێ پارسەنگی سیاسیی دژبەر تێک بدا و سەرکوتینەوەکەی بەسەر خۆیدا بشکێنێتەوە و ببێتە مایەی لاوازکردنی هێزی و بەرتەسککردنەوەی بازنەی لایەنگریکردنی. لە بەرامبەر سەرکوتیشدا، دەبێ خەباتکارانی ناتوندوتیژخواز خۆڕاگر بن و مل کەچ و پاشەکشێ نەکەن و گژبەریی ئەو سەرکوتینەوەە بکەن. ئەم هەڵوێستە دەشێ بزاڤە ناتوندوتیژەکە لە مەترسیی کەوتنە نێو داوگەی خلیسکان بە دوای دژایەتیکردنی دژبەرەکە بە چەک، کە ئەو تێیدا باڵادەستە، بپارێزێ. وێڕای ئەو سانسۆرەی دژبەر دەیسەپێنێ، دەکرێ هەواڵی کارە دڕندانەکانی دزە بکاتە دەرەوە، ئەو کاتەیش ئەو سەرکوتەی ئەنجامی دەدا دەگونجێ ببێتە مایەی زیادبوونی دژایەتی و بەرەنگاریکردنی ڕێژیم نەک کەمبوونەوەی. بە دەربڕینێکی تر، ئەو سەرکوتەی دژبەر دەیکا ڕەنگە ببێتە مایەی بەرتەسککردنەوەی ئەو لایەنگریەی هەیەتی و زیادبوونی ئەو لایەنگریەی تێکۆشەران هەیانە. ئەمەیش واتەی ئەوەیە پارێزگاریکردن لە ڕێکخستنی ناتوندوتیژی لە بەرامبەر سەرکوتینەوەدا، جۆرە ساویلکەییەکی سیاسی نییە، بگرە بەشداری لە سەرکەوتنی بزاڤەکەدا دەکا لە هێنانەکایەی هەندێ گۆڕانکاریی ئەرێنی لە دابەشکردنی هێزدا.

### جۆدۆی سیاسی[٤] Political Jui Jitsu

بەردەوامبوون لە تێکۆشان و پارێزگاریکردن لە مۆرکە ناتوندوتیژانەکەی لەوانەیە بە شێوازی جۆرەوجۆر ئەو پێگەی هێزەی بزاڤە ناتوندوتیژانەکە هەیەتی بەهێز بکا. چەندە دژبەر کارە دڕندانەکانی دژ بە بزاڤە ناتوندوتیژەکە زیاتر بکا، زیاتر چەپەڵیی دەردەکەوێ و لایەنگریی بزاڤی ناوبراو زیاتر دەکا، هاووڵاتییانی ئاسایی لە ڕێژیم دوور دەکەونەوە و ژمارەیەکی زیاتریان دەچنە ڕیزی بزاوەکە. لەوانەیە لایەنانی سێیەمیش پاڵپشتییان بۆ قوربانییانی سەرکوتینەوە و نەیارییان بۆ لایەنی دژبەر و سیاسەتەکانی زیاد بکا.

ئەگەرچی کاریگەریی ڕای گشتیی ناوەخۆیی و ناودەوڵەتی لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر دەگۆڕێ، بەڵام دەکرێ پاڵپشتیی بزاڤە بەرەنگاریکارەکە بکا. هەروەک دەکرێ پاڵەپەستۆیەلی ئابووری و سیاسیی گەورە بخاتە سەر ڕێژیم.

لە حاڵەتێکیشدا دژبەر لەدژی گۆشەگیرکردنی پەنا بۆ کاری وەحشییانە ببا، ئەو کاتە دەگونجێ هاووڵاتییان و بەکرێگیراوان و هێزەکانی ڕێژیم گومان بخەنە سەر ڕادەی دادپەوەریی سیاسەتەکانی دژبەر. ئەم گومانە دەکرێ بگۆڕێ بۆ بەرهەڵستییەک، بگرە بۆ هاوکارینەکردن و یاخیبوون لە شێوەی مانگرتن یاخۆ بزاڤی یاخیبوون.

بەکورتی، سەرکوتینەوەی دژبەر بۆ بزاڤی بەرەنگاریکردنی ناتوندوتیژانە دوور نییە بەسەر خۆیدا بشکێتەوە. ئەمەیە مەبەست لە "جۆدۆی سیاسی".

## گۆڕانەکان لە پارسەنگی هێزدا

یەکێک لە هۆکانی کاریگەربوونی شێوازی ناتوندوتیژی لەوەدایە کە گۆڕانکاری لە ترازووی هێزی ئارادا دێنێتە کایە. ئەمەیش بەرەنجامی چەندان هۆکارە. وەک ئاماژەمان پێدا، کردەوەی "جۆدۆی سیاسی" ڕۆڵێکی گرینگ لە گەشەکردنی هێزی ئەو گرووپەی سەرکردایەتیی خەباتی ناتوندوتیژ دەکا و بەرتەسککردنەوەی هێزی دژبەرەکانیاندا دەبینێ.

دەکرێ ئەو گرووپەی سەرکردایەتیی خەباتە ناتوندوتیژەکە دەکا وردە وردە هێزی خۆی زیاد بکا. سەرەتا ئەو گرووپە لایەنگریی لەنێو ئەو هاووڵاتییانەدا ڕوو لە زیادی دەکا کە سیاسەت و ڕەفتارەکانی دەسەڵات کاریگەریی نەرێنی لەسەریان بووە. زیاد لەمەیش، سرووشتی تێکۆشانی ناتوندوتیژ بە شێوەیەکە دەکرێ پاڵپشتیەکی بەرچاویش بکرێ لەلایەن لایەنگەلی سێیەم و بگرە تەنانەت لەلایەن لایەنگرانی خودی دژبەرەکانیشیەوە. بەدەستهێنانی ئەم جۆرە پاڵپشتیەیش کاریگەریی ڕاستەوخۆ یاخۆ ناڕاستەوخۆی دەبێ لەسەر هێزی دژبەرەکان لەڕێی کەمکردنەوە یاخۆ بەرتەسککردنەوەی سەرچاوەیلی هێزی بەو شێوەیەی پێشتر باسمان کرد.

ڕێگەکانی کارکردنە سەر هێزی دژبەر بەم شێوەیە، لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر دەگۆڕێ، ئاساییە -بۆ نموونە- کاریگەرییەکە لە حاڵەتی ململانەیەکی ناوەخۆییدا جیاواز بێ لە حاڵەتی ململانە لەگەڵ هێزێکی بیانیی داگیرکەر کە سەرچاوەکانی هێزی لە دەرەوەی سنووری وڵاتدان. لەگەڵ ئەمەیشدا ئەو پرۆسەی گۆڕانەی لە ترازووی هێزەکاندا ڕوو دەدا بەنێزیکەیی هەمان شتە.

قەبارەی ئەو گرووپەی دەست دەداتە بەرەنگاریکردن لە چوارچێوەی هەمان ململانەدا زۆر جیاوازە، ژمارەی ئەو کەس و دامەزراوانەی بەشداری لە تێکۆشاندا دەکەن لەوانەیە لە کاتێکدا زیاد بکا و لە کاتێکی تردا کەم بکا. بە هەمان شێوە، دەکرێ ژمارەی لایەنگرانی دژبەر و ڕادەی ئەو پاڵپشتیەی لێیان دەکرێ، لەکاتی ململانەکەدا تا ڕادەیەکی زۆر زیاد یاخۆ پاشەکشە بکا.

ئەم گۆڕانکارییە لە تەرازووی هێزدا، لەنێو چەندان هۆکاردا، دەکەوێتە ژێر کاریگەریی شێوەی هەڵسوکەوتی ئەو گرووپەی سەرکردایەتیی خەباتە ناتوندوتیژەکە دەکا. هەروەها پێوەندییەلی هێز دەکەوێتە ژێر کاریگەریی لایەنەنانی سێیەمیش کە ڕەنگە لە هەڵوێستی بێلایەنییەوە، با بدەنەوە بۆ هەڵوێستی پاڵپشتی و یاریدەدان یاخۆ بەرهەڵستیکردنی ئەم یان ئەو لایەن.

شتێکی سرووشتیشە کە ڕێڕەوی تێکۆشانی ناتوندوتیژ بە هۆ و هەروەها ڕەنگدانەوەی ئەو گۆڕانکارییانە دابنرێ کە لە شوێنەکانی هێزی هەر لایەک لەچاو لایەنەکەی تر دابنرێ. وەک گوتمان، دەکرێ لەکاتی ململانەکەدا هێزی هەر لایەنێک بەبەردەوامی و بەخێرایی و بەتوندی بگۆڕێ. هەروەها سرووشتیشە کە بەرەنجامەکانی ئەم گۆڕانکارییانە لە هێزی ڕەها و ڕێژەییی هەر لایەنێکدا کۆتا ئەنجامی ململانەکە دیاری دەکا.

## چوار میکانیزم بۆ گۆڕانکاری

وێڕای جیاوازییەکان لەنێوان حاڵەتێک و حاڵەتێکی تری ناتوندوتیژیدا، دەتوانین بڵێین چوار میکانیزمی گشتی هەن بۆ گۆڕان لەڕێی ناتوندوتیژییەوە، کە بریتین لە:

بادانەوە Conversion

گونجاندن Accomodation

ناچارکردنی ناتوندوتیژ Nonviolent Coercion

شیبوونەوە Disintegration

لە حاڵەتی بادانەوەدا، لە ئەنجامی هەڵسوکەوتەکانی بزاڤی ناتوندوتیژیدا دژبەر بەشێک لە بیروڕاکانی بزاڤەکە پەسند دەکا و دان بەوەدا دەنێ کە ئامانجەکانی پەسند و دروستن.

لە حاڵەتی گونجاندندا دژبەر ناچار دەبێ هەندێ دەستبەردان بۆ بزاڤەکە بکا، کە بەگشتی دەستبەردانی سنووردارن و ناگەنە ئاستی گۆڕانێکی ڕیشەیی لە هەڵوێستی دژبەردا. ئەمەی دوایی پەنا بۆ ئەم دەستبەردانانە دەبا کاتێ دەزانێ لە بەرژەوەندیی ئەودایە ئەوە بکا. هەروەها لەوانەیە مەبەستی لەو کارە ڕێبڕینەوە بێ لە ڕوودانی لێکترازانێکی ناوەخۆیی یاخۆ کەمکردنەوەی زیانەکانی، یان خۆلادان لە کارەساتێکی گەورەتر، یاخۆ پاراستنی ئاوی دەموچاوی. ئەم جۆرە گۆڕانە لەڕێی ناتوندوتیژییەوە بەربڵاوترینیانە. گونجاندن هاوشێوەی ناچارکردنی ناتوندوتیژ و شیبوونەوەیە لەو ڕووەوە کە ئەم سێ میکانیزمە لەڕێی گۆڕینی دۆخی کۆمەڵایەتی یان ئابووری یاخۆ سیاسییەوە سەرکەوتن بەدەست دێنێ نەک لەڕێی گۆڕینی هەڵوێستەوە وەک لە حاڵەتی بادانەوەدا ڕوو دەدا. لەم سێ میکانیزمەدا پێوەندییە ئاراکانی هێز دەگۆڕێن بەشێوەیەک کاتەکە بەتەواوی دەگۆڕێ. لە حاڵەتی ناچارکردنی ناتوندوتیژدا لەگەڵ نەیاری و بەپێچەوانەی ویستی دژبەر سەرکەوتن بەدەست دێ و ئامانجەکان دێنە دی. ئەمەیش کاتێ دێتە دی کە بزاوی تێکۆشانی ناتوندوتیژ ڕاستەوخۆ بێ یاخۆ ناڕاستەوخۆ دەتوانێ تا ڕادەیەکی زۆر سەرچاوەکانی هێزی دژبەر بپچڕێ، واتە کاتێ ویستی دژبەر بەتەواوی کۆت دەبێ. ئەوەیش لەبەر چەندان هۆ ڕوو دەدا گرینگترینیان:

١- کاتێ ئەو گژبەرییەی دژبەر ڕووبەڕووی دەبێتەوە دەبێتە گژبەرییەکی جەماوەریی بەرفرەوان، بەشێوەیەک زەحمەتە لەڕێی سەرکوتینەوەوە کۆنترۆڵ بکرێ.

٢- کاتێ ڕیژیم لە دەست و پێ دەکەوێ.

٣- کاتێ توانی دژبەر بۆ سەرکوتینەوە و جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی بەهۆی یاخیبوونی بەرفرەوانی سوپا یاخۆ پۆلیس، ڕەتکردنەوەی بەرفرەوانی یارمەتیدانی لەلایەن بیرۆکراسییەتی وڵات، یان ڕەتکردنەوەی هاوکاریکردنی لەلایەن چەندان کەرتی جەماوەریی بەرفرەوانی هاووڵاتییانەوە، لەقاڵب دەدرێ.

لەگەڵ ئەمەیشدا، دژبەر هێشتا هێزی هەر هەیە و وەک دەزگەیەک دەمێنێتەوە.

هەرچی میکانیزمی شیبوونەوەیە، کاتێ ڕوو دەدا سەرچاوەیلی هێزی دژبەر بەتەواوی دێنە بڕین، بەشێوەیەک چی تر ناتوانێ بمێنێتەوە و بەردەوام بێ. لەم حاڵەتەدا دەزگەیەکی تۆکمە نامێنێتەوە کە بتوانێ تەنانەت شکست قبووڵ بکا. بە دەربڕینێکی تر، لەم حاڵەتەدا هێزی دژبەرەکە بە سادەیی لەبەریەک هەڵوەشاوە.

## لادانی سەرچاوەیلی هێز

دەکرێ بزاوی ناتوندوتیژی سەرچاوەکانی هێزی سیاسیی دژبەر بەرتەسک بکاتەوە بەم شێوەیە:

١- دەسەڵات:

هەر سەرهەڵدانی بزاڤی ناتوندوتیژی خۆی لە خۆیدا و ئەو گژبەرییەی دەیکا بەڵگەی ئەوەیە دەسەڵاتی دژبەر بەرتەسک بووەتەوە. بزاوی تێکۆشان هەروەها دەتوانێ بە بەردەوامی ژمارەیەکی زیاتر لەوانەی لایەنگریی دژبەر دەکەن لێی دوور بخاتەوە. لە کاتێک لە کاتەکاندا دەکرێ لابەندیی هاووڵاتییان بە ڕوونی لە لاگیریکردنی دژبەرەوە بگوازرێتەوە بۆ دەسەڵاتێکی جێگرەوە کە لەوانەیە حکوومەتە سێبەرە ڕکابەرەکە بێ.

٢- سەرچاوە مرۆییەکان:

بزاڤی ناتوندوتیژی بەرفرەوان دەتوانێ بە ڕێگرتن لە گوێڕایەڵی و هاوکاریکردنی دژبەر لەلایەن هاووڵاتییانەوە کە مەکینەی ڕێژیمەکە دەسووڕێنن و پارێزگاری لە مانەوەی دەکەن- ئەو سەرچاوە مرۆییانە بەرتەسک یاخۆ وشک بکا کە بۆ هێزی سیاسیی دژبەر پێویستن. زیادبوونی ژمارەی ئەوانەی ڕەتی هاوکاریکردنی دەکەن، یەکێکە لەو کێشە زۆرانەی گوشاری دەخەنە سەر. لەکاتێک لەکاتەکاندا دەکرێ لایەنگرە کلاسیکیەکانی واز لە دژبەر بێنن، ئەوەیش زیاتر بێهێزی دەکا.

بەرتەسککردنەوەی سەرچاوەیلی مرۆیی بە نۆرەی خۆی کار لە سەرچاوەکانی تر دەکا (وەک لێهاتنەکان (المهارات)، زانیاری و سەرچاوە مادییەکان). بەم شێوەیە دژبەر پێویستی بە هێزی زیاتر هەیە لەکاتێکدا توانی سەپاندن یاخۆ زۆرلێکردنی تا ڕادەیەکی زۆر بەرتەسک دەبێتەوە. جا ئەگەر بەرەنگاریکردن بەردەوام بوو لەو کاتەی هێزی دژبەر لاواز دەبێ، ئەوە بەدڵنیاییەوە دەکرێ ڕێژیم بەتەواوی لە هێز بکەوێ.

٣- لێهاتنەکان و زانیاری:

هەندێ تاک یان گرووپ هەندێ توانی خاوەن گرینگیی تایبەتیان هەیە وەک بەڕێوەبەرەکان و تەکنیکارەکان و ڕاوێژکارەکان. ئاساییە کە ڕازینەبوونی ئەمانە بە یارمەتیدان و هاوکاریکردنی دژبەر، لاوازی دەکا. جگە لە ڕەتکردنەوەی ڕاشکاوانەی هاوکاریکردن، تەنیا کەمکردنەوە یاخۆ پێشکێشکردنی بە شێوەیەکی ناتەواو و بە ئەنقەست، خۆی لە خۆیدا کارێکی گرینگە.

٤- هۆكاره شاراوەكان:

بزاڤی ناتوندوتیژی بەرفرەوان دەتوانێ نەریتەكانی گوێڕایەڵی و لایەندیكردن بۆ دەسەلاّت بگۆڕی.

٥- سەرچاوە ماددییەكان:

بزاڤی ناتوندوتیژ دەتوانێ سەرچاوە ماددییە بەردەستەكانی دژبەر بەرتەسک یان بنبڕ بكا، وەک كۆنترۆڵكرنی سیستمی ئابووری، ئامرازەكانی گواستنەوە و پێوەندییەكان، سەرچاوە ماڵییەكان و ماددەی خاو و شتی لەو شێوە.

٦- سزاكان:

بەهۆی سەرهەڵدانی ناتوندوتیژی، توانی دژبەر بۆ سەپاندنی سزایش كەم دەبێتەوە. لەلایەكەوە دەسكەوتنی چەک دەكەوێتە بەر مەترسی بەهۆی ئەوەی دەوڵەتیكی بیانی ڕازی نابێ چەک بە دژبەر بفرۆشێ، یان بە هۆی مانگرتن لە كارگەكانی تەقەمەنی یان لە سیستمی گواستنەوەدا. لەلایەكی ترەوە دەكرێ ژمارەی هێزەكانی سەركوتینەوە، سوپا و پۆلیس، بە هۆی پاشەكشەی ژمارەی خۆبەخشان یان ڕازینەبوونی سەربازان بە خزمەتكردن كەم ببێتەوە. دەكرێ هێزەكانی پۆلیس و سوپا سستی بنوێنن لە جێبەجێكردنە فەرمانەكان بە وردی، یاخۆ هەر بە تەواوی جێبەجێی نەكەن، ئەوەیش ڕەنگە ببێتە مایەی ڕوودانی ناچاركردنی ناتوندوتیژ یان شێبوونەوەی هێزی دژبەر. دەتوانین بڵێین گرینگترین بەرەنجام بۆ تێكۆشان لەمەودای دووردا برێتییە لە كاریگەریی ئەو تێكۆشانە لە چارەسەركردنی كێشە هەنوكەییەكاندا هەروەها لە هەڵوێستی گرووپە جیاوازەكان بەرامبەر بە یەكتر و لە دابەشكردنی هێز، هەروەها لە نێو گرووپە ڕكابەرەكاندا. لە هەموو ئەم بوارانەدا ڕۆڵی تێكۆشانی ناتوندوتیژ زۆر گەورەیە.

## گۆڕانەكان لە بەرەی تێكۆشانی ناتوندوتیژدا

بەشداریكردن لە تێكۆشانی ناتوندوتیژ كۆمەڵێ ئاسەواری گرینگی لەسەر هاووڵاتییانی بەشدار بەجێ دێڵێ. بۆ نموونە هاووڵاتییان چەندە زیاتر فێری ئەو شێوازە ببن و ئەنجامی بدەن، هەستی شانازی بەخۆكردن و متمانە بە تواناكانیان بۆ كاركردنە سەر ڕەوتی ڕووداوەكان زیاتر دەبێ و زیاتر بە تواناكانی خۆیان هۆشیار دەبنەوە. هەروەها ئەزموونی تێكۆشانی ناتوندوتیژ دەشبێتە مایەی یەكەتیی هێزە بەشدارەكان و زیادبوونی هاوهەڵوێستی ناوەخۆییان.

تێكۆشان هەروەها دەبێتە مایەی بەهێزبوونی دامەزراوە ناحكوومییەكان لە كۆمەڵگەدا (شوێنەكانی هێز) كە كۆڵەكەی تێكۆشانن. بەهێزبوونی ئەو دامەزراوانە واتەی ئەوەیە هاووڵاتییان وایان لێ هاتووە دنگەیلی جێگیریان هەیە بۆ درێژەدان بە بەرەنگاریكردن لە كاتی تەنگژەكاندا. تێكۆشانی ناتوندوتیژ بەشدارانی فێر دەكا چۆن چۆنی بە لێهاتوویی خەبات دژی هێزەكانی بەڕێوەبردن و دژ بە سەركوتینەوەی ناتوندوتیژ دەكەن.

## گونجانی سیاسی

تێکۆشانی ناتوندوتیژ لەباریدایە و دەتوانێ هێزێکی مەزنی هەبێ و دژ بە دەسەڵاتدارە زۆردارەکان و ڕیژیمەیلی سەربازی بەکاری بێنێ، چونکە لە لاوازترین لایەن لە هەموو حکوومەتەکاندا دەدا، ئەویش پشتبەستنە بە حوکمبارەکان. ئەگەر بزاڤی تێکۆشان، وێڕای سەرکوتینەوە، توانی سەرچاوەکانی هێز بۆ ماوەیەکی پێویست سنووردار یان بنبڕ بکا، دەکرێ سیستمی سیاسی دووچاری فەلەجبوونی تەواو و شکستەیی ببێ. لە هەندێ حاڵەتدا، لەوانەیە هێزی حوکمڕانەکان بەتەواوی لەنێو بچێ.

ئەم چەمکە بۆ هێزی سیاسی و هەروەها چەمکی تێکۆشانی ناتوندوتیژ کە پشتی بەوە بەستووە، جەخت لەوە دەکا کە ئێمە کار لەسەر جۆرە تێکۆشانێک دەکەین لە سنوورێکی کولتووری یان نەتەوەیی دیاریکراودا قەتیس نابێ. ئێمە دەست و پەنجە لەگەڵ جۆرە خەباتێک نەرم دەکەین، کە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکانی ڕزگاری و دەستدرێژیی دەرەکی و دەست بەسەرداگرتنی دەسەڵات لە سەرتاسەری دنیادا گونجاوە.

پەراوێزەکانی توێژینەوەی سێیەم:

١. لەو بارەیەوە بڕوانە:

Gene Sharp, The Politics of Nonviolent Action, 3 vols (Boston, MA: Porter Sargent, 1973).

٢. لەو بارەوە بڕوانە:

Gene Sharp, "Typed of Principied Nonviolence," in: Social Power and Political Freedom (Boston, MA: Porter Sargent, Publisher, 1973), pp.201-234

٣. لەو بارەوە بڕوانە:

Peter Ackerman and Christopher Kruegler, Nonviolent Sanction: Their Strategic Use in Conflict and Defence.

٤. جۆدۆ زۆرانبازیی ژاپۆنییە کە تێیدا لەوانەیە هێزی دژبەرەکە و قورسایی جەستەی ببنە بار بەسەریەوە و جووڵەی سنووردار بکەن. مەبەست لە "جۆدۆی سیاسی" لێرەدا ئەوەیە پارێزگاریکردن لە مۆرکی ناتوندوتیژانەی بزاڤی بەرگری و سووربوون لەسەر درێژەپێدانی لەبەرامبەر ئەو سەرکوتەی دژبەرەکە دەیکا، دوور نییە ئەو سەرکوتکرنە لە کۆتاییدا بەسەر خۆیدا بشکێتەوە و بازنەی ئەو پاڵشتییەی لێی دەکرێ بەرتەسک بکاتەوە تەنانەت بەرامبەر پاڵپشتیکردنی هێزی بزاڤە ناتوندوتیژەکە و فرەوانبوونی بنکەی لایەنگرانی. (وەرگێڕی عەرەبی).

# فەرهەنگی ناتوندوتیژی

جان-ماری موللێر

## پشکی چوارەم

### ئاشتی

وشــەی ئاشــتی paix، بەپێی واتە داتاشــراوەکــەی (لــە وشــەی paxی لاتینیــەوە هاتووە) واتەی "بەڵگەنامە"یەک دەگەیەنێ کە لەنێوان دوو دژبەر یان کۆمەڵە دژبەرێکدا کە گەیشتوونە گرێدانی ڕێککەوتنێک، پەسند دەکرێ. بەمەیش وشــەی "ئاشــتی" لە واتە یەکەمیەکەیدا ئاماژە نییە بۆ حاڵەتێک کە لە ئاشتیدا بێ "ئاشتیی بەدەست هێنا"، "بەئاشتی ژیا"، بەڵکو ئاماژەیە بۆ کارێک-کاری لەپێناو ئاشتیدا کرد، "ئاشتیی دروست کرد"، "ئاشتیی بنیات نا"، ئاشتی خێرێک نییە هەمانبێ، بەڵکو خێرێکە بەدەستی دێنین، ئاشتی بە هێزی ئیرادە، بە بڕیارێک دروست دەکرێ. کەواتە لە بنەڕەتدا ئاشتی بە واتەی "حاڵەتی ناشەڕ" یان نەبوونی شەڕ نایە، بەڵکو ڕێککەوتنێکە لەنێوان دوو لایەنی بەشەڕهاتوودا کە "پەیماننامەی ئاشتی" ئیمزا دەکەن. ئاشتی بەڵگەنامەیەکە لەنێوان دوو دوژمندا کە بڕیار دەدەن سنوورێک بۆ کارە دوژمنکارانەکانیان دابنێن و پێکەوە باس لە چۆنیەتیی ڕێکخستنی پێکەوەژیانی ئاشتییانەیان دەکەن. هەر کە ئاشتیش سەقامگیر بوو ئیتر ئاسایش securite (لە وشەی sine curaی لاتینی بەواتەی "بێ خەم"ەوە هاتووە) بۆ هەموو هاووڵاتییەکی هەردوو بەرەی دژبەر دەستەبەر دەبێ، کە دەرفەتی بۆ دەڕەخسێنێ دوور لە مەترسی بژی.

کەواتە ئاشتی پێش شەڕ دەکەوێ، شەڕ بەردەوام ئەگەرێکی کراوەیە و ئاشتیش دەبێ بەردەوام بێتە گەڕاندنەوە. ئاشتی هەرگیز هەتاهەتایی نابێ، بەڵکو دەسکەوتێکی هەمیشەییە. ئاشتی،

......................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور

لەڕێی دانانی بەڵگەنامەیەکەوە، لە پێوەندیی نێوان مرۆڤەکاندا قسە پێش توندوتیژی دەخاتەوە. تەنانەت بنەوای ئەو بەڵگەنامەیە ئەوەیە هەریەک لەو دوو لایەنە دان بە مافەکانی ئەوی تردا بنێ و ڕێزیان بگرێ.

مرۆڤی بێوەی (مسالم) pacifique (لە هەردوو وشەی لاتینی: pax بەواتەی "ئاشتی" و facere بەواتەی "دروستی کرد") ئەو کەسە نییە داوا دەکا "وازی لێ بهێنرێ"، ئەو کەسە لاوازەیش نییە کە بە گەڕان بەدوای هێمنی دوور لە کێشەکان دەیەوێ ئاشتی بەدەست بێنێ، بەڵکو ئەو مرۆڤەیە خۆی بە کێشەکاندا دەدا بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

پیاوی ئاشتی، هەروەک پیاوی شەڕ، ئەو کەسەیە دەزانێ مل بە مەترسییەکانەوە بنێ لەپێناو هێنانەکایەی دادپەروەری و بەرگریکردن لە ئازادیدا. ئیرادەی ئاشتی واتەی هەڵبژاردنێکی هۆشیارانەی ئامرازەکانی بەرەنگاریکردن و تێکۆشانە کە بەکارهێنانیان دادپەروەری لێرە و لەوێ بنیات دەنێ. مرۆڤی بێوەی ئەو کەسە نییە چێژ لە ئاشتی دەبینێ، بگرە ئەو کەسەیە پاش هەوڵ و تێکۆشان ئاشتی دەباتەوە. ئەوەیش لە بردنەوەی شەڕ بالاترە.

زۆر جار ڕۆحانیاتەکان پایەی گەڕان بەدوای "ئاشتیی ناوەخۆیی"یان بەرز کردووەتەوە بەبێ ئەوەی زۆر گوێ بە پێویستیی کارکردن لەپێناو ئاشتیدا بدەن لەڕێی بەشداریکردن لە کێشەکان و چوونە ناو تێکۆشان لەپێناو دادپەروەریدا. بەلام ئاخۆ پێویستە مرۆڤ چاوەڕوان بکا تا ئاشتیی ناوەخۆیی تەواو پڕ دەکا ئەنجا بیپەرژێتە سەر کارکردن لەپێناو ئاشتی لە جیهاندا؟ ئاخۆ مەترسی نییە چاوەڕوانی درێژە بکێشێ، بگرە درێژتر لەوەی قوربانییانی ستەم دەتوانن چاوەڕوان بکەن؟ بەپێی ئەم ڕۆحانیاتانە پێویستە سەرەتا "بەئاشتی لەگەڵ خۆی بژی" پێش لەوەی لافی ئەوە لێبدا ئاشتی بۆ کەسانی تر دێنێ. بەلام چۆن دەتوانم لە ئاشتیدا بم لەگەڵ خۆم ئەگەر سەرەتا لەگەڵ ئەوی تر لە ئاشتیدا نەبم؟ ئاخۆ خەیاڵپڵاوی نییە بەدوای ئاشتیدا بگەڕێیت لەبەرامبەر ئەو نەرگسیەتەدا لەگەڵ خود؟

مادەم مرۆڤ لە کرۆکدا بوونەوەرێکی پێوەندییەستە، ناتوانێ لە ئاشتیدا بێ بەو ئەندازەیە نەبێ کە لە ئاشتیدایە لەگەڵ مرۆڤەکانی تر، چونکە ئەو توندوتیژییەی زریکە لە کەسە نێزیکەکەمان هەڵدەسێنێ، مەحاڵە بهێڵێ ئێمە لە ئاشتیدا بژین، "نێزیکەکەیشمان" ئەو کەسەیە دوور لە ئێمە دەژی. تاکە پێوەری ئاشتی نەبوونی شەڕ نییە بەڵکو هەبوونی دادپەروەرییە، ئایدیۆلۆجیاکان لافی ئەوە لێدەدەن کە دەتوانرێ ئاشتی لەڕێی توندوتیژییەوە بسەپێنرێ. ئەگەر ئاشتی تەنیا برێتی بێ لە سەروەریی یاسا و سیستەم، ئەوا ڕیژیمی تۆتالیتاری ڕیژیمێکە ئاشتی تێیدا بەتەواوی بەرقەرارە، بەلام لەڕێی سەرکوتینەوەی پۆلیسییەوە کە تۆتالیتاریزم بەسەر ئەوانی تریدا دەسەپێنێ ڕێگە بە دەربڕینی هیچ کێشەیەک نادا، ئەوەش ڕوونە کە ڕیژیمی تۆتالیتاری ستەمکارترین ڕیژیمی سەر زەوییە.

ئیرادەی ئاشتی یەکەم شت ڕەتکردنەوەی شەڕ نییە، بەڵکو ڕەتکردنەوەی ستەمە، چونکە هەموو

شێوەکانی تاکڕەوی و هەموو خراپکاریەکان بەرامبەر ئازادی و کەرامەتی کەسەکان و هەموو پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ دەستدرێژین بۆ سەر ئاشتی. نابێ پەلە بکرێ لە گوتنی ئەوەی ئامانجی ئاشتی بریتییە لە چەسپاندنی تەبایی و پتەوکردنی دۆستایەتی لەناو مرۆڤەکان و ڕەوەند و گەل و نەتەوەکاندا، چونکە ئاشتی پێش هەموو شت ئامانجی بەرقەرارکردنی دادپەروەرییە، ئەم ئەرکەیش لەوە مەزنترە پێوانە بکرێ. بابەتەکە پێوەستە بە دروستکردنی دامەزراوەگەلێکی کۆمەڵایەتی کە بتوانن ڕێزگرتنی ماف و ئازادیی مرۆڤ دەستەبەر بکەن. پێویستە بنەوای یەکسانیی دەرفەت بۆ هەموو هاووڵاتییان لە بوارە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیرییەکاندا دوور لە هەر جیاکارییەک بەهۆی ڕەگەز و نەژاد و ئاینەوە، جێگیر بکرێ. ئاشتی تەنیا مافێکی مرۆڤ نییە و بەس، بگرە مەرجی پێشوەخت و پێویستە کە وا دەکا ڕێزگرتنی هەموو مرۆڤێک دەستەبەر بێ.

هەندێ جار ئاشتی لەناو کەسەکاندا، هەروەک ئاشتیی نێوان شارەکان، لەسەر متمانە دادەمەزرێ، بەڵام زۆربەی جار لەسەر پێوەندییەلی هێز دادەمەزرێ. ستەم تێکچوونی پارسەنگی هێزە، چەسپاندنی ئاشتیش گێڕانەوەی ئەو ترازووەیە بۆ حاڵەتی سرووشتیی خۆی. بێوەییخوازی (مسالمة) واتەی بەگژاچوونەوەی ستەمە. ئاشتی دەخوازێ سەرکێشی بکرێ بە پۆرت شکاندنی ستەمکاران و خۆلادان لەوە لەوانەیە جۆرێک بێ لە ترسنۆکی. بەڵام ئاخۆ دەکرێ بەو بەرەنجامە بگەین کە توندوتیژی ڕێگەی دروستە بۆ بێوەییخوازی.

ئایدیۆلۆجیای باو لەو بڕوایەدایە شەڕ تاکە ئامرازی پێویست و شەرعی و دروستە بۆ بێوەییخوازی. "حیکمەتی گەلان" دەڵێ "ئەگەر ئاشتیت ویست خۆت بۆ شەڕ ئامادە بکە"، بەڵام ئەم حیکمەتە باوە زۆر دوورە لە حیکمەت، چونکە ئەگەر کارمان تەنیا ئامادەکاری بێ بۆ شەڕ، ئەوا جگە لە شەڕکردن هیچ ناکەین و لە هونەریی بێوەییبوون بێئاگا دەبین و کاتێ لەبەرامبەر هەڕەشەیەکدا پێویست بێ کارێک بکەین، بەحەتمی پەنا بۆ شەڕ دەبەین. خۆئامادەکردن بۆ شەڕ، لەڕێی قەبارەی ئەو وەبەرهێنانە جۆرەوجۆرەی دەیخوازێ و بۆ بەرژەوەندیی خۆی ڕایدەکێشێ، کۆسپێکی گەورەیە لەبەردەم ئامادەکاری بۆ ئاشتی. تەرخانکردنی ئەو سەرچاوە مرۆیی و داراییانەی شەڕ بۆ خۆی دەیانبا، بۆ خزمەتکردنی ئاشتی لەوانەیە پەرەسەندنێکی یەکلاکەرەوە لە شارستانێتیدا بێنێتە کایە. بڕیاردان لەسەر دانی باجی ئاشتی، لە سەرکردە و هاووڵاتییان پێکەوە دەخوازێ، ئیرادەی سیاسییان هەبێ بۆ گۆڕینی خشتەی ئەرکە لەپێشینەکان تا هەمان بڕ لە زیرەکی و وزە -کە دوێنێ بۆ خۆئامادەکردن بۆ شەڕ تەرخان دەکرا- سبەی بۆ ئامادەکاری بۆ ئاشتی تەرخان بکرێ.

بێگومان خەڵک بەردەوام شەڕیان بەرپا کردووە و بە دەنگی بەرزیش هاواریان کردووە کە ئامانجیان تەنیا بێوەییبوون بووە. ڕاستە، لەوانەیە پیاوی شەڕ هەر بەڕاستی ئاشتی بوێ و نابێ پێشوەخت حوکم لەسەر نیازەکانی بدرێ و تۆمەتی خۆشویستی توندوتیژی بدرێتە پاڵ. بەڵام جگە

لەو نیەتەی دەیبزوێنێ، کردەوەی شەڕ خۆی لەخۆیدا زیان بە بەهاکانی شارستانێتیی باڵا دەگەیەنێ کە لەسەر ڕێزگرتنی ئەوی تر دامەزراوە، با دژبەریش بێ. ئامرازە توندوتیژە وێرانکەر و بکوژەکانی شەڕ، دژیەکیەکی جەوهەرییان لەگەڵ ئامانجی ئاشتیدا هەیە کە بریتییە لە هێنانەکایەی پێوەندیگەلێک لەناو مرۆڤەکاندا کە لەسەر بناخەی دادپەروەری دامەزرابێ و دوور بێ لە دەسەڵاتی توندوتیژی. مەترسی ئەوەیش هەیە شەڕ بە سەرکەوتنی "توندوتیژترین"ەکە کۆتای بێ کە دۆڕاوەکە بەفەتارەتدا دەبا. سەرکەوتنێکی لەو جۆرە ئاشتی دروست ناکا بگرە مەترسی ئەوە هەیە ئەڵقەی تۆڵە و تۆڵەسەندنەوە تا مەودایەکی نادیار درێژ بکاتەوە.

پیاوی ئاشتی ئەو کەسە نییە تەنیا ئاشتی مەبەستە، بگرە ئەو کەسەیە ئاشتی بەڕێگەی ئاشتییانە دەوێ. ئاشتی بریتی نییە لە نەبوونی کێشە، نابێ وا بێ و قەتیش وانابێ، بگرە کۆنترۆڵکردنی کێشەکان و بەڕێوەبردن و ڕێکخستن و چارەسەرکردنیانە بە شێوازگەلی دوور لە شێوازە تێکدەر و بکوژەکانی توندوتیژی. کەواتە ئیرادەی ئاشتی ئامادەکاری بۆ خستنەگەڕی بنەواکان و ستراتیجیەت و ڕێگەکانی کاری ناتوندوتیژانە لەخۆ دەگرێ. بەواتەی داهێنانی ئامرازی بەردەست بۆ بەرەنگاریکردنێکی مەدەنییانەی تاکڕەوی و ئامرازی بەرگریکردنی مەدەنی دژ بە دەستدرێژی و ئامرازی دەستوەردانی مەدەنی بەرامبەر هەڵوێستی ستەم.

هەندێکیان ویستیان بڕوا بە خەڵک بێنن کە حاڵەتی ئاشتی دەبێتە مایەی خاوبوونەوە و پاشەکشەی ئەخلاق، چونکە –بەبڕوای ئەوانە– خەڵک بەر بۆ هەوا و هەوەسیان شل دەکەن و تەنیا بەدوای چێژ و ئارەزووی سووک و بێنرخدا هەڵپە دەکەن. هەروەها گومانیان وابوو خەڵک لە حاڵەتی شەڕدا تەندروستیی مەعنەوییان بەدەست دێننەوە کاتێ بانگهێشت دەکرێن جوانترین فەزیڵەتەکانیان دەربخەن، تەنانەت فەزیڵەتی قوربانیدان بە ژیانیشیان.

گوتارێکی لەم شێوەیە تەنیا پشت بە لۆجیکێکی فریودەر دەبەستێ، چونکە ئاشتی زیاتر لە شەڕ پێویستی بە ئازایەتی و فەزیڵەت هەیە. ئیرادەی ئاشتی واتەی بڵاوکردنەوەی کولتووری ئاشتییە، ئەویش بە وەشاندنی تۆوی ناتوندوتیژی لە هەموو باخچەکانی کۆمەڵگەدا و بە باخچەکانی قوتابخانەکان دەست پێ دەکا، کە تێیدا بەچەکانی مرۆڤ فێری خوێندنەوە و نووسین و بیرکردنەوە و ژیان لە کۆمەڵگەدا دەبن.

* شەڕ
* بەرگریی مەدەنیی ناتوندوتیژانە
* ئاشتیخوازی

### ئاشتیخوازی

هەردوو وشەی "ئاشتیخوازی" و "ئاشتی خواز" لە زمان و کولتووری ئێمەدا بەشێوەیەکی بنچینەیی واتەیەکی سووکیان وەرگرتووە. کەسی ئاشتی خواز وا ناسراوە ئاشتی"بەهەر نرخێک"

بێ دەیەوێ، تەنانەت ئەگەر لەسەر حسابی دادپەروەریش بێ، بگرە گومان هەیە کە هەر ئاشتییەکی لە هەر شەڕێک پێ باشترە و لێرەشەوە ئامادەیە ملکەچی دیکتاتۆرییەت بێ لەبری خەباتکردن لەپێناو ئازادیدا. کەواتە ئەو ئایدیۆلۆجیا باوەی پایە دەداتە شەڕ و بەبالای چاکییەکانی شەڕدا هەڵدەڵێ، نەفرەت لە ئاشتی خوازان دەکا و بە ناپاکی و هەڵاتن تۆمەتباریان دەکا. لەناو ئەم ژاوەژاوە گەورەیەشدا ئەوانەی ناتوندوتیژی هەڵدەبژێرن تانەیان لێ دەدرێ بەوەی "ئاشتی خوازن!".

لە دەرەنجامدا ڕەنگە ڕاست بێ کە لەوانەیە ئاشتی ڕیسوایی و ڕەتکردنەوەی شەڕ جۆرێک لە ترسنۆکی بێ، چونکە بە ڕەتکردنەوەی ڕەهای شەڕ، لۆجیکی ئاشتیخوازانە "ئاشتی" دەکاتە شتێکی ڕەها و بگرە تەنانەت بە یەکەمین ڕەهاکان. بەڵام ئاشتی، ئەگەر بریتی بێ لە نەبوونی شەڕ، ئەوا ئەوە زۆر گرینگ نییە، بگرە دادپەروەری گرینگە کە ئازادی و کەرامەت دەستەبەر دەکا. بەهەمان شێوە ئەگەر ناچار بین لەناو بژارەی "ئاشتی لەگەڵ ستەمکاری"دا و "شەڕ لەپێناو دادپەروەرید"دا یەکێکیان هەڵبژێرین، ئەوە جێی خۆیەتی شەڕ هەڵبژێرین.

دەکرێ گریمانەی سەرەکیی ئاشتیخوازی کورت بکرێتەوە لەوەی: شەڕ شەڕی ڕەهایە چونکە بەدڵنیاییەوە ئەو خراپییانەی لێی دەکەونەوە لەو خراپانە گەورەترن کە لافی چارەسەرکردنیان لێ دەدا. بێگومان ئامرازەکانی شەڕ، واتە ئامرازەکانی توندوتیژیی وێرانکەر و بکوژ، خۆی لەخۆیدا دژە بەو ئامانجەی لافی کار بۆکردنی لێ دەدا کە پێکەوەژیانی ئاشتییانەی مرۆڤ و گەلانە. هەستی ئاشتیخوازانە پێکاویەتی لەوەی جاڕی نامرۆڤانەبوونی شەڕی داوە و سەرکۆنەی هەموو ئەو ئایدیۆلۆجیایانە دەکا کە پیرۆزی پێ دەبەخشن. بەڵام هەڵەی ئاشتیخوازی بریتییە لە سەرکۆنەکردنی بۆ "نەهامەتیەکانی شەڕ" بەبێ ئەوەی کۆمەڵێ ئامرازی واقیعی بۆ دانانی سنوورێک بۆ "نەهامەتیەکانی ئاشتی" پێشنیاز بکا. لەبەرئەوە بۆ هێنانەکایەی ئاشتیەک کە مافەکانی مرۆڤ مسۆگەر بکا تەنیا سەرکۆنەکردنی شەڕ بە باسکردنی نەهامەتیەکانی بەس نییە. بەڵێ، "ئای شەڕ کارێکی چەند گەمژانەیە!" بەڵام لە هەمان کاتدا "ئای دیکتاتۆرییەت و دەستدرێژیش چەند گەمژانەن!" و لێرەشەوە "ئای ئەو ئاشتییە چەند گەمژانەیە کە دیکتاتۆرییەت پەردەپۆش دەکا و لەگەڵ دەستدرێژی نەرمی دەنوێنێ!".

"ئاشتیخوازی" هەڵوێستێکی ئەخلاقیی ئامۆژگارییە و شەڕ –هەموو شەڕێک– سەرکۆنە دەکا، چونکە نائەخلاقییەتێکی پەتییە. بەمەیش گوتاری ئاشتیخوازانە بەوەی پێشوەخت شەڕی وەک شەڕی ڕەها خستووەتە ڕوو، دەبێتە کۆسپ لەبەردەم زانین و تێگەیشتن لەو کارلێکە مێژووییە ئاڵۆزەی وا دەکا شەڕ ئەگەری ڕوودانی هەبێ. ئاشتیخوازی لەوە تێنەگەیشتووە شەڕ تەنیا شایستەی ئەوە نییە سەرکوت بکرێ، بگرە دەخوازێ جێگرەوەیشی بۆ بدۆزرێتەوە. شەڕ ڕێبازێکی کارکردنە و ئامانجێکی دادپەروەرانەی هەیە ئەگەر مەبەستی بێ مافی چەوساوان بپارێزێ یاخۆ بیگێڕێتەوە.

بێگومان ڕێبازەکە بێزراوە، بەڵام لە بایەخی کارکردنەکە کەم ناکاتەوە. ئەگەر سەرکۆنەکردنی ڕێبازەکە ببێتە هۆی پاڵدانەوە لە کارکردن، کەواتە دەبێ ناتەواوییەک لە شوێنێکی ڕێوشوێنەکەدا هەبێ. لەڕستیدا بابای ئاشتیخواز لە تێڕوانینێکی خەیاڵییەوە بۆ مێژوو کار دەکا: گوتاری ئاشتیخواز لە جێیەکی نامێژووییدا چەقیوە کە پێداویستییەکانی کارکردن تێیدا بزرن. ئاشتیخوازی لە سەردەمێکدا بەدوای چاکەکاریدا دەگەڕێ کە تەنیا هێز پێوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکان دیاری دەکا، هەر بۆیە هەوڵەکانی بێ کاریگەری دەمێننەوە.

ئەوەی مرۆڤی سیاسی جوێ دەکاتەوە بەوردی ئەوەیە هێز هەڵی دەسوڕێنێ نەک ڕاستی. گوتاری ئاشتیخوازانە، چ یاسایی بێ یاخۆ ڕۆحانی، هەڵەیەکی گەورە دەکا کاتێ بەناوی بەرگریکردن لە ڕاستی و متمانە و برایەتی و ئاشتەوایی و خۆشەویستییەوە کێشە بە "ڕیسوایی" وەسف دەکا. لێرەیشدا لە مێژوو هەڵدێ و دەچێتە ئامێزی یۆتۆپیا.

هەروەها ئاشتیخوازی لە شانی خۆی کەم دەکاتەوە کاتێ بوار بەو بڕوایە دەدا گوایە تەنیا سوپا و چەکدارکردن هۆی شەڕەکانن و هەڵوەشاندنەوەیان بە مەرجی پێویست و بەس دادەنێ بۆ بەرقەراربوونی ئاشتی. جا بۆ ڕەواجدان بە سیاسەتی چەک داماڵین، پێویستە "هاوتایەکی وەزیفی بۆ شەڕ" بدۆزرێتەوە کە ئامرازگەلی بەرەنگاریکردنی دیکتاتۆرییەت پێشکێشی گەلان و ئامرازگەلی بەرپەرچدانەوەی دەستدرێژیش بخاتە بەردەم نەتەوەکان. ستراتیجی کاری ناتوندوتیژانە دەیەوێ ئەو ئەم ئامرازانە دەستەبەر بکرێن. کاری ناتوندوتیژانە -بەئەندازەی ئەوەی خۆی لەخۆیدا کارکردنە- یارمەتیی دۆزینەوەی چارەسەرێکی تۆکمە بۆ کێشە سیاسییەکانی ئاشتی و شەڕ دەدا، بەوەیش لە کەموکورتی و دژیەکیەکانی ئاشتیخوازی ڕزگار دەبین.

هەر لەبەرئەوەیش کە ڕای گشتی بە نیگایەکی نەرێنی سەیری وشەی "ئاشتیخوازی" دەکا، زۆر جار گوتارە باوەکان ئەم وشەیە بەکار دێنن بۆ ئاماژەپێدان -و زەمکردن-ی ئەو بزاڤە ئاشتیخوازانەی بەرهەڵستیی ئەم یان ئەو ڕواڵەتی سیاسەتی سەربازیی دەوڵەتان دەکەن. بەڕاستیش یەکێک لە بەسوودترین ڕێگەکان بۆ سووککردنی بزاڤێکی دیاریکراو زەمکردنیەتی لەکاتی ناوبردنانیدا. هەر بۆیە ئەم ناونانە کە مەبەست پێی تۆمەتبارکردنە، بەزۆری بۆ هەندێ بزاڤ بەکار دێ کە بەمەبەستی بەگژاچوونەوەی ستەم و هێنانەکایەی ئاشتی بە ئامرازی تری جگە لە توندوتیژی، شیکردنەوە دەکەن و ئامانجگەلێک بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن کە جیاوازیی جەوهەرییان لەگەڵ ئامانجەکانی "ئاشتیخوازی"دا هەیە.

* شەڕ
* ئاشتی
* ناسەربازگەرایی
* چەک داماڵین

ئەرکی بنچینەییی فەلسەفەی سیاسی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی ئازادە لە چەکمەی توندوتیژی. بە ئەندازەی هەڵوەشاندنەوەی شێوە جۆرەوجۆرەکانی توندوتیژی لە پێوەندیی نێوان تاک و کۆمەڵەکان، ئاشتی و دادپەروەری لە کۆمەڵگەدا بەدی دێن. لێرەشەوە توندوتیژی کە بەردەوام کار بۆ مەرگ دەکا، لەگەڵ خودی کاری سیاسیدا ناکۆکە. سیاسەت و توندوتیژی هەر بەسرووشت دژ بە یەکن، لەگەڵ ئەوەیشدا ئایدیۆلۆجیا باوەکان بەردەوام پێداگری لەسەر پێچەوانەی ئەمە دەکەن بەوەی توندوتیژی لە کاری سیاسی جیا نابێتەوە. بەپێی ئەو گوتارانە، لە سیاسەتدا پەنابردن بۆ توندوتیژی شتێکی حەتمییە و کارێکی ڕەوایشە لەبەرئەوەی تەنیا بەوە کار بەهێز دەبێ و دەست هەڵگرتن لە توندوتیژی دەست هەڵگرتنە لە سیاسەت خۆی و هەڵاتنە بۆ خەیاڵگەرایی. تەنانەت کاتێکیش ئەو ئایدیۆلۆجیایانە مل دەدەن بەوە توندوتیژی لە ڕوانگەی ئەخلاقی پەتییەوە پاساو هەڵناگرێ، هەر بۆ ئەوەیە زیاتر جەخت لەوە بکەن کە ناکرێ لەڕووی واقیعیەتی سیاسییەوە سەرکۆنە بکرێ.

لەڕاستیدا لە بەرامبەر هەموو ئەو تاوانانەی توندوتیژی ئەنجامیان دەدا و قەرەبوو ناکرێنەوە کاتێ دەبێتە ئامرازێکی جۆرایەتی بەدەست کاری سیاسییەوە، پێویست ناکا مرۆڤ خۆی تووشی سەرەسوڕێ بکا تا لەڕێی ڕامانی ئەخلاقییەوە تانەی لێ بدا، چونکە واقیعیەتی سیاسی خۆی چەندان بەڵگە بەدەستەوە دەدا بۆ دابەزاندنی بەهای توندوتیژی- ئەو بەڵگانەیش بنبڕن.

شاری سیاسی کاتێ لەدایک دەبێ ژنان و پیاوان -کە دان بە یەکسانی و لێکچوونیاندا نراوە- بڕیار دەدەن بەیەک بگەن تا پێکەوە بژین، واتە پێکەوە بدوێن و بڕیار بدەن و کار بکەن لەپێناو بنیاتنانی داهاتوویەکی هاوبەشدا. ئەو "پێکەوە قسەکردن" و "پێکەوە کارکردن" و "پێکەوە بڕیاردان"ـە بڕبڕەی پشتی ژیانی سیاسییە، چونکە ئەوەی دەرگەی کاری سیاسی دەکاتەوە و بناخەی بۆ دادەنێ ئاڵوگۆڕی قسە و گفتوگۆی ئازاد و دەمەتەقێی هاووڵاتییانە، واتە تاوتوێکردنی گشتی و دەمەتەقێی دیموکراسییانە. دامەزراندنی کۆمەڵگەیەک بەپوختی لە دروستکردنی هاوبەشیدایە. ئەو هاوبەشییەیش خۆی لە دەستوورێکدا بەرجەستە دەکا، واتە گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی کە هاووڵاتییان لەڕێیەوە ئەو پرۆژەیە پەسند دەکەن کە دەیانەوێ پێکەوە بەدی بێنن. کەواتە ئەوەی کاروباری سیاسی دادەمەزرێنێ توندوتیژی نییە، بەڵکو بەتەواوی پێچەوانەکەیەتی، قسەکردنی مرۆڤە. وەک دەزانین ڕێژیمی تۆتالیتاریش بەوە دەناسرێتەوە کە هەر کایەیەک هەڵدەوەشێنێتەوە هاووڵاتییان تێیدا ئازادیی دەربڕین و پێکەوە کارکردنیان هەبێ.

کەواتە جەوهەری کاروباری سیاسی خۆی برێتییە لە دیالۆگی مرۆڤەکان لەناو خۆیاندا، لەبەرئەوە سەرکەوتنی کاروباری سیاسی سەرکەوتنی ئەو دیالۆگەیە. هەروەها لەبەرئەوەی دەرکەوتنی توندوتیژی لەناو خەڵکدا بەردەوام واتەی شکستی دیالۆگەکەیان دەگەیەنێ، توندوتیژی

بەردەوام شکستی کاروباری سیاسی دەگەیەنێ. جەوهەری کاری سیاسی پێکەوە کارکردنی تاکەکانە، بەڵام کاتێ تاکەکان دژ بەیەکتر کار دەکەن، بەو کارە بناخەکانی خودی شارە سیاسییەکە هەڵدەتەکێنن. ڕاستە ژیانی مرۆڤ لەناو گرووپێکدا لەوانەیە لە هەر ساتێکدا بێگەردییەکەی لەدەست بدا کاتێ هەندێ کەس کە ڕێزی ئەو بەڵگەنامەیەی لەسەری دامەزراون یان هاوپەیمانییە بنچینەییەکەیان ناگرن، کێشە دەنێنەوە، بۆیە دەبێ ئەو کێشانە چارەسەر بکرێن تا ئاشتیی کۆمەڵایەتی بگەڕێتەوە و جارێکی تر بکرێ دیالۆگ لەناو هاووڵاتییاندا دەست پێ بکرێتەوە.

چارەسەری کێشەکان یەکێکە لە مەرجەکانی ژیانی سیاسی، بەڵام بناخەی ئەو ژیانە دانامەزرێنێ. ئەو کەسانەی بۆ بەدیهێنانی ئارەزووەکانیان یان تێرکردنی حەزەکانیان یان زاڵکردنی بەرژەوەندییە تایبەتەکانیان پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن، بەو کارە ئەو شوێنە بەجێ دێڵن کە پرۆژەی سیاسیی گرووپەکەیانی تێدا دادەڕێژرێ و بەدی دێ، بۆیە ئیتر کارەکەیان ناچێتە خانەی ئەو کایە گشتییەی بناخە بۆ شاری سیاسی دادەمەزرێنێ، بۆیە دەبێ توخم یاخۆ پاسەوانەکانی ئاشتی بەرکەناریان بکەن، هەروەها پێویستە ئەو "توخمانەی ئاشتی" ڕێگە ئاشتییەکان پێش بخەن و لە حاڵەتی ئەوپەڕی پێویستیدا نەبێ پەنا بۆ توندوتیژی نەبەن.

وا گونجاوترە بەردەوام کاروباری سیاسی بەگوێرەی ئەو پرۆژەیەی هەڵی دەگرێ پێناسە بکرێ، ئەو پرۆژەیەیش کە ئامانجی کۆکردنەوەی خەڵکە بۆ کارێکی هاوبەش هیچ بوارێک بۆ توندوتیژی ناهێڵێتەوە. کاری سیاسی چ لە ئامانج و چ لە چۆنییەتییەکانیدا بەشێوەیەکی ئەندامی لەگەڵ ناتوندوتیژیدا تەبایە. فەلسەفەی ناتوندوتیژی سەرلەنوێ دۆخی شاری سیاسی دەگێڕێتەوە چوارچێوەی ڕاستەقینەی خۆی و ڕەهەندە ڕاستەقینەکانی بۆ دەگێڕێتەوە. جا ئەگەر لە واقیعدا کاری سیاسی بە ناتوندوتیژی جیا بکرێتەوە، ئەوا توندوتیژی بە سرووشتی خۆی –با لە هەندێ بارودۆخیشدا پێویست بێ– "دژە سیاسەت"ـە anti– politique و ڕەنگە بشێ بوترێ توندوتیژی "پێش سیاسی"ـە pre-politique، ئەویش بەئەندازەی ئەوەی پێش کاری سیاسی بکەوێ و هەوڵ بدا ئامادەکاری بۆ بکا و وا بکا ببێ.

پێویستە کاری سیاسی ئیش بۆ ئەوە بکا ئاشتی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەرقەرار بکا، بەشێوەیەک کایەیەکی یەکسان بۆ هەموو هاووڵاتییان فەراهەم ببێ کە بتوانن تێیدا بەتەواوی ئاسایش و ئازادی بژین. سیاسەت دەخوازێ فێری بەڕێوەبردنی ناتوندتیژانەی ئەو کێشانە ببین کە لەناو هاووڵاتییاندا سەرهەڵدەدەن، ئەمەیش دەخوازێ بە ئامرازە ئاشتییەکان ئاشتیی کۆمەڵایەتی جێگیر بکرێ، لەو بوارەیشدا هەموو شت ناکرێ، بەڵام لە هەموو دامەزراوەیەکدا پێویستە ئەو کەسانەی پۆستی بەرپرسیاریەتی وەردەگرن، ئیرادەی سیاسییان هەبێ بۆ ئەزموونکردنی هەرچی ئەوەیە کە لەتوانادایە بکرێ.

* دەوڵەت

* دیموکراسی

* پۆلیس

**ئازایەتی**

مرۆڤی "ئازا" ئەو کەسەیە چاکییەکانی دڵ زاڵ دەکا. (وشەی courageی فرەنسایی (ئازایەتی) لە وشەی coeurەوە هاتووە بەواتەی "دڵ")، لەو ڕووەوە دڵ بارەگەی ئیرادە و وزە و ئەو سیفەتانەیە کە هێز و ورەی دەروون لەبەردەم ترس و سەرکێشی و هەڕەشە و مەترسی و سزا و مردندا، پێک دێنن. ئازایەتی فەزیلەتی مرۆڤی بەهێزە کە لە تاقیکردنەوەدا خۆی ڕادەگرێ. جا لەو ڕووەوە ترسی مرۆڤ بەردەوام لە مەترسیی مردندایە، ئەوا سیفەتی مرۆڤی ئازا بریتییە لە زاڵبوونی بەسەر ترسی مردن و سەرکێشیکردنە بە ژیانی خۆی بۆ بەرگریکردن لە پرسێکی ڕەوا کە کەرامەتی پێوە بەندە. گاندی "چاونەترسی" لە ریزی پێشەوەی سیفەتە چاکەکانی مرۆڤی بەهێزەوە داناوە. چاونەترسی in-trepide، بەپێی واتەی داتاشراوی ئەم وشەیە لەزمانی فرەنساییدا (کە لەلاتینیدا لە پێشگری نەرێکردنی in و trepidere بەواتەی "لەرزی" دێ)، ئەوەیە لەبەردەم مەترسیدا چۆکت نەلەرزێ، واتە نەترسیت، یان وردتر بڵێین بەسەر ترسەکەتدا زاڵ بی.

هەندێ جار دەگوترێ دەشێ ئازایەتی وەک چۆن لە چاکەدا بەکار دێ لە خراپەیشدا بەکار بێ، بەڵام ئازایەتیی مرۆڤ جێی سەرسامی و ڕێز نابێ تەنیا ئەو کاتە نەبێ کە لە چاکەدا بەکار بێ. نا، هیچ ئازایەتییەک لە کردنی خراپەدا نییە، کاتێ بەوردی لە بابەتەکە ڕادەمێنی، دەبێ پێداگری لەوە بکرێ کە مرۆڤی خراپکار چەندە نەبەردی پیشان بدا بۆ گەیشتن بە مەرامەکەی، مرۆڤێکی ئازا نییە. لە هەموو کولتوورەکاندا ئازایەتی فەزیلەتی ئەو پاڵەوانەیە کە هێزی زاڵبوون بەسەر ترسی خۆی هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسییانەی لە خەباتیدا لەپێناو دادپەروەری دێنە ڕێی.

لە کولتووری بۆماوەماندا ئازایەتیی مرۆڤ لە شەڕدا تاقی دەکرێتەوە، ئەو کاتە گۆرانی بە باڵای ئازایەتیدا دەوترێ وەک فەزیلەتی ئەو شەڕاوەرەی پێشڕەوی دەکا و دلێرانە سنگ بە مەترسییەوە دەنێ. هەروەها شەڕ بەو ساتە دادەنرێ کە تێیدا هاووڵاتی بە دەستبەرداربوونی لە بەرژەوەندییە تایبەتەکانی، بوونی ئەخلاقی و ڕۆحیی خۆی دەسەلمێنێ و ئازایەتی پیشان دەدا و لەپێناو بەرژەوەندیی گشتیدا سەرکێشی بە ژیانی خۆی دەکا. چەندان سەدەیە کۆمەڵگەکان دەقیان بە توندوتیژییەوە گرتووە و پێی سەرسامن و وەک سیفەتی مرۆڤی بەهێز کە ئازایەتیی ئەوەی هەیە بۆ بەرگریکردن لە شەرەف و ئازادیی خۆی و هاونیشتمانیەکانی خۆی بەسەر گەورەترین مەترسیدا بدا، پیرۆزییان پێ داوە. گواستنەوەی ئەم گۆشەنیگا کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆجییە، وای کردووە هەندێ ڕەفتاری ملکەچکردن و گوێڕایەڵیکردنی فەرمانەکانی دەسەڵاتداران کە لەپێناو پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییە باڵاکانی کۆمەڵەکەدا فەرمان بە کوشتن دەکەن، نەوە دوای نەوە بگوازرێتەوە و دووبارە ببێتەوە.



هەولێر نامەی کتێب

مەزنیی فەزیلەتی ئازایەتی کاتێ بەڕوونی دەردەکەوێ کە لەگەڵ ترسنۆکی -کە بەردەوام بێزراوە- بەراورد بکرێ، بەڵام کولتووری توندوتیژی هاووڵاتی لە دۆخێکدا بەند دەکا هەست دەکا کاتێ ڕووبەڕووی ستەمێک دەبێتەوە هیچ بژارەیەکی لەبەردەمدا نییە جگە لە توندوتیژی و ترسنۆکی، لەو بارەیشدا هان دەدرێ تا بۆ سەلماندنی ئەوەی ئازایە، توندوتیژی هەڵبژێرێ، جا لەبەرئەوەی ڕازی نییە ترسنۆک بێ، چ لە چاوی خۆی و چ لە چاوی خەڵکیشدا، بۆیە بەگشتی قایل دەبێ توندوتیژ بێ. بەوەیش ئایدیۆلۆجیای توندوتیژی هەر بەڕاستی هاووڵاتییان لەخشتە دەبا کاتێ جەخت لەوە دەکا تاکە ڕێگە بۆ ئازایەتی توندوتیژبوون و پێشوەخت تۆمەتبارکردنیانە بە ترسنۆکی، ئەگەر ڕازی نەبوون توندوتیژ بن.

دیارە ئەو کەسەی توندوتیژی هەڵدەبژێرێ، سەرکێشی بەژیانی خۆی دەکا بۆ بەگژاچوونەوەی ستەم، هەر بەڕاستی دەیسەلمێنێ کەسێکی ئازا و بەجەرگە و کەس بۆی نییە نکولی لە مافی ڕێزگرتنی بکا. هەروەها لەو کاتەی مرۆڤ دەکەوێتە ناو هەڵوێستێک کە ستەمی تێدا دەکرێ و بزانێ چاری نییە دەبێ توندوتیژی یان ترسنۆکی هەڵبژێرێ، ئازایەتی لێی دەخوازێ توندوتیژ بێ. ئەگەر ڕەتکردنەوەی توندوتیژی و شەڕ لە ڕقبوونەوە لە مردنەوە بێ نەک دڵتێکچوون بە کوشتن، ئەو کاتە ئەو ڕەتکردنەوەیە بەڵگەیە لەسەر ترسنۆکی.

بەڵام سرووشتی شەڕ وایە، لە باشترین حاڵەتدا، دوو شتی زۆر دژ کۆ دەکاتەوە: دەکرێ دەربڕی ئازایەتی بێ، بەڵام بەردەوام وەگەڕخستنی توندوتیژیی بکوژیش بێ. لێرەدایە دەشێ فەلسەفە ئەو لۆجیکە پێچەوانە بکاتەوە کە ئایدیۆلۆجیای باو بەدرێژایی چەندان سەدە زاڵی کردووە و پێی وایە شەڕ ئەگەرچی مرۆڤ فێری کوشتن دەکا، کارێکی شەرەفمەندایە لەبەرئەوەی بەرهەمی ئازایەتییە. پێویستە جەخت لەوە بکرێ کە شەڕ، وێڕای ئەوەی هەندێ جار کچی ئازایەتیشە، هەرگیز شەرەفمەندانە نییە، لەبەرئەوەی مرۆڤکوژە.

گاندی ڕوونی کردەوە کە مرۆڤ سەرپشک نییە لەناو توندوتیژی و ترسنۆکیدا، بەڵکو لەناو توندوتیژی و ترسنۆکی و ناتوندوتیژیدا سەرپشکە. ئەگەر توندوتیژی جیا بێ لە ترسنۆکی ئەوا ناتوندوتیژی باشترە لە توندوتیژی. لە دەرەنجامدا ناتوندوتیژی لە توندوتیژی زیاتر پێویستی بە ئازایەتی هەیە، بەڵام تەنیا ئەو کەسەی توانی ئەنجامدانی توندوتیژی هەیە دەتوانێ ناتوندوتیژی هەڵبژێرێ. ئازایەتیی ڕاستەقینەی مرۆڤی بەهێز برێتییە لە بەرەنگاریکردنی خراپە و ستەم و سواربوونی ملی مەترسیی مەرگ بۆ ئەوەی نەکوژێ، نەک مەترسیی کوشتن بۆ ئەوەی نەمرێ. ئازایەتیی هەرە مەزن بەرەنگاریکردنی خراپەیە، بەوەی خراپکار نەکەیتە سەرمەشق.

* شەڕ
* ترس
* ناتوندوتیژی

## پۆلیس

پێویستە هەر کۆمەڵگەیەک دەزگەیەکی پۆلیسی هەبێ کە ئەرکی "پاراستنی سیستم" و "سەپاندنی ڕێزی یاسا" بخاتە ئەستۆ. وشەی پۆلیس police (لە هەمان وشەی polotique داتاشراوە کە واتەی "سیاسەت"ـە)، هەروەها پێوەندیی بە حوکمکردنی "شار"ەوە هەیە (بەیۆنانی polis). ئامانجی کاری پۆلیس، هەر وەک کاری پیاوی سیاسی، بەرقەرارکردنی ئاشتییە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، واتە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد لە زەبری توندوتیژی. کاری پۆلیس بەشداریکردنە لە گەرەنتیکردنی ئازادییەکانی هاووڵاتییان و سەپاندنی ڕێزگرتنی مافەکانیان و ئاسایشیان. پێویستە پیاوانی پۆلیس هەر بەڕاستی "توخمەکانی ئاشتی" بن، واتە پێویستە "ئاشتی دروست بکەن" لەناو ئەو کەس و گرووپانەی لە هەمان شاردا دەژین. بۆیە پێویستە پۆلیس ئاژاوەچییان دابڕن و شەڕیان دوور بخەنەوە.

کەواتە ئەرکی پۆلیس لە بنەڕەتدا "دژە توندوتیژی"یە، هەر بۆیە پێویستە کاریگەرترین ئامرازەکان بخرێنە کار بۆ گەیشتن بەو ئامانجە. گونجاوترین ئامرازیش بۆ بەدیهێنانی ئاشتی ئامرازە ئاشتییەکانن. لێرەدا دەکەوین بەسەر کاراییی ستراتیجی کاری ناتوندوتیژانەدا، پێویستە ئامرازە کارپێکراوەکان لەگەڵ ئامانجەکەدا بگونجێن و پێکەوە هاوئاهەنگ بن. کەواتە ئەرکی سەرەکیی پۆلیس دوورخستنەوەی کێشەکان و لەکاتی پێویستدا چارەسەرکردنیانە، ئەویش بە پەنابردن بۆ ڕێگە ناتوندوتیژانەکان بۆ چوونەناو و میانگیری و ئاشتەوایی. بۆیە زۆر پێویستە ئەو شیاندنانەی لە قوتابخانەکانی پۆلیسدا دەکرێن بەپێی توانا ڕاهێنانی لەسەر ئەم ڕێگەیانە تێدا بێ.

لەگەڵ ئەوەیشدا لەوانەیە پۆلیس ناچار بێ بەمەبەستی دوورخستنەوەی ئاژاوەگێڕان و ڕێگرتن لە خراپەکانیان شێوازەکانی "ناچارکردنی جەستەیی" بگرێتە بەر. هەندێ هەڵوێست هەن ئاستەمە بەبێ پەنابردن بۆ توندوتیژی، دەستی کەسێک یان چەند کەسێکی چەکدار کە هەڕەشە لە ژیانی خەڵک دەکەن، کۆتا بکرێ. بەڵام تەنانەت لە بارودۆخێکی لەم جۆرەیشدا دەبێ ئەوەی لەتوانادا بێ بکرێ بۆ چەککردنی تاوانبار یاخۆ تاوانبارەکان و قۆڵبەستکردنیان بەبێ بریندارکردن یان کوشتنیان. جا ئەگەر وێڕای هەموو شتێک کەسێک لەسەر دەستی پۆلیس مرد، بە شکستێک دادەنرێ کە هەر جۆرە "ڕاگەیاندنێکی سەرکەوتن" قەدەخە دەکا. جا ئەگەر پۆلیس نەیتوانی بەبێ بەکارهێنانی توندوتیژیی کوشندە ئاشتی کۆمەڵایەتی بەرقەرار بکا، ئەوا هەموو کۆمەڵگە لەو شکستەدا بەرپرسە. کاتێ دیموکراسی ڕەتی دەکاتەوە دان بە توندوتیژیەکەیدا بنێ وەک شکستێک، ئەوا خۆی خۆی نەفی دەکا.

جێی خۆیەتی بپرسین ئاخۆ دەکرێ عورفێکی گشتی دابنرێ تێیدا نوێنەرێکی دەوڵەت، هەرکات بەکارهێنانی پۆلیس بووە هۆی مردنی مرۆڤێک، دان بەوەدا بنێ کە بەکارهێنانی توندوتیژیی

کوشندە تەنانەت ئەگەر پێویستیش بێ، ئەوە لە هەموو کاتدا مەرگەسات و کۆست و شکستە، لەبەرئەوە پێویستە وەک حاڵەتێکی "تازیەباری" مامەڵەی لەگەڵ بکرێ.

بوونی هەندێ حاڵەت کە بە ناچاری دەبی پەنا بۆ توندوتیژی ببری نابێ، بکرێتە پاساو بۆ گێڕانەوەی بایەخ بۆ توندوتیژی وەک ئامرازێکی ئاسایی دروست بۆ دابینکردنی سیستمی گشتی و گێڕانەوەی ئاشتیی کۆمەڵایەتی. بۆ ئەوەی هەڵاوێر نەبێتە ڕێسا بگرە پاڵپشتی ڕێساکە بکا، گرینگە ڕێژی ئەو ڕێسایە زۆر بگیرێ. ئەو ڕێسایەش پێویستە بریتی بی لە چارەسەرکردنی ناتوندوتیژانەی کێشەکان. بەڵام وا دەبینین دەوڵەتە دیموکراسییەکان خۆیشیان ئاسانکاری لە توندوتیژی پۆلیسدا دەکەن تەنانەت لە دەرەوەی سنووری زۆر پێویستەکانیش، ئەوەتا پیاوانی پۆلیس لە ڕاپەڕاندنی کارەکانیاندا تا ڕادەیەک لە تۆڵەسزا (قصاص) دەربازن چ لە کاتی لێکۆڵینەوە لە بەشەکانی پۆلیس یان لە کاتی بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندانە گشتییەکاندا، ئەوەیش ئەو باوەڕەی لا دروست کردوون کە ڕێ پێدراون کاری توندوتیژیی ئەوتۆ دەرهەق بە هاووڵاتییان ئەنجام بدەن، کە هەرگیز بۆ پاراستنی ئاسایشی گشتی پێویست نییە، وەک ئەوەی جوێن دەدەن و خەڵک فەلاقە دەکەن، کە چاوەڕوان دەکرێ لە دەوڵەتی یاسادا چاوپۆشی لەو شتانە نەکرێ. پێویستە لەمڕۆوە هاووڵاتییان چاوکراوە بن و سەرکۆنەی ئەو سەرپێچییانەی "پاسەوانانی ئاشتی" بکەن.

بەشدارانی تێکۆشانی ناتوندوتیژی، بە ئاقڵی و پیاوەوە بە شێوەیەکی سرووشتی ڕووبەڕووی پیاوانی پۆلیس دەبنەوە کە بەرپرسن لە" پاراستنی سیستم" و " سەپاندنی ڕێزی یاسا". پێویستە لەبارەی ئەم دیدارەشەوە، کە هێندەی نەویستراوە هێندەش حەتمییە، دانوستاندن بکرێ، ئەویش بەپێی بنەواکانی ناتوندوتیژی. لێرەدا بەڵگە خاوەن مۆرکە ئەخلاقییەکان دەچنە پاڵ بەڵگە خاوەن مۆرکە تاکتیکییەکان بۆ پاساوبەخشین بەوەرگرتنی هەڵوێستێکی بە نەزاکەتی توند بەرامبەر پیاوانی پۆلیس. سووکایەتیکردن بە ئەندامانی هێزەکانی ئاسایش چ بە جوێن پێدانیان بی یان تێگرتنی بەردی شەقامەکان[٩]، یەکەم شت ستەمکردنە لە خەڵکانێک کە بەرپرسیارییەتیە کەسییەکەیان پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەو کێشەوە نییە لە ئارادایە. "جیانەکردنەوەی دوژمن" بەردەوام هەڵەیەکی گەورەیە. زیاد لەوەیش زۆر لەوانە تەنیا لە ژێر پاڵەپەستۆی ژیانی کۆمەڵایەتیی خۆیاندا ئەو پیشەیەیان هەڵبژاردووە.

هەڵویستی سووکایەتی نواندن بەرامبەر پیاوانی پۆلیس جگە لە تووڕەکردنیان لە خۆپیشاندەران و بەندکردنیان لە چوارچێوەی ڕۆڵی خۆیاندا وەک ڕەگەزی سەرکوتینەوە هیچی تری لێ ناکەوێتەوە، ئەمە لە کاتێکدا لەوانەیە هەندێکیان لە شەرعییەتی ئەو فەرمانانەی پێیان دەدری بەگومان بن و بپرسن. بەڵام هەر کە هەستیان کرد توندوتیژیی خۆپیشاندەران هەڕەشەیان لێ دەکا چ شاراوەیی بی یان کردەوە، سڵ ناکەنەوە لەوەی پەنا بۆ توندوتیژی ببەن، هەر بۆ ئەوەی بەرگری لە خۆیان بکەن، چونکە پیاوانی پۆلیسیش مرۆڤن و دەزانن ترس چییە. بەکورتی

بەدەرچوون لەو گێژاوی توندوتیژییە، دەستی یاسا باڵا دەبێ.

بەپێچەوانەشەوە، ئەگەر خۆپیشاندەران ڕاشکاوانە بەخەڵکیان ڕاگەیاند کە پابەند دەبن بە هەڵوێستێکی ناتوندوتیژانەوە، ئەوا چاوەڕوان دەکرێ ئەم هەڵوێستە فتیلەی دوژمنایەتیکردنیان لەلایەن پۆلیسەوە دەربێنێ و لەئەنجامی ئەوەیشدا لەوانەیە سرووشتی ڕووبەڕووبوونەوەی هەردوولا بەقووڵی بگۆڕێ. بۆ ئەو مەبەستەیش جێی خۆیەتی پێش لە دەست بەکاربوون هەڵمەتێکی ڕاگەیاندن ئاراستەی پۆلیس بکرێ، جا ئەگەر ئەوە کرا، دەکرێ هەندێ پێوەندیی کەسییان پێوە بکەن، چ لەگەڵ دەستڕۆیشتووە بچووکەکانیان بێ یان لەگەڵ بەرپرسان و دروستیی ئامانج و هەروەها ئامرازەکانی خۆپیشاندەرانیان بۆ ڕوون بکرێتەوە. ئەو کاتە پێویستە هەوڵ بدرێ متمانەیان لەلا دروست بکرێ کە ئەوان وەک "پاسەوانانی ئاشتی" لە ئەرکەکانیاندا ڕێزیان دەگیرێ و کاری خۆپیشاندەران بەهیچ شێوەیەک هەڕەشە نابێ لەوان. بەوە دەشێ لە چالاکییەکە تێ بگەن و بگرە دوور نییە ببنە هاوسۆزیشی.

ئەزموونی تێکۆشانی ناتوندوتیژانە ئەمەی خوارەوە پیشان دەدا: کارێکی بێهوودە نییە پیاوانی پۆلیس هان بدرێن بۆ یاخیبوون لە فەرمانە ناشەرعی یان لانی کەم نایاساییەکان کە فەرمانیان پێدەکەن لەکاتی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیاندا توندوتژی دژ بە هاووڵاتییان بەکار بێنن. لەڕاستیدا هیچ هۆیەکی دروست نییە، نە بۆ هاووڵاتییان و نە بۆ پۆلیس، تا هەریەکەیان ئەوی تر بە دوژمنی خۆی بزانێ. بەڵام هیچ شتێک نییە گەرەنتیی ئەوە بکا پەنابردن بۆ ڕێگەکانی کاری ناتوندوتیژ بەکردەوە هەڵمەتی سەرکوتینەوە لەلایەن پۆلیسەوە کۆتا دەکا. هەروەک ئەزموون پێمان دەڵێ بژارەی ناتوندوتیژی بەس نییە بۆ دوور بوون لە لێدان و خوێن ڕشتن و ڕەنگە تێکۆشانی ناتوندوتیژیش چاری ناچار بێ بریندار و کوژراوەکانی سەرژمێر بکا، بەڵام ئەو کاتە لای ڕای گشتی ئەوە بەڕوونی دیار دەبێ کە دەسەڵاتداران تەواوی بەرپرسیاریەتیی پشێوی و توندوتیژییان دەکەوێتە گەردن و پێویستە خۆپیشاندەران خۆیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم ئەگەرە ئامادە بکەن، چ ئامادەیی دەروونی بێ یاخۆ جەستەیی. لەبەرئەوە پێویستە خەباتکاران لە زنجیرە دانیشتنێکی ڕاهێناندا، فێری ئەوە بن چۆن چۆنی گوشاری دەروونیان چارە دەکەن stress-management، لە ڕووی جەستەییشەوە بەشێوەیەک خۆیان ساز بکەن کە بتوانن بەباشترین شێوە ڕووبەڕووی دڕیی پۆلیس ببنەوە بەبێ ئەوەی هەڵبێن، بەوەیش دەستی یاسا باڵا دەبێ!

* دەوڵەت

* سەرکوتینەوە

**ململانە**

بوون ململانەیە لەپێناو ژیاندا. بۆ ئەوەی بەرگری لە مافەکانی خۆم و ئەوانە بکەم کە دەمەوێ هاوهەڵوێستیان بم، پێویستە لەسەرم بچمە ململانە و شانەخڕێ لەگەڵ ئەوانەی هەڕەشە لەو

مافانە دەکەن یان داگیریان دەکەن.

ئەوەی هەڵوێستی ستەمی بەگشتی پێ دەناسرێتەوە، مەحاڵیی دیالۆگە لەناو لایەنە ناکۆکەکاندا. مادەم دیالۆگیش مەحاڵ بێ ململانە پێویست دەبێ. ئەوە ڕۆچوونە لەناو خەیاڵگەراییدا کە پێمان وا بێ دەکرێ لەڕێی گرەوکردن تەنیا لەسەر دیالۆگ بۆ چەسپاندنی دادپەروەری، دەستبەرداری ئەم ساتی ململانە و ڕووبەڕووبوونەوەیە ببین، چونکە وەزیفەی ململانە هێنانەکایەی هەلومەرجی دیالۆگە لەڕێی هێنانەکایەی هاوسەنگییەکی نوێی هێز کە ئەوی تر ناچار بکا وەک هاوگۆیەکی پێویست دانم پێدا بنێ. بەوەیش دەرفەت دەڕەخسێ دەرگەی دانوستاندن بۆ تاوتوێکردنی خاڵەکانی ڕێککەوتنێک بکرێتەوە کە سنوورێک بۆ کێشەکە دابنێ.

هیچ ئاشتییەک بەبێ دادپەروەری نابێ و هیچ دادپەروەرییەکیش بەبێ ململانە نابێ. بەڵام ململانە لەپێناو دادپەروەریدا پێویستی بە ئامرازی دادپەروەر، واتە ناتوندوتیژ هەیە. ناتوندوتیژی دەیەوێ کێشەکە بگۆڕێ بەشێوەیەک ململانە نەبێ لەدژی دژبەرەکە، بەڵکو ململانە بێ لەگەڵیدا. ئامانجی ململانە گەیشتنە بە دانوستاندن لەگەڵ دژبەر لەبارەی پەیماننامەیەک کە ببێتە بناخەی هاوبەشییەک لەگەڵی. ناتوندوتیژی دەیەوێ لەڕێی پێشوەخت لەبەرچاوگرتنیەوە، پێش ئەم دواین قۆناخەی کێشەکە بکەوێ. تەنانەت لە جەرگەی ململانەیشدا، دژبەر "شەریک"ێکە پێویستە شێوەیەک بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانە لەگەڵی بدۆزرێتەوە. بەوەیش ئامانج نابێتە سڕینەوەی دژبەر، بگرە دەبێتە ڕاگرتنی دژایەتی.

* ناچارکردن
* دیالۆگ
* شەڕەنگێزی
* هێز
* کێشە

**ململانەی کۆمەڵایەتی**

تاکەکان، خۆیان هەست بەوە بکەن یان نا، سەر بە چینێکی کۆمەڵایەتین کە لەوانەیە تا ئەم یان ئەو سنوور "خاوەن سەرماف" بێ یاخۆ "بێبەش لە سەرماف" بێ، ئەویش بەگوێرەی شوێن و پێگەی لەناو سیستەمە ئابووری و سیاسییە باڵادەستەکەدا. بەدڵنیاییەوە گوریسە پچڕەیەکی توند هەیە لەناو ئەوانەی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانیان لەدەستدایە و هەڵیان دەسووڕێنن و ئەوانەی بە کارکردنیان بەشداری لە دروستکردنی ساماندا دەکەن کە بەشێکی لە شێوەی قازانجدا قۆرخ دەکرێ. جا ئەگەر ئەم بەهەڵستییە وەزیفییە سووکتر و هێورترە لەوەی دوێنێ ڕووی دەدا، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو ململانەیەی کرێکاران دەستیان دایە بووە مایەی ئەوەی بەشێکی زۆر لە داخوازییەکانیان بێتە دی. لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەگەرچی ڕۆژگار هەندێ لەو پێوەرانەی تێ پەڕاندووە



هەواڵنامەی کتێب

کە مارکس پیشانی دابوون، بەڵام ململانەی چینەکان –بەپێچەوانەی جەختکردنە پەلەپڕوزەکانی ئایدیۆلۆجیای لیبرالی– " هێشتا ماوە و تێ نەپەڕێنراوە".

تەنانەت ئەگەر هەندێ دەسکەوتی کۆمەڵایەتیش بەدەست هاتبێ –کە زۆر بە زەحمەت بەدەست هاتوون– و بەهۆیەوە هەلومەجی ژیانی چینی ناوەندی بەشێوەیەکی بەرچاو باشتر کردبێ، ئەوا "کارە توندوتیژییە بنیاتی"یەکانی سەرمایەداری هێشتا لە کۆمەڵگەکانماندا ماون. بەوەیش "قۆستنەوەی مرۆڤ بۆ مرۆڤ" شێوەی تر وەردەگرێ: دەسەڵاتێکی بێسنووری پشکداران (بەڕێوەبەرانی سندوقەکانی مووچەکان، دڵنیاییکردنی ژیان، کۆمپانیا وەرگرەکان holdings) کە لەقاندنی جێگیریی فەرمانبەرانیان لە بازاڕی کاردا –کە تا دێ توانی کشانی زیاد دەکا– بەدامەزراوە کردووە + دەرکەوتنی چینێکی بنکەوتووی نوێ "لە کرێکارانی هەژار" + دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی. لێرەشەوە هێشتا بەدەستهێنانی دەرفەتی یەکسان لە هەر کاتێکی تر زیاتر کێشەیە و بەدەستهێنانی بەبێ خۆ ڕێکخستن و خەباتی قوربانییانی ئەو ئابوورییانەی لە ڕووی بنیاتییەوە ئەوەی پێیان کرابێ بۆ بەرتەسککردنەوەی مافە بنچینەییەکانی فەرمانبەران و سەنگەرگرتن لە لاوازترینیان، کردوویانە.

بێگومان ئێمە هێشتا نەمانتوانیوە چینێکی باڵادەست "چینی بۆرجوزای" و چینێکی سەرکوتکراو ("پرۆلیتاریا" "زەحمەتکێشان") دیاری بکەین وەک دوو بارستەی جیاواز و تایبەت، لەگەڵ ئەوەیشدا بەبەردەوامی و بەشێوەیەکی سرووشتی کێشەی کۆمەڵایەتی لەناو کرێکاران و بەڕێوەبەرانی کۆمپانیاکاندا ڕوو دەدا. لەو ڕووەیشەوە کە کرێکاران تەنیا لەڕێی ململانەوە دەتوانن هەلی داننان بە مافەکانیان بسەپێنن، ئەوا دەستەوازەی "ململانەی چینەکان" ئەگەرچی لەناودا نییە و تەنانەت شێوەگەلی نوێی وەرگرتووە، هێشتا لە کۆمەڵگەکانماندا ڕاستییەکە و ناتوندوتیژی دەخوازێ دانی پێدا بنێین.

پاساودان بە "ململانەی چینەکان" واتەی هاندانی "ڕقی چینایەتی" نییە، هەروەک واتەی ئەوە نییە مل بۆ زاڵبوونی توندوتیژی بەسەر پێوەندیی نێوان چینەکانیش نییە، بەسادەیی مەبەست ئەوەیە تەنیا ململانە دەتوانێ دادپەروەریی زیاتر لەناو چینەکاندا بەرقەرار بکا. داواکردنی دادپەروەری لە هەمان کاتدا واتەی دەستگرتنیشە بە ئامرازگەلی دادپەروەرانە، واتە ناتوندوتیژانەوە بۆ بەدەستهێنانی. لە ڕاستیشدا، چینە هەژارەکان بەزۆری لەڕێی ئەم جۆرە ئامرازانەوە کار بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری دەکەن.

بەڵام پەنابردنی ئەم چینانە بۆ خەباتی ناتوندوتیژ بەپلەی یەکەم کارێکی براگماتییانەیە و بەگشتی ناگەڕێتەوە بۆ تیۆرێک لە ناتوندوتیژیدا و ناتوندوتیژی وەک شتێکی نامۆ دەمێنێتەوە لە ڕۆشنبیریی چینی کرێکاردا. لەبەرئەوەی هێشتا زام و برینەکانیان لەیاد نەچووە، بۆیە ئامادە نین گوێ بۆ ئامۆژگاریی ئەو مژدەدەرانە بگرن بە ڕەتکردنەوەی توندوتیژی و خۆشویستنی دوژمن، چونکە ئەو جۆرە گوتارانە بەزۆری داوای هاوکاریی نێوان چینەکان دەکەن.

چەمکێکی دیاریکراو هەیە لەبارەی "چاکەکردن" لەگەڵ هەژاران کە پاش سەردەمێکی دوور و درێژ لە پێداگری لەسەر گێڕانەوەی مافی سەرکوتکراوان، لەکار خرا. بەو ڕێگەیەش ئاینەکان زۆربەی کات بەشدارییان لە مانەوەی ئەو پشێوییەدا کردووە کە لەئارادا بووە. دەسەڵاتدارانی ئاینی کاتێ بانگەشەیان بۆ "ئاشتیی کۆمەڵایەتی" و سەرکۆنەی "ململانەی چینایەتی"یان کردووە، تێبینیی ئەوەیان نەکردووە ئەو توندوتیژییەی لەو ئاشتییەدایە زیاتر بووە لەوەی لە ململانەکەدایە!

دان نەنان بە پێویستیی بوونی کێشە و ململانە و ڕەواییان، بەدڵنیاییەوە لە بەرژەوەندیی خاوەن دەسەڵاتەکان تەواو دەبێ، چونکە دەچێتە خانەیەکی جیاواز لە خانەی ناتوندوتیژی. گفتوگۆی چینەکان و ئاشتیی کۆمەڵایەتی دوو ئامانجن لە ئامانجەکانی ناتوندوتیژی، بەڵام ئەگەر ئامانج دیالۆگ بێ، ئەوا ململانە ئامرازی گەیشتنە بەو ئامانجە.

* دیالۆگ
* ململانە
* هێز

**پێویست**

مرۆڤ کاتێ پەنا بۆ توندوتیژی دەبا، بەگشتی بەوە پاساوی بۆ دێنێتەوە کە ئەو کارە پێویست (زەرورەت) بووە. تایبەتمەندیی ڕێبازی توندوتیژی جەختکردنە لەسەر ڕەوایی توندوتیژی کاتێ پێویست بێ و لەسەر نارەوابوونی کاتێ پێویست نەبێ. بەڵام پێ دەچێ ئەم وابەستەکردنە تیۆرییە لەسەر ئاستی پراکتیک یەکخراو بێ، چونکە ئەو کەسەی بڕیار دەدا پەنا بۆ توندوتیژی ببا، یەکی لەسەر ئەوە ناکەوێ بەڵگە بۆ "پێویستبوون"ی توندوتیژییەکەی بدۆزێتەوە. ئای ڕێبازێکی چەندە بێبار و دژیەکە کە بە ڕەوای دەزانێ هەر کەس توندوتیژی بەکار بێنێ پاساوی بۆ بێنێتەوە، بەڵام بۆ ئەوانە نەبێ کە تاڵاوی توندوتیژییەکە دەچێژن، بۆ کەسی تری ڕەوا نازانێ سەرکۆنەی بکا!

بەڵام لەوانەیە من لەژێر باری "زەرورەت"دا هیچ دەرەتانێک نەبینمەوە جگە لە پەنابردن بۆ ئامرازە توندوتیژەکان بۆ هەوڵدان بۆ بەرهەڵستیکردنی توندوتیژییەک کە هەڕەشە لە کەسێکی تر دەکا، زەبوونی دەکا، ئەشکەنجەی دەدا و دوور نییە بشیکوژێ. کردنی زەرورەت بە بیانوو پێویستە بژارەیەکی ئەخلاقیی توندگیر و جۆرە سەرکێشیکردنێک بێ. ئەم دژە توندوتیژییەیش "پێویست" نییە بەو واتەیەی نەتوانم ئەنجامی نەدەم، بگرە بەو واتەیەیە من دەمەوێ ناچار نەبم بیکەم. لەبەر ئەوە من بەئەنقەست دەیکەم، بەڵام بەناچاری، چونکە ئەو توندوتیژییەی من پێم وایە ئەنجامدانی پێویستە بۆ ڕێگرتن لە خراپکارێک، تووشی زیانێکی دەکا کە من نامەوێ ئەو زیانەی پێ بگا، لەبەرئەوەی لە بنەوا بنچینەییەکانی ناتوندوتیژی ئەوەیە هیچ مرۆڤێک، چەندە خراپەیشی کردبێ، "شایستە"ی زیان پێگەیاندن نییە. ئەو خراپەیەی من بە پێویستی دەبینم شتێکی ڕەوا نییە، لەبەرئەوەی مرۆڤایەتیی کەسی خراپکار بەردەوام شایستەی ڕێزگرتنە.

ئەو توندوتیژییەی من بەرامبەری دەیکەم و مرۆڤایەتییەکەی دەشێلێ، دژی ئەو ڕێزەیە کە پێویست من لەو کەسەی بگرم، هەر بۆیە کاتێ من بەبیانووی ئەوەی "سووکترینی دوو خراپە"یە بۆ بەرگرتن لە خراپەیەکی گەورەتر پەنا بۆ توندوتیژی دەبەم، پێویستە ئەوەم لە یاد نەچێ کە ئەم "خراپە سووک"ە دواجار هەر شەڕە و بەداخەوە هەر بە خراپەیش دەمێنێتەوە. بێگومان ئیرادەی من چاکەی دەوێ –ئەویش بەپێی توانا ڕاگرتنی توندوتیژییەکە کە ئازاری کەسێکی تر دەدا– بەڵام بەکارهێنانی ئامرازگەلێک قبووڵ دەکا کە خراپەیان تێدایە. کەواتە ناتوانم بەم توندوتیژییە ئازار نەچێژم کە جۆرە دژیەکییەکە. لێرەشەوە کاریگەریی هەر ڕێبازێکی توندوتیژ بەوردی لەوەدایە ئەو دژیەکییە بزر دەکا.

جگە لەوەیش من بەدڵنیاییەوە خراپەیەک دەکەم بەبێ ئەوەی دڵنیا بم لەوەی چاکەیەک لەو خراپەیەم دەکەوێتەوە. ئەم بژارەیە تەنیا بە ئەنجامگیری لە ڕێی شیکردنەوەی ئەنجامگەلێکی کردارییەوە کە دواتر ئەنجام دەدرێ، دەردەکەوێ بەکەڵکە یان بێکەڵکە. بەڵام ناتوانم خۆم لەو سەرکێشییە لابدەم مادەم پاش تێڕامان لە ئاکامەکان، پێم وابێ ئەو خۆ لادانە نیشانەی ترسنۆکییە. ئەم دژیەکی و سەرکێشییە نیشاندەری مەرگەساتی دۆخی مرۆڤن.

خۆهەڵواسین بە "زەرورەت"دا بۆ پاساودان بە توندوتیژی، بەڵگەی ئەوەیە مەحاڵە پاساوێکی مرۆڤانەی بۆ بدۆزرێتەوە. مرۆڤ بۆ ئەوەی "خۆی" بێ پێویستە لەسەری بەپێی توانا بەرەنگاریی ئەو حەتمیاتانە بکا کە کۆسپن لە بەردەم کاری داهێنەرانەی، لەوەی مرۆڤێکی ئازاد بێ. مرۆڤ مرۆڤایەتیی خۆی بەدی ناهێنێ و ئازادی بەدەست ناهێنی تا نەتوانێ زەرورەتی توندوتیژی تێپەڕێنێ. بە ملکەچکردنی بۆ زنجیرەی ئەم زەرورەتە دەست لە مرۆڤایەتی خۆی دەشوا و ئازادی لە دەست دەدا. زەرورەت یەکسان نییە بە شەرعییەت، تەنانەت لە بارێکیشدا وا دیار بێ بەکارهێنانی توندوتیژی بەشێوەیەکی سنووردار و گونجاو لەگەڵ هەلومەرجەکەدا پێویستە، ئەوا ئەرکی ناتوندوتیژی هەر دەمێنێ، چونکە زەرورەتی توندوتیژی ئەرکی ناتوندوتیژی هەڵناوەشێنێتەوە.

لە هەموو هەلومەرجێکدا دەبێ پابەند بین بە ئەرکی "مەکوژە"وە، چونکە پاساودان بە هەڵاوێران، ڕەتکردنەوەی ئەرکەکەیە. زەرورەتی کوشتن پاشاگەردانییە نەک دژەسیستمێک و نابێتە پاکانە بۆ بکوژ. پاساودانی توندوتیژی لەژێر پەردەی زەرورەتدا بەدڵنیاییەوە بەپێویستکردنی توندوتیژییە. ئەوەیش پێشوەخت پاساودانی هەموو ئەو توندوتیژییانەیە لە داهاتوودا ڕوو دەدەن و بەندکردنی داهاتوویە لە "زەرورەتی توندوتیژی"دا. جا ئەگەر "هەموو جار" بەناوی زەرورەتەوە پاساوم دایە توندوتیژییەکەم، ئەوا بۆ "جاری داهاتوو" زەرورەتیش یاسای خۆیم بەسەردا دەسەپێنێ و "لە هەموو جارەکان"دا بەو شێوەیە دەبێ. پێویستە پەنابردن بۆ ئامرازگەلی توندوتیژ هەڵاوێرانێک بێ کە ڕێسا گشتییەکە بچەسپێنێ، نەک هەڵی بوەشێنێتەوە.

هەروەها لەبەرئەوەی توندوتیژی بەهیچ شێوەیەک ئەستۆپاک نییە، هەر بۆیە بەهیچ شێوەیەکیش

ڕەوا نییە. ئاخۆ چی بەسەر مرۆڤدا دێ پاش ئەنجامدانی توندوتیژی؟ توندوتیژیی بکوژ بەردەوام خراپە و نەگبەتییە. مەرگەسات و شکستە و قەت نابێ ببێتە مایەی سەرکەوتنێک کە جەستە و دڵ پێی بگەشێنەوە، لێرەدا گەشانەوە ناشایستەیە، چونکە ئەوەی چێژ لە کوشتن دەبینێ و پێی شاگەشکە دەبێ خۆی لە ڕەگەزی مرۆڤایەتی دادەبڕێ. هەر بۆیە پێویستە ئەنجامدانی توندوتیژی وەک نەخۆشییەک سەیری بکرێ. جا ئەگەر دژبەرەکەمم کوشت دەبێ پرسە ڕابگەیەنم بۆ ئەو کەسەی لەسەر دەستی من کوژراوە.

لەو کات و شوێنەی مرۆڤ خۆی بەناچار دەبینێ ملکەچی توندوتیژی ببێ –بەتایبەت کاتێ پێوەندی بە زەرورەتی کوشتنی سیاوە هەبێ– مرۆڤ هەست دەکا لە مرۆڤایەتییەکەی بێوەری کراوە. ناسینی توندوتیژی واتەی چەشتنی تاڵاوی ئەو بێوەریبوونەیە لەڕێی دادڕانێکی دەروونییەوە.

ئەو پەندەی دەڵێ "زەرورەت حوکمی خۆی هەیە" دەیەوێ "مافی زەرورەت" بچەسپێنێ کە دەرگە بۆ خۆبواردن لە ڕێزگرتنی یاسا دەکاتەوە. لەوانەیە لە واقیعدا زەرورەت ناچارم بکا باز بەسەر ئەرکی یاسادا بدەم، بەڵام ئەوە نابێتە بناخەی هیچ هەقێک. بگرە پێویستە کار بەو حیکمەتە گەردوونییە مرۆڤانەیە بکرێ کە دڵێ "زەرورەت هیچ حوکمێکی نییە".

ئەگەر مرۆڤ کەوتە داوی زەرورەتێک کە ناچاری کرد توندوتیژی لەدژی دژبەرەکەی بەکار بێنێ، با هێندە بێگەردیی هزری هەبێ پاکانە بۆ خۆی نەکا، چونکە زیادکردنی پاساوێک بۆ کاری توندوتیژی مەرگەساتەکە گەورەتر دەکا و بەیەکجاری مۆری لەسەر دەدا. با مرۆڤ لەو ساتەی لەژێر باری هەلومەرجێکدا هەست دەکا نەیتوانیوە جگە لە بەکارهێنانی توندوتیژی هیچ کارێکی تر بکا، بیر لەوە بکاتەوە کە ناتوندوتیژی مەرجی مرۆڤبوونیەتی. ڕۆڵی ئەم ئەرکە ڕۆحییەیش خۆ بواردنە لە کەوتنە ناو تەڵەی حەتمیەت و تێدا گیربوونی. بەم مەرجەیشەوە توندوتیژی تەنیا لە چوارچێوەی حاڵەتە پێویستەکاندا قەتیس دەبێ، ئەگینا بەحەتمی توندوتیژی باڵ بەسەر چارەنووسیدا دەکێشێ.

دانان بە ئەرکی ناتوندوتیژیدا تاکە هەنگاوە بۆ کورتکردنەوەی توندوتیژی لە چوارچێوەی پێویستیی پەتیدا. لە دەرەنجامیشدا، پاساوی ڕاستەقینەی کارکردن لەژێر باڵی ئەو زەرورەتەدا خۆلادان لەو زەرورەتە و ئەگەر کرا بەتەواوی نەهێشتنیەتی. مرۆڤ ئەگەر عەزمی جەزم نەبێ بۆ چوونە ناو دینامیەتی ناتوندوتیژی، ئەوا دەگەڕێتەوە و بەحەتمی دەکەوێتەوە ئامێزی توندوتیژی. ڕەفتاری مرۆڤ بەرامبەر توندوتیژی، لە بەشێکی گرینگ و یەکلاکەرەوەیدا، پێوەستە بەو کۆششانەی ڕازی بووە بیانکا بۆ ناسینی ناتوندوتیژی و ئەو مەشقانەی وەک ئامادەکارییەک بۆ کاری ناتوندوتیژی کردوونی.

ئەگەریش توندوتیژی لە ساتێکی دیاریکراوی کێشەکەدا بە پێویست زانرا وەک "خراپە هێورترەکە"، هۆکەی بەزۆری بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئێمە پێشتر دەستمان شل کردووە کێشەکە

تیراوێ بکا بەبێ ئەوەی پێش لەوەی کار لە کار بترازێ، ئەو ڕێگە ناتوندوتیژانە بخەینە کار کە لەباریاندایە چارەسەرێکی ئاشتییانەی بکەن.

تەنیا لەڕێی سووربوونمان لەسەر ناتوندوتیژی هەریەک لە ئێمە دەتوانێ سنوورەکانی زەرورەت دوور بخاتەوە، سەنگی مەحەکیش لێرەدا ئازادییە و نە کەمتر لەوە: ئازادیی بکەرێک کە بە بەهێزی و ئازایەتییەوە ڕووبەڕووی ملهوڕیی بارودۆخ دەبێتەوە و هیچ چار نییە دەبێ بڕیار بدا. بەڵام ئەی چی ڕێگرە لەبەردەم ئەوەی سەربازگەکەی خۆمان هەڵبژێرین و مکوڕ بین لەسەر ناتوندوتیژی؟ ئاخۆ لەبەرئەوە نییە بەئاسانی ملکەچی باوەڕهێنانی ساویلکانە بە زەرورەت دەبین و خۆمان لە بڕواهێنان بە ئازادیی مرۆڤ دەدزینەوە؟ ئایا لەبەرئەوە نییە ئێمە –لەبەئەوەی لە پێشینانمانەوە بۆمان ماوەتەوە– چێژ لەو بیرۆکەیە وەردەگرین کە پێی وایە توندوتیژی شەریف و بەڕێزە بە جۆرێک لە جۆرەکان بەشێکە لە چارەنووسی مرۆڤ؟ ئاخۆ لەبەرئەوە نییە بە میرات یان ئەگەر بشێ بڵێین، بە لاساییکردنەوەی دادەنێین؟ ئایا ئەم ئامانجە شاراوانە لەخشتەمان نابەن و بەوە توانی ئیرادەمان پەک ناخەن؟ ئاخۆ ئەم نیازە شاراوانە زەوییی بڕیار مینڕێژ ناکەن؟ تەنانەت پێش بڕیاردان، شتەکە بڕیاری لەسەر دەدرێ و دەبڕێتەوە و خۆمان لەسەر زەرورەت جێگیر دەکەین.

گومانی زاڵ ئەوەیە لەبەرامبەر ڕووداوەکەدا هەموو تاکەکان هەمان مەزەندەکردنیان بۆ پێوەرەکانی پێویستیی پەنابردن بۆ توندوتیژی نییە، چونکە ئەو مەزەندەکردنە وابەستەیە بە مێژووی تاکەکان. هەروەها تەنیا لە ڕوانگەی پێوەرە عەقڵانییەکانەوە دیاری ناکرێ، بگرە لەسەر توانی هەر تاکێکیش بۆ زاڵبوون بەسەر هەست و ترسەکانیدا، دەوەستێ. بڕیاری هەر کەسێک لە سەرکێشیکردن بە پەنابردن یان پەنانەبردن بۆ ئامرازە توندوتیژەکان، لە دەرەنجامدا لێکدانەوەی ئەخلاقییانەی هەڵوێستەکە دیاری دەکا.

زەرورەت ئەو ساتە بەسەر مرۆڤدا دەسەپێنرێ کە بەنیازە دەست بداتە کار. بەڵام پرسیارەکە لەوەدایە ئاخۆ مرۆڤ لەبەرامبەر ئەو حەتمیاتانەی کارەکەی گران دەکەن بەرپرسیاریەتیی خۆی ناگرێتە ئەستۆ. بەدڵنیاییەوە مرۆڤ بەپێی ئامادەییە هەنوکەییەکانی ڕەفتار دەکا، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر لەو ئامادەییانە بەرپرسیارە. مرۆڤ مێژوو و ڕابردوویەکی هەیە کە تا زیاتر بچێتە تەمەنەوە دەسەڵاتی ئەو ڕابردووە لەسەری زیاد دەکا و داهاتووی ڕەنگڕێژ دەکا. ئەو ئامادەییانەیشی تا ڕادەیەکی زۆر لەسەر ئەزموونەکانی ڕابردووی دەوەستێ. زۆر ئاسانە بەردەوام شکستەکانی ژیانێک –کە لەسەر خۆدزینەوە و هەڵەشەیی و هەڵاتن و فرت و فێڵ و خۆ گێلکردن دامەزرابێ– بدەینە پاڵ زەرورەت بەتەنیا. دەبا بەمە هەڵنەخەڵەتێین و بەچاوی تۆمەتبارکردن تەماشای دەوروبەرمان نەکەین: ئەم ژیانە ژیانی ئێمەیە. هەروەها نەزانین خۆیشی، ئیرادەی خۆ گێلکردنە. واتە وێنەیەکی خراپکاری مەعریفەیە. ئەوە خراپەیە. هەڵەی نەزانی، نەزان تۆمەتبار دەکا و قەت چاوپۆشی لێ ناکا.

لە دەرەنجامیشدا هەر تاکێک خۆی هەڵوێستی کەسیی خۆی بەرامبەر ڕووداوەکە دیاری دەکا و



هەولێر، ئامەدی کتێب

بڕیار دەدا پەنا بۆ توندوتیژی بیا یاخۆ نەبا، ئەویش بەگـوێرەی بڕیارێکی چارەنووسـساز کـە بەرپرسیاریەتییەکەی و پاش ئەوەیش واتەی بوونی لە مەحەک دەدا.

* ئامرازەکان

## گوێڕایەڵی

لە زۆربەی هەرەزۆری حاڵەتەکاندا، ئەو کەسەی توندوتیژی دەنوێنێ تەنیا خۆی لەناو پێوەندییەلی زاڵبوون و ملکەچی و جڵەوبوون و گوێڕایەڵیدا نابینێتەوە، بگرە لەناویدا قەتیسیش بووە. تاک بەزۆری بە ملکەچکردنی بۆ فەرمانی دەسەڵاتێک، کە بەلای ئەو کۆمەڵەیەی ئەو ئەندامیەتی شەرعییە، ئەنجام دەدا. بەگشتیش مرۆڤ بە دیسپلینکردن دەبێتە بکوژ و بە گوێڕایەڵیکردنی فەرمانیش دەبێتە جەللاد. فەرمانی ویژدانی ئەخلاقیی گەردوونی پێی دەڵێ "مەکوژە"، بەڵام لای مرۆڤی ملکەچ فەرمانی "بکوژە"ی دەسەڵات ئەم فەرمانە پووچ و مەحوی دەکاتەوە.

چەندان ئەزموون دەریان خستووە مرۆڤ تەنیا بە پاڵنەری ملکەچکردن بۆ دەسەڵات و هیچی تر، دەتوانێ دڕندانەترین توندوتیژی دژ بە کەسانێک بەکار بێنێ کە هیچ دەسەڵات و دەرەتانێکیان نییە، چونکە ملکەچکردن بۆ فەرمان و پەیامەکانی دەسەڵات یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ڕەفتاری مرۆڤە. لەناو هەموو ئەو ڕێسا کۆمەڵایەتییانەی تاک لە ساتی چاوکرانەوەیەوە بەدەستیان دێنێ، ڕێزگرتنی دەسەڵات شوێنێکی سەرەکی و باڵادەستی هەیە. هەموو شتێک لە پەروەردەی منداڵدا ڕۆڵ دەبینێ لە قایلکردنی بەوەی گوێڕایەڵی ئەرک و فەزیلەتە، یاخیبوونیش کارێکی بەد و هەڵەیە.

بەڵام ئەم مەرجبەندە تەواو ورد نییە، چونکە مرۆڤ کاتێ دەگاتە تەمەنی پێگەیشتن، سەربەخۆیییەکی ڕێژەیی لە کەسایەتیدا وەردەگرێ لەڕێی وابەستەبوونی بە کۆمەڵێ ڕێسای دیاریکراوی ڕەفتارکردنەوە بەپێی پێوەرگەلێکی ئەخلاقیی دیاریکراو کە خۆی هەڵی بژاردوون. بەڵام ئەو کەسە هەر هێندەی خۆی لەناو ڕێکخستنێکی پلەبەندیی قوچەکیدا بینیەوە، یەکسەر ڕەفتاری بەشێوەیەکی قووڵ دەگۆڕێ و مەترسی دەکرێ زۆربەی دەسکەوتە کەسییەکانی لەکیس بدا و دوور نییە ژیانی هزری و ڕۆحیشی تووشی پاشەکشەیەکی گەورە ببێ، چونکە ئەو تاکە هەست دەکا خراوەتە هەڵوێستێکی پشتبەستنی تەواو بە ئەندامانی تری گرووپەکە و زیاد لەوەیش، لەسەر سەرۆک (یان سەرۆکەکان).

لە ملکەچکردنی تاکدا بۆ دەسەڵات لایەنێکی زۆرلێکردن هەیە، کە زادەی زۆر شێوازی پاڵپەستۆیە، لەگەڵ لایەنێکی ڕەزامەندی. ئاستەمیشە بتوانرێ پشکی هەریەکەیان بەوردی دیاری بکرێ. داشکانی تاک بۆ ملکەچکردن تا ڕادەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پاداشتانەی ڕێز لە گوێ لەمستی دەنێن و ئەو سزایانەی تۆڵە لە یاخیبوون دەکەنەوە.

ئەو کەسەی مل بۆ دەسەڵات کەچ دەکا و توندوتیژی بەکار دێنێ، بەگشتی لافی ئەوە لێ دەدا کە ئەو "تەنیا بە ئەرکی خۆی هەڵدەستێ" و نایەوێ جگە لەو بەها ئەخلاقییەی ڕێسای ڕەفتارەکە کە

حاشا هەڵنەگرە هیچی تر لەبەرچاو بگرێ، ئەویش بە هەوڵدان بۆ شاردنەوەی نائەخلاقیبوونی کردەوەکانی، چونکە بەلای ئەوەوە بەهای ئەخلاقیی گوێڕایەڵیکردن لەسەروو نائەخلاقیبوونی کارەکەوەیە، ئەوکاتەیش دەگونجێ بابای گوێ لەمست دڵی خۆی بەوە بداتەوە کە بەو گوێڕایەڵیکردنەی کارێکی چاکی کردووە با ئەو کارەیش کردوویەتی خراپ بووبێ. ئەو لەو کاتەی گوێڕایەڵی دەکا، پێش هەموو شت مێشکی سەرقاڵە بە جێبەجێکردنی ئەو فەرمانەی وەری گرتووە بەو شێوەیەی ئەو دەسەڵاتە پێی ڕازی بێ کە متمانەی پێ بەخشیوە، چونکە سەرقاڵبوونی "تەکنیکی" دەبێتە مایەی سڕینەوەی هەموو خەمێکی ئەخلاقی لای مرۆڤی گوێڕایەڵ.

گوێڕایەڵیکردن مرۆڤی ملکەچی فەرمانەکانی دەسەڵات وەک ئامێرێک بەکار دێنێ، چونکە تاکی گوێ لەمست خۆی بە دەسەڵات دەسپێرێ تا لەبری ئەو شێوەی ڕەفتار و شەرعییەتی ئەو ڕەفتارەی بۆ دیاری بکا. لای مرۆڤی ملکەچ ڕەوایی ئەو فەرمانەی پێی کراوە، لە شەرعییەتی دەسەڵاتەکەوە سەرچاوە دەگرێ، ڕەوایی ئەو کردارەیش فەرمانی پێ دەکرێ لە ڕەوایی فەرمانەکەوە سەرچاوە دەگرێ. مرۆڤی گوێ لەمست بەرامبەر ئاکامی کردەوەکانی هەست بە بەرپرسیاریەتی ناکا، لەبەرئەوەی ئەو لەژێر پەردە و پەرچەمی دەسەڵاتدا کار دەکا و بەرپرسیاریەتیی تەواوی کارەکانی دەخاتە ملی دەسەڵات، بەمەیش مرۆڤ دەتوانێ خۆی لە هەر حوکمدانێک لەسەر هەڵسوکەوتی نەبان بکا بەبیانووی ئەوەی فەرمانی سەرۆکەکانی جێبەجێ کردووە!

مرۆڤ لە ملکەچکردندا هەست بە جۆرێک لە دڵنیایی دەکا، کە ئەگەر ڕێگەکانی یاخیبوونی کراوە و سەخت بگرێتە بەر دەبێ واز لەو دڵنیاییە بێنێ. گوێڕایەڵی، یەکەم شت تاک بە جۆشدراوی لەگەڵ گرووپ و تایفە و کۆمەڵگەدا دەهێڵێتەوە، چونکە دابڕان لە دەسەڵات واتەی خۆدابڕینی مرۆڤە لەو گرووپەی ئامرازەکانی ژیانێکی تارادەیەک ئاسوودەی تێدا دەستەبەرە، بەڵام گوێڕایەڵی نەکردن واتەی چەشتنی تاڵاوی دەرکردنە لە کۆمەڵەکە. جگە لەوەیش تاک کاتێ مل بۆ دەسەڵات کەچ دەکا، وا هەست دەکا دەیپارێزێ و بەجۆرێک لە جۆرەکان خۆیشی بەشداری ئەو دەسەڵاتەیە کە ملکەچیەتی. لەبەرئەوە دابڕان لەگەڵ دەسەڵات واتەی ئەوەیە مرۆڤ خۆی بەتەنیا و بێکەس و لاواز و دەستەپاچە ببینێتەوە– لانی کەم تا لەبەریەک هەڵوەشانی ئەو دەسەڵاتە، کە ئەوەیش کاتێکی زۆری دەخایەنێ و کەسیش ناتوانێ گەرەنتیی سەرکەوتنی بکا پاش نەمانی ئەو دەسەڵاتەی سەرکۆنەی دەکا و خۆی بۆ شکاندنی ئامادە دەکا.

بەڵام لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە هیچ گومان لەوەدا نییە کاتێ کێشە لەناو ئەرکی ویژدان و ئەرکی گوێڕایەڵیکردندا دروست دەبێ، دەبێ تاک گوێڕایەڵی ڕەت بکاتەوە، چونکە "بەرپرسیاریەتی" فەزیلەتی بنچینەیی هاووڵاتییە، نەک گوێڕایەڵی. لەوانەیە ڕێک بکەوێ هەندێ جار بەرپرسیاریەتی وا بخوازێ مرۆڤ گوێڕایەڵی بکا، بەڵام لەوانەیە لێیشی بخوازێ یاخی ببێ. لەوکاتەدا بەرهەڵستیی ویژدان تاکە ڕێگەیە کە دەرفەت دەداتە تاک بۆ پارێزگاریکردن لە سەربەخۆیی و بەرپرسیاریەتی و ئازادی و کەرامەتی.

* بەرهەڵستیی ویژدان
* یاخیبوونی مەدەنی

## منداڵێتی

ئەمڕۆ بووەتە شتێکی سەلماو کە شێوەی مامەڵەکرانی مرۆڤ لەلایەن کەسە نێزیکەکانی چواردەوریەوە لە قۆناخە بەراییەکانی منداڵیدا، کاریگەیی بەهێزی دەبێ لەسەر ئەو ئامادەییانەی ئەو منداڵە کاتێ پێ دەگا بەرامبەر ئەوانی تر نیشانیان دەدا. "خراپ مامەڵەکردن" لەگەڵ منداڵان یەکێکە لە بەربڵاوترین کارە توندوتیژەکانی ناو کۆمەڵگەکانمان. لە هەموو شوێنێکی دنیادا، منداڵان زلە و شەقی کەسوکار و مامۆستاکانیان دەخۆن، چونکە فەلاقە و سزادانە جەستەییەکان –وەک لێدانی هەردوو دەست و زلە و لێدان– کە زۆر جار منداڵان دەبنە قوربانیی بێتاوانی ئەو سزایانە، بە ئامرازی تەمێکردنی ڕەوا دادەنرێن کە لە "بەرژەوەندی"یانە. هەروەها وا دادەنرێ گوایە ئەو پەروەردکارەی لە منداڵێک دەدا تەمێیەکی "باش"ی دەکا، چونکە وەک دەوترێ "تۆڵە بەگوێرەی خۆشەویستی"یە، بەوەیش نەک ئەو ئێش و ئازارانە بزر دەکرێن کە بە منداڵان دەگەیەنرێن، بگرە نکوڵیشیان لێ دەکرێ. لە هەموو کۆمەڵگەکانماندا "نکوڵیکردن"ێکی ڕاستەقینە لە نەهامەتییەکانی منداڵان زاڵە، زۆربەی جار کەسوکار و پەروەردکارەکان بێتاوان دەکرێن لەو توندوتیژییەی بەرامبەر منداڵان ئەنجامی دەدەن و بەرپرسیاریەتیی تاوانەکە هەمووی دەخەنە گردنی منداڵەکان خۆیان و دواجار ئەوانن کە بە "خراپ" و "خراپکار"! تۆمەتبار دەکرێن.

لەڕاستیدا کاری توندوتیژی برینی قووڵ لە دەروونی منداڵاندا دروست دەکا و وەک مۆرێک بەشێوەیەکی درێژمەودا بەسەر ژیانی ویژدانی و دەروونییانەوە دەمێنێتەوە. ئەو پێوەنییە سەرەتاییانەی منداڵ لەگەڵ خزمەکانی بەسەری دەبا، ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەبینن لە دروستکردنی ناسنامەی و لە بەشێکی گەورەیدا ئەو پێوەندییانە بەرجەستە دەکەن کە پاشەڕۆژ خۆی لەگەڵ کەسانی تر دەیانبەستێ. منداڵی سەرکوتکراو مەترسیی زۆری لەسەرە کاتێ گەورە دەبێ کەسێکی توندوتیژ دەربچێ، هەروەها منداڵی سووکایەتی پێکراو مەترسیی زۆرە نەزانێ چۆن چۆنی ڕێزی کەسانی تر بگرێ و زیاتر حەزی لەوە دەبێ بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ خەڵک بکا کە خۆی مامەڵەی لەگەڵ کراوە، وەک ئەوەی بیەوێ تۆڵەی ئەو تاڵاوە بکاتەوە کە چەشتویەتی. دیارە لە چارەنووسی نەنووسراوە هەر دەبێ توندوتیژ بێ، بەڵام پێشوەخت ئامادەییەکی بەهێزی تێدایە بۆ ئەوەی بەو شێوەیە بێ و بۆ ئەو ئایدیۆلۆجیایانەی مرۆڤ فێری بەسووک سەیرکردنی ئەوانی تر دەکەن، ئاسانە بۆ خۆیان بیقۆزنەوە، ئەویش ئامادەیە بە دڵگەرمی ملکەچی هاندانەکانیان بۆ کوشتن ببێ.

لە بەرامبەردا ئەگەر بەچکەی مرۆڤ لە دەوروبەرەکەیدا ڕێزلێگیراو و خۆشەویست بێ، ئەو کاتە پێشوەخت ئامادە دەبێ بۆ ڕێزگرتن و خۆشویستنی ئەوانی تر، وەک ئەوەی بیەوێ "پێزانین"ی خۆی بۆیان دەرببڕێ. ئەوکاتەیش بەخت یاوەری دەبێ لەوەی لە ناخیدا هێزێکی ئەوتۆی هەبێ بتوانێ

بەرەنگاریی ئەو هەڵفریواندنە دەستەجەمییانە بکا کە مرۆڤ بەرەو بەسووک سەیرکردنی ئەوانی تر و ڕق لێبوونەوە و کوشتنیان دنە دەدەن.

منداڵ، پێشوەخت بوونەوەرێکی خاوەن پێویستی و پاڵنەر و ئارەزووە، سرووشتی منداڵ سرووشتی داهاتووی مرۆڤی پێگەیشتوو بەرجەستە دەکا. مرۆڤیش بەسرووشتی خۆی حەزی لە خراپە و هاوکات ئامادەییشی تێدایە بۆ چاکە. واتە لە هەمان کاتدا دەکرێ بەرەو سەرڕاستی و هەروەها بەرەو سەرچڵی و سەرشێتیش بچێ. ئازادی و بەدوای ئەودا بەرپرسیاریەتیی مرۆڤیش لە کۆبوونەوەی ئەو دوو دژەدایە. بەڵام ئەم مەیلە سرووشتیەی مرۆڤ بۆ چەپەڵی و ئەو ئامادەییەش – کە ئەویش سرووشتییە– بۆ پیاوەتی، پێوەندییان بە جۆری ئەو مامەڵەوە نییە کە لەگەڵ منداڵ دەکرێ. لادانی مرۆڤی پێگەیشتوو بەلای توندوتیژیدا تەنیا بەرەنجامی ئەو ناهەموارییانە نییە کە بە منداڵی چەشتوونی، چونکە لەڕاستیدا هەرگیز ڕاست نییە کە منداڵ تەواو "بێتاوان"ـە. بەهەمان شێوە نابێ بەرگری لەو گریمانەیە بکەین کە دەڵێ مادەم منداڵ لەناو کەسوکارەکەیدا خۆشەویست و ڕێزگیراو بێ، کە گەورە بوو بەشێوەیەک لە شێوەکان "بەرنامەبەند" دەبێ بۆ کردنی چاکە و بەهیچ شێوەیەک بەلای خراپەدا ناڕوا. ئاخر نهێنیی خراپە و شەڕ –کە نهێنیی مەرگەساتی مرۆڤە– وا بەئاسانی خۆی بەدەست ڕاڤەکردنێکەوە نادا.

منداڵ ئەگەر تەنانەت خۆشەویست و بەڕێزیش بێ، ئەوە ئەو پیاوەی لەو منداڵە دەردەچێ بوونەوەرێکی خاوەن تەما و حەز و ئارەزووە و زەحمەت دەبێ بۆی هەموو کات بەسەر ئەو بارە گرانەی سرووشتیدا زاڵ بێ، تا بتوانێ لەگەڵ مرۆڤەکەی تر چاک بێ. بەم شێوەیە ئەو ئایدیۆلۆجیایانەی لەسەر بناخەی وەلانانی مرۆڤەکەی تر دامەزراون، لە پاڵنەرەکانی هەر تاکێکدا تێوەگلانێکی سرووشتی و ڕیشەداکوتاو دەبینن.

منداڵ بۆ ئەوەی کەسایەتیی خۆی دروست بکا، پێویستی بەوەیە ڕووبەڕووی دەسەڵاتی گەورەکان بوەستێ کە بە سنوور و قەدەغەکانیان ڕێی لێ دەگرن. بەڵام ئەم دەسەڵاتە کاتێ دەیەوێ لەڕێی توندوتیژییەوە، جا چ بە لێدان بێ یان زەبونکردن، توانی خۆی بسەلمێنێ، ڕێگە ون دەکا. توندوتیژی تەمێکردن نییە و خۆی لەخۆیدا بەڵگەی شکستی پەروەردەیە. قەدەغەکردنی لێدان و خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵ بە پاساوی ئەوەی باشتر پەروەردە بکرێ، پێویستە بنەوایەک جێگیر بکا کە بەهیچ شێوەیەک دەستی بۆ نەبرێ. یەکێک لە مەزنترین ئەرکەکانی سەرشانی نەوەکانی داهاتوو لە ڕەگوڕیشە دەرهێنانی ئەو توندوتیژییەیە دژ بە منداڵان بەکار دێ. ئەوەیش گژبەرییەکی ڕاستەقینەیە و سەرکێشیکردنێکی یەکلاکەرەوەیە بۆ داهاتووی مرۆڤایەتی.

* پەروەردە

## باشکاری

مەرگەساتی گەورەی توندوتیژی لەوەوە دێ هەندێ مرۆڤ دژی هەندێکی تر ئەنجامی دەدەن، بەڵام لەو ڕووەوە بابەتێکی مرۆڤانەیە، واتە شتێکە لەناو مرۆڤەکاندا ڕوو دەدا، کەواتە قەزا و قەدەر نییە، توندوتیژی لەو شتانەیە سرووشتی مرۆڤ ڕێگەی پێ دەدا، بەم واتەیەش شتێکی "سرووشتی"یە. بەڵام مرۆڤ توانێکی تریشی تێدایە کە لە ڕووی "سرووشتیبوون"ەوە لەگەڵ ئەوەی یەکەم هاوتایە، ئەویش باشکاری (گیبە)یە. ئەگەر مرۆڤ توانی ئەنجامدانی کاری چاکەی هەیە ئەوە لەبەرئەوەیە سرووشتی چاکەخوازە، ئەگەر توانی ئەنجامدانی خراپەیشی هەیە ئەوە لەبەرئەوەیە بەسرووشت ئازادە. مرۆڤ بەئیرادە باشکارە، ئەوەیش بەبڕیاری ئازادانەی خۆی. هەر ئەو ئازادییەیە واتە بە بوون و کەرامەتی دەبەخشێ، بگرە زیاد لەوە، خودی بوونیەتی. هەستکردن بە خود هەر ئەو ئازادییەیە، چونکە مرۆڤ بەبێ ئازادی هەست بە بوونی خۆی ناکا، بەبێ ئەم ئازادییە مرۆڤ لای خۆی بە نەناسی دەمێنێتەوە. ئازادی و بەدوایشیدا ئازادیی ئەنجامدانی خراپە، لە کەمایەسیەکانی سرووشتی مرۆڤ نین، بگرە بنچینە و بەدیهاتنی مرۆڤایەتیی مرۆڤن.

باشکاریی مرۆڤ دژی توندوتیژییە و باشترین گوزارشتە لە ناتوندوتیژی، بەڵام بۆ مرۆڤ ئاسنترە توندوتیژ بێ تا ئەوەی باشکار بێ. توندوتیژی سیفەتێکی سەرەتاییە و ملکەچی یاسای قورسکارییە، لەکاتێکدا باشکاری تێپەڕاندن و کردنەوە و بڵندبوونەویەکە کە پێویستی بە ئیرادەیەکی گەورە هەیە. بەڵام ئەگەر توندوتیژی کەمایەسی بێ لە مرۆڤدا، ئەوا باشکاری تەواوکردنی مرۆڤە.

باشکاری دەربڕی فەزیلەتی مرۆڤایەتییە، لەو باشییەی بەرامبەر ئەوی تر دێتە دەربڕین، "من" گوزارشت لە خۆی دەکا و دروست دەبێ. باشکاری تەواویی مرۆڤە. لە جوڵەی باشکاریدا من چاوپۆشی لەخۆی دەکا تا سەرەتا بایەخ بەوی تر بدا. بەخشین -یان بەخشیش- جەوهەری باشکاریی مرۆڤە. تاقیکردنەوە قورسترەکەی بەخشین لە پێداندا نییە، بەڵکو لە وەرگرتندایە. ئەم کاری وەرگرتنە خۆشییەک دەبزوێنێ کە لەخۆ ڕازیبوون نییە، بەڵکو داننانە بە چاکەدا بەرامبەر ئەوی تر، داننانە بەوی تردا. لە کرداری بەخشیندا پێوەندیی نێوان "من" و "تۆ" هەموو ڕەهەندەکانی وەردەگرێ. جا ئەگەر توندوتیژی "نەفرەت" بێ – malediction کە لە فەرمانی لاتینی malediceređوە هاتووە: (قسەی خراپی کرد)- واتە قسەیەکی خراپی کرد کە زیان دەگەیەنێ، ئەوا باشیی "بەرەکەت"ـە –benediction لە فەرمانی لاتینی benedicereەوە: (قسەی باشی کرد)-، واتە قسەیەکی باشی کرد کە سوودی هەیە.

کاتێ لە دیدارێکدا بەرامبەر دەموچاوی کەسێکی تر دەوەستم، ئیتر بەرپرسیار دەبم بەرامبەری و پابەند دەبم بە بەدەمەوەچوونی داواکارییەکەی، بەوەی باشیی خۆم بەرامبەری بیسەلمێنم، بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی هەڵوێستێکی هاوشێوەی لێ بکەم، چونکە هەڵوێستی ئەو پێوەندی بەخۆیەوە هەیە.

بڵندبوونەوەی مرۆڤ بە "چاکەکاری" نییە بەوەی بەپێی یاسایەکی ئەخلاقیی لەدەرەوە دانراو ئەرکەکان ڕاپەڕێنی، بگرە بەوە دەبێ بتوانێ لەگەڵ مرۆڤەکەی تر باش بێ، چونکە چەمکی "چاکە" نەیتوانیوە هەموو جار مرۆڤ لە "خراپکاری" بسڵەمێنێتەوە. لەبەرئەوەی ئەم چەمکی چاکەیە زوو دەشێوێ، بۆیە زۆر جار دەبینین پاساو بە خراپە دەدا، کاتێکیش لە واقیع دادەبڕێ و دەبێتە شتێکی پەتی (ئەبستراکت)، ڕەوایی بە توندوتیژی دەدا. ئەو کاتە ئەوانەی گومانیان وایە چاکەیان پێیە ئەرکی سەرکەوتن بەسەر خراپەدا دەگرنە ئەستۆ و جاڕی شەڕ لەدژی "خراپکاران" دەدەن و بەناوی بیرۆکەیەکەوە لەبارەی چاکە یاخۆ "خێر"، خوێن دەڕێژن. خەڵک دەکوژن تا کازیوەی چاکە بەسەر مێژوودا هەڵبێ. هەروەک گارگرینا کە جەستە دادەگرێ، شەڕ تا دێ دنیا وێران دەکا. ئاخۆ دەبێ چۆن چۆنی مرۆڤایەتی لەو "خێر/چاکە"یە ڕزگار بکەین کە "شەڕ/خراپە" دەکوژێ؟ حیکمەت وەڵام دەداتەوە: بە "باشکاری". خێر بە کوشتن ڕازییە، بەڵام باشکاری نا.

بەهێزترین دەرککردنی فەلسەفە ئەوەیە سەرنجدانی لە مرۆڤایەتیی مرۆڤ ئەو ڕاستییە جەوهەرییە ڕوون دەکاتەوە کە: باشیی مرۆڤ بەرامبەر برا مرۆڤەکەی بڵندبوونەوەی بونەوەری مرۆڤ نیشان دەدا و واتەیەک بە ژیانی دەبەخشێ.

مرۆڤ لەو کاتەدا باشیی تاقی ناکاتەوە کە خۆی باش بێ- لە دەرەنجامدا چۆن دەتوانێ لەوە دڵنیا بێ مرۆڤێکی باشە؟- بگرە ئەو کاتە تاقی دەکاتەوە کە مرۆڤێکی بەرامبەری باشیی بۆ پیشان بدا. باشیی ئەوی تر لەڕێی ئەو چاکەیەی لەگەڵمی دەکا و ئەو ئاسوودەییەی پێم دەبەخشێ تاقی دەکەمەوە، چونکە بە باشیی ئەوی تر هەست بە ئاسوودەیی دەکەم: ئاسوودەیی لە جەستەم و لە ژیانمدا. لەڕێی باشیی ئەوانی ترەوە چێژی ژیان ئەزموون دەکەم، چونکە ئەوی تر بە دەربڕینی باشیی خۆی بۆ من، "حسابم بۆ دەکا" و "نرخم بۆ دادەنێ"، ئەو کاتە دەکرێ منیش نرخ بۆ خۆم دابنێم.

باشکاری یەکێکە لە خاوێنترین سەرچاوەکانی بەختەوەری. جا ئەگەر توندوتیژی ڕوومەت دەشێوێنێ، ئەوا ڕوومەت بە "باشکاری" دەدرەوشێتەوە. باشکاری ئازاری ئەوانی تر ناسڕێتەوە، بەڵام دەتوانێ سنوورداری بکا. باشکاری خۆی بەسەر مرۆڤی ئازار چەشتوودا شۆڕ ناکاتەوە، چونکە ئەوە بەزەیی پێداهاتنەوە و دڵ پێ سووتانی نەبوو. باشکاری هەوڵ دەدا مرۆڤی ئازارچەشتوو هەڵبسێنێتەوە، ئەو هاوسۆزی و بەشدارییە. تەنانەت بۆ مرۆڤی زۆر بەدبەختیش باشیی مرۆڤ کەمێک بەختەوەری هەر دەبەخشێ، هەر بۆیە مرۆڤەکان سواڵکەری باشین. باشکاری خۆشییە، هەر خۆشییەکیش شتێکی بەشکراوە. پێویستە گرەو لەسەر ئەوە بکەین کە مرۆڤی باش مرۆڤێکی بەختەوەرە و توانی بەختەوەرکردنی کەسانی تری هەیە.

توندوتیژی باشکاری دوو ئەگەری ڕیشەدارن لە هەمان مرۆڤایەتیدا. هەر مرۆڤێک توانی تێدایە هەم بۆ توندوتیژی و هەم بۆ باشی. بەڵگەنەویستە ئەو مرۆڤەیش ئێمەین.. کەواتە لێکچوونێکی جەوهەری لەناو مرۆڤی خراپکار و ئێمەدا هەیە. مرۆڤی خراپکار بەخت ڕەشە. بەپێی داتاشین

هەردوو وشەی "بەد" mechancetego "بەدبەخت" malchance یەک ڕیشەیان هەیە. وشەی "خراپکار" mechant لە فرەنسای کۆندا (لە فەرمانی کۆنی mesheoirی لێکدراو کە لە پێشگری نەرێی me و فەرمانی sheoir بەواتەی "کەوت" دێ) بەواتەی "بەخراپی کەوت" qui tombe mal، هەر لەویشەوە بەواتەی "ئەو کەسەی بەختی نییە" دێ، چونکە بەخت شێوەی کەوتنی چیلکەدار و زاری تاوڵە بیر مرۆڤ دەخاتەوە. خراپکار ئەو کەسەیە "بەخراپی دەکەوێ" mal-tombe، وشەی mal-heureux "کڵۆڵ" (کە لە وشەی heur بەواتەی بەخت داتاشراوە) هەمان واتەی هەیە کە وشەی mal-chanceux هەیەتی بەواتەی "بەخت ڕەش". مرۆڤی خراپکار لە هەمان کاتدا بەخت ڕەش mal-chanceux و کڵۆڵە mal-heureux، کە ئەوانەیش دوو هۆن بەسن بۆ ئەوەی خراپییان سۆز و بەزەییمان ببزوێنێ. جا لەبەرئەوەی هەموومان دەکرێ توندوتیژ یان باش بین، ئەوا یەکەمین خواستی باشکاری گتکردنە لە سەرکۆنەکردنی ئەوانی تر. یەکێک لە پاڵنەرەکانی توندوتیژی –کە ڕەنگە بەهێزترینیشیان بێ– تۆمەتبارکردنی ئەوی ترە بە خراپکاری کە گوایە خۆمان لەوە دوورین. کاتێ هێرش دەکەینە سەر خراپە، بەو کارە بێویژدانانە توندوتیژی دژ بە خراپکار بەکار دێنین. دانایان فێرمان دەکەن لە هەڵوێستێکی وادا، تاکە ڕێگە بۆ بەگژاچوونەوەیەکی ڕاستەقینەی خراپە دەرخستنی باشییە لەگەڵ خراپکارەکە، چونکە باشیی ئاماژەی دۆستایەتی دەداتە تەنانەت ئەوانەیش کە دۆست نین. تەنیا باشکارییە دەتوانێ هەڵایسانی خراپە و بێچارەیی ڕابگرێ.

لە کاتی ماندووبووندا حەز دەکەین باوەڕ بەوانە بکەین کە جەخت لەوە دەکەن باشکاری بێتوانیی لاوازەکانە. بەڵام نەخێر! توندوتیژی لاوازییە و باشکاری توانیی بەهێزەکانە. بەناوی واقیعییەتەوە هەندێکیان پێیان وایە کە توندوتیژی کەمتر توندوتیژە تا باشکاری، لەبەرئەوەی لەوانەیە ئەمەی دوایی بوار بە توندوتیژیی خراپکاران بدا. بگرە ئەم"هەندێ"یە ڕەخنە لە" زێدەڕۆیان لە باشکاری"دا دەگرێ کە لەگەڵ ئەنجامدانی زێدەڕۆیی و ستەمکاریدا نەرمن کە دەبنە مایەی بێچارە بوونی مرۆڤ. لەڕاستیدا ئەگەر باشکاری لەگەڵ خراپکاران لێبووردە بێ، ئەوا لەگەڵ خراپە نەرم نییە. باشکاری فەرمان دەکا بۆ کارکردن لە پێناو قوربانییاندا و بەرگری لە چەوساوان و نەداران دەکا، بەرەنگاریی لاف و گەزافەکانی بەهێزەکان و سەرسەختیی دەوڵەمەندەکان دەکا. باشکاری دەیەوێ هاوپەیمانی لەگەڵ دادپەروەری ببەستی تەنانەت لە کێشەشدا. هێزیش بەردەوام بەروبومی کارکردنە بەڵام بۆ ئەوەی کاریگەر بی پێویستە خواستەکانی باشی بەدوور نەگرێ. پێویستە لەسەرمان بزانین چۆن جیاوازی لەناو باشکاری و نەرمی لاوازەکاندا دەکەین کە تەنیا دڵڕاگرتنە. لەوانەیە باشکاری لەسەر داواکانی منجرو توند بێ، بەڵام توندوتیژی بەکار ناهێنن، چونکە توندوتیژی باش نییە. باشی لە جەوهەردا برێتییە لە ناتوندوتیژی.

* خۆشەویستی

* ناتوندوتیژی

## جیهانیی

مرۆڤ بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بە داخراوی لە چوارچێوەی تایبەتمەندییە کولتووریەکانیاندا دەژیان و تەنانەت بە چەمکی جیهانییش ئاشنا نەبوون. ئەم جیهانییە دەسکەوتە، ئامانج و پەرەسەندنێکی تووڵانییە. مرۆڤ و گەلان لە پێداگرییان لەسەر ناسنامەی خۆیان، دەگەڕێنەوە بۆ ئەو بەهایانەی کولتوور و شارستانێتییە تایبەتەکەیان پێک دێنن. وردە وردە هەر کولتوورێک وێڕای سنووورداری و کۆتائامێزییەکەی، پێداگریی لەوە دەکرد ڕاستیی ڕەهای پێیە و بەو هۆیەشەوە هەوڵی بوونە جیهانیی دەدا. هەر کولتوورێک جەخت لەوە دەکا بەهاکانی لە ئاستی قووڵترین ئەرکە مرۆڤایەتییەکاندایە و لافی ئەوە لێ دەدا ئەو بەهایانە شایستەی ئەوەن لەسەر ئاستی دنیا دانیان پێدا بنرێ، ئەمەیش جێی تێگەیشتن و ڕەوایە. بەڵام ناخۆشبەختانە هەر کولتوورێک مەیلی ئەوە دەکا "ڕەهایی" بەو مەعریفەیە بدا کە بەرهەمی دێنێ و بەزۆر بەسەر ئەوانی تردا بسەپێنێ.

لە ئەنجامی ئەم بانگەشە دژیەکانەدا ناکۆکی و دوژمنایەتی و پێکدادان دێتە کایە و مێژووی ئێستە و ڕابردوو پێمان دەڵێ کە دەشێ ئەم ناکۆکییانە بەئاسانی ببنە ناکۆکیی خوێناوی و بکوژ، چونکە هەر گرووپێک بەناوی بەها تایبەتەکانی خۆیەوە، جڵەو بۆ خۆی شل دەکا تا بەگژ ئەوانی تردا بچێ.

لێرەوە مرۆڤەکان بەگشتی لەم سەدانەی دواییدا تیۆریزەیان بۆ ئەم "جیهانی"یە کرد و بۆی گەڕان بە کردنی بەرگی جیهانی وەبەر کولتوورە تایبەتەکەیاندا، بەوەیش لە ڕوانگەی قەناعەتیان بەوەی "ڕاستی" لای ئەوانە، ئایدیۆلۆجیایەکیان چنی و ڕەهاییان پێدا و شانیان دایە بەر ئەرکی سەپاندنی بەسەر تەواوی جیهاندا. سرووشتی ئایدیۆلۆجیا وایە چاکییەکانی جیهانی بەخۆی دەدا و لافی ئەوە لێ دەدا دەتوانی بە زەبری هێز و پەلامار و زاڵبوون، واتە ئەگەر پێویستی کرد بە توندوتیژی، ببێتە جیهانیی. ئاخۆ کاتی ئەوە نەهاتووە بەیەکجاری خۆمان لەم تێڕوانینە تۆتالیتارییانە بۆ چەمکی جیهانیی داببڕین، کە ئەم هەموو مەرگەساتانەی لێ کەوتووەتەوە؟

بۆ هێورکردنەوەی ئەو کێشانەی لەناو گرووپ و گەلاندا سەرهەڵدەدەن و بۆ دامەزراندنی بناخەی ژیانێکی ئاشتییانە، وا ڕاهاتووین بانگەشە بۆ "لێبوردەیی" لەگەڵ کولتوورەکانی تر دەکەین. بەدڵنیایەوە ئەگەر هەوڵ بدەین باشتر ئەو کولتوورانە بناسین و لێیان تێ بگەین، بۆمان دەردەکەوێ هەریەکەیان چ مەزنی و نەجابەتێکی تێدایە و سوور دەبین لەسەر ئەوەی جیاوازییەکانمان قبووڵ بکەین تا پێکەوە بەئاشتی بژین. ئەمە ڕاستە، بەڵام تەنیا لە بەشێکیدا ڕاستە، چونکە ئاخۆ لە واقیعدا ئەوە لێکچوونەکانمان نییە کە سەرچاوەی دژبەری و کێشە و شەڕەکانمانە؟ ئایا لەبەئەوە نییە لاسایی هەڵەکانی یەکتر دەکەینەوە و بەو شێوەیە بەبەردەوامی خۆمان لە شەڕ و شۆڕدا دەبینین دژ بەیەکتر؟ ئاخۆ لەبەر ئەوە نییە شارستانێتیەکانمان لەیەک دەچن لە نۆشینی کولتووری توندوتیژیدا کە بەهۆیەوە بەردەوام یەکتر بریندار دەکەین و ئازار دەدەین؟

ئایدیۆلۆجیاکانی توندوتیژیی پێویست و ڕەوا و شەریف کە بەسەر کولتوورەکاندا زاڵن، هەوڵ دەدەن جیاوازییەکان بسڕنەوە و لێکچوونە تۆقێنەرەکان زەق بکەنەوە. لەم ڕوانگەوە، لەپێناو داهاتوویەکی ئاشتییانەدا گرینگ قبووڵکردنی جیاوازییەکانمان نییە هێندەی ئەوەی گگرینگە لێکچوونەکانمان ڕەت بکەینەوە. کاتێ زەینی مرۆڤ بەنیازی چاکە کار دەکا سامانێکی نەبڕاوە لە دەسکەوتی هەمەجۆر بەرهەم دێنێ، بەڵام کاتێ بەنیازی خراپە کار دەکا، تا ڕادەی بێئومێدی دەقگرتوو و دووبارە دەبێ. بەم شێوەیە ئەو مرۆڤانەی مۆری توندوتیژی بە نێوچاوانیانەوەیە، دەبنە هاووێنەی یەکتر.

پاش لەتوپەتبوونە خوێناوییەکانی سەدەی بیستەم، تۆ بڵێی داناییەکی جیهانی دابهێنین کە زەوینە ساز بکا دۆستانە پێکەوە بژین؟ گژبەری (تحدی)یەکە گەورەیە. جا ئاخۆ زرنگی و ئازایەتیی ئەوەمان تێدایە بۆ قبووڵکردنی ئەو گژبەرییە؟ ئایا دەزانین چۆن چۆنی پرۆسەی سافکردنی کولتوورەکان لە ئاستێکدا ڕابگرین و بەرەو جیهانی بڕۆین، نەک بەڕواڵەت یەکخستنیان، بگرە وایان لێ بکرێ تا ئاستی بەیەک گەیشتن لێک نێزیک ببنەوە؟ پێویستە "دیالۆکی کولتوورەکان" کار بۆ دیاریکردنی مەرجەعییاتە ئەخلاقییە هاوبەشەکان بکا، گفتوگۆیەک بێ دوور لە ڕووپامایی و سازشکاری و بە سەختگیرییەکی ئەقڵی دوور لە نەرمگیری. پێویستە هەر لایەک پێشوەخت هەستی ڕەخنەگرانەی جیاکردنەوە (ی چاک لە خراپ) لە چوارچێوەی کولتوورەکەی خۆیدا بخاتە گەڕ، چونکە بەبێ ئەو نرخە کولتوورەکان ناتوانن –بەبێ تێکەڵبوون– بەیەک بگەن. تەنیا ئەو کاتە جیاوازییەکانمان دەوڵەمەندمان دەکا. با بابەتەکەیش بەفشە نەگرین، چونکە ئەرکەکە قورسە، بەڵام هاوکات گژبەرییەکی مەزنی تێدایە!

یەکێک لەو پایانەی دەکرێ ببێتە بنچینەی ئەو دانایییە جیهانییە برێتییە لە "ڕێسا زێڕین"ەکە کە لەناو زۆر کەلەپووری ڕۆحیدا بە شێوەی جۆرەوجۆر داڕێژراوە و دەکرێ بەم شێوەیە دەری ببڕین "ئەوەی پێت خۆش نییە کەسانی تر پێت بکەن، تۆیش بە کەسانی تری مەکە". بەم پێیە، یەکەم شت کە من نامەوێ، ئەوەیە ئەوی تر وام لێ بکا بمرم، بەمەیش پابەندبوون بەو ڕێسا زێڕینە بە ئەرکە جیهانییەکەی ویژدانی ژیرەوە دەبەسترێتەوە کە پێمان دەڵێ "مەکوژە". بەوەیش بنەوای ناتوندوتیژیی جیهانی ئەو یاسا ئەخلاقییە دادەمەزرێنێ کە بوونەوەرە ژیرە خاوەن ویژدانەکان خۆویستانە بەسەر خۆیانیدا دەسەپێنن.

لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو کەلەپوورانەی بۆ ئێمە ماونەتەوە، لەکاتێکدا پایەیەکی گەورەیان بە توندوتیژی داوە، بەکردەوە هیچ جێیەکیان بە ناتوندوتیژی نەبەخشیوە، تەنانەت ناوەکەیشی نازانن. بۆیە پێویستە ئێمە کارێکی ورد و تایبەت بکەین بەمەبەستی تانەدان، بەئازایانە و بوێرییەوە، لە هەر شتێک لە کولتوورەکەماندا شەرعییەت بە توندوتیژی بدا و ڕێزی پێ ببەخشێ. ئیدی بەسە پاکانەکردن بۆ ئەو کوشتنەی بەناوی پرسێکی ڕەواوە ئەنجام دەدرێ. ئیدی بەسە ڕێزنان لە توندوتیژی وەک ڕەوشتی مرۆڤی بەهێز. ئەم دابڕانە بەئازار دەبێ لەبەرئەوەی ڕیشەیی و

قووڵە. بۆشمان دەردەکەوێ کە هەریەک لە کولتوورەکانمان زۆر جار هاوکاریی توندوتیژی کردووە و دەستەبەری و پاساوی بۆ دابین کردووە. دابڕان لە کولتووری توندوتیژی، لە هەندێ ڕووەوە – بەبێ ئەوەی واتەی سڕینەوەی ڕابردوو بێ– واتەی دابڕانە لە کولتوورەکەمان. تانەدانیش لە بەشێک لەو کەلەپوورەی وەک کەلەپووری حەرام بۆمان ماوەتەوە، زۆر دژوارە!

لە هەریەک لە کەلەپوورەکانماندا کۆمەڵێ بەردی بناخە هەن کە دەکرێ بۆ دامەزراندنی داناییەکی ناتوندوتیژانە دیواریان لەسەر بکەین. هەموویان هەندێ "بەها"یان تێدایە کە ڕێز و بالایی و نەجابەت بە هەموو مرۆڤێک دەبەخشن و خوازیارن مرۆڤ ڕێزلێگیراو و خۆشەویست بێ. ئەم بەهایانە دژ بەو توندوتیژییەن کە لافی زاڵبوون بەسەر ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگەکان لێدەدا. لە هەموو کولتوورێک پیاوان و ئافرەتانێک هەبوون هەڵگەڕاونەتەوە و جەختیان لەوە کردووە ئەو بەهایانە لە خواستەکانی توندوتیژی لەپێشترن، بەڵام ئەم بەهایانە بە ژەنگ و ژاری ئایدیۆلۆجیای توندوتیژی پەردەپۆش کراون، هەر بۆیە لاقرتێیان پێ کراوە و بێدەنگ کراون.

وەک ئەمەکدارییەک بۆ ئەو بەهایانە، پێویستە هەریەک لە ئێمە قەناعەت بەوە بکا کە ئەرکی ناتوندوتیژی بناخەی مرۆڤایەتیی مرۆڤ دادەمەزرێنێ و پەیکەربەندی دەکا و واتە و بڵندی بە ژیانی دەبەخشێ. بۆمان ڕوون دەبێتەوە ئەو وەفادارییە –بەدەر لەو دابڕانەی دروستمان کردووە– دەمانباتە قووڵایی تەنانەت کولتوورەکەی خۆیشمان.

ئێمە بە بیرکردنەوە لە جیهانیبوونی جوانی، دەتوانین زۆر بەباشی لە جیهانیبوونی دانایی تێ بگەین. داناییش وەک جوانی، ئازادیی مرۆڤ دەدوێنێ بەبێ ئەوەی بیەوێ بەزۆر خۆی بسەپێنێ. هەروەها دانایی وەک جوانی مرۆڤ لەگەڵ خۆی ئاشت دەکاتەوە وەک سەرەتایەک بۆ ئاشتەواییکردن لەناو مرۆڤەکاندا. گەردوونیبوونی ئەخلاق کە بناخەی دانایی مرۆڤی ژیرە، هاوپێوەرییەکی قووڵ لەگەڵ گەردوونیبوونی هونەردا نیشان دەدا: کیمیا سەرکەوتووەکەی گەردوونیبوون و تاکانەبوون کۆ دەکاتەوە. هونەرمەند دەتوانێ بازنەی تایبەتمەندییەکانی ئەو شارستانێتییە تێ بپەڕێنێ کە تێیدا لەدایک بووە و لە هەمان کاتیشدا گوزارشت لە ڕەسەنایەتیی کولتوورە تاکانەکەی دەکا.

هونەر دەگاتە ئاستی جیهانی، لە کاتێکدا ئەو شێوانەی بەرهەمیان دێنی زۆر جۆرەوجۆرن. ئەو گۆڕانکاری و هەمەجۆرییانەی لەو شێوانە دەکەونەوە، زمانەکانیان دڵی هەموو مرۆڤێک دەدوێنێ. لە هەموو کولتوورێکدا هونەر هەمان هەست و وروژان دەردەبڕێ لەبەردەم جوانیی مەرگەساتی بووندا، هەمان پرسیارەکان لە بارەی ئاکامی مرۆڤەوە. لەڕێی ئەم پرسیارانەوە هونەر هەمان کۆشش و هەمان خواست و هەمان هەستی نیگەرانی و هەمان ئاواتەکانی دادەڕێژێ، هەر حیکمەتێک ڕەنگ و ئاهەنگ و شێوەی خۆی هەیە بەپێی ئەو کولتوورەی بەرهەمی هێناوە، بەڵام هەموویان بەشداری لە هەمان هارمۆنیادا دەکەن بۆ بەرجەستەکردنی جیهانیبوونی مۆرڤ.

* ئایدیۆلۆجیا

*لێبوردەیی

* فەلسەفە

## چەکگۆڕی

دەکرێ بەرگریی مەدەنی بە جێگرەوەی بەرگریکردنە سەربازییەکان دابنرێ. بەڵام ئەمە وا دادەنێ ئەو وڵاتە بڕیار بدا دەستبەرداری هەموو شێوەکانی بەرگریی چەکداری ببێ، تا ئاسایش و سەربەخۆیی و ئازادیی خۆی تەنیا لەسەر ئامادەکاری بۆ ستراتیجیەتی کاری ناتوندوتیژانە و -ئەگەر پێویستی کرد- جێبەجێکردنی دابمەزرێنێ. بەڵام لە ڕوانگەی فرەوانیی ئەو گۆڕانکارییە کولتووری و سیاسییەی لە بژارەیەکی لەم جۆرەدایە، ئەوا ناکرێ چاوەڕوانی ئەگەرێکی لەم شێوە بین نە لە مەودای کورت و نە لە مەودای ناوەندا، ئەمە جگە لەوەی کارێکی بێهوودەیە پرسیار بکەین لەبارەی ئەوەی ئاخۆ دەکرێ لە مەودای دووردا بێتە دی، ئەویش لەبەرئەوەی ئەو هەلومەرجەی دەگونجێ تێیدا بەرجەستە ببێ، لای ئێمە ڕوون نییە.

هەروەها بەپێی توانی جێگرەوەکەیش بۆ ئەوەی پرۆسەی گواستنەوە و دینامیەتی گۆڕانکاریەکەیش بێتە دی، بڕیار لەبارەی ئەو جێگرەوەیە دەدرێ. پێ دەچێ چەمکی چەکگۆڕی transarmement باشترین چەمک بێ بۆ ئاماژەدان بەم پرۆسەیە. ئەو چەمکە ئاماژەیە بۆ بیرۆکەیەکی گواستنەوە تێیدا پێویستە ئامادەکاری بکرێ بۆ گرتنەبەری ئامرازەکانی بەرگریی مەدەنیی ناتوندوتیژانە کە گەرەنتیی هاوشێوەی ئامرازە سەربازییەکان پێشکێش دەکەن بەبێ ئەوەی هەمان مەترسیی ئەوانیان تێدا بێ.

چەکگۆڕی هەروەها باس لە گۆڕینی ئامرازەکانی بەرگری دەکا. لەکاتێکدا وشەی "چەکداماڵین" تەنیا دەربڕی ڕەتکردنەوەیە، ئەوا وشەی "چەکگۆڕی" دەیەوێ بگۆڕێ بۆ پرۆژەیەک. لەکاتێکدا چەکداماڵین ڕوانگەیەکی نەرێنی پیشان دەدا ئەوا چەکگۆڕی ئاماژەیە بۆ گرتنەبەری هەنگاوێکی بنیاتنەر. پێش لەوەی بتوانرێ چەک بێتە داڵین، پێویستە بتوانرێ چەکی تری ناتوندوتیژ بەدەست بێن، بەڵام ئەمە بەو واتەیە نییە کە چەکگۆڕی و چەکداماڵین دژ بەیەکن، چونکە یەکێک لە ئامانجەکانی پرۆسەی چەکگۆڕی ئەوەیە وا بکا ڕێوشوێنەکانی چەکداماڵین سەرکەوتن بەدەست بێنێ. چەکداماڵین ڕووی نەرێنیی چەکگۆڕییە. ڕووە ئەرێنییەکەیشی بەرنامەیەکی بنیاتنەرە کە یارمەتیی کۆمەڵگە دەدا بە پشتبەستن بە بنەوا و ڕێگەکانی ستراتیجیەتی کاری ناتوندوتیژانە کێشە ناوەخۆیی و دەرەکییەکانی بەڕێوە ببا و جڵەویان بکا.

پێش لەوەی زۆربەی دانیشتووان و دەسەڵاتداران ڕازی بن بەرگریی مەدەنیی ناتوندوتیژ وەک جێگرەوەیەکی وەزیفیی بەرگریی چەکداری دابنێن، ئەرکی یەکەم برێتییە لە چەسپاندنی توانی بەدیهێنان و پیشاندانی وەک ڕاستەقینەیەک. لە پرۆسەی چەکگۆڕیدا پێویستە ئامادەکاری بۆ بەرگریی مەدەنی بکرێ و ڕێک بخرێ لەکاتێکدا هێشتا بەرگریی سەربازیش ماوە. کەواتە پێویستە

شـێـوە جـۆرەوجـۆرەکـانـی بەرگـریـی مـەدەنـی و سـەربازی پێکەوە بژین تەنانەت ئەگـەر وەک پێکەوەژیانێکی کێشەئامێزیش بێتە پێش چاو. جێبەجێکردنی بەرگریی مەدەنی دەشێ زیادکردنی بەهایەک بێ بۆ تێکڕای بەرگریی گشـتـیی وڵات، چونکە هەر شـتێک ئیـرادەی بەرگـریکردن لای هاووڵاتییان پتەو بکا و هەر شتێک توانیان بۆ بەرەنگاریکردنی دەستدرێژییەکی شیمانەکراو زیاد بکا، کاریگەری سڵەمێنی بەرگریی وڵات درێژتر و فرەوانتر دەکا.

ئەگەر سەیری سیناریۆ واقیعیەکانی بەرگریکردن دژ بە دەسـتـدرێژییەکی ڕاسـتەقینە بکەین، پاش ئاگـەداربوون بە تێکڕای سـڵـەمـێنی وڵات، لە ڕووی تیـۆریـەوە سێ گـریمانە هـەیە وا دەکـەن بەرگریی مـەدەنیی ناتوندوتیژانە، بەبەراورد لـەگەڵ شـێوەکانی بەرگریکردنی سـەربازی، تەواوکەر یان پەناگە یاخۆ بژارە بێ.

١- تەواوکـەر: بـەپێی ئەم گـریمـانەیە بەرگـریـی مـەدەنی و بەرگـریـی سـەربازی پێکەوە جـێـبـەجێ دەکـرێن. بەڵام نـابێ وەک دوو شـتـی هاوشـێـوە سـەیری ئەم تەواوکـارییـە بکرێ، چونکە لە بەرەنگاریکردنێکی تێکڕا ناتوندوتیژانەدا، بەکەمی لەگەڵ بوونی کاری چەکداریی تایبەتدا ڕێک دێتـەوە، بگرە لەوانەیە کـاریگـەریی پێـچـەوانەیشی هـەبێ، چونکە کـاریگەریی بەرەنگارییـە ناتوندوتیـژانەکە کەم دەکاتەوە، چونکە ئەو جۆرە بەرەنگاریکردنە دینامیکیەتی تایبەتی خۆی هەیە و بەتەواوی کەڵکی خۆی نابەخشێ ئەگەر بەتەنیا جێبەجێ نەکرێ. بەڵام لە بەرامبـەردا ئـەگـەر بەرەنگاریکردنەکـە بەتێکڕایی سـەربازی بێ، ئەوا زیادکـردنی شـێـوەی تری بەرەنگاریکردنی ناتوندوتیـژانەیش بۆی -نەخـاسـمـە کـارەکـانی هاوکـاری نەکـردن لـەگـەڵ دەستدرێژیکار- بێگومان تێکڕای کاریگەریی بەرەنگاریکردنەکە پتەوتر دەکا.

٢- پەناگە: لەم حـاڵەتـەدا بەرگریی مەدەنی پاش شکستی بەرگـریی سـەربازی یان لانی کـەم پاش ڕاگرتنی جێبەجێ دەکرێ. دیارە ئەم سیناریۆیە گونجاو نییە، لەگەڵ ئەوەیشدا هـەرچۆن بێ، لەوکـاتەدا بـەرەنگاریکردنی مـەدەنی تاکـە ڕێگەی بەردەسـتـە بۆ نیـشـانـدانی ئیـرادەیەکی خـەباتکارانەی نوێ لەناو دانیـشـتـوواندا. ئومـێدی بەوەیە "هێشـتـا هـەمـوو شـتێکی لەدەست نەداوە".

٣- بژارە: لەم حاڵەتەدا لەبری بەرگریی سەربازی جێبەجێکردنی بەرگریی مەدەنی هەڵدەبژێردرێ. پاش دۆڕانی تێکڕای هێـزی سـڵـەمـێنی وڵات، بڕیاربـەدەسـتـان بۆیان دەردەکـەوێ هـەر بەکارهێنانێکی چەک کارێکی بێهوودە و بگرە خۆکوژانەیە. هەر کە ڕوون بووەوە ستراتیجیەتی کـاری سـەربازی بێسـوودە و بەو هۆیەشـەوە نـەویسـتراوە، ئەوا دانایی سیـاسی وا دەخـوازێ دەستی لێ هەڵبگیرێ تا دەرفەتێکی زیاتر بۆ سـەرکەوتن بدرێتە بەرگریی مەدەنی. لەبەر توانی وێرانکاریی چەکـە نوێیـەکـانیش ئەوا پێ دەچێ ئەم بژارەیە لـە هەمـووان مـاقـووڵـتـر بـێ بۆ ڕەخساندنی دەرفەت بۆ کۆمەڵگە کە بەرگری لەخۆی بکا بەبێ ئەوەی خۆی بفەوتێنێ.

* ستراتیج

* بەرنامەی بنیاتنەر
* بەرگریی مەدەنیی ناتوندوتیژانە
* سلّەمێنی مەدەنی
* چەکدامالّین

## دادپەروەری

دادپەروەری justice (لە وشەی jus لاتینیەوە هاتووە بەواتەی "ڕاستی") ئەو بنەوا ئەخلاقییەیە کە دەبێتە بنچینەی ڕێزگرتنی مافە بنچینەییەکانی مرۆڤ کە ناکرێ دەستیان تێ بخرێ. بنەوای دادپەروەری بنەوای هەمەگیرە، چونکە بەسەر هەموو تاکێکدا بەتەنیا و بەسەر کۆی مرۆڤیشدا جێبەجێ دەکرێ. بەگوێرەی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، دادپەروەری جەخت لەوە دەکا "هەموو مرۆڤەکان بەیەکسانی لەدایک دەبن و لە کەرامەت و مافدا یەکسانن". دادپەروەری ماف بە هەمووان دەدا و هیچ زاڵکردن و هیچ سەرماف (ئیمتیاز) و هیچ نازگرتنێک بۆ کەسێکی دیاریکراو قبووڵ ناکا. دادپەروەری "چاکە" ناکا و نابەخشێ، بەڵکو دان بەو ماف و ئازادییەدا دەنێ هەر کەس شایستەیەتی و بۆی هەیە.

پێویستە جیاوازی لەناو دادپەروەریی دادپەروەر (فەزیڵەتی دادپەروەری) و دادپەروەریی دادوەر (دامەزراوەی سیاسیی دادپەروەری)دا بکرێ. کاتێ ڕێزی مرۆڤ پێشێل دەکرێ، بابای دادپەروەر (پیاوچاک) لای خۆی و لای خەڵکانی تریش دەردەکەوێ، ئەو مەبەستی هیچ نەبووە، بگرە دەوروژێ و دەست وردەدا کاتێ خۆی ڕووبەڕوو دەبینێ لەگەڵ ستەمێک کە ئەوی تر زەبوون دەکا و ئازاری دەدا. دادپەروەر (پیاوچاک) گوێڕایەڵیی یاسایەکی نەنووسراو دەکا –ئەو یاسا ئەخلاقییەی لە قووڵایی ناخی مرۆڤدا هەڵکۆڵراوە– و لەسەروو یاساکانی شارەوەیە و دەخوازێ ڕێز لە مافەکانی هەموو ئادەمیزادێک بگیرێ، بەپلەی یەکەم مافەکانی مرۆڤی سەرکوتکراو و ڕیسواکراو و بەکۆیلەکراو و تۆمەتبارکراو. بابای دادپەروەر (پیاوچاک) بەبێ خاترگرتنی کەس ڕەفتار دەکا، چونکە لە هەموو بارودۆخێکدا ئەو مرۆڤێکی بەویژدانە. جا کاتێ یاسای نووسراو ستەمکارانە بێ، هەوڵ دەدا ئازایەتیی ئەوەی هەبێ لێی یاخی ببێ.

فەزیڵەتی دادپەروەری لەسەر فەزیڵەتی چوونەپێش in-trepidite (لە فەرمانی trepidareی لاتینیەوە هاتووە، بەواتەی "لەرزی") دادەمەزرێ. مرۆڤی دادپەروەر لەبەردەم مەترسییەکانی کاردا نالەرزێ، یان لانی کەم لەوانەیە بلەرزێ بەڵام بەسەریدا زاڵ دەبێ. دادپەروەر دەیەوێ توندوتیژی ڕابگرێ لەبەرئەوەی بڕوای وایە توندوتیژی تەنانەت ئەگەر لەپێناو پرسێکی دادپەروەریشدا بێ بەشێکی بەرچاو لە ستەمی تێدایە. فەزیڵەتی دادپەروەری کەڵەکی ئیرادەی ناتوندتیژی دەچنێ و توندوتۆڵی دەکا.

زۆر جار مرۆڤی دادپەروەر (پیاوچاک) مرۆڤێکی تەنیا دەبێ: بەتەنیا بڕیار دەدا کۆڵ نەدا

لەکاتێکدا خەڵکانی تر لە دەوروبەری ملیان بۆ ستەم کز کردووە و دیلی ترسنۆکیی خۆیانن. پاش شەڕەکە -پاش ماوەیەکی درێژ- ئەو پیاوچاکە دادپەروەرە تاجی قارەمانیی دەکرێتە سەر و دەبێتە ویژدانی خەڵکی ئەو شوێنە. بەڵام ئەو گوێ بەوە نادا، چونکە ئەو تەنیا ئەرکی خۆی وەک مرۆڤێک جێبەجێ کردووە.

ئەرکی یاسا لە هەر کۆمەڵگەیەکدا چەسپاندنی ڕاستییە، کەواتە وەک سەرەتا یاسایە کە ڕاستی دەڵێ. پێویستە شەرعییەت بنچینەی یەکسانی دابمەزرێنێ، بەڵام لە واقیعدا مەرج نییە ئەوەی شەرعی بێ دادپەروەرانە بێ، چونکە ئاستەمە مافی هەموو هاوولاتییان بە دادپەروەرانە بدرێ لەبارێکدا بەرژەوەندییەکانیان لەڕووی حوکمەوە دژ بەیەک بن. زۆربەی جار یاسا بەپێشێلکردنی مافی لاوازترین کەسەکان، سەرمافەکانی بەهێزترینەکان جێگیر دەکا، ئەو کاتە پێویستە لاوازەکان خەبات بکەن، تەنانەت بە یاخیبوون لە یاسایش، تا حوکمدانێکی دادپەروەرانە بەدەست بێنن. ئەوە ترازووی هێزەکانە کە دواجار پێوەندییە کۆمەلایەتییەکانی تاکەکان دیاری دەکا. کەواتە دادپەروەری بریتییە لە هاوسەنگی لەناو ژمارەیەک هێزی دژ بەیەک، بەشێوەیەک ڕێز لە مافی هەمووان بگیرێ.

پێویستە هەر کۆمەڵگەیەک خۆی بەو ئامرازە دەزگەییانە ساز و تەییار بکا کە بتوانێ بەهۆیانەوە هاندەرانی توندوتیژی بەرکەنار بکا و شەڕیان لە خەڵک دوو بخاتەوە. لەبەرئەوە یەکێک لە ئەرکەکانی سەرشانی دەوڵەت، بەناوی بەرگریکردنی ڕەوا لە هاوولاتییان، بریتییە لە قۆڵبەست کردنی یاساشکێنان و ئەوانەی زیان بە سیستمی گشتی دەگەیەنن و دادگەیی و تاوانبار کردنیان، بەڵام دەوڵەت لە هەمان کاتدا لافی ئەوە لێ دەدا مافی ئەوەی هەیە بۆ سزادانی توندوتیژی پەنا بۆ توندوتیژی ببا. مێژووی سەرکوتینەوەی تاوانەکان لەلایەن دەوڵەتەوە، لەوانەیە لە مێژووی تاوانەکان خۆیان تۆقێنتر بێ. کۆمەڵگە بەناوی بێزاندنی تاوانەوە تاوانبار کە تاوان پلیشاندویەتیەوە- دەبێزێنێ. زیاد لەوەیش، زۆر جار ڕوو دەدا دەوڵەت جیابوونەوەی داپەروەران (ی پیاوچاک) بە تاوان حسێب دەکا. لەوێشەوە دادوەران دادپەروەران تاوانبار دەکەن، کە هیچ کەتنێکیان نەکردووە جگە لە ڕیسواکردنی ستەمی دەستڕۆیشتووان. چەوساندنەوەی دادگەکان بۆ داپەروەران (ی پیاوچاک) یەکێکە لە زەقترین کارە توندوتیژییەکان لە مێژووی کۆمەڵگەکاندا.

لە کۆمەڵگەیەکی سیۆکراتیدا یاسای سزادان لە شەریعەتێکی ئاینییەوە وەردەگیرێ و دادگەکان لافی ئەوە لێدەدەن ئەوان بڕیاری خواوەندێکی تۆڵەسێن ڕادەگەیەنن و بەناوی شۆردنەوەی گوناە en expiation (فەرمانی expierی فڕەنسایی بەواتەی (تاوانەکەی شۆردەوە) لە فەرمانی expiareی لاتینی وەرگیراوە بەواتەی "پاکی کردەوە") تۆڵەسزا بەسەر تاوانباردا دەسەپێنرێ. مێژووی ئاینەکان بۆمان ڕوون دەکاتەوە ئەو بنەوایانە دەشێ توندوتیژی تا چ ئاستێک ببەن.

بەڵام لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا نابێ دەسەلاتداران هیچ ئامانجێکی تریان هەبێ جگە لە "بەرگریکردن لە سیستمی گشتی و ئاسایشی کەسەکان". ئەرکی دادپەروەری سزادان نییە لەسەر

هەڵە، بەڵکو حوکمدانە لەسەر کەتن، ئەوەیش سزادانی کەتنکارەکە نییە، بگرە پاراستنی کۆمەڵگەیە. بۆیە نابێ سزای جینائی، هیچ تۆڵەسزا یان هیچ توندوتیژییەکی دەروونی یاخۆ جەستەیی دژ بە کەتنکارەکەی تێدا بێ.

ئامانجی ئەو سزایە خۆپاراستنە لە ڕوودانی کەتنی تر لەلایەک لەڕێی بەرگرتن لە کەتنکار بۆ تێکەوتن، لەلایەکی تریشەوە ڕێگرتن لەوانەی ئامادەییان تێدایە بۆ کەتنکردن تا ئەو ئامادەییە نەکەنە کردەوە. ناتوانرێ کۆمەڵگەیەکی یاسایی ڕێک بخرێ بەبێ دیاریکردنی کەتن و سزاکان، بەڵام هەر لەوکاتەی پێویستە سزا یارمەتیی کۆمەڵگە بدا تا بەرگری لە خۆی بکا، پێویستە دەرفەتی ئەوە بداتە کەتنکارەکە -کە هێشتا هاووڵاتییەکی تەواوە- تا سەرلەنوێ لەگەڵ کۆمەڵگە ئامێتە ببێتەوە. ئەگەر کەتنکار هەندێ لە مافەکانی لەدەست دا، ئەوا کۆمەڵگە هیچ ئەرکێک لە ئەرکەکانی خۆی بەرامبەری لەبیر ناکا. بابەتەکە بابەتی مشتومڕ نییە بۆ زانینی ئەوەی ئاخۆ کەتنکار شایستەی ئەوەیە مامەڵەیەکی مرۆڤانەی لەگەڵ بکرێ، بگرە دەبێ کۆمەڵگە خۆی بەو جۆرە مامەڵەی لەگەڵدا بکا. پێویستە بە مرۆییبوونی سزا بەرپەرچی وەحشیەتی تاوان بدرێتەوە. جا ئەگەر پێویست بێ بەپێی ئەوەی دادپەروەری دەیخوازێ دادگەیی تاوانەکە بکرێ، بەڵام پێویستە بەپێی خواستەکانی باشکاری مامەڵە لەگەڵ تاوانبارەکەدا بکرێ. ئەوەیش بەو واتەیە نا کە لەگەڵ تاوانباران نەرم بین، بگرە لەگەڵیان باش بین. دادپەروەربوون لەگەڵ مرۆڤێکی ستەمکار واتەی گێڕانەوەیەتی بۆ سەر ڕێگەی داد و چاکە. واتە زەوینە بۆ خۆشکردنی تا ببێتە کەسێکی دادپەروەر.

* ڕێزگرتن
* گرتووخانە

هەواڵنامەی کتێب

## دوژمنکاری

دەکرێ مرۆڤ ببێتە بونەوەرێکی عەقڵانی rationnel، بەڵام ئەو وەک سەرەتا بوونەوەرێکی غەریزی instinctuelو پاڵنەردارە pulsionnel. غەریزەکان بوخچەیەک وزەن. کاتێ وزەکانی ئەم بوخچەیە بەتوندی پێکەوە گرێ درابن، ئەوا کەسایەتیی تاک قاڵبڕێژ دەکا و یەکی دەخا، بەڵام کاتێ خوسی بەر دەبێ ئەوا بنیاتی تاک بەتەواوی پەیکەربەندی و یەکەتیی خۆی لەدەست دەدا. دوژمنکاریش یەکێکە لەو وزانە، کە وەک ئاگر وایە دەشێ بەکەڵک و هەروەها بەزیان بێ، تێکدەر یاخۆ داهێنەر بێ. هەر بۆیە ئەو تووڕەییەی لەوانەیە مرۆڤ زەوت بکا و هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر خۆیدا نەمێنێ زیدەڕۆییەکە لە شەڕەنگێزیدا. تووڕەیی ئەو هەڵچوونەیە هەستی پێ دەکەین کاتێ لەپڕ کۆسپ دێتە ڕێی پڕۆژەکانمان، یان سەرمان بە واقیعدا هەڵدەتەقێ، یاخۆ بەقووڵی هەست بە ستەمباری دەکەی. لێرەوە زاڵبوونی مرۆڤ بەسەر تووڕەییەکەی و جڵەوکردنی و گۆڕینی ئەو گیانی دوژمنکارییەی تێیدایە بۆ وزەیەکی بنیاتنەر، لە نیشانەکانی زیرەکییەکی ورووژاوی ڕاستەقینەیە.

دوژمنکاری بریتییە لە توانی شەڕکردن و خۆسەلماندن کە لە پێکهێنەکانی کەسایەتییە و توانا بە مرۆڤ دەبەخشێ بۆ هەڵنەهاتن و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوی تر. دوژمنکاری واتەی ئەوەیە جەخت لە زاتی خۆت بکەیتەوە لەبەردەم ئەوی تر دا بە "چوون بەرەو ڕووی". خۆی لەڕاستیدا بنچینەی فەرمانی "دەستدرێژی" agresserلە وشەی aggredi لاتینیەوە هاتووە، کە لای خۆیەوە لە وشەی ad-gradi داتاشراوە، بەواتەی "چوو بەرەو" یان "چووە پێش بەرەو" دێ. فەرمانی "دەستدرێژی کرد" agresse تەنیا بەواتەیەکی داتاشراوی نەبێ بەواتەی "دژی چوو" نایە، ئەویش لەو ڕووەوە کە لە شەڕدا واتەی "بەرەو دوژمن چوو" هەر واتەی "دژی چوو" دێ، واتە هێرشی کردە سەر.

هەروەها وشەی "دەستدرێژیی کرد" a-gresser لە داتاشینەکەیدا هیچ توندوتیژییەکی زیاتر لەوەی تێدا نییە کە لە فەرمانی "پێش کەوت" pro-gresser دا هەیە بەواتەی "بەرەو پێشەوە چوو". نیشاندانی دوژمنکاری واتەی قبوولکردنی کێشمەکێشە لەگەڵ ئەوی تر بە ڕەتکردنەوەی ملکەچکردن بۆ یاساکەی ئەو.

بەبێ گیانی دوژمنکاری، من بەردەوام لە هەلاتندا دەبم لەو هەڕەشانەی ئەوانی تر لێم دەکەن، بەبێ دوژمنکاری دەستەپاچە دەبم لەئاست زاڵبوون بەسەر ئەو ترسەی گلۆڵەی کردووم بەوەی ڕێم پێنادا بەگژ دژبەرەکەمدا بچمەوە و خەبات بکەم بۆ ناچارکردنی تا دان بە مافەکانمدا بنێ و ڕێزیان بگرێ. جا لەپێناو "چوون بۆ لای ئەوی تر"دا پێویستە بوێری و ئازایەتی بەخەرج بدرێ، چونکە ئەوە چوونە بەرەو لای نەزانراو و بەردەوامبوونە لە سەرکێشی.

لەڕاستیدا ناکارایی لەبەردەم ستەمدا هەڵوێستێکی بەربلاوترە لە توندوتیژی. توانی مرۆڤ بۆ سەرکزکردن زۆر زیاترە لە توانی یاخیبوون، هەر بۆیە یەکێک لە یەکەمین ئەرکەکانی کاری ناتوندوتیژانە بریتییە لە "تاودان" mobiliser، واتە "بزواندن"ی ئەو سەرکزکردووانەی ژێر ستەم تا گیانی دوژمنکارییان بەخەبەر بێتەوە تا خۆی بۆ ململانە و دروستکردنی کێشە ئامادە بکا. کاتێ کۆیلەیەک مل بۆ گەورەکەی کەچ دەکا هیچ کێشەیەک لەئارادا نابێ، بەپێچەوانەوە ئەو کاتە "سیستم" دەچەسپێ و "ئاشتیی کۆمەڵایەتی" بەرقەرار دەبێ بەبێ ئەوەی هیچ کەس یاخۆ شتێک دەستپێشخەری بکا و گومانیان بخاتە سەر. کێشە تەنیا لەوکاتەوە سەرهەڵدەدا کە کۆیلەکە بەشی هێندە دوژمنکاری بنوێنێ تا بتوانێ "بچێتە پێش بەرەو" گەورەکەی و زات بکا ڕووبەڕووی ببێتەوە و داوای مافەکانی خۆی بکا.

ناتوندوتیژی پێش هەموو شت لە مرۆڤ دەخوازێ توانی دوژمنکاری هەبێ. بەم واتەیە پێویستە جەخت لەوە بکرێ کە ناتوندوتیژی چەندە دژی توندوتیژییە، لەوە زیاتر دژی ناکارایی و سەرکزکردنە. نابێ مرۆڤ گیانی دوژمنکاری لەخۆیدا بکوژێ، بگرە دەبێ قبووڵ و ڕامی بکا بەشێوەیەک ببێتە وزەیەکی داهێنەر. بەهەمان شێوە پێویستە کاری ناتوندوتیژانەی بەکۆمەڵ یارمەتیی ئاراستەکردنی دوژمنکارییانەی سرووشتیی تاکەکان بکا، بەشێوەیەک لەڕێی ئامرازە تێکدەرەکانی توندوتیژییەوە گوزارشت لەخۆی نەکا کە توندوتیژی و ستەمکاریی زیاتر بەدوای

خۆیدا دێنێ، بگرە لەڕێی ئامرازگەلی دادپەروەر و ئاشتییانەوە بێ کە لەباریدا بێ کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرتر و ئاشتییانەتر دروست بکا. توندوتیژی، لەڕاستیدا، بەلاڕێداچوونی دوژمنکارییە.

* ململانە

* توندوتیژی

* کێشە

**لەمپەر**

لەمپەری ناتوندوتیژانە شێوەیەکە لە شێوەکانی دەستوەردانی ڕاستەوخۆی بەکۆمەڵ، کە بریتییە لە ڕێگرتن لە ئازادیی هاتوچۆکردن لەسەر ڕێگەیەکی گشتی یان تایبەت، یان داخستنی ڕێگەی چوونە ناو باڵەخانە یان زەوییەک، ئەویش بەوەی جەستەی مرۆڤ بکرێتە بەربەستێکی ڕێگر لەبەردەم ئەوانەی دەیانەوێ بپەڕنەوە. خۆپیشاندەران دەتوانن ڕێڕەوێک دابخەن یان بە ڕێکخستنی "پەناگیری بەدانیشتن sit-in" یان "خۆ مراندن"، واتە "خۆپیشاندان وەک مردوو" (لە فەرمانی ئینگلیزی to dieەوە هاتووە، بەواتەی "مرد")، ئەویش بە ڕاکشانی ژمارەیەک کەس لەسەر زەوی.

دەکرێ ئامانج لە دروستکردنی لەمپەر ڕاگرتنی هەموو جووڵەیەک بێ لەسەر ئەم یاخۆ ئەو ڕێڕەو، جا ئاخۆ ئەو ڕێڕەوە ڕێگە بێ یان هێڵی ئاسن. هەروەک دەکرێ مەبەست ڕاگرتن و پەکخستنی جووڵەی ئەو بارەبەر و نەفەربەرانە بێ کە ئەو نەفەر و کەرەستانەی دژبەر بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکەی دەگوازنەوە. هەروەها لەوانەیە مەبەستی ڕێگرتن بێ لە دروستکردنی دامەزراوەیەک کە بە باش نازانرێ (وەک بنکەیەکی سەربازی، کارگەیەکی ژینگە پیسکەر، پرۆژەیەک تەنیا بۆ ناوبانگ، هتد) ئەویش بە داگیرکردنی وەرشەکە بەمەبەستی ڕێگرتن لە دەست پێکردنی کارەکان و ناچارکردنی کرێکارەکان بۆ ڕاگرتنی کارەکە.

هەروەک دەکرێ بە داگیرکردنی ئاشتییانەی پلیکانەی فرۆکەخانەیەک بۆ ڕێگرتن لە دابەزینی میوانێک یان کۆمەڵە میوانێکی چارە نەویستراو، یان پەکخستنی جووڵەی ئاسمانی، کۆسپ دروست بکرێ. هەروەها دەکرێ بەشێوەیەکی ڕەمزی کۆسپ لەبەردەم چوونە ناو باڵەخانەیەکی ڕەسمی (وەزارەتێک، بارەگەی پارێزگا، شارەوانی، هتد) ڕێک بخرێ، بەمەبەستی سەرنج ڕاکێشانی دەسەڵاتداران بۆ پرسێکی دیاریکراو.

بەشێوەیەکی گشتی شیمانەی ئەوە ناکرێ ئەو کەسانەی لەمپەریان خراوەتە بەردەم بە ئۆتۆمبیلەکانیان خۆیان بدەن بەسەر بەربەستە مرۆییەکەدا و سەرکێشی بکەن بە بریندارکردن یان تەنانەت کوشتنی ئەو خەڵکە. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ناوێرن شان بدەنە ژێر بەرپرسیاریەتییەکەی لەوجۆرە. چەندە ڕای گشتی، کە شایەتحاڵە لەو ڕووداوانەی ڕەنگە بێنە پێش، ئامادەیی زیاتری تێدا بێ بۆ هاوهەڵوێستی لەگەڵ ئەو پرسەی بەرگری لێدەکرێ، ئەو مەترسییانەی لێی دەکەونەوە سووکتر دەبن، لەگەڵ ئەوەیشدا کاتێ بارودۆخ هەڵوێستەکە زیاد لە

سنوور ئاڵۆز دەکا، دەکرێ مەزەندەی ئەوە بکرێ کە بێ مەترسی نابێ و نابێ خۆپیشاندەران گریمانەیەکی لەو جۆرە تەواو بەدوور بزانن، پێویستیشە بەڕوونی بیر لەو بڕیارە بکەنەوە کە پێویستە لەو حاڵەتەدا بیدەن. لە خراپترین حاڵەتیشدا پێویستە بنەوا کردنەوەی ڕێڕەوەکە بێ لەباتیی مەرگ.

لە زۆربەی زۆری حاڵەتەکاندا دەسەڵاتداران بانگی پۆلیس دەکەن بۆ کردنەوەی ڕێگەکە، جا چ بە "لادان"ی خۆپیشاندەران بێ یاخۆ بە بڵاوە پێکردنیان. لێرەشدا دەبێ بەدروستی مەزەندەی مەترسییە چاوەڕوانکراوەکان بکرێ. پێویستە خۆپیشاندەران هەوڵی تەواو بدەن کە زۆرترین ماوە لە شوێنی خۆیان بمێننەوە و بە کەمترین ئاگەدارکردنەوە ڕانەکەن. لە حاڵەتی بڵاوە پێکردنیانشیاندا دوور نییە هێزەکانی پۆلیس پەنا بۆ بەکارهێنانی ئامرازەکانی توندوتیژی وەک دار و ئاوپرژێن و بۆمبی فرمێسکرێژ، تەنانەت بەکارهێنانی تەقەیش بەدوور نازانرێ. ئیدی بڕیار لەدەست ڕێکخەرانی چالاکییەکەدایە مەزەندەی ئەوە بکەن ئاخۆ واباشە بڕیاری پاشەکشەکردنی خۆپیشاندەران بدەن یاخۆ نا.

دەکرێ ئامرازی تر بۆ ڕێگرتن بەکار بهێنرێ، وەک ئەوەی لەبری جەستە، بە ئۆتۆمبێل یان تراکتۆر یان لۆری ڕێگە بگیرێ. هەروەک خۆپیشاندەران دەتوانن دەروازەی بەندەرێک دابخەن بە دروستکردنی ڕیزێک لە کەشتی یاخۆ بەلەم. لەوانەیشە ئامانج کۆسپ خستنە ڕێی جموجووڵی دژبەر و یاریدەدەرانی بێ، دەشگونجێ قەدەغەکردنی جووڵەی هاتوچۆ بۆ نانەوەی هەرایەکی میدیایی بێ کە بەهۆیەوە ڕای گشتی لەو پرسەی بەرگری لێ دەگرێ ئاگەدار بکرێتەوە.

مەرج نییە کارێکی لەم جۆرە تەنیا کارێکی ڕەمزی بێ، بگرە دەکرێ بەدوایدا بچین تا کێشەکە دەبەینەوە. ئەو کاتە بیر لەوە دەکرێتەوە کە چی بکرێ بۆ ئەوەی ئۆباڵی ئەو زیانەی لە کۆسپکاران کەوتووە بخرێتە ئەستۆی بڕیار بەدەستان. ئەوانە لەو کاتەوە دەکەونە ژێر پاڵەپەستۆیەکی کۆمەڵایەتی کە دەشێ پەلکێشیان بکا بۆ دۆززینەوەی چارەسەرێک بۆ کێشەکە لەڕێی دانوستاندنەوە. لەبەرئەوە، گرینگە ڕای گشتی بەوردی لەو هۆیانە ئاگەدار بکرێتەوە کە وایان کردبوو ئەزموونکردنی هێزێکی لەم جۆرە بە پێویست بزانرێ.

* پەناگیری
* کاری ڕاستەوخۆ

**حاڵنامە**

ڕێکخستنی حاڵنامە (عەریزە) بریتییە لە کۆکردنەوەی زۆرترین ژمارە ئیمزا لە پەراوێزی دەقێکدا کە ستەمێکی تایبەت ڕیسوا دەکا و داوا لە دەسەڵاتدارانی پێوەندار دەکا بڕیاری پێویست بدەن بۆ گێڕانەوەی ماف بۆ قوربانییانی ئەو ستەمە. ئەم دەقەیش ئامادەکراوە تا شاندێک لە نوێنەرانی ئەوانەی ئیمزایان کردووە ڕاستەوخۆ بیدەنە دەست ئەوانەی لەو بابەتەدا بڕیار بەدەستن. جا ئەگەر

نەکرا ڕاستەوخۆ بدرێتە دەستیان، دەکرێ دەقەکەیان بۆ ڕەوان بکرێ یان لە بارەگەکەیان بۆیان دابنرێ.

دەکرێ ئیمزا کۆکردنەوە لەسەر شەقام یان هەر شوێنێکی گشتیدا ئەنجام بدرێ. حاڵنامە پێش هەموو شت ئامرازی ئاگەدارکردنەوەی جەماوەر و بێدارکردنەوە و هەوڵدانە بۆ سازکردنیان بۆ دەستوەردان و کارکردن. لەوانەیشە یەکێک بێ لە ڕەگەزە یەکەمەکانی هەڵمەتی بزواندن و هۆشیارکردنەوەی ڕای گشتی. ئەگەرچی دەگمەنە هەر حاڵنامەکە خۆی ئامرازێکی گوشاری بەس بێ بۆ بردنەوەی کێشەکە، بەڵام ئەگەر توانرا ژمارەیەکی "کاریگەر" ئیمزا لە چەند ڕۆژێکدا کۆ بکرێتەوە، دەکرێ حاڵنامە سەرنجی دەسەڵاتداران ڕابکێشێ و هەست بە ڕەهەندەکانی کێشەکە بکەن. بەوەیش دەگونجێ دەسەڵاتداران دەرک بەوە بکەن کە دانایی و هەروەها بەرژەوەندیی خۆیشیان لەسەریان پێویست دەکا بەزووترین کات چارەسەرێکی گونجاو بۆ کێشەکە بدۆزنەوە.

لە وڵاتانی دیموکراسیدا بەگشتی، ئیمزاکردنی حاڵنامەیەک هاووڵاتییان تووشی هیچ مەترسییەک ناکا، بگرە دەگونجێ بەسادەیی سەرنجی "دەسەڵاتداران" ڕابکێشێ. بەڵام لە جێبەند (سیاق)ێکی سیاسیی گرژدا لەوانەیە تەنیا ئیمزاکردنی حاڵنامەیەک پێشوەخت پابەندییەکی بەهێز بخاتە سەر هاووڵاتییان و وەک "دوژمنانی ناوەخۆ" ئاماژەیان بۆ بکرێ و هانی دەسەڵاتداران بدرێ بۆ سەرکوتینەوەیان.

لە سایەی ڕێژیمێکی تۆتالیتاریشدا ئیمزاکردنی حاڵنامەیەک بە کەتنکردن deliteێک دادەنرێ کە شایستەی سزایەکی سەختە، کە بەندکردنیەتی.

* ڕای گشتی

هەواڵنامەی کتێب

### یاخیبوونی مەدەنی

کولتووری گوێڕایەڵی بەسەر کۆمەڵگەکانماندا زاڵە. منداڵی مرۆڤ هەر لە ساواییەوە لەسەر گوێڕایەڵیکردن "بەرنامەڕێژ" دەکرێ. پێویستە لەسەری لەناو خێزانەکەی و لە قوتابخانە گوێڕایەڵ بێ. کاتێ گەورەش دەبێ، پێویستە لە ژیانی پیشەیی و لە ژیانیدا وەک هاووڵاتییەک، ئەگەر پێویستیشی کرد لە سوپادا، گوێڕایەڵ بێ. ئەگەر پابەند بێ بە ئاینێکیشەوە ئەوا گوێڕایەڵی وەک نیشانەی دڵسۆزی بۆ ئاینەکەی بۆی دەرازێنرێتەوە. بەم شێوەیەش دەبێ تاک بەردەوام گوێڕایەڵی دەسەڵاتێکی باڵا بێ. لەکاتێکدا سەرپێچی وەک هەڵەیەکی گەورە ناو دەبرێ، لەبەرئەوەی یاخیبوونیش شتێکی لەو شێوەیەیە، سزایەکی لە شێوەی تۆڵەدا بۆ دانراوە. بەم شێوەیەش تاک هەر لە نۆبەرەی ژیانیەوە هەڕەشەی تۆڵەسزای لەناو خۆیدا هەڵگرتووە کە بەهۆی یاخیبوونیەوە سزا دەدرێ، بۆیە گوێڕایەڵی دەکا تا خۆی لە کێشە و قەرقەشە لابدا. گوێڕایەڵی وەک گەرەنتیی ئاسایشی خۆی دێتە پێش چاو. مرۆڤ بۆ ئەوەی ئەو گوێڕایەڵیکردنەی فێری بووە لەیاد بکا، دەبێ ئازایەتیی فێڵکردن لەو چاوترسێنکردنەی هەبێ کە هەڕەشەی تۆڵەسزا ئەنجامی دەدا.

بەپێی تیۆریی دەوڵەت کە تا ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەکانماندا باڵادەستە، گوێڕایەڵیکردنی یاسای زۆرینە بە یەکێک لە پایەکانی دیموکراسی دانراوە. بەکردەوە یاسای ژمارە دیموکراسی بەڕێوە دەبا، بەڵام دەشێ یاسای ژمارە لەگەڵ خواستی هەقدا نەگونجێ، لەو بارەیشدا بەدڵنیاییەوە دەبێ هەق بەسەر ژمارەدا سەربکەوێ.

بێگومان ژیانی هەموو کۆمەڵگەیەک پێویستی بە بوونی یاسا هەیە. هەرکات بمانەوێ گەمەیەک بکەین پێویستە کۆمەڵە ڕێسایەک بۆ گەمەکە دابنێین، ناتوانین گەمەکە بکەین ئەگەر هەریەک لە ئێمە لای خۆیەوە ڕێزی یاساکان نەگرێ. کەواتە کارێکی بێهوودەیە بەناوی نموونەیەکی ناتوندوتژیی ڕەهاوە، وێنای کۆمەڵگەیەک بکەین کە تەنیا بە بەشداریی ئازادانەی هەر تاکێک و بەبێ ئەوەی پێویست بکا بە پەنابردن بۆ ئەو "بکە" و "بکە"انەی یاسا دەیانسەپێنێ، دەکرێ سیستم و دادپەروەری تێدا مسۆگەر بکرێ. بێگومان یاسا ئەرکێکی کۆمەڵایەتیی حاشاهەڵنەگر ئەنجام دەدا: ئەرکی ناچارکردنی هاوواڵتییان تا بەشێوەیەکی ژیرانە ڕەفتار بکەن، بەشێوەیەک بوار بە ستەم و توندوتیژی نەدرێ. کەواتە ڕاست نییە کۆت و بەندەکانی یاسا تەنیا وەک بەربەستی بەردەم ئازادی سەیر بکرێن، چونکە یاسا پێش هەموو شت گەرەنتیی ئازادییە. کاتێ یاسا ڕێگە لە من دەگرێ سامانی خەڵکانی تر نەدزم، بەوە ئاسایشی سەر و سامانی منیش دەستەبەر دەکا. یاسا دادپەروەرانەکان بناخەی دەوڵەتی یاسان.

بەو ئەندازەیەی یاسا ئەرکی خۆی لە خزمەتکردنی دادپەروەریدا جێبەجێ بکا، شایستەی ڕێز و گوێڕایەڵیکردنی هاوواڵتییانە. لە دیموکراسیدا شتێکی سرووشتییە دەسەڵاتی سیاسی کەڵک لە بنەوای شەرعییەتی هاولفی خۆی وەربگرێ، بەڵام ئەم هاولفە دەکرێ تانەی لێ بدرێ، واتە دەکرێ بەڵگە لەسەر پووچیی بهێنرێتەوە.

کاتێکیش یاسا خۆی پشتگیری لە ستەم دەکا یاخۆ دەبێتە هۆی ستەم، شایستەی بەسووک سەیرکران و لێ یاخیبوونی هاوواڵتییانە. یاساییبوونی ئەو حوکمانەی دەوڵەت دەیاندەدا بەس نییە بۆ شەرعیبوونی ئەو حوکمانە، چونکە گوێڕایەڵیکردنی یاسا هاوواڵتی لە بەرپرسیاریەتیی خۆی ڕەها ناکا. دیموکراسی خوازیاری هاوواڵتییانی بەرپرسیارە نەک تاکگەلێکی جەڕدراو. ئەو کەسەی گوێڕایەڵیی یاسایەکی ستەمکارانە دەکا بەرپرسیاریەتیی بەشێک لەو ستەمەی دەکەوێتە گەردن. ئەوەی ستەم دروست دەکا یاسای ستەمکار نییە بەڵکو گوێڕایەڵیکردنی یاسای ستەمکارە. ئەو کاتە بۆ ڕیسواکردنی ئەو ستەمەی لە ئەنجامی پێشێلکردنی مافەوە دێتە دی و بەگژاچوونەوەی و هەروەها بۆ بەرەنگاریکردنی ستەمی یاسا، دەبێ سەرپێچیی یاساکە بکرێ. یاسای ستەمکار خوار و خێچییەک لەناو شەرعییەت و دادپەروەردا دەخولقێنێ و تەنیا یاخیبوون دەرفەت بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو لارییەی پەتی دادپەروەری ساز دەکا.

لە دیموکراسیەتێکی ڕاستەقینەدا یاخیبوونی مەدەنی بە مافێکی جێگیری هاوواڵتی دادەنرێ. بەبێ شک دەوڵەت سڵ ناکاتەوە لەوەی، بۆ لغاوکردنی هەڵەشەکانیان، یاخیبوون بە تاوان دابنێ و

وەک ڕەفتارێکی "ناهاووڵاتییانە" ڕیسوای بکا. بەڵام "یاخی" جیابووەوەیە نەک کەتنکار، چونکە خۆی لە هاوهەڵوێستی لەگەڵ ئەو گرووپە سیاسییەی ئەندامیەتی نادزێتەوە، ئەو هاوهەڵوێستی ڕەت ناکاتەوە، بگرە تێوەگلان ڕەت دەکاتەوە. ئەوە هاووڵاتییانیانن شەرعییەت بەو کەسانە دەدەن کە دێنە هەڵبژاردن، نەک بەپێچەوانەوە. کەواتە لە دیموکراسیەتێکی هاوبەشایەتیدا هاووڵاتییان مافی خۆیانە یاسا بەسەر هەڵبژێردراوەکاندا بسەپێنن.

ئەرکی یاسا نییە کە بڵێ دادپەروەری چییە، بگرە ئەوە دادپەروەرییە دەبێ یاسا بسەپێنێ. هەروەها کاتێ هاووڵاتی مەزەندە دەکا پێکدادانێک لەناو یاسا و دادپەروەریدا هەیە، ئەوا پێویستە دادپەروەری هەڵبژێرێ و سەرپێچیی یاسا بکا. ئەوەی پێویستە سەرچاوەی ڕەفتاری هاووڵاتی بێ ئەوە نییە کە یاساییە، بەڵکو ئەوەیە کە شەرعییە. لێرەدا چەندان پرسیار دێنە پێش: ئاخۆ بواردان بە هەر تاکێک تا ئازادانە بە زەوق و ئارەزووی خۆی ڕەفتار بکا، پاشاگەردانی لە تەواوی کۆمەڵگەدا دروست ناکا؟ ئاخۆ بەس نییە بۆ ئەوەی کەسێک هەر کە یاسایەکی بەدڵ نەبوو داوا بکا مافی یاخیبوون لەو یاسایەی پێ بدرێ؟ سەرەنجام، ئەو پێوەرانە چین وا دەکەن هاووڵاتییەک دڵنیا بێ لەوەی یاسایەک ستەمکارانەیە؟

ناکرێ بەبێ جەختکردن لەوەی پێویستە هاووڵاتی تەواوی بەرپرسیاریەتیی خۆی لە بڕیار و کردارەکانیدا بگرێتە ئەستۆ، وەڵامی ئەم پرسیارانە بدرێتەوە. لە شیکردنەوەی کۆتاییشدا مرۆڤ هەر لەژێر ڕۆشنایی ئەوەدا کە ئەقڵ و ویژدانی بەسەریدا دەخوێنن دەست دەداتە کارکردن. لەوەدا بەدڵنیاییەوە سەرکێشی دەکا بەوەی هەڵە دەکا، بەڵام مەترسییەکە گەورەتر دەبێ ئەگەر بڕیار بدا ملکەچی ئەو بڕیارانە ببێ کە خەڵکانی تر دەیاندەن.

بۆ ئەوەی لەسەر هەق بین پێویستە سەرکێشی بکەین و هەڵە بکەین، چونکە هەڵبژاردنی گوێڕایەڵیی بێمەرج واتەی هەڵبژاردنی خۆدزینەوەیە لە بەرپرسیاریەتی. لە دەرەنجامدا، کاتێ کەسی یاخی بەئەنقەست لە یاسا دەردەچێ، بەوە لەوانەیە خۆی تووشی هەندێ مەترسیی قووڵ بکا. ئەو مەترسییانەیش دەشێ وای لێ بکەن خۆی لە پێشێلکردنی یاسا ببوێرێ تا تەنیا لە خەمی بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆیدا بێ.

مێژوو فێرمان دەکا زۆربەی جار گوێڕایەڵیی کوێرانەی هاووڵاتییان هەڕەشەیە لەسەر دیموکراسی تا یاخیبوونیان. لەڕاستیدا گوێڕایەڵیی توندی هاووڵاتییان سەرچاوەی هێزی ڕێژیمی تاکڕەو و تۆتالیتاریەکان پێک دێنێ، لەوبارەیشدا یاخیبوونیان لە بنچینەدا بەرەنگاریکردنی خودی ئەو ڕێژیمانەیە. پێ دەچێ یاخیبوونی مەدەنی بۆ هەناسەدانی دیموکراسی پێویست بێ و زۆر دوورە لەوەی دیموکراسی لاواز بکا، بگرە دەیپارێزێ و بەهێزی دەکا. دەستی زۆر لە یاخییان دەگرێ بۆ دروستکردنی گەلێکی ئازاد.

جێی خۆیەتی دوو شێوە لە یاخیبوونی مەدەنی جوێ بکەینەوە: یەکێکیان ڕاستەخۆ ئەوی تریان ناڕاستەوخۆیە. هەرچی یەکەمە ڕاستەوخۆ بەرهەڵستیی یاسایەکی ستەمکار دەکا بەمەبەستی

هەڵوەشـاندنەوە یان لانی کـەم هـەمـوارکردنی، بەڵام دووەمـیـان برێتـییـە لە بـەرهەڵسـتی کـردنێکی ناڕاستەوخۆی بڕیارێکی سیاسیی ستەمکارانە، ئەویش بە پێشێلکردنی یاسایەک کە ناویستری نە هەڵبـوەشـێتـەوە و نە بگۆڕێ، لەم کـاتەدا یاخـیـبـوونەکـە هەڵبـژاردنی ئـامـرازێکی تاکـتیکییـە بۆ دەرخستنی ستەمکاریی ئەو بڕیارەی دراوە بۆ گوشار خستنەسەر بڕیار بەدەستان تا سیاسەتیان بگۆڕن، وەک ئـەوەی بەکـارهـێنەرانی هـێـڵی ئاسنین بەرێکخـسـتنی پـەناگـیـریەک لەسـەر هێـڵـە ئاسنینـەکە جوڵەی شـەمـەندەفەرەکان پەک بـخەن، ئەمـەیش نەک بـۆ هەمـوارکردنی ئەو یـاسـایەی بەرگرتن لە هـاتوچۆی ڕێگە گشـتییەکـان قەدەخـە دەکا، بگرە بۆ بەدەسـتـهێنانی گۆڕانکارییەکە لە سیاسەتی هێڵـە ئاسنینەکان، کە ڕەخنەی لێدەگرن. جا ئەگەر دادگە لەسەر ئەو کەتنەیان گرتنی – کـە زۆر جـار ئەمـە ئاواتی خـۆشـیـانـە– ئەو کـاتـە دادگە دەکـەنە سـەکـۆیـەک تا لە ڕێیـەوە ڕەوایـیـی پرسەکەیان بخەنە بەرچاوی ڕای گشتی.

بە چ واتەیەک یاخیبوون مـەدەنییە؟ ڕەگی وشـەی مەدەنی cilvil (ی فڕەنسـی) برێتییە لە civilisی لاتینی کە ئەویش لە وشەی civis وەرگیراوە بەواتەی "هـاووڵاتی". کەواتە واتەی یەکەمی یاخیبوونی مـەدەنی ئەوەیـە کـە یاخـیـبـوونێکی هـاووڵاتیـیـانەیە. بەڵام زاراوەی civilis واتەی لەوە زیاتری هـەیە، لەلایەکـەوە دژی وشـەی militaris ـە بەواتـەی (سـەربازی) و دەبێـتـە واتەی دووەمـی یاخـیـبـوونی مـەدەنی. کـەواتە یاخـیـبـوونەکـە ناسـەربازییـە. بـەڵام ئەم واتەیە تێکەڵ و پێکەڵە. بـەدڵنیـایەوە یاخـیبـوونی مەدەنی سـەربـازی نییـە، بەڵام دەکرێ سـەربازییـەکانیش پەنـا بۆ ئەم ئامـرازە ببـەن و ملکەچی هەندێ فـەرمـان نەبن کە پێیـان وایە پێچـەوانەی بەهاکـانی پیـشـەکـەیانە، وەک فـەران پێکردنیان بە ئەشکەنجەدانی دیلەکانیان.

لەلایەکی ترەوە و بەشێـوەیەکی تایبەت وشـەی civilis دژی وشـەی criminalis (جینائی) و بنەوا و خـواسـتـەکـانی دێ، واتە ڕێز لە ڕێگەی یاخیبوونی مـەدەنیـانە civilisee و بنەوا و خـواسـتـەکـانی دەگرێ. یاخیبوونی مەدەنی شێوەی شارستانییانە civiliseeی یاخیبوونە. کارێکی" مەدەنی"یە، بەو واتەیەی توندوتیـژ نـییـە. ئەو توندوتیـژییـەی هـاووڵاتیـیـان بەکـاری دەهێـنن بەردەوام و تا ئەو کـاتەی یاسـا وەک سـەرەتا هـەر توندوتیـژییـەکیان لی قـەدەخـە بکا یاخـیـبـوونە، چونکە توندوتیـژی یاسـایی تەنیـا لەدەستی دەوڵەتدایە. بەڵام تـوندوتیژی یاخـیبـوونێکی جینـائییـە مادەم پێـچەوانەی بنەواکانی ڕەفتاری شارستانییە. لە دەرەنجامدا یاخیبوون کارێکی مەدەنییە بەو واتەیەی کە ناتوندوتیژانەیە. بۆ ئەوەی یاخـیبـوون شـەرعیـیەتی دیموکراسـی بەدەست بێـنی زۆر گرینگە بە مـەدەنی و ناتوندوتیـژ بمێنێتەوە.

هـەندێ کـەس کە دەیانەوێ پێداگـری لەسـەر مـۆرکی هـاووڵاتیـیـانەی یاخـیـبـوون لە یاسـایەکی ستەمکار بکەن، وای بە باش دەزانن زاراوەی " یاخیبوونی هاووڵاتییانـە" بەکار بێنن، بەڵام خراپیی ئەم زاراوەیە لەوەدایـە مـۆرکە مـەدەنییـەکـە دەخـاتە پلـەی دووەم، واتە ئـەو مـۆرکـە ناتوندوتیـژییـەی پێویسـتە یاخـیبـوون سـوور بی لەسـەری بۆ ئەوەی بە" هـاووڵاتیـیـانە" civique بمێنێـتـەوە. لەبەرئەوە

پێدەچی زاراوەی" یاخیبوونی مەدەنی" پەسندتر بێ، چونکە ئەم زاراوەیە زیاتر و باشتر دەڵی و پێداگری لەوە دەکا کە ڕەفتاری شارستانییانە واتەیەکی تەواو بە هاوولاتیبوون citoyennete دەدا، چونکە هاوولاتیبوون پلە وپایەیە و شارستانیبوون فەزیلەتە: واتە بەوردی بریتییە لە فەزیلەتی هاوولاتی. زیاد لەمەش زەقترین خراپەی گۆڕینی ئەو چەمکە لەوەدایە پچرانێک لەگەڵ کەلەپووری دورو درێژی یاخیبونی مەدەنیدا دروست دەکا، کە لە گاندییەوە دەست پێ دەکا هەتا ڕۆژی ئەمرۆ.

ئەرکی یاخیبوونی مەدەنی لە یاسا یان بڕیار یان سیستمێکی ستەمکار بە شێوەیەکی تایبەت پێوەندیی بە هاوولاتی- فەرمانبەرەوە هەیە. پێویستە لە بنەواکانی ڕەفتارچاکییەکانی کرێکارانی دەوڵەتدا ڕاشکاوانە ئاماژە بەوە بدری کە پێویستە هەر فەرمانبەرێک نە تەنیا گوێڕاڵیکردنی فەرمانێکی نایاسایی ڕەت بکاتەوە، بگرە دەبی گوێڕاڵیکردنی هەر فەرمانێکی ناشەرعیش ڕەت بکاتەوە. کەواتە لە دیموکراسیدا پێویستە دەسەلاتداران ڕێنوێنی ڕەسمی لەبارەی ئەرکەکانی فەرمانبەران کاتی ڕووبەڕووی فەرمانێکی ناشەرعی دەبنەوە، دابنێن. هەروەها پێویستە ئەم ڕێنوێنیانە جەخت لەسەر ڕۆڵی ستراتیجیی گەورەی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان بکەن لە بەرگریکردن لە دەوڵەتی یاسا. بەلام ڕەفتارچاکیی فەرمانبەر، وەک هەر ڕەفتارچاکییەکی تر، ناکرێ تەنیا بەگەڕانەوە بۆ حوکمە یاساییەکان دیاری بکرێ، بگرە پێویست بە گەڕانەوە بۆ خواستەکانی ئەخلاقیش دەکا.

تەنیا ئەوە بەس نییە یاخیبوونی مەدەنی پاساوی هەبێ، بگرە دەبێ کاریگەریش بێ. یاخیبوونی مەدەنی وەک کارێکی سیاسی، دەستپێشخەرییەکی دەستەجەمیی ڕێک خراوە کە ئامانجی دروستکردنی پاڵەپەستۆیە لەسەر دەسەلاتداران بۆ ناچارکردنیان تا بگەڕێنەوە سەر ڕێگەی ڕاست. مەبەست تەنیا دیاریکردنی مافی هەر کەسێک لە "بەرهەڵستیی ویژدان" objection de con-science نییە کە لەسەر ئەرکی ویژدانی تاکەکەسی بۆ ڕەتکردنەوەی گوێڕایەڵیکردنی یاسایەکی ستەمکار دامەزراوە، بگرە، بەدەر لەم دانپێدانانە، مەبەست دیاریکردنی مافی هاوولاتییانە لە یاخیبوون لە یاساکە بۆ سەلماندنی دەسەلاتی خۆیان و گەیاندنی داواکانیان بەجێگەی خۆیان. بەمەیش یاخیبوونی مەدەنی تەنیا دەربڕی ناڕەزایی ئەخلاقیی تاک نییە لە یاسا یاخۆ بڕیارێکی ستەمکارانە، بگرە بەشێوەیەکی تایبەتیش بۆ بەرجەستەکردنی ئیرادەی سیاسیی کۆمەڵێک لە هاوولاتییانە کە دەیانەوێ دەسەلاتی خۆیان پیادە بکەن. کەواتە ئامانجی یاخییان ئەوەیە لەڕێی کارە سەرسەختەکەیانەوە هاوسەنگییەکی هێز بێننە کایە کە بڕیاربەدەستان ناچار بکا مل بۆ داواکانیان کەچ بکەن. لەم ڕوانگەوە ژمارەی یاخییان هۆکارێکی یەکلاکەرەوەیە، گرینگیشە بتوانن، ئەگەر زۆرینەیش نەبێ، پاڵپشتیی کەمینەیەکی بەرفرەوانی هاوولاتییان بەدەست بێنن، تا پاڵەپەستۆی ڕای گشتیش لە بەرژەوەندیی ئەوان کار بکا. لێرەوە پێویستە بەرەنگاریکاران زۆر بە ڕوونی و ڕاستگۆیی ڕەهەندەکانی کارەکەیان ڕوون بکەنەوە.

هەڵمەتی یاخیبوونی مەدەنی وەک هەر کارێکی هەرەوەزی، پێویستە تەنیا لە هەڵوێستێکی

نەرێنیی ڕەتکردنەوە و ناڕەزاییدا قەتیس نەبێ، بگرە لەوکاتەی یاخییان سەرکۆنەی ستەمی یاسا دەکەن، پێویستە چارەسەرێکی ئەرێنی و بنیاتنەر بۆ ئەو کێشەیە بخەنە ڕوو کە خۆیان خولقاندوویانە. کەواتە دەبێ "بەرنامەیەکی بنیاتنەر" دابنێن کە ببێتە مایەی سەرخستنی دەوڵەتی یاسا. لە چوارچێوەی ئەم تێڕوانینەدا ئامانجی یاخیبوونی مەدەنی تەنیا هەڵوەشاندنەوەی یاسا ستەمکارەکە نییە، بگرە دەرکردنی یاسایەکی نوێیشە کە دادپەروەری دەستەبەر بکا. یاخیبوونی مەدەنی بەرهەمهێنی یاسایە، یاخییان -بەجۆرە ڕوو قایمییەکیشەوە- داوا دەکەن ماف و دەسەڵاتی ""گوتنی یاسا"-یان هەبێ، یاسایەک هەق پێشێل دەکا. هەر بۆیە پێشێلکردنیان بۆ یاسا گێڕانەوەیەتی بۆ ڕێی ڕاست.

یاسا بەحوکمی لۆجیکەکەی، داوای سزادانی ئەو هاووڵاتییە دەکا کە خۆی لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی دەدزێتەوە. هەموو یاخیبوونێکی مەدەنی سەری بە سەرکوتینەوەی دەوڵەتدا هەڵدەتەقێ کە پەرۆشە بۆ شەونخونیکردن لەسەر پاراستنی "شکۆمەندیی یاسا". مادەم ئەو یاسایانەی پێشێل کراون ستەمکارانە بن، ئەو سزایانەیش بەسەر هاووڵاتییاندا سەپێنراون ستەمکارانەن. ئەوەی سەرپێیی یاسایەکی ستەمکارانە دەکا نابێ وا هەست بکا پابەندە بە ملکەچکردن بۆ ئەو سزایانەی دەوڵەت دەیەوێ بیانسەپێنێ بەسەریدا. لەبەرئەوە "یاخیبوون"ەکەی مافی خۆیەتی. بەڵام لێرەدا ناکرێ ڕێسایەکی ڕەها دابنرێ. دەبێ بۆ هەر حاڵەتێک بەدوای گونجاوترین ڕێگەدا بگەڕێن. هەروەک پێویستە ئەو هەڵوێستە بناسرێتەوە کە ئەوپەڕی کارایی سیاسی بە کارەکە دەدا. ڕەنگە وایش باش بێ لەو سزایانەی یاسا دیارییان دەکا هەڵنەیەن، چونکە دەشێ ستەمی تاوانبارکردنی هاووڵاتییانی بەرهەڵستکار ستەمکاریی یاسا بەزێنراوەکە بۆ ڕای گشتی دەربخا و پێگەی دەسەڵاتداران لای خەڵک دابەزێنێ. لە هەندێ حاڵەتی تردا هەڵاتن لە سزا باشترە بەمەبەستی گەورەکردنی ئەو گژبەرییەی ئاراستەی دەسەڵاتداران کراوە و زەقکردنی مۆرکی ناڕەوای ئەو تۆڵەسزایەی دادگە سەپاندویەتی. لەو کاتەدا دەکرێ بیر لە کارکردنی نهێنی بۆ ماوەیەکی کورت یاخۆ درێژ بکرێتەوە، ئەو کاتە دەکرێ هەر کەس خۆی مێژووی گرتنەکەی دیاری بکا، ئەویش بەوەی بەهێزترین کاردانەوەی میدیایی بەو گرتنە ببەخشرێ. گرینگ ئەوەیە بەردەوام هەوڵ بدرێ پارێزگاری لە توانی دەستپێشخەری بکرێ.

ئەوەی هێزی تەواو بە یاخیبوونی مەدەنی دەبەخشێ ژمارەی ئەو کەسانەن بەشداری تێدا دەکەن. دووریش نییە زۆریی گرتن و دادگەییکردنەکان باشترین ڕێگە بێ بۆ شپرزکردنی دەسەڵاتداران و ناچار کردنیان بەوەی لەکۆتاییدا بەدەم داواکانی بزووتنەوە بەرەنگاریکارەکەوە بێن.

بەم شێوەیە تەنانەت لە "کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی"شدا هاووڵاتییان بۆیان هەیە ڕازی نەبن بە چاوەڕوانکردنی گۆڕانکارییەکی گریمانەیی لە دەسەڵاتدا بۆ گۆڕینی یاسایەکی ستەمکار -چونکە نابێ سەرتەسرت لە چەسپاندنی دادپەروەریدا بکرێ- ئەویش بە ڕێکخستنی هەڵمەتێکی

یاخیبـوونی مـەدەنی. دەگونجێ گۆڕینـی یاسـا بکەوێتە پێش ئەوکاتەی توانی گۆڕینـی حکوومـەت دەستەبەر دەبێ.

دەکرێ بیر لە سیناریۆیەکی تریش بکرێتەوە: پێویست ناکا بەرهەڵستیی یاسایەکی ستەمکار لە کۆمـەڵگەیەکی دیموکراتدا بکرێ، بگرە پێویسـتـە بەرهەڵستیی دەسـەڵاتێکی سـتـەمکار بکرێ کە بەئەنقەست بنەواکانی دیموکراسی پێشێل دەکا. ئەو کاتە دەکرێ یاخیبوون شێوەی "ڕاپەڕینێکی ئاشتی"یانەی ڕاسـتـەقینەی هاووڵاتییـان وەربگرێ کە گۆڕینی ئەم یان ئەو یاسـا ناکەنە ئامـانجی خۆیان، بگرە ئامانجیان گۆڕینی دەسەڵاتـەکە خۆیەتی. شـەرعییەتی یاخیبوونی مـەدەنی لەوکاتەدا لەسەر مافی گەل لە بەرەنگاریکردنی ستەمکاری دادەمەزرێ.

هەروەک دەکرێ چاو ببڕینە ئەوەی دەسـتووری سـیسـتـمێکی دیموکراسی دان بە مـافی تاک لە بەرهەڵسـتیی ویژداندا بنێ، بەهەمـان شـێوە دەکرێ وێنانی ئەوەیش بکەین کە دەسـتـوور دان بە مافی گەل لە بەگژاچوونەوەی ستەمکاریدا بنێ، کە مافی یاخیبوونی مەدەنیش لەخۆ دەگرێ. ئەگەر یاسا نەتوانێ ماف بداتە هاووڵاتی کە یاخی ببێ، ئەوا دەکرێ دەسـتوور ئەو مافەی بداتێ لە یاسا یاخی ببێ. جا بۆ تیۆریزەکردن بۆ یاخیبوونی مەدەنی لە دیموکراسیدا، جێی خۆیەتی نەک تەنیا بە بەهایەکی ئەخلاقی و فەلسەفی، بگرە بە بەهایەکی یاساییش دان بە مافی بەرەنگاریکردندا بنێ.

* بەرهەڵستیی ویژدان
* گوێڕایەڵی
* دیموکراسی
* نهێنیبوون
* هاوکاری نەکردن

هەواڵنامەی کتێب

## لێبوردن

دەبێ دان بەوەدا بنێین کە لێبوردن ناوبانگێکی باشی نییە! چونکە لێخۆشبوون بەزۆری دەلالەتێکی ئاینیـی پێ دەدرێ کە بە بەسـتنـەوەی بە چەمکی ناڕوونی "گـونـاهـ"ـەوە واتەکـەی دێتـە شـڵـەژاندن. بەمـەیش ئاینـە مێـژووییـیـەکان -بەتایبـەت مـەسـیـحـیـیـەت- گـوتارێکی لاهووتیـی تەواویان لەبارەی "لێـخـۆشـبـوونی گوناهـەکان" دارشـتـووە، کە لە دەرەنجـامـدا پێوەندیی بە مێژووی مرۆڤـەوە نەبوو. کەواتە ئـەوە پرۆژەیەکی سـەخت و- لە هـەمـان کاتدا پێـویست و ڕەوا و بەپیتـە- هـەوڵێستی لێبوردن بۆ کایـەی تایبەتی خـۆی بگێڕدرێتـەوە، کە کایـەی ئەخلاقە و لـەوێشـەوە فەلسـەفە، ئەو کاتە دەتوانێ ڕەهـەندە سیاسییەکەشی بگێڕێتەوە.

گرینگیی یەکلاکەرەوەی ئەرکی ئـەخلاقییانەی لێبـوردن لە پێوەندییە مرۆییـیەکاندا زیاتر کـاتێ ڕوون دەبێتـەوە کە نەبێ: کـە برێتی دەبێ لە زنجـیـرەی ئەو تۆڵە و تۆڵـەسـەندنەوەیەی بەزەیی تێدا نیـیـە. تۆڵـەسـەندنەوە دژە مـامـەڵـەکردنێکی هـاوشـێـوەی سـەرسـەختـانەیە. کـەواتە ئەوە شـوێنپێ

هەڵگرتنی دەقاودەقی توندوتیژیی دژبەرە. کاتێ ڕق و کینە سینەتەسکی مرۆڤ لە کۆت و بەندی ڕابردوودا بەند دەکەن، لێبوردن دێ و لەو کۆت و زنجیرانە ئازادی دەکا تا بتوانێ پێ بنێتە داهاتوو. تۆڵەسەندنەوە ئەنجامە وێرانکەرەکانی کارێکی خراپ کە لە هەلوجەرێکدا ئەنجام دراوە ئێستە نەماوە، درێژ دەکاتەوە و بەسەر داهاتوویدا دەسەپێنێ. تۆڵەسەندنەوە نە لەکاتی خۆی و نە لە شوێنی خۆی و نە لە مێژووی خۆیدا نایە، ئەو هیچ کات لە وەختی خۆیدا نایە.

لێبوردن ئارەزووی تۆڵەسەندنەوە پشتگوێ ناخا، بگرە هەوڵ دەدا بەسەریدا زاڵ بێ و تێی بپەڕێنێ. ناتوانین بڕیار بدەین تۆڵە نەکەینەوە، لەبەرئەوەی ئارەزووی تۆڵەسەندنەوە بەتوندی لەناوماندا ئامادەیە و دەیەوێ خۆی بەسەر ئیرادەماندا بسەپێنێ. هەر بۆیە لێبوردن ئازایەتییەکی گەورەی دەوێ. لەبەرئەوەی توندوتیژی حەزلێکراوە، لێبوردن ئەرکێکی قورسە. لێبوردن بەرهەمی ئارەزوو نییە و ڕیشەی قووڵی لە هەستدا نییە، بگرە ڕیشەی لەناو ئیرادەدایە، چونکە کار و کردار و ڕووداوێکە لە مێژوودا ڕوو دەدا تا ڕێڕەوەکەی بگۆڕێ.

لێبوردن هەرگیز یاداوەریی ڕابردوو لەناو نابا –چونکە لەبیرکردن فەزیلەت نییە، تەنیا دڵنەواییەکە– بەڵکو بە سووربوون و لێبڕانەوە دەگوازێتەوە بۆ داهاتوو، بەڵام یاداوەریی خراپە کۆسپ دەخاتە بەردەم داهاتوو و توانی دەرککردنمان لێڵ دەکا. هەرچی لێبوردنە یاداوەریی ناڕوخێنێ، بگرە گرەوە لەسەر داهاتوو، دەگونجێ ئەو گرەوە بدۆڕێنی، بەڵام ئەو دۆڕاندنە واتەی ئەو گرەوە ون ناکا. لێبوردن بێ مەرجە، بەو هۆیەشەوە هیچ گەرەنتیەکی نییە. لێبوردن دیارییە، بگرە سەرتۆپی دیارییەکانە، بۆیە شتێک نییە بەپێی شایستەیی بێ و ڕەتیش ناکرێتەوە. بۆ ئەوەی بڕیاری لێبوردنیش لە بزاوتی مێژوودا کاریگەر بێ پێویستە ڕێڕەوی خۆی لە زەمەندا وەربگرێ. لەکاتێکدا تۆڵەسەندنەوە شێوەیەکە لە شێوەکانی بێئومێدی، ئەوا بەگشتی ئومێدی سەرلەنوێ دەست پێکردنەوە بزوێنەری لێبوردنە.

ئەرکی لێبوردن هەمان شوێنی ناتوندوتیژی لە دڵدا دەگرێ. لێبوردەیی مرۆڤ لە دەرەنجامدا، واتەی ئەوەیە بەردەوام لە ئازاردان دەبورێ. کردەی لێبوردن واتەی بڕیاردانی یەکلایەنەیە بە پچڕینی ئەو زنجیری کارە توندوتیژییانەی کۆتایان نایە و هەریەکەیان دەبێتە پاساو بۆ ئەوی تریان. واتەی ڕەتکردنەوەی درێژەدانە بە شەڕ تاهەتایە، واتە ئیرادەی بێوەییخوازی لەگەڵ خۆ و لەگەڵ خەڵک، چونکە ئەوەی خەمی تۆڵەسەندنەوەی لەمێشکدایە، هەرگیز لە ئاشتیدا ناژی. لێبوردن بەرقەرارکردنی ئاشتییە لە داهاتووی مرۆڤدا، ئەویش بە ڕەتکردنەوەی هێشتنەوەی خۆی وەک دیلی ئەڵقەیەکی دوور و درێژی کاری توندوتیژی. تۆڵەسەندنەوە وادەکا ژیان مەحاڵ و مردن زۆر لەڕێ بێ.

بەڵام کاری لێبوردن تەنیا ڕەتکردنەوەی تۆڵەسەندنەوە نییە، بگرە پێویستە پێوەندییەکی تر لەناو دەستدرێژکار و دەستدرێژباردا دروست بکا. جێی خۆیەتی لێرەدا جیاوازی بکەین لەناو لێبوردنی کەسی کاتێ دەستدرێژییەکە ڕاستەوخۆ لە چوارچێوەی پێوەندیی نێوان کەسێک و یەکێکی تردایە،

لەگەڵ لێبوردنی دەستەجەمی کاتێ دەستدرێژییەکە لە پێوەندیی نێوان کۆمەڵێک و یەکێکی تردایە، واتە لە پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی یاخۆ سیاسیدا . لە پێوەندیی کەسیدا پێویستە لە کەسی نێزیک ببووری، بەڵام لە پێوەندیە سیاسییەکاندا پێویستە لە دوور ببووری. لە هەردوو بارەکەدا لێبوردن وا دەکا بکرێ ئاشتەوایی یان لانی کەم سوڵح بکرێ، واتە زەوینە بۆ جێگیربوونی پێوەندییەکی دادپەروەرانە، یان دروستکردنی دەرەخسێنێ، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو پێوەندییانە کرداری بن، پێویستە ئەوەی خراپەکەی ئەنجام دراوە دان بە بەرپرسیاریەتیدا بنێ و خۆی بباتە ناو مێژووی لێبوردن و بەشداریی دینامیەتەکەی بکا .

پێوەندیی نێوان هەردوو ئەرکی دادپەروەری و لێبوردن پێوەندیی دژایەتی نییە و دژیەک نین، بگرە بەپێچەوانەوە سەر بەیەکدا دەکەن تا پێکەوە دینامیەتێکی ئاشتی دروست بکەن، چونکە چەسپاندنی دادپەروەری ڕێگە بۆ لێبوردن تەخت دەکا، پێچەوانەکەیشی بەپێچەوانەوە.

کاتێ ڕیژیمێکی سیاسی پاش ئەنجامدانی چەندان پێشێلکاری دژ بە مافەکانی مرۆڤ، هەرەس دێنێ، ماقووڵ نییە ڕاستەوخۆ داوا لە قوربانییەکان بکرێ لە جەللادەکانیان ببوورن. بۆ ئەوەی قوربانییەکان متمانە بە داهاتوو پەیدا بکەن، پێویستە بتوانن دەردی دڵیان ئاشکرا بکەن و مافی خۆیان وەربگرنەوە. بۆیە پێویستە سەرەتا دان بە ڕاستییەکاندا بنرێ. لەبەرئەوە گرینگە "لێژنەی بەدواداچوونی ڕاستی" بە چاودێریی دەستەیەکی نیشتمانی یان ناودەوڵەتی پێک بێ بۆ تیشک خستنە سەر ئەو تاوانانەی ئەنجام دراون.

ڕەنگە لە مەحاڵەوە نێزیک بێ بتوانرێ دادگەیی هەموو ئەوانە بکرێ لە سەردەمی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری یان شەڕی ناوەخۆ یان جینۆسایددا تاوانیان ئەنجام داوە، بەڵام دەبێ لانی کەم ئەوانەی لە ئەنجامدانی هەندێ تاوانی دیاریکراو بەرپرسن دادگەیی بکرێن. ئەڵبەت ئەو بەرپرسانەیش پاڵەپەستۆی زۆر دەکەن تا لێبوردنێکی گشتی بەدەست بێنن کە لاپەڕەکانیان سپی بکاتەوە تەنانەت بەر لە دادگەییکرنیشیان. داواکردنی لێبوردنێکی گشتی ڕەنگە ڕێگە نەدا برینەکانی قوربانییان سارێژ بن، بۆیە ناکرێ باس لە دەرکردنی لێبوردن بکرێ و ئاشتەواییش ناکرێ تا ماف بۆ ستەمباران نەگەڕێتەوە.

لەڕاستیدا قەسابخانە گەورە گەورەکانی مێژوو بەهۆی ڕق و کینەی کەسییەوە نەبوون، بگرە کینەی بەکۆمەڵ بوون. هەر بۆیە دەبێ ئاگری ئەمەیان بێتە کوژاندنەوە و تەنیاش بە خستنەکاری گیانی لێبوردن دەتوانرێ بەوە بگەین. لەو ساتەدا لێبوردن وەک ساتێکی یەکلاکەرەوەی کاری سیاسی دەردەکەوێ، کە ئامانجی ڕزگارکردنی مێژووە لە میکانیزمی توندوتیژیی کوێرانە.

* دادپەروەری
* ئاشتەوایی

## سزا ئابوورییەکان

لە کۆنترین شێوەکانی دەستوەردانی ناسەربازی کە ناردنی هێز بۆ ناوچەی کێشەکان لەخۆ ناگرێ، سەپاندنی سزای ئابوورییە بەسەر وڵاتێکدا بۆ ناچارکردنی دەسەڵاتدارانی تا سیاسەتیان بگۆڕن. ئامرازە بەکارهاتووەکان ئامرازی ئابوورین، بەڵام گرەو و ئامانجەکە، سیاسین. ئەو دەوڵەت یاخۆ دەوڵەتانەی بڕیار دەدەن سزای ئابووری بەسەر وڵاتێکدا بسەپێنن، دەیانەوێ گوشار بخەنە سەر دەسەڵاتی سیاسیی ئەو وڵاتە.

یەکەمین سزای بەردەست هەڵپەساردنی ناردنی بەرهەمێکی دیاریکراوە بۆ ئەو وڵاتە. بۆیە باس لە ئابڵۆقە embargo دەکەین. ئەم وشەیە کە لە بنچینەدا ئیسپانییە لە ڕووی وشەسازییەوە واتەی "ئیحراج بوو" دێ، هەر وایشە، کاتێ بڕیار دەدرێ گەمارۆیەکی بازرگانیی ڕێژەیی یان گشتی، بسەپێنرێ، مەبەست (ئیحراجکردن) ئەو وڵاتەیە. سزایەکی دووەمیش لەبەردەستە، کە ئەویش ڕاگرتنی هاوردەکردنی بەرهەمێکی دیاریکراوە کە سەرچاوەکەی وڵاتی ناوبراوە. لەم بارەشدا باس لە بایکۆت boycott دەکەین. هەروەک دەکرێ بیر لە سزایەلی دارایی بکرێتەوە، وەک ڕاگرتنی قەرز و وەبەرهێنان یان سڕکردنی حسابی بانکی لە دەرەوە.

سزا ئابوورییەکان دەبێ بەگشتی بە ناوبگیری بێ و بۆ ئامانجێکی ورد و دیاریکراو بکۆشێ. لەوانەیە زۆربەی جار کارێکی گونجاو نەبێ کار بۆ سەپاندنی ئابڵۆقەیەکی تەواو بەسەر وڵاتێکدا بکرێ، لە بەرامبەردا دەشێ کارێکی دروست بێ کە بۆ هێنانەکایەی گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە سیاسەتی دەوڵەتیکدا، سزایەکی دیاریکراوی بازرگانی یاخۆ دارایی بەسەردا بسەپێنرێ کە بتوانێ بەشێوەیەکی تایبەت تەنگاوی بکا.

پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە مادەی ٤١یدا ڕاشکاوانە ڕێگە بە سەپاندنی سزا ئابوورییەکان دەدا:

ئەنجوومەنی ئاسایش بۆی هەیە بڕیار بدا چ ڕێوشوێنێک بگرێتە بەر کە پێویستی بە بەکارهێنانی هێزی چەکدار نەبێ (...) و مافی هەیە داوا لە ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان بکا بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕێوشوێنانە، لەناو ئەوانەدا دەکرێ پەنا بۆ پچڕاندنی پێوەندییە ئابوورییەکان بەتەواوی یان بەشەکی ببرێ.

پێویستە بەپێی توانا هەوڵ بدرێ سزا داراییەکان پێش سزا ئابوورییەکان بخرێن. سزا ئابوورییەکان ڕاستەوخۆ کار لە دانیشتووانە مەدەنییەکان دەکەن چونکە لە بنەڕەتدا لەسەر بنچینەی سنووردارکردنی هەناردەکردن بۆ ئەو وڵاتە و هاوردەکردنی بەرهەمەکانی دامەزراوە، هەرچی سزا داراییەکانن ئەوا ڕاستەوخۆ زیاتر چینە حوکمڕانەکان دەگرنەوە وەک سڕکردنی حسابگەلی بانکی، هەڵپەسارنی تەواوی یارمەتییە داراییەکان، ڕەتکردنەوەی سەرلەنوێ خشتەبەندکردنەوەی قەرزی دەرەکیی وڵاتەکە و ڕەتکردنەوەی وەبەرهێناو لەو وڵاتەدا.

بەڵام مەترسیی ئەوە هەیە سزا ئابوورییەکان کاریگەرییەکی سنووردارییان هەبێ ئەگەر تەنیا یەک دەوڵەت جێبەجێیان بکا، چونکە ئەو کاتە دەوڵەتە سزادراوەکە دەتوانێ پێچی بەدەوردا لێ بدا، ئەویش بە مامەڵەکردن لەگەڵ دەوڵەتانی تردا، لەبەرئەوە گرینگە سزاکان بابەتی پرس و ڕاوێژ و هاوئاهەنگیی نێوان دەوڵەتان بن.

لە هەندێ هەلومەرجی دیاریکراویشدا پێویست ناکا سزا ئابوورییە سەپێنراوەکان بەکردەوە جێبەجێ بکرێن، چونکە لەوانەیە تەنیا هەڕەشەکردن بە سەپاندنی ئەو سزایانە دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە پەشیمان بکاتەوە لە جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی دیاریکراو یان مکوڕبوون لەسەر سیاسەتێکی دیاریکراو.

کاتێ وتووێژە سیاسییەکان لە هەڵوێستێکی تەنگژەئامێزدا دەگەنە بنبەست و دەستێوەردانی سەربازیش لەجێی خۆیدا نەبێ، دەکرێ پەنا بۆ سزا ئابوورییەکان ببرێ. ئەم سزایانەش پێوەندارن بە کارەکانی هاوکاری نەکردن لەگەڵ ئەو دەوڵەتە، پێویستە ئامانجی سزاکان سزادان نەبێ، چونکە سزادانی دەوڵەتیک هیچ بەرژەوەندییەکی سیاسی تێدا نییە و یارمەتیی چارەسەرکردنی کێشەکەیش نادا، لەبەرئەوەی هیچ ئاسۆیەک بۆ داهاتوو ناکاتەوە. بەڵێ، گومان لەوەدا نییە سەپاندنی سزای ئابووری بەسەر دەوڵەتیکدا لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ناهەموارییە لە بنەڕەتدا گەورەکانی ژیانی هاووڵاتییانی مەدەنی ئاڵۆزتر دەکا و دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە و لایەنگرانیشی هیچ کات بەفیرۆ نادەن لە قۆستنەوەی ئەو ناهەمواریيانە بەمەبەستی سەرکۆنەکردنی ئەو سزایانەی بەسەریاندا سەپاون و ڕێکخستنی هەڵمەتی لەدوای یەک، چ بۆ کارکردنە سەر ڕای لایەنگرانیان یانی ڕای گشتیی ناودەوڵەتی، بەمەبەستی سەرکۆنەکردنی ئەو سزایانە و هەڵوەشاندنەوەی ڕەواییان. بۆیە واباشە سزاکان بە پرس و ڕاوێژ لەگەڵ نوێنەرانی هێزە دیموکراسیەکانی ئەو وڵاتە بڕیار بدرێن، چونکە ئەوان دەتوانن بایەخ و تەنانەت ڕادەی پێویستیی ئەو سزایانە مەزەندە بکەن، بەتایبەت کاتێ دانیشتووان ئامادە بن بۆ شان دانە بەر سەختییە ئابوورییە دژوارەکان بەمەبەستی بەدەستهێنانی دەسکەوتی سیاسی. پێویستە مشووری ئەوە بخورێ شوێنەوارە نەرێنییەکانی سزا ئابوورییەکان لەسەر دانیشتووانە مەدەنییەکان سنووردار بکرێن، نەک تەنیا لە بوارەکانی خۆراک و تەندروستیدا، بگرە لە بوارەکانی پێوەندیکردن و زانیاریەکانیشدا.

جا ئەگەر لەئاکامدا دەرکەوت سزا ئابوورییەکان تا دێ دۆخی خەڵک پەرێشانتر دەکەن بەبێ ئەوەی بەکردەوە هیچ گوشارێک بخەنە سەر دەسەڵاتدارانی سیاسی، ئەوا پێویستە بەبێ دوودڵی پاشەکشەی لێ بکرێ.

* بایکۆتکردن

## سزای لەداردان

پاساودان بە سزای لەداردان دەچێتە چوارچێوەی لۆجیکی دادپەروەریی سزایی لە "شۆردنەوەی تاوان "expiation"دا. جێی سەرنجە تەنانەت لەو کۆمەڵگەیانەیشدا کە سزای لەداردانیان تێدا هەڵوەشاوەتەوە، هێشتا توێژێکی بەرفرەوانی ڕای گشتی پشتیوانیی لێ دەکا و هێشتا کاردانەوەی بەرامبەر "تاوانباران" بەپێی ئەو لۆجیکەیە کە پاساو دەداتە تۆڵەسزای مردن و داوای شەریعەتی تۆڵەسەندنەوە دەکا "شکاندن لەبری شکاندن و چاو لەبری چاو و ددان لەبری ددان" و لێرەشەوە "مردن لەبری مردن". گوتەزای "ڕێزگرتنی قوربانییەکە" هەڵدەبڕێ لەپێناو داواکردن بۆ کوشتنی بکوژ. داوای تۆڵە دەکا و بێزار دەبێ کاتێ هەست بکا تاوانبارەکە لەوانەیە مامەڵەیەکی بەبەزەییانەی مرۆڤانەی لەگەڵ دەکرێ.

ئەم کاردانەوە توندانە ئارەزوویەکی ڕاستەقینە بۆ توندوتیژی دەوروژێنن کە داواکارییە مرۆڤانەکانی شارستانێتی لەبار دەبەن. پاساودانی سزای لەداردان واتەی بڕیاردانە بە ڕەتکردنەوەی حورمەتی ژیانی مرۆڤایەتی و سیفەتە بڵندەکەی بەشێوەیەکی کۆتا و بنبڕ. لەم بارەیشدا، ئەگەر ژیانی تاوانبار حورمەتی نەبێ ئەوا هیچ ژیانێکی مرۆڤایەتی حورمەتی نییە. هەموو لەداردانێک کارێکی بێئومێدانەیە لە مرۆڤایەتیدا.

پرسەکە لەوەدا نییە هەوڵ بدەین ئەوە بسەلمێنین سزای لەداردان سلەمێن نییە، هەروەک لەوەیشدا نییە پرسیار بکەین لەبارەی ئەو تۆڵەسزا گونجاوەی جێی دەگرێتەوە. سزای لەداردان مەحاڵە لەبەرئەوەی ئەقڵ نایبڕێ. ئەقڵیش نایبڕێ لەبەرئەوەی هەر تەنیا بیرکردنەوە لە سزای لەداردان واتەی قبووڵکردنی کوشتنی مرۆڤێکە کە بووەتە "بێتاوان" innocent، واتە کەوتووەتە دۆخێک ناتوانێ چی تر زیان بەکەس بگەیەنێ. تەنانەت ئەو زەرورەتەی لە هەڵوێستی بەرگری لەخۆ کردنیشدا پێداگری لەسەر دەکرێ، ناکرێ لێرەدا بکرێتە پاساوێک بۆ قبووڵکردنی کوشتن.

گرەوی پرسی سزای لەداردان بژارەیەکی کۆمەڵگەیی ڕاستەقینەیە، بژارەیەکی شارستانییە. دەوڵەت بە شەرعییەتدانی بە سزای لەداردان توندوتیژی بکوژ بەدامەزراوەیی دەکا و وەک مافێکی مەدەنی جێگیری دەکا. بەوەیش تێکڕای پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان تووشی پەتای لۆجیکی توندوتیژی دەبن. لە دیموکراسیەتدا ئامانجی یەکەمی سیاسەت ئەوەیە توندوتیژی بخرێتە دەرەوەی چوارچێوەی یاسا، هەر بۆیە دەوڵەت بە دانانی توندوتیژی لە چوارچێوەی یاسادا پێچەوانەی ئەم ئامانجە ڕەفتار دەکا.

لە دەوڵەتیکی دیموکراسیدا پێویستە ڕەتکردنەوەی سزای لەداردان بکرێتە شتێکی دەستووری.

* دادپەروەری

## پێوەندی

مرۆڤ لەڕێی پێوەندی لەگەڵ ئەوی تر خۆی دەناسێ. من لەڕێی نیگای ئەوی ترەوە خۆم دەناسم. لەناو خۆمدا ئەو نیگایە هەڵدەگرم کە ئەوی تر ئاراستەم دەکا و بەوەیش خۆم بەو شێوەیە دەبینم کە لەسەر تەختی ڕوومەتی ئەو پەرچ دەدرێمەوە. بوونم واتە بوونی پێوەندییە لەگەڵ کەسانی تر. بوونی مرۆڤ ئامادەبوونە، ئامادەبوون پێوەندی و وابەستەیییە.

خۆناسینی مرۆڤ سەرەتا و کۆتای فەلسەفە پێک دێنێ. بەڵام دیداری مرۆڤەکەی تر مرۆڤ هان دەدا بۆ ناسینی خۆی. ناسینی کەسی نێزیک کە لە "خودبوونی" خۆیدا sa memete کۆمان دەکاتەوە و لە "ئەوی تربوون"یدا son alterite کە جیاوازیمان پێ دەدا، ئەو ڕووداوەیە کە ناسنامەمان دادەمەزرێنێ. ئەو یەکەتییەی ئاسوودەیی و ئارامی بە مرۆڤ دەبەخشێ، بریتی نییە لە یەکبوونی لەگەڵ خودی خۆیدا، بگرە بوونیەتی بەیەک لەگەڵ ئەوی تردا.

پێویستە بیر لە مرۆڤ بکرێتەوە، نەک لە حاڵەتی وەستانی نەرگسییانەی خودی خۆی لەبەرامبەر من-ەکەی، بگرە لە پێوەندیی بێگەردیدا لەگەڵ ئەوی تر. مرۆڤ بە باش پێشوازیکردنی لەوی تر مرۆڤایەتیی خۆی بەدی دێنێ. بەڵام لە بنەڕەتدا پشکی گەورە لە پێوەندیی نێوان مرۆڤ و مرۆڤدا ئەوەیە کە پێوەندیی کێشمەکێشیان هەیێ، چونکە هەر کەس دەیەوێ پێویستییەکانی تێر بکا و بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی بکا و ئارەزووەکانی بەدی بێنێ: هەر کەس دەیەوێ بۆ خۆی بژی. "من" شتێکی بێزراو نییە، بەڵام ئەوکاتەی بایەخدان بە خود هیچ جێیەک بۆ بایەخدان بەوی تر ناهێڵێتەوە، کاتێ پێویستیی دانان بە خود نکوڵیکردن لەوی تر لەخۆ دەگرێ، دەبێتە شتێکی بێزراو. پێویستیی دانان بە خوددا بۆگەن دەکا کاتێ ململانەیەک لەپێناو ناوبانگدا بەرپا دەکا و بوار بۆ پۆز لێدان و لوتبەرزی دەکاتەوە. پێویستیی مرۆڤ بۆ دانپێدانان لەپشت پێویستی بەوەی ناسراو بێ دەشارێتەوە.

مرۆڤ ئارەزوویەکی ترسناکی بۆ شکۆداری هەیە، بێپەروا جۆرە پیرۆزییەک بەخۆی دەدا و خوازیارە ئەوانی تریش بەشداری لەو شکۆ پێدانەدا بکەن. مرۆڤ دەیەوێ لەناو ئەوانی تردا بەناوبانگ بێ، واتە ئەوانی تر بەزمی بۆ بگێڕن. بەڵام ناوبانگ -نەک ئەوەی هەمانە بەڵکو ئەوەی هەوڵی بۆ دەدەین- بەزۆر لەوانی تر وەردەگیرێ. بەناوبانگبوونی مرۆڤ واتەی ئەوەیە لە پێشی پێشەوە بێ، بۆیە پێویستە بەهێزتر لە شانەخرێکردنی ئەوان لەگەڵ ئێمە، شانەخرێ لەگەڵ ئەوانی تردا بکرێ.

ئەم هەوڵدانە بۆ بەدەستهێنانی شۆرەتێکی ناڕەوا پێوەندی لەگەڵ ئەوانی تر قەڵب دەکا، هەقیقەتی مرۆڤ ئەوەیە بەتەبایی و لەسەر بنچینەی دانپێدانی دووسەرە لەگەڵ مرۆڤەکەی تر بژی. بەهای مرۆڤ نرخ نییە، بگرە کەرامەتە. مرۆڤ دەبێتە بوونەوەرێکی مرۆیی کاتێ ڕێز لە کەرامەتی مرۆڤەکەی تر دەگرێ. ئەرکی یەکەمی ئەم ڕێزگرتنەیش -ئەرکی دامەزراوە- حەرامکردنی

توندوتیـژییـە. هـەر بۆیە بـنەوای ناتوندوتیـژی بـناخـە و پـەیکەری پێـوەندیی مـرۆڤ لەگـەڵ ئەوانی تر دادەمەزرێنێ.

پێوەنـدیی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤەکەی تر لە جەوهـەردا پـێوەندیی ڕووبەڕووە. ئەگـەر مرۆڤ فـێر بووە بوەسـتێ، ئەوە بۆ ئەوەیە بتـوانێ ڕووبەڕوو سـەیری مـرۆڤـەکـەی تر بکا. سـرێشـی پێـوەندی لـەگـەڵ ئەوانی تر سەیرکردنە و سەیرکردن سەرەتای قسەکردنە.

حیکمـەتی گەلان لەسـەر زمانـی دژبەرەکەمان دەبێژێ "بۆم بگەڕێ، دەمـدۆزییەوە". لەوکاتەوە ئیـتر پرسـەکە برێتی دەبێ لـەوەی بزانین لەکوێ بۆ مـرۆڤـەکەی تر بگەڕێین. لە سـەرەتـای هـەر دیدارێکدا پێویسـتـە یەکێکیـان دەسـتپێشـخـەری بکا، یەکێکیـان بیـەوێ نیگایەک، وشـەیەک یان ئاماژەیەک بگرێتە ئەوی تر و هـەموو شت لەسـەر سرووشتی ئەو نیگایە و ئەو وشـەیە و ئەو ئاماژەیە دەوەستێ. جا ئەگـەر ئاماژەی ڕێزگرتـن بێ ئەوا ئەگـەر زۆرە ئەوی تریش بە ئاماژەی ڕێزگرتن وەڵام بداتەوە. بەڵام ئەگەر ئاماژەی ڕق بوو، شیمانە هـەیە ئەویش بە هـەمان ئاماژە وەڵام بداتەوە.

لەنێـو مـرۆڤـەکـاندا مـرۆڤـێک هـەیە مـەیلی لە خـراپـەکـردن هـەیـە، مـرۆڤـێکیش هـەیە حـەزی لە چاکەکردنە و زۆر ڕێی تێدەچێ ڕوو لە هـەرکامیـان بکەم وەڵامم بـداتەوە. سـەرەنجـامیـش، کاتێ بۆ ئەوی تر بگەڕێین دەیدۆزنـەوە. ئەگەری زاڵیش ئەوەیە ئەوی تر بەو شـێوەیەی ئێمـە سـەیری دەکـەین ئەویش سەیری ئێمە بکا و وەڵاممان بداتەوە.

شـوێنی ئەخلاق تەنیـا لەو کایە تایبەتەدا قـەتیس نابێ کە مرۆڤ پێوەندییە کەسییەکانی لەگەڵ کـەسـە نێزیکەکانی دەگـوزەرێنێ، بگرە بۆ کـایە گشـتییـەکەیش فرەوان دەبێ کـە مـرۆڤ تێـیدا ڕووبەڕووی کەسە دوورەکانیشی دەبێتەوە. بەرپرسیاریەتیی ئەخلاقی بەرپرسیاریەتیی سیاسیشە.

* ڕێزگرتن
* خۆشەویستی
* باشکاری
* ناتوندوتیژی
* کێشە

## کاری ڕاستەوخۆ

"کاری ڕاسـتـەوخـۆ" لە بـازنـەی تاکەکـاندا، برێتـیـیـە لـەوەی تاکـەکـان دەسـتـبـەرداری ئەڵقـەبەندیی دامەزراوە کۆمەڵایەتـی و سیاسییـەکان ببن و وەک هـاووڵاتی بـەڕاسـتـەوخـۆ -لەڕێی دەستـوەردان لە گـۆڕەپانی گـشـتـیـدا- دەسـەڵاتی خـۆیان لە کـاروباری شـارەکـەدا بخـەنە گـەڕ. بەوەیش بۆ بەدەستهێنانی گۆڕنکاریی پێویست لە کۆمەڵگەدا گرەو لەسـەر "کارکردن لە شەقام"دا دەکرێ زیاتر لە گرەوکردن لەسـەر "کارتی دەنگدان". بیردۆزی کـاری ڕاسـتەوخـۆ لەسـەر بـناخـەی ڕەخنەگرتن لە شێوەی کارکردنی ئاسایی دیموکراسیەتی "شکڵی" دامەزراوە کە زۆر بەکەمی دەرفەت بۆ هـاووڵاتی

دەرەخسێنێ تا بەڕاستی دەنگی خۆی بگەیەنێ و کار لە واقیع بکا و بەشداری لە گەڵاڵەکردنی ئەو بڕیارانەدا بکا کە داهاتووی شارەکەیان لەسەر وەستاوە. هاووڵاتی بە دەنگدان دەسەڵاتەکەی بە کەسێ دەسپێرێ، بەڵام خۆی بەکاری ناهێنێ.

دەنگدانی گشتی یەکێکە لە پایەکانی دیموکراسی، چونکە هیچ دیموکراسیەتێک نییە بەبێ هەڵبژاردنێکی ئازاد و یارمەتیی کۆمەڵگە دەدا خۆی لە ئەگەری بەردەوامی خلیسکان بەئاراستەی ڕێژیمێکی تۆتالیتاری بپارێزێ. بەڵام تەنیا هەڵبژاردن بەس نییە بۆ مسۆگەرکردنی دیموکراسییەتێکی بەشداریکارانە. بۆیە جێی خۆیەتی دان بە سنوور و ناتەواویەکانی دەنگدانی گشتیدا بنرێ. کاتێ بەشێوەیەکی دیموکراسی سەرکردە سیاسییەکان دێنە هەڵبژاردن، ئیتر بڕیارەکانیان بنبڕ یاسایی دەبن، بەڵام ئەمە بەس نییە بۆ شەرعییەتیان. جا ئەگەر هاووڵاتییان هۆی شایستەیان هەبێ بۆ سەرکۆنەکردنی ئەو بڕیارانە، ئەوا ناچار نین چاوەڕوانی هەڵبژاردنی داهاتوو بکەن تا بەئاشکرا ئەوە دەرببڕن. هەروەها دەرچوونی بڕارەکە لەلایەن زۆرینەوە واتەی ئەوە نییە بڕارەیەکی دروستە، بۆیە نابێ نەیاران هەر لەبەرئەوەی کەمینەن پشتیوانی بکەن، بەڵکو پێویستە کار بۆ گۆڕینی زۆرینەکە بکەن، بەڵام ئەوان بۆ ئەمە ناتوانن تەنیا بە چاوەڕوانکردنێکی سستانەی هەڵبژاردنی داهاتوو واز بێنن، بگرە پێویستە ڕاستەوخۆ بکەونە جموجووڵ بۆ هەڵنانی ڕای گشتی و دەسەڵاتداران، ئەویش بە سەرکۆنەکردنی ئەو پاشاگەردانییەی لەئارادایە و گێڕانەوەی ماف بۆ قوربانییانی ئەو ستەمە. کاری ڕاستەوخۆی هاووڵاتییان تەنیا ڕەوا نییە و بەس، بگرە بۆ هەناسەدانی دیموکراسی زۆر پێویستیشە.

زۆر جار بەرگریکردن لە کاری ڕاستەوخۆ بە پاساودانی کاری توندوتیژی تێکەڵ بووە: دەستە جیاجیاکانی کارکردنی ڕاستەوخۆ پەنایان بۆ توندوتیژیی چەکداری نەبردووە بۆ بەگژاچوونەوەی "دیموکراسیەتی بۆرجوازی" یان زیاتر لەوە "لەنێوبردنی". ئەوەی نەیتوانیوە لەڕێی هەڵبژاردنەکانەوە بەدەستی بێنێ ویستوویەتی لەڕێی شۆڕشەوە بەدەستی بێنێ، ئەوەیش پێویستی بە توندوتیژی بووە. بەڵام توندوتیژی شۆڕش گۆشەگیر دەکا، چونکە کاریگەرییەکەی بەندە بە بەهێزکردنی سیستمە سەرکوتکارییەکانی دەسەڵاتدارانی ئارا. بەوەیش دەردەکەوێ لەڕاستیدا توندوتیژی دەستەپاچەیە لەئاست گۆڕینی ئەو پاشاگەردانیەی لەئارادایە.

بەدەر لەو تەنگەبەرییەی تێی دەکەوین کاتێ کار تەنیا لە چوارچێوەی دامەزراوە دیموکراسییە پەرلەمانییەکاندا دەکەین و بەدەر لەو دژییەکیانەی دیلمان دەکەن کاتێ لەڕێی توندوتیژییەوە کار دەکەین، دەکرێ کاری ڕاستەوخۆی ناتوندوتیژانە، هەر هێندەی بەکۆمەڵ ڕێک بخرێ، یارمەتیدەر بێ بۆ بەگژاچوونەوەی زیدەڕۆییەکانی دەسەڵاتی ئارا بەشێوەیەکی کارا و قەڵاچۆکردنی ستەمە کۆمەڵایەتییەکان و بەدیهێنانی گۆڕانی پێویست.

دەکرێ کاری ڕاستەوخۆی ناتوندوتیژانە یاسایی یاخۆ نایاسایی بێ، ئەویش بەگوێرەی حوکمە بەرکارەکانی یاسا کە بەسرووشت لە گۆڕاندایە. بەم شێوەیە دەشێ تەنیا دابەشکردنی

بڵاوکراوەیەک لە گۆڕەپانی گشتیدا کارێکی یاسایی یان پێشێلکردنی یاسا بێ، بەڵام دەشکرێ کاری نایاسایی ڕەوا بێ، چونکە پێویستە داواکردنی دادپەروەری لە ناچارکردنی یاسا بەهێزتر بێ.

**توندوتیژی**

مرۆڤ تەنیا تاڵاوی ئەو توندوتیژییە ناچێژێ کە دژی خۆی یان کەسانی تر ئەنجام دەدرێ، بگرە ئەو خۆیشی توانی هەیە توندوتیژی دژ بە کەسانی تر ئەنجام بدا. مرۆڤ کە ورد دەبێتەوە هەست دەکا خۆیشی توندوتیژە. مرۆڤ کاتێ لاوازی و لەرزۆکی و سنوورداریی خۆی بۆ دەردەکەوێ مەیلی بەلای ئەوەدا دەچێ توندوتیژی بەرامبەر مرۆڤەکەی تر بەکار بێنێ. هەروەها لەبەرئەوەی لە ناخی خۆیدا هەست دەکا ئەو بوونەوەرێکی دوابڕاوە، بۆیە زۆر نابا دەبێتە بکوژ. حەزکردنی مرۆڤ لە نەمری وای لێ دەکا لە مەرگ بترسێ، ئەوەیش ئیرادەی کوشتنی لەلا برەو پێ دەدا. هەروەها لەبەرئەوەی تاک لە هەموو ساتێکدا هەست دەکا مەترسی لەسەر بوونی هەیە، زۆر جار کەڵکەڵەی ئەوەی دەکەوێتە مێشک بسرەوێنێتە ئەوانی تر، چونکە بەخەیاڵی ئەو مردنی مرۆڤەکەی تر مانەوەی ئەو مسۆگەر دەکا.

بووەتە باو وەک پاساوپێدانی توندوتیژی دەوترێ "توندوتیژی بەشێکی دانەبڕاوە لە ژیان". بەدڵنیاییەوە بەدەر لە ژیان شتێک نییە بەناوی توندوتیژی! چونکە مرۆڤ هێندەی بوونەوەرێکی ژیرە هێندەیش بوونەوەرێکی ئارەزووبازە. ئەو مرۆڤەیش ملکەچی ئارەزووەکانی بێ مرۆڤێکی توندوتیژە. لە هەموو ساتێکدا دەشێ هەستگەلێکی نامرۆڤانە ختوکەی بدەن و هەڵی بنێن بۆ بریندارکردنی مرۆڤایەتیی مرۆڤەکەی تر. لەبەرئەوە، بۆ ئەوەی بەسەر توندوتیژییەکەیدا زاڵ بێ، لەسەری پێویستە فێر بێ چۆن چۆنی ژیر بێ، واتە بتوانێ ژیرانە بیر بکاتەوە.

ئەگەر توندوتیژی دروستکراوی ژیان بێ، ئەوا دروستکراوی توندوتیژی مەرگە. وزەی توندوتیژی کاتێ قبووڵ و ڕام دەکرێ، دەخرێتە کار و بەیاسایی و جڵەو دەکرێ، لادەبرێ و دەگۆڕدرێ و زیاد دەکرێ، ئەو کاتە دەبێتە بزاوتی بنیاتنەری ژیان، نەک توندوتیژیی سەرشێت و بەربەری و دڵڕەقانە. ئەمەی دوایی جگە لە خزانی وزەی دوژمنکاری لە ڕەوتی دروستی خۆی هیچی تر نییە. دوژمنکاری دەرفەت بۆ خۆ سەلماندن لە بەرامبەری ئەوی تر دەڕەخسێنێ، بەڵام توندوتیژی دەبێتە هۆی نکوڵیکردن لەوی تر و لە هەمان کاتیشدا ژیانی قوربانییەکە دەخاتە مەترسی. لە دەرەنجامیشدا، لەم جۆرە توندوتیژییە هەڵەشەیەدا هیچ جێیەک بۆ ژیان نییە، بگرە زەوتکردن هەیە: زەوتکردنی ژیان، واتە مەرگ.

هەر توندوتیژییەک بەرامبەر مرۆڤ زەوتکردنە، زەوتکردنی ناسنامە و کەسایەتی و ماف و کەرامەت و مرۆڤایەتیەکەیەتی. کاری توندوتیژ بە وردترین واتا، کاری " زەوتکردن"ـە. وێنەی مرۆڤێکی ڕوومەت شێوێنراو بەدەستی مرۆڤێکی تر ڕووی ترسناکی توندوتیژی دەردەخا.

هەولێر نامەی نێبەز

توندوتیژی شێواندنی ڕوومەتی مرۆڤە. ئەو شێواندنەیش مەرگەساتی مرۆڤایەتی بەرجەستە دەکا، چونکە بوون لە واتە بەتاڵ دەکاتەوە و ئومێد تێک دەشکێنێ. توندوتیژی هەر بەڕاستی نائومێدی دەبەخشێتەوە! مەرگەساتبوونی بوون لەوەدا نییە مرۆڤ بوونەوەرێکی فانییە و لەناو دەچێ، بگرە لەوەدایە دەتوانێ بکوژ بێ.

توندوتیژی، وەک زەوتکردن، پێشێلکردنی یاسایە، بەڵام نەک یاسای نووسراو بەڵکو ئەو یاسا بنچینەییە نەنووسراوەی کوشتن حەرام دەکا تا بوار بۆ زمان و ژیانێکی هاوبەش بڕەخسێنێ. توندوتیژی وەک جۆرێک لە زەوتکردن شکاندنی ئەو حەرامکردنە بنچینەییەیە. بەم پێشێلکارییە توندوتیژی سرێشی کۆمەڵایەتی تێک دەشکێنێ و وا دەکا ژیانی بەکۆمەڵ مەحاڵ بێ.

توندوتیژی لێبڕانی ئارامییە، هەڵەشەیی و ڕەقییە. لەگەڵ ڕیتم و جووڵەکانی کاتدا هاوئاهەنگ نییە. لەو ڕووەوە ڕەگەزە پێکهێنەکانی زەمەنیش ناناسێ، ئەو سرێشە دەتەقێنێتەوە کە ڕابردوو و داهاتوو بەیەکەوە دەبەستێتەوە و پەلە لە ئێستە دەکا و زەبری لێ دەدا چونکە هیچ دواخستنێکی قبووڵ نییە، هەر بۆیە بوار بۆ پەرەسەندن نامێنێتەوە. توندوتیژی کات بە پێگەیشتن نادا. بەکورتی قۆناخەکان دەسووتێنێ. واقیعیش لەبارێکدا نەتوانێ لە تانوپۆی ڕۆژگاردا ڕابکشێ، لەناو دەچێ.

لە ڕوانگەی بیرورڕدیی مرۆڤەوە کە بناخەی دانایی کردارییی مرۆڤی ژیرە توندوتیژی وەک هەڵەشەییەک دەردەکەوێ، واتە نەبوونی بەرچاوڕۆشنی لەبارەی ئەو ئاکامانەی لە توندوتیژی دەکەونەوە.

ئەو نیەتە ژیرانەیەی ڕەنگە لە چاوگی توندوتیژییەکەدا هەبێ بەهۆی گێژاوی توندوتیژییەکەوە لەبەرچاوان ون دەبێ. میکانیزمی توندوتیژی بەهۆی ڕێبەکەیەوە کوێرانەیە و خەریکە بڵێین بەردەوام ئەوانەی بە پاڵنەری توندوتیژی کار دەکەن بۆ زۆر دوورتر لە سنووری ئەو "زەرورەت"ـە دەبا، کە گوایە لە ڕوانگەی عەقڵانیەتەوە بەکارهێنانی توندوتیژییان تێدا بەپێویست زانیوە، چونکە سرووشتی توندوتیژی وایە هەموو ئەو کایەیەی کاری تێدا دەکا داگیر دەکا و بەوەیش زیان بە هەموو ئەو شتانە دەگەیەنێ کە لەو کایەیەدا هەن و خەیاڵپلاوییە پێمان وابێ تەنیا خراپە لەناو دەبا.

گرینگە پێناسەی توندوتیژی بکەین بەشێوەیەک نەکرێ باس لە بوونی "توندوتیژییەکی باش" بکرێ. مادەم دەڵێین ئێمە جیاوازی لەناو توندوتیژییەکی "باش" و توندوتیژییەکی "خراپ"دا دەکەین، ناتوانین توندوتیژی دیاری بکەین و سەرمان لێ تێک دەچێ، نەخاسمە کاتێ باس لەوە دەکەین گوایە پێوەر بۆ دیاریکردنی "توندوتیژیی باش" دادەنێین، هەر بۆیە هەریەکە و لای خۆیەوە زوو پەلاماری ئەو پێوەرانە دەدا تا بیانکاتە پاساو بۆ توندوتیژییەکەی خۆی.

توندوتیژی لە کرۆکدا نەهێشتنە. هەموو پیشاندانێکی توندوتیژی، پلە و نیازی پشتەوەی هەرچی بێ، تەنانەت ئەگەر نەگاتە ئەوپەڕەکەیشی، هەر بەشداری لە کردەی کوشتن و بڕیاردانی مردندا دەکا. دەشێ دەست بە جێبەجێکردنی نەکرێ، بەڵام کۆتا ئامانج لە توندوتیژی مراندنی

ئەوی تر و دوورخستنەوە و سڕینەوە و لەناوبردنیەتی. هەموو توندوتیژییەک دەستدرێژییەکە بۆ سەر مرۆڤایەتیی مرۆڤێکی تر.

بێدەنگکردن لە بنەڕەتدا ئەنجامدانی توندوتیژییە، بێبەشکردنی مرۆڤ لە قسەکردن واتەی پێشوەخت بێبەشکردنیەتی لە بوون. توندوتیژی واتەی ئەزیەتدان، بەدکاری، ئێش پێگەیاندن و هەروەها واتەی ئەشکەنجەدانە. شێوەکانی توندوتیژی و شێوەکانی مراندن زۆرن: لە زەبونکردن تا جەزرەبەدان، لە سووکایەتی پێکردن تا کوشتن. پێشێلکردنی کەرامەتی مرۆڤ پێشوەخت لەناوبردنی ژیانیەتی. توندوتیژی هەروەها واتەی بریندارکردنی خۆیەتی، چونکە یەکەم شت مرۆڤایەتیی ئەو کەسە بریندار دەکا و ئازاری پێدەگەیەنێ کە ئەنجامی دەدا و وردتر بڵێین دەیسڕێتەوە. توندوتیژی پێش هەموو شت ئەزیەتدانی مرۆڤ خۆیەتی. (ئەوە تاکە واتەیە کە دەکرێ دەستەواژەی "خۆی ئەزیەت دا" هەڵی بگرێ، ئەوەیش شتێکی ڕەتکراوەیە کاتێ مرۆڤ خۆی ناچار بە سەرکوتینەوەی ئارەزووەکانی بکا، چونکە پێویستە ئەو جڵەوکردنە بەبێ ئەنجامدانی هیچ توندوتیژییەک دژ بە خۆ بکرێ). ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لە توندوتیژی لە هەمان کاتدا ڕزگارکردنی توندوتیژەکان و توندوتیژی لەگەڵکراوەکانیشە لە توندوتیژییەکەیان، واتە ڕزگارکردنی ستەمکار و ستەمبارەکان پێکەوە، چونکە توندتیژەکانیش توندوتیژییەکەیان ستەمیان لێ دەکا.

ئەو هەڵوێستە ستەمکارییانەیش کۆمەڵە مرۆڤێک لە هەلومەرجێکی بەیدەستی و ستەمکاریدا دەهێڵێتەوە، ئەوانیش کاری توندوتیژیی تایبەتن و پێیان دەوترێ کاری توندوتیژیی بنیاتی vi-olences structurelles.

نابێ قسە لەسەر "توندوتیژی" بکرێ وەک ئەوەی خۆی شتێکی سەربەخۆیە لەناو مرۆڤەکاندا و بەجۆرێ لە جۆرەکان "لە دەرەوەیانە"، وەک ئەوەی بە پاڵنەری خۆیی کار بکا. لەڕاستیدا توندوتیژی بوونی نییە و لەڕێگەی مرۆڤەوە نەبێ کار ناکا، مرۆڤ بەردەوام لە توندوتیژی بەرپرسە. ڕاستە مردن لە هەموو جێیەکی سرووشت هەیە، بەڵام کوشتن تەنیا تایبەتی مرۆڤە، سرووشت وێران دەکا و دەکوژێ، بەڵام نازانێ چی دەکا و بەواتەیەک لە واتەکان بێتاوانە لەو مردنەی دەیهێنێ. لەوانەیە بەردێک بەربێتەوە و کەسێک بکوژێ، بەڵام بەردەکە ئەوەی نەویستووە و لە نیازیدا نەبووە و ناشزانێ چی دەکا. کارەساتە سرووشتیەکان لەناوبەرن، بەڵام تاوانبار نین. دەکرێ باس لە هێزی وێرانکەری زەوی لەرزەیەک بکەین، بەڵام نەک لە "توندوتیژی"یە بکوژەکەی. شێر پڕ دەداتە مامزێک و دەیکوژێ، بەڵام ئەو لە کوشتنی بەرپرس نییە و تەنیا مرۆڤە -کە بە جۆری بیرکردنەوەی سەرپێچیی یاسای سرووشت دەکا- بە "توندوتیژ" وەسفی دەکا. تەنانەت ئاو کە یەکێک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی ژیانە و زۆربەی جار بۆ مرۆڤ بەکەڵکە، چ لە ئاسمانەوە بێ یان لە دەریاوە، دەکرێ مرۆڤ بکوژێ، بەڵام گەمژەییە وابزانرێ ئاو دەکرێ "خراپکار" و لەوێشەوە توندوتیژ بێ. ئاگریش بەهەمان شێوە.

هەر بۆیە باس لە "توندوتیژیی سرووشت" ناکەین و واز لەو وڕێنەیە دێنین کە دەیەوێ جەخت

لەوە بکا توندوتیژی لە مرۆڤدا هەیە وەک چۆن لە هەموو جێیەکی سرووشتدا هەیە. ئەم جۆرە داوەریکردنە ئەقڵییە هیچ ئاکامێکی لێ ناکەوێتەوە جگە لە بەسووک سەیرکردن و بەحەتمی کردنی توندوتیژی و لە حاڵەتێکی چەپەڵیدا دەکەینە ئەو بۆچوونەی کە "توندوتیژی یاسای سرووشتە" و بەوەیش دەبێتە قەدەرێکی سەپاو.

تەنیا مرۆڤە کە ئاژەڵێکی بکوژە، چونکە هەر ئەو بوونەوەرێکی ژیرە. هەر ئەوە هاوڕەگەزەکەی بەدەستی ئەنقەست دەکوژێ. توندوتیژی خەسڵەتێکی تایبەتە تەنیا بە ویستی مرۆڤ: تەنیا مرۆڤە بە ویستی خۆی دەکوژێ، هەر ئەوە توانی شاردنەوەی ئامانجی کوشتنی بەئەنقەستی هەیە. زیاد لەوەیش مرۆڤ تاکە جۆری ئاژەڵە کە ئەندامەکانی سڵ ناکەنەوە لەوەی دەست بدەنە قەتڵوعامی بەکۆمەڵی یەکتر.

کاتێ مرۆڤی هۆشیار لە توندوتیژییەک ورد دەبێتەوە کە تووشی بووە، هەست دەکات ئەو توندوتیژییە بێ پاساوە. کارە توندوتیژییەکان هەن بەڵام مرۆڤی چاوکراوە بە مکوڕییەوە جەخت لەوە دەکا کە نابێ بن، تەنانەت پێش ئەوەیش کە بزانی دەبی لەجێی ئەوان چی هەبێ. ئەم کارانە بە شێوەیەک ئەنجام دەدرێن کە پێوەرە ئەخلاقییە ئاراکان بە گشتی پێشێل دەکەن، توندوتیژی هەستیاریی مرۆڤ لێڵ دەکا، بەڵام بە شێوەیەکی تایبەت دژییەکیەکی ڕیشەدارتری تێدایە کە کەمتر بواری چارەسەری هەیە. ئەو کارانە شایەتی لێکدابڕانێکی یەکجارەکی نێوان ئەرکە ڕۆحیەکانی مرۆڤ و داڕووخانی جیهانن. هەستکردنی مرۆڤ بەبێ پاساویی ئەو خراپکارییانەی مرۆڤایەتیی مرۆڤەکەی تر بریندار دەکا، هەر ئائەوەیە کە حەقیقەت و هێزی ئەرکە ڕۆحییەکانی بۆ ئاشکرا دەکا. ناسینی توندوتیژی واتەی داننانە پێیدا وەک تاوانێکی دژی مرۆڤایەتی، ناسینی توندوتیژی تەنیا بۆ خۆلێلادانی نییە، بگرە واتەی ڕق لێ بوونیشیەتی.

مرۆڤی دانا بڕیار دەدا هاوپەیمانی لەگەڵ توندوتیژی نەکا کە ڕوومەتی مرۆڤەکەی تر دەشێوێنێ، کە سەرەتا بە ڕەتکردنەوەی هەموو ئەو پاساوە دەست پێ دەکا کە لافی ڕەوابوونی لێدەدەن. ئەم "نا"یەی ئەقڵ "نا"ی ویژدان و دڵە کە مرۆڤ لە ڕێیانەوە ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبێتەوە، بناخەی بژارەی ناتوندوتیژی دادەمەزرێنی کە پێداگری لەسەر دەکا. ئەوەی لە توندوتیژی دزێوتر و ڕەتکراوەترە شەرعییەت پێدانییەتی. ئایدیۆلۆجیای توندوتیژی بە ئەندازەی ئەوەی پێش لە هەموو شت بایەخ بەوە دەدا توندوتیژی بکاتە مافێکی سرووشتیی مرۆڤ، نەهامەتییەکانی مرۆڤی قوربانی توندوتیژی و سووکایەتی کردن بە مرۆڤایەتییەکەی لەبەرچاو ناگرێ. ئەگەر پێویست بی ئەو هەموو کۆشش و زەحمەتە بکەین بۆ ئەوەی پاساو بە توندوتیژی بدەین ئەوە لەبەر ئەوەیە پاساو هەڵناگرێ، چونکە کەس بیر لە پێویستیی پاساودانی باشکاری ناکاتەوە.

ئەگەر ئەو دوژمنکاری و هێزەی لە ململانەدا بەکار دێن ڕێگە بۆ چارەسەری کێشەکە خۆش دەکەن، ئەوا توندوتیژی بەپێچەوانەوە دەبێتە هۆی تێکچوونی کێشەکە. توندوتیژی ڕێڕەوی ململانەکە پەک دەخا و بوار نادا لە ڕاپەڕاندنی ئەرکی خۆی، کە چەسپاندنی پێوەندیگەلێکی

داپەروەرانەیە لەناو دژبەراندا، بەردەوام بێ. سەرەنجام، توندوتیژی چارەسەر نییە، بەڵکو کێشەیە. بەڵام خەمی سووککردنی نەهامەتیەکانی ئەوانی تر و بەپێی توانا ڕاگرتنیان، لەوانەیە پێویست بکا لە هەندێ حاڵەتی دیاریکراودا بەئەسپایی و بەوردی و دیاریکراوی ئامرازەکانی توندوتیژی "وەک سووکترین دوو خراپە" بەکار بێن. بەڵام ئەمە توندوتیژی ناکاتە شتێکی باش، چونکە زەرورەت یەکسان نییە بە شەرعییەت.

نابێ توندوتیژی وەک دەربڕی جۆرە حەتمیەتێک سەیر نەکرێ، ئەگەر وا ڕێک کەوت مرۆڤەکان بۆ بەرگریکردن لە ڕیژیمی ئارا کاتێ دەستەبەری ئازادی دەکا، یان بۆ بەگژاچوونەوەی ئەو پشێویەی لەئارادایە کاتێ ئەو دۆخە درێژە بە تاکڕەوی و ستەمکاری دەدا، جار دوای جار پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن، لەبەرئەوە بووە هەستیان کردووە هیچ ئامرازێکی تریان لەبەردەستدا نییە.

لەبارێکیشدا توندوتیژی بۆ کاریگەربوونی کارەکە بەپێویست بزانرێ، ئەوا ئەرکی ئەخلاقی کە دژایەتیی توندوتیژی دەکا، بەختی تەواوی دەبێ لەوەی پەراوێز بخرێ. لێرەوە نابێ توندوتیژی تەنیا سەرکۆنە بکرێ، بگرە دەبێ جێگرەوەیشی بۆ دابنرێ، بۆیە پێویستە بەدوای "هاوتایەکی وەزیفی" بۆ توندوتیژی بگەڕێین. ئەرکی ئەخلاقیش لێرەدا دەچێتە پاڵ واقیعیەتی سیاسی بۆ گەڕان بەدوای ئامرازگەلێک بۆ چارەسەرکردنی کێشە دەستەویەخەکانی مرۆڤایەتی، بەشێوەیەکی مرۆییانە و دوور لە ئامرازەکانی توندوتیژیی وێرانکەر و بکوژ. گژبەریی ڕاستەقینەی ناتوندوتیژیش ئا لێرەدایە.

* ڕاستی
* سیاسەت
* زەرورەت
* کارایی
* فەلسەفە
* ناتوندوتیژی.

پەراوێز:

٩. ئاماژەیە بۆ ئاژاوەگێرییەکانی شۆڕشی ئایاری ١٩٦٨ی قوتابییان دژ بە دەسەڵاتی دەوڵەت و کۆمەڵگە لە پاریس و شارەکانی تری فرەنسا، کە تێیدا قوتابییان بەردی قیرتاوی شەقامەکانیان هەڵکەند بۆ دروستکردنی بەربەست و بەردبارانکردنی پۆلیسی بەگژاچوونەوەی ئاژاوە.

## پێڕست


هەڵەبجە و بۆنی سێو. عەبدلحوسێن شەعبان. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عەوف عەبدورەحمان ............ 3

فاکتەری کورد لە سیاسەتی تورکیادا. ماریانا شاریۆنتاکی. لە ئینگلیزییەوە: عەوف عەبدورەحمان ...... 7

لە سەرهەڵدانی عەرەبەوە بۆ هەلی کورد. لە ئینگلیزییەوە: هێمن هادی ............ 52

لە عەمانەوە بۆ ئامێدی یان گەشتێک لە کوردستانی باشووردا. عەلی سیدۆ گەورانی ............ 74

چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی میرنشینیی بابان لە (مێژووی جەودەت)دا. ئەحمەد جەودت پاشا ............ 86

ڕیشەکێشکردن و دیکتاتۆریی تاکباوەڕی لە عێراقدا – ئەڵقەی شەشەم. باقر یاسین ............ 99

پیاوە پیجاما شینەکە – ئەڵقەی دووەم. جەلال بەرزنجی. لە ئینگلیزییەوە: عەوف عەبدورەحمان ............ 119

کورتە باسێک لەسەر شانامە کوردییەکان. ئا: سیاوەش گۆدەرزی ............ 140

نهێنییەکانی نوری پاشا سەعید ئا: دکتۆر مەیسون ئەلبەیاتی. لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی ............ 153

مێژووی جوولەکانی عێراق لە کتێبێکی ئەڵمانیدا. ڕۆژنامەی ڤێلتی ئەڵمانی ............ 163

چاوپێکەوتنێک لەگەڵ شانۆکاری عێراقی یوسف ئەلعانی. سازدانی: عبدولجەبار ئەلعتابی ............ 168

مێژوویەکی ئافرەتان – بەشی شەشەم. ئەحمەد میراودەلی ............ 177

کۆنفیوشیەس (کۆنگ فو تسی). سەلاح بابان ............ 213

فەرهاد پیربال.. ناسراوترین شێوەکاری مۆدێرنی سەرشەقام لە هەرێمی کوردستان. ئاغالە ............ 217

جۆن دیو.. فەیلەسووف و پسپۆڕێکی پەروەردە و فێرکردن. محەمەد زەکەریا تۆفیق ............ 225

پەسند نەکردنی ئەوی تر.. لە نێوان ڕیتوالی خۆدەرخستن و خۆشاردنەوەدا. ماجید نووری ............ 233

تیۆرییەکانی بەکۆمەڵایەتیبوون. عادل شاسواری ............ 247

ئەوانەی گەڕانەوە ئاسمان – بەشی شەشەم (کۆتایی). ئەنیس مەنسوور ............ 273

مێژوو کۆمەڵێک کەڵبە و چرنووکە! ئەنیس مەنسوور. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە ............ 290

بەرەنگاریی ناتوندوتیژانە – ئەڵقەی دووەم. جین شارپ. لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور ............ 303

فەرهەنگی ناتوندوتیژی – پشکی چوارەم. جان-ماری موللێر. لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور ...... 351